# چیرۆکی شارێک

## ن : ئەحمەد مەحموود

## و : حەمەکەریم عارف

**

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە گیانی پاکی

دکتۆر سەروەت محەمەد ئەمین ( کوردۆ عەلی)

ح ، ع

پێرست

حەمە کەریم عارف پیاوێک لە ....  شێرکۆ بێکەس

وتەیەک

دەقی ڕۆمانەکە  (دە فەسڵە)

ژینامەی وەرگێڕ

## حەمە کەریم عارف

## پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێک لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی رۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەک..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ١٥/٧/٢٠٠٩

ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٣/٧/٢٠٠٩

وتەیەک

ئا : ح . ع

تەوەری سەرەکی ڕۆمانی (چیرۆکی شارێک) ڕووداوێکی مێژووییە ، کە بریتییە لە دەستگیری و دادگایی و ئیعدام کردنی ئەفسەرانی سەر بە حیزبی توودەی ئێران لەمانگی میهری ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤)دا ، هەڵبەتە ئەم ڕۆمانە کۆپییەکی مووبە مووی واقیع و خودی ڕووداوەکە نییە ، بەڵکو لە شێوەی بیرەوەری و لەڕێگەی تەداعیەوە و ، لەزەینی خالیدی گوتیاری (راوی) ڕۆمانەکەدا ، هونەریانە دەخوڵقێنرێتەوە و زیندوو دەکرێتەوە .

دەشێت بگوترێ کە ( چیرۆکی شارێک ) ڕۆمانێکی میژووییە ، بەو مانایە کە کۆمەڵێک کاراکتەری بەرجەستە و مێژوویی وزنجیرەیەک بویەر و دیاردە و ڕاپەڕینی قۆناغانی ڕابردوو ، هونەریانە زیندوو دەکاتەوە ... زەمانی ڕووداوەکان ساڵانی ١٣٣٣ — ١٣٣٦ — ( ١٩٥٤ — ١٩٥٧ )ە و شوێنی ڕووداوەکان بەندەر لنگەی باشووری ئێرانە .

قارەمانە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە بریتین لە خالد کە خوێندکاری کۆلێجی ئەفسەرییە ، عەلی کە سەربازی وەزیفەیە و لەگەڵ شەریفەدا کە ئافرەتێکی سۆزانییە ، قارەمان لە چیرۆک و شانۆنامە و فیلمدا ، کاراکتەری پێدەگوترێ ، ئەم کاراکتەرانە ئافەرێدە و خەڵقەندەی زەینی نووسەرن و لە میانی گوتار و کرداریانەوە باری ئەخلاقی و دەروونیان بەرجەستەدەبێت و خوێنەر پێیان ئاشنادەبێت .

دیارە ئەم ڕۆمانە لە گۆشەنیگای دەروونی و بەشێوەی گوتیاری قارەمان هاتووەتە گێڕانەوە . گۆشەنیگا دەکاتە ئەوشێوازەی کە نووسەر لەڕێگەیەوە کەرەستە و ڕەگەزە چیرۆکڤانییەکانی خۆی ، بەخوێنەر نیشان دەدات و پەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە نیشاندەدات . جا گۆشەنیگا یان دەروونییە یان بێرونییە . لە گۆشەنیگای دەروونیدا ( ناوەوە ) گێڕەرەوەی چیرۆک ( گوتیار ) یەکێکە لە کاراکتەرەکانی چیرۆک و چیرۆکەکە بەشێوەی یەکەم کەس دەگێڕدرێتەوە . ئەگەر گوتیار ، کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بێ ، ( گوتیاری — قارەمان )ی پێدەگوترێ و ئەگەر کاراکتەری لاوەکی بێ (گوتیاری — چاودێر) ی پێدەگوترێ . لە گۆشەنیگای دەروونیدا ، سوود لە مەنەلۆگ ، مەنەلۆگی دەروونی ، مەنەلۆگی دراماتیکی و خوددوێنی وەردەگیردرێت ..

بەهەرحاڵ با بێینەوە سەر کاراکتەرە سەرەکییەکان :

خالیدی ، گوتیاری ڕۆمانەکە خوێندکاری کۆلێژی ئەفسەری بووە ، دوای ئەوەی تۆڕی سوپای حیزبی توودە کەشف و ئاشکرا دەبێت ، بەسەدەمی ئەو پەیوەندییەوە کە دەگەڵ ئەو تۆڕە حیزبییەدا هەیبووە ، دەگەڵ دوازدە نەفەر لە هاوپۆل و هاودەورەکانی خۆیدا دەگیردرێت .

ئەمانە لە هەوەڵەوە لە کۆنە حەمامێکی وێرانەدا . لە لەشکری دووی زرێدا حەپس دەکرێن و پاشان دەگوازرێنەوە بۆ حەپسخانەی سەربازگە و ئیدی لەم زندانانەوە بە دزییەوە دەبن بە شایەدحاڵی ئەشکەنجەدان و بەرگری و بەرخۆدانی ئەفسەرانی ئەندامی تۆڕە سوپاییەکە و ئەنجام لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی مانگی میهری ساڵی ١٣٣٣ ( ١٩٥٤ ) ئەو پۆلە ئەفسەرە دەبینن کە بەوپەڕی ورەبەرزی و پایەدارییەوە ، بەرەو مەیدانی گولە باران دەبرێن و گوێیان لەو هورا و دروشم و سروودانە دەبێت کە لە ساتەکانی بەر لە ئیعدام کردن ، دەیڵێن و دەیڵێنەوە .

خالید ، دوای گوێزانەوە و ئەم زیندان و ئەو زیندان پێکردنیان سەرەنجام دەگەڵ سێکەس لە هاوبەندانی خۆیدا بۆ شیراز دەگوازرێتەوە تا لەوێندەرەوە بۆ بەندەر لەنگە ، کە تاراوگەیانە ڕەوانە بکرێن و بەعینوانی سەربازی ئاسایی لەوێندەر خزمەت بکەن . وەختایەک کە خالید دەگەڵ هاوڕێکانیدا دەگاتە سەربازگەی بەندەر لەنگە ، عەلی کە سەرباز وەزیفەیە ، زۆر بەگەرمی و خۆمانی پێشوازییان دەکات و دوای ماوەیەک کە هاوڕێیانی خالید بۆ شارانی دی دەگوازرێنەوە ، دۆستایەتی خالید و عەلی قووڵتر دەبێت .

شوێنی خزمەتی عەلی بەندەر کنگە ، کە زۆر لە بەندەر لنگەوە دوور نییە و عەلی هەموو ڕۆژێک دوای تەواوبوونی دەوامەکەی ، دێتەوە بۆ بەندەر لەنگە و ئەم جووتە کاتی دوورو درێژی بێکاری و بێ دەوامی خۆیان لەو شارە چەپەک و دوورە دەستەدا بەیەکەوە دەبەنەسەر و شەوان بەزۆری دەچن بۆ ڕستۆرانێک لە دەرەوەی شار کە بەسەر گردێکەوەیە و لەوێ کات بەسەر دەبەن و لەوێ دەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی شاردا ، دەکەونە مەشروب خواردنەوە .

دوای نزیکەی ساڵێک ، ژنێکی ڕووسپی ( سۆزانی ) بەنێوی شەریفە دێت بۆ شار و خالید لێی نزیک دەبێتەوە و دڵبەندی دەبێت . پەیوەندی خالید و شەریفە بەردەوام دەبێت ، بەڵام خالید هەست بە هەندێک گۆڕانکاری لە عەلیدا دەکات .

عەلی ئیدی کەمتر بۆ بەندەر لنگە دێتەوە و زۆربەی کات بێ حەوسەڵە و تووڕەیە . زیاتر ڕوودەکاتە مەی نۆشی و هەندێجار دەست بەهەندێ کارێن عەجیب و چاوەڕوان نەکراو دەکات کە ڕەنگدانەوەی نائارامی دەروونی ئەوە

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە شەریفە چووبوو بۆ شارێکی دیکەی ئەو نزیکانە ، خالید عەلی دەبینێ کە لە ماڵەکەی شەریفەوە دەردەچێ ، عەلی بەبێ ئەوەی هێچ ڕوونکردنەوەیەک بدات لەو جیادەبێتەوە و دوای سەعاتێک ، خالید کە هەموو شار بەدووی ئەودا (عەلی) دەداتەژێر پێوە ، عەلی لە یەکێک لە باغەکانی شاردا دەدۆزێتەوە کە باخەوانەکە و ژنەکەی ... کە خورشید کولاهی ناوە ... لەوێ مەکۆی تلیاک کێشانیان هەیە . عەلی، خالید دەعوەتی تلیاک کێشان

دەکات و بەدەم قسە وباسەوە پێشنیاز بۆ خالید دەکات کە زەماوەند دەگەڵ شەریفەدا بکات و ژیانی ئەو ڕزگار بکات و کاتێ هەست بەخۆ دزینەوەی خالید دەکات ، بەتووڕەیی لە خالید جیادەبێتەوە و بۆ بەندەر کنگ دەگەڕێتەوە .

هەر هەمان ڕۆژ شەریفە بۆ شارەکە دەگەڕێتەوە و خەبەر بە خالید دەدات کە بەنیازە دەگەڵ شوفێری کامیونێکدا کە باری بۆشار هێناوە ، لە بەندەر لەنگە بڕوات . هەوڵی خالید بۆ ژێوان کردنەوەی شەریفە ، ئەنجامێکی نابێ .

ئەوشەوە عەلی پەرێشان و خەمین دێتەوە بۆ بەندەر لنگە و دوای مەی خواردنەوە و تلیاک کێشانێکی زۆر ، نزیکەی نیوەشەو خوداحافیزی لە خالید دەکات و بەرەو بەندەر کنگ بەڕێ دەکەوێ . هەمان شەو شەریفە خەبەر بە خالید دەدات کە لە ڕۆیشتن ژێوان بووەتەوە و لە بەندەر دەمێنێتەوە . بەڵام سبەی بەیانی کاتێ خالید دەچێ بەسوراغی شەریفەوە دەبینێ دەرگای ماڵەکەی داخراوە .

خالید ، دوو ڕۆژێک بە نیگەرانی و بەدەم چاوەڕوانی شەریفەوە دەگوزەرێنێ و چونکە هیچ هەواڵێکی لە عەلیش نییە ، لێدەبڕێ ، بەمەبەستی دیتنی عەلی بۆ بەندەر کنگ بڕوات ، بەڵام کە هەواڵی خنکانی شەریفە دەژنەوێ لە نیوەی ڕێگا دەگەڕێتەوە . ڕۆژی دوایی عەلی بە سەرو رووی شێواوەوە بۆبەندەر لنگە دێت وبەکونجکاوی ولاپرەسەنی چەند پرسیارێک سەبارەت بە مردنەکەی شەریفە لەخالید دەکات ، دوای هەفتەیەک وەختایەک خالید بۆ بەندەر کنگ دەڕوات ، عەلی لەجاران پەرێشانتر و داڕوخاوتر دەبینێ .

دوای ماوەیەک ، عەلی لەشەڕ و پێکدادانێکی بەئەنقەستدا دەگەڵ قاچاخچییەکاندا ، دەکوژرێ . ورتکە و پرتکە و میراتە کەمەکەی بەخالید دەسپێردرێ و خالید لە ناو ئەو شتانەدا ، چوارچێوەیەکی وێنە دەبینێ (وێنەبەند) ، کە هەمیشە لەملی شەریفەدا بوو و کاتێ دەیکاتەوە ، وێنەیەکی سێ قۆڵی عەلی و شەریفە و باوکیان ، لە ناو چوارچێوەکەدا دەبینێ و هەنگێ پەی بە نهێنی مردنەکەی شەریفە دەبات .

***

ئەحمەد مەحموود ( ١٩٣١ — ٢٠٠٢ ) یەکێکە لە ڕۆماننووسە گەورەکانی ئێران . مەحموودی دەوڵەت ئابادی لەبارەیەوە دەڵێت : ئەحمەد مەحموود یەکێکە لە ڕۆمان نووسە بایەخدارەکانمان و بەڕای من یەکێکە لە نووسەرە هەرە ئازا و بوێرەکان . من هەرگیز ئەو جورئەتەی ئەوم نەبووە کە مەسەلەکان بەو ڕاشکاوییە پێشان بدەم و دەرببڕم ، ئەحمەد مەحموود بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا ئەم کارەی کردووە و پێدەچێت ئەمە بەرهەمی ئەزموونی ژیانی خۆی بێ ، چونکە ئەو ئەدەبیاتەی کە ئەو خوڵقاندوویەتی ، ڕەسەنایەتی و لۆژیکی تایبەتی خۆی هەیە و تەنانەت ڕاشکاوی و بێ پەردەیی دەربڕین و گوزارشتی مەحموود، بەڕای من ، ڕەنگدانەوەی پەیوەندی جڤاکی — سیاسی ژیانی بەشێک لە وڵاتی مەیە بە نێوی خوزستان .. ئەحمەد مەحموود — هەرچەند

نووسەری خەڵکی باشوورمان زۆرن ، وادیارە تاقە نووسەرێکی باشوورییە کە لایەنی زاڵی کارەکانی، پەیوەندییەکانی باشوور عەکس دەکاتەوە وئەم تایبەتمەندییە تەنانەت لە زمانەکەشیدا دیارە ، زمان و پەخشانێکی ڕاستەوخۆ و چڕە گوزارشت و گوتاری بێ پێچ و پەنا .. خوێنەرێکی زۆری هەیە و ئەمەش بەرەنجامی مامەڵەی ڕاستگۆیانەی نووسەرە دەگەڵ ڕووداو و پێشهات و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکانێک کە خۆیان لەبەرهەمەکەدا دەبیننەوە ، یان دەیانەوێ لەڕێگای بەرهەمەکەوە بەشێک لەوڵات و مێژووی کۆمەڵایەتی خۆیان بناسن ، یان دەیانەوێ بزانن کە مێژووی کۆمەڵایەتیان چۆن لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە ..

بە هەرحاڵ نووسەر ئەو نووسەرەیە کە بەچاوی خۆی ببینێ ، بەمێشکی خۆی بهزرێ و بیربکاتەوەو ، بەویژدانی خۆی بنووسێت و خۆی لە هەرجۆرە ئیملایەکی دەرەکی دوور بگرێت ، کە پێموایە ئەمە بەڕوونی لە ڕۆمانی ( چیرۆکی شارێک )دا ڕەنگی داوەتەوە ..

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم وتارە هەرگیز ئەڵتەرناتیڤی دەقەکە نییە و تەنیا بەخوێندنەوەی خودی دەقەکە دەگەیتە ئەو لەزەتە ئیستاتیکییەی کە لە سەراپای دەقەکەوە هەڵدەقوڵێت و لە ناوەوە تیشک دەخاتە سەر وردەکاری و هونەرکاری و جوانکاری و تەکنیکی ڕۆمانەکە ..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مانیز مردمی هەستیم، گفتوگو با محمود دولت ابادی، امیر حسن چهل تن — فریدون فریاد ،چاپ اول ١٣٦٨ (١٩٨٩)

بایەکە، فەرمانەکە لەزاری عەریف غانم دەفڕێنێ .

– دەستە ... لەجێی ... خۆ ... !

دەنگی دەستەجەمی شاگرد کەشتییەکان ، دەگەڵ بایەکەدا ، بەسەر دەریاکەدا دەکشێ .

"ئێمە دەڕۆین بۆ دەریا سەوقاتیت بۆتێرین "

"وەکو شەپۆلی دەریا هەمیشە بێقەرارین "

عەریف غانم ، وردیلە و ڕەقەڵەیەکی چاو درشت وڕەش ، دەم پان و سمێڵێکی نەرم و تەنکی هەیە .

کڵاوە قوماشەکەم لە نێو چنگما گرمۆڵە کردووە . منداڵەکان ، لەبەر مردووشۆرخانەکەدا بەڕیز وەستاون ، دەنگی عەریف غانم خەمینە . ئەم پێ و ئەوپێ دەکات و ڕوودەکاتە ڕیزەکە و دەڵێت:

– ئازاد بوەستن !

پشتم بەدیواری مردووشۆرخانەکەوە داوە . ئارەقە بەئازای بەدەنمدا دێتەخوارێ ، هەموو بەدەنم لە ئارەقەدا سووتاوەتەوە . بەردەمم گۆڕستانە ، کێلەکانی ڕزیوە و چەند گۆمەزێک لەم لاولاوەیەتی ، کە گۆڕستانەکە تەواو ببێت ، لمەڵانە زەردەکەی کەنار دەریایە وپاشان ، پانتایی قورقوشم ڕەنگی دەریایە .

شوێنەکەم دەگۆڕم ، سەر وەردەگێڕم و تەماشای نەخڵستانی عەدنانی دەکەم . لە سەرووی چەتری کەسکی گەردگرتووی دار خورماکانەوە ، باگیرە بەرزەکانی شار دیارە . ئاسمان سپی دەچێتەوە ، هەتاو هێندە گەرمە ، ئێژی دەرگای دۆزەخیان کردووەتەوە .

دەنگی نزمی منداڵێک لەپشت پەرژینی باخی عەدنانی یەوە بەرز دەبێتەوە :

"جهاز تک تکی      کل بندر جکی "

"چیه بارش بمولا     لباس دولتی "

پێستی سەوزی عەریف غانم ، لەبەر هەتاوەکە ، تۆخ و تاریک دێتەبەرچاو . ئێژی یەکەمجارە کە بەم وردییە ، دیقەتی عەریف غانم دەدەم ، دەڵێی لەو هەژدە مانگەی ڕابوردوودا ، قەت ددانە زێڕەکانیم نەدیوە و هەستم نەکردووە کە گۆناکانی ئەوەندە زەقن .

بریقەی گورێزانی سەرەنێزەکان ، جارجار لەچاو دەدەن . خەم لە ڕوخساری هەموو برادەران نیشتووە . لێویان وشک و ئاوساوە . ئەم پێ و ئەوپێ دەکەن ، بێتاقەتن . هەتاوەکە خەریکە دەیان برژێنێ ، بەڵام فزە ناکەن .

من ، لەکەنار سێبەری ڕەفۆکی دیواری مردووشۆرخانەکە وەستاوم . لەدرزی تەختەی کۆن و مۆریانەخواردووی پەنجەرە دارینەکەی مردووشۆرخانەکەوە ،دەڕوانمە ژوورەوە .مردوو شۆرەکە ، جەندەکەکەی عەلی وەردەگێڕێت کە پشتی بشوات . زەرداو لە زاری نیمچە کراوەی عەلییەوە دێتەدەرێ . دڵم تێکهەڵدێت .

شێخ سمایل ، بەهانکە هانک لە ڕێگاوە دێت تا لە مزگەوتی مردوو شۆرەکەدا نوێژی مردوو بخوێنێ . گەیلان و عەلی دادی لە دوایەوەن . شێخ سمایل ، داوێنی عەبا ڕەشەکەی هەڵکردووە کە خۆڵاوی نەبێ . هەنیە تەنگەکەی نیشتووەتە سەر ئارەقە . کەپووە زەلامەکەی هەموو پانایی ڕوخسارە پیر و قاوەییەکەی گرتووەتەوە . بەبەردەممدا ڕەت دەبێت و خۆی بە مردوو شۆرەکەدا دەکات . لێوانی عەلی دادی دەبزوون . پێدەچێ وێرد بخوێنێ ، بەو چەفیەی کە داویە بەسەر شانیا ، ئارەقەی سەر تەوێڵە پڕ چرچ و لۆچەکەی و گۆنا زەق و ڕەقەکانی کە بە هۆی هاڵاوی ئاگری تەنوورەوە سووتاوە ، دەسڕێت . ڕدێنی عەلی دادی دەبزوێت ، پێدەچێت فاتیحا بخوێنێ .

دیسان لە درزی دەرکۆکە دارینەکەوە دەڕوانمە ئەندەروون . قەبرغەی عەلی  هەڵدڕاوە ، لە سەرووی حەوزییەوە تاژێر پەراسووەکانی چەپی ، عەینی زەوییەکی تەڕ ، کەوشک بووبێتەوە و درزی بردبێ ، شەقی بردووە ، قوڵایی کەمەری عەلی و ئەستوورایی سمتی ، لەخوێنی دەڵەمە و وشکا ، ڕەش دەچێتەوە .

موچوڕکە بە سەراپاما دێت . دڵم ناسرەوێ . سەر وەردەگێڕم و چاوانم لێک دەنەم . هەمووی سێ چوار ڕۆژ لەمەوپێش بوو کە پێکەوە چوو بووین بۆ چایخانەکەی ئەنوەر مەشدی  تا قلیان بکێشین و چای وەخۆین و سەر بخەینەسەر ( قەدەم خێر ) و کات بەسەربەرین .

–قەدەمخێر، بۆچی ئەمڕۆ مۆنت کردووە ؟

بە دەگمەن قەدەمم بەپەستی بینی بوو . قەدەمخێر ڕەشێکی زەلام و بەکەلەشە . عەینی ئەسپی ئاوییە . دفنە چکۆلەکەی لەپانتایی ڕوخسارە گەورەکەیدا کە لە سینی دەچێ ، گوم دەبێ .

لێوەکانی سوور دەچنەوە . سپێنەی چاوەکانی زەردە . قەدەمخێر ، هیچ کاتێک پەچە ناکات.

عەلی لەسەر تەختی چاخانەکە سەری بۆلای قەدەمخێر وەرگێڕابوو ، ئاونەی نێرگەلەکەی بۆلای قەدەمخێر درێژ کردبوو و گوتبووی :

– وادیارە دیسان خەفەتی مورادیت هەیە ؟

قەدەمخێر دەستە گۆشتنەکانی درێژ کردبوو کە ئاونەی نێرگەلەکە بگرێت . مەمکە گەورەکانی قەدەمخێر — کەعەینی دوو مەشکەی نیوەپڕ ، قورساییان دەخستەسەر سینگی — لەژێر کراسە تەنکە شینەکەیەوە ، جووڵابوون و بەسەر یەکدا کەوتبوون و ئاونەی نێرگەلەکەی گرتبوو و بێئەوەی چ قسەیەک بکات ، مژی لە نێرگەلەکە دابوو و چاوانی نابوونەسەر یەک .

قەدەمخێر چارەی دابوو بەیەکا . ئەسڵەن خولْقی قسەکردنی نەبوو .

عەلی هەمدیس گوتبووی :

– ئێ ، قەدەم تۆ بەخۆت دەزانی ! بەخۆت دەزانی کە ئیدی مرادی نابێ بەمرادیەکەی جاران ، خۆت دەزانی ...

کە قەدەمخێر چاوەکانی کردبوونەوە بەئارامی سەیری کردبووین .

– .... قەدەم بە خۆڕایی ئەم هەموو ناڵە ناڵە دەکەی !

هەرگیز قەدەمم بەم هەموو بێتاقەتی و بێ کەیفیە نەبینی بوو ، دەتگوت خەمینییەکەی ئەو سەرودڵی ئێمەشی گرت . عەلی ، پیاڵە چایەکەی ، کە سارد بووبووەوە ، هەڵدا ، کێشای بەسەر شانمدا .

گوتی :

– هەستە ... بابڕۆین .

هێشتا نەکەوتبووینە ڕێ کە قەدەم هاتبووە قسان .

– دەڵێم ...ڕاستە کە ( مەمدو ) و مرادی تێک چوون !

هەموو خەڵکی دەیانزانی کە مرادی حەزی لە مەمدو کردووە . دەیانزانی کە

دەنگی شێخ سمایل لەدەرکەی مردووشۆرخانەکەوە ، دێتەدەرێ و بەخۆمم دێنێتەوە . شێخ سمایل خەریکە نوێژی مردوو دەخوێنێ . عەلی دادی و گەیلان لە پشتییەوە قامەتیان دابەستووە .

سەرم بە دیوارەکەوە دەنەم و برژانگەکانم دەخەمە سەریەک . لە بێدەنگی گەرمی گۆڕستانەکەوە ، دەنگی شێخ سمایل دەژنەوم . دەڵێی دنیا لە جووڵە وەستاوە . دەنگی شێخ سمایل سەنگینە . وشە و پەیڤان ، زبر وبێ ڕتووش ، لە قووڵایی گەرووییەوە هەڵدەقوڵێ .

" خودایا ... خودایا ، بەڕاستی ئەم بەندەیەی تۆ و زادەی بەندەی تۆ و ... " چاوانم دەکەمەوە. بە سەرسەری برادەرانەوە هەڵۆیەکی مارخۆری باڕ ، بەلاقی ئاوێزانەوە ، لەجێگای خۆیەوە باڵ لێکدەدا . زگی و ژێر باڵەکانی سپییە . بەرسینگی تاریک ، قاوەییەکی ئامال سووتاوە . شاپەڕەکانی وەکو پەڕی قەڵ ڕەشە . سەری دەڵێی سەری کوندە . دەلێی لە چەشە و نێچیر دەگەڕێت . بەجەستە قورسەکەیەوە وەردەچەرخێ . پاشان ڕوو لە بایەکە ، باڵەکانی بە ئاسۆیی ڕادەگرێت و سینەی بەرزدەکاتەوە و بەرەو حەوێقی ئاسمان بەرز دەبێتەوە . هێشتا دەنگی شێخ سمایل دێت " ... و زادەی کەنیزی تۆیە و بەرەولای تۆ هاتووە ، ئەگەر بەد کردارە ، بەڕەحمەتی خۆتی دەگەڵ بکەی ئەی دەهەندەی دلۆڤان ... " .

دەنگی خەمینی قەدەمخێر بوو کە لە گەروویەوە دەهاتەدەرێ :

– ڕەحم ! ... بێ ڕەحم تر لەم مرادییە لە دنیادا نییە !

عەلی بزەیەکی کردبوو .

– گوێی مەدەیە قەدەم ... ئیدی ژیان ئەوەیە !

– ژیان ئەمەیە !

تازە لە سەر کامیونەکە خۆمان هەڵدابووە خوارەوەو هێشتا حایر و سەرسام بووین .

– کوڕینە ، ئەمە ژیانە . هەوراز و نشێوی هەیە ، کەوتن و هەستانەوەی هەیە .

عەلی بوو کە لە گەراجی عەدنانی ، لە پشت تەیمانە دارینەکەی هەیوانەکەوە وەستابوو و قسەی دەکرد . لە پشت ئەوەوە ڕیزێک ژووری دووکەڵاوی هەبوو ، کە ڕووناکی کزی فانووسێک لە درزی دەرگاکانەوە ، دابووی لە زەمینەی هەیوانەکە و چەند سەربازێک ، بەسەری تاشراو و بلوزێن یەخە وازەوە ، لە ژوورەکان هاتبوونە دەرەوە وخەریک بوو بۆلای مە دەهاتن . تا سەربازەکان ، پاگەردی سواوی هەیوانەکەیان ببڕی و هاتنە خوارەوە ، ئێمە دەمانڕوانیە دەوروبەری خۆمان — کە نیمچە تاریک بوو — کازم گوتبووی :

– یانی دەبێ لێرە بژین !

- هەڵبەتە شامتانیش نەخواردووە ؟

شەو لەبەندەری "خمیر" : ( بەندەرێکە لەقەراخ کەنداوی فارس ، لە ڕۆژهەڵاتی بەندەر لەنگەیە ) نووستبووین و بەرەبەیان ، سپێدە زوو بێ ئەوەی هیچ بخۆین بەسکی ناشتا سواری کامیونی ئازووقەگێڕی بەندەر لەنگەیان کردبووین و بەڕێیان کردبووین . لە لارەوە تا " بەندەر مەهتابی " : ( یەکێکە لەبەندەرە چکۆلەکانی کەنداوی فارس ، پاسگایەکی بچووکی سوپایی و چەند کەپر و کوختەیەکی پەراکەندەی لێرە و لەوێ ) ، دوو ڕۆژ و دوو شەو ڕێگەیە .

گڕەبایەکی شێداری گەرم بوو . لەبرسان لاکەی سەرمان دەهات . لە خوارووی پاسگای بەندەر مەهتابیەوە ، پیرەمێردێک تا ئەژنۆ چووبووە ئاوەکەوە و دوولۆ بەسەر تۆڕەکەیدا کۆمابووەوە . پۆستاڵ و پانتۆڵەکەم داکەند ، خۆم بەئاوەکەدا کرد و پیرەمێردەکەم بانگ کرد .

- بابۆ

پیرەمێردەکە ، بۆساتێک لە ڕاکێشانی تۆڕەکە وەستا .

- ماسیت هەیە ؟

پیرەمێرد چاوە ماندووەکانی هەڵبڕی و نیگای کردم .

- ماسیم دەوێ !

دەنگی پیرەمێردەکە ، تێکەڵ بەشڵپەشڵپی ئاوەکە بوو .

- ماسیم نییە .

- ماسی ... چی ؟

- کۆسەت دەوێ هەمە .

لە چڵی دارخورما شیشمان دروست کرد و ئاگرمان کردەوە و ڕۆژی دوایی ، بۆئەوەی لە بەندەری مەهتابی تێبپەڕین و بەرەبەرە قەراخی باتڵاخ و زۆنگاوەکەی کەنار دەریا ببڕین و لێرە ولەوێ قەدەی دارخورما بخەینە ژێر تایەی کامیونی قورسی ئازووقەکە ، تا بست بە بست کەنارە زونگاوەکە ببڕێت و بگەینە (ئەستێڵی سفلین) : ( لەبەندەرە چکۆلەکانی کەنداوی فارس) بوو بە نیوەڕۆ ، تا ئەستێڵی سفلینەوە گەیشتینە بەندەری لەنگە ، بوو بە ئێوارە .

- خۆ شامتان خواردووە ؟

- شام ؟

- سەڵا لە ئەقڵت ، نانی بەیانی و نیوەڕۆشمان نەخواردووە .

عەلی یەکسەر ، بەسەر موحەجەرەکەدا بازی دابووە ناو حەوشی گەراجەکە ، تائێمە ئاومان لە بیرەکە هەڵکێشا کە گەرد وتۆزی سەرولەشمان بشۆین ، ئەو نان و پەتاتەی کوڵاوی ئامادە کرد و نایە بەردەممان و گوتی :

- بەم شەوەو ، ئەوەش لە لەنگەدا ، لەمە باشتر دەست ناکەوێ ، مەگەر بچین بۆ پشتە .

- پشتە ؟

لە پڕ ڕادەچڵەکێم . دەنگی عەریف غانم بەرزدەبێتەوە .

- بەجەنازە ... بۆ پێ ... شەوە ... تفەنگ بۆ سەر شان .

پشتم لە دیوارە ڕزیوەکەی مردووشۆرخانەکە لادەبەم و ڕاست دەوەستم و کڵاوە قوماشەکەم دەکەمە سەرم .

دەنگی بەرخوردی ناولەپی سەربازەکان بەسەر قۆناغی تفەنگەکانەوە ، هاوئاهەنگ و ڕاچڵەکێنەرە . ئیکلامێکی سوپایی دەکەم . چوارکەس لە سەربازەکان،تابووتەکەیان ناوەتە سەرشانیان و لەدەرگای مردووشۆرخانەکەوە دێنەدەرەوە . کڵاوە سوپاییەکەی عەلی لەسەر تابووتەکەیە . دەڵێی کە هەنیەی بەرزی عەلی ، لە ژێر کڵاوەکەیدایە ، دەڵێی گۆناکانی و دەم و لێوە ئەستوورەکانی و چاوە درەخشانەکانی لەژێر هەنیە سافەکەیدا ئارامی گرتووە . شێخ سمایل ، لە دوای تابووتەکەوەیە . ڕدێنە درێژ وماش وبرنجییەکەی دەبزووێ . لە تۆوایە لەبن لێوانەوە شتێک دەڵێت .عەلی دادی و گەیلان لە دوای شێخ سمایلەوە ڕێدەکەن . دیزداشە درێژەکەی گەیلان ، لە لاقە درێژەکانیەوە دەئاڵێ . لێوە شین و ئەستوورەکانی لێک ترازاون و ددانە گەورە و یەکدەستەکانی کە بە هۆی ، جوینی تەماکۆوە زەرد دەچنەوە ، دەرکەوتوون .

جەنازەکە ، لە ڕیزی سەربازەکان نزیک دەبێتەوە . عەریف غانم چەند هەنگاوێک لە پێش ڕیزەکەوە وەستاوە . لە تۆ وایە فەرمان بەیەک بەتالیۆن عەسکەر دەدات .

- دەستە ... پا ... فەنگ ... نێزە ... لەجێی خۆت .

جەنازەکە ، بەبەردەم ڕیزەکەدا تێدەپەڕێ . سەرەکان ، لە گەڵ جەنازەکەدا دەسوڕێنەوە . دیسان دەنگی وشکی عەریف غانمە .

- دەستە ... بەڕاستا ... ڕاست !

هاژەهاژی دەریاکە لە دوورەوە دەبیسترێ . گەردەلوولێک کە لە چاوتروکانێکدا خاکی نەرم لە زەوی هەڵدەکەنێ و لوولی دەدات و بە ئاسمانیا دەبات ، فەرمانەکە لەدەمی عەریف غانم دەڕفێنێ .

- چەک ... سەرەوخوار ... هەنگاو ... بڕۆ !

سەربازەکان ، لە دوای تابووتەکەوە ، بەهێمنی بەڕێدەکەون . لوولەی تفەنگەکانیان ڕوو لە خوار کردووە . هەموو ، تەماشای بەرپێی خۆیان دەکەن . ئازایان لە ئارەقەدا هەڵکشاوە .

لە پشت چوارتاقی دووەمدا کە دەتگوت تازە تەڕاویان کردووە ، تابووتەکەی عەلی لە عاردی دادەنەن . گۆڕهەڵکەنەکە بەدیار گۆڕەکەوە وەستاوەو نووکی بێڵەکەی لە ئەرزە شێدارە شۆراخەکە چەقاندووە و دەلنگی بیجامە موقەلەم و خەت خەتەکەی تا نیوەی ڕانی هەڵکردووە و مووی سینگی لەیەخە کراوەکەیەوە هاتووەتە دەرێ و ئازای بەدەنی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . هەڵم لە ناو گۆڕەکەوە هەڵدەستێ . جەنازەکەی عەلی لە تابووتەکە دەردێنن . لەناکاوا لە قەراخ نەخڵستانی عەدنانییەوە ، گەردەلوولێک هەڵدەکات و بەخشکەیی تا گۆڕستانەکە دێت و دەچێت بەسەرو چاوماندا .

ڕوو بە ڕووی جەندەکەکەی عەلی وەستاوم . هەناسەی بەرزی یەکێک لە سەربازەکان کە لە ئەوکیدا پەنگاوەتەوە بەردەبێ ، لەگوێمدا دەگیرسێتەوە و پاشان هەنسکی یەکێکی دی لەسەربازەکان بەرزدەبێتەوە . ئاوڕ دەدەمەوە و تەمەشا دەکەم . خروشییە کە بە کاوەخۆ دەگری . ڕوندک بە گۆناکانیا ڕێچکەی بەستووە . تاقەتی دیتنی گریانەکەیەم نییە . سەرم وەردەگێڕم . ئێستا چاوم لە دیمەنی لمەزەردەکانی کەنار دەریایە ، ئەوجا پانایی قورقوشم ڕەنگی دەریاکە دێ کە هێور نییە . هاژە هاژی دەریاکە قورسە . پێل و شەپۆلەکان پێکدا دەدەن .

ڕێک وەکو شەپۆلەکانی ئەو ڕۆژەی کە دەریا ، جەندەکەکەی شەریفەی هەڵدایە سەرەوە . زۆر گۆڕابوو . لەشی ناسک و شووشی بەجۆرێ ئاوسابوو ئەگەر خاڵە درشتەکەی پەناگوێی نەبوایە و ئەگەر شوێن سووتاوەکەی پشتی دەستی نەبوایە و ئەگەر مووچەوانە تەڵا و خرخاڵە زیوەکەی — کەهەنووکە نیشتبووە سەر گۆشتە ئاوساوەکە — نەبووایە ، باوەڕم نەدەکرد کە شەریفە بێ .

قژی شەوە ئاسای شەریفە ڕژابوو بەسەر پانتایی دەموچاویا . چڵە مەرجانێکی کورت بە گێسویەوە لکابوو . دەتگووت هێشووی پەخشانی گوڵی پۆپە کەڵەشێرەیە ، بەڵام بەڕەنگی سەدەفی مات .

له سەر لمەڵانەکە و له سەر گوێچکە ماسییە جۆراوجۆرەکان لەسەر گازی پشت کەوتبوو و دەستی ڕاستی بەسەر سینەیەوە بوو .

لەچاو تروکانێکدا هەمووشتێکم لەلا زیندوو بووەوە ، کاتێ کە خوای نەدەهێشتم و ئەوسا ، کاتێ کە ڕامدەمووسی و گۆناکانیم بۆن دەکرد و دڵخۆشیم دەدایەوە و ... دڵم تێکهەڵدەهات .

دەریا شەریفەی هەڵدابووە سەرەوە ، تا کەنار پایە جارووە ( قسلاو وخۆڵەمێش بۆ سواغدانی حەوزو..) قەوزەگرتووەکانی ئەسکەلەیەکی وێرانە کە ئێستا تەرک کرابوو ، هێنابووی وکاتێ ئاوەکە کشابووەوە ، ئیدی جەندەکەکە بەسەر گوێچکە ماسییە ورد ودرشت و جۆراوجۆرەکانەوە کە تێکەڵی لمە تەڕ و نمسارەکەی کە نارەکە بووبوو ، مابووەوە .

هاڕە و هاژەی دەریاکە تەکانم دەدا . ئاسۆی دیدم دەریاکە و لمە زەردەکەی کەنار دەریاکەیە . ژنێکی ڕەشپۆش و سیا پێست ، لە ژێر بارێکی قورسا ، کە بەسەر سەرییەوەیە ، بەلارەلار ، لەبەستێنی دەریاکەوە بەرەو ( بەندەری چارەک ) : ( بەندەرێکی چکۆلەی قەراخ کەنداوی فارسە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بەندەری لەنگەوە ) . ڕێ وڕۆیشتنەکەی بەقەدەم دەچێ .

- ڕاستە مەمدو خەریکە بەینی لەگەڵ مرادیدا تێک دەچێ ؟

بەدەم ڕۆشتنەوە هەڵوێستەیەکمان کرد ، عەلی دڵی بە قەدەمخێر سووتابوو .

- قەدەم ، ئەمە ئیدی ئاشکرایە ، هەمووان دەیزانن . تەنانەت شاگرد بەلەمەکانی بەندەری ( خمیر) یش دەزانن کە مەمدو ، وەکو دڕکی پێکوڵە، لەگەرووی مرادی گیربووە .

پاشان ، عەلی کەوتبووە دڵدانەوەی .

- گوێ مەدەیە قەدەم ، خەم مەخۆ ... ئیدی ژیان ئەوەیە !

چەند مانگێک دەبوو کە مرادی قەدەمی بەرەڵڵا کردبوو، بەڵام قەدەم باوەڕی نەدەکرد .

قەدەمخێر ، داوای لە بابا سەعید کردبوو دوعای بۆ نووسی بوو و بەشەو بەترس و دڵەخورپەوە دوعاکەی بردبوو بۆ گۆڕستان و لەپاینی قەبرێکی کۆنەوە لەچاڵی نابوو کە هیچ فایدەیەکی نەبووبوو . پاشان بابا سەعید ناڵێکی دابوویە کە بیخاتە ئاگرەوە . ناوەڕاستی زستان بوو . قەدەم ئاگرێکی گەورەی هەڵگیرساندبوو و ناڵەکەی خستبووە ئاگرەکەوە و بەپەلە لە ماڵ وەدەرکەوتبوو ، و لە سەر ڕێگای مرادی وەستابوو تا کاریگەری ناڵەکە بدینێ ، بەڵام

هیچ ، وەکو ئەوە بوو کە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان مرادی سەروسرپێکی دەگەڵ قەدەمدا نەبووبێ و لەوەش خراتر ، نیوەڕۆ کە بۆماڵ گەڕابووەوە ، سەیری کردبوو کە ئاگری ناڵەکە ، فەرشە ئازیزەکەی سووتاندووە ، کە ئیدی دەمی کردبووەوە و ئەوەی بەخۆی کردبوو بەسەگ نەکرێ ، لەخراپ خراپتری بەخۆی کردبوو ، گێسوی خۆی دەسکەنە کردبوو و بە نینۆک هەموو ڕوخساری خۆی ڕنی بوو بووە .

مرادی چەند مانگێک بوو کە وازی لە قەدەم هێنابوو و دەوروخولی مەمدوی دەدا . لە دەستی ئەنوەر مەشدی دەرهێنابوو و پارەی ئارەقەکەی بۆ دەدا و خەرجی دەدایە کە بڕوات بۆلای (تەلا) یان بڕوات لە گەڵ شەریفەدا ڕابوێرێ . قەدەم دڵی پڕبوو .

– هات گوتی غەریبم ، گوتی تازە لەتیپی جەهروم نەقڵ بووم . تەنیام وکەس وکارم نییە . دڵم تەنگە . خەریکە لە غوربەتدا جوانەمەرگ دەبم . دڵم بەحاڵی سووتا . بەزەییم بە جوانییەکەیدا هاتەوە . لە ماڵەکەمدا جێگام کردەوە . سفرەم بۆڕازاندەوە . کەڵەشێرە یەختەکەم کە لە گیانی خۆم خۆشترم دەویست بۆ سەربڕی . کارژۆڵەکەم بۆ میوانەکانی سەربڕی . من کە ڕەقم لە عەرەق دەبۆوە ، بەدەستی خۆم بۆم تێکرد تا ژەهرەماری بکات شەوێ تا سپێدە لە باخەڵمدا خەوت . گۆرەوییە بۆ گەنیوەکانیم شت . جلەکانیم شۆرد . دەرپێ کورتەکانی ... هەموو ڕۆژێ لەبەر خاتری ئەو هەڵدەستام ودەچووم بۆ بازاڕ تاحەزی لە هەر شتێک بێ بۆی بکڕم . ماسی گوباب :(جۆرە ماسییەکی پەسندی باشوورە ) . گۆشتی تازەی بەرخ . دەیسا ... تف لەم ڕۆژگارە ... تف !

عەلی مەچەکی قەدەم دەگرێت .

– کاری دڵە قەدەمخێر . گوێ مەدەیە خەمی لێ مەخۆ .

( ٢ )

– سبەی شەو میوانی منیت .

عەلی ، دەستی تەکان دەدات و دەکەوێتە ڕێ بەرەولای ئوتومبیلەکەی حەسەن گەکۆ کە سوار بێت و بۆ ( بەندەر کنگ ) بڕوات :( بەندەر کنگ یەکێکە لەبەندەرەکانی قەراخ کەنداو ، کەوتۆتە چەند کیکومەتری ڕۆژهەلاتی بەندەر لەنگە ) . بەندەر کنگ نزیکە ، ئەگەر بەپێیان بڕوات ، هەر ساعاتە ڕێیەکە . ئوتومبیلە کۆن و شڕەکەی حەسەن گەکۆ بە دە — پازدە دەقیقەیەک دەیبڕێت .

– دەچین بۆ پشتە ، نانێک دەخۆین .

عەلی پارەی بۆ هاتووە .

- عەلی ... دایکت ...

- پارەکەی دەڵێی ؟

-بەڵێ ... بەم دەست کورتییە ...

- نازانم ... قەرز وقۆڵە دەکات ... کارەکەری دەکات !

- تۆش هیچ ناڵێی ؟

- سەد جارم بۆ نووسیوە کەحاڵم باشە . بۆم نووسیوە کە جواب دەنێرم لە دوبەییەوە شتم بۆ دێنن و دەیفرۆشم ، بەڵام فایدەی نییە و ناچێتە گوێیەوە .

- دەی باشە پارەکەی بۆ بنێرەوە .

- ئەمە زیادە خەرجییە !

- زیادە خەرجی ؟

- دوو — سێ کەڕەت ئەم کارەم کرد ، کەچی دووبارە پارەکەی ناردەوە !

- دووبارە پارەکەی ناردەوە ؟

- بە نامەیەکی پڕ گلەیی و گازندەوە ، کە خراپتر دڵمی شکاند .

***

یازدە مانگ و بیست ڕۆژە کە لە بەندەر لنگەم ، مانگەکانی هەوەڵ، کازم نەقڵ بوو بۆ شیراز . حەسەن خۆی کردە نەخۆش تاچوو بۆ لار و لە خەستەخانە کەوت و پاشانیش هەر لەوێندەر مایەوە . عەتایان بۆ بەندەر خمیر ناردووە . ئەگەر عەلی نەبوایە دیقم دەکرد . دەستی تەکان دەدا و خۆی هەڵدەداتە سەر چامرلغی ئوتومبیلەکەی حەسەن گەکۆ و دەسکی دەرگاکە دەگرێت . ئوتومبیلەکە بەدەم پرتەپرتەوە دەکەوێتەڕێ .

شەکەتم . قورسم . بەسەر سەکۆ بەرزەکەی چایخانەکەی ئەنوەر مەشدی دا سەردەکەوم و لە سەر تەختەکە دادەنیشم . ئەنوەر مەشدی نێرگەلەیەکم بۆ ئامادە دەکات و دەیداتە دەستم . هەتاو داویە لە ناو چڕەدار خورماکانی

قەراخ شار کە لە کۆتایی شەقامی (مەساح) ەوە دیارە . لە تۆ وایە دار خورماکان گڕیان گرتووە . ئەنوەر مەشدی تەماکۆ و قسڵ ( قسڵ شتێکی وەکو بەردە ، تامی سوێر و تورتە لە گەڵ تەماکۆدا تێکەڵ دەکرێ و دەیخەنە بن بێخی ددان ، سەر پوک ) تێکەڵ دەکات و دەیخاتە سەر پووکی . مژ لە نێرگەلەکە دەدەم . چیوای بۆ خۆرئاوا نەماوە . لە ناو دووکەڵی شینباوی نێرگەلەکەوە ، هەتاو دەبینم کە دەڵێی ئاگری ڕشتووەتە ناو باخی خورماکە . ئەنوەر مەشدی ، ئاوی تەماکۆکە بەپایە بەردینە بازنەییەکەی ناو چاخانەکەدا دەتفێنێتەوە کە تا نیوەی لە ئاوی تەماکۆدا زەرد دەچێتەوە . چاخانەکە چۆڵە . ئەنوەر مەشدی شوێنی تەماکۆکە لە دەمیا دەگۆڕێ و بە چیچکانەوە لە قەراخ تەختەکە ڕۆدەنیشێت و دێتە قسان .

- تف لەم ڕۆژگارە کە وەفا و ئەمەکی بۆ هیچ کەسێک نییە .

دەزانم کە دەیەوێ باسی مرادی و مەمدو بکات . هەرکە دڵ بە قسەکەی بدەی گرێی دڵی دەکاتەوە " هەموو گۆشتی لەشی هی منە " مەبەستی مەمدووە . " هەموو ژیانی خۆم خەرجی ئەوکرد . چما چایخانەیەکی گچکۆلە چەندی دەرامەت دەبێ ؟ ڕۆژی دووکیلۆ قەند پتر سەرف ناکەم . ئاخر دەبێ خۆی چ بێ و دەرامەتی چ بێ ؟ سەعاتە وستن واچەکەم فرۆشت و بۆ ئەوم خەرج کرد ... " ئەنوەر مەشدی ، ئەگەر عارەق بخواتەوە ، شتی دیکەش دەڵێت " ... موچەوانەکانی ژنەکەم دزی و فرۆشتمن و خەرجی ئەوم کرد ، کە پێی زانی مەگەر خوا بزانێ چ قەرقەشەیەکی بەرپاکرد ، ئابڕوی چەنی چەن ساڵەی بردم . ئێستا دەچێ دەبێ بە قەپاتمە و دەنکی مرادی ... تف ! ... ئەگەر قەدری جل وبەرگ و پلەی عەریف " مرادی " م لەلا نەبوایە ، خۆم دەمزانی چ کارێکم پێدەکرد ... " لێ ئەگەر عەریف مرادی ، ئەگەر عەریفیش نەبێ و تەنانەت ئەگەر بەلەمەوانیش بێ یا شاگرد چایچی بێ ، ئەنوەر مەشدی دەرەقەتی نایەت . بازۆڵەی مرادی لەگەردنی ئەنوەر مەشدی ئەستوورترە . سمێڵی هێندە پڕە کە لە لاقی بزن دەچێ . باڵای چیوای لەدوو مەتر کەمترنییە . بەڵام ، عارەق کە کاریی ببێت و سەری ئەنوەر مەشدی کە گەرم ببێت ، ئیدی قسەی خۆی دەکات و دڵی خاڵی دەکاتەوە " ... گوتی پاسکیلم دەوێ ، بۆم کڕی . گوتی دەرپێی فەڕەنگیم دەوێ ، قاچاغچیانم ڕاسپارد و لە دوبەیەوە بۆیان هێنا . دەرزەنێک ، دوازدە دانە ، دوازدە ڕەنگ ! حەزمدەکرد کە ئەم پلەیە وەکو تفی نەعلەت بەسەر بازووی مرادییەوە نەبوایە ، هەنگێ دەتبینی چ کارێکم پێدەکرد ، کارێک بە داستان بگێڕدراباوە .."

- لێ ئەنوەر مەشدی ، تۆ دەرەقەتی عەریف مرادی نایەیت .

پیاڵە ئارەقەکەی بەیەکبین هەڵدەدا ، چرچ و لۆچەکانی ڕوخساری دەچن بەیەکدا ، ڕوندک لە گۆشەی چاوەکانیدا قەتیس دەمێنێ ، تفێک دەکات و دەڵێت :

- دروسته !

ئێسقانی ماسی دەلێسێتەوە و هەمدیس دەڵێت :

- دروسته ! باری نابەم ، دەرەقەتی نایەم . تۆ ڕاست دەکەی . ئەو عەریفە تفەنگی هەیە . سەرەنێزەی هەیە . دەرەجەدارە . پیاوی دەوڵەتە . ئەگەر حەزی لێبێ بەسەرەنێزە ورگم دەدڕێ . بەڵام من ؟ ... من چیم هەیە ؟ ... من بابایەکم چایچی . چایچیەک کە ڕۆژی تەنیا دووکیلۆ قەند سەرف دەکات .

ها ، تۆڕاست دەکەی ! قسەی تۆیە ! دەرەقەتی عەریف مرادی نایەم . بەڵام دەزانی ... وێڕای هەموو ئەم قسانە ...

تفێکی دیکە دەکات و لەسەری دەڕوات .

- هەقی نەبوو مەمدۆم لێ داگیربکات ، لە دەستمی دەربێنێ . ئەمە پیاوەتی نییە .. ئەمە نامەردیە !

- بەڵام ئەنوەر مەشدی ... تۆ دەبێ بزانی کە نە کەپر بەماڵ دبێ و نە قە.... بەژن !

گرژ دەبێ ، وەکو کەو دەچێ .

- ئاخر مەمدۆ کە قە ... نییە !

- ئەوەش قە ... یە ! ... وەکو پەشتەماڵی حەمام هەر ڕۆژەی بە بەر یەکێکەوەیە .

ئەنوەر مەشدی ئاهێک هەڵدەکێشێت .

- چیکەم . خۆشم دەوێ .

لە قەراخ تەختەکە هەڵدەستێت . پیاڵە خاڵییەکە لە سەر تەپڵەکەکە هەڵدەگرێت . چاوە چەپ وخێلەکانی لەچاڵی چاویا گێژ دەخوات و دەڵێت :

- تف لەم ڕۆژگارە .

ئەسڵەن تاقەت و حەوسەڵەی قسەکانی ئەنوەر مەشدیم نییە . واز لە نێرگەلەکە دێنم و هەڵدەستم . ئەنوەر مەشدی ئاوەخەستەکەی تەماکۆ و ئەردەکەکە (قسڵ) تف دەکاتەوە قەد پایە بازنەییەکەی ناوەڕاستی چاخانەکە و دەپرسێت کێوە دەڕۆم . دەزانێ کە بەخۆڕایی دەپرسێت . دەزانێت کە یا دەڕۆم بۆ پشتە ، چایخانەی ئاهەن و یا

دەڕۆم بۆم کەناری دەریا و لەسەر تاوێرە قەوزە گرتووەکانی دادەنیشێم و تەمەشای دەریا دەکەم و عارەق دەخۆمەوە تا مەنگ و مەست ببم و بڕۆم بخەوم .

– بۆ کوێ دەڕۆی ؟

هیچ نالێم و دەکەومەڕێ . پیاڵەکان دەخاتە ناو لەگەنەکە و بەدەنگی بەرزتر دەڵێت :

– ئەمشەو دێی بۆ پشتە ؟

– ئەگەر تاقەتم هەبوو دێم .

گەیلان خەریکە دووکانەکەی دادەخات . بازاڕ هەڵگیراوە .

بۆنی تیژی ئاڵەت و بەهارات و بۆنی چای بیانی و سابوونی بیانی و سەوزی چرمسی و ڕۆنی کیژی هیندی و دارچینی و بۆنی چەرمی بۆدڕ ، هەوای ژێر تاقی بازاڕەکەی قورس کردووە . گەیلان ، دەستە کلیلەکە بەدەوری دەستیا بادەدات و دەڵێت :

– بیستووتە چ پارچەیەکی باش بۆ لەنگە هاتووە ؟

یەک – دوو ڕۆژ بوو بیستبووم . لەبەندەری لەنگەدا ، هەموو شتێک زوو ئاشکرا دەبێت .

– تاقەتت هەیە ئەمشەو بچینە سۆراغی ؟

– دەمەوێ بڕۆم بخەوم .

– تۆش چەند ڕۆژێکە تەواو ناخۆش بوویت ؟

چەفیەکەی لە سەرشانی ئەم جێ و ئەوجێ دەکات و دەکەوێتەڕێ و دیزداشە گەبەردینە نیلییەکەی ، لەلاقە درێژەکانی دەئاڵێت و نەعلەکانی دەکەونە شڵپەشڵپ .

دەچم بۆلای عەلی دادی کە سی – چل ڕۆژ دەبێت کوڕەکەیان بۆ جەهروم بردووە بۆ سەربازی و بەتەنیا ماوەتەوە و هەرخۆی قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و نان دەبرژێنێ .

– دەستت خۆش ، ئەو لۆکسە داگیرسێنە .

لۆکسەکەی عەلی دادی دادەگیرسێنم و بەکۆڵەکە خوارەکەی کەنار مێزەکەوەی هەڵدەواسم . ڕوناکی لۆکسەکە ، مەیدانە قەناس و خوارو خێچەکەی بەر نانەواخانەکەی عەلی دادی — کە تابەر دەرگای گەورە بازاڕە سەرپۆشراوەکە چووە و نەخشە خشتە داڵبرەکەی ( کەوانەیی ) سەرتاقی دەرگای بازاڕچەکە ، کە لێرە ولەوێ ڕوخاوە ، ڕوناک دەکاتەوە .

– نامەی غوڵامم بۆ هاتبوو .

غوڵام ، مەبەستی لە کوڕەکەیەتی .

– سڵاوی لە تۆش کردووە .

عەلی دادی نانەکە دەخاتە سەر ڕفێدەکە: ( مادە ، مایە ) و دەڕوانێتە ئەوسەری بازاڕچەکە .

– خەریکە دێت .

سەر وەردەگێڕم و دەڕوانمە بنەبانی بازاڕچەکە کە تاریکی ڕۆژئاوا تەواو تاریکی کردووە .

– کێ خەریکە دێ ؟

– شەریفە .

نانەکە دەدات بەپێشی تەنوورەکەوە و وەردانەکە ( وەردانە: تیرۆکی ئەستووری گونک پان کردنەوە ) هەڵدەگرێت . عەلی دادی ، هەموو کارەکانی دووکانەکەی، خۆی دەیکات . لەهەویر شێلانەوە تا گونک بڕین و نان پانکردنەوە و برژان و فرۆشتنی .

– چما هەمووی چەند دەبرژێنم ؟

گونکە هەویرەکە بەدەست پان دەکاتەوە . چاوی لە زارکی بازاڕچەکەیە .

– شەریفە کێیە ؟

باسی دەکات .

– ئەمڕۆ سێ ڕۆژە کە پەیدا بووە . نازانم ، ڕەنگە ڕۆژی چوارەم بێ ...خۆی دەڵێ خەڵکی ئیسفەندەقییەی ناحیەی جیرۆفتی سەر بە کرمانە . لەگەڵ یەکێک لە عەریفەکانی تیپی جەهرومدا بە کامیونی ئازووقە هاتووە .

بیستبووم كە عەریفەكە لە بەندەری لەنگە بەجێی هێشتووە و ڕۆییوە . بیستبووم كە ژوورێكی خانووە نیمچە وێرانەكانی پاك كردووەتەوەو ئاوڕشێنی كردووە و گسكی داوە و جل وپەلاسەكەی لەوێندەر داوە بە عاریدا . " لەنگە چۆڵ بوو . كە حیجاب هەڵگیرا ، هەموو خۆیان یەكلاكردەوە و دەستی ژن و منداڵەكانیان گرتن و چوون بۆ قەتەر ، دوبەی ، شاریقە ... كاروبار و خانە ولانە و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و بڕیاری خۆیان دا " . عەلی دادی ، نانەكە پان دەكاتەوە و دەیخاتە سەر ڕفێدەكە .

– سلاو

تەماشای دەكەم . ئەسمەرە . گۆناكانی داتەكیوە . خاڵێكی درشتی ڕەش بە بناگوێیەوەیە . دوو هێڵی مات ، لە هەردوو گۆشەی لێوی ژێرەوەی تا دوولای چەناگەی هاتووە ، كە خەمینی دەنوێنێ . باریكەلەیە . لەشی لە ناو كراسە چیتە كەوەییەكەیدا قالبی گرتووە . عەبایەكەی دەخزێتە سەرشانی . قژەكەی پەخش و پەرێشانە و وەكو قەلەڕەشكە ڕەش دەچێتەوە . لێ ئارامە ، دەڵێی شتێك لەناو لەشیا ، لەگیانیا بێ ئۆقرەیە .

– بازیاد ببرژێ مەشتی عەلی .

عەلی دادی بزەیەكی بۆ دەكات .

– كونجیشی پێوەبكەم ؟

– پێوەی بكە .

بۆساتێك نیگامان لێك هەڵەنگوت . بزەیەك دەكات . بزەیەكی دڵگیرە . دڵم دەكرێتەوە . ساڵ ونیوێك پترە كە بزەی هیچ ژنێكم نەدیتووە . قیروسیا دەكەم و دەپرسم :

– لەكوێ دادەنیشیت ؟

لە ژێر چارشێوەكەیەوە خۆی بادەدات .

– ماڵی منت بۆچییە ؟

دەنگی زولاڵ و دڵگیرە . جۆرە شەیتەنەتێك لە نیگا و پێكەنینەكەیدا هەیە . هەمدیس دەپرسم :

– هەرخۆتی ، بەتەنیای ؟

– زەروریە بیزانی ؟

عەلی دادی ، نانە بەکونجیە برژاوەکە هەڵدەداتە سەر مێزەکە .

- زۆر مەمنوون .

و دەکەوێتەڕێ .

لە عەلی دادی دەپرسم :

- تۆدەزانی لە کوێ دەژی ؟

دەڵێت :

- وابزانم لەپشت ئەستێڵ وگۆلاوەکەی ڕودبارییەکانە .

دەکەومەڕێ .

- بۆ کوێ ؟

- ڕەنگە بچم بۆ کەنار دەریا .

هەیف هەڵاتووە . کۆڵانەکان تەسک و درێژ و پێچاوپێچە . لە تۆ وایە کۆتاییان نییە . هەندێجار کە درێژی کۆڵانەکە پێچی تێدەکەوێ ، تریفەی مانگ دیوارەکان و کۆڵانەکان ڕووناک دەکاتەوە و کەمێ دواتر کە کۆڵانەکان دەگاتە پێچێکی تر ، تاریکییەکە وەکو قیرێکی لینجی لێدێت و کۆڵانەکە تەنگتر و باریکتر دەبێت کە ئەوسەری یا دەگاتە دەریا یا دەگاتە پەرژینەکان و نەخڵستانە تۆزگرتووەکانی دەرێی شار .

لێرەو لەوێ گاوچیلان ، بەدەم مل ومۆشەووە بەکۆڵانەکاندا دەسووڕێنەوە . بەمەیدانێکی گەورەدا کە وشترانی لێ خەوتوون تێدەپەڕم . بۆنی فەخخارە دێت ( فەخفارە : جۆرە ماسییەکی ساردینە دەگەڵ ناوکە خورمادا دەکوڵێنرێ و دەدرێ بە ئاژەڵان ) . دەنگی تێکەڵ وپێکەڵی هەزاران سیسرە ومەشکە درە ، لەو خانوانەوە کە دیوارەکانیان بەسەریەکدا ڕووخاوە ، دێتەدەرێ . لە کۆتایی بازاڕی (مەساح) ەوە سەر دەردێنم . (سەید) خەریکە تاکە تەختەکانی دەرگای دوکانەکەی دادەخات .

- دای مەخە سەید ! .

خۆی بەبنەبانی دوکانەکەدا دەکات ، نیوقاپ عارەق لە کۆنە ڕۆژنامەیەکەوە دەپێچێ و دەیداتە دەستم . دەکەومەڕێ . بیر لەوە دەکەمەوە کە شەریفە بدۆزمەوە . دۆزینەوەی کارێکی ئەستەم نییە . خۆ ئەگەر هەموو

خانووەکانی لەنگە ، یەک بەیەک بگەڕێم ، لە دوو سەعات پترم پێناچێت . دەزانم کە دەبێ لە پشت گۆلاوی ڕودباریەکانەوە بێ ، لەوێ دە — دوازدە خانوو زیاتری لێ نییە ، کە محەمەنوور لە یەکێکیاندا دەژی . یەکێکی دیکەیان تەڵا تیای دەژی و ئەوانی دی هەمووی چۆڵن . دیوارەکانیان داڕووخاون و ژوورەکانیان تەنگ و تاریکن ، کە هەموو ساپیتە سەندەڵەکانیان سکی داوە .

به دەوری گۆلاوی ڕودباریەکاندا دەسوڕێمەوە . چەند گاو چێڵێکی برسی ، لە قەراخ گۆلاوەکە ، دەم وقەپۆز لە عاردی دەسوون . بە نێو چەند کەلاوەیەکدا ڕێگاکە قەدبڕ دەکەم . سەردەکێشمە ناو هەموو خانووە ڕووخاوەکان . شەریفە دەدۆزمەوە . ماڵەکەی دەرکە ودیواری نییە . لەو سەری حەوشەکەدا دوو وەتاغ هەیە کە هەردووکیان بەتەنیشت یەکەوە ، لە سەر بەرهەیوانێکن . لە درزی دەرگا نیوە وازەکەی یەکێک لە وەتاغەکانەوە ، ڕووناکیەکی کز هاتووەتە دەرێ . بەپلیکانەی هەیوانەکەدا سەردەکەوم و سەر دەکێشمە ژوورەوە . بۆنی مەهیوە ( مەهیوە : جۆرە شلەیەکە لە ماسی " متو " و " حشینە " کە دوو جۆرە ماسی ساردینن دروست دەکرێت ، ئەم شلەیە وەکو بۆن ناخۆشە ، بەڵام خواردنی خۆشە ) . لە ژوورەکەدا پەنگاوەتەوە . شەریفە لە دیار لامپاکە ڕونیشتووە . ژوورەکە کڕ وکپە . لە نێو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەوەستم و تەمەشای دەکەم . قژەکەی بەسەرشانیدا کەوتووە . ڕوناکی لامپاکە ، سێبەری خستووەتە سەر ڕوخساری . دەنگی دەژنەوم .

– کێیە ؟

– منم !

– تۆ کێی ؟

هیچ ناڵێم ، دەچمە پێشترەوە . چاوەکانی دەبریقێنەوە . لێوەکانی بەخەمباری نیشتوونەتە سەریەک . هێڵە خواروخێچەکانی لالێوی قووڵتر بوونە .

– بۆچی هاتوویتە ماڵەکەم ؟

هیچ قسەیەکم پێ نییە . بێئەوەی قسەکەم هەڵسەنگێنم ، لە دەمم دەردەچێ

– هاتووم یارمەتیت بدەم !

– یارمەتی ؟!

بەجۆرێ ئەو وشەیە دەڵێت کە ئازارەکەی لە کێردێک ، کە بەدڵدا بکرێ ، کاری تر و بەسۆێترە . حەپەسام . لە خۆم تەریق دەبمەوە . دامنابوو کە بڕۆم و دابنیشم و پێکەوە عارەق بخۆینەوە و شەوێک بەسەر بەرین . لەپڕ ، هەموو ئارەزووەکان لە دڵمدا دەمرن . هیچ چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ژنێک بەم تەمەنەوە ، تەنیا و بێ پەنا ، کە لە لەنگەدا بەرەڵایان کردبێ ، بەم جۆرە تەریقم بکاتەوە و خەجاڵەتبارم بکات .

دێمە دواوەوە کە بڕۆم . بۆچەند ساتێک لە ئاستانەی دەرگای ژوورەکە ، بەدەم چاوەڕوانییەوە دەمێنمەوە کە بەڵکو هەمدیس قسەیەک بکات . چ قسەیەک ناکات . خجڵی کاری خۆیەتی . دەڵێی خەریکی پینەکردنی شتێکە . هەوای ژوورەکە دڵم تەنگ دەکات . خەریکە دەخنکێم . ئارەقە دەنیشێتە سەر هەنیەم . لە ژوورەکە وەدەردەکەوم . مانگ بەرز بووەتەوە و زەویە کراوەکەی بەردەم گۆلاوی ڕودباریەکانی زیوین کردووە . بە ناو ئەو گاوچێڵانەدا ، کەلە ئەرزەکەدا نووستوون و کاوێژدەکەن ، تێدەپەڕم . نیوقاپە عارەقەکە لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدایە . دەری دێنم . بە ناولەپ دەکێشم بە بن قاپەکەدا ، تەپەدۆرەکەی سەری شل دەبێتەوە . سەری قاپەکە دەکەمەوە و گەرماوگەرم دوو قوم هەڵدەقوڕێنم . زمان و ئەوکم دەسووتێ . بە کەنار پەرژین و تامانی ئەو باخی خورمایەدا کە لە کۆتایی شارە ، تێدەپەڕم . دەنگەکانی شەو تێکەڵاون . نیوەی مانگی خاکە لێوەیە . بۆنی خۆشی هێشووە خورما دنیای پڕ کردووە . کەس لە کوچە وکۆڵانەکان نییە . تا دەگەمە کەنار دەریا ، نیوقاپەکە تەواو دەکەم . ئێستا فێری ئەوەبووم کە عارەق بەبێ مەزە بخۆمەوە . ڕۆژانی هەوەڵ زۆر بەزەحمەت دەمخواردەوە . فرمێسک دەزاییە چاوانم . گەرووم دەسووتایەوەو هەندێجاریش ڕێدەکەوت کە گەدەم تێکدەچوو و عارەقەکەم هەڵدەهێنایەوە . بەڵام پاشان کە پەنام بردە بەر عارەق تا ڕۆژانی بێکاری و تەنیایی بەڕێ بکەم ، دەگەڵ تام و بۆن و تفتی عارەقدا ڕاهاتم و خووم پێوەگرت .

لە سەر قاڵبە چیمەنتۆیەکی گەورە ، کە لە ئەسکەلە ڕووخاو و مەتترووکەکە جیابووەتەوەو ، لە لمەڵانەکەدا چەقیوەو تانیوەی قەوزە گرتوویەتی دادەنیشم . دەریا پانەوپان لەبەردەممدا کراوەتەوە . تریفەی مانگ ، سەری دەریاکەی ڕووناک کردووەتەوە . لە دووری دوورەوە کەشتییەکی گەورە بەرەو ڕۆژهەڵات داژوێ . هەموو گڵۆپ و چراکانی هەڵن . بەرەو قەشەم دەڕوات و لەوێوە بەرەو تەنگەی هورمز .

عارەقەکە تەزاندوومی . قومێکی دیکە دەخۆمەوە . ئێستا هەست بە تامی تاڵی عارەقەکەم ناکەم. دەڵێی لێوەکانم ، زمان و گەرووم سڕ بوون . چاوانم لێک دەنێم . دەبیرەوە دەچم . هەوڵدەدەم کە لە زامی قسەکەی شەریفە و بێ موبالاتی و ڕووگرژییەکەی ڕەهاببم .

هەمهەمەی دەریاوانەکان لە گوێمدا دەزرینگێتەوە . لە هەوەڵی شەوەوە ئەگەر دنیا ساف بێ بە بەلەم و لۆتکەوە خۆ بە دریادا دەکەن و بەر لە سپێدە بە ماسی ڕاوکراوەوە دەگەڕێنەوە . سوور ماسی ، سەنگسەر ، ڕەشە ماسی ، ماسی گوباب ، شەبوت و ... چاوانم دەکەمەوە ، بەلەمەوانەکان ، لە سەرووی ئەسکەلەی گومرکەوە ، قایغەکان بەپاڵ هەڵدەدەنە دەریاوە و بەرەو لۆتکەکان کە لە دووری کەنارەکە لەنگەریان گرتووە ، داژۆن . ئاسمان هێندە ساف و هەیڤ هێندە ڕۆشنە کە جم وجۆڵی قرژاڵەکان لە سەر لمەلانی کەنارەکە دەبینم . بەلەمەوانەکان بەدەستەجەمی گۆرانی دەڵێن :

" من دەڕۆم بۆ دەریا        سەوقاتیت بۆ دێنم "

" وەکو پێلی دەریا        دایمە بێ قەرارم "

دەنگیان دەگەڵ شنەیەکی نەرما کە بەسەر ڕووی دەریاکەدا دەکشێت تا دوورە دەستان دەڕوات . دەنگی لال محەمەد لە دەنگی هەمووان بەرزتر و بەهێزترە . وەکو عارەق خواردنەکەی کە بۆڕ بەهەمووان دەدات و وەکو سینە کوتانەکەی کە هەمیشە مەیداندارە . دەنگی لاڵ محەمەد بەرز دەبێتەوە :

" بەلەمەکەم نیشتووەتە گڵ    ناگەمە کەنار "

"ناشکێنم پەیمانێ کە بەستوومە      خۆت گەواهی ئەی دڵ "

یەکێک گازم دەکات . ئاوڕ دەدەمەوە .

- خەیاڵت لە کوێیە ؟

عەریف غانمە .

- بەتەنیای ؟

- وەکو هەمیشە .

عەریف غانم لەلامەوە دادەنیشێت . قاپێ عارەقی لەبەرکە . پەنیرێکی پێیە کە دەڵێی بەردە . هەرکە دادەنیشێت باسی هەندێک لەو موفەتیشانە دەکات کە نایب زابت مالیک ، بێتەلچی فەوج هەواڵی داون .

- قەرارە لەم ڕۆژانەدا بێن . نازانم ... ئەم دوو — سێ ڕۆژە .

دەنگ و باس بڵاوە کە نایب زابت خۆشناو ، سەرۆکی پاسگای بەندەر چارەک ، بەرتیلی لە حاجی روستا و شێخ برایم چاە مسلمی وەرگرتووە و باری قاچاغی چەند بەلەمێکی لە دووری پاسگاکە بەتاڵ کردووە .

- تەلەگرافێکی جفرەداری ناردووە...

سەری قاپە عارەقەکە دەکاتەوە .

- نایب زابت جیهانگیر دەڵێت ...

دەنگی بەلەمەوانەکان دوور دەکەوێتەوە . عەریف غانم خەریکی قاپە عارەقەکە دەبێت و بە پچرپچڕی ، لەبن لێوانەوە قسە دەکات .

- بۆ بەتالیۆنی لار ...

بەلەمەکان ، بایەوان هەڵدەکەن .

- ... نازانم ، ڕەنگیشە بۆ تیپی جەهروم ...

لێی دەپرسم

- نایب زابت خۆشناو ؟

دەڵێت :- وا دەڵێن

- هەرخۆی بەتەنیا .

- وا دەڵێن !

عەریف غانم ، پیاڵەیەکی لێو زێڕینی چکۆلەی، کە زیاتر لە ئەنگوستانەی دروومانان دەچوو ، لە بەرکی دەرهێنا . دوو پیاڵەی دوا بە دوای یەک دەخواتەوە و تف دەکات . تۆزێک پەنیر لە زاری دەنێ ، دەیخوات و پاشان ، هەمدیس دێتە قسان .

- دەڵێم چۆنە کە تۆ ، ڕەوشی خۆت بۆ ئەم موفەتیشانە کە دێن باس بکەی ... بەڵکو دەروویەکت لێ ببێتەوە ...

- فایدەی نییە !

- نائومێدی ؟

ئەگەر ببوایە هەموو شتێکی پێ بڵێم و ئەگەر ببوایە بڵێم کە دوور خستنەوەی من ، ئەزیەت و ئەشکەنجە و حەپس کردنی پۆل پۆل ژنان و پیاوان و گوللەباران کردنی دەستەجەمی ئەفسەران بە " ڕوونکردنەوە بۆ موفەتیشان " چارەسەر نابێ ، تێدەگەیی کە مەسەلەکە چییە .

هەمدیس قسە دەکات .

- بەلای کەمەوە بۆ شارێکی ڕێک و پێکت بنێرن . بەلای کەمەوە بۆ لاری یەک ، جەهرومێک ، شیرازێک ...

پێی دەڵێم کە لە بەندەر لەنگە ، ڕەحەت ترم .

- هیچ کەسێک سەرناکاتە سەرم کە ناچار بم بچم بۆ دەوامی سەربازخانە کە بەیانی یا ئێواران لە ڕیزا بوەستم و دوعا بخوێنم ... هەر ئەوەندەیە دەبێ هەموو ڕۆژێک بچم بۆلای نایب زابت جیهانگیر و خۆمی پێ نیشان بدەم . ئیدی کەس کاری بەکاری منەوە نییە .

- ئەمە دەزانم .

ئەو شەوە کە گەیی بووینە بەندەر لەنگە ، بۆ سبەیەکەی ، سەرهەنگ (عەقید) میهرەبان ، ناردبووی بە دووماندا و دوای ئەوەی قسەی کۆتایی دەگەڵماندا کردبوو ، گوتبووی کە ئەگەر ئارام بین وازمان لێدێنێ تاماوەی مەحکومیەتەکەمان تەواو دەبێت .

- ... بەڵام وای بەحاڵ و ڕۆژگارتان ئەگەر نیازی ئاژاوە و ئاشووب نانەوەتان هەبێت . ئەگەر بتانەوێ ، نەزم و نیزامی سەربازخانەکە تێکبدەن یا لە شارا فەرتەنە و ئاشووب بنەنەوە ... سووک و باریک ڕەهەنەی دورگەین تومب مار ، فرور ، بەنی فرورتان دەکەم ( سێ دورگەی ... بچووکی کەنداوی فارسن کە سەر بە ئێرانن ) .

و پاشان ، کاتێ کە شوێن و ڕێی تەواوی بۆ دیاری کردبووین ، گوتبووی کە بڕۆین لە ناو گەراجی عەدنانی ژورێکی پێنج دەری بگرین و تیایدا بژین . ژوورەکەمان لە تەنیشت ژوورەکەی عەلییەوە بوو کە دەگەڵ خروشیدا پێکەوە دەژیان .

عەلی هات کە کەم وکۆڕیەکانمان بۆ پڕبکاتەوە . کابرایەکی قەرەباڵغ و پڕ هەرا وهەنگامە بوو .

- ئێ ، کوڕینە !

عەلی ، زۆر زوو تێکەڵاومان بوو .

– ... لێرە ، هەموومان غەریبین . هیچ کەس وکارێکمان نییە . ئێوەش دوور خراوەن و ئێمەش لە ئێوە باشترنین . گریمان ئێمە دوور خراوەی خوایین ... ئەگەر ، هەرکارێکتان هەبوو بێ لە ڕوو دامان بیڵێن ... هەرکارێکمان لەدەست بێ ...

و پاشان ، بەخۆی کەوتبووە ڕێ و چووبوو بۆ بازاڕ و چەند قاپ و قاپلەمە و مراک و چەتاڵی بۆ کڕی بووین و هێنابووی . تاوەیەکیشی هێنابوو ، تاوەکەی بادابوو وگوتبووی :

– ئەم تاوەیە لە هەموو شتێک پتر بەکەڵکتان دێ ... نیوەڕۆ ماسی ، شەوێ ماسی ، ماسی گوباب ، سەنگسەر ، ماسی سبوور ، ڕەشەماسی ... خۆ ئەگەر حەزتان لێبێ دەتوانن بەماسی ( متو ) و ماسی ( حشینە ) ش مەهیوە دروست بکەن ...

که باسی ( مەهیوە )ی کردبوو ، لووتی خۆی گرتبوو و گوتبووی :

– ... بەڵام گەر تەحەموولی بۆنە ناخۆشەکەیتان هەبێ !

عەریف غانم دەڵێت :

– دەڵێی خەیاڵت ڕۆییوە ؟

– نا !

دەست دێنێ و دەڵێت :

– ئەم پیاڵەیە هەڵدە .

پیاڵە عارەقەکەی لە دەست وەردەگرم . ئەوسا پەنیرە ڕەقە ئامال زەردەکەم ، کە بە کڵۆ کەرپووچ دەکات ( دەبێ لە شیری وشتر بێ ) بۆ درێژ دەکات . هەنووکە بەلەمەکان دوور کەوتوونەتەوە و لە هەتەری چاو دەرچوون . کەشتییەکە ڕۆییوە ، تریسکە تریسکی گورێزانی گڵۆپ و چراکانی لە دووری دوورەوە دەبینرێ .

ماسییەکی باڵدار کە لەبەر تریفەی هەیڤەکە ، لەزیوی خاو دەچێ ، لە ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و خۆی هەڵدەدات ، بەسەر دەریاکەدا دەفڕێ و لەولاترەوە ، دەکەوێتەوە ناو ئاوەکە .

عەریف غانم دەست بەسۆزە دەکات . شیروە (جۆرە گۆرانییەکی خەمناکە) دەخوێنێ . دەنگی زەنگدار و خەمناکە و دەچێتە دڵەوە .

عەریف غانم لە خەڵکی جەهروم دەچێ .

***

هێشتا قەیتانی پۆستاڵەکانم نەبەستووە کەعەلی دێت بەسەرا . کە نۆرە ئێشکەکەی تەواو دەبێ ، تێی دەتەقێنێ و دێت بۆ لەنگە .لە سەرمیلاکی پاسگای بەندەر کنگە.

سەربازگای بەندەر لەنگە ، هەر دەڵێی سەربازخانە نییە ، ئەگەر تۆ هەقت بەسەر کەسەوە نەبێ ، کەس کاری بەکارتەوە نییە .

چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە . هێشتا بە ناشتام . شەوێ دەگەڵ عەریف غانمدا ڕێککەوتین و چووین بۆ پشتە و تاسەعات دووی دوای نیوەشەو دانیشتین و دەگەڵ گەیلان و ئەنوەر مەشدیدا عارەقمان خواردەوە و قسەی بێ سەروبەرمان کرد . نیوەشەو بوو کە مرادی و ممدوش هاتن . دوو شیش تکەی گۆشتیان خوارد و ڕۆیشتن ، تا دانیشتبوون ، ئەنوەر مەشدی وەکو کەو چووبوو ، سەری کز کردبوو و فزەی نەدەکرد . لێ هەرکە ڕۆیشتن هەمدیس گرێی دڵی کرایەوە .

عەلی دەڵێت :

– بۆ کوێ ؟

دەبێ بڕۆم بۆ سەربازخانە خۆم معەرەفی بکەم . درەنگە . هەموو ڕۆژێ دەبێ سەعات دەی بەیانی بڕۆم بۆلای نایب زابت جیهانگیر ، سەرۆکی نووسینگەی سەربازگا و ئیسبات وجوود بکەم . عەلی ، جلەکانی دادەکەنێ ، چەفیەکەی لە کەمەری دەبەستێ و دەچێتە دیار بیرەکە کە دوو بادیە ئاو بەخۆیدا بکات .

– لەگەڕانەوەدا شتێ بکڕە و لەگەڵ دەستا بیهێنەوە .

لە ژوورەکە وەدەردەکەوم .

پاڵدەکەوم تا دێیتەوە .

سەربازگاکە ڕێک بەتەنیشت گومرکەوەیە . بەردەمی دەریایە . سەد هەنگاوێک زیاتر نییە . بینایەکی دوو نهۆمییە ، بریتییە لەچەند ژوورێکی پێکەوە چەسپاو و عەمارێکی ئازووقە و ئەرزاق و پۆشاک و و قەرەوڵخانە و یەک جبەخانەی چکۆلە و ئاشخانەیەکی بێ دەرودیوار . مەیدانی مەشق وڕاهێنان ، لەپشت گومرکە . مێجەر عاسی ، فەرماندەی سریە ، هاوار دەکات :

- بۆچی ڕدێنێت نەتاشیوە ؟

مێجەر عاسی دەبێ لە شتێک نارەحەت بێ . هیچ کاتێ بیانووی ڕدێن و جل وبەرگی پێ نەگرتووم . تەنیا رۆژانی یەکەم کە هاتبووین و فەرماندەی فەوج ، چاوپۆشی لێکردبووین و ڕەهای کردبووین ، تورە بووبوو و گوتبووی کە ئەگەر فەرماندەی فەوج بوایەم ، هەموو ماوەی مەحکومیەتەکەتان ، لە ژوورێکی تاریکدا زیندانیم دەکردن تا تامی خیانەت بە نیشتمان بچێژن و پاشان چەند جارێک کە بەهەق یا بەناهەق ، بیانووی پێ گرتبووین و و بینی بووی کە فەرماندەی فەوج ، مدارامان دەکات ، ئیدی خۆی لێمان تێ نەگەیاندبوو .

مێجەر عاسی دەبێ لەشتێک پەست بێ . دەنگی گڕ دەکاتەوە و دەپرسێت :

- ئێستا سەعات چەندە ؟

سێبەر هاتۆتە بن دیوای نووسینگەی فەوج .

- نزیکەی دوانزەیە .

مێجەر عاسی چاوە خڕەکانی چکۆلە دەکاتەوە برینی خورمای سەر گۆنای ڕاستی زەرد دەچێتەوە . چەناگە پانەکەی دەجولێ و قسە لە قولایی گەروویەوە دێتەدەرێ .

- دەبێ لە چ سەعاتێکا خۆت معەرەفی بکەی ؟

بەکاوەخۆ دەڵێم :- دە .

ڕێک دەڕوانێتە دووڕ چاوانم و دەڵێت :- ئێستا ...

دێتە پێشەوە .

- یەخەی بلوزەکەشت دانەخستووە .

عەریف غانم گاز دەکات .

– سێ ڕۆژ حەپس !

هیچ گومانی تیا نییە کە مێجەر عاسی ، لە شوێنی یا لە شتێک پەست و ناڕەحەتە .

دەگەڵ عەریف غانمدا دەڕۆم بۆ ژوورەکەی تەنیشت پاسدارخانەکە . نووسینگەی عەقید میهرەبان ، فەرماندەی فەوج ، ڕێک لە سەر هەمان ژوورە . کەڕێدەکات ، دەنگی پێی دەژنەوم . عەریف غانم ، بەدەم داخستنی دەرگای ژوورەکەوە ، سۆزە دەکات .

– ناڕەحەت مەبە ، موفەتیشەکان گونیان گرتووە . لە بەیانییەوە تا ئێستا ، لاقی هەمووانی گرتووە .

بەعەریف غانم دەڵێم کە نانی بەیانیم نەخواردووە و جگەرەم نییە و عەلیش بۆ نیوەڕۆژە چاوەڕانمە .

– خەمت نەبێ ، هەموو شتێکت بۆجێبەجێ دەکەم ، ئەگەر عارەقیشت بوێ بۆتی دێنم !

دەرگای ژوورەکە کێلون دەدات و دەڕوات . پەنجەرەی ژوورەکە ڕوو لەدەریایە . دوو بەلەمی چکۆلە لەبەردەم گومرگدا لەنگەریان خستووە ، حەماڵەکان خەریکن باری بەلەمەکان دادەگرن . دەریا ئارامە ، مەنگ و بێ جوڵە و بێ دەنگە . بەلەمێکی گەورە لە دوور دیارە کە بەئارامی بەسەر ئاوی دەریاکەدا داژوێ .

چاوم لەدەریاکەیە کە یەک کامانکاری(جۆرە ئۆتۆمبیلێکی وەزن سووکە کە لە سوپاو بۆباریش بەکاردەبرێ لە جادەو بانی دەرێی شار) تەپ وتۆزا وی لە دەرگای سەربازگاکەوە وەژووردەکەوێ و لە داوی ئەوەوە جێبێکی زەیتوونی خۆی بە سەربازگاکەدا دەکات و هەردووکیان ، لەبەرانبەر قەرەوڵ خانەکە دا دەوەستن .

عەقیدێکی دەستە باڵا ، نەقیبێکی قەڵەو و باڵابەرز و ملازم سێیەمێکی وردیلە لە ئوتومبیلەکان دێنەدەرێ . تازە لە ڕێگاوە گەیشتوون . سەرا پایان لە تۆز و خۆڵا هەڵکشاوە . دەبێ ئەو موفەتیشانە بن کە عەریف غانم باسی دەکردن . دەبێ شەوێ لەبەندەر مەهتابی خەوتبن و خەبەریان گەیی بێتە مێجەر . کە دێنە پێشترەوە ، ملازم سێیەمەکە دەناسمەوە . پێکەوە ، هاودەورە بووین . سەربە فەوجی بێتەل و لاسلکی بوو . من تۆپچی بووم کە گرتیانم . وەکو کەو چوو، برادەر و هۆگری یەکدی بووین ، هەندێجار یاری شەترەنجمان دەکرد . هەندێجار بەیەکەوە پیاسەمان دەکرد و موناقەشەمان دەکرد ، کە هەمیشە بە مجادەلە و دەم بەدەمە دەشکایەوە . لە کاتی موتاڵا و خوێندنەوەی زۆرەکی ناو پۆلدا ، لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتین و لە جیاتی دەرسەکانی کۆلێژ ، کتێبمان دەخوێندەوە . ئەو ڕۆژەی کە گرتیانم ، زۆر شپرزەبوو ، چووبووینە ئۆردو ، چادرمان هەڵدابوو . هەوای داوێنی کۆسار سارد بوو . کەمێک دوای نیوەڕۆ بوو کە دەنگی شەیپوری ڕیز بەست بەرز بووەوە . دەنگی شەیپوورەکە لە

داوێنی کۆسارەکەدا سەردەرگوم بوو ، ئاڵۆزکا . نیو ئاخێزێکمان بۆکرد و تەمەشای یەکترمان کرد . تازە فراشینمان خواردبوو و لە نێو چادرەکاندا ڕاکشابووین .

– ڕیز بەست ؟!

بلەز قەیتانی نیوپوتەکانم بەست و تەرەقەی یەخەکانمان داخست و بەغاردان بەرەو مەیدانە بەرینەکەی ناو چادرەکان ڕۆیشتین . دەنگی شەیپورەکە هێشتا ئاڵۆزبوو . هەوەڵجار سریەی سواران بوو ، پاشان فەوجی تۆپخانە ، دواتر پیادە . پاشان بێتەل و مخابەرە و ... لە ناکاوا دەنگی ملازم رەزمی ، فەرماندەی فەوجی تۆپخانە وەکو تۆپ تەقیەوە .

– لە ... جێی ... خۆ !

هێندەی دی سەرمان سوڕما .

– چ وەختی ڕیز بەستە ؟!

قسەکان ، تێکەڵی یەک بوون .

– ئەدی کۆلۆنێل ( عەقید ) ئەفشار . یاریدەدەری سەربازگە کوا ؟

– بۆچی فەرماندەی فەوجی تۆپخانە فەرمان دەدات ؟

– چی ڕوویداوە ؟

دووبارە دەنگی فەرماندەی فەوج بەرزدەبێتەوە .

– ئیست ... خەبە .... ر ... دار !

چاوم بڕی بووە فەرماندەی فەوجی تۆپخانە ، کە دیتم تیمسار ئەمین ، فەرماندەی سەربازگا ، قیت و قنج ، لە سەمتی چادرەکانی فەرماندەییەوە ، بەرەو مەیدانەکە دێت ، کە گەییە ڕەخی مەیدانەکە وەستا .

– ئازاد !

( ئازاد ) گوتنەکەی تیمسار ئەمین شەقڵێکی دیکەی هەبوو . ئەم تەنیا وشەیە ، گەواهی شتێکی دەدا کە سەرم لێی دەرنەدەکرد . ئەم تاک وشەیە . لە هەر هەموو ئەو وشانەی تیمسار فەرماندەی سەربازگە ، کە لە هۆڵی شانۆدا دەیگوت ، تەواو جیاواز بوو . زاری لێ بەرەڵڵا دەکرد و هەرچییەکی بەزاردا هاتبا نەیدەگێڕایەوە .

– مدارا کردنی سەرباز ؟! ... مداراکردنی دەرەجەدار ؟! ... نە ! . زەبت وڕەبتی سوپا دەبێ پۆلایین بێ . کە بوون بە ئەفسەر و کە چوون بۆ پایەگا و سەربازخانەکان ، وەکو فەرماندەیەکی باش دەبێ چاوتان بنوقێنن و دەستوور بە ژێردەستەکانتان بدەن ، لە کاتی پێویستدا ، ئەگەر تەنانەت چوارپەلتانیش حەواڵەی ژنەکانیان کردووە ، سڵ مەکەنەوە ، دەنا زەبت وڕەبت نایەتە پاراستن .

نە ! ئەم ( ئازاد ) گوتنە مۆرکێکی دی هەبوو ، نیگەرانی ، ترس ، غەم یا مەحەبەتی پێوە دیاربوو ؟ هەمدیس دەنگی تیمسار لەگوێمدا دەگیرسێتەوە .

– بەوپەڕی داخەوە ...

داخ ؟ ... تیمسار هەمیشە هێرشکەر بوو . ڕۆژانی پڕ ئاشووبی ساڵی پار، کە یاریدەدەری فەرمانداری سوپایی بوو و، لا لا مووی دەکرد لە کوێ !

– ... نابێ ڕەحم بەژن و منداڵی خاینانیشدا بکرێ . تەنانەت بەمنداڵی شیرە خۆرەشیاندا ! ...

و ئەمساڵ کە بووبوو بە فەرمانداری سەربازخانەی فێرکاری لە کوێ .

– ... زەبت و ڕەبت شەرتە ! ... ئیدی بەهەر شێوەیەک مومکین بێ ... سوپا ئەگەر زاکونی وزەبت وڕەبتی نەبێ ، هیچی تریشی نییە !

قسەکانی تیمسار فەرماندەی سەربازگا ، شتێکی ترە .

– بەوپەڕی داخەوە ، کۆلۆنێل ئەفشار، یاریدەدەری سەربازگا و ملازم والە ، فەرماندەی فەوجی پیادەیان گرت .

لە ناکاوا ، شتێک لەناخما داڕوخا . سەرم بڵاچاندی و ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزین . چپەچپ و ورتە ورت . وەکو مۆرانە کەوتە گیانی هەموو سەربازخانەکە .

کۆلۆنێل ئەفشار ؟ ... قاقایەکەی لە گوێما زرینگایەوە . دەنگە خۆشەکەی لە ژێر تاقی هۆڵی شانۆدا شەپۆلی دەدا .

- ... کوڕینه ... ئەندامانی یەک خێزان دەبێ یەکدی بحوبێنن ...

باڵا بەرزەکەی لە سەر پەنجەکانی پێی بەرز دەبووەوە .

-... وەکو خەڵکی یەک گەڕەک کە دەبێ هەمووان پێکەوە برابن.

دەنگی کۆلۆنێل بەرز و نزمی تیابوو . جارێ بەرز دەبووەوە و جارێ نزم دەبووەوە .

- ... یان خەڵکی یەک شار ... یا ، یەک وڵات ... و ئەگەر باشتر بیربکەینەوە ، هەموو خەڵکی دنیا ...

و پاشان لە قاقای دەدا .

- ... هەموو خەڵکی دنیا ! ... یانی دەشێت ؟ ... بەڵێ ! ... دەشێت !

و دیسان پێکەنینەکەی لە ژێر ساپیتەی هۆڵی شانۆکەدا دەنگی دەدایەوە و لەپڕ قوت (دەبڕا) دەبوو و پاشی ...

کۆلۆنێل ئەفشار ، وانەی تاکتیکی دەگوتەوە .

دەنگی تیمسار ئەمینی فەرماندەی سەربازگا ، بەدەم بایەکەوە تا داوێنی زورگ و تەپەکان دەڕۆیی .

- ... من زات ناکەم کە بڵێم کۆلۆنێل ئەفشار یا ملازم واله ، خایەنن ...

دەنگی تیمسار لەرەیەکی نەرم و هێوری پێوەبوو .

- ... بەڵام بەم ناوە و بەم بیانوەوە گیراون و خەفەتی من ئەمەیە !

تیمسار قسەی خۆی کرد و چۆن هاتبوو ئاوا گەڕایەوە . ڕیزەکان بەتاڵ بوونەوە . ملازم ڕەزمی ، فەرماندەی فەوجی تۆپخانە کە دەبوایە بۆ ڕۆیشتنی تیمسار فەرمانی دابوایە ، حەپەسابوو و گێژو وێژ بووبوو ، بەچاوانی ئەبڵەقەوە دەیڕوانیە ڕیزەکان کە بڵاوەیان دەکرد و سەربازەکان دەستە دەستە لەدەوری یەکدی خڕدەبوونەوە و قسەیان دەکرد .

پێش ئەوەی بکەوینەڕێ بۆ ئوردو ، لێرە ولەوێ هەندێ قسانمان بەرگوێ کەوتبوو .

- بیستت ؟

- چی ؟

- ڕێکخراوی سوپایی ( کەشف ) بووە !

- ڕێکخراوی سوپایی ؟

- نەقیب ئەبول حەسەن گیراوە .

- دەڵێین زۆر شتی گوتووە .

- دەبوا بمردایە و هیچ نەڵێت !

- گوتوویەتی !

- یەک جانتا بەیان وبەڵگەنامەیان پێگرتووە .

مانگی شەهریوەر خەریک بوو تەواو دەبوو . کەش و هەوای شار ، بە ئاستەم فێنک بووبوو . هەوای بناری کۆسار سارد بوو . هێشتا گێژوویژ بووین و هێشتا دەستەدەستە لە دەوری یەکدی وەستابووین و قسەمان دەکرد کە دیسان شەیپوری ریزبەست لێیدا .

- ئەمجارە نۆرەی کێیە ؟

وێڕای هەموو فریاد و دەنگە دەنگ و هاتوچۆیەکان ، جۆرە بێدەنگییەک باڵی بەسەر مەیدانەکەدا کێشا . جۆرە هەڕ وگیڤێک لە مەیدانەکەدا شەپۆلی دەدا . دەتگوت هەوا قورس بووبوو . خەڵکانێک بەهەشتاو دەچوون و دەهاتن . کەسانێک لە چادرەکانی فەرماندەییەوە بەپەلە بەرەو خەوگاکان دەرۆیشتن ، لەخەوگاکانەوە بەرەو قەرەوڵخانەکان ولەوێوە بۆ چادرەکانی دژە زانیاری .

پرسیار ، سەرانسەری سەربازگەی مەیدانی پڕ کردبوو . کە ریز بەسترا ، چیوای بۆ خۆرئاوا نەمابوو . پەڵە هەورێکی سپی تاج ئاسا ، کێوی لەخۆ گرتبوو و دوا تیشکی هەتاو ، کە لە لوتکەی کێوەکە و پەڵە هەورە سپییەکەی دەدا ، دەتگوت ئاگرە .

- لە جێی خۆ !

جێ گۆڕکێم بە پەنجەکانی پێم کرد و سەرم قیت گرت . کۆلۆنێل جیهانی ، سەرۆکی فەرماندەیی سەربازگە ، بەسەر لاقە قەڵەو و کوڵەکانیدا خل دەبۆوە و لە سەمتی چادرەکانی فەرماندەییەوە ، بۆ مەیدانەکە دەهات . هەموو هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو . سەربازەکان لە پشتەوە چپەیان دەکرد

- یانی دەشێت ؟

- کە چی ؟

- کە تیمسار ئەمین ...

- تیمسارئەمین ؟! .. بەودەمە پیسەیەوە ؟!

- بەڵام ...

- بەو هەموو تاوانانەیەوە لە فەرمانداری سوپایی ؟

تێنەگەیشتم کە کۆلۆنێل ، سەرۆکی فەرمانده‌یی چی گوت . دەنگی رێک وەکو دەنگی خرچاشە بوو . بەشی سەرەوەی باڵای ، بەرزتربوو لە بەشی خوارەوەی ، بەرزی باڵای هەر مەترونیوێک دەبوو .

نیگام لە مەیدانەکەدا سەرگەردان بوو . چاوم لە ئاڵاکە بوو کە با، بایەکە پێچابوویەوە و بە دەوری دارەکەیدا لوولی خواردبوو و هەنووکە کۆتاییەکەی بەسەر بەرزایی دار بەیاخەکەوە دەشەکایەوە و شەپە شەپی دەکرد . چاوم لە ئاڵاکە گواستەوە و تەماشای کۆلۆنێل ( جیهانی ) م کرد . دەتگوت قسە دەکات . چەند کەسێک لە سەربازەکان ، لە ڕیزەکە دەرهاتبوون و لە ناو مەیدانەکە بەبێ نەزمی وەستابوون . دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو . هەنووکە پەڵە هەورە سپییەکە ، کەوەیی بووبوو . چاوم بە کازم و یەعقوب کەوت کە لەڕیز هاتبوونەدەرێ و دوا بە دوای یەک بەرەولای ئەو دەستە کوڕانە دەچوون کە لە ناوەندی مەیدانەکەدا لە دەوری یەک خڕ بووبوونەوە . گوێم لە نێوی خۆم بوو . تەمەشای دەوروبەری خۆم کرد . هەموو سەربازەکان سەریان وەرگێڕابوو و سەیریان دەکردم . نیگام لە نیگای فەرماندەکەمان هەڵەنگوت . دەتگوت جۆرە بەزەییەک لە نیگایدا هەبوو . دیسان گوێم لە ناوی خۆم بوو . لە ڕیزەکە وەدەرکەوتم . دوای من حەسەن بوو و پاشان عەتا بوو و دواتر کەمال .

دنیا تەواو تاریک بووبوو کە بانگیان کردم بۆناو چادری فەرماندەیی . سەرۆکی فەرماندەیی لە ژێر گلۆپێکی کزدا کە ڕوناکی لە مولیدە مەیدانیەکەوە وەردەگرت ، وەستابوو . سێبەرەکەی لە ژێر پایدا پان بووبووەوە . برۆکانی وێک هاتبوونەوە . لێوە سوور و ئەستوورەکانی نیشتبوونە سەر یەک . گۆنا قەڵەوەکانی دەبریقانەوە و غەبغەبە گۆشتنەکەی بێ جووڵە بوو . ملازم یەکەمێکی گەنج لە پشت مێزەکەوە ڕونیشتبوو . یەکەمجاربوو کە دەمبینی . قژە نەرمەکەی لە ناوەڕاستەوە جیاکردبووەوە . کڵاوەکەی لە سەر مێزەکە بوو . بەچاوە خڕە پیرۆزەیی ڕەنگەکەی تەمەشای کردم و ئەوسا ، زۆر بە هێوری ، لێوە تەڕ و تازەکانی لە سەریەک داخزین .

بەنەرم ونیانی گوتی :- ناوت ؟

ناوی خۆم پێگوت . دووبارە ، سەراپای بەنیگا دابێژتم و پرسی :

- تائێستا حەپس بوویت ؟

سەرم لەقاند . دەنگی بەرز بووەوە .

- بوویت ؟

- بووم .

تۆنی قسەکردنی گۆڕا . دەنگی کەمێک زبربوو .

- بۆ ماوەی چەن ؟

- دووساڵ !

ملازم یەکەمەکە ، قەڵەمەکەی ڕاگرت ، سەری هەڵبڕی و ڕاست ڕوانیە من . دەنگی کۆلۆنێل ( جیهانی ) م لە دواوەوە هاتە گوێ .

- لە کۆلێج پەیوەندیت دەگەڵ چ کەسانێکدا هەیە ؟

لەجێی خۆم جولام و سەرم وەرگێڕا و تەمەشای کۆلۆنێلم کرد و بەهێوری گوتم :- لەگەڵ چ کەسانێک ؟!

کۆلۆنێل ، سەری لەقاند . بەرغەبەبەی پڕ وبەتاڵ بووەوە .

- لەگەڵ چ کەسانێک ؟

- لەگەڵ هەمووان ، هەموو کوڕانی فەوجی تۆپخانە . لەگەڵ چەند دانەیەک لە فەوجەکانی دیکە ... لە گەڵ زۆر کەسدا .

کۆلۆنێل جولا ، سێبەرەکەی داخزی و لەژێر پێی دەرچوو و لەبەرپێیدا درێژ بووەوە . کۆلۆنێل ڕاست ڕوانیە چاوانم .

- پەیوەندی ئاسایی نە !

هیچ قسەیەکم نەکرد . ملازمەکە گوتی :

- ئەگەر هەموو شتێک بڵێی دەگەڕێیتەوە بۆ فەوج .

کۆلۆنێل گوتی :

- چەند ڕۆژێکی دی پلە وەردەگری و خزمەتی سوپایی بە باشی و خۆشی دەگوزەرێنی .

ملازم یەکەمەکە گوتی :- ئێمە هەموو شتێک دەزانین .

کۆلۆنێل گوتی :

- هەموو زانیارییەکمان لە دەزگای دژە زانیاری (دژە هەواڵگری) وەرگرتووە

ملازم یەکەمەکە گوتی :- لە ئاسایشی شارەکانیش !

و پاشان ، هەردووکیان بێدەنگ بوون ، سێبەرەکە ، دووبارە لە ژێر پێی کۆلۆنێلدا گۆڕا . نیگام بەسەر مێزەکەی ملازم یەکەمەکەدا دەگەڕا کە دووبارە دەنگی کۆلۆنێلم هاتە گوێ . وەکو خەڕەک جیرەجیرِی دەکرد .

- وەکو بنیادەم ئیعتراف بکە و ژیانی خۆت ڕزگار بکە دەنا بەدبەخت دەبیت

تیامابووم کە دەبێ چ بڵێم . ملازم یەکەمەکە قوونی قەڵەم ڕەساسەکەی دا بەسەر مێزەکەدا و گوتی :- لاڵ بووی ؟!

تەمەشام کرد . ملازم یەکەمەکە کەمێک سوور هەڵگەڕا و دەنگی لەرەیەکی تێکەوت :- دە قسە بکە .

بە ئارامی هەناسەیەکم هەڵکێشا و ، لێوەکانم نانە سەریەک . ملازم یەکەمەکە ، بەتەکانێک لە پشت مێزەکەوە هەستا و ڕوو بە ڕووم وەستا .

- کەواتە لێبڕاوی قسە نەکەی !

و بەسەر ئاماژەیەکی کرد ، کاتێکم بەخۆزانی ، دەگەڵ دوو سەربازی چەکدار بەرەو سەمتی چادرەکانی قەرەوڵخانەکە وەڕێکەوتم . شەو دنیا زۆر سارد بوو . بەهیچ جۆرێ خەو لە چاوم نەکەوت . بە چیچکانەوە دانیشتبووم و پەتووەکەم دابوو بەسەر شانمدا و لە درزی دەرکی چادرەکەوە کە نیـمچە کراوە بوو ، تەمەشای دەرەوەم دەکرد کە تاریک بوو و لە دوورەوە ، لە قەد پاڵی چیاکەوە ، لێرەو لەوێ چەند گڵۆپێکی کز دەسووتان . دوو خوێندکار (

قوتابی زانکۆ ) کە هەردووکیان لە فەوجی پیادە بوون ، لە بەرانبەر چادرەکەدا ئێشکیان دەگرت . خەیاڵی کۆلۆنێل ئەفشار و ملازم واله ڕەهای نەدەکردم . هەفتەی پێشوو کە لە سەربازگای عەباس ئابادەوە ، بەپێیان کەوتبووینەڕێ و بۆئەقدەسیە هاتبووین ، بەدرێژایی ڕێگا ، کۆلۆنێل ئەفشار و ملازم واله ، بە پێیان لە گەڵماندا هاتبوون . لە ژێر چەک و چۆڵ و قایش و قروش و زەمزەمی و بێڵ و قوڵینگدا ، دوو لۆ کۆمابوینەوە . هەناسەمان لەبەر بڕابوو و لە ئاو و ئارەقەدا هەڵکشابووین . کۆلۆنێل ئەفشار ، جار جارێ حیکایەتی بۆ دەکردین تا سەرگەرممان بکات . هەندێجار نوکتەی دەگوت و خۆی لە پێش هەمووماندا ، لەقاقایەکی پڕ جۆشی دەدا .

لەو ساتەوە کە تیمسار ئەمین ، گرتنی کۆلۆنێل ئەفشار و ملازم ( واله ) ی ڕاگەیاند تا خۆرئاوا کە دەگەڵ دەستەیەک لە خوێندکاراندا تەوقیف بووم ، جۆرەها دەنگۆ لە سەرانسەری سەربازخانەکەدا بڵاوبووبووەوە .

- بیستت ؟

- کاتێ کە کۆلۆنێل ئەفشاریان بۆ فەرمانداری سوپایی دەبرد ، لەڕێگا لە دەست پاسەوانەکان هەڵاتووە ...

بەڵام لە کوێرە کۆڵانێکی بنبەستدا ، لە چایخانەیەکدا کە ڕێگای هەڵاتنی نەبووە ، دووبارە گیراوە و پاسەوانەکان بە قۆناغە تفەنگ کەوتوونەتە گیانی و تا گەیاندوویانەتە فەرمانداریی سوپایی شل کوتی عەمریان کردووە و خڵتانی خوێنیان کردووە .

- هەموومان دەبێ برابین ... هەموو !

بیستبووم کە ژنەکەی پەلاماری پاسەوانەکانی داوە تا کۆلۆنێل ئەفشار دەرفەتی هەڵاتنی بۆ هەڵکەوێ .

- هەمووان ! ... هەموو خەڵکی دنیا !

بایەکی سارد ، لەدرزی دەرکە نیوەکراوەکەی چادرەکەوە دێتەژوورەوە . پەتۆکە پتر لە خۆمەوە دەپێچم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . خەیاڵی برادەرەکان دەست بەردارم نابێت . زیاتر لەبیری ( نوسرەت ) و دەنگە خۆش و نیگا دڵگیرەکەیم، گۆنا ساف و داتەکیو و چەناگە پانەکەی لەبەرچاوم بەرجەستە دەبن . ڕۆژانی هەوەڵی کۆلێژ بوو . ڕۆژی هەشتەم یا ڕۆژی نۆیەم بوو . باش لەیادم نییە . هێشتا لە غوربەت ڕەها نەبووبووم . هێشتا هۆگری هیچ کەسێک نەبووبووم . عەسر بوو . دوای ڕیز بەست بوو . کاتی ئیسراحەت بوو . لە قەراخ جۆگایەک دانیشتبووم و پشتم دابوو بەقەدی دارچنارێکی جەوانەوە کە نەرمە بایەک گەمەی بەلق وپۆ و گەڵاکانی دەکرد و کەمەرم دانەواندبوو کە ئیسراحەت بکات . سەرم قوت گرتبوو . نیگام دەگەڵ ئەو دووکەڵەدا کە لە زارکی دووکەڵکێشی ئاشخانەکەوە

دەهاتەدەرێ ، دەڕۆیی . ڕۆژی هەشتەم یا ڕۆژی نۆیەم بوو . دنیا گەرم بوو . جگەرەیەکم داگیرساندبوو و دووکەڵم دەکرد و ماندوویەتیم دەردەکرد .

هێشتا غەریبی بەری نەدابووم . خەیاڵ بردبوومیەوە ، چووبوومە ژێری کە لە ناکاوا دەنگی خۆش ئاوازی کەسێک لە گوێمدا زرینگایەوە .

– بیستم عەفو بووی . بەڵام سەرسەختیت کردوە و هاتووی بۆ سەربازی ، دروستە ؟!

دەنگەکە ، بەهەموو دڵگیری و ئارامیەکی خۆیەوە ڕام دەچڵەکێنێ . خۆم گردوکۆ دەکەمەوە و پشتم ڕاست دەکەمەوە و هەڵدەستم . دووچاوی دڵگیر، بەڕەنگی دەنکە قاوەی برژاو، لەژێر کاسکێتی عەسکەرییەوە تەمەشام دەکات چاوەکان ، دەتگوت پێدەکەنن . گۆناکانی ساف و شۆڕن . چەناگەی کەمێک پانە بەڵام زۆر نا . لێوەکانی ئەستوورن . ئارامە . من ، بێتاقەت بوومە ، شپرزەم . لەزەینی خۆدا بیر لە مەوعیدە نهینییەکە دەکەمەوە تا نەکەومە هەڵەوە . وەڵامەکە چنگ لە گەرووم گیردەکات تا بێتە دەرێ . یەکسەر غەریبی لە گیانم دەردەچێ ، یەکسەر غەریبییەکەم دەڕەوێتەوە . وەڵام دەدەمەوە .

– نا ! بۆنیزام وەزیفەیان ناردم !

– کەواتە وەکو هەمیشە ، حەقیقەت شتێکی دیکەیە ؟

لەرزینەکەی دەنگم دەسەکنێ ، بەڵام هێشتا بێ ئۆقرەم . دوا ڕستەی (وشەی نهێنیەکە) دەڵێم .

– هەمیشە دەبێ لە ڕای حەقیقەتدا زەحمەت بێتە کێشان .

بزەیەک دەکات و دەستی دێنێتە پێشێ :– نوسرەت .

دەستی دەگوشم ، سێ ڕۆژ دواتر ، شەوی شەممە کە هێشتا هەموو برادەران لە مەرەخەسی ڕۆژی هەینی نەگەڕابوونەوە ، هەرهەموو سەربازخانەکەمان پڕکرد لە بەیاننامەی ڕەنگاوڕەنگ و هەر یەکەی بەئەندازەی لەپی دەست ( کودەتاچیانی بیست و هەشتی مورداد بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، ڕەشترین دیکتاتۆریەتیان لە وڵاتی ئێمەدا جێگیرکردووە ) . بەیاننامە بەهەموو دارودیوارەکانەوە دەنەین ( سەربازان ، دەرەجەداران ، ئەفسەرانی ئابڕومەند ، دژی کودەتاچیان و ئاغا ئەمریکاییەکانیان ڕاپەڕین بەرپابکەن ) .

وهەر ئەم بەیاننامە بچکۆلانانە بوون کە ڕۆژی دواتر ، هاواری لە تیمسار ئەمین ، فەرماندەی کۆلێژ بەرزکردەوە ، ئەوەبوو دەمی کردەوە و هەرچییەک شایستەی خۆی بوو ، بەسەر ( خاینانی خۆفرۆش ) یدا باراند کە ( وەکو

شەمشەمەکوێرە ، شەوانە بەترس و لەرزەوە بەیاننامە بڵاودەکەنەوە) . بەم خەیاڵە خاو و پووچەی کە ( بنەماکانی سوپا بهەژێنن و بەمجۆرە خزمەت بە ئاغاکانی خۆیان بکەن ) .

یەکێک لە خوێندکارە ئێشکگرەکان ، لە درزی دەرگای چادرەکەوە سەردەکێشێت . گڵۆپێکی کز بە ساپیتەی چادرەکەوە هەڵواسراوە . بەدرێژایی شەوەکە نەخەوتم ، بە هیچ جۆرێ خەو نەچووە چاوم . بەرەبەری سپێدە کە گێژو وێژ بووبووم و چاوم خەریک بوو دەهاتنەوە یەک ، لە ناکاوا دەنگی شەیپوری بێدارباش بەرز بووەوە و لە کێوەکەدا دەنگی دایەوە .

قەرەوڵخانەکە لە سەر تەپەیەکی نزمی قەراخ چادرەکان بوو . لوتکەی شاخەکە لە تەم و مژی سپێدەی بەیاندا ، کەوەیی دەینواند . چادرەکان بەشەش ڕیز ، لە تەنیشت یەکەوە هەڵدرابوون و پاسەوانەکان لێرەولەوێ ، تفەنگ بەشان ، پیاسەیان دەکرد . کوڕەکان ، لە چادرەکان وەدەرکەوتن و بەرەو ئاشخانە وەڕێکەوتن تا چای وەربگرن و قاوەتوون و تێشت بخۆن . یەکێک لە کوڕەکانی فەوجی تۆپخانە چایی بۆ هێنام . چایەکی گەرم و خۆش بوو . جگەرەیەکم داگیرساند ، چەند مژێکم لێدا . خەریک بوو دڵم تێک هەڵدەهات . جگەرەکەم کوژاندەوە . دوای تۆزێک ئازام تەزی و نەمزانی کەی خەوم لێکەوت .

پێش نیوەڕۆ بوو کە لە دەنگەدەنگ خەبەرم بووەوە ، هێندە شەکەت وماندوو بووم کە تەنانەت تاقەتی ڕێکردنیشم نەبوو . لەو چادرەوە کە تیایدا زیندانی بووم تابارەگای فەرماندەیی هەر سی هەنگاوێک دەبوو .

کامیونێکی زەیتوونی لەبەر چادرەکەی فەرماندەییدا وەستابوو و دە سەربازی چەکدار بە برنەوی درێژەوە لە گەڵ نایب زابتێکی دەستەباڵای ناڤساڵی دەمانچە بەقەد وەستابوون .

سیازدە نەفەر بووین . کەمالیشمان لەگەڵدا بوو کە ژێراوژێر ڕوانیمانە یەکدی و لێومان گەست .

ڕادەستی نایب زابتەکەیان کردین . نایب زابتەکە ، چەلەنگ و چالاک بوو . کە ناوی هەریەکێکمان دەخوێندرایەوە ، بەخۆی دەهات و ژێر باڵی دەگرتین و دەیبردین بۆ نێو کامیونەکە . نایب زابتەکە لەیەکبینە قسەی دەکرد و دەستووری دەدا .

– ئاگاداربن کوڕینە . ئاگاداری ئەمانەبن . ئەمانە ناپاکی و خیانەتیان بە نیشتمان کردووە ، خیانەتیان بە خاوەن شکۆ کردووە ! کەسێک ڕەحم بە خۆیدا نەکات ، ڕەحم بە هیچ کەسێکی دیکە ناکات . ئەمانە خۆیان بە بێگانە فرۆشتووە ...

سمێڵە ماش و برنجییەکەی دەجولا و لەبن لێوە ڕەش و ددانە زەرد و درشتەکانییەوە ، لەیەکبینە قسەی دەردەپەڕاند .

– ... خیانەت لە دایکیانیش دەکەن ... گاز لە مەمکی دایکیانیش دەگرن . بێگانەن ... بێگانە پەرست ! ... خاین !

سەربازەکان ، حەپەسابوون . بەجۆرێ تەمەشایان دەکردین کە دەتگوت بەشەریان نەدیتبوو . میلیان هێنابووەوە ، تفەنگەکانیان سوارکردبوو و زامنیان کردبۆوە .

سەرکار نایب زابت ، دەهات و دەچوو ، بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و قسەی دەکرد .

– ئەهۆی سەرباز ! ... لەگەڵ تۆمە . لە لای ئەو قژ سوورەوە دانیشە .

پاش نیوەڕۆیەکی زووبوو کە کامیونەکە بە هێوری بەرەو شار کەوتەڕێ .

شەوێ هیچم نەخواردبوو . بەیانی یەک پەرداخ چای شیرینم خواردبوو و نیوەڕۆ هێشتا کاتی فراڤین نەهاتبوو کە بەڕێیان کردین . لێوەکانم وشک بوون . هێندەم جگەرە کێشابوو ، دەمم تاڵ بوو دەتگوت ژەهری مارە ، خیزەخیزی سینگم سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی . کەمال بەرانبەرم دانیشتبوو . کازم لەوسەری کامیونەکەبوو . کازم ، وەکو ژەنگە سووربوو ، قژی سووربوو ، ڕەنگی کەمێک زەرد بوو ، بە نینۆک ، زیپکەکانی ڕوخساری لێرەولەوێ هەڵکەندبوو و پەڵەی خوێن بەسەر گۆناکانیەوە ماسیابوو .

هەموو بێدەنگ بووین . تەنیا تەمەشای یەکترمان دەکرد و هەندێجار بزەیەکی – هەرچەند کاڵ – بەڵام تاڵ دەنیشێتە سەر لێوانمان .

دەنگی کردنەوەی دەرگا دێت ، چاو لە دەریاکە دەگوازمەوە . عەریف غانمە کە جگەرەی بۆم هێناوە .

– بۆچی چوویتەتە ژێری ؟

– بیر دەکەمەوە .

– گوێ مەدەیە ! ... جوابم بۆ عەلیش نارد کە چاوەڕوانت نەبێت .

پاکەتە جگەرەکەی لێوەر دەگرم . غانم دەڵێت :– ئێستا چایت بۆ دێنم .

لە کاتی داخستنی دەرگای ژوورەکەدا ، دەڵێت :– ئەمانەت بینی کە هاتن ؟

سەر دەلەقێنم

- موفەتیشەکان بوون .

- هەستم کرد .

ددانە زێڕەکانی عەریف غانم بەدیار دەکەون و دەڵێت :

- دەماری مێجەر عاسی دەردێنن !

بە سەرسامی دەپرسم :- مێجەر عاسی ؟!

- ئاخر واباوە کەنایب زابت خوشناو بەئەمری مێجەر ئەم کارەی کردووە .

- بە ڕاست ؟!

- بێتەلچیەکەش وا دەڵێت .

- لە دەستی دێ !

عەریف غانم ، بزەیەک دەکات و لە درزی تاکی دەرگاکەوە دەڵێ :

- لەمەش زیاتری لەدەست دێت !

جگەرەیەک دادەگیرسێنم و هەمدیس دەچمەبەر پەنجەرەکە و دەڕوانمە دەرێ . گۆڕی سەربازی شەهید ، لە ناوەندی مەیدان و حەسارەکەی بەرانبەر قەرەوڵخانەکەیە . هەفتەی پێشوو بوو کە کۆلۆنێل میهرەبان ، دەستووری بە خروشی دا کە تەڕاوی بکەن و ئێستا لەبەر تیشکی تووندی هەتاوی نیوەڕۆدا ، سپی دەچێتەوە . جەستە وجەندەکی شەش سەباز و عەریفێک ، لە قەبری سەربازی شەهیدا ، بەتەک یەکەوە ڕاکشاون . ئێستا ، ئێسقانەکانیشیان ڕزیووە و بووە بە خۆڵ . چەند ساڵێک لەمەپێش ، لە شەوێکی گەرمی هاویندا ، لە نیوەی شەودا ، قاچاخچیەکان لە ( بەندەر مەغویە ) دا ( بەندەر مەغویە : بەندەرێکی بچووکی ڕەخی کەنداوی فارسە لەبەری ڕۆژئاوای بەندەر لەنگەیە ) ، هەموویان بەرگوللە دەدەن و تا خەبەر دەگاتە فەرماندەی فەوج و تا لە بەندەر لەنگەوە ئوتومبیل دەنێرن کە بۆ خەستەخانەیان بەرێ ، هەموویان دەمرن . وێنەکانیان گەورە کردوونەتەوە و لە نووسینگەی سەربازگەدا هەڵیانواسی بوون . وێنەکەی عەریف بەجۆرێ چارەی بەیەکا داوە و پەستە لەتۆ وایە خەریکە جنێو بەکەسێک دەدات . برۆکانی وێکهاتوونەتەوەو سمێڵی شۆڕ بووەتەوە . سەری هەموو سەربازەکان وەکو کودی ساف و درێژە . مێجەر عاسی

هەرکاتێ کەیفی ساز بێ ، داوامان لێدەکات کە وەکو ( وەفادارییەک ) ژیانی ( ئەم شەهیدانەی ڕێگای نیشتمان ) لە شێوەی شانۆییدا بۆ سەربازان و خەڵکی شار نمایش بکەین ، تا ( دەرسی نیشتمان پەروەری ) فێر ببن !

– ئەمە هیچی ناوێ . بەخۆم یارمەتیت دەدەم تا شانۆنامەکە بنووسیت .

من کە لە کۆلیژی ئەفسەری بووم ، پتر لە سەد نمایشنامەم نووسی و دەرهێنا . ئەسڵەن نووسینی نمایشنامە وەکو ئاوخواردنە ... ئەدی ناوی شانۆنامەکە ؟ ...

دەکێشێت بە شانمدا و پێدەکەنێ ولە سەری دەڕوات .

– خەمت نەبێ ، خۆم ناوێکی باش دەدۆزمەوە .

ئەوسا ، لێوی دەکرۆژێ و چاوەکانی چکۆلە دەکاتەوە وبە کاوەخۆ – وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ – دەڵێت :– خوێنی شەهید دەجۆشێ ! ... چۆنە ؟

و تەمەشام دەکات .

– ... دەڵێی بەدڵت نییە ... وایە ؟ ... شەهیدانی لەنگە ... چۆنە ؟ ...

و خێرا لەسەری دەڕوات:– ... چۆنە ناوی بنەین ژیانەوەی شەهیدان ؟

دوای کەمێکی دی ، وەکو ئەوەی کێشەکەی چارەسەر کردبێت ، بە ئەسپایی دەڵێت :

– هیچ خەمت نەبێ . یارمەتیت دەدەم . هیچی ناوێ ... هیچ !

دەڕوانمە دەرێ . ئاڵا کاڵەوە بووەکەی سەر گۆڕی سەربازی شەهید ، بەلادا کەوتووە . ئاڵاکە بەهیچ جۆرێ ناجوڵێت . گۆڕەکە ، تۆزێک لەیەک مەتر بەرزترە . ڕیزی سەرەوەی گۆڕەکە بەخشت هەڵبەستراوە کە تەڕاو ، درزی بەینی خشتەکانی سپی کردووە .

گۆنام بەشیشەکانی پەنجەرەکەوە دەنەم . عەریف مرادی ، دەستەکانی ناوەتە کەلەکەی و لە سەر ئەسکەلەی گومرک ڕاوەستاوە . وادیارە دیسان ڕای سپاردووە کە لە دووبەیەوە کەل وپەلی بۆ بێنێن و ئێستا هاتووە کە لە گومرک دەربازی بکات . بەرپرسی گومرک ، نایب زابت کارگەرە . دەگەڵ هەمووان دەسازێت و بە هەرشێوەیەک بێ ڕێکدەکەوێ . بەڵام خوانەکا لەگەڵ کەسێکدا تێ بگیرێ و بچێت بەقینا ، ئیدی شمریش باری نابات .

هێشتا جگەرەکەم تەواو نەبووە کە گوێم لەدەنگی پێی موفەتیشەکان دەبێ کە لە نهۆمی سەرێرا دێنە خوارێ و لە دەرگای بینای سەربازگاکەوە دەچنەدەرێ و سواردەبن و دەڕۆن . وا وێنادەکەم دەچن بۆ خەوگای ئەفسەران تا ئیسراحەت بکەن .

کە موفەتیشەکان دەڕۆن ، مێجەرعاسی لە دووی وانەوە لە بینایەکە وەدەردەکەوێ، شپرزەو پەشێو دیارە . بلەز بەبەر شیشەکانی پەنجەرەی حەپسخانەکەدا تێدەپەڕێ و بەرەولای ئاشخانەکە دەڕوات . بیرۆیەکەی سەر گۆنای مێجەر عاسی ، زەرد دەچێتەوە . دەبێ وەزعی خراپ بێ . دوای چەند ساتێک ، لەپڕ هاواری خروشی بەرز دەبێتەوە . دەنگی مێجەر عاسی ، دەگەڵ دەنگی خروشیدا تێکەڵ دەبێت . مێجەر عاسی ، خەریکە مردوو و زیندووی خروشی دەداتەبەرێ . دێمە دواترەوەو گۆنای چەپم بە شێشەکانی پەنجەرەکەوە دەنم تا هەتەر و بوردی دیدم زیاتر بێت . لە ناکاوا خروشی ، لەسەر سەکۆکەی بەرانبەر ئاشخانەکەوە ، پەرت دەبێتە ناو حەوشەکەی بەردەم قەرەوڵخانەکە ومێجەر ، بەهەشتاو هێرشی بۆ دێنێ و دەیخاتە ژێر لەقە ...

- دایک قە ... خوێڕی ...

مێجەر ، بە لەقە خروشی دادەگرێتەوە و هاوار دەکات

- ئێستا مێجەر عاسی لە جیرەی سەربازەکان دەدزێ ؟

دەنگەکان تێکەڵ بوون . خروشی ، بەگورجی لە عاردی هەڵدەستێ و بەرەو گۆڕی شەهید دەڕوات . خروشی دەنگی بە ئاستەم دەردێ .

- هەڵەم کرد جەنابی مێجەر !

مێجەر ، بەرەولای ئەو تەکان دەدا :- دایک قە ... پ ... !

خروشی ، بە دەوری گۆڕەکەی سەربازی شەهیدا دەسوڕێتەوە .

- گوم خوارد جەنابی مێجەر !

مێجەر ، بەسەر گۆڕەکەدا باز دەدات . سمت و کەفەڵی مێجەر لە ئاڵا خوارەکە دەگیرێ . ئاڵاکە سەرنگون دەبێت . لەقەکەی مێجەر عاسی لەحەوادا ، بەر قەبرغەی خروشی دەکەوێت . خروشی بە ئەرزەکەدا خل دەبێتەوە . دەیەوێ هەستێتەوە کە تەوێڵی بەر هاچەی گۆڕی سەربازی شەهید دەکەوێت و خوێنی لێدێت . سەربازەکان لە ژێر ساباتی ئاشخانەکەدا جم وجوڵیان تێدەکەوێ . عەریف غانم ، دوورتر ، دەستەکانی ناوەتە پشتی و گۆشەی سمێڵی دەجوێ

. مێجەر عاسی ، وەکو ئەوەی جەواڵە ئارد بە تێلا بکوتێ ، قەبرغە ، پشت ، کەمەر و هەموو شوێنێکی خروشی ، بەشاپان دادەگرێتەوە .

- جەنابی مێجەر تۆ ناموست ، تۆ شەرەفت !

خوێن چاوی ڕاستی خروشی پڕ دەکات .

- قوزکەش ... گەواد ... ! ... تەمەشای منی ژن قە ... بکە ، کە بەزەییم بە سەربازدا دێتەوە !

عەریف غانم ، ورتەی لێوە نایەت . مێجەر عاسی ، کاتێ کە دەهری ببێت ، ڕەحم بەخۆشی ناکات . جنێو و سخێفی زۆریش بەژن و منداڵی خۆیشی دەدا . خروشی دەکوتێ و ماوەی نادات کە لە عاردی هەستێتەوە .

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە ، ئێستا مێجەر عاسی بووە بە دز ... وانا ؟ ... مێجەر عاسی جیرەی سەربازان دەخوات ؟ ... وانا ... نامەردی بێ غیرەتی دایک قە ... !

و ڕوودەکاتە عەریف غانم :- عەریف !

خروشی لە ئەرزەکەدا دەتلێتەوە و خۆی لەبەرشاپی مێجەر عاسی دوور دەخاتەوە . عەریف غانم ، پاژنەکانی بەیەکدا دەدات . مێجەر عاسی دەستەسڕێکی سپی لە بەڕکی دەردێنێ و ئارەقەی تەوێڵ و گۆنا و گەردنی دەسڕێ . نیوە نەفەس بووە .

- ئەم دایک حی ... حەپس بکە !

عەریف غانم دەڕواتە پێشەوە و ژێر باڵی خروشی دەگرێت و لە ئەرزەکەی هەڵدەستێنێ . هێشتا خروشی بەرەو قەرەوڵخانەکە نەکەوتبووە ڕێ کە شاپی مێجەر عاسی لە سەرکەفەڵی دەگیرسێتەوە . خروشی پەرت دەبێت و بەسەر ئەژنۆکانیا دەکەوێتە عاردی و لە سەر دەستەکانی خۆی دەگرێتەوە .

- بیخە ئەو ژوورەوە ، تا دایکی بۆ ئەزیەتبار بکەم !

مێجەر کەپووی دەگرێت و بەرەو ئاشخانەکە دەڕوات .

دەرگای حەپسخانەکە دەکرێتەوە . عەریف غانم ، دەستە سڕە یەزدیە گەورەکەی لە بەڕکی دەردێنێ و دەیدات بە خروشی تاخوێنی هەنیە وچاو و گۆناکانی بسڕێ و پاکبکاتەوە .

خروشی ، بەشەلەشەل دێتەژوورەوە . عەریف غانم لەبن لێوانەوەو بە ئەسپایی قسەدەکات .

– ئاخر نەگبەت تۆ گلاراوتە کە ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە دەکەیت ؟ ... پێت وایە پێی ناگاتەوە ؟!

خروشی ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . هەنسک هەڵدەدا . عەریف غانم هەمدیس قسەدەکات .

– مەگەر پێم نەگوتبووی ئەگەر وشترت بەبارەوە بینی بڵێ نەم دیوە !

دەنگی عەریف غانم ئارامە . هەق بەوە دەڵێی خەریکە جیرەی مانگانەی سەربازانی پاسگای ( چاە مسلم ) حیساب دەکات .

– چەند نەفەرن ؟

– حەوت نەفەر .

عەریف غانم ، بەقەڵەمی ڕەساس . لە سەر دیواری گەچینی عەمارەکە دەنووسێت . بۆ هەر یەکێکیان ، مانگی چوارکیلۆ و نیو برنج . لەسەر دیوارە گەچینەکە دەینووسێت دەست بە کەڕەت کردنی دەکات .

– عەرزی خزمەتتان بێ کە .. پێنج جاران حەوت ، بیست و حەوت .. ئەمە حەوتەکەی، بیست بە دەستەوە ... عەرزی بە حوزوری موبارەکتان بێ کە ... چوارجاران حەوتیش دەکات ... بە ... چوار کەڕەت حەوت ...

دەڕوانێتە ڕوخساری حەپەساوی سەربازەکە و بەنەرمی لە سەری دەڕوا .

– ... چوارجاران حەوت بیست و یەک .. ئەمەش دوو .. و ئەمەش یەک ... ئێستا بابۆ تۆی کوڕی باش کۆی بکەمەوە ...

خەتێک بەژێر ژمارەکاندا دەکێشێت و دەکەوێتە کۆکردنەوە .

– ئەم حەوت بە حەوتەش ... عەرزی با حوزوری نورانیت بێ کە یەک ... و .. دوو ... دەکاتە .. بە ... سێ . ئاغام کە تۆ بی ئەمەش .. سێ ... هەمووی دەبێتە .. عەرزی بە حوزوری نورانیت ... بەڵێ ... دەبێتە ، هەمووی بیست و یەک کیلۆ و نیو کە چونکە تۆ کوڕێکی باشی بیست و دوو کیلۆت دەدەمێ .

ئەوسا ، تەمەشای سەربازەکە دەکات و دەڵێت :– تەواوە ؟

سەربازەکە کە بەچاوانی ئەبڵەقەوە دەڕوانێتە ژمارەکانی سەر دیوارەکە و هیچ حاڵی نابێت ، سەرە تاشراوەکەی دەلەقێنێ و دەڵێت :

– ها سەرکار ، خۆت وەکیلی گەورەم !

عەریف غانم ، بە کۆتایی ناو لەپی ، نووسیەنکانی سەر گەچی دیوارەکە دەسڕێتەوە و بیست کیلۆ برنج ڕادەستی سەربازەکە دەکات و وەسڵی سی و دوو کیلۆ برنج وەردەگرێت .

دەنگی عەریف غانم ئارامە .

– جارێ بوەستە تا وەخۆ دێتەوە و هێور دەبێتەوە . بابڕۆم ( تەنترۆک )ت بۆ بێنم . لەوەیە ڕچای لێبکەم و بتبورێ .

لالغاوەی خروشی هەڵدڕاوە . هەنیەی شکاوە و خوێن بەسەر برۆکانیەوە وشک بووەتەوە . خروشی هەنسک هەڵدەدا و دەنگەکە لە ئەوکیدا دەگیرێ .

– هەوەڵجار بەمست کێشای بەدوڕ دەمما . ئەوجا ، تا هاتم فریای خۆم بکەوم ، سکم گڕی گرت . بێ ویژدانە بە شاپ پێیا کێشا .

سەراپای خروشی خۆڵاوی بووە . قەبرغەی دەبریسکێنێ . لە سووچێکی حەپسخانەکەدا دادەنیشێت . عەریف غانم دەرگاکە دادەخات . دەڵێی بیری دەچێت کە تەنترۆک و دیتۆڵ بێنێ . خروشی گریە و زاری دەکات .

– تۆ دەڵێی چ دایک قە .. پێی گوتووە ؟

– هەواڵدز زۆرە . خەڵکی بن ڕیشە و خۆڕەپێش خەریش فرەن .

– دەمویست لای موفەتیشەکان شکات بکەم .

– ئێستاش نەچووە بچێت .

خۆی گرد وکۆ دەکاتەوە و دەڵێت :– تۆبە! جارێکی دی، گوی وا بخۆم.

پەیڕەونامەی دیسیپلینی بۆ شرۆڤە دەکەم کە فەرماندە هەقی ئەوەی نییە لە سەرباز بدات و جنێوی پێبدات .

خروشی لەسەر بەڕەکە ڕادەکێشێت و دەڵێت :

– پەیڕەونامەی بێ پەیڕەو و یاسا وڕێسا ! ئەم تێهەڵدانە بۆ حەوت پشتم بەسە .

دیسان هەنیەم دەنەم بە کەتیبەی پەنجەرەکەوە و تەمەشای دەرەوە دەکەم . مەزەندەکەم دروست بوو . مرادی خەریکە دەگەڵ نایب زابت کارکەر دا قسەدەکات . پاشان دەچێتە ناو هۆڵەکەی گومرک و کارتۆنێکی گەورە دەخاتە بن باخەڵی و دێتە دەرەوە . مەمدو دێت بەسەرا . لە پشت موحەجەرە ئاسنینەکەی گومرکەوە دەوەستێ . قژی سەری مەمدو دەبریقێتەوە . وەکو هەمیشە ڕۆنی لە قژی داوە . لێوەکانی مەمدو ، گۆنا و چاوەکانی ، زیاتر لە هی کچۆڵان دەچن . سمت و کەفەڵی لە پانتۆڵێکی ڕەش دا جەڕیوە ، کراسە مۆرە ناسک و تەنکەکەی ، لە ئارەقەدا بە پشتیەوە نووساوە .

عەریف مرادی لە گومرکخانەکە وەدەردەکەوێ . مەمدۆ ، کارتۆنەکە لە دەست مرادی وەردەگرێت و دەکەوێتە ڕێ و لە هەتەری چاوم دەردەچێت .

نیوەڕۆیە . ئاسمان ساف و شینە . دەریا ئارامە . دەریاکە ئارامە ، بەدەم وردە پێڵ و شەپۆلانەوە بە ئاستەم سەوز دەنوێنێ .

عەریف غانم ، ئالاکەی سەرگۆڕی سەربازی شەهید ، لە شوێنەکەی خۆی دادەنێتەوە .

سێ شەو ورۆژ تەوقیفم بۆ بڕاوەتەوە ، هەرچۆنێ بووە دەبێ بیگوزەرێنم . جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە . ئەگەر تەوقیف نەبام دەبوایە بچم بۆ دوکانەکەی گەیلان و تەمەشای کۆنە گۆڤاران بکەم و قسەی دەگەڵ بکەم و دوو پێاڵە چای بخۆمەوە ، یان بڕۆم بۆلای عەلی دادی و یارمەتی بدەم ، یان بڕۆم بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی و نێرگەلە بکێشم و یان بڕۆم بۆ پۆستەخانە ، بۆلای محەمەد نوور کە بزانم نامەم بۆ هاتووە یا نا .

– دەزانی ؟ ... پۆستەچییەکە ، تاو لەرزی لێهاتووە و لەبەندەر خمیر ، لای داوە ...

محەمەد نوور هەم سەرۆکی پۆستەخانەیە وهەم یاریدەدەری پۆستەخانە و هەم فەرمانبەر و هەم فەڕاشە . محەمەد نوور ، سەعات سازیش دەکات . لەسەر ئەو فەرشە کۆنە تاڵکێشەی کە لەبەر مێزە لاق کورتەکەدا ڕاخراوە دادەنیشێت و پاڵ بەپشتییەکەوە دەدات و کارەکەی دەکات . لە تەنیشت مێزە لاق کورتەکەیەوە سەندوقێکی دەرگا شووشەیی دانراوە لەگەڵ چەند سەعاتێکی هەڵوەشاوە و چەند عەینەکێکی جۆراوجۆردا . لە عەینەکی دەسک کانزاییەوە بیگرە تاچوارچێوە پلاستیکی و ، هەتاوی و زەڕەبینی . لە سووچی مێزەکەیدا گیرەیەکی بچووک هەیە لەگەڵ دوو — سێ بڕبەنگی سێ سووچ و تەخت و بازنەییدا . هەمیشە نێرگەلەکەی و کاسە تەماکۆ خوساوەکەی و ئاگرگەردانەکەی لە بەردەستیدایە . هەرکاتێ حەوسەڵەی سازکردنی نێرگەلەی نەبێت ، تەماکۆ و ئەردەک (جۆرە قسلێکە) دەجووێ .

- دەزانی ... تەماکۆ لەزەت و نەشەی زۆر لە نێرگەلە زیاترە ... بەڵام خراپییەکەی لەوەدایە کە ددان خراپ دەکات .

ئاوی تەماکۆیەکە دەتفێنێتەوە . بنی دیوارەکە ، لێرەو لەوێ، لە ئاوی تەماکۆدا زەرد دەچێتەوە .

محەمەد نوور ، تەماکۆکە لەبێخی ددانیا دەگێڕێت و قسەدەکات .

- هەرجارنەجارێ ، وای لێدێت ... پۆستەبەرەکە دەڵێم . نۆرە تای لەگەڵە .

نامەی یەک مانگ لە سەریەک کەڵەکە بووە .

- تەمەشا بکە ... ئێرە دەڵێم .

ئاماژە بۆ کۆمەڵە نامەکان دەکات کە لەناو تاقی قەد دیوارەکە ، بەسەریەکدا کەڵەکە بوون . قۆریە بەقەید چاک کراوەکە لە سەر تەباخەکە هەڵدەگرێت و بەدەم چا تێکردنەوە قسان دەکات . باسی حەقانییەتی سوننەگەرایی و هۆشمەندی عومەر دەکات .

- ئەگەر لە دوای محەمەدەوە ، دروودی خوای لێبێ ، ئەبوبەکر و عومەر وعەلی لە سەرەتا وسەدری ئیسلام دەربێنی ، ئیدی چی لە ئیسلامی محەمەد دەمێنێتەوە ؟

بایەکە ، لە نێو باگیرەکەدا لوول دەخوات و خۆی بە ناو پۆستەخانەکەدا دەکات . ئەگەر حەوسەڵەم هەبێ ، محەمەد نوور ، بەدرێژایی ڕۆژەکە قسەم بۆدەکات و هەموو واریقات و سەربهووردی هێرشی عەرەبانم ، بۆسەر ئێران کە زیاتری زادە و ئاوێتەی خەیاڵە ، بۆ دەگێڕێتەوە .

دوو ددانی پێشەوەی محەمەد نوور کەوتووە . ڕدێنی ماش و برنجیە . ڕەنگی ڕەشتاڵەیە . سەری سفر دەکات . چرچ ولۆچی هەنیەی تێکەڵ بەچرچ ولۆچی ژێر چاوان و گۆنا و گەردنی بوون . گەردنی وشک و کورتە .

عەلی دێت . یەخەی بلوزەکەی کردووەتەوە و کڵاوە قوماشەکەی لەناو دەستیا گرمۆڵە کردووە . لە دوور دەوەستێ تابتوانێ بمبینێ . لە ئەرزەکەوە تا بنی پەنجەرەکە دوومەتر زیاترە .

- دیسان مێجەر لێی هەڵپێچاوی ؟

- بێکارە .

چەند جنێو وسخێفێکی مزر حەواڵەی مێجەر عاسی دەکات و پاشان ، پێدەکەنێ . ددانە درشتەکانی بەدیاردەکەون .

- هیچت ناوێ ؟

- نە ! ... جگەرەم هەیە . ئەم دوو — سێ ڕۆژەش عارەق ناخۆمەوە .

دەڵێت :

- گوێ مەدەیە . خەمت نەبێ ، عەریف غانم یا نایب زابت جیهانگیر ڕادەسپێرم ، لەزەمزەمیدا بۆت بێنن .

دیسانەوە ، خەندە ، پانتایی ڕوخساری دادەگرێت و چاوانی دەدرەوشێنەوە و نازانم بۆچی ، بۆساتێکی ڕەوتەنی و گوزەرا ، نیگای شەیتان و حاڵەتی چاوانی پرشنگدار و پڕگومانی شەریفە لەزەینم زیندوو دەبێتەوە .

عەلی بەسەری ئەنگوست ئارەقەکەی سەر هەنیەی دەسڕێت و دەڕوات .

- هەر بیریشی لێ مەکەرەوە !

بیر لە شەریفە دەکەمەوە کە چۆن پولی پێوە نابووم و تەریقی کردبوومەوە .

نازانم چۆن لە ناکاوا یادی یەکێک لە شەوانی ڕابردووم بیرکەوتەوە . دوو — سێ مانگێک بوو کە هاتبووم بۆ لەنگە و ئاشنایەتیم دەگەڵ عەلیدا پەیداکردبوو . پێکەوە چووبووینە پشتە . تێر وپڕ عارەقمان خواردبووەوە . عەلی ، وەکو هەندێکجار کە خولیای دەکەوتەسەر ، کەوتبووە سەر قسان . هەردووکمان مەست بووین . خەریک بوو لە شێوە خاکییەکەی ( پشتە ) وە نشێو دەبووینەوە . شەو لە نیوە تێپەڕی بوو . لە ناو قەدی شیوەکەی پشتەدا ، عەلی لە ناکاوا وەستا و تا هاتم خۆم بگرمەوە ، چەند هەنگاوێک پێشی کەوتبووم .

- بۆ وەستایت ؟

گوتی :- وەرە ، با کەمێک لەسەر ئەم ئەرزە فێنکە ڕاکشێین .

هەرکە قسەکەی کرد ، یەکسەر لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا . گەڕامەوە و لەلایەوە دانیشتم . هەیڤەشەو بوو . تریفەی مانگەکە ، لەو شەرجیەدا ، دەتگوت تەڕوفێنک بوو ، دەستەکانی نابوونە ژێر سەری . برژانگەکانی چووبوون بەیەکدا . ئەو نەرمەبایەی کە دەهات ئارەقەی سەر هەنیەی وشک دەکردەوە . وەک بڵێی چیرۆکێکی بۆ گێڕابمەوە و ئێستا نۆرەی پاشماوەکەی بێت ، بە ئەسپایی گوتی :

- ... هەردووکمان هەشت ساڵان بووین ...

گوێم بۆ قسەکانی گرت . دەتگوت دەیەوێ خۆی لە دەست غەمێکی قورس ڕەها بکات .

- ... هەردووکمان زۆر منداڵ بووین ... بەڕێکەوت ئەویش ناوی عەلی بوو ... یانی کە ( ئەحمەد عەلی ) ...

دەمویست بپرسم کەباسی کێ دەکات ، بەڵام تاقەتم نەبوو ، یا هەمبوو و لێبڕابووم بێدەنگ بم تا دڵی خۆی خاڵی بکاتەوە .

لە تەنیشتیەوە ڕاکشام . دەنگی خۆش بوو . کەرخ بوو . دەچووە دڵەوە .

- ... ناوی ئەحمەد عەلی بوو . خۆشکەکەی شازدە ساڵان بوو . ناوی عالیە بوو ... دەزانی ؟ ... زۆر خراپ بوو .

عەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :- کوا جگەرەیەکم بدەیە .

دانیشتم و لەگیرفانی بلوزەکەم پاکەتێک جگەرەی شنۆم دەرهێنا کە گرمۆڵە بووبوو . جگەرەیەکم داگیرساند و دامە دەستی ، گوتی :

- ... لە ناکاوا ، لە هەموو شوێنێک دەنگ بڵاو بووەوە کە عالیە هەڵاتووە !

تەمەشای کردم .

- ئەگەر تۆبای چیت دەکرد ؟

هێندە ، ئارام ، سەنگین و پڕ دەرد و ئازار قسەی دەکرد کە دەتگوت خوێنی دڵی ئاوێتەی قسەکانی بووە .

- دەیانگوت سواری کامیون بووە و ڕۆییوە بۆ ئەردەکان ، بۆ یەزد .. چوزانم ؟ ... هەندێک دەیانگوت ڕۆییوە بۆ کرمان .

جگەرەکەم دایە و ڕاکشام . بێئەوەی مژ لە جگەرەکەی بدات ، هەمدیس کەوتە قسان .

- هەموو دیتبوویان ! ... هەموو ! ... تەق تەق تەق ! ... کێیە ؟ ... موسا پاکار ! ( پاکار : شاگرد ، کار گوزار ) . تۆش دیوتە ؟

خۆم دیومە لەسەر جادەکەبوو . هەوەڵجار نەمناسییەوە . خۆی دەشاردەوە ... ئەی تۆ چیت دیوە ؟ ... ڕەحمەتی بەقاڵ !

ئەویش دیتویەتی . لە سەرباری کامیونەکە . لە لای شوفێرەکەوە . لە سەر پردەکە . خۆی لە چارشێوێکی چیتی شینی گوڵدارەوە پێچابوو ... هەمووان دیتبوویان ! عەباس گەداش بینی بووی بە لەچکێکی سپی گوڵ زیرەییەوە !

دەگەڵ شاگرد شوفێرەکەدا بوو . ڕەجەب حەماڵیش دیتبووی ! ... دەگەڵ شوفێرەکەدا قسەی دەکرد و پێدەکەنی ... کەواتە بڵێ ! ... بڵێ بۆچی ڕووی داپۆشی بوو ! هەڵات ؟ ... عالیە هەڵات ؟ ... ئێستا دێتەوە یادم ! چارشێوە سوورە گوڵدارەکەی لە دووی دەخشا و بە دووی تاکسیەکدا غاری دەدا .. تاکسی ؟ ... نە ! ... جیبێکی سوپایی ! ... جیبی سوپایی ؟ ... نە ! ... ئوتومبێلێکی دووکەڵ پڕژێن ! ... چوو بۆ یەزد ، چوو بۆ کرمان ...

قسەکانی تێکەڵ و پێکەڵ بوو . دەتگوت سەرەداوەکەی لە دەست دەرچووبوو . حەزیدەکرد ، هەموو ئەو قسە جۆراوجۆرانەی کە لە خەڵکی بیستبوون ، بیگێڕێتەوە ... حەزیدەکرد هەرچی قسەیەکی پێیە بەکەڕەتێ بیگێڕێتەوە ...

- ... پاشان ، بابی ، توێشە بەرەکەی لە پشت بەست و ڕۆیی تا کچەکەی بدۆزێتەوە . توێشە بەرەی سەفەری بەست و دوای قسەی خەڵکی کەوت ، ڕۆیی بۆ عەقدا . ڕۆیی بۆ ئەردەکان . نازانم ، یەزد ، مهریز ... سواری ئوتومبیلێکی بارهەڵگر بوو و ڕۆیی بۆ کرمان .

مژی لە جگەرەکە دا . جگەرەی شنۆ بوو ، لەبەر شێی بای شەرجیدا کوژابووەوە . گلەیی نەکرد . بەجگەرە کوژاوەکەوە دەستی خستەسەر ئەرزەکە و گوتی :

- بەڵام ... دوای چەند ڕۆژێک ، دەست لە گونان شۆڕتر گەڕایەوە ... بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە ... و ئیدی قەت پێکەنین نەکەوتە سەر لێوی . هەمیشە سەری شۆڕ بوو . دیسان جگەرە کوژاوەکەی لە لێوی نزیک کردەوە :- کوا ئەو شقارتەیەم بدەیە .

دانیشتم ، دەنکە شقارتەیەکم لێدا و جگەرەکەم بۆ داگیرساند . مەستی مەست بوو . دانیشت . بەقوونەوە دانیشت ، خۆی بە سەمتی ڕاستدا کێشا و پاڵی بە بەردێکی گەورەوە دا کە لە ئەرزەکە چەقی بوو . مژی لە جگەرەکە دا . پێدەچوو دڵی بەوەوەبێ قسەبکات . حەزیدەکرد کەسێک گوێ لە قسەکانی بگرێت . چاوئەندازمان شار بوو کە بە باگیرە بەرزەکانیەوە لە ناو هەیڤە شەوە نمسارەکەدا گیرسابووەوە و تاک وتەرا چرا و گڵۆپی کز لە نێو شێ و نمی بای شەرجیەوە بەزەحمەت دەبینران .

- هەردووکمان هەشت ساڵان بووین ... ئەحمەد عەلی دەڵێم ... برایەکەی عالیە دەڵێم .

یەکەمجاربوو کەباسی ئەحمەد عەلی و عالیەی دەکرد . لەم دوو — سێ مانگەی کە بوری بوو ، تاقەجارێکیش باسی نەکردبوون . تەنانەت ئاماژەیەکیشی بۆ نەکردبوون . مژی لەجگەرەکە دا . لاقێکی قانگڵە کرد و سەری نا بەبەردەکەوە .

- ... ڕۆژێک گوتی عەلی ، گوتم چییە ئەحمەد عەلی ؟ گوتی من زۆر چاک دەزانم کە بابم خەجاڵەت دەکێشێت ، خۆی بە شەرمەزار و تەریق دەزانێ . چاک دەزانم چ دەرد و ئازارێکی هەیە ، کوێی دێشێت . شەوان ناخەوێت . تا بەیانی گینگڵ دەدا و سەبیل دەکێشێت ...

دیسان ، وەکو ئەوە بوو بیری چووبێ کە ناوی ئەحمەد عەلی هێناوە ، بۆ ساتێک بێدەنگ بوو و تەمەشای کردم و بەدەنگێکی گیراو گوتی :

- حاڵی هەی ؟ ... ئەحمەد عەلی دەڵێم ... تێدەگەی ؟ ... لەوساوە کە عالیە دیار نەمابوو ، غەیب بووبوو ، لەگوندەوە ڕۆیی بوو بۆ عەقدا وسواری ئوتومبیل بووبوو ...

هەناسەیەکی هەڵکێشا ، جگەرەکەی کە گەیی بووە نیوە ، لە ئەرزەکەدا کوژاندەوە . هەوڵیدەدا چاوەکانی دانەخرێن ، بەڵام برژانگەکانی دەچوونە سەر یەک .

دەنگی عەلی خەواڵوو بوو .

- ... ڕۆژێک کە خەریک بوو بەبەر سێبەری حەساری گڵینی کوچە باخێکدا دەچووین بۆدەشت تا تێشت و خواردن بۆ باوکەکانمان ببەین ، دیسان ئەحمەد عەلی گوتی: عەلی . گوتم: چییە ئەحمەد عەلی ؟ ... گوتی: کە گەورەبووم ، دەیدۆزمەوە و دەیکوژم ...

عەلی ، کە ئەمەی گوت ، لە پڕ هەستا . کڵاوە قوماشەکەی لە چنگیا لوول دا و تەمەشای دووری کرد و گوتی :

- ڕۆژێک هەمان ئەو قسانەی بەباوکی گوت . چاوانی بابی کە خێل و قیچ بوو ، پرشنگیان دا . بۆ ساتێک سەری بەرزگرت . لێوە ئەستوور و قەڵەشاوەکانی لەرزین . ڕدێنە ماش و برنجیەکەی تەڕ بوو ... لە ڕوندکدا تەڕبوو ... پاشان دووبارە سەری داخست و پاشان ... نەمزانی ... یانی بیرم نایەت کە چۆن لە ناکاوا دیار نەما ، غەیب بوو !

هەستام و لە لایەوە وەستام . نیگای بڕیە نیگام .

- دەزانی ؟ ... ئەحمەد عەلی و دایکی بەجێهێشت و ڕۆیی ! ... کەوتەڕێ .

- ... یانی ژن و منداڵەکەی ڕەها کرد وڕۆیی .

بە شیوە ڕک و لێژەکەی پشتەدا داگەڕا . دووی کەوتم . دەتگوت گیانی سووک بووبوو . گازم کرد . وەستا .

- بۆچی وا خێرا دەڕۆیی ؟

بزەیەکی کرد . عەینی هەمان ئەو بزەیەی کە تۆزێ پێشتر کردبووی .

عەریف غانم ، دەرگای گرتووخانەکە دەکاتەوە و دوو بادیە پڵاو نیسکی بەخورما ، دەخزێنێتە ژوورەوە و لە درزی تاکی دەرگا نیمچە وازەکەوە بزەیەک دەکات و دەڵێت :- وەزعت باشە ؟!

پاشان ، چاوی بە خروشی دەکەوێت کە لە سێ سووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە و خوێنی وشکەوە بوو نیشتووەتە سەر ئێرەوئەوێی ڕوخساری .

- عەجەب یادگە و هۆشێکم هەیە بابە ... هەر لەبیرم نەبوو تەنترۆک و دیتۆڵ بێنم ... چما ئەم موفەتیشانە هۆش و حەواس لەلای بەشەر دێڵن ؟

بادیەکان وەردەگرم . عەریف غانم دەڕوات . برسیم نییە . خروشی لچ لە خواردنەکە نادات . دەڵێی حوکمی ئیعدامیان داوە . ورتە ناکات . هەرکە لە گریە وزاری و ئاە وناڵەکانی هەوەڵ بووەوە ، ئیدی زاری چووە کلیلە و ورتەی لە خۆبڕی . لەوەیە بترسێت کەمنیش سیخوڕی بەسەرەوە بکەم .

- مەگەر منی دایک مردوو چیم گوتبوو کە مێجەر ئەم بەڵایەی بەسەرم هێنا ؟ ... خۆمن هیچم نەگوتبوو . تەنیا بیستبووم کە هەینی ڕابردوو جەنابی مێجەر ، دە کارتۆن قەندی بیست کیلۆیی بەگەیلان فرۆشتووە ... ئاخر ، ئەمە کوێی گوناح و خەتایە ؟ ... چما بیستن تاوانە ؟ ... ها ؟ یا مەگەر بەکەسم گوتبوو کە بەخۆم شەش تەنەکە ڕۆنم بۆ بردووەتەماڵەوە ؟ ... نا ! هەر خۆمانین ... من شتی وام گوتبوو ؟ .. و چما نرخی شەش تەنەکە ڕۆنی هەژدە کیلۆیی چەندە ؟ ... ها ؟ ... چەندە ؟! ...

لەدەست خروشی بێزاربووم . هێندەم تەمەشای دەریا کردووە چاوم سپی بووە .

بە ئەسپایی ، بە نووکە پێ دەژەنم بە خالیگەی خروشی دا و پێی دەڵێم :

- هەستە بابە ... هەستە با قسەبکەین ... هەستە بەلای کەمەوە ئەو خوێنەی سەروچاوت خاوێن بکەوە .

بەسەر دەستیا تل دەدات ... ڕوو دەکاتە دیوارەکە و لاقەکانی لە ژێر سکیا قانگڵە دەکات .

دادەنیشم و پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و لاق ڕادەکێشم . بێدەنگی و گەرما پەرێشانم دەکات . چاوەکانم دەنمە سەریەک . دەنگی ئارامی دەریا ، دەنگ و گیزەگیزی مێش و مەگەزان و دەنگی شەکەت و نیوەگیانی نیوەڕۆی گەرمی بەندەر لەنگە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە .

کاتێ بێدار دەبمەوە ، خۆرئاوایە ... سەربازگاکە چۆڵە . یەکێک لە سەربازەکان ، تفەنگ بەشان لەکەنار ئەسکەلەکەدا پیاسە و ڕاوێچکە دەکات . نەرمەبایەک ، ئالأی کاڵەوەبووی سەر گۆڕی شەهید دەشەکێنێتەوە . خۆر خەریکە دەنیشێتە سەر دەریا . خروشی گاز دەکەن . بەبێ مەیلی و بێ حاڵی هەڵدەستێت . خۆڵ و تۆزی سەر جلەکانی دەتەکێنێ و دەپرتێنێ و لە گرتووخانەکە وەدەردەکەوێ . کەگڵۆپەکە هەڵدەکەم نایب زابت مالیک دێنن . خەبەری داوە کە نایب زابت خوشناو ، سەرۆکی پاسگای بەندەر چارک دەگەڵ حاجی روستا و شێخ برایم ( چاە مسلمی ) سەودا و مامەڵە و کەین و بەینی کردووە . خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت . پاسەوانێکی چەکداریش لە هەنبەر دەرگای گرتووخانەکە دادەنەن . تا ئێستا باو نەبووە کە پاسەوانی چەکدار لە بەردەم گرتووخانەکەدا ئێشک بگرێت . ژوورێکی نزم بەیەک پەنجەرەی ڕوو لە دەریاوە . درێژییەکەی سێ — چوار هەنگاو و پانییەکەی دوو — سێ هەنگاوە ، تایبەتە بە گیراوانی دیسیپلینی .

– عەریف غانم !

غانم ، پاژنەکانی بەیەکدا دەدات .

– جەنابی مێجەر !

– تەوقیفی بکە .

– ئەمر دەکەی !

عەریف غانم . سەربازەکە هەڵدەداتە ناو گرتووخانەکە و دەرگاکە دادەخات و سوورگی دەدات .

دەنگی مێجەر ، لە قووڵایی گەرووییەوە بەرزدەبێتەوە .

– بێ سەروبەر ... بۆچی قەیتانی پۆستاڵەکەت گرێی تێکەوتووە .

– جەنابی مێجەر دەیگۆڕم .

– عەریف غانم !

غانم پاژنەکانی بەیەکدا دەدات .

– بەڵێ جەنابی مێجەر .

– بیخە ژوورەوە !

– ئەمردەکەی جەنابی مێجەر !

ئێستا پاسەوانەکە خەریکە بە بەر ژوورەکەدا پیاسە دەکات .

کاری نایب زابت مالیک دەبێ لە تەوقیفی دیسیپلینی تێپەڕی بێ . خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت . لەبن لێوانەوە دەبۆڵێنێ و جنێو بە زەمین و زەمان دەدات .

– هەزار تۆپ قوماشی ئاورێشمی فەرەنگی زیاتر بوو ... خۆم دیتم ... هەزار جووت کاڵە ... عەتر ... سابوون .... چا ... خۆم یارمەتیم دا ... بێ ناموسانە ! ... بێ شەرەفانە ! ...

– مالیک ئەوە جوێن بە کێ دەدەیت ؟

نایب زابت مالیک لە پڕ گڕدەگرێت . قژەخاوەکەی بەسەر هەنیەیدا بڵاودەبێتەوە .

– پێی دەڵێم جەنابی کۆلۆنێل منیش دزم ! منیش شەریکی تاوانم ! من و نایب زابت خوشناو و مێجەر عاسی ! ... هەرسێکمان دزین ! ...

چاو دەبڕێتە ڕوخسارم و دەڵێت دەزانی تۆمەت هەڵبەستن چ سزایەکی هەیە ؟

خەبەری داوە کە نایب زابت خوشناو ، سەرۆکی پاسگای بەندەر چارک دەگەڵ حاجی ڕوستا و شێخ برایم چاە مسلمی دەستی تێکەڵ کردووە و بەڕۆژی ڕووناک دوو بەلەمی گەورەیان داگرتووە . نایب زابت مالیک دەزانێت کە مێجەر عاسیش دەستی لەم کارەدا هەیە .

– خۆم لەوێ بووم ! ... خۆم دیتم ! ... کاتێ کە لە قەراخ گۆلاوەکەی بەندەر چارک ، سەفتەی سەد تمەنی وەرگرت ، و ئێمە ئێشکمان دەگرت کە نەبادا کەسێک بێت بە سەردا ... مالیک بە توندی دەستەکانی دەدات بەیەکدا .

– ئەی نامەردینە ! ... هەی ناپیاوینە ! ...

نایب زابت مالیک ، دەبۆڵێنێ و جنێو دەدات .

– بەلەنگاز خۆتان سەربازانی قوون پەتی بەندەر چارک ! ...

بەڕۆژی ڕووناک ، وشترەکانیان بەقەراخ دەریادا تا بناری کێوەکانی باکووری لەنگە بردووە و پاشان بە وڵاخە ڕێدا چوون بۆ ( بستک ) و ...

– له بستکەوە بۆ لار ڕێگایەکی کەمە ... ئەی بێ ناموسانە ! ... شەش باری وشتر جۆرەها چای شکستە ، سەرەبێزە ، باروتی ، دار جلینگ .

خۆرئاوای ڕۆژی دوایی ، سەربازەکان ، تینوو و برسی و گەرمازەدە گەڕانەوە .

– ... گەرما پشتی هەموو سەربازەکانی سوور کردبووەوە ... دە فرسەخ زیاتر ، دەگەڵ وشترەکاندا ڕۆیی بوون تا نەبادا کەسێک ڕێیان پێبگرێت ... بەچەکی دەوڵەت ! .. بە تفەنگی دەوڵەتەوە ! ... ئەی بێ شەرەفینە ! ...

خۆم لە قسەکەی نایب زابت مالیک هەڵدەقورتێنم .

– باشە کەس هیچی نەگوت ؟

دەهری دەبێت .

– ئاخ گونم ... ئەوە نین ! ... لە ترسی قنینان ... یان حاشا دەکەن ! ... تەنیا منی کەودەن بووم کە تەلەگرافم بۆ تیپی جەهروم کرد . منی نامەرد بووم کە لە تەلەگرافێکی سێ لاپەڕەیی دوور و درێژدا ، مەسەلەکەم لە سیری تاپیازی بە فەرماندەیی تیپی جەهروم ڕاگەیاند ... منی بێ کەس وکار ! ... ئەمەش ئەنجامەکەی ... هەنووکە هەموویان حاشایان کردووە ... هەموو شەرواڵەکانیان زەرد کردووە ! ... گویان بەخۆدا کردووە ! ...

قوڕگی نایب زابت مالیک وشک بووە ... ژێر چاوی ڕاستی دەفرێ و دەستەکانی بەیەکدا دەماڵێت ... موفەتیشەکان پرسیار پێچیان کردووە . پاشان ، سەربازەکانی پاسگای بەندەر ( چارک ) یان هێناوەتە گیروگاز ، کە هیچیان نەگوتووە و بەدەستەوە نەداوە . نایب زابت مالیک ئۆقرەی نییە . خۆی لە سەر پێیان ناگرێت .

– دەڵێم جەنابی کۆلۆنێل قەستەم بە کەتافیە و نەجمەکانت ، سوێند بەشەرەفی سوپاییم کە من دزم ! من و جەنابی مێجەر و نایب زابت خوشنام هەرسێکمان دزین ! ... دەمم لێدەکاتەوە و دەڵێت قسەی بێ سەروبەر و نابەجا مەکە مێردەکی بێ غیرەت !

موفەتیشەکان بە تەواوەتی چاوترسێنیان کردووە .

– دادگاییت دەکەم تافێر ببی ئابڕووی ئەفسەرێکی زەحمەتکێش لەکەدار نەکەیت !

نایب زابت مالیک ، لە پیاسەکردن دەوەستێ و بە مست دەکێشێت بە سەری خۆیدا و لەیەکبینە قسان دەکات .

– خاک بەسەرت. دەبوایە بتزانیبا کە مێجەر دەگەڵیاندا پێک دێت . دەبوایە بتزانیبا کە هەق و بەرتیلیان دەداتێ ... دەبوایە بەقسەکانیاندا بۆت دەرکەوتبا و بتزانیبایە ...

سەیری من بکە ، وام خەیاڵ دەکرد واز لە مێجەر عاسی دەهێنن و بە هەردوو دەست بەمنی لات و لەوێری بێ سەروپاوە دەچەسپن ... ئابڕوی ئەفسەرێکی زەحمەتکێش ! ... هەی ترحێو ! نەیخۆی تاڵە ... جاوەرە لەم قورتە دەرباز بە !

نایب زابت مالیک ، بەدرێژایی شەو چاوی ناچێتەخەو و هەر دەبۆڵێنێ و جوێن بەخۆی و بە زەمین و زەمان دەدات .

– حەق ! ... هەی هەی ... قسەی حەق ! ... وەرە ! ...

و ئاماژە بۆ من دەکات کە لەسەر پەتۆیەکە ڕاکشاوم و دەستەکانم ناونەتە ژێر سەرم .

– وەرە ... ئەگەر هەق هەق بوایە کە ئەم بەندەی خوایە لێرە نەدەبوو . ئەگەر هەق ، هەق بوایە ئێستا لەجیاتی من دەبوایە مێجەر عاسی لەم گەوڕەدا بوایە ... خوا دەیزانێ کە ئەمەو چ دانیشتن وبەزمێکی بۆیان سازکردووە...خودا دەیزانێ ! .... ئەگەر بەسەهو نەچم ، کیژە کێوەلیشی بۆیان هێناوە . ئەوەندەی من ئەم جەنابی مێجەر عاسیە بناسم ، ئامادەیە خۆشکی خۆیشی بۆیان بێنێ ! ...

دێتە پێشترەوە و لەلامەوە دادەنیشێت و دەپرسێت :

– ... تەسەور دەکەی کە تیپی جەهرومیش هەمان ئاش و هەمان کاسەیە ، هەمان تاس و هەمان حەمامە ؟

ڕوو لە دیوارەکە تلێک دەدەم و پێی دەڵێم :

– سەرکار مالیک وازبێنە با چاوێک گەرم بکەین .

لە لامەوە هەڵدەستێت .

– دەزانم ... تۆشم بێزار کردووە ... بەڵام تۆنازانی من کوێم دەیەشێت ... نازانی کە ئەم مێجەر عاسیە چەند ناپیاوە ! ... نازانی کە ئەم موفەتیشانە چەند نامەردن ! ...

سپێدە زوو، هێشتا هەتاو گزنگی نەداوە کە دەرگای حەپسخانەکە دەکرێتەوە . مێجەر کە لە هەموو کاتێ گوڕاحی خۆشتر و دڵی فەراح ترە ، بزە نیشتووەتە سەرلێوی . گۆناکانی سوور دەچنەوە . ڕدێنی باش تاشیوە . ئارەقە ، لە

سەر پێستی چەوری ڕوخساری ڕێچکەی بەستووە . عەریف غانمی لەگەڵدایە . بەخەواڵویی هەڵدەستم و کڵاوەکەم لەسەردەکەم . شەو ، بەبلوز و پانتۆڵەکەمەوە خەوتبووم . دادەنەوێمەوە کە پۆستاڵەکانم لەپێ بکەم . دەنگی مێجەر عاسی بەرزدەبێتەوە .

– مەگەر دوێشەو ئازادت نەکرد ؟

دەگەڵ عەریف غانمیەتی .

– مەگەر نەمگوت ئازادی بکە ؟

– فەرمووتان کە خروشی ئازاد بکەم .

چارەی گرژ دەبێ :– ئەحمەق !

عەریف غانم ، وەکو سپرینگ لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە و پاژنەکانی بەیەکدا دەدات :– جەنابی مێجەر !

– مەبەستم ئەمە بوو کە هیچکەسێک لە زیندانەکەدا نەبێ . مەبەستم ئەمەبوو کە مالیک بەتەنیابێ !

مێجەر بەرەولای من دێت .

– دەی ڕاکە ! ... بۆ دەرەوە !

پاژنەی پۆستاڵەکانم کە قەیتانەکەی نەبەستراوە و بە پێم لەقە بەیەکدا دەدەم و بەخشەخش لە دەرگای گرتووخانەکە وەدەردەکەوم .

دنیا تەواو گەرمە . بە بەرحوجرەکەی حاجی سەعدیندا تێدەپەڕم . حوجرەکەی لە قەراخ دەریایە . لەپشت بینای گومرکەوەیە . بەردەم هەموو حوجرەکانی ڕەخی دەریا کە بەڕیزی یەکەوەن ، سەکۆیەکی کۆنکرێتی سافە کە لەئاستی دەریا بەرزترە و بە تارمەیەکی ڕزیوی ناقۆلا کۆتایی دێت . با وباران و هەتاوی ساڵانی پەی دەرپەی ، کاریتە جەنگەلییەکەی تارمە و هەیوانەکەی لەڕەنگ خستووە و لە هەموو شوێنێکەوە درزی بردووە و بەلام وێڕای ئەمەش ، هێندە مکومە کە تۆپ نایجولێنێ . عەسران کە هەوا فێنێک دەبێت و سێبەر لە سەکۆ جاڕووبەندەکە دەدات ، چاخانەکەی قەراخ دەریا قەرەباڵغ دەبێت .

حاجی سەعدین گازم دەکات . تیشکی هەتاوی سەحەری کە لەڕووی دەریاکەی داوە چاو دەخاتە ڕێشکە وپێشکە . دەچمە حوجرەکەی حاجی سەعدین . حوجرەکە فێنک و نیمچە تاریکە . بایەکە لوول دەخوات و لەباگیرە بەرزەکەوە

، خۆی بە ناو حوجرەکەدا دەکات . حاجی سەعدین خەریکە شەربەتی بیدمسک دەخوات . تازە یەکێک لە گۆزە ئاوە فێنکەکانیان بۆ هێناوە . شەوێ ، ڕادەسپێرێ دوو گۆزەی سواڵەتی گەورە پڕبکەن لە ئاو ، سەرەکەیان دەگرن و بە پەتێک شۆڕیان دەکەنەوە بۆناو گۆلاوەکەی ڕودباریەکان کە قووڵییەکەی لە دە گەزیش پترە . کە ڕۆژ دەبێتەوە ئاوی گۆزەکان فێنک و گەوارایە .

– دەخۆیتەوە ؟

مەبەستی شەربەتی بیدمسکە .

حاجی سەعدین ، شاگرد حوجرەکە گاز دەکات .

– عەلوان ، پەرداخێکی دیکە دروست بکە .

عەلوان ، کابرایەکی ڕەشی درێژ داهۆڵی ڕەقەڵە و ناقساڵە .

چەفیەیەکی لە ناوقەدی بەستووە . کراسێکی مەلمەلی سپی لەبەردایە . کە ڕێدەکات قاپ قاپەکانی دەنگ دەدەنەوە . حاجی سەعدین کورتە باڵایەکی پانکۆڵەیە بەڕدێنێکی کورتی ماش و برنجی و ڕوخسارێکی تاوەسووتەوە .

حاجی سەعدین قومێ لە شەربەتەکە دەخواتەوە ، پەرداخەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت ، کەشییە سپی و زەردەکەی لە سەر سەری لادەبات و بە نینۆک سەری دەخورێنێ و بەکاوەخۆ دەپرسێت :

– بیستوومە ، ئەم نایب زابت مالیکەیان حەپس کردووە .

هەموو شتێکم بۆ دەردەکەوێ . حاجی سەعدین بانگی کردووم تا لە زمانی منەوە هەندێک شت بزانێ . بە قسەکانیا بۆم دەردەکەوێت کە پەرۆشی حاجی ڕوستا و شێخ برایم چاە مسلمییە .

– ها ؟ ... حەپسیان کردووە ؟

سەر دەلەقێنم .

– بیستوومە تۆمەتی داوەتە پاڵ حاجی ڕوستا ... دروستە ؟!

– دروستە !

- بۆ ؟

بزەیەک دەکەم و دەڵێم :- ئیدی ... تۆمەتی داوەتە پاڵ و بەخۆی کەوتووەتە داوەوە .

پەرداخەکە هەڵدەگرێت و دوو قوم لە شەربەتەکە دەخواتەوە و دەڵێت :

- سوپاس بۆ خوا ... کەواتە شتەکە بەخێر گەڕا !

- بەڵێ حاجی ... بەخێر شکایەوە ، بەڵام نەک بۆ نایب زابت مالیک !

قومێکی دیکە لە شەربەتەکە دەدات و بەبێ موبالاتی دەڵێ :

- ئەوانە دەرەقەتی یەکدی دێن ! ... گرینگ ئەمەیە هیچ بەندەیەکی خوا نەکەوێتە داوی سوپاییانەوە !

عەلوان ، هەموو حەواسی لای قسەکانە . پەرداخە شەربەتەکەی لە سەر تەپڵەکەکەی لای دەستمەوە داناوەو چووەتە دواوەو شانی داوە بە ئاستانە ناقۆڵاکەی دەرگاکەوە و گوێی هەڵخستووە . هەواڵ و باس لەبەندەر لەنگە زۆر زوو بڵاودەبێتەوە . کاتێ بەخۆدەزانی لە سەرانسەری بازاڕی مساحدا ، کەوتۆتە سەر زاران و دەماودەم دەگێڕدرێتەوە .

حاجی سەعدین ، لە سەر کورسییە پان وپۆڕە کەندەکارییەکەی ژێری دەجولێت و دەڵێت :- بە تەسەوری تۆ چی لە نایب زابت مالیک دەکەن ؟

پەرداخە شەربەتەکە هەڵدەدەم و پەرداخەکە دەنەمە سەر تەپڵەکە ڕەشە کەندەکارییەکەی حاجی سەعدین و دەڵێم :

- نازانم ... بەڵام ئەوەندە دەزانم کە بە نایب زابت مالکیان گوت ، ئابڕووی مێجەر عاسی لەکەدار کردووە !

بزە دەکەوێتە سەر لێوە ئەستوورەکانی حاجی سەعدین و هیچ نالێت .

حەماڵەکان ، فەردە قاوەی خاو لە عەمارەکەی تەنیشت حوجرەکەی حاجی سەعدینەوە ، دێننەدەرێ و لە پشت موحەجەرەکەوە ڕیزی دەکەن تا لە بەلەمی باربکەن و بۆ خۆڕەم شاری بنێرن .

هەڵدەستم و لە حوجرەکەی سەعدین وەدەردەکەوم . لە کەنار ئەسکەلە جاڕووبەندەکەی خوار چاخانەکەوە ، بەلەمێکی گەورە لەنگەر دەگرێت . باری بەلەمەکە ، برنجی حوێزەیە .

لە کۆڵانێکی باریکەوە کە پانییەکەی بەزەحمەت گەزێک دەبێت و دیوارە بەرزەکانی لە نم وشێی شەرجیدا هەڵکشاوە ، ڕەت دەبم و لە پشت گەڕەکی ڕودباریەکانەوە سەردەردێنم . هەواڵی موفەتیشەکان لە سەرانسەری شاردا دەنگی داوەتەوە . دەمەوێ بڕۆم بۆ لای گەیلان کە دوکانەکەی لە بازاڕە سەرگیراوەکەدایە و فێنکە ، بەڵام لە ناکاوا پێچ دەکەمەوە و دەڕۆم بەرەو دوکانی عەلی دادی بەم نیازەی کە شەریفە بدینم .

هەتاو کەوتووە . هەویر ونانی سەر لە بەیانی تەواو بووە . عەلی دادی چووەتە ژووری ئاردەکەوە ، خەریکە ئارد بۆنانی نیوەڕۆ لە هێڵەک دەدات . سەراپای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە و تێکەڵ بە تۆزی ئاردەکە بووە . ئازای بەدەنی سپی دەچێتەوە . ڕووتە ، تەنیا پشتەماڵێکی لە ناوقەدی بەستووە .

- ئازاد بوویت ؟

بزەیەک دەکات و ددانە درێژ و کرمۆڵەکانی پێشەوەی بە دیاردەکەون .

- ئەوەتا کە دەمبینی !

- بەڵام عەلی گوتی سێ شەو و ڕۆژە .

- قەرار بوو ، بەڵام مێجەر عاسی پێویستی بەحەپسخانەکە بوو بۆ نایب زابت مالیک .

عەلی دادی هەموو شتێکی بیستووە . دەزانێت نایب زابت مالیک بەوە تۆمەتبارە کە ئابڕووی مێجەر عاسی لەکەدار کردووە و دەزانێت کە شەوی ڕابردوو موفەتیشەکان بەزمیان هەبووە و مێجەر عاسی هەموو مەسرەفەکەی کێشاوە .

-دەنگ ی تەپڵی کێوەلیەکان نەیهێشت تابەیانی بخەوین . سەردەکێشمە ناو تەنوورەکە .

- قۆریەکە لە ناو تەنوورەکەیە .

تازە ئاگری تەنوورەکەی کوژاندووەتەوە ، بەڵام هەڵمی گەرمی تەنوورەکە چایەکەی هێناوەتە کوڵ .

- ئەگەر تێشتت نەخواردووە ، پارچە نانێک بخەرە قەراخ تەنوورەکەوە با وشکە برژ ببێ .

سەرم لە تەنوورەکەدایە تا قۆرییەکە دەربێنم ، گوێم لە دەنگی شەریفە دەبێ .

- شاتر عەلی نان ناکەی ؟

عەلی دادی لە ژووری ئاردەکە وەدەردەکەوێ . ڕوخسار و ڕدێنی لە ژێر گەردوتۆزی ئارددا دیار نییە . برژانگەکانی سپی دەچنەوە . ددانەکانی پێشەوەی عەلی دادی بەدیاردەکەون .

- وا نیوەڕۆیە خۆشکی !

هەتاوەکە تا ژێر چەرداخە حەسیرەکەی دوکانەکە هاتووە و خەریکە بە مێزەکەی بەر دووکانەکەدا هەڵدەکشێ .

- نانی گەرمت نییە ؟

عەلی دادی بزەیەکی بۆدەکات و دیسان ددانە کرمۆڵەکانی بە دیاردەکەون

- نانێکی دوو ئاتەشەم بۆ تۆ هەڵگرتووە . کونجیشم پێوە کردووە !     قۆریەکەم لە سەر مێزەکە داناوە و کشاومەتە دواوە و پشتم بەدەرگاکەوە داوە و تەمەشای شەریفە دەکەم .

شەریفە نانەکە وەردەگرێت . دەست درێژدەکات کە پارەی نانەکە بدات . تەمەشام دەکات . بزەیەک دەکەوێتە سەرلێوی . دڵم دەکەوێتە لێدان . لە ناکاوا گەرووم وشک دەبێت . دەنگی شەریفە دەژنەوم .

- ئیدی لە کەللەی نەداوی ڕێگات گوم بکەی ؟

دەپەشۆکێم . غافڵگیر بووم . نازانم چی بڵێم . دەکەومە منجەمنج .

- من ... نە! ... ڕێگام ...

فریام دەکەوێ . لە شپرزەیم ڕزگار دەکات .

- ئەم کەڕەتە ئەگەر خەیاڵی وات بە مێشکا هات ، یەکەمجار کوێخا ببینە .

بەحەپەساوی دەپرسم :

- کوێخا ؟!

- ئاخر خۆ ناکرێ هەروا بەبێ پرس گوند تاڵان بکرێ !

بەڕاستی غافڵگیری کردووم و لە قافا گرتوومی و خەریکە پێم ڕادەبوێرێ . عەلی دادی حایر و حەپەساو تەمەشامان دەکات . مەمدو لەوسەری بازاڕە سەرپۆشراوەکەوە بە پاسکیل دێت . لەبەر دوکانەکەی عەلی دادیدا

ستۆپ دەگرێت و پێی دەخاتە سەر مێزەکە و تەمەشای شەریفە دەکات و بە دەنگێکی گڕی تازە باڵق بوو دەپرسێت .

– شاتر عەلی ، ڕەیس عورەفا ( مرادی ) ت نەدیوە ؟

عەلی دادی سەر وەردەگێڕێت و لەژێر برۆ پرۆچرەکانیەوە کە لە تۆزی ئاردا سپی بووە ، تەمەشای مەمدو دەکات و دەڵێت :

– ڕەیس عورفا مرادی ؟!

مەمدو دەڵێت :– ناردوویەتی لە دوبەی عەتری ٧٧٧ م بۆ بێنن .

– عەتری ٧٧٧ ؟

عەلی دادی گێژبووە . چارەی شەریفە گرژ دەبێت . عەباکەی کە کەوتووەتە سەرشانی ، دەدات بەسەریا ، بە ئەسپایی نیوەپێچێک دەکاتەوە و بەبێ خوداحافیزی دەڕوات . مەمدو ، سەری بەدووی شەریفەدا وەردەگێڕێ و تەمەشای دەکات تا خۆی بە بازاڕە سەرپۆشراوەکەدا دەکات نیگای لێ ناگوازێتەوە . مەمدو ، خۆی لە سەر پاسکیلەکە بەرز دەکاتەوە و پایدەر لێدەدا . زینی پاسکیلەکە بۆ مەمدو بەرزە . نافەکی پانتۆڵە تەنکەکەی لە ئارەقەدا تەڕ بووە . کراسەکەی بە پشتییەوە چەسپیوە . مەمدو ، تابەر دەرگای بازاڕەکە دەڕوات . پاشان پێچ دەکاتەوە و بەرەوسەربازگەکە (قشڵەکە ) داژوێ .

عەلی دادی تازە وەخۆ هاتووەتەوە .

– مەسەلە چی بوو ؟

نانە وشکەکە لە قەراخ تەنوورەکە هەڵدەگرم و چا تێدەکەم .

– کام مەسەلە ؟

عەلی دادی دەچێت بۆ عەمار و ژووری ئاردەکە .

– چوزانم ... مەسەلەی ( کوێخا ) ... مەسەلەی ( ڕێ گوم کردن ) ... نازانم ... ( عەتری ٧٧٧ ) .

پارووەکە لە زارمدایە . هیچی پێ ناڵێم . دەست بە لە هێڵەکدانی ئارد دەکات . دەنگی عەلی دادی ، دەگەڵ جیکە جیکی هێڵەکەکەدا ، لە ژووری ئاردەکەوە دێ .

- فلاَنی ... ناشێت سەروسرێک دەگەڵ شەریفەدا هەبێ ؟

- سەروسرِ نا !

- ئەدی چی ؟

بۆی دەگێڕمەوە کە چ بەڵایەکی بەسەرم هێناوە و چۆن تەریقی کردمەوە . عەلی دادی لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت :

- بەم کەم تەمەنیەی خۆیەوە ، یەجگار چەمووشە !

- کەم تەمەن نییە .

- نییە ؟

شەریفە ، هەرنەبێ شەش — حەوت ساڵ لەمن گەورەترە . بەڵام لە چاو عەلی دادی دا ؟ ... ڕەنگە هاوتەمەنی کچە گەورەکەی بێ . گریمان دوو — سێ ساڵ بچووکتربێ .

نانەکە وشکەجا دەخۆم ، دوو پیاڵە چای دەخۆمەوە ، جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دەکەومە ڕێ .

- بۆ کوێ ؟

- دەچمەوە بۆماڵ ... لەوەیە عەلی لە کنگ هاتبێتەوە .

بۆماڵ ناڕۆمەوە . دەچم بۆبازاڕی ماسی فرۆشەکان کە لە پشت چاخانەکەی ئەنوەر مەشدییە . عەریف مرادی ، بەبەر چاخانەکەدا ڕەت دەبێت و بەرەو بازاڕی مەساح دەڕوات . ماسییەکی گەورەی بەدەستەوەیە . چەند تەڵاشە گەڵای دارخورمای لە گوێی ماسییەکەوە هێناوە و لە دەمی یەوە دەری هێناوە و گرێی داوە و ، چوار قامکی لە ئەڵقەی تەڵاشەکانەوە ڕەت کردووە . پیرەژنێک کە جبەیەکی ڕەشی لەبەرە و پەچەی کردووە ، نیگای لە ماسییەکەیە . گوێم لەدەنگی شەکەتی ژنەکە دەبێ .

- لەوەتای ئەم بێگانانە هاتوون بۆ لەنگە کیلۆی ماسی لە دوو قرانەوە بووە بە پازدە قڕان . خوا زەلیلیان بکات کە قووتیان گران کردین !

بەدەوری چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا دەسووڕێمەوە و دەڕۆم بۆبازاڕی ماسی فرۆشەکان . ژنان لەبەردەم غولامدا هەڵتووتاون . غولام ماسییەکە لەکلکەوە دەگرێت ، نووکی تیژی کێردەکەی دەکات بەژێر پێستەکەیدا و دەستی دەجولێنێ و لە چاوتروکانێکا کەوڵی دەکات . هەڵی دەدڕێ ، خوێی لێ دەدا و هەڵیدەداتە ناو تاکی تەرازووەکەوە .

- دوو کیلۆ و نیوە خوشکێ .

- غولام !

بەهەمان دەقەوە کە خەریکە ڕێخۆڵە و ناوزگی ماسییەکە پاک دەکاتەوە ، سەر هەڵدەبڕێت :- ئەو ماسییە گوبابەم بۆ بکێشە .

دەڵێت کە عەلی هاتووە و ماسی کڕیوە . هەندێجار کە دەگەڵ عەلی یان گەیلان و یا ئەنوەر مەشدیدا ، لە پشتە دەخۆینەوە و غولام دێت بەسەردا ، دوو پیاڵەمان لە گەڵدا دەخواتەوە .

- کەی هات ؟

نووکی کێردەکە دەکات بەژێر سکی ماسییەکەدا و دەڵێت :

- نیوسەعاتێ لەمەپێش .

خەیاڵم ئاسوودە دەبێت کە عەلی هاتووە و لە خەمی فراڤیندایە . دیارە ئاگاداریشە کە ئازاد بووم .

پێش نیوەڕۆیە . هەوا خەریکە گەرم دەبێت . هەتاوەکەی هێندە بە قووەتە ، کە چاو هەڵنایەت . خۆم بە چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا دەکەم و دوو پیاڵە چای ترش دەخۆمەوە .

ئەنوەر مەشدی نێرگەلە سازدەکات و دێت لە قەراخ تەختەکە قوونێک دەداتەوە و دەڵێت :- ئەمە ڕاستە عەریف مرادی نەقڵ بووە بۆ جەهروم ؟

فوو لە ئاگری سەر نێرگەلەکە دەکات و مژەی لێدەدا تا دووکەڵەکەی دەربکات .

- ها ؟ ... دروستە ؟

- نازانم .

ئاونەی نێرگەلەکەم دەداتە دەست و دووبارە دەڵێ :- هاوقیتارەکانی خۆی دەڵێن .

- من هیچم نەبیستووە .

ئەنوەر مەشدی نیگەرانە . ئێستا باوەڕی هاتووە کە نابێ بە حەریفی عەریف مرادی . قەدەم بەهانکە هانک ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت .

- ئەنوەر ، ترشێک بێنە .

قەدەمخێر ، ئارەقەکەی هەنیە دەسڕێت و دەست درێژدەکات .

- ئەو نێرگەلەیەم بدەیە با نەفەسێ تازە بکەمەوە .

ئاونەی نێرگەلەکەی دەدەمە دەست .

- تۆ ئەمڕۆ ئاغامانت نەبینیووە ؟

- ئاغاتان ؟.

نیگای بۆلای من وەردەگێڕێ و بەپەستی و گرژی دەڵێت :

- مرادی ئیدی ... ئەم ڕۆژانە دیارنییە .

قەدەم خەمبارە . مرادی دەستبەرداری بووە، بەڵام هێشتا حەزناکات باوەڕ بکات .

ئەنوەر مەشدی ، پیاڵە ترشەکە لە بەردەم قەدەمدا دادەنێت . قەدەم کە لەشی زەلامی دەجولێنێ و چاودەبڕێتە چاوە خێلەکانی ئەنوەر مەشدی و دەڵێت :

- بیستوومە ئاغامان ڕای سپاردووە کالەی کەتان بۆ مەمدۆ بێرن .

دەردی قەدەم ئەمەیە کە مەمدو ، عەریف مرادی لە دەست دەرهێناوە . دەردی ئەنوەر مەشدی ئەمەیە کە عەریف مرادی مەمدوی لە دەست دەرهێناوە . قەدەم ، تەشەر لە ئەنوەر مەشدی دەدا ، تا بەڵکو دەماری غیرەتی بجولێ و جڵەوی مەمدو بگرێت . قەدەم ، ترشەکەی دەخواتەوە . ئەنوەر مەشدی سەری نێرگەلەکە هەڵدەگرێ و خەڵووزەکان دەجووڵێنێ و فوویان لێدەکات و خۆڵە کەوەکەی لادەبات . قەدەم دیسان قسەدەکات .

- ها ؟ ... ناکا تۆش هیچت نەبیستبێ ؟

ئەنوەر مەشدی دێتە قسان .

- سەگ ساحیبی خۆی دەناسێت . من مەمدوم گەورە کردووە . دەزانم کە پشت بۆ ئەم لەندەهۆرە نادات !

قەدەم ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێت .

- هەر بەم خەیاڵە بژی !

بەدەنگە بلحەکەی ، بێ هیچ هۆیەک ، لە قاقای پێکەنین دەدات و کەلەشی زەلامی دەجوڵێتەوە .

زۆری بۆ نیوەڕۆ نەماوە . لە کەللەم دەدات بچم بۆلای شەریفە . قیروسیا لە تەریق بوونەوە و شەرمەزاری دەکەم . لە بەندەر لەنگەدا مردم . ساڵێک و چەند مانگێکە لەبەندەر لەنگە دام . ساڵ و نیوێک پترە کە بۆنی ژنم بە کەپوودا نەهاتووە ، دەستم بەرجەستەی هیچ ژنێک نەکەوتووە .

هەڵدەستم و دەکەومەڕێ . لەبەر گۆلاوی ڕودباریەکاندا ، دەست و دەم و چاوم لە دۆڵچە ئاوە فێنکەکەی کابرایەک کە لە گۆلاوەکەی هەڵکێشاوە ، فێنک دەکەمەوە و دەستەسڕەکەم ، تەڕ دەکەم و دەیدەم بە دەوری گەردنمدا . بە بەر سێبەری دیواری کەلاوەکاندا بەرەو ماڵەکەی شەریفە دەڕۆم . لە بەرانبەر ماڵەکەدا دەوەستم . دڵم دەکەوێتە لێدان . تەمەشای دەوروبەر دەکەم . کەس دیار نییە . ئەگەر بڕۆمە ژوورەوە ، ئەگەر بیکات بە دەنگەدەنگ وهەراوهەنگامە و ئەگەر دیسان گاڵتەم پێبکات ؟ ... قیروسیا دەکەم و بە تەپەکەی بەرامبەر ماڵەکەدا سەردەکەوم و سەرەوخوار دەبمەوە بۆناو حەوشەکە . دەنگی پێم ، لە سەر گڵی نێو حەوشەکە خەفەدەبێت . لە سەر پلیکانەی بەر هەیوانەکە ، چەند ساتێک دەوەستم و گوێ هەڵدەخەم . گوێم لە زەمزەمە و نەرمە گۆرانیە . پێدەچێ شەریفە بۆدڵی خۆی گۆرانی بڵێ . بۆم دیار نییە چی دەچرێ . تەنیا ، دەنگی زوڵاڵ ، غەمناک و سۆزەئاسای دەژنەوم . دەچمە پێشترەوە . زەمزەمە و سۆزەکەی دەبڕێ . دەڵێی گوێی لە دەنگی پێم بووە . زەمینەی بەرهەیوانەکە بەردینە . بنی پوستاڵەکانم بزماڕ ڕێژە . زۆرم هەوڵدا کە دەنگی پێم نەیات ، بەڵام ، پێدەچێ شەریفە گوێی ماری هەبێت . گوێی لە دەنگی پێم بووە و سۆزەکەی بڕیوە و بێگومان هەنووکە گوێی هەڵخستووە . لە ناکاوا گوێم لە دەنگی دەبێت :- کێیە ؟

دڵم دادەلەرزێ . دەمەوێ هەڵێم بەڵام ، ئێژی چەقیوم . جەستەم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . گوێم لە هەناسە و هەنکە هانکی خۆمە . دەنگی دڵم دەژنەوم .

- گوتم کێیە ؟

بێئەوەی بمەوێ ، دەنگم خەفە و لەرزۆک لە گەرووم دێتە دەر .

- منم !

- تۆ ؟ ... کێی ؟

دەچمە پێشترەوە و لە ئاستانەی دەرگای ژوورەکەدا دەوەستم . ناو ژوورەکە تاریکە . تاچاوم ڕابێت و لە ڕۆشنایی توندی حەوشەکە بخەلەسێت و لەگەڵ تاریکی وەتاقەکەدا ڕابێ . دەنگی پێکەنینەکەی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە :- ئەمە تۆیی ؟

پێکەنینەکەی زات و جورئەتم پێدەبەخشێت . قسەکانی خۆیم بیر دێتەوە .

- هاتووم کوێخا بدینم !

دیسان پێدەکەنێ . وادیارە کەیفی سازە . وەکو ئەو شەوە نییە کە کەم حەوسەڵە و بێ تاقەت و گرژ و پەست بوو . دەبێ کەیفی قنج بێت .

- دەیسا ، کەوایە وەژوورکەوە .

دڵم ڕەحەت دەبێت ، دڵنیا دەبم . چاوم بە تاریکییەکە ڕادێت . شنەیەکی فێنک لە باگیرەکەوە دێتەژوورەوە . ناو ژوورەکە خاوێنە . دەچمە ژوورەوە . خەریکە جلەکانی قەد دەکات و دەیخاتە نێو سەندووقەکە . بۆنی سابوون بە نێو ژوورەکەدا بڵاوبووەتەوە . بۆنی خۆشی سابونێن جۆراوجۆری فەڕەنگی کە لە بەحرێنەوە دەی هێنن یان دووبەی و یا لە قەتەر .

بزە نیشتووەتە سەر لێوانی شەریفە .

- کوڕیژگەکەت بینی ؟

- کوڕیژگە ؟

زەمینە خۆش دەکات تاباسی مەمدو بکات .

- هێشتا بۆنی شیری خاوی لە دەم دێ .

- ئیدی گەنجە .

- بەو لاجانگ و زوڵفە کرێم لێدراوەیەوە دووم کەوتووە .

جلکە قەدکراوەکانی دەنێتە ناو سەندووقەکە .

- عەتری ٧٧٧ ی ڕاسپاردووە .

دەست بەپێکەنین دەکات . پێکەنینەکەی زەنگدارە .

- دەڵێن نێرەموکە !

دیسان پێدەکەنێ

- ها ؟ ... نێرەموکە ؟!

- بێدەنگم . تەمەشای جوڵەی دەستەکانی دەکەم و گوێ لە قسەکانی دەگرم ئێژی حەزدەکەم بێدەنگ بم و تەمەشای بکەم و قسەم بۆبکات .

ئارەقە بە درێژایی گەردنیا ڕێچکەی بەستووە . دڵۆپە ئارەق تاچاڵایی نێوان مەمکەکانی هاتووەتە خوارێ .

دەستەکانی لە جوڵە دەوەستن و تەمەشام دەکات .

- بۆچی هیچ ناڵێیت ؟ ... بۆچی واهی تەمەشام دەکەی ؟

گەرووم وشکە . دەنگم کەرخە .

- منیش بیستوومە .

- بیستووتە ؟

- ها !

- چیت بیستووە ؟

- کە نێرەموکە !

- کوڕۆ دەڵێی ؟

دەرکی سەندووقەکە دەبەستێ . پۆستاڵەکانم دادەکەنم . میخەکەکانی پێم ئیسراحەت دەکەن .

سەندووقەکە قفڵ دەدات و دەڵێت :- چایت بۆلێ بنەم ؟

- نه !

زۆر زوو ، ڕووی دەکرێتەوە .

- ئەدی چی ؟ ... نێرگەلەت بۆ ساز بکەم ؟

- نه !

نێرگەلەکەی لە سووچی ژوورەکە داناوە . تفاقی چایەکەی لە سەر تەپڵەکێکی تەختەیی ڕیز کردووە . قۆرییەکی خاوێنی چکۆلە ، کترییەک ، جامێکی ستیل ، دوو پیاڵە و ژێر پیاڵە ، دوو سینی بچووک و یەک شەکردانی چینی .

- بە ئیسراحەت دانیشە .

بیرم دەکەوێتەوە کە عەلی لە بەندەر کنگەوە هاتووە و ماسی کڕیوە و فراڤینی دروست کردووە و هەنووکە چاوەڕوانی منە . خۆبەخۆ دەجوڵێم و بێئەوەی نیازێکی تایبەتیم هەبێ ، پوستاڵەکانم ڕادەکێشمە پێشەوە . تەمەشام دەکات و بە ئەسپایی دەڵێت :- دەتەوێ بڕۆیت ؟

- نه !

- بێگومان لە داخی ئەو شەوە .

حەز ناکەم بڕۆم . حەزناکەم شەریفە بەم ئاسانیە بە خوت وخۆڕایی ڕەها بکەم . تەمەشای دەکەم . چاوانی پێدەکەنن بەڵام خەم نیشتووەتە قوڵایی چاوی . لەپڕ بزە لە لێوانی دەبڕێت . عەینی هەوای بەهاری ، ڕەنگ دەگۆڕێ لۆچ دەکەوێتە ژێر چاوانی . دەچێتە پێشێ و پۆستاڵەکانم جووت دەکات و لەبەر پێمی دادەنێ .

- باشە ، بڕۆ !

سەرم بەڕاست وچەپدا با دەدەم .

- گوتم نامەوێ بڕۆم !

دەچێت بۆلای نێرگەلەکە :- بڕۆ !

وتنەکەی بەجۆرێکە کە ناشێت پێداگری لێبکەم .

ژێراوژێر تەمەشام دەکات و خەریکی ئەو لەتە ماسیانە دەبێت کە لەسەر خاولیەکی بچووک هەڵسی خستوون تا کزر و ئاوەچک ببن . بەبێدەنگی تەمەشای تەمەشای دەکەم . لە پڕا واز لە لەتە ماسییەکان دەهێنێ و چاو لەچاوانم دەبڕێ و بەپەستی دەڵێت :- مەگەر پێم نەگوتی برۆ !

دەبێ برۆم . ئەگەر بەم گرژی و پەستیەوە پێداگری بکەم و بمێنمەوە ڕەوشەکە خراپتر دەبێ . لە ناکاوا زۆر خراپ گۆڕاوە . بەئەسپایی دەڵێم .

- من کە ...

دەرفەتم نادات قسەکەم تەواو بکەم .

- برۆ ! . تاقەتم نییە !

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبم . خۆی مژووڵ دەکات . دەڵێم :

- زۆر چاکە ، دەڕۆم بەڵام شەو دێمەوە .

- نە !

- دێم !

گەردنی وەکو گەردنی مارێک کە لەکاتی ڕاوی نچیردابێ ، بەرزدەبێتەوە و ڕاستەوڕاست تەمەشام دەکات .

- گوتم نا !

هێشتا لە شوێنی خۆم نەجووڵاوم کە هەڵدەستێت و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . کە دەگاتە بەردەرگاکە و تیشکی هەتاو لە بەدەنی دەدات ، ڕانە ساف و درێژەکانی لە بن کراسە ڕەشە ناسک و تەنکەکەیەوە ، بەرجەستە دەبێت .

هەڵدەستم . پۆستاڵەکانم لە پێ دەکەم . قەیتانەکانیان نابەستم . هێشتا نەگەییومەتە بەر دەرگاکە کە بەتاوەیەکەوە وەژوور دەکەوێ . شۆردبووی و لەبەر هەتاوەکە داینابوو تاوشک ببێتەوە . بەبێ موبالاتی بەلاما ڕەت دەبێ و دەڕوات بۆ بنەبانی ژوورەکە . چاوەڕوانم کە شتێک بڵێ تادیسان باسی شەو بکەمەوە ، بەڵام متەقی لەخۆ بڕیوە و مژووڵی کاری خۆیەتی . ئارد و ئاڵەت و ترش و خوێ بە پارچە ماسیەکانەوە دەکات . پەرەمێزەکە دێنێ و پەمپی دەدات تا هەڵی بکات . وەکو ئەوەی هەر لەژوورەوەش نەوەستابم . بە ئانقەست خۆی مژووڵ دەکات . بێتاقەت دەبم . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . خەریکە فێری ئەوە دەبم چۆن هەڵس وکەوتی لەگەڵ بکەم . نابێ

قسەبکەم . نابێ سەربکەمە سەری . بەڵام ، ئەگەر بکەومەڕێ و بڕۆم ؟ ئەگەر هیچ نەڵێم لە ژوورەکە وەدەرکەوم ؟ ... و ئەگەر هیچ قسەیەک نەکەم ؟ ... هەوڵ دەدەم عینادی و سەرسەختی نەنوێنم . قیروسیا دەکەم و دەکەومە ڕێ . لەبەردەرگای ژوورەکەدا هەڵوەستەیەک دەکەم و تەمەشای دەکەم . هیچ حەزناکەم بڕۆم . سەر لە سەر لەتە ماسییەکان هەڵدەبڕێ وتەمەشام دەکات . دڵم دەکەوێتە لێدان . لێوانی شەریفە نیشتوونەتە سەریەک . دووبارە سەر دادەنەوێنێتەوە . لە ژوورەکە وەدەردەکەوم . پێم ڕێ داناگرێت . هێشتا نەگەییوومەتە سەر تەپە خۆڵەکەی بەرانبەر ماڵەکەی کە دەنگی دەژنەوم .

- ئێ ئیتر .

ئاوڕ دەدەمەوە و تەمەشای دەکەم . لە نێو چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستاوە . لەوەدەچێ بزە نیشتبێتە سەرلێوەکانی .

- شەو وەرە !

- ئێستا !

- ئێستا نا ! ... شەو .

***

لەبیری گەراجەکە ئاوهەڵدەکێشم و دەستێک سابوون لە خۆ دەدەم . سابوونەکە بە ئاوی سوێری دەریا کەف ناکات . بە ئاوی بیرەکە کە کەمتر سوێرە باشترە . چەوری سابوونەکە بەلەشەوە دەمێنێ . بەڵام لە ئاوی دەریا باشترە . ئاوی گۆلاوەکە ئەوەندە نییە کە کەسێک مەلەی تیابکات . کە مانگی شەهریوەر دێت ، هەر قەترەیەکی دنیایەک دێنێ . هەموو خەڵکی شار ئەمە دەزانن . کەس ئاوی گۆلاوەکە بۆ جل شۆردن بەفیرۆ نادات . خۆ ئەگەر باران دوابکەوێ ، کاردەگاتە چکاندنەوەی قەوزەکانی بن گۆلاوەکە .

بلوزە سوپاییەکەم وپانتۆڵەکەم وگۆرەوییەکانم دەشۆمو لە سەر موحەجەرەی تارمەی بەرهەیوانەکە هەڵیاندەخەم . تا من دوو دەست سابوون لەخۆم دەدەم ، بای گەرم و تیشکی هەتاو وشکیان دەکاتەوە .

عەلی ، کە فراڤینەکەی دەخوات ، ڕادەکشێت . هەموو پەنجەرە و دەرگاکانی ژوورەکەی کردووەتەوە . بایەکە کە لە باگیرەکەوە وەژوور دەکەوێ ، فێنکە . عەلی خەوتووە . ڕدێنم دەتاشم ، سەرم باش شانە دەکەم ، کڵاوەکەم بەدەستەوە دەگرم و لە ژوورەکە وەدەردەکەوم . تەشقی گەرما شکاوە . هێشتا نەگەییومەتە

چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی کە کامیونەکەی تیپی جەهروم و جێبە زەیتوونییەکە ، لەوسەری بازاڕی مساحەوە دەردەکەون . گەردوتۆزی شەقامەکە بە ئارامی لە دوایانەوە بەرزدەبێتەوە . بە سەکۆ بەرزەکەی چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا سەردەکەوم تا تۆزاوی نەبم . کامیونەکە بە هێواشی دێت و بە کاوەخۆ بەبەر چاخانەکەدا تێدەپەڕێ . کۆلۆنێل ، کە هاتبوو ، بەدەنگ سکاڵای نایب زابت مالیکەوە ، لە تەنیشت شوفێرەکەوە ڕۆنیشتووە . نایب زابت مالیک ، لە دواوە دانیشتووە و یەکێک لە سەربازانی فەوجی بەندەر لەنگە ، تفەنگ بەدەست ، لەلایەوە دانیشتووە . ڕوخساری نایب زابت مالیک دراوە بەیەکا . قژە نەرمەکەی بەسەر هەنیەیدا ڕژاوە .

کە تەپ وتۆزی دوای کامیونەکە ( ئۆتومبیلی باری ) دەنیشێتەوە ، جێبەکە دێت . نەقیب و ملازم سێیەمەکە ، هەردووکیان لە تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتوون . ملازم سێیەمەکە ، تەمەشام دەکات و دەست تەکان دەدات و بەشوفێرەکە ئێژێ کە بوەستێ . ملازم سێیەمەکە خۆی لە جێبەکە هەڵدەداتە خوارێ و بەغار بەرەولای من دێت .

– ئەمە تۆ لێرەی ؟

بزە هەموو ڕوخساری گرتووەتەوە . یەکدی لەباوەش دەگرین .

– بیستبووم لێرەی بەڵام نەمدەزانی کە لە ناوەندی فەوجیت .

یەکدی ماچ دەکەین .

– مەگەر نەتبیستبوو کە هاتووم ؟

– با !

دەکشێتەوە و تەمەشام دەکات .

– هیچ نەگۆڕاوی ... وام وێنا دەکرد لە زندان و تاراوگەدا تیاچوویت .

هەمدیس باوەشم پێدا دەکات .

– حەیفێ کە زۆر دێر بینیمت ، بریا دەکرا یەک دوو ڕۆژی دی بمابامەوە .

– نە ئیدی .

عەسر کەوتوونەتەڕێ تا شەوێ بەفێنکی لە (پل زار ) بپەڕنەوە . شەوێ لەبەندەر مهتابی دەخەون و سپێدە زوو بەرەو بەندەر خمیر دەکەونەڕێ .

ملازم سێیەم دەستم دەگوشێت .

– ناکرێت ( بخت الذ×ر ) ماتەڵ بکرێت .

دەڕوانمە یارۆی نەقیب کە لەلای شوفێرەکەوە دانیشتووە . دەم وچاوی بەجۆرێ دراوە بەیەکا لە تۆوایە ڕۆن گەرچەکی خواردووە .

– هیچت ناوێ بۆتی بنێرم ؟

بێ هیچ لەڕوودامانێک دەڵێم .

– ئەگەر کرا تەنەکەیەک عارەقی خورمام بۆ بنێرە .

– باشە ... خەمت نەبێ ... بەیەکەمین کامیوندا دەینێرم .

دەیەوێ بڕوات ، پێی دەڵێم .

– دەڵێی نایب زابت مالیک بۆ جەهروم دەبەن ؟

بزەیەک دەکات .

– ئاخر ... دەزانی کە خەبەری درۆ و بێ بنج و بناوانی داوە !

– خەبەری درۆ ؟

سەری دەلەقێنێ .

– ئم !

– تۆش ، هەمان قەناعەتت هەیە ؟

خۆی لەگێلی دەدات . خۆی دەدزێتەوە .

– هەڵبەتە قەناعەت و باوەڕی من نە گرینگە و نە کاریگەریی هەیە.

تەمەشای دەکەم . جۆرە نەباوەڕییەک بە قووڵایی چاوە سەوزەکانیەوە دیارە . ڕەنگی سەوزی چاوەکانی ڕاستگۆنییە . دەڵێی تاریک بووە . کە لە کۆلێژ بووین ، هەمیشە چاوەکانی پرشنگیان دەدا . هەمیشە گفتوگۆیەکانمان بە جیدال و گەنگەشە تەواو دەبوو. کە قسەی دەکرد، نیگای ڕەنگی سەوزەجاتی نۆ ڕەستەی ئاونگ گرتەی وەردەگرت .

- ئینسان دەبێ ئیمانی بەباوەڕی خۆی هەبێت .

مەچەکی دەستیم دەگرت .

- بەڵێ ... قەبووڵمە ... بەڵام باوەڕی یەک نەفەر ...

قسەکەی دەبڕێم .

- تەنانەت باوەڕی یەک نەفەریش ئەگەر هەق بێ ، جێی خۆی دەگرێت !

- ئەمەشم قەبووڵە !

چاوم لەچاوە سەوزەکانی دەگوازمەوە و سەرم دادەخەم و لەبن لێوانەوە دەڵێم :- تەنانەت باوەڕی یەک نەفەریش ...

وەک بڵێی هەموو شتێکی وەیاد بێتەوە . لە قاقای پێکەنین دەدا .

- ئەوانە هەمووی قسەبوون برادەر ! ... کاتێ کردار بێتەپێشێ ، کاتێ خودی ژیان دەست پێبکات ...

دەستی بەردەدەم و خۆم لە قسەکەی هەڵدەقورتێنم .

- بەڵام ، ڕەنگە بت توانیبا ، بێلایەن بیت !

پایینی کۆنووسی کۆبوونەوەکەی واژۆ کردووە ... ( پێنج ساڵە شێخ برایمی چاە مسلمی چووە بۆ قەتەر . نایب زابت مالیک بە غەرەزی شەخسی ، تۆمەتی داوەتە پاڵ سەرکار ، مێجەر عاسی . لێکۆڵینەوە دەری خستووە کە لەم ساڵانەی دواییدا ، مەرزەوانانی دلێر لەهەر زەمانێکی دیکە زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە کە ڕێگە لە قاچاخ بگرن و تەنانەت لەم ڕێگایەدا ، ژمارەیەک سەرباز و دەرەجەدارانیش شەهید بوون ... ) .

بۆچەند ساتێک تەمەشام دەکات و بەهێوری دەڵێت :

- وام وێنا دەکرد کە هەل ومەرجی ئێستات بۆ بووبێ بەئەزموون و پەند !

دەکەوێتەڕێ و دەستی تەکان دەدات .

- عارەقت بۆ دەنێرم .

- نەشینێری گرنگ نییە !

هەڵوەستەیەک دەکات .

- گرنگ نییە ؟!

وسوار دەبێت .

- هەر مەینێرە !

جێبەکە دەردەچێت . گەرد وتۆز لە دوای جێبەکەوە هەڵدەستێت و لوول دەخوات و دەچێت بە ئاسماندا ، چاو دەبڕمە جێبەکە تا لەوسەری شار دەردەچێت و دەکەوێتە سەر جادە گڵەکەی بەندەر کنگ . جگەرەیەک پێدەکەم و دەکەومەڕێ . ئەنوەر مەشدی خەریکە دام ودەزگاکەی دەپێچێتەوە . هەتاو خەریکە ئاوادەبێت . کە لە گۆلاوی رودباریەکان ڕەتدەبم ، دەنگی ( مودندو ) بەرز دەبێتەوە ( مودندو : دەهۆڵێکی گەورەیە کە لە بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ( زار ) یا ( نوبان ) کە دوو جۆرە بای ناوچەییە سوودی لێ وەردەگیرێ ) . ڕۆژی سێیەمە کە ( مەجلیس ) یان بۆ نەسرۆ گرتووە . ( مەجلیس : ڕێ و ڕەسمێکە بۆ هێنانەخوارەوەی ( زار ) و شفابەخشین بە نەخۆش بەرپادەکرێت ) .

- بیستت .

- ها ... چی بووە ؟

( بابا )ی لەنگە دەکەوێتە ڕێ ( بابا : بەپیاوێک دەگوترێ کە مەجلیس بەرپابکات ) .

- نەسرۆ ، گیانی خراپ بووە ( گیان خراپ بوون : کینایەیە بۆ گیرۆدەبوون بە ( زار ) یان ( نوبان ) .

بابا سەعید ، بەدار لە دەرگایماڵەکان دەدات ( بابای زار ، کەسانێک کە پێشتر موبەتەلابوون وچاکبوونەتەوە ، بەمجۆرە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسماندا دەعوەت دەکەن ) .

- ئەمشەو ماڵی نەسرو .

مودیندۆکە لە دەنگ دەکەوێ . خۆر ئاوابووە . بۆنی دووکەڵ هەموو شوێنێکی پڕکردووە . دەڵێی لە شوێنێک کا دەسووتێنن . بە نێو ئەو چێڵ وگایانەدا ، کە لە ئەرزەکە خەوتوون ، تێدەپەڕم . ڕێگاکە بەنێو چەند خەرابەیەکدا قەدبڕ دەکەم . لەوسەری کۆڵانەکە ، لەسەربان ، لەتەنیشت باگیرەکەوە ، فانووسێک هەڵدەکرێ . ژنێکی ڕەشپۆش ، پەردە کوللە بەدەوری چواردارردا دەگێڕێت . زۆری بۆماڵی شەریفە نەماوە .

***

زۆر زوو هۆگری شەریفە دەبم . زۆر زوو دڵ بەیەکدی دەدەین . هەرشەوێک کە عەلی ئێشکچی بێ دەچم بۆلای شەریفە . هەر شەوێک عەلی نیگابان نەبێت پێکەوە دەچین بۆ پشتە و عارەق دەخۆینەوە ، بەڵام چەند ڕۆژێکە عەلی خەریکە دەگۆڕێ و لێم دەڕەوێتەوە .

- عەلی ، بەد خوویی مەکە ، بابڕۆین بۆ پشتە .

عەلی چارەی دەدا بەیەکدا :- دەبێ بڕۆم بۆ کنگ .

- بەڵام پۆستەی تۆ سبەی شەوە .

- با واش بێ ! ... دەبێ بڕۆم .

- کەواتە بۆ هاتوویتەوە؟

- بەخۆڕایی .

پێداگری لێدەکەم .

- عەلی ، خەریکە دەگۆڕێی ، خۆت لە من دەدزییەوە .

عەلی ڕاست ناڕوات . خۆی لە گێلی دەدا . بیانوو دێنێتەوە تا قسەکەی لە کورتی ببڕێتەوەو لە دەستم دەرباز ببێت ، تەمەشای ناوچاوانم ناکات . سەری دادەخات و بەهێمنی دەڵێت :

- من ... لێرە ... لە لەنگە بێتاقەت دەبم .

بازووی دەگرم :- ئاخر بۆچی ؟ ... من دەبێ بزانم بۆ !

برۆ چرەکانی سێبەردەخەنە سەر چاوانی و بەپەستی تەمەشام دەکات . قسە لە ئەوکی دەگیرێ .

- لەوە زیاتر سەرمەخە سەرم !

وپاشان ، بلەز وەردەسوڕێ وبەخێرایی دەکەوێتە ڕێ .

زۆر زوو هۆگری شەریفە دەبم . لە وەخت و ناوەختدا دەچمە سۆراغی .

- کەواتە درۆت لەگەڵ عەلی دادیشدا کردووە ، وایە ؟

شەریفە بەهێمنی تەمەشام دەکات .بزەیەک دەکات، ددانەکانی نارێکن — کە دڵگیرە — بۆساتێک دەردەکەون و پاشان لێوە ئەستوور وشینەکانی دادەخرێن . ئێژی حەزناکات کەس ددانە نارێکەکانی بدینێ .

- ها ؟ ... درۆت لەگەڵ کرد ؟

- درۆ !

شەریفە سەری لە قسەکەم دەسوڕمێ .

- من ، نازانم تۆ چی دەڵێیت !

دەڵێم :- ئاخر تۆ خۆت گوتت کە خەڵکی ( جبال بارز )ی. ( بەشێکە لەناوچەی جیروفتی سەر بە کرمان ) .

بە ئەسپایی دەڵێت :- ئێ ، بەڵێ ... خەڵکی ئەوێم !

- بەڵام ... بەعەلی دادیت گوتووە کەخەڵکی ( ئەسفەندوقە )ی !

ژێر گۆناکانی گرژ دەبن و چاوەکانی پرشنگ دەدەن .

- چما فەرقی هەیە ؟

سەر لە قسەکانی دەرناکەم . دەڵێم :- نازانم ... لەوەیە تۆ گوتەنی ...

قسەکەم پێدەبرێت و بەسەروگەردن جووڵاندنەوە دەڵێت :

- دەی ، خەڵیکی ئەوێندەرم ! ... من ... لەوێندەر ... ئەسفەندوقە دەڵێم ... ژوورێکم هەبوو کە هێشتا هەموو شتێکم لە بیرە . لە یادمە کە لە سۆزی سەرمادا ، درزی دەرگا دوو تاکییەکەیم بە لۆکە دەگرت ... چوار تاقی

هەبوو . وێنەی جوانم بە ئەستونانی ناوەندی تاقچەکانەوە هەڵواسی بوو . ئاوێنەیەکم لە ناو یەکێک لە تاقچەکان دانابوو . لامپایەکیشم لە یەکێکیاندا دانابوو ... لە یەکێکی دیکەشیاندا ...

گوێم لە قسەکانی شەریفە و چاوم لە ژووره چکۆلەکەیە . لە دیوارەکانی و تاقچەکانی و ئاوێنەکەی و لامپاکەی و بەڕە گوندیاتیە درشت چنەکانی کە هەموو ڕەنگێکی تیایە و لە سەندووقە ئاسنە قاوەییەکەی کە هەموو دار ونەداریەتی و وێنەیەکی کاڵەوەبووی ژنێک کە نیوە ڕووتە و بە ئەستوونی نێوان دوو تاقچەوە نراوە .

دەنگی شەریفە دەژنەوم .

- بۆچی عارەقەکەت ناخۆیتەوە ؟

تەمەشای دەکەم . دیسان لێوەکانی دێنەوە یەک و ددانەکانی دەشارنەوە . ئەو ددانانەی کە دەڵبەندی ناڕێکی و ڕەنگە ئامال شینەکانیانم .

- هەموو ڕۆژێ ، ڕۆژی دوو چەلان ، هەندێجار سێ چەل ، بەخوێ و زوخاڵ دەیان شۆم . بەلأم دەبینی کە چەند ناڕێکن !

پیاڵە عارەقەکە لە عاردی دادەنم و بەرەو ئەو دەخزێم . دێتە پێشەوە ...

- درۆ ؟ ئەسڵەن لە مەزەبما نییە !

خۆیم دەربەست لە باوەشا ڕەها دەکات .

- عارەق خواردنەکەتم زۆر بەدڵە !

بە پچرپچڕی قسە دەکات .

- حەزدەکەم کە...

برژانگەکانم دەنمە سەر یەک . بۆچەند ساتێک بێدەنگ دەبێت . هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت . گەرمای هەناسەی گۆنام داغ دەکات . بە ئارامی دێتە قسان .

- هەندێکەس ... زۆر خراپ عارەق دەخۆنەوە !

گۆناکانی دەگرمە هەردوو نێولەپم و چاو لە دوڕ چاوانی دەبڕم .

- دیسان درۆت کرد ؟

دەناڵێنێ . سەری دەخاتە سەر شانم .

- پێم گوتیت کە ... من ئەسڵەن نازانم درۆ چییە ! ... من خەڵکی ئەسفەندوقەم ! خەڵکی جبال بارزم ! خەڵکی ڕودبارم ! ... خەڵکی هەموو شوێنێکم . هەموو دنیا ! ... لە هەموو جێیەک ژیاوم . لە هەموو شوێنێ ژوورێکم هەبووە لە قەد خۆم . ئێستا خەڵکی بەندەرم ...

- بەڵام ... مەگەر تۆ ... دەگەڵ چەند کەسدا عارەقت خواردووەتەوە کە ...

دەنگی لە ئەوکیا دەگیرێ .

- دەگەڵ هەموو دنیادا !

- چما تۆ تەمەنت چەندە ؟

سەری لە سەرشانم هەڵدەبڕێ ونیگام دەکات . خەندە ، لێوە ئەستوورەکانی لێکدی دەترازێنێ . چاوانی دەدرەوشێنەوە .

- ئەسڵەن ... بۆچی قسەی مفت دەکەین ؟

وەکو لاولاو لە قەدم دەئاڵێ . زەمزەمەی دەژنەوم .

- بۆنی لەشت مەستم دەکات !

عارەقەکە کاری خۆی کردووە . خەریکە مەست دەبێت . ئەو وێنەبەندە زیوینە نەخشراوەی کە بەزنجیرێکی زەردی هەرزان بایی لەملی کردووە ، کەوتووەتە سەر تەختی سینگی .

- شەریفە ... نەتگوت کە ئەم قاپە (وێنەبەندە) ...

خێرا قسەکەم پێدەبڕێ ، خۆی جەم وجۆر دەکات ، مەچەکم دەگرێت و بەتووڕەیی تەمەشام دەکات و دەڵێت :

- پێمگووتیت کە ... ئەمە وێنەبەندێکی زیوە . تەنیا قاپێکە و هیچی دی !

گرژ دەبێت دەداتە سەرسەختی .

- سەد جارم گوت کە هیچی تیانییە !

- دووعایە ؟

مەچەکم دەگوشێت .

- بەریدە !

برۆکانی وێک دێنەوە . گۆشەی دەمی چرچ دەبێ . ئەگەر لاساری بکەم ، دیسان وەکو پێرێ شەو توورە دەبێت . وەکو پێرێ شەو بەعز دەکات و.. بە رووتی لە گۆشەی ژوورەکە هەڵتووتا .

چەندم هەوڵداو لێی پاڕامەوە ، ئەودەمەی لێکی نا نەیکردووە و نەیکردەوە . پێداگری لێناکەم . وێنەبەندەکە ڕەهادەکەم . ئێستا شارەزای بووم . ئێستا خولّق و خووی باش دەناسم . بێدەنگ دەبم و دەنگی دڵی گوێم پڕدەکات و بۆنی ئارەقەکەی لەشی کە بۆنی ژنە ، دەڕژێتە گیانمەوە .

( ٣ )

عەلی گۆڕاوە . کارەکانی ، خولّق و خووی و تەنانەت تەمەشاکردنەکەشی گۆڕاوە .

عەلی ، لەبەندەر کنگ دێتەوە . ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . پەشتەماڵەکە هەڵدەگرێت و دەچێت بۆسەر بیرەکە . لە شی فێنک دەکاتەوە و پەشتەماڵە تەڕەکە دەدات بەسەر شان و پشتیا و دێتەوە بۆناو ژوورەکە . لە ژێر باگیرەکەدا ڕاکشاوم . عەلی بەدیار سەرمەوە دەوەستێت و تەمەشام دەکات . دەڵێی تازە بووەتەوە . ڕوخساری کە تاوەگاز و ڕەش هەڵگەڕابوو، ڕەنگی بەرداوەو کراوەتەوە . لێوانی عەلی دەترازێن .

- لێم زوێری ؟

- نە !

بلوزەکەی لە گوڵمێخەکە دەکاتەوە و بە دەستەوەی دەگرێت .

- با ، زیزی !

- ئاخر ...

بە توندی قسەکەم پێدەبڕێ .

- دەزانم ... دەزانم ... هەستە بابڕۆین بۆ پشتە !

خۆرئاوایە ، بەڵام هێشتا دنیا گەرمە .

دەکەوینەڕێ . عەلی بێدەنگە . زۆر بێزەوق و بێ کەیفە . بەبەرموەلیدەی کارەباکەدا تێدەپەڕین . هی زەمانی دەقیانووسە .

- خوا عافووت بکات شێخ جابر ... لە هندستانەوە هێنای جا بە چ زەحمەتێک ...

هەر ڕۆژەی شوێنێکی خراپ دەبێت و بەهەزار زەحمەت پینە و پەڕۆی دەکەن ، چەک وپینەی دەکەن و دووبارە دەیخەنەوە ئێش .

- ... کابرایەکی میکانیکی هیندیشی لەگەڵدا بوو ، خوا عافووی بکات و یادی بەخێر ...

کە خۆر ئاوا دەبێت ، تەقەتەقی دەست پێدەکات .

- ... هێی ڕۆژگار ! ... چ زوو تێپەڕی . دەڵێی دوێنێ بوو . منداڵ بووین ودەهاتین بزانین کە چۆن تەقەتەق دەکات . قایشەکەی چۆن دەسووڕێتەوە و چۆن سەهۆڵ درست دەکات . دوو سەد گڵۆپ ڕۆشن دەکات . چەند گڵۆپێک بۆماڵ فەرماندەی فەوج ، چەن دانەیەک بۆماڵی فەرماندەی سریە و پاشان بۆماڵی سەرۆکی گومرک وسەرۆکی شارەبانی و ماڵی عەدنانی کە هێشتا باڵای وەکو خەدەنگ ڕاستە و هەموو ددانەکانی ساغن .

عەدنانی ، ڕدێنە نەرم و سپییەکەی دەخورێنێ و قسەدەکات .

- ... کە تەقەتەقی بەرز دەبووەوە و گڵۆپەکان هەڵدەبوون ، سەرمان دەسووڕما ... ئاخر چۆن دەبێ مەکینەیەک لێرە کاربکات و ئەوسەری شار ڕووناک ببێتەوە .

لە ئێوارە تا بەیانی چەند قاڵبە سەهۆڵێک دروست دەکات بۆ جەنابی کۆلۆنێل و جەنابی مێجەر و سەرۆکی گومرک و سەرۆکی شارەبانی و یەک دوو قاڵبیش دەگاتە ( ئاهەن ) بە قیمەتی زێڕ کە بیخاتە پاڵ بوتڵە عارەقەکانی

بە قەراخ پەرژینی باخی عەدنانیدا ڕەتدەبین .

کاژۆلەیەکی خەنەیی چووەتە سەر پەرژینەکە و ملی بەرز کردووەتەوە تا لقی ئەو دار لورییە ( لوری: جۆرە درەختێکە لە تیرەی توو کە لە ڕاستیدا ، بەجۆرێک لەجۆرەکانی هەنجیر دەژمێردرێ . لە ناوچە گەرمەسێرەکاندا و

لەباشووری ئێراندا دەڕوێ )ی کە لە پشت پەرژینەکەوە بەرز بووەتەوە ، بەددان بگرێت و گەڵاکەی بخوات ، بۆنی دووکەڵ و بۆنی برنجی خاو کە لە مەنجەڵدا قوڵپ بدات ، کۆڵانی تەنگی خنجیەکانی پڕکردووە .

لە شار دەچینە دەرەوە . غوبارێکی قورس کە تێکەڵ بە تەمی دەریا بووە ، باڵی بەسەر شاردا کێشاوە . دەنگی جوانەگایەک کە دەڵێی داوای جووتی خۆی دەکات ، لە ناو تۆز و غوبارەکەدا سەرگەردانە . ڕووناکی لۆکسەکانی (ئاهەن) کە تازە هەڵی کردوون ، تا داوێنی گردەکە دەڕوات . بەکوێرە ڕێگا پێچاوپێچ و گڵەکەی پشتەدا سەردەکەوینە سەرەوە . غوبارەکە دەجولێ . نەرمە بایەک لە سەمتی دەریاوە دێت کە بۆنی خوێ دەدات . بەڵام نمسار و فێنکە . لە سەر پشتەوە ، دەریا بەباشی دیارە . شار لە تاریکی کەم ڕەنگی خۆر ئاوادا نقووم بووە . کەلە سەربانەکاندا ، تاک تاک فانوسێ یا چرایەک یا لۆکسێک پڕ شەوق هەڵدەبێ . هێشتا کەس بۆ پشتە نەهاتووە . ئاهەن ، تازە مەقەڵییەکەی داگیرساندووە . عەلی یەکڕاست دەڕواتە سەر سەندووقە سەهۆڵەکە و لە بەینی کلۆ سەهۆڵەکانەوە ، نیو بوتڵ عارەقی خورما دەردێنێ و دێت دادەنیشێت .

– هیچ ناخۆی ؟

هیچ قسەیەک ناکات . زۆر پەستە . هەڵدەستم و بەرەولای ئاهەن دەڕۆم .

– یەک تاسولکە ماست و دوو شیش گۆشت .

دوو پیاڵەی خاڵی لە دووکانەکەی ئاهەن هەڵدەگرم ، خوێ بە ماستەکەوە دەکەم و بۆلای عەلی دەگەڕێمەوە .

پشتە ڕوناکە . شەش لۆکس ، لێرە ولەوێ ، بە کۆڵەکە دارەکانەوە هەڵواسراون . ڕوناکی ، تا داوێنی پشتە هاتووە و لەوێوە ئیدی تاریکە . ڕوناکی چراێن ڕەنگاوڕەنگی کەشتیەکی بچووک کە بەسەر دەریاوە دەبزوێ ، لە تاریکیە دوورە دەستەکانەوە دیارە . جووڵەی کەشتییەکە خاوە . دەبێ لەو بارکێشانە بێت کە لە نێوان میرنشینەکانی کەنداوی فارسدا هاتووچۆ دەکەن . ڕەنگیشە لەو کەشتییە ماسیگرە بیانیانە بن کە جاربەجار دەکەونەڕێ ودێن و تۆڕی ماسیگرانی خۆیی دەدڕن و تۆڕ هەڵدەدەن و بەڕادەکانیان پڕ دەکەن و کەسیش کاری بەکاریانەوە نییە .

دەنگی ناسازی لال محەمەد ، لە گوێمدایە .

– لە بەحرێن ... شاریجە ... چوزانم لە عومانەوە ... دەکەونەڕێ ودێن ڕاو دەکەن ... دەریا گەورەیە ... ئێمە بەغیل نین ... باشە با ڕاو بکەن ، بەڵام بۆچی تۆڕەکانی ئێمە دەدڕن ؟ ... کەسیش دەرقەتیان نایەت ... ئەسڵەن کەس نییە تا دژایەتیان بکات یان نەکات !

عەلی ، دوو پیاڵە عارەقی دوا بە دوای یەک هەڵدەدات و ئەوجا جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و پشت دەدات بە پشتی تەختە زبر و ناقۆڵاکەوە و تەمەشای ئاسمان دەکات کە ئێستا کراوەتەوە .

عەلی ، حەوسەڵەی ئاخافتنی نییە . هاتووە کە ڕەفتاری ڕابوردووی لە دڵم بسڕێتەوە وکەچی هێشتاش پەستە . زۆری لێناکەم ، پێداگری لێناکەم . پیاڵەیەک عارەق دەخۆمەوە و دەچم بۆلای ئاهەن کە خەریکە خەڵوزەکە باوەشێن دەکات .

بۆنی گۆشتی برژاو بڵاودەبێتەوە . ئاهەن شیشەکان هەڵدەگێڕێتەوە . چەوری گۆشتەکە دەتکێتەوە . خەڵوزەکان دەگەشێنەوە . عەریف مرادی بەسواری پاسکیل پەیدا دەبێت . ( مەمدو )ی لە گەڵە . عەریف مرادی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . لە لەنگەوە تا پشتە بە پایەدرلێدان هاتووە . مەمدو ، سەرحاڵ و بەدەماخە . ڕوخساری سەوزەی ، چاوانی درشتی ڕەشی ، قژی نەرم و ڕەخشانی و ڕەفتاری کە زیاتر لە هی کچۆڵان دەچێت ، عەریف مرادی دیل وئەسیر کردووە .

– مەمدو ، چی دەخۆی ؟

عەریف مرادی ، بەدەستە سڕەکەی ئارەقەی گەردن و گۆناکانی دەسڕێت و بەرەولای ئاهەن دێت . مەمدۆ ، دەچێتەسەر سەندووقی سەهۆڵەکە .

– عارەقی خورما دەخۆم !

مەمدو ، تازە بووە بە عارەق خۆر . کە باسی عارەق دەکات ، پۆزلێدەدا . دەڵێی هەست بە ( پیاوەتی ) دەکات . وا دەنوێنێ کە ئیدی منداڵ نییە و دەتوانێ پێ بە پێی مرادی کە گەردنی بە تەور نایەتە بڕین و خوێن لە نووکی سمێڵی دەچکێ ، هەنگاو بنێت .

عەلی ، شیشە گۆشتەکەم لە دەست وەردەگرێت ، دەنگی تازە باڵق بووی مەمدو دەژنەوم .

– ئەمشەو یەک چارەک عارەقی خورما دەخۆمەوە !

عەریف مرادی دێت و لە تەنیشت عەلییەوە دادەنیشێت .

– زوو دەستان پێکردووە !

ئەمە ئیشی هەموو شەوێکمە . کە خۆر ئاوادەبێت یا دەڕۆم بۆ کەنار دەریا ، لەسەر لمەڵانەکە پاڵدەدەمەوە و عارەق دەخۆمەوە یا دەڕۆم بۆ پشتە ، لە گەڵ برادەراندا دادەنیشم تا شەو بگاتە نیوە و بتەزم و بڕۆم وبخەوم تا سبەی ئێوارە دێتەوە و هەمان تاس و هەمان حەمام ، دەست پێ بکەمەوە .

تادوو مانگ لەمەپێش کە عەلی لە بەندەر کنگ هەواری نەخستبوو ، هەموو شەوێک پێکەوە بووین .

مەمدو ، دێت . نیو قاپە عارەقە فێنکەکەی ناوە بە گۆنایەوە . لە هەنبەر عەریف مرادی دا دەوەستێ .

- یەک چارەک دەخۆمەوە و پاشان ...

عەریف مرادی مەچەکی مەمدو دەگرێت و ڕایدەکێشێت بۆلای خۆی و دەڵێ :- دوایی و موایی نییە !

نیو قاپە عارەقەکەی لە دەست دەردێنێ .

- ئەمشەو شتی وانییە .

عەلی ، پیاڵە عارەقەکەی هەڵدەدا .

ئاهەن دێت و سینییەک بە تاسولکەیەک ماستەوە لە بەردەم عەریف مرادی دا دادەنێ .

- ئاخر یەک هەفتە زیاترە کە ...

عەریف مرادی هەڵدەداتێ :- تازە ئەمشەو ، شەوی پێنجەمە . وادەزانی حیسابم نەگرتووە ؟

چاوانی مەمدو دەدرەوشێنەوە ودەنگی نزم دەبێت .

- شەوی پێنجەم ؟

عەریف مرادی مەمدو بەخۆیەوە دەگوشێ و بەهێمنی دەڵێت :

- گیانەکەم حیسابەکەم لەلایە ... بەخۆڕایی سەرپێچی مەکە ... قەرار بوو هەفتەی یەک کەڕەت ...

- بەڵام کە عارەقەکەم خواردەوە دەڕۆم .

- نە !

- بتەوێ یا نەتەوێ ...

- گوتم که نه !

- ئاخر به شەریفەم گوتووە کە دەچم بۆلای ...

عەلی لەپڕ ڕادەچڵەکێ و لەجێی خۆی دەجوڵێ و سەر وەردەگێڕێ و لە سەرووی شانی مرادییەوە دەڕوانێتە مەمدو . مرادی دەڵێت :

- نابەجاییت کردووە .

- کەواتە عارەق ناخۆمەوە !

عەریف مرادی بەدەنگێکی گڕ دەڵێت :

- ئاهەن چەند خاوەخاو دەکەی ... کوا ئەو گۆشتانە زوو بێنە .

مەمدو دەستی مرادی لەسەر شانی لادەدات و هەڵدەستێت و بەرەو دوکانەکەی ئاهەن دەڕوات و تکەکان وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە . عەلی ، نیگای بەگەڵ ڕۆیشتن و هاتنەوەکەی مەمدو دەخات . ئەوسا پیاڵەکان پڕدەکات . نیوقاپی یەکەم تەواو دەبێت . عەلی هەڵدەستێت و دەچێتە سەر سەندووقە سەهۆڵەکە ونیوقاپ عارەق هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوەو ڕوو بە ڕووی مەمدو دەوەستێ و تفێک دەکات .

عەلی دەست لە گەردنی نیوقاپەکە توند دەکات . چاوانی عەلی بچووک بوونەتەوە . مەمدو وەکو ئەوەیە غافڵگیر بووبێ ، بە جۆرێ دەرەوێتەوە و پشتی دەچێتە دواوە کە پشتی ڕێک بەپشتی تەختەکەوە دەچەسپێ .

لە تەمەشا کردنەکەی عەلی دەترسم . مرادی کە پیاڵە عارەقەکەی لە لێوی نزیک کردووەتەوە ، هەڵوەستەیەک دەکات و تەمەشای عەلی دەکات . چرچەکانی هەنیەی عەلی چوون بەیەکا و گرژە ، تەمەشای مەمدو دەکات .

مەمدو ، وەخۆی دێتەوە . خۆی گرد وکۆ دەکاتەوە و بە دەنگێکی لەرزۆک دەڵێت :- بۆچی بەمجۆرە تەمەشام دەکەی ؟

عەریف مرادی ، پیاڵە عارەقەکەی هەڵدەدات ودەڵێت :- چی بووە عەلی ؟

عەلی ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و سەری نیو قاپی دووەم دەکاتەوە و دادەنیشێت . گەیلان دێت بەسەرا . لە پاسکیلەکەی دادەبەزێ . نیوە نەفەس بووە . داوێنی دیزداشەکەی کە لە ناوقەدی بەستووە ، دەکاتەوە و پاسکیلەکەی دەداتە پاڵ یەکێک لەو کۆڵەکانەی کە لۆکسەکەی پێوە هەڵواسراوە . دوای ئەوە ئەنوەر مەشدی دێت .

پشته ، خەریکە بەرەبەرە پڕدەبێت . مرادی بە خورتی عارەق دەرخواردی مەمدو دەدات . مەمدو ، دوو — سێ بنە پیاڵەی خواردووەتەوە و دەڵێی مەست بووە . ڕوخساری گەنم ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە . گۆناکانی وەکو گۆشتی ئاسک ، سوور هەڵگەڕاوە . سوورێکی تۆخ ، وادیارە حەزدەکات سەربکاتە سەر ئەنوەر مەشدی .

ئەنوەر مەشدی ، چەفیەکەی لە سەری بەستووە و کەمێک دوورتر ، لە لای یەکێک لە کۆڵەکە دارینەکان ، لە سەر تەختێک بە چیچکانەوە هەڵتروشکاوە وچەناگەی ناوەتەسەر ئەژنۆکانی و جارجارێ ، ژێراوژێر تەمەشای مەمدو دەکات . ئێستا ئیدی حاڵی بووە کە دەبێ پاشەکشە بکات . نە دنەدانی قەدم ئەنجامێکی هەبوو ، نە تکا و ڕجای لە من و عەلی کە مرادی بێنینە سەر ئەقڵ و ئامۆژگاری بکەین .

مرادی ، وازی لە قەدەم هێناوە و گوێ لە هیچ بەنی بەشەرێک ناگرێ .

– ئاخر تۆ نازانی کە کاتێ مەمدو قسەدەکات ، چۆن دڵم دێتە جۆش وخرۆش ! ... تۆ کە نازانی ... ئاخ ! ... چ حاڵێکم لێدێ ... تۆ کە ئەم شتانە نازانی ! ...

ئێستا هەموو خەڵکی شاردەزانن . سەرکۆنەکردنی بابی مەمدوش لەلایەن خەڵکییەوە هیچ فایدەیەکی نەبوو .

مەمدو ، مەست بووە . دەچێت بۆلای ئەنوەر مەشدی . وادیارە مرادیش پێی ناخۆش نییە کە مەمدو سەربکاتە سەر ئەنوەر مەشدی .

– بۆچی بە تەنێ ڕۆنیشتووی .

ئەنوەر مەشدی ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و بەنەرمی دەڵێت :

– حاڵت چۆنە مەمدو ؟

قسەکردنەکەی ئەنوەر مەشدی ، دەری دەخات کە دڵی شکاوە . مەمدو ئەم پێ و ئەوپێ دەکات و دەڵێت :– دەمەوێ بێم عارەقت لەگەڵدا بخۆمەوە .

ئەنوەر مەشدی ، چاوانی هەڵدەبرێ و بەنەرمی دەڵێت :

– سەر مەخە سەرم مەمدو تاقەتی هیچم نییە .

مەمدو ، قۆڵەکانی کراسەکەی هەڵکردوون . یەخەی تا سەر ناوکی کردووەتەوە . میدالێکی زیوینی گەورە کە بەزنجیرێکی ڕەشەوە ئاوێزانە ، لە سەر سینگی ساف ولووسی یاری دەکات . بە جۆرێ بەرانبەر ئەنوەر مەشدی ڕاوەستاوە و بەجۆرێ لاقی لێکدی بڵاوکردوونەتەوە ، پێدەچێ خۆی بە کەسێکی زۆر ڕەشید وجەربەزە بزانێ .

مەمدو ، پێدەچێ چەقۆی یایلی پێ بێ .

- ئێستا ئیدی تاقەتی ئێمەشت نییە نامەرد ؟

ئەنوەر مەشدی سەری دادەخات وخۆی بەپیاڵە بەتاڵەکەوە خجڵ دەکات و بەهێمنی دەڵێت :

- بیکە بەخاتری شیری دایکت سەر مەخە سەرم مەمدو !

عەلی ، لە پڕ لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بۆلای مەمدو دەڕوات و توند بازووی مەمدو دەگرێت و بەتوندی تەکانی دەدات وبە تووڕەیی دەڵێت :

- حەزدەکەی سەر بخەیتە سەر خەڵکی ، کوڕۆ ؟!

مرادی ، لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و بە هەشتاو بەرەولای عەلی هەنگاودەنێت ، قۆڵەکانی هەڵدەماڵێ .

- چیت لە مەمدو گەرەکە عەلی ؟

عەلی ، دەڵێی لە بیانوو دەگەڕێ . مەمدو ڕەها دەکات و ڕوو بە ڕووی عەریف مرادی دەوەستێ و بەدەنگێکی خەفە ولەرزۆک دەڵێت :

- ئێستا ، کاری بستەمنداڵێک گەییوەتە ئاستێک کە لەلایەن تۆوە بێت سەربخاتە سەر خەڵکی ، بەخەڵکی ڕابوێرێ ؟

ڕەنگ بە ڕووی مەمدووە نەماوە . مەمدو ڕەنگی زەرد بووە . دەنگی عەریف مرادی نامیهرەبانە .

- سەری نەکردووەتە سەرتۆ !

- فەرقی چییە ... ئەمڕۆ کە سەردەکاتە سەر ئەنوەر مەشدی ، سبەی کە ڕووی زیاتر کرایەوە لە گەیلان هەڵدەپێچێ و دواتر نۆرەی منیش دێت !

عەریف مرادی ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت :

- حەیفێ کە نان و نمەکم کردوویت دەنا ...

عەلی ، قسەکە بەمرادی دەبڕێ .

- بێگومان لەبەرخاتری لووسکەیەکی نێرەمووک دەتکێشا بەبنا گوێمدا !

هەمووان ، تەختەکانیان ڕەها کردووە و لە دەوری عەلی و عەریف مرادی خڕبوونەتەوە . مرادی دەڕوانێتە دەوروبەر . بۆڵەیەک دەکات و وازدێنێ .

- لائیلاهە ئیلەڵڵا !

سەری بەچەپ وڕاستدا بادەدا .

عەلی ، حاڵەتی پەلاماری هەیە . دەڵێی لێبڕاوە ، کە هەراو وفەرتەنە بنێتەوە . مرادی تف دەکات ودیسان سەری بەڕاست وچەپدا بادەدا و دەستی مەمدو دەگرێت و خێرا بەرەولای ئاهەن دەکەوێتەڕێ و مەمدو بە دووی خۆیدا بکێش دەکات .

- ئاهەن ، حیسابی ئێمە چەندە ؟

- پارە دامەنە !

عەریف مرادی ، بێئەوەی حیسابەکەی بدات ، پاسکیلەکە دەبات و لەگەڵ مەمدودا دەکەوێتەڕێ .

- بیخەسەر حیسابەکە !

مەمدو، لە سەر لاشەی پاسکیلەکە دادەنیشێت . عەریف مرادی خۆی هەڵدەداتە سەر سەرجەکە و بەخێرایی لێژگەکەی پشتە دەبڕێ . ئەنوەر مەشدی بەبەینی خەڵکەکەدا بەرەولای عەلی دێت .

- بە قوربانی ئەو دەمەت بم !

دەست لەملی عەلی دەکات ودەمی ماچ دەکات .

- بینیت ؟ ... بینیت چۆن ڕوودار بووە ؟

هەمدیس دەمی عەلی ماچ دەکات .

- بینیت چۆن سینگی دەرپەڕاندبوو ؟!

عەلی ، سەرودڵی گیراوە . ئەنوەر مەشدی دەداتە دواوە و دەگەڕێتەوە و لە شوێنی خۆی دادەنیشێتەوە . خەم نیشتووەتە سەر چاوانی عەلی . گۆشەکانی دەمی پێکەوە چەسپیون . هیچ کاتێک عەلیم بەم گرژ و پەستیە نەبینی بوو . ئەنوەر مەشدی ، ئەو نیوە قاپەی کە گەیی بووە نیوە هەڵدەگرێت ودێت لە بەرانبەرمان دادەنیشێت .

- ئەگەر حیسابی ڕوتبە و دەرەجەکەیم نەدەکرد ... ئەگەر حیسابی ...

عەلی ، قسەکەی ئەنوەر مەشدی دەبڕێت .

- دە بەسە ئیدی ... ئەوەندە فشەفش مەکە ! ئەگەر مرادی جلکی سوپاییشی لەبەر نەبوایە ، تۆهەر دەرەقەتی نەدەهاتی ، پێی ڕانەدەوەستای !

ئەنوەر مەشدی بە خۆدا دەشکێتەوە و دەچێتەوە قاوغەکەی خۆی .

دەنگی غەمناکی ناسر ، لە داوێن و بناری پشتەوە دەگاتە گوێ . " کت خواب مرا مستانه بنداز ... " " آی عزیزم ... " .

دوو هەیڤان پترە کە لە شیرازەوە شاربەدەر و ڕەهەنەی بەندەر لەنگەیان کردووە .

" تو پیچ پیچ ره میخانه بنداز ... نازنینم ... " .

دوای سێ ساڵ و شەش هەیف زیندانی ئازاد بووە ، بۆبەندەر لەنگە دوور خراوەتەوە . هێشتا بەباشی قسەم لە گەڵدا نەکردووە . جارجار دیوومە کە مەستی مەست ، بەناو کوچە وکۆڵانە پێچاوپێچەکانی لەنگەدا لارەلار سوڕاوەتەوە .

- دیسان ئەمڕۆ ناسر چەقۆکێش مەست بووبوو ، خۆی گف کردبۆووە .

- لەکوێ ؟

- لە بازاڕی مساح .

خۆ پێرێ بوو کە سەرخۆش بووبوو چەقۆکەی لەعاردی چەقاندبوو و (خەنیم خوازی ) دەکرد . خەڵکی دووراودوور ، لە دەوری خڕ بووبوونەوە و سەرۆکی شارەبانی بەندەر لەنگە کە ملازم یەکەمێکی ڕەقەڵەی درێژ داهۆڵی

داکەوتەیە دەگەڵ سەرپاسەوان مراد عەلیدا لە بەردەم ئاپۆڕاکەدا وەستابوو و دەپاڕایەوە کە چەقۆکەی هەڵگرێت وملی ڕێگا بگرێت و بۆماڵ بڕواتەوە . بە خۆ نواندنی مەستانە ، نەزم و زاکونی شار نەشێوێنێ .

دەنگی خەمناکی ناسر تەبعیدی کە خەریکە لە سەرەولێژگەکەی پشتەوە دێ بۆ سەرەوە .

( نازەنینم ... دڵگیرم )

( حەزدەکەم بخەوم و خەوت پێوە ببینم ... )

عەلی هەڵدەستێت و یەک نیو قاپی دیکەی عارەق هەڵدەگرێت و دەیخاتە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەی و نیوقاپی دووەم کە گەییوەتە نیوە ، لەگەڵ پیاڵەیەکدا بەدەستەوە دەگرێت و دەڵێت :- هەستە بابڕۆین .

هەڵدەستم . حەزدەکەم ، بەدڵی ئەو ڕەفتار بکەم . حەزدەکەم بیهێنمە قسان . بەڵکو قسە بکات و خۆی خاڵی بکاتەوە و باری سووک ببێت . بەڵکو باسی شەریفە بکات ، کە ئێستا قەناعەتم کردووە ، ناوی ئەو ، عەلی ڕادەچڵەکێنێ و پێدەچێ باسی ئەو لە سەر دڵی عەلی بووبێ بەگرێ .

بە لێژاییەکەی پشتەدا نشیو دەبینەوە . ناسر ، بەدەم گۆرانی وتنەوە تەمەشامان دەکات و دەست تەکان دەدات وبەلاماندا دەبوورێ . ئەنوەر مەشدی حەزدەکات کە لە گەڵماندا بێت . عەلی ، دوا بەشی نیوقاپی دووەم بەیەک بین هەڵدەدا و شووشە بەتاڵەکە تووڕ دەدات و تفێک دەکات و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و ڕوو بە ڕووی ئەنوەر مەشدی دەوەستێ .

- نا ، برا ! ... واز بێنە با خۆمان بەتەنیا بین .

گەیلان کەمێک دوورتر وەستاوە . بەسەر ئاماژە دەکات . عەلی دەکەوێتەڕێ . ئەنوەر مەشدی لە جێی خۆی دەمێنێتەوە . بەرەولای گەیلان دەڕۆم . دەڵێت :- زۆر مەستە ... بیبەوە بۆماڵ .

ئەسڵەن پێویستیم بە دڵسۆزی گەیلان نەبوو . لە یەکەم ڕۆژەوە کە ناسیاویم لەگەڵ عەلیدا پەیدا کرد ، چووە دڵمەوە ، تاپاشان هۆگری بووم و پاشان کە ...

عەلی ، بانگم دەکات .

- هاتی ؟

- هاتم !

ژێر باڵی دەگرم . دەڵێت :- بڕۆین بۆ ماڵی مرادی !

بە سەرسامی دەپرسم :- ماڵی مرادی ؟!

سەری دادەخات .

- ئاخر کارێکی خراپم کرد کە ڕوو بە ڕووی بوومەوە ...

زۆری خواردووەتەوە .

- ... لەو کارەم پەشیمانم ... وەکو سەگ پەشیمانم .

نیوقاپی سێیەم لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێ .

- ... ڕەقم لە خۆم دەبێتەوە !

ئەرزەکە ناهەموارە . عەلی لەتر دەدات . نیوقاپەکە دەشڵەقێنێ تا بە ناو لەپ بکێشێت بە بنەکەیدا و سەرەکەی بکاتەوە . شووشە عارەقەکەی لە دەست دەسەنم .

- ئیدی بەستە عەلی ! ... زۆرت خواردووەتەوە .

چەند ساتێک تەمەشام دەکات و پاشان لە سەر خۆڵ و گڵە نەرمەکەی داوێنی پشتە دادەنیشێت و لاقی لێڕادەکێشێت وهەردوو دەستی لەپشتەوە دەکات بە ئەستوونی بەدەنی و تەمەشای ئاسمان دەکات کە ئێستا سایەقە و ئەستێرە بارانە . بایەکی هێواشی دێت . دنیا فێنکە . دەنکە شقارتەیەک پێدەکەم و دەڕوانمە سەعاتەکەم . عەلی دەپرسێت :- چەندە ؟

- دە و چارەکە .

- سارەزی دەبێ بڕۆم بۆ کنگ .

- بچین بخەوین .

لەسەر خۆڵە پەتانیەکە ڕادەکشێت .

- لێرەیا دەخەوین . هەوا خۆشە !

چاوانی لێکدەنێ و قۆڵی ڕاستی دەخاتەسەر هەنیەی . بە چیچکانەوە لە تەنیشتیەوە دادەنیشم . نیوقاپە عارەقەکە و پیاڵەکە لە سەر بەردێکی ساف کە لە یەنیشتمەوەیە دادەنم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . دەم ولێوم پیس تاڵ بووە . دەنگە گۆنگەکانی شەو لە گوێما دەنگ دەدەنەوە . دەنگی سروە بایەک کە تازە هەڵیکرووە و خشەخشی چڵی ناسکی پنجە دڕووان کە دەوران دەوری پشتەی پڕکردووە و دەنگی دووراودووری دەریا ، هەر هەمووی تێکەڵاو بووە .

هەناسەی عەلی ئارامە . دەڵێی خەون دەبینێ . دەنگی خەواڵوو و گڕی دەژنەوم .

- ماوی ؟!

- ماوم !

- ئەمشەو لێرە دەخەوین !

- خۆ دەتویست بڕۆی بۆماڵی مرادی .

- سبەی مرادی دەبینم .

لە تەنیشتییەوە درێژدەبم . دیسان دێتە قسان . پێدەچێ بیەوێ قسە بکات .

- ژیان زۆر زوو دەڕوات ... سەیر ژێر وبان دەبێ ! ... دەگۆڕێ ! ... دەڵێی دوێنێ بوو ...

- باسی چی دەکەی عەلی ؟

هەناسەیەکی قووڵ بەدەنگەوە هەڵدەکێشێت .

- عارەقت هەیە ؟

- هەمە !

- تێکە !

- بەسە !

- نا ! ... تێکە با ئیسراحەت بکەم !

- ئاخر زۆرت خواردووەتەوە !

- زۆر ؟!

عەلی ، دەست لە سەر هەنیەی لادەبات و تەمەشام دەکات . پێڵۆ و برژانگەکانی قورس بوون . چاوەکانی ماندوو دێنە بەرچاو .

- ... هێشتا گەرووم وشکە ! ... دەڵێی زۆرم خواردووەتەوە !

بەدڵی ئەو دەکەم .

- باشە عەلی ... بۆت تێدەکەم . تا سپێدەش بخۆیتەوە بۆت تێدەکەم .

دۆستانە دەبۆڵێنم و سەری بوتڵەکە دەکەمەوە .

- تۆ بخۆرەوە ... من بۆت تێدەکەم .

لەپڕ ژێوان دەبێتەوە .

- ئەگەر پێت ناخۆشە ، باشە ... باشە دوایی !

ئەمەم دەویست . دەستم سست دەبێت .

- بەدڵی تۆ ، چۆنت پێ باشە باوابێ ...

- باشە دوایی .

بەخاوە خاو لە سەری دەڕوات .

- ... ئەسڵەن حاڵێکم هەیە کە حەز ناکەم لەجێی خۆم بجوڵێم ... تەنانەت دەستم ... تەنانەت قامکم ... حەزدەکەم بێدەنگ بم . بچمەوە قاوغی خۆم .

بوتڵەکە لە عاردی دادەنم و لەلایەوە ڕادەکشێم و دەڕوانمە ئاسمان .

کەمتر ڕێکەوتووە کە عەلی باسی ڕابردووی خۆی بکات ، پێدەچێ هەمیشە نیازی ئەوە هەبووە لەڕابردووی خۆی هەڵێت . لەم ماوەیەدا بۆم دەرکەوتبوو کە بابی جوتیار بووە . کە سێ براو و خوشکێکی بەرلەوەی بگەنە پێنج ساڵ

، یان بە سیرۆژە مردوون یان بە ئاوڵە ، یابە سەرما و برک یان بە کۆکە ڕەشە مردوون . بۆم دەرکەوتبوو کە هەر خۆی و خوشکێکی کە شەش — حەوت ساڵ لە خۆی گەورەترە ، ماون .

– ... بابم گوتی سبەی دەچینە سەفەر ...

***

**دەنگی ، خەوی دەڕژاندە چاومەوە . هەوەڵی شەو بوو . کازم و حەسەن ڕۆیی بوون . یەک — دوو هەفتە بوو کە عەتایان بۆ بەندەر خمیر ناردبوو . تازە هۆگری عەلی بووبووم . هەردووکمان مەست بووین . لەسەر لمەڵانی کەنار دەریا ڕاکشابووین . هەیڤە شەو بوو . عەلی قسەی دەکرد . دەنگە گڕ و دڵگیرەکەی تێکەڵاوی دەنگی ئارامی دەریاکە بووبوو .**

**– ... دایکم توێشوی ڕێگای ئامادە کرد . بەروبوومی کشت وکاڵەکەمان هەڵگرتبوو . بابم بە نیازبوو کە لە ڕێگای کرمانەوە بڕۆین ... بڕۆین بۆ زاهیدان ، پاشان بیرجەند و ... پاشان ، مەشهەد ... دایکم ڕۆماتیزمەی هەبوو . نەیدەتوانی لەگەڵ ئێمەدا بێت . عومرێ بوو کە کاسەی ئەژنۆی دەیەشا ، تووشی سوان بووبوو . لولاقەکانی دەیانزریکاند . نەیدەتوانی لە گەڵ ئێمەدا بێ . لەگەڵ شیرەی شەبەقا لە خەو ڕابووین . هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو کە ئوتومبیلێکی باری هات ، لە سەر بارەکانەوە سواربووین . ئوتومبیل کەوتەڕێ . دایکم لەجێی خۆی نەجوڵا . بەلاقی نەخۆشەوە لە سەر جادەکە وەستا . هێندەم سەیرکرد تا ڕوندک زابییە چاوانم ، کە فرمێسکەکانم سڕین ، ئیدی دیارنەما ...**

چەند ساتێک بێدەنگ بوو . ئەوجا هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

– هۆشت لای منە ؟

گوتم :– گوێم لێتە .

دیسان قسەدەکات .

– .. چەند سەفەرێکی باش بوو . چەند کەسێکی دیکەشمان لەگەڵدا بوون . شەش پیاو ، چوار ژن و شەش منداڵ کە هەموو پێکەوە دەمانکردە نۆزدە نەفەر . هەموو بار وبنەکانمان لای خۆمانەوە بوون . بارەکەی قورس نەبوو . لە قەراخ بۆدییەکە نزمتر بوو . لەوە دەچوو بارەکەی قوماش بێ ، یا چەرچەف ... نازانم ... زۆر نەرم بوو . مشەمایان بە سەردا دابوو. بارەکە لەقەراخ بۆدییەکە نزمتر بوو. دەمانتوانی پشت بە موحەجەرەی ، بۆدی ئوتومبیلەکەوە بدەین

. هەوا خۆش بوو . فێنک بوو . کە کەوتینەڕێ ، بەرەبەرە خۆرهەڵات . لە درزی محەجەرەکانەوە تەمەشای دەرەوەم دەکرد . ئەرزەکە بەکەنار ئوتومبیلەکەدا بە هەشتاو دەڕۆیی . درەختەکان دڕۆیشتن ، دەڕەڤین . ئەسڵەن نەمزانی کەنگێ گەیینە کرمان . لە هەر شوێنێکدا ئوتومبیلەکە ڕایدەگرت ، هەموو دەهاتینەخوارێ و چامان دەم دەدا و شتێکمان دەخوارد و کەیفمان دەکرد . چ لەزەت و کەیف و سەفایەکی هەبوو ! ... دەگەڵ هاوسەفەرەکانماندا بوو بووین بە دۆست . هەرچیەکمان هەبوو ، هەموو پێکەوە دەمانخوارد . بابم نێرگەلەکێش نەبوو ، لێ خوڵکیان دەکرد ، دەیکێشا . ئەویش سەبیلەکەی پڕدەکرد و دەست بە دەست دەیگێڕا . هەموو بەنیازی چوونە مەشهەد بووین . بەمەبەستی زیارەت و خاک و پای ئیمامی هەشتەم . قەرارمان کرد کە لە مەشهەد ، هەموومان بچینە یەک میوانخانە. لە کرمان لەیەک شوێن لاماندا ... لەیەک کاروانسەرای گەورە و وڕاق . هەوا خۆش بوو . شەوان لە دەوری یەک دادەنیشتین و تا نیوەشەو گوێمان لەقسەی گەورەکان دەگرت . چیرۆکیان دەگێڕایەوە . سەربهووردی خۆیان دەگێڕایەوە . حیکایەتەکەی بابا ئیسماعیل لە هەموویان خۆشتربوو . لە هەمووان پیرتربوو . هێندە گوێم لە قسەکانی دەگرت تا خەو چاوانمی پڕدەکرد ... پێنج دانە ڕۆژ لە کرمان بووین . ئوتومبیل بۆ زاهیدان دەست نەدەکەوت . چووین بۆلای وێنەگرێکی ئەرمەنی کە دەتگوت پایەکی دەلەنگێ ... بابم لە سەر کورسییەکی حەیزەرانی دانیشت . من لەسەر ئەژنۆی ڕاستی دانیشتم . ئاخر هەشت ساڵ دەبووم . خۆشکەکەم شەش – حەوت ساڵێک لە من گەورەتر بوو . خۆشکەکەم لە سەمتی چەپی بابمەوە بەپێوە وەستا . بابم هەردووکمانی لە هەمێزگرت . یانی دەستەکانی لە ملی هەردووکمان کرد ... دەڵێی ئا ئێستاکێیە ... دەڵێی هەست بە دەستە زبرەکانی لە سەر ملم دەکەم ... دەڵێی قیرتماغەی بەری دەستی بەسەر گەردنمدا دەسووڕێ . یارۆی وێنەگری ئەرمەنی ، وێنەی گرتین . بابم لە ناوڕاستەوە بوو ، ئێمە لەم لاو ئەولایەوە بووین . پاشان کەوتینە ڕێ و چووین بۆ گەراج . گوتیان ڕێگا ئەمین نییە . گوتیان لە ( شورەگەز ) :( شورەگەز ، ناوچەیەکە لە نێوان کرمان و زاهیدان . لەم ناوچەیە لافاو هەمیشە گردۆلکە لم و زیخەکان دەگۆڕێت . پتر لە دووکیلۆمەتری ئەم ناوچەیە ، ئەرزەکە نا ئەمینە . کامیون دەبێ زۆر بەپارێزەوە بڕوات تا نەچەقێت و لەئەرزەکەدا ڕۆنەچێ ) چەتە هەموو کەسێ ڕووت دەکەنەوە . دەیانگوت ، بەلوچانی تفەنگ بەدەست ، چەند شەوێک لەوەپێش ، لەپای ( میل نادر ) : ( میل نادر : بورجێکی کەرپووچی بەرزە لە نزیکی شۆرەگەز ، واباوە کەبە فەرمانی نادر دروستکراوە ) سێ کامیونیان ڕووت کردووەتەوە . بابم گوتی وادیارە قسمەت نییە بچینە زیارەتی ئیمام . دەیگوت وادیارە داوای نەکردووین . چەند ڕۆژێکی دیکە لە کرمان ماینەوە . بەڵام پێدەچوو قسەکەی بابم ڕاست بێ . قسمەت نەبوو بچینە زیارەت . پارەکەمان خەریکە تەواودەبوو . ئەوەبوو کە گەڕاینەوە . ئەو وێنەیەم هێشتا لە یادە کە وێنەگرە ئەرمەنییەکە گرتبووی . لێوە ئەستوورەکانی بابم ، بزەیان نیشتبووە سەر . چاوانی ڕەشی خوشکەکەم پرشنگیان دەدا . من گەردنم خوارگرتبوو . زارم کەمێک

کرابووەوە کە هەموویان گاڵتەیان پێدەکردم . بەڵام خۆشکەکەم ... وێنەی خۆشکەکەم ... عەلی لەپڕ دادەنیشت ، تەمەشام دەکات و دەڵێت :- عارەقت هەیە ؟

- هەمە .

- تێکە !

بەجۆرێ داوادەکات کە ناتوانم دەست بەڕوویەوە بنەم . دەزانم کە دەبێ بۆی تێبکەم ، دەنا ورکم لێدەگرێ . بۆی تێدەکەم . پیاڵەکە بە قومێک دەخواتەوە . هەر بەو دەقەوە کە دانیشتووە ، نیگای دەبڕێتە تاریکی دەشتەکە . دوای چەند ساتێک دەجوڵێ و هەڵدەستێتە سەرپێ .

- هەستە بڕۆین مرادی بدینین .

- گوتت سبەی دەیبینم .

- خۆم ناگرم . کارێکی زۆر خراپم کرد کە دەمەدەمەم لەگەڵ کرد . ژیان ئەوە نایەنێ .

دەڵێی ئەو ماوەیەی بەبێدەنگی پاڵکەوتبوو ، لەبیری مرادیدا بوو . دەکەوێتە ڕێ .

- ئاخر بۆ دەبێ زویری بکەم .

دووی دەکەوم .

- تۆ کە کارت بەو نەبوو ، مەبەستت مەمدو بوو .

لەپڕ دەوەستێ ، دەڵێی لەبیری چووە بەهۆی مەمەدۆ وە لەگەڵ مرادی تێکچوو .

- ها ؟ .. بەڵێ تۆ ڕاست دەکەی ... مەمدو !

سەری بەچپ وڕاستدا با دەدا و تف دەکات .

- مرادی بەتەمای چییە ؟ ... بەو سمێڵە زلەیەوە کە لە دەسکی گسک دەچێ ، شەرم ناکات کە لەگەڵ ئەم کوڕەدا .. نازانم .. من شەرم دەکەم هەر بیریشی لێبکەمەوە ... بەتەمای چییە ؟ ... تف !

- ئەنوەر مەشدی بەتەمای چییە ... نایب زابت مینابی بەتەمای چییە ؟

دەگەینە گۆلاوێکی سەرپۆشراو کە سپی دەچێتەوە ... ڕێگایەکی ئەوتۆی بۆبالاخانە داڕووخاوەکانی قەراخ شار نەماوە . مانگ ، دەردەکەوێ ، دنیا کەمێک ڕووناک دەبێتەوە . علی ، ڕوو بە ڕووی دەرگای گۆلاوەکە دەوەستێ و سەردەکێشێتە ناو گۆلاوەکە .

- وەرە خۆمان ڕووت بکەینەوە و خۆمان هەڵدەینە گۆلاکەوە . ئاوی گۆلاوەکە دوو مەترێک قووڵە . .

- دەخنکین .

- گەرمامە .

- شەوە ... عارەقمان خواردووە . ناو گۆلاوەکە تاریکە ... دەخنکین .

عەلی مەستە . من هۆشم بەخۆیە .

- ئەگەر خۆمان هەڵدەینە گۆلاوەکەوە ، وەخۆ دێنیەوە .

خراپ وڕکی گرتووە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دەیدەمە دەستی . مژ لە جگەرەکە دەدات و دەڵێت :

- گرەو دەکەم کە بەم جگەرەیەوە خۆم بە گۆلاوەکەدا بکەم و نەکوژێتەوە .

خراپ گرتوویەتی .

- پیاڵەیەک عارەقت بۆ تێبکەم .

دەبێ سەرگەرمی بکەم و گۆلاوەکەی لەبیر بەرمەوە .

- .. ئەگەر نەیخۆیتەوە گەرم دەبێت .

- تێی بکە .

پیاڵە عارەقەکە وەردەگرێت و مژ لە جگەرەکەی دەدات و دەکەوێتە ڕێ . دەڵێی ئەسڵەن باسی گۆلاوەکە هەر نەکراوە . شان بەشانی دەکەومەڕێ . دێتە قسان .

- ... ئەرێ .. خەریک بوو ئەمەم دەگوت ...

پیاڵەکە هەڵدەدات ودەست بەقسان دەکات .

- ... خۆم ڕووت کردەوە و چوومەناو ڕۆخانەی هلیل ( هلیل : ڕوخانەیەکی دەشتی جیروفتە کە قووڵ نییە . بەڵام بەهاران هەڵدەستێ) .

قسەکەی بە نیوەچڵی دەهێڵێتەوە وتەمەشام دەکات . دەڵێی بیری دەکەوێتەوە کە هیچ باسێکی ڕوخانەی هلیل لە ئارادا نەبووە .

دەکەوێتەڕێ و لە سەری دەڕوات .

- ... بەهار بوو چوو بووین بۆ جیروفت . چوو بووین بۆ دەوڵەت ئاباد بۆ دیدەنی خزم و کەس و کارەکانمان . بەهار بوو . هەوا کەمێک گەرم بوو . ڕوخانەی هلیل بەهۆی سێڵاوەوە هەستابوو . خۆم ڕووت کردەوە و خۆم هەڵدایە ناو ڕوبارەکەوە . کاتێکم بەخۆ زانی سەیرم کرد خەریکە دەڕۆم . ئاوەکە بردمی . دەستم بە هیچ شوێنێک نەدەگەیی . خۆشکەکەم هەراسان و دەسەپاچە دەبێ ... خۆی گوتی کە هاواری کردووە . من بە هیچ جۆرێ گوێم لە دەنگی نەبووبوو .. دەنگی ئاوەکە وەکو هەورەتریشقە لە گوێمدابوو . ترسابووم . وەکو پوشکە کەوتبوومە بەر ڕەوتی ئاوەکە . باوکم لەناو کەپرەکە دەبێت ، خوشکەکەم هاوار دەکات . ئەگەر خوشکەکەم نەبوایە ، ئەگەر کویخای دەوڵەت ئاباد نەبوایە ئاوەو ئاو ڕۆیشتبووم . تا ئێستا حەوت کفنم ڕزاندبوو .

دەگەینە هەوەڵین کۆڵانی پێچاوپێچی شار . کۆڵانێکی تاریکە . مانگ ، بەئاستەم داویە لە قەراخی سەرەوەی دیوارەکە . ژێر باڵی عەلی دەگرم . باسکیم لە دەست دەردێنێ و دەڵێت :- دەتوانم برۆم .

- مەبەستم ئەمە نەبوو . دەمویست لێتەوە نزیکتربم !

مۆڕەیەکم لێدەکات و بەپەستی دەڵێت :- درۆدەکەی !

لە جێی خۆم ڕادەچڵەکم .

- درۆ دەکەم ؟!

یەکسەر دەگۆڕێ و باوەشم پێدا دەکات و گۆناکانم ماچ دەکات و دەست دەخاتە سەرشانم و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- نا ... تۆ باشی ! ... من خراپم ! ... من !

گریان ئەوکی دەگرێت :- تۆ برای منی ! ... تۆ ... دەزانی ؟ ... ئاخ ! ...

قسەکەی دەخواتەوە . بۆساتێک لە ڕێکردن دەوەستێ و ڕوو بە ڕووم دەوەستێ و تەمەشام دەکات . لە تەمەشاکردنەکەیدا جۆرە سەرزەنشتێک بەدی دەکرێت کە دەگەڵ قسەکردنەکەیدا تێکناکاتەوە .

- هیچ ! ... باوابێ ! ...

دەکەوینەوە ڕێ و لەسەری دەڕوات .

- بڕۆین ...با بڕۆین مرادی بێدار بکەینەوە و عارەقی لە گەڵدا بخۆینەوە و دڵی بدەینەوە .

ئەوەندە ماندوو بووم کە حەزدەکەم خۆم ڕووت بکەمەوەو بچمەسەربان و لە سەر حەسیرێکی شێدار ، وەکو مردوو ، دەست ولاقی لێ ڕاکێشم و بخەوم .

ئەو نەرمە بایەی کە لەسەرەتای شەوەوە هەڵی کردبوو ، کەمێک بە قووەت دەبێت . دەزانم کە ئەگەر بایەکە تەکانێکی زیاتر پەیدا بکات ، تۆفانی بە دوادا دێت . هەموو کاتێ هەر وابووە . لە هەوەڵەوە سووک دوای تۆزێک توندتر دەبێ وپاشان ، لە ناکاوا پێچ بەسکیا دێ و دەریا دەهاڕوژێنێ .

نەرمە بایەکە توند دەبێ ، بەڵام زەحمەتە تۆفانی بەدوادا بێ . چونکە ماسیگرەکان ، لە ئێوارەوە خۆیان بەدەریادا داوە ، ئەگەر بیانزانیبا زریان هەڵدەستێ ، هەرگیز کاری وایان نەدەکرد .

- لال محەمەد ، ئەمشەو دەچین بۆڕاو؟

لال محەمەد ، بۆنی هەواکە دەکات . دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات ، چنگێک لە لمی کەنارەکە هەڵدەگرێت ، دەیداتە بەر ئەو نەرمە بایەی کە بە سەر دەریاکەوە دەڕوات و سەرێک دەلەقێنێ .

- دەڕۆین ... بایەکە دەگۆڕێ بۆ شەرقی .

دەگەینە بەر دەرکەی ماڵی عەریف مرادی . عەلی بەمست لە دەرکە دەدات . دەرگاکە ئەوەندە ئەستوور وقورسە کە هەر وەڵام ناداتەوە . عەلی دادەنەوێتەوە و خڕکە بەردێکی گەورە لە عاردی هەڵدەگرێت و لێکدالێکدا دەیکێشێت بە گوڵمێخی گەورەی دەرگاکەدا . دەنگی خەواڵووی عەریف مرادی لە سەربانەوە دێت .

پاشان ، لە سەر گوێسەبانەکەوە ، سەرو کەللەی لەبەر تریفەی مانگەکەدا دەردەکەوێت .

- بەم شەوە چ گلاراوێکتە کە بەم جۆرە لەدەرگا دەدەیت .

عەریف مرادی سەردەکێشێت :- کێیە ؟

عەلی ، زۆر دۆستانە دەڵێت :- مرادی گیان دەرگا بکەوە !

- ئێوەن ؟

- وەرە دەرکە وەکە مرادی گیان دەمەوێ ماچت بکەم !

قسەکانی مرادی ، جۆرە گلەییەکیان پێوە دیارە .

- زۆر مەمنوونم عەلی گیان ... لێم گەڕێ بابنووم ، سبەی بەیانی زو دەبێ بڕۆم بۆ ( چاە مسلم ) .

دەمزانی کە مەمدوش لەوێیە و دەمزانی کەکاتێ مەمدو لەوێ بێ ، مرادی ڕێگە بەهیچ بەنی بەشەرێک نادات بچێتە ماڵەکەی .

مرادی بە تەنیا دەژی . تەمەنی هەر سی و پێنج ساڵێک دەبێت . خەڵکی کازرونە . ئازای بەدەنی خاڵکوتە . تەنانەت سمت و کەفەڵیشی .

- مرادی چۆن توانیت ئەم هەموو دەرزیەت بەبەدەندا بکەن .

- گەنجی و هەزار عەیبی شەرعی !

دەنگی عەلی ، لە گەروویدا دەپەنگێتەوە .

- مرادی وەرە دەرگا بکەوە دەنا وەکو پشیلە لە دیوارەکەوە سەردەکەوم .

مرادی دەبۆڵێنێ :- ئاخر بەم درەنگە شەوە .

- هێشتا هەوەڵی شەوە ...

- ڕەحمەت لە بابتان ! ... وا بەرە بەیانە !

- عارەقت هەیە ؟

- ژەهری ماریشم نییە !

- یەک چۆڕیش ؟

- قەترەیەکیش !

- من پێمه ... دەرکە وەکە !

مرادی دەبۆڵێنێ و سەری لە گوێسەبانە و ستارەی سەربانەکە دەباتە دواوە .

دەست دەخەمە ناوقەدی عەلی .

- با بڕۆین عەلی ، مەمدوی لە لایە ... خواش بێتەخوارەوە ، دەرگای لێناکاتەوە .

عەلی دەست بە درزی چینەبەردەکانەوە دەگرێت تا بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێت .

- مادام مەمدو لەوێیە هەردەبێ بچمە ژوورەوە .

باسکی عەلی دەگرم .

- خۆ تۆ نیازت وابوو دڵی بدەیتەوە . ئەمە خراپتر دەبێ !

- ئاخر ...

- گوتم کە ... مادام مەمدو لەوێیە ...

سەری بەچەپ وڕاستدا بادەدات .

- لەعنەتی خوا لە ...

لەپڕ هاوار دەکات .

- بتۆپە تا سبەینێ .

دەکەوێتەڕێ . دەمەوێ کە ڕێکێشی بکەم تا بە ناو خەرابە و کەلاوەکاندا ، قەدبڕ بەرەو گەراجی عەدنانی بڕۆین ، بەڵام بەهەموو مەستییەکی خۆیەوە هەست بەمە دەکات .

- بۆچی لەم بەرەوە ؟

- بابڕۆین بخەوین .

- مرادیمان حاسڵ نەکرد .

- سبەی دەیبینم .

- عەریف غانم کە لووسکەی لەلا نییە ...

لێبراوە کە تا بەیانی ، شەوگەڕی بکات . دەست دەبات و ئەو نیوقاپە عارەقەی کە گەییوەتە نیوە ، لە گیرفانی پاشەوەی پانتۆڵەکەی دەردێنێ و هەر بە سەری بوتڵەکە چەند قومێکی یەک لە دووی یەک دەخواتەوە و تف دەکات .

- ئاە چەند گەرم بووە ... دەڵێی تێزاپە !

خەریکە بۆسەر خەوێک گیانم دەردەچێت .

- با بڕۆین بۆماڵەوە عەلی .

- ئەگەر دەتەوێ بڕۆی ، بڕۆ ... من دەبێ عەریف غانم بدینم .

- ئاخر بەم درەنگە شەوە کە ...

- ئەم درەنگە شەوە خۆشە !

- دەی زۆر باشە !

- بڕۆ ! ... تۆ بڕۆ ! ... پێویست ناکات لە گەڵ مندا بێی !

ودەکەوێتەڕێ . لۆژ لۆژ دووی دەکەوم . دڵم نایەت بە تەنیا بەجێی بێڵم . هەر کەسێکی دیکە بوایە ، لەوە بوو بەرەڵڵام بکردایە و ملی ڕێگام بگرتایە و چووبام دوو سەتڵ ئاوم لە بیرەکە هەڵکێشابا و خۆم فێنک بکردایە و لە سەر حەسیرەکەم درێژ دەبووم و لەشی ڕووتم بەو شنە بایە دەسپارد کە لە دەریاکەوە دەهات .

عەلی ، ئاوڕی پاشەوە دەداتەوە .

- گوتم بڕۆ بە تەنیام بەجێ بێڵە ! .. نامەوێ لەگەڵ مندا بێی .. هیچ کاتێک !

- باشە عەلی ، باشە !

بەڵام بە تەنیا بەجێی نایەڵم .

عەلی ، عەریف غانم لە خەو بێدار دەکاتەوە .

عەریف غانم ، کە هاوین دەست پێدەکات ، ژن ومنداڵەکەی بۆ جەهروم ڕەوانە دەکات .

– من کە خۆم مەحکوومم لێرە خزمەت بکەم ... ژن و منداڵەکەم بۆ زەحمەت بخۆن ؟

عەلی پاڵێک بە دەرگایماڵەکەوە دەنێ و دەچێتە ناو داڵانەکەوە .

– دیسان سەرخۆشیت ؟

– حەزم کرد ، بێم دوو پیاڵە عارەق لە گەڵ تۆدا بخۆمەوە وپاشان بڕۆم بخەوم .

ماڵی عەریف غانم کارەبایان هەیە . دەچینەژوورەوە . غانم . دەپرتێنێ و گڵۆپی حەوشە هەڵدەکات . تریفەی مانگ کە داویە لە قەراخ سەربانەکە ، لە ڕووناکی گڵۆپەکە گەشترە .

غانم ، فەرش لە کەنار حەوزێکی پانی گەورە بەڵام قووڵ نییە ، ڕادەخات کە لە بیرەکەوە ئاوی بۆ هێناوە و تا ئاستی پاشۆرەکەی پڕی کردووە .

عەلی ، پوستاڵەکانی دادەکەنێت و پێیەکانی دەخاتە ناو ئەستێڵەکەوە . ئاو تا ژێر ئەژنۆکانی دێت .

عەریف غانم ، سەبەتەیەکی بچووکی تەل ، کە بە پەتێکەوە بەستراوە ، لە ناو بیرەکەوە هەڵدەکێشێتە دەرەوە . پێنج نیوقاپ عارەقی قاچاغی خورما ، کە سەرەکانیانی بە تەپەدۆر ناوەتەوە ، لە ناو سەبەتەکەدایە . یەکێک لە نیو قاپەکان هەڵدەگرێت و ئەوانی دی دەخاتەوە ناو بیرەکە . عارەقەکە فێنکی فێنکە .

– بەڵام هیچم نییە کە پێوەی بخۆن .

– هیچ ؟!

عەریف غانم ، خەواڵوە . قژە خاوەکەی بەسەر هەنیەیدا کەوتووە . ڕووتە ، یەک دەرپێی موقەلەمی لەبەردایە .

– خوا نازانم چیتان لێبکات کە بەم نیوەشەوە خەڵکی تووشی ئەم جۆرە کارانە دەکەن .

عەلی ، لە ئەستێڵەکە دێتەدەرەوە .

– من ئێستا ، شتێک پەیدا دەکەم .

دەچێتە ژوورەوە ، گڵۆپەکە دادەگیرسێنێ ، چەند پارچە ماسییەکی سوورەوەکراوی ساردەوە بووی بەستوو ، کە بە ڕۆنە مەییوەکەیەوە بە بنی قاپێکەوە نووساوە ، دێنێ .

- ئەمەش شتێکە !

عەریف غانم ، چاوی هەڵدەگلۆفێ .

- بەڵام ... ئەمە ناخورێ .

- من دەیخۆم !

عەلی سواری قسەی خۆی بووە . غانم دەڕوات لە سەر جێگاکەی کە کەمێک لەولای چەرخی بیرەکەوە ، لە ئەرزەکەدا کەوتووە ، درێژدەبێت .

- هەرچییەکتان دەوێ بیکەن .

عەلی ، بۆ نک وی دەڕوات .

- نەبەگیانی تۆ ... هەر حەزم کرد لە گەڵ تۆدا بخۆمەوە . دەنا عارەق مشەیە .

- من ناخۆمەوە .

- دەخۆیتەوە .

دیسان بەرەو ژوورەکە دەڕوات تاشتێک بدۆزێتەوە . دەنگی عەریف غانم بەرزدەبێتەوە .

- عەلی لە خۆڕایی دەگەڕێی . لەم ماڵەدا قوزەڵقورتیش دەست ناکەوێ !

عەلی دێتە دەرەوە وبەدیار سەری عەریف غانمەوە دەوەستێ . زمانی عەلی قورس دەبێ و شەقڵی بێ بەندوباری لە ڕوخساری دەڕەوێتەوە .

- یانی ناتەوێ عارەق بخۆیتەوە ها ؟

لە لێوار ئەستێڵەکە دانیشتووم و تا گوزینگی پێیەکانم خستووەتە ئاوەکەوە . چاوەکانم قورس بوون . کۆنترۆڵی برژانگ و پێڵوەکانم لە دەست داوە . دەنیشێنە سەریەک . گفت وگۆی عەریف غانم و عەلی دەژنەوم . زەوقی قسەکردنم نییە .

- نا ، عەلی ... ناتوانم بخۆمەوە ... حەزم لێی نییە .

– یەک پیاڵەش ؟

– تەنانەت پڕ بە یەک موستیلەی درومانیش .

– باشە … من دەخۆمەوە !

دێت و عارەقەکە لە پاشۆرەی ئەستێڵەکە هەڵدەگرێت و یەک پیاڵە دەخواتەوە و هەمدیس باناو ژوورەکە دەڕوات .

عەریف غانم ، لە سەر جێگاکەی هەڵدەستێ و دەڕوات زەمیلەیەک کە بە میچی داڵانەکەوە هەڵواسراوە ، دێنێتە خوارەوە و یەک قاپ سەوزی چرمسی و پارچە پەنیرێکی شاری بەقەد یەک قاڵب سابوونی بروجەردی ، لە نێو زەمیلەکە دەردێنێ و لە قەراخ ئەستێڵەکە دایدەنێت و بانگ دەکات .

– وەرە … ئەمەش پەنیر و سەوزی . ژەهری بکەن و واز بێنن با بخەوم . هەرکاتێ ڕۆیشتن دەرگای ماڵەکە لە دوای خۆتانەوە دابخەن .

خۆم داوە بەسەر ئەژنۆکانما ، برژانگەکانم نیشتوونەتە سەر یەک . لەپڕ هەوەسی شەریفە دەکەم . حەزم دەکرد بە تەنیابام و بچووبام بۆلای ئەو . حەزم دەکرد کە لە عەلی ڕزگار ببم و بڕۆم جەستەی ڕووتی شەریفە لە هەمێز بگرم وسەربنمە سەر سینەی سفتی و لێوە ئەستوورەکانی بمژم و چنگ بخەمە قژە ڕەشەکەی و … لەپڕا دەنگی تەقینی گوللەیەک لەناو ژوورەکەوە بەرزدەبێتەوە . بەجۆرێ ڕامدەپەڕێنێ کەپێم دەخزێت و دەکەومە ناو ئەستێڵەکە . تا من خۆم جەم وجۆر دەکەم و لە ئەستێڵەکە دێمە دەرەوە ، عەریف غانم ، خێرا لە جێ ڕادەپەڕێ و بەهەشتاو بەرەو ژوورەکە دەڕوات . تادەگەمە ژوورەکە ، نیوە ڕۆح دەبم … عەلی ، لە سووچێکی ژوورەکەدا بەپێوە وەستاوە و دەمانچەکەی عەریف غانمی بە دەستەوەیە .

دەنگی عەلی لەرزانە .

– هیچ تەسەورم نەدەکرد لە سەرپێ بێ . تەسەورم نەدەکرد فیشەکی لەبەربێ .

دەنگی عەریف غانم ، تووڕەیە .

– بەڵام زامنەکەی داخرابوو !

– کردمەوە .

دەنگی عەریف غانم نزم دەبێتەوە .

- ئەسڵەن .. تۆ بۆچی ... تۆ چیت داوە لە دەمانچەی من ؟!

بزە نیشتووەتە سەر لێوە زەردەکانی عەلی . مەستی بەری داوە و قسە لە گەرویدا دەتاسێ .

- هیچ ! ... هەروا ! ...

دەتگوت شتێکی پێ بوو بیلێ ، بەڵام نەیگوت . قسەیەک کە دەتگوت بە خورتی خۆی گرت تا نەیلێ . بەڵام تۆڕینەکەی ، هێڵەکانی ڕوخساری و زەردەخەنەکەی ، هەر هەموویان شایەدی ئەوەبوون . شایەدی قسەیەک کە قووتی دابووەوە .

عەریف غانم دەبۆڵێنێ .

- هەروا ، قسە نییە ، ئەمە نەبوو بە قسە . ئەگەر خۆت بکوشتایە ؟ ... ئەگەر مێشکی خۆت پڕژانبوایە ؟ ...

- من خۆکوژی ناکەم . دڵنیابە لەمە !

عەریف غانم دەچێتە پێشەوە و دەمانچەکە لە دەست عەلی وەردەگرێت و زامنەکەی دادەخات وەدەیخاتەوە کیفەکەی خۆی کە بە کەمەربەندێکی پانی چەرمەوە ، بەعەلاگەیەکەوە هەڵواسراوە .

عەریف غانم ، لەبن لێوانەوە دەڵێت .

- خەتای منە کە بەم درەنگە شەوە لە ماڵەکەما جێیان دەکەمەوە .

ئەوسا دەستی عەلی دەگرێت و لە وەتاخەکە دەیهێنێتە دەرەوە . وا وێنادەکەم کە لولاقم زەبری دیتووە و ڕووشاوە و گوزینگی پێم وەرگەڕاوەو زیانی پێگەییوە .

پانتۆڵەکەم هەڵدەکەم . لاقم ئاوساوە و سوور بووەتەوە . عەلی، لە سەر پاشۆری ئەستێڵەکە دادەنیشت و نیوقاپە عارەقەکە بەدەستەوە دەگرێت . عەریف غانم ، گڵۆپەکانی ژوورەکە و حەوشەکە دەکوژێنێتەوەو لە سەر جێگاکەی درێژدەبێت .

مانگ بەرزبووەتەوە و تریفە زەردباوەکەی سەرانسەری دیواری حەوشەکەی ڕووناک کردووەتەوە . دەمەوێ لە تەنیشت عەلییەوە دانیشم کە دەنگی دەرکوتەکە دێت . عەریف غانم ، لە سەر پێخەفەکەی دادەنیشت :- ئەمجارە کێیە ؟

من دەرگا دەکەمەوە . دراوسێ دیوار بەدیوارەکەیانە کە بەدەنگی تەقەکەوە هاتووە .

- ئەرێ ئەوە چ بوو ؟

پیرەمێردێکی نیمچەڕووتە کە پەشتەماڵێکی لە ناوقەدی بەستووە و پێدەچێ خەوی زڕابێ .

- ها ؟ ... چ باسە ؟

- دەتەوێ چ باس بێ ؟

پیرەمێرد ڕدێنی دەخورێنێ:- تەقەی تفەنگ بوو .

- ئێمەش گوێمان لێبوو !

چاوە شەکەت و پیرەکانی دەتروکێنێ:- کەواتە ئێوەش گوێتان لێبوو !

دەرگای حەوشە دادەخەم و دەگەڕێمەوە بۆ نێوحەوشە. عەریف غانم لەسەر گازی پشت خەوتووە و عەلی پاڵی داوە بە پاشۆری ئەستێڵەکەوەو چاوانی ناوەتە سەریەک .

( ٤ )

عەلی دادی ، نامەی کوڕەکەی بۆ هاتووە . دەیەوێ وەڵامەکەی بۆ بنووسم بەڵام حەوسەڵەو تاقەتم نییە . گەرما بێتاقەتی کردووم . زۆری نەماوە بۆ نیوەڕۆ . عەلی دادی دەڵێت بمێنمەوە تا ڕووگیرم بکات ، فراڤین پێکەوە بخۆین وپاشان نامە بۆ کوڕەکەی بنووسم .

عەلی ، لەبەندەر کنگە بە تەواوەتی خۆیم لێدووردەخاتەوە . هێشتا بۆم دەرنەکەوتووە کە بۆچی بەمجۆرە گۆڕاوە . دوو ڕۆژە شەریفەم نەدیتووە، دەگەڵ یاقووب کەشتیواندا ڕۆییوە بۆ بەندەر چارک . هیچ هەواڵێکم لە عەلییەوە نییە . ئەم ڕۆژانە ، کاتێ کە جارجارێ ڕێی دەکەوێتە لنگە ، هەوڵدەدات کە نەیبینم و کاتێ بە دەوریادێم ، زۆر پەست دەبێت و بەقسە بریندارم دەکات . حەزدەکەم ، دەردی عەلی بزانم . ئەسڵەن دڵم نایەت دەستبەرداری ببم و وازی لێنایەنم .

- عەلی تۆ هەق نییە ئەوەندە لە کنگ بمێنیتەوە .

- نامەوێ لە لنگە بم ... پێمگوتیت !

جارجارێ ، باسی مەمدو دەکات بەبیانوو ، باسی عابدو و باسی غەفوری دەکات بەبیانوو کە گوایە سەر و سرپێکیان دەگەڵ شەریفەدا هەیە . چیرۆکیان بۆ هەڵدەبەستێ ، باسی بەد ڕەوشتی و بەدڕەفتاریان دەگەڵ شەریفە دەکات . دەڵێت بیستوویەتی مەمدو ، لە شەریفەی داوە و بیستوویەتی کە غەفووری باجی لێسەندووە .

هیچ یەکێک لەم قسانە دروست نییە . شەریفە لەوانە نییە کە غەفووری باجی لێبسەنێ یان ئەسڵەن سواری بە مەمدو بدات.

قسەکانی ئەم ڕۆژانەی عەلی ، هاوار دەکات کە بیانوون تا لەو ڕێگایەوە دڵسۆزی خۆی بۆ شەریفە دەرببڕێت .

– عەلی ، تۆ ئەسڵەن شەریفەت دیتووە ؟

– حەز ناکەم بیبینم ...

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت وئەوجا لەسەری دەڕوات .

– ... بەدبەختی دیتنی ناوێ . بەدبەختی دیتنی بۆچییە !

عەلی دادی دەڵێت بمێنم تاپێکەوە فراقین بخۆین و پاشان نامەکەی بۆ بنووسم . ئەسڵەن حەوسەڵەم نییە .

– باشە ، با بمێنێ بۆ ڕۆژێکی دی مەشتی عەلی .

دەکەومەڕێ بۆ بازاڕی سەرپۆشراو . گەرما لە تام دەرچووە . دووگمەکانی بلوزەکەم تاخوارەوە کردووەتەوە . سینگ و ورگم کەوتوونەتە دەر . ژێر تاقە گومەزییەکانی بازاڕچە خەفەیە . بۆنی ئاڵەت و دەرمان و چەرم کەپووم پڕدەکات . هەوا قورسە . ئەسڵەن جووڵە ناکات . ئارەقە لەبەدەنمەوە هەڵدەقوڵێ .

– دووگمەکانی بلوزەکەت دابخە .

نایب زابت پێشبینە ، کە لەسەر دەکەی(سەکۆ) ی دووکانەکەی گەیلان چنچکی داوەتەوە و بە باوەشێنێکی حەسیر ، کە تەڕی کردووە ، خۆی باوەشێن دەکات .

نایب زابت پێشبین ، سەرۆکی ئینزیباتی (پاسەوانی ناوشار) بەندەر لەنگەیە .

– دووگمەکانی بلوزەکەت داخە هاوقەتار !

لەدەمم دەردەچێ :–ئەی بابە ... بەندەر لەنگە و ئینزیبات .

بەڵام مێجەر ، فەرماندەی فەوجی سنوور ، ئەگەر بیەوێ ، دەتوانێ ئینزیبات ، تەنانەت لە بەندەر لەنگەش ، دابنێ!

- سەرباز بێ بۆ ئێرە !

سەربازەکە دەچێتە پێشەوە ، پاژنەکانی بەیەکدا دەکێشێت و ڕوو بە ڕووی مێجەر ، خەبەردار دەوەستێ .

- بچۆ ڕەختەکەت (فیشەکدان) ببەستە !

- بە سەرچاو جەنابی مێجەر !

مێجەر دەنگی گەورە دەکات .

- تفەنگیش بێنە !

- بەڵێ جەنابی مێجەر .

هەتاوەکەی زۆر تیژە . مێجەر دێتە پێشەوە . چاو وبرۆکانی لە ژێر کڵاوەکەیەوە دیار نین . گەرووی وشکی پڕ با دەکات . قسەکردنەکەی جۆرێکە ...

دەنگی مێجەر گیراوە .

- خەبەر ... دار !

ئەوسا ، تەمەشای سەعاتەکەی دەکات .

- تەنیا سێ دەقیقە !

هەوا جووڵە ناکات . تەنانەت چڵە گیایەکیش نالەرێتەوە .

- تەنیا بەسێ دەقیقە سەرباز ! ... غاربدە ، چوون و گەڕانەوە ..تا ئەسکەلەی گومرک !

سەربازەکە ، ئەگەر ماراسۆنکاریش بێ ، ئەگەر تفەنگ و ڕەختیشی پێ نەبێ و ئەگەر هەواش فێنک بێ ، ناتوانێ بەکەمتر لە دە دەقیقەبگاتە لای ئەسکەلەی گومرک و بگەڕێتەوە .

- ئامادەیت ؟

سەربازەکە ، تەمەشای دەکات .

- لە گەڵ ژمارە سێدا !

سەربازەکە چاوەڕوانە تا مێجەر فەرمان بدات . هەڵم لەسەر دەریاکە هەڵدەستێ . هەموو سینگ و بەرۆک ، بن باخەڵ ، پشت و نافەکی پانتۆڵەکەی مێجەر ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە.

- یەک ...

سەربازەکان ، لە ژێر ساباتی ئاشخانەکەدا چاوەڕوان دەکەن کە سەربازەکە ببورێتەوەو بێن و دەست ولاقی بگرن و لەڕەخی بیرەکە پاڵی بخەن و چەند سەتڵێک ئاوی ساردی بەسەر وچاودا بکەن .

- دوو ...

چاوی سەربازەکە لە ئەسکەلەی گومرکە، کە جووڵەی لێوە نایەت . گەرما هەمووانی تەنگەتاو کردووە . هەموانی ڕاوناوە . نیوەڕۆیە . هەرکەسە و پەنای بردووەتەبەر پەنایەک تا ژەهری توندی گەرمای نیوەڕۆ بڕژێ . تەشکی گەرمای نیوەڕۆ بشکێ . لە پڕ لەزاری مێجەر دەردەپەڕێ .

- سێ ! ...

دوای نزیکەی بیست دەقیقە ، سەربازەکە بەهانکەهانک دەگەڕێتەوە ، دەگاتە ئاستی مێجەر ، و بەحاڵی بێ حاڵەوە پاژنەکانی لەیەکدی دەدات .

- نەبوو سەرباز !

دەنگی مێجەر تاساوە ، دەنگەکە دەڵێی برکی کردووە یا کۆکەڕەشەیەتێ .

- نەبوو سەرباز ! ... گوتم بە سێ دەقیقە !

هەتاو ، بە سەر دەریاوە ، وەکو دۆزەخ دەگرێ .

- لە هەوەڵەوە !

ئاسمان سپییە و وەکو ئاوێنە دەبریسکێتەوە .

- دە دەقیقە ... تا ئەسکەلەکە !

ئەوەندە بیانوو دەگرێت ، ئەوەندە سەربازەکە دێنێ و دەبات کە وەکو خشتی ئاومژتە بتلیسێتەوە و لە عاردەکە پان ببێتەوە .

لە دەمم دەردەپەڕێ :- ئەی بابە ... بەندەر لەنگە و ئینزیبات !

ڕوخساری نایب زابت پێشبین ، تاڕێک دەبێت . لە سەر دەکەی بەر دووکانەکەی گەیلان هەڵدەستێت و ڕوو بە ڕووم دەوەستێ .

- سەرباز بەبێ ئینزیبات وەکو ...

دەڵێی کەیفی ساز نییە . هی ئەوە نییە سەربخەمە سەری . بەخورتی خۆم لە قسەکەی هەڵدەقورتێنم تا بەهەرجۆرێ بووە مەسەلەکە کەمێک ڕاست بکەمەوە و پینەوپەڕۆیەکی بکەم .

- زۆر باشە سەرکار ... زۆر باشە !

دوگمەکانی بلوزەکەم دادەخەم . گەیلان لە پشت نایب زابت پێشبینەوە ، بە لێو وبرۆ ئاماژە دەکات . وەکو یەکێک بیەوێ مژ لە جگەرە بدات . لێوەکانی کۆدەکاتەوە و هەواکە بۆ ناو دەمی هەڵدەکێشێت .

- ئاخر هەوا زۆر گەرمە سەرکار نایب زابت .

دەنگی نایب زابت پێشبین — وەکو ئەوەی پانتۆڵێکی تەسکی لەپێ کردبێت و نافەکەکەی لەناو لنگی جەڕی بێ — زۆر لەخۆی دەکات تا لە چاڵی گەرووی ڕەها ببێ .

- ئەگەر کۆلۆنێل زیاد لە پێویست ڕووی نەدابانایە ...

ڕۆژی یەکەم کەبۆ بەندەر لەنگە هاتبووین کۆلۆنێل میهرەبان ، فەرماندەی فەوج هەر چوارمانی بانگ کردبوو و ڕووخۆش و خەندە بەلێو گوتبووی :

- ئەوەتان لەبیر بێ کە لێرە من فەرماندەی فەوجم .

- بەڵێ جەنابی کۆلۆنێل .

- دەبێ ئەوەش بزانن کە منیش بەجۆرێک لە جۆران دوورخراوە وشاربەدەرم ، دەنا لە شوێنێکی باش دایان دەنام .

- بەڵێ ، جەنابی کۆلۆنێل .

پاشان کۆلۆنێل میهرەبان ، لە پشت مێزەکەوە هەستابوو و ئالای سەرمێزەکەی کە بە دەوری دارەکەیا لوولی خواردبوو ، کردبووەوە و هاتبووە پێشترەوەو سەری ڕاستەکەی بەرەو لای ئێمە درێژ کردبوو و گوتبووی :

- بەم پێیە دەبێ منیش ، کەسێکی بێتاقەت بم کە لێرە خزمەت دەکەم ...

پەنجەرە گەورەکانی ژوورەکە ، ڕوووەو دەریا کرابوونەوە. هەوا فێنک بوو . بایەکە بەسەر دەریاکەدا دەهات و لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە و تێکەڵ بەو نەرمە بایە دەبوو کە لە باگیرەکەوە دەهاتە ژوورەوە . کۆلۆنێل تەمەشای دەکردین . تیامابووین کە چی بڵێین .

دەنگی کۆلۆنێل میهرەبان ، لە سەرگەردانی ڕەهای کردبووین .

- بەڵێ ! ... منیش پەست و بێتاقەتم !

- بەڵێ جەنابی کۆلۆنێل .

کۆلۆنێل هەمدیس هاتبووە پێشترەوە و بە ڕاستەکە ، کێشابووی بە دەلنگی پانتۆڵەکەیدا و گوتبووی :

- ئێوەگەل تا ئێستا هەرچییەک بوون و هەرکارێکتان کردووە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە ... ئەگەر خاین بوون یا ئەگەر خادم ...

- مەمنوونین جەنابی کۆلۆنێل .

-... هیچ کارێکم بە دۆسییەکانیشتانەوە نییە ، هەروەها کارم بە ڕابردوو و پیشینەتانەوە نییە ... بۆ نموونە ، ئەمەی کە ... هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە .

بە سەری ڕاستەکە ئاماژەی بۆلای من کرد و لە سەری ڕۆیی بوو .

- ... ئەمەی کە پێش ئەوەی بچیتە کۆلێژی ئیحتیات ماوەیەک حەپس بوویت ...

- مەمنوونم جەنابی کۆلۆنێل .

- ... بەڵام ... دەبێ ئەمەتان لە یادبێ کە لە ئێستا بەدواوە ، سەروکارتان لەگەڵ مندایە و ئەمەش بزانن کە ئەگەر سەراپاتان ئاگربێ ، تەنیا خۆتان دەسووتێنن .

- وایە جەنابی کۆلۆنێل .

- کەواتە ئاقڵیەتی ئەمەیە کە لە مەڵبەندی مندا ئارام بن .

- بێگومان جەنابی کۆلۆنێل .

- چۆنکە ئەگەر پێویست بکات ، زۆر بەئاسانی دەتوانم ، هەڵتان بدەم بۆ دوورگەی (تومب مار ) ، دوورگەی ( فرور ) یا ( بەنی فرور ) کە هەموو درێژییەکەی بە پێیان دە دەقیقەیە !

کۆلۆنێل میهرەبان بێدەنگ بووبوو و حەسەن ، ئەم پێ و ئەوپێی کردبوو و پاشان تەمەشای چاوی یەک بەیەکمانی کردبوو و لە جیاتی هەموومان گوتبووی :

- قەولت دەدەینێ جەنابی کۆلۆنێل .

- ئافەرین !

دەنگی نایب زابت پێشبین لە لووتە زلەکەیدا ، منگەمنگی پێدەکەوێ .

- ... کۆلۆنێل میهرەبان ، هەڵە دەکات کە دەگەڵ خەڵکانی خایەنی وەکو تۆدا ...

بەگژ دەمیا دەچمەوە .

- سەرکار نایب زابت ، داخستنی تاقە دوگمەیەک پەیوەندی بە خزمەت و خیانەتەوە نییە .

دەنگی نایب زابت پێشبین ، بەهەموو بێحاڵیەکەوە ، قەبە دەبێت .

- خەبەردار ، بوەستە !

پێکەنین لە ئەوکما قەتیس دەمێنێ .

- بە سەرچاو ، سەرکار نایب زابت !

بە هێواشی پێیەکانم جووت دەکەم و سەر بەرز دەگرم . ڕدێنە نەتاشراوکەم لە زەوقی نایب زابت پێشبین دەدات . چەند ڕێڤینگێک لە دەورمان خڕبوونەتەوە .

- ڕدێنیشت نەتاشیوە !

ئاقیبەت لە میانی ئاماژەکانی گەیلانەوە بۆم دەردەکەوێت کە نایب زابت پێشبین ، تلیاکەکەی نەخواردووە .

هەرکاتێ کە نایب زابت پێشبین خەیاڵ بێ ، بێ هیچ لەڕوو دامانێک دەڵێت کە پەیداکردنی تلیاک لە بەندەر لەنگەدا ئەستەمە .

– ئاخر ئەمە چ شارێکە کە نە تلیاکی تیا دەست دەکەوێ نە میوە ، نە تلیاک دەست دەکەوێ نە گۆشت ، نە تلیاک دەست دەکەوێ نە سەوزی ، نەتلیاک دەستدەکەوێ نە ...

لەم کاتانەدایە کە دەکرێت بە تەواوەتی سەربکرێتەسەری و پێی ڕابوێری . هەندێجار کە خۆر ئاوادەبێ ، تلیاکەکەی دەخوات و عارەقەکەی بەسەردا دەکات ، ئەوەندە نەرم و سازگار و خۆمانی دەبێت کەبە هەموو سازێک دەرەقسێ . میهرەبان دەبێت و لەڕووی دڵسۆزییەوە ئامۆژگاری خەڵکیش دەکات .

– ئاخر کوڕی باش ، نانت نەبوو ، ئاوت نەبوو ، ئەم جووتە وەشاندنەت لەچی بوو کە دەرەجەکەت لێبسەننەوە و ترۆت بکەن !

چاوە درشتەکانی لە زۆر نەشەییدا دێنەوە یەک و دەنگە سازگارەکەی دەچێتە دڵەوە .

– من هێشتا نەمتوانیوە ئەم مەتەڵە هەڵێنم کە بۆچی گەنجانی خوێندوار بەم جۆرە لەقە لەبەختی خۆ دەدەن ؟ ... بە ناخێرت تۆ ئێستا دەبوایە ئەفسەربای ! ... تۆ پێتوایە خەڵکی تێدەگەن ؟ ... خەڵکی ئەم بایەخەیان هەیە کە پیاو ژیانی خۆی بۆ ئەوان بفەوتێنێ ؟ ... باوەڕ بکە ئەم خەڵکانەی کە تۆ دڵت بەحاڵیان دەسووتێ ، ئەگەر دەستیان بڕوات ، لە قەراخ باخچەدا پاڵت دەخەن و گۆشاوگۆش سەرتدەبڕن ...

نایب زابت پێشبین جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و لەسەر سەکۆیەکەی بەردەرکی دووکانەکەی گەیلان دادەنیشێت . هێستا لە بەردەمیا بەخەبەرداری وەستاوم و پێکەنین لە ئەوکمدا قەتیس ماوە . هێشتا لەکەری شەیتان نەهاتووەتە خوارێ . سەری دانەواندووە و تەمەشام ناکات . دەڵێی بیری دەکەوێتەوە کە دەبوایە ئەفسەر بوایەم و کەچی ئێستا هەم سەربازم و هەم شاربەدەر و ڕەهەنەشم .

– ئەمرێکتان نییە قوربان ؟

دەڵێی چاوەڕوانی ئەمەبوو . بێئەوەی تەمەشام بکات دەڵێت :

– بڕۆ ! ... ڕدێنیشت بتاشە و ئەوەشت لە بیربێ کە سەرباز بەبێ زەبت وڕەبت وەکو ...

– بەڵێ سەرکار نایب زابت ... لە یادمە !

خەندە بەڕوخساری گەیلانەوە بڵاوبووەتەوە . جار بە جار ، لە پشتە ، دیتوویەتی کە چۆن سەردەخەمە سەری . ئیکلامێکی عەسکەری بۆدەکەم و دەکەومەڕێ .

بەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی قەرەباڵغە . قەدەم ، بازاڕی مەساحی هێناوەتە سەرخۆی . عەریف مرادی بێدەنگ و ڕەنگ پەڕیو لە سەر تەختەکە پاڵی داوەتەوەو لە ئارەقەدا هەڵکشاوەو بە بێ مەیلی مژ لە نێرگەلەکەی دەدا . کەم و زۆر ئەو هەموو تانە و تەشەرەی قەدەم ناباتەسەرخۆی .

– مێردەکی نێرەکەر ، بیری چووەتەوە کە ڕۆژانی هەوەڵ چ مۆزەمۆزێکی بەدەور قوونما دەکرد ...

ئەنوەر مەشدی لە خۆشیا خەنی دەبێ ، دەڵێی ڕۆنی سەگی لەقەلب دەدەن . بیستوومە ناسر تەبعیدی (دوورخراوە، شاربەدەر) دنەداوە کە بەگژ عەریف مرادیدا بچێ . ناسر تەبعیدی بەنیو قاپ عارەق ، هەموو بازاڕی مەساح ، دەدا بەسەریەکا . نە نایب زابت پێشبین باری دەبات کە سەرۆکی ئینزیباتی بەندەر لەنگەیە و نە سەرۆکی شارەبانی . قەدەم ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . دەستی ناوەتە ناو قەدە پانەکەی و کەلەشە زەلامەکەی بادەدات و خۆنوێنی دەکات .

– ... بازنەکانم فرۆشت و ژەهری مارم پێکڕی و کردمە ورگە دڕاوەکەی ئەوەوە . بەم قەد وقەڵافاتەوە شەرم ناکات کە دوای قوونی منداڵێکی جوان کەوتووە .

ئەنوەر مەشدی بەخەڵکەکە دەڵێ کە لەبەر چاخانەکەی بڕۆن .

– مەگەر چی بووە ؟ ... چما سینەمایە کە بەم جۆرە هەمووتان خڕ بوونەتەوە ؟ ... مەگەر قەدەمخێر ناناسن کە ڕاوەستاون تەمەشای دەکەن ؟

قسەکردنەکەی ئەنوەر مەشدی وەهانییە کە خەڵکەکە بڵاوەی لێبکەن . حەزدەکات هەموو لەێ بن و گوێیان لە قسەکانی قەدەم بێت تا بەڵکو مرادی خەجاڵەت بێت و دەست لە مەمدو هەڵگرێت .

عەریف مرادی ، بەهەموو کەش و فشێکەوە کە هەیەتی ، بەبێدەنگی دانیشتووە و فزەناکات . هیچ دیارنییە کە بۆچی هەڵناستێ بڕوات تا مەسەلەکە ببڕێتەوەو تەواو ببێت .

دەچپێنم بە گوێی عەریف مرادیدا :–بۆ هەڵناسیت بڕۆیت ؟

تەمەشایەکی سارد و تانەئامێزم دەکات .

یەخەی عەریف مرادی کراوەتەوە . سەری دوو شێر کە لە سەر سنگی کوتراوە ، لە درزی یەخەکەیەوە دەرکەوتوون و ئارەقە بەیاڵی چڕی شێرەکانەوە ، ڕێچکەی بەستووە .

– ها ؟ ... بۆ هەڵناسیت بڕۆیت تائەم ژنە لە قسە بکەوێ .

عەریف مرادی ، کە لێوی خوارەوەی لە تەریقیدا شۆڕ بووەتەوە ، گردوکۆ دەکاتەوە و دەڵێت :

– ها ! ... بەڕاستتە ! ... هەستم بڕۆم تا خەڵکی بڵێن لە زەعیفەیەک ترسا وهەڵات ؟!

عەریف مرادی بەپشوو و بەتەحەمله . قۆڵەکانی هەڵماڵیون . لە سەر باسکی دەستی ڕاستی مارێکی گەورەی بەڕەنگی سوور کوتاوە کە ئەڵقەی بەدەوری لەشی گایەکی بەهێزدا داوە ، کە دەمی گایەکە کراوەتەوەو بەچۆکا هاتووە . قەدەمخێر ، لەیەکبینە ، تانەو تەشەران لە عەریف مرادی باردەکات :– ئەو سمێڵانەت بۆ قوونی کەر ، باشە ...

سمێڵی عەریف مرادی لەلاقی تووکنی بزن دەچێت . مژ لە نێرگەلەکەی دەدات و خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت . دەچم بۆلای قەدەم .

– قەدەم ... ئیتر بەسە ... خۆت کوشت !

سپێنەی چاوانی قەدەم زەرد دەنوێنێ . دەنگی گڕ بووە .

– ئاخر تۆ نازانی من کوێم دێشێت ! ... تۆنازانی چۆن دارو نەداری خۆم خەرجی ئەم تەمەڵی تەوەزەلە کردووە . تۆ نازانی لە هەوەڵەوە چۆن دەپاڕایەوە و دەکوڕوزایەوە کە ڕێگەی بدەم بێتەماڵەوە ... تۆ هیچ یەکێک لەمانە نازانی ...

بابی مەمدو دێت بە سەرا . تەمەنی چل وپێنج ساڵێک دەبێ . داوێنی دیزداشەکەی هەڵکردووە و بە ناوقەدیەوە هەڵیواسیوە . چەفیەکەی داوە بەسەر شانیا . چەپکێک سەوزەی ژاکاوی بەدەستەوەیە . چەناگەی دەلەرزێ . دەڵێی لەرزۆکی گرتووە . قەدەمخێر کە دەیبینێ ، لە پڕ گڕدەگرێت .

– هیچکەسێک نییە کەبەم نامەردی بێ غیرەتە بڵێ ، جڵەوی کوڕە خوێڕییەکەی بگرێت ؟

شالاو بۆبابی مەمدو دەبات .

– ... پیاوێ پیاوبێ ، نامەردی قەبووڵ ناکات ... شەرم و حەیا بۆ پیاو شتێکی باشە !..

بابی مەمدو غافڵگیربووە . چەناگەی دەلەرزێ و زمانی لە بەینی لێوەکانیا دەلەرزێ .

- چ ... چ ... چ گلاراوێکتە ... ژ ... ژ نۆکە ؟

قەدەمخێر ، بە هەردوو دەست دەکێشێت بە سینگی بابی مەمدودا .

- بە ناخێرت تۆش پیاوی ؟!

بابی مەمدو ، دەسەپاچە وشپرزە بووە . تەمەشای جەماعەت دەکات . ئاو بە چاویا دێتەخوارەوە .

- لا ... لائیلاهە ... ئیللەڵڵا ! ... ئاخر ... چێت لێهاتووە ژن ؟

قەدەم زاری لێبەرەڵڵا دەکات .

- بۆچی جڵەوی کوڕە نێرەمووکەکەت ناگریت کە شەو تابەیانی لەباخەڵی ئەو نێرەکەرەدا دەخەوێ ! ...

قەدەمخێر شووڵی لێهەڵکێشاوە .

- .... ئاخر شەرم وشوورەییە پیاو ! بەناخێرت منداڵت گەورەکردووە !

عەریف مرادی ، ئیدی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا . بابی مەمدو ، سەرسام و حەپەساو ، قسەی لەزار نایەت . ڕەنگی ڕەش داگەڕوە . نەرمەی گوێیەکانی زەرد دەچنەوە . زمانی لە بەین لێوکانیا دەلەرزێ . مرادی هەڵدەستێت و دێتە بەرەوە .

- قەدەم دەمت داخە ، دەنا بۆ حەوت پشتت تەمبێت دەکەم .

قەدەم ، سمت و کەفەڵی بەرەو مرادی وەردەگێڕێت و بەناولەپ دەکێشێت بە سمتە گۆشتنەکەیدا و دەڵێت :- تۆ من تەمبێ دەکەی ؟! ... تۆی نامەرد ؟!

مرادی ، مەچەکی قەدەم دەگرێت . قەدەم مەچەکی لە دەستی مرادی دەردێنێ و بە هەردوو دەست دەکێشێت بەسەر سینگی مرادیدا و هاوار دەکات .

- تۆ ؟! ... تۆی نامەرد ،فشەفش، چاکت دەناسم .دەزانم بایی چەندی!

عەریف مرادی هەردوو مەچەکی قەدەم دەگرێت و لە قووڵایی گەرووەوە دەبۆڵێنێ .

- بەسە ژنێ !

قەدەم هاواردەكات :- بەرمدە نامەرد !

مرادی ، قەدەم ڕادەكێشێتە ناوەندی چاخانەكە . قەدەم كەف كەوتۆتە لالغاوەی . مردوو و زیندووی مرادی ڕادەچڵەكێنێ . نایب زابت پێشبین دێت بە سەرا . تاقەتی قسەكردنی نییە . گەرما هێزی لەبەر بڕیوە .

- چییە مرادی ؟

عەریف مرادی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەو چاوەكانی دەرپۆقیون .

- لەم سەڵیتەیە بپرسە !

چاوانی نایب زابت پێشبین بچووک دەبنەوە .

- لەم سەڵیتەیە ؟!

دەستی قەدەمخێر دەگرێت و ڕایدەكێشێتە لاوەو لە سەری دەڕوات .

- لەم سەڵیتەیە یان لە تۆ كە ئابڕووی هەموو دەرەجەدارێكت بردووە ؟!

عەریف مرادی لە ناكاوا سوور هەڵدەگەڕێ و تابنا گوێی سوور دەبێتەوە .

- دەستخۆش جەنابی نایب زابت ... بەڕاستی دەستخۆش ! ... دوو دانە سەعاتە ئەم ژنۆكەیە ، هەرچی دەشێ و ناشێ بەمنی دەكات ، ئێستاش قەرزاری تۆ دەرچووین ؟

دیارنییە كە بابی مەمدو كەنگێ لە ناو ئاپۆڕاكەدا هەڵات و دیار نەما . قەدەم هێشتا هەر دەبۆڵێنێ . لە سەر تەختەی چاخانەكە دادەنیشێت و بەلكەی لەچكەكەی كە لەدەوری ملی ئاڵاوە ، خۆی باوەشێن دەكات . ئەنوەر مەشدی چایەكی ترشی بۆدەهێنێ و بەگوێیدا دەچپێنێ :- ئافەرین قەدەم ! چاک هەقی خۆیت لە قولی مستی نا !

نایب زابت پێشبین ، دەستی عەریف مرادی دەگرێت و دەكەوێتەڕێ . قەدەم لە جێی خۆی هەڵدەستێ :- بۆ كوێی دەبەی سەركار نایب زابت ؟

مرادی دەڵێت :- دەمبا بۆ قەبری بابت تا لەسێدارەم بدا !

بزەیەكی كاڵ دەنیشێتە سەر پانتایی ڕوخساری قەدەم .

- خوای دەکرد تیربارانت دەکەن !

جەماعەت لە قاقای پێکەنین دەدەن . پێشبین و مرادی لە چاخانەکە وەدەردەکەون . قەدەم مژ لە نێرگەلەکە دەدات ، دەلێی خۆی دەدوێنێ :- ناکات حەپسی بکەن !

پێی دەلێم :- مەترسە قەدەمخێر ، هیچی لێناکەن !

نیگای قەدەم خەمی لێدەنیشێت . جۆرە خەمینییەک بە قسەکەیەوە دیارە .

- تۆ دەزانی ... بڵێی بەڵایەکی بەسەر نەیەنن ؟

قەدەمخێر ، هێور بووەتەوە . هێشتا مرادی خۆشدەوێ . دووکەڵی نێرگەلەکە بەبا دەدات و دەڵێت :- هەموو رۆژێک بەڵایەکی بەسەر دێنم ... تا واز لە مەمدو بێنێ ... خەیاڵی خاوە !

پێستی دەم وچاوی قەدەم وەکو میکای ڕەشی شکاو دەبریقێتەوە . ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ ، بەگۆنا چەور وخرپن و ڕەشەکانیا ڕێچکەی بەستووە . کاتێ کە دەیقیژاند ، کاڤێ کە تووک و نەفرینی دەکرد و جنێوی دەدا ، بەجۆرێ نیوە نەفەس بووبوو کە سینگ و بەرۆکە زەلامەکەی بە مەمکە گەورەکانیەوە ،وەک موشەدەمەی ئاسنگەری پڕ وخاڵی دەبوو. هەنووکە ، ئارامە . ئەو کەفە چرەی کە بەلالغاوەکانیەوە سپی دەچووەوە ، بە لەچکەکەی دەسرێت . ڕازی دێتەبەرچاو . گەییوەتە ئەم قەناعەتەی کە هەموو ڕۆژێ ڕیسواییەکی ئاوەها بنێتەوە تا مەمدو بتارێنێ و تا مرادی بۆماڵ بگەڕێنێتەوە .

دەمەوێ بڕۆم، کە قەدەمخێر بانگم دەکات :- وەرە ترشێک بخۆ با تینویەتیت بشکێ .

چاوێک دادەگرێت و دەڵێت :- دەزانی شەریفە چووە بۆ بەندەر چارک ؟

دەزانم کە شەریفە چووە بۆ بەندەر چارک ، بەڵام بەبێئەوەی بمەوێ بەرەولای ماڵەکەی ئەو شۆڕ دەبمەوە . بیری دەکەم . بیری پێکەنین و قسە و درۆکانی دەکەم .

- مێردەکەم منداڵبازبوو . کە دەبوو بەشەو ، عارەقی دەخواردەوەو منداڵێکی جوانیشی دێنایە ماڵەوە . شەوێک بۆ ئەوەی تۆڵەی لێبکەمەوە ، دەگەڵ کوڕە جوانەکەدا دەستم تێکەڵ کرد . مێردەکەم مەست کرد . وەکو کەر خەوت . حەزم دەکرد بێدار بێتەوە تا دیقی مەرگ بکات لێ هێندە مەست بوو کە ...

- بەڵام شەریفە تۆ دەتگوت لەبنی شووت نەکردووە ، دەتگوت کە کچ بووی ، ڕەدووی کابرایەکی شوفێر کەوتی !

حیلکە حیلک پێدەکەنێ و دەڵێت :- شووم بەهەمان شوفێرکرد !

- ... بەڵام گوتت کە شوفێرەکە ، دوو — سێ شەو ڕایگرتیت و داویش ڕۆژێک بەیانی ، کاتێ لەخەو ڕابوویت ... !

دیاربوو هەموو قسەکانی خۆی فەرامۆش دەکات . لەوەڵامی قسەکانمدا گوتی :

- ... ئێ ، بەڵێ ! ... کاتێ لە خەو هەستام ، سەیرم کرد جێگاتەڕە و گامێش نەماوە !

شاد و پڕجۆش پێدەکەنێ .

بە سەرسامی نیگای دەکەم :- ئێ ، داویی ؟

هێشتا پانتایی دەمووچاوی پڕە لەخەندەیە . دەڵێت :

- دوایی نییە ، مێردەکی نامەرد ڕۆیی و هەر ئاوڕیشی نەدایەوە

تیادەمێنم کە دەبێ چ بڵێم .

بەکەنار گولاو وئەستێڵی ڕودبارییەکاندا تێدەپەڕم . بەنێو دارو پەردووی یەکێک لە خانووە داڕوخاوەکاندا ڕێگاکەم قەدبڕ دەکەم . لە دوورەوە دەبینم کە دەرگای ژوورەکەی شەریفە نیوەکراوەیە . ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیی بۆ بەندەر چارک ، تاکەکانی دەرگاکەی داخستبوو و شیشەکەی داخستبوو ، ئەڵقەیەکی ئاسنی ، عەینی لووتەوانەیەکی گەورە ، کە بە پەڕەی لووتی ڕەقی ڕەشتاڵەیەکەوە ئاوێزان بێ ، لە جیاتی قفڵ لە دەرگاکە دابوو .

بیردەکەمەوە کەناشێ شەریفە گەڕابێتەوە . هەنگاوەکانم خێرا دەبن . بەگەرد وخاک و خۆڵەکەی بەردەم خانووەکەیدا هەڵدەگەڕێم و بۆناو حەوشەکە نشێو دەبمەوە . دەنگی پۆستاڵەکانم لە سەر گڵی ناو حەوشەکە خەفە دەبێت . کە دەگەمە بەر هەیوانەکە . دەنگی پۆستاڵەکانم بەرزدەبێتەوە . لەبەر دەرگای ژوورەکەدا ، لووتم دەتەقێ بە لووتی عەلیدا کە بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . ڕێگای پێدەگرم . بزەیەکی بە ڕوودا دەدەم و دەڵێم :- کەواتە تۆش ...

بە مۆڕەوە تەمەشام دەکات ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . چارەی بەیەکدا دراوە . لێوەکانی نیشتوونەتە سەر یەک ، بەجۆرێ کە خەندە لە لێوم دەبڕێت ، گەروم وشکی وشکە . دەنگم گڕە:- تۆ ... لێرە چ دەکەی ؟

بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت و یا گوێ بەقسەکەم بدات ، بەلاما تێدەپەڕێ و بلەز بەرەو کۆڵانەکە دایدەکێشێت . بۆچەند ساتێک گێژو وێژ دەبم . نازانم دووی عەلی بکەوم یان بڕۆمە ژوورەوەو شەریفە بدینم .

تامن لەو دوودڵی و ڕاڕاییە ڕزگاردەبم ، عەلی لەهەتەری چاوم ون دەبێت . دەچمە ژوورەوە . کەس لەوێ نییە ، شرەوپرە و سیپاڵەکانی شەریفە لەجێی خۆیانن ، بەڵام خۆی دیارنییە .

بیرم بە هیچ کوێرا ناگات . لە ژوورەکە وەدەردەکەوم . دەرگای ژوورەکە دادەخەم و ئەڵقە ئاسنینەکە لە عاردی هەڵدەگرم و دەیکەم بە ئەڵقەڕێزی درگاکەوەو دەکەومەڕێ بەدوای عەلیدا . وام وێنادەکرد بروات بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی ، بەڵام نەچووبوو بۆئەوێ . وا تەسەور دەکەم چووە بۆلای گەیلان ، بۆ ئەوێش نەچووبوو . کەواتە دەبوایە چووبێ بۆلای عەلی دادی و لەوێش نەبوو . دەڕۆم بۆ سەربازگە لە هەرکەسێک دەپرسم دەڵێت چووە بۆ کنگ . لە سەربازگا وەدەردەکەوم . دوو ساعەتێک لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە . گەرما کڵافەی کردووم . برسیم نییە . بێهێزم . گەرووم وشکە . هەتاوەکە چاوم ئەزیەت دەدات . عەینەکە هەتاویە چوارچێوە پلاستیکیەکەم لەچاو دەکەم . دنیا لەبەر چاوما قاوەیی دەبێت . بەکەنار دەریادا ، بەسەر لمەڵانە شێدارەکەدا بەرەو نەخڵستانی عەدنانی دەڕۆم . دەریا ئارامە . شنەبایەکی شێدار بەسەر دەریادا دەکشێت و بەسەر شاردا دەڕوات . کە دەگەمە کۆتایی نەخڵستانەکە ، گۆڕستانە ، بەچوار تاقێن داڕوخاو و غوسڵخانەیەکی نزمی داکەوتوو کە بەدیوارە بەردینە کۆنەکانییەوە ، لە سووچی گۆڕستانەکەدا گیرساوەتەوە .

عەلی ، کە لە ژوورەکەی شەریفە وەدەرکەوت و بەلاما تێپەڕی زۆر گرژ وپەست بوو . ئەسڵەن چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە لەو کاتەی ڕۆژدا سەر وکەللەم لە ماڵەکەی شەریفەدا پەیدا ببێت . بێگومان دەیزانی کە شەریفە چووە بۆ بەندەر چارک و هەڵبەتە دەیزانی کە دەزانم شەریفە چووە بۆ بەندەر چارک و بۆیە خەیاڵی ڕەحەت بووە کە ناشێت لەو کاتەی ڕۆژدا ، لەو دەوروبەرە بم .

پشت گۆڕستانەکە ڕێگا سپی و گڵەکەی بەندەر چارکە کە لە ژێر هەتاوی توندی نیوەڕۆدا مت بووە. ئەم ڕێگایە بەهەمان پڕ تاقەتی خۆیەوە لە (لار)ەوە دێت . هەندێجار لە ژێر سێبەری نەخڵستانێکی لە گەردو تۆز نیشتوو نەفەسێک تازە دەکاتەوە . پاشان ، کە دەگاتە بەندەری مەهتابی ، جەستەی شەکەت و تۆزاوی خۆی بە دەریا دەسپێرێت و بە ئارامی تێدەپەڕێت و کە دەگاتە گۆمی سفلین ، لە دەریا دێتە دەرێ و دێت تا بەندەر کنگ و پاشان ، بەندەر لەنگە و پاشان مەغویە و بەندەر چارک و بەندەر گاوبندی و پاشان ... پاشان بە دیوارە گڵینە نزمەکانی نەخڵستانی عەدنانیدا سەردەکەوم و باز دەدەمە ناو نەخڵستانەکە. سەگێکی گەرمازەدە کە لەسەر ئەرزە نسارەکەی کەنار بیری باخەکە وەرکەوتووە ، بەبێ تاقەتی قروسکەیەک دەکات و کڕ دەبێت . سەگەکە ، توانای جووڵەی نییە . سێبەری دار خورماکان ، کەوتووەتە سەر ئەرزەکە و بە ئاستەم بەری تیشکی خۆری گرتووە . لە قەراخ پەرژینی باخەکە ، لە پشت مەکینەی کارەباکەوە ، چەند دارێکی لور ، لێرەو لەوێ قوت بوونەتەوە . لق وچڵێن داکەوتووی

دار لورەکان ، گەییوەتە ئەرزەکە و ڕەگیان داکوتیوە و عەینی پایەی دارین ، دەوراودەوری قەدی ئەستووری درەختەکانی گرتووە .

لە سەر قەراخە جارووبەندەکەی ئەستێڵی باخەکە دادەنیشم . ئەستێڵەکە گەورەیە و قوڵێکی وەهانییەو قەوزەی گرتووە و لە ئاوی بیرەکە پڕیان کردووە . خۆ ڕووت دەکەمەوە و دەچمە ناو ئەستێڵەکەو لەشم فێنک دەکەمەوە . لە دوورەوە چاوم بە (خورشید کولاە) دەکەوێت کە لە سێبەری سێ سووچی نەخڵستانەکە ڕاکشاوە . هەیوانەکە بە میچ و ساپیتەیەکی حەسیرییەوە کەوتووەتە بەردەم دوو ژووری بەخشت چێکراو . دەرگا تەختەکانی هەردوو ژوورەکە داخراون .

پیاوەکەی خورشید کولاە لە دەرگای نەخڵستانەکەوە دێتە ژوورەوە . بێڵێکی دەسک کورتی بەدەستەوەیە و دەلنگی دەرپێ ڕەشەکەی هەڵکردووە .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، دووراودوور سەیرم دەکات و بەرەو هەیوانەکە دەڕوات . خورشید کولاە ، دادەنیشێت ، کێشمانی خۆی دەدا و بەهەمان دەقەوە کە لە دوورەوە تەمەشام دەکات دەچێتە سەر مەرکانەکە و ئاو دەخواتەوە و پاشان ، عەباکەی هەڵدەگرێ و دەچێتە ژوورەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، بێڵەکە بە ئەستوونی هەیوانەکەوە هەڵدەپەسێرێ و لە قەراخ هەیوانەکە دەوەستێ و تەمەشام دەکات .

سەگەکە لە قەراخ بیرەکە هەڵدەستێ ، خۆی دەتەکێنێ و بە شەلەشەل بەرەو هەیوانەکە دەکەوێتەڕێ . چۆلەکەکان ، بەسەر چڵە تەپ وتۆزاوییەکانی دارخورماکانەوە خاو بوونەتەوە و لە گەرما جووڵەیان لێبڕاوە . لێرە و لەوێ چەند مەلێکی سەرسیا لە بەینی چۆلەکەکاندا نیشتوونەتەوە . بازنەی ملی گەروو زەرد و وردە پەڕی ئامال قاوەیی (سەرسیا)کان ، لە ژێر تیشکی تیژی هەتاودا دەبریسکێتەوە . (گەروو زەرد) ێکی تینوو ، دەفڕێ و دێت لە ڕەخی بیرەکە دەنیشێتەوە . باڵە قاوەییەکانی (گەروو زەرد) کەوەییەکی تۆخ دەنوێنێ .

مستەکانم پڕدەکەم لە ئاو و دەیکەم بەسەری خۆمدا . پیاوەکەی خورشید کولاە ، هێشتا تەمەشام دەکات . گەروو زەردەکە ، بە هێڤی ئاو ، باڵ لێکدی دەدا و لە ڕەخ ئەستێڵەکە دەنیشێتەوە . هەراسان و تینووە . ئاوەکە کەمێک سوێرە . شنەبایەک خۆی لە زەوی دەسوێ و خاک و خۆڵ دەگەڵ خۆیدا ڕادەدات . لەشم فێنک دەبێتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە بەرەولای من دێت . گەروو زەردەکە هەڵدەفڕێ و کەمێک دوورتر ، لە کەنار پاشماوەی ئاوی ناو جۆگای نەخڵستانەکە دەنیشێتەوە . عەلی ، لە دەرگای باخی عەدنانییەوە دێتە ژوورەوە . بلوزەکەی بەدەستەوە گرتووە و لەشی ڕووتی لە بەر تیشکی خۆرەکەدا قاوەیی دەچێتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە چاوی بەعەلی دەکەوێ . لە هاتن بۆلای ئەستێڵەکە دەوەستێ . عەلی، گازی دەکات . لە ئەستێڵەکە وەدەردەکەوم و

جلەکانم لەبەر دەکەم و بەرەولای ئەوان دەکەومەڕێ . عەلی ، ئاوڕ دەداتەوە و تەمەشام دەکات . سەگەکە لەتەنیشت هەیوانەکە خەوتووە . عەلی ، کڵاو و بلوزەکەی بەدەستەوە گرتووە و ئارەقە بەلا جانگەکانی و بە درێژایی گەردنیا ڕێچکەی بەستووە . نیگای سارد و بەگلەییە . دەمەوێ ڕێگای خۆم بگۆڕم و بەرەو دەرگای باخەکە بڕۆم کە لە ناکاوا هەموو شتێک دەگۆڕێ و بزە دەنیشێتە سەر لێوانی عەلی و دۆستایەتی لەچاوانیا ڕەنگ دەداتەوە و گازم دەکات .

نازانم بۆچی هەست بە شەرمەزاری دەکەم . نیگەرانم . دەڵێی ڕقم لە خۆم دەبێتەوە کە بەرێکەوت چووم بەسەر عەلیدا . دەنگی شەکەت و دڵگیری عەلی لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

– وەرە ... ڕامەکە !

و پاشان ڕوودەکاتە پیاوەکەی خورشید کولاە :– لەبرام ئازیزترە !

عەلی ، دەستم دەگرێت و دەچینە بەر هەیوانەکە . خورشید کولاە لاواز و ئەندام وردیلەیە . تەمەشام دەکات . حاڵەتێکی نائاشنایی لەچاوانیا هەیە . بەسەر ئاماژە بۆ عەلی دەکات . عەلی دیسان دەڵێت :– غەریبە نییە ... برامە !

پیاوەکەی خورشید کولاە ، دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە . لە باگیرەکەی ساپیتەکەوە ، نەرمەبایەک دێتە ژوورەوە . پەنجەرە گەورەکەی پشت ژوورەکە ، لە سەر گازی پشتە و چوارچێوەکەی بە پنجەدرک ئاخنراوە . پیاوەکەی خورشید کولاە دەچێتەد ەرەوە و بەسەتڵ ئاودەکات بە دڕووەکانی ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا . بۆنی کەسکوونی دڕووێن نمسار بە ژوورەکەدا بڵاودەبێتەوە .

بەڕەیەکی نەخشینی جوان لە ژوورەکەدا ڕاخراوە و چەند پشتییەکی بەرگ کەسکی چڵکنیش ، لە پاڵ دیوارەکەدا ڕیزکرابوون .

عەلی ، بلوزەکەی ، لە سەر بەڕەکە فڕێ دەدات و پۆستاڵەکانی دادەکەنێت و لە ناو ژوورەکەدا پان دەبێتەوە .

– وەرە دانیشە برا ... وەرە . پێت نەگوتبووم کە هەندێجاران دێم بۆ ئێرە .

ئەسڵەن ، ئەوە لە بیری خۆی دەباتەوە کە لەماڵی شەریفەدا ڕوو بە ڕووی یەکدی بووبووینەوە .

– بۆیە پێم نەگوتبووی چونکە وام وێنادەکرد حەزناکەیت .

قسە لە گەرووما دێت و دەچێت ، بەڵام دەرنایەت .

- پۆستاڵەکانت داکەنە .

پۆستاڵەکانم دادەکەنم .

- خۆت رووت بکەرەوە و ڕاکشێ تا مەقەڵییەکە سازدەبێ .

قسەکەم دەخۆمەوەو خۆم لە شەڕی ڕزگار دەکەم . ئێستا کە نایەوێ باسی بکات با وا بمێنێ .

پیاوەکەی خورشید کولاە دەپرسێت :- فراڤینتان خواردووە ؟

- نە !

خورشید کولاە ، خەریکە مەقەڵییەکە دادەگیرسێنێ . کە بە بەر ژوورەکەدا ڕەت بوو ، خەڵووزی بەدەستەوە بوو . کەواتە هەموو قسەکان ڕاستە .

- ئێواران مەجلیس گەرم دەکات .

- بەڵام ڕێگای هەموو کەس نادات .

- خۆشی هەندێجار ،تلیاک دەکێشێت.

- خورشید کولاە ؟ ... نە !

- ئەگەر دڵی کەسێکیش بگرێ ... لاری نییە!

عەجەب لەشێکی ناسکی هەیە . پێستەکەی تەڕو پاراو نییە . ڕوخساری ، شوێنەواری برسی بوونی پێوە دیارە . ڕەنگی زەردە . لاقەکانی جوانە .

خەریکە گەرما لە لەشم دەردەچێت و فێنکی جێگای دەگرێتەوەو خاوم دەکاتەوە . با ، دەگەڵ بۆنی دڕووی نمساردا ، بە ناو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە . پشت بەیەکێک لە پشتییەکانەوە دەدەم و لاقەکانم ڕادەکێشم . خورشید کولاە دێت و لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەوەستێ و عەینی سێبەر دەگیرسێتەوە . تیشکی توندی خۆر لە پشتیەوەیە . ناو ژوورەکە نیمچە تاریکە . ڕوخساری نابینم . دەنگی دەژنەوم .

- شلەی بامێ دەخۆن ؟

عەلی ، ڕوو دەکاتە من :- تۆ برسیتە ؟

هیچ حەزم لە خواردن نییە .

– برسیمە ، بەڵام ئیشتیام نییە !

– پارووپەک بخۆ !

خورشید کولاە ، چوارچێوەی دەرگاکە چۆڵ دەکات و تاکەکانی دەرگاکە دادەخات . پیاوەکەی خورشید کولاە بە خۆ و نیوقاپ عارەقەوە دێت ، کە دەڵێی لە یەخچاڵدا بووە .

– لە دوێشەوەوە لە ژێر لمەکانی ناو جۆگا ئاوەکە دانراوە . زەمیلەکە لە ژێر باگیرەکە دێنێتە خوارەوە و تاسولکەیەک ماست دەردێنێ . پارچە مەلمەلێکی سپی داوە بەسەر کاسە ماستەکەدا تا نەرمە خۆڵی باگیرەکەی نەچێتە سەر .

عەلی هێشتا پارووەکەی لە دەمایە کە مەقەڵیەکە دێنن . خەڵووزەکان باش گەشاونەتەوەو پشکۆکان لە ژێر خۆڵەکەوەکەوە سەرە تاتکێیانە . خورشید کولاە دادەنیشێت و پیاڵە بەتاڵەکان ڕیزدەکات تا عارەقیان تێبکات . پیاوەکەی وافورەکە ( ئامرازی تلیاک کێشان ) لە تەنیشت ئاگرەکەوە دادەنێت . دوو — سێ پاروو زیاترم نەخواردووە ، کەچی قورس بووم . خەو چاوانی پڕ کردووم . بە هەمان دەقەوە کەپشتم بە پشتیەکەوە داوە تەمەشا دەکەم کە عەلی لە سەر ئەژنۆ دێتە پێشەوە و وافورەکە لە دەست پیاوەکەی خورشید کولاە وەردەگرێت و دەست بەکێشانی دەکات . بۆنی تلیاک بڵاودەبێتەوە . خورشید کولاە پشتی بەدیوارەکەوە داوە و لاقەکانی کۆکردوونەتەوە . کراسەکەی هەڵکشاوە بۆسەرەوەو ڕانە جوانە ئەسمەرەکانی ، کەوتوونەتە دەر . ئەسڵەن شەرمی لەلا نییە . عەلی وافورەکە دەداتەوە دەست پیاوەکەی خورشید کولاە و چەند فڕێک لە پیاڵە چایەکە دەدات و دەکشێتە دواوە و پاڵ دەداتەوە . دەڵێی بیردەکاتەوە . دەڵێی هەست بەبوونی هیچکەسێک ناکات . نیگای لە دیوارەکەی بەرانبەرە کەلە چەند شوێنێکەوە . کەفماڵە گڵەکەی کەوتووە و چینی خشتەکان کەوتوونەتە دەر . ژوورەکە نیمچە تاریکە . تاقە ڕووناکی ژوورەکە ، تیرۆژێکی پانە کە لە زارکی باگیرەکەی سەربانەوە هاتووەتە ژوورەوە و بەقەراخی دیوی ناوەوەی باگیرەکەدا گیرساوەتەوە . تاریکی ژوورەکە ، دەکاتە کارێک وا هەست بکەیت فێنیکیەکە زیاتردەکات .

– تێکە .

دەنگی عەلی مڕبووە . لەپڕ وەکو ئەوەی بیری بکەوێتەوە کە من لەلایەوە دانیشتووم . ڕووم تێدەکات .

– ناکێشیت ؟

بیرم لێ نەکردبووەوە . پێی دەڵێم :– تا ئێستا نەمکێشاوە .

- باشە تاقییەکی بکەوە !

ئێستا ، پیاوەکەی خورشید کولاە دەستی بەکێشان کردووە . عەلی پیاڵە عارەقەکە لە دەست خورشید کولاە وەردەگرێت و لەبەردەم منی دادەنێت . ماستەکە ، کە پونگەی وشکیان تێکەڵ کردووە ، ڕادەکێشێتە پێشەوە و پیاڵەی دواتر لە خورشید کولاە وەردەگرێت و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- سڵاو !

و بەیەک بین هەڵیدەدا .

هەرکاتێ کە بە ڕۆژەوە مەشروبم خواردبێتەوە ، بێ چەند و چوون ، سەریەشەم گرتووە . عەلی ، ئەنگوستی دەخاتە ماستەکە و دەیکا بەدەمیا و تەمەشام دەکات :- ناخۆیت؟

بەبێ مەیلی دەڵێم :- با ... دەخۆم .

ئەنگوستە ماستاوییەکەی دەمژێ و دەڵێت :- دەیسا ، ماتەڵی چیت ؟

بەدەم مینگەمینگەوە دەڵێم :- ئاخر ... بە ڕۆژەوە ...

دەڵێی چاوەڕوانی ئەو قسەیەیە ، نایەڵێ قسەکەم تەواو بکەم . یەکسەر هەڵدەداتێ .

- ئەو ڕۆژانەی کە دەڕۆی بۆلای شەریفە عارەق ناخۆیتەوە ؟

بەجۆرێ تەمەشام دەکات کە هەڵاتن لە نیگای مەحاڵە ... دەڵێی بەدووی دەستاوێزێکدا گەڕاوە کە باسی شەریفە بکات . لەسەری دەڕوات :- ژوورەکەی پڕە لەقاپ و نیوقاپی خاڵی .

چاوانم لە نیگای دەدزمەوە ، سەر لەبەر خۆدەنەم و پیاڵە عارەقەکە هەڵدەگرم .

- بەسەلامەتی !

عەلی هاوڕێیەتیم دەکات .

- بەسەلامەتی !

هەردووکمان ، یەکبینە پیاڵەکان هەڵدەدەین . قوڕگم دەسووتێتەوە ، عارەقی دوو ئاتەشەی خورمای ( لار ) ە . عارەقی قاچاخە کە بە تەنەکە دەیهێنن و دەیکەنە شووشەوە .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، وافورەکەی گەرم کردووە و تلیاکەکەی پوختە بووە و هەڵاتووە . عەلی ، دێتە پێشەوە و وافورەکە لە دەست پیاوەکەی خورشید کولاە وەردەگرێت . بە کاوەخۆ فووی لێدەکات و بەکەمالی ئیسراحەت دەیکێشێت . ئاوڕ دەدەمەوە تا تەمەشای خورشید کولاە بکەم . نیگای دەدزێتەوە . خەریک بوو تەمەشای دەکردم . پیاوەکەی خورشید کولاە ، دفنە زەلامەکەی دەخورێنێ و پاشان ، دەنکە شقارتەیەک لە شقارتەکە دەردێنێ و ددانەکانی پێ پاکدەکاتەوە . ددانەکانی زۆر گەورە و ناقۆڵان . ڕەش و گەورە و درێژ . پووکی ددانەکانی سەرەوەی خوراونەتەوە و تا ڕیشە و ڕەگی ددانەکانی سەرەوە هەڵکشاوە . گۆناکانی پیاوەکەی خورشید کولاە ڕەق وتەقە و ڕدێنی کەچەند ڕۆژێکە نەتاشراوە زبر وڕەشە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، کە ددانەکانی پاک دەکاتەوە ، چنگ دەخاتە ناو قژە چڕەکەی کە وەکو لباد ونمەدی ڕەش ، سفت و تێک ئاڵاوە .

دیسان خورشید کولاە خەریکە تەمەشام دەکات . عەلی ، وافورەکە لە قەراخ مەقەڵییەکە دادەنێت . دەنگی خەفەی پیاوەکەی خورشید کولاە دەژنەوم . تەمەشای دەکەم . قورتمی زەقی گەرووی خەریکە دادەخزێتە خوارەوە .

– بۆتی سازبکەم ؟.

عەلی لە جیاتی من وەڵام دەداتەوە .

– سازی بکە .

تلیاکەکە دەخاتە سەر وافورەکە ، توند دەی پەستێتەوە و دەچێتە پێشەوە و بەمەقاش ئاگرەکە دەگرێت .

– فووی لێبکە .

دیوومە چۆنی دەکێشن . ساڵەها خواجە تەوفیقم بینی بوو کە بە چ حەوسەڵەیەکەوە خەریکی وافورەکەی دەبوو و بە چ زەوقێکەوە دەیکێشا .

فووی لێدەکەم .

– ئێستا بیکێشە !

دووکەڵی سووکی تلیاکەکە هەڵدەمژم . هیچ لێکچوونێکی دەگەڵ دووکەڵی جگەرەی شنۆدا کە تامی خۆڵە کەوە دەدات ، نییە . بەدەم کێشانەوە ، ژێراو ژێر تەمەشای عەلی و پاشان تەمەشای ژنەکە دەکەم .

عەلی پشتی داوە بە پشتیەکەوە و چاوانی ناوەتە سەریەک . خورشید کولاە ، بێ هیچ شەرمێک ، ڕاستەو ڕاست تەمەشام دەکات . لێوەکانی بە ئاستەم لێکدی ترازاون . حاڵەتی لێوەکانی ئارەزوو بزوێنە .

ئەستوور و سێکسی . کەپووی بچووکە ، بەڵام سەری کەپووی پانە . ژێر بڕۆکانی هەڵنەگرتووە . نیگای داهێزراوە . حاڵەتی دەم و چاو و ڕوخساری ، خاوبوونەوە و سستیەکی لەزەت ئامێزی دوای یەک هاوئامێزی پاراو ، دەنوێنێ . دوامژ لە وافورەکە دەدەم و دێمە دواوە و یاری بە دووکەڵەکە دەکەم . هێشتا بەتەواوەتی پاڵم نەدابووەوە ، کە دەنگی گڕ و خەواڵووی عەلی لە گوێمدا دەنگدەداتەوە .

– ئەگەر خۆشت دەوێ زەماوەندی لە گەڵدا بکە !

لە مەبەستی تێناگەم . دەڵێی گفتوگۆیەکی زۆری لە گەڵ خۆیدا کردووە و دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ و تاقەتبەر لەزەینی خۆیدا ، ئێستا هاتووەتە قسە .

– گوێت لێبوو ؟ ... زەماوەندی لە گەڵدا بکە !

سەرم لێ تێکچووە . بە ئەسپایی دەپرسم :– زەماوەند ؟ .. لەگەڵ کێ ؟

پاڵ دەدەمەوەو جگەرەیەک دادەگیرسێنم .

– لەگەڵ شەریفە !

ڕادەچڵەکێم . خورشید کولاە بزەیەک دەکات و لێوە نیمچە وازەکانی دێنێتەوە یەک . پیاوەکەی خورشید کولاە ، کەپووی بە دەستەسڕێکی چڵکن کە لە ملییەتی ، دەسڕێت و بۆ ساتێک ژێراو ژێر تەمەشام دەکات و خەریکی وافورەکە دەبێت .

– لە گەڵ شەریفەدا ؟!

ئەم ڕۆژانە ، ئەگەر لە بەندەر کنگ بێتەوە ، ئەگەر بمبینێ و ڕێگای خۆی نەگۆڕێ و ئەگەر ڕێک بکەوێت و ڕوو بە ڕووی یەک ببینەوە ، شتێک دەکات بە بیانوو تا باسی شەریفە بکات و هەندێجار بەجۆرێ قسە دەکات کە عەزابم دەدات .

جگەرەکەم لە دەست وەردەگرێت و جگەرەکەی خۆی پێ دادەگیرسێنێ و کە جگەرەکەم دەداتەوە دەڵێت :

– بۆ هیچ ناڵێی ؟

دەمەوێ قسەکە هەڵگێڕمەوە .

- ئەمڕۆ ، تۆ ... لەوێ چیت دەکرد ؟

دەسەپاچە دەبێ ، بەڵام زوو وەخۆ دێتەوە و دەڵێت :

- هیچ ! ... هەروا ... ڕێم کەوتە ئەوێ ، گوتم بابچم بزانم چ بووکەڵە و ماشقەیەکە .

- ئێ ؟

- ئێ و مێی ناوێ . بەخۆت دەزانی کە لەوێ نەبوو .

بەبێ ویستی خۆم بزە دەنیشێتە سەر لێوم و دەڵێم :- تۆ نەتدەزانی کە لەوێ نییە ؟

نیگایەکی پڕسام دەکات .

- ئەگەر بمزانییبا کە ...

بەتوندی بەگژ دەمیا دەچمەوە و لێبڕاوانە دەڵێم :- دەتزانی !

بێدەنگ دەبێت و مڕ لە جگەرەکەی دەدا . پشت بە پشتیەکەوە دەدەم و بیر لە قسەکانی عەلی دەکەمەوە . ڕەفتاری جۆراو جۆری عەلی و ڕاڕاییەکەی خەریکە گێژم دەکات . پێموایە کە ... دەنگی گڕی عەلی ، سەرنجم ڕادەکێشێت .

- گریمان کە دەمزانی ... بۆچی وەڵامت نەدامەوە ؟

- کە زەماوەند دەگەڵ شەریفەدا بکەم ؟

- ئەگەر خۆشت دەوێ !

- ئەمەت بە ڕاستە ؟

خورشید کولاە ، چای تێدەکات و لەسەر ئەژنۆیان دێتەپێشێ و پیاڵە چایەکەم لەبەردەمدا دادەنێت .

چایەکە دەشێوێنم . دەگەڵ عارەقدا تێکناکاتەوە . بەتەمام کە ئیدی عارەق نەخۆمەوە . ئەگەرچی هیچ لەکێشانی تلیاکەکە حاڵی نەبوومە بەڵام حەزدەکەم تۆزێکی دیکەش بکێشم . ڕوودەکەمە پیاوەکەی خورشید کولاە .

- یەکێکی ترم بۆساز بکە .

تلیاکەکەی ئامادە کردووە کە خۆی بیکێشێت .

- هەر ئێستا .

و ڕوودەکاتە خورشید کولاە .

- دوو سەتڵ ئاوی دیکە بکە بەم دڕوانەدا .

خورشید کولاە ، لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . دەنگی عەلی دەژنەوم .

- دیسان بێدەنگ بوویت ؟

- لەمەبەستت تێناگەم .

بەئەسپایی دەڵێت :

- تۆ کە هەموو شەوێ دەچی هاوبەخەڵی دەکەی ، یەکجارەکی مارەی بکە !

مینگە مینگ دەکەم و بەپچڕپچڕی دەڵێم :- بەڵام .. خۆت دەزانی کە ...

خێرا ، هەڵدەداتێ :- کە قە ... یە ؟!

نەمدەویست ئەمە بڵێم . زار دەکەمەوە کە قسە بکەم لێ دەرفەتم نادات .

- ئەگەر قە ... یە ، هەر ئێمەی پیاوان قە ... مان کردووە !

قسەکردنەکەی جۆرێک پەستی و زوێری پێوە دیارە ، یا لە تووڕەییدایە یا شتێکە لە نێوان زوێری و تووڕەییدا .

- ئێ ... لێ ...

نە ! چاوەڕوانی قسەکردنی من ناکات . پێشتر سێ و دووی خۆی کردووە ، هەموو ئەو قسانەی کە وێنای کردووە لەگینە بیانکەم ، چەندین و چەندین جار لە زەینی خۆیدا تاوتوێی کردوون هەنووکە هەموو ئەو وەڵامانەی کە لە دڵی خۆیدا تاوتۆێی کردوون ، بێئەوەی مۆڵەتم بدات ، هەڵدەڕێژێ و وەکو زللەیەک بەگۆناميا دەکێشێت .

- ئاخر تۆ لاف وگەزافت هەیە . ئاخر تۆ (تەبیعەتێکی تایبەتیت) هەیە . تۆ باسی ئینسانیەت و بەرگری لە بەشەرییەت دەکەی !

داخ لە دڵە . ئەگەر دەمزانی وایە ، ئەم هەموو کۆڵان بە کۆڵانە دووی نەدەکەوتم و ئێستاش مەسڵەحەت لەوەدایە کە خۆ لە گێلی بدەم و کۆڵ بدەم . بە بیانووی تلیاکەوە دەچمە پێشەوە . لوولەی وافوورەکە لە دەست پیاوەکەی خورشید کولاە وەردەگرم و فووی دەکەمێ ، ئاگرەکە دەگەشێتەوە .

- فەرموو بیکێشە .

دووکەڵەکە بە تاسەوە ، بگرە ، بەتووڕەیی هەڵدەمژم . بە یەک نەفەس ، هەموو بڕە تلیاکەکە دەکێشم . خەریکە نەفەسم دەبڕێت . وافورەکە دادەنم و هێدی هێدی دووکەڵەکە دەردەدەمەوە و دوا بە دوای ئەوە دوو قوم چای شیرین دەخۆمەوە . دیسان ، بۆنی کەسکونی دڕووێن نمسار بەناو ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوە . خورشید کلا دێت و ڕوو بەڕووم دادەنیشێت . پیاوەکەی خورشید کولاە ، ئێستا خەریکە وافورەکە بۆ عەلی سازدەکات . عەلی ، پیاڵەیەک عارەق بۆلای من ڕەت دەکات .

- نا ... ئیتر ناخۆمەوە .

تەمەشام دەکات . پێی دەڵێم :

- یەکەمیشم لەبەر دڵی تۆ خوارەدە ، ویستم دەستت ڕەت نەکەمەوە ... ژانەسەر دەگرم .

پێداگری ناکات . نیوقاپێک ڕادەکێشێتە پێشەوە و بەجۆرێ لەبەردەم خۆیدا دایدەنێ وەکو ئەوەی بڵێ" ناخۆیتەوە بە جەهەنەم ! " پاشان ، قاچی ڕاستی قانگڵە دەکات و خۆی دەخاتە سەرلاو باسکی دەستی چەپی دەخاتە سەر ئەژنۆی پیاوەکەی خورشید کولاە و فوو بە وافورەکەدا دەکات . ئەم چەلە ، پیاوەکەی خورشید کولاە وافورەکەی بۆگرتووە .

دووکەڵی تلیاکەکە خەریکە کاری دەبێت . بڕی دووەمم بە جورئەت کێشا . یەک نەفەس کێشام ونەمهێشت یەک زەڕەی بە فیڕۆ بڕوات . سەرم دەڵێی بە ئاستەم ئاوساوە . هەناسەم کە هەمیشە بەهۆی جگەرەوە تەنگ بوو ، کراوەتەوە و دەڵێی ڕەحەت تر هەناسە دەدەم . پاڵدەدەمەوە و مژ لە جگەرەکە دەدەم . برژانگەکانم دەنمە سەریەک و بیر لە قسەکەی عەلی دەکەمەوە .".. ئاخر تۆ تەبیعەتێکی تایبەتیت هەیە ! ... تۆ باسی ئینسانییەت دەکەی !" هەڵبەتە ، جارەهای جار ، لە زەینی خۆیدا ، دادگایی کردووم . دەنا ئەم قسانە ، هەروا خۆبەخۆ و لە ناکاوا لە زاری دەرنایەت " ... تۆ لاف و گەزافت هەیە ، ئیدیعات هەیە . تۆ باسی بەرگری لە بەشەرییەت دەکەیت ... "

دڵنیام کە سەدجار ئەم قسانەی لە زەینی خۆیدا هەڵسەنگاندووە . گومانی تیانییە . ئەمە ، شێوازی قسەکردنی عەلی نییە .

برە تلیاکەکە تەواو دەبێت . عەلی دەکشێتەوەو لە جیاتی چایەکە ، پیاڵە عارەقەکە هەڵدەگرێت و هەڵیدەدات ، ئەوسا ئەنگوستی بە نێو ماستەکەدا دەگێڕێت و دەیکات بەدەمیدا و بەدەم تام کردن و خواردنی ماستەکەوە دەڵێت :

- باشە ! ... وەڵامم مەدەوە !

دەڵێی نایەوێ لەبەردەم خورشید کولاهدا باسی ( قە ... بوون )ی شەریفە بکات . دەستبەردار دەبێت و دەکشێتە کەنارەوە . دیارە بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن دووبارە بێتەوە قسان . دڵنیام کە باسی شەریفە بووە بە گرێی سەردڵی . دەبێ هەرچۆنێ بووە بزانم کە بۆچی ئەوەندە لە خەم وبیری شەریفەدایە ، بە ئەسپایی دەڵێت :

- بیرت دێت ئەو ڕۆژانە چیت دەگوت ؟

قسەکانی خۆم بە خۆم دەفرۆشێتەوە .

- بیرت دێت کە باسی سیستەمی بێ سەرو بەرت دەکرد ؟ باسی دەوڵەتی خراپ ! ئابووری وابەستە و داڕووخاو ، ئاکار و ئەخلاقی کۆمەڵگات دەکرد ! ... بیرت دێت ؟

هێدی و هێمن و ئارام و بە کاوەخۆ قسەدەکات .

- کێ کەمتەرخەمە ؟! ... من ... تۆ ... یان شەریفە ؟ ... کاممان ؟! ... بێ کەم و زیاد قسە کلێشەییەکانی خۆم دەداتەوە بە ڕووما . لە تۆ وایە وشە بە وشە ئەزبەری کردوون . قسەێن وشک و برینگ و بێتام کە هێندەم کاوێژ کردوونەتەوە ، دڵم تێکهەڵدێت . مەسڵەحەت ئەوەیە کە پاڵبدەمەوە و هیچ نەڵێم .

- سەلام !

دیسان پیاڵە عارەقەکە هەڵدەدات و تاسولکە ماستەکە هەڵدەگرێت و چەند فرێکی لێدەدا .

- ... دیسا ، ئەگەر شەریفە کەمتەرخەم و خەتابار نییە و ئەگەر تۆ پێتوایە کە ژیانت لە پێناوی خەڵکیدا بەخت کردووە ولە دەست داوە ، ئەم پاشماوەیەشی بەخت بکە و ژیانی شەریفە ڕزگاربکە ... بەختی بکە و ژیانی ئینسانێک ڕزگار بکە !

بزەیەکی تاڵ ، نیشتووەتە سەر لێوانی عەلی . قسەکانی بێ سەروبەرن بەڵام نازانێ چەند قسەکانی منی ژێر و ژوور کردووە و پێکەوەی بەستووەتەوە و چاوەڕوانی هەل بووە تا بەر مامێزانم بدات .

یەکەمین جارەکە عەلی بەمجۆرە قسان دەکات و یەکەمین جارە بێ لە ڕوودامان تەمەشام دەکات و بێ هیچ مدارایەک وشەکانی وەکو گوللەی قورقوشم دەدات بە سەروچاوما و سووک وباریک دادگاییم دەکات .

تا دوو هەیڤ لەمەپێش ، هەرکاتێ کە بەیەکەوە دەبووین ، هەرکاتێ کە مەست دەبوو و یاهەرکاتێ مەست نەبوو و قسەی دەکرد ، زیاتر دەردەدڵ بوو و قسەکانی شێوازێکی دیکەی هەبوو . باسی ژیانی خۆی دەکرد و باسی ئازار و خەمەکانی دەکرد ، چەند قسەکانی دڵگیربوون . بەڵام ئێستا ؟ ... نە ! ... لە تۆوایە عەلی نییە کە قسەی دەکرد . کەسێکی دیکە بوو کە بەزمانی عەلییەوە قسەی دەکرد .

چوومەتە ژێری کە لەناکاوا دەنگی وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە و هاواردەکات: - بۆ بێدەنگ بووی ؟

ڕادەچڵەکێم . خورشید کولاە و پیاوەکەی ڕادەچڵەکن . ئێژی ئەم دوو سێ پیاڵە عارەقە مەستی کردووە . بێ ئەوەی چاو بتروکێنم تەمەشای دەکەم . لەپڕ دەداتە پرمەی گریان . هەنسک هەڵدەدات . هەناسی سوارە . دەنگی نزم دەبێت و گوناحانە دەڵێت :- ئاخر خەریکە دەتەقم !

دڵم دا دەلەرزێ . دەچمەپێشەوە و دەست دەکەمە ملی . هەنسک هەڵدەدات و شانەکانی دەلەرزن .

- چی بووە عەلی ؟ ... هاوارم بەسەردا بکە ! دڵی خۆت خاڵی بکەوە . لێم بدە عەلی ... دارکاریم بکە !

هەنسک دەرفەتی نادات . گریان لە ئەوکی گیراوە . خورشید کولاە و پیاوەکەی ، بە حەپەساوی تەمەشای دەکەن . ژێربالی دەگرم .

- هەستە عەلی ... هەستە کەمێک ئاوی سارد بدە بە دەموچاوتدا .

لە جێی خۆی ناجولێت ، خورشید کولاە خێرا هەڵدەستێت و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ و بە گۆزەیەک ئاوەوە دەگەڕێتەوە . هەنووکە عەلی بێدەنگ بووە . سەری ناوە بە دیوارەکەوە و چاوانی ناونەتە سەریەک . دەستی دەگرم

- چیتە عەلی ... قسە بکە ... چی بووە ؟

چاوانی دەکاتەوەو پاشان بزە دەنیشێتە سەر لێوانی . دوو دڵۆپە فرمێسک بەسەر گۆناکانییەوە قەتیس ماون .

- هیچ نییە !

- تۆزێ ئاو بدە بە دەم و چاوتدا .

پیاوەکەی خورشید کولاە قابلەمەیەکی گەورە دێنێ و لە بەردەم عەلیدا دایدەنێت .

- هیچ نییە . تەواو بوو !

هێشتا بزەکە بە سەر لێویەوەیە .

خورشید کولاە ئاو دەکات بەدەستی عەلیدا . ئاوەکە دەکات بە دەم وچاویا و ئەوسا گۆزەکەی لە دەست وەردەگرێت و دەینێت بەسەرەوە .

دەنگی عەلی ، نزم بووە .

- وافورێکی دیکە سازبکە .

- نەتگوت چیت بەسەر هاتبوو .

- هیچ ... تەواو بوو .

پێداگری لێناکەم . دێمە دواوە . پیاوەکەی خورشید کولاە وافورەکە ئامادە دەکات و دەیداتە دەست عەلی . مژی لێدەدات و دووکەڵەکەی بەبا دەدات و دەپرسێت :- سەعات چەندە ؟

- ڕەنگە چوارو نیو بێ .

پیاوەکەی خورشید کلاە هەڵدەستێ و لەگیرفانی ئێلەکەکەی ، کە بەبزمارێکەوە هەڵواسراوە ، سەعاتەکەی دەردێنێ .

- چوار وبیست دەقیقەیە .

عەلی ، کونی وافورەکە دەکاتەوە و دەڵێت :- ئەمە بکێشین و چاوێ گەرم بکەین و ئێوارە بڕۆین بۆ پشتە .

دەیکێشێت و ئەوسا خوڵکی من دەکات . دوو وافوری دی دەکێشم . باری لەشم سووک دەبێ . برژانگەکانم دەچن بەیەکدا . ڕادەکشێم . عەلیش ڕادەکشێت . خورشید کولاە و پیاوەکەی لە ژوورەکە وەدەردەکەون و تاکەکانی دەرگاکە پێوە دەدەن . ژوورەکە فێنکە . نیمچە تاریکە . نەرمە بایەک کە لە باگیرەکەی سەربانەوە دێتە ژوورەوە خەو دەرژێنێتە چاوانم . دیسان ، دڕووەکانیان ئاو پرژێن کردووە و دیسان بۆنی کەسکونی دڕکە نمدارەکان بڵاو

بوونەتەوە . حەزدەکەم کە بۆنی گڵیش بێ . هەڵدەستم و گۆزەکە هەڵدەگرم و دیوارە گڵەکانیش ئاو پرژێن دەکەم و ڕادەکێشم و دەبیرەوە دەچم .

سەرم گەرم بووە . باری دەروونم سووک بووە . سەرم گێژ دەخوات . ئارام ، ئارام ، ئارام و ... لە ناکاوا وەک ئەوەی لە بەرزاییەکەوە کەوتبمە خوارەوە ، تەکانێک دەدەم و چاوانم هەڵدێنم . برژانگەکانم عەجەب قورس بووە . بێئەوەی بمەوێ ، برژانگەکانم دەنیشێتە سەر یەک . حەز لەجگەرەیەک دەکەم . دەستم بە سەر بەرەکەدا دەگێڕم و پاکەتە جگەرەکە هەڵدەگرم . پاکەتە جگەرەکە بە گەورەیی یەک یەخدانە بەڵام بەسووکی پووشکەیەکە . دووکەڵی جگەرەکە بەدڵەوە دەنووسێت . تا نها ئەم لەزەتەم لە دووکەڵی جگەرە نەدیتووە . چەند مژێکی پەیاپەی لێدەدەم و مستم دەنمە سەر سینگم . جگەرەکە لەبەینی قامکەکانمدا نەرم نەرم دووکەڵ دەکات و دووکەڵەکە لوول دەخوات و دەڕوات بۆ سەرەوە . لە پشت تۆڕی برژانگەکانمەوە ، دووکەڵی جگەرەکە ، لە کلافەیەکی کەوەیی گەورە دەچێت کە لە زارکی دووکەڵکێشی سۆپاکەوە بچێتەدەرێ . دووکەڵەکە خەست دەبێتەوە . زۆرتر دەبێت . زیاتر لوول دەخوات . بە دووکەڵی گەرماوێک دەچێت کە تازە توونەکەیان داگیرساندبێ . ئێژی دووکەڵکێشە گەررەکەی ئاشخانەی سەربازخانەی (قشڵە)ی عەباس ئابادە . کە بەو زارە زلەیەوە لەناکاوا دووکەڵەکەی ڕەها دەکرد و ئاسمانی شینی سەربازخانەکەی تاریک دەکرد و پاشان بەرەبەرە بنی دەنایەوە تا کەوەیی و تەنک دەبووەوە و سێبەری بەسەرمانەوە دەکرد . وەکو ئەو ڕۆژەی کە ، دووکەڵی زارکی ئاشخانەکە ، بە تۆپزی نیگامی بە دووی خۆیدا بکێش دەکرد . ڕۆژی هەشتەم یا نۆیەم بوو . باش لەبیرم نیە . هێشتا لە غەریبی نەخەلەسی بووم . هێشتا ئولفەتم لەگەڵ کەسدا نەگرتبوو . لەگەڵ هەر نیگایەکدا کە دەبرِدرایە ڕوو و ڕوخسارم یا هەر هەنگاوێکدا کە بەرەو من دەهات ، ژوانگەی نهێنی لە زەینمدا سەری هەڵدەدا " بیستم عەفوو بووی بەڵام ... " ڕۆژی هەشتەم یا ڕۆژی نۆیەم بوو . دوای ڕیزبەست بوو . ڕەحەت باش بوو . لەقەراخ جۆگایەک دانیشتبووم کە لە کۆسارەوە دەهاتە خوارێ ، پاڵم دابوو بە قەدی درەختێکی چناری جەوانەوە ، کە نەرمەبایەک یاری بە لق و پۆپ و گەڵاکانی دەکرد ، کەمەرم دانەواندبوو کە ئیسراحەت بکات . سەرم بەرز گرتبوو . نیگام ، بەگەڵ ئەو دووکەڵە دەکەوت کە لە زارکی ئاشخانەکەوە دەردەچوو . جگەرەیەکم داگیرساندبوو و یاریم بە دووکەڵەکەی دەکرد . هێشتا غەریبی بەری نەدابووم ، لەم خەیاڵانەدا بووم کەلە ناکاوا دەنگێکی خۆش و دڵگیر لە گوێمدا گیرسایەوە .

- بیستم عەفوو بوو بووی بەڵام عینادیت کرد و هاتی بۆسەربازی ... دروستە ؟

دەنگەکە بەهەموو دڵگیرییەکی خۆیەوە ، تەکانی دابووم . خۆم گرد و کۆ کردبووەوە و کەمەرم ڕاست کردبووەوە و هەستابووم . دووچاوی جوان ، عەینی قاوەی برژاو ، لە ژێر چەتری کڵاوێکی عەسکەرییەوە تەمەشای دەکردم . چاوەکان لە تۆ وایە پێدەکەنین . گۆناکانی ساف و گۆشتن بوون . چەناگەی کەمێک پان بوو ، بەڵام زۆر نا .

لێوەکانی ئەستوور بوون . ئارام بوو . من بێتاقەت بووم . دەتگوت قسە چنگ لە گەرووم دەدات تا بێتەدەرێ . دەتگووت لە ناکاوا غەریبی لە گیانم دەرچوو بوو . ئاخری هاتبوومە قسە .

– نا ! ... عینادیان لەگەڵ کردم .

ئەمجارەیان ، دەنگەکە زندووتر بوو .

– کەواتە هەمیشە حەقیقەت شتێکی دیکەیە .

لەرەی دەنگم هێور بوو بووەوە ، بەڵام هێشتا هەر بێ ئوقرە بووم .

– هەمیشە دەبێ بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت زەحمەت بکێشرێ .

بزەیەکی کردبوو و دەستی درێژ کردبوو .

– نوسرەت !

دەستم گوشی بوو .

– خالید !

هێشتا فریا نەکەوتبووین چەند قسەیەک بکەین کە شەپیووری ڕیزبەست لە گوێماندا گیرسابووەوە .

نوسرەت لە سریەی لاسکی و موخابەرە بوو .

– من تۆپچیم !

– ئێوارێ دەتبینم ...

ویستبووم بپرسم لە کوێ ، بەخۆی درێژەی بە قسەکەی دابوو .

– ... لای تاڤگەکە .

تاڤگەکە ، لە پشت سەربازخانەکەوە بوو . بەردێکی حەوز ئاسای پڕ ئاو بوو کە لە بەرزی دوو سێ گەزەوە دەڕژایە خوارەوە . لە خوار تاڤگەکەوە ، چاخانەیەک هەبوو کەچەند تەختێکی شەق وشڕی کۆنی تیابوو ، کە جارجارێ هەندێک لە سەربازەکان لە کاتی پشوو و ئیسراحەتی خۆیاندا سەعاتێکیان لەوێندەر بەسەر دەبرد . چایان

دەخواردەوەو جگەرەیەکیان دەکێشاو دەمەتەقەیەکی هاکەزاییان دەکرد .

نوسرەت دەڵێت (لای تاڤگەکە) و بلەز بەرەو سریەی مخابەرە دەڕوات .

چاوم لە نوسرەتە کە لەپڕ ڕادەپەڕم . سیگارەکەم گەییوەتە کۆتایی و ئەنگوستی سووتاندووم .

قوونکە جگەرەکە دەکوژێنمەوە . عەلی ، پرخە پرخێکی ئارام دەکات . لە سەر گازی پشت خەوتووە، باسکی ناوەتە سەر نێوچەوانی . هەڵدەستم و چۆڕاوەکەی بنی گۆزەکە بەسەرەوە دەنم . زۆرم تینووە . ئاوەکە ، چەند بە لەزەتە . دووبارە خاو دەبمەوە و دەکەوم . حاڵەتێکم هەیە لە نێوان خەو و بێداریدا . هەست بە قورسایی بەدەنم لە سەر ئێسقانەکانی پشتم ناکەم کە بە عەرزەکەوە چەسپیوە . دیسان ئارەزووی جگەرە دەکەم ، بەڵام ئەمجارەیان حەزناکەم لە جێی خۆم بجوڵێم . دەترسم ئەگەر بجوڵێم ، ئەم حاڵەتە خۆشەم لە دەست بچێت . دەترسم ئەو شەپۆلە گەرم و لەزەت بەخشەی کە لە پەنجەی پێمەوە ، نەرم و سووک ، دەڕواتە سەرەوە و بۆخوارەوە دەگەڕێتەوە ، لە لەشم بچێتە دەرەوە . جووڵە ناکەم . چاوانم دەنێمە سەریەک . دەڵێی شڵپ و هۆڕی تاڤگەکە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە . چی وای بۆ خۆرئاوا نەماوە . ڕەنگی هەتاو کاڵ بووەتەوە . نوسرەت ، لە ژێر ڕیزە دار چنارەکانەوە بەرەولای من دێ . لە دوورەوە دەست تەکان دەدات . دەچین بۆ چاخانەکە .

- خەڵکی باشووریت ؟

نوسرەت خەڵکی باکوورە .

- لە سریەکەتاندا کەس دەناسیت ؟

- هیچ کەسێک .

هێشتا چایچیەکە ، یەکەم پیاڵە چای بۆ نەهێنابووین کە گەنجێکی ڕەشتاڵەی دەستەباڵا لە پشت پەرژینی نێوان حەوشی سەربازخانەکە و تاڤکەکەوە ، پەیدا دەبێت و یەکڕاست بەرەولای مە دێت . تەعاروف دەگەڵ یەکدا دەکەین .

- کەمال .

کڵاوە عەسکەرییەکەی بەسەرە گەورەکەی بچووکە و بەتەپڵی سەریەوە گیرساوەتەوە . نوسرەت دەڵێت کە خەڵکی باشوورە . چاوە قاوەیی و درشتەکانی بەلای مندا وەردەگێڕێت و بەزمانێک ، کە هاواردەکات خەڵکی بەندەرە ، دەپرسێت .

- خەڵکی لای خۆمانی ؟

قسەکردنەکەی ، ئاشنایی بەگیانم دەبەخشێت . بزە دەخاتە سەر لێوانم و بێئەوەی بمەوێ ، قسەکردنم شەقڵی بەندەری وەردەگرێت .

– کاکە ، منیش باشووریم .

تەوقە دەکەین . ئێژی ساڵەهایە کە یەکدی دەناسین . بەگەرم و گوڕی قسە دەکەین . کەمتر دەرفەتی قسەکردن بەنوسرەت دەدەین . دڵی پڕی دە پازدە ڕۆژەمان ، کە لە باشوورەوە هەڵکەندراوین و یەکسەر بۆ ناوەند و پاشان بۆ سەربازخانە ، خاڵی دەکەینەوە . قسەکردنی کەمال بۆساردی ماسی لێدێت . بۆنی کەسکوونی نەوت ، بۆنی شۆراوی دەریا ، و شادم دەکات . ئێژی تامی خڕاڵی کاڵ ئاو دەزایەنێتە دەمم . ئێژی تامی سوێری لینجی گاگڵە ( جۆرە گیایەکی خۆڕسکە لەهەندێ شوێن لەجیاتی سەوزی دەخورێ ) . دەنیشێتە سەر لێوەکانم . هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە . کە شەیپووری شام بەرزدەبێتەوە . نوسرەت قسە ناکات . لە سەر تەختی چاخانەکە هەڵدەستین و دەکەوینەڕێ . کەمال ، لە سریەی سوارانە ، دوای شێڤ ، خوێندنەوەی ئیجبارییە . . قەرار دەکەین کە لەپۆلدا یەکدی ببینین . لەپەرژینەکەوە تێدەپەڕین . دنیا تاریک بووە . ڕیزی گڵۆپەکانی سەربازخانەی عەباس ئاباد ، لە ژێر لق وپۆپ و گەڵای درەختانی زمانە چۆلەکە و چنار و سپیدار دا ، بە ئاستەم ئەرزەکە ڕووناک دەکەنەوە . چەند بلاجکتۆرێکی گەورە بەسەر دەرگای قەرەوڵخانەکەوەن و تاکو بینای فەرماندەییان ڕووناک کردووەتەوە .

لەپڕ . ڕووناکییەکی توند دەنیشێتە سەر چاوانم . خورشید کولاە دەرگای ژوورەکەی کردووتەوە و تیشکی تیژی خۆرەکە ڕژاوەتە سەرچاوانم . ئێستا خۆر گەڕاوەتەوە و هاتووەتە خوارەوە و خەریکە لە لقەچڕەکانی دارخورماکانی باخی عەدنانییەوە دادەگەڕێت تا ئاوا ببێت .

لاقم کۆ دەکەمەوە و دادەنیشم . خورشید کولاە دەڵێت :– چای ناخۆن ؟

عەلی ، تلێک دەدات و دادەنیشێت :– دەخۆین .

***

کە لە دەرگای باخی عەدنانی وەدەرکەوتین ، عەلی مشتی پڕی دەنێتە نێودەستی پیاوەکەی خورشید کولاە . ڕەنگە دوو دانە دە تمەنی گرمۆڵە بووبێ .

– زۆر سوپاس .

– خودا سایەتان لە سەرمان کەم نەکات !

پیاوەکەی خورشید کولاە ، تابەر دەرگای باخەکە لە گەڵماندا دێ .

- ئێرەماڵی خۆتانە .

هەمووی سەد ، سەد وپەنجا مەترێکی نەماوە بۆ قەراخ شار ، کە خانووی نزم و پەرپووت و لێرەو لەوێ داڕووخاو دەست پێدەکات ، کە سەروسەکوتی خروشی لە سیلەی دوا خانووی شارەوە دەردەکەوێ . کە لە دوورەوە دەمانبینێ پێ هەڵدەگرێت . کە نزیکمان دەبێتەوە کڵاوەکەی — کە بە دەستیەوەیە — دەتەکێنێ و لە سەری دەکات و بازوو بەندە سوورەکەی کە لە کۆنیدا خەنەیی دەنوێنێ ، ساف دەکات و یەکڕاست بەرەولامان دێت و سڵاوێکی عەسکەری دەکات .

- چۆنی خروشی ؟

- لە مەرحەمەتت بەزیاد بێ .

تەوقە دەگەڵ خروشیدا دەکەم .

- دەچووی بۆ پشتە ؟

عارەق و خۆڵ ، بەتێکەڵی ، بەهەنیەی خروشییەوە وشک بووەتەوە .

- لە نیوەڕۆوە تا ئێستا لە دووت دەگەڕێم .

- لە دووی من ؟ ...

- ها بەڵێ ... لە دووی تۆ !

- خۆ من بۆ هیچ کوێ نەڕۆیی بووم.

- تەنیا باخی عەدنانی نەگەڕابووم و ئێستا خەریک بوو بۆ ئەوێ دەهاتم.

عەلی دەپرسێت :- چ کارێکت پێیەتی ؟

سەر وسیمای خروشی بە ئاستەم جدی دەبێت ، ژێر گۆنا زەق و پانەکانی چرچ دەبێت و دەڵێت :

- نایب زابت پێشبین دەستووری جەلبکردنی داوە !

دەپرسم :- جەلب ؟!

دەڵێی خەجاڵەت دەبێت .

- ها ، بەڵێ .... یانی بتبەم بۆ سەربازگە .

- بەڵام خروشی ... من ئەمڕۆ نیوەڕۆ نایب زابت پێشبینم بینی .

- من هیچ نازانم !

باڵندەیەکی تیژباڵ بە سەرماندا تێدەپەڕێ و دەنگە نزمەکەی لە هەوا گەرمەکەدا خەفە دەبێ .

- دەی زۆر باشە ... با بڕۆین بۆ سەربازگە .

لەگەڵ خروشیدا دەکەومە ڕێ .

خروشی ، لە کاتێکا کە گەڵاوگەڵ ڕێ دەکات و باڵەکانی ڕادەوەشێنێ. بە مینگە مینگەوە دەپرسێت .

- لە بەیانییەوە تا ئێستا لە کوێ بوویت ؟

- لە بەیانییەوە تا ئێستا ؟ ... پێمگوتیت کە نیوەڕۆ لەبازاڕ نایب زابت پێشبینم بینی .

- دنیات بۆ گەڕام .

هەموو بەندەر لەنگە ، یەک بستە . لە گۆڕستانەکەوە تا چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی کە سەرەتای شارە و لە قەراخ دەریاوە تا چاخانەی ئاهەن کە لە سەر پشتەیە ، هەر هەمووی بە پاسکیل بە دە دەقیقە تەی دەکرێت .

عەلی ، پێ بە پێی ئێمە دێت . پێی دەڵێم :

- ئەگەر دەتەوێ تۆ بڕۆ بۆ پشتە . من خێرا دەڕۆم بزانم چ کارێکی پێمە و دەگەڕێمەوە .

عەلی ، قاییل نابێت . لە خروشی دەپرسێت :- پێت نەگوتین کە پێشبین چ کارێکی پێی هەیە ؟

خروشی هیچ ناڵێت . ئێستا گە یشتووینەتە سەرەتای بازاڕی مساح و خەریکە دنیا تاریک دەبێت و هەمووان ، چەفیەکانیان داوە بە شانیاندا و خەریکن دووکانەکانیان دادەخەن .

خروشی خوڵکی جگەرەم دەکات . ناکێشم . بەخۆی جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و مژی لێدەدات و لەگەڵ دووکەڵی خەستی شنۆدا ، کە بە بەینی لێوە وشک و ئەستوورەکانیەوە دێتەدەرەوە ، وەکو ئەوەی دەبیرەوە چووبێ دەڵێت :

– هەموو ئینزیباتەکان بۆت دەگەڕان !

هەموو ئینزیباتەکان ( دارۆغە ) سێ نەفەرن . خروشی و ، عەلوان و عومەر .

سەید کە ڕۆژنامەکانی کۆکردووەتەوە و دووکانەکەی داخستووە و هەنووکە خەریکە دەکەوێتە ڕێ کە بۆ ماڵ بڕواتەوە ، هەرکە دەمانبینێ بە خروشی دەڵێت :– دۆزیتەوە ؟

و ڕووی دەکاتە من :– هێندە بە دووتا گەڕان ، هەموو وایان دەزانی کە هەڵاتوویت !

بزەیەکی بۆدەکەم .

– هەڵاتن ؟! ... نا سەید ، خەیاڵت ڕەحەت بێ ، تا قاپێک لە دووکانەکەت بمێنێ ، منیش دەمێنم !

سەید ، هەم ڕۆژنامە دەفرۆشێت و هەم عارەق ، ئەگەر دەستی بگات قاچاخ فرۆشیش دەکات و چەند سەبەتەیەک میوەی ڕزیو و گەنیویش لە ( لار ) ەوە دێنێ .

شاتر غوڵام ، لۆکسەکەی داگیرساندووە و خەریکە سڵاوات بۆ عەلی و ئەولادێن عەلی دەنێرێت . هەفتە نییە کە لەبەر دووکانەکەی شاتر غوڵامدا ، شیعە و سوننە نەکەونە گیانی یەک و هەمووشی لە ژێر سەری شاتر غوڵامدایە . بە تایبەتی وەختایەک کە محەمەد نوور ، سەرۆکی پۆستەخانە ، ڕێی بکەوێتە دەورو بەری دووکانەکەی شاتر غولام .

– سەڵەوات لە محەمەد وماڵباتی ئەو .

خەڵفە مورشیدی هەویر شێل ، لەبنەبانی دووکانەکەوە هاواردەکات :

– سەڵەوات لە دیداری محەمەد و ماڵباتی محەمەد .

شاتر غوڵام ، ژێراوژێر تەمەشای محەمەد نوور دەکات .

– سەڵەوات لە عەلی و یازدە کوڕەکەی .

دیسان دەنگی خەڵفە مورشید لەبنەبانی دووکانەکەوە بەرزدەبێتەوە .

– سەڵەوات لە محەمەد و ماڵباتی محەمەد .

شاتر غولاّم ، سەر لەبەر ئاگری تەنوورەکە دێنێتە دواوە و بە دزییەوە تەمەشای محەمەد نوور دەکات کە ئێستا لەبەر دووکانەکەی سەیدا وەستاوە و ئەبڵەق بووە ، دەڵێت :- نەعلەت لە نکۆڵیکاری عەلی !

دەنگی خەڵفە مورشید وەکو تۆپ دەتەقێتەوە :- هەزار جار !

دەنگی محەمەد نوور کە لە تووڕەییدا دەلەرزێت ، وەکو شەلاق بە گۆنای شاتر غولاّمدا دەچزێ .

- شەرم و حەیا بۆپیاو باشە ، تۆزێ شەرم لە خۆت بکە پیاو !

غولاّم ، وەکو ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ ، گەرووی پڕ با دەکات و دەڵێت :- نەعلەت لە عوسمان و ئەبوبەکر .

خەڵفە مورشید دەرفەت نادات تا شاتر غولاّم لە قسەکەی ببێتەوە . لە ناکاوا دەنگی دەتەقێتەوە .

- هەزار جار !

محەمەد نوور ، بەر دووکانەکەی سەید بەردەدات و بلەز دێتە پێشەوە و پەلاماری شیشی تەنوورەکە دەدات .

- شەرم لەو ڕدێنە سپییەت بکە !

شاتر غولاّم لە قاقای پێکەنین دەدات و پاشەکشە دەکات . ئێستا خوێن ، چارەی گەنمڕەنگی محەمەد نووری تاریک کردووە . خەڵفە مورشید بە هەڵەداوان لە دووکانەکە وەدەردەکەوێت . سەرە ڕووتاوەکەی لە ژێر ڕووناکی لۆکسەکەدا دەبریسکێتەوە .

- چییە مەنوور ( محەمەد نوور ) ؟

ڕد ێنە ماش و برنجییەکەی محەمەد نوور دەلەرزێ .

- چییە و ژەهری مار !

بەرەو خەڵفە مورشید هێرش دەبات و تاچاو بنوقێنی و بکەیەوە دەبینی هەمووان دووکانەکانیان بەجێهێشتووە و کەوتوونەتە گیان یەکدی . تەشتەکانی شاتر غولاّم ، پەرت بوونەتە ناوەندی بازاڕەکە . خوێن بەسەر سەرە ڕووتاوەکەی خەڵفە مورشیدەوە ، چۆڕواگەی بەستووە و هاتووەتە خوارەوە بۆ ناو ڕدێنە ماش و برنجییەکەی . پاسەوانان هاتوون و دۆنکیەکانیان بەدەستەوە گرتووە و هەموویان داونەتەپێش بەرەو شارەبانی .

شاتر غولام ، تازە لۆکسەکەی هەڵکردووە و سەڵەوات بۆ عەلی و مناڵەکانی دەنێرێت . هیچ هەواڵێک لە محەمەد نوورەوە نییە . خەڵفە مورشید لە سەر سەکۆی دووکانەکەدا هەڵتروشکاوە و دەم وقەپۆزی بەرزکردوەتەوە و تەمەشای دەوروبەر دەکات و ئەو لەتە نانەی کە لوولی داوە دەخوات . دەڵێی لە دووی محەمەد نوور دەگەڕێ .

- بابا تا ئێستا لە کوێ بووی ؟ ... زەمین و زەمان نەما لە دووت نەگەڕین !

لە بازاڕی مساحدا ، تەنیا لۆکسەکەی شاتر غولام دەسووتێ . زارکی باشووری بازاڕی سەرپۆشراو ، بەتیشکی لۆکسەکەی عەلی دادی ڕووناکە .

کە لە ژێر داویەمین تاقی بازاڕەکە وەدەردەکەوم ، عەلی دادی ڕفێدەکە (مادده ، مایە) لە قەراخ تەنوورەکە دادەنێت و سەری لەبەردەم ئاگرەکە لادەبات و دەپرسێت :- دۆزیتنەوە ؟

هەمووان دەزانن کە نایب زابت پێشبین دەستووری جەلبی داوم .

عەلی دادی غەمبارە پێی دەڵێم :- هیچ نییە !

- ئاخر ئەگەر هیچ نەبایە ، ئەوەندە بە دووتا نەدەگەڕان .

عەلی دەڵێت :- هەر گوێی مەدەیە !

نایب زابت پێشبین ، لەبەردەرگای قەرەوڵخانەکەدا وەستاوە ، دەستەکانی ناوەتە سەر سمتە گەورەکانی . سمێڵی چاک باداوە . نووکی سمێڵی ، عەینی کلکی دووپشک ، لە هەردوو سەرەوە بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە . چاوە گەورەکانی ماندوو دێنە بەرچاو . هەر کە دەمبینێ دێتە پێشەوە و بەبێ هیچ پرس و جۆیەک بازووم دەگرێت و دەمبات بەرەو حەپسخانەکە ، سەرم دەسوڕمێ ، لە ناو چوارچێوەی دەرگای ژوورەکەدا دەوەستم و لێی دەپرسم :

- چ بووە ، جەنابی نایب زابت ؟

دەڵێی لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات .

- بابت دەرهێنام ئەوەندە لە دووت گەڕام !

- خۆ ، من هیچ شوێنێک نەڕۆیی بووم ، نیوەڕۆش کە ...

هەنیەی گرژ دەبێت و قسەکەم دەبڕێت و دەڵێت :- لە چ گۆڕێک بووی ؟

ئێژی مەزاجی تەواو نییە .

- نیوەڕۆ لەبەر دووکانەکەی گەیلاندا لە خزمەتی ئێوەدا بووم .

دەستی لە هەوادا بادەدات و دەڵێت :

- لە خزمەتی ئێوەدا بووم ! ... لە نیوەڕۆوە تا ئێستا چوو بووی بۆ کام گۆڕستان ؟

عەلی هەڵدەداتێ :- ئێستا چی بووە جەنابی نایب ؟

سمێڵە کلکە دووپشکییەکەی پێشبین دەجوڵێت :- چی بووە ... چی بووە !

سینگە پانەکەی دەردەپەڕێنێ و خێسە لە عەلی دەکات و لە سەری دەڕوات .

- دەتەوێ لەوە زیاتر چی ببێ ؟

دەڵێم :- تۆ منت کوشت ... ئاخر بڵێ بۆچی گیراوم؟

عەلی دەڵێت :- دزی لە کەس کردووە ، ماڵی کەسی بڕیوە ؟

دیسان دەڵێم :- ئاخر تاوانم چییە ؟

عەلی دەڵێت :- بەزاتی خوا حەوسەڵەت بردین جەنابی نایب زابت !

نایب زابت پێشبین گەرووی پڕبا دەکات و بەزبری دەڵێت :

- زۆر چاکە . ئێستا کە حەزدەکەی بزانی بۆچی تەوقیفی ، کەواتە بزانە ... لە سەر (سڵاو و درووده ئاگرینەکانت )

دەحەپەسێم :- سڵاوی ئاگرین (شۆڕشگێڕانە) ؟!

لە نیوەڕۆوە کە چوومەتە باغی عەدنانی تا ئێوارێ کە خروشی دۆزیومیەوە ، هەموو شوێنێکم لە دوو گەڕاون . هەموو ئەندامانی ئینزیبات کەوتوونەتە ناو بەندەر لەنگە و ماڵ بەماڵ سۆراغیان کردووم .

- چووینە مردووشۆرخانەش !

- تا بەندەر (کنگ) یش ڕۆیشتین !

- بەڵام بە عەقڵی جینایشدا نەدەهات کە چووبی بۆ باخی عەدنانی .

که خۆر ئاوا بووە ، ئیدی پیاوانی ئینزیبات خەبەریانداوە کە غەیب بووم .

- ئێژی بووە بە قەترەیە ئاو و چووە بە عاردیدا !

عەلوان ڕاپۆری داوە .

" لە سەرباز وەزیفەی ئینزیبات ، عەلوانەوە "

" بۆ جەنابی نایب زابت پێشبین "

" مەقامی موعەزەمی سەرۆکایەتی ئینزیباتی بەندەر لنگە "

" بەگوێرەی ئەو فەرمانەی کە سەرباز وەزیفەی دوورخراوە ، دەستگیربکەم و بیهێنم ، لە سەعات سیازدەوە تا هەژدە و چارەک هەموو شوێنێک گەڕام بەڵام وەکو ئەوە بوو ئەرز قووتی دابێ ، سەوزی فرۆشەکەی بازاڕی مساح گوتی بینیم لێرەوە دەڕۆیی و بە دەستی ڕاستدا پێچی کردەوە و پاشان بەدەستی چەپدا پێچی کردەوە و چووە ناو ئەو کۆڵانەوە و بە ڕادەیەک گەرمای بوو بەکڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکرد . ماسی فرۆشەکەی پشت چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی گوتی ، بەلای ئەو گایەدا کە ماسی متوی دەخوارد ، ڕۆیی و دەستیشی کێشا بەکلکی گایەکەدا . تەمەشای کلکی گایەکەم کرد . هیچی پێوەدیار نەبوو " .

ڕاسپێردراو بە ئەوامیری عالی ، سەرباز وەزیفەی ئینزیبات عەلوان .

نایب زابت پێشبین ، هەندێجار بەینی لە گەڵ مندا خۆشە . بەتایبەتی کاتێ کە لە سەر کەیف بێ و ئێستا کاتێ دەزانێ لە لای خورشید کولاە بووین ، ڕووی دەگەشێتەوە و ددانە درشتەکانی دەردەکەون و دەڵێت :

- هەی نامەردینە ! بۆچی بەمنتان نەوت ؟

پاشان ڕاپۆرتەکان دێنێ کە بیانخوێنمەوە .

" لەسەرباز وەزیفەی ئینزیبات، خرۆشی یەوە "

" بۆ فەرماندەی مەزنی ئینزیباتخانەی بەندەر لنگە "

" جەنابی نایب زابت پێشبین "

" بەگوێرەی فەرمان . چونکە تاوانەکەی سڵاوی ئاگرینە ، هەموو شوێنێ گەڕاین و یارۆی دوورخراوە و شار بەدەرمان نەدۆزییەوە . سەرباز وەزیفەی ئینزیبات عەلوان گوتی ماسی فرۆشەکە گوتی دەستی داوە لە کلکی گا . هەموو شوێنێ گەڕام یانی چووم بۆ گۆڕستانەکەش لە سەعات سیازدەوە تا سەعات شازدە و چارەک زۆر گەڕام و هێشتاش هەر دەگەڕێم . تا شەوێ ڕاپۆرتێکی دیکەش پێشکەش دەکەم . سەرباز وەزیفەی ئینزیبات عومەر ، پاسکیلی لە کیسەی خۆی بەکرێ گرت ، هی ئەنوەر مەشدی چایچی بوو و چوو بۆ بەندەر کنگ بۆلای سەرباز وەزیفە عەلی کە هاوڕێیەتی . ئەگەر لەبنی ئەرزیشدا بێ هەر دەیدۆزینەوە . هێشتا لە بەندەر کنگ نەهاتووەتەوە .

ڕاسپێردراو بە ئەوامیری باڵا ، سەرباز وەزیفەی ئینزیبات عومەر هەرکاتێ هاتەوە خۆی ڕاپۆرتەکە دەنووسێت " .

( ڕاسپێردراو بە ئەوامیری عالی ، سەرباز وەزیفەی ئینزیباتی بەندەر لنگە ، خرۆشی ) .

نایب زابت پێشبین ، بەدەماخ و سەرحاڵە .

– نامەردینە ! ... بتان ناردایە بە دووما .

بەڵام بە گوێی عەلی ناکات کە ڕێمان بدات بڕۆین بۆ پشتە و سارەزوو ، لە گەڵ شیرەی شەبەقا بگەڕێمەوە و بەر لەخۆر کەوتن خۆم موعەڕەفی بکەم .

نایب زابت پێشبین ، لێوەکانی هەڵدەقورتێنێ و دەڵێت :– مێجەر ...

عەلی قسەکەی پێدەبڕێ :– مێجەر تا سەعات نۆی بەیانی پەیدا نابێ !

نایب زابت پێشبین ، بە هیچ جۆرێ گوێ لە قسەکەی عەلی ناگرێت ، درێژە بەقسەکەی خۆی دەدات .

– ... پێستی سەرم دەگرووێ . بەخۆی فەرمانی تەوقیفی داوە . خۆ گاڵتە نییە .

دەچێتە ژووری نووسینگەکە تا دەستوورە نووسراوەکەی مێجەر عاسی بێنێ .

– سەبرکە . سەبرکە با ئەمرەکە بێنم .

عەلی دەڵێت :– بابە دەزانم !

پێشبین دەڵێت :– نەخێر نازانی !

– ئاخر مەسەلەکە بەو گرنگییەش نییە کە تۆ ...

نایب زابت پێشبین کە ئێستا لە ئاستانەی دەرگای نووسینگەکەدا وەستاوە ، قسەکە بەعەلی دەبڕێت .

– گرینگ نییە ؟

– خۆ کلکی کەری وەیسی نەبڕیوە !

نایب زابت پێشبین دیسان ڕووی گرژ دەکات و گەرووی پڕپا دەکات و دەڵێت :

– زۆریش گرینگە ، مەسەلە (سڵاو ی ئاگرینە) حاڵی بوویت ؟ ... سڵاوی ئاگرین !

دەچێتە ژوورەوە تا (ئەمرەکە) بێنێ .

هەموو ئۆینەکە لە ژێرسەری ئەحمەد سەربازدایە . بەو چاوە چکۆلانەیەوە کە لە چاوی فیل دەچن ، بەو لێوە ئەستوورانەیەوە کە هەمیشە قلێشاوەو بە ڤازلین (وەزنی) چەوریان دەکات و بەو تەوێڵە باریکەیەوە کە لە برۆکانییەوە تا هەوەڵی مووەکانی سەری ، بە تۆپزی بەقەد یەک گرێی ئەنگوستە و ، باڵا کورتەکەی لە نێو پانتۆڵە دەڵبە عەسکەرییەکەیەوە ، کورتتر دەنوێنێ . هەمووی لە ژێرسەری ئەودایە کە ئێستا ، لە نێو ژوورە گەورە و وڕاقەکەی کە نار ئاشخانەکەی فەوجدا ، کە عەماری سووتەمەنی زستانەیە ، تەوقیفە .

دوو سێ هەیڤ پاش من هات بۆ بەندەر لەنگە . نازانم بۆچی دووریان خستووەتەوە . هیچ کاتێکیش لێم نەپرسیوە . چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە کە دیتم نەچووە دڵمەوە . جار جارێک کە لە سەر ڕێگا تووشی یەکدی دەبین ، چەند قسەیەک دەکەین و زوو لێکدی هەڵدەبڕێین . حەزناکەم پەیوەندی جدی لە گەڵدا بگرم .

هەموو مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەحمەد سەرباز ، نامەی بۆ یەکێک لە دۆستەکانی خۆی نووسیوە . نازانم چۆن نامەکەی کەوتووەتە دەست مێجەر عاسی . ئەحمەد سەرباز خەڵکی برازجانە . نامەکەی دەبوایە بچێت بۆ برازجان ، بەڵام لە سەر مێزەکەی فەرماندەی سریەی سنوور ، سەری دەرهێناوە . لە نامەکەدا ، سڵاوی لە هەموو دۆستەکانی — تەنانەت لەوانەش کە بەناو نایان ناسم — کردووە . لە زمانی منەوە کە دوور خراوەیە و (ئەفسەر وەزیفە بووە و لێ بە سەدەمی ( بەهۆی ، لەبەر ) چالاکی سیاسییەوە کراوە بە سەرباز ، سڵاوی ئاگرینی ) ناردووە .

– ... بەڵێ ! مەسەلەکە سڵاوی ئاگرینی شۆڕشگێڕانەیە ! ئەمە گاڵتە نییە !

نایب زابت پێشبین لە نووسینگەکە وەدەردەکەوێت و ئەمرەکەی بەرزکردەوە .

– خۆی بەختەتی خۆی ئەمرەکەی نووسیوە . مێجەر دەڵێم . سمێڵەکانم دەسووتێنێ .. ڕێگەتان بدەم بڕۆن بۆ پشتە و عارەق بخۆنەوە و سەرخۆش ببن و سبەینێ تانزیکی نیوەڕۆ بخەون ؟

ئەمرەکە لە بەر چاوم ڕادەگرێت .

– گۆشت بدەمە دەست پشیلەوە و وەکو سەگ بە دوویا غار بدەم ؟ ... نە !

ئەمرەکە لەبەر چاوم لا دەبات .

– خوێندتەوە ؟

خەتی مێجەر، ناخوێنرێتەوە . لە شەڕە پشیلەش خراپترە . بە مەرەکەبی وەنەوشەیی نووسراوەو بە سەر کاغەزە بۆرەکەدا بڵاو بووەتەوە .

– خوێندمەوە .

بەڵام نەم خوێندبووەوە .

ئەمرەکە قەد دەکات و دەیخاتە گیرفانی بلوزەکەیەوەو هاوار دەکات :– ئەهای سەرباز ، لەگەڵ تۆمە !

خرۆشی لە قەرەوڵخانەکەوە دێتە دەرێ و پاژنەکانی جووت دەکات .

– سەرینێک و دوو پەتۆ بدە بەم زیندانییە !

کە وشەی (زیندانی) لە دەم دەر دێت ، چاوێک دادگرێت و بزەیەک دەکات و دەڵێت :

– تۆ کە بە زیندان ئاشنایت !

خرۆشی ، پەتۆکان و سەرینەکە دەداتە دەستم . نیگای عەلی دەکەم و پێدەکەنم . عەلی لێوەکانی هەڵقوورتاندووە . بەرەو گرتووخانەکە دەڕۆم .

– تەسەور دەکەم کە ئەمشەو زۆر باش بخەوم .

هەردووکیان نیگام دەکەن . تەمەشای چاوی نایب زابت پێشبین دەکەم و دەڵێم :

– تلیاکێکی وام کێشاوە دەڵێی بە ئاسماندا دەفرم .

نایب زابت پێشبین ، لە ناکاوا هەموو پۆزی فەرماندەیی خۆی لە بیر دەکات و بە ناولەپ بە ڕانی خۆیدا دەکێشێت . سمێڵی دەجووڵێ ، پێکەنین هەنیە و ژێر چاوەکانی چرچ دەکات و لە ناخی دڵەوە دەڵێت :

– ئای نامەردی بێ ماریفەت !

هێشتا نەگەیی بوومە گرتووخانەکە کە دەنگی عەلی دەژنەوم .

– دەچم بۆ کنگ .

– پشتە ؟

– نا ! ... کنگ !

نایب زابت پێشبین دەرگای گرتووخانەکەم لە سەر دادەخات ، عەلی ، بەرانبەر پەنجەرەی گرتووخانەکە دەوەستێ و دەڵێت :– هیچ نییە !

لێو هەڵدەقورتێنم و دەڵێم :– نە بابە !

عەلی دەکەوێتە ڕێ . دەنگی نایب زابت پێشبین دەژنەوم .

– عەلی ، سەبرکە باپێکەوە بڕۆین .

گڵۆپێکی کز بە میچی ژوورەکەوە هەڵواسراوە . خروشی لە پشت دەرگاکەوە دەپرسێت :– شتێک ناخۆیت ؟

نیوەڕۆ ، فراڤینێکی تێروپڕم نەخواردبوو . تەنیا دوو پاروو گۆشتاوی بامیەم خواردبوو . پاشان تلیاکم کێشابوو و ئێستا ، عەجەب ئیشتیهایەکم کراوەتەوە .

خرۆشی تاوەیەکی مسی ئاماڵ سوور لە پڵاو بە نیسک پڕدەکات و دەیهێنێ . دوو پارچە گۆشت گای ڕیشاڵ ڕیشاڵ کە سپی دەچنەوە ، عەینی بۆقێک کە سکیان هەڵدڕی بێ لە سەر پڵاو بە نیسکەکە کەوتووە و سارد بووەتەوە . دەمێکە خۆم ڕاهێناوە کە دڵم لەو شتانە هەڵنەیەت . قاپەکە لێساولێس دەدەم ، هیچ کاتێک ئەوەندەم پڵاو بەنیسک نەخواردووە . پێدەچێ تلیاک ، ئیشتیهاش بکاتەوە . تاوە بەتاڵەکە لە تاقچەکە دادەنەم و کەمێک ڕاوێچکە و پیاسە دەکەم . دەڵێی لەشم قورس بووە . لەشم خاو بووەتەوە . بەرانبەر پەنجەرەکە دەوەستم و تەمەشای دەرەوە دەکەم . چەند فانووسێک ، لەسەر دەریاکە ، دەبریسکێتەوە . دەبێ ئەو بەلەمانە بن کە لە هەوەڵی شەوەوە خۆ بە دەریادا دەدەن و سەحەری ، کاتێ کە هێشتا دنیا تاریک و ڕوونە ، گورگ و مێشە ، دەگەڕێنەوە . فانووسەکان ، بێ هیچ

پرته پرتێک دوور دەکەونەوە . دەریا ئارامە . بە تەواوەتی خۆم ڕووت کردووەتەوە . کەپووم و ژێر چەنەم ، دەخورێن ، خرووپەکی بەلەزەت ، پەتۆکان ڕادەخەم و ڕادەکشێم . حەزدەکەم بیر بکەمەوە .

***

هەموو شتێک بە تێکەڵ و پێکەڵی هێرش بۆ زەینم دێنێ . دەنگی کامیونێک دێت . دەبێ لە (لار) ەوە یان لە جەهرومەوە هاتبێ . دەبێ ئازووقە و ئەرزاقی هێنابێ یان پەتۆ و پۆستاڵ و جل و بەرگی سوپایی .

کامیونەکە ، بۆچەند ساتێک لەجێی خۆی پرتەپرت دەکات ، پاشان دەنگی بەرزدەبێتەوە و دەکەوێتە ڕێ . دەنگی لەدەنگی ئەو کامیونە ( ئۆتۆمبێلی باری ) دەچوو کە بەماوەیەکی کەم دوای نیوەڕۆ ، بەرەو شار کەوتەڕێ . سیازدە نەفەر بووین . بە پاسەوانەکانەوە دەمانکردە بیست و پێنج نەفەر . لە نێو کامیونەکەدا هەریەکەمان لە تەنیشت پاسەوانێکەوە دانیشتبووین . کەمال ، بەرانبەرم بوو . کازم لەوسەری کامیونەکەدا بوو . دەمناسی . وەکو زەردەواڵە زیتەڵ و سوور بوو . قژی سەری سوور بوو . ڕەنگی هەڵبزڕکابوو ، لێرەو لەوێ زیپکەکانی دەم وچاوی تەقاندبوو و زیچکاوی خوێن نیشتبووە سەر گۆناکانی .

هەموو بێدەنگ بووین . سەربازە پاسەوانەکان یازدە نەفەر بوون و هەموویان چەکداربوون . یەک نایب زابتی ناڤساڵیشیان لە گەڵدا بوو کە دەمانچەی بەستبوو . هێندەم جگەرە کێشابوو ، دەمم لە تاڵیدا بوو بوو بە ژەهری مار و سینگم خیزەخیزی دەکرد . دنیا بڕێک سارد بوو . دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیینە فەرمانداری سوپایی . هەڵیاندانیە ناو ژوورێکی گەورە . میزڵدانم دەی زریکان . کەلەکەم دەیزریکاند ، لەوە دەچوو سەرمام بووبێ . داهێزراو و بێ تاقەت بووم . لە سەر فەرشەکە ڕاکشام . لاجانگەکانم وەکو مێکوت لێی دەدا . هەناسەم گەرم بوو ، پشتی لێوی دەسووتاندم . نازانم چۆن بوو کە هەمووومان بێدەنگیمان لێکردبوو . کە قسەمان دەکرد ، قسەکان لەیەک وشە یان لەچەند وشەیەک پتر نەبوو . دەتگوت ترس لە دەرگا و دیوارەکانیش نیشتبوو . هەموو شوێنێک هەربێدەنگی بوو ، بێدەنگیەکی شەکەتی دوا نیوەڕۆیەکی پاییز کە بەگیزەگیزی باڵی مێش و مەگەزان قورس دەبوو . هەندێجار لە ڕاڕەوەکەدا دەنگی پێی کەسێک دەهات کە لە دەرگای ژوورەکە نزیک دەبووەوە . دەنگی بەرخوردی بزماری بنی پۆستاڵ بەبەردی زەمینەی ڕاڕەوەکە دا . دەنگەکە نزیکتر دەبووەوە ، بێدەنگییەکەی قووڵتر دەکرد و پاشان دوور دەکەوتەوە و ئیدی چ دەنگێک نەدەما .

هێشتا خۆر ئاوا نەبوو بوو کە هات و چۆیەکان بڕابوو و سەر وسەدایەکان کەوتبوو و کەمێک حاڵم باش بووبوو . هەستام و لەشی داهێزراو و قورسم بکێش کرد و چوومە پشت دەرگاکەوە و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشای دەرەوەم کرد . نیگام بەسەر بەردێن سیقالدراوی ئەستوونێکی لوولەکی کەنار پلەکانی هەیوانەکەدا تیغی کرد و تا دەرگاکە

ڕۆیی . قەرەوڵ ( پاسەوان ) لە پشت کەتیبەی دەرگاکەوە هات وچۆی دەکرد . دەتگوت دەرگاکە دووربوو . گوێم لەدەنگی پێی قەرەوڵەکە نەدەبوو . تەنیا دەمبینی کە پۆستاڵە زل و ناقۆڵاکانی دەجوڵێن و هیچ دەنگێک نەدەگەییە گوێم . دەتگوت بنی گۆشتنی پێی وشترێکە کە بەسەر پاخوایەک کادا دەنرا . پاشان ، کاتێ خۆرئاوا بوو ، گوێم لێ بوو کە لەوسەری ڕاڕەوەکەوە دەنگی پێ دێت . دەنگەکە تا بەر ژوورەکە هات و بێدەنگ بوو . ئەمجارە لە کونی کلیلی دەرگاکەوە تەمەشام کرد . کامیونێکی زەیتوونی بوو کە لە بەینی تا کە گەورەکانی دەرگای فەرمانداریی سوپاییەوە ، هاتە ژوورەوەو پێچی کردەوەو لووتی کردە دەرگاکە و پاشان ، هێدی هێدی هاتە دواوە تا بەر پلیکانەکانی هەیوانەکە و لە هەناسە کەوت . پاشان وەختێ کە دەرگای ژوورەکەیان کردەوەو لە ژوورەکە وەدەر کەوتین ، لەپڕ سەرما ڕژایە گیانمەوە و وەکو ئەوە بوو لەرزەکەم گرتبێ و شەوێلاگەم دەرچووبێ ، ددانەکانم کەوتنە چۆقەچۆق .

نیگام لە نێو حەوشەکەدا وێڵ و سەرگەردان بوو . لە پشت کونی کلیلەکەوە تەنیا یەک سێ گۆشەم بینی بوو کە سەرەکەی ستوونێکی بەردین بوو و بنکەکەی میلەکانی دەرگا پانەکەی چوونە دەرەوە بوو ، دوای نیوەڕۆ کە هاتبووم ، وەکو ئەوەی خەواڵۆ و مەنگ بووبم هیچ شوێنێکم نەدی بوو و ئێستا ، هەرکە تەمەشای دەوروبەری خۆم کرد ، گوێم لێبوو کە یەکێک گوتی :- گیرفانەکانتان خاڵی بکەن .

پاشان دەنگی وشکی خەشاب کە خرایە سەر تفەنگ لە گوێمدا گیرسایەوە . ناو کامیونەکە تاریک بوو . دەنگێکی زبروگڕ ، وەکو پرخەپرخی تووڕەی بەرازێک کە گوللەی بەرکەوتبێ ، تاریکی ژێر چادری کامیونەکەی بریندارکرد .

- ئەو سەری کامیونەکە !

چادرە مشەمایەکە نیشتە سەر دڵم . کامیونەکە پتەپتێکی کرد و کەوتە ڕێ . عەینی دەنگی ئەو کامیونەی کەلە لارەوە یا لە جەهرومەوە هاتووە و گوایە بەرەو گەراجی عەدنانی چوو . چاوانم ناونەتە سەریەک . حەزدەکەم بیربکەمەوە . عەجەب لەشم سووک بووە . دەنگی ڤەبوونی دەرگای ژوورەکە دێت . سەر وەردەگێڕم . خرۆشییە کە چای بۆم هێناوم . بازووبەندە سوورەکەی کردووەتەوە و سەری کۆتە .

- چایم بۆ لێناویت . خۆ پیاوت نەکوشتووە !

لە ناو چواچێوەی دەرگاکە دادەنیشێت . تەنترۆکی لە زامەکەی هەنیەی داوە . ژێر چاوی شین هەڵگەڕاوە . هەڵدەستم و دەڕۆم لە بەرانبەریدا دادەنیشم . هەوا خەفە و گەرمە . لێی دەپرسم:-هیچت بۆ ئەحمەد سەرباز برد ؟

چای تێدەکات .

- بردم بەڵام تاقەتی خواردنی هیچی نییە .

- بۆچی ؟

- تێهەڵدانی زۆری خواردووە !

- مێجەر تێی هەڵداوە ؟

خرۆشی ، کلۆ قەندەکە لە زاری دەنێ و قسە دەکات .

- مێجەر بانگیکردە ناو ژوورەکە . دوایش عەریف غانمی بانگکرد . پاشان بەعەریف غانمی گوت کە پرس و جۆی لەگەڵدا بکات . لە پشت دەرگاکەوە خۆم گرتبوو و گوێم دەگرت . عەریف غانم گوتی جەنابی مێجەر چۆن پرس وجۆی لەگەڵدا بکەم ...

مێجەر عاسی لە پشت مێزەکەوە هەڵدەستێ ، سێ پەڕە کاغەزی نیو وەرەقی هەڵدەگرێت ، کاربۆن دەخاتە بەینی پەڕە کاغەزەکانەوە ، پێشەکییەکەی دەنووسێت و کاغەزەکان دەداتە عەریف غانم و پێی دەڵێت :- ئاواهی !

عەریف غانم دەپرسێت :- چۆنی ؟

مێجەر دەڵێت :- پرسیار و وەڵامەکان بنووسە .

پاشان ، مێجەر دەست بە پیاسە و پرسیارکردن دەکات .

- چ پەیوەندییەکەت بە برایم و نەسرۆڵڵا و ئەفراوە هەیە ؟

عەریف غانم دەنووسێت . چاوە چکۆلەکانی ئەحمەد سەرباز دەکرێنەوە و دەپرسێت :- پەیوەندی ؟!

غانم دەڵێت :- جەنابی مێجەر بنووسم ( پەیوەندی ) ؟

مێجەر عاسی ، بێئەوەی وەڵامی عەریف غانم بداتەوە ، سیخورمەیەک بە ژێر چەناگەی ئەحمەد سەربازدا دەکێشێت و دەڵێت :- وەکو بنیادەم وەڵام بدەوە !

ئەحمەد سەرباز ، بە سیخورمەکەی مێجەر دەچێتە دواوە و بە دەنگە نزمەکەی دەکەوێتە دادوبێداد .

- ئاخر جەنابی مێجەر ئەمانە هاوڕێمن ...

- ئەها ... هاوڕێ ! ...

و ڕووو دەکاتە عەریف غانم .

- بنووسە ( هاوڕێ ) !

ئەحمەد سەرباز بە هاوارەوە لە سەری دەڕوات .

- .. ئەمانە دۆستانی منن ، لە گەڵیاندا چوومەتە مەکتەب و قوتابخانە ، باوکمان دۆستی یەکترن ، دەچینە ماڵی یەکدی ، منداڵی یەک گەڕەکین ...

مێجەر عاسی ، بلەز دەڕواتە پێشەوە و دەست دەخاتە سەر دەمی ئەحمەد سەرباز و دەڵێت :- دەنگت ببڕە !

ئەحمەد سەرباز بێدەنگ دەبێ ، مێجەر هاوار دەکات .

- چ پەیوەندییەکت لە گەڵ ئەم هاوڕێیانەتدا هەیە ؟

ئەحمەد سەرباز دەبۆڵێنێ .

- لا ئیلاهە ئیلەڵڵا . چ غەڵەتێکم کرد کە سڵاوم بۆ ناردن !

مێجەر عاسی ، تا دەتوانێ زللەیەک دەسرەوێنێتە بناگوێی ئەحمەد سەرباز و ئەحمەد سەرباز پەرت دەبێت و لە سەر کورسییەکە ڕەت دەبات و بە سەرا دەکەوێتە سەر ئەو مێزەی کە عەریف غانم لە پشتییەوە دانیشتووە و پرسیار و وەڵامەکان دەنووسێت . شتەکانی سەر مێزەکە پەرش و بڵاودەبنەوە . شووشە مەرەکەبەکە دەکەوێتە سەر عاردی و دەشکێت و مەرەکەبە وەنەوشەییەکە ، بە دەڵنگی پانتۆڵەکەی مێجەردا دەپژرێ . مێجەر عاسی دەهری دەبێ و هاوار دەکات :- حەرامزادە !

غانم بە ترس و لەرزەوە دەڵێت :- جەنابی مێجەر ...

مێجەر ، هێرش دەبات ، کاغەزەکان لە بەردەستی عەریف غانم هەڵدەگرێت و دەیاندڕێ و دەیاندات بە سەروچاوی ئەحمەد سەربازدا و پاشان بە شاپان دەکەوێتە گیانی و لە نووسینگەکەوە پەرتی دەکاتە دەرێ و دەیگرێتە ژێر مست و لەقە و کە نیوەگیان دەبێت ، بەهەناسە بڕکێوە دەڵێت :

- بیخەنە عەماری چڵ وچێوەکە . بیخەنە ئەو کونەوە تا فێری بکەم یەک مەن ماست چەند کەرەی تیایە ... حەرامزادەی دایک حیز !

ئێستا ، ئەحمەد سەرباز ، بە لەشی کوتریاگ و دەم و لێوی خوێناویەوە کەوتووەتە ناو ژوورێکی گەورە کە لە تەنیشت ئاشخانەکەی فەوجە .

پیاڵە چایەکە هەڵدەدەم و لە خرۆشی دەپرسم :- جەنابی کۆلۆنێل هیچی نەگوت ؟

خرۆشی دەڵێت :- کۆلۆنێل ؟ ... ئەمڕۆ نەهاتووە بۆ سەربازگە . وادیارە نەخۆشە !

ئەگەر کۆلۆنێل چەند ڕۆژێک لە ماڵەوە بکەوێ ، مێجەر عاسی ژاری خۆی دەڕێژێ . مێجەر عاسی هەمیشە لە دووی بیانوویەک بووە کە چاو ترسێنم بکات و ئێستاکە چاوی کۆلۆنێلی لێدوورە و نامەکەی ئەحمەد سەربازی کەوتووەتە دەست ، دەبێ چاوەڕوانی بەد مەزاجی مێجەر عاسی بکەم .

خروشی دەپرسێت :- چای دیکە دەخۆیت ؟

- نا ، خرۆشی گیان . ئەم دوو پیاڵەیەم بەس بوو .

دەڵێت :- شەرم مەکە . قەند و چای تا حەزکەی مشەیە .

خرۆشی ئینزیباتە . کاتبی عەماری ئازووقەشە .

دەنگی عەریف غانم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە .

- ها کوڕینە ... بۆ جیرەی ( ئازووقە ) مانگانە هاتوون ؟

دەنگی عەریف غانم میهرەبانە :- چەند نەفەرن ؟

ئەوانەی پاسگای گۆلاوی سفلین ، پێنج نەفەرن .

- گوتت چەن کەس ؟

- پێنج کەس .

عەریف غانم ، خرۆشی بانگ دەکات :- وەرە گیانەکەم ... وەرە قەند وچای برادەران بدە .

ئەوجا ، بەرانبەر بە دیواری گەچینی عامەرەکە دەوەستێ و بە نینۆک نووکی قەڵەم ڕەساسەکە دادەدات و لە سەر گەچی دیوارەکە دەنووسێت و لەبن لێوانەوە ورتە ورت دەکات .

- پێنج کەڕەت حەوت سەد و پەنجا گرام ، گیانم کە تۆ بی ، دەکاتە ... دوو کیلۆ و هەفت سەد وپەنجا گرام ! ... عەرزی بە حزوورتی بکەم کە ... و ڕوو دەکاتە خرۆشی و لە سەری دەڕوات .

- حیسابەکەت ڕاگرتووە ؟ ... کوڕانی گۆلی سفلین هەموویان خانەدانن ... چایەکەیان لەو بەستە تازانە بدەیە ... هۆشت لای منە ؟

خرۆشی ، تڕوتفاقی چایەکە کۆدەکاتەوە :- کەواتە هی دی ناخۆیتەوە ؟

- نا خرۆشی گیان . زۆر مەمنوونم .

خرۆشی ، دەرکی ژورەکە دادەخات و لە پشت دەرگاکەوە دەڵێت :

- هەرکاتێ ئەگەر کارێکت هەبوو شەرم مەکە ، من لە خزمەتۆ دام !

کە خرۆشی دەڕوات ، بلوزەکەم دادەکەنم و لێی درێژ دەبم . شنەبایەک لەپەنجەرەکەوە وەژوور دەکەوێت . بایەکە ، بۆنی ماسی زیندووی لێدێت .

کە بێدار دەبمەوە ، پێنج دانە سەعات لە نیوەشەو تێپەڕیوە . هێندە قووڵ و ئاسوودە خەوتووم کە هەست بە لەش سووکی و شادی دەکەم . هەوای فێنکی بەرەبەیان ڕژاوەتە ناو ژوورەکە . هەڵدەستم و بلوزەکەم لە بەر دەکەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . بۆنی توتنی سووتاو کەپووم پڕدەکات . لەپەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرێ . دەریا هێمن و نیلییە . بەلەمێکی گەورە لە پشت دیوارە جاڕووبەندە ، شەپۆل گیرەکەوە لەنگەری خستووە ، دەڵێی لە تاریک و ڕوونی بەرە بەیاندا باڵای کردووە . فانووسێکی کز بە ناو قەدی یەکێک لە کۆڵەکەکانی بەلەمەکەوە هەڵواسراوە کە نیوەی سەرەوەی شووشەکەی ڕەش دەچێتەوە . سێبەری پیاوێکی باڵابەرز بەبەر فانووسەکەدا تێدەپەڕێت . وادیارە بەلەمەوانەکەیە ، هەستاوە تا نوێژ بکات . دەریاکە هێندە ئارامە کە خشەخشی جووڵەی قرژاڵەکان لە سەر لمەلانی کەنارەکە دەژنەوم . ئانیشکەکانم دەنەمە قەراخ پەنجەرەکە ، گۆناکانم لە نێو لەپم دەنەم ، بەدەم جگەرە کێشانەوە دەڕوانمە دەریا . لە دوورەوە لێرەو لەوێ ، چەند خاڵێکی ڕۆشن دەردەکەوێ . دەبێ ئەو ماسیگیرانە بن کە لە هەوەڵی شەوێدا خۆیان بە دەریادا داوە و ئێستا خەریکە دەگەڕێنەوە . ئاسۆی دەریا بەرەبەرە ڕووناک دەبێتەوە . سەری دەریا ڕەنگی قوڕقوشم دەگرێت . بەلەمە سووکەکانی ماسیگران دەجوڵێن و بەرەو کەنار دێن . یارۆی بەلەمەوان نوێژی دابەستووە . ستێران ڕەنگ دەبوێرن . ئاسمان ، سافی یەکدەستە . ئاسۆی دەریا قاوەیی دەبێت ، ئەجا سوور دەبێ و پاشان ، لە پڕ وەک ئەوەی گڕی گرتبێ ، بڵێسە دەسەنێ و خۆر لەناو جەرگەی دەریاوە سەر دەردێنێ .

نایب زابت جیهانگیر ، سەرۆکی مەکتەبی فەوجی سنوور ، بە پاسکیل دێت . سێبەری نایب زابت کارگەر دەبینم کە بە پاسکیل خۆی بەناو گومرکدا دەکات . چەند سەربازێک ، لێرەو لەوێ ، بەرەو ئاشخانەکە دەڕۆن . یەکێک لە دەرکی ژوورەکە دەدات . چاوم لە سەقاقوشێکە (کەڵک) کە باڵەکانی جووت دەکات ، قیرقاچ دێتەخوارێ ، خۆی بە دەریادا دەکێشێت و دووبارە بەرەو ئاسمان هەڵدەستێتەوە . دەنگی خرۆشی لە پشت دەرگاکەوە بەرزدەبێتەوە .

- هێشتا نووستوویت ؟

وەک شتێک حەزناکەم وەڵام بدەمەوە . لەسەر حەوشی ئەو بەلەمە گەورەیەوە کە لە پشت دیواری شەپۆلگیری کەنارەکە لەنگەری گرتووە ، ئاگر دەکەنەوە . پیاوێک داوێنی دیزداشەکەی لە کەمەری دەبەستێ و لە پاڵ ئاگرەکەدا چنچک دەداتەوە و کتریەکی گەورە دەخاتە سەر سێ پایەیەک . خرۆشی لە دەرکی ژوورەکە دەدات .

- بابە هەستە ئێستا جەنابی مێجەر دێت !

نایب زابت پێشبین بە پاسکیلەوە پەیدا دەبێت . عەریف غانم لە سەر تەرکی ( پاشکۆ )ی پاسکیلەکە دانیشتووە

خرۆشی دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە .

- ئاە ! ... ئەوە بێداری !

تەمەشای دەکەم و بزەیەکی بۆدەکەم . دەڵێت :- وادیارە زۆر بەکەیفی !

- همم !

نایب زابت پێشبین سەردەکێشێتە ناو ژوورەکە .

- دوگمەکانت داخە !

دوگمەکانی بلوزەکەم دادەخەم . خرۆشی دەڵێت :- تا مێجەر نەهاتووە ، چایت بۆبێنم .

دەرگای ژوورەکە دادەخات و بە پەرداخێ چای شیرین و بەقەد ناولەپێک نانی سارد و تۆزێک پەنیری شارییەوە دەگەڕێتەوە .

- بیخۆ تاپەیدا نەبووە .

قەیتانی پۆستاڵەکانم دەبەستم . پەرداخە چایە شیرینەکە بەدەستەوە دەگرم و هەمدیس دەڕوانمە دەریاکە کە ئێستا لەژێر تیشکی خۆشی هەتاوی بەیانیدا دەدرەوشێتەوە . لە تۆ وایە پوولەکەی درشتی ماسیان بە سەرانسەری دەریاکەوە وەرکردووە ، پوولەکەکان دەگەڵ جووڵەی ئارامی ئاوەکەدا ، لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەڵێی لە حاڵی خەو و بێداریدان .

بە لەمەوان و کرێکارەکانی بەلەمەکە ، لە دەوری یەک دادەنیشن و قاوەڵتی دەخۆن . نانی گەرمی ساجی لە سەر ساجەکە هەڵدەگرن و لوولی دەدەن . دەڵێی بۆنی توندی مەهیوە ( جۆرە خواردنێکە لە ماسی متو دروست دەکرێت ، بۆنی زۆر ناخۆشە ، بەڵام تامی خۆشە ) . کە لە نانی گەرم هەڵسواوە ، لە کەپووما دەپەنگێتەوە . دوو قووم چای دەخۆمەوە . جم وجۆڵی گومرک دەست پێدەکات . ئێستا بەلەمێن ماسیگرەکان گەییوەتە کەنارەکە . پەرداخە چایەکە تەواو دەکەم و گۆنام دەنێم بە کەتیبەی پەنجەرەکەوە ، بەڵام بەلەمەکان نابینرێن . دەنگی بەرز و تێکەڵ وپێکەڵی ماسیگرەکان دەژنەوم کە تۆڕەکانیان لە ئاوەکە دەردێنن . شەیپووری ڕیزبەست ، حەوشە تەنگەکەی بەردەم قەرەوڵخانەکە ( پاسەوانخانە ) پڕدەکات . سەربازەکان دەرژێنە دەرەوە و بەڕیز دەوەستن ، جیبەکەی مێجەر ، لەزارکی تەنگی کۆڵانەکەی تەنیشت گومرکەوە دێتەدەرێ و لەبەر قەرەوڵخانەکەدا دەوەستێ .

نایب زابت پێشبین لە بەردەم ڕیزەکەدا وەستاوە و فەرمان دەدا :- ئیست ... خەبەر ... دار !

مێجەر لەجیبەکە دادەبەزێ . چەند ساتێک تەمەشای ڕیزی سەربازەکان دەکات وپاشان ، ئیکلامێکی سوپایی دەکات و بەکاوە خۆ بەرەو ڕیزەکە دەڕوات و پێش ئەوەی بگاتە نایب زابت پێشبین دەوەستێ .

- سریە سەلام !

- سڵاو گەورەم .

مێجەر ، بەرەو مەکتەبەکە ( نووسینگە ) دەکەوێتەڕێ . سەربازەکان ڕیز بەتاڵ دەکەن . دەنگی ماسیگرەکان کڕ بووە . کرێکارانی ئەو بەلەمە گەورەیەی کە لە پشت دیواری شەپۆلگرەکە لەنگەری گرتووە ، سفرەی ناشتاییەکەیان کۆدەکەنەوە . نایب زابت پێشبین ، دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە .

- مێجەر دەیەوێ .

جگەرەی سێیەم کە هێشتا نەگەییوەتە نیوە ، دەدەمە دەست نایب زابت پێشبین و لە دەرگای گرتووخانەکەوە وەدەر دەکەوم و بەرەو ژوورەکەی مێجەر عاسی دەڕۆم .

نایب زابت پێشبین لە ڕاڕەوەکەدا دەمێنێ . بە ئەنگوست لە دەرگەی ژوورەکە دەدەم .

دەنگی خەمینی مێجەر دەژنەوم :- وەرە ژوورێ !

دەرگاکە لە دوای خۆمەوە دادەخەم ، پاژنەکانم جووت دەکەم و سڵاوێکی سوپایی دەکەم ، پاشان کڵاوەکەم لە سەر دادەکەنم و دەیخەمە ژێر باخەڵم و خەبەردار دەوەستم . مێجەر عاسی کە ڕوو لە مێزەکە و پشت لە دەرگای ژوورەکە ڕاوەستاوە و جگەرە دەکێشێت ، ئاوڕ دەداتەوە و لەسەر شانیەوە تەمەشام دەکات . برۆی ڕاستی مێجەر عاسی بەرز بووەتەوە ، بەڵام تووڕە نایەتە بەرچاو . کڵاوەکەی مێجەر لە سەر مێزەکەیە . سەری بە شێوەی ئەڵمانی تاشیوە .

مێجەر ، جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە ، لە سەر پاژنەی پێ نیوە وەرچەرخانێک وەردەچەرخێ و ڕوو بە ڕووم دەوەستێ .

سێبەری نایب زابت پێشبین بە بەر کەتیبەی پەنجەرەی ژوورەکەدا ڕەت دەبێ . عەریف غانم لە پشتیەوەیە و پاشان خرۆشییە کە هەستاوەتە سەریەک لاق و ملی کێشاوە تا ناو ژوورکە بدینێ .

- ئێ !

مێجەر عاسی بەهێمنی دەست پێدەکات . چاوم لە چوارچێوەی وێنەکەی شا کە بە دیوارەکەوە داکوتراوە دەگوازمەوە و تەمەشای مێجەر عاسی دەکەم .

- وادیارە کە تۆبەی گورگ مەرگە !

مێجەر ، نووک وپەڕەی لووتی دەخورێنێ و پاشان بە ئارامی و بە دوو قامکان دەست بەنەرمایی لووتیا دێنێ . بیستوومە کە مێجەرعاسی ، جارجارێک تلیاک دەکێشێ . لە (بورهانە کەرە) م بیستووە ، کەچەند ڕۆژێکی ماوە عەسکەرییەکەی تەواو ببێ ، کاتێ کە قسان دەکات دەڵێی قدیلکەی (ختووکە) دەدەن . قسە دەکات و هەر لە خۆوە و بەبێ هیچ هۆیەک پێدەکەنێ و لوول دەخوات .

زاری پەل وپانی بورهانەکەرە پڕدەبێت لەپێکەنین و دەڵێت :

- بە هەموو فێڵبازی و سێ بەندییەتیەکی خۆیەوە ، شەرمی لەمن دەکرد .

- بورهان ، بەمێجەرتە ؟

دادەنەوێتەوە و ڕاست دەبێتەوە و لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت :- ئەدی بەکام کەرمە ؟ ... دیارە بەمێجەرمە !

- چما شەو لە ماڵی ئەو خەوتی ؟

- ئەگەر خەیاڵی خراپ نەکەی ، بەڵێ ...

و دیسان دەکەوێتە پێکەنین و لە سەری دەڕوات .

- ... گوتی کە دەبێ سەعات پێنجی بەیانی بکەوێتەڕێ . گوتی واچاکە شەو لە ماڵی ئەو بخەوم تا ...

- چما مێجەر ژن و منداڵی نییە ؟

دیسان بەدەم پێکەنینەوە دەڵێت :- با ... مەیموونێکی چکۆلە بەئەندازەی کۆڵەمستێک .

- دیارە ئەویش تلیاکی بووە ؟

- خوادەیزانێ !

- پێکەوە تلیاکتان کێشا ؟

- من کە دەزانیت ، نا ! .. بەڵام کاتێ خۆی کێشای و خەیاڵ بوو و نەشە گرتی ، هەڵیکردە گۆرانی .

- گۆرانی ؟

- ئا ... دەنگی بڕێک خۆشە.

مێجەر ، بەهێمنی دەست پێدەکات . دێتە پێشترەوە و دەڵێت :- هێشتا ، دەستبەردار نەبووی ها ؟ ...

نازانم دەبێ چ بڵێم .

- ... هێشتا هەر سڵاوی ئاگرین و ئەم تورەهاتانە . هێشتاش پەیوەندی و شانە و ڕێکخستن !

دەبێ شتێک بڵێم . دەم دەکەمەوە بەڵام مۆڵەتم نادات :- بێدەنگ !

دەستەکانی دەخاتە پشت سەری ودەست بەڕاوێچکە دەکات . دەچێتە ئەو سەری ژوورەکە و دەگەڕێتەوە . مێجەر ئارامە . خەریکە دوو دڵییەکەم دەڕەوێتەوە . دەبێ سەر لەبەیانی تلیاکی باشی کێشابێ . لە ڕێکردن دەوەستێ .

تەمەشام دەكات . چاوە چكۆلەكانی بچووكتر دەبن . بزەیەكی كاڵ ، كە تاڵ نییە ژێر گۆنا ڕەق و زەقەكانی دەكشێنێ .

– ئەم هاوڕێ جەنگاوەرانەی كە لە ( برازجان ) هەتن كێن ؟

دەنگم گڕ و زبرە ، دەپرسم :– هاوڕێیانی جەنگاوەر ؟

دەنگی مێجەر ، بە ئاستەم بەرز دەبێتەوە .

– ها ! ... هەمان ئەو هاوڕێ جەنگاوەرانەی كە ( سلاوی ئاگرینت ) بۆ ناردوون !

– جەنابی مێجەر ...

قسەكەم پێدەبڕێ :– چ پەیوەندییەكیان لە گەڵ تۆدا هەیە ؟

– جەنابی مێجەر ...

– لە كەیەوە پەیوەندیت لە گەڵیاندا گرتووە ؟

خەریكە قسەی بێ سەر وبەر دەكات . وای بە باش دەزانم كە قسە نەكەم . سەرم دادەنەوێنم و تەمەشای سواوەكانی زەمینەی ژوورەكە دەكەم كە گەچی بەینی درزەكانیان لێرەو لەوێ هەڵكەندراوە .

بەئەنگوست دەكێشێت بەلا جانگەكانمدا :– بۆچی قسە ناكەی ، زمانت بڕاوە ؟

وادیارە گەرەكیە سەربكاتە سەرم . زمانی نە توندە و نە زبر ، بەڵام دیسان دەنگی كەمێك بەرزدەبێت و دەڵێت :

– لە بەندەر لنگە پەیوەندیت لە گەڵ كێدا هەیە ؟

دەزانم كە خۆشی بەمندا نایەت ، حەزی لە من نییە . هەمان ڕۆژی یەكەم كە دیتبووم ، نەچوو بوومە دڵییەوە . هەمان ئەو ڕۆژەی كە بەرەبەیان ، سەحەری ، نیگابانەكان لە گەراجی عەدنانیەوە ، بردبوویانین بۆسەربازگە و پایەگا تاڕادەستمان بكەن ، كە تا نیوەڕۆ ، لەپاڵ دیوارەكەدا و لەبەر هەتاوی گەرمدا ، بە خوتو خۆڕایی وەستابووین تا كۆلۆنێل میهرەبان بێت .

– ئەها ... ئەمە ئێوەن ؟

مێجەر عاسی بوو كە تازە لە ڕێگاوە گەیی بوو و لە ئارەقەدا هەڵكشابوو .

- چارەنووسی ئێمە چییە جەنابی مێجەر ؟

- چارەنووسی ئێوە ؟

گەرما لوولی کردبوو و ئارەقە لە سەراپای دەچۆڕا .

- دیارە ! ... سەربازن ... سەرباز ...

بێ ئەوەی قسەکەم تاوتوێ کردبێ ، خۆم لە قسەکەی هەڵقورتاندبوو .

- جەنابی مێجەر ، خۆشمان دەمێکە ئەمە دەزانین !

کە مێجەر ، چاوەکانی چکۆلە کردبوونەوە و ڕاستەوخۆ مۆڕەی لێکردبووم و گوتبووی :

- پێیەکانت جووت بکە !

زۆر بە ناڕێک و پێکی و شل و شێواوی وەستابووم . دوای ماوەیەکی زۆر لە دەر بە دەری ، لەم سەربازگەوە بۆ ئەو سەربازگە ، لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان ، ئیدی حەوسەڵەی ئەوەمان نەمابوو ڕەق وڕاست و خەبەردار بووەستین ، ئیدی سیوامان بووبووەوە ودابوومانە تای بێعاری و بێ پەروایی . ئاو کە لە سەر تێپەڕی چ گەزێک و چ سەد گەز

- قاچت جووت بکە .

بەپێچەوانەی ئەو سوپاییانەی کە دەم و دەست لەجێی خۆ ڕادەپەڕن و پاژنە بەیەکدا دەدەن ، هیچ حیسابێکم بۆ قسەکەی مێجەر نەکردبوو و بێ موبالاتانە تەمەشام کردبوو و لێوم هەڵقورتاندبوو کە بۆ مێجەر لە هەزار سخێف و جنێودان خراوتر بوو . ئەوەبوو کە عەریف غانمی گاز کردبوو و تەپاندبوومانیە ناو ژوورێکی تەنگ و تاریکەوە تا گوایە کۆلۆنێل میهرەبان بێ .

- ها ؟ .. نەتگوت لەبەندەر لنگە پەیوەندیت لەگەڵ کێدا هەیە ؟

دەکەومە مینگە مینگ :- تێناگەم باسی چی دەکەی جەنابی مێجەر .

قسەکەم دەبڕێ :- گوتم بێدەنگ !

دەڵێی زەوقی ڕابواردنی هەستاوە . عەینی پشیلەیەک کە یاری بە مشکێک بکات و پێی ڕابوێرێ تا نیوەگیانی بکات و و دەزانم کە لەپاش ئەم هەموو گەمە ورابواردنەوە ، لە دوای ئەم ئارامییەوە کە بێگومان زادەی ئەو تلیاکە زۆرەیە کە کێشاویەتی ، ئەگەر کۆلۆنێل میهرەبان فریام نەکەوێ ، دەردەسەری هەیە .

مێجەر ، دەچێتە دواوە و لە گۆشەیەکی مێزەکە دادەنیشێت و دەڵێت :

- بێگومان لە بیرت چووە ڕۆژی یەکەم پەیمانت دا کە ...

- پەیمان ؟

- ... کە دەست لەم گەمانە بەربدەی ...

- جەنابی مێجەر ...

- ... تا ئەو کاتەی کە لێرەبی ، وەکو بنیادەم ئارام بیت ...

- بەڵام من ...

- ... نەبیتە بایسی هیچ کێشە و دەردەسەرێک ...

- جەنابی مێجەر ...

لە پڕ هاوار دەکات :- سەد جارم گوت بێدەنگ !

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ ، ئەم هەلە دەقۆزمەوە و قسەی خۆم دەکەم .

- من نازانم تۆ باسی چی دەکەی جەنابی مێجەر . من لەم ماوەیەدا کارێکم نەکردووە کە تۆ گوتەنی دەردەسەر و کێشەیەکم دروست کردبێ . ئاخر لە بەندەر لنگەدا چ کارێک دەکرێت ؟

دووکەڵی جگەرەکەی ڕەها دەکات و دەڵێت :- هیچ کارێکت نەکردووە ؟ ... بەڵێ ، بەو ئاسانییە باوەڕدەکەم !

دەڕوات لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێت . نامەکەی ئەحمەد سەرباز ی لە ناو فایلێکی سووردا هەڵگرتووە . فایلەکە دەکاتەوە و دەست بە خوێندنەوەی دەکات " ... هاوڕێی جەنگاوەری مە کە وەکو پۆڵای ئاودراوە ، سڵاوی ئاگرینی بۆ هەموو ئێوەی جەنگاوەرانی ڕێگای ئاشتی و ئازادی هەیە و دەستی مەردانەی ئێوە بەهەستێکی گەرم و ئاگرینەوە

دەگوشێت ..." . مێجەر سەری لە سەر فایلەکە هەڵدەگرێت و جگەرەکە دەنێ بە لالێویەوە و تەمەشام دەکات و هەمان ئەو بزەیەی چەند ساتێک لەمەو پێش ، ژێر گۆناکانی دەکشێنێ .

خوێندنەوەی هزری مێجەر عاسیم بەلاوە ئەستەمە . تێناگەم کە بیر لە چ شتێک دەکاتەوە ، بەڵام من ، وەکالەتی ئەو جۆرە سڵاوەم بە ئەحمەد سەرباز نەدابوو .

مێجەر فایلەکە دادەخاتەوە و مژ لە جگەرەکەی دەدا و لە پشت مێزەکە دێتەدەرێ و کە بەلاما ڕەت دەبێت ، دەڵێت :-ةئێستا دەست پێدەکەین . پرس وجۆیەکی ڕاست و دروست !

لێبڕاوە و هاتووە بە سەریا کە پرس و جۆ بکات . هەمان گەمەی لە گەڵ ئەحمەد سەربازیشدا کردووە .

مێجەر دەنگی ئەستوور دەکات و هاواردەکات :- عەریف غانم !

سێبەرەکەی عەریف غانم بلەز بە بەر پەنجەرەکەدا دادەخزێ و پاشان ، دەرگای ژوورەکە دەکرێتەووە و غانم لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا ، پاژنەکانی بەیەکدا دەدات .

- جەنابی مێجەر !

مێجەر عاسی سینگ دەردەپەڕێنێ و دەستەکانی لە سەرسینگی تێک دەئاڵێنێ و دەنگ لە قووڵایی گەرویەوە بەرزدەبێتەوە :- وەرە ژوورەوە عەریف غانم . وەرە ئەوراقی تاقیق و لێکۆڵینەوە ئامادە بکە .

ئێستا ، عەریف غانم فێربووە چی بکات و چۆنی پێشەکی لێکۆڵینەوە و پرس وجۆ بنووسێت .

نیگایەکی مێجەر دەکەم . بەنیگامدا تێدەگات کە سەرم سووڕماوە .

- چییە سەرت سووڕماوە ، ها ؟ ...

پیاسە دەکات .

- ... دیارە نازانی کە تاساڵی دووەمی کۆلێژی مافم خوێندووە ... ها ؟

قسەی نایب زابت کارگەر لە گوێمدا دەزرینگێتەوە .

- مێجەر عاسی ؟ ... پیف !

- بە ڕاستتە کارگەر ؟

- خوا بمکوژێ ئەگەر درۆ بکەم !

- کەواتە مێجەر ، هەوەڵجار سەرباز بووە ، ئەرێ ؟!

- جا چۆن سەربازێک ، سەربازی داوخواز ، زۆریش بەبێ ساز وبەرگی سوپایی مەشقی کردووە ، پاشان نەهێشتنی نەخوێنەواری ، نایب عەریفی و عەریفی و داویی بەزرینگی خۆی بووە بە نایب زابت ، بەخت یاری بوو ، بوو بە ملازم سێیەم ، دواتر فێرگەی تایبەت و ....

مێجەر عاسی ، بە دەستەسرەکەی ئارەقی تەوێڵی دەسرێ و لەسەری دەڕوات .

- بەڵێ ! ... ئەگەر یەک ساڵی دیکەم بخوێندایە ، بەکالیوریوسی مافم وەردەگرت ، لێ شەڕی کوردستان ، دەست و باڵی گرتم ...

بەدەم ڕاوێچکەوە قسەدەکات :- دەبووم بەکەسێکی مافناس !

و ڕوودەکاتە عەریف غانم :- نووسیت ؟

عەریف غانم قەڵەمەکە لە سەر مێزەکە دادەنێ ، هەڵدەستێت و پاژنەکانی دەدات بەیەکاو دەڵێت :

- بەڵێ جەنابی مێجەر !

- دانیشە !

- ئەمرەکەی !

- ناو و هەموو تایبەتمەندییەکانی بنووسە .

- بەچاوان جەنابی مێجەر !

عەریف غانم دادەنیشێت و قەڵەمەکە هەڵدەگرێت . مێجەر بەرەو لای من دێت . بەسەری نینۆک بەئارامی ژێر گەرووی دەخورێنێ و قسە دەکات .

- تەمەشا گیانە ، بێئەوەی سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی ، ناوی هەموو ئەو کەسانە بڵێ کە لە بەندەر لەنگەدا ئەندامی تۆرەکەن . ناو ، شۆرەت و ناوی خوازراو !

دەنگی عەریف غانم دێت .

- جەنابی مێجەر بێ زەحمەت هێواشتر .

مێجەر ، مل لە عەریف غانم دەباتە پێشەوە دەڵێت :- هێواشتر ؟

- تا فریا بکەوم بینووسم .

- بینووسی ؟!

بەرەو لای مێزەکە دەڕوات و کاغەزەکان لە بەردەم عەریف غانم هەڵدەگرێت و تەمەشای دەکات .

- کەودەن !

- بەڵێ جەنابی مێجەر !

- گوتم کە پرسیار و وەڵام بنووسرێ ! پرسیار و وەڵام !

- ئەمرەکەی جەنابی مێجەر !

عەریف غانم ، ئەوراقەکان دەگۆڕێت و دووبارە دەست بە نووسین دەکاتەوە .

مێجەر عاسی قسەی بێ سەروبەر دەکات .

- هەڵبەتە ، کار و کاسبیشیانت لەیاد نەچێ ...

مێجەر ، وادیارە دەبێ بەدرێژایی شەوی ڕابردوو تلیاکی کێشابێ و بیری کردبێتەوە و هەر هەموو ئەوشتانەی کە لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا لە ڕۆژنامااندا خوێندوونیەوە یان لە ڕادیۆوە بیستوونی ، خستبیتیە سەریەک و بۆخۆی دنیایەکی نهێنی ئامێزی لە (تۆڕی بەندەر لنگە) دروست کردبێ .

مێجەر جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و لە سەری دەڕوات .

- هەموو وردە شتەکان . لە چاپکردنی بەیاننامەیەکەوە تا نەخشە و پلانی کوشتن و دزی . تا هەر شتێکی بێ بایەخ . بۆ نموونە ئەگەر فلان ماسی فرۆش ئەندامی تۆڕەکەیە ...

بلەز وەردەگەڕێ و تەمەشای چاوم دەکات و دەپرسێت .

- خۆ غولامی ماسیفرۆش ئەندامی تۆڕەکە نییە ؟ ... ئەندامە ؟!

بزەیەکی بۆ دەکەم . مێجەر خێسەم لێدەکات و دەڵێت :- پێدەکەنی ؟!

دەنگم لە ئەوکمدا دەگیرێ و بەسەرسامی دەپرسم :- کوشتن ؟ ... دزی ؟!

مێجەر ، سەری بەرزدەکاتەوە و بەهەمان فیز و فەخر فرۆشییەوە ، بەپەلە دەپرسێت .

- تۆڕی بەندەر لەنگە ئەوجۆرە ئەرکانەی نەبووە ؟

قاقای پێکەنین لە گەرووما دەپەنگێتەوە ، بەڵام جڵەوی خۆم دەگرم .

- ئێوە باسی کام تۆڕ دەکەن جەنابی مێجەر ؟

بە لەرەی ئارامی دەنگیا بۆم دەردەکەوێ کە هەوڵدەدات خوێنسارد و ئارام بێ تا بمهێنێتە قسان . هەمان ئەو بزە دەستکردەی چەند ساتێک پێش ئێستا ، دووبارە ژێر گۆناکانی دەکشێنێ و بەهێمنی دەپرسێت .

- چەنێکە عەسکەری ؟

ماوەکەی پێدەڵێم .

- لە کەیەوە هاتووی بۆ لەنگە ؟

ئەمەشی پێدەڵێم .

- لە کەیەوە ناسیاویت لە گەڵ عەلیدا پەیدا کردووە ؟

- لە یەکەم ڕۆژەوە .

عەریف غانم ، قەڵەمەکەی لە سەر مێزەکە داناوە و بەزاری بەشەوە تەمەشامان دەکات .

مێجەر ، لە پڕ هاوار بەسەر عاریف غانمدا دەکات :- بۆ نانووسیت ؟

عەریف غانم ، خۆی گردوکۆ دەکاتەوە ولەجێی خۆی ڕادەپەڕێت و پاژنەکانی پێکدا دەکوتێ و شپرزە دەڵێت :

- بەچاوان جەنابی مێجەر .

مێجەر هاوار دەکا :- دەی ملت بشکێنە ، دانیشە و بنووسە !

- ئەمرەکەی جەنابی مێجەر !

غانم دادەنیشێت و دیسان دەست دەکاتەوە بەنووسین . چەند وشەیەک دەنووسێت و هەمدیس دەستی لە جووڵە دەوەستێ و تەمەشامان دەکات . مێجەر دێتەپێشەوە و هێدی و هێواش دەڵێت :

- وتت تۆڕی لەنگە ، ئەرکی کوشتن و دزی لە ئەستۆ نەبووە .

قسە بێ سەرو بەرەکانی مێجەر ، حەوسەڵە و سەبرم ناهێڵێ .

- جەنابی مێجەر ، باوەڕ بفەرموو لە مەبەستت تێناگەم .

کۆی ئەو هەموو شتانەی کە خوێندوویەتیەوە و بیستوویەتی و لە خەون و خەیاڵی نەخۆشانەی نەشئەی تلیاکدا بەبیریا هاتووە ، وەکو کلافەیەکی ئاڵۆزکاو چنگی خستووەتە زەینی مێجەر و ئێستا ژێرو ژووریان دەکات ، تا سەرەداوێکی بکەوێتە دەست .

مێجەر عاسی ، هەناسەیەکی قووڵ دەداتەوە و دەڵێت :- باسی کۆمیتەی حیزب بکە ! باسی تۆڕەکە !

- ئاخر جەنابی مێجەر باوەڕ بفەرموو ، ئەسڵەن ناتوانم وێنا بکەم کە ئەم شتانە بەجدی دەفەرمووی !

بزە لە لێوی مێجەر دەبڕێت و بەتوندی دەڵێت :- پێتوایە شۆخی دەکەم ؟ ...

- جەنابی مێجەر ...

- ... پێتوایە ، کاتم زۆرە و هیچ کارێکم نییە ؟ ...

- بەڵام جەنابی مێجەر ...

- پێتوایە مەرز و سنوورێک بەم کراوەییە دەرفەتی ئەوە دەدات کە بە خۆڕایی و بێهودە کاتی خۆم بکوژم ؟ ...

- جەنابی مێجەر بەزاتی خوا ...

- ... خۆ بەتەما نیت کە ناچارم بکەیت تا لەگەڵ ئەحمەد سەربازدا ڕوو بە ڕووت بکەمەوە ؟ ... ئەحمەد سەرباز دانی بە هەموو شتێکدا ناوە !

هەناسەیەک هەڵدەکێشم و دەڵێم :- دەی ئەگەر ئەحمەد سەرباز دانی بەهەموو شتێکدا ناوە ، هەموو شتێکی گوتووە ، دیارە هیچ شتێک نەماوە کە من بیڵێم .

هەنیەی مێجەر گرژ دەبێ :- وانەکەت باش ئەزبەر کردووە .

لێبڕاوانە دەڵێم .

- بەڵام جەنابی مێجەر ، من لەم ماوەیەدا ، لەبەندەر لنگە ، جگە لە عارەقخۆری هیچ کارێکی دیکەم نەکردووە کە ...

عەریف غانم دەنگ بەرزدەکاتەوە :- ئەمانە بنووسم جەنابی مێجەر ؟

مێجەر ، نیگایەکی تووڕەی عەریف غانم دەکات . غانم یەکسەر لەجێی خۆی ڕادەپەڕێ و پاژنەکانی پێکدا دەکوتێ . لە ناکاوا با لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە و کاغەزەکانی سەرمێزەکەی عەریف غانم ، تێکەڵ و پێکەڵ دەکات . غانم دەکەوێتە ڕێ و پەنجەرەکە دادەخات . مێجەر ، قوونگە جگەرەکەی دەخاتە ژێر پێ و دەی پلیشێنێتەوە و دەستەسڕە سپییەکەی لەگیرفانی دەردێنێ و سەری لووتی دەسڕێ و پاشان ، کە دەڕوات تا لە پشت مێزەکەوە دابنیشێت ، بەدەم ڕێوە دەڵێت :

- ئەگەر ناوی هاوڕێیانی برازجانی نەڵێی ، ئەگەر ناوی ئەندامانی تۆڕی لەنگە نەڵێی ، ئەگەر هاوکاریمان نەکەی ، لە سەر مەسئولیەتی خۆم دەتنێرم بۆ دوورگەی (بنی فرور) و داوا دەکەم تا لە تیپی جەهرومەوە ، تەکلیف و چارەنووست ڕوون بکەنەوە و دیاری بکەن .

مێجەر ، چاک چووە بە چەقی نەعلەتا . ئەمەی زیاتر لە بێکاری و لەو تلیاکەدایە کە کێشاویەتی . خراپ بە منەوە گرتوویەتی ، لە مێش گامێش دروست دەکات . بۆ چەند ساتێک لە سەراپام ورد دەبێتەوە و دەڵێت :

- ئێ ! ... چ دەڵێی ؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم و بەبێ موبالاتی دەڵێم :- هیچ !

لێبڕاوانە دەڵێت :- ئەمە دوا قسەتە ؟

سەر دەلەقێنم .

لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێت و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . مێجەر جگەرە لە سەر جگەرە دەکێشێت . فایلەکە لە سووچێکی مێزەکەدا دادەنێت و ئاماژە بۆ عەریف غانم دەکات ، کە لە بەرامبەریدا خەبەردار وەستاوە .

- بیخە گرتووخانەکەوە تا بینێرم بۆ بەنی فرور .

کاتێ کە لەگەڵ عەریف غانمدا وەدەردەکەوم ، دەنگی مێجەر عاسی ، بەگەڵم دەکەوێ .

- پەیوەندی پیلانگێڕی بەئەحمەد سەربازەوە نەکات . غانم ئاگادار بە ها !

عەریف غانم ، وەختێ دەرگای گرتووخانەکە دەگرێت ، خەندە بەلێو دەڵێت :

- خەم مەخۆ ، لە کەری شەیتان دای دەگرم !

و دەڵێت :- نەمزانی ئەم مەخسەرەبازیانە چییە ؟

هەموو درێژی دوورگەی بنی فرور بەپای پیادە یەک چارەکە ، قەرەوەڵخانەیەکی پەرپووتی سوپایی ، سێنەفەری لێیە ، کە هەر سێ مانگ جارێ بەبەلەم ئازووقەیان بۆ دەبەن و دەیاندەنێ . هەر هەموو ئەو حەشیمەتەی کە لە بنی فرور دەژین لە چل — پەنجا کەس پترنین لە گەڵ چەند سەد دار خورماو سەد سەد و دە سەر بزن و یەک گۆڕستان و چوار بست کشتوکاڵ و زراعەتی دێمی کە ساڵە وساڵ خورما دەچنن و لە بەلەمی باردەکەن و دێن بۆ بەندەر لنگە ، دەیفرۆشن و بەپارەکەی قەند وچای و تووتن و قوماشی هەرزان بایی وەکو جاو و خام و کودەری ساڵەکەیان دەکڕن و دەگەڕێنەوە و بە ماسی دەریا ساڵ دەبەنە سەر .

خەریکم لە پەنجەرەی گرتووخانەکەوە تەمەشای دەریا دەکەم کە نایب زابت پێشبین دێتەژوورەوە . عەلی ، لەگەڵە . قاوەڵتی بۆ هێناوم .

- بگرە !

بریتیە لە نانێک و تاسولکەیەک ماست .

- خەم مەخۆ .

ئەسڵەن خەمبار نیم . هەرچی دەبێ با ببێ !

نان و ماستەکە لە عەلی وەردەگرم . نایب زابت پێشبین ، خوڵکی جگەرەم دەکات .

- نە ، مەمنوونم .

دەڵێت :- چ بەڵایەکت بەسەرهێناوە کە بەو ڕادەیە گڕی گرتووە ؟

جگەرەکەی دادەگیرسێنێ و لەسەری دەڕوات :- بەنووسراو فەرمانی داوە کە بە یەکەم بەلەمدا ڕەوانەت بکەم .

- بۆکوێ ؟

- بنی فرور .

دوو پاروو نان و ماست دەخۆم و پاشماوەکەی لە لایەکەوە دادەنم . نایب زابت پێشبین دەدات بەسەر شانی عەلیدا و دەڵێت :- با برۆین ... با برۆین ئەگەر مێجەر بمان بینێ ، قیامەت بەرپادەکات .

عەلی ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا ، هەڵوەستەیەک دەکات و دەڵێت :- لەوەیە برۆم بۆ کنگ .

نایب زابت پێشبین دەڵێت :- سەبر بکە ، کە سواری بەلەمەکە بوو ئەوسا برۆ .

بەرلەوەی لە گرتوو خانەکە وەدەربکەون ، عەلی دوو پاکەت جگەرە لە گیرفانی دەردێنێ و دەمداتێ .

کە دەرگاکە دادەخرێت ، یەکسەر هەست بەتەنیایی دەکەم . خەریکە باوەڕ دێنم کەمێجەر بەجدی لێبڕاوە بۆ دوورگەی بنی فرور دوورم بخاتەوە . وادیارە لە بیانوویەکی واهی گەڕاوە . خرۆشی دەڵێت کە کۆلۆنێل میهرەبان هێشتا لەماڵەوە کەوتووە و ڕەوشی باش نییە .

پۆستاڵەکانم لە پێم دادەکەنم ، پەتۆکە ڕادەخەم و ڕادەکشێم . نەرمەبایەک دێتە ژوورەوە کە بۆنی شەرجی لێدێت ، ئارەزووی چای دەکەم . خۆزیا بەعەلی یا بە ( خرۆشی ) م گوتبایە . ئەوەندە سستم کە هیمەت ناکەم هەستم و کەسێک بانگ بکەم . خۆزگەم بە مەجلیسەکەی پیاوەکەی خورشید کولاە . بۆخۆم دووکەڵێکم دەچوومە دەکرد و دنیای خۆمەوە . حەزم لە جگەرە نییە ، بەڵام هەروەکو خوو ، جگەرەیەک دادەگیرسێنم . دەمم تاڵە . هێشتا جگەرەکەم تەواو نەبووە کە یەکسەر ، دنیا تاریک و سەنگین دەبێت . بەڕاکشانەوە ، لەپەنجەرەکەوە تەمەشای ئاسمان دەکەم . هەورێکی تەنکی کەوەیی بەهەشتاو دەڕوات . ئەو بایەی کە بەو خێراییە هەورەکان ڕادەدات ، ئەگەر بکەوێتەخوارەوە و بە سەر رووی دەریاکەوە بنیشێتەوە ، زریان هەڵدەستێ . گەواڵە هەورەکان سات بە سات پتر دەچن بەیەکدا و چڕتر و تاریکتر دەبن . دڵم تەنگ دەبێت. لاقەکانم کۆدەکەمەوە و خۆم بەرزدەکەمەوە و دادەنیشم و پشت بە دیوارەکەوە دەدەم .

دنیا تاریک دەبێت . ئەژنۆکانم دەگرمە باوەش . تەوێڵم دەنمە سەر ئەژنۆکانم . یادی ڕابردوو هێرش دێنێ . بایەکە ئێژی هاوار دەکات . دەڵێی دەنگی خەڵکانێک دەژنەوم . پاشان ، ، ڕمبەڕمبی بەرخوردی پۆستاڵە بە ئەرزە ڕەقەکەوە ، پاشان بێدەنگی ، دەنگی وشکی میل هێنانەوە .

- حەیوان ! لێرەوە .

هەوای قورس دڵم تەنگ دەکات .

- لەسەر جێگاکەت بتۆپە !

خۆرئاوا بوو . لەسەر جێگاکانمان دانیشتبووین . ناو کامیونەکە تاریک بوو . چاو چاوی نەدەبینی . هەموومان بێدەنگ بوو بووین . دەنگی تێکەڵ وپێکەڵی خەڵکی دەهات . دەنگی تێکەڵ وپێکەڵی ترمبێلان و هەرجارێ کە کامیونەکە لە ژێ عامودی گڵۆپێکەوە ڕەت دەبوو ، ناو بەناو چەند هێڵێکی باریکی ڕووناکی ، لە درزێن چادرە مشەماکەی کامیونەکەوە لە ژوورەوەی دەداد . شەو بوو . کامیونەکە بەشاردا تێدەپەڕی ، لە شەقامە کۆنەکانی شارەوە ، دەڕۆیی . نەمدەتوانی ئاراستەی جووڵەی کامیونەکە بدۆزمەوە . بەخاوی جووڵەی کامیونەکە و بە هەرا و هەنگامەی ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵا بۆم دەرکەوتبوو کە لەناو شارداین . بەڵام کاتێ کە دەنگی بەهێزی کامیونەکە بەرز بووەوە و لانسی وەرگرت و فاسیلەی گڵۆپەکان زیاتر بوو ، زانیم کە لەشار دەرچووین . جووڵام تا لاقەکانم ڕاکێشم کە ئەژنۆکانم ئیسراحەت بکەن . سیخورمەیەک بە قەبرغەم کەوت و دەنگێکی نزم وەکو گوللەیەکی قورقوشم بەر پەڕەی گوێم کەوت .

- مەجووڵێ !

هێشتا هەوەڵی شەوبوو کە کامیونەکە نیوە پێچێکی کردەوە ، لە جادە ئەسڵییەکە لایدا ، خێراییەکەی کەم بووەوە و دوای تۆزێک وەستا .

ڕووناکییەکی کز لە سەر قەمەرەی کامیونەکەوە هاتە ژێر مشەماکەوە و لێرە و لەوێ ، تانیوەی کامیونەکە ڕوخساری کوڕەکان لەبەر ڕووناکییەکی مردەڵە دەرکەوت . دەتگوت بەرداشێکی گەورە کەوتبووە سەرسینگم و دەتگوت بەرداشەکە لە سەر سینگم هەڵگیرا و هەناسەیەکم هەڵکێشا . برادەران هەریەکەیان ، لە نێوان دوو نیگاباندا دانیشتبوون . ئەو نیگابانەی کە لە بنەبانی کامیونەکەدا دانیشتبوو سمێڵێکی گەورەی هەبوو . ڕدێنی دوو ڕۆژەی برادەران ڕەش دەچووەوە . ڕدێنی کازم سوور دەچووەوە . دەنگی ئاسنینی ڤەبوونی دەرگای قەمەرەی کامیونەکە هات و ئەوجا دەنگی پیاوێک بوو کە لە ڕۆشناییە مردەڵەکەدا خەفە دەبوو .

- زندانی !

یەکێک پرسی :- لە کوێ ؟

- لە فەرمانداری سوپایی .

- چەند کەسن ؟

- سیازده کەس .

- بەرگە ؟

دوای چەند ساتێک ، دووبارە دەنگی داخستنی دەرگای کامیونەکە هات . لە سەرووی قەمەرەی کامیونەکەوە ، بایەکی سارد هاتە ژوورەوە . بایەکە ، بۆنی کۆساری دەدا . کامیونەکە بە ئەسپایی خۆی بە ناو مەیدانێکی کراوەدا کرد و دوو نیوەپێچی پێچەوانەی کردەوە و ستۆپی گرت . بێدەنگی بۆ چەند ساتێک باڵی بە سەردا کێشاین و پاشان ، دەنگی کردنەوەی دەرگای قەمەرەی کامیونەکە هات و دەنگی پێی کەسێک بوو کە لە کامیونەکە دوور دەکەوتەوە . پاشان بوو بە هەمهەمە و لە ناکاوا دەنگی پڕ دەنگدانەوەی پیاوێک هات کە بە ئازەربایجانی قسەی دەکرد .

- من جێگایان دەکەمەوە ...

دەنگی پیاوەکە ، ئەوەندە بەرز بوو کە هەموو شوێنێکی پڕکرد .

- ئەگەر خەڵکی هەموو دنیاش بێنی من جێیان دەکەمەوە !

کابرایەکی زمان خوار لە سەر چامرلغی سەیارەکە سواربوو و کامیونەکە جوولا و بەنێو ڕیزە گڵۆپەکاندا تێپەڕی . ناو بە ناو ڕووناکی گڵۆپەکان ، لە سەرووی قەمەرەی کامیونەکەوە دەهاتە ژوورەوە و بە سەر ڕوخسارەکاندا تێدەپەڕی . دوای کەمێک ، کە لە دوا گڵۆپ ڕەت بووین ، ئیدی تاریکی بوو . تاریکییەکی چڕ وسارد کە لەرزی لە ئینسان دێنا ، لەرزێکی ئارام ، وەکو لەرزی تای مەلاریا .

کامیونەکە بەدەم تەکان و جووڵەیەکی ئارامەوە وەستا . مشەمای پشت دەرگای کامیونەکە هەڵدرایەوە ، زنجیرەکانی دەرگاکە کرایەوە و دەرگاکە ، قورس وبەتەق وهۆڕ ، دەگەڵ جیرەی ناخۆشی پیمەکاندا — کە لەوە دەچوو ژەنگ گرتبنی — کەوتەخواوە . پاشان نیگابانەکان ، دوو بە دوو ، لە کامیونەکە بازیاندایە خوارەوە . دەنگ لە هیچ کەس و هیچ جێیەکەوە دەر نەدەهات . چاومان لە دیوارێکی ڕەش و بەرز بوو کە ڕوو بە ڕووی دەرگای کامیونەکە بەرز بووەوە . نیگابانەکان ، بە دوو ڕیز ، بەرانبەر یەکدی ڕیزیان بەست . لە کۆتایی کامیونەکەوە تا دیوارە بەرز و ڕەشەکە کە دە شەقاوێک پتر نەبوو ، لە نێو ڕیزی سەربازەکاندا کۆلانێک هەبوو بەپانی کامیونەکە . هەموو شتێک بەبێدەنگی و خێرا ڕووی دەدا . لە ناکاوا سەروسەدا پەیدا بوو ، دەنگی قەرەباڵغ و گەورەی هەمان کابرای ئازەری زمان .

- لەوێ ... ڕوو بە ڕووی دەرگاکە !

دەنگی زبری بەرخوردی بنی پۆستاڵی بزمار ڕێژ ، بەزیخ و چەوی سەرئەرزا ، دەهات . پۆستاڵی زۆر بەپەلە و تێکەڵاو . خەڵکانێک دەڕۆیشتن و خەڵکانێک دەهاتن . پەلەپەل بە هاتوچۆیەکانیانەوە دیاربوو . ئاسۆی دیدمان ، کۆڵانکەی نێوان سەربازەکان و دیوارە ڕەشەکەی بەرانبەر بوو . ناو کامیونەکە تاریک بوو . زاتم وەبەر خۆ نا وله درزی مشەماکەوە تەمەشای دەرەوەم کرد . دوو سەرباز ، سێ پایەی ڕەشاشێکیان دامەزراندبوو و خەریک بوون ڕەشاشەکەیان لە سەری قایم دەکرد . کەمێک دوورتر ، چەند گڵۆپێک لە سەر پایە هەڵکرابوون . لە دوورتر بینایەک هەبوو کە بەردەمی بە بلاجکتۆر ڕووناک کرابووەوەو دوو سەربازی چەکدار، لەبن دیوارەکەدا ڕاوێچکەیان دەکرد.دەورو بەری کامێونەکە تاریک بوو. لە دوورتر، زۆر دوورتر لەو بینایەی کە بە بلاکجکتۆر ڕوناک کرابووەوە، تاک وتەرا ، گڵۆپ لەتاریکیەکەدا هەبوو و لە نێو گڵۆپەکاندا بورج و قوللەیەکی تەختەیی هەبوو . لە دەوری کامیونەکەدا ، لێرەو لەوێ ، چەند سەربازێکی چەکدار ، لاقیان لێکدی بڵاو کردبووەوەو تفەنگەکانیان بە دەستەوە گرتبوو . پاشان کە هەرا وهەنگامە و سەرو سەداکە نیشتەوە ، دەرەجەدارێکی باڵابەرز کە زمانی لار بوو هات و لە نێو ڕیزی نیگابانەکاندا ڕاوەستا و بەو سەربازەی ، کە لە گەڵیابوو ، گوت کە دەرگاکە بکاتەوە . دەنگی یارۆی دەرەجەدار بەرز بوو و هەر وشەیەک کە لە چاڵی گەروویەوە دەردەهات ، بارێکی قورسی زبری و ، ئەمر وکینەی بەسەرەوە بوو .

سەربازەکە ، لە ناوەندی دیوارە ڕەشەکەی بەرانبەرەوە دەرکەیەکی ئاسنی چکۆلەی بەتەق وهوڕ کردەوە . یەکێک گوتی :- سەرکار عەریف باشی ساقی !

دەرەجەدارە باڵابەرزەکە بۆڵاندی .

- هم !

وپاشان ئاوڕی دایەوە و بەو کەسەی ، کە بانگی کردبوو ، گوت :

- وەرە کوڕۆ ! ... وەرە لێرە ئەم لایتە بگرە .

سەربازەکە هاتەپێشەوە ، لایتەکەی پێکرد و بەسەر ئەو پەڕە کاغەزەوەی گرت کە بەدەست عەریف باشی ساقی یەوە بوو .

عەریف ساقی ، ڕووی کردە لای کامیونەکە . ڕوخساری لە بەر ڕوناکی لایتەکەدا ، تاریک و ڕوون بوو . چاوانی گەورە بوون ، ئەوەندە گەورەبوون کە دەتگوت هەموو کامیونەکەی بەچاو قووت دا سمێڵە ڕەشەکەی عەریف ساقی تەکانی خوارد و لێوە ئەستوورەکانی لە سەریەک خزین .

- ناوی هەرکەسێکم خوێندەوە ، لە کامیونەکە بێتە خوارەوە .

و دەستی بە خوێندنەوە کرد .

- جەعفەر .

جەعفەر هەستا ، شەکەت و ماندوو ، لەو سەری کامیونەکەوە ، خۆی بەسەر لاقە قەڵەو و کورتەکانیەوە بکێش کرد و خۆی هەڵدایە خوارەوە و بە ناو ڕیزی نیگابانەکاندا بەرەو دەرگا ڕۆیی و تاریکییەکە قووتی داو ، هەرکە دیار نەما ، دەنگێک هات ، دەنگێکی وەکو دەنگی خەفەی کەوتنی کیسەیەک ئارد لە بەرزیەوە بۆ سەر عاردی .

- مەلیک .

مەلیک ، دەستی بە پشت سەریەوە گرت و بە کۆمەکۆم درێژایی کامیونەکەی بڕی .

- ڕەحمەت ... حەسەن .

ڕوناکی لایتەکە ، نیشتبووە سەر ددانەکانی ساقی .

- کازم .

ددانەکانی ساقی ، گەورە وسپی بوون .

- کەمال ... ستیفن .

چاوم لە سمێڵە ڕەشەکەی عەریف ساقی بوو کە بەدەم خوێندنەوەی ناوەکانەوە گەمەی دەکرد .

- یەعگوب .

یەعقوب بەبێ مەیلی و بە دژواری هەستا .

چاڵی چەنەی پان و ، زەق و ڕەقی عەریف ساقی لە بەر ڕوناکی لایتەکەدا ، بەقوڵا چووبوو .

- عەتا .

عەتا ، کاتێ کە هەستا بچێتە خوارەوە ، وەکو هەمیشە سەری ئەنگوستەکانی دەستی خستەگیرفانی پانتۆڵەکەیەوە .

- ئیسلام .

دوای ئیسلام ، گوێم لە ناوی خۆم بوو . لە کامیونەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوەو بە دڵەڕاوکێوە بەبەینی ڕیزی سەربازە چەکدارەکاندا بەرەولای دەرگا ئاسنەکە ڕۆیشتم کە وەکو قەبر تاریک بوو . یوسف ، لە دوای منەوە بوو و دوای ئەو ئەوحەد بوو .

هێشتا لە ئاستانەی دەرگاکە نەچووبوومە خوارەوە کە لە دواوە یەک مستم بەپشتیدا درا و پەڕیمە ژوورەوە و کەوتمە سەر ئەژنۆ . بە دەستەکانم خۆم گرتەوە کە بە ڕوودا نەکەومە سەر ئەرزەکە . گوێم لە دەنگی کەمال بوو . هێندە تاریک بوو کە چاو چاوی نەدەبینی ، بۆنی تیژی میز هەموو شوێنێکی پڕ کردبوو . کە دەرگاکەمان لە سەر داخرا ، دەنگی عەریف ساقی بەرز بووەوە .

- دەستوور دەدەم ...

دەنگی لە چاڵی گەروویەوە دەردەهات .

- ... ئەگەر فزەیان لێوەهات بەر گوللەیان بدەن .

دەنگی پێ، لە سەر سەرمانەوە دەهات . یەکێک لە سەربان پیاسە و ڕاوێچکەی دەکرد . بە کوێرە کوێر دەستم بە عاردی و دیوارەکەدا کێشا .

- کوڕینە ... ئێوە لە کوێن ؟

دەنگی کەمال بوو .

- من لێرەم .

- لە کام لای ؟

- لە دەستە ڕاستدام . لە سەر سەکۆیەکە .

- سەکۆ ؟

ملم دەزریکێنێ . چوومە پێشترەوە . بەر ئەو سەکۆ بەردینە کەوتم کە کەمال لە سەری دانیشتبوو . چ تاریکستانێکە !

هێشتا قسەکەم تەواو نەبوو کە گڵۆپێکی تۆزاوی کە بە مێچکەوە هەڵواسرابوو هەڵدەبێ . هەر یەکێک لە کوڕەکان لە گۆشەیەکدا وەستاوە . لێرەو لەوێ خوێنی وشکەوە بوو بەدیوارەکانەوە چەسپیوە . لەلای دەرگا ئاسنەکەوە ، یەک ڕیز تەوالێت هەیە . لە ناوەڕاستا ، ئەستێلێکی کەم قووڵی وشک هەیە . ساردی حەمامێکە کە ئێستا تەرک کراوە . سەکۆی جل کەنکەکە پانە ، بەرزییەکەی لە گەزێک کەمترە . دەرۆم و تەمەشای دیوارەکان دەکەم . بەنینۆک یان بە خوێن ، شتانێک لە سەر دیوارەکان نووسراوە ." بێدەنگی ، بەرخۆدان ، نکۆڵی کردن" هەندێ نووسینیان سڕاوەتەوە و ناخوێندرێتەوە . لە سێ گۆشەیەکی تەریکدا کە لە هەتەری چاو بەدەرە ، لە سەر دیوارەکە ، بەنینۆک نووسراوە ( من لێرە ، سیمایەکی دیکەی مرۆڤم ! بینی. سیمایەکی حەیوانی ، دڕندەو بێ بەزەیی . مرۆڤێک کە دەتوانێ و پێویستە ئابڕومەند بێ ) . گەردو تۆز نیشتووەتە سەر نووسینەکە . پێدەچێ مانگێک لەوەپێش نووسرابێ

کەمال بانگم دەکات :- ئەوە چ دەکەی ؟

دەچم بۆلای . لە دەوری یەکدی خڕ دەبینەوە . کەس قسەناکات . لە دەرگایەکی ئاسنینی دیکەوە ڕەت دەبین و لە ساردی حەمامەکەوە دەڕۆینە ناو حەمامەکە . کۆمەڵێک دووشی وشک و شکاو بەڕیزی یەکەوەن . میچی حەمامەکە بەرزە . لە برسا دڵم زاف دەکات . دەمم وشک وتاڵە . لەوساتەوە کە سواری کامیونەکە بووبووین و تا ئەم ساتەی چووبووینە گەرماوەکەوە ، هەموو شتەکان زۆر بلەز تێپەڕی بوون . گێژ بووم . بە سەدەمی ئەو مستەی کە لە پشتم درابوو ، دەماری کۆڵنجم دەی زریکاند . نەمدەزانی لە کوێندەرم . ئەوەندەمان بۆ دەرکەوتبوو کە لە گەرماوێکی خرابەداین و پێدەچێ لەناو سەربازگەیەکدا بێ . دەنگی پێی ئەو نیگابانەی کە لە سەربانە ، ڕێک وپێکە . هێمن و قورس ، دەڕوات و دەگەڕێتەوە . میچی گەرماوەکە ، پێنج هەواکێشی بچکۆلەی هەیە کە بە شیش کەتیبەی بۆکراوە . هەندێ گوڵی بچووک لە ئاسمانەوە ، لە چواچێوەی هەواکێشەکانەوە دیارە . ئاسمان تاریکە . تەنانەت تاقە ئەستێرەیەکیش نابینرێ . چەند ڕۆژێکی دی هاوین تەواو دەبێت . دنیا کەمێک ساردە . بایەکی سارد لە هەواکێشەکانی ساپیتەکەوە دێتە ژوورەوە . بایەکە ، بۆنی پاییزی لێدێت . چەند ڕۆژێکی دی پاییز دەست پێدەکات . بلوزە سوپاییەکەم ئەسڵەن گەرمم ناکاتەوە . کوڕەکان ، هەموو بە ناو گەرماوەکەدا بڵاوبوونەتەوە . هەموو بێدەنگین . هەموو گەرماوەکە تەنیا یەک گڵۆپی بچووکی تیایە کە بە وایەرێکی ڕەش و کورتەوە بە مێچەکەوە هەڵواسراوە .

پۆستاڵەکانم لە پێم دادەکەنم ودەینەمە ژێر سەرم تا درێژ بم . کەمال دێت و لە لامەوە دادەنیشێت . کڵاوە قوماشەکەی لەسەر تەپڵی سەری داناوە . چاوە قاوەییە کاڵەکانی ڕەش دەچنەوە . دەپرسێت :- پێت وایە لە کوێین ؟

- له زیندانین !

له قاقای پێکەنین دەدا .

- ڕادەبوێری ... مەبەستم ئەمەیە کە لە چ گۆڕستانێکین ؟

- پێموایە ئەمە سەربازگەیە .

دەڵێت :- دیسان نۆرەی غەیبگۆییە ؟

- تۆش سەیری ها !

- دەتوانی بزانی کە لە کوێی شارین ؟

- له دەرێی شارین . بناری چیا .

ڕادەکشێم . کەمال هەڵدەترۆشکێ و ئەژنۆکانی دەگرێتە باوەش .

- دەتوانی بخەوی ؟

دەڵێم :- خەو ؟

دادەنیشین . کوڕەکان دێن و لای یەکدییەوە هەڵدەتروشکێن . یەعقوب پاڵ دەدات بە دیوارەکەوەو هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت :- کاشکێ وەکو نوسرەت هەڵاتبایین !

نوسرەت کە زانی ڕەوشەکە خراپە . ئێوارە ، لە پشت چادرەکانی ئوردوگاوە ، خۆی بەناو دار چنارەکانا کردو (شا ئاباد) خۆت بگرە واهاتم و تاپێیان زانی کە هەڵاتووە ، خۆی گەیاندبووە شار و لە سەد کونا خۆی شاردبووەوە

لە پڕ دەنگی ڤەبوونی دەرگا ئاسنینەکە دێت . بەکۆمەڵ هەڵدەستین ولە دەرگای ساردی حەمامەکەوە تەمەشا دەکەین . سەربازێک بە عارەبانەیەکی دەستییەوە دێتە ژوورەوە ، باری عارەبانەکە، کە لەتە کەرپووچە (خشتی سوورەوکراو ) لە قەراخ ئەستێڵە وشکەکەی ناوەندی ساردی حەمامەکە هەڵدەڕێژێ .

یەکێک لە برادەران بەگوێمدا دەچپێنێ .

- لەتە کەرپووچ !

سەربازەکە دەچێتە دەرێ ودەرگای حەمامەکە دادەخات .

- دەیانەوێ دەرگای حەمامەکە بگرن تا لەژوورەوە زندە بەگۆڕ بین !

کازم ، دەڕوات و لەتە کەرپووچێک هەڵدەگرێت . دەنگی کازم دێت .

- ئەوەی ددان بدات نانیش دەدات ، ڕزق لای خوایە ، خوا سەر بدات رزقیش دەدا !کوڕینە شامە!

دە بیست نانی وشکی میکانیکییە کە تەنانەت بە پۆستاڵیشەوە بچیتەسەری ناشکێن . عەتا ، سەری ئەنگوستەکانی دەخاتە گیرفانی پانتۆڵەکەی و دەڕوات بە دیار نانەکانەوە دەوەستێ . بۆ چەند ساتێک تەمەشای نانەکان دەکات و پاشان بە پاژنەی پۆستاڵ ، هێندە بەتوندی دەکێشێت بەیەکێک لە نانەکاندا کە دەشکێت . نانی دووەم و سێیەمیش ورد دەکات و پاشان ، بەهەمان ئاوای کە ڕۆیی بوو دەگەڕێتەوە . دەچمەپێشێ ، یەک تیکە نان هەڵدەگرم و دەیخەمە دەمم تا تەڕ ببێت . ئەوسا دوو نانی چوون یەک هەڵدەگرم و دەڕۆمە ژوورەوە تا لە جیاتی پۆستاڵ بیانخەمە ژێر سەرم، بەڵام ئەوەندە ڕەقن کە حەزدەکەم دووبارە پۆستاڵەکانم بکەمەوە بەسەرین . پشتم بەهۆی چیمەنتۆ ساردەکەوە ، دەرچێ . پیاو خەوی لێناکەوێ . کەمال کە بەدیار سەرمەوە وەستاوە ، دێتەقسان .

- بێ ویژدانانە پەتۆمان نادەنێ .

- لەوەشە بیدەن .

دەنگی دەرگاکە تەکانم دەدات . نایب زابت پێشبین لە ئاستانەی دەرگای گرتووخانەکە وەستاوە .

- ئێ ، شتێک لە گەڵ خۆتدا نابەی ؟

هەنیەم لە سەر ئەژنۆکانم هەڵدەبرم . پشتم کە لە ئارەقەدا هەڵکشاوە لە دیوارەکە جیادەکەمەوە . دەستم دەنەمە عاردی و هەڵدەستم . بیر لە قسەکەی نایب پێشبین دەکەمەوە . باسی دورگەی بنی فرور دەکات . دوو سەرباز ، دوا بە دوای یەک لە ڕاڕەوەکەوە تێدەپەڕن . گونیە ئازووقەیان بەکۆڵەوەیە . دەبێ جیرە وئەرزاقی سێ مانگەی سەربازانی پاسگای بنی فرور بێ .

نایب زابت پێشبین سەربازەکان بانگ دەکات .

- ڕادەستی خودی کاپتن ( بەلەمەوان ، کەشتیوان ) ساڵحی بکەن !

بەرەولای پێشبین دەڕۆم .

- به ڕاستی دەبێ بڕۆم ؟

- دەستووری داوە !

- ئێ ، کەواتە شڕوشیتاڵەکانم دەبەم ... بەڵام کەش و هەوا ...

و لەپەنجەرەکەوە ئاماژە بۆ کەش وهەواکە دەکەم و لە سەری دەڕۆم .

- ئەگەر کەش وهەواکەی واهی بێ ، باوەڕ ناکەم هیچ بەلەمێک بڕوا !

نایب زابت پێشبین بزەیەک دەکات .

- بەڵام کاپتن ساڵح ، ئەمڕۆ دوای خۆرئاوا دەکەوێتەڕێ .

بایەکە ، تووند دەبێ . دەنگی دەریا بەرزدەبێتەوە . ئەگەر بەمجۆرە بەردەوام بێ ، هێشتا نیوەڕۆ نەبووە ، ئەوا زریان دەریاکە هەڵدەگرێ . لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرەوە . نایب زابت پێشبین دەڵێت :

- فریوی ئەم هەوایە مەخۆ .

- بەڵام زۆر خراپە !

- کاپتن ساڵەح دەڵێت کە دوای نیوەڕۆ ، هەواکە دەبێ بەڕۆژهەڵاتی ( هێمن ) .

ئەگەر کاپتن ساڵح وتبێتی ، بێگومان بایەکە دەنیشێتەوە .

- بەعەلیم گوتووە کە شتەکانت گردوکۆ بکاتەوە .

- ئەدی نەچوو بۆ کنگ ؟

- نە !

هەموو کارەکانی پێشوەختە کردووە .

- ... ئەگەر شتێکت پێویستە قسەبکە تا جواب بۆ عەلی بنێرم بۆتی بکڕێت .

نایب زابت پێشبین لە ژوورەکە وەدەردەکەوێت و دەرگاکە دادەخات . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستم . یەک سەعاتی بۆ نیوەڕۆ ماوە . گومرک لە جم وجووڵ کەوتووە . هیچ کەسێک لە مەیدان و

حەساری گومرکدا نییە . سەربازگە چۆڵە . ئاڵا کاڵەوە بووەکەی سەرگۆڕی سەربازی شەهید کەوتووەتە سەر ئەرزەکە . ئەگەر دوو مست گەچ لە پای دارەکەی بدەن ، بەفشە بایەک سەرنگون نابێت .

ئێستا با حەشر دەکات . شەپۆلەکان ، سات بەسات گەورەتر دەبن . دوا بە داوی یەک دێن و سەری خۆیان بە دیواری کەنارەکەدا دەکێشن . بەلەمەکەی کاپتن ساڵح ، کە لەپشت دیوارەکەوە لەنگەری گرتووە ، لە جێی خۆی دەهەژێ ، سووکێ بەرز ونزم دەبێتەوە . ئەگەر ئەم بایە بەمجۆرە بەردەوام بێ ، هیچ بەلەمێک خۆی لە دەریا نادات

***

دنیا گورک ومێشە ، کە لەخەو هەڵدەستم . شەوی بووری تا نیوەشەو هەر گینگڵمدا و نەمزانی کەی خەوم لێکەوت . بەدرێژایی شەو وەکو خەڵکانی تادار وابووم . سەرم قورس بوو . چاوەکانم سوور بووبوون و دەسووتانەوە . ڕۆژی پێشوو ، کە بوو بە نیوەڕۆ ، زریان زیادی کرد و ئێوارێ ، ڕێژنەی توندی کەنارەکە دەگەڵ ئەو شەپۆلانەی کە لە دەریاکەوە بەرز دەبوونەوە و تا بورجی بەلەمەکان هەڵدەستان و تێکەڵ دەبوون . ڕێژنەکە ڕەوتەنی بوو ، زوو تێ پەڕی و پاشان ، لە ناکاودا ، هەموو شتێک بێدەنگ و کڕ بوو ، ونەرمە بایەکی فێنک هەڵیکرد. ڕووی دەریا ئارام بووەوە ، ئاسمان ساف وڕووناک بووەوە ، مانگ هەڵهات و بۆنی خاکی نمدیە تێکەڵی بۆنی سوێری دەریابوو . کاپتن ساڵح نەڕۆیی و شاگرد و بەلەمەوانەکان بە پەقرەج ئاوی بارانەکە و ئاوی دەریاکەیان ، لەبەلەمەکە دەردەدا . هەمووشتێک خاوێن و پاک بووەوە .

دنیا گورگ ومێشە کە هەڵدەستم . هەرکە بێدار دەبمەوە بیر لە ڕۆیشتن دەکەمەوە . دەبێ کاپتن ساڵح بکەوێتەڕێ . عەینی خەڵکانی تا لێهاتوو وام . ڕێک وەکو کەسێک کە تازە لەنەخۆشی هەستابێتەوە ، لاواز وبێتاقەتم . حەزم لەجگەرە نییە . بەڵام وەکو عادەت جگەرەیەک دادەگیرسێنم . دوو پاکەتە جگەرەکە خەریکە تەواو دەبێت . دنیا تاریک و ڕوونە . تاریکییەکە لە ڕووناکییەکە زیاترە . دەنگی چپەچپ دەژنەوم . پاشان دەنگی ئارامی پێ دێت کە بەسەر ئەرزەکەوە خەفە دەبێ . گۆنام بە پەنجەرەی کەتیبەکەوە دەنەم و تەمەشای گومرک دەکەم . هیچ خەبەر و هەواڵێک نییە . مەیدانی گومرک ، بە دوو گڵۆپی کز ، کە لە سەر ئەستوونە بەرزەکانی دەرگا محەجەرەییەکە دانراون ، ڕووناکە . گوێیەکانم هەڵدەخەم . دەنگەکە لە سەمتی ڕاستەوەیە . لە قوڵی ئاشخانەکەوە لە لای ئازووقەخانەکەی فەوجەوەیە . سەر وەردەگێڕم و تەمەشا دەکەم . سێبەرێک کەوتووەتە سەر عاردی کە لە هەنبەر ئازووقەخانەکەوە ، بەرەو ئاشخانەکە دادەخزێ . دەنگی پێیە کە ، لە ئاشخانەکە دوور دەکەوێتەوە . بەستەیەکی گەورە بەسەرشانی سێبەرەکەوەیە . ئەوجا ، سێبەرێکی دیکە هەیە . مەیدانی دیدم تەنگە . هەنووکە لە جیاتی سێبەر ، نیوەی جەستەی مرۆڤێک لە بەرزییەوە دەبینم کە کیسە برنجێکی بەسەر شانەوەیە . لەیەک سات پتر

نابینم . زۆر زوو لە هەتەری چاوم ڕەتدەبێت . ئێستا چپەچپەکە نەماوە . تەنیا سێبەرە . سێبەری دوو پیاو کە دەڕۆن و دوای تۆزێک دەگەڕێنەوەو دیسان بەو کیسە و کارتۆنانەوە کە بە شانیانەوەیە ، خەریکە بەبەر ئازووقەخانەکەدا تێدەپەڕن و دوور دەکەونەوە . ئەمجارەیان ، یەک تەنەکە ڕۆنە کە بە ئەنگوستی دەستی چەپی کەسێکەوە ئاوێزانە . دەستەکە لە شانەوە تا مەچەک دەبینم . دەستەکە ، ڕووتە . تەنەکە ڕۆنەکە بە قامکەکەوە هەڵواسراوە و لەنگەری هەڵگرتووە . دەست و مەچەکەکە ئاشنایە . گەنمڕەنگ و ئەستوورە . سەعاتە وستندڤاچ و زنجیرە ستیلە گوشادەکەی باش دەناسم . دەستی خرۆشییە . گومانی تیانییە . خرۆشی ئینزیباتە . کاتبی ئازووقەخانەکەشە .

- ها کوڕینە ... پاقڵەمەنیتان دەوێ ؟

عەسکەرەکانی پاسگای بەندەر چارک یازدە نەفەرن . دەنگی عەریف غانم نەرم و میهرەبانە . ناو ئازووقەخانەکە تاریکە . دەنگی عەریف غانمە .

- خرۆشی ، نۆک و لۆبیا و فاسۆلیای ئەو کوڕانە بدە !

وپاشان لەبن لێوانەوە حیساب دەکات .

- یازدە کەڕەت سێ سەد غرام ... عەرزی بە حزووری جەناب عالی ... دەکاتە ...

ڕوو دەکاتە خرۆشی کەخەندە نیشتووەتە سەرگۆنا پانەکانی و ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بە درێژایی گەردنیا چۆڕاوگەی بەستووە .

- ... عەرزی حوزوری با سەعادەت بێ کە دەکاتە دوو کیلۆ و سێ سەد غرام ... خرۆشی حیسابەکەت گرتووە ؟

سەربازەکەی پاسگەی بەندەر چارک کە هاتووە ئازووقەی هاوڕێکانی ببات بەزاری بەش و چاوانی ئەبڵەقەوە ، تەمەشای عەریف غانم دەکات .

عەریف غانم دەگەڵ خرۆشییەتی .

- حاڵی هەی خرۆشی ... ئازووقەی برادەران بدە !

سەربازەکەی پاسگەی چارک ، مینگەمینگ دەکات و دێتەقسان .

- بەڵام ، جەنابی ڕەیس عورەفا ... یازدە کەڕەت سێ سەد وپەنجا غرام ...

عەریف غانم مۆڵەتی نادات کە قسەکەی تەواو بکات . خێرا بەدەمیا دەداتەوە .

- ... دەکاتە سێ کیلۆ وهەشت سەدوپەنجا غرام ، مەگەر من چیم گوت ؟

سەربازەکەی پاسگەی چارک ، بێدەنگ دەبێت . غانم ڕوو دەکاتە خرۆشی . سووکە بزەیەک نیشتووەتە سەر لێوانی غانم . ددانە زێڕەکانی کەوتوونەتە دەر . سمێڵە تەنکەکەی دەجوڵێت و دەڵێت :

- خرۆشی خۆ حیسابەکەت گرتووە ؟

خرۆشی ، بەپەنجە زبرەکانی کە لە پەنجەی وەرزێران دەچێت ، کیسە فاسولیاکە ڕادەکێشێتە پای تەرازووەکە .

خرۆشی ، گەنمڕەنگە . زنجیرە سپرینگییەکەی سەعاتەکەی کشاوە و شل بووەتەوە . تەنەکە ڕۆنەکە بەقامکی زبری خرۆشییەوە هەڵواسراوەو لەنگەری گرتووە . ڕووناکی خەریکە دڕ بەتاریکی دەدا . هاتوچۆ تەواو دەبێت . دوای چەند ساتێک ، عەریف غانم ، لە سەمتی ئازووقەخانەکەوە دێت و بە ژێر پەنجەرەی گرتووخانەکەدا ڕەتدەبێت. خروشی لە دواوەیە. خروشی ڕووتەو لەشی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە.خروشی بە ژێر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێت و بەرەولای قەرەوڵخانەکە دەڕوات . عەریف غانم بانگ دەکەم . ڕادەپەڕێت . بەرەوپاش ، بۆلای گۆڕی سەربازی شەهید دەکشێتەوە تابمبینێ .

پەنجەرەکە دوو گەزێک لە زەمینەی حەوش و مەیدانەکە بەرزترە . زاری عەریف غانم نیمچە بەشە . ددانە زێڕەکانی کەوتوونەتە دەر . ئێژی پەشۆکاوە . بە دەنگێکی نزم دەپرسێت :- ئەوە تۆ بێداری ؟

باوێشکێک دەدەم و پێی دەڵێم :- ئێستا خەبەرم بووەوە . دوو دەقیقە زیاتر نییە !

دەڵێی خەیاڵی ئاسوودە دەبێت :- بۆچی وا زوو ؟

- زۆریش زوو نییە .

عەریف غانم دەڕوانێتە دەوروبەری . دنیا ساف و فێنکە و دەریا ئارامە . کرێکاران و شاگردەکانی بەلەمەکەی کاپتن ساڵح لە پشت دیواری کەنار دەریاکە لەنگەری خستووە ، بێدار بوونەتەوە و ئاگریان کردووەتەوە کە نان ساجی ببرژێنن و کترییەکە بکوڵێنن و قاوە دروست بکەن .

- ڕاست دەکەی ، زۆریش زوو نییە .

دەیەوێت بڕوات کە نایب جهانگیر بە پاسکیلەوە دێت بەسەرا .

- بەیانی باش !

عەریف غانم ، بەرەولای نایب زابت جهانگیر دەڕوات . نایب زابت زینی پاسکیلەکەی ئەوەندە بەرز کردووەتەوە کە بە خورتی بە پاسکیلەکەوە بەند بووە ، ئەوجا زینەکە ناگاتە ناوکی نایب زابت جیهانگیر . کەپووی درێژی نایب زابت جیهانگیر دەجووڵێت .

- بەیانی باش .

بە دوو قۆڵی بەرەو قەرەوڵخانەکە دەکەونەڕێ . دەنگیان دەژنەوم . بە ناو داڵانەکەدا تێدەپەڕن و بەرەو حەوشە دەڕۆن .

- دەڵێی ئەمڕۆ زوو هاتووی !

عەریف غانم دەڵێت :- ئەمڕۆ ، کۆلۆنێل میهرەبان دێت بۆ سەربازگە . گوتم بازووتر بڕۆم تا ئەگەر کەم و کۆڕییەک هەبێ ، نەی هێڵم .

دەنگی پێی نایب زابت جیهانگیر دەژنەوم کە لە نەردەوانەکەوە دەچێتە سەرەوە . نایب زابت جیهانگیر ، سەرۆکی نووسینکە و مەکتەبی فەوجە . ژوورەکەی کۆلۆنێل میهرەبان ، ڕێک لەسەر گرتووخانەکەیە .

بەچاک بوونەوەی کۆلۆنێل میهرەبان ، خۆشحاڵ دەبم . کۆلۆنێل میهرەبان لە ئینسان تێدەگات .

عەلی ، لەگەڵ گزینگی هەتاودا پەیدا دەبێت . لەبەرانبەر پەنجەرەکەدا دەوەستێ ودەڵێت :

- چاوەڕوانی هاتنی کۆلۆنێلم .

نایب زابت پێشبین ، دەرگای گرتووخانەکە دەکاتەوە . کەیفی ساز وبەدەماخە . پێدەچێ ، سەحری یەک دوو دەنک تلیاکی خواردبێ . چاوە گەورەکانی دەبریقێنەوە . دەستێک بەنەرمەی کەپوویدا دێنێ و نووکی سمێڵی کە وەکو کلکی کۆڵاشدم هەڵگەڕاوەتەوە ، بادەدات و دەڵێت :- چۆنی کوڕۆ ؟

- خراپ نیم .

نایب زابت پێشبین منگەیەک دەکات .

- شانست هەبوو کە دوێنێ دەریا زریان بوو .

ئەوسا ، خرۆشی بانگدەکات .

- هێی کوڕۆ ... وەرە پیاڵەیەک چا بدە بەم گەنجە .

عەلی ، لە دەرگای قەرەوڵخانەکەوە دێتە ژوورەوە و لە پشت نایب زابت پێشبینەوە دەوەستێ و دەڵێت :

- دوێنێ نیوەڕۆ ، کامیونێک لە جەهرومەوە هاتووە و یەک تەنەکە عارەقی بۆ هێناوی .

نایب زابت پێشبین سەر وەردەگێڕێت و دەڵێت :- عارەق ؟ ... لە جەهرومەوە ؟

- دڵ لە دڵ مەدە . ئەگەر نەچووم بۆ بەنی فروور ، بەشی تۆشی تیا دەبێ .

بزەیەک دەکات و دەڵێت :- پایەداربی گەنجۆ ! بژی ! ئێستا پێش کۆلۆنێل دەگرم و تێی دەگەیەنم .

خرۆشی چایم بۆدێنێ . نایب زابت پێشبین دەکێشێت بە شانی خرۆشیدا ودەڵێت:- قاوەڵتیشی بدەیە !

دەگەڵ عەلیدا ، لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ .

خەریکە چایەکەم دەخۆمەوە و خرۆشی هێشتا قاوەڵتییەکەی بۆم نەهێنابوو کە گوێم لە نەعرەتەی نایب زابت پێشبین بوو ، فەرمان دەدات .

- ئیست ... خەبەر ... دار !

لە پەنجەرەکەوە تەمەشادەکەم . کۆلۆنێل میهرەبان و لە دوای ئەوەوە مێجەر عاسی . بەجێب ، خۆ بەحەوشە و مەیدانەکەدا دەکەن .

خرۆشی ، بەئەندازەی یەک ، لەپ نانی بەیات ( شەومەنە ، شەو بەسارە ) و دوو تۆزقاڵ پەنیری سفت و جیرم بۆدێنێ . ئەوەندەم جگەرە کێشاوە ، ئەسڵەن ئیشتیای نان خواردنم نییە .

چای بنی پەرداخەکە دڵۆپ دڵۆپ دەخۆمەوە و پەرداخەکە دەنەمە لاوە و بەرانبەر پەنجەرەکە دەوەستم و تەمەشای دەرێ دەکەم . وا دیارە عەلی چووە تا دەست و داوێنی کۆلۆنێل بکەوێ . کرێکارەکانی بەلەمەکەی کاپتن ساڵەح ، تێشتیان خواردووە و کەوتوونەتە جم وجۆڵ کە بەلەمەکە ئامادەی حەرەکەت بکەن .

لەنگەرەکان هەڵدەکێشن و پەت و کندرەکان کلافە دەکەن . دەڵێی چ هەواڵێک لە ڕۆیشتنی من نییە . ئەگەر قەرار بوایە بڕۆم ، دەبوایە ئێستا لەناو بەلەمەکە بوایەم . گومرک خەریکە قەرەباڵغ دەبێت . هەتاو کەوتووە . نایب زابت پێشبین دەرکی ژوورەکە دەکاتەوە و دەڵێت :- جەنابی کۆلۆنێل دەیەوێ !

پاشان بزەیەک دەکات و دەڵێت :- ئەگەر نەڕۆیشتی بۆ بەنی فرور ، دەبێ ئەمە لەمن بزانی ها !

نازانێ کە دەڕۆم یان نا ! ئەگەر شتێکی زانیبا بەم دوو دڵییە قسەی نەدەکرد . دەیەوێ دەست پێشکەری بکات . کۆلۆنێل میهرەبان ماندوو دێتەبەرچاو . چاوی ڕاستی قرمزە . دەنگی گرە :- چی بووە ؟

لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە و بەکاوەخۆ جگەرە دەکێشێت . وێنەی جووتە کچەکەی ، کە پێدەچوو دە دوازدە ساڵان بن ، لە چوارچێوەیەکی دارینی نەخشیندا ، لە نکالی ڕاستی مێزەکەدایە . وێنەی حەزرەتی عەلی ، لە گۆشەی چەپی مێزەکەدا دانراوە .

- ها ؟ ... چی ڕوویداوە ؟

- نازانم ... جەنابی مێجەر عاسی پێی وایە کە لەبەندەر لەنگەدا ، ڕێکخراو وتۆڕی کوشتن و دزیم داناوە !

کۆلۆنێل میهرەبان پێدەکەنێ . جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە و لە پشت مێزەکەوە هەڵدەستێت و بۆلای من دێت .

- چ پەیوەندییەکت لە گەڵ ئەم ئەحمەد سەربازەدا هەیە ؟

- هیچ ! ... تەنیا سڵاو و بەس !

باوەڕم پێدەکات . فایلە سوورەکە لە سەر مێزەکەیەتی . دیارە دەبێ ڕاپۆرەکەی مێجەریشی لە گەڵدابێ .

کۆلۆنێل میهرەبان ماتەڵم ناکات . وا دیارە کە موناقەشە و گەنگەشەی خۆی لە گەڵ مێجەر عاسیدا کردووە .

- زۆر چاکە ... بڕۆ ... بەڵام

دەیەوێ شتێک بڵێ ، بەڵام نازانێ چی بڵێت . بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت .

- بەڵام ...

دەچێتەوە پشت مێزەکە . فایلە سوورەکە هەڵدەگرێت و یەک دوو جار تەکانی دەدات و تووڕی دەداتە سووچێکی مێزەکە و لەسەری دەڕوات .

– بەم ڕاپۆرە بوایە ، بە تەواوەتی دەکەوتیە کێشە و دەردی سەریەوە . سەری خۆت کز بکە ، بچۆ قاوغی خۆتەوە !
بە ئارامی پاژنەکانم بەیەکدا دەدەم و وەردەگەڕێم و لە ژوورەکەی کۆلۆنێل میهرەبان وەدەردەکەوم .

نایب زابت پێشبین لە کۆتایی پلیکانەکانەوە وەستاوە . هەرکە دەمبینێ دەپرسێت :– ها ؟ ... چی بوو ؟

پێی دەڵێم :– ئیعدام !

لە قاقای پێکەنین دەدا .

– نەمگوت ... ئەمە لە من بزانە !

– کە ئیعدامم بکەن ؟

دەکێشێت بە شانمدا و دەڵێت :– واز بێنە گەنجۆ ... خێرا بڕۆ تەنەکە عارەقەکەت وەربگرە .

نایب زابت پێشبین ، بەخەیاڵ و بەکەیف . عەریف غانم ، لە دالانەکەدا وەستاوە . گوێی لە قسەکانی نایب زابت پێشبین بوو . ڕێگام پێدەگرێت و دەلێت :– لە دوێنێ شەوەوە تا ئێستا لەخاک و پای مێجەر دا بووم تا لەکەری شەیتان هاتە خوارەوە .

عەلی ، لە دەرێی قەرەوڵخانەکەدا چاوەڕوانە . چاوەکانی ماندوو دێنە بەرچاو . دەوری لێوەکانی چرچی تێکەوتووە . هیچ هەواڵێکم لە شەریفە نییە . نازانم لەبەندەر چارک گەڕاوەتەوە یان نا . لەگەڵ عەلیدا ، لە سەربازگەکە وەدەر دەکەوم .

❊❊❊

ئەو شوفێرەی لە جەهرومەوە هاتووە ، کامیونەکەی خستووەتە ژێر ساباتەکە ، بۆنیتەکەی هەڵداوەتەوە و خەریکی مەکینەکەیەتی . شوفێرەکە ڕووتە . دەست وپل و لووتی ڕەشە . تەنیا پانتۆڵێکی لە پێدایە کە لە چڵکنیدا ڕەش دەچێتەوە . ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە و لێرەو لەوێ ، چەوری ڕۆنی ئۆتومبیلەکە بەجەستەیەوەیە .

کە دەگەمە کەپرەکە ، شوفێرەکە دەست لەکار هەڵدەگرێت و سەربەرز دەکاتەوە و دەڵێت :–لا مەزەبە تاک دەکات لەگەڵ عەلیدا ئاشنایە .

- هەندێ جار تەکان دەدات ، پلاکەکانم پاک کردووەتەوە ، چەکوشی دیلکۆکەم سمارتە کردووە ، دەبێ ڕۆنەکەشی بگۆڕدرێ ، بووە بەفریشقە ، خواحەز بکات هەر بەم فریشقەیە ، دوو سبەی تا جەهروم ناوەستمەوە . چوار ڕۆژە ڕێگایە .

بە پارچە پەڕۆیەکی چەور کە لە سەر چامرلغی کامیونەکە کەوتووە ، ئارەقەکەی تەوێڵی دەسڕێت و دیسان دەکەوێتە قسە .

- تەنەکە عارەقەکە جەنابی نەقیب دایمێ ...

شوفێرەکە ، دەستە باڵایە . چاوی سەوز و قژی زەردو تەنکە .

- عارەقەکەی خالیسەیە ! ... پەنجاو پێنجە . شقارتەی لێدەی وەکو سپرتۆ گڕ دەگرێت . بەڵام تاحەز بکەی خۆش و بەتامە . وەکو شەربەت بە لیمۆیە !

فیلتەرەکە دەکاتەوە . وەکو قیر ڕەشە . ژێر و ژووری تەمەشا دەکات و بەرەولای من درێژی دەکات .

- قوربانی دەستت ، ئەم شتە پیسەم لێبگرە لای ئەو هەواکێشە دایبنە .

فیلتەرەکەی لێوەردەگرم و لە سەر تەپڵەکێکی تەنیشت کامیونەکە دایدەنەم . سەری قامکەکانم ڕەش دەبن . دیسان شوفێرەکە قسەدەکات . سەری لە ناو بۆنیتەکەیە .

- جەنابی نەقیب ، کوڕێکی خراپ نییە . زۆر پیاوە !

بە هاودەرەکەم دەڵێت کە دەگەڵ موفەتیشەکاندا هاتبوو بۆ بەندەر لەنگە تابە سکاڵای نایب زابت مالیکدا ڕابگات .

- بەڵام ... زۆر زرینگە ... تاحەزبکەی زیرەک و بەهۆشە !

تەمەشام دەکات وچاوێک دادەگرێت و بزە لێوەکانی دەترازێنێ . ددانەکانی یارۆی شوفێری جەهرومی ، سپی و ساف و یەکدەستە .

- هەندێجاریش ... ئێمە ... پێکەوە دەچینە ڕابواردن !

عەلی چووەتە ناو ژوورەکە و گەڕاوەتەوە . ئێستا خەریکە دەڕوات بۆ گەراج .

- دەچم بۆ بازاڕ تا شتێک بۆ نیوەڕۆ بکڕم .

شوفێرەکە دیسان قسەدەکات .

- ئێوە ، لێرە ، چۆن شەوان دەبەنەسەر ؟

- ئیدی بە هەرجۆرێ بووە بەڕێی دەکەین .

- زۆر زەحمەتە ، وانییە ؟

شوفێرەکە لە سەر دەعامیەکە دێتە خوارەوە و دەچێتە ژێر کامیونەکە تا بورغوی کیسی ڕۆنەکە بکاتەوە . دەچمە ناو ژوورەکە . پەرەمێزەکە دادەگیرسێنم . کتریەکەی دەنێمە سەر تا هەم چای دەم بدەم و هەم پیشم بتاشم .

ناو ژوورەکە فێنکە . با ، لە باگیرەکە و لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە و دەبێتە کۆڕان . تا ئاوەکە دێتە کوڵ ، من سەندووقە دارینەکەی تەنەکە عارەقەکە دەشکێنم . تەنەکە عارەقەکە سەلامەتە . زەرفێکی نامە لە بەینی ئاردە دارەکانی نێوان تەنەکە عارەق و سەندووقە دارەکەدا هەیە . نامەیەکە کە هاودەورەکەم ناردوویەتی . تەنیا دوو خەتە کە ئەویش تایپ کراوە . نە ناوێ نە ئەدرەسێک و نە ئیمزایەک " گوتت هیچت بۆ نەنێرم بەڵام ناردم . وات زانی گۆڕاوم . وا لە قسەکانت حاڵی بووم . من لە تۆ دەپرسم کە ئاخۆ دەکرێت پیاو ئەم هەموو گوشار وهەڕەشەیە تەحەمووڵ بکات و نەگۆڕێت ؟" .

تەختەکانی سەندووقەکە و ئاردە دار وشتەکان کۆدەکەمەوە تا فرێیان بدەمە دەرەوە . لە نێو ئاردەدار و مقەواکاندا کتێبێک هەیە ، بە ئاستەم لە ناولەپێ گەورەترە . نووسینەکانی زۆر وردە . سەد لاپەڕیەک دەبێت ، بەکاغەزی تەنک و بەرگی زەردی تەنک . تەمەشایەکی لامسەرلایی کتێبەکە دەکەم و دەیخەمە ناو تاقەکە . لە نامەکەدا ، هیچ ئاماژەیەک بۆکتێبەکە نەکراوە .

ئاوەکە دێتە کوڵ وجۆش . ڕدێنم دەتاشم وچای دەم دەدەم . تەختەکانی سەندووقەکە هەڵدەگرم و لە ژوورەکە وەدەر دەکەوم تا لە گۆشەی گەراجەکەدا هەڵیرێژم . هێشتا لە پلیکانە سواوەکانی هەیوانەکە نەچووبوومە خوارەوە کە شەریفە لە دەرگای گەراجەکەوە دێتە ژوورەوە . تەختەکان دەرێژمە خوار پلیکانەکانەوە و بلەز بەرەوپیری دەڕۆم

- کەی لە بەندەر چارک گەڕایتەوە ؟

- ئەمرۆ بەیانی .

- با بچینە ژوورەوە پیاڵەیەک چا بخۆوە ، تازەم لێناوە .

- کارم هەیە ، دەمەوێ بڕۆم .

- ئەدی بۆچی هاتووی ؟

- بیستم لە جەهرومەوە ئەتومبیل هاتووە .

دەچێت بەرەولای شوفێرەکە ، کە هەنووکە خەریکە بە پەشتەماڵێک دەستەکانی دەسڕێت . دووی دەکەوم و پێی دەڵێم :- ئەرێ ... کامیونێک هاتووە . بۆ چیتە ؟

هەڵوێستەیەک دەکات ودەڵێ :- دەمەوێ بڕۆم !

- بۆ کوێ ؟

- لار .

- بۆچی ؟

- دەبێ بڕۆم !

قسەکردنەکەی بێ موبالاتانەیە . دەڵێی یەکدی ناناسین . خۆی لە عەباوە پێچاوە و لە ڕەفتار وسەرو سیمایدا هیچ نیشانەیەکی بێ سەروبەری و بێ پەروایییە هەمیشەییەکەی جارانی نییە . دەڕوات بۆلای شوفێرەکە . قسەکردنەکەی سارد و وشکە .

- تۆ شوفێری ئەم ئوتومبیلەی ؟

چاوە کەسکەکانی شوفێرەکە دەکرێنەوە و دادەخرێن .

- ئوتومبیل ؟ ... ها ! ...

ئەوجا بزەیەک دەکات و خۆی پڕ با دەکات و دەڵێت :

- نۆکەرت کاکە سەفا .

- بۆ جەهروم دەڕۆی .

سەفا ، لاقی دەخاتە سەر چامرلغەکە و دەڵێت :

- ئیشەڵڵا دووسبەی بەیانی .

دیسان بزە دەکات و گۆشەی چاوە سەوزەکەی دادەگرێت . شەریفە دەپرسێت :

- نەفەریش دەبەی ؟

سەفا ، کە چووەتە سەر دەعامیەکە تا بۆنیتەکە دابداتەوە ، دەڵێت :

- ئەگەر نەفەر خۆت بی پات لە سەر چاو !

شەریفە ، بە ئانقەست عاباکە بەر دەدا تا بخزێتە سەرشانەکانی . پاشان ، عەباکە لە سەر شانی دێنێتە خوارێ و بایدەدات و لە ناو قەدی دەپێچێ و دەڵێت :

- کەواتە ئەمرۆ ئێوارێ ، ئەگەر کاتت هەبوو ، بەسەر پێیەکەوە بێرە چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی .

شوفێرەکە تەمەشام دەکات . سەرسامی بەچاوە سەوزەکانیەوە دیارە .

- چاخانەی ئەنوەر مەشدی ؟

شەریفە دەڵێت :- لە سەرەتای بازاڕی مەساح ، چاوەڕوانت دەبم .

وپاشان ، بەهەمان بێ موبالاتی وساردییەوە کە هاتبوو ، دەگەڕێتەوە .

دووی شەریفە دەکەوم :- شەریفە !

بێئەوەی ڕابوەستێ ، خێرا دەڵێت :- پێمگوتی دەبێ بڕۆم !

سەری ڕێگای پێدەگرم .

- زۆر باشە برۆ ... بەڵام پێم بڵێ بۆ ؟

دەڵێی چووە بەقینا . وادیارە نابێ زۆری لێبکەم . بەلاما ڕەت دەبێت .

- دووم مەکەوە !

و لە دەرگای گەراجەکەوە وەدەردەکەوێت . چاوم لە دوویەتی . دەنگی شوفێرەکە دەژنەوم .

- پارچەیەکی خراپ نییە ! ( سمت و ساتانێکی باشی هەیە ! ) .

دەگەڕێمەوەو بۆلای شوفێرەکە دەڕۆم . سەفا بزەی نیشتووەتە سەرلێوان و قسەدەکات .

– لەم کاولە ئەم شتانەش دەستدەکەوێ ؟ ... ماڵ خراپ ، چ چاوێکی هەبوو ! دەتگوت سەگ لە چاوانیا بوو . بنیادەمی دەگرت !

تەمەشای دەکەم و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم . سەفا ، لە پڕ دەداتە قاقای پێکەنین .

– ئێژی گرتووتی؟

بەرەو قاڵدرمەکان وەڕێ دەکەوم .

– ئەگەر چای دەخۆیتەوە وەرە . تازە لێمناوە .

تەختەدار و پوشەکان هەڵدەگرم و لە گۆشەیەکی گەراجەکەدا فڕێیان دەدەم و بۆ ناو ژوورەکە دەگەڕێمەوە . شوفێرەکە لە دوومەوە دێتە ژوورەوە . چای بۆ تێدەکەم . پیاڵە چایەکە لە یەک شوێن دەکاتە ژێر پیاڵەکەوە و فووی لێدەکات و یەکسەری هەڵیدەدات و دەڵێت :

– هەر بەینی خۆمان بێ ماڵێکی خراپ نەبوو ها !

بێئەوەی بە دەستی خۆم بێ ، چارەم گرژ دەبێت . تێدەگات کە حەزناکەم باسی شەریفە بکات . عەلی ، دێت بەسەرا . ماسی گوبابی کڕیوە . شوفێرەکە چای دووەم دەخواتەوەو وەختایەک دەخوازێ لە ژوورەکە وەدەربکەوێ دەپرسێت :– ئەرێ بە ڕاست ناوی چی بوو ؟

هیچ ناڵێم . ماسییەکە بەدەست عەلییەوە، خوێیاوی لێدەچۆڕێ . سەفا ، چاوەڕوانە کە ناوەکەی پێ بڵێم . پێی سەیرە هەردووکمان بێدەنگین . نیگای عەلی ساتێ لە من و ساتێ لە شوفێرەکەیە . عەلی دێتە قسان .

– ناوی کێ ؟

لە بن لێوانەوە دەڵێم :– شەریفە .

عەلی ، بۆساتێک دەحەپەسێ . پاشان ، لە ناکاوا ، وەکو یەکێک لە فیکەی خۆی حاڵی بووبێ ، دەڕوات تا ماسییەکە پاک بکات .

شوفێرەکە ، دەستی دەنێتە هەر دوو لاشیپانەی دەرگاکە ، بەدەم بزەوە دەڵێت :

- دەزانم حەزناکەیت بەڵام وێڕای ئەوەش حەزدەکەم بڵێم کە دووچاوی سەیری پێوە بوو ، سەگ لەچاوانیا بوو . بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ .

عەلی ، لە کونی ژوورەوە ، هێشتا ماسییەکەی بەدەستەوەیە ، سەرگەردان دیارە . دەچم بۆلای تا ماسییەکەی لە دەست وەربگرم وخۆم پاکی بکەم . دەپرسێت :- مەبەستی کێ بوو ؟

ماسییەکەی لە دەست وەردەگرم و لەبن لێوەوە دەڵێم :- بەخۆت گوێت لێ بوو !

- مەبەستی شەریفە بوو ؟

دەکەومە سەر چنچکان و ماسییەکە لە سینییەک دەنەم و دەڵێم :- ئم !

- دەیناسێت ؟

خرچە خرچی ماسییەکە لە ژێر چەقۆکەدا بەرزدەبێتەوە .

- هاتبوو بۆ ئێرە .

- شەریفە ؟

بەهێمنی دەڵێم :- دەیەوێ بۆلار بڕوات . هاتبوو کە شوفێرەکە بدینێ .

بەبێ موبالاتی سەیرم دەکات و دەڵێت :- کەواتە گەرەکییە بۆ لار بڕوات !

ودەڕوات تاوەکە هەڵدەگرێت کە خاوێنی بکاتەوە .

- چای ناخۆیتەوە ؟

هیچ ناڵێت و بەتاوەکەوە لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ .

شوفێرەکە تفاق و ئەوزارەکانی کۆدەکاتەوە و لە گەراجەکە وەدەردەکەوێت . فیلتەر و پانکەی کامیونەکەی لە سەر تەپڵەکەکەیە . سەندووقی ئەوزارەکانی لە ژێر تەپڵەکەکەدایە. عەلی تاوەکە دەشوات و لەبەر هەتاوەکە دایدەنا تا وشک ببێتەوە . ئێژی شتێکی ون کردووە . تەمەشای دەوروبەری دەکات . دەست لە گیرفانی بلوز وپانتۆڵەکەی دەکوتێ . دەکەوێتە ڕێ و لە پلەکانەوە دەچێتەخوارەوە . تەمەشای دەوراو دەوری گەراجەکە دەکات . دەچێت بۆلای کامیونەکە و دەوروبەری دەگەڕێ . خۆی هەڵدەداتە سەر چامرلغەکە و تەمەشای ناو قەمەرەی کامیونەکە دەکات .

پاشان خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و بەچنچکانەوە دادەنیشێت و تەمەشای ژێر شاسییەکەی دەکات . ئێژی لە شتێک دەگەڕێ . سەرگەردان دیارە . هەڵدەستێت ، دەستەکانی دەتەکێنێ . مەسینەکە لە ئاوی بیرەکە پڕدەکات و بۆ ئابخانە دەڕوات .

ماسییەکە لەت وکوت دەکەم . بە پارچەیەک ئاوی لەتەکانی ماسییەکە دەگرم تا پاشان ئارد و زەردەچەوە و نمەکی پێوەبکەم .

دەنگی عەلی لە بنەبانی گەراجەکەوە دێت .

دەچم بۆلای عەلی دادی نان دەکڕم .

دەستەکانم خاوێن دەکەمەوە . ئێژی سەرگەردانییەکەی عەلی بۆمنیش سیرایەتی کردووە . ناو ژوورەکە دەگەڕێم . چاوم بەو کتێبە دەکەوێ کە لە ناو پوشاڵەکانی تەنەکە عارەقەکەدا بوو ، پیتەکانی ئەوەندە وردن کە ناخوێنرێتەوە . نا ، بە هیچ جۆرێ ناخوێندرێتەوە ، نا ! هەرزوو چاوم ماندوو دەبێ ، ئاو دەکات و پیتەکانیش تێکەڵ دەبن . ئەگەر بمەوێ بەئاسانی بیخوێنمەوە دەبێ زەرەبین پەیدابکەم . محەمەدنوور دەبێ زەرەبینی هەبێت . کتێبەکە تووڕ دەدەمەوە ناو تاقچەکە و لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستم و دەڕوانمە کۆڵانەکە . خەریکە تەواو بێتاقەت دەبم . ئێژی خەریکە بەرەبەرە هەست بەڕۆیشتنی شەریفە دەکەم .

هەتاوی تیژ و ڕووناکی نیوەڕۆ ، کۆڵانەکەی پڕکردووە . چاڵاوە بچووکەکانی ئێرەو ئەوێی ناو کۆڵانەکە کە بەبارانە سێڵاو ئاساکەی دوێنێ پڕبووبوون ، خەریکە دەبن بە هەڵم . دەڵێی دووکەڵ لەچاڵاوەکان هەڵدەستێ . چەند چێڵ و گایەک ، قورس و ئارام ، دوا بە دوای یەک ، بەبەر پەنجەرەکەدا تێدەپەڕن . یەکێکیان بۆ چەند ساتێک دەوەستێ ، ئاوڕی پاشەوە دەداتەوە ، تەمەشا دەکات و دەبۆڕێنێ . چێلێکی دیکە کە لەوسەری کۆڵانەکە و لای چاڵاوێکی گەورەوە خەوتووە ، وەڵامی دەداتەوە .

لە نیوەڕۆدا ، کۆڵانەکان چۆڵ وبێدەنگ دەبن . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . دێت بەخەیاڵما کە بکەومەڕێ و بڕۆم شەریفە بدینم . بەڵکو بتوانم لە ڕۆیشتن ژێوانی بکەمەوە . هەست دەکەم جێگای لە دڵمدا چۆڵە . پیاوێک بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەتدەبێ . گیوەکانی (کڵاشی بن چەرم) جووت کردووە و لە سەر سەری دایناون . بۆخچەیەکی بە دەستەوەیە . لێوەکانی لە گەرما هەڵماساون . پێستی دەموچاوی تاوەسووت بووە . وادیارە هی گوندە نزیکەکانە ، کە بەیانی بە پێیان کەوتووەتەڕێ و ئێستا گەییوەتە جێ . چمکی کراسەکەی کردووە بە پشتێنەکەیدا و لاقە لاواز وتووکن و ڕەشەکانی بە دەرەوەن .

عەلی دێتەوە . لە بیروخەیاڵان دەربازدەبم . پەرەمێزەکە دادەگیرسێنم و لەتەکانی ماسییەکە دەخەمە تاوەکەوە .

***

کە فراڤین دەخۆین ، لە ژێر باگیرەکە ڕادەکێشین تا چاوێ گەرم بکەین . عەلی ، زۆر بێدەنگە . وادیارە لە فکران ڕا چووە . کە قسەی لەگەڵدا دەکەم ، زۆر بێتاقەتانە وەڵام دەداتەوە . هەمدێجار خۆی دەدزێتەوە و ئەسڵەن هەر وەڵام ناداتەوە . وازی لێدێنم بچێتەژێری . جگەرەی دوای نیوەڕۆژە دادەگیرسێنم ولە سەر گازی پشت ڕادەکشێم و دەڕوانمە باگیرەکە کە هەتاوی تووندی نیوەڕۆ ، لایەکی ڕووناک کردووەتەوە . دیسان بیری شەریفە یەخەم دەگرێت . ئەگەر بڕوات زۆر تەنیا دەبم . پێویستە ئێوارێ بچمە سۆراغی . هەرچۆنی بووە دەبێ ژێوانی بکەمەوە ، تەنانەت ئەگەر بە زۆریش بێ . ئەگەر وەک هەمیشە بکەوێتە سەرسەختی و عینادی ، ئەوپەڕی دەڕوات ، کە خۆی ویستی بڕوات با بڕوات . بەڵام زۆر سەرسەختە . عەینی قاتر ، خۆ سەرو نەژنەوە . گوێم لە ورتە ورتی عەلی دەبێ .

- ئوتومبیلەکەی خراپ بووە ؟

لە سەر دەست تل دەدەم بەلای عەلیدا .

- ئوتومبیلی کێ ؟

بەبێتاقەتی دەڵێ :- ئەو کامیونە دەڵێم کە لە جەهرومەوە هاتووە .

- نا ، باوەڕ ناکەم .

- ئەدی چی ؟

سەر لە قسەکەی دەرناکەم . لێی دەپرسم :- چوزانی ئەتومبیلەکەی خراپ بووە ؟

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت :- ئاخر ، هەر خەریکی بوو .

- ڕۆنەکەی دەگۆڕی . نازانم دەیگوت پلاکەکانی تەبگ بووە .

بێدەنگ دەبێت و چاوەکانی لێکدەنێت .

***

که دەبێ بە عەسر ، عەلی دەکەوێتەڕێ تا بۆ کنگ بڕوات . شەوێ دەبێ لە سەر پۆست بێ . کە ئەو لە گەراجەکە وەدەردەکەوێ ، خۆم ڕووت دەکەمەوە و دەچمە سەر بیرەکە چەند بادیە ئاوێک بەسەر و لەشما دەکەم . سێبەرەکە تابنی دیوارەکە هاتووە . جلەکانم لەبەر دەکەم و دەکەومەڕێ کە بەڵکو بچمە سوراغی شەریفە تا ئەگەر بتوانم لە ڕۆیشتن ژێوانی بکەمەوە . لە سیلەی گەراجەکەوە بۆ بازاڕی مەساح نشیۆ دەبمەوە . عەلی دەبینم کە لە ناوەندی بازاڕ وەستاوە و قسە دەگەڵ یارۆی شوفێری جەهرومیدا دەکات . پێش ئەوەی بگەمە ئاستیان لە یەکدی جیا دەبنەوە . شوفێری جەهرۆمی بەرەو بازاڕی خنجییەکان دەڕوات . دەگەڵ عەلیدا ، بێئەوەی قسان پێکەوە بکەین ، دەچین بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی . هەردووکمان بێدەنگین . ئێژی هەریەکەمان چاوەڕوانە تا ئەوی دی بێتە قسە . ئوتومبیلە شڕەکەی حەسەن گەکۆ ، لەبەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا ، ئامادەی حەرەکەتە . چوار نەفەر لە دواوە دانیشتوون و سێ نەفەر لە پێشەوە . جێگانییە کە عەلی سوار بێ . خۆی هەڵدەداتە سەر چامرلغەکە و دەست بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دەگرێت . ئوتومبێلەکە دەکەوێتەڕێ . عەلی بەدەنگی بەرز دەڵێت :

- سبەی بەیانی دەگەڕێمەوە .

سبەی بەیانی ؟ ... ئەم ڕۆژانە عەلی ، کەمتر لە لەنگە دەبینرێ . دوو مانگێک دەبێ کە عەلی لێم دەڕەوێتەوە ، کە هەرکاتێ ، جارجار بۆ بەندەر لەنگە دێتەوە لە بێ مەیلییەکەی وەڕز دەبم . لە گیانی خۆم بێزار دەبم . لەپڕ ئەوەم بیردەکەوێتەوە کە شەریفە بە سوفێرە جەهرومیەکەی گوتووە ئێوارە لە چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دەیبینێ . لە خۆت و خۆڕایی خوشحاڵ دەبم کە نەفەرەکانی ئوتومبیلەکەی حەسەن گەکۆ حازربوون و عەلی ڕۆیی . لە سەکۆی چاخانەکە سەردەکەوم .

- یائەڵڵا ( سڵاو ) .

ئەنووەر مەشدی لە پای دەزگاکەوە بەرەولای من دێ .

- یا ئەڵڵا !

لە سەر تەختەکە دادەنیشم . ئەنوەر مەشدی لێوەکانی کۆ دەکاتەوە و لیکاوێکی خەستی تەماکۆکە تف دەکاتەوە ژێر پایە بازنەییەکەی ناوەندی چاخانەکە و تەماکۆکە لە ناو دەمیا دەگوازێتەوە و دەڵێت:-نێرگەلەت بۆ ساز بکەم ؟

- بیکە .

هەتاو ، لە دیوارەکە سەرکەوتووە و خەریکە لە سەربانەکان ئاودیو دەبێت . چاوە چەپ وخێلەکانی ئەنوەر مەشدی لە چاڵی چاویا گێژدەخۆن . تەڵا ، خەریکە لە سەکۆی چاخانەکەوە بۆ سەرەوە دێ . ناڤساڵە ، قەڵەو عەینی

دووگی مەڕ . هەمیشە سەری دەستەکانی و بنی پێی لەخەنە دەگرێت . وەکو هەمیشە دەرپێیەکی بەدەن چەسپی خامی ئەستەڕ سووری لەبەرە . کراسە چیتە چین چینە سوورەکەی تا سەرووی ئەژنۆکانیەتی . سەرپۆشێکی سپی لە دەوری سەروگەردنی بەستووە . چەپکێک لەقژە خەنەییەکەی لەژێر لەچکەکەوە هاتووەتە دەرێ . کنگرۆ ، بە دوایەوەیە . تەلا ، بزەیەک دەکات و لە بەرانبەرم دادەنیشێت . کنگرۆ ، لە تەنیشتییەوە دادەنیشێت و بەلالە لالّ دەلێت :- خ ... خ .. خێری بابت ... ئە ... ئەوەندە عەزابم مەدە !

تەلا چاوە تەڕەکانی تەنگ دەکات و دەلێت :- تۆش ، چەند مەرایی و ماستاو دەکەی ها ؟!

چاخانەکە چۆڵە . کە خۆرئاوا بێت ، ئەنوەر مەشدی دوکانەکەی دەپێچێتەوە و دەڕوات بۆ پشتە کە عارەق بخواتەوە .

کنگرو ، بەو دەستە سڕە یەزدییە وەنەوشەییەی کە بەدەستیەوە بوو ، لووتە زلەکەی دەسڕێت و دەپژمێ و دەلێت :

- تۆ ... تۆش ... چ ... چ چ چەند خاوە خاو دەکیت !

تەلا ، ناولەپی دەستە گۆشتنەکەی هەوالّەی کنگرۆ دەکات و دەلێت :

- باشە باش چاکت دەناسم ، فشە مەکە ، بیخە هەنبانەکەتەوە ( دەغیلەکەتەوە ) .

ئەنوەر مەشدی نێرگەلەکە سازدەکات و دەیداتە دەستم . سەفا ، شوفێرە جەهرومیەکە ، پەیدا دەبێت . یەکڕاست بۆلای من دێت :- تۆش لێرەیت ؟

لە لامەوە دادەنیشێت و تەمەشای تەلا دەکات و قسەدەکات .

- بە ئەقلّم ئەم هاوڕێیەت شتێکی لێدێت !

عەلی دەلێت . تەمەشای دەکەم .

- چۆن ؟

ئاماژەیەک بۆ ئەنوەر مەشدی دەکەم کەچا بۆ سەفا بێنێ .

بە دەستەسڕەکەی ئارەقەی هەنیەی دەسڕێ و دەلێت :- نازانم ، وڕێنە دەکات . یانی تێنەگەیشتم دەیویست چی بلێ .

ئەنوەر مەشدی ، دوو پیاڵە چای لەبەردەم تەلا و کنگرۆ دادەنێت .

کنگرۆ دەڵێت :- لەکیسەی من .

بەرچێڵە (بەر خەبەبە) سپییەکەی تەلا ، پڕ و خاڵی دەبێت و دەڵێت :- پارەکەت هەڵگرە بالێت نەکەوێ !هەڵیگرە پێی بچۆ بۆ حەمام

کنگرۆ ، خەریکە لە پێکەنیندا دەپچڕێ . چاوە سەوزەکانی سەفا لە سەرساميا ئەبڵەق دەبن . ئەنوەر مەشدی دەپرسێت :- شیرین دەخۆی ؟

لە پڕ وەخۆ دێتەوە و دەڵێت :- ها ؟ .. چی ؟ ... نا ، دیژلەمە .

لە سەفا دەپرسم :- چی دەگوت .

- کێ ؟

- هاورێکەم .

سەری دەلەقێنێ و دەڵێت :- خۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت . دەیویست بزانێ کە کەی دەڕۆم . دەیویست کەچەند ڕۆژێکی دیکە بمێنمەوە لەوەیە شتێکم پێدا بنێرێت . ئەسڵەن خۆیا نەبوو چ دەڵێ ، تێکەڵی دەکرد ، وڕینەی دەکرد ...

قسەکەی بە نیوەچڵی دەبڕێ و نیگای ئاراستە دەکات . سەر وەردەگێڕم و تەمەشای ئاراستەی نیگای ئەو دەکەم . شەریفە ، خۆی لە عەباوە پێچاوە و لەپشت دووکانەکەی غولامی ماسی فرۆشەوە بەرەو چاخانەکە دێت .

- هات . زۆر نازەنینە !

شەریفە ، لە خوار سەکۆی چاخانەکەوە دەوەستێت وبە سەر ئاماژە بۆ شوفێرە جەهرومیەکە دەکات .

تەلا دەڵێت :- شەرم دەکات بێتەناو چاخانەکە ؟

کنگرۆ دەڵێت :- هە ، هە ، هەموو کەسێک وەکو ... تەلا گیانم ... د ... د ... دەروێش نییە !

تەلا ، ملی قوت دەگرێت ، لێوی هەڵدەقورتێنێ و بەچاوە تەڕەکانی تەمەشای کنگرۆ دەکات و هیچ ناڵێت . سەفا ، چایەکە لە دەستی ئەنوەر مەشدی وەرناگرێت . چەند ساتێک خاوەخاو دەکات و پاشان هەڵدەستێ و بلەز بۆلای

شەریفە دەڕوات . ئەنوەر مەشدی پیاڵە چایەکە لە سەر تەپڵەکەکە دادەنێت . شەریفە و شوفێرە جەهرومیەکە پێکەوە دەڕۆن و لە پشت دووکانەکەی غوڵامی ماسیفرۆشەوە ون دەبن . یەکسەر دڵم دەگیرێت . هیچ کاتێک ڕەفتاری شەریفە وانەبووە . هیچ کاتێ ئەوەندە بێ موبالاتی نەکردووە . هەر کاتێ ، لە هەر شوێنێکدا ، یەکترمان دیتووە ، هێندە بەتاسەوە بەرەو پیرم هاتووە کە ئەگەر لەترسی قسە و قسەڵۆکی خەڵکی نەبووبێ لە هەمێزی دەگرتم و ماچی دەکردم .

تەڵا دێتە قسە و کەپووە چکۆلەکەی سووردەچێتەوە: - دەڵێی لەگەڵتا تێکی داوە ؟

کنگرۆ ، بەلاڵە پەتێ دەڵێت :

- ق ... ق ... قە ... وەکو پێشتەماڵی حەمامە ... هە هە ... هەر ڕۆژە ... بە ... ق ... قەد یەکێکەوەیە !

لە قسەکەی کنگرۆ پەست دەبم . پڕ بەدڵ حەزدەکەم بەپشتی دەست بکێشم بەدەم و قەپۆزە زل و دەمە هەراوەکەیدا . تەڵا بەڕوویا دەچێتەوە .

- فیسقە گوللە ، ئەگەر زمانت هەبوایە چ جانەوەرێکت لێدەردەچوو ؟

کنگرۆ ، لە قاقای پێکەنین دەدا . زیاتر ڕقم هەڵدەستێ . نێرگەلەکە بەجێدێڵم و هەڵدەستم . دەنگی ئەنوەر مەشدی لە دواوە دێ :- بۆکوێ ؟

- کارم هەیە .

- شەوێ لە پشتە دەتبینم ؟ شەوێ دێی بۆ پشتە ؟

- نازانم .

کەس لە پشت دووکانەکەی غوڵامی ماسیفرۆش نییە . بە هەڵەداوان بەرەو گۆلاوی ڕودبارییەکان دەبمەوە . بێ خواستی خۆم هەنگاو بۆلای ماڵەکەی شەریفەم دەبات . خۆر ئاوا دەبێ ، دنیا تاریک و ڕوون دەبێت . کەس لە ژوورەکەی شەریفەدا نییە . دەرگای ژوورەکە داخراوە و ئەڵقە ئاسنینەکە لە کێلونەکەی دراوە . بۆچەند ساتێک لە ماڵەکەی شەریفەدا دەسووڕێمەوە . لە هەموو لایەکەوە هەردەنگی سیسرک دێت . خەرابەکانی بەرانبەر ، ئێژی لە گورگ ومێشی ئێوارێدا بەرز بوونەتەوە . دەنگی پێ دێت . دەڕۆم و بەسەر گردە خۆڵەکەی بەردەم ماڵەکەی شەریفەدا سەر دەکەوم . بۆچەند ساتێک دەڕوانمە دەور وبەر . ئێستا دەنگی پێیەکە ئاشکراتر دەبیسترێ . کە لە سەرگردە خۆڵەکەوە دادەگەڕێم ، شەریفە دەبینم کە لە پێچی کۆڵانەکەوە ، بلەز بەرەو ماڵەکەی دێتەوە . عەباکەی

له سەر داماڵاوە و کەوتووەتە سەر شانی . جگەرەیەک دادەگرسێنم و چاوەڕوان دەکەم . هەوا کەمێک ساردە . کە دەگاتە نزیکم سڵاو دەکات . گەرووم وشکە . دەنگم نووساوە .

– سڵاو ، حاڵت چۆنە ؟

دەڵێت باشە و بێئەوەی بوەستێ ، لە گردە خۆڵەکەوە سەر دەکەوێ تابەرەو ژوورەکەی بڕوات . لە جێگای خۆم چەقیوم . دەڵێم :– یانی بڕۆم ؟!

عەباکەی کۆدەکاتەوە و بەدەستەوەی دەگرێت و لەسەر تەپە خۆڵەکە دەوەستێ و دەڵێت :

– ئەگەر دەتەوێ بێی ، وەرە . کەس ڕێگای لێنەگرتووی !

لە سەر تەپە خۆلەکەدا ، ئێژی باڵابەرزتر و لاوازتر بووە . قسەکردنەکەی مۆرکێکی خەمینی پێوەدیارە . مژ لە جگەرەکەم دەدەم :– بەڵام حەزناکەم واهی بێم .

– مەگەر هەموو جارێ چۆنی هاتوویت ؟

– تۆخۆت دەتویست !

پێکەنینەکەی زەنگدارە .

– ئێستاش دەمەوێ !

دەکەوێتەڕێ ، لە گردە خۆڵەکەوە دادەگەڕێتە ناو حەوشەکە .

دووی دەکەوم . لە ناو ژوورەکەدا عەباکەی دەنێتەسەر سەندووقەکە و لامپاکە دادەگیرسێنێ .

– وەرە دانیشە !

لە سەر نوێنەکانی کە لە سێ سووچی ژوورەکەدا هەڵچنراون ، دادەنیشم . ڕووناکی لامپاکە تانیوەی ژوورەکە زیاتر ناڕوات . ژوورەکە درێژە . باگیرەکە ، لە ناوەندی میچەکە گیرساوەتەوە . نەرمە بایەکە لە زارکی باگیرەکەدا خڕەخڕێک دەکات و هێندە سستە کە ناگاتە ناو ژوورەکە و لەژوورەکەدا ناپەنگێتەوە . ئەوسەری ژوورەکە تاریکە . شەریفە دێتە قسان :– دەزانی بەتەمام بڕۆم !

دڵم دادەخورپێ . هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و بەدەنگێکی نووساو دەڵێم :- دەمویست پرسیاری ئەمەت لێبکەم .

خۆی بەشڕ وشیتاڵەکانی دەور وبەرییەوە خجڵ دەکات و دەڵێت :- ئەمە پرسینی ناوێ .

- بۆچی دەتەوێ بڕۆی ؟

ئاونەی نێرگەلەکە هەڵدەگرێت و فووی تێدەکات و دەڵێت :- ئێ ... ئیتر لێرە بێزار و بێتاقەت بووم .

- یان لە من بێتاقەت وبێزار بووی ؟

بزەیەکی کاڵ — کە بێزاری پێوەدیارە — دەنیشێتە سەر لێوی . نێرگەلەکە لەلایەکەوە دادەنێ و هەڵدەستێت و دێتە سەر نوێنەکان ، لەلامەوە دادەنیشێت و دەست بە قژمدا دێنێ وبەئەسپایی دەڵێت :

- نا ... لە تۆ بێزار نەبووم . لە بیریشم ناچیت ... بەڵام ، ئیدی ... دەبێ بڕۆم !

دڵم نایەت باوەڕ بکەم . بەهیچ جۆرێ حەزناکەم بەم ئاسانیە ، بە خوت وخۆڕایی شەریفە لە دەست بدەم . دەست دەخەمە سەرشانی و دەڵێم :- باشە ... ناشێ تا خزمەتەکەم تەواو دەکەم بمێنی ؟

سەری دەنێ بەگەردنمەوە و دەڵێت :- نا !

شانی بەچنگ دەگوشم و دەڵێم :- بمێنەوە شەریفە ، بمێنەوە تا هەردووکمان پێکەوە لەم کاولە بڕۆین !

دەکشێتەوەو تەمەشام دەکات . چاوەکانی پرسیارئامێزن :- پێکەوە بڕۆین ؟

سەردەلەقێنم .

- بۆکوێ ؟

هیچم پێ نییە بیڵێم . چاک دەزانم کە کاتێ لەبەندەر لەنگە وەدەرکەوتین ڕێمان لێکدی جیادەبێتەوە .

دیسان دەپرسێت :- ها ؟ ... بۆ کوێ ؟

بێدەنگ بووم و چاوم دەبڕمە بەرپێم . دێتە پێشەوە و دەست لە ملم وەردێنێ و گۆنام ماچ دەکات و بە ئەسپایی دەڵێت :- دوو سبەی ، بەیانی سەحەری دەڕۆم !

چاوم لە ئەرزەکە هەڵدەبڕم. تەمەشای چاوە ڕەشەکانی دەکەم . نازانم چی بڵێم . لێوەکانی بەئارامی دەجولێن . دەنگی دەژنەوم . دەنگی دەلێی لە دووری دوورەوە دێت .

– ئەمشەو خواحافیزی دەکەین .

ڕادەچڵەکم :– ئەمشەو ؟

لە سەر بارستە نوێنەکان هەڵدەستێت و دەڵێت :– سبەی شەو ، وەعدم بە شوفێرە جەهرومیەکە داوە !

***

لە دوای خۆر ئاواوە دەنگی موددنویەکەم ( جۆرە دەهۆڵێکە ) لە گوێدایە . دەبێ کۆڕ و مەجلیسەکە لەم نزیکانە بێ . چەندم بەعەلی گوت کە بڕۆین بۆ پشتە ، قابیل نەبوو . زۆر پەست وبێ حەواسە . ئەسڵەن قسە ناکات سەری ئەو تەنەکە عارەقەی — کە لە جەهرووەمەوە — بۆیان هێناوم — کردەوە و دوو نیو پەرداخی ، یەک لە سەریەکی هەڵداو و حەسیرەکەی لەبەر هەیوانەکە ڕاخست و لێی خەوت . باوەڕناکەم خەوتبێ . کە خۆر ئاوابوو سەفا ، شوفێرە جەهرومیەکە ، تاقم تەراشەکەی لە ناو کامیونەکە هەڵگرت و چوو بۆسەر بیرەکە ، ئاوێنەکەی بە چەرخی بیرەکەوە هەڵواسی و ڕدێنی تاشی و ئەوسا ئاوی لە بیرەکە هەڵکێشا و سەرو لەشی شت و ئەوجا جلەکانی لەبەرکرد ، قژە زەرد و تەنکەکەی باش شانەکرد و کڵاوەکەی بەدەستەوە گرت و لە گەراجەکە وەدەرکەوت .

– سبەی شەو وەعدم بە شوفێرە جەهرومیەکە داوە !

لە مابەینی دوو زەربەی سووکی موددنو ، دەنگی ( مجولی ) ،( مجولی : بریتیە لە سەد تا سەد وپەنجا قاوغی سمی مەڕ یان بزن کە بە داوێکەوە دەکرێن و یەکێکە لە ئامێرە سازڤانیەکانی کۆڕ ومەجلیسی زار یا نوبان ) . دێتە گوێم ، بە دەنگەکانا ، دەبێ کۆڕ و مەجلیسەکە زۆر نزیک بێت . هێشتا شەو زووە . عەلی جارێ تل دەدات و دەستی دەخاتە ژێر سەری و جارێ لە سەر پشت دەخەوێ و باسکی دەنێتە سەر چاوی . بە تەپاوتلەکەیدا دەزانم کە ناڕەحەتە . قەت ئەوە عەلی نەبووە ، ئەم کاتەی شەو عارەق بخوات و بخەوێت . ئەسڵەن قەت نەبووە کە ئەم کاتانەی شەو لەماڵەوە بێ . کاتێ شوفێرە جەهرومیەکە دەیویست لە گەراجەکە وەدەربکەوێ ، عەلی باسکی لە سەر چاوانی لاداو و ملی بەرزکردەوە و دووبارە سەری نایەوە سەر سەرینەکە . وەکو ئەوە بوو بە درێژایی ئێوارە هەموو هۆش و گۆشی لای کارەکانی شوفێرە جەهرومیەکە بووبێ .

دەنگی (موددنو) یەکە دەبڕێت . ئاسمان سایەقەیە و تاریک . ستێران چریسکە چریسک پرشنگیان دەدا . هێشتا شەو زووە کە عەریف ڕازی دێت ، چەند ڕۆژێکە لە ( لار ) ەوە نەقڵ کراوە بۆ بەندەر لەنگە . عەریفی سێیەمە .

گەنجێکی کەتە و ڕەشتاڵەیە . ڕانەکانی هێندە قەڵەون کە گەڵاوگەڵ ڕێدەکات . ژوورەکەی لە سەرێی خانووەکەیە . بە زەحمەت لە پلیکانە سوواوەکانەوە سەردەکەوێ . بە ڕۆیشتنەکەیا دەبێ مەست بێ . محەمەد نوور زەڕەبینی نەبوو . گوتی :- یەک دوو دانەیەکم هەیە کە کارم پێیانە و لەبەر دەستمدایە .

لە ناو شڕ و شیتاڵەکانی گەیلاندا گەڕام و زەڕەبینێکی بچووکم دۆزییەوە ، کە ئەگەر تاقەتم بوو ، کتێبەکە وەخوێنم . فانووسەکە هەڵدەکەم و لەبەر هەیوانەکە دایدەنەم . عەلی ، ڕاکشاوە . دەزانم کە نەخەوتووە . نازانم بۆچی ئەوەندە تەپاوتل دەدات و هیچ قسەیەک ناکات .

دەنگی عەریف رازی لە سەربانەوە دێ .

" ئەگەر سپیت دەوێ تارانی بسەنە "

" ئەگەر گەنم ڕەنگت دەوێ عەبادانی بسەنە "

" ئەگەر ڕەشت دەوێ بۆشەهری بسەنە "

زەمزەمەکەی عەریف ڕازی سەرەنجم ڕادەکێشێت . کتێب و زەڕەبینەکە لە لایەکەوە دادەنم . ئەسڵەن حەوسەڵە و زەوقی کتێب خوێندنەوەم نییە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و پشت بە کۆڵەکەی ژوورەکەوە دەدەم . عەلی ، تل دەدات . سەری لە سەر سەرینەکە هەڵدەبڕێت و بۆساتێک تەمەشام دەکات . لەوەدەچێ بیەوێ شتێک بڵێت ، بەڵام دەیگێڕێتەوە . ئاوەکەی دەمی قووت دەدات و دووبارە سەر دەنێتەوە سەر سەرینەکە .

هزردەکەم کە شوفێرە جەهرومیەکە چوو بێتەلای شەریفە . هزر دەکەم کە سبەینێ ، شەریفە شەبەقی لە تەنیشت شوفێرەکەوە دادەنیشێت و بۆلار دەڕوات . دڵم تەنگە . بەڕاستی حەزناکەم کە شەریفە بڕوات . زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا دا ، بەڵام نەهاتە ڕەدا و نەهات .

- دەبێ بڕۆم ، ئیدی تاقەتم چووە . دەڵێی لە سەر ئاگرم . دەڵێی دووعایان لێکردووم . دەڵێی مار کەوتووەتە گیانم!

هەڵدەستم و دەچمە ژوورەوە و پەرداخێک لە تەنەکە ئارەقەکە پڕدەکەم و دێم لە هەیوانەکە دادەنیشم . ئارەقەکە گەرمی گەرمە . عەلی چۆن دوو نیو پەرداخی لە سەر یەک هەڵدا و نەڕشایەوە . دەبێ تەنەکەکە بەتاڵ بکەم و بیکەمە دە بیست شووشەوە ، بەشەکەی نایب زابت پێشبین بدەم و ئەوی دیکەی لە سەبەتەیک بنەم و بەپەتێک

شۆڕی بکەمەوە بۆناو بیرەکە تا سارد ببێت . واهی هەر ناخورێتەوە . دەم و لێو وەکو مار دەگەزێ و وەکو تێزاب گەروو دەسووتێنێ .

دەنگی ڕادیۆکەی عاریف ڕازی بەرز دەبێتەوە . گۆرانی هیندی دەڵێت . عەلی گینگڵ دەدات و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- نەعلەت لەبابی . دیسان دەستی پێکرد .

دەنگی ڕادیۆی دووەمیش بەرزدەبێتەوە کە گۆرانی عەرەبی دەڵێت .

عەریف ڕازی ، کە شەوی یەکەم هاتە لەنگە ، بیری لەوە دەکردەوە کە کارەبا بۆ ڕادیۆکانی ڕابکێشێت . سەری وایەرێکی چەتاڵ کردووە و داویە لەو کێبڵە ڕووتەی ئەو شەقامەی کەب ەپشت گەراجی عەدنانییەوە دەڕوات . کە ڕۆژ دەبێتەوە وایەرەکە هەڵدەگرێتەوە تا دەستەکەی کەشف نەبێ . کە شەو دادێت ، هەرکاتێ بۆماڵ بێتەوە ، هەر سێ ڕادیۆکەی بەیەکەوە هەڵدەکات و دەنگی هیندی و عەرەبی و فارسی تێکەڵ بەیەکدی دەبن . نازانم چ زەوقێ لەم کارە دەبینێ .

دوو سێ شەو لەمەپێش ، دوای نیوە شەوبوو کە هاتەوە ، وامزانی دەرەنگە ئێستا بۆخۆی جێگا ڕادەخات و دەخەوێ ، بەڵام هەر گوێشی لێنەبوو کە شەو درەنگە و لە نیوە تێپەڕیوە . گومانی تیانییە کە دەبێ دەرد ونەخۆشیەکی هەبێ . هەمیشە پێش خەوتن دەبوایە هەر سێ رادیۆکەی تا دوا دەنگ بکاتەوەو هەندێجار وا ڕێکدەکەوت کە خۆیشی گوێ بە گوێی ڕادیۆکان گۆرانی دەگوت .

عەلی دیسان دەبۆڵێنێ :- نازانم ئەم قوڕمساغە چ لەزەتێ لەمە دەبینێ !

عەلی ، بە تەمایە شەوێک ، هەر لە هەوەڵی شەوەوە قفڵێکی گەورە، لە سەر قفڵی دەرگاکەوە ، لە دەرگای ژوورەکەی بدات تا ئەگەر دەرەنگانی شەو گەڕایەوە لەبەر دەرگاکە ماتەڵ بێت و نەتوانێ بچێتە ژوورەوەو ئەگەر قسەشی کرد ژەمێکی باشی دارکاری بکات .

عەلی ، هەڵدەستێت و دادەنیشێت :- عارەقت هەیە ؟

ئەو پەرداخە عارەقە گەرمەی ، کە نەمتوانی بیخۆمەوە ، بۆ درێژ دەکەم و دەڵێم :- گەرمە !

گوێی ناداتێ . پەرداخەکەم لێوەردەگرێ و دەپرسێت :- سەعات چەندە ؟

- هێشتا هەوەڵی شەوە .

قومێک دەخواتەوە . برۆکانی وێک دێنەوە . بەپشتی دەستی دەمی دەسڕێت و دەڵێت :

– هیچمان بۆخواردن نییە ؟

وابزانم چەند پەتاتەیەکی کوڵاومان هەیە . پێی دەڵێم . لێو هەڵدەقورتێنێ و دەڵێت :

– پەتاتە بەعارەقەوە ناخورێ !

شارەزای هەموو خو و خەسڵەتێکی عەلی هەم . ئەگەر بیەوێ ، عارەق بە خۆڵیشەوە دەخوات . ڕەفتاری جۆرێکە لە تۆ وایە لە بیانوو دەگەڕێ . پێدەچێ شتێک لە دڵیا بووبێ بەگرێ . نازانێ ، بخەوێ یا دانیشێت یا عارەق بخواتەوە . هەرهەموو هەڵس وکەوتەکانی هاواردەکەن کە هەرکارێک دەکات لە ناعیلاجیدایە .

لە جێی خۆی لوول دەخوات و دەبۆڵێنێ . لێی دەپرسم :– چییە عەلی ... شتێکت دەوێ ؟

بەعەریف رازییەوە گرتوویەتی :– ئەم قوڕمساغە بە ڕادیۆکانی پیاو بێزاردەکات !

پێی دەڵێم :– ڕابە بابڕۆین بۆ پشتە .

– تاقەتم نییە .

دیسان لوول دەخوات و تف دەکات و دەڵێت :– ئەم عارەقەش بەڕووتی ، بەبێ مەزە ناخورێت .

دیسان قسە دەکات ، ئەمجارەیان دەڵێی دەگەڵ خۆیدا دەدوێ . دەنگی زۆر نزمە .

– ئەگەر دووپارچە ماسی سوێر هەبوایە ...

هەڵدەدەمێ :– ئێ ئەمە ئاسانە !

تەمەشام دەکات :– ئێستا دەچم بۆ پشتە و دەیهێنم .

پەرداخەکە لە عاردی دادەنێ ، بلوزەکەی هەڵدەگرێت و هەڵدەستێ و دەڵێت :

– خۆم دەڕۆم . دوو شیش تکە و دوو پارچە ماسی سوێر دەسەنم و دێمەوە .

هەڵدەستم و پێی دەڵێم :– کەتۆ تاقەتی پشتەت نییە دانیشە من دەڕۆم .

ئێژی چاوەڕوانی ئەم قسەیە بووە . زۆر زوو قاییل دەبێت . بلوزەکەی هەر بەدەستەوەیە و لەبەری ناکات .

- تۆدەڕۆیت ؟

- بۆ نەڕۆم ؟

دادەنیشێت . هەڵدەستم و پۆستاڵەکانم لەپێ دەکەم و دەکەومە ڕێ . کە لە پەرژینە درێژەکەی باغی عەدنانی ڕەتدەبم ، بیرم دەکەوێتەوە کە پارەم پێ نییە . بیر لەوە دەکەمەوە کە برۆم بەقەرز شتەکان بێنم . ڕوخساری تاڵی ئاهەن ، مێشکم پڕدەکات .

- قەرز ؟

لاقەکانم سست دەبن .

- منیش ژیانم هەیە . منیش مەسرەفم هەیە . منیش کاروکاسبیم هەیە . کەس بیر لە من ناکاتەوە .

پێش ئەوەی بگەمە مەکینەی کارەباکە دەگەڕێمەوە . دەرگای گەراجەکە کراوەیە . دەرگای گەراجەکە هەمیشە کراویە . بە بەر کامیونەکەدا ڕەتدەبم . ژێر کەپری کامیونەکە تاریکستانە . چراکە لە ناو هەیوانەکەیە . ڕووناکیە کزەکەی تا مەحەجەرەی قەراخ هەیوانەکە هاتووە . عەلی لە هەیوانەکەدا نییە . دەنگی ڕادیۆکانی عەریف ڕازی گوێی بنیادەم کەڕدەکات . هزردەکەم کەعەلی چووەتە ژوورەوە تاعارەق بێنێ . چرایەکە هەڵدەگرم و دەڕوانمە ناو ژوورەکە . هیچ هەواڵێک لە عەلییەوە نییە . دەگەڕێمەوە بۆ هەیوانەکە و بانگی دەکەم . دەنگم لەگەڵ دەنگی ڕادیۆکانی عەریف رازیدا تێکەڵ دەبێ . لە پڕ دەبینم کە عەلی لە تاریکییەکەی ژێر کەپرەکەوە وەدەردەکەوێت . شتێکی بەدەستەوەیە کە بەباشی نابینرێت .

دەنگی عەلی دەژنەوم :- دەڵێی زوو گەڕایتەوە !

چراکە لە عاردی دادەنم و لە قاڵدەرمەکانەوە دەچمەخوارەوە .

- پارەم پێ نەبوو .

- سەیری ئەمەش ناکەی ... خۆ بەقەرز بتهانیبا !

دەڕۆم بۆلای ، چەکوشێکی دەسک کورتی بەدەستەوەیە . بەهیچ جۆرێ سەر لەکارەکانی دەرناکەم . لە ئێوارەوە تا ئێستا هیچ یەکێک لە کارەکانیم بۆ ڕوون نەبووەتەوە .

لێی دەپرسم :- ئەوە خەریکی چیت ؟

وەکو یەکێک غافڵگیر بووبێ زمانی تێک دەئاڵێ دەکەوێتە پتەپت و پاشان ، لە پڕ بیری گردو کۆ دەکاتەوە و دەڵێت :- خەوتبووم کە گوێم لە دەنگی فیشکەفیشک بوو .

بەسەرسامی دەڵێم :- فیشکە فیشک ؟

لە سەری دەڕوات :- ... هەستام سەیرم کرد مارێکی گەورە خەریکە لە کەنار هەیوانەکەوە بەرەو پلیکانەکان سەردەکەوێ . تاهەستام کە چەکوش بێنم ، لە هەیوانەکەوە داگەڕا وبلەز بەرەولای کامیونەکە ڕۆیی و لە بنەبانی سابات و کەپرەکەدا ون بوو .

باوەڕ بە قسەکەی ناکەم . ڕاستە جارجار مار لە گەراجەکەدا پەیدا دەبێت ، بەڵام ئەمەی کە عەلی هەستابێت بە چەکوشەوە مارەی ڕاونابێت و ...

- عەلی !

- چییە ؟

- ئەوێ .

- کوێ ؟

- قەراخ بیرەکە .

نیوەڕۆ بوو . گەرما ناخۆشی کردبوو . ئازام لە ئارەقەدا هەڵکشابوو . مارێکی خاڵخاڵی بەڵەک ، لە سێبەری چەرخی بیرەکەدا ، لە سەر ئەرزە نمدارەکەدا پەپکەی دابوو و ملی قوت گرتبوو و لە گەرما هانکەهانکی بوو . دەستم بۆ شیشێکی درێژ لە قەراخ هەیوانەکەدا کەوتبوو ، بردبوو . عەلی ، مەچەکی دەستی گرتبووم و بەهێمنی گوتبووی :- هیچ زیانێکی بۆتۆ نەبووە !

تەمەشای عەلی دەکەم کە لە تاریکییەکەدا ، پەشێو و پەشۆکاو ، گیرفانی پانتۆڵەکەی دەگەڕێت . نایدەم بە ڕویا کە باوەڕم بەقسەکەی نەکردووە . پارەی لێوەردەگرم و دەکەومە ڕێ و لە گەراجەکە وەدەردەکەوم . دەنگی ڕادیۆکانی عەریف ڕازی تاحەوت گەڕەکان دەڕوات .

***

پرتە پرت وتەقەتەقی ناقۆڵای مەکینەی کامیونەکە لە خەو بێدارم دەکاتەوە . مەکینەکە بۆ چەند ساتێک باش کارناکات و پاشان دەنگی ساف ویەکدەست دەبێت . شوفێری جەهرومی گازی دەداتێ . دنیا تازە ڕووناک بووەتەوە . وادیارە گەرەکییەتی تا دنیا فێنکە بکەوێتەرێ تا لە گەرمای نێوەڕۆدا گرفتاری (پل زار) نەبێ . دیارە ، دوای نیوەڕۆ ، لە بەندەر مەهتابی لادەدات و عەسر کە دنیا فێنک دەکات لە بەندەر مەهتابیەوە دەکەوێتە ڕێگا تا شەوێ لە بەندەر خەمیر ڕۆژبکاتەوە .

عەلی ، تل دەدات . گومانم لەوە نییە کە لە دەنگی مەکینەی کامیونەکە خەبەری بووەتەوە بەڵام بە ئانقەست خۆی دەکات بە خەوتوو . حەزدەکەم هەستم بڕۆم بۆ دوایەمین جار شەریفە بدینم . هەنووکە شڕوشیتاڵ و بزگوڕ وسیپاڵەکانی تەپاندووەتە ناو سەندووقەکەیەوەو گڵیم و بەڕە و جێگەوبانەکەی لە چەرچێفێکەوە پێچاوە و لەبەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا چاوەڕوانە کە کامیونەکە بگاتەجێ .

– دەڵێی مار کەوتووەتە گیانم . دەڵێی لە سەر ئاگرم ( ئۆقەرە ناگرم ) .

بێگومان نانی ڕێگاشی دروست کردووە و نێرگەلەکەشی لە بەردەستدایە تە لە هەر جێگایەک دەرفەت هەبێ دووکەڵێک بکات و ماندوویەتی ڕێگا دەربکات .

زۆر بێتاقەتم . لەجێی خۆم گینگڵ دەدەم . تاو دەدەمە خۆ کە هەستم . سەیر دەکەم کە عەلی ژێراو ژێر تەمەشام دەکات . هەموو زیکروفیکرم ئەمەیە کە بڕۆم وبۆ دواجار شەریفە بدینم . لەپڕ ، چالاک و چەلەنگ هەڵدەستم . بلەز دەچمە سەر بیرەکە . دەست ودەم وچاوم دەشۆم وبە هەڵەداوان بەرەو ژوورەکە دەڕۆم و خێرا جلەکانم لە بەردەکەم تا فریابکەوم ، لەگەڵ کامیونەکەدا تاچاخانەکەی ئەنوەر مەشدی بڕۆم . دادەنمەوە تا لە سەر قاڵدرمەی هەیوانەکە قەیتانی پۆستاڵەکانم ببەستم کە لەپڕ دەنگێکی ناخۆش و بەرز لە کامیونەکەوە بەرزدەبێتەوە . لەو کاتەدا کە دەستم بەقەیتانی پۆستاڵەکەمەوە بوو سەر وەردەگێڕم و تەمەشای کامیونەکە دەکەم کە جوڵاوە و لە ژێر کەپرەکە هاتووەتە دەرێ و لەجێی خۆی وەستاوە . سەفا کامیونەکە دەکوژێنێتەوە و لە قەمەرەکەوە دێتە دەرێ . هێشتا قەیتانی پۆستاڵی دووەمم نەبەستووە کە هاواری شوفێری جەهرومی بەرزدەبێتەوە :– دەک خوا بت برێ شانس !

دەچم بۆلای . قژە زەردەکەی باش شانەکردووە . ڕدێنی بەجۆرێ لە بنەوە تاشیوە کە چەناگەی لە دوو شوێنەوە ڕووشاوە .

– چی بووە ؟

دەستەكانی دەنێتە ناوقەدی و بەچاوە سەوزەكانی تەمەشام دەكات :- چی بووە ؟

- سەلیبی گاردنەكە شكاوە .

هیچ لە قسەكەی حاڵی نابم . دەپرسم :- سەڵیب؟!

سەری بەڕاست و چەپدا بادەدات و بەدەنگێكی نووساو و خەمبار دەڵێت :

- سەڵیب ئیدی ، سەڵیبی گاردنەكە .

عەلی هەڵدەستێت و لە پلەكانی هەیوانەكەوە دێتەخوارێ و مەسینەكە هەڵدەگرێت و بەرەولای بیرەكە دەڕوات ، دەنگی دەژنەوم .

- بەیانی باش !

- بەیانی باش !

چەرخی بیرەكە دەگرێت و سەتڵەكە بەردەداتە ناو بیرەكە و دەپرسێت :- بەم بەیانی زووە بۆكوێ ؟

هیچ شوێنەوارێكی پەستی و بێزارییەكەی شەوی پێوە دیارنییە . هێمنە . ئاو لە بیرەكە هەڵدەكێشێت . مەسینەكە پڕدەكات و دەست ودەم وچاوی دەشوات . حەواسم لای عەلییە كە لە ناكاوا دەرگای قەمەرەی كامیونەكە توند بەیەكا دەدرێ . ڕادەچڵەكم .

- گووم كردە ئەم ژیانە !

شوفێرە جەهرومیەكەیە كە تف دەكات و گرژ و پەست و تووڕە قسە دەكات .

- ئێستا لەم بیابانەدا سەڵیب لە چ دۆزەخێک بێنم .

لێی دەپرسم :- باشە یەدەكت نییە ؟

- یەدەک ؟!

دیسان تف دەكات و سەری وەردەگێڕێت و دەڵێت :- ئەگەر نەگبەتی نەبێ سەڵیب كەی شكاوە تا یەدەكم پێبێ ... !

بەرەو دوای کامیونەکە دەڕوات و لەسەری دەڕوات .

- سەگ مەزەبە ئێژی مەقەس بڕ بووە ! دەڵێی بە ئانقەست لێیان داوە !

فەرشێکی لاستیکی ڕەش کە ڕۆن و خۆڵی بە سەرەوە وشک بووەتەوە ، دێنێ و دەیخاتە ژێر کامیونەکە و بۆ چەند ساتێک ڕەق ڕادەوەستێ و تەمەشای خۆی دەکات . ئێژی دڵی نایەت بە جلکی خاوێن و دەست وپلی شۆراو و سەری شانەکراوەوە لە ژێر کامیونەکەدا وەربکەوێ . تفێکی خەست لەتایەی کامیونەکە دەکات ودەڵێت :- لائیلاهە ئیلەڵڵا !

دەکەوێتە سەر چنچک و لەسەر لاستیکەکە درێژ دەبێت و لە سەر ئانیشک خۆ بکێش دەکاتە ژێر کامیونەکە . هەڵدەتروشکێم و تەمەشای ژێر کامیونەکە دەکەم . سەری میلی گاردنەکە کەوتووەتە سەر ئەرزەکە و خواربووە و زیخ و چەو بەملاو ئەولادا بڵاو بووەتەوە . شوفێرەکە خەریکی سەڵیبەکە دەبێت.

- نەخێر داغانە!

لە ژێر کامیونەکە دێتە دەرەوە. پانتۆڵەکەی دەتەکێنێ و قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات.

- دیوومە گاردن بقرتێ، دیومە پلس بقرتێ، بەڵام نە دیوومە و نە بیستوومە کە سەڵیب بەم جۆرە داغان ببێت! سەگ مەزەبە دەڵێی تەگبیریان لێکردووەو بە ئانقەست داغانیانکردووە!

عەلی دێت، بزەیەکی کاڵ بە دەم و چاویا بڵاو بووەتەوە.

- چی بووە ؟

سەفا ، بە خێسەوە تەمەشای دەکات .

- هیچ ! .... هەر گایەکەی من زاوە ! ( کینایەیە بۆ کەسێ کە شتێکی خراپی لێ بقەومێ ) .

چاوی بە گۆشەی دەرەجەی سەر کەتافیەکەی دەکەوێ کە ڕۆناوی بووە . بازووی هەڵدەبڕێ تا پاکی بکاتەوە و لە سەری دەڕوات .

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە ، دەبێ لەم کاوەلەدا چاوەڕوان بکەم تاسەڵیبم بۆ بنێرن .

عەلی بێدەنگە و تەمەشای شوفێرەکە دەکات . ئەوسا بە کاوەخۆ بۆ هەیوانەکە دەڕوات و بە ئەسپایی دەڵێت :

- خۆم بگۆڕم و بڕۆین تێشتێک بخۆین !

شوفێرەکە فەرشە لاستیکییەکە کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە ناو کامیونەکە و دەچێتە سەر بیرەکە تا دەستەکانی بشوات .

لە گەڵ عەلیدا لە گەراجەکە وەدەردەکەوین . ئێژی برێک باری سووک بووە . ڕێکردن و قسەکردنی وانیشاندەدەن . خۆر هەڵدێ . تاقە گومەزە بەرزەکەی گۆلاوی ڕودبارییەکان کە سپییە لەبەر گزینگی خۆری بەیانیدا دەدرەوشێتەوە . لە دوورەوە چاوم بە شەریفە دەکەوێت کە لە بەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا لە سەر سەندووقێکی تەختە دانیشتووە . پێخەفەکانی پێچراوەتەوە و لە کەنار سەندووقەکەدایە . بوخچەیەکی چکۆلە ، لە سەر پێخەفەکانە . کراسە ڤاڵە (جۆرە قوماشێکە) تەنکەکەی لەبەر کردووە . عەباکەی داخزیوەتە سەرشانی و قژەکەی لە ژێر لەچکەکەیدا کۆکردووەتەوە .

تا ئێستا هیچ کاتێک شەریفەم نەبینی بوو کە لەچک لەسەر بکات . خۆمان بە بازاڕی سەرپۆشراوا دەکەین تابڕۆین بۆلای عەلی دادی . گەیلان خەریکە تەختەکانی دەرگای دووکانەکە لادەدات . عەلی ، پەنجەم دەگوشێت و دەپرسێت :- حەزدەکەی ئەمڕۆ بڕۆین بۆباغی عەدنانی ؟

نازانم حەزدەکەم یان نا ، بیرم لێ نەکردبووەوە ، بەڵام بەوە خوشحاڵم کە دوو سێ ڕۆژێکە عەلی دوای نیگابانی ، کنگ بەجێ دێڵێت و بۆ لەنگە دێتەوە . زار هەڵدێنم تا ئەو قسانە بکەم ، کە دیسان عەلی دەڵێت :

- ها ؟ ... بۆچی هیچ ناڵێیت ؟

پێی دەڵێم :- خوشحاڵم !

هەڵوێستەیەک دەکات و تەمەشام دەکات .

- خوشحاڵی ؟

- ئەرێ .

- لەچی ؟

- لەوەی کە خەریکە دووبارە دەبیتەوە بەخۆت !

چاوانی دەنوقێنێ و هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەکەوێتەڕێ . لە سەری دەڕم .

- ... دوو مانگێک بوو گۆڕابوویت ... زۆر گۆڕابوویت ... لێم هەڵدەهاتی ... هەمیشە کنگ ... من ڕموودەت بووم عەلی ...

هیچ شتێک ناڵێت . جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و لە خورێنی ، مژێکی وای لێدەدا تانیوەی جگەرەکە دەسووتێ .

- ... لەمەی کە ئەم دوو سێ ڕۆژە دیسان وەکو جاران کە واجبەکەت لەکنگ تەواو دەبێ بۆ لەنگە دێیتەوە خوشحاڵم

هیچ ناڵێت . عەلی دادی گازمان دەکات . دوو مشتەری لەبەر مێزی نانەواخانەکە وەستاون . بۆنی نان بڵاوبووەتەوە . شەوێ دی وەکو پێویست شامم ( شێڤ ، نانی ئێوارە ) نەکردبوو ، هەنووکە دڵم لە برسا زافی دەکرد . نیوەی زیاتری خەو و(علێوە) ماسییە سوێرەکە مابووەوە و سارد بووبووەوە و بەستبووی . قەراخە نانێکی برژاو هەڵدگرم دەیخەمە دەمم . عەلی دەڵێت :- ڕاوەستە با دوو تاسولکە ( جامولکە ، تاسی زۆر بچووک ) ماست بکرم .

دەڕوات ماست بکرێت . عەلی دادی نانەکە دەدات بە تەنوورەکەدا و سەر لە بەر ئاگرەکە دێنێتە لاوە و دەڵێت :

- ئەمرۆ تاقەتت هەیە نامە بۆ غوڵام بنووسیت ؟

- دەینووسم .

گوپەکانی عەلی دادی چاڵ بوون . گۆنا ڕەقەکانی بەرجەستەن و گەرمی ئاگری تەنوورەکە سووتاندوونی . ئاماژە بۆ قۆری و کترییەکەی سەر تەنوورەکە دەکات .

- چای ناخۆیت ؟

پیاڵەیەک لە سەر مێزی گونک بڕینەکە هەڵدەگرم و چای تێدەکەم . عەلی دادی قەند دانەکە دەداتە دەستم . پشتی دەستی سوور دەچێتەوە . دەستپێچەکە (پەڕۆیەکە نانەوا لە قۆڵی دەپێچن) تامەچەکی دەستی گرتووە . کۆتایی لەپی دەستی قڵیشاوە . چەند قەترە چایەک لە دەمی پیاڵەکە دەمژم و پارە لە مشتەرییەکان وەردەگرم و بەڕێیان دەکەم .

عەلی ، بە دوو تاسولکە ماست و تۆزێ شەکرەوە دێتەوە . ماست و شەکرەکە تێکەڵ دەکەین و دەیخۆین .

بە عەلی دادی دەڵێم کە دەڕۆم بۆ سەربازگە ، ئیسپات وجوود دەکەم و دەگەڕێمەوە و بەخەیاڵی ڕەحەت نامەکەی بۆ دەنووسم .

- واباشتره . تۆش لەنان کردن دەبییەوە .

عەلی چای دووەم دەخواتەوە و دەڵێت :

- ئەگەر بۆسەربازگە ( پادگان ) دەڕۆی ، منیش دەگەڵ حەسەن گگۆ دەڕۆم بۆ کنگ ...

قسەکەی پێدەبڕم :- خۆ ئەمشەو واجبت نییە .

خێرادەڵێت :- دەگەڕێمەوە . بۆ نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە تابڕۆین ...

پاشماوەی قسەکەی دەخواتەوە و بە سەروچاو هەندێک ئاماژان دەکات . لە مەبەستی حاڵی دەبم . ئەگەر حەسەن گگۆ نەڕۆیی بێ ، چوون و هاتنەوەی یەک سەعات پتر نابات . عەلی دەکەوێتە ڕێ . کە دەگاتە ناوەندی مەیدانەکە دەڵێت :- تا دەگەڕێمەوە نیوەڕۆژە ئامادە بکە .

دەمەوێ بڕۆم ، کە عەلی دادی دەڵێت :- بەڕاست بیستت ؟

لە بەر تەنوورەکە لادەکەوێ و بەرەولای من دێ . چاوی لە مشتەرییەکانە . دەمی لە پەنا گوێم دەنێ و ویزەویزێک دەکات . باش حاڵی نابم .

- چی ؟ ... ئەمڕۆ بەیانی چی ؟

ژێر باڵم دەگرێت و بۆ بنەبانی دووکانەکەم دەبات .

- دوێشەو نایب زابت ڕەوحی و عەریف شیرازییان لە نیوەشەوا بە قۆڵ بەستراوی هێنان .

- نایب زابت رەوحی ؟

چەند مانگێک لەمەپێش کە مێجەر عاسی بە تۆپزی بەملیدا دابووم کە لەگەڵ نایب زابت پێشبیندا بڕۆم مووچە و جیرەی مانگانەی سەربازانی پاسگای ڕۆژئاوای بەندەر لەنگە بدەم، دەگەڵ نایب زابت رەوحیدا ئاشنابووم .

دەڕوانمە چاوە سەرگەردان و بێ ئۆقرەکانی عەلی دادی کە لە کاسەی چاویدا ناحەوێتەوە و بە ئاسپایی دەپرسم .

- بۆچی بە قۆڵ بەستراوی ؟

بە ئاسپایی و لە قووڵایی گەروویەوە دەڵێت :- ئاخر ، دەڵێن سیاسین !

نایب زابت رەوحی ، سەرۆکی پاسگای ( چاهمسلم )ە . بەیانی ، لەگەڵ نایب زابت پێشبین و شوفێرەکەدا بە کامانکار (جۆرە ئۆتومبیلێکی سووکەڵەیە کە لە سوپاو بۆ بارو گواستنەوە لە جادەو بانانی دەرێی شاردا بە کار دەبرێ) لەبەندەر لەنگە دەرچووبووین تا ئازووقە و جیرە ومیرەی پاسگاکانی سەر ڕێگامان داو تا گەیشتینە چاە مسلم بووبوو بەشەو و لە دەشتی کاکی بەکاکیدا کە سەرانسەری لمەلآن بوو سەرگەردان بووبووین . شەوەکەی ئەوەندە تاریک بوو کە چاو چاوی نەدەبینی . لایتەکە بە شەوقەکانی کامانکارە کە بۆ هیچ شوێن ڕێی دەرنەدەکرد . ئەوەبوو کە شەوێ لە ناو کامانکارەکەدا خەوتبووین و بەیانی وەختێ کە دنیا ڕووناک بووبووەوە ، سەیرمان کردبوو کە لەجێی خۆماندا خولابووینەوە .

بازووە لاوازەکانی عەلی دادی دەگرم :– کێ گوتی سیاسین ؟ ... لە کێت بیستووە ؟

– نایب زابت پێشبین گوتی ... بەیانی کە دەچوو بۆ سەربازگە گوتی ... تازە تەنوورەکەم داخستبوو .

دەور وبەری نیوەڕۆ بوو کە گەیی بووینە (چاە مسلم) . نایب زابت رەوحی ، دیاربوو کە پێشتر بیستبووی کە بۆچی دوور خراومەتەوە ، دۆستانە دەستی گوشی بووم و بۆفراقێن خوڵکی کردبووم .

وەکو تیرێ لە کەوان دەرپچێت ، بە هەشتاو لە دووکانەکەی عەلی دادی وەدەردەکەوم . بە هانکە هانک دەگەمە سەربازگە . ڕەوشی سەربازگە ئاسایی نییە . وەکو هەمیشە کڕوکپ و بێ جم وجوڵ نییە . دوو سەربازی تفەنگ بەدەست لەبەر تگرتووخانەکە وەستاون ، هەردووکیان ، لاقیان لێکدی بڵاو کردووەتەوە و تفەنگەکانیان توond گرتووە . لە پشت کەتیبەی پەنجەرەکەوە لایەکی ڕوخسارە درێژەکەی نایب زابت رەوحی دیارە . خۆی بەتەنیا لە گرتووخانەکەدایە . دیارە عەریف شیرازیان لە جێیەکی دیکە حەپس کردووە .

سەربازەکان جووڵە ناکەن . دەڵێی پایەی بەردینن . هەردووکیان ، لە برادەرانی خۆمانن ، بەڵام نازانم چییان بەگوێدا خوێندن کە کاتێ دەچمە بەرەوە تا قسەیان لەگەڵدا بکەم ، لە ترسا زراویان دەتۆقێ ، ڕۆحیان دەچێ .

– عەبوود ، چی بووە ؟

تەمەشام دەکات و هیچ ناڵێت .

دەچم بۆلای نادر . دەکشێتەوە و تفەنگەکەی بەپارێزەوە دەگرێت . بۆ لای ئاشخانەکە دەڕۆم . هەموو سەربازەکان کۆبوونەتەوە و چپەچپ وەکو خۆرە کەوتووەتە گیانیان .

– بیستت ؟

- دەڵێن کە ئەندامی تۆڕی دەرەجەدارانن !

- تۆڕی دەرەجەداران کەشف بووە !

- تۆڕی دەرەجەداران ؟

- ئەوەتۆ چ دەڵێی بابە ! ... کۆمیتەی بەندەر لەنگە ئاشکرابووە !

- بۆ قسەی هیچ دەکەی ؟

- بەگیانی تۆ .

- گیانی خۆت !

هیچ شتێکم لە قسەی برادەران دەستگیرنابێ . دوو بارە بۆلای گرتووخانەکە دەگەڕێمەوە . نایب زابت ڕەوحی لە بەر پەنجەرەکەدا وەستاوە . قژی کورتە . لاچاوی دیارە . حەزدەکەم سەری وەرچەرخێنێ و تەمەشام بکات . نادر بەسەر ئاماژەم دەکاتێ کە ڕەتبم . بەهیچ جۆرێ قسە ناکات . ئێژی دەمیان درووە . مێجەر عاسی لە حەوشی قەرەوڵخانەکەوە وەدەردەکەوێ . ئێژی شێری ڕاوکردووە .بسکەی سمێڵی دێ، لە کەیفان لە پێستی خۆی ناهێورێ ، دەم وچاوی گەش ، چاوە خڕەکانی پرشنگ دەدەن . سڵاوێکی سوپایی بۆدەکەم . بلەز بەرەولام دێت ، خراپ سەیرم دەکات . چەناگە پانەکەی دەجولێ . هەڕەشەیەکی توند بەقسەکردنەکەیەوە دیارە .

- چ دەکەی لێرە ؟ چ کارێکت لێرە هەیە ؟

هێشتا دەستم بە قەراخ کڵاوەکەمەوەیە .

- هاتووم ئیسپات وجوود بکەم .

- بۆ وا زوو ؟

هەمیشە سەعات دە ئیسپات وجوودم کردووە . هیچم نییە بیلێم . دیسان دێتە قسان .

- هەمیشە دوای سەعات دوازدە هاتوویت بۆ سەربازگە ، کەچی ئەمڕۆ ...

چاک مرخی خۆشکردووە کە دەسێم بۆبکاتەوە . قسەکەی پێدەبڕم .

- هیچ کاتێک لە سەعاتێکی دیاریکراوا ...

نایەڵێت قسەکەم تەواوبکەم .

- بەڵام هیچ کاتێکیش بەم بەیانییە زووە ...

هەتاو بەرز بووەتەوە .

- بەیانی زوو نییە جەنابی مێجەر .

سەیری سەعاتەکەی دەکات .

- سەعات هەشتە .

سەیری سەعاتەکەم دەکەم ، دەستم هێشتا بە لێواری کڵاوەکەمەوەیە . لە هەشت و نیو تێپەڕیوە . برادەران لە ژێر سابات و بانیژەی ئاشخانەکەدا لە دەوری یەکدی خڕبوونەتەوە و تەمەشام دەکەن . زات ناکەم کە پێی بێژم سەعاتەکەی لە پاشە . لەوەشە لەپاش نەبێت . لەوەیە مەبەستی هەبێ . دەڕوانمە مەچەکی دەستی . سەعاتی پێوە دیارنییە .

- بڕۆ ئیسپات وجوودەکەت بکە ، گۆڕت گوم بکە !

ئێژی بارێکی قورس لە سەر شانم هەڵدەگیرێت .

- بجوڵێ !

نایەوێ تەنانەت بۆ یەک ساتیش لە سەربازگەکە بم . دەکەومە ڕێ بەرەو نووسینگەی سەربازگەکە . هەبێ ونەبێ عەریف شیرازیان خستووەتە عەماری سووتەمەنی زستانەی ئاشخانەکە ، هەمان ئەو شوێنەی کە ئەحمەد سەربازیان تیا حەپس کردبوو تا تەماس لەگەڵ مندا نەگرێت . عەریف غانم لە داڵانی نووسینگەکەی فەوجە . شپرزە و هەراسانە . چاوە گەورەکانی گێژ دەخۆن . خەریکی سمێڵە تەنکەکەی دەبێت . هەرکە دەمبینێ دەمە پەلەکەی بەش دەبێتەوە ، ددانە زێڕەکانی دەردەکەون و دەڵێت :- ئەسڵەن وێنام نەدەکرد !

- چیت وێنا نەدەکرد سەرکار غانم ؟

پەشۆکاوە .

- قەت وێنام نەدەکرد ؟ ...

به پەلە و پەشێوی قسەدەکات .

–ئا ئەمە ! ... وێنای چی ؟ ... ئا ئەمە . نایب زابت رەوحی پیاوێکی باشە ! ... تەسەورم نە دەکرد کە توودەیی بێت ! ... بەشەرەفە ! ... بەویژدانە ! ... ئەسڵەن وێنام نەدەکرد !

پێکەنین دەمگرێت .

– ئەدی تا ئێستا وات تەسەور دەکرد کە ... ؟

مۆڵەتم نادات کە قسەکەم تەواو بکەم . دەستەکانی هەڵدەتەکێنێ و دەڵێت :– چووزانم ، چیم تەسەور دەکرد !

بە بەردەممدا ڕەت دەبێت .

– یەک دەقیقە سەبر بکە بزانم .

چارەی گرژ دەبێت و دەکەوێتەڕێ و دەڵێت :– تۆش وەختت نەدۆزییەوە ئێستا نەبێ !

نایب زابت پێشبین لە پای پلە دارینەکانی قاتی دووەمدا وەستاوە . شانی داوە بە محەجەرەی پلیکانەکەوە و سمێڵەکانی بادەدات . وادیارە چووەتەژێری . سڵاوێکی سوپایی بۆدەکەم بەڵام هەستی پێناکات . کە لە پلیکانەکە نزیک دەبمەوە تا برۆمە سەرەوە دەمبینێ . لە پڕ دێتە قسان .

– بینیت ؟!

دەستم لە قەراخ کڵاوەکەم دێنێتە خوارەوە .

– بینیت رەوحی و شیرازیان دەستگیرکرد ؟ ... تۆدەتزانی ؟ ...

ئێژی ترساوە .

– تۆ کە هاومەسلەکتن دەتزانی ؟

هێشتا فریا نەکەوتبووم هیچ شتێک بە پێشبین بڵێم کە کۆلۆنێل میهرەبان لە پلەکانەوە دێتەخوارەوە . سڵاوی لێدەکەم . مەچەکی دەستم دەگرێت و لە قەراخی کڵاوەکەمی دادەگرێت و دەڵێت :– چی دەکەی لێرە ؟

پێی دەڵێم کە وەکو هەموو ڕۆژێ بۆ ئیسپات وجوود هاتووم . بەپەلە دەڵێت :

- زۆرباشە ، زۆرباشە . زووتر برۆ . وا چاکە لە سەربازگە نەبی !

هەموویان زۆر خراپ شپرزەبوون . دەرفەت نادەن لە گەڵ هیچ کەسێکدا قسە بکەم . کۆلۆنێل میهرەبان تەمەشای پێشبین دەکات کە خەبەردار وەستاوە .

- کە ئیسپات وجوودی کرد ...

وبەدەست ئاماژە بۆ دەرێی سەربازگەکە دەکات و دەڕوات . نایب زابت پێشبین ، هەنگاو بە هەنگاو دەگەڵما دێت تا لەدەرگای سەربازگەکە وەدەربکەوم .

نایب زابت جیهانگیر ، سەرۆکی نووسینگەی فەوج ، ڕەنگی بووە بە گەچی سپی . لە پشت مێزەکەوە وەکو کەو چووە و مژی قووڵ لە جگەرەکەی دەدات . ئەسڵەن خولقی قسەکردنی نییە . دەڵێی جێ ئاوڵەکانی دەم وچاوی قووڵتر بووە . کە قسان دەکات دەنگی لەرزەی لەگەڵە .

- زۆرچاکە ... زۆرچاکە ... خێرا ئیمزاکەت بکە و قسە مەکە ! ...

عەریف غانم لەبەر دەرگای سەربازگەکە وەستاوە . دەستی ناوەتە ناوقەدی و تەمەشای دەریا دەکات . قاڵەقاڵی کرێکارانی بەلەمێکی گەورە کە لەبەر گومرکدا لەنگەری هەڵداشتووە تا دەور وبەری سەربازگەکە دێت . پێش ئەوەی لە سەربازگەکە وەدەربکەوم لە عەریف غانم دەپرسم .

- ئەگەر کارێکیان هەبوو و بۆت کرا ...

پێشبین لە دوورەوە ئاماژە دەکات کە وەدەربکەوم . عەریف غانم بەسەرسامی تەمەشام دەکات و بەئەسپایی دەڵێت :- یارمەتیان بدەم ؟

پێی دەڵێم :- خۆت گوتت ! ... مەگەر نەتگوت بەشەرەفە ؟

دیسانەوە دەچێتەژێری و نازانێت چی بڵێت . نایب زابت پێشبین دەکەوێتە ڕێ کە بێت و لە سەربازگەکە وەدەرم بنێ . دەوەستم تا نزیک بێتەوە .

- بۆچی ناڕۆیت ؟

شوێنی مانەوە نییە . دەکەومەڕێ . لە بیری ئەوەدام کە چ کارێکم لە دەست دێ . ژن ومنداڵەکانی نایب زابت رەوحی لە شیراز دەژین . کە زستان دێت ، ژنەکەی و منداڵە بچووکەکەی دێن بۆبەندەر لەنگە و کچ وکوڕەکەشی لە شیراز دەمێننەوە تا بچنە قوتابخانە . لە ماڵی باپیریان ، باوکی دایکیان دەژین .

عەریف شیرازی کازرونییە . ژنی نییە . نایب زابت پێشبین ئەمەی گێڕایەوە . کاتێ کە بەپلەکاندا دەچووینە سەرەوە تا ئیسپات وجوود بکەم ، بۆی گێڕامەوە .

– ئاخر دەشێت ناسکە پیاوێکی وەکو شیرازی توودەیی بێ ؟

نەشوێنی قسەکردنە و نەشوێنی وەستان و مانەوە . کە دەگەمە دوکانەکەی عەلی دادی ئازام لە ئارەقەدایە . گرتنی ڕەوحی و شیرازی سەر ودڵی گرتووم . قسەکانی غانم و پێشبین مێشکیان مژووڵ کردووم . هەموویان وەکو یەکدی بیردەکەنەوە وقسەدەکەن .

– ئێستا دەینووسیت ؟

عەلی دادی لە نان کردنی بەیانی بووەتەوە . تازە تەشتی هەویرەکەی پڕ کردووە لە ئاو تا هەویر بۆنان کردنی نیوەڕۆ بشێلێ .

– دەینووسم .

کاغەزەکەم بۆ درێژدەکات . لە ژێر چەرداخەکەی بەر دووکانەکە دادەنیشم . باوەشێنێکی حەسیر هەڵدەگرم و خۆم باوەشێن دەکەم . عەلی دادی ، تەنەکەی ئاردەکە لە لای تەشتەکەوە دادەنێ و دێتە لامەوە دادەنیشێت . سیغارێک دەپێچێتەوە ، دایدەگیرسێنێ و دەیداتە دەستم . تۆزی ئارد ، بە سەر برۆی و لە ناو مووەکانی سەرسینگیدا تێکەڵ بە ئارەقەبووە و بووە بە هەویر . هەموو خەڵکی شار دەزانن کە نایب زابت ڕەوحی وعەریف شیرازیان گرتووە .

***

گەیلان دەڵێت :– کێشەی ئەمانە چییە ؟

ئازام لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . نەرمەبایەکی گەرم بەژێر ساپیتەی بازارچەکەدا دێت . تیرۆژی خۆر لێرە ولەوێ ، لە ڕۆچنەکانی سەربانەوە داویە لە ناو بازارچەکە . لە سەر سەکۆی دووکانەکەی گەیلان هەڵدەتروشکێم و لێی دەپرسم .

– کێشەی کێهان ؟

کووپێک ئاوی فێنک لە گۆزەکە دادەکات و دەیداتە دەستم و دەڵێت :- ئەمانە ئیدی ... ڕەوحی ... شیرازی .

شێخ ئیسماعیل دێت بەسەرا .

بیر لەوە دەکەمەوە چی بەگەیلان بڵێم تاحاڵی ببێت .

شێخ ئیسماعیل ئێلەکە ڕەشە تەنکەکەی قەدکرووە و ناوێتیە ژێر باخەڵی . هەناسەی دەرنایەت . ئێژی تەنگە نەفەسی لەگەڵە .

- وەڵڵا ... هەموو خەتایەکیان ئەمەیە کە دەڵێن مرۆڤ دەبێ شەرەفی هەبێ و ڕەنجی خەڵکانی دی تاڵان نەکات . بەخۆڕایی زوڵم لەخەڵک و خوا نەکات ...

گەیلان بەجۆرێ تەمەشام دەکات کە ئێژی جنێوم داوەتێ .

کووپە بەتاڵەکەم لە دەست وەردەگرێت ، پڕی دەکات و دەیداتە دەست شێخ ئیسماعیل و بە دوو دڵییەوە دێتە قسە .

- ئەگەر ... ئەمە قسەیان بێ ... چەند وچونی ناوێ .

پێی دەڵێم :- ئەزقەزا هەموو قسەیەک چەندو چوونی هەیە !

گەیلان دەڵێت :- شە بۆچی تا ئێستا منیان نەگرتووە ؟

نازانم دەیەوێ چ بڵێ . بە سەرسامی دەپرسم :- تۆ ؟

خێرا دەڵێت :- ئا ئیدی ... من . چونکە منیش ئەم قسانەم قەبووڵە . منیش ئەم قسانە دەکەم .

بزە دەکەم و دەڵێم :- دەیڵێی بەڵام ... تا ئێستا هیچ کاتێ بە جدی نەتکردووە ... چونکە گوتن تا گوتن ...

شێخ کە ڕیش و سمێڵی ، بە ئاوی کووپەکە تەڕ بووە ، بەناو لەپی دەسرێ و خۆی لە قسەکەم هەڵدەقورتێنێ .

- چی بە جدی نەگوتووە ؟

گەیلان قسەی بۆدەکات . قسەکەی گەیلان دەبڕێ و دەڵێت :- نا ! ... مەسەلەکە ئەمە نییە !

دفنە زەلامەکەی دەخورێنێ . تەوێڵە باریکەکەی گرژ دەبێ .

- ئەمانە بێ ئۆلن ... دوژمنایەتیان لە گەڵ پاشادا هەیە ! ئەمەیە و تەواو .

گەیلان ، وەکو ئەوەی دڵی ئاسوودە بووبێ ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ :- دە وا بڵێ !

ئەحمەد سەرباز ، کە چەند ساتێکە هاتووە بەسەرا ، چاوە چکۆلەکانی دەنێتەسەر یەک و دەڵێت :

- ئەم قسانە چییە ! ... من خۆم عەریف شیرازی دەناسم . هاوشاریمە ... دەزانم کە نوێژ دەکات . خۆم دیتوومە کە بە ڕۆژوو بووە ... کێ دەڵێ بێ دینە ؟

شێخ ئیسماعیل ، ڕەنگی ڕەش دادەگەڕێ . لە گەرما شاشکەکەی کردووەتەوەو داویە بەسەر شانیا . ئارەقە بە سەر سەرە تاشراوەکەیەوە جۆگەلەی بەستووە .

- درۆیە ! ... ئەمانە ... بێ ئۆلن ! ... بەلشەویکن ! ... ژنیان بە شەریکییە ! ... ئەمەیە و تەواو .

لە شێخ ئیسماعیل دەپرسم کە بەخۆی دیوویە ژنەکانیان شەریکی بێ . دەڵێت :- دیتنی ناوێ ... دیارە ئێوەگەل گوێ لە ڕادیۆ ناگرن ! ... ئەمانە دەیانویست خەڵکی قەتڵوعام بکەن . لەم ماوانەی پێشوودا بوو کە ڕادیۆ گوتی یەک دنیا چەک و نارنجۆکیان لەماڵەکانیان گرتووە ...

شێخ ئیسماعیل مۆڵەتی کەس نادات کە قسەبکات . لە سەری دەڕوات .

- ... دەبێ نانێ بخۆین و نانێ بکەین بەخێری خوا کە گیران ، کە پاشایەکی داد پەروەرمان هەیە ، دەنا هەموومانیان سەردەبڕی . دەنا هەمووومان دیل و ڕیسوا دەبووین !

لە یەکبینە قسەدەکات و دەکەوێتەڕێ . نەعلەکانی شێخ ئیسماعیل بەپێی گەورەن . بنی پێی ئارەقی کردووەتەوە . کە ڕێ دەکات ، نەعلەکانی دەنگیان لێوەدێ . دەڵێی کە سێک لە دواوەوە چەپڵە لێدەدا .

ئەحمەد سەرباز تووڕە بووە . لێوە گۆشتنەکانی — کە بە ڤازلین ( وەزەنی ) چەوری کردوون — بەش بوونەتەوە و قسەی بۆ نایەت .

گەیلان دەڵێت :- ڕاست دەکات وەڵڵا . خۆ دەوڵەت گلاراراوی نەگرتووە لە خوت وخۆڕایی کەسێک حەپس بکات !

ئەحمەد سەرباز ، لە ناکاوا دەهری دەبێ .

- تۆ ئەسڵەن چی دەزانی ؟ لەم سووچەی دنیادا کە بە دوو مانگ جارێک ڕۆژنامەی بۆ نایەت . تۆ سەرت لە چی دەردەچێت ؟ تەنانەت قوتابخانەیەکی ڕێک وپێکتان نییە کە ...

دەنگی گەیلان بەرزدەبێتەوە :- باشە باش ! ... ئەحمەد سەربازیشم لێبووە بە بەشەر !

دەنگی ئەحمەد سەرباز نزم دەبێتەوە : - دەتوانی پێم بڵێی لە سێ چوار هەزار دانیشتووی لەنگە چەندیان خوێندەوارە ؟ ... دەتوانی پێم بڵێی کە ...

حاجی ڕوستا کە تازە هاتووە بە سەرا و لە پشت ئەحمەد سەربازەوە وەستاوە دێتە قسە . دەنگی حاجی ڕوستا نزم و نووساوە :- خوێنەواری بۆ خەڵکی نابێ بەنان و ئاو !

دیزداشەکەی حاجی ڕوستا ، هێندە سپییە کە تەختەکەی شین دەنوێنێ . دوگمەکانی سوخمەکەی کراوەتەوە . زنجیری سەعاتە زێڕەکەی بە سەر سوخمەکەیەوە ئاوێزانە .

ئەحمەد سەرباز ئاوڕ دەداتەوە و بۆچەند ساتێک تەمەشای دەکات و پاشان بە ساردی دەڵێت :

- حاجی برایم چاە مسلمی لە کوێیە ؟

حاجی ڕوستا ، یەکسەر لە قاقای پێکەنین دەدات . ئەحمەد سەرباز گڕدەگرێت . ڕەنگی وەکو چەوەنەری لێدێت . سەر وەردەگێڕێ و دەڵێت :- ژارۆ نایب زابت مالیک !

کەمێک بەر لە نیوەڕۆ لەبەر دووکانەکەی گەیلان ڕادەبم و دەکەومەڕێ کە بچم ماسی بکڕم .

عەلی ، هێشتا لە کنگ نەگەڕاوەتەوە . قەرارە کە نانی نیوەڕۆمان خوارد بڕۆین بۆلای خورشید کولاە . لە بازاڕی سەرپۆشراو وەدەردەکەوم . گەرمی هەتاوەکە تینووم دەکات . ماسی دەکڕم و لە کوچە و کۆڵانەکانەوە بەرەو گەراجی عەدنانی دەبمەوە . گەرما ، حەشر دەکات . گەردیلەکانی هەتاو ، وەکو پورەی زەردەواڵەی ژەهردار زەرد و بچووک ، بە ناو یەکا لوول دەخۆن و ویزە ویز دەکەن و بە بەدەنتەوە دەدەن و شار بێزاریی لێدەچۆڕێ ، دەڵێی لە حاڵی مەرگدایە ، بێدەنگیەکی سەنگین و تاقەتبەر باڵی بەسەردا کێشاوە . زەردەواڵە ژەهردارەکانی هەتاو ، بەدەرزی زێڕینی چزوو ، ئارەقەی سەرپێست هەڵدەمژن و پێست ، وەکو دەولکێکی وشکەوە بووی کەناری گۆلاوێکی وشک کە هەتاوی سەرانسەری هاوین سووتاندبێتی ، ڕەش و وشک و چرچ دەبێت .

دەنگی بانگدەر ، لە مزگەوتەکەی محەمەدەوە ، خاو و قورس بەرزدەبێتەوە و شەکەت و گەرمازەدە ، بە ناو کۆڵانە تەنگ و پڕ پێچەکاندا ، کە دەڵێی کۆتاییان نییە ، بڵاودەبێتەوە .

کە بانگدەرەکە لەبانگ دەبێتەوە ، دیسان بێدەنگی و تینی هەتاو و خاک و خۆڵی داغی ناو کۆڵانەکان و دیواری بەردین و خشت و گڵ و کۆنکرێتی داغ ، کە ئێژی هەڵم دەدەنەوە ، دەست پێدەکاتەوە . لە ناکاوا دەنگێکی غەریبە

ئارامی ئەم بێدەنگییە گەرم و ژەهراوییە دەشڵەقێنێ . دەنگێک کە لە سەرەتاوە منگەمنگێکی یەکنوا ویەکهاویە و پاشان بەرەبەرە لانسی خۆی وەردەگرێت . دەستم دەکەم بە سێبەر بۆچاوەکانم و سەر هەڵدەبڕم . فڕۆکەیەکی پەروانەداری بچووک لە حەوێقی ئاسمانەوە وەردەسوڕێ و بۆخوارەوە دێ . ڕەنگی فڕۆکەکە شینێکی کاڵە و دەگەڵ تیشکی بەتینی خۆر و ئاسمانی ساف و نیلیدا تێکەڵاو بووە و هەندێجار سپی دەنوێنێ .

- پێشبین تەمەشای ئەوێ بکە .

- باندی (ڕێڕەو) تەیارەکە دەڵێی ؟

شوفێرەکە دابویە گێڕی قورس تا بەئەسپایی لەتاسە بدات . لە نێوان شوفێرەکە و پێشبیندا دانیشتبوم . تەپ وتۆزی لە دوامانەوە بەرزدەبووەوە . نایب زابت پێشبین هاتبووە قسە .

- خۆ کوڕەکانم ترسان !

مەسەلەکە هی دووساڵ لەوە پێشە کە قەرار بووە فەرماندەی لەشکری ( فرقە ) فارس بۆ سەردان بێت بۆ بەندەر لەنگە .

- لە ماوەی یەک هەفتەدا تەختم کرد و کوتامەوە و ئەو دەلنگە بیجامەیەشم ،وەکو (بانما) بەو عامووددەوە هەڵواسی

ئەو بانما ڕەش و سپییە قوماشە دەڵێت کە کەوتووەتە سەر زەوی و کاڵەوە بووە .

- ئێستا ، بە ڕاست تەیارەش دەتوانێ لێرە بنیشێتەوە ؟

- تەیارە نا !

بەیانی سەحەری لە (چاە مسلم) وە کەوتبووینە ڕێ و چوو بووین بۆ بەندەر لەنگە ، لە واجب و ماموریەت دەگەڕاینەوە . یەکەمین جار بوو کە مێجەر عاسی دابووی بە ملمدا . سێ چوار کیلومەترێک پتر نەمابوو بۆبەندەر لەنگە .

- تەیارە، بەڵێ ! ...قشقەرە . وەکو قشقەرەکەی فەرماندەی لەشکر .

مارێکی خاکی ڕەنگ کە دەتگوت بای کردبوو ، خاو وقورس ، لە جادە گڵەکەوە بۆناو دڕکەڵانە وشکەکەی کەنار جادەکە ، کە لە تۆزا سپی دەچووەوە داخزی بوو . مارەکە ، نیگا وحەواسی ڕفاندبووم . پێشبین لە قاقاپێکەنینی دابوو .

– بەچی پێدەکەنیت سەرکار پێشبین ؟

– بە قشقەرەکەی فەرماندەی لەشکر کە هەر کە نیشتەوە و سەرنشینەکانی دابەزین خێرا جوولا کە ئەگەر نەمانگرتبایە و تەناف پێچمان نەکردبوایە ، خودا دەزانێ با بۆکوێی دەبرد .

دەنگی فڕۆکەکە زۆرتر دەبێت . ئێستا هاتووەتە خوارەوە و بەسەر بەندەر لەنگەدا دەگەڕێ . ئێژی لە شوێنێک دەگەڕێ تا بنیشێتەوە .

ژنان ، پیاوان و منداڵان بەم گەرمایە کە وشتر یخ دەدات ، لە ژوورەکان و لە ژێر باگیرەکان هاتونەتە دەرێ و چوونەتە سەربانەکان و دەستیان کردووە بەچەرداخ بۆچاوانیان و تەمەشای تەیارەکە دەکەن و بەدەنگی بەرز و پڕ سەر وسەدا قسان دەکەن .

لە گوزەری خنجییەکان وەدەردەکەوم . نیگام لە دووی تەیارەکەیە کە بەرەو ڕۆژئاوای لەنگە دەڕوات . خۆم بە کۆتایی شەقامی مساح دا دەکەم . تاک و تەرایەک خۆیان داوەتەبەر سێبەری دیوارەکان و سەریان هەڵبڕیوە و لە تەیارەکە دەگەڕێن . لە بیری ئەوەدام کە ئەم تەیارەیە بۆچی هاتووە بۆ بەندەر لەنگە .

– جەنابی پێشبین ، فەرماندەی لەشکر بۆچی هاتبوو بۆ بەندەر لەنگە ؟

کامانکارەکە ، لە جادە گڵەکە لایدابوو و قەدبڕ بەرەو باخی عەدنانی ڕۆیی بوو تا لەوێوە بەرەو گەراج بڕوات . پێشبین تەمەشای کردبووم . برژانگ و برۆکانی لە تۆزدا سپی دەچوونەوە .

– تۆش چەند سادە و ساویلکەی گەنجۆ !

– سادە و ساویلکە ؟ ... بۆچی سەرکار نایب زابت ؟

بۆ ساتێک تەمەشای کردبووم وپاشان گوتبووی :–گێل وگێژ !

وسمێڵە گەورەکەی کە لە تۆزا سپی بوو بوو ، جوولا بوو و ددانە زلەکانی بەدیار کەوتبوون و گوتبووی .

– گێل وگێژ ! ... هاتبوو کە بزانێت بەندەر لەچ دایە و چ ڕەوشێکی هەیە ... هاتبوو کە ... لاحەولەوەلا ... حاڵی بوویت ؟ ...

کە بە نەباوەڕییەوە نیگام کردبوو و گوتبووم .

– خۆ لە سەر نەخشە دەتوانێ بزانێ بەندەر چ ڕەوشێکی هەیە و چەند پاسگای تیایە و ...

نایب زابت پێشبین یەکسەر قسەکەی بڕی بووم و بە دەنگی بەرز گوتبووی .

- ئێرە بەندەرە گێلەگیان ! ... خۆ خۆڕایی نییە ! ... سەرقفڵی هەیە ... ئێستا حاڵی بووی گێلەگیان ؟! ... بە ناخێرت خوێنەواریشی !

تەیارەکە دوور دەکەوێتەوە . ئێستا دەنگەکەشی نابیسترێ . لە ناکاوا جێبەکەی مێجەرعاسی لەو سەری بازاڕی مساحەوە پەیدا دەبێت . کنگرۆ ، شوفێرەکەی ، کڵاوەکەی لە سەر هەنیەی بردۆتە سەرێ و خێرا داژوێ . مێجەر عاسی لە تەنیشتییەوە دانیشتووە . کڵاوەکەی تا سەر برۆکانی هێناوەتە خوارێ . ێشتا جێبەکەی مێجەر عاسی بە تەواوەتی لێم ڕەت نەبوو بوو کە جێبەکەی کۆلۆنێل میهرەبان دێت بە سەرا . شوفێرەکە بەتەنیایە . هەردوو جێبەکە بەرەو فڕۆکەخانە داژۆن . تەپ وتۆز شەقامی مساح پڕدەکات و هەمووی بە سەروچاوما دەچێت .

عەلی ، لە ماڵەوە چاوەڕوانمە . لە کنگ گەڕاوەتەوە و لە ژێر باگیرەکەدا ڕاکشاوە .

- تۆ لە کوێی .

- لای عەلی دادی بووم . لای گەیلان .

هەڵدەستێت و ماسییەکەم لە دەست وەردەگرێت .

- وام وێنا دەکرد نیوەڕۆژەت دروست کردووە ! سکم لەبرسا کەوتووەتە قۆڕەقۆڕ .

بە پەلە ، پەرەمێزەکە دادەگیرسێنم .

- ئێستاش درەنگ نییە .

- ئاخر بە (خورشید کولاە) م گوتووە مەقەڵییەکە ئامادەبکات .

***

خورشید کولاە ، مەقەڵییەکەی پێکردووە . دڕووەکانی چوارچێوەی پەنجەرەکەی ئاوپرژێن کردووە . بۆنی کە سکوونی دڕووانی نمسار دەگەڵ شنە بایەکدا ، کە لە باگیرەکەوە دێتە ژوورەوە گیانم فێنک و خاو دەکاتەوە . عەلی لە سەر گلیمەکە پان دەبێتەوە و پاڵ بە سەرینەکەوە دەدا . پیاوەکەی خورشید کولاە ، لە سەر کەشکەژنۆکانی دێتەپێشەوە و وافورەکە ( ئامرازی تلیاک کێشان ) لە کەنار مەقەڵییەکە هەڵدەگرێت و گەرمی دەکات . تلیاکەکە ئامادە دەکات و دەیداتە دەست عەلی . خورشید کولاە ، خەڵوزەکان دەگەشێنێتەوە و قۆرییەکە لەپاڵ ئاگرەکە

دادەنێ . کراسێکی دەڵب و تەنکی لەبەرە کە قۆڵەکانی کورتە . ڕەنگی کراسەکەی شینە و لە ڕەنگی خۆی کە گەنمڕەنگە دێت . پیاوەکەی خورشید کولاە ڕدێنی تاشیوە و سەری شۆردووە و شانە کردووە . قژە ڕەش وپڕەکەی تێکرژاوە .

خورشید کولاە ، چای تێدەکات و لەبەردەم عەلی دادەنا ، عەلی پاڵ دەداتەوە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و هێدی هێدی و قوم قوم چایەکە دەخواتەوە .

کاتێ خەریک بووین لە گەراجەکەوە دەهاتینە دەرێ کە بێین بۆ باغی عەدنانی ، یارۆی شوفێری جەهرومی لە بەر دەرگای گەراجەکە پێشی گرتبووین و گوتبووی .

- نازانم چ حیز دایکێک بە ئانقەست سەڵیبەکەی وێران کردووە .

پێم گوتبوو :- کەس گلاراوی نییە ئەوە بکات !

گوتبووی :- بەهەزار حاڵ کردمەوە . شکاوییەکەی تازەیە . تەنانەت یەک تۆزقاڵ خۆڵی پێوە نییە .

و پاشان ، پیی لێداگرتبووین کە لە گەڵیا بگەڕێینەوە بۆ گەراجەکە تا سەڵیبی گاردنەکەمان نیشان بدات .

- بۆ ئاغای ساز بکە .

خورشید کولاهە کە بە مێردەکەی دەڵێت تا تلیاکم بۆساز بکات . خۆ دەدەم بە سەر ئەژنۆی پیاوەکەی خورشید کولاە و نەفەسێک دەکێشم .

- ئافەرین ! ...

پیاوەکەی (خورشید کولاە)ە کە ژێراو ژێر تەمەشام دەکات و لە سەری دەڕوات .

- بێ چاوێنی بی نەفەست بۆ شیرە باشە !

پێدەکەنێت و ددانە بێ پووکەکانی بەدیاردەکەون . کە نەفەسی دوایی لەوافوورەکە دەدەم ، بۆچەند ساتێک دووکەڵەکەی لە سییەکانمدا گل دەدەمەوە و پاشان بە ئارامی دەری دەدەمەوە . خورشید کولاە ، پیاڵەیەک چام لە بەردەمدا دادەنێت و بزە دەکات . لێوە ئەستوورەکانی تەڕە . ئێژی زمانی بەلێویا هێناوە .

دەنگی عەلی دەژنەوم . هەر لەگەڵ یەکەم "بەست" دا دەنگی نزم و گڕ بووە .

- مەبەستی چی بوو ؟

نازانم باسی کێ دەکات . پێی دەڵێم .

دەڵێت :-ةئەو شوفێرە جەهرومیە دەڵێم .

خەریکە بیر لە شوفێرە جەهرومیەکە دەکاتەوە . بیر وحەواسی من لای نایب زابت ڕەوحی و عەریف شیرازییە .

- ها ؟ ... پێتوایە مەبەستی چی بوو ؟

- خۆت دەزانی ... یەکێک سەڵیبەکەی شکاندووە .

تەمەشای دەکەم و بەئەسپایی دەڵێم :- نازانم . هەروا بەدەمیا هاتووە ! کەسی دەست نەکەوتووە ، بۆیە بەئێمە دەڵێ .

عەلی ، دێتە پێشێ و وافوورەکە لە پیاوەکەی خورشید کولاە وەردەگرێت . بەکاوەخۆ خجڵی وافوورەکە دەبێت و بە شێنەیی دەیکێشێت . کە دووکەڵەکە دەردەداتەوە دەپرسێت :- مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمە تۆمەتبار بکات ؟

- چما گومانت لە خۆت هەیە ؟!

کە بەستی (برِی ئەو تلیاکەی کە لە کەرِەتێکا دەکێشرێ) سێیەم دەکێشم ئێدی ناتوانم چاو هەڵێنم ، پاڵدەدەمەوە و دەبیرەوە دەچم . پیاوەکەی خورشید کولاە خەریکە تلیاک دەکێشێت. جیرِەجیرِی وافوورەکە ، بێدەنگی و سێبەری ژوورەکە قورستر و خەوئاوەرتر دەکات . بیری نایب زابت ڕەوحی لە زەینم دەرناچێت ، عەریف شیرازیم لە بنی نەدیتووە . لە چاە مسلم نایب زابت ڕەوحیم ناسی. لە یەکەم ساتەوە چووە دڵمەوە . دەم وچاوە درێژکۆلەکەی ، کەپووە باریکەکەی و سیما و ڕوخساری خۆش حاڵەتی چوو بووە دڵمەوە . شەو و ڕۆژێک میوانی بووم . عەسر کە هەوا فێنک بووبوو و لە قەرەوڵخانەکە وەدەرکەوتبووین ، قۆڵی بە قۆڵما کردبوو و بێئەوەی هەستی پێبکەم ، بەرەو کەناری نەخڵستانێکی دوور لە قەرەوڵخانەکەی بردبووم . دەتگووت بەئانقەست ئەمەی کردبوو . تاچەند ساتێک بە تەنیا پێکەوەبین ، هەنووکە کە بیر دەکەمەوە و هەنووکە کە نایب زابت رەوحی دەستگیر کراوە ، مەبەست و مانای هەموو قسە و کارەکانی ئەو ڕۆژەیم بۆ دەردەکەوێ .

دەستی نایب زابت پێشبینی لە قەرەوڵخانەکە گرتبوو .

- بەقوربانی دەستت بم پێشبین ، ئەم ڕاپۆرە پاکنووس بکە تا لەگەڵ خۆتا بیبەی !

به شوفێرەکەی گوتبوو کە واشەری لۆکسەکە و پەرەمێزەکە بگۆڕێت و بیانخاتە ئیش.

– نازانم بۆچی پەمپی هیچیان باش کار ناکات .

بایەکە ، گەمەی بە سەر چڵی دارخورماکان دەکرد و بەئارامی پوش و خاشاکی کەنار باخی خورماکەی بەسەر عاردیدا ڕادەماڵی .

– خەبەر و باس ؟

بەجۆرێ قسە وپرسیاری دەکرد ، کە باسی گیراوەکان ، ئیعدامەکان ، ئەشکەنجە و ئازار و باسی هێرشی فەرماندارى سوپایی بکەم .

– لە لەشکری دووی زرێپۆشیش بوویت ؟

شتەکانم لام سەرلایی گوتبوو و لە کۆڵ خۆم کردبووەوە . ئێستا بیردەکەمەوە ، بۆیە ئەوەندە قسەکانی ژێرو ژوور دەکرد تا بەڕاشکاوی قسەی بۆبکەم .

– هەموو شتێکیان لە ڕۆژناماندا بڵاو کردووەتەوە .

پشتی بە ساقەتەی دار خورمایەکەوە دابوو و جگەرەیەکی داگیرساندبوو و بە سەرسامی تەمەشای کردبووم .

– ڕۆژنامان ؟! ... من دەمەوێ لە زمانی تۆی بژنەوم .

ڕەنگە ئەگەر ئەو ڕۆژە هەموو شتێکم پێ گوتبووایە ، ڕۆیی باو و هەنووکە لە گرتووخانەی سەربازگەکە نەبوایە .

– هی دیکە ناکێشی ؟

پیاوەکەی خورشید کولاهە کە دەپرسێت . تلیاکەکەی گەرم کردووە و پوختاندوویەتی و وافوورەکەی بۆم درێژ کردووە .

عەلی لە فکران ڕاچووە . خورشید کولاە وافوورەکەی لێوەردەگرێت و دەیداتە دەستم . سینییە تەنەکەکەی پیاڵەکان لە بەردەمم دادەنێت تا پزیسکی ئاگرەکە نەکەوێتە سەر گلیم وپەڵاسەکە . تامەزرۆیانە بە ئیشتیهاوە دووکەڵەکە هەڵدەمژم و تابنەبانی سینەم قووتی دەدەم . لە شم کەوتووەتە خروو . سیپەلاکم ڕاحەت بووە . هەناسەم خاو و ئارامە . گیانم سووک بووە ، خەیاڵ بووم . پیاوەکەی خورشید کولاە بەژنەکەی دەڵێت کە هەستێت و دوو سەتڵ ئاو بە دڕووەکانی ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا بکات . تەواو تینوومە . شەربەکە هەڵدەگرم و یەکبین

دەینەم بەسەرەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە وافوورەکە کۆک دەکات و لە سەر کەشکەژنۆکانی بەرەولای عەلی دەکشێ کە پاڵی بەدیوارەکەوە داوە و چاوانی ناونەتە سەریەک .

عەلی ، سەری لووتی دەخورێنێ و چاوانی دەکاتەوە .

– ئاوی سارد نییە ؟

شەربەکەی بۆ درێژ دەکەم ، سەرینەکە هەڵدەگرم و هەڵدەستم و دەچم لەو سەری ژوورەکە ڕادەکشێم . پشتم هەست بەڕەقی ئەرزەکە ناکات ، ئێژی عەلیش ڕاکشاوە و خورشید کولاە و پیاوەکەی لە ژوورەکە وەدەرکەوتوون ، تا ئێمە ئیسراحەت بکەین . چاوم لە کاریتە قاوەییەکانی مێچەکەیە . دەنگی چەرخی بیرەکە بەرزدەبێتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، بیست وچوار سەعات لە نەخڵستانەکەدا گیانەهاری (ڕەنج دان) دەکات . دەبێ هەموو نەخڵستانەکە بە ئاوی بیرەکە ئاوبدات . بەیانیان ، بەر لە خۆر کەوتن بەدیار بیرەکەوەیە تانزیکی نیوەڕۆ ، ئێوارەش هەرکە هەوافێنک ببێ هەمان کاردەکات .

دەنگی چەرخی بیرەکە دێت . ئێژی سەرم ئاوساوە . ڕیزی کاریتەکانی میچەکە ئەوەندە بەرزە لە تۆ وایە دەست نایگاتێ . تەواو خەیاڵ بووم ، هێندە هێمن و ئارامم کە گوێم لە هیچ دەردێکی بێ دەرمان نییە . بەرگەی هەر دەردەێکی بێ دەرمان دەگرم . هەرچی تاڕێکی و ئاڵۆزییەک هەیە لە زەینمدا دەقی خۆیان وەرگرتووەتەوەو هەموار بوون . تلیاکەکە بەتەواوەتی خاوی کردوومەتەوە . هەناسە کێشانم ئارامە . زەوق لە دەنگی یەکنەوا و یەکهاوی خۆم ، کە لە پرخەی ئارامی گورپەیەکی خەواڵوو دەچێت ، دەبینم . وەکو دەنگی چەرخی بیرەکە بەلامەوە ئاشنایە . لە دەنگی وشکی دەرگا ئاسنەکەی گەرماوەکەی سەربازگە و قشڵەی لە شکری دووی زرێپۆش دەچێت . کە دەنگی ئەنجامە و نەرمادە ژەنگنەکانی دەرگای حەمامە وێرانەکە کاتێ کە دەکرایەوە ، بەرز دەبووەوە ، هەموو بێدەنگ دەبووین و گوێمان هەڵدەخست و چاوەڕوانمان دەکرد .

نیوەی مانگی شەهریوەر بوو کە لە سەرەتای شەوەوە هەڵیاندابووینە ناو گەرماوەکەوەو دەرگایان لە سەر داخستبووین و لەبەر دەرگادا ڕەشاشیان داچەقاندبوو و لە سەربان پاسەوان و ئێشکگریان دانا بوو . زۆربەی شەوەکان ، وەختێک شەو لە نیوە دەبووری ، دەرگای حەمامەکە دەکرایەوە . دەنگی خەمناک و ئازارمەندی نەرمادە ژەنگنەکان ڕایدەچڵەکاندین و لەخەو بێداری دەکردینەوە . لە هەوەڵەوە چپەچپ و سرتە و ورتەورت بوو و دەنگی پێ بوو و پاشان ، هەرا و هەنگامە دەستی پێکرد .

– بڵێ ، قسە بکە ، گیانی خۆت ئاسوودە بکە .

جارێ بێدەنگی بوو و جارێ دەنگی تێکشکاوی کەسێک بوو ، بە ئارامی لە گەروویەوە هەڵدەستا .

- هیچ شتێک نازانم !

- دەزانی !

- نە !

- عینادی مەکە !

- گوتم نازانم .

- ئەگەر فیلیش بی شاخت دەشکێنم !

- ئەگەر بمزانییبایە ...

- دەزانیت !

- نازانم !

- هاوڕێکانت ئیعترافیان کردووە !

- من هیچ هاوڕێیەکم نییە .

هەناسەمان لە خۆدەبڕی و گوێمان دەنا بە درزی دەرگاکەوەو گوێمان لە قسەکان دەگرت .

لە هەوەڵەوە قسەکان ئارام بوو ، هیچ پەلە و هاوار و زبرییەکیان تیانەبوو .

هەموومان لە پشت دەرگای ساردی حەمامەکە کۆدەبووینەوە .

- ئەگەر ڕوو بە ڕووت بکەمەوە چی ؟

هەندێجار بێدەنگی بوو .

- ها ؟ ... گوتم چۆنە ئەگەر لە گەڵ هاوڕێکانتدا ڕوو بە ڕووت بکەمەوە ؟

هەندێجار بەرخۆدان بوو .

- ناتەوێ قسە بکەی ؟

هەندێجار نکۆڵی و حاشاکردن بوو .

- چۆن بزانم ئەوکەسەی کەمنی ڕوو بە ڕوو دەکەیتەوە لە خۆتان نییە ؟

یەکسەر هاواری بازجۆیەکە بەرزدەبووەوە :- کەبێ شەرم و حەیای !

پاشان بۆ چەند ساتێکی کورت قسەکان دەبڕان . دەتگوت دەنگی فیتوو دەهات ، عەینی فیشکاندنی ماری تووڕە . عەینی شەلاقی تەل کە بە هەشتاو بەرزبێتەوە و بێتەخوارەوە . دەنگی فیتوو ئاسای شەلاقەکە و ناڵەی خەفەی پیاوێک کە لە ژێر شەلاقەکەدا لوولی دەخوارد ، تێکەڵاو دەبوو . پاشان ، بەرە بەرە ، هانکە هانکی بەرزی کابرای شەلاخکار ، تێکەڵاوی ناڵەکان و فیتووی شەلاخەکە دەبوو .

شەوی پێنجەم یان شەشەمە . تازە شاممان خواردووە . پڵاو بە نیسکی ساردەوەبوو دەگەڵ چەند خورمایەکی خووساودا . کەمال نانی کردووە بە هەویر و خۆشەی کردووە و هەڵی هێناوە وخەریکە داشی شەترەنج دروست دەکات . عەتا ، سەری قامکەکانی کردوون بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا و پیاسە وڕاوێچکە دەکات . لە دەوری یەکدی دانیشتووین ، لە گەرمەی قسەکردنداین کە لە ناکاوا دەرگای بێنەو ساردی حەمامەکە دەکرێتەوە و عەریف ساقی ، دەگەڵ دوو سەربازدا دێتە ژوورەوە . کەمال فریاناکەوێ داشەکانی شەترەنجەکە کۆبکاتەوە . عەریف ساقی ، بە لینگە دڕێژەکانیەوە دێتەپێشەوە ، دادەنەوێتەوە و بێئەوەی چ قسەیەک بکات بە ناو لەپ کە لە بێڵچەی باخەوانی دەچێت ، داشە هەویرینەکانی شەترەنجەکە کۆدەکاتەوە و لە ناو دەستیا پان وپلیشیان دەکاتەوە و هەر بەوحاڵەوە داشەکان دەکێشێت بە تەپڵی سەری کەمالدا و دەڵێت :- چما ئێرە قومارخانەیە ؟

ئەوسا قامکە گەورەکانی دەخاتە ژێر بازووی کەمال و لە ئەرزەکەی هەڵدەستێنێ و بەرەو دەرگای ساردی حەمامەکەی دەڵەک دەدا .

- تۆ ... لەوێ !

کەمال لە پاڵ دەرگاکە ڕادەوەستێ و بەنیگای سڵ وڕەڤۆکەوە تەمەشای یەک بەیەکمان دەکات . کەمال ڕەش داگەڕاوە و چاوە درشتەکانی خێرا خێرا دەتروکێن .

عەریف ساقی ، دوای ئەوەی کە کەمال دەڵەک دەدات ، بەرەو لای مە دێت ، کە هەموومان هەستاوین و بە تەنیشت یەکەوە ڕیزمان بەستووە . کە دەگاتە یەک هەنگاوی ڕیزەکەمان چەناگە پان و لە پێش وسمێڵە ڕەشەکەی دەجوڵێت :- تۆ ! ...

وچنگ داوێت و ئەوحەد لە ڕیزەکە دەردێنێ و بەرەولای کەمال دەڵەکی دەدات .

- تۆ ! ...

ئەوجا چاو لە دوورِ چاوە ڕەش وپرشنگدارەکانی مەلیک دەبڕێت :- تۆ ! ...

وپاشان ڕەحمەت بە جۆرێ دەڵەک دەدات کە بەسەر ئەژنۆکانیا دەکەوێتە سەر ئەرزەکە .

- تۆ ! ...

لێوە ئەستوورەکانی ستیفن دەلەرزن ، جەعفەر سووری سوور دەبێتەوە .

شوێنی قسەکردن نییە . عەریف ساقی هێندە چەلەنگ وبلەز ، هەرجارەی یەکێک لە کوڕەکان لە ڕیزەکە دێنێتە دەرێ و بەرەو ساردی حەمامەکە دەڵەکی دەدا کە فریا ناکەوین خۆمان گردوکۆ بکەینەوە یان کاردانەوەیەک نیشان بدەین ، نیگای هێندە تووڕە و هەڕەشە ئامێزە کە قسە لە ئەوکمان خەفە دەکات .

- یاڵڵا ... پەتۆکانتان کۆبکەنەوە و دوای من بکەون .

برادەران دێنە پێشەوە تا خواحافیزی بکەن و یەکدی ماچ بکەین لێ عەریف ساقی مۆڵەت نادات .

- مەگەر دەچنە سەفەری قەندەهار ؟ ... یاڵڵا بۆ دەرەوە .

کە دەرکە دادەخرێت ، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشین . دەڕوانمە دەور وبەر ، کازم بە نینۆک ، هەموو زیپکەکانی دەم وچاوی هەڵکەندووە و خوێن ، پەڵە پەڵە ، گۆناکان و هەنیەی پڕکردووە . عەتا ، سەری قامکەکانی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی ناوەو پاڵی بە دیوارەکەوە داوە . ڕەنگی حەسەن زیاتر ڕەش داگەڕاوە . حەسەن ، بێئەوەی چ قسەیەک بکات ، دەکشێتەوەو دادەنیشێت و ئەژنۆکانی لەباوەش دەگرێت . یاقووب ، دادەنەوێتەوە و گزمولە هەویرەکە کە خۆڵاوی بووە هەڵدەگرێتەوە و دەڵێت :- یانی بۆ کوێیان بردن ؟!

هیچ شارەزاییەکمان لەمەڕ سەربازگەکە نییە . لە ڕۆژی یەکەمەوە تا نها ، تەنانەت ڕەنگی دەرەوەمان نەدیوە .

شەوی پێنجەم یا شەشەمە . تازە چاومان گەرمی خەو بووە کە سەر وسەدای کردنەوە و ڤەبوونی دەرگا ئاسنەکە لە نێو حەمامەکە دەنگدەداتەوە . ڕادەپەڕین و لە ناو جێگاکانمان دادەنیشین و گوێ قولاغ دەکەینەوە . دوای تۆزێکی دی ، بەهەمان هەرا وهەنگامەوە ، دەرگای حەمامەکە دادەخرێت . دووبارە بێدەنگی باڵ بە سەر حەمامەکەدا دەکێشێت .

لە ژێر پەتۆیەکان وەدەردەکەوین و بەرەو دەرگای بینەی (سارد) حەمامەکە دەچین . هیچ دەنگێک نایەت . تەنانەت خشەخشی ئەو سیسرک و قالۆنچانەش کە جارجارێ لە ئابخانەکانەوە دێنەدەرەوە ، نایەتە گوێ . زات وەبەر خۆ دەنەم و بە ئەسپایی درزی دەرگای بینەی حەمامەکە دەکەمەوە . شتێک وەکو بوخچەیەکی گەورە لە جاجمێکەوە پێچرابێ لە سەر سەکۆی بینەی (سارد) حەمامەکە کەوتووە . بوخچەکە دەڵێی دەجولێت . کازم لەلامەوە وەستاوە . خەواڵوو دەڵێت :- خەریکە دەجولێتەوە !

یاقووب دەڵێت :- بە ئەقڵی تۆ چی بێ باشە ؟

دنیا ساردە. پاییز زۆر زوو دەستی پێکردووە . کەس لە ساردی حەمامەکەدا نییە . بوخچە خانەخانەکە دەجولێتەوە و کەمێک جێ بەجێ دەبێت . ئەو گلۆپەی کە بە میچەکەوە ئاوێزانە ، ئەوەندە تەپ وتۆزی گرتووە و کزە ، کە ناتوانین هەموو شوێنێکی کەنکەکە (بینە ، سارد) ببینین . پاڵێک بە دەرگای ساردی حەمامەکەوە دەنەم ، دەیکەمەوە و لە سەر نووکی پێ دەچمە ژوورەوە و تەمەشای دەوروبەر دەکەم . کازم و یاقووب لە دوامەوە دێنە ناو بینەکە . عەتا پشت بە چوارچێوەی دەرگاکەوە دەدات . دەرگای ئابخانەکان کراوەتەوەو بۆنی میز هەموو شوێنێکی پڕکردووە . بوخچەکە دەجوولێ . ئێژی ناڵەش دەکات . دەستی کازم دەگرم و پێکڤە ، بە دەوری حەوزە وشکەکەی ناوەندی بینەکەدا دەسووڕێینەوەو لە کەنار سەکۆکە دەوەستین . بۆ چەند ساتێک تەمەشای بوخچەکە دەکەین . ئەوجا سەر دەکەوینەوە سەر سەکۆکە و لە لای بوخچەکەوە چنچک دەدەینەوە . قسە لە ئەوکی کازمدا دەجوولێ :- ئەم پیرەمێردە !

باوەڕ بە خۆمان ناکەین . پیرەمێرد لە جلکی ماڵەوەدا گرمۆڵە بووە . نوێنە خانەخانەکەی چڵکن و پڕلۆچە . ڕدێنە چەرمووەکەی کە چەند ڕۆژێکە نەی تاشیوە ، زبر وچڵکنە . مووە چەرموو و سپیەکەی ، ئالۆزکاوە . برۆکانی عەینی بەفر یەکدەست سپیە . چاوانی پیرەمێرد داخراون و ناڵە لە ئەوکیا گیراوە . تەڵە شقارتەیەک لێدەدەم و ئاگرەکە لەبەر ڕوخساری پیرەمێرد دەگرم . چاوە نمسارەکانی بەزەحمەت دەکاتەوە .

- باوکە ، تۆ کێی ؟

پیرەمێرد هیچ ناڵێت ، تەڵە شقارتەکە دەکوژێتەوە . تەمەشای کازم دەکەم . لێوەکانی کازم سپی هەڵگەڕاون .

- کێی ؟ ...

- بۆ قسە ناکەی ؟

دیسان هیچ نالێت .

چۆک دا دەدەم و پیرەمێردەکە لە باوەش دەگرم . زۆر سووکە . چنگێک پێست و ئێسقانە . پێستی بە سەر ئێسقانیەوە وشک بووە . توانای قسەکردنی نییە . ناڵە لە ئەوکیا شکاوە . دوگمەکانی کراسەکەی پیرەمێرد کراوەن وسینگە ڕەق و تەقەکەی کەوتۆتە دەر . یاقووب کە لە پاینی سەکۆکە وەستاوە ، پیرەمێردەکەم لە دەست وەردەگرێت و بەرەو حەمامەکە دەڕوات . کازم یەک لە پەتۆکان دووقەد دەکات و لە عاردەکەی ڕادەخات تا پیرەمێردەکەی لە سەر بخەوێنین . حەسەن ، هێشتا گێژی خەوە ، پەتۆکەی لادەدات ، هەڵدەستێت و بەرەو ئێمەدێت :- کوڕینە چ باسە ؟

پیرەمێردەکە لە سەر پەتۆکە درێژ دەکەین . دەنکە شقارتەیەک پێدەکەم تاجگەرەیەک داگیرسێنم و بینەمە لا لێوی پیرەمێردەکەوە . چاوم بەناو لەپم دەکەوێ کە لێرەو لەوێ بەخوێن بووە . سەرم دەسووڕمێ :- کوڕینە ، خوێن !

عەتا دەڵێت :- خوێن ؟!

ناو لەپمی پێ نیشان دەدەم . عەتا کراسەکەی پیرەمێرد هەڵدەداتەوە . پێستی وشکی کەمەر وکەفەلی ، لێرەو لەوێ قەڵەشاوە ، سەرانسەری درزی قڵیشەکان خوێنی مەییوە . شقارتەکە سەری قامکەکانم دەسووتێنێ . دەیکوژێنمەوە . حەسەن بە دیار پیرەمێردەکەوە چۆکی داداوە . ددانەکانی چۆقەچۆقیانە . دەنکە شقارتەیەکی دی دادەگیرسێنم تا جگەرەکەم پێبکەم . کاژێرەی(شەویلاگە) حەسەن لە ژێر پێستی گۆناکانییەوە دەجووڵێت . مژێک لە جگەرەکە دەدەم و دەیخەمە بەینی ئەنگوستەکانی پیرەمێردەکەوە . دەستی پیرەمێرد لەرزۆکە . بێحاڵە و داتەکیوە . ناتوانێ جگەرەکە لە لێوی نزیک بکاتەوە . یارمەتی دەدەم . بە تاسە و تامەزرۆییەوە مژی لێدەدات . هەناسەی بواری نادات . کازم ، بە پەتۆ پیرەمێرد دادەپۆشێت . دوا ڕۆژەکانی ئاخر وئۆخری شەهریوەرە . هەوا ساردە . حەمامەکە هەتاوگیر نییە . زەمینە ودیوارەکانی سەرما دەمژن . پیرەمێرد چەند مژێکی پەیتا پەیتا لە جگەرەکە دەدات ودەکەوێتە کۆکەکۆک . یاقووب ، شانەکانی پیرەمێرد دەگرێت و دایدەنیشێنێت . چاوانی پیرەمێرد تەژی ڕوندک دەبن . کۆکە ئامانی نادات . گۆنا سپییەکانی ڕەش دادەگەڕێن . دەمارە وشکەکانی ئەستۆی دەئاوسێن . بەداوێنی کراسەکەی چاوانی دەسڕێت . کۆکەکەی بەری دەدات . بە دەوریا هەڵترووشکاوین و هیچ کارێکمان لە دەست نایەت . سینەی پیرەمێرد دەکەوێتە خیزەخیز . ئێژی یەکێک خەڕاتی دەکات . ئێژی کەسێک کۆتەرە دارێکی وشک بەهەرە دەبڕێتەوە . دەنگی قەبەی یاقووب دەگەڵ خیزەخیزی کابرای پیرەمێردا تێکەڵ دەبێت .

- تۆ کێی بابۆ ؟

لێوەکانی پیرەمێرد دەکەونە بزووتن . گەرەکیە قسەبکات لێ ناتوانێ .

- بۆچی ئەم بەڵایەیان بەسەرت هێناوە ؟

دیسان لێوە بێ خوێنەکانی پیرەمێرد دەبزوون ، لێ زۆر زوو لە جووڵە دەوەستن . جگەرەکە دەنمە لالێوییەوە . مژی لێدەدا . گۆنا وشک و ڕەقەکانی چاڵ دەبن . چاوە نمسارەکانی ڤەدەبن ، دووکەڵەکە قووت دەدات . جگەرەکەی لە دەم دەردێنم .

- ناتەوێ قسەبکەیت ؟

قرخەقرخێک دەکات . قسەکانی پچڕپچڕن . هیچ شتێکمان دەستگیر نابێت . قسە لە قووڵایی گەروویدا گل دەبێتەوە ودەگەڵ بەڵغەمەکەی سینگیدا تێکەڵ دەبێت . هیچ کارێکمان لە دەست نایەت . سەرلەوە دەرناکەین کە بابایەکی پیرەمێردی نەخۆش چی لە دەست دێت کە دەستگیریان کردووە و شەلاقکاریشیان کردووە . تەمەنی لە حەفتاساڵ هێوەترە . پێستی دەم وچاوە چکۆلەکەی ، وشک و پڕ چرچ ولۆچە . لێوەکانی سپی و قەڵەشاوە . ملی ، لە ملی مریشکێکی پیر دەچێت کە پەڕەکانیان لێ هەڵکەندبێ . وشک وچین چینە . دوو دەماری ئەستوور ، گرێ گرێ ، بە درێژایی گەردنیا شین دەچێتەوە .

پیرەمێرد ، بەزەحمەت دەجووڵێت ولاقەکانی گرد وکۆ دەکاتەوە . دەیەوێ دەستەکانی لە دەوری ئەژنۆکانی بئالێنێ . لێوەکانی لە سەر یەکدی دەخزێن و دەکەونە تەتەڵە. قسە ، لە قووڵایی گەروویدا ، دەکەوێتە قرخەقرخ . گوێیەکانم قوت دەکەمەوە . لێی دەپرسم :- لاقەکانت ؟

چاوانی لێک دەنێت . هەردوو لاقی دەگرم . عەینی داری وشکە . بە ئارامی ئێسقانەکانی دەشێلم . ئێژی هەست بە ئارامی دەکات . هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت .

دەنگی کازم لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- ئەگەر قسەی بکردایە ...

پیرەمێرد ، دیسان چاوانی هەڵدێنێ و تەمەشامان دەکات . پتر لە سێ سەعات لەنیوە شەو بووریوە . دەکەوێتە تەقەلا ، لە شوێنی خۆی لوول دەخوات . خیزە خیز و قرخە قرخی سینگی جارێ هێوردەبێ و جارێ بەجۆرێ بەرز دەبێتەوە کە خەریکە بخنکێ . هەنیەی شەلاڵی ئارەقەیە . دلۆپە ئارەقەکان ساردن . هەموو گیانی ساردە .

دەکەوێتە لەرزین . دوو پەتۆی دیکەی پێدا دەدەین . جگەرەیەکی دی دادەگیرسێنم کە بەڵکو چەند مژێکی لێبدات و گەرمی ببێتەوە . دوو کەڵەکە لە گەروویدا دەپەنگێتەوەو دەکەوێتە کۆکەکۆک . ڕەنگی ڕەش دادەگەڕێت . چیوای نەماوە دەمارەکانی ملی بتەقن .

هێشتا کۆکەکەی پیرەمێرد نە هێوری بوو کە دووبارەی دەرگای حەمامەکە ڤەدەبێ . تا دەکەوینەخۆ ، دەرگای بینەکە — کە نیمچەکراوەیە ، دەدرێ بەیەکا و دادەخرێت . لە پشت دەرگا داخراوەکەی بینەکەوە دەنگی پێ دێت . هاتووچۆیەکان لەزوبەزە (زۆرخیرا) دەنگی خرەخڕی شتێک و دەنگی ڕاکێشانی شتێک بە عارديدا ، تێکەڵی یەک بووە . لە ناکاوا ، هاواری خەمناک و ئازارمەندی ژنێک ، وەکو شووشە ، پەردەکانی گوێم دەڕوشێنێ . پیرەمێردەکە وەکو سپرینگ دێتەوە یەک و دادەنیشێت و چاوانی دەکرێنەوە و قسە ، هێواش و نەرم ، دەگەڵ قرخەقرخی سینەدا ، لەگەروویەوە دێتە دەرێ .

– نازی !

حەسەن دەڵێت :– نازی ؟!

پیرەمێرد وەکو زەرِنەقووتە دەلەرزێت . توانای قسەکردنی نییە . لە بن لێوانەوە زەمزەمە دەکات .

– نازەنین ... کیژەکەم ! ... نازی ، دووگیانە !

دیسان هاوار وقیژەی نازی ، دڵم دادەخورپێنێ . پیرەمێرد دەکەوێتە تەقەلا . کوڕەکان (برادەران) بەرەو دەرگاکە هێرش دەهێنن . دەچم بۆلای پیرەمێردەکە و لە باوەشی دەکەم . لە باوەشمدا خاو دەبێتەوەو دادەهێزرێ . قرخەقرخی سینگی نایەڵێ قسە بکات . بەزەحمەت تێدەگەم کەچی دەڵێت .

– دوو ... مانگانە !

سینگی قرخەقرخ دەکات و جووڵەی لێدەبڕێت . ئێژی خەریکە لە خۆ بچێت . بە پاڵ دیوارەکەوە دایدەنیشێنم و پەتۆکە دەدەم بە لاقیا . ئێژی بووراوەتەوە . سەری بە سەر شانیا کەوتووە . دوو پەتۆ لوول دەدەم و دەیخەمە ژێر بەدەنی و بلەز بۆلای دەرگای بینەکە دەڕۆم .

برادەران حەپەساون و بە سەرسامی دەڕواننە یەکدی . لە ناکاوا دەنگی گڕی شەهری ، بێدەنگییەکە دەشڵەقێنێ .

– قە ... قسەبکە ! کێ مێردەکەتی ئاگادار کردەوە کە بڕەڤێ ؟!

له درزی بەینی ئاستانەی دەرگاکە و تاکی دەرگا ئاسنەکەوە ، تەمەشا دەکەم . هیچ شتێک دیارنییە .

- برا سێ بەندیەکەشتی لەگەڵدا بوو ؟ .... پێکڤەبوون ؟

یەک هێڵی ڕووناکی کزی ئەستوونی ، بەپانی دووگرێی قامک ، کە هەندێجار، بە هاتو چۆی شەهری، تاریک دەبێت لەبەر چاومە . دیسان دەنگی ئارام و ئامێرانەی شەهری لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- ئەرێ ؟ ... هەردووکیان بەیەکەوە بوون ؟

لە درزە ئەستوونییەکەی دەرگاکەوە ، هیچ شتێک دیارنییە . دیسان یاقووب دەگرم .

- دەتوانی دەستەکانت تێک ئاڵێنی پێیدا سەربکەوم .

دەنگی پێی عەریف شەهری یەکنەوایە .

- مێردە قورمساغەکەت لە کوێیە ؟

یاقووب قامکی دەستەکانی تێکهەڵدەکێشێت ، خۆم بەرز دەکەمەوە و هەنیەم دەنووسێنم بە کەتیبەی سەر دەرگاکەوە و لە درزی بەینی چوارچێوەکە و کەتیبەکەوە ، تەمەشای ناو بینەکە دەکەم .

ڕوخساری نازی تاریک و ڕوونە . باش دیارنییە ، لە سەر ئەرزەکە دانیشتووە . لاقێکی لە ژێر بەدەنیدایە و لاقی ڕاستی کە ئێژی گۆج بووە ، لەعاردی ڕاکێشاوە . سکی نازەنین ، بە ئاستەم بەرز بووەتەوە و تەنوورەکەی لە ژێر لاقیا گرمۆڵە بووە و ڕانەکانی دیارە . شەهری بەتەنیشت نازەنیندا پیاسە دەکات . چاوە بچکۆلەکانی ، لەبەر ڕووناکییە کزەکەی بینەکەدا ، بە هیچ جۆرێ دیارنین . گۆنا ڕەقەڵەکانی ، سێبەری خستووەتە سەر چەنەی . بە کاوەخۆی دەڕوات و دەگەڕێتەوە و گەمە بە شەلاقەکەی ، کە پێچ وتاو دەخوات ،دەکات . لە پاینی سەکۆکەدا ، لای ڕیزە تەوالێتەکە ، دوو سەرباز ، هەردووکیان دەستەباڵا و چوارشانەن ، پاڵیان بە پایەی تەوالێتەکانەوە داوە . نازێ ، بێ جووڵە دانیشتووە .

شەهری بۆ ساتێک بەدیار نازەنینەوە دەوەستێ . بەدەم بادانی شەلاقەکەوە دەپرسێت :- ها ؟ براکەت لەکوێیە ؟

نازی متەقی لە خۆ بڕیوە . قژە درێژەکەی کە قاوەیی دەنوێنێ ،بەسەر شان و ملیا بەر بووەتەوە. عەریف شهری ددانەکانی بە چیرەوە دەبات و لەبەینی ددانەکانیەوە قسەدەکات :- قە ... ! ... لە گەڵ تۆمە !

نازی زەمزەمە دەکات . دەنگە بێهێزەکەی لە گوێمدا دەگیرسێتەوە :- من هیچ شتێک نازانم .

یەکسەر شەلاقەکە لە حەوادا دەخولێتەوە ، هەوایەکە دەشڵەقێنێ و دادێتەوە ودەچزێت بەشانەکانی نازەنین دا . نازەنین ڕادەچڵەکێ و دەکشێتە دواوەو هێشتا خۆی گردوکۆ نەکردووەتەوە کە دیسان شەلاقەکە دادێتەوە و کراسەکەی نازی لە ناو قەدییەوە تا سەر شانەکانی هەڵدەدرێ . نازی هاوار دەکات . سەربازەکان ، سەربەرز دەکەنەوە و ئەم پێ و ئەوپێ دەکەن . خوێن لە جێی شەلاقەکەوە دەجۆشێ . دەنگی عەریف شەهری لە قووڵایی گەرووییەوە بەرزدەبێتەوە .

- براکەت لە کوێیە ؟

ئەمجارەیان شەلاقەکە لە دەوری شانەکانی نازەنین دەئاڵێ و کۆتاییەکەی لە سەر گۆنای دەگیرسێتەوە . نازی ، بە ئەرزەکەدا غل دەبێتەوە . یاقووب لەجێی خۆی دەجووڵێ . لاقم دەخزێ ، چیوای نەماوە کە بکەوم . یاقووب لە باوەشم دەکات ولای دەرگاکەوە دامدەنێت . لاقەکانم سست بوون . ناتوانم هەستم . سەرم بە دیوارەکەوە دەنەم . بێئەوەی بمەوێ یان حەزم لێبێ ، جگەرەیەک دادەگیرسێنم .

پیرەمێرد ، لە پاڵ دیوارەکەدا بووراوەتەوە .

- قە ... !

دەنگی شەهریە . نازەنین دەناڵێنێ .

- هەر ئێستا بەم سەربازانە دەڵێم پاش و پێشت بکەن بەیەک !

ناڵەی نازەنین کزە . لە ناڵەی پشیلەیەکی زاییوو دەچێت کە چەند ڕۆژێک برسیەتی کێشابێ و بێچووەکانی شیرەکەیان خواردبێ و شیلەی گیانیان مژی بێ .

حەسەن ، دانە کرۆژێ دەکات :- بێ شەرەفانە !

دەنگی یاقووب تووڕەیە :- جەلادی پیاوکوژ !

عەتا وکازم ، لە لای پیرەمێردەکەوە هەڵتروشکاون وشانەکانی دەشێلن . ڕەنگی گەنمڕەنگی حەسەن ڕەش داگەڕاوە . ژێر چاوی یاقووب دەفرێ . هەردووکیان بە دیارمەوە وەستاون . ژنە دەناڵێنێ . شەهری بەدەنگی بەرز دەپەیڤێ . ئێژی بە ئانقەست وادەکات تا گوێم لە قسەکانی ببێت :- تا دەگەڕێمەوە ، بەخزمەتی ئەم قە ... بگەن .

ڕادەچڵەکم . خوێن دەزێتە هەموو ڕوخسارم . لە پڕ لە جێی خۆم هەڵدەستم وهێرش بۆلای دەرگا ئاسنەکە دەبەم . تەوێڵم بەردەگاکە دەکەوێ . دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگای حەمامەکە دێت . حەزدەکەم خۆم بەرزبکەمەوە و سەیری ناو بینەکە بکەم . دەنگی نازی دەژنەوم . دەنگی لە ویزەویز دەچێت . هیچ شتێک لە قسەکانی هەڵناکرێنم . بە هەر هەوڵ و تەقللایەک خۆم بەرزدەکەمەوە و تەمەشا دەکەم . نازی لە ئەرزەکەدا کەوتووە . سەربازەکان ، هەردووکیان ، لە خوار سەکۆکەوە وەستاون و لێویان هەڵقورتاندووە و تەمەشای نازی دەکەن . پیرەمێردەکە لە ژێر پەتۆیەکەدا قانگڵە بووەو دەلەرزێ . سینگی خیزەخیزدەکات . ئەژنۆکانم بەرگەناگرن . دەکەومە پشت دەگاکە ، لە سەر ئەرزەکە هەڵدەتروشکێم . ئێژی چپەچپی سەربازەکان دەژنەوم . لاجانگەکانم دەکەونە پلدان .

ئەگەر سەربازەکان بڕۆنە سەر سەکۆیەکە ، ئەگەر سەربازەکان .... نە ! ... تەنانەت جورئەتی ئەوەم نییە بیریشی لێبکەمەوە . دەبێ لەپشت دەرگاکە دوور بکەومەوە تا گوێم لە چپەچپی سەربازەکانیش نەبێت . دەست بەدیوارەکەوە دەگرم و هەڵدەستم و بە پێ خشکێ دەڕۆم بۆلای پیرەمێردەکە . سینگی پیرەمێردەکە قرخەقرخ دەکات و لە بن لێوانەوە دەبۆڵێنێ . هیچ شتێک لە قسەکانی حاڵی نابم . ئێژی ورپینە دەکات . ئەگەر ڕۆژ ببوایەتەوە ، ئەگەر دوو پیاڵە چای ژەهرەماریان بدابایە ، دەرخواردم دەدا و ڕەنگە گیانێکی وەبەر هاتبایەوە .

بیست وچەند دەقیقەیەک لە سەعات پێنجی سەحەری لایداوە . لە سەعات حەوتدا ، کترییە تەنەکە چایەک هەڵدەدەنە ناو حەمامەکە . هێشتا سەعات ونیوێک پتری ماوە . دادەنیشم ودەست بەشێلانی ماسولکە داهێزراوەکانی لاقی کابرای پیرەمێرد دەکەم . ناڵەی بەرز دەبێتەوە . ئازای لەشی پیرەمێرد سارد بووەتەوە . ئێژی لە جیاتی خوێن ، سەهۆڵاو بە دەمارەکانیا دەڕوات . بەردەوام چاوم لە سەعاتەکەیە . وا وێنا دەکەم کە چایەکە موجیزە و پەرجووی پێیە . وا وێنادەکەم ئەگەر یەک پیاڵە چای گەرم بکەم بەدەمی پیرەمێردەوە ، ئیدی زیندوو دەبێتەوە . هەوای شینباوی بەرەبەیان ، لەشیش بەندی سەربانەوە خۆی بەناو حەمەمەکەدا دەکات و گڵۆپە گەرد گرتووەکانی میچەکە ، لە ڕەنگ و ڕوو دەکەون .

هێشتا پیرەمێردەکە لە باوەشی یاقووبدایە وهێشتا لاقە وشکەکانی پیرەمێرد دەشێلم کە دەرگای حەمامەکە دەکرێتەوە . بەدەم دانیشتنەوە گوێ هەڵدەخەم ت ابەڵکو دەنگەکان بژنەوم . دەنگ ناگاتە کۆتایی حەمامەکە . هەڵدەستم و دەچمە پشت دەرگای بینەکەوە . دەنگی عەریف شەهری لە تووڕەییدا دەلەرزێ .

- بێ غیرەتانە ، نامەردینە !

لە گەڵ سەربازەکانیەتی .

- هەر ئاوا بە دیاریەوە تەمەشاتان کردووە تا گەڕاومەتەوە ؟!

سەربازەکان هەناسەیان لێوە نایەت .

- ماڵ بەم باشییە ! ... یاڵڵا بجوڵێن !

دەنگەکان تێکەڵ دەبن . دەنگی پێ ، دەنگی وشکی ڕشتە زنجیرێک کە بە سەر ئەرزەکەدا بکێش دەکرێ ، تێکەڵاو دەبن .

- وەرە ئێرە !

دەنگی پێی سەربازەکان دێت . وا دیارە بازدەدەنە سەر سەکۆیەکە .

- ئەمە بگرە !

دەنگی عەریف شەهرییە .

- دەستی ڕاست ... بیگرە ! ...

لە ناکاوا قیژەی نازەنین شوێنەکە پڕدەکات . بلەز خۆم بەرز دەکەمەوە . عەریف شەهری ، دەستی نازەنینی بە شێوەی دەسبەن قەپانی گرتووە و خەریکە بە کۆمەکی سەربازەکان ، دەستی چەپی لە سەر شانیەوە بەرزدەکاتەوە تابیگەیەنێتە دەستەکەی تری .

عەریف شەهری ، گوشار دەکات . شانی نازەنین مقاوەمەت دەکات . نازی لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە . ڕوخساری ڕەش داگەڕاوە . چاوەکانی نووقاون و لێوەکانی تووند نیشتوونەتە سەریەک . شانی نازەنین ناچێتە دواوە . شەهری ، دەکشێتەوە و ڕوو بە ڕووی نازەنین دەوەستێ ، بە بنی پۆستاڵەکەی یەک لەقە بە شانی نازەنیندا دەکێشێت . نازی هاوار دەکات . قرچەیەک لە شانی هەڵدەستێت و دەچێتە دواوەوە و مەچەکی دەستی نازەنین ، دەگەڵ دەمی کەلەپچەکەدا جووت دەبێت . ئەژنۆکانم دەکەونە لەرزین . دیسان دەخزێم و دەکەومە سەر ئەرزەکە .

دەنگی عەریف شەهری لە قووڵایی گەروویەوە بەرز دەبێتەوە :- ئێستا دەڵێیت کە مێردە نامەردەکەت لەکوێیە !

نازەنین دەناڵێنێ ، ورتە ورت دەکات . هیچ لە ورتە ورتەکەی هەڵناکرێنم . شەهری بەدەنگی بەرز دەپەیڤێ . ئێژی بە ئانقەست وادەکات تا گوێم لە قسەکانی ببێت .

- درۆ دەکەی !

نوزە نوزی نازی دەژنەوم . دەنگی عەریف شەهری وەکو بەرازی زامدار ، لوول دەخوات .

– بێ ئابڕوو ! ... درۆزن ! ... تا ئێستا لە تۆ قە ... ترم نەدیوە ... .

لە پڕ دەنگی دەتەقێتەوە :– سەنگ !

هەر سەنگێکی بچووک کە دەکرێت بە کەلەپچە قەپانییەکەوە ، بە قورسایی کێوی ئوحد دەبێت . بە جۆرێ گوشار لە پەراسوبەندی سینە دەکات کە ئێسقانەکەی دەتەقێ . ناڵەی نازەنین سات بە سات بەرزتر دەبێت . بەرە بەرە لە ناڵەوە دەبێت بە هاوار . عەینی هاواری ژنێک بەدەم منداڵبوونەوە . لە دوورەوە تەمەشای پیرەمێردەکە دەکەم . ئاگای لەخۆ نییە ، لە هیچ شتێک حاڵی نییە. لەناکاوا ژنەی تاین بە جۆرێ دەقیژێنێ کە هەموومان ڕادەچڵەکین و پاشان ، بێدەنگیەکی قورس ، جێگای هەموو ناڵە وهاوارەکان دەگرێتەوە .

بێدەنگیەکە ، زۆر زوو تێدەپەڕێ . دووبارە دەنگی بەرخوردی پۆستاڵی بزمار ڕێژ بە سەر زەمینەی چیمەنتۆی حەمامەکە و هاتوچۆی بەپەلە و دەنگی کردنەوەی دەرگای حەمامەکە و ورتەورت و قسەێن پچڕپچڕ ، تێکەڵی یەک دەبن .

بێدەنگیەکەی نازەنین عەزابم دەدات . نازانم ، لە بینە و ساردی حەمامەکەدا چ دەگوزەرێ . بێتاقەتم . ئێژی ئاگرم کەوتووەتە گیان . خۆم گردوکۆ دەکەمەوەو بەچنگ و ددان سەر دەکەومە سەرەوە ، خۆم بە کەتیبەی سەری دەرگاکەوە هەڵدەواسم و لە درزەکەی سەر دەرگاکەوە تەمەشا دەکەم .

نازەنین لە سەر گازی پشت کەوتووە . قژە قاوەییەکەی بە سەر ئەرزەکەدا پەخش وپەرێشان بووە . ڕەنگی وەکو گەچی مردوو سپی بووە . لێوەکانی دەلەرزن . چاوەکانی ئەبڵەق بوون و بڕاونەتە میچەکە . سکی داقوپاوە و خوێن بە ژێر پایدا دەڕوات . دەستەکانم دەلەرزن ، ئەژنۆکانم سست دەبن، لە سەرەوە دەکەومە خوارەوە . یاقووب بەرەولام هێرش دێنێ .

– چی بووە ؟

توانای قسەکردنم نییە .

کازم دەڵێت :– ئەدی بۆ ڕەنگت بزڕکاوە ؟ ... ڕەنگی مردووت لێنیشتووە !

عەتا ، ژێر باڵم دەگرێت و لە ئەرزەکە بەرزم دەکاتەوە . ئەژنۆکانم هەڵنایەنەوە تا بڕۆم . سست دەبم و لە پاڵ دەرگاکەدا هەڵدەتروشکێم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم .

دەنگی حەسەن لە گوێمدا دەزرنگێتەوە :– بۆ قسەناکەیت ؟

ڕوندک بە گۆشەی چاوەکانما دێتەخوارێ . برادەران بە سەرسامی تەمەشام دەکەن . دەڵێی زات ناکەن خۆیان سەربکەون و تەمەشای بینەکە (ساردی حەمام) بکەن .

هەرا و هەنگامەکە دەبڕێتەوە و دەنگی داخستنی دەرگاکە دێت .

... چی وا لە سەعات حەوتی بەیانی نەبووریوە کە دەرگای حەمامەکە و پاشان دەرگای بینەکە دەکرێتەوە و کتریەکە لە گەڵ چەند کلۆ قەند و دوو نانی شەومەندەدا هەڵدەدەنە ناو حەمامەکە ودەرگای بینەکە بەکراوەیی بەجێ دێڵن و دەڕۆن .

هەڵدەستم تاکترییەکە هەڵبگرم . سەر سەکۆی بینەکە لێرەو لەوێ تەڕە . خوێنەکەیان شتووە و ئاوەکە لەگەڵ پاشماوەی خوێنەکەدا تێکەڵ بووە و لێرەو لەوێ ، خوێناو بەسەر چیمەنتۆکەدا ڕێچکەی بەستووە .

کترییەکە هەڵدەگرم و بۆلای پیرەمێردەکە دەڕۆم . عەتا ، یەکێک لە پەرداخەکان ، لە چا نیوەدەکات و شەکری تێدەکات . یاقوب ، پیرەمێردەکە لە باوەش دەکات و دایدەنیشێنێ . پەرداخە چایەکە لە بەر زاری پیرەمێردەکەدا ڕادەگرم ، کە هاڵاوی چایەکە بەر کەپوو و گۆناکانی دەکەوێ ، بەزەحمەت چاوانی هەڵدێنێ و تەمەشام دەکات . حەمامەکە ڕووناکە . لە کلاو ڕۆژنەی میچەکەوە ، چەند لیزگێکی (تیرۆژ ، تیشکی خۆر) هەتاو داویە لە دیوارەکە . چاوانی پیرەمێردەکە ڕیپۆقیان کردووە . ڕەنگی چاوەکانی شینێکی لێڵە . جۆرە قەدر زانی و منەتبارییەک بە نیگای پیرەمێردەوە دیارە . بیری نازەنین ، بەرم نادات . لەرزینی لێوەکانی ، نیشتووەتە گیانم و دڵم دادەلەرزێنێ . پیرەمێردەکە چایەکە دەخواتەوە ، کە چەند قومێکی پەیتاپەیتا دەخواتەوە ، قرقێنە دەداتەوە و چاوەکانی دەنیشێتە سەریەک . سکی پیرەمێرد دەکەوێتە قوڕەقوڕ . وێدەچێ دوو سێ ڕۆژ بێ کە دەمی بە زەوادەوە نەدابێ . ڕێخۆڵەکانی وشک و بەتاڵە .

پیرەمێرد هەناسە دەدات و بەئەسپایی دێتە قسان :- نازەنین بوو ؟

بێئەوەی هیچ بڵێم ، نانە بەیاتەکە ( شەومەنە ، شەو بەسارە ) لەچایەکەدا دەخوسێنمەوە ودەیکەمە دەمییەوە .

- نازی بوو ؟

نانەکە لە ئەوکی پیرەمێردا دەگیرێ . پەرداخە چایەکە لە زاری نزیک دەکەمەوە . پیرەمێرد بە دوو قووم چای دەبوژێتەوە . پارۆکە قووت دەدات و دیسان دەپرسێت :- دەنگی نایەت ... لە کوێیە ؟

یاقووب ، قسەی بەسەرا دێنێ :- هەواڵی کوڕەکەت دەزانی ؟

لە ناکاوا ، نیگای پیرەمێرد ، بە هەموو بێتاقەتییەکی خۆیەوە ، جۆرە سەرزەنشتێک دەگرێتەخۆ ، لە جووینی نانەکە دەوەستێ ، لێوەکانی توووند دەنیشێتە سەر یەک . دڵنیا دەبم کە ئەگەر هەڵێکی لە کوڕەکەی و یا زاواکەشیەوە هەبوایە ، نەیدەگوت . ورەم بەرزدەبێتەوە . نازانم بۆچی نیگای پیرەمێرد ئارامی بەگیانم دەدا . ئێژی خۆی ئامادە کردووە و ئێستا کە کار گەییوەتە ئەم حاڵە ، تەحەمووڵی هەر دەرد و ئازارێکی بەلاوە ئاسانە . دیسان پەرداخە چایەکە لە دەمی نزیک دەخەمەوە . قوم قوم چایەکە دەخوات و چەند پارووە نانێک دەخوات ، جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دەیدەمە دەستی . لە گەڵ یەکەم مژدا دەکەوێتە کۆکە . کە کۆکەکەی تەواو دەبێت ، پشت بە دیوارەکەوە دەدا . جگەرەکەی لە دەست وەردەگرم . چاوانی پیرەمێرد قورس دەبێت . هەوا ساردە . ناو حەمامەکە ساردە . پەتۆیەکە لە ژێر چەناگەی ڕادەکێشم . ئێژی خەریکە خەوی لێدەکەوێ .

یاقووب ، دەچێتە سووچێکەوە و نانەکە لە چایەکەدا دەخوسێنێتەوە و هەویر دروست دەکات و هەڵیدێنێ و دەست بە دروست کردنی داشی شەترەنج دەکات . حەسەن و عەتا ڕادەکشێن . کازم ، لە چەند شوێنێکەوە زیپکەکانی دەم و چاوی تەقاندووە . لە لای پیرەمێردەکەوە دادەنیشێت و پاڵدەداتەوەو پەتۆکە دەدات بە لاقیا . دەنگی کردنەوەی دەرگاکە دێت . یاقووب داشەکانی شەترەنجەکە دەشارێتەوە . سەرو سەکوتی عەریف ساقی پەیدا دەبێت ، کە یەکڕاست بەرەلای پیرەمێردەکە دێت و بەنووکی پێ دەژەنێت بە قەبرغەیدا .

- ڕابە پیرەمێرد !

پیرەمێرد تازە چاوی گەرم بووە . لە بن لێوانەوە دەڵێم :- نەخۆشە !

ساقی ، لە سەر پاژنەی پێ، نیمچە وەرچەرخانێک وەردەچەرخێ و ڕوو بە ڕووم دەوەستێ . خوێن چاوە درشتەکانی عەریف ساقی گرتووە . چەناگە پانەکەی ، لێوە ئەستوورەکانی و سمێڵە ڕەشەکەی ، هەر هەموویان پێکەوە دەجوڵێن :- گوتت نەخۆشە ؟

سەر دەلەقێنم .

دەنگی عەریف ساقی لە قووڵایی گەروویەوە هەڵدەستێ .

- چما تۆ بەیتاڵی (دکتۆری کەران) کوڕی باش ؟!

هێشتا دەمم هەڵنەهێناوە کە چوار قامکی لە سەر گۆنام خەتم دەبێت و ئاگر لە چاوم دەردەپەڕێ .

- تا ئەمەت لەبیر بێ و چیتر لەم لاپرەسەنیانە ( فزوولی ، کونجکاوی ) نەکەی !

پیرەمێرد دەستەکانی دەنێتە عاردی و هەڵدەستێ . ئازای ئەندامی دەلەرزێ . عەتا ، دادەنەوێتەوە کە ژێر باڵی پیرەمێرد بگرێت . لەقەی عەریف ساقی لە ژێر بازووی عەتادا دەگیرسێتەوە و هاواری لێ هەڵدەستێ .

– لاکەوە ، کەودەن !

پیرەمێرد ، دەست بە دیوارەکەوە دەگرێت و هەوڵدەدات کە هەستێ . ساقی مۆڵەتی نادات . چنگ دێنێ وپشت ملی دەگرێت، لە ئەرزەکە بەرزی دەکاتەوە و عەینی کەمتیارێک کە مرداری ئاسکێکی بە ددان گرتبێ ، دەکەوێتەڕێ و لە گەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت .

کە عەریف ساقی دەڕوات ، عەریف خەفەری حەمامەکە دێت .

– یاڵڵا ... بۆ دەرەوە .

باوەڕمان نایەت . بەحەپەساوی تەمەشای دەکەین . عەریف خەفەر دێتە قسە .

– بۆچی حەپەساون ؟! ... دەی بجوڵێن . دە دەقیقە هەواخۆری !

ئێژی دنیایان داوینەتێ .

ڕۆژی شەشەم یان حەوتەمە . لەو ساتەوە کە تووڕیان داوینەتە ناو حەمامەکەوە هێشتا ڕەنگی دەرەوەمان نەبینیوە . کە دەرگای حەمامەکە دەکرێتەوە ، تیشکی هەتاوەکە چاوم دەخاتە ڕێشکە و پێشکە . هەوا هەڵدەمژم . گیانم دەکەوێتە مێرووله . دنیا سافە ، هەواکەی فێنکە . هەتاوەکە لەگیان خۆشە .

چەند سەربازێکی چەکدار ، لەبەر دەرگای حەمامەکە ، بەدەم چاوەڕوانیەوە ڕیزیان بەستووە . عەریف خەفەر، لە پێشمانەوە دەکەوێتەڕێ و بۆپشتی حەمامەکە پێچ دەکاتەوە و دەڵێت :– لێرە ... تەنیا دە دەقیقە !

تەمەشای سەعاتەکەی دەکات . سەربازەکان ، کەمێ لەولاترەوە ، لاقیان لێکدی بڵاودەگرن و قۆناغی تفەنگەکانیان لەسەر نووکی پۆستاڵەکانیان دادەنەن و وەکو بت دەوەستن .

هەتاوەکە کە لێم دەدات ، سەرما نمسارەکە لە گیانم دەردەکات . لەزەتێکی سەیر لە ژێر پێستەکەمەوە دەتریوێنێ و خاوم دەکاتەوە . چەند ساتێک دەگەڵ برادەراندا پیاسە دەکەم و پاشان ، حەزدەکەم ڕوو لە خۆرەکە دانیشم و پشت بە دیوارە گەرمەکەوە بدەم و لاقەکانم ڕابکێشم . گەرمای دیوارە چیمەنتۆکە ، پشتم دێنێتە خروو . ئیدی سەردەنێم بە دیوارەکەوەو تەمەشای بەرانبەرم دەکەم . کەمێک دوورتر لە خەوگاکانەوە ، دەستەیەک سەرباز

تفەنگەکانیان چاتمە کردووەو وەرزش دەکەن . بە دەستە چەپدا ، یەک ڕیز درەختی تەوریزی ، تاداوێنی گردەکە ڕۆییوە .

هەموو شوێنەکانم بۆ ئاشنایە . لە دەستە ڕاستدا ، کە چاوم بە دیوارە درێژەکەی مەیدانی تیرەندازی دەکەوێت ، ئیدی بۆم دەردەکەوێت کە لە کوێم . جارەهای جار ، لەم مەیدانەدا مەشق وڕاهێنانی تیرەندازیم کردووە . چوار دیوارێکی گەورەیە بە درێژایی سەد گەز و پانییەکی کەمتر لە درێژییەکە ، لە گەڵ دەرگایەکی گەورەی ناهەموار و نیشانەی گوللە کە لەقەد دیوارەکەی بەرانبەر ، هەڵواسراون . دەنیشانە یا دوازدە دانەیە ، بەباشی لە بیرم نییە .

سەربازەکان ، بێئەوەی بجووڵێن ، لە بەرانبەرمان وەستاون . لەو ڕۆژەوە کە گرتوویانین تا ئێستا ، هیچ سەربازێک زاتی نەکردووە قسەمان دەگەڵدا بکات . نازانم چییان بە گوێدا دەخوێنن کە وەکو دوژمنی جەنگی سەیرمان دەکەن . سەربازەکان ، وەکو پەیکەر ، لوولەی تفەنگەکانیان توند گرتووە و چاو ناترووکێنن . سستی و بێتاقەتی گیانی پڕکردووم . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . کە مژی یەکەمی لێدەدەم ، ئازام سارد دەبێتەوە . سەرم بەگێژەوە دەچێت . لە ناو لاقی ئەو سەربازەوە کە ڕوو بە ڕووم وەستاوە ، ڕیزی تفەنگە هەڵپەسێردراوەکان دیارە . سەربازەکان ، کەمێک لەولاترەوە وەرزش دەکەن . تفەنگەکان لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا ، دەڵێی لەجێی خۆیاندا دەجوڵێن . کورت و درێژ دەبنەوە . هەفتەیەک پترە هەتاو بەرگیانم نەکەوتووە ، هەرچی ماندوویەتی وکوتران ، سستی و سەرما هەیە بەرەبەرە لە گیانم دەردەچێ . چاوانم دەنمە سەریەک و سەرم بە دیوارەکەوە دەنەم . هەموو دەنگەکان گۆنگ و تێکەڵاوە . هەندێجار دەنگی کەسێک کە ئێژی فەرمان دەدات ، لە ناو جەرگەی دەنگە گۆنگەکانەوە ڕێی خۆی دەکاتەوەو لە سەرانسەری مەیدانەکەدا دەگەڕێ و دەنگ دەداتەوە . لە پشت تەپەکانەوە ، دەنگی شەیپوور دێت . دەنگەکە جارێ نزم دەبێت وجارێ بەرز دەبێتەوەو هەموو گۆڕەپانەکە پڕدەکات .

ڤینگەڤینگی تەیارەیەکی پەروانەداری چکۆلە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە . دەنگی تەیارەکە نزیکە . ئێستا جگەلە دەنگی تەیارەکە هیچی دیکە ناژنەوم . دەڵیی بە سەر سەرمەوە دەسووڕێتەوە . هەتاو ، بەجۆرێ خاوی کردوومەتەوە کە ڤینگەڤینگی تەیارەکە لە لایلایە دەچێت . دەنگی تەیارەکە نزیک دەبێتەوە . دەنگی ڤەبوونی دەرگا دێت . دەنگی نەرمادە و دەنگی سووڕانەوەی دەرگاکە لە سەر پاژنەکەی . چاوانم هەڵدێنم . تەکانێ دەدەم و ڕۆدەنیشم ، عەلی ، لە بنی ژوورەکەدا ڕاکشاوە . خورشید کولاە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاوە و سێبەرەکەی کەوتووەتە سەر گلیمەکە . هێشتا دەنگی تەیارەکە دێت . هەڵدەستم . دەڕۆم بۆلای دەرگای ژوورەکە . خورشید کولاە ، لە سەر ڕێگاکەم لادەکەوێ . تەمەشای ئاسمان دەکەم . فڕۆکە پەروانەدارەکە (هەلیکۆپتەر) بەرزدەبێتەوە . چاوەکانم هەڵدەگلۆفم و تەمەشای خورشید کولاە دەکەم . بزە دەکات . چاوە زەردەکانی بۆساتێکی ڕەوتەنی دەگەشێنەوە .

قژەکەی گڤ بووەتەوە . مەچەکی دەگرم . هیچ ناڵێت . عەلی تەکانێک دەدات . خورشید کولاە ، دەستی لە چنگم دەردێنێ و دەڕوات ودەڵێت :- بابڕۆم چایەکت بۆ بێنم .

عەلی لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێ . بلوز وکڵاوەکەی بەدەستەوە گرتووە . پێکەوە دەڕۆین و لەقەراخ حەوزەکە دادەنیشین و چای دەخۆینەوە . گەرمای هەتاو نیشتووەتەوە ، بەڵام هەوای شێدار سەنگینە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشێت .

عەلی ، خۆی ڕووت دەکاتەوە و لە سەر تاتێکی ساف کە لەناو جۆگە ئاوەکەدایە ، دانیشتووە و چەند بادیە ئاوێک بەسەر و لەشیا دەکات و ڕوو دەکاتە من :- بۆ خۆت ڕووت ناکەیتەوە ؟

شەرم لە خورشید کولاە دەکەم . لە قەراخ حەوزەکە دانیشتووە و چای دەخواتەوە . هیچ هەواڵێک لە پەستیەکەی لای نیوەڕۆی عەلییەوە نییە . بە دەماخ و کەیفی قنچە . تلیاک و عەسرەخەو و ئاوی فێنک بە تەواوەتی بووژاندوویەتیەوە .

هەتاوەکە ، هەڵکشاوە بۆ سەر کاکۆڵی تۆز گرتووی دار خورماکان ، کە کاتێ لە باخی عەدنانی وەدەر دەکەوین . موەلیدەی کارەبا بەدەم فسەفسەوە دەکەوێتەکار . جێبەکەی مێجەر عاسی ، لەبەر موەلیدەکەدا وەستاوە . کنگرۆ ، شوفێرەکەی مێجەرعاسی ، بە قالبێ سەهۆڵەوە کە لە گۆنی ناوە وبەشانیەوە گرتووە ، لای موەلیدەکەوە دێتە دەرێ . کە دەمانبینێ ، بانگمان دەکات . سەهۆڵەکە دەخاتە ناو جێبەکە و بەدەنگی بەرز دەڵێت :

- نا ... نا ... نایب زابت ڕەوحی و شی شی شیرازیان ... بە ... بە بەبەبە ، بە تەیارە برد .

ڕێنەکەوت نایب زابت ڕەوحی بدینم . خۆزگە دەمتوانی بە هەر شێووەیەک بووە خەبەر بە ژنەکەی بدەم . جێبەکەی مێجەر ، بە تیژی بۆی دەردەچێت .

- کنگرو ؟ ... پە !

عەدنانی ، پیرەمێردێکی نەوەت ساڵەیە کە هێشتا ددانەکانی سپی و یەک دەستن ، سەر دەلەقێنێ و دەڵێت :

- کنگرو ؟ ... شوفێر نییە ، فڕۆکە چییە !

تەپ وتۆز لە دوای جێبەکەی کنگرۆوە بەرزدەبێتەوە . عەلی دەبۆڵێنێ :- نەحلەت لەبابت بۆ خۆت ولێخوڕینت !

بەرەو پشتە دەڕۆین . شوفێرە جەهرومیەکە ، لەو سەری شارا سەرگەردانە ، شەلاڵی ئارەقەیە . یەخەی بلوزەکەی کردووەتەوە و بەکڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکات . دەڵێی لە گەرما کلافە بووە .

- کێوە دەڕۆن .

- پشتە .

- پشتە لە کوێیە ؟

یەکەمجارە کە هاتووەتە بەندەر لەنگە . بەگەڵمان دەکەوێ . دەڵێت کە نامەی داوە بە فرۆکەوانەکە تا بیدات بە فەرماندەی سریەی میکانیکی تیپی جەهروم تا سەڵیبی گاردنی بۆ بنێرێ .

- خودا دەزانێ دەبێ چەند ڕۆژی دیکە لەم وێرانەیەدا چاوەڕێ بکەم . پیاو دیق دەکات !

ددانە سپییەکانی بە دیار دەکەون و هەژدەر هەژدەر قسە دەکات .

- ئێوە چۆن ئیدارە دەکەن ؟ ... بە دوو سەعات هەر هەمووی گەڕام. دوو چاخانەی هەیە یەک لە یەک پەرپووتتر . دوو نانەواخانەی هەیە و سی وحەوت موغازەی هەیە کە لە ڕۆژنامەفرۆشییەوە تا عارەق فرۆشی دەگرێتەوە ، کە هەر هەموویان دەکاتە سی و حەوت دانە کە یازدە دانەیان ماسیفرۆشییە .

بەقسەکانیا وادەر دەکەوێ کە هەموو شوێنەکان گەڕاوە .

- دەمویست گا وگۆتاڵەکان بژمێرم بەڵام نەمتوانی . ئاخر لە هەموو شوێنێک بەرەڵڵان . پیاو چۆن بزانێ کەئەم چێلە هەمان ئەو چێلە نییە کە لە کۆڵانەکەی دیدابوو .

دەست بە قژە ئامال زەردەکەیدا دێنێ و ڕوو دەکاتە من :- ئەدی پشتە چییە ؟

پێی دەڵێم چاخانەیە . وەکو ئەوەی دەگەڵ خۆیدا بدوێت ، دەڵێت :- کەواتە چاخانەکان بوون بە سێ دانە .

ئەوسا تەمەشام دەکات ودەپرسێت :- قە ... خانەکەی لە کوێیە ؟

عەلی ، ژێراوژێر تەمەشای دەکات . سیمای عەلی بە ئاشکرا هاوار دەکات کە لە شوفێرە جەهرومیەکە پەست وبێزارە .

- ها ؟ ... نەتگوت قە ... خانەکەی لە کوێیە .

بۆ ئەوەی دەمکوتی بکەم پێی دەڵێم :– وازبێنە بابە ، ئێرە ... قە ... خانەی لە کوێ بوو !

تەریق نابێتەوە :– پیف ! ... قە ... خانەی لەکوێ بوو ؟!

دەستی لە حەوادا بادەدات و لە سەری دەڕوات .

– سەیری ئەمە ... تەڵڵا ... شەریفە ... ئەمانە قە ... نین ؟

عەلی ، دەهری دەبێت . هەڵوەستەیەک دەکات و ڕوو بە ڕووی شوفێرە جەهرومیەکە دەوەستێ ودەڵێت :

– برۆ بەلای کاری خۆتەوە !

سەفا ڕادەچڵەکێ :– بەلای کارمەوە ؟!

دەکشێتەوە :– زۆر باشە ، ئەمە شەڕی ناوێ !

ڕێی خۆی جیادەکاتەوە و هەنگاوەکانی خاودەکاتەوە و لە دوای ئێمەوە ، پێ بەپێی ئێمە دێت .

کە دەگەینە پشتە ، ئاهەن ، خەریکە خەڵووز لە مەقەڵی گۆشت برژانەکە دەکات .

دنیا خەریکە تاریک دەبێت . ئاهەن نەوت بە خەڵووزەکەدا دەکات و شقارتەی لێدەدا . گڕی ئاگرەکە لە تاریکیە کاڵەکەی ئێواریدا ، خۆشڕەنگە . لە سەر تەختەکە دادەنیشم . عەلی ، بەدیار سەندووقە سەهۆڵەکەوە وەستاوە . شوفێرە جەهرومیەکە کە دەڵێی تەریق بووەتەوە ، دەڕوات و لە سەر دوورترین تەخت دادەنیشێت . ئەنوەر مەشدی و گەیلان پەیدا دەبن .

– یا ئەڵڵا ( سڵاو ) .

هەردووکیان بۆلای عەلی دەڕۆن . ئاهەن ، لۆکسەکان پێدەکات . گڕی ئاگرەکە ئامال شین دەبێت . لە سەر پشتەوە هەموو بەندەر دیارە . ناو بە ناو ، لێرەو لەوێ ، فانۆسان لە سەر بانەکان ، بە کۆڵەکەیەکی دارینەوە هەڵواسراون . لە هەندێ شوێندا ، تاک وتەرا لۆکسیش بەدی دەکرێت . عەلی دوو شیش گۆشت لە سەندووقە سەهۆڵەکە دەردێنێ و دەیخاتە سەر ئاگرەکە و ئەوجا نیوقاپ عەرەق ، یەک تاسولکە ماست ، نانێک ، دوو پیاڵەی بەتاڵ ، خوێدان و بیبەردان دەخاتە سەر سینییەکی تەنەکە و دێ بۆلای من .

– ماسی ناخۆی ؟

ماسیم لەبەرچاو کەوتووە . ماسی برژاو ، ماسی سوورەوەکراو ، قەلی ماسی ، مەخلەمەی ماسی ، مەهیوە ، ماسی سوێر ...

- نە !

دادەنیشێت و سەری بوتڵەکە دەکاتەوە .

شوفێرە جەهرومیەکە ، هەڵدەستێت و دەچێتە سەر سەندووقە سەهۆڵەکە . ئاهەن پێشی دەگرێت .

- چیت دەوێ ؟

- چیت هەیە ؟

ئاهەن ، هەمیشە پەستە . چارەی داوە بەیەکا .

- هیچم نییە !

شوفێرە جەهرومیەکە دەحەپەسێ . ئاماژە بۆ عەلی دەکات وبەدەم مینگە مینگەوە دەڵێت :

- ئەدی ئەوە ... چی بوو کە ...

ئاهەن بەگژ دەمیادەچێتەوە :- ئەوە عەرەق بوو !

دەنگی شوفێرە جەهرومیەکە نزمە :-زۆر چاکە . منیش عەرەقم دەوێ !

ئاهەن ، سەری سەندووقەکە هەڵدەداتەوە . چەند شیشێک گۆشتی خاو لە سەر قاڵبە سەهۆڵەکان هەڵدەگرێت و بە شوفێرە جەهرومیەکە دەڵێت :- برۆ لە جێی خۆت دانیشە تابۆتی بێنم .

سەفا خەریکە خوای نامێنێ . ڕەنگە سپیەکەی تاریک دەبێت . بۆ چەند ساتێک خیسە لە ئاهەن دەکات و ئەوجا تفێک دەکاتە عاردی و سەر دەلەقێنێ و بەئەسپایی دەڕوات و لە جێگاکەی خۆی دادەنیشێت .

غوڵامی ماسیفرۆش دێت بە سەرا . ئاهەن باوەشێنە حەسیریەکەی کەنار مەقەڵیەکە هەڵدەگرێت وشیشە تکەکان باوەشێن دەکات .

مرادی خەریکە لە پایینی پشتەوە بۆسەرێ هەڵدەگەڕێ . مەمدۆی لە گەڵدا نییە . بۆنی گۆشتی برژاو وبۆنی چەوری سووتاو بڵاودەبێتەوە . کە گۆشتەکان دەبرژێن ، ئاهەن باوەشێنەکە لە لای مەقەڵیەکەوە دادەنێت و چنگێک

سەوزی تازە کە لە پەڕۆیەکی تەڕەوە پێچراوە ، لە ناو سەندووقەکە دەردێنێ و چەند گەڵا ڕێحانەیەک و سێ چوار تووری نوقڵی (بچووک) لە نێو سەوزەکان جیادەکاتەوە و دەگەڵ دوو شیش تکەدا دەیهێنێ و لەبەر دەممان دایدەنێت ودەڵێت :- هی باخچەکەی خۆمە .

ئەو تۆزە سەوزەیە دەڵێت کە لە بەندەر لەنگەدا ، حوکمی کیمیای هەیە . مرادی پەستە . دیارنییە چ بویەرێک ڕووی داوە . هەبێ ونەبێ مەمدو ئەزیەتی داوە . بەبەر مێزەکەماندا ڕەت دەبێ و سەرێک تەکان دەدات و دەڕوات لە کونجێکی چاخانەکەدا بە تەنیا دادەنیشێت . غوڵام ، لەبەردەم مەقەڵیەکە وەستاوە و یارمەتی ئاهەن دەدات . لە ناکاوا دەنگی شوفێرە جەهرومیەکە بەرز دەبێتەوە .

- ئەهۆی هاپۆ ، ئەگەر ناتوانی بە مشتەریدا ڕابگەی ، دەرگاکەی داخە !

مرادی مل هەڵدەبڕێ . ئاهەن ، سەری سەندووقە سەهۆڵەکە دەداتەوە و بەئارامی دەڵێت :

- هاپۆ لەناو کڵاوەکەتە ! ناتوانین بە مشتەریدا ڕابگەین ، هەستە دەرکی هەمبانەکەت داخە و هەڵێ !

شوفێرە جەهرومیەکە لە سەر تەختەکە هەڵدستێت وبە تەشەرەوە دەڵێت :- چ .... ی بوو ؟

ئاهەن ، دیسان بە ئارامی دەڵێت :- هەر ، ئەوەیە کە گوێت لێبوو !

شوفێرە جەهرومیەکە بەرەو ئاهەن دەڕوات . مرادی هەڵدەستێ وبەردەمی دەگرێت .

- چیە ؟ ... چی بووە ؟

سەفا ، هەژدەر ، هەژدەر قسە دەکات .

- کەس نازانێ خەڵکی ئێرە چۆنن ! لە گەڵ هەرکەسێکدا قسەبکەی هیچ حسابێکت بۆناکات ، حیسابی سەگیشت بۆناکات . دوو دانە سەعاتە داوای یەک چارەک عەرەقم کردووە ، هەر وەکو ئەوەیە بەشەریش نەبم !

مرادی ، قۆڵی سەفا دەگرێت و دایدەنیشێنێ و دەڵێت :- زۆر باشە ، دانیشە من عەرەقت بۆدێنم .

شوفێرەکە دادەنیشێت و دەبۆڵێنێ . مرادی ، ئاهەن بانگ دەکات . ئاهەن بەبێ مەیلی ، نیوقاپ عەرەق هەڵدەپچڕێ و لەگەڵ دوو ئیستکانی وشک و بەتاڵدا لە بەردەم شوفێرە جەهرومیەکەدا دایدەنێت . مرادی پیاڵەکە پڕ دەکات و دەیداتە دەست شوفێرە جەهرومیەکە . دەنگی ناسر تەبعیدی لە پاینی گردەکەوە دێ . دەنگی خۆشە .

( کت خواب مرا مستانە بنداز )

( تو پیچ پیچ ره میخانه بنداز )

که دەگاتە سەرەوە ، دەستی دەخاتە کەمەردانی ، بۆساتێک بەچاوە چکۆلەکانی دەڕوانێتە هەموو لایەک وبەر لەوەی بەرەو لای سەندووقی سەهۆڵەکە بڕوات ، بەدەنگی بەرز دەڵێت :- هەموو پیاون !

پشتە خەریکە قەرەباڵغ دەبێت . سەفا ، چەند پیاڵەیەکی لە سەریەک دەخواتەوە و هەڵدەستێت و پارەکە هەڵدەداتە سەر سەندووقی سەهۆڵەکە ودەڵێت :- زۆر بێ وێڵ و ماریفەتی .

لە پشتەوە دادەگەڕێ . ئاهەن ، تەمەشای دەکات و سەر وەردەگێڕێ و دەلێت :- لا حەولەوەلا !

حەزدەکەم بڕۆم و شەریفە ببینم . دیارە دووبارە جل و پەڵاسەکەی لە هەمان ژوورا ڕاخستووە و چاوەڕوانە کە سەری گاردنەکەی لە جەهرومەوە پێبگات . وێنا دەکەم کە لەوەیە شوفێرە جەهرومیەکە بڕوات بۆلای شەریفە . نیو بوتڵی دووەم چۆڕ بڕ بووە . عەلی بەشی زۆری خواردەوە . ئێژی خەریکە مەست دەبێت . ئاهەن بانگ دەکات .

- یەک نیو قاپی دی !

تەمەشای دەکەم . بیرم دەخوێنێتەوە . دێتە قسان .

- زۆر باشە زۆر باشە ... پیاو دەبێت عەرەق بخوات نەک عەرق پیاو بخوات ... زۆر باشە بابە ... دەزانم !

نیو بوتڵەکە لە دەست ئاهەن وەردەگرێت و سەرەکەی دەکاتەوەو هەر بەسەری شووشەکە یەک دوو قۆم بەسەرەوە دەنێ و نیو پیاڵە تێدەکات و بۆمنی درێژ دەکات :- بگرە ... وەکو تەرزەیە !

گەیلان ، لە گەڵ غوڵامی ماسیفرۆش و ئەنوەر مەشدیدا لە بەرانبەرمان دانیشتووە . ئەنوەر مەشدی ، لەوکاتەوە کە هاتووە ، ژێراوژێر تەمەشای مرادی دەکات .

- کەس تەبیعەتی مەمدو ناناسێت . من گەورەم کردووە . دەماری لە دەستی مندایە !

مرادی وەکو کەر عەرەق دەخواتەوە . بەپەرداخ دەخواتەوە ، دیارە دڵی پڕە . گومانی تیانییە کە مەمدو سەری کردۆتە سەری .

دوگمەکانی بلوزەکەی کردوونەتەوە و خاڵەکانی سەر سینگی بەدیار کەوتوون .

عەلی هەڵدەستێ ، نیو بوتڵەکەی لە دەست وەردەگرم . گەیلان دەپرسێت :- بۆ کوێ ؟

عەلی ، مەستە . بە خاوە خاو دەڕوات بۆلای گەیلان .

- بۆ کوێ ؟ ... دەبێ بڕۆم بۆ کنگ !

ڕوو دەکاتە من :- دەبێ بڕۆم بۆ کنگ ... وانیە ؟

سەر دەلەقێنم . دەپرسێت :- سەعات چەندە ؟

دە پازدە دەقیقە لە دە لایداوە .

- پۆستی سێیەمم . لە نیوەشەو بە دواوە .

و دەکەوێتەڕێ . دووی دەکەوم . ڕووناکی لۆکسەکانی چاخانەکە تا پاینی گردەکە شۆڕ بووەتەوە . عەلی ، لە ناوقەدی سەرولێژگەی گردەکەدا دەوەستێ .

- بە ئەقڵی تۆ شوفێرە جەهرومیەکە بۆ کوێ چوو ؟

تەمەشای دەکەم .

- ها ؟ ... پێتوایە بۆکوێ چووە ؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم .

- هێندە سەرخۆش بوو خۆی بەپێوە نەدەگرت . ڕۆیی بخەوێ !

دەکەوێتە ڕێ و بە پچرپچری دەڵێت :- خۆشیم بەو ... چاوە سەوزانەیدا ... نایەت !

ڕووناکی لۆکسەکانی چاخانەکە تەواو دەبێت .

- زۆریش بە ناز ونوزە !

ئێستا تاریکییە . شەلاڵی ئارەقەم . عەلی پێی هەڵدەکەوێ و بەسەرا بەرەو ئەرز دەبێتەوە . بە حەواوە دەیگرمەوە . دەوەستێ ، دەستەکانی دەخاتە سەر شانم و دەڵێت :- سەرخۆشم ؟

- نا !

چاوەکانی ، لە تاریکیەکەدا دەدرەوشێنەوە .

- ئەگەر مەست نیم ، کەواتە ... ئەو بوتڵەم بدەیە .

نیو بوتڵە عەرەقەکەی دەدەمە دەست . ئەگەر نەیدەمێ ، دەچێ بەچەقی نەحلەتا . گریم لە پێ کەوت . دەیکەمە کۆڵم و دەیبەمەوە بۆ ماڵ و دەیخەوێنم . هەر بەدەمی بوتڵەکە دوو قوم دەخواتەوە . بە پشتی دەستی زاری دەسڕێت و تفێک دەکات و دەڵێت :- بڕۆین بۆ ڕەخی دەریا !

- ئەدی ناچی بۆ کنگ ؟

- گوێی مەدەیە ... درەنگ نابێ !

دەکەوینەڕێ ، هەردوو بێدەنگ بووین . بەلای پەرژینی باخی عەدنانیدا دەگوزەرێین . سەر دەکێشمە ناو باخەکە . خورشید کولاە و پیاوەکەی لە هەیوانەکەدا دانیشتوون . فانۆسەکە لە لای مەقەڵیەکەوەیە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، خەریکە تلیاک دەکێشێت . سەگەکە لە پاینی هەیوانەکە نووستووە و دەم وقەپۆزی ناوەتە سەر دەستەکانی . خورشید کولاە ، بە شتێکەوە سەرقاڵە . لەوە دەچێ خەریکی ئەوەبێ لێواری سەبەتەیەک لەپارچە بگرێت . لە قەراخ قەبرستانەکەوە ڕەتدەبین ، دەنگی کوندێک دێت . دەنگی باڵندە دێت . کۆتایی گۆڕستانەکە ، لمەڵانەکەی کەنار دەریایە . چیوای بۆ قەراخ ئاوەکە نەماوە . دەریا ئارامە . دەنگی ئاوەکە دەگەڵ دەنگی گونگ و تێکەڵ وپێکەڵی شەودا تێکەڵ بووە . ستێران لە ناو دەریاکەدا عەکس بوونەتەوە . عەلی ، لە سەر لمەڵانەکە ڕاکشاوە و تەمەشای ئاسمانی زەڵاڵ و نیلی دەکات . هەموو شوێنی  تاریکە . ستێران لە تاریکیدا وەکو ئەڵماسی شکاو دەدرەوشێنەوە . هیچ بەلەمێک بەسەر دەریاوە نییە . دنیا بەم سافی و بەم ئارامییە ، چۆنە کە ماسیگرەکان خۆیان بە دەریادا نەداوە .

دەنگی عەدنانی ، پیرەمێردی نەوەد ساڵە کە هێشتا پشتی نەچەمیوە و وەکو دیرەک (کۆڵەکە) بەژن وباڵا ڕاست وبەرزە ، لە گوێمدایە :- هەوای ساف ؟ هەوای ساف و ئارام ؟

دەستە سپی و پیرەکانی دەخاتە پشت سەری و چاوە ماندووەکانی چکۆلە دەکاتەوە و دەڵێت :

- هەوای ساف ؟ .. دەبێ عومرێک دەگەڵ دەریادا بژیت تا بیناسیت . تابۆنی بکەیت وبڵێت کەی هەڵدەستێ ! ... نە ! ... فریوی ئەم هەوا زەڵاڵە مەخۆ !

عەلی ، ئارام دێتە بەرچاو . دەستەکانی دەنێتە ژێر سەری وچاوانی دەنوقێنێ . لە تۆ وایە بیر لە شتێک دەکاتەوە

جگەرەیەک دادەگیرسێنم ولای عەلییەوە هەڵدەتروشکێم و تەمەشای دەریا دەکەم . بایەکە زیاتر دەبێت . وردە شەپۆلان دەکەونە سەر دەریا . دەنگی کوند ، ناو بە ناو ، درز دەخاتە تاریکی شەو .

عەلی ، یەکسەر ڕادەبێت :- هەستە .

حەزناکەم هەستم . بە نووکی پا دەکێشێت بە گوزینگی پێمدا .

- هەستە ... ئەگەر خەوت دێ بڕۆ لە ماڵ بخەوە . من دەبێ بڕۆم بۆ کنگ .

ماتەڵ نابێت . دەکەوێتەڕێ . بەناچاری ڕادەبم و شوێنی دەکەوم :- کێوە دەڕۆیی ؟

خۆمی دەگەیەنمێ و قۆڵی دەگرم :- ها ؟ ... کێوە ؟ ...

- پێمگوتیت . دەبێ بڕۆم بۆ کنگ . تۆ بڕۆ لە ماڵەوە بنوو ، خەوت دێ !

لە قەراخ دەریاوە بەرەو سەکۆکانی بەردەم ڕیزە ژوورەکانی کە نار دەریا دەڕوات . لەسەر تەختی چاخانەکە دادەنیشێت و پشت دەدات بە موحەجەرە زبرو قەبە دارینەکانی سەکۆکەوە . چیوای بۆنیوە شەو نەماوە . بایەکە ، کەمێک دەبوژێتەوە . چەند پەڵە هەورێکی ڕەش لەقەراخ دەریاوە هەڵدەکشێن و دێنە سەرەوە . چاخانەکە دایخستووە . دەرگای ژووڕۆچکەکان داخراون . ئێژی ساڵەهایە دەرگایان نەکراوەتەوە . وردە شەپۆلان ، بەکاوەخۆ بەرز دەبنەوە و خۆ بە دیواری قەوزە گرتووی سەکۆیەکەدا دەدەن . دەنگی دەریا ، دەگەڵ گڤەگڤی ئارامی بادا کەخۆی بە دەریادا دەکێشێت ، تێکەڵ بووە . عەلی ، دوگمەکانی بلوزەکەی تا خوارەوە دەکاتەوە و بوتڵەکەم لە دەست وەردەگرێت .

- گەرمیش بووە !

دوو قووم دەخواتەوە و تفی دەکاتەوە :- بەد مەزەبە تامی میز دەدات .

دەکەوێتە کۆکەکۆک . کە کۆکەکەی تەواو دەبێت ، دوو قوومی دیکە دەخواتەوە . شووشە بە تاڵەکە فڕێ دەداتە دەریاکەوە و ڕوو دەکاتە من :- تۆ ناڕۆی بخەوی ؟

ئێژی خەریکە عینادی دەکات .

- تۆ بڕۆ بخەوە و منیش دەڕۆم بۆ کنگ .

بیر لەوە دەکەمەوە کە بڕۆم و سەر لە شەریفە بدەم . هەرچەند نیوەشەوە  بەڵام حەزدەکەم هەرچۆنی بووە بچمە سوراخی . تەمەشای ئاسمان دەکەم . پەڵە هەورێکی پانی ڕەش بەسەر دەریاکەوە لە مۆلەقدایە . هەڵدەستم .

– زۆر چاکە عەلی . من دەڕۆم بخەوم ، بەڵام تۆ ...

قسەکەم دەبڕێت ، دەنگی بەرزە .

– سەد کەڕەتم گوت کە ... دەبێ بڕۆم بۆ کنگ . حاڵی بوویت ؟ ... پۆستی سێیەمم .

لە سەکۆی قەراخ دەریاوە تا ماڵەکەی شەریفە ڕێگەیەکی زۆر نییە . پێکڤە دەکەوینە ڕێ . با ، سووچی حەسیری چەرداخەکەی عەلی دادی هەڵکەندووە . ئەگەر بایەکە کەمێک توندتر ببێت ، حەسیرەکە بە تەواوەتی هەڵدەکەنێ. لە بازاڕی سەرپۆشراودا ، بایەکە لوول دەخوات ودەلورێنێ و تەختەبەندی دەرگای دووکانەکان تەکان دەدات . کە دەگەینە بازاڕی مساح ، عەلی دەوەستێ .

– ئێ ، خواحافیز .

– هەواکەی خراپە عەلی .

– باشە ... باخراپ بێ ... دەڕۆم !

بە پێیان وەڕێ دەکەوێ . شەوانی دیکەش ڕۆییوە . ئەگەر زۆر خاویش بڕوات سەعاتێک پتر نابێت . بایەکە ، تەپ و تۆزی بازاڕی مەساح لوول دەدات و بەرزی دەکاتەوە و دەیکات بەسەرو چاوماندا و دادەمرکێتەوە .

– خودا حافیز .

چەند هەنگاوێک دەڕوات . چەند پشکە بارانێک لە گۆنام دەدات . تەمەشای ئاسمان دەکەم . تاریکە . ئاور دەدەمەوە و تەمەشای عەلی دەکەم . تاریکی تاریکە . بەزەحمەت سێبەر و سایەی عەلی دەبینم کە بە بەر چاخانەکەی ئەنووەر مەشدیدا ڕەتدەبێ . ئوتومبیلەکەی حەسەن گکو لە بەردەم چاخانەکەیە . بارانێکی ورد دادەکات . بۆنی خاکی نمدیدە ، بازاڕی مەساح پڕدەکات . خۆڵ وخاکەکە دەنیشێت . بایەکە ، لە جم وجۆڵ دەکەوێ . نها چاوم بڕ ناکات کە عەلی لە تاریکیەکەدا بدینم . بلەز پێچ دەکەمەوە و لە پشت دووکانەکەی غولامی ماسیفرۆشەوە بەرەو گۆلاوی ڕودباریان دەڕۆم . باران سەروچاوم تەڕدەکات . بە دەوری گۆلاوەکەدا دەسوڕێمەوە . دەنگی پێ دەژنەوم . ڕادەوەستم وتەمەشای دەور وبورم دەکەم . تاریکستانە . دەنگی پێیەکە دەبڕێت . دەگەڕێمەوە تا قەراخ گۆلاوەکە . کەس دیارنییە . بە دەوری گۆلاوەکەدا دەسووڕێمەوە . خەیاڵ بەرم دەدا . هەستدەکەم کە یەکێک تاقیبم

دەکات . گوێ قوڵاخ دەکەم . هیچ دەنگێک نییە . باران خۆشدەکاتەوە . نەرمە بایەک خۆی بە کۆڵانەکەدا دەکات . بایەکە ساردە . ئاسمان تاریکە . ئەگەر بەباشی ببارێت لافاو هەڵدەستێ . بە هێواشی دەکەومە رێ . دەگەمە زارکی کۆڵانەکە . زۆرم بۆ ماڵەکەی شەریفە نەماوە بە تەپە خۆڵەکەی بەر ماڵەکەی شەریفەدا هەڵدەگەڕێم ، ڕادەوەستم و تەمەشای دەور وبەرم دەکەم . شەریفە لە هەیوانەکەدا نووستووە . پڵیتەی فانۆسەکەی کزکردووە و لە سەرووی سەریەوە دایناوە . گۆزەکە لە قەراخ هەیوانەکەیە . سەرە حەسیرەکەی گۆزەکە کەوتووە و تاپای فانۆسەکە غل بووەتەوە . لە تەپە خۆڵەکەوە دادەگەڕێم و بەرەو هەیوانەکە دەڕۆم . هێشتا نەگەیی بوومە پلەکانی هەیوانەکە کە شەریفە دادەنیشێت :- ئەمە تۆیی ؟!

سەرم دەسوڕمێ :- چما بێداری ؟

- لە نیوەڕۆوە چاوەڕێتم !

لە پلەکانەوە سەردەکەوم و لە لای جێگاکەیەوە دادەنیشم . فانۆسەکە ڕادەکێشێتە پێشەوە و پڵیتەکەی بەرز دەکاتەوە . بایەکە ، گەمە بە پڵیتەکە دەکات . ژێر چاوانی شەریفە کە لە چاوی ئاسکە دەچن ، هەڵماسیوە . نیگای بە غەمە .

- لە نیوەڕۆوە چاوەڕوانتم !

- چاوەڕوانی من ؟

ئاهێک هەڵدەکێشێت .

- دڵم تەنگە !

لێی نزیک دەبمەوە .

- بۆچی ؟

-ئەو مێردەکە هات دەرم کرد .

- کام مێردەک ؟

- چووزانم ئەوەی کە چاوی شینە .

شوفێرە جەهرومیەکە دەڵێت ، لەوە نیگەرانە کە کامیونەکە خراپ بووە و نەیتوانیوە لە لەنگە بڕوات .

- بینیت ؟! ... بەخت و یەغباڵی منت بینی ؟!

گۆنام ماچ دەکات . لێوەکانی گەرمن .

- زەحمەتە ئیدی بتوانم دڵ دابنەم ! ... پێم بەجەرگی خۆمانا تا توانیم خۆم ڕازی بکەم کە لە تۆ دوور بکەومەوە ..

گوێ لە قسەکانی شەریفە دەگرم و دەڕوانمە چاوەکانی .

- ... دەمزانی کە تەحەمووڵ ناکەم ... بەڵام ئەگەر ڕۆیشتبام ، ئیدی ڕۆیشتبووم ! بەڵام ئێستا ئیدی نا ! ... ئێستا زەحمەتە !

ئێژی خەیاڵاتی بووم . ئێژی دەنگی پێ دەژنەوم .

- گوێت لێیە ؟

- لەچی ؟

- دەنگی پێ .

- نە !

نیگام دەکات . چاوەکانی بۆ چەند ساتێک پرشنگ دەدەن . دەڵێت :- دەنگی پێ بوو ؟

دەمەوێ هەستم و بڕۆم تەمەشای کۆڵان بکەم . دەستم دەگرێت :- بۆ کوێ ؟

- تائێرە ... بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم .

دەستم بەرنادات :- خەیاڵاتی بوویت ! ... دانیشە !

- وازبێنە با تەمەشایەک بکەم .

پاڕانەوە بە قسەکانیەوە دیارە :- دانیشە ، بۆ هیچ شوێنێک مەڕۆ ... ئەمشەو لای من بە !

ماڵەکە ، لە چاو ڕۆژ زۆر جیاوازە . بە ڕۆژەوە هیچ ترس و سامێکی نییە ، لێ هەنووکە کە هەموو شوێنێک تاریکە ، ئێژی ترس باڵی بەسەر هەموو شوێنێکەوە کێشاوە و ماڵەکەی لە هەمێزگرتووە . بیر لەوە دەکەمەوە کە شەریفە

چۆن بە تەنیا لەم خەرابەیەدا دەنوێ . جورئەتێکی سەیری هەیە . هیچ ئارەزوویەکم نییە ، زەرپەیەک هەوەسم نییە ، دەڵێی شەریفەم لاوە دانەنیشتووە .

- ناخەوی ؟

حەزم لێیە بخەوم . حەزدەکەم دڵ بەقسەکانی بدەم . ئێژی ترساوە . واهەست دەکەم ، حەزدەکەم لەلای ئەو بمێنمەوە تا نەترسێت . گوێ لە قسەکانی دەگرم . تارۆژ دەبێتەوە لەلای وەمێنم . دیسان دەپرسێت .

- ناخەوی ؟

- نا .

دەجولێت ، خۆی بەملمدا ئاوێزان دەکات و لێوەکانی لە بەر چاومدا ڕادەگرێت و دەڵێت :- باشە ، کەوایە کارێک بکە !

لاجانگەکانی لە نێو هەردوو دەستم دەگرم و دەڕوانمە چاوەکانی . دیسان دەڵێت :- هەستم چای لێبنەم ؟

چاوە ڕەشەکانی دەدرەوشێنەوە .

- نا ، دانیشە !

- عەرەقم نییە بۆت بێنم . با بەلای کەمەوە چایەک لێبنەم .

- عەرەقم خواردووە .

خۆی بە سینگمەوە دەقرسێنێ و دەڵێت :- ئێ باشە چی بکەین ؟ .. هەروا دانیشین و تەمەشای یەکدی بکەین ؟

ئەو نەرمە بایەی کە خاک وخاشاکی ناو حەوشەکە ڕادەدات ، لە ناکاوا تووند دەبێت . وەکو چەقەڵ دەلورێنێ و وەکو مار پێچ دەخوات و سەری بە دیوارەکانی خەرابەکەدا دەکێشێت . تەمەشای ئاسمان دەکەم . هەورێکی ڕەش وەکو قیری ماسیو ، بێ جووڵە ، بەسەر بەندەرەوە لەنگەری گرتووە . بایەکە ، گەرد وتۆزی ناو حەوشەکە هەڵدەگرێت و دەیکات بەسەرو چاوماندا . شەریفە کەنار دەکەوێ و تەمەشای ئاسمان دەکات .

- ئێستا ژان دەگرێ! پێچ بە سکیا دێت .

هەڵدەستێ .

- بابچینە ژوورەوە .

پێخەفەکەی کۆدەکاتەوە . شەربە و فانۆسەکە هەڵدەگرم و دەچمە ناو ژوورەکە . بۆساتێکی ڕەوتەنی بۆنی ماسی و بۆنی تەماکۆی سووتاو کەپووم پڕدەکات و پاشان زۆر زوو پێی ڕادێم . ناو ژوورەکە خەفە وشێدارە .

شەریفە ، نوێنەکە کۆدەکاتەوە و لە سێ کۆنجی ژوورەکەی دادەنێ و دەستم دەگرێت و بۆلای خۆی ڕادەکێشێت . دادەنیشێت و پاڵدەدات بە نوێنەکانەوە .

- کەواتە کارێک بکە !

بایەکە ، تاکەکانی دەرگاکە بە یەکدا دەدات .

- منت خۆش ناوێ ؟

- با ! خۆشم دەوێی .

دەستەکانی لە ملم دەئاڵێنێ . بایەکە ، دەلورێنێ . تاکەکانی دەرگاکە دەکەونە تەق وهوڕ .

- ئەدی بۆچی لە هەمێزم ناگری ؟ بۆچی ڕامناموسی ؟

لە باوشمدا دەلەرزێ . وەکو کچێکی تازە باڵق کە بۆ یەکەمجار لە باوەشی پیاوێکدا بگوشرێ ، دەلەرزێت . ئەوسا ، دەکەوێتە هەنسک هەڵدان و بە پچڕپچڕی قسە دەکات .

- ... دەمویست برەڤم . دەمویست لە دەستی تۆ هەڵێم . حەزناکەم ئەسیری هیچکەسێک بم . دەبوایە بڕۆشتبام . ئێستاش هەر دەڕۆم . بەپێیان دەڕۆم .

دەستەکانی دەنێتە سەرسینگم ودەمداتە دواوە و تەمەشام دەکات . دانەی ڕوندک لە بەینی تۆڕی برژانگەکانیەوە دەدرەوشێتەوە . بۆچەند ساتێک تەمەشام دەکات و پاشان ، لە پڕ ڕامدەکێشێتە باوەشی و گۆنا وگەردنم ماچ وبۆن دەکات . دڵی وەکو دڵی چۆلەکەی ڕەمۆک لێدەدات . لەپڕ ڕەهام دەکات و پاڵدەداتەوەو دەڵێت :- جگەرەت پێیە ؟

ناشیانە مژ لە جگەرەکە دەدات . تەمەشای سێ کونجی ژوورەکە دەکات ودەڵێت :- ئێ ... دەی هەستە بڕۆ !

دەحەپەسێم . بە سەرسامی تەمەشای دەکەم :- بڕۆم ؟ ... بۆ ؟

ئارام نییە بەڵام بەبێ جووڵە تەمەشای سێکونجی ژوورەکە دەکات .

- هیچ . هەروا . برۆ !

- ئاخر بۆچی ؟

- نامەوێ گیرۆدەی هیچکەسێک بم . ناخوازم . هەستە برۆ . یاڵڵا هەستە !

- بەڵام ...

هەڵدەداتێ :- ئیتر بەسە . دەمەوێ بخەوم . لە هەوەڵی شەوەوە تا ئێستا نەخەوتووم . یاڵڵا هەستە .

نیوەجگەرەکە ، لە عاردی ، لە تەنیشت گلیمەکەوە دەکوژێنێتەوە و درێژ دەبێت و سەرسەخت و عیناد ، لێکدا لێدا دەڵێت :- برۆ ! برۆ ! برۆ !

نازانم چیەتی . دەرفەتی قسەکردن نادات . هەرکە دەم هەڵدێنم ، قسەکەم پێدەبڕێ .

- بەسە ئیدی . دەمەوێ بنووم . هەستە برۆ . برۆ !

بایەکە ، تاکەکانی دەرگاکە دەکاتەوە . هەڵدەستم تا دەرگاکە دابخەم . ناگەمە دەرگاکە کە شەریفە دادەنیشێت و دەڵێت :- بەڵام زوو بگەڕێیتەوە !

لە نیوەی ڕێگادا ، ڕادەوەستم :- زوو ؟!

- برۆ ! ... لێ سبەی بەیانی ، زوو وەرە !

کەڵەوەکێشی دەکەم و دەکەومەڕێ . دەنگی دەژنەوم :- خواحافیز !

لە دەرگای ژوورەکە وەدەردەکەوم . هەنیەم شەلاڵی ئارەقەیە . هەور بەری ئاسمانی گرتووە . بایەکە ، هێور بووەتەوە وخستوویەتی ، هەنووکە ، بە ئارامی بە سەر عاردیدا خۆی بکێشدەکات و بۆنی خاکی نمسار بڵاودەکاتەوە . بەلای ئەستێڵی ڕودبارەیەکاندا ڕەتدەبم . هەموو شوێنێک تاریکە . هەموو شتەکان لە زەینمدا تێکەڵ وپێکەڵە . بیری شەریفە و ڕەفتارەکانی کە دەگەڵ هیچ سازێکدا ناگونجێ و هەندێجار وەکو زارۆکان ، گڕوو دەگرێ و بێتاقەت دەبێت ، زەین وخەیاڵی پڕکردووم . چێلەکان لە قەراخ ئەستێلەکە خەوتوون و کاوێژدەکەن . بۆنی باران دێت . دەڕوانمە ئاسمان . تاریکە . شەقامی مەساح تاریکە . لەچەند جێیەک ، لێرەو لەوێ ، بەفاسیڵە و مەودای دوور ، چەند گڵۆپێکی کزی گەردو تۆز گرتوو ، بە ئەستوونی دارەوە گیرساونەتەوە . ئەگەر موەلیدەکە لە کار بکەوێ ، کە هەمیشە شتێکی خراپ بووە ، و ئەم گڵۆپانە بکوژێنەوە ، ئیدی چاوچاو نابینێ . دەنگی دەریا لە دوورەوە دێتە

گوێ . سەگێکی پیر بە دەنگێکی نووساو دەحەپێ و لەپەنا دیوارەکە هەڵدەستێ وشوێنم دەکەوێ و بە درێژایی شەقامی مەساح لە دووم دێت . کە دەگەمە گەراجەکە دیسان بایەکە هەڵدەکاتەوە . سەگەکە ، لەبەر گەراجەکە دەوەستێ . بە دەنگی خەفە وماندوو دەگەفێ و پاشان ، بەرەو باخی عەدنانی دەکەوێتەڕێ . یارۆی شوفێری جەهرومی ، قەرەوێڵە سەفەرییەکەی لە ژێر چەرداخی کامیونەکە داناوە و خۆی ڕووت کردووەتەوە و خەوتووە . دەنگی ڕادیۆکەی عەریف ڕازی کزە . وادیارە هێشتا لە پشتە نەهاتووەتەوە و یا هاتووەتەوە و ملی شکاندووە و نووستووە . نازانم بۆچی حەزدەکەم ئەو کارەی ، کە عەلی گوتوویەتی ، بکەم . حەزدەکەم بڕۆم و قفڵێک لە سەر قفڵی دەرگاکەیەوە لە دەرگاکەی بدەم تا کاتێ لە پشتەوە دێتەوە ، لە پشت دەرگا داخراوەکەوە بمێنێ . بە پلیکانە سواوەکاندا دەچمە سەرەوە . کە دەگەمە ناوقەدی پلیکانەکان ، گوێم لە پرخەپرخی دەبێ . عەریف ڕازی ، لە بەردەم ژوورەکەی ، لە بەلەکۆنەکەدا ، حەسیرێکی ڕاخستووە و وەکو دێو لێی خەوتووە . جەستەی زەلام و ڕەشی لەبەر ڕوناکی فانۆسەکەدا ، کە فتیلەکەی داکێشاوە ، لە گامێش دەچێت . کە هەناسە دەدات ، ورگی وەکو هەنبانە پڕ وخاڵی دەبێتەوە ، بەرز ونزم دەبێتەوە . هەرسێ ڕادیۆکە لە ژوور سەریەوەن ، شەربە ئاوەکەشی لێیە . دەگەڕێمەوە و دەچمە ناو ژوورەکە . چراکە دادەگیرسێنم وخۆم ڕووت دەکەمەوە حەسیرەکە هەڵدەگرم و لە هەیوانەکە ڕایدەخەم . بایەکە توندتر دەبێت . دەلورێنێ . چەند دڵۆپە بارانێکی درشت بەدەم بایەکەوە ، دێتە ناو هەیوانەکە و بەر لەشی ڕووتم دەکەوێ . ئاسمان پیس تاریک تاریک و لێڵ بووە. لە ناکاوا چەند هێڵێکی ڕۆشن ئاسمانی تاریک دادەدڕێ . بۆیەک سات هەموو شوێنێک ڕووناک دەبێتەوە ، وپاشان هەورەتریشقە و تەشبریق وەکو شەست تیر دەتەقێتەوە .

تاکی دەرگا و پەنجەران ، بەیەکدا دەدرێن . بای بەندەر ، شێتیان لەگەڵداتە . لە سەرەتاوە ئارامن . پاشان وردە وردە توند دەبن ولەناکاوا دین و شێت دەبن و زنجیر دەپچڕن و دەریا لە ڕیشەوە هەڵدەکەنن و هاواردەکەن و سەر بە دیواراندا دەکێشن و ئەگەر بارانیان لەگەڵدابێ خەتەر و ترسناک دەبن . پێموایە باشتر وایە لە ناو ژوورەکە بخەوم . پێخەفەکەم کۆدەکەمەوە و دەیبەمە ژوورەوە . دەرگا وپەنجەرەکان توند دادەخەم . خەریکم دوا دەرگاکان دادەخەم و توند دەکەم کە دەنگی شوفێرە جەهرومیەکە دەژنەوم . بایەکە قسەکان لە دەمی دەڕفێنێ و لە حەوشەکە سەرگەردانیان دەکات .

- بۆچی ... هەواکە ... وای لێهات !

هاوار دەکەم تا گوێی لە دەنگم ببێت :- خەریکە دەیکا بە تۆفان و باران !

- دەتوانم ... بێم ... بۆ ژوورەکەی تۆ ؟

- وەرە !

بەرمیلێکی کۆن کە لەسەر کەپری کامیونەکەیە ، غل دەبێتەوەو دەکەوێتە ناو گەراجەکە و وەکو دەستڕێژی ڕەشاش دەنگدەداتەوەو غل دەبێتەوە و تا ئەوپەڕی گەراجەکە دەڕوات و خۆی بە دیوارەکەدا دەکێشێت .

سەفا ، جێگەکەی دەنێتە ژێر باڵی و بە ناو بایەکەدا دێت و تادەگاتە پلیکانی هەیوانەکە . سەردەکەوێت و دێتە ناو ژوورەکە . دەرگاکە دادەخەم . بایەکە بەگڤ و هۆڕ لە باگیرەکەوە خۆی بە ژوورا دەکات . دەنگی عەریف سەفا خەواڵووە :- بۆچی هەواکە بەمجۆرە گۆڕا ؟

بە دەم ڕاخستنی جێگاکەمەوە ، بەرسڤی دەدەمەوە :- بۆچی ناوێ .. ئێرە بەستێنە ... دەریایە !

جێگاکەی ڕادەخات :- دەزانم تا لەم کاولە دەردەچم ، گیانم دەگاتە کونە لووتم .

پێی دەڵێم کە بێدەنگ بێت وبخەوێت . دەڵێت :

- هەمووتان وەکو یەکن . ئەسڵەن ئێرە شاری شێتانە . ئەو نێرەکەرە هەر لەڕێوە ، هەرسێ ڕادیۆکەی کردووەتەوە و خۆشی لە گەڵیاندا گۆرانی دەچڕێ و چەقەنە لێدەدات و بەو ورگە زەلامەیەوە دەڕەقسێ و قوونی بادەدات ...

تۆزێک بێدەنگ دەبێت و لە سەری دەڕوات :- ... یەک تۆزی مابوو ، بەگژیا بچم !

بایەکە کردوویەتی بە ڕۆژی حەشر . دڵۆپە بارانی درشت لە کون و دەلاقەی باگیرەکەوە دێتە ژوورەوە ، باران خرمەخرم سەربانە گڵەکە دەکوتێتەوە . دیسان تەشبریق و هەورە تریشقە دەتەقێتەوە . یارۆی شوفێری جەهرومی جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و لە سەر جێگاکەی دادەنیشێت :- کەش و هەوای شاریش شێتە ! ...

تلێک دەدەم و فەرامۆشی دەکەم .

- ... ئەگەر پێی دەڵێم ئاخر نێرەکە ، ئەم درەنگە شەوە وڕادیۆ ، سێ ڕادیۆش بەجارێ . بەدەست دەکێشێت بە ورگە زەلامەکەیدا و دەڵێت هەبوون سەرچاوەی گەورەییە ...

مژ لە جگەرەکەی دەدات و لە سەری دەڕوات .

- ... ئەگەر پێی دەڵێم ئاخر لەندەهۆر ، تۆ حاڵی دەبی کە سێ ڕادیۆ پێکەوە چی دەخوێنن ؟ ... بە ناو لەپ دەکێشێت بە سینگی خۆیدا و ورگی دەردەپەڕێنێ و قوونی بادەدات و دەڵێت من سێ کەسم ... تەمەشام بکە چەند زەلامم ! ...

عەینی گەلحۆیان قسە دەکات . تۆزێکی مابوو چەکوشەکە هەڵگرم و بڕۆم هەرسێ ڕادیۆکەی وردوخاش بکەم .

پێی دەڵێم :- برا بیبڕەوە ، بخەوە !

دەنگی با و دەریا و باران دێت . بە توندی دەدات لە تاقە گڵێنەکەی ژوورەکە . سەفا گوێ ناگرێت . دیسان قسەدەکات .

- ئەوەش شەریفە ! ... چوومە ئاشقێنی ، بەڵام هەر حیسابی بەشەریشی بۆنەکردم ! ئەسڵەن ڕێگەی نەدام لە پلەکانی هەیوانەکەش سەر بکەوم ، گوتی ئەگەر بێیتە سەرەوە ، بە ددان پارچەپارچەت دەکەم . بە ددان قوڕ قوڕاگەت دەقرتێنم . ئەسڵەن شێتە ! هەمووتان شێتن . هەر هەمووتان .

دەنگم بەرز دەبێتەوە :- بەسە ئیدی پیاو ! بۆخۆت بخەوە .

ئێژی زویر دەبێت . دەنگی دەلەرزێ .

- زۆر چاکە ، دەخەوم !

بێدەنگ دەبێت . دەنگی دەریا زیادی کردووە . بایەکە ژانە سکی گرتووە ، باران شێت بووە . عەریف سەفا ، دیسان بە ئارامی و بە پارێزەوە دێتە قسە .

- ئەرێ تا ئێستا لە کوێ بووی ؟

تاقەتم دەچێ . لە سەر نوێنەکە دادەنیشم و بەبێ مەیلی پێی دەڵێم :

- زۆر قسەدەکەی برادەر ... واز بێنە با بتۆپین ( بخەوین ) .

بێدەنگ دەبێت ، ڕادەکشێم . لە جێی خۆی گینگڵ دەدات . خشەخش دەکات . دوای تۆزێک دادەنیشێت و ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرێت ، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ بە دەنگێکی خەفە دێتە قسە .

- یانی تۆ بڵێی ئەم بایە ساختمانان نەڕوخێنێ ؟!

خەریکە خوام نامێنێ . حەزدەکەم وەناق بگرێ و بیەڵێ لە فکران ڕابچم . پێڵوەکانم دەسووتێنەوە . خەوم نایەت ، بەڵام حەزدەکەم بیر بکەمەوە . ئێژی بە ئانقەست گەرەکییەتی قسەبکات و توورەم بکات . دیسان دەنگی دەژنەوم

- یانی ، تۆ بڵێی ئەم بارانە نارەسەنە تاقی ژوورەکەمان بە سەرا نەڕوخێنێ ؟

چیوای نەماوە هاواری بەسەردا بکەم . خۆم دەگرم وهەڵدەستم و دەڵێم :

- یا بێدەنگ بە یا ئەگەر ناتوانی ، لە ژوورەکە وەدەر بکەوە !

دەنگی لەرزۆکە :- زۆر باشە ... دەنووم ...

دەنگی خەفە دەبێت . جۆرە ڕاستگۆییەک لە قسەکردنەکەیدا هەیە :- .. هاوارم بەسەردا مەکە تۆش ...

لە جێی خۆی گینگڵ دەدات ، بە پچرپچڕی لە سەری دەڕوات .

- ... ئاخر من دەترسم ... لەم دەنگانە دەترسم !

دەحەپەسێم . واقم وڕ دەمێنێ . چراکە هەڵدەگرم و دەچمە نزیکیەوە . فتیلەی چراکە هەڵدەکێشم و تەمەشای دەکەم . ڕەنگی سپی بووە . لێوەکانی دەلەرزن . جۆرە لەرزینێک بە قسەکانیەوە هەیە . پاڕانەوە هەیە .

- ئاخر تۆ نازانی !

ئەژنۆکانی توووند لەباوەش گرتووە .

- من لە منداڵیەوە لە هەورە تریشقە دەترسم . لە تەشبریق دەترسم . لە دەنگی تۆفان ، لە دەنگی با ...

خاودەبمەوە :- بەڕاستتە ؟ ... دەترسیت ؟

ئەژنۆکانی لە باوەشیا دەگوشێ و بە دەنگێکی لەرزۆک دەڵێت :

- خۆ گلاراوم نییە کە درۆ بکەم ! دەترسم ، دەبێ قسە دەگەڵ کەسێکدا بکەم . دەبێ یەکێک هەبێ قسەی دەگەڵدا بکەم ... خۆگلاراوم نییە !

ژێرچاوی ڕاستی دەفرێ . لاجانگەکانی زەرد دەچنەوە . لێوەکانی وەکو کارەبا زەرد هەڵگەڕاون .

- بە ڕاستی دەترسیت سەفا ؟

چانەگەی دەنێتە سەر ئەژنۆکانی :- خۆ گاڵتە ناکەم تۆش !

فانۆسەکە لە سەر ئەرزەکە دادەنەم و لە تەنیشتیەوە دادەنیشم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم .

- زۆرچاکە بابە . لە هەوەڵەوە وات بگوتبایە . زۆر چاکە . ئەوە من لێرەم . قسەبکە . پێکەوە قسەدەکەین .

ئاسوودە دەبێت . سوکنایی دێت . هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت . سەری بەرزدەکاتەوە . لەبەر ڕۆشنایی کزی فانۆسەکەدا ، ڕەنگی چاوانی ، لە ڕەنگی قەوزەی سەوزی چاڵاوەکان دەچێت . قژە ئاماڵ زەردەکەی ئاڵۆزکاوە . تنۆکەی درشتی ئارەقە بە سەر ملی و شانە ڕووتەکەی و سینگە ساف وبێ مووەکەیدا ڕێچکەی بەستووە کە دەبێ هی ترس بێ . باو باران گەرمی دنیایان ڕەواندووەتەوە و هەوا تازە بووەتەوە و بۆنی سارد و فێنکی گڵەبانی سەربان ، لەباگیرەکەوە وەژوور کەوتووەو سەرانسەری ژوورەکەی پڕ کردووە . باران هێشتا دەبارێت . بایەکە هێشتا دەلورێنێ . هێشتا دەنگی دەریا هەر دێت .

– ئێ ، قسەبکە سەفا .

– ئێستا ئەگەر هیچ قسەیەکیش نەکەم خەمم نییە . مادامێکی تۆهەی ، کە دەبینم تۆ بەخەبەری و لەلامەوە دانیشتووی ، ئاسوودەم ، ئیدی ناترسم .

لە پڕ هەورە تریشقەیەک دەتەقێتەوە . سەفا تەکان دەداتە خۆ و بێئەوەی بە دەستی خۆی بێ بەرەو لای من دێت . شانەکانی دەگرم :– مەترسە پیاو !

پێدەکەنێ . بزەکەی مردووە .

– ناترسم !

– ئێ ، بۆم باس بکە . چووی بۆلای شەریفە دای نەکردی ها ؟

دیسان بزەیەک دەکات .

– ئەسڵەن ئەم ژنە شێتە . قەراربوو لە گەڵ خۆمی بەرم ، ئەوە بوو ئەو بەڵایە بە سەر ئوتومبیلەکە هات . تەنیا شەوی یەکەم دایکردم .

بزە دەکات . ددانە ساف و سپی و ڕێک و یەکدەستەکانی بە دیار دەکەون .

– بەڵام عەجەب پارچەیەکە ها ! پیاو باوەڕ ناکات کە لەم کاولەدا شتی وەها پەیدا ببێت . کە لە پشتە ڕۆیشتم لە دڵی خۆدا گوتم بابچم ئەمشەو لای ئەو بەسەر بەرم . بەڵام هەر حیسابی بەشەریشی بۆنەکردم ! نا نەجیبە چاوی ها بەلاوە ها . وەک دەڵێن سەگ لە چاوانیا هەیە . پیاو دەگرێت . بەڵام ئەگەر خۆی نەیەوێ پیاو لە چاوانی دەترسێت . چاوی عەینی چاوی ماری لێدێت ...

بێ وەستان قسەدەكات ، ئێژی چاوەڕوانی ئەوە بوو تاباسی شەریفەی لێبپرسم . ئێژی دەیەوێ بەقسەكردن ، خۆی لە ترس ڕزگار بكات . ڕەقم لە قسەكانی دەبێتەوە . حەزناكەم باسی شەریفە بكات ، بەڵام قسەكانی هێندە بەزەیی ئەنگێز بووە كە ناچار تەحەموولی قسەكانی دەكەم .

- ... دەستی دایە ئاونەی نێرگەلەكە و گوتی خوام لەو خوایە دێیتە سەرەوە . ... گوتم باشە باشە ! ... بۆچی هەڕەشە دەكەی لێدانی بۆچیە ؟ گوتی ئەسڵەن ژێوان بوومەتەوە ، نایەم ! ... بەئەقڵم شتێكیەتی . ئەسڵەن ئەقڵێكی تەواوی نییە . خۆی بەتاقی تەنیا لە ناو ئەو خەرابەیەدا دەنوێت و هەر باكی نییە . پیاو دەترسێت ...

ڕووناكییەكی بە سام دەلاقەكانی باگیرەكە پڕدەكات و گرمەی هەورە تریشقە ، پەنجەرە ودەرگاكان دەهەژێنێ . یارۆی شوفێری جەهرومی بێدەنگ دەبێت . پاشان كە دێتە قسان دەنگی گڕە . گەرووی وشك بووە :- عەرەقت هەیە ؟

ئەو تەنەكە عەرەقەم بیر دەكەوێتەوە كە خۆی لە جەهرومەوە هێناویەتی .

- هەمە .

هەڵدەستم . دوو نیوە پەرداخ لە تەنەكەكە دەردێنم و دەچمەوە بۆلای ئەو و یەكێك لەپەرداخەكانی دەدەمە دەست و پێی دەڵێم :- سەبركە بابزانم شتێك پەیدا دەبێ پێوەی بخۆین .

هەموو تاقچە و دەلاقەكانی ژوورەكە دەگەڕێم . چەند پارچە پەنیرێكی وشك كە زەرد بووە ، لە ناو تاقچەكەدا هەیە . پەنیرەكە هەڵدەگرم و دەڕۆم لە لایەوە دادەنیشم . نیو پەرداخەكە یەكسەری و یەكبین هەڵدەدات و پەنیرەكەی بەسەردا دەكات . ڕوندك دەزێتە چاوانی . دەكەوێتە نزگرە . دەیەوێ بڕشێتەوە .

- بۆچی یەكسەری هەڵتدا ؟

- وا ڕاهاتووم .

درۆ دەكات . بۆیە بەیەك بین خواردییەوە تاترسی بڕەوێتەوە .

- ئەگەر وا ڕاهاتووی بۆچی خەریكە دەڕشێیتەوە ؟

بەر زاری دەگرێت و بە پچڕپچڕی دەڵێت :- ئاخر گەرم بوو .

بۆچەند ساتێک هەناسە لە سینەیدا بەند دەکات . لیکاوەکەی قووت دەدات . حاڵی دێتەوە جێ . تۆزێ پەنیری دی دەخاتە دەمی و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . چونکە عەرەقەکەی یەکسەری خواردووەتەوە ، زوو کاریی دەبێت . دێتە قسان :- بەڵێ ... شەوی یەکەم بەڵام ڕابواردنێکم کرد ، ئەمما ڕابواردن ها !

دەگەڵ شەریفەیەتی .

- نا ڕەسەنە ئێژی سەد دانە ساڵ قە ... یی کردووە . وەکو بەرداش دەسووڕایەوە . عەرەقی دیکە هەیە ؟

پەرداخەکەی خۆمی دەدەمێ :- بگرە .

بە تەمام کە عەرەقەکە بێتەزەینێ و بخەوێت . ئەمجارەیان قوم قوم دەخواتەوە و قسەی بێ سەروبەر دەکات . باسی هەڤخەوی دەگەڵ شەریفەدا دەکات . باسی جەستەو لەش و چاوەکانی دەکات . کە نیو پەرداخی دووەم تەواو دەبێت ، سست دەبێت و ڕادەکشێت .

بیر لەوە دەکەمەوە کە دوو سێ پیاڵەیەک بخۆمەوە ، بەڵکو بتوانم بخەوم . دەچمە سەر تەنەکە عەرەقەکە . پرخەپرخی ئارامی سەفا بەرزدەبێتەوە . نیو پەرداخ تێدەکەم و لە سەر جێگەکەم دادەنیشم و قوم قوم دەخۆمەوە و بیردەکەمەوە . ئەگەر عەلی بەر لە تۆف و بارانەکە گەیی بێتە بەندەر کنگ باشە . سەفا بەجۆرێ خەوتووە کە دەنگی تەشبریقەکە خەبەری ناکاتەوە . کە پەرداخەکە بەتاڵ دەبێت پێڵوی چاوانم دێنەوە یەک . باران توند دەبارێ و بایەکی توند دێت . دەریا لە جیی خۆی هەڵکەندراوە و هارە و شڵپ وهۆڕی، ژوورەکەی پڕکردووە .

بەیانی ، زۆر زوو لە خەو هەڵدەستم . دەرگای ژوورەکە دەکەمەوە . ئاسمان ساف و سایەقەیە . هەوا ئارامە . هێشتا هەتاو گزنگی نەداوە . نەرما بایەکی ساردی دێت . دیوارەکان ، پەرژینەکان و کەپری ( چەتر ) کامیونەکە تەڕە . چاڵەکانی ناو گەراجەکە تەژی ئاون و توێژاڵێک ڕۆنی ڕەش نیشتووەتە سەر ئاوەکە . دیواری گەراجەکە باش شۆراوەتەوە . دەچمە سەر بیرەکە . کەمێک گێژم و دەمم تاڵە . دوو سەتڵ ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشم و دەیکەم بە سەرما . حاڵم دێتەوەجێ . دەنگی شەریفەم لە گوێدایە :- سبەی بەیانی ، زوو وەرە !

بیردەکەمەوە کە بڕۆم بۆ دووکانەکەی عەلی دادی و چاوەڕێ بکەم تا شەریفە بێت نان بکڕێت . جلەکانم لە بەردەکەم . یارۆی شوفێری جەهرومی مەستی خەوە . لە گەراجەکەوە بۆی دەردەچم . بۆنی چڵەدار خورمای نمدار کۆڵانەکەی تەژی کردووە . دار خورماکانی پاڵ پەرژینی باغی عەدنانی بە بارانەکەی شەوێ تەڕ بوون . کۆڵانەکە چۆڵە . تاک وتەرا خەڵکی ، بە بەینی چاڵاوەکاندا ، بە پارێزەوە تێدەپەڕن . دەست بە دیوارە تەڕەکانەوە دەگرن تا

نەخلیسکێن . قوڕ وقوڕاوی کۆڵانەکان تا گوزینگی پێیان دێت . نایب زابت کارگەر ، دەلنگی پانتۆڵەکەی هەڵکردووە و بە پێیان قوڕەکە دەکوتێتەوە و بەرەو گومرک دەڕوات .

– سپێدە باش !

– سپێدە باش !

– عەجەب بارانێ بوو !

لە شەقامی مەساحەوە پێچ دەکەمەوە بۆ ناو بازاڕی سەرپۆشراوە . ئەنوەر مەشدی هێشتا چاخانەکەی نەکردووەتەوە . تەڕەشوع و شێی بارانی شەوێ سەرانسەری بازاڕی سەرپۆشراوی پڕکردووە . چەند کەسێک خەریکن تەختەی دەرگای دووکانەکانیان دەکەنەوە . یەکێک لە دواوە گازم دەکات .

– بەم بەیانی زووە بۆ کوێ ؟

نایب زابت جیهانگیری ، سەرۆکی نووسینگەی فەوجی سنوورییە .

– دەچم نان بسێنم .

جێ ئاوڵەکانی سەر چەناگە درێژەکەی ، لە ژێر تاق و گومەزی بازاڕچەکەدا ڕەش دەچێتەوە .

– ئەگەر دەرفەتت هەبوو بەسەر پێیەکەوە تا سەربازگە وەرە .

دیارە دەبێ هەواڵێکی تازە لە ئارادا بێ ، دەنا نایب زابت جیهانگیر دەزانێت کە دەبێ هەموو ڕۆژێک سەعات دەی سەر لە بەیانی بچم بۆلای خۆی و حوزووری خۆمی پێ ڕابگەیەنم . پێکڤە دەکەوینەڕێ . ناگەمە شانیشی . لێی دەپرسم :– هیچ خەبەرێک هەیە ؟

بەرەولای من دادەنەوێتەوە :– خەبەر نا ... بەڵام وەرە !

پێ دادەگرم ، بەڵام هیچ شتێک ناڵێت .

– پێداگری مەکە . وەرە بۆ سەربازگە ، شتێک لەگەڵ تەیارەکەدا هاتووە . دەمەوێ نیشانتی بدەم .

بە سەرسامی دەپرسم :– چییە ؟

هیچ شتێک ناڵێت . له بازاڕچه‌که وه‌ده‌رده‌که‌وین . که ده‌گه‌ینه دووکانه‌که‌ی عه‌لی دادی پێ سووک ده‌که‌م . نایب زابت جیهانگیر به لینگه درێژه‌کانی به سه‌ر چاڵ وچۆڵه پڕ ئاوه‌کاندا بازده‌دات و دوور ده‌که‌وێته‌وه . دڵم ده‌که‌وێته خه‌ته‌ره . عه‌لی دادی گازم ده‌کات . دووکانه‌که‌ی عه‌لی دادی قه‌ره‌باڵغه . یارمه‌تی ده‌ده‌م . له پشت ده‌غیله‌که‌ی داده‌نیشم و نان ده‌فرۆشم .

– به‌م به‌یانیه زووه ؟

عه‌لی دادییه که ده‌پرسێت . که‌متر ڕیک که‌وتووه که به‌ر له هه‌ڵاتنی خۆر له ماڵ بێمه ده‌ره‌وه . هه‌میشه به‌لای که‌مه‌وه تا سه‌عات نۆ ، له ناو نوێنه‌که‌مدا که‌رگه‌وزم کردووه‌و هه‌ندێجار واڕێک که‌وتووه که تا سه‌عات دوازده نه‌متوانیوه حازری خۆم نیشان بده‌م .

– هیچ ... هه‌روا ... خه‌به‌رم بووه‌وه‌و له ماڵ هاتمه ده‌ر .

هه‌تاو سه‌ر ده‌ردێنێ . گه‌رما ، ده‌گه‌ڵ هه‌تاوه‌که‌دا ، به‌ره‌به‌ره ده‌ست پێده‌کات . مشته‌رییه‌کانی عه‌لی دادی ڕۆیشتوون . عه‌لی دادی کترییه مسیه‌که به شیش ده‌نێته ناو ته‌نووره‌که . ئاگری ته‌نووره‌که کزده‌کات . دوو نان ده‌نێ به لێوار ته‌نووره‌که‌وه که تا چایه‌که دێته‌کوڵ ، ببرژێ و دوو ئاته‌شه ببێت . عه‌لی دادی ده‌ست له کار هه‌ڵده‌گرێت . وه‌ردانه‌که (تیرۆکی ئه‌ستووری گونک پان کردنه‌وه) خاوێن ده‌کاته‌وه . ڕفێده‌کان (مایه) ده‌کاته‌وه و ده‌یانخاته ته‌شته ئاوه‌که‌وه . ده‌ست و چاوی ده‌شوات و به‌ره‌و لام دێت .

– خۆ ناشتات نه‌کردووه ؟

– نه .

به په‌له ده‌ڕوات ماست ده‌سه‌نێ و ده‌گه‌ڕێته‌وه . هێشتا شه‌ریفه دیارنییه . هه‌تاو به‌رز بووه‌ته‌وه . له سه‌ر مێزه‌که داده‌نیشم و هێدی هێدی به‌ده‌م خواردنه‌وه‌ی دێژله‌مه‌که‌ی ده‌ستمه‌وه چاو ده‌بڕمه ئه‌وسه‌ری بازاڕچه‌که .

نایب زابت پێشبین له دووره‌وه دێ . قوڕه‌که لینجه . بنی پۆستاڵه‌کانی ده‌گرێت . له‌و کاته‌دا که به ئه‌سپایی هه‌نگاو ده‌نێت ، کاژێره‌کانی توونده ده‌نێته سه‌ریه‌ک و نووکی سمێڵی باده‌دات . عه‌لی دادی ، فه‌رده ئاردێک بۆ عه‌ماری ئارده‌که ده‌ڵه‌ک ده‌دات ، به‌تاڵی ده‌کات و هێڵه‌که‌که هه‌ڵده‌گرێت و سۆسه‌که‌ی (که‌په‌ک) ده‌ته‌کێنێ و ده‌چێته ناو عه‌ماره‌که تا به‌شی نانکردنی نیوه‌ڕۆ ئارد له هێڵه‌ک بدات . نایب زابت پێشبین به به‌ر نانه‌واخانه‌که‌دا ڕه‌تده‌بێ . هه‌نیه‌ی ئاره‌قه‌ی کردووه‌ته‌وه . سڵاوی لێده‌که‌م . به ته‌وسه‌وه ده‌ڵێت :

- بەڵگەنامەی کۆتایی خزمەتەکەت دەبێ عەلی دادی یا ئەنوەر مەشدی ئیمزای بکەن !

زۆر لە خۆی دەکات پۆستاڵەکانی لە قوڕە لینجەکە دەربێنێ. بەڵام شۆخی هەستاوە ، ڕادەبوێرێ . بەرەبەرە خەریکە نیگەران دەبم . بیردەکەمەوە کە ئەگەر شەریفە لە هاتن بوایە لە هاتن بوایە تا نها هاتبوو . دە بیست دەقیقەیەک لە سەعات نۆ لایداوە . هەتاو هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە و کەم و زۆر شێی ئەرزەکەی کزر کردووەتەوە و قوڕەکە وەکو بنێشتی لێهاتووە . گەرما خەریکە تین پەیدا دەکات . حەزدەکەم هەستم وبڕۆم بە سۆراغی شەریفەوە .

لە عەلی دادی دەپرسم :- ئەمڕۆ بەیانی ، پێش ئەوەی من بێم ، شەریفە نەهات ؟

دەنگە نزمەکەی دەگەڵ تەقەتەقی هێڵەکەکەدا تێکەڵ دەبێت .

- بۆ دەترسێت نوێژەکەی بچێت کە بەم بەیانی زووە لە خەو هەستێت ؟!

هیچم پێ نییە بیڵێم . لە سەری دەڕوات .

- ئەگەر بتەوێ بزانی ، ئەو بە شەوان کاردەکات تا بە ڕۆژەوە بخەوێ !

عەلی دادی لە عەمارەکە وەدەردەکەوێ ، پەشتەماڵەکە هەڵدەگرێت و ئارەقەکەی سەر و گەردنی کە دەگەڵ تۆزی ئارددا تێکەڵ بووە ، دەسڕێت . چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بە قسەکانی پێکەنین بمگرێت ، بەڵام پێکەنین نەی گرتبووم . بزەیەکی کاڵ لە دەوری لێوەکانی سەرگەردانە . شوێنی ددانەکانی پێشەوەی کە کەوتوون ڕەش دەچێتەوە . ئێژی تەریق بووەتەوە و ئێژی لە قسەکانی خۆی ژێوان بووەتەوە . قەدەم ، بە هانکە هانک کەلەشی قورسی بە سەر لاقە ئەستوور و کورتەکانیەوە بکێش دەکات و بە بەر دووکانەکەدا ڕەتدەبێ . بە باوەشێنێکی حەسیر خۆی باوەشێن دەکات . عەلی دادی دەڵێت کە قەدەم ناڵی لای بابا سەعید داوە بەکرد . باوەڕی وایە کە ئەگەر قەدەم ناڵ بەنیەتی مرادی بخاتە ئاگرەوە ، ئاگر دەکەوێتە گیانی مرادی .

- دنیا لە مرادی دەبێ بەئاگر . تەنیا یەک ڕێ دەمێنێتەوە کە مرادی ناچارە بەو ڕێگایەدا بڕوات ، ئەو ڕێگایەش ، ڕێگەی ماڵەکەی قەدەم خێرە . گومان لەمەدا نییە .

دەڵێت کە هەڵبەتە بابا سەعید ناڵ بۆ هەموو کەسێک دروست ناکات ، بەڵام ئەگەر قەبووڵی کرد و دروستی کرد ، ئیدی یەکاو یەکە و چەندوچوونی نیە .

- ئازموودەیە . خۆم دیتوومە ... ڕەت بوونەوەی نییە ! ...

عەلی دادی هێندە بە تینەوە قسە دەکات کە دەڵێی بابا سەعید پەرچوو دەکات .

- ... ئەنوەر مەشدی زۆری هەوڵ دەگەڵیا دا کە بۆ مەمدۆ ناڵ دروست بکات ، بەڵام جوابی کرد .

سەعات خەریکە دەبێ بە دە . هێشتا شەریفە پەیدا نەبووە . فکر لەوە دەکەمەوە برۆم بۆ سەربازگە ، خۆم نیشان بدەم و حوزووری خۆم تۆمار بکەم و بلەز بگەڕێمەوە و بچمە سوراغی شەریفە .

نایب زابت جیهانگیر هەرکە دەمبینێ لە پشت مێزەکەوە هەڵدەستێ و بەرەو لام دێت و بە ئەسپایی دەپرسێت .

- کەس لە خوارەوە نەبوو ؟ .. لە دالانەکە ؟ ...

بێئەوەی چاوەڕوان بکات ، بە لاقە درێژەکانی درێژایی نووسینگەکە تەی دەکات و دەڵێت :- وەرە ... تا کۆلۆنێل لێرە نییە وەرە !

دووی دەکەوم . لە ڕەفەی دۆلابێکی تەختەی شەق وشڕ دا کاغەزێکی لووسی ئەستوور دەردێنێ و لە سەر مێزەکە پانی دەکاتەوە . ڕەنگی نایب زابت جیهانگیر بزرکاوە . کەپووە درێژەکەی لەرزەیەکی سووکی پێوە دیارە . دەنگی هێواش و نزمە :- تەمەشای ئێرە بکە .

لە سەر کاغەزەکە ، دە ڕیز وێنە چاپکراوە ، هەر ڕیزەی پێنج دانە وێنەی لە خۆگرتووە . دەمەوێ بەپەلە و لامسەرلایی تەمەشای وێنەکان بکەم و بە زووترین کات بکەومەڕێ و برۆم شەریفە بدۆزمەوە ، بەڵام لە ناکاوا ، ڕوخساری چەند دانەیەک لە وێنەکان کە ئاشنان ، شەریفەم لە بیردەبەنەوە . ئەژنۆکانم شل دەبێ . ناوی ژێر وێنەکان دەخوێنمەوە . ناوی نەقیب پولادم بیستبوو بەڵام نەمدیتبوو . بیستبووم کە نەقیب پولاد ، فەرماندەی دەستەیەکی تاقیبکاری لە ئەستۆدەبێت و بەرەبەیانی ڕۆژێک لە فەرماندەیی سوپاییەوە ڕادەسپێردرێ کە ماڵێک بپشکێنێ و دانیشتوانی ماڵەکە و ئەو بەڵگەنامانەی کە بەدەستی دێنێ بەرێتەوە بۆ فەرماندەیی سوپا . بەڵام نەقیب پۆلاد ، کە ئەندامی ڕێکخراوی سوپایی بووە ، بە هاوار و هەنگامەیەکی زۆرەوە ، هێرش بۆماڵەکەی دراوسێی ماڵی ناوبراو دەبات ، تا دانیشتوانی ماڵە ئەسڵیەکە فریا بکەون ، هەرچی بەڵگەنامە و کاغەز هەیە کۆی بکەنەوە و هەڵێن و خۆدەرباز بکەن . کارەکەی نەقیب پۆلاد سەردەگرێت ، بەڵام لە فەرماندەیی سوپاییدا بۆی دەردەکەوێت کە ڕیسەکە بووەتەوە بە خوری . تومەز دانیشتوانی ماڵە ئەسڵیەکە دوای هەڵاتن ، دەچنە ئەوماڵەی کە لە گەمارۆدا بووە و ئێستا هەر هەموویانیان کۆکردووەتەوە و بەو بەڵگەنامە و کاغەزانەوە بۆ فەرماندەیی سوپاییان ڕاپێچ کردوون ، ئیدی نەقیب پۆلاد ، دەست لە گیانی خۆی دەشوات و قیر وسیای لێدەکات ، خێرا دەکەوێتەخۆ کە بزانێ

بەڵگەنامەکان چین و دەبێ چ بکات ، بە تەرپەستی هەندێک لەو بەڵگەنامانەی کە لە دەستڕەسیا بوون ، هەڵدەگرێت و دیار نامێنێ .

وێنەکان ، وێنەی نوسرەتیشی تیایە . چاوەکانی وەکو قاوەی برژاوە . لێوە ئەستوورەکانی نیشتوونەتە سەر یەک .

- نە ! ... من دەڕۆم . ئەگەر بتوانم دەڕۆم !

دەنگە دڵنەوازەکەی لەرزان بوو . سەرەتای شەو بوو . تازە دەستگیریان کردبووین . ئۆردوگا ، بێ دەرو دەروازە و بێ خاوەن بوو . چەند ڕیزە چادرێک ، ڕشتە تەلێکی ڕایەڵکراو ، چەند گڵۆپێکی کز ، لێرەو لەوێ چەند پاسەوانێک و هەموو لایەک هەر دار ودرەخت گرد ودۆڵ بوو . نازانم کەی لە ئۆردوگاکە وەدەرکەوت .

دوو کەسی دیکەش دەناسمەوە . یەکێکیان ملازم یەکەم شەهرەبانیە . سێ چوار ساڵ لەوەپێش کە لە بەشی سیاسی زیندانی شەهرەبانی ئەهواز ، حەپس بووم . ئەفسەری خەفەر ( نیگابان ) بوو . وەختێ کە نۆرەی نیگابانی دەهات و لە گەڵ پاسەواندا دەهاتە زیندانەکە تا زیندانیەکان سەرژمێری بکات ، کە دەگەییە ژوورەکەی ئێمە ، هەوەڵجار پاژنەکانی جووت دەکرد و سڵاوێکی سوپایی دەکرد و پاشان ، سەرژمێری دەکرد . برادەران ، هەموو سەریان لە کارو ڕەفتاری ، کە دۆستانەبوو ، سەریان سووڕدەما . هەندێجار ئەگەر بۆی بلوابایە ، لە پشت پەنجەرەکەوە دەوەستا و چەند قسەیەکی دەکرد و لە نێو قسەکانیا هەندێ خەبەرو باسی دەرەوەی دەداینێ . هەندێک لە برادەران وایان وێنادەکرد دانمان بۆ ڕۆ دەکات تابمانخاتە داوەوەو قسەمان لێدەربێنێ .

تەمەشای وێنەکەی دەکەم . بزەیەکی کاڵ بەسەر لێویەوەیە . چاوەکانی درەخشانن . ئێژی لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاوەو سڵاوە سوپاییەکەی کردووە و هەر ئێستا ئاماژە بۆ سەر پاسەوانەکەی هاوڕێی دەکات تا زیندانییەکان بژمێرێت .

چوارەمیان ، ساڵانیک لەوەپێش ، سەرۆکی ئینزیباتی ئەهواز بوو . شار ئەوەندە بچووک و کەم حەشیمەت بوو کە ئەگەر عەسرانێک ، سەرێک بە شەقامی پەهلەویدا بڕۆشتبام و گەڕابوامەوە هەموو خەڵکی شارەکەم دەبینی .

تەمەشای وێنەکە دەکەم . دەڵێی دوێنێ بوو . ڤاکسیل بەندی دەبەست و عەسران ، بە بەژن و باڵای بەرزەوە دەکەوتەڕێ و لە شەقامی پەهلەویدا پیاسە وڕاوێچکەی دەکرد . پیاوێکی خۆشپۆش بوو و جلی جوانی لەبەر دەکرد . هەموو خەڵکی شار دەیانناسی . کچان کە بەلایا ڕەتدەبوون دەکەوتنە چپەدوو ، بەڵام ئەو هەمیشە پیاوێکی جدی بوو دەتگوت کەمترین ئاشنایەتی دەگەڵ خەندە و پێکەنیندا هەبوو . ئەو کۆمەک وپیاوەتییەی کە ئەو لە گەڵی کردبووم ، هەرگیز لەیاد ناکەم . یەکێک لە هاوشاریەکانم لە ڕووی غەرەز و ڕەقی شەخسیەوە ، عەریف پالانی

دیتبوو ، چەند بەیاننامەیەک و دوو سێ کتێبی دابوویە تا دۆسیەم بۆبکاتەوە . پێش نیوەڕۆ بوو . بای شەرجی دەهات ( شەرجی : بای توندو زۆرگەرمی شێدار ) . مەوعید وقەرارم هەبوو . دێر کەوتبووم . خەریک بوو بە هەشتاو لەشەقامی پەهلەوی دەپەڕیمەوە کە عەریف پالانی گازی کردم . وەستام ، هاتە پێشەوە و تووند مەچەکی گرتم . لە پڕ یەکێکی دی مەچەکی دەستی چەپی گرتم . عەریف پالانیم دەناسی . عەریفەکەی دیکەم نەدەناسی . لە پالانی گەنجتر بوو . وا دیاربوو تازە بۆ ئەهواز گوازرابووەوە . گێژو وێژ بووبووم . پرسیم .

- سەرکار ڕەیس عورەفا پالانی ، بۆچی وا دەکەی ؟

بەگرژ و مۆنی گوتی :- بە سەر پێیەکەوە وەرە بۆ ئینزیبات خانە تا پێت بڵێم بۆ وا دەکەم !

ئینزیباتخانە دوور نەبوو . هەردووکیان تووند مەچەکی دەستەکانیان گرتبووم .

- جەنابی پالانی ، ئینزیبات خانە بۆ ؟

بەپەستیەوە گوتی :- کاتێ کە شەوان بەیاننامە بڵاودەکەیتەوە دەبێ ئینزیبات خانەشت لە بیربێ !

پێمگوت :- ئینزیباتخانە ؟!

هیچی نەگووت . لەئینزیباتخانە ، عەریف پالانی بە عەریفێکی گەنجتری سپاردم و خۆی چووە ناو ژوورەکەوە و ڕاپۆری نوسی و بەخۆ و کتێب و بەیاننامەکان و ڕاپۆرەکەوە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بەو دەقەوە کە بەرەولای من دەهات ، بۆڵاندی :- ئێستا فێرت دەکەم یەک مەن ماست چەند کەرەی تیایە ! ... فێرت دەکەم سووکایەتی بەیەکەم کەسی مەملەکەت ، چ تامێکی هەیە !

عەریف پالانی خەریک بوو هەڕوگیڤی دەکرد کە هەمان ئەو ئەفسەرە ، لە دەرگای بینای ئینزیباتخانەوە وەژوورکەوت . دەستم لە خۆم شۆردبوو . فاتیحای خۆمم خوێندبوو . عەریف پالانی پاژنەکانی جووت کرد و ئیکلامی کرد . ئەفسەری ئینزیباتخانەکە ، بەنیگایەکی دڵنەواز لە سەراپای ڕوانیم و گوتی :- چیە پالانی ؟

عەریف پالانی ، ڕاپۆرەکەی درێژ کرد بۆ ئەفسەرەکە و هاتە پاشەوە و لە لامەوە وەستا . کە ویستم قسەبکەم ، ئەفسەرەکە دەستی بەرز کردەوە و بێدەنگ بووم . کە ڕاپۆرەکەی خوێندەوە ، بەهێمنی لەعەریف پالانی پرسی :

- ئەم ئیشە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە ؟!

یەکسەر بێخەم بووم . ڕەنگی عەریف پالانی بزرکا ، وشک بوو و کەوتە مینگە مینگ .

ئەفسەری ئینزیبات ، بەدەم دڕاندنی ڕاپۆرەکەو بەیاننامەکانەوە دووبارە پرسی :

– ئەم ئیشە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە ؟ ... پەیوەندی بە ئینزیباتخانەوە هەیە ؟ .. ئەسڵەن کێ دەستووری بە تۆداوە کە دەستگیری بکەیت ؟

پەنجەی عەریفە گەنجەکە سست بوو و مەچەکم ئازاد بوو . جورئەتم پەیدا کرد و هاتمە قسە .

– درۆیە ... درۆ دەکات ... خەریک بوو دەچووم کە ...

لەپڕ ، ئەفسەری ئینزیبات هەڵیدایە و هاواری بە سەرما کرد :– بڕۆ گوم بە لەبەرچاوم ! ... لەم ناوە نەمێنی ... بڕۆ دەرەوە !

یەکسەر ژیامەوە . بەرەو دەرگای بینای ئینزیباتخانەکە تاوم دا .

دەڵێی دوێنێ بوو ، کە هاواری دەکرد . دەمارەکانی لاملی توونە بوو بوو . بەڵام ئێستا ، نە . نیگای وێنەکە ئارامە . گەردنی ساف وبەرزە . دەنگی نایب زابت جیهانگیر دەژنەوم .

– لە گەڵ تۆمە ... بیر لەچی دەکەیەوە ؟

تەمەشای دەکەم . پێستی دەم وچاوی لە توێکڵی هێلکە قەتێ دەچێت . جێ ئاوڵەکانی دەم وچاوی ڕەش دەنوێنن . کەپووی کراوەتەوە . نەرمەی گوێچکەکانی زەرد دەنوێنن .

– دەیان ناسیت ؟

سەرم بەڕاست و چەپدا بادەدەم . دەنگم نزمە :– نە .

باڵا بەرزەکەی بەلای منا دادەنەوێتەوە :– نە ؟!

کاغەزەکە لوول دەکات و دەیخاتە ناو کۆمەدیەکەوە .

– کەواتە بە خۆڕایی نیشانم دایت !

بەبێ موبالاتی پێی دەڵێم :– وابزانە نیشانت نەداوم .

لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات :– نەدەبوو نیشانتی بدەم !

بۆلای مێزەکەی دەڕوات .

- نەکەی بەهیچ کەسێک بڵێی کە ئەم وێنانەم نیشانداویت ! ... بۆمن مەسئولیەتی تیایە !

تەمەشای دەکەم و سەر دەلەقێنم . دەفتەری حوزوور و غیابەکە ، بەرەولای من پاڵ دەنێت و قسەدەکات .

- ئاخر ، هەموو شتە نهێنییەکان بەمنە . کلیلی ڕەمزەکەش بەدەست منە ! ...

قەڵەمەکە هەڵدەگرم کە دەفتەرەکە ئیمزا بکەم . دەم وقەپۆزە درێژەکەی دەجوڵێت و دەڵێت :

- نەبا کەس بزانێ ! ... من متمانەم بە تۆکرد !

- خەمت نەبێ .

دەفتەرەکە ئیمزادەکەم و دەخوازم برۆم کە لەپڕ لە پشت مێزەکەیەوە هەڵدەستێ و مەچەکم دەگرێت .

- سوێند بخۆ !

لەبن لێوانەوە دەڵێم :- سوێند ؟

- سوێند بخۆ کە بە هیچ کەسێک نەڵێی وێنەکانم نیشان داویت !

بزەیەکی بە ڕوودا دەدەم و دەڵێم :- باشە ، سوێند دەخۆم ...

لە سەربازگەکە وەدەردەکەوم . ئەرزەکە خەریکە وشک دەبێتەوە . هەڵمێکی گەرمی دووکەڵ ئاسا لە سەر چاڵە ئاوەکانەوە هەڵدەستێت . دیوارەکان هەڵمیان لێهەڵدەستێ . هەلاتووەکان هزر وزەینیان مژوول کردووم . ئێژی هەرئێستا چەند دانەیەکیان لە ناو لەنگەدا پەیدا دەبن . لێرەو لەوێ ساپیتەی خانووە ڕووخاوەکان ، بەهۆی بارانەکەی دوێشەوەوە داڕوخاوە . لەنزیکی چاخانەکەی ئەنوەر مەشدییەوە ، دیوارێکی درێژی خشت ، پان بووەتەوە ناو کۆڵانەکە . قەدەم ، لە چاخانەکەی ئەنوەرمەشدی دانیشتووەو بەزمی ناوەتەوە . لال محەمەدی ماسیگر سەر دەکاتە سەری . تەڵاش لەوێندەرە . ناسر تەبعیدی و شوفێرە جەهرومیەکەش لەوێن . عەدنانی لە سەر تەختێک دانیشتووە و نێرگەلە دەکێشێت . بابی مەمدو لەوێوە تێدەپەڕێ . قەدەم دەست دەخاتە سەر لێوی و تادەمی دەگرێت جرتێک بۆ بابی مەمدو لێدەدات . لال محەمەد بەدەنگە ناخۆشەکەی لە قاقای پێکەنین دەدات .

بابی مەمدو خۆی لە گێلی دەدات و تێدەپەڕێ . ناسر تەبعیدی سیغارەکەی ناوە بەدار جگەرەیەکی (مۆدنە) درێژەوەو لاقی ناوەتە سەر لاق و دەگەڵ یارۆی شوفێری جەهرومیدا سەرگەرمی قسەیە . سەفا هەرکە دەمبینێ ، هەڵدەستێ و گازم دەکات :- وەرە چایەک وەخۆ !

دەستم تەکان دەدەم و تێدەپەڕم . بیر لە هەڵاتووەکان دەکەمەوە بەڵام لاقەکانم بەرەو ماڵەکەی شەریفە دەبنەوە . بەر دووکانەکەی غوڵامی ماسیفرۆش قەرەباڵغە . کەنار ئەستێڵی ڕودباریەکان ، هێشتا بە هۆی بارانەکەی دوێشەوەوە هەر تەڕە . تەپەخۆڵەکەی بەرماڵەکەی شەریفە بووە بەقوڕ و جێگەی بزماری ژێر پۆستاڵ بەسەر قوڕەکەوە هەیە . لە دوورەوە چاوم بە تاکەکانی دەرگای ژوورەکەی شەریفە دەکەوێت کە داخراون و ئەڵقە درشتە ئاسنەکە ، بە ئاڵقەڕێزی دەرگاکەوە ئاوێزانە . چەند ساتێک لەبەر تەپە خۆڵەکەدا ئەم پێ و ئەو پێ دەکەم . شەریفە لە هیچ کونێکەوە دیار نییە . سەرم دادەخەم و بەرەو چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دەگەڕێمەوە .

شوفێرە جەهرومیەکە گازم دەکات :- وەرە لێرە دانیشە !

لەلای عەریف سەفاوە دادەنیشم و ئەحواڵپرسی دەگەڵ ناسر تەبعیدیدا دەکەم . ئەنوەر مەشدی تەماکۆکە لەپای پووکیا جێگۆڕکە پێدەکات و دەڵێت :- نێرگەلەت بۆ چاک بکەم ؟

- بیکە .

قەدەم دەڵێت :- حاڵی ژنۆکەکە چۆنە ؟

مەبەستی شەریفەیە .

خەبەبەی گۆشتنی تەڵا پڕوخاڵی دەبێت و دەڵێت :- هەڵبەتە زۆر خراپ نییە !

و چاوە تەڕەکانی دەنیشێتە سەریەک و حیلکەحیلک پێدەکەنێ و کەپووە چکۆلە سوورەکەی گرژ دەبێت . ڕەقم لە قسە و سوعبەتە بێتامەکانیان هەڵدەستێ .

ئەنوەر مەشدی ، دەمە زلەکەی کۆدەکاتەوە و فوو لە سەری نێرگەلەکە دەکات . ئەوسا مژێکی لێدەدا ، گۆنا چاڵەکانی ، چاڵتر دەبن . دووکەڵی نێرگەلەکە دەردەداتەوە و دەیداتە دەستم .

- بگرە ، دوو مژی لێبدە ، ئۆخژنت دەخاتە دڵ ، تەماکۆکەی دەرەجە یەکە !

چەند مژێکی لێدەدەم . دەکەومە کۆکە . تووندە . ئێژی یەک چنگ بیبەر دەچێ بە گەرووما . لال محەمەد هەڵدەستێ ، پەشتەماڵەکە هەڵدەداتەوە و خڕ خڕ شلکەی ڕانە تووکنەکەی دەخورێنێ و دێتە پێشەوەو نێرگەکەلەکەم لە دەست وەردەگرێ :- بیدە من با بۆتی خۆشبکەم .

ودەست بە کێشانی دەکات .

شوفێرە جەهرومیەکە دەمی دێنێتە پەناگوێم و بەچپە دەڵێت :- چووم بۆ ماڵەکەی شەریفە بەڵام لەوێ نەبوو . دەرگای ژوورەکەی داخرابوو .

کەواتە جێگا پۆستاڵەکەی سەر تەپە خۆڵەکەی بەر ژوورەکەی شەریفە ، دەبێ هی شوفێرە جەهرومیەکە بێ . ناخوازم هیچی لێبپرسم ، بەڵام دڵم ئۆقرە ناگرێت :- کەی چووی ؟

- نیو سەعاتێک لەمەپێش .

تەڵا ، لال محەمەد گاز دەکات . لال محەمەد نێرگەلەکە دەداتە دەست من و هەڵدەستێت و لە بەردەم تەڵادا دەوەستێ ودیسان پەشتەماڵەکە هەڵدەداتەوەو شلکەی ڕانی دەخورێنێ . عەجەب لاقێکی درێژ وئەستوور و تووکنی هەیە . عەینی کۆتەرەی نیوە سووت . عەینی لاقی ورچ .

تەڵا ، دەکێشێت بە دەستی لال محەمەدا و دەڵێت :- سەری ئەو خاوەن مردووە داپۆشە !

لال محەمەد لە پێکەنینا دەخنکێ و بە پچڕپچڕی قسەدەکات .

- خاوەن مردە ! ... پێت ناخۆشە ! ... ڕەقت لێیەتی ! .. دڵت بۆی لێدەدا ! ... خاوەن مردە ! ...

قەدەم دێتەقسە :- بەورچیان گوت کوا ماریفەت  دەستی بۆ گونی برد!

لال محەمەد لە پێکەنیندا لوول دەخوات . ئێژی کەسێک ختیلکەی دەدات .

- تۆ ... چی دەڵێی قەدەم ... تۆش ڕقت لێیەتی ؟!

چاوانی قەدەمخێر ئەبڵەق دەبن . دەیەوێ هێرش بۆ لال محەمەد بەرێ کە لەپڕ مەمدو دێت بەسەرا و ڕوو بە ڕووی قەدەمخێر دەوەستێ و هاواردەکات .

- قولەڕەش ، شەرم ناکەی سەردەکەیتە سەر باوکم ؟!

قەدەم کە وەکو کەڵەبابی جەنگی خۆی گیف کردبووەوە تا بەسەرو کەللەی لال محەمەدا هەڵشاخێ ، بۆچەند ساتێک دەحەپەسێ و پاشان زوو وەخۆی دێتەوە و چاوەکانی وەکو دوگمە زەق دەبنەوە و دەستی لە شێوەی شەیپوردا بەدەمیەوە دەنێ و جڕتێکی بۆلێدەدات و ئەوسا دەڵێت :- هۆپ ، هۆپ ! ... ستۆپ بەرمەدە !

خەندەی ناخۆشی لال محەمەد وەکو تۆپ دەتەقێتەوە . ئەنوەر مەشدی بە هەشتاو لەو سەری چاخانەکەوە دێتەپێشەوەو تەماکۆکەی ژێر پووکی بە ستوونە بەردینەکەی ناوەند چاخانەکەدا ، تفدەکاتەوە کە تا ناوقەدی لە لیکاوی تەماکۆدا زەرد دەنوێنێ . مەمدو کە دەم وچاوی سوور هەڵگەڕاوە و شەلاڵی ئارەقەیە ، دووبارە بەدەنگە ژنانەکەی هاواردەکات .

- زلحۆرتی ڕەشی شووم ، ئەگەر جارێکی دی بژنەوم کە سەرت کردووەتە سەر باوکم بەلایەکت بەسەردێنم ، باپیرت بێتەوە بەرچاو !

کەلەشی ڕەشی قەدەم ، دەجولێت و دێتە پێشەوەو دەستە قەڵەوە گۆشتنەکەی تەکەتەک دێ و دەچێ و دەڵێت :

- باشە باشە ... ! نۆبەتی ئەو قەوانەیە ... کوڕی جەوادە دەم لەرزۆک هێشتا سەری لە هێلکە نەجووقاوە قود قودی ناوەتەوە ! ( چەنە و زمانی بابی مەمدو وەکو ئەوەی شەپڵە لێی دابێ ، بەردەوام دەلەرزێ ) .

ئەنوەر مەشدی ، بە ڕەنگی زەردەوە بازووی مەمدو دەگرێت کە کەناری بخات . چاوە چەپ و خێلەکانی ئەنوەر مەشدی لە کاسەی وشکی چاوەکانیا ، خێراخێرا دەتروکێن . مەمدۆ ، بەتەکانێک باسکی لە دەستی ئەنوەر مەشدی دەردێنێ و وەکو خەڕەک دەکەوێتە جیکەجیک .

- وازبێنە با خۆم لەگەڵ ئەم قە ... ی هیچ وپوچەدا یەکلایی بکەمەوە !

قەدەم ، یەکسەر دەکەوێتە فیغان . سینگی وەکو مەشکە هەڵدەئاوسێ و دەکەوێتە هانکەهانک . چاوەکانی ئەبڵەق دەبن و تەواو سپی دەبن . پەلامار دەدات و چنگ دەوەشێنێ و قژە ڕۆنکراوەکەی مەمدۆ دەگرێت و ڕایدەکێشێت و پچڕ پچڕ جنێو دەدات .

- نێرەموکی کوونی ... ! ... ئێستا ... بۆم بوویت بەو پیاوەی کە ... زەڕە زەڕیش دەکەی ... !

مەمەدۆ ، بەمست دەکێشێت بە قەبرغەی قەدەمدا . قەدەمخێر دەقیژێنێ . هەناسە لە سینەیدا قەتیس دەبێ و دەکەوێتە خنکەخنک . ئەژنۆکانی سست دەبن و لە سەر ئەرزەکە دادەنیشێت .

ناسر تەبعیدی هەڵدەستێ ، پشتەملی مەمدۆ دەگرێت ودەیگوشێ و ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و دەڵێت :

- کوڕە تۆ شەرم ناکەی بە مست دەکێشیت بە قەبرغەی زەعیفەیەکدا .

مەمدۆ هاوار دەکات :- تۆ هەقت چییە !

و تەقەللا دەکات کە خۆی لە چنگی ناسر تەبعیدی دەربێنێ . کەپووی ناسر تەبعیدی گرژ دەبێت و ئەو جێگا زامەی کە بە سەر لووتیەوەیە سپی دەچێتەوە . چاوە بچووکەکانی بچووکتر دەبنەوە و هەمدیس بەدەم ددانە جیڕەوە دەبۆڵێنێ :- زۆریش پەیوەندی بەمنەوە هەیە پوشت!

و تووڕی دەدات بە سینگ و بەرۆکی ئەنوەر مەشدیدا .

لال محەمەد ، قەدەمخێر دەکاتە باوەش و لە سەر تەختەکە دای دەنیشێنێ . قەدەم ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . پێستە ڕەشەکەی دەبریقێتەوە . ناسر دەڕوات بۆلای . قەدەم گریە و زاری دەکات .

- خودایە قەزات بکەوێ لە گیانی مرادی کە بووە بە قووندەر باز ! خودایە خێر لە گەنجیت ببینی ناسر ! خێر لە عومرت ببینی . ئەمە چ ڕۆژگارێکە کە کوڕی جەوادە دەم لەرزۆک دەست لە قەدەم بەرز بکاتەوە ! ئەگەر مرادی خێر لە خۆ نەدیو نەبوایە کوڕی جەواد دەم لەرزۆک سەگی کێ بوو ... !

مەمدۆ ، وەکو کەو چووە ، ڕەنگی وەکو گەچی دیوار سپی بووە . لێوەکانی دەلەرزن . حایر وحەپەساو وەستاوە و هانکەهانکی پێکەوتووە . ئەنوەر مەشدی ، بە گوێی مەمدۆدا دەچپێنێ :-مەمەدۆ گیان ، بۆچی وادەکەی ؟!

لەپڕ ئێژی مەمدۆ وەخۆ دێتەوە . دەستەکانی دەخاتە کەللەکەی و بە تووڕەیی دەڕوانێتە دەم و چاوی ئەنوەر مەشدی. بەڵام هێشتا دەمی هەڵنەهێناوە کە ناسر تەبعیدی ، دەست بە زامنی چەقۆکەیەوە دەنێ ، دەمی چەقۆکە ، ترق دێتە دەرێ و دەگەڵ دەنگی دەرپەڕینی دەمی چەقۆکەدا هاواردەکات :- هەڵێ هەتیوە لووسکە !

بەرەولای مەمدۆ هێرش دەبات ، مەمدۆ وەکو تیرێ لە کەوان دەرچووبێ ، بەو ئاوایە لە قاوەخانەکە دەردەفرێتە دەرەوە . لە دوای مەمدۆوە ، تریقەی پێکەنینی ناسر تەبعیدی بەرزدەبێتەوە و قاقای لال محەمەد ، ساپیتە دارینەکە دێنێتە لەرزین .

لێوەکانی قەدەم دەکشێن و دەنیشنە سەر پێکەنین . شوفێرە جەهرومیەکە حەپەساوە . قسەکانی دوێشەویم بیردەکەونەوە :- لێرە هەمووان شێتن ! تەنانەت کەش و هەواکەشی شێتە !

ئەنوەر مەشدی ، پیاڵەیەک چای ترش لە بەردەم قەدەم دادەنێ و پێی دەڵێ :- بیبەخشە قەدەم منداڵە !

چاوانی قەدەم ئەبلەق دەبن :- منداڵە ؟! ... لە منی چل ساڵ کارامەترە ... ئەگەر بەمن باوەڕ ناکەی لە مرادی بپرسە !

ئەمجارەیان ، لال محەمەد ، ناسر تەبعیدی و قەدەم ، هەرسێکیان بە کەڕەتێ لە قاقای پێکەنین دەدەن .

لە سیلەی ئەستوونی چاخانەکەوە ، چاوم بە مرادی دەکەوێ کە بە قۆڵ بادان لە ناوەڕاستی بازاڕی مەساحەوە بەرەو چاخانەکە دێت . ئەگەر بزانێت ناسر تەبعیدی چ بەڵایەکی بەسەر مەمدۆ هێناوە ، بەگژیا دەچێت . تاقەتیم نییە ، هەڵدەستم و لەچاخانەکە وەدەردەکەوم تا شت بۆ نیوەڕۆ بکڕم و بۆماڵ بڕۆمەوە .

***

دیسان ڕۆژی دووەمە کە هیچ هەواڵێک لە عەلییەوە نییە . دڵم خۆشبوو کە دووبارە ، وەکو جاران ، هەر کاتێ کە کاری لە بەندەر کنگ تەواو ببێ دێتەوە ، شەوی پێشوو ، لای نیوەشەو لەیەکدی جودا بووینەوە و بەپێیان کەوتەڕێ و بۆ بەندەر کنگ ڕۆیی و هێشتا نەگەڕاوەتەوە . هیچ هەواڵێک لە شەریفەوە نییە . لەوەیە دیسان چووبێ بۆبەندەر چارک . نیوەڕۆ کە نانم خوارد وەکو جەنازە لە ژێر باگیرەکەدا کەوتم . هێندەم ئاو خواردووەتەوە ، ئاوسام . ماسیەکە خوێی زۆر مژی بوو و سوێر بووبوو .

هەوا هێشتا گەرمە ، بەڵام نازانم بۆچی تاقەت ناگرم . حەزدەکەم هەستم و بەم گەرمایە لە گەراجەکە وەدەربکەوم و بڕۆم بۆ ماڵەکەی شەریفە بزانم گەڕاوەتەوە یا نا . دەڵێی لە سەر ئاگرم . ناتوانم بمێنمەوە تا تەشقی گەرما بشکێت . تابەلای کەمەوە ببێ بە عەسر و هەوا فێنک ببێ . خۆم دەخەمە سەر لاو سەعاتەکەم هەڵدەگرم وتەمەشای دەکەم . سی وپێنج دەقیقە لە سەعات چواری دوا نیوەڕۆ لایداوە . ئیدی بە بێتاقەتی هەڵدەستم و دەکەومەڕێ . دەمەوێ لە پێشا بڕۆم بۆماڵەکەی شەریفە سوراغێکی بکەم . پاشان ئەگەر ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ نەفەری تەواو بوو سواربم و بچمە سوراغی عەلی .

هەوا گەرمە ، هەتاو بەتینە . بە ناو کوچە و کۆڵانەکان دەکەوم تا بە بەر سێبەری دیوارەکاندا بڕۆم . زەوی وەکو گۆگرد وشک بووەتەوە .هەموو چاڵاوەکان وشک بوونەتەوە. دەگەمە ماڵەکەی شەریفە . دەرگا داخراوەو ئەڵقە ئاسنینەکە ، لە ئەڵقەڕیزی دەرگاکە دراوە . نەرمەبایەکی گەرم هەڵدەکات ، خۆڵ وخاشاک و پارچە کاغەزێن ناو حەوشەکە دەخاتە سەما . لە تەپە خۆڵەکەوە سەردەکەوم . نەخش و شوێنەواری پووتەکان کە هەنووکە وشک بووەتەوە لەناو حەوشەکەوە تا سەرووی تەپەخۆڵەکە هاتووەتە سەرێ و چەند جارێک هەڵگەڕاوە و داگەڕاوە و تێکەڵ بووە و پاشان بەرەو ناو کۆڵانەکە نشێو بووەتەوە . شەربەکەی شەریفە لە هەیوانەکەدایە . بۆدی شەربەکە لەوشکیدا ، سپی دەچێتەوە . قەپاغە حەسیریەکەی شەربەکە ، بەدەم بایەکەوە گل بووەتەوە و لە هەیوانەکەوە کەوتووەتە ناو

حەوشەکە . گەرما ، هەناسەی لە بەر سیسرگ و زیک زیکەکانیش بڕیوە . ماڵەکە لە گۆڕستان دەچێت . دیوارەکان درزیان بردووەو خۆڵەپۆت لە پای دیوارەکان کۆ بووەتەوە . بۆلای چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دەگەڕێمەوە تا بزانم ئەگەر حەسەن گکۆ لەوێندەر بێ دەگەڵیا بۆبەندەر کنگ بڕۆم . کەس لە چاخانەکە نییە . ئەنوەر مەشدی خۆی ڕووت کردووەتەوە و لە سەر تەختێک ڕاکشاوە و لەشی بە پەشتەماڵێکی تەڕ داپۆشیوە . ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ لەبەر چاخانەکەدایە لنگی بە حەواوەیە . حەسەن گکۆ ، لە سێبەری دیوارەکەدا خەریکی پەنچەری یە . شەلاڵی ئارەقەیە و دەست وپلی ڕۆناویە . کەس لە کۆڵانەکەدا نییە . دەڕۆم بە دیار سەری حەسەن گکۆوە دەوەستم . چۆکی داداوەو بە هەموو هێزی خۆی لە تەقەلادایە کە ڕینگەکە بخاتەوە جێی خۆی . کاژێرەکانی (شەویلاگە) لە ژێر پێستەکەیەوە بەجۆرێ دەجوڵێن لە تۆ وایە دالآشە و ئێسقان دەهاڕێ . درزی چاوەکانی ئەسڵەن دیارنییە . هەموو سەرو چاوی دراوە بەیەکا و ئارەقە بە سەر گۆنا ڕەشەکانیەوە ڕچەی بەستووە .

– ماندوو نەبی !

درزی چاوەکانی ، لە کاسەی گۆشتنی چاویەوە دەکرێتەوە . قوڕگی وشکە :– سەلامەت بی .

– ئەمڕۆ بۆ کنگ دەڕۆیی ؟

بۆ ساتێک دەست لە کارکردن هەڵدەگرێت . ئارەقەی نێوچاوانی بە قامکە چەورەکەی دەسڕێ و بە دەنگێکی گڕ دەڵێت :– ها ، بەڵێ ... ئەگەر خودا حەزبکات سەعاتێکی دیکە .

جادە گڵەکەی کۆتایی شار لەناو تیشکی هەتاوەکەدا سپی دەچێتەوە . لە دوورتر ، هەڵمێکی ناسک بە ئەرزەکەوە چەسپیوە و تراویلکە ، وەکو ئاوێنە ، هەتاوەکە دەنوێنێتەوە . حەسەن گکۆ ڕینگەکە دەخاتەوە جێگای خۆی و هەناسە هەڵدەکێشی و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . لال محەمەد ، بە لۆقە درێژەکانیەوە لە بنەبانی بازاڕی مەساحەوە دێت . دەمەوێ لە چاخانەکە دانیشم تا نەفەری ئوتومبیلەکە تەواو ببن . ئەنوەر مەشدی پەشتەماڵەکەی لەسەر دەم وچاوی لادەبات ، دادەنیشێت و دەپرسێ :– سەعات چەندە ؟

– پێنج .

هەڵدەستێ کە دەزگاکەی بخاتە ئیش . لە دوای سەعات پێنجەوە بەرە بەرە سەروکەللەی مشتەریان پەیدا دەبێت تا سەعات حەوت و نیو کە هەموو بازاڕ دادەخرێ .

لال محەمەد دێت . حەسەن گکۆ ، بەدەم پەمپ دانی تایەکەوە ، نیوە نەفەس لە لال محەمەد دەپرسێت .

- پەیدا بوو ؟ دۆزیتەوە ؟ دۆزرایەوە ؟

دەمە پەلەکەی لال محەمەد دەنیشێتە سەر پێکەنین ، لە سەکۆی چاخانەکە سەر دەکەوێ و دەڵێت :

- ها ... دۆزرایەوە . نزیکی کنگ بوو .

ڕۆژی دووەم بوو کە قەیاغەکەی لال محەمەد ون بوو بوو . لال محەمەد ، هەمیشە قەیاغەکەی دەبردە لای ئەسکەلە ڕوخاوەکە و لە پەنای ئەو قاڵبە کۆنکرێتیە گەورە سێ گۆشەیەی کە لە لمەڵانەکە ڕۆچوو بوو ، دەی بەستەوە .

ئەنوەر مەشدی چاوە قیچەکانی دەبڕێتە سێکونجی چاخانەکە و دەپرسێت :- کەی دۆزیتەوە ؟

- ئەم نیوەڕۆیە . نازانم کێ بۆ کنگی بردبوو . دەسکی سەوڵەکەشی لە خوێناوی دەچوو . خوێنی وشک .

لال محەمەد ، دوای دوو ڕۆژ قەیاغەکەی لە یەکێک لە قەیاغ پەناکانی نزیک بەندەر کنگ دەدۆزێتەوە .

- لە پۆستەکەدا ( پەناگا و شوێنی ڕاگرتنی لۆتکە و قەیاغ و بەلەمانی بچووک ) بەستبوویانەوە . ناوەکەشی پڕبوو لە قوڕ .

لال محەمەد لە سەر تەختەکە دادەنیشێت . یەکیک لە لاقەکانی هەڵدەکێشێت و دەیگرێتە باوەش . پەشتەماڵەکە- پێشی کراوەتەوە- بەسەر ڕانە تووکنەکەیدا دادەداتەوە و دەڵێت :- پێدەچێ کەسێک بە ئانقەست ، بردبێتی بۆ کنگ .

ئەنوەر مەشدی دەڵێت :- هەرباش بوو دۆزیتەوە ، مەمنوونی خوا بە کە دۆزیتەوە .

وسەماوەرە برنجە (زەرد ، برونز) کۆنەکە کە ورگی زیاد لە پێویست گەورە وناقۆڵایە و هەموو قەراخەکەی نەخشێنراوە هەڵدەکات و دوو مشت ئاو دەدات بە دەم وچاویا و دادەنیشێت ، بە دەم چاوەڕوانی وەکوڵهاتنی ئاوەکەوە چەند لیمۆ بەسرەیەک ورد دەکات تا چای ترش دروستبکات .

حەسەن گکۆ ، تایەی ئوتومبیلەکە دەخاتەوە جێی خۆی و مەسینەکە هەڵدەگرێت و دەست و چاوی دەشوات . ئەنوەر مەشدی قۆریە چا ترشەکە دەخاتە سەر و دەست بە شۆردنی پیاڵەکان دەکات . تا نەفەرەکان ئامادە دەبن ، حەسەن گکۆ دوو پیاڵە چای ترش دەخوات و هەڵدەستێ .

سوار دەبم . هێشتا ئوتومبیلەکە نەکەوتبووە حەرەکەت کە ژنێکی باریکەڵەی ڕەشتاڵە دێت بەسەرا و دەپاڕێتەوە کە حەسەن گکۆ سواری بکات . ژنەکە ، ڕووبەندی پۆشیوە و لەچکی لە سەرە و هەموو لەشی لە مانتۆیەکی ڕەشەوە پێچاوە . دەم و گۆناکانی ژنەکە لە لەچکەکەیەوە دیارن ئەوە نیشان دەدات کە گەنجە . حەسەن گکۆ ڕوو دەکاتە من کە لە لایەوە دانیشتووم :- قوربانت بم ، کەمێ گرد وکۆتر دانیشە تا ئەم زەعیفەیە سوار بێت !

ژنەی گەنج نیوە نەفەسە ، شەلاڵی ئارەقەیە . کە سواردەبێت بۆنی ئارەقەی لەشی کەپووم دەکزێنێتەوە . ژنەی لاواز هەرکە سواردەبێ ، خۆبەخۆ دێتە قسان :- وای کە خودا بە قسمەتی کەسی نەکات ! ... وەکو مەشکە ئاوسا بوو !

ئارەقەی لەشی بۆنی داڕووی لێدێت . بەهەناسە بڕکێوە لە سەری دەڕوات .

- لە سەر لمەلانەکە کەوتبوو . خواخۆی ئەرحەموڕاحمینە ...

لوول دەخوات و قسە دەکات .

- ... خۆی سزا دەدات ... خەڵکی هەرزە سزا دەدات ... وای خودا بەنەسیبی کەسی نەکات ! ... ئەوەندە ئاوسابوو کە بازنەکانی لە گۆشتەکەیدا خەتم بووبوو !

ئوتومبیلەکە پرتەپرتێک دەکات و دەکەوێتەڕێ . حەسەن گکۆ دەپرتێنێ .

- ئەوە تۆ چ دەڵێی خۆشکێ ؟ ... خوا سزای کێ دەدات ؟

ژنەکە لە سەر قسەکانی دەڕوات و دەڵێت :- کەناری دەریا ...

هەموو هۆش و گۆشم لای قسەکانی ئەوە .

- کەناری دەریا ... لە سەر لمەلانەکە ... نزیکی ئەسکەلەکە ... سزای هەموو بەدکاری و هەرزەکارییەکانی ...

چاوەڕێ ناکەم قسەکانی تەواو بکات .

- بوەستە !

حەسەن گکۆ تەمەشام دەکات . بیلبیلەی چاوەکانی لە درزی تەنگی پێلۆکانیەوە ڕەش دەچێتەوە .

- گوتم بوەستە !

ستۆپ دەگرێت . ئوتومبیلەکە لە دەستە ڕاستەوە ڕادەگرێت . حەسەن گکۆ دەپرتێنێ .

- دیسان ئەم ستۆپانە ...

کرێکەی دەدەمێ و ئەو ماوەیەی کە ژنە هەڵدەستێ و دادەبەزێت و ڕێم بۆ دەکاتەوە کە لە ئوتومبیلەکە دابەزم ، بەیەک ساڵ دەچێت .

ژنەی گەنج زەقاو زەق تەمەشام دەکات . چاوەکانی لە پشت کونە بازنەیەکانی ڕوو بەندەکەیەوە لە چاوانی ئەبڵەقی مارمێلکەیەک دەچێ کە ترسابێ . لێوە قەڵەشاوەکانی لێک ترازاون و ددانە درێژ و ڕەشەکانی کەوتوونەتە دەر .

لە ترومبیلەکە دادەبەزم و بە هەشتاو بەرەو دەریا دەڕۆم .

- خوا خۆی ئەرحەمو ڕاحمینە .. خۆی سزا دەدات ... سزای هەموو بەدکاری و هەرزەکارییەکانی ...

دەریا ، هاژە هاژی هەیە . شەپۆلە کورتەکان ، خاو و قورس بەسەر یەکدا دەکەون . هەتاوی بەتین ، بەسەر دەریاکەوە دەدرەوشێتەوە . لە دوورەوە ، تەمێکی دووکەڵ ڕەنگ ، ئاسمان و دەریای پێکڤە گرێداوە . بە سەر لمەلانەکەدا بلەز بەرەو ئەسکەلە ڕووخاوەکە دەڕۆم . دەڵێی بنی پێیەکانم بە لمەکەوە دەلکێن . تازیاتر زۆر لە ماسولکەکانی پێم دەکەم ، لە تۆوایە ڕێکردنەکەم خاوتر دەبێتەوە . تەنکە هەڵمێک لە لمەلانە نمسارەکەوە بەرز دەبێتەوە و هەناسە قورس دەکات . خشەخشی لقەکانی نەخڵستانەکەی کەنار دەریا تێکەڵاو بە هەمهەمە و هارە و هاژەی دەریاکە بووە . گایەکی پیر دەبۆڕێنێ . سەگێکی گەرمازەدە لێکدا لێکدا هانکە هانک دەکات . لە دوورەوە چاوم بە ئەسکەلە جاڕووبەندە ڕووخاوەکە دەکەوێ ، لۆتکەکەی لال محەمەد لە لایەوە بەستراوەتەوە . چەند پیاو وژنێک ، لە دەوری یەکدی خڕ بوونەتەوە. تا دەگەمە ئەسکەلەکە نیوە نەفەس دەبم و ئازام لە ئارەقەدا هەڵدەکشێت . کە دەگەمە ئەسکەلەکە (لەنگەرگا ) لە ناکاوا دڵم دادەخورپێ . ئەژنۆکانم دەکەونە لەرزین . جەستەی شەریفە ، لە سەر لمەلانەکە کەوتووە . تەواو گۆڕاوە . لەشە ناسک و باریکەکەی بە جۆرێ ئاوساوە کە ئەگەر خاڵە درشتەکەی بناگوێی نەبوایە و ئەگەر سووتاویەکەی پشت دەستی نەبوایەو ئەگەر بازنە زێڕو خڕخاڵە زیوینەکەی نەبوایە ، باوەڕم نەدەکرد شەریفەبێ . وێنەبەندە زیوینەکەی لەمل نییە . دیارە قورسی وێنەبەندەکە ( ملوانکەیەکە لە شێوەی قاپ قورئاندا ) زنجیرە ناسکەکەی پچڕیوە و کەوتووە . بازن و مووچەوانەکان لە گۆشتە ئاوساوەکەدا ختم بووە . قژە شەوە ئاساکەی بە سەر دەم و چاویدا ڕژاوە . چڵێکی کورتی مەرجانی ، بە گێسویەوە نووساوە . عەینی پۆپە کەڵەشێر ( گوڵێکی سوورە لە شێوەی پۆپنەدا ) بەڵام بە ڕەنگی سەدەفی مات . لەسەر گازی پشت لە سەر لمەلانەکە و گوێچکە ماسییەکان کەوتووە و دەستی ڕاستی ، بە مووچەوانەکانەوە کە نیشتووەتە سەر گۆشتەکەی ،

کەوتووەتە سەر سینگی . دڵم تێکدەچێ . چیوای نەماوە بڕشێمەوە . سەرم گێژ دەخوات . خەڵکی قسە دەکەن بەڵام قسەکانیان ، دەڵێی گیزەگیزی مێشە . ئەسڵەن تێناگەم کە چی دەڵێن . ئێژی پەردەکانی گوێم سڕبوون .

دەریا کە ، شەریفەی هەڵهێناوەتەوە . جەنازەکەی ڕاماڵیوەتە پای ئەسکەلە ڕووخاوەکە و پاشان ، کە ئاوەکە داکشاوەتەوە ، جەستەکە لە سەر گوێچکە ماسییە ورد ودرشتە ڕەنگاو ڕەنگەکان تێکەڵاوی لمەڵانە نمسارەکەی کەنارەکە بوون ، ماوەتەوە .

لە خەڵکەکە دوور دەکەومەوە ، هەڵدەتروشکێم و دەست بە لاجانگەکانمەوە دەگرم .

- خودا ئەڕحەموڕاحمینە ...

هاڕە وهەمهەمەی دەریاکە حاڵم تێکدەدات .

- خودا خۆی سزا دەدات ...

دەڵێی لە ناو چەرخ وفەلەکدا ڕۆنیشتووم و چەرخ وفەلەکەکە خێرا دەسووڕێتەوەو بایەکە دەلورێنێ و دەریا دەهاڕێنێ .

- سزای بەدکارییەکانی ...

سەرم زۆر خراپ گێژ دەخوات . چاوانم دەکەمەوە . حەشیمەتەکە خەریکە بەرەبەرە زیاد دەکەن . وادیارە هەواڵەکە لە شارا بڵاوبووەتەوەو هەنووکە ، خەڵکەکە خەریکن بەرەو دەریا نشێو دەبنەوە .

لاجانگەکانم لە نێو هەردوو دەستمدا دەگوشم . گەرەکمە ڕابم لێ ئەژنۆکانم لە دووم نایەن . قسەکانی خەڵکی تێکەڵن .

- شەریفەیە ها ؟!

- ها ... سۆزانییەکە !

- دنیا دیار ودەڤەری زەحمەت و سەریەشەیە . هێی بە قوربانی حیکمەتی بێعەیبت !

- خۆی کوشتووە ؟

- من چوزانم خوشکێ !

- یەکێک ژێراو ژێر لە ناوی بردووە !

- چۆن ، قسەی وا دەکەی خوشکێ ، ئوباڵی هەڵدەگری ؟

- چ ناز وفیز و عینوانێکی هەبوو !

- قسە لە دوای مردووان ناکرێ خوشکێ !

- لاکەوە گیانم ! لاکەوە ، هەڵبەتە ...

سەرۆکی ئیدارەی جینایات ( ئاگاهی ) ، دەگەڵ نایب زابت مینابی ، حەشیمەتەکە دەدەنە دواوە .

- کوا ڕێگە بدە برادەر ! تۆزێ بچۆلاوە ، هەڵبەتە .

خەبەبەی سەرۆکی ئیدارەی تاوان پڕ و خاڵی دەبێت و خەڵکەکە دەداتە دواوە . ناوەندی سەری ڕووتاوەتەوە دەبریقێتەوە . کراسە نیلییەکەی نووساوە بە پشتییەوە . نایب زابت مینابی ، سەروگەردنێک لە سەرۆکی ئیدارەی تاوان بەرزترە .

- بچنە دواوە ، بەری بایەکە مەگرن .

هەڵدەستم . خۆشم نازانم چیمە . بەهێمنی دەکەومەڕێ . بەبەر هەتاوە گەرمەکەدا و بەناو لمەڵانە زەردەکەی قەراخ دەریادا تا نزیکی گۆڕستانەکە دەڕۆم . بە قەراخ گۆڕستانەکە و پەرژینی باغی عەدنانیدا تێدەپەڕم و بەرەو گەراج دەڕۆم . شوفێرە جەهرومیەکە بە ئاوی بیرەکە ، خۆی شۆردووەو کڵاوە قوماشەکەی بەدەستەوە گرتووە. قژە زەردەکەی ساف و لووس شانە کردووە . ڕدێنی چاک تاشیوە . گۆناکانی سوور دەچنەوە . نیگا سەوزەکانی گەشە . ئارەقە نیشتووەتە سەر هەنیەی و تەڕوتەمیز ، خەریکە لە گەراجەکە وەدەر دەکەوێ . هەر کە دەمبینێ دەڵێت :

- با بڕۆین بەڵکو ئەم ژنۆکەیە ...

یەکسەر قسەکەی دەخواتەوە . چاوە سەوزەکانی لە کاسەی چاویا گێژ دەخوات و دەڵێت :-تۆبۆ وات لێهاتووە ؟!

هیچ ناڵێم . دەمەوێ بەلایا ڕەتبم ، سەری ڕێم لێدەگرێ .

- نا ، توخوا ، بڵێ بزانم بۆ ڕەنگت بزرکاوە !

دەیدەمە لاوە و ڕەتدەبم و بەرەو هەیوانەکە دەڕۆم . بۆ چەند ساتێک دەوەستێ وپاشان لە دواوە دەنگی دێت .

- خۆت نیشانی دوکتۆر بده ، به ڕاستمه به خودا !

بیری شەریفە ڕەهام ناکات . حەزدەکەم بەهەر جۆرێ بووە خۆم مژوول بکەم . بەهەر شێوەیەک بووە خۆم لە بیر بکەم . دەمەوێ لەجەستەی شەریفە ڕزگار بم . لە بیانوویەک دەگەڕێم کە خۆم سەرگەرم بکەم . شڕەوپڕەکانی ناو ژوورەکە دەدەم بەیەکدا . لە ئاوێنە قۆقزەکەدا کە بە دیوارەکەوەیە ، سەیری خۆم دەکەم . باریکە دەمارێکی سوور کەوتووەتە سەر سپێنەی چاوەکانم . لە گۆشەکانی زارمەوە ، زەردییەکی تاریک ، تاپەڕەکانی دفنم ( کەپوو ، لووت) و تا گۆناکانم هەڵکشاوە . لێوەکانم وشک و سپی هەڵگەڕاون . خۆڵ و ئارەقە تێکەڵ بوون و بە سەر تەوێڵمەوە وشک بووەتەوە . سەری تەنکە ئارەقەکە دەکەمەوە . بۆنی تیژی ئارەقی کشمیش دەچێت بە کەپووما . نیو پەرداخ تەژی دەکەم و بەگەرمی هەڵیدەدەم . جگەرم گڕی گرتووە . ئێژی ئارەقەکە ، دڵم فێنک دەکاتەوە .

عارەقەکە ، زۆر زوو کاری خۆی دەکات . زۆر زوو گۆناکانم ئاڵ دەبن . عەینی گۆشتی تازەی ئاسک سوور هەڵدەگەڕێم . لە هەنبەر ئاوێنەکەدا دەوەستم و سەیری خۆم دەکەم . دەمارەکانی ملم هەستاون . دەماری لاجانگەکانم ئاوساون . لە پڕ ئارەقە لە ئازای ئەندامەوە هەڵدەقولێ . نەرمە بایەک کە لە باگیرەکەوە خۆی بەژووردا دەکات ، پشتی تەڕ و گۆناکانم فێنک دەکاتەوە .

دەمم وەکو کلکی مار تاڵە . گەرووم دەسووتێتەوە . سێبەران درێژ بوونەتەوە . تین و تاوی هەتاو شکاوە . کزەبایەکی دێت ، خۆڵە نەرمەی سەرجادەکان ڕادەماڵێت و لە پای دیوارەکاندا کۆی دەکاتەوە . هەر سەعاتێکی بۆ ڕۆژئاوا ماوە . دووبارە دەچمەوە سەر تەنەکە عارەقەکە و دیسان نیو پەرداخ یەکسەری هەڵدەدەم . ئێستا هەست بە تامی تاڵ و تیژی عەرەقەکە ناکەم . دەڵیی دەم ولێوم سڕ بووە و دەڵێی زمانم ئاوساوە وتەزیوە . گیرفانەکانم بۆ جگەرە دەگەڕێم . پاکەتە جگەرەکە لە گیرفانمدا گرمۆڵە بووە و ئەو تاقە جگەرەیەی کە لە پاکەتە گرمۆڵە بووەکەدا هەیە ، لە ناوەڕاستەوە شکاوە . نیو جگەرەکە دادەگیرسێنم و لەبەر ئاوێنەکەدا دەوەستێم و تەمەشای خۆم دەکەم . سەرم گێژی گێژ دەخوات .

- تۆ وادیارە حاڵت زۆر خراپە ؟!

چاوانی وێنەکەم تاریکە . لێوەکانی دەجولێن .

- ئەرێ ! ... زۆر خراپە !

دەنگی خۆم لە دووری فرسەخانەوە دەژنەوم .

- خەریکە دەمریت . تەمەشای ڕوخساری خۆت بکە . دەبێ بیرێ لە حاڵی خۆت بکەیتەوە !

– ئێ باشە . ڕاست دەکەی . دەبێ بیرێک لە خۆم بکەمەوە . تەحەموولی ئەمە بۆ من قورسە . زۆریش قورسە ! ... ئەمە ، نایب زابت ڕەوحی و عەریف شیرازی ، ئەوەش وێنەی ڕاکردووەکان ...

– دروستە ... ڕەوحی ... شیرازی ! ... هەڵاتووەکان ! ... بەڵام تۆ ، چیت لە دەست دێت ؟! ...

– ئەمەش شەریفە !

– بەڵێ ! ... ئەمەش شەریفە . خوا ئەڕحەموڕاحمینە !

– بۆچی خۆی کوشتووە ؟

– ئەرێ بە ڕاست بۆخۆی کوشتووە ؟ ... من دەمویست ئەمە لە تۆ بپرسم .

– ئەسڵەن خۆی کوشتووە یا ... ؟

– تۆ خەیاڵت بۆچی دەچێ ؟

برژانگەکانی وێنەکەم دێنەوە یەک .

– خەیاڵ ... خەیاڵ ! ... ئاخ ! ... من زۆر ماندووم ! ... ناتوانم خەیاڵ و بیر بکەمەوە ! ...

چاوانم دەسووتێنەوە . ڕوندک لە چاوی وێنەکەم قەتیس دەمێنێ . مژ لە جگەرەکە دەدەم . دووکەڵەکە دەنیشێتە سەر ئاوێنەکە . وێنەکەم لێڵ و تاریک دەبێت . لە پشت هەوری دووکەڵەکەوە قسە دەکات .

– هەر بەڕاستی زۆر ماندووم . زۆر نەخۆشم . دەبێ بیرێک لە حاڵی خۆم بکەمەوە . ئەگەر وا بڕوات دەمرم . ڕۆژەکانم ، زۆر خراپ دەگوزەرێ . زۆر دژوارە ! زۆر تەنیا ! ... فرە بێ جوڵە و بێ خەبەر ! ...

دووکەڵەکە بەرەو باگیرەکە هەڵدەکشێت . وێنەکە هێشتا هەر قسەدەکات .

– ... ئەدی تۆ ؟ ... تۆ نەخۆش و ماندوو نیت ؟

لە دواوە دەنگی کەسێک لە گوێمدا دەگیرسێتەوە . ئاوڕ دەدەمەوە . سەر پاسەوان مراد عەلی ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاوە . خۆی بە سەر لاقە لەنگەکەیدا داوەو گۆشەی چاوی ڕاستی نیشتووەتە سەریەک .

– ئێ ئێستا ئیدی ، بە سەر پێیەکەوە دەگەڵ مندا تا شارەبانی وەرە !

زمانم قورس بووە .

- شارەبانی ؟! ... لە گەڵ تۆیا بێم بۆ شارەبانی ؟!

تەوێڵە چاڵەکەی گرژ دەبێت و بەکاوەخۆ دەڵێت :

- بەڵێ ... شارەبانی ، ئیدارەی جینایات ... بۆ تامینات (زانیاری) .

زۆر زوو حاڵی دەبم کە مەسەلەکە چییە . دنیا و بنیا هەر هەموو دەزانن کە هاتوچۆی ماڵی شەریفەم دەکرد . هەموو خەڵکی بەندەر لەنگە و بەندەر کنگ و لەوێوە بەندەر چارک و مەغویە دەزانن کە من خۆشم لەشەریفە دەهات

- ... زۆرت پێناچێ . دێی بۆ دایەرەی تامینات ( زانیاری ) و دەگەڕێیتەوە !

هیچ ناڵێم و لە گەڵیا دەکەومەڕێ . کڵاوەکەی بەدەستەوە گرتووە و یەخەی چاکەتە عەسکەرییەکەی کردووەتەوە . نێوچەوانە چاڵەکەی نیشتووەتە سەر ئارەقە . لە پلیکانە سواوەکانی بەر هەیوانەکەدا باڵم دەگرێت تا نەخزێم . عارەقەکە زۆر کاری تێکردووم . مراد عەلی لەڕێگا دێتە قسان .

- تۆ هیچت نییە بیڵێی ها ؟

تەمەشای دەکەم . بە دەستەسڕە چڵکنەکەی هەنیەی دەسڕێت . تەواو مەست و خۆمارم . چارەکێک پترم ، گەرماو گەرم هەڵداوە . هەتاو خەریکە ئاوا دەبێ . لە پشت گەواڵە هەورێکی ڕەشەوە کە نیشتووەتە سەر ئاسۆی ڕۆژئاوا ، چەند هێڵێکی پانی سوورباو وەدیارکەوتوون . تەم و هەڵمێکی تەنک ، کە لە دەریاکەوە بەرزدەبێتەوە و بەسەر لق و پۆی تاریکی دار خورماکاندا بەخاوی دەڕوات . لە سەرەتای بازاڕی مەساحدا ، لۆکسەکەی شاتر غوڵام ، لەپڕ گڕدەگرێت و تاریکییە کۆرپەکەی خۆرئاوا دەڕەوێنێتەوەو زوو دەکوژێتەوە . عەریف مراد عەلی دیسان دەپرسێت

- ها ؟ .. هیچت نییە بیڵێی ؟!

تفێک دەکەم و هیچ ناڵێم .

دەڵێت :- خۆ دەزانی ؟ ... مەسەلەکە شەریفەیە ئیدی !

زمانم قورسە .

- لە کوێ بزانم ڕەئیس عورەفا مراد عەلی ؟!

دەڵێت :- بەڵێ ! ... مەسەلەکە شەریفەیە . دەزانی کە دەریا هەڵیهێناوەتەوە .

پێی دەڵێم :- دەمەوێ جگەرە بکڕم .

دەڵێت :- بکڕە ، بەڵام زۆر ماتەڵ مەبە !

سەرپاسەوان مراد عەلی ، لە ناوەندی بازاڕی مەساحدا و لە سەر لاقە ساغەکەی دەوەستێ و لاقە لەنگەکەی ئازاد دەکات و بەدەستە سڕەکەی ، خۆی باوەشێن دەکات .

خوڵکی جگەرەی دەکەم . دەڵێت حەزی لێ نییە . بەڵام زوو ژێوان دەبێتەوە . دوو جگەرە هەڵدەگرێت و دەیخاتە گیرفانی چاکەتە عەسکەرییەکەی و دەڵێت :- ئێ ! ... با هەبێ دوایی دەیکێشم !

بەردەم شەهرەبانی قەرەباڵغە . گڵۆپی سەر دەرگاکەی شارەبانی کزە . پیاو و ژن و منداڵ بە ناویەکا دەخولێنەوە و پاسەوانی بەر شارەبانی دەنگی خەڵکەکە دەدا کە بچنە دواوە . لە ناو حەشیمەتەکەدا ، چاوم بە ژنەکەی عەلی دادی دەکەوێت کە پارچەیەکی لە سەریەوە بەستووە . دەڵێی دەگری . لووتی سوور بووەتەوە . مراد عەلی ، بەگوێمدا دەچپێنێ :- ئامۆژگارییەکت دەکەم !

بۆساتێک تەمەشای دەکەم . گۆشەی چاوی ڕاستی تەنگە. دەڵێی زامێکی کۆن گۆشەی چاوی پێکەوە جۆش داوە . نووکی دفنە زەلامەکەی بە سەر لێوی سەرەوەیدا شۆڕ بووەتەوە . دەم وچاوی درێژ کۆڵە و گۆناکانی ڕەق و تەقە. لە سەری دەڕوا .

- ئامۆژگاریەکت دەکەم . ئەگەر شتێک دەزانی ، ڕاستیەکەی بڵێ . ئیدی وەک دەڵێن ڕاستی و ڕزگاری !

نازانم مەبەستی چییە . باسی چی دەکات . دووکەڵی جگەرەکە دەچێ بە چاوما و ڕوندک دەرژێتە چاوم . بەنێو ئاپۆڕاکەدا ڕێی خۆ دەکەمەوەو دەچمەناو شارەبانی . چەند نەفەرێکی دیکەشی لێیە . عەلی دادی ، لە سووچێکی شارەبانیدا ، ئەم پێ و ئەوپێ دەکات . شپرزە و دەستەپاچەیە . عەلی دادی سەری بچێ نوێژی ناچێ ، ڕۆژوو دەگرێت و هیچ کاتێک تیغ لە ڕدێنی نادات . تەمەشای دەکەم . سەری دادەخات . لێوەکانی دەبزوون . ئایەتەل کورسی دەخێنێ . ڕەنگی زەرد بووە . چەفیەکەی داوە بەسەر شانیا و بە لکی چەفیەکەی ، پەیتاپەیتا ، عارەقەی هەنیە و گۆناکانی و گەردنی دەسڕێت . لێرەو لەوێ هەویری وشکەوەبوو بەداوێنی دیزداشەکەیەوە نووساوە و دەستەکانی تا ئانیشک لە ئاردا سپی دەچنەوە . کە لە دەرگای شارەبانی هاتبوومە ژوورێ ، لە نێو خەڵکەکەدا چاوم بە ژنەکەی عەلی دادی کەوتبوو کە چاوە نەجیبەکانی سەرگەردان بوو و دەتگوت دەگری .

عەلی دادی ورتە ورت دەکات .

- بۆ منیان هێناوە ؟ تازە تەنوورەکەم داخستبوو . هەویرەکە ، دەترشێت . دەزانی کە غولاّم چووەتە سەربازی تاخزمەتی دەولّەت بکات ! کەس نییە نان بکات ... تۆ دەزانی بۆمنیان بۆ ئێرە هێناوە ؟

دەست دەخەمە سەرشانی و پێی دەلّێم :- هیچ نییە عەلی دادی ! بێگومان بەهەلّە تۆیان هێناوە . گوێ مەدەیە ئەوپەڕی دوو پرس وجۆت دەگەلّ دەکەن و بەڕێت دەکەن کە بچیەوە سەر کاروکاسبی خۆت . خۆ پیاوت نەکوشتووە !

عەلی دادی دەپرتێنێ :- فایدەی چی . تا ئەوکاتە ، بەم گەرمایە ، هەویرەکە دەبێ بە سرکە !

لێوەکانی دەلەرزن و ئایەتەل کورسی دەخوێنێ و فوو دەکات .

مەمدۆش لەوێیە . چاوە ڕەشەکانی بێ ئۆقرەن ، گۆنا ساف و تریفە ئاساکانی سپی هەلّگەڕاوە ، بالاّی شووش و باریک ، ڕێک و پێکە . چەپکێک لە قژە ڕەشەکەی ، کە لە ڕۆنا هەلّکشاوە و لەبەر تیشکی گلۆپەکە ، وەکو پەڕی قەلەڕەش دەبریقێتەوە . بەهەنیە تەڕەکەیەوە نووساوە . لێوانی مەمدۆ ، سوور و ئاودارن . مەمدۆ ، ترساوە . کە قسە دەکات دەنگی لەرزۆکە .

- من هەفتەی یەک جار زیاتر نەدەچوومە لای و ئەم هەفتەیەش لەبنی نەچوو بووم .

نێوچاوانە تەنگەکەی مراد عەلی گرژ دەبێت . لێوی سەرەوەی بە نووکی لووتیەوە دەلکێ . پێدەکەنێ و دەلّێت :

- وادیارە مرادی ئەم هەفتەیە پارەکەی نەداویتەتێ !

مەمەدۆ ، دەکەوێتە لالّەپەتێ :- مرادی ؟! ... پارەکەی نەداوم ! .. مرادی پارەکەی نەداوی چییە ؟! .

سەیدی ڕۆژنامەفرۆش لە ژێر تاقە یەکتربڕەکەی دالاّنەکەی شارەبانیەوە وەژووردەکەوێ . بزە لە لێوی عەریف مراد عەلی دەبڕێت .

- سەید بۆ ؟! ... کێ دەستووری جەلبی ( هێنان ) سەیدی داوە ؟

پاسەوانێک کە دەگەلّ سەیدایە ، ئیکلامێکی عەسکەری دەکێشێت و دەلّێت :

- بەرپرسی تامینات (زانیاری) دەستووری داوە .

مراد عەلی دەخۆی ڕۆدەچێ و بە ئەسپایی دەڵێت :

- بەرپرسی تامینات ئیدی ... جەنابی بەرپرس !

سەید ، ڕۆژانی محەڕەم ، کۆڕی ڕەوزەخوانی دەگێڕێت . شەوانی تاسووعا و عاشوورا ، دەستەی سینگ کوتان پێکەوەدەنێ . مرادی ، جلکی عەسکەری دادەکەنێ ، دیزداشەی ڕەش دەپۆشێ ، شاڵ لەپشت دەکات و بەیداخ هەڵدەگرێت و لەپێش دەستەکەوە ، بەیداخەکە دەشەکێنێتەوە و لال محەمەد ، بەقەد وباڵای بەرز و بەدەنگی ڕەسا ، شیعری شیوەن دەخوێنێ .

لە سەر تەختێکی شەق وشڕ ، کە لەپاڵ دیوارەکەیە دادەنیشم . سێ گڵۆپی کز و تەپ و تۆزاوی کە ڕووناکیەکی مردەڵە پەخش دەکەنەوە ، بە ئاستەم حەوشەکەی شارەبانی ڕووناک دەکەنەوە .

غەفووری لە ژوورەوەیە . جەنابی سەرۆک جسۆجۆی دەگەڵ دەکات . یەکێک لە پاسەوانەکان ، دەلنگی پانتۆڵەکەی هەڵکردووە و خەریکە ناو حەوشەکەی شارەبانی گسک دەدات . ئەرزەکەی ئاوڕشێن کردووە تا تەپ وتۆز هەڵنەستێت . باخەکەی ناوەندی حەوشەکەی شارەبانی وشکە ، هەندێ لەو خشتانەی کە لە دەورانەوری باخچەکە ، بەشێوەی سێگۆشە لە ئەرزەکە چەقێنراون لێرەو لەوێ شکاون . دوو دار خورمای بەرز ، لە ناو باخچەکەدا بەرز بوونەتەوە و لق وپۆپی دارخورماکان لە سەربانی نهۆمی دووەمی شارەبانی بەرزتر بوونەتەوە .

نایب زابت مینابی لە ژوورەکەی تەنیشت دالآنەکەی شارەبانیەوە دێتەدەرێ و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستێ و دەڕوانێتە ناو حەوشەکە . خەریکە جگەرەکەم دادەگیرسێنم کە گوێم لە دەنگی نایب زابت مینابی دەبێت .

- مەمدۆ !

مەمەدۆ ، دەجوڵێ ، ڕادەپەڕێ .

- بڕۆ ئەو گسکە وەربگرە و حەوشەکە گسک بدە !

دەنگی مەمدۆ ، لەرزۆکە .

- من گسکی بدەم ؟

مرادی ، بە شان و شەپیلکی پان و گەردنی ئەستوور و بەلاقە درێژ و پڕ ماسوولکەکانیەوە ، وەکو ئەوەی مێخ هەڵکێشێ. لە دەرگای شارەبانیەوە دێتە ژوورەوە . مەمدۆ ، یەکسەر دەجوڵێت . نایب زابت مینابی بەپەلە بەرەو مرادی دەڕوات و بێ گوێدان بە پلەوپایە و جلەکانی لە شارەبانی دەیکاتە دەرەوە .

– بۆ دەرەوە ... یاڵڵا بۆدەرێ !

عەریف مرادی یەکسەر سست دەبێت .

– سەرکار نایب زابت !

نایب زابت مینابی چاوانی دەنێتە سەر یەک و مۆڵەتی نادات .

– دەی هەڵێ !

عەریف مرادی ، وەکو کەو دەچێ و لەبن لێوانەوە دەڵێت :– کارم دەگەڵ سەرۆکی شارەبانی هەیە .

– سەرۆکی شارەبانی منم ! ... گوتم خێرا بۆدەرەوە !

قەد و باڵای نایب زابت مینابی ، چیوای لە هی عەریف مرادی کەمتر نییە . عەریف مراد عەلی ، بەلاقە لەنگەکەیەوە نیوە پێچێک دەکاتەوە و ڕێگە لە مەمدۆ دەگرێت .

– مەگەر گوێت لێ نەبوو کوڕۆ ! ... بڕۆ گسکەکە وەربگرە !

ئەو پاسەوانەی کە دەرلنگی پانتۆڵەکەی هەڵکردووە ، پشت ڕاست دەکاتەوە و بەرەولای مەمدۆ دێت و گسکەکەی دەداتە دەست .

نایب زابت مینابی ، عەریف مرادی لە دەرگای شارەبانی دەکاتە دەرەوە و دەگەڕێتەوە ناو شارەبانی و بۆ چەند ساتێک دەڕوانێتە مەمدۆ — کە ئێستا خەریکی گسک دانە — پاشان سەر دادەنەوێنێ و دەچێتە ناو ژوورەکەوە .

چەند کۆترە شینکەیەک ، لە سەر گوێسە بانەی نهۆمی دووەمی شارەبانی هەڵکوڕماون . یەکێک لە کۆترەکان بادەکاتە خۆی ، باڵەکانی لێک دەکاتەوە ، لەشوێنی خۆیدا باڵ لێک دەدات و پاشان دەکەوێتە گمەگم .

غەفووری لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . شەلاڵی ئارەقەیە . چاوە قووڵەکانی ،ترووکە ترووکە دەترووکێن . ڕەنگ بە گۆنا ڕەق وتەقەکانیەوە نەماوە . لێوە تەنکەکانی وشک وبێ خوێنە . خۆی لە سەر لاقە لاواز و کورتەکانی ڕاناگرێت و پەیتا پەیتا قسەدەکات .

- ئاه ! ... پرس وجۆ ! ... ئاخر من بۆ ؟! ... جەنابی سەرۆک دەڵێ بڵێ ... ئاخر چی بڵێم جەنابی سەرۆک ؟ من هەمووی دە دوازدە ڕۆژ پتر نەبوو کە ئاشنایەتیم دەگەڵ ئەم زەعیفەیەدا پەیدا کردبوو ، لەم دوازدە ڕۆژەش ، سێ چوار ڕۆژی لە قەتەر بووم . ها ها ! .. پرس و جۆم لە گەڵ دەکات ... !

نایب زابت مینابی دێتەبەر دەرگای ژوورەکە و بەدەنگێکی زەلاڵ دەڵێت :

- ئەوانەی کە پرس وجۆیان لە گەڵ کراوە لەوێبن . تامەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە ! ...

وبەسەری قامکان کۆتایی شارەبانیان نیشاندەدات کە تۆزێ لەمەپێش مەمدۆ گسکی دابوو .

- لە سەر تەختەکە دانیشن و دەنگەدەنگ نەکەن ... یاڵڵا غولام ! ..

بانگم دەکەن . بەلای مەمدۆ دا کە بەدەم گسک دانەوە دەبۆڵێنێ ، ڕەت دەبم ، جگەرەکەم کە گەییوەتە نیوە ، دەدەم بە عەریف مراد علی و دەچمە ژوورەوە . بۆچەند ساتێک نیگام لە نیگای سەرۆکی دایەرەی تاوان هەڵدەنگێوێ . سڵاو دەکەم .

- دانیشە .

بەرانبەری دادەنیشم . سەرۆکم چەند جارێک بینی بوو . زەلامێکی قەڵەوی دەستەباڵایە . پانتۆڵێکی ڕەساسی لەبەرە . کراسە نیلییەکەی بەبەری تەنگە . دووگمەکانی کشاون و ناو بە ناو سکی کەوتووەتە دەر . ناوەندی سەری ڕووتاوەتەوە . لاجانگەکانی سپی دەچنەوە . تەمەشام دەکات و بەئارامی دەڵێ :- هەڵبەتە دەبێ بزانی مەسەلەکە چییە !

بە هێمنی تەمەشای دەکەم و دەڵێم :- هەندێ شتم بیستووە .

دادەنیشێت و مژ لە جگەرەکەی دەدات و بە بێدەنگی تەمەشام دەکات . چاوەکانی گەورەن و وەکو چاوی قورباقە بەرجەستەن . ژوورەکە ، خەمناکە . گەچکاری دیوارەکانی کۆن بووە . بۆنی جگەرە و بۆنی کۆنەیی تێکەڵی یەکدی بوون . ڕوناڵی زەردی گلۆپێک کە بە میچەکەوە ئاوێزانە دڵ تەنگ دەکات . مێزەکەی سەرۆکی جینایات قەرەباڵغە . کاغەز ، وشک کەرەوەی مەرەکەب ، ڕاستە ، دۆسیە و فایل ، کارتۆن ، قەڵەمدان ، شووشەی مەرەکەب ، قووتووی جگەرە و چەند ورتکە و پرتکەیەکی دیکە ، تێکەڵ بوون و لەسەر مێزەکە کەڵەکە بوون . مێزەکە ئەوەندە تاریکە نازانم چ ڕەنگێکە . تابلۆی نواندن ( ئیعلانات ) و نیشاندانی تاوانان ، لە پشت سەری سەرۆکی جینایاتەوە

هەڵواسراوە کە سپیە . لە تەنیشت تابلۆی ئیعلاناتەکەوە ، دەرگایەکی قورسی ڕەساسی قاسەیەکە کە لە دیوارەکە قایم کراوە و بێگومان جێگەی دەمانچە و یا بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی نهێنییە .

– عەرەقت خواردووەتەوە ؟

سەر دەلەقێنم . دەڵێت :– بۆنی دێت !

مژ لە جگەرەکەی دەدات و دەیخاتە سەدەفێکی گەورەوە کە پڕە لە قوونکە جگەرە .

– جەندەکەکەی شەریفەت بینی ؟

تەمەشای دەکەم . لێوەکانم بە قورسی قورقوشم نیشتوونەتە سەریەک . سەرۆکی جینایات لە پشت مێزەکەیەوە هەڵدەستێ و ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە بۆ ژوورێکی دی دەچێ و بەسەرە گەورەکەی ئاماژە دەکات کە دووی بکەوم . بەزەحمەت لە سەر کورسییەکە هەڵدەستم ودەگەڵ سەرۆکی جینایاتدا دەچمە ژوورەکەی تەنیشت . بۆنی گۆشتی تێکچوو دێت . ژوورەکە تاریکە . گڵۆپەکە دادەگیرسێنێ . جەندەکی شەریفەیان ناوەتە سەر تاکی دەرگایەکی کورت و تاکی دەرگاکەیان ناوەتەسەر تەختێک و چەرچەفێکی کۆنەیان بە جەندەکەکەدا داوە . سەرۆکی جینایات، چەرچەفەکە لەسەر جەندەکەکە هەڵدەداتەوە . شەریفەیە . دەوری چاوەکانی بەڕادەیەک ئاوساوە کە تەنانەت درزی چاوەکانیشی دیارنییە . چەپکێک لە قژەکەی بەسەر دەم و چاویا کەوتووە . دەمی جەندەکەکە نیوەکراوەیە و لمی کەنار دەریاکە بە گۆناکانییەوە چەسپیوە . دەنگی سەرۆکی جینایات دەژنەوم :– خۆیەتی ها !

سەر دەلەقێنم .

سەرو چاوی جەندەکەکە دادەپۆشێت . لاقی شەریفە لە تاکە دەرگاکە درێژترە و چەرچەفەکە تا سەر ئەژنۆی داپۆشیوە . خڕخاڵە زیوەکانی ، لە گوزینگی پێیدا ختم بووە .

سەرۆکی جینایات دەرگای ژوورەکە دادەخات و لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێت . جگەرەکەی لە ناو سەدەفەکەدا بووە بە سووتوو .

– مۆڵەت هەیە جگەرە بکێشم .

دەڵێت :– بکێشە ... هەڵبەتە !

جگەرەکەم دادەگیرسێنم .

- ... هەڵبەتە دوای ئەوەی جەندەکەکەی شەریفەت لە بەستێنی دەریادا بینی ، ئەوسا چوویت عارەقت خواردەوە ! .

مژ لە جگەرەکە دەدەم وهیچ ناڵێم .

- دەبێ زۆری نیگەران کردبی !

وا دیارە بەتەمایە سوود لە عەرەق خواردنەکەی من وەربگرێت . لەبن لێوانەوە دەڵێم :

- بەو وەزع و حاڵەوە کە هەیەتی هەموو کەسێک بۆی نیگەران دەبێ !

هەندێک شت لە سەر کاغەزەکە دەنووسێت و لێم دەپرسێت :- لەکەیەوە دەتناسی ؟ ... بەتەواوی بیڵێ .

- سێ چوار مانگە .

- سێ مانگ یان چوار مانگ .

- بۆ ئێوە چ فەرقێک دەکات ؟

قەڵەمەکە لە سەر مێزەکە دادەنێت . پاکەتە جگەرە هوماکەی هەڵدەگرێت ، بەکاوە خۆ جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . مژی لێدەدا و چاوە گەورەکانی گەورەتر دەکاتەوە و بەهێواشی دەڵێت :

- دەمەوێ پرس و جۆت لە گەڵدا بکەم ، بۆیە دەبێ بە دروستی وەڵام بدەیەوە !

بە هیچ جۆرێ جدی نایەتە بەرچاوم . ئەرکی خۆی لە کۆڵ دەکاتەوە . بە قسەکردن و ڕەفتاریا دیارە . هەڵبەتە چونکە شەریفە سۆزانی بووە و هیچ کەس وکارێکی نییە .

بە ئەسپایی دەڵێم :- حاڵی هەم جەنابی سەرۆک .

خەبەبەی ، عەینی ژێرچەنەی بۆق ، پڕوخاڵی دەبێت . سوورە لە سەر ئەوەی کە قسەکردنەکەی مەحکەم و جدی بێت ، بەڵام وا دەرناچێت . جۆرە بێ موبالاتی و خوێنساردیەک بە ڕوخساریەوە دیارە و دەستەکەی دەخاتە ڕوو و ئاشکرا دەکات .

چاوە شووشە ئاساکانی کە وەکو چاوی قورپباقە زەقە ، دادەخرێن و درزی دەمە زلەکەی دەکرێتەوە .

- خۆگاڵتەت لێ نایە ؟!

نازانم چی بڵێم . بە قوونی دارجگەرە ئاماڵ زەردەکەی ، گۆنا گۆشتن و لاجانگە سپیەکەی دەخورێنێ ودەڵێت :

- دە قسەبکە !

- مۆڵەت دەدەی ؟

بە سەرسامی سەیرم دەکات کە دەمەوێ چ بڵێم . ئاغزی جگەرەکە لە ناو سەدەفەکەدا دەکوژێنمەوەو بە بێدەنگی دادەنیشم .

دەرگای ژوورەکە ڤەدەبێ و عەریف مراد عەلی دێتە ژوورەوە . کە قسە دەکات لێوی سەرەوەی بە نووکی لووتیەوە دەچەسپێ و نێوچاوانە تەنگ و چاڵەکەی گرژ دەبێت .

- جەنابی سەرۆک ، گەیلان چووە بۆ مغویە ، فەرمایشێکی دیکەت نییە ؟

سەرۆکی جینایات مل هەڵدەبڕێ و دەڵێت :- با ، کێ گوتی چووە بۆ مغویە ؟

لێوی سەرەوەی عەریف مراد عەلی دەگەڵ سەری کەپوویدا جووت دەبێت ودەڵێت :- ژنەکەی گوتی جەنابی سەرۆک !

- باشە ... نەیگوت کەی ڕۆییوە ؟

- گوتی ئەمرۆ دوای نیوەڕۆ ڕۆییوە جەنابی سەرۆک !

سەرۆکی جینایات بۆ چەند ساتێک لەفکران ڕادەچێت ، ئەوسا خەبەبەی بەرز ونزم دەبێت و دەڵێت :

- لە پاش دۆزینەوەی جەنازەکە یان لە پێش ؟ ...

و لەبن لێوانەوە بە ئەسپایی لە سەری دەڕوات :- ... هەڵبەتە !

عەریف مراد عەلی ، لە سەر لاقە لەنگەکەی دەجوڵێ و دەڵێت :- ئیدی نەمپرسی جەنابی سەرۆک . نەتان فەرمووکە بپرسم جەنابی سەرۆک . مۆڵەت بفەرموون بچم بپرسم جەنابی سەرۆک !

سەرۆکی جینایات بە مۆدنەکەی ( دارجگەرە ) درێژایی کەپووە زلەکەی دەخورێنێ و دەڵێت :

- ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ بەرن وبچن لە شوێنی . هەڵبەتە ئەگەر لێرەیە !

مراد عەلی سەری بەرز دەگرێت و دەڵێت :

- ئیتر چی جەنابی سەرۆک ؟ ئەگەر حەسەن گگۆ لەکنگ نەهاتبووەوە چ بکەین جەنابی سەرۆک ؟

سەرۆکی جینایات لەپڕ تووڕە دەبێت .

- ئاە ... مێشکی سەرت بەم ( جەنابی سەرۆک )ە بردم ... بڕۆ هەر گویەکت حەز لێیە بیخۆ ... هەڵبەتە !

عەریف مراد عەلی ڕادەپەڕێ . پاژنەی لینگە لەنگەکەی دەگەڵ پاژنەی لاقە ساغەکەیدا جووت دەکات و دەلێت و دەڵێت :- بەچاوان جەنابی سەرۆک !

بە سەر لاقە ساغەکەیدا دەسووڕێتەوە و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ و دەرگاکە دادەخات .

زەردەواڵەیەکی زێڕین بەسەر سەری سەرۆکی ئیدارەی جینایاتدا دەکەوێتە ویزەویز . سەرۆک سەفتە کاغەزەکەی پرس وجۆیەکە هەڵدەگرێت تا بە زەردەواڵەکەیدا بکێشێت ، بەڵام ناتوانێ . زەردەواڵەکە دەفڕێ و دوور دەکەوێتەوە جەنابی سەرۆک ڕوودەکاتە من و دەڵێت :- دووشەمە لە کوێ بوویت ؟

وهەمدیس بەچاوە گەورەکانی پەیجۆری زەردەواڵەکە دەکات و پێ بە پێی زەردەواڵەکە بە دەوری ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە .

دەبیرەوە دەچم تا یادم بکەوێتەوە دووشەممە لە کوێ بووم . بیرم دێتەوە و پێی ئێژم کە لە کوێ بووم و چم کردووە . هەر بەو دەقەوە کە ملی دەسوڕێت و چاوی دووی زەردەواڵەکە دەکەوێ ، دەپرسێت .

- ئەدی سێ شەممە لە کوێ بوویت ؟

چاوم دەگەڵ چاوی جەنابی سەرۆکدا، بە دەوری زەردەواڵەکەدا گێژ دەخوات کە ئیستا بە دەوری گڵۆپەکەدا دەخولێتەوە.

- ها سێ شەممە لە کوێ بوویت؟

هەر بەو دەقەوە کە تەمەشای زەردەواڵەکە دەکەم ، دەڵێم کە دوای فراڤین دەگەڵ عەلیدا چوومە ماڵی خورشید کولاە و پاشان چووینە پشتە و پاشان چووینە کەنار دەریا و دوایی ، دەور وبەری نیوەشەو عەلی بەپێیان بەرەو بەندەر کنگ کەوتووەتە ڕێ .

جەنابی سەرۆک لە پڕ چاوی لە زەردەواڵەکە دەگوازێتەوە و چاوە درشتەکانی بچووک دەکاتەوە و دەڵێت :

- عەلی کە ڕۆیی بۆبەندەر کنگ ... هەڵبەتە ... تۆ چیت کرد ؟

چاو دەبڕمە ورتکە و پرتکەکانی سەرمێزەکەی جەنابی سەرۆک و بۆ ساتێک دێت بەبیرما کە نەڵێم چووم بۆلای شەریفە ، بەڵام دەترسم کە نەتوانم هزر و بیرم گردوکۆ بکەمەوە و درۆیەکەم تا سەر بپارێزم . بۆیە ڕێک وڕەوان پێی دەڵێم کە چوومەتە لای شەریفە ، پێی دەڵێم کە گوێم لە دەنگی پێش بووە و پاشانیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە .

- دەورو بەری سەعات یەکی نیوەشەو بوو کە لە ماڵی شەریفە وەدەرکەوتم و بۆماڵەوە چووم .

زەردەواڵەکە ، واز لە گلۆپەکە دێنێ و بلەز بەرەو لای سەرۆک دادەگەڕێ . جەنابی سەرۆک ، کاغەزە نووسراوەکان هەڵدەگرێت و خۆی ئامادە دەکات کە لە زەردەواڵەکە بدات . هەر بەو دەقەوە کە لە سەر کورسیەکە نیو ئاخێزی کردووەو بە چاو پەیگیری زەردەواڵەکە دەکات ، دەپرسێت :- شایەدیشت هەیە ... هەڵ ... بەتە ؟!

خۆ بە خۆ ڕاستەکەی سەرمێزەکە هەڵدەگرم و ڕوودەکەمە زەرەواڵەکە و دەڵێم :

- هەڵ ... بەتە ... شوفێرەکەی جەهرومی . عەریف سەفا .

سەرۆکی ئیدارەی جینایات کە لە کوشتنی زەردەواڵەکە نائومێد بووەو زەردەواڵەکە فڕیوە و چووە لە سەر کەتیبەی سەرێی دەرگاکە هەڵنیشتووە ، کاغەزە نووسراوەکان لە سەر مێزەکە دادەنێت و هەندێ شت دەنووسێت و پاشان نیگام دەکات .

پێدەچی بیەوێ بڵێت کە تا ڕوون بوونەوەو ئاشکرا بوونی مەسەلەکە ، مافی ئەوەم نییە لە بەندەر لەنگە وەدەربکەوم ، کە بێگومان بیری دەکەوێتەوە من هەموو بەیانییەک ناچارم بڕۆم بۆ سەربازگە خۆم نیشانبدەم و تا یەک ساڵ و چەند مانگێکی دیکە مافی ئەوەم نییە لە بەندەر لەنگە وەدەربکەوم و مافی ئەوەم نییە کە ... دەنگی دەژنەوم .

- زامنت هەیە هەڵبەتە ؟

گیزەگیزی زەردەواڵەکە بەرزدەبێتەوە . لە سەر کورسیەکە نیوئاخێزێکی بۆدەکەم . ڕاستەکە بەرزدەکەمەوە . زەردەواڵەکە بە سەر سەرمدا دەسووڕێتەوە . دوو جار ڕاستەکەی تێدەسرەوێنم کە هەردوو جارەکە نای پێکێ . زەردەواڵەکە ڕێک بە سەر سەرمەوە دەسووڕێتەوە . چاوەکانم خەریکە تاریک دەبن . دەترسم کە جاری سێیەمیش ڕاستەکەی بەرنەکەوێ . بە ئەسپایی دەستم بەرزدەکەمەوە تا لە زەردەواڵەکە بدەم ، لە پڕ دەستە یاداشتەکە بە

توووندی بە سەرمدا دەکوترێ . زەردەواڵەکە بەرەولای گڵۆپەکە بەرزدەبێتەوە . سەرۆکی جینایات کە ئێژی تەریق بووەتەوە نیگام دەکات و دەڵێت :- ببورە ! ... ئەم زەردەواڵەیە زۆر هاروهاجە ! ... کەس دەرەقەتی نایەت .

دوای تۆزێک دەڵێت :- من کە دەرەقەتی نایەم هەڵبەتە !

ڕاستەکە دەخەمەسەر مێزەکە و دەڵێم :- بەڵێ زۆر هارو هاجە.

جەنابی سەرۆک سەفتە نووسراوەکە گردوکۆ دەکاتەوە و لەبەردەم خۆی دادەنێ ودەڵێت :

- ئەمڕۆ ، ڕۆژی سێیەمە کە پەیدابووە . زەردەواڵەکە دەڵێم .

پاشان لە پڕ ، وەک ئەوەی بیری کەوتبێتەوە خەریکە پرس و جۆم دەگەڵ دەکات ، خەبەبەی پڕ با دەکات و چاوە شووشە ئاساکانی لە دوڕ چاوانم دەبڕێت و دەپرسێت :- زامنت ، هەڵبەتە هەیە ؟

دەزانێت تەنانەت ، ئەگەر بشمەوێ ناتوانم لە بەندەر لنگە هەڵێم . دەزانێت لە هەموو بەندەر لنگەدا تەنیا ترومبیلە شڕەکەی حەسەن گکۆ هەیە کە ئەویش لە کنگ هێوەتر ناڕوات و سەبارەت بە جێبەکان و کامانکارەکەی (لۆری عەسکەری ) فەوجیش ، ئەوا من ناتوانم سوود لە هیچیان وەربگرم و خۆ پەڕینەوەش لە پل زار و ڕۆیشتن لە گۆلی سفلینەوە بۆ بەندەر مەهتابی کارێکی ئاسان نییە ؟

- نیتە ؟ ... قەیدی نییە . لێ ، هەڵبەتە مافی ئەوەت نییە لە شار وەدەربکەوی .

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و دەڵێت :- بڕۆ دەرێ ، بە عەلی دادی بڵێ بێت ... ئەڵ ... بەتە .

عەلی دادی زۆر ماتەڵ نابێت . سەرۆکی دایەرەی تاوان (جینایات) دەپرسێت کە بیستوویەتی شەریفە نانی لەو کڕیوە و پرسیویەتی کە چەند ڕۆژە بۆنان کڕین نەهاتووە و یەک دوو پرسیاری بێ سەر وبەری تری لێکردووە و پاشان بەڕێی کردووە کە بڕوات و بەکار وکاسبی خۆی ڕابگات .

عەلی دادی ، دەم بە پێکەنین لەژوورەکەی سەرۆکی تاوان ( جینایات ) دێتەدەرێ . عەریف مرادی ، ڕێی پێدەگرێ .

- بۆ ئەوێ .

وئاماژە بۆ ئەو جێیە دەکات کە غەفووری لێ دانیشتووە . عەلی دادی چارەی گرژ دەبێت و دەلێت :- خۆی گوتی برۆم . خودی جەنابی سەرۆک گوتی کە هیچ کارێکی پێم نییە .

سەرۆکی تاوان لە بەینی دەرگاکەوە سەر دێنێتە دەرێ و ئاماژە دەکات کە ڕێگەی عەلی دادی بدەن بڕوات . پاشان ، تەمەشای دەوراندەوری حەوشەی شارەبانی دەکات و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- مەمدۆ !

عەلی دادی کە بەلاما ڕەتدەبێ ، بەگوێما دەچپێنێ :- تۆش جەندەکەکەت بینی ؟

عەریف مراد عەلی بە شەلەشەل دێتە پێشەوە و دەڵێ :- چی بە گوێی یەکدیدا دەچپێنن ؟

ئانیشکی عەلی دادی دەگرێت و بەئەسپایی بەرەو دالانەکەی شارەبانی دەڵەکی دەدات و دەڵێت :- بۆدەرەوە .

مەمدۆ ، شپرزە و دەسەپاچە دەچێتە ژوورەوە. غەفووری لەو سەری حەوشەی شارەبانی (ئاسایش) دانیشتووە و لاقە لاوازەکەی ناوەتە سەر لاق وجگەرە دەکێشێت . عەریف مراد عەلی دەڵێت کە برۆم لای غەفووری دانیشم . سەید ، لە پاڵ دیوارەکە هەڵتروشکاوە و بێدەنگە . کە بە بەردەمیا ڕەتدەبم بزەیەکی بە ڕوودا دەدەم . بەڵام هەر ئاگاشی لێنییە . سەید لکەی ئەو چەفیەی کە لە ملی کردووە ، خستووەتە دەمی و دەیجۆی و نیگای سەرگەردانە .

لای غەفوورییەوە دادەنیشم . حەجمانی نییە . ناڵچەی پاژنەی قۆندەرەکەی لەگەڵ چەوێن ناو حەوشەکەی شارەبانی (ئاسایش) ڕیتمێکی نەرم و خێرای وەرگرتووە . لاقەکانی کە کەوتوونەتە سەریەک دەلەرزن . لێی دەپرسم

- تۆش هاتوچۆیماڵەکەیت دەکرد ؟

چاوەکانی لە قووڵایی کاسەی چاویدا گێژ دەخوات و تەمەشام دەکات . گۆنا ڕەقەکانی زەرد دەنوێنێ . دەنگی دەلەرزێ :- تەنیا دووجار .

وبێدەنگ دەبێت . ئێژی حەزناکات قسەی دەگەڵدا بکەم . جگەرەیک دادەگیرسێنم و پشت بە پشتی تەختەکەوە دەدەم . مەستیەکە بەری داوم ئێستا تەمەڵ و خاوم ، بێتاقەتم . غەفووری لەپڕ دێتەقسان و هەژدەر هەژدەر قسە دەکات .

- من تێناگەم ، ئەسڵەن تێناگەم ، هەرچی بیردەکەمەوە تێناگەم ! قەحپەیەک ئەم هەموو ڕیس و گوریسەی بۆ چییە ! چ دەڵە سەگێک بتۆپێ و چ قە ... یەک ! ئاخر ئەم هەموو خەڵکەیان ڕیزکردووە و بۆ شارەبانیان (ئاسایش) ڕاپێچ کردوون لە پای چی ؟ ... ئەسڵەن سەر لەمە دەرناکەم ! ...

و بێدەنگ دەبێت . خۆشم لە قسەکانی نایەت . گوێی نادەمێ . حەزدەکەم پێی بڵێم کە کاتێ دەگەڵ ئەم " دێڵە سەگە" دا دەخەوت چ هەستێکی هەبووە ، بەڵام نایڵێم و مژ لە جگەرەکەم دەدەم و تەمەشای نهۆمی دووەمی

شارەبانی دەکەم . گڵۆپی ژوورەکەی سەرۆکی شارەبانی ڕووناکە . کۆترەکان لە سەر گوێسەبانەی نهۆمی دووەم هەڵکورماون و وەنەوز دەدەن . غەفووری دووبارە دێتە قسان .

- بە ئەقڵی تۆ چیمان لێدەکەن ؟

بیردەکەمەوە کە پێی ڕابوێرم . ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەمەوە بێ کە قسەکانیم لە بەر گران بووبێ ، بۆیە ئەو بیرە دەکەمەوە . پێی دەڵێم :- مەسەلەکە زۆر زەلاڵ و ئاشکرایە ؟

- ئاشکرایە ؟ ... چی ئاشکرایە ؟

چاوەکانی سەرگەردانن .

- ئاشکرایە ، کە کوشتن لە ئارادایە ، کەسێک کوژراوە . ئەمە تاوانە و سزای خۆی هەیە . گومانیان لە ئێمەش هەیە . دەمانخەنە زیندانەوە تا بکوژەکە دەدۆزرێتەوە ... و خۆ لە گینیشە بکوژەکەش نەدۆزرێتەوە . هەموومان شەریکی توانین و دەبێ یەکی دە دوازدە ساڵ لە زیندان بین .

لێوە تەنکەکانی غەفووری دەکەونە لەرزە . ژێر چاوە قووڵەکانی سپی دەبن . پەڕەی گوێچکەکانی دەبن بە زەعفەرانی زەرد و لە پڕ وەکو مریشکێک گەروویان گووشی بێ ، بە دەنگێکی نزم و نووساو هاوار دەکات .

- لە سەر یەک قە ... ؟

- لەوێ چ خەبەرە ؟

- ها ؟ ... لە سەر قە ... ؟!

شانەکانم هەڵدەتەکێنم و دەڵێم :- فەرق ناکات . مرۆڤ ، مرۆڤە . قە ... ش مرۆڤە .

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ دەڵێت :

- خەنی لە خۆت ، دڵت خۆشە ! ... قە ... ش ،مرۆڤە ! ... هی هی ! ... قە ... ش بەشەرە ! ... پازدە ساڵ زیندان ! ... قسانێک دەکەی لە قووتووی هیچ عەتارێکدا دەست ناکەوێ ! ... قە ... ش بەشەرە ! ... خەنی لە خۆت ، دڵت خۆشە ! ...

و بێدەنگ دەبێت و جگەرەیەک پێدەکات . ڕیتمی ناڵچەکەی ژێر پاژنەی وردتر و خێراتر دەبێت .

مەمدۆ ، لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . دەیەوێ بڕواتەوە سەرجێگاکەی هەوەڵی کە مراد عەلی بۆلای ئێمەی ڕەوانە دەکات :- بڕۆ بۆ ئەوێ ... لای غەفووری !

سەرە زلەکەی سەرۆکی ئیدارەی تاوان لە بەینی دەرگای ژوورەکەوە دێتە دەرەوە و سەید بانگدەکات و پاشان لە عەریف مراد عەلی دەپرسێت :- چ هەواڵێک لە گەیلانەوە نەبوو ؟

- جەنابی سەرۆک عەرزم کردی ، چووەتە بەندەر مغویە .

جەنابی سەرۆک دەرگاکە دەخاتە سەرگازی پشت و ڕێگە بە سەید دەدات کە بچێتە ناو ژوورەکەوە . ئەوراقەکان بە دەستی جەنابی سەرۆکەوەیە . دەڵێی هێشتا زەردەواڵەکەی لە کۆڵ خۆی نەکردووەتەوە . بەنینۆک لاجانگی دەخورێنێ و دەڵێت :- بنێرن بە دووی عەریف سەفادا ، شوفێرە جەهرومیەکە !

دەچێتە ژوورەوەو دەرگاکە دادەخات بەڵام زۆری پێناچێ تاکی دەرگاکە دەکرێتەوەو دەنگی لە ژوورەکەوە دێتە دەرێ .

- ناسر تەبعیدیش بدۆزنەوەو بیهێنن !

مەمەدۆ ، بە ڕەنگی زەردەوە دێت و لەلامەوە دادەنیشێت و دەڵێت :- تۆ وێنای چی دەکەیت ؟

گەرووی وشکە . دەنگی لەرزۆکە .

- ها ؟ ... من نەم کوشتووە ! ئەسڵەن ڕۆحم ئاگای لێ نییە . بە زاتی خوا ئاگا وعەلیم و خەبەرم لێی نییە . عەجەب گویەکم خورد سێ چوار جار چوومەماڵەکەی ! ... خوایە خۆت فریاکەوە ... !

شەلاڵی ئارەقەیە . یەخەکەی کراوەتەوەو سینگە ساف و لووسەکەی لە یەخەیەوە دەرکەوتووە . ترس چاوە ڕەشەکانی تەژی کردووە .

- ... سەرۆک لێم دەپرسێت تا ئێستا چەندجار شەڕت لە گەڵ کردووە ؟ ئاخر من بۆ دەبێ دەگەڵ قەحپەیەکدا شەڕ بکەم ؟ ... قەحپە کەی بە بەشەر حیسابە تاپیاو شەڕی لەگەڵدا بکات ؟ ... خوایە خۆت ڕەحم بکەی ! ... دەڵێت کێ پارەی دەدایتێ تا بچی بۆلای ؟ پرسیاری سەیر دەکات ئەم جەنابی سەرۆکە ! خۆم پارەم هەیە! کێ دەمداتێ...مەگەر گەدام کە پارەم نەبێ؟...پرسیاری سەیر دەکات جەنابی سەرۆک!... خودایا خۆت ڕەحم بکە ! ... ئەسڵەن زاتم نەدەکرد تەمەشای ئەو چاوانەی بکەم !خودایە خۆت ڕەحم بکە!.چ گیرێکم خواردووە؟!..

ڕوندک دەزێتە گۆشەی چاوانی مەمدۆ و بەگۆناکانیا دێتەخوارێ :- ... عەجەب غەڵەتێکم کرد ! ... خودایا پەنام بە تۆ ! ...

بە ناو لەپی دڵۆپە فرمێسکەکانی سەرگۆنای دەسرێت و لێم دەپرسێت :- ئیتر سەرکار مرادیت نەبینی ؟

- نە .

- چ غەڵەتێکم کرد ! ...

سەرۆکی شارەبانی (ئاسایش) لە قاڵدرمە سواوەکانی نهۆمی دووەمەوە دێتەخوارەوە ، سمێڵی دەم وچەناگەی داپۆشیوە . بە هەنگاوی هەڕاو و خێرا ، پانی حەوشی شارەبانی بەچوار شەقاو دەبڕێت و خۆی بەژووری سەرۆکی ئیدارەی تاواندا دەکات .

نایب زابت مینابی ، لە ژوورەکەی تەنیشت داڵانەکەوە وەدەردەکەوێ . یەخەکەی کراوەتەوە . کڵاوی لە سەر نییە . قژی لەبەر ڕووناکی کزی گڵۆپەکەدا خەنەیی دەنوێنێ . نایب زابت مینابی خەنە لە سەری دەدات . سمێڵە پڕەکەی ماش وبرنجە . دەستەکانی دەخاتە کەمەری و لادەکاتەوەو دەڕوانێتە دەور وبەری شارەبانی و ئاراستەی نیگای لە سەر مەمدۆ دەگیرسێتەوە .

سەرۆکی شارەبانی ، لە ژوورەکەی سەرۆکی ئیدارەی تاوان دێتە دەرێ و بەدەم قسەکردنەوە دەگەڵ نایب زابت مینابی دا ، بە هەشتاو بەرەو دەرگای شارەبانی دەڕوات .

سەید لە ژوورەکە دێتە دەرێ . سەرۆکی دایەرەی تاوان لە دوایەوەیە . دەڵێت :

- هەر کەسێک دەیەوێ بۆماڵ بڕواتەوە دەبێ کەفیل بدات تا سبەی سەعات هەشتی بەیانی .

پاشان دێت بۆلای من . ڕاستەکەی بە دەستەوەیە . چاوە شووشەئاساکانی دەنوقێنێ و دەڵێت :

- بەڵام تۆ ... هەڵبەتە ...

چاوەکانی دەکاتەوە . بە ڕاستەکە لاجانگی دەخورێنێ .

- تۆ هەڵبەتە بڕۆ . بەڵام بەیانی سەعات هەشت لێرەبە . حاڵی بووی ؟

سەر دەلەقێنم و دەکەومەڕێ . لە داڵانەکەی شارەوانیدا ، لووتم دەتەقێ بە لووتی شوفێری جەهرومیەوە کە دەگەڵ پاسەوانێکدا دێتە ژوورەوە ، دێتە سەر ڕێگام .

- چی بووە .

- دوایی خۆت دەیزانی .

بازووەکانم دەگرێت .

- یانی چی خۆت دەیزانی ؟

پێی دەڵێم کە مەسەلەکە شەریفەیە .

- باشە پەیوەندی بەمنەوە چیە ؟

دەنگی عەریف مراد عەلی بەرزدەبێتەوە :- ها چیە تەگبیر دەکەن ؟

بە شەلەشەل بەرەولامان دێت و بە ڕووی پاسەوانەکەدا هەڵدەشاخێ کە لە لاوە وەستاوە تا قسەی خۆمان بکەین

- بە ناخێرت تۆش چاودێری ؟! ... بۆ دێڵی تەگبیر و ڕاوێژ بکەن !

چاوە سەوزەکانی شوفێری جەهرومی پەیتاپەیتا گێژ دەخۆن . قامکەکانی لە بازووەکانم بەر دەدات و دەکەومە ڕێ . دەنگی شوفێری جەهرومی دەژنەوم .

- ئاخر چ کارێکتان بە من هەیە ؟

دەنگی عەریف مراد عەلی بەرزدەبێتەوە :- بیرت دەکەین ئیدی !

کەمێک لەبەر دەرگای شارەبانی (ئاسایش) دەوەستم و تەمەشای شوفێرە جەهرومیەکە دەکەم کە وادیارە دەسەپاچە بووە . دەنگی لە ئەوکیا دەگیرێت .

- سەیری ! ... ئەمە ، چڕ و چاوی سێ شایی پارەی وردە نایەنێ !

عەریف مراد عەلی خوای نامێنێ ، دەهری دەبێت :- وەرە برۆ ژوورەوە ! ...

شانی شوفێری جەهرومی دەگرێت و دەڵەکی دەداتە ناو حەوشەکە و لە سەری دەڕوات .

- ... هەنووکە پێتی نیشاندەدەم کە ئەم چڕو چارەیە سەد تمەنیش زیاتر دێنێ !

له شاره‌بانی وه‌ده‌رده‌که‌وم . هیچ هه‌واڵێک له حه‌شیمه‌ته‌که‌وه نییه ، به‌ڵام مرادی هێشتا له سه‌ر سه‌کۆیه‌که‌ی به‌رانبه‌ر ده‌رگای شاره‌بانی ( ئاسایش ) وه‌ستاوه‌و پشتی به دیواره‌که‌وه داوه وجگه‌ره ده‌کێشێت . ژنه‌که‌ی سه‌ید و براکه‌ی غه‌فووریش له‌وێنده‌رن . پێیان ده‌ڵێم که ده‌بێ زه‌مانه‌ت بده‌ن . مرادی هه‌رکه ده‌مبینێ ، له دیواره‌که ده‌ترازێ وبه‌ره‌و لام دێت .

- ئه‌رێ پێم بڵێ خۆ مه‌مدۆیان ئه‌زیه‌ت نه‌دا ؟

- نه‌بابه ، خه‌یاڵت ته‌خت بێ ! ئه‌وپه‌ڕی سێ دانه ساڵ زیندانه !

یه‌کسه‌ر خوێن ده‌زێته سه‌روچاوی و ده‌ماره‌کانی ملی هه‌ڵده‌ستن .

- سێ ساڵ زیندان ؟ ... مه‌گه‌ر شاری بێ حاکمه ؟!

له قاقای پێکه‌نین ده‌ده‌م و ده‌ڵێم :- سوعبه‌تم کرد بابه ، تۆش چه‌ند زوو ده‌هری ده‌بی !

خوڵکی جگه‌ره‌م ده‌کات و ده‌ڵێت :- ئێستا مه‌مدۆ له ژووره‌وه چ ده‌کات ؟

خه‌یاڵی ئاسووده ده‌که‌م :- هیچ بابه . چوار پرسیاری بێ سه‌رو به‌ری لێده‌که‌ن ، ئه‌وه‌ش بۆ ئه‌وه‌ی عه‌ریزه‌که (داوانامه) پڕ بکرێته‌وه . به هه‌رجۆرێ بووه که‌فیل و زامنێکی بۆ په‌یدا بکه تاسبه‌ی به‌یانی .

شقارته پێده‌کات . جگه‌ره‌که‌م بۆ داده‌گیرسێنێ و به هه‌شتاو ده‌ڕوات تا ئه‌گه‌ر قه‌بووڵ بکه‌ن ببێت به که‌فیل و زامنی مه‌مدۆ .

که‌س له بازاڕی مه‌ساح نییه . هه‌موو دووکانه‌کان داخراون . یه‌کسه‌ر ده‌م و چاوی ئاوساوی شه‌ریفه له به‌ر چاوم به‌رجه‌سته ده‌بێت . کۆڵانه‌کان تاریکه . شه‌وی کۆتایی مانگه . ته‌نکه غوبار و تۆزێک له عاردیه‌وه هه‌ستاوه و سه‌رانسه‌ری بازاڕی مه‌ساحی پڕکردووه . گه‌له سه‌گێکی بچووک و گه‌وره ، دووی دێڵه سه‌گێک که‌وتوون . هه‌ندێجار ده‌مرێنن و گه‌ڤ لێکدی ده‌که‌ن و چاولێکدی زه‌ق ده‌که‌نه‌وه و دان لێکدی ده‌کرۆژن . لێره‌و له‌وێ گا و مانگا له عاردیدا خه‌وتوون و کاوێژده‌که‌ن . له نزیکی کوچه‌ی خنجییه‌کان ، بۆنی فخاره دنیای پڕ کردووه . هه‌وه‌ڵجار لێده‌بڕم بۆماڵ بڕۆم .

- بڕۆی بۆماڵ چ بکه‌ی ... له ته‌نیاییدا بێزار ده‌بی !

- ده‌ڕۆم دوو سێ په‌رداخ عه‌ره‌ق ، ده‌خۆمه‌وه و وه‌کو که‌ر ده‌خه‌وم !

– بیری شەریفە شێتت دەکات . برۆ بۆ پشتە ، بەلای کەمەوە چەند کەسێک هەن دەمەتەقەیان دەگەڵ بکەیت !

– لە پشتە لە دەستی خەڵکی و قسەکانیان تاقەتم دەچێت . دەزانم کە ئەگەر برۆم بۆ پشتە ، هەموو هەر باسی شەریفە دەکەن و وەرە گوێ لە قەزاوەتە جۆراو جۆرەکانیان بگرە ... با برۆمەوە بۆ ماڵ . لەوەیە عەلی لە بەندەر کنگ هاتبێتەوە . بۆخۆ پێکڤە عەرەق دەخۆینەوە و قسان دەکەین ...

– قەل پیاو ! ... ئەگەر عەلی هاتبواوە ، بە دووتا بۆ شارەبانی دەهات ! ... چما بەندەر لنگە هەمووی چەندە ؟! ... زوو ئاگادار دەبوو و بە سوراغتەوە دەهات بۆ شارەبانی !

– بەم پێیە بەتەنێ بم باشترە . برۆمە ماڵەوە باشترە .

– شێت دەبێ ! لە ماڵەوە هێندە بیر لە شەریفە دەکەیەوە شێت دەبیت . لە کەللەت دەدا !

کاتێ بەخۆدەزانم کە لە شار وەدەرکەوتووم و بەرەو پشتە کەوتوومەڕێ . نەرمە بایەک پڕوپوش و چیلکە و چاڵی سەر ئەرزەکە ڕادەماڵێ . دەنگی چەقەڵ ، دەشتەکەی پڕکردووە . دەنگی سیسرک و زیکزیکان بە دەنگێن گۆنگ و ئاڵۆزی دی تێکەڵ بووە .

ڕووناکی چراکانی پشتە ، تا پاینی گردەکەی ڕۆشن کردووەتەوە . بەقەد پاڵی گردەکەدا هەڵدەگەڕێم . عەریف غانم و قەدەمخێر و کنگرو و لال محەمەد بەرانبەر بەیەکدی دانیشتوون و عەرەق دەخۆنەوە . ئەنوەر مەشدی ونایب زابت کارگەر وناسر تەبعیدیش لەوێن . وا دیارە کە پاسەوانەکان ناسر تەبعیدیان نەدۆزیوەتەوە . عەلوانە ڕەش ، شاگردی حاجی سەعدین ، هەر خۆی بە تەنیا دانیشتووە . غوڵامی ماسیفرۆش دەگەڵ پیاوەکەی خورشید کولاە دانیشتووە و سەرگەرمی قسەیە لە گەڵیا . ئێژی خەریکە ڕامی دەکات کە ڕێگەی بدات بچێتە ماڵەوە و دووکەڵێک بکات (تلیاک بکێشێ) ، ئەحمەد سەرباز ، تازە هاتووە . هێشتا بەرانبەر بە مەقەڵی گۆشت برژانەکە وەستاوە و قسە دەگەڵ ئاهەندا دەکات . لێوە ئەستوورەکانی دەبریقێنەوە . پانتۆڵەکەی ئەوەندە دەڵبە کە لاقەکانی کورتتر نیشاندەدات .

نایب زابت کارگەر گازم دەکات . تلیاکەکەی خواردووە و ئێستا خەریکە هێدی هێدی عەرەق دەخواتەوە . نەشئەی عەرەق نیشتووەتە سەر هەنیەی و گۆناکانی سوور هەڵگەڕاوە :– تۆیان بۆئیدارەی تاوان بردبوو ؟

لە لایەوە دادەنیشم . هێندە خومارە چاوەکانی هەڵنایەت وبرژانگەکانی دەنیشنە سەریەک .

– بەڵێ .

مینگەمینگ دەکات و دەڵێت :- دەرکەوت کێ کوشتوویەتی ؟

- من لە کوێ بزانم ؟

- نا ! ... یانی سەرۆکی تاوان دەڵێم .

پیاڵە عەرەقەکەم ، ک ە نیوەیە ، بۆدرێژ دەکات . دەمم تاڵە ، قورگم وشکە . سەرم دەیەشێت . دەزانم کە ژانە سەری عەرەقە . دەماری قۆڵنجم لە ژێر دەفەی شانی چەپمەوە تا کەللەی سەرم پلدەدات . پیاڵەکە لە دەستی وەردەگرم و هەڵیدەدەم . نایب زابت کارگەر شیشێک تکەم دەداتێ و دەڵێت :

- ئەسڵەن چ پێویست دەکات لە بەر خاتری قەحپەیەک پرس وجۆ لە خەڵکی بکەن ؟ ... ئەم جۆرە ژنانە کۆمەڵگە گەندەڵ دەکەن . پێویستە وەکو مشک کلکیان بگرن و جەستەیان لە چاڵ بنەن و تەواو !

قەدەم هەڵدەستێت و بەسەر لاقە کورتەکانیا غل دەبێتەوە و بەرەولای من دێت :- هاتیەوە گیانی شیرینم ؟

دەستە گۆشتەکانی لە ملم دەکات و گۆنام ماچ دەکات :- دڵم لەلات بوو !

قەدەمخێر ، مەستە . دیسان گۆنام ماچ دەکات :- گیانی دڵم ، خۆ ئازاریان نەدایت ؟

لەشی بۆنی قسڵی نمساری لێدێت . شەلاڵی ئارەقەیە . هەناسەی قەدەم ، بۆنی تەماکۆی هەلاتە وبۆنی عەرەقی لێدێت . دەستی لە دەوری گەردنم لادەبات و کەلەشە گەورەکەی ، کە لە ئەسپی ئاوی (جۆرە گیانلەبەرێکی زەلامی گیاخۆرە ، لە تیرەی ئەسپی ئاوی ) دەچێت ، دەخاتە سەر تەختەکە ودادەنیشێت و بە هانکە هانک دەڵێت :

- با کەمێک لاتەوە دانیشم تا دڵم بسەکنێ . خودا شایەدە زۆر بەخەمتەوە بووم . خۆ عەزابیان نەدایت ؟

- نە .

- دەی لەخودا بەزیادبێ .

قەدەم ، پیاڵە عەرەقەکە لەبەردەم نایب زابت کارگەر هەڵدەگرێ ودەڵێت :- ئەو نێرە مووکەش لەوێ بوو ؟

مەبەستی مەمدۆ یە .

- لەوێ بوو .

- بێگومان ئەو لەندەهۆرەش لە دووی هاتبوو ، ها ؟

سەرم دەلەقێنم . قەدەم پیاڵە عەرەقەکە هەڵدەدات وبە لەپی دەستی ، لێوە ئەستوورەکانی دەسڕێت ودەڵێت :

- هەبێ و نەبێ ، کارکاری ئەم مرادییە لەندەهۆرەیە . لێم نەبێ بەدرۆ ، ژنەی تاینی سەرنگووم کردووە تائیدی مەمدۆ نەڕوات بۆلای .

و ڕوودەکاتە ئەنوەر مەشدی و دەڵێت :- تۆ چی دەڵێی کوڕی قۆز ؟

چاوە قیچەکانی ئەنوەر مەشدی بەگێژەوە دەچن و دەڵێت :- خوا دەیزانێ !

بە قەدەمخێر دەڵێم کە لە خۆوە قسەنەکات . سپێنەی چاوانی وەکو دوو پەڵە گەچی نمسار لە ئامانی ڕەشی ڕوخساریدا دەجووڵێت ودەڵێت :

- جەرگم بوو بە کەباب کوڕی قۆز . کە جەندەکی ئەم کیژۆڵەیەم بینی دڵم گڕی گرت . گەنج بوو .جوانەمەرگ بوو !

کە پیاڵە عەرەقەکە دەخۆمەوە ، وەکو ئەوەی ئاوت بە ئاگردا کردبێ ، سەریەشەکەم دەپەڕێ، قەدەم ، دیسان دەستی دەخاتە سەرشانم و دەپرسێت : - باشە چ کارێکیان بەتۆ هەبوو گیانی دڵم ؟

- هیچ !

- هیچ ؟!

- چوار دانە پرس وجۆی بێ سەر وبەر !

قەدەمخێر ، ئاهێک هەڵدەکێشێت و دەپرسێت :- هەر ئەوەندە ؟!

- هەرئەوەندە !

ئاهەن دەڵێت :- عەرەق دەخۆیتەوە ؟

- نیو قاپ عەرەقی کشمیش دەگەڵ تکەدا .

پیاڵەیەکی بەتاڵ و قاپی نانەکە لە سەر مێزەکە دادەنێت . غولامی ماسیفرۆش و پیاوەکەی خورشید کولاە هەڵدەستن ، پیاوەکەی خورشید کولاهی هێناوەتە ڕەدا . نایەڵێت پیاوەکەی خورشید کولاە حیساب بدات . خۆی حیسابەکەی ئاهەن دەدات و لە پشتەوە دادەگەڕێن . نایب زابت گارگەر بەچاو ئاماژە دەکات . خۆزیا دەمتوانی دەگەڵیاندا بڕۆم و باری خۆم سووک بکردایە . بریا دەمتوانی بڕۆم و دووکەڵێک بکەم و لەم هەموو فیکر وخەیاڵە

ڕزگار بوایەم و ئارام و ئاسوودە بخەوتمایە . هێندە فیکری جۆراوجۆر لە زەینمدا تێکەڵ بووە کە عەرەق چاری ناکات . بەنایب زابت کارگەر دەڵێم :- خۆزگە دەکرا دووکەڵێک بکەم !

دەڵێت :- تۆش ، بەڵێ ؟!

پێی دەڵێم :- ئەگەر دەست بکەوێ !.

خۆی لە تەڵەکە نادات . وام وێنا دەکرد ئێستا دەعوەتم دەکات بۆماڵی خۆی ، بەڵام دەیکات بە ژێر سمێڵیەوە و خۆی لێدەبوێرێ :- شتێکی باش نییە . پیاو گێژدەکات !

قەدەم دەڵێت :- ئیلاوبیلا کاری خۆیەتی ! کاری مرادی نامەردە !

ئێژی پێوەیە کە بە هەرجۆرێ بووە ، بوختانێک دووی مرادی بخات . لەمەوە هەڵدەستێ و وەکو باگردێن غل دەبێتەوەو بەرەو لای عەریف غانم دەڕوات . لال محەمەد بانگی دەکات .

- وەرە شەنگوڵەکەم ! ... وەرە لای دڵی من دانیشە !

عەریف مراد عەلی ، بە شەلەشەل بە پشتەدا هەڵدەگەڕێ ودێتە سەرەوە . نیوەنەفەس بووە . دەوەستێ . دەستماڵێکی یەزدی گەورە لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێ . کڵاوەکەی لە سەر دادەکەنێ . ئارەقەی سەر گەردن و گۆناکانی دەسڕێت . ژێر چەناگەی دەخورێنێ و فنگ دەکاتە ناو دەستماڵەکەی و دەستماڵەکەی لوول دەکات ودەیخاتەوە گیرفانی و چاو بە ناو چاخەنەکەدا دەگێڕێ و پاشان یەکڕاست بۆلای ناسر تەبعیدی دەڕوات .

- هەستە بزانم !

عەریف مراد عەلی کڵاوەکەی دەکاتە سەری . دەست دەخاتە کەلەکەی و لە سەر لاقە ساغەکەی دەوەستێ ودەڵێت :- لە گەڵ تۆمە هەستە بزانم !

ناسر تەبعیدی ( دوورخراوە ، شاربەدەر ) دوا چۆڕی بن پیاڵە عەرەقەکە هەڵدەدات و دەڵێت :- لەگەڵ منتە !

لێوی سەرەوەی عەریف مراد عەلی بە سەری لووتیەوە دەلکێ و دەڵێ :

- ها ... لە گەڵ تۆمە . هەستە ببینم ! جەنابی سەرۆک داوای کردووی ئیدی !

شوێنەواری کۆنە برینێک کە بە سەر کەپووی ناسر تەبعیدییەوە ماوەتەوە ، لەبەر ڕۆشنایی لۆکسەکەدا سپی دەچێتەوە . چەناگەی مەحکەمی ناسر دەجووڵێت و لێوە تەنکەکانی دەکشێت و دەڵێت :-مالیدی ! (سحەتت باشە.)

مراد عەلی تێناگات . لە سەرسامیا چاوەکانی خێرا خێرا دەتروکێن . ناوچەوانە تەنگەکەی گرژدەبێت و بەشێوەیەکی پرسیار ئامێز دەڵێت :- مالیدی ؟ ... مالیدی چییە ئیدی پیاو ؟ .. ڕابە جەنابی سەرۆک کاری پێتە !

دەنگی ناسر تەبعیدی ، وەکو ئاسنجاو ، دەنگ دەداتەوە .

- سەیری ئەم مێشە کەرانەیە ! ... بابە وازبێنە با ژەهرە مارەکەمان بخۆینەوە !

مشتەریانی چاخانەکە ، یەک یەک هەڵدەستن و لە دەوری ناسر تەبعیدی و مراد عەلی خڕدبنەوە . عەریف مراد عەلی ، لاقە لەنگەکەی دەباتە دواوەو لە سەر لاقە ساغەکەی دەوەستێ و دادەنەوێتەوە و قۆڵی ناسر تەبعیدی دەگرێت تا لە سەر تەختەکە هەڵی بستێنێ . ناسر ، هێندە لەزگین قۆڵی لە دەست مراد عەلی دەردێنێ و هێندە بە توندی بە پشتی دەستی دەکێشت بە ژێر دەستی عەریف مراد عەلیدا کە لە جێی خۆ ڕادەچڵەکێ و دەچێتە دواوە وشپرزە و دەستەپاچە دەڵێت :- ئە ، ئە ، ئە ... بۆچی وادەکەی ئیدی ؟!

ناسر تەبعیدی دەست بە قەراخ مێزەکەوە دەگرێت و بەرەو عەریف مراد عەلی دادەنەوێتەوە ، چاوە چکۆلەکانی چکۆلەتر دەکاتەوە ولە درزی ددانە یەکدەستەکانیەوە دەبۆڵێنێ :- جەنابی سەرۆکت ژنە ! ... تێگەیشتی ؟ یاڵڵا بڕۆ مردەلۆخ !

بە ناو لەپ دەکێشێت بەو نیو بوتڵە عەرەقە بە تاڵەدا کە لە سەر مێزەکەیە و شووشەکە دەپەڕێت ولەبەر پێی مراد عەلیدا دەکەوێت و وردوخاش دەبێت . مراد عەلی ، بەپەلە دەکشێتە دواوە و دەبۆڵێنێ .

- ئە ، ئە ، ئە ، ... تەمەشا ئەمە شێتە ئیدی ! ... عەجەب گیرێکمان خواردووە ئیدی !

عەریف غانم هەڵدەستێت و لە مراد عەلی دەپرسێت :- چیت لێی دەوێ ؟

عەریف مراد عەلی ڕەنگی زەرد بووە . لێوی سەرەوەی بەنەرمەی لووتیەوە چەسپیوە و دەلەرزێ . کە قسەدەکات دەنگی نووساوە ، گڕ بووە .

- من چوزانم ئیدی ! جەنابی سەرۆک گوتویەتی ئیدی ! پیاو دەبێ لە گەڵ چ جانەوەرانێکا مامەڵە بکات ئیدی ! عەریف غانم ، مراد عەلی دەباتە لاوە ولێی دەپرسێت :- بۆ مەسەلەکەی شەریفەیە ؟

دەنگی مراد عەلی وەخۆ دێتەوە :- باشە ئیدی ! ... دیارە کە بۆ شەریفەیە ئیدی !

دەنگی عەریف غانم بەرزدەبێتەوە :- ئەی بابە ! ... خەریکە لە سەر قەحپەیەک هەموو شار دەدەن بەیەکا !

ناسر تەبعیدی پاڵ دەداتەوەو بەئارامی دەڵێت :- بڕۆ گیانە . بڕۆ با عەرەقەکەمان قوزەڵقورت بکەین !

عەریف مراد عەلی دەستبەردار بووە ، دەبۆڵێنێ :- بەڵام ئاخر ... ئیدی ... جەنابی سەرۆک ...

ناسر تەبعیدی دەنگی بەرزدەکاتەوە .

- گوتم کە جەنابی سەرۆک ژنە ! ... حاڵی بوویت ... خۆشت مالیدی ...! دەی عەرەبانەکەت ڕاکێشە و بڕۆ !

عەریف مراد عەلی خوای نەماوە ، دەستەکانی دەجوڵێنێ و بەدەنگی بەرز دەڵێت :

- نەخێر ! ... لەچی حاڵی بم ... مالیدی چیە ئیدی پیاو ؟ ... مالیدی ، مالیدی ، مالیدیت لێگرتوومەتەوە .

دەگەڕێتەوە و دەکەوێتەڕێ و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- خۆت مالیدی ئیدی !

لال محەمەد لە قاقای پێکەنین دەدات . عەریف مراد عەلی دەهری دەبێ :- ئەمە پێکەنینی ناوێ ئیدی !

عەریف غانم ڕێگەی مراد عەلی دەگرێت :- هێستا زووە بۆ کوێ ؟ ... وەرە دەمێ تەڕ بکە !

عەریف مراد عەلی ، دەوەستێ ، لە سەر لاقە ساغەکەی دەوەستێ و سینگ دەردەپەڕێنێ و دەڵێت :

- لە کاتی ئەنجامدانی واجبدا ؟ ... نا ئیدی !

ئەحمەد سەرباز ، پیاڵەیەک عەرەقی بۆ درێژ دەکات .

- ئاواش عەیبی نییە ! . شەوە ئیدی ! کاتی ئەنجامدانی واجب تا چواری دوا نیوەڕۆیە !

ژێر گۆناکانی مراد عەلی گرژ دەبن ، پیاڵە عەرەقەکە لە دەست ئەحمەد سەرباز وەردەگرێت و یەکسەری هەڵیدەدات و دەست بۆلای کنگرو ڕادەکێشێت :- کوا جگەرەیەکم بدەیە !

عەریف مراد عەلی ، جگەرەکەی دادەگیرسێنێ و ژێراو ژێر تەمەشایەکی ناسر تەبعیدی دەکات و لەپشتەوە بەرەو خوار دادەگەڕێ . ناسر تەبعیدی قاقا پێدەکەنێ و پاشان پیاڵەکەی بەرزدەکاتەوە ودەڵێت :- بەسەلامەتی هەمووان ئیدی !

قاقای لال محەمەد لە دەنگی بۆشکەیەکی (بەرمیل) خاڵی دەچێت کە بە سەر بەردەڵانێکدا بەخێرایی غل ببێتەوە .

عەریف مراد عەلی کە دەڕوات ، قسەکان تێکەڵ دەبن .

- به ڕاستی خەریکە شارەکە بەیەکدا دەدەن !

- هەر خۆمانین ها . ماڵێکی خراپ نەبوو بەڵام مخابن کە تۆپی !

- بابە لە دوای مردوو قسەی وامەکە !

- ئاخر مردووش دەبێ مردوو بێ !

دەنگی قەدەمخێر بەرزدەبێتەوە .

- هەرکەسە خۆی وەڵامی کاری خۆی دەداتەوە . مەڕ بەپێی خۆی و بزن بە پێی خۆی . ئەوەندەش قسەی خۆڕایی پێ مەڵێن . خوا پێی خۆش نییە !

قەدەم ، دەرفەتی قسەکردن بەکەس نادات .

- ... هەرچییەک بوو بۆ خۆی بوو . خراپ بوو یا چاک پەیوەندی بەکەسەوە نییە . بەچیا مەعلومە ئێوەگەل کردارتان لە هی شەریفە باشترە ؟ ئەو مرد و ڕۆیی ، بەڵام ئێوە هێشتاش دەستبەرداری نابن . تالە ژیانا بوو ، زیندوو بوو کەستان لێتان نەپرسی کە بزانن بۆچی بووە بە قە ... ، ئێستا هەمووتان لێم بوون بە ئینسان . هەمووتان بۆم بوون بە پیاوی خوا . قە ... ئەگەر قە ... یە ، کێ دەیکات بە قە ... ؟ ... هەر ئێوەن . هەر ئەم مرادییە نێرەکەرە لەندەهۆرەیە کە ئیلاو بیلا کاری ئەوە ! ... خۆی شەریفەی سڕگوم کردووە تا ئەم منداڵە نێرەمووکە نەچێت بۆلای . ئێستاش ئێوە دانیشتوون قسەی بێ سەرو بەر لە پاش مردوو دەکەن . ئەگەر ڕاستتان دەکرد کاتێ کە زیندوو بوو یەکێکتان دەچوو و دەستی دەگرت و دایدەنیشاند و دەیهێنایە سەر ڕێگای ڕاست . ئاوی تۆبەی بەسەریا دەکرد ! هەمووتان حەزتان دەکرد کە بە پەلە بچن لە گەڵی ڕابوێرن و پاشان وەکو ئەوەی هیچ شتێک نەبووبێ ... کەستان ئەو پیاوە نەبوو کە لە عاردی بەرزی بکاتەوە ...

قەدەم ، سەرخۆش بووە . بێ وەستان قسە دەکات . هەموو مشتەریەکانی چاخانەکە بێدەنگ بوون . قەدەمخێر ، لە ناوەندی چاخانەکە وەستاوە . دەمی کەفی چرپوە و بە دەنگی بەرز قسەدەکات .

- ئەسڵەن لەم دەورو زەمانەدا پیاو لە کوێ پەیدا دەبێ ! وەرە ئەم مرادی یە لە ندەهۆرە . ڕۆژانی هەوەڵ کە هاتبووە لنگە چ موزە موزێکی بە دەورما کرد تا ڕێگام دا بێتە ماڵەکەم . تەمەڵ و تەوەزەل ، هاتە ماڵەکەم ، دایکوتا هەرچیم هەبوو فەوتانی . تەنانەت مووچەوانەکانیشم بۆی فرۆشت و خەرجیم کرد . وەرە ... ئێستا تەمەشای

بکە چۆن داوی قوونی منداڵێکی نێرەمووک کەوتووە . یەکێک نەزانێ ، دەڵێ قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لێم نە پاڕاوەتەوە کە لە ماڵەکەمدا دام دەکرد ...

ئەم پێ و ئەوپێ دەکات و دەنگی هەڵدەبڕێ و لاسایی مرادی دەکاتەوە .

– ... قەدەم گیان ، من خۆشم دەوێی ! هەناسەم لە خۆشی تۆدا دێ و دەچێ . ئەگەر فەرامۆشم بکەی خۆم دەکوژم ! ... دەمرم ! ... بەبێ تۆ هەڵناکەم . ناژیم ...

دەستی بە حەواوەوە دەسوڕێنێ و لە سەری دەڕوات .

– ... وەرە ! ... ئێستا تەمەشای بکە . سەیری ئەم سمێڵانەی بکە بۆ قوونی کەر باشە ! شەرم لە خۆی ناکات کە دووی منداڵێکی نێرەمووک کەوتووە . دیارە کە وەختێ منیش مردم ، هەمان ئەم قسانەم لە دوا دەڵێن ؟ ... ها ؟ هەموو دەیانزانی کە شەریفە سۆزانی بوو ، بەڵام بزانە تاقە پیاوێک لە سەرانسەری شاردا پەیدابوو کە دەستێ بداتە باڵی و لەعاردی هەڵی بستێنێتەوە ؟

دەنگی ناسر تەبعیدی بەرز دەبێتەوە .

– قەدەم بەسە ! بەسە ئیتر ، ڕاست دەکەیت . هەموومان نامەردین . وەرە دانیشە ئارەقەکەت بخۆوە !

دەنگی لال محەمەد بەرزدەبێتەوە :– وەرە لای دڵمەوە دانیشە ، سەری مرادی بەگۆڕی بابی !

لال محەمەد هەڵدەستێ و قەدەم لە باوەش دەکات ولە سەر تەختەکە دایدەنیشێنێ . پشت دەدات بەپشتی تەختەکەوە وپڕ خەپڕخ دەکات .

تاقەتم دەچێت . بیردەکەمەوە کە هەستم و بڕۆم . بەڵکو بتوانم بەهەر شێوەیەک بووە ، بەهەر بیانوویەک بووە جێی خۆم لە ماڵی خورشید کولاە دا بکەمەوە . یانی چوون بۆ ئەوێ ئاسانە ئەگەر شەرم نەکەم .

دوو پیاڵەیەک لە نیوقاپەکە ماوەتەوە . سەرە تەپەدۆرەکەی شووشە عەرەقەکە دەنەمەوەو هەڵدەستم . نایب زابت کارگەر دەپرسێت :– بۆ کوێ ؟

پێی دەڵێم کە ماندووم و خەوم دێت . نیو قاپەکە دەتەپێنمە گیرفانمەوە . تکەکەم بە پیازەوە دەکەم بە بابۆڵە ، هەڵیدەگرم و دەکەومەڕێ .

له کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خنجییەکانەوە وەدەردەکەوم و لەو سەری شەقامی مەساحەوە بەرەو باغی عەدنانی دەکەومەڕێ . لە پڕ دەبینم کە چوار پیاو جەنازەکەی شەریفەیان خستووەتە سەرشان و بەرەو گۆڕستان دەڕۆن . جەنازەکە لە سەر هەمان تاکە دەرگایە کە لە شارەبانی (ئاسایش) لە سەری دانرابوو . لاقەکانی جەندەکەکە لە دەرگاکە هاتووەتە دەرێ ، درێژترە . چەرچەفێکی کاڵەوەبوو بەسەر جەندەکەکەدا دراوە . هەمان ئەو چەرچەفەیە کە لە شارەبانی بەسەریەوە بوو . پاسەوانێکی پیری کورتەباڵا ، فانووسێکی دووکەڵاوی بەدەستەوەیە و لە پێش جەنازەکەوە دەڕوات . لاقەکانی پاسەوانە پیرەکە خوارن وکە ڕێدەکات ، شانەکانی دەجووڵێن . دەوەستم و تەمەشای تابووتەکە دەکەم کە بە بەردەممدا ڕەتدەبێت . ناو کۆڵانەکە تاریکە . فانووسەکە ڕەنگێکی مردوو بەخاک وخۆڵی سەرشەقامەکە دەبەخشێ . یەسەر دڵم دەشێوێ . زرانیەکانم (ئەژنۆ) دەلەرزن و گوێم دەنگ دەدەنەوە . هێشتا تابووتەکە بە تەواوی دوور نەکەوتووەتەوە کە لەپڕ ، هەرچیم خواردووە ، هەڵیدێنمەوە . خەریکە دەخنکێم . ڕوندک دەزێتە چاوانم . هەڵدەتروشکێم و دەرشێمەوە . نان و گۆشتەکە ، کە بە دەستمەوەیە ، فرێ دەدەم . سەگێکی تیسکن کە لە پاڵ دیوارەکە خەوتووە ڕادەبێت و دێتە پێشەوە و دەست بەخواردنی نان وگۆشتەکە دەکات . خەریکە ڕێخۆڵەکانم بێنە دەرەوە . هیچ شتێک لە سکما نەماوە . بەڵام پەیتاپەیتا هێڵنج دەدەم . هەناسەم تەنگ بووە . لە دوورەوە تەمەشای فانووسەکە دەکەم و لاقە خوارەکەی پاسەوانە پیرەکە ، لەبەر ڕووناکی کزی فانۆسەکەدا وەکو دەمی قەیچی دەکرێتەوە ودادەخرێتەوە . دیسان هێڵنج دەدەم . گەدەم بەتاڵی بەتاڵ بووە . لیکاو لە دەمما کۆدەبێتەوە . دەمم ترشە . گەرووم تاڵە . سەرم گێژدەخوات . خۆم بۆ پەنای دیوارەکە بکێش دەکەم . دادەنیشم و پشت بە دیوارەکەوە دەدەم تا وەخۆ بێمەوە . گەلە سەگێک لە زارکی تەنگی کوچەی خنجییەکانەوە دێنە دەرەوە . سەگەکان هێرش بۆ سەگە تیسکنەکە دەبەن ، هەرا و قەرقەشەیەک بەرپا دەبێت . تەپ وتۆز کۆڵانەکە پڕدەکات . سەگێکی زەردی زەلام ، دەمرێنێ و پەلاماری سەگە تیسکنەکە دەدات و نانەکەی لە دەم دەردێنێ و بەغار بەرەو پەرژین و تامانی باغی عەدنانی دەڕوات . سەگەکان هەموو دووی دەکەون . دەست بە دیوارەکەوە دەگرم و هەڵدەستمە سەرپێیان ودەڕوانمە ناو باغی عەدنانی . ڕووناکی لامپاکە ، هەیوانەکەی ڕووناک کردووەتەوە . غوڵامی ماسیفرۆش خەریکە تلیاک دەکێشێت . پیاوەکەی خورشید کولاە ، بێڵەکە هەڵدەگرێت وبەرەو سەگەکان هێرش دەبات و دەیانتارێنێ و لە دەرگا گەورەکەی باغەکەوە دەریاندەکات .

بە هەر زەحمەتێک بووە بە پەرژینی باخەکەدا ئاودیو دەبم و دەکەومە ناو باخەکە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، گوێی لە دەنگی کەوتنەکەم دەبێت .

– کێیە ؟

توانای وەڵامدانەوەم نییە . دێت بۆلام :– ئەمە تۆی ؟ ... بۆچی کەوتووی ؟

له ئەرزەکە هەڵدەستم و ژێر باڵم دەگرێت و دەپرسێت :- مەستی ؟

- زۆر نا !

بەرەو هەیوانەکە دەکەوینەڕێ . خورشید کولاه له ژوورەکە وەدەردەکەوێت . غولامی ماسیفرۆش بەدەم شێواندنی چایەکەوە دەڵێت :- خوماری ( مەستی ) ؟!

تلیاکەکە کاری له دەنگی غولامی ماسیفرۆش کردووەو گڕ بووە . هیچی جواب نادەمەوە . پشت بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە دەدەم . پیاوەکەی خورشید کولاه دەڵێت :- هەر ئێستا حاڵت دێنمەوە جێ .

ودەست بە سازکردنی تلیاک دەکات .

خورشید کولاه هێشتا وەستاوە و تەمەشام دەکات . بە ئەسپایی دەپرسێت :- حاڵت خراپە ؟

سەردەلەقێنم . دیسان دەپرسێت :- جیگات بۆ ڕابخەم بخەوی ؟

- نە !

دەڵێت :- ئاوی سارد بێنم دەست وچاوت بشۆی ؟

- بێنە .

گۆزەکە دێنێت . ئاوەکەی ساردە . دەم وچاوم دەشۆم و ئاوی سارد له دەمم وەردەدەم . پیاوەکی خورشید کولاه دێتە پێشەوە و ئاونەی وافوورەکەم دەخاتە دەم .

- فوو بکە !

چەند بەستێکی پەی دەرپەی دەکێشم . ئیسراحەت دەکەم . گیانم سووک دەبێت ، بەلام بێتاقەتم . تاقەتی دانیشتنم نییە . هەڵدەستم . خورشید کلاه دەپرسێت :- بۆ کوێ ؟

سەردەلەقێنم و دەڵێم :- نازانم !

دەڵێت :- شەو لێرە وەمێنە .

- نە ! ... دەبێ بڕۆم !

پیاوەکەی خورشید کولاە تا بەردەرگای باغەکە لە گەڵمدا دێت . هەستدەکەم کە هێور بوومەتەوە . تلیاک ، ماندوویەتی ، سستی و زبری لە گیانم دەرکردووە .

لە گەراجی عەدنانیەوە ، دەنگی ڕادیۆکانی عەریف ڕازی تا حەوت گەڕەک دەڕوات . شوفێری جەهرومی ، خۆی ڕووت کردووەتەوە و لە سەر تەختە سەفەریەکەی دانیشتووە و جگەرە دەکێشێت . کە مژ لە جگەرەکەی دەدات ، ئاگری جگەرەکەی وەکو گوڵەستێر (ئەستێرۆک) دەدرەوشێتەوە .

کە لە دەرگای گەراجەکە وەژوور دەکەوم ، دەنگی بەرزدەبێتەوە :- کێیە ؟

حەزناکەم بەرسڤی بدەمەوە . کە دەچمە پێشترەوە دەمناسێت .

- تۆیی ؟ ... گوتم بەم درەنگە شەوە کێ بێ هاتبێتە سۆراغم !

بە بەر کەپری کامیونەکەدا ڕەتدەبم . بانگم دەکات .

- وەرە ئێرە با بۆ خۆمان قسەبکەین . ئەم تیمسار ( وشەی ڕێزە بۆ ئەفسەرانی گەورەتر لە کۆلۆنێل بەکاردەبرێ ) ڕازی یە بەم قاژوانەی ( مەبەست ڕادیۆکانیەتی ) نایەڵێ بۆخۆ بخەوین .

گوێی نادەمێ و بەپێ خشکە خۆم دەگەیەنمە بەر هەیوانەکە و لە سەر ئەو حەسیرەی کە لە هەیوانەکەدا کەوتووە ، پان دەبمەوە . دەنگی شوفێری جەهرومی تێکەڵ بەدەنگی ڕادیۆکانی عەریف ڕازی دەبێ .

- لە ئیدارەی تاوان چییان لێ پرسیت ؟

تلیاک تەزاندوومی، حەزم لە قسەکردن نییە . حەزناکەم لە جێی خۆم بجووڵێم . دیسان دەنگی شوفێری جەهرومی دەژنەوم .

- ئەهۆی ... تیمسار ڕازی ! ... تۆبی ئەو خوایەی کە نایناسیت ئەم وانێکەت ( مەبەستی ڕادیۆکەیە ) خەفە بکە ! ... سەعات لە یازدەش لایداوە !

دەنگی هەرسێ ڕادیۆکە ، پێکەوە ، کاسەی سەریان پڕکردووم . هەستدەکەم کە ڕانم تەڕبووە . سەری نیو بوتڵە عەرەقەکە کراوەتەوەو عەرەقەکە ڕژاوەتە ناو گیرفانمەوە . شووشە عەرەقەکە لە گیرفانم دەردێنم و پاڵی دەنێم بۆ قەراخ حەسیرەکە . دەڵێی کاسەی سەرم خاڵییە . دەڵێی دەنگی ڕادیۆکان لە دوورەوە دێت و لە سەرما

دەنگدەداتەوە . دەڵێی ژێر پێم خەریکە خاڵی دەبێت . دەنگی شوفێری جەهرومی دەژنەوم . دەنگی لەبنی بیرەوە دێت .

– بابە ... کۆلۆنێل ڕازی ! ... تۆ ئەو شەرەفەی کە نیتە ، لێگەڕێ با بخەوین ... ! وا شەو تەواو بوو ! ...

سەرم گێژ دەخوات . بە ئارامی دەکەوم . دەڵێی لە سەر مەخمەلی هەوران دانیشتووم .

– ... وا شەو تەواو بوو !

لە پڕ دەنگی ڕادیۆکان خەفە دەبێت و دەنگی شوفێری جەهرومی لە زەینمدا دووبارە دەبێتەوە .

– تەواو بوو ... تەواو بوو ... تەواو بوو ...

لە ناکاوا ، وەک ئەوەی لە سەر هەورانەوە بەرد رابمەوەو کەوتبمە بیرەوەو بە عاردیدا کەوتبم ، ڕادەچڵەکێم .

– تەواو بوو !

– یاڵڵا دەی تەواو بوو ! ...

پشتم لە دیوارە گەرمەکەی حەمامەکە لا دەبەم و تەمەشای عەریفەکەی پاسەوانی حەمامەکە دەکەم کە خەریکە سەعاتەکەی کۆک دەکات .

– دە دەقیقە تەواو بوو !

پاسەوانەکان دەجوڵێن و تفەنگەکانیان دەخەنە سەرشان :– یاڵڵا هەستن بچنە ژوورەوە !

عەتا ، سەری قامکەکانی تەپاندوونە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەیەوەو ڕاوێچکە دەکات . کازم ، لەلامەوە دانیشتووە . لەبەر هەتاوەکەدا ، عەینی چەوەنەر سوور هەڵگەڕاوە . یەک هەفتە پتر بوو کە ڕەنگی هەتاومان نەبینی بوو . کازم هەردوو ناولەپی دەدات بە عاردەکەدا و بە دەم هەستانەوە دەڵێت :– باش بوو ، لێ مخابن تەواو بوو !

هەرچی ماندوویەتی ، کوتران ، سستی و سەرما هەیە ، لە جەستەم چووەتە دەرەوە .

سەربازەکان ، بەرەو دەرگای حەمامەکە ڕیزمان دەکەن ، بایەکی سارد بە سەر عاردیدا خۆی بکێش دەکات . بۆنی پاییز دێت . بۆنی گیای ڕزیو و گەڵای وشک و کانی و سەرچاوەین سارد ، دنیای پڕکردووە . یەک سریە سەرباز کە ئێژی لە مەیدانی مەشق گەڕاونەتەوە ، لە پشت مەیدانی تیرئەندازییەوە ، دەردەکەون . عەینی لەشکری شکاو ،

هیلاک و داهێزراو . قەرەوڵخانەی سەربازگەکە لە دوورەوە دیارە . لەبەرانبەر قەرەوڵخانەکەوە ، بینایەکی خشتی گەورە هەیە کە دەبێ یانە بێت . هێشتا فریا نەکەوتووم بەباشی تەماشای خۆرئاوای سەربازگەکە بکەم کە دەڵەکمان دەدەنە ناو حەمامەکە و دەرگاکەمان لە سەر دادەخەن .

ڕۆژی حەوتەم یان هەشتەمە . جگەرەم تەواو بووە . دەبێ بیرێ بکەمەوە . لیزگی( تیرۆژ ، تیشکی خۆر ) خۆشرەنگی خۆر لە هەواخۆری و کلاوڕۆژنەکانی سەربانەوە ڕژاونەتە ناو حەمامەکە و تاپای دیوارەکە هاتووە .

چیمەنتۆی دیوارەکە گەرم بووە . پاڵدەدەمەوەو سەرو سینگم دەدەمە هەتاوەکە و یەکێک لەو دوو جگەرەیەی کە ماوەمە بە دیقەت دەکەم بە دوو لەتەوە . نیوەیەکیان پێدەکەم ، دووکەڵی جگەرەکە ، پانتایی ئەو لوولە لیزگە پڕدەکات کە لە کلاوڕۆژنەکەی سەربانەوە دێتە ژوورەوە . داوە جاڵجاڵۆکەکان ، لە گەڵ جووڵەی دووکەڵەکەدا دەلەرێنەوە . چاوانم بچووک دەکەمەوە و لە درزی تۆڕی مژۆڵەکانمەوە دەڕوانمە جۆلاتەنەکان (داوە جاڵجاڵۆکە) کە لە پەلکە ڕەنگینە دەچن . دەنگی حەسەنم دێتە گوێ .

– برادەرینە ، کوڕینە ، ئیدی لەمە خراپتر نابێت !

نازانم چی لە زەینیدا دەگوزەرێ . تەماشای دەکەم :– دەبێ کارێک بکەین . حاڵ واناچێتە سەر !

دەڕوات بۆ لای وردە نانەکان وچوارمشقی لێی دادەنیشێت و دەست دەکات بە جوین و هەویر دروستکردن .

– هەرچۆنێک بووە دەبێ دەستێ شەترەنج دروست بکەین . بەدەم بزەیەکەوە لە سەری دەڕوات .

– یەک یەک تاقەتیان دەکەین تا بە دەست ساقی ، شەهید نەبن .

یاقوب ، چوارمشقی ڕوو بە ڕووی حەسەن دادەنیشێت و کۆمەکی دەکات .

– ئەگەر نەتوانین دەستێک شەترەنج لە چاوی ساقی بشارینەوە هەر بۆ هیچ باش نین .

کازم دەڵێت :– دانیشە با ( دوز )ێن بکەین : ( جۆرە یارییەکە لە بابەتی سێ ریزکین و نۆ ڕیزکێن ) .

عەتا ، سەرقامکەکانی لە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی دەنێت ودەست بە پیاسە و ڕاوێچکە دەکات .

... کە لە (دوزین) بێتاقەت دەبم ، هەڵدەستم و دەست بەپیاسە دەکەم . ئیدی دەبێ بە هەرجۆرێک بووە کات بەڕێ بکەم . ڕۆژ یەجگار درێژو خاوە . هەرهەموو خەت و درز و پەڵەکانی سەردیوارەکانی حەمامەکە دەناسم . هەریەکەیان فۆرم و شێوە و قاڵبێکی تایبەتیان هەیە . زیاتر لە سەربازان و گیانلەبەران دەچن ، لەپڕ بیرۆکەیەکم

دێت بەسەرا کە لە ستوونەکانی پشت دەرگای بینە (سارد) ی حەمامەکەوە جێ پێ دروست بکەم تا هەرکاتێ لە بینەکەدا شتێ هەبوو ، بە ئاسانی بتوانم سەربکەوم و لە درزی بەینی دەرگاکە و کەتیبەی سەرووی دەرگاکەوە تەمەشای ناو بینەکە بکەم . ئەگەر چەقۆیەکم هەبوایە کارەکەم زۆر ئاسان دەبوو . هەموو کون وقوژبنێکی حەمامەکە دەگەڕێم کە بەڵکو شتێکی باشم دەستبکەوێ . دیوارەکانی سافی سافن ، نیوەی خوارەوەی دیوارەکان چیمەنتۆیە و نیوەی سەرەوەیان گەچکارییە کە ناو بەناو هەڵتۆقیوە و لێرەو لەوێش بەربووە .

هەموو کون و کەلەبەرەکان بەوردی و بەکاوەخۆ دەگەڕێم . دەکەومە بیری ئەوەی کە چەند بزمارێک لە بنی پۆستاڵەکانم دەربێنم . هەرچۆنێ بێت نووکی تیژە . ئەگەر بزمارەکە کار لە چیمەنتۆیەکە بکات بە درێژایی ڕۆژەکە و ڕۆژانی دواتر کاردەکەم تا شوێن پێ دروست بکەم . ئەگەر دەرگای بینەکەش بکرێتەوە ، شوێن پێیەکان دەکەوێتە پشت دەرگاکەوەو هیچ شتێک دیار نابێ . پۆستاڵەکانم لە پێ دادەکەنم و تێیان دەوڕوکێم . هەڵکێشانی بزمار ، لەپاژنە وبنی پۆستاڵەکەم کارێکی ئاسان نییە ، بەڵام هیچ چارێکی دیکەم نییە . سەری بزمارەکان سواوە . گوڵمێخەکان ئاسان تر دەردێن ، بەڵام ئەوەندە کورتن ، دەست لێیان گیر نابێ ، بە یارمەتی گوڵمێخەکان دوو سێ بزماری پێڵاو و یەک بزماری سپی درێژی بە ئەندازەی دوو گرێی قامکان لە پاژنەی پۆستاڵەکەم دەردێنم ودەست بەکار دەبم . مێخەکە ، چیمەنتۆیەکە دەڕوشێنێ بەڵام وەکو پێویست کاری تێناکات . دەکەومە هەوڵ و تەقەللا . یاقووب دێت بۆلام و دەپرسێت :- خەریکی چیت ؟

پێی ئێژم کەچی دەکەم .

- هەر کاتێ کە ماندوو بوویت بانگم بکە .

سەری قامکەکانم تلۆق دەکەن . مەچەک و ماسولکەکانی دەستم دەکەونە ژان . خەتەکە بەرەبەرە قووڵ دەبێت . بزمارەکان ، خوار وخێچ دەبن . خاک و خۆڵی چیمەنتۆیەکە لە بنی دیوارەکە کۆدەکەمەوە و بەناو حەمامەکەدا بڵاوی دەکەمەوە و نیوەڕۆ کە نان دەخۆم ، چەند بزمارێکی دی لە پۆستاڵەکان دەردێنم و دووبارە دەست بەکار دەبمەوە .

عەریف ساقی ، دوای نیوەڕۆ دێت ، سەرانسەری حەمامەکە تەی دەکات و دەگەڕێتەوە ، لە ئاستانەی دەرگای بینەکەدا دەوەستێ ودەستەکانی دەنێتە ناوقەدی ودەڵێت :- ئەرێ ئەم دەنگی خرتەخرتە چییە لێرە ؟

خۆم دەگرم کە ڕەنگم نەگۆڕێت . تەمەشای یەکدی دەکەین وهیچ ناڵێین . دەنگی عەریف ساقی بەرزدەبێتەوە .

- ها ؟ ... ئەم خرتە خرتە چییە ؟

دێمە قسان :- کام خرتەخرت ؟

- ئەمە . ئەم خرتەخرتە ئیدی !

بە ئارامی دەڵێم :- بەڵام ئێمە هیچ ناژنەوین !

کاژێرەکانی جیرِدەکاتەوە و دەڵێت :- ئێستا ناڵێم جاشەکەر !

هەمدیس درێژایی حەمامەکە تەی دەکات و دەگەرِێتەوە و تەمەشای کون و قوژبنەکان دەکات و لەحەمامەکە وەدەر دەکەوێت ودەرگای بینەکە دادەخات . ئەگەر ساقی چاوی بە ستوونی پشت دەرگاکە بکەوتبایە هەنگێ بۆی دەردەکەوت کە دەنگی خرتەخرتەکە لە کوێندەرەوە بووە . گەردو تۆزی چیمەنتۆیەکە رِژابووە بن ستوونەکە وجێگای دەستم کە خاکەی چیمەنتۆکەم کۆکردبووەوە ، لە ئەرزەکەدا نەخش بوو بوو .

کاتێ عەریف ساقی دەرِوات ، لێدەبرِم کە دووبارە دەست بەکار ببمەوە . حەسەن دەڵێت :- ئێستا نا !

کازم تیاماوە کە عەریف ساقی چۆن گوێی لە دەنگی خرتەخرتەکە بووە . عەتا دەرِوانێتە هەواخۆری میچەکە وبە ئەسپایی دەڵێت :- لەوێوە !

نافەکی پاسەوانەکە و لینگە درێژەکانی ، هەواخۆرە موشەبەکەکە پرِ دەکاتەوە .

ئەگەر یەک تۆزی دی دیوارەکە قووڵ بکەم ، دەتوانم کەڵەموستی پێم لە ناویا گیر بکەم . ئێستاش لە هیچ باشترە . بە هەرجۆرێ بووە دەبێ چاڵەکە وا کون بکەم ، کە رِووشاویەکەی تازە دیارنەبێ . بزمارەکان دەنەمە گیرفانی بلوزەکەم و چاوەرِێ دەکەم تا رِۆژی دوایی نیگابانەکەی سەربان بگۆرِێ .

زۆر زوو شاممان دەدەنێ و دەرگای بینەکە دادەخەن . یاقووب دەڵێت :- بێگومان دیسان شتێک هەیە دەنا وا زوو شامیان نەدەدا .

حەسەن، سی و دوو داشی شەترەنجی دروست کردووە و لە نێو پۆستاڵەکاندا شاردوویەتیەوە . بە گەچی دیوارەکە ، لە سەر ئەرزەکە نەخشەی شەترەنج دروست دەکەین و پەتۆکان لە دەوری شەترەنجەکە رِادەخەین و دادەنیشین . داشە رِەشەکان ، رِەنگدەدەنەوە ، رِەنگیان دەچێتەوە . حەسەن ، بەکاوە خۆ بە تف تەرِی کردن و لە پۆستاڵەکانی هەڵسسون تا بۆیاخی پۆستاڵەکە بگرێ .

تازە نیوەشەو بووریەوە کە تەق و تۆق لە حەمامەکەوە هەڵدەستێ . داشەکان دەخەینە ناو پۆستاڵێک و پەتۆکە رِادەکێشینە سەر نەخشەی شەترەنجەکە و پشت بە دیوارەکەوە دەدەین و دادنیشین . دەرگای بینەکە ناکرێتەوە . لە

بینە و ساردی حەمامەکەوە ، دەنگێن گۆنگ و ئاڵۆز دێت . هەڵدەستم و بە پارێزەوە دەڕۆم و لە پشت دەرگای بینەی حەمامەکەوە دەوەستم . حەسەن دێت بە دووما و دەڵێت :- چی بووە ؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم :- نازانم ... وادیارە ...

گوێ دەگرین . دەنگی تیژی مێجەر زیبەندەیە و دەنگی پیاوێکی دیکە و دەنگی پۆستاڵی کەسانی دی . دەنگی ناخۆشی ڕاکێشانی شتێک بە سەر عاردیدا ، دێت . ئێژی کە مێزێک یان تەختێک یا شتێکی ئاسن بەسەر عاردیدا ڕادەکێشن .

- ئێرە ... لێرەی دابنە !

دەنگی عەریف شەهری دەژنەوم :- دانیشە .

یاقووب ، کازم و عەتا ، یەک یەک هەڵدەستن و دێنە پشت دەرگاکە . بۆچەند ساتێک دەنگێن جۆراو جۆر تێکەڵی یەکدی دەبن . دەنگی خشەخش ، بەرخوردی بنی بزمار ڕێژی پۆستاڵ لەگەڵ عاردیدا ، جێگۆڕکێی شتێک و دەنگی تیژی ئاسنینی شتێکی دیکەی وەکو ڤەبوونی سپرینگ .

بێدەنگییەکی کورت بۆچەند ساتێک . هەناسە لە سینەمدا دەتاسێ . پرسیار ، لە نیگای هەموو برادەراندا ڕەنگی داوەتەوە . زاری حەسەن نیوەکراوەیە و چاوانی بێ جووڵەن . ئەنگوستی کازم بەسەر گۆنایدا دەگەڕێت . ڕەنگی پیرۆزەیی چاوەکانی عەتا ، تاریک بووەو لە ڕەنگی شینی سواڵەتێکی کۆن دەچێت . تەوێڵی یاقووب گرژ بووە وکە هەناسە دەدات ، وەکو ئەسپێکی ماندوو کە چەند سەڵەفێک غاری دابێ ، پەڕەی لووتی دەلەرزێ . لە ناکاوا ، دەنگی مێجەر زیبەندە ، ئارام ، ئاسوودە و هێواش دێتەگوێ :- باشە ! ... لە نوێ دەست پێدەکەینەوە !

ودیسان بێدەنگییەکی کورت . هەستدەکەم ئارەقە بە لاجانگەکانمەوە هەڵدەقوڵێت . بنی قژی سەرم تەڕ بووە . دووبارە مێجەر زیبەندە قسە دەکات :- تۆ کێی ؟

حەسەن ، لەبن لێوانەوە دەڵێت :- دەبێ ، کێ بێ ؟

چەند پەڵە خوێنێکی تازە بە سەر تەوێل و گۆناکانی کازمەوە سوور دەچێتەوە . دەنگی مێجەر زیبەندە بەرزتر دەبێت

- ها ؟ ... گوتم تۆ کێی ؟

گوێم لە دەنگی خەفەی پیاوێک دەبێت کە هێواش و گران دەڵێت :- گوتم کە ... ئیحسان ... ئیحسان بەیهەقی !

- درۆ دەکەیت !

- درۆ ناکەم .

- با !

- نا !

"نە" گوتنەکەی ( ئیحسان ) بە جۆرێکە لە تۆوایە لە پڕ هەموو دەرگا و پەنجەرەکان پێکەوە دادەخرێن . دەڵێی کە لە زارکی هەموو گوزەرەکان ، کۆڵان و شەقامەکان ، دیوارێکی پتەوی چیمەنتۆ قوت دەبێتەوە .

دەنگی مێجەر زیبەندە ، دێتە خوارەوە . هیچ بێتاقەتی و لەزگینییەک بەقسەکردنەکەیەوە دیارنییە .

- زۆر چاکە !

و بەکاوەخۆی درێژەی دەداتێ :- لەوێ ، لە سەفی عەلیشا ... چ کارێکت هەبوو ؟

ئیحسان هیچ ناڵێت . مێجەر زیبەندە دەست بە ڕاوێچکان دەکات . ڕێکردنەکەی سەنگین و ئەرخایەنە . دەنگی لەوسەری بینەی حەمامەکەوە دێ .

- چ کارێکت لەوێندەر هەبوو ؟

ئیحسان دێتە قسان . دەنگی نزمە و مورکێکی بێموبالاتی پێوە دیارە .

- سەد جارم پێگوتی کە لە ژووری بەتاڵ دەگەڕام .

دەنگی هەنگاونانی مێجەر زیبەندە دەهاتە گوێ . لە بنەبانی بینەکەوە بە هەشتاو بەرەولای ئیحسان دێت و پەیتاپەیتا قسەدەکات .

- تۆ .... بەڵێ بەڵێ بەڵێ ! ... لە ژووری بەتاڵ دەگەڕایت ! ئەسڵەن لە بیرم چوو بووەوە ! ...

و دەوەستێت و بەدەنگێک کە لە قووڵایی گەرووییەوە دێت ، دەپرسێت :- لە ژووری بەتاڵ دەگەڕایت ؟!

- گوتم کە ...

دەنگی زللەیەک کە دەسرەوێنرێتە بناگوێی ئیحسان ، وەکو شەست تیر دەتەقێتەوە . دەبێ کاری مێجەر زیبەندە بێ . عەریف شەهری زیاتر سەروساختی دەگەڵ شەلاخدایە . زیاتر شەلاخی لە دەست خۆشە تا زللە .

چەند ساتێک بێدەنگییە . وێڕای ساردی هەوا ، هەنیەم ئارەقەی کردووەتەوە . نیوە جگەرەکەم دادەگیرسێنم و بە تامەزرۆییەوە دووکەڵەکەی قووت دەدەم . گۆناکان و هەنیەی کازم ، لەت و کوت بووە . بە نینۆک هەموو زیپکەکانی دەم وچاوی هەڵکەندووە .

مەچەکی دەگرم :- ئەوە چ دەکەی کازم ؟!

تەمەشای نینۆکە خوێناوییەکانی دەکات ، لیکاوی زاری قووت دەدات و نینۆکە خوێناوییەکەی بە پانتۆڵەکەی دەسڕێت . لێوانی کازم عەینی گەچی دیوارەکە سپی هەڵگەڕاون ، یاقووب پاڵی بە ستوونەکەی پشت دەرگاکەوە داوە و پشتی سەری ناوە بە دیوارەکەوەو چاوانی ناوەتە سەر یەک . دیسان دەنگی مێجەر زیبەندە دێتە گوێ .

- تۆ چ پەیوەندییەکت بە (مەردوم) وە هەیە ؟

دەنگی ئیحسان ، تاجووب ئامێزە .

- مەردووم ؟!

دەنگی هەڕەشە ئامێزی مێجر زیبەندەیە :- بەڵێ مەردووم !

دەنگی ئیحسان بێ موبالاتانەیە :-باشە پەیوەندیم هەیە . دۆستم ،ماڵباتم . ئاشنایەتیم دەگەڵ مەردوومدا هەیە !

دەنگی مێجەر زیبەندە وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە :- خۆت کەر مەکە ، دروست وەڵام بدەوە !

دەنگی مێجەر زیبەندە نەوی دەبێتەوە و درێژەی دەداتێ .

- من مەبەستم لە (مەردووم) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی هەڵوەشاوەی تۆدەیە . تۆ چ پەیوەندیەکت بەم ڕۆژنامەیە و چاپخانەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هەیە ؟

ئیحسان بە هێمنی قسە دەکات :- من کاسبم . من کرێکاری چاپخانە نیم و خوێنەوارییەکی ئەوتۆشم نییە کە ڕۆژنامە بخوێنمەوە !

بەرەبەرە دەنگی مێجەر زیبەندە دەکەوێتە لەرزین :- ئەگەر لێبڕاویت خۆت کەر بکەی ...

- باوەڕ بەکەن جەنابی مێجەر ، من بە هیچ جۆرێ نازانم تۆ باسی چی دەکەی !

مێجەر زیبەندە ، بەدەنگی نزم و لە قووڵایی گەرووەوە قسە دەکات .

- ... باوەڕ بکەم ئەسڵەن تێناگەی چی دەڵێم ! باوەڕبکەم تۆ نازانیت ( ئۆرگان ) یانی چی و باوەڕبکەم تۆ لەگەڵ ( مەردووم ) دا قەوم و خوێش وخزم و دۆست و هەزار تەڕەماشی تری ! ... بەڵێ ! بێگومان باوەڕ دەکەم !

ئیحسان زۆر سادە و ئارام دەڵێت :- باوەڕبکە جەنابی مێجەر ! پێمگوتن کە ... من ، پیاوێکی خوێنەوارنیم . تەنیا کوێرە خوێنەوارییەکی گەورانم هەیە ... نە ! ... باوەڕبکە ئەسڵەن نازانم ( ئۆرگان ) ماناى چییە ؟!

- ... یا من وەکو خەڵکانی کەودەن قسەکانت قەبووڵ دەکەم ، یا تۆ دەبی بە خوێنەوار ! ئەنجام بەهەر شێوەیەک بووە پێکدێین !

مێجەر لە تووڕەبوون کەوتووە . قسەکردنی ئارامە . دەنگی خشەخشی کاغەزدێت . دەڵێی یەکێک پەڕەی دەفتەرێک هەڵدەداتەوە ، یانی لە توێی دەستە کاغەزێکدا دەگەڕێ . خشەخشەکە تەواو دەبێت ، مێجەر زیبەندە قسەدەکات :- ئێ ! حەزدەکەی وەکو کەودەنان قایبل ببم کە ماناى ( ئۆرگان ) نازانی ! زۆرچاکە ! ... با لێی گەڕین ... جارێ وازی لێدێنین ! ...

مێجەر هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و لە سەری دەڕوات .

- باسی شەقامی خانەقامان دەکرد . گوتت تابلۆی خانووەکە چەند بوو ؟

گوێم لە ورتەورتی ئیحسان دەبێت :- من هیچم نەگوت .

- ژمارەی تابلۆکەی چەند بوو ؟

- نازانم . تەمەشام نەکرد .

- لەوێ چیت دەکرد ؟

ئیحسان بە ئەسپایی و ئارام وەڵامدەداتەوە :- پێمگوتیت کە ... لە ژووری بەتاڵ دەگەڕام !

مێجەر زیبەندە قورس و ئارام قسە دەکات . دەڵێی دڵنیایە کە بەهەڵە نەچووە و دڵنیایە کە ئەم پیاوە ئاقیبەت دێتە قسە .

-بۆچی کاتێ دەرگا کرایەوەو چاوت بە ماموران کەوت ، کاغەز و دیکیۆمێنت و وتارەکانت تووڕ دایە پشت دەرگاکە ؟

- من هیچم تووڕ نەداوەتە پشت دەرگا .

- بۆچی کاتێ مامورەکانت بینی پەشۆکایت ؟

- نە پەشۆکام ، سەیرم پێهات !

- چونکە هەموو شتێک پێچەوانەی چاوەڕوانی خۆت بوو . چونکە لە جیاتی ئەندازیار مورتەزا دەرگای ماڵەکە بکاتەوە ، مامورەکان دەرگاکەیان کردەوە ، وانا ؟

- من نازانم تۆ باسی چی دەکەیت . هەر کە دەرگا کرایەوە لەپڕ سەربازەکان هێرشیان هێناو و ڕایان کێشامە ژوورەوە و دەرگاکەیان لە سەرم داخست و دەرفەت نەبوو بە قەولی تۆ هیچ شتێک فڕێ بدەمە کۆڵان .

مێجەر بێ گوێدان بە قسەکەی ئیحسان دەپرسێت :- گوتارەکان هی ڕۆژنامەی مەردووم بوو ؟

یارۆ ، هیچ بەرسڤێک ناداتەوە . مێجەر زیبەندە دیسان دەپرسێت :- چاپخانەکە لە کوێیە ؟

ئیحسان بێدەنگ بووە .

- زۆر چاکە ، قسە مەکە ! ... حاشا بکە ! ...

جم وجووڵ ، لە ناو بینەکەدا دەست پێدەکات . پۆستاڵەکانم لەپێ دادەکەنم . پەنجەکەڵەی پێم لە چاڵی دیوارەکە گیردەکەم وخۆم بۆسەرێ بەرزدەکەمەوە .

ڕووناکیەکی کز لە بینەکەدا پەخش بووەتەوە . گڵۆپی میچەکە گەردو تۆزی لێنیشتووە وکزە . مێجەر زیبەندە ، دەستەیەک کاغەزی لەبن هەنگڵی ناوە وخەریکە جگەرە دەکێشێت . لاقەکانی بڵاوکردوونەتەوە و سێبەرەکەشی کەوتووەتە ژێر پای . کڵاوی لە سەر نییە . داڵە کانزاکانی سەرشانی ، دەبریقێنەوە . قژە نەرمەکەی بە سەر هەنیە زەقەکەیدا کەوتووە . ڕوخسارە سپییەکەی لە بەر ڕووناکیە کزەکەدا زەرد دەنوێنێ . دوو سەربازی تۆکمە ، شانە پان و لاقە قەڵەوەکانی ئیحسانیان گرتووە و هەوڵدەدەن لە سەر تەختێک درێژی بکەن . ئیحسان ڕەشتاڵەیە . سەری تاشراوە . ورگی زلە . عەریف شەهری ، بەقەد وباڵای لەڕ ولاوازییەوە ، ئەم پێ و ئەوپێ دەکات و شەلاقەکەی لەحەوادا بادەدات . سەربازەکان ، پیاوەی ڕەشتاڵە بە دەما لە سەر تەختەکە درێژ دەکەن . یەکێک لە

سەربازەکان لە سەر شان و ملی دادەنیشێت و هەر دوو لاقی بەم لاو ئەولای تەختەکەدا شۆڕدەکاتەوە . سەربازی دووەم لە سەر ئەژنۆکانی یارۆی ڕەشتاڵە دادەنیشێت .

شەلاخەکە ، لە هەوادا لوول دەخوات ، دەڵێی گیانلەبەرە . لە تۆ وایە دەرەقسێ . ناو بە ناو هەواکە شەق دەکات و پێچ دەخوات و ڕاست دەبێتەوە . لاقەکانی عەریف شەهری چەند جارێک پاش وپێش دەکەن و پاشان ، لە هەنبەر تەختەکەدا دەگیرسێنەوە . جووڵەی پڕ پێچ وخەمی شەلاقەکە ، مەداری خۆی وەردەگرێت . شەلاخەکە بەرزدەبێتەوە ، لە ئاسماندا دەچەرخێ ، پشتی کووڕ دەبێتەوە . بەدەم فیشکاندنەوە دادێتەوەو بە کەفەڵی گۆشتنی ئیحساندا دەچزێ و پانتۆڵەکەی ، دا دەدڕێ . پیاوە هاوار دەکات . شەلاخەکە دوبارە بەرزدەبێتەوە ، خێرا دادێتەوە و بە پشتیا دەچزێ و ڕادەکێشرێتەوە و تیلماسکێک لە کراسە ناسکەکەی پیاوە لە گەڵ خۆیدا دەبا بە ئاسماندا . تیلماسکی کراسەکە دەگەڵ شەلاخەکەدا دەچێ بەحەوادا ، لە شەلاخەکە دەبێتەوە ولە هەوادا لوول دەخوات .

شەلاخەکە دەفیشکێنێ و دیسان هاواری پیاوە بەرزدەبێتەوە . ئەمجارە هاوارەکە نزمە . دەڵێی پیاوەکە ، دەستی خۆی بەدەما بردووە تا بەرگەی ئازارەکە بگرێت . جارێکی دی پانتۆڵەکەی دادەدڕێت . شەهری نیوەنەفەس بووە ،مەچەکی دەستی دەسووڕێ ، بازووی بەرز ونزم دەبێتەوە ، پشتی بەرز ونزم دەبێتەوە . شەلاخەکە لە حەوادا لوول دەخوات و دێتەخوارەوە . ئێستا هیچ دەنگێک لە ئیحسانەوە نایەت . دەستی مێجەر زیبەندە دەجووڵێ. شەلاخەکە لە جووڵە دەکەوێ . عەریف شەهری لە بەر تەختەکە دوور دەکەوێتەوە و فنگێکی قایم دەکات . سەربازەکان لە سەر جەستەی پیاو قەڵەوەکە هەڵدەستن . لاقی ڕاستی پیاوە ، دەخزێ و لە سەر تەختەکە دەکەوێتە خوارەوە ، دەستەکانی بە هەردوولای تەختەکەدا شۆڕدەبێتەوەو گۆنای بە تەختەکەوە دەچەسپێ . پەڵەی خوێن ، بە سەر پشت و کەفەڵی پیاوەدا ، لەبەر ڕۆشنایی کزی گڵۆپەکەدا ، دەدرەوشێتەوە . سەربازەکان دەکشێنەوە . مێجەر زیبەندە ، بە کاوەخۆ دێتە پێشەوە ، بەسەر پشتی پیاوەی تاینەوە ، دادەنەوێتەوەو لە درزی کراسەکەوە کە لێرەو لەوێ دادڕاوە ، ئاگری جگەرە دەنێ بەبرینە تازەکەی شەلاخەکەوە . لە پڕ ، هەموو لەشی کابرای قەڵەو ، بە هەموو قورسییەکی خۆیەوە ، لە جێی خۆی بەرزدەبێتەوە و دووبارە دەکەوێتەوە سەرتەختەکە . مێجەر دەڕوانێتە جگەرە نیوە کوژراوەکە و پاشان ، ئاگری جگەرەکە لە گۆشتەکەدا دەکوژێنێتەوە و دەچێتە دواوە . پیاوەی ڕەشتاڵە لە جێی خۆی گینگڵ دەدات .

دەنگی مێجەر زیبەندە بەرزدەبێتەوە :- هەستە .

پیاوە ، جووڵەی بۆ ناکات . مێجەر ئاماژە بۆ سەربازەکان دەکات :- بەرزی بکەنەوە ، هەڵی بستێنن !

سەربازەکان ، هەردووکیان پێکڤە هێرش بەرەو تەختەکە دەبەن . بازووانی ئیحسان دەگرن و لە تەختەکەی جیا دەکەنەوە . قامکەکانی پێم ماندوو بوون . توانای ڕاگرتنی جەستەمیان نییە . سەربازەکان لە دوو لاوە پیاوەی قەڵەو دەگرن تابتوانێ لە سەر تەختەکە دانیشێت . چاوانی پیاوە بەستراوە . لە لالغاوەیەوە هەودایەکی ناسکی خوێن تا چەناگەی ڕچەی بەستووە . دەڵێی هەناسە لە سینەیدا عاسی بووە . دەڵێی نزگەرەی گرتووە . ئەنگوستی پێم لە قوڵکەی دیوارەکە دەخزێ . بە هەردوو دەستم خۆم بە ستوونەکانی پشت دەرگای بینەکەوە دەگرم کە نەکەوم . بە ئارامی بۆ خوارەوە دادەخزێم . برادەران هەموو بێدەنگ بوون . کازم لەبن لێوانەوە دەپرسێت :- ناسیت ؟

- نە !

عەتا ، ڕەنگی سپی بووە . هەردوو گوێی لە ناو لەپی گرتوون و ورتەورت دەکات .

- ئێرە لە هەر ئەشکەنجەخانەیەکی دی خراوترە . ئەعسابی بەشەر وێران دەبێت !

حەسەن ، پشتی بە دیوارەکەوە داوەو ، بێ چاوتروکاندن دەڕوانێتە بەرانبەر . یاقووب کەوتووەتە هەوڵ و تەقەلا کە خۆی بەرزبکاتەوە و تابتوانێ بڕوانێتە ناو بینەکە . یارمەتی دەدەم . نێوچەوانی دەنێ بە کەتیبەی سەرووی دەرگاکەوە و چاوی دەنێ بە درزی نێوان کەتیبەکە و دەرگاکەوە . لە پڕدەنگی زللە دێت . یاقوب سەری دێنێتە دواوەو چاوەکانی دەنوقێنێ و چارەی گرژ دەبێت . دیسان دەنگی شەقەزللە دێت . یاقووب دەڵێی تاقەتی دیتنی نییە . دێتە خوارەوە . یاقووب ڕەنگی زەرد بووە .

- جەلاد !

- چی دەکەن ؟

یاقووب هەناسە هەڵدەکێشێت :- بەخۆت گوێت لێیە !

- پیاوەکە لە خۆ چووە !

- سەربازەکان گرتوویانە !

کازم دەبۆڵێنێ :- جەلاد !

دەنگی مێجەر زیبەندەیە :- ناوت چییە ؟

بێدەنگییەکی کورت و پاشان ، هەمدیس دەنگی زللە دێت .

- شوێنی چاپخانەکە لە کوێیە ؟

پیاوە بێدەنکە .

- جگە لە ئەندازیار مورتەزا ، قەرار بوو چ کەسانێکی دیکەش لەو خانووەدا بن ؟

پیاوە ، لێو لەبەر یەک هەڵنایەنێ . دەنگی مێجەر زیبەندە ، سات بە سات توورەتر دەبێت .

- وەکو رۆژی روون لەلام عەیانە کە تۆ نێوانکاری (رابت) چاپخانەکەی ...

قسەکانی زیبەندە تێکەڵاوە :- رادەسپێرم سەربازەکان ژنەکەت ... تابێیتە قسە !...

دەنگی شەق (زللە) دەنگدەداتەوە .

- پێویستم بە ئیعترافی تۆ نییە . بەڵگەم هەیە ، ئیعدامت دەکەم !

یاقووب بەدەم دان جیرکردنەوە دەبۆڵێنێ :- تاوانبار !

دەنگی زیبەندە دەتەقێتەوە :- ژن قە ... قسەبکە !

یاقووب بەرەو دیوارەکە هێرش دەبات و سەری بە دیوارەکەدا دەکوتێ و دەبۆڵێنێ :- جەلاد !

حەسەن و عەتا بەرەو لای ئەو دەچن ودەیگرن :- هێوربە یاقووب !

یاقووب ، لە باوەشی حەسەن و عەتادا ، بە هەردوو مست دەکێشێت بە نێوچەوانی خۆیدا و بەدەم پەڵمە گریانەوە دەڵێت :- ئاخر چۆن دەتوانم هێوربم ... پیاو وێران دەبێت !

دەستی یاقووب دەگرم و راکێش راکێش دەیبەم بۆ ئەو سەری حەمامەکە . دنیا ساردە ، بەڵام یاقووب ئارەقەی کردووەتەوە . کازم پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات و ددانەکانی جیر دەکاتەوە . لە تۆ وایە شتێکی رەق لە ژێر ددانەکانیا دادەکرۆژێت . واز لە یاقووب دێنم و دەگەرێمەوە بۆلای دەرگای بینەکە (ساردی حەمام ، شوێنی خۆداکەندن) . دەمەوێ خۆم بەرزبکەمەوە . هێشتا دەستم بە دیوارەکەوە نەگرتووە کە دەنگی کەوتنی شتێک دێت . بلەز سەردەکەوم . ئیحسان لە سەر تەختەکە کەوتووەتە سەرعاردی . لاقەکانی قانگڵەکردووە و هەنیەی ناوەتە سەر عاردی . پشتی روو لە سەرێیە . جێ جێی پانایی پشتی لە خوێنی تازەدا کە بە کراسە دراوەکەیەوە لکاوە ، وەکو عەقیق دەدرەوشێتەوە .

مێجەر زیبەندە ، بە دیارییەوە وەستاوە . سێبەری مێجەرزیبەندە لە تەنیشت پیاوەوەیە . عەریف شەهری کەمێ دوورتر وەستاوەو یاری بە شەلاخە دەکات . مێجەر جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . گۆناکانی دەبریقێتەوە . سەربازەکان لەپشت عەریف شەهرییەوە وەستاون . چاوانی عەریف شەهری لە دوو درزی تەنگ دەچن . دەڵێی لە کاسەی چاویا بە تیغ درزیان تێخستووە و قەراخی پێستە درزبردووەکەیان هەڵگێڕاوەتەوەو بەو دەقەوە گیرساوەتەوە . گۆنا ڕەقەکانی شەهری ، سێبەریان خستووەتە سەر چەناگە پانەکەی ، دەمە زلەکەی نیوەکراوەیە و لێوە قەیتانییەکانی ئێژی خوێنیان تیانییە .

مێجەر مژ لە جگەرەکەی دەدات و سووتووە گەرمەکە بە سەرپشتی ئیحساندا دادەتەکێنێ . مێجەر ، دەڵێی خەریکە بیردەکاتەوە . مژێکی قووڵ لە جگەرەکە دەدات . چاو ناتروکێنێ . تەمەشای بەرانبەر دەکات . خۆ بە خۆ ، بە قامک دەکێشێت بە جگەرەکەدا و سووتووەکەی دادەتەکێنێتە سەر پشتی پیاوەی تاین . لەپڕ دەکەوێتە ڕێ .

سەفتە کاغەزەکە لە دەست عەریف شەهری وەردەگرێت وبەرەو دەرگای حەمامەکە دەڕوات . شەهری و سەربازەکان لە دووی دەچن . ئیحسان ، هەر بەو دەقەوە ، بێجووڵە هەنیەی ناوەتە سەر ئەرزەکە .

دووسەعاتێک لە شەو تێپەڕیوە . پاییز دەستی پێکردووە . ڕۆژ کورتە . پەتۆکان ڕادەخەین و لە دەوری یەکدی دادەنیشین . یاقووب لەخۆیدا غەرق بووە ، سەری لەبەر خۆ ناوە . ئێژی عادەت و خووەکەی کازم بۆ یاقووبیش سیرایەتی کردووە . بەنینۆک ، لێرەو لەوێ چەند زیپکەیەکی تەقاندووە و گۆناکانی ، پەڵەپەڵە ، خوێناوی بوون .

عەتا هەمدیس لەبن لێوانەوە زەمزەمە دەکات :- ئێمە لێرەدا ، لە هەمووکەس پتر ئەزیەت دەدرێین !

پیرەمێردیان کە برد ، ئیدی هیچ هەواڵێکی نەبوو . هیچمان لەبارەی نازەنینیشەوە نەزانی . خوا دەزانێ چ بەڵایەکیان بەسەر هاتبێ ! بەئەندازەی یەک تەشت پتر خوێن لەبەر نازەنین ڕۆیی . لەو سی و شەش جگەرەیەی کە هەمبوو تەنیا دانەو نیوێکی ماوە . هەرباشە کە ڕۆژی بەر لە گرتنەکەم پاکەتێکی پەنجادانەیی هومام کڕی . ئەگەر وەکو هەمیشە پاکەتی بیست دانەیی شنۆم کریبوایە ، ئێستا چەند ڕۆژێک بوو جگەرەم تەواو بوو بوو و پەرێشان بوو بووم . تەنیا دانە ونیوێک ماوە . دەبێ دەستی پێوەبگرم . ئەگەر تەواویان بکەم هیچ دیار نییە کە بەم زووانە دەستم بە جگەرە بگات . دەبێ زۆر ئاگاداربم . دەبێ یەک مژی لێبدەم و بیکوژێنمەوە . هەر ئەوەندەی نەوسم بشکێ . پاکەتەکە دەنەمە گیرفانم . لێدەبڕێم کە بڕۆم و هەرچی قونکە جگەرە لە کون و قوژبنی حەمامەکە هەیە کۆی بکەمەوە . هەرچۆنێ بێ توتنە و دەتوانم نەوسی خۆمی پێ کوێر بکەمەوە .

کازم دێتە قسان :- لە سەرما ڕەق دەبێتەوە ! ...

مەبەستی ئیحسانە کە لە بینەکەدا کەوتووە .

کە شەو دادێت ، هەوا بەرەبەرە بەرەو ساردی دەچێ . کازم لە سەری دەڕوات .

- .... ئەگەر بمانتوانیبا بە هەر ڕێگایەک دوو پەتۆی بدەینێ باش دەبوو !

دەزانێ کە قسەی بەلاش دەکات ، بەڵام هەر دەیکات . دەرگای بینەکە لە دیوەوە قفڵە و دەرگاکە ، ئاسنە و دیوارەکان ، چیمەنتۆیە و تەنانەت ڕێگای هەناسەدانیش نییە .

- بەلای کەمەوە هەستین قسەی لەگەڵ بکەین !

ئەمەش قسەی بەلاشە . قسەکردن هیچ دەردێک دەرمان ناکات و ئەمە جگە لەوەی کە قسەی چی لە گەڵدا بکەین . ئەسڵەن باشە، کێ دەڵێ جواب دەداتەوە ؟

کازم ، دوای قسەکەی ، پەتۆکە لە سەر لاقی لادەبات و هەڵدەستێ و دەچێتە پشت دەرگاکە و خۆی بە دیوارەکەدا هەڵدەزنێ . دەنگی کازم هێدی و بە پارێزە :- تۆ کێی ؟

کازم ، تەوێڵی لە کەتیبەی سەرووی دەرگاکە لادەبات و دەڵێت :- دەڵێی تاولەرزی گرتووە . ئازای ئەندامی دەلەرزێ .

کازم ، دیسان لە درزی دەرگاکەوە تەمەشا دەکات و دەڵێت :

- ها ؟ ... تۆ کێی ؟ ... ئێمە خوێندکارین . خوێندکاری ئەفسەری . دەورەی ئیحتیات ... تۆ کێی ؟ ... لەوەیە بتوانین یارمەتیت بدەین !

دەنگی خەفەی پیاوەکە دێت :- ئەگەر جگەرەتان پێیە ...

کازم خۆی هەڵدەداتە خوارەوە :- جگەرەت هەیە ؟

لەگەڵ منیەتی . هیچکەس لە برادەران جگەرەکێش نین .

- هەمە !

تەسەور دەکەم بشێت جگەرە لە درزی دەرگاکەوە بخرێتە ناو بینەی حەمامەکە . جگەرەکە دەنەمە عاردی و بە سەری ئەنگوست پانی دەکەمەوە تاباش تەخت وتەنک ببێتەوە . ئەوسا جگەرەکە پێدەکەم و دەیەنەم بە لێومەوە و

به دیوارەکەدا هەڵدەزنم . بە پارێزەوە ، هەموو جگەرەکە لە درزی دەرگاکەوە دەبەمە ژوورەوە و پاشان ، بە سەری قامک پەلەپیتکەیەکی لێدەدەم ، جگەرەکە پەرت دەبێت و دەکەوێتە قەراخ سەکۆی بینەکە .

ئیحسان ، چەند ساتێک دەڕوانێتە دەرگاکە و پاشان لە سەر ئەژنۆ خۆی بکێش دەکات . لە نیوەی ڕێگادا لە جووڵە دەوەستێ و بە هێوری کێشمانی خۆی دەدات . زامی شەلاخەکە ئازاری دەدات . بۆچەند ساتێک جووڵە ناکات . جگەرەکە بەقەراخ سەکۆیەکەوە ، دووکەڵ دەکات . تووتنی جگەرەکە وشکە و پانیش بووەتەوە . باش باش دەسووتێ . تاخۆی دەگەیەنێتە جگەرەکە نیوەی دەسووتێ . پیاوە ، دیسان دەکەوێتەڕێ . دەست دەبات و جگەرەکە هەڵدەگرێت و مژی لێدەدات و بە تاسەمەندییەوە دووکەڵەکەی قووت دەدات . پەیتاپەیتا مژی لێدەدات . چاوانی دەنێتەسەریەک . دەڵێی گێژبووە . لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکە ، دڵۆپەی درشتی ئارەقە ، بەسەر هەنیەیەوە دەدرەوشێتەوە . جگەرەکە بە لالێویەوە دەگرێت و بەزەحمەت بەچوار چنگۆڵە دەخزێت وبەرەو لای تەختەکە دەڕوات . گۆنای دەنێتە قەراخ تەختەکە و چاوانی دەنوقێنێ . ئێژی دووکەڵی جگەرەکە گێژی کردووە . چەند مژێکی دیکە لە جگەرەکەی دەدات و پاشان ، دەستەکانی و هەنیەی دەنێتە سەر تەختەکە و ئۆقرە دەگرێت .

لێی دەپرسم :- سەرمات نییە ؟

تەوێڵی لە سەر تەختەکە هەڵدەبڕێت و دەڕوانێتە دەرگاکە و سەری بەچەپ و بەڕاستدا بادەدات . وام دێتە بەرچاو کە بزەیەکی کاڵ نیشتووەتە سەرلێوانی .

دیسان پاڵ بە تەختەکەوە دەدات . بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر جارێکی دی داوای جگەرە بکات چۆن بتوانم بڵێم کە نیمە . خۆم هەڵدەدەمە خوارەوە و دەڕۆم کون وقوژبنی حەمامەکە دەگەڕێم ئاغزە جگەران کۆدەکەمەوەو دەیخەمە ناو پاکەتەکەمەوە. هەر قونکە جگەرەیەک لە گرێیەکی قامک کورتترە . خۆزیا هەموو جگەرەکانم نەکێشابوایە . بریا چەند جگەرەیەکم هەبوایە . هیچ حەزناکەم کە پێی بێژم جگەرەم نییە . حەسەن دەپرسێت .

- چی دەکەی ؟

- خەریکم قونکە جگەران کۆدەکەمەوە .

- مەگەر جگەرەت نییە ؟

تەنانەت حەزناکەم بەحەسەنیش بڵێم ( نا ) . بەدەم مینگەمینگەوە دەڵێم :- با ، نیوە جگەرەیەکم هەیە !

- هەر نیوە جگەرەیەک ؟!

سەر دەلەقێنم .

یاقووب دەڵێت :- عەجەب یەغباڵێ !

قوونکە جگەرەکان کۆدەکەمەوە و لای برادەرانەوە دادەنیشم و پەتۆیەکە دەدەم بەسەر لاقما . کازم دەڵێت :

- با پەتۆکان هەڵگرین و بڕۆین لە پشت دەرگاکەوە دانیشین .

یاقووب دەڵێت :- خراپ نییە . لەوەیە کارێکی هەبێت . بەلای کەمەوە گوێمان لە دەنگی ببێ .

عەتا دەڵێت :- دەتوانین چ کارێکی بۆبکەین ؟

کازم دەڵێت :- زۆر کار کە لەگینە ئێستا بە ئەقڵماندا نەیەت ! ...

وله سەری دەڕوات :- وەکو ئەم جگەرەیە ، بە بیرماندا دەهات کە لەگینە جگەرەی بوێت ؟ ... بە بیرماندا دەهات کە دەکارین جگەرەی بدەینێ ؟

پەتۆکان لە پشت دەرگاکەوە ڕادەخەین . یاقووب لە سەر گازی پشت ڕادەکشێت و پەتۆیەکە تاچەناگەی ڕادەکێشێت .

کازم دەڵێت :- هیچ شتێک نییە پیاو خۆی پێوە مژوول بکات ... زۆر خراپە !

و ڕوو دەکاتە عەتا :- تاقەتت هەیە دەستێک شەترەنج بکەین . بەلای کەمەوە تۆزێ مژوول دەبین !

عەتا دەڵێت :- حەزدەکەم ، بەڵام ناتوانم !

بە قامک بە هەنیەی خۆیدا دەکشێت و دەڵێت :- زۆر جەنجاڵە. ئەسڵەن کارناکات !

کازم ، تاکە پۆستاڵەکە ڕادەکێشێتە پێشەوە و دەڵێت :- قەیدی نییە . منیش وام ! وەرە با خۆمان سەرگەرم بکەین .

شوێنی داشەکان ناو تاکە پۆستاڵانە . ڕۆژان کە پۆستاڵەکان لەپێ دەکەین ، لە توێی پەتۆکاندا تاقەتیان دەکەین . کازم داشەکان هەڵدەڕێژێتە سەر پەتۆکە ، لەگەچی دیوارەکە کە دەبە بووە ، توێژاڵە گەچێک دەکاتەوە و لە سەر ئەرزە چیمەنتۆکە ، نەخشەی شەترەنج دەکێشێت و مژووڵ دەبن . حەسەن لە پشت دەرگاکەوە دادەنیشێت و گوێ بە دەرگاکەوە دەنێ . چاوم لەگەمەی برادەرانە کە حەسەن دەڵێت :- هەستە تەمەشایەک بکە !

دەڵێی چاوەڕوانی ئەوە بووم کە یەکێک پێم بڵێت هەستم و تەمەشای ناو بینەکە (ساردی حەمام ، شوێنی جل داکەندن) بکەم .

ئیحسان ، بازووەکانی ناوەتە سەر تەختەکە و هەنیەی ناوەتە سەر باسکی . دەنگی سیسرکە بینەکەی پڕکردووە . خوێن بە پشتی پیاوەوە دەڵەمەی بەستووە و تاریک دەنوێنێ .

- حاڵت چۆنە ؟

حاڵی دەبینم . ئەسڵەن پرسینی ناوێ ، بەڵام هەر بۆ ئەوەی قسەیەک بکەم ، پرسیارم کرد . سەری لە سەر قۆڵی هەڵدەبڕێ و دەڕوانێتە دەرگاکە . باوەڕناکەم بتوانێ بمدینێ . ئاراستەی چاوی لە دەسکی دەرگاکەیە . سەری دەجووڵێنێ ، وا وێنادەکەم کە بزە دەکات . پێی دەڵێم :- ئێمە لێرەین ، لە پشت دەرگاکەوەین ... گوێمان لە دەرگاکەیە ، ئەگەر کارێکت هەبوو قسە بکە .

ئێستا بزە دەکات . ددانە سپیواژەکانی ، لە پێستی تۆخی ڕوخساریا دەبریقێتەوە . بۆ چەند ساتێک دەڕوانێتە دەرگاکە و پاشان ، بێئەوەی چ قسەیەک بکات سەردەنێتە سەرقۆڵی .

هیچ قسەیەکمان نییە بە یەکی بڵێین .

دادەنیشم و پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و حەزدەکەم جگەرەیەک داگیرسێنم . عەتا و کازم شەترەنج دەکەن . بێ تاقەتی لە بیرکردنەوە لە جووڵاندنی داشەکانیاندا دەبارێ . تەمەشای نەخشەی شەترەنجەکە دەکەم . مەلیکە ڕەشەکە لە حاڵی کشدایە ، بەڵام هەر ئاگایان لێ نییە . بە خۆڕایی هەوڵدەدەن خۆ مژووڵ بکەن . پاکەتی جگەرەکە دەکەمەوە . هەوەڵجار دەستم بۆ نیوە جگەرەکە دەڕوات . لە تۆ وایە قامکەکانم دەسووتێنێ . دەیخەمە لاوەو یەکێک لە قونکە جگەرەکان دەردێنم و دایدەگیرسێنم . قونکە جگەرەکە جێی نییە کە بە ئەنگوست بیگرم . ئەگەر دارجگەرەیەک هەبوایە دەمتوانی هەر هەمووی ، تا دوا زەڕەی تووتنەکە بکێشم . مژێکی قووڵی لێدەدەم . لێوم دەسووتێ . سووچێکی کاغەزی جگەرەکە دەگرم و مژێکی دیکەی لێدەدەم . ئەمجارەیان لێوم باش دەسووتێ . قونکە جگەرەکە هیچی لێنەماوەتەوە ، بەڵام ئەم دوو مژە سووکناییم پێدەبەخشێت . نەوسم تێردەکات .

- ئا ئا ! ... دوو سەعاتە کش مەلیکە و ئێمە هەر گەمەدەکەین !

شەترەنجەکە هەڵدەگرن . نەخشەکەی سەر ئەرزەکە ، بە گۆشەی پەتۆکە دەسڕنەوەو ڕادەکشێن . بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شوێنێکدا کێشاوە . تەنیا جارجارێ دەنگی پێی پاسەوانەکەی سەربان دێت کە ڕاوێچکە دەکات . تا ئەوسەری حەمامەکە دەڕوات و دەگەڕێتەوە . کە ماندوو دەبێت بە دیار یەکێک لە کلاوڕۆژەکانی سەربانەوە

دەوەستێ و تەمەشای ناو حەمامەکە دەکات . بەڕۆژەوە باشتر دەبینرێ . پاسەوانی دانی بەیانی کورتە باڵایە ، پاسەوانی دانی ئێوارە درێژ داهۆڵە . لینگە درێژەکانی لە پایە درێژەکانی سێ پاکەی قەپانی مەیانی میوە وتەڕە فرۆشان دەچی . بەڵام لاقی پاسەوانەکەی دانی بەیانی کە لە پانتۆڵەکەیدا قاڵبی بەستووە ، عەینی میلی ئەستوور و کورتی زۆرخانەیە .

دەنگی پێی پاسەوانەکە خەفە دەبێ . پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و دەبیرەوە دەچم ، لە خۆما غەرق دەبم . دەنگی یەکنەوای سیسرکەکان لە گوێمدا دەنگدەداتەوە . لەپڕ دەنگی وشک و ئاسنینی ڤەبوونی دەرگای حەمامەکە ، وەنەوزەکەم دەپچڕێ . خۆ بە خۆ لەجێی خۆ ڕادەپەڕم و ئامادە دەبم کە بەدیوارەکەدا هەڵزنێم و تەمەشای ناو بینەکە بکەم .

زۆری بۆ نیوەشەو نەماوە . مێجەر زیبەندە بەکەیف و بەدەماخە . پێموایە مەشرووبی خواردووەتەوە . یانەکە نزیکە . بەرانبەر بە گرتووخانەکەیە . مێجەر زیبەندە ، هەرکاتێ پرس وجۆ دەکات هەمیشە مێزی خواردنەوەکەی لە یانەکەدا ئامادەیە . کە ماندوو دەبێت و تاقەتی لە سەرسەختی زندانیان دەچێت ، دەڕوات وچەند پیاڵەیەک هەڵدەدات و خۆی سازدەدات و دەگەڕێتەوەو ئێستا ،بێگومان شامێکی تێروتەسەلی خواردووە و تێروپڕ خواردنەوەی خواردووەتەوە و شەنگوڵ و تازە نەفەس هاتووە بە سوراغی ئیحسانەوە . ئەمجارە ، عەریف شەهری لەگەڵ نییە . عەریف ساقی لە جیاتی ئەو هاتووە کە حاڵی حازر خەریکی سمێڵە زلەکەیەتی . وەک ئەوەی خواردنێکی چەوری خواردبێ ، بە ناولەپ سمێڵ و دەمی پاک دەکاتەوە . چاوانی درشتی عەریف ساقی لە چاڵی چاویا گێژ دەخۆن و ڕووەو دەرگای بینەکە جێگیردەبن . چەند ساتێک دەڕوانێتە دەرگاکە وپاشان ، ئەو دەوسیەی کە بەدەستیەوەیە دەدات بەیەکێک لە سەربازەکان و بەهەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو دەرگای بینەکە دەڕوات . خۆ هەڵدەدەمە خوارەوە و وەکو پشیلە لەسەر چنگ ، لە عاردیدا خۆ دەگرمەوە و بلەز دەڵێم :- کوڕینە ، ساقی !

هەموو ، پەتۆکان بەسەری خۆدا دەدەین و هەناسە لە خۆدەبڕین . دەرگای بینەی حەمامەکە بەتەق و هوڕ ڤەدەبێت . لە پڕ ، شلکەی ڕانم گڕدەگرێت . عەریف ساقی ، بەنووکی پۆستاڵەکەی هێندە بەتووندی دەکێشێت بەنەرمەی ڕانمدا کە سەرم دەداتە ژان . هاواری عەریف ساقی ، حەمامەکە پڕدەکات .

- کام بێ نامووس ، کام بێ شەرەف گوتوویەتی لێرە بتۆپن !

پەتۆکان لادەدەین و دادەنیشین .

- یاڵڵا شرو شیتاڵتان کۆبکەنەوە وگۆڕتان گوم بکەن و بڕۆن بۆ ئەوێندەر !

ئەوپەڕی حەمامەکەمان نیشاندەدات . هی موناقەشە نییە . پەتۆکان کۆدەکەینەوە . ساقی دادەنەوێتەوە و پۆستاڵەکان هەڵدەگرێت و تووڕیان دەداتە ئەوسەری حەمامەکە . داشەکانی شەترەنجەکە ، لە نێو تاکێک لە پۆستاڵەکانەوە دەڕژێ و دەگەڵ پۆستاڵەکەدا کە بە حەواوە دەمەونخون دەبێتەوە ، بڵاودەبنەوە . خوێن دەزێتە سەرو چاوی ساقی و سووردەبێتەوە :- دیسان قوماربازیە !

مستەکۆڵەیەک دەکێشێت بەپشت ملی یاقووبدا کە لە بەردەستیدایە ، بەگورگە لۆقە ، دەکەوێتە ڕێ و داشەکان بن پێ دەنێ و دەیان پلیشێنێتەوە .

- لە زمانی بنیادەم حاڵی نابن ... ها ؟!

پەتۆکانم بەبن باخەڵەوەیە و بەلایدا ڕەتدەبم . بەجۆرێ بە مست دەکێشێت بە بەینی هەردوو شانمدا ، هەناسەم سوار دەبێ . زللەیەک بەبناگوێی حەسەندا دەسرەوێنێ و لاقە درێژەکەی بەحەواوە وەردەسوڕێ و بە نووکی پێ دەکێشێت بە خالیگەی کازم دا . عەتا بە سەلامەتی دەرباز دەبێ .

لە بنەبانی حەمەکەدا کۆمان دەکاتەوەو دەڵێت:- دەمەوێ بەزمانی بە شەران قسەبکەم ! باش گوێتان بکەنەوە . هەقی ئەوەتان نییە لێرە بجوڵێن ! ئەگەر بجوڵێن تیربارانتان دەکەم !

ئەمە یەکەمجارە کە عەریف ساقی زیاد قسە دەکات . هەمیشە قسەکانی بەنیوە چڵی دەکات ودەبێ خۆمان هەڵی بێنین کە چی گوتووە . بە قسەکردنی ئاشناین .

- ئەگەر جارێکی دی بێنە پشت دەرگاکە ، لاقتان دەشکێنم ! قوماربازیش نییە ! ئەگەر بیکەن ئیعدامتان دەکەم !

پەتۆکانمان بەبن باڵەوەیە . بێدەنگ وەستاوین وهیچ ناڵێین . دیسان قسەدەکات .

- خۆ ئێرە قومارخانە نییە ! ... گاستۆران (مەبەستی ڕیستۆرانە) نییە ! ... خۆ یانەش نییە ! ...

چەنەی دەجوڵێت و لە ژێر سمێڵە ڕەشەکەیەوە وشەی زبر دەر دەپەڕێ .

- ئوتێل بەلاشیش نییە ... کەواتە ئێرەچییە ؟! ... ئێرە زیندانە ئیدی ! ...

دەیەوێ بڕوات :- بۆچی وەکو قاتر ( هێستر ) تەمەشام دەکەن ؟! ... یاڵڵا پەتۆکانتان ڕاخەن وبخەون ! ...

لەبەر دەرگاکە دەوەستێ و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- ئەگەر جارێکی دی بچنە پشت دەرگاکە ئیعدامتان دەکەم !

دەچێتە دەرێ و دەرگاکە دادەخات .

شلکەی ڕانم دەزریکێنێ . ناوشانم ئازارێکی وای هەیە کە بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرێ . شوێن پەنجە ئەستوورەکانی عەریف ساقی لە سەر گۆنا گەنمڕەنگەکانی حەسەن نەخش بووە . یاقووب پشت ملی دەشێلێ ودەڵێت :- دایک قە ... عەجەب دەستێکی قورسی هەیە !

کە هەناسە هەڵدەکێشم ، پشتم دەزریکێنێ . ڕادەکشێم و دەستەکانم بە هەردوو لادا بڵاودەکەمەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم . ئازارەکەم بەجۆرێکە کە دەڵێی شتێکی داغیان بە پشتمدا کردووە . عەتا دێت و بە دیار سەرمەوە دادەنیشێت ودەپرسێت :- ئازاری زۆرە ؟

پێی دەڵێم کە بە ئاسانی هەناسەم پێنادرێ .

لەپڕ هاواری پیاوەی ڕەشتاڵە حەمامەکە پڕدەکات . خۆ بەخۆ تەکان دەدەم و دادەنیشم . کەسمان زات ناکەین بچینە پشت دەرگاکە . کازم دەڵێت :- چی دەبێ با ببێ !

بلەز دەڕواتە پشت دەرگای بینەکە و خۆی بە دیوارەکەدا هەڵدەزنێ ولە درزی دەرگاکەوە تەمەشا دەکات .

دیسان هاواری ئیحسان لە حەمامەکەدا دەپەنگێتەوە . هەمووما‌ن لە پشت دەرگاکەوە کۆبووینەتەوە . کازم دادەخزێتە خوارەوە . لێی دەپرسم :- چی بووە ؟

هیچ ناڵێت . ڕەنگی سپی بووە . لە پاڵ دیوارەکەدا هەڵدەتروشکێ و سەری دەخاتە نێو هەردوو دەستی و چەناگەی دەنێتە سەر ئەژنۆی .

تاقەت ناگرم . دەمەوێ خۆم بیدینم . وا هەستدەکەم ئەگەر خۆم ببینم لە بینەکەدا چی ڕوو دەدات ، ئاسوودە دەبم .

کەڵەموستی پێم لە چاڵی قەد دیوارەکە و دەست بە دەرگاکەوە دەگرم و سەردەکەوم و چاو دەنەم بە درزی سەرووی دەرگاکەوە .

عەریف ساقی ، توند وقایم ، وەکو پایە وەستاوەولاقی لێک بڵاوکردوونەتەوە . سەربازەکان ، وەکو فریشتەی عەزاب ، هەردووکیان سوور بوونەتەوەو ئامادەی فەرمان بردنن . مێجەر زیبەندە بەرانبەر بە ئیحسان وەستاوە . خەریکە جگەرە دەکێشێت . گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون .

- شوێنی چاپخانەکە لە کوێیە ؟

ئیحسان ، پشت لە دەرگای بینەکە ، لە سەر هەردوو کەشکەژنۆ دانیشتووە . کراسەکەی لە سەر شانیەوە تاخوارەوە دادڕاوە . دەستەکانی ، یەکێکیان لە سەری شانیەوە و ئەویتریان لە ناوقەدییەوە ، پێکەوە گەیەنراون و کەلەپچە کراون . سەری ئیحسان ، ئەوەندە بۆ دواوە خواربووەتەوە کە هێڵی ناوچەوانی دەبینم . لەوە دەچێ کە خۆی بە ئانقەست گوشاری لە گەردنی کردبێت تاسینگی بکشێت و دەستەکانی لە کەلەپچەکەدا ڕەحەت بن . مێجەر دێتەپێشەوە و بە ئارامی سووتووی جگەرەکەی بە سەروچاوی پیاوەی ڕەشتاڵەدا دەتەکێنێ . سەری پیاوە دەجووڵێ و دێتە پێشەوە و زۆر زوو بۆ دواوە دەگەڕێتەوە .

– ها ؟! ... شوێنی چاپخانەی ڕۆژنامەی مەردووم لە کوێیە ؟!

پیاوە ، بێدەنگ بووە . مێجەر ، بە کاوەخۆ دادەنەوێتەوە و ئاگری جگەرەکە دەنێ بە هەنیەی ئیحسانەوە . دەنگ لە ئەوکی ئیحساندا ، دەکەوێتە غەرغەرە . گوێ هەڵدەخەم هیچ شتێک لەمەڕ غەڕغەڕە و خنکەخنکەکەی حاڵی نابم . مێجەر قسەدەکات .

– دەبێ تا ئێستا بۆت دەرکەوتبێ کە هەڤرک و حەریفی کێی ! ... دەبێ بۆت دەرکەوتبێ کە ئەگەر دێویش بی شاخت دەشکێنم ! ... قسەبکە ! بڵێ ، شوێنی چاپخانەکە لە کوێیە ؟

ئەمجارەیان ، خنکەخنکی پیاوەکە ئاشکرایە . وشەکان ، لە ئەوکیا دەخولێنەوە و بەقورسی دێنەدەرەوە .

– گوتم ... گوتم کە .... نازانم ! ...

دووبارە ئاگری جگەرەکە دەنێ بە ناوچەوانی پیاوەوە . سەری پیاوە وەکو تۆپ لە جێی خۆی هەڵدەپەڕێ . ئەژنۆکانم دەکەونە لەرزین . هەوڵدەدەم ، تەقەلا دەکەم کە نەکەوم . مێجەر ، نیوە ئاوڕێک بەلای عەریف ساقی دەداتەوەو دەڵێت :– وەزنە ! ( کیلۆ ) .

عەریف ساقی و سەربازەکان ، خێرا خۆ ئامادە دەکەن . وەزنەکە کە بە کەلەپچەکەوە هەڵدەواسرێ . پشتی پیاوە کووڕ دەبێتەوە و پای لە ژێریا دێتە دەرێ و درێژ دەبێت و پشتی بەرەو ئەرزەکە دادەکشێت . هەنووکە سینگ و سکی ، لە سەرەوە دیارە . سکی وەکو مەشکە پڕوخاڵی دەبێت . هەناسەی دەنگدارە . لیوەکانی وەکو بەردی خارا (گرانیت) نیشتوونەتە سەریەک ، سییەکانی فریا ناکەون تا هەناسە هەڵمژێ . دەڵێی هەواکەی پێ قورسە . مێجەر زیبەندە دێتە قسە :– ئێستا ، وێنادەکەم وردەوردە بڵێی کە چاپخانەکە لە کوێیە !

لێوەکانی ئیحسان دەکەونە تەتەڵە . مێجەر دێتە پێشەوە .

- ئاوها ! ... خەریکە ئاقڵ دەبیت ! ...

لێوێن ئیحسان لە سەریەکدی دەخزێن و دەنگی لە بنەبانی گەرووییەوە هەڵدەستێ .

- جەلاد ! ...

مێجەر زیبەندە گڕدەگرێت و وەکو ئەسپەندەری سەر ئاگر دەتەقێتەوەو دەردەپەڕێ و بە پێ دەکێشێت بەژێر چەناگەی پیاوەدا !

سەری پیاوە دەلەقێ ، دەجوڵێت و خوێن لە گۆشەی زارییەوە هەڵدەقوڵێت . پیاوە بەرگری و بەرەڤانی نامێنێ و بە پشتا و بەسەر دەستەکانی و بەسەر وەزنەکاندا لە سەر عاردی تل دەخوات .

لەپڕ ، دەبینم کە عەریف ساقی تەمەشای دەرگای بینەکە دەکات . چاوەکانم لە درزی دەرگاکە دەدزمەوە و دادەخزێمە خوارەوە . زرانیەکانم (ئەژنۆ) دەلەرزن . هەناسەم تەنگ بووە . برادەران ، لە بن دیوارەکە هەڵتروشکاون و پەتۆکانیان تا چەناگەیان هێناوە . هیلاک و ماندوو لە لایانەوە دادەنیشم و یەکێک لە قونکە جگەرەکان دادەگیرسێنم و دووکەڵەکەی قووت دەدەم . پێڵوی چاوانم دەسووتێنەوە . پشتم دەزریکێنێ . یاقووب ، چەناگەی ناوەتە سەر ئەژنۆکانی و ورتەورت دەکات .

- هەرچۆنێک بووە دەبێ لەو کاولە بڕۆین !

کازم دەپرسێت :- چی بوو ؟

حەوسەڵەی قسەکردنم نییە . بەرەو پێخەفەکەم دەڕۆم . یاقووب دەڵێت :- خۆزگەم بەو برادەرانەی کە لێرە ڕۆیشتن ، خۆشی لەخۆیان !

عەتا دەپرتێنێ :- هیچ مەعلووم نییە وەزعیان لە ئێمە باشتربێ !

یاقووب دەڵێت :- ئەگەر پێویست بێ ، دەبێ مان لە خواردن بگرین تا لێرە دەرباز ببین !

دەنگی کرانەوە و داخرانی دەرگاکە ، لەناو حەمامەکە دەنگدەداتەوە .

شەو ، لە نیوە بوریوە . هەندێجار بایەکی سارد کە لە بناری چیاوە هەڵدەستێ ، لە هەواخۆر و کلاوڕۆژنەی سەربانەوە خۆی بە ژووردا دەکات و بەناو حەمامەکەدا دەسووڕێتەوە و کزەی سارامان بەگژدا دەکات . ئەگەر وابڕوات و ئەم بایە لەم کونەوە بێت ، چەند ڕۆژێکی دی ، پەتۆ تەنک و تیواڵە عەسکەرییەکان ، لە سەرما نامان پارێزن .

قونکە جگەرەیەکی دی دادەگیرسێنم . چاوەکانم قورس دەبن . عەتا ، پاڵ بە دیوارەکەوە دەدا و بەهێمنی دەپرخێنێ . دەڵێی خەوی لێکەوتووە . پرخەپرخی عەتا ، خەوئەنگێزە . ڕادەکشێم . ئێستا ڕەحەتتر هەناسە دەدەم دەڵێی ناڵەی ئیحسان دەژنەوم . دەست دەبەم و شلکەی ڕانم دەشێلم . ئەو شاپە ی کەساقی خێواندیە ڕانم ، نەرمەی ڕانم ئازارێکی ئەوتۆی هاتێ ، کە دەمارەکانی ملم هاتنە ژان . هەنووکە سووکە ئازارێک لە ئەژنۆکانمەوە ، تا خالیگەم دێت و دەچێت و بەسەر دەستمدا تل دەدەم و ئانیشکم دەنەمە ژێر سەرم . حەسەن ڕادەکشێت . ئازای بەدەنم سست دەبێت . خەو چاوانم دادەگرێت . دەڵێی کەسێک بانگم دەکات . دەنگەکە لە دوورەوە دێت . دەنگەکە لە هەواکەدا شەپۆل دەدات و نزم وبەرز دەبێتەوە . دەخوازم بەرسڤی دەنگەکە بدەمەوە ، لێ ناتوانم . دەڵێی پەنجەی بەهێزی کەسێک گەرووم دەگوشێت . قسە لە ئەوکم گیراوە و هەوڵدەدات بێتە دەرەوە . زمانم وەکو قورقوشم قورس بووە . پەنجە گەورەکانی عەریف ساقی وەکو پلایس گەرووی گرتووم و گوشاری دەدات . ئێستا کەشکەژنۆیشی دەنێتە سەر سینەم . هەناسەم تەنگ دەبێت . ئەوکم دەگیرێ . دیسان گازم دەکەن . ئەمجارەیان دەنگەکە نزیکە . لە پەنا گوێمدایە . پەیتاپەیتا گازم دەکەن . ئێستا ناتوانم هەناسە بدەم . تەنگە نەفەسی خەریکە خەفەم دەکات . دەکەومە تەقەلا . ئەژنۆی عەریف ساقی بە توندی لە قەفەزەی سینەم توند دەکرێت . پلایسی ئاسنینی قامکەکانی لە دەوری گەردنم توندتر دەبێت . دەستەکانم لە عاردیدا ، بزمارکوت بووە . هێشتا گازم دەکەن . زۆر لە خۆدەکەم و بەهەوڵ وتەقەلا ، سەرم لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ چەپ وەردەسووڕێنم . دەکەومە خنکەخنک . لەپڕ لە جێی خۆ ڕادەپەڕم . عەلی بە دیار سەرمەوە هەڵتروشکاوە . تازە هەتاو گزنگی داوە و شەڵاڵی ئارەقە بووم . عەلی ، شەکەت و ماندوو و حەپەسیاگ وە چەمانی قرمزەوە سەیرم دەکات . کە قسەدەکات هاڵاوی عەرەقی کشمیش کەپووم دەسووتێنێتەوە .

– چیت بوو ؟ ... بۆچی پرخەپرخت دەکرد ؟ ... یەک سەعاتە بە دیار سەرتەوە دانیشتووم و خەریکە گازت دەکەم . بەرە بەرە خەریک بوو دڵتەنگ دەبووم ! ...

دەستەکانم دەنەمە عاردی و دادەنیشم . حەسیرەکەی ژێرم ، بە هۆی ئارەقەی لەشمەوە ، لەهەندێ جێگەدا تەڕبووە . نیو بوتڵی بەتاڵی عەرەق ، لە قەراخ حەسیرەکەدا ، لە عاردیدا کەوتووە . هەتاوەکە خەریکە لە لێواری دیواری گەراجەکە دێتەخوارەوە . دەمم هیشکە . گەرووم تاڵە . سەرم مەنگە . دەڕوانمە عەلی کە بەهەمان دەقەوە هەڵتروشکاوە و بە چاوانی خەو لێزڕاوەوە نیگام دەکات . دەست ومەچەکی دەستی ڕاستی عەلی بە سارغی پێچراوە

شوفێری جەهرومی لە تەوالێت وەدەردەکەوێ و دەچێت بۆسەر بیرەکە تا ئاو هەڵکێشێت و مەلەبکات . هێشتا مەنگم . دەڵێی سەرم سڕبووە . گوێچکەکانم سڕبووە .

عەلی دەپرسێت :- دوێنێ لە شارەبانی (ئاسایش) چ باس بوو ؟

یەکسەر مەنگیەکەم دەڕەوێتەوە . شەریفە لە زەینمدا بەرجەستە دەبێت . جەستەی ئاوساوی شەریفە ، قژە ڕەشەکەی کە پڕبوو لە لمی نمسار ، دەموچاوی پەنەماوی ، کە تەنانەت درزی چاوەکانیشی دیارنەبوو ، زەینم پڕدەکات .

بۆنی گۆشتی گەنیو لە کەپوومدا دەپەنگێتەوە . کەمی ماوە دڵم تێک هەڵبێ و بڕشێمەوە .

- بکوژەکە دۆزرایەوە ؟

چاوانی سوور و ماندووی عەلی سەرگەردانە . تەمەشای دەکەم و لەبن لێوانەوە دەڵێم :- بکوژ ؟!

دەڵێی سەری دەسووڕمێ . چاوانی دەنێتە سەر یەک و دەڵێت :- ئەدی نەیانکوشتووە ؟

سەر دەجوڵێنم ودەڵێم :- نازانم ، دوور نییە . لەوەشە خۆکوژی کردبێت . نازانم .

بیرم دەکەوێتەوە کە دەبێ سەعات هەشت لە ئیدارەی تاوان ئامادەبم . هەڵدەستم . سەرم گێژ دەخوات . کەمی ماوە بکەوم . دەست دەگرم بە موحەجەرەی هەیوانەکەوە . دەنگی شوفێری جەهرومی دەژنەوم .

- دوێشەوە زۆر مەست بووی !

خەریکە بە سەتڵ ، ئاو بە سەرولەشی خۆیدا دەکات .

- نە ! ... حاڵم باش نەبوو .

دەڵێت :- مەست بووی !

دیسان دەڵێت :- دەمویست پێت بڵێم کە دوێشەو سەرۆکی تاوان لە تۆی دەپرسی ، دەیویست بزانێت کە دوێشەو ، واتا پێرێ شەو کە دەکاتە دوێشەوی دوێشەو ، دوای نیوەشەو لە ماڵ بوویت یانا ... مەبەستی هەمان شەوی تەشبریق و باو بارانەکە بوو .

پێویستە ئاوێک بە سەر وچاومدا بکەم تا وەخۆ بێمەوە . عەلی ڕوودەکاتە شوفێرەی جەهرومی و لێی دەپرسێت :

- چما تۆش لە شارەبانی بوویت ؟

شوفێرەکە ئاو لە دەمی وەردەدات و پاشان دەڵێت :- بەڵێ ، لەوێ بووم !

عەلی بە سەر محەجەرەی هەیوانەکەدا بازدەداتە ناو حەوشەکە و بەرەو لای شوفێرەی جەهرومی دەڕوات و لێی دەپرسێت :- تۆ بۆ ؟

عەریف ڕازی لە پلیکانەکانەوە دێتەخوارێ و گەلاوگەڵ بەرەو گەراجەکە دەڕوات . شوفێری جەهرومی بە سەر ئاماژە بۆلای عەریف ڕازی دەکات و دەڵێت :- تەمەشا ئەمە !

عەلی دیسان دەپرسێت :- بۆچی بۆ شارەبانی چووبوویت ؟

- چوو بووم ؟ ... جەنابی سەرۆک داوای کردبووم .

- بۆچی ؟

- لەم شارەدا بۆچی ومۆچی نییە . هەموو شتێک تێکەڵ وپێکەڵە ، کەس بەکەس نییە !

دەچمە ژوورەوەو خۆ ڕووت دەکەمەوەو پەشتەماڵەکە لە ناوقەدم دەئاڵێنم و بەرەولای بیرەکە دەڕۆم . شوفێری جەهرومی ، دەکەوێتە شادی هەڵهەڵە و دەست بە گوێیدا دێنێ . عەلی دەپرسێت .

- ئاخر سەرۆکی تاوان چ کارێکی بە تۆ هەبوو ؟

شوفێری جەهرومی بەدەم شادییەوە قسەدەکات .

- چ کارێکی هەبوو ؟ ... پرس و جۆ ئیدی ! ... پرس وجۆ سەبارەت بە شەریفە ... دەیناسیت ... هەمان قە .. ـە دەڵێم ! ... خوا بیبەخشێ ! ...

شوفێری جەهرومی هێور دەبێتەوەو ڕوو بە ڕووی عەلی دەوەستێ و دەڵێت :

- ڕاستە کە قە ... بوو بەڵام تازە کە مردووە دەبێ بڵێم خوا لێی خۆشبێ . چونکە هەرچییەک بوو تازە تەواو بووە ...

سەتڵێک ئاوی سارد بە سەرما دەکەم . چاوەکانم دەکرێنەوە . دەمم دەشۆم . ئاوەکە کەمێک سوێرە . لەشم فێنک دەبێتەوە . مەنگی و گێژی لە سەرم دەپەڕێ .

عەلی ، ژێر باڵی ڕووتی شوفێری جەهرومی دەگرێت و هەنگاو بە هەنگاو دەیبات بۆ ژێر کەپری کامیونەکە و قسەی دەگەڵ دەکات . جلەکانم لەبەر دەکەم ولە ژوورەکە وەدەردەکەوم .

عەلی ، واز لە شوفێری جەهرومی دێنێ و دێت بۆلای من . خراپ سوور هەڵگەڕاوە . سووری سوورە . دەڵێی چەندین شەوە بێ خەوی کێشاوە . دەم و چاوی داکەوتووە . ڕدێنی باش نەتاشیوە . موی زبری ڕدێنی ، لێرەو لەوێ ڕەش دەچێتەوە . جلەکانی زۆر بێ سەروبەرە ، چڵکن و چرچ ولۆچن . دەڵێی بارانێکی زۆر لێی داون و هەر لەبەریا وشک بوونەتەوە . نیگای عەلی مەنگ و گێژە .

- ئەوە دەستت چییەتی ؟

دەڕوانێتە سارغیە چڵکنەکە و دەڵێت :- هیچ ! ... بوتڵێک بەدەستمەوە شکا !

دەکەومەڕێ :- دەچم بۆلای عەلی دادی . خێرا ئاوێ بە خۆتا بکە و وەرە تێشتێک بخۆین . دەبێ سەعات هەشت لە شارەبانی بم .

چەند هەنگاوێک لە دووم دێت .

- سەعات هەشت ؟ ... مەگەر دوێشەو تەواو نەبوو ؟

- نا .

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت و تەمەشای بەرپێی دەکات . هەر بەو دەقەوە کە سەری داگرتووە دێتە قسان .

- تۆ برۆ ... من دەمەوێ بنووم .

و بەرەو پلەکانی هەیوانەکە دەڕوات .

( ٥ )

عەلی دادی هەرکە دەمبینێ ڕفێدەکە لە قەراخ تەنوورەکە دادەنێ و دەڵێت :- ئابڕووی چەندین ساڵەمان چوو !

- بەڵام خۆ هیچ کارێکیان بەکاری تۆوە نەبوو !

نانەکە بە تەنوورەکەوە دەدات و سەری لەبەر ئاگرەکە دێنێتە دواوە ودەڵێت :

- ڕاستە کاریان بەکاری منەوە نەبوو ! پیاو کە هەر پێی نایە ناو شارەبانی ( ئاسایش ) هەزارو یەک قسەلۆکی لە دوو ڕیزدەکەن . بەتایبەتی ئەگەر ئەم جۆرە بویەر و ڕووداوە ، ڕووی دابێ !

عەلی دادی ، ڕفێدەکە (مایە) لە سەر مێزەکە دادەنێ و ڕدێنە کورتە خەنەییەکەی دەخورێنێ و دەڵێت :

- خۆ تێشتت نەخواردووە ؟

- نا !

سکم قۆڕەقۆڕ دەکات . بە تاڵی بە تاڵە . کە چایەکە دەخۆمەوە دڵم تێک هەڵدێ. زۆری نەماوە بڕشێمەوە . هەڵی بێنمەوە .

- چیتە ؟

- بۆ ؟

- لە پڕ ڕەنگت بزڕکا .

- سکم دێشێت .

عەلی دادی جاجمێکم بۆ ڕادەخات و دادەنیشم . باش دەبم . وەخۆ دێمەوە . دوو پاروو نان وپەنیر دەخۆم وهەڵدەستم .

- بۆ کوێ ؟

گەرما خەریکە دەست پێدەکات .

- شارەبانی .

دەڵێی دەزانێ ، لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت :

- ئاگاداری دوێشەو نایب زابت مینابی نەیهێشتووە کە مەمدۆ ئازاد بکرێ !

- نەیهێشتووە ؟

- کەفیلیشی لێ قەبووڵ نەکردووە !

- بۆچی ؟

دیسان لە قاقا دەدات و دەڵێت : - چووزانم ، وەباڵ بە ئەستۆی گوتیاران ، خۆیشی دوێشەو لە شارەبانی نووستووە !

له شارەبانی ، مەمدۆ ، ڕەنگ زەرد و خەواڵو له سەر تەختێک دانیشتووه . عەریف مراد عەلی ، پشتی به ستوونی دیوارەکەوه داوه و جگەرە دەکێشێت . سەعات له هەشت تێپەڕیوه ، بەڵام سەرۆکی ئیدارەی تاوان هێشتا نەهاتووه . نایب زابت مینابی له شارەبانی نییه . گۆنای تریفه ڕەنگی مەمدۆ به ئاستەم ڕووشاوه . قژی سەری ، به پێچەوانەی هەمیشەوه ، ئاڵۆزکاوه و چەپکێ له قژەکەی بەسەر هەنیەیدا کەوتووه . مەمدۆ ، عەینی چۆلەکەی ترساو ، کزکۆڵەی کردووەو له سەر تەختێک دانیشتووه . هەرکه دەمبینێ ، دەگەشێتەوەو پەیتاپەیتا قسەدەکات .

– ئەم نایب زابت مینابیه بێ شەرەفه دوێشەو نەیهێشت زامن بدەم وئازاد ببم . گوتی ئیلاوبیلا زامن قەبووڵ ناکەم . شکاتی لێدەکەم . خۆ شاری بێ حاکم نییه ! ئێستا خەڵکی هەزارویەک بۆختانم بۆدەکەن و قسەو قسەلۆکم دوودەخەن ! به تایبەتی که خۆیشی دوێشەو لەناو شارەبانی خەوت . هەموو کەس دەیناسێت ! پیاوێکی بەدناوه ! ... خۆ شاری بێ حاکم نییه ! شکاتی لێدەکەم . که جەنابی سەرۆک هات شکاتی لێدەکەم ! ...

مەمدۆ ، ساتێک بێدەنگ دەبێت و پاشان دەپرسێت :– تۆ عەریف مرادیت نەبینی ؟

– نه .

دیسان دەپرسێت :– تۆ دەڵێی عەرزوحاڵێک بۆ سەرۆکی شارەبانی بنووسم یا کاتێ که هات پێشی بگرم وەهەروا بەدەمی پێی بڵێم ؟

– دەتەوێ چی پێ بڵێی ؟

دەڵێت :– ئەمه ئیدی ... شکات له دەست نایب زابت مینابی .

– له سەرچی ؟

– بۆچی دوێشەو نەیهێشت زامن بدەم ؟

– دیاره بەباشی نەزانیوه !

– بۆچی خۆی له شارەبانی خەوت ؟

– دیاره نۆره خەفارەت و ئێشکی بووه !

چاوه ڕەشەکانی ئەبڵەق دەبن و به سەرسامی تەمەشام دەکات و دەڵێت :

– ئێشک ؟!

وبێدەنگ دەبێت .

سەروسەکوتی غەفووری پەیدا دەبێت . سەیدی لە گەڵدایە . دیارە گەیلان ، هێشتا لە مەغویە نەگەڕاوەتەوە . سەید ، چەفیەکەی لەسەر شانی ، ئەم شان و ئەوشان دەکات . داوێنی دیزداشەکەی هەڵدەکات و لە سەر تەختێک دادەنیشێت و دەپرتێنێ :- هەم ئابڕوومان چوو وهەم لە کاروکاسبی بووین .

لەبن لێوانەوە دەڵێم :- ئەوەی سینگ بخوات ، دەبێ سینگ بکوتێ !.

- بەدوو دەستی براوی ئەبولفەزلی بەنی هاشم ، بەزاتی خوا ، هیچ سەروسرێکم دەگەڵ ئەم ژنۆکەیەدا نەبوو !

- نەت بوو ؟

- نەخێر نەمبوو . جەدم بمگرێ ئەگەر هەمبووبێ !

زۆر خراپ ، لە ناکاوا هەڵچووە .

- ئەدی بۆچییان هێناوی ؟

- من چووزانم بۆچییان هێناوم ...

لاقەکانی دەنێتەسەر یەک و ، لە سەری دەڕوات :-دوو سێ چەلان هات و عەرەقی لێکرپیم ... هەر ئەوەندە و تەواو ! ... خۆ ئەمە تاوان نییە . کەفیل و پرس و جۆی ناوێ ...

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و چەند نەفەسێکی پەیاپەی لێدەدات . سەید درۆ دەکات جار بە جارێ بۆ ماڵەکەی شەریفە دەچوو و زیاتر لە کاتی قرچەقرچی نیوەڕۆدا ، لەو کاتەدا کە کەس بەدەرەوە نەبێ ، دەڕۆیی .

سەرۆکی شارەبانی دێت . مەمدۆ ، لەپڕ ڕادەپەڕێ و سەری ڕێگای دەگرێت . ڕەنگی مەمدۆ بووە بەگەچی سپی . دەنگی لەرزۆکە :- جەنابی سەرۆک عەرزێکم هەیە .

سەرۆکی شارەبانی ، بە خەمساردی بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوێ . مەمدۆ زات ناکات دووی بکەوێت . تەریق دەبێتەوە . هەر لەوێ ، لەبەر قاڵدەرمەکاندا دەوەستێ . عەریف مراد عەلی لێی دەپرسێت:-عەرزەکەت چیە ئیدی ؟

مەمدۆ دەڵێت :- تەمەشای ئەمە ! ئەگەر بمویستبا بیلێم تا ئێستا گوتبووم !

حەوشی شارەبانی یەکپارچە هەتاوە . کۆترەکان لە سەر گوێسەبانە هەتاوگرەکە و لە سەر گوێسەبانەکەی دالآنەکەی شارەبانی هەڵنیشتوون و دەگمێنن .

سەرۆکی ئیدارەی تاوان پەیدا دەبێت . کارتۆنێکی گەورەی ناوەتە بن باخەڵی . بێئەوەی تەمەشامان بکات دەچێتە ژوورەوە . عەریف مراد عەلی چای بۆ دەبات . وا وێنادەکەم کە دیسان یەک یەک بانگمان دەکات ، بەڵام هیچ خەبەرێک نییە . بەرە بەرە بێتاقەت دەبم . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و یاری بە دووکەڵەکەی دەکەم . پاسەوانێکی کورتە باڵا و ڕەشتاڵە دێت بۆلام .

– جگەرەیەک بدە بیکێشین هاوقەتار !

جگەرەی دەدەمێ . ئاماژە بۆ عەریف مراد عەلی دەکەم . دێت و جگەرەیەک هەڵدەگرێت و دەیخاتە گیرفانی بلوزەکەی و دەڵێت :– دوایی دەیکێشم ئیدی .

دەنگی نزمی پیاوێک لە ژێر تاقی دالآنەکەی شارەبانیدا دەنگدەداتەوە . یەکێک لە پاسەوانەکان بەگژیا چووە .

– بۆکوێ دەڕۆیی هاپۆ ؟

– کارم بە سەرۆک هەیە .

دەنگی عەریف مراد عەلی دێت :– وازبێنە بابێتە ژوورەوە ئیدی !

پیاوێکی دێهاتی دەستەبالآیە کە دەرپێیەکی سپی چڵکنی لەپێیە . نافەکی دەرپێیەکەی تا ئەژنۆکانی هاتووە . کراسێکی دەڵب و درێژی قاوەیی لەبەر کردووە و چەفیەیەکی وەکو مێزەر لە سەر بەستووە . عەریف مراد عەلی بانگی دەکات :– وەرە ئێرە ببینم هاپۆ . بۆچی سەروسەدات ناوەتەوە ئیدی ؟

– بە قوربانت بم جەنابی سەرۆک ئابرۆم چوو . لە ناو دۆست و ئاشنایاندا ئابڕووم چوو . ئیدی ناتوانم سەر بەرزەوە بکەم . دەستم وەدامێنت جەنابی سەرۆک !

تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاترە . ڕدێنی ماش و برنجە . داوی سپی کەوتووەتە برۆکانی .

– جەنابی سەرۆک لە دەستی ئەم (خرسوەی) کوڕی کاکەلی نەجاتم بدە ... لە دەست ئەم سەرۆک پاسگایە نەجاتم بدە . هەمیشە لایەنی خرسوی کوڕی کاکەلی دەگرێت ... دەستم بەدامێنت جەنابی سەرۆک !

لە یەکێک لە گوندە نزیکەکانەوە هاتووە . لە پەستا وبێ پسانەوە قسەدەکات و سکاڵا دەکات .

– فریام بکەوە جەنابی سەرۆک . مەگەر ئێرە عەدالەتخانە نییە ؟ مەگەر ئێرە ئێرە ئیدارە نییە ؟ مەگەر ئێرە ئەمن نییە ؟ ... فریا بکەون ، بگەنە فریام ... ئەگەر ئەم ڕیسوایی و نەنگە پاک نەکەنەوە خۆم دەکوژم ! ...

سەرۆکی شارەبانی لە ژوورەکەی دێتەدەرێ و لە سەر مەحەجەرەی قەراخ سەربانەکەوە دادەنەوێتەوە ودەڵێت :

– چ خەبەرە ؟

کابرای دێهاتی سەری هەڵدەبڕێ و سەرۆکی شارەبانی دەبینێ .

– هەی بە قوربانی ئەو سمێڵە پیاوانەیەت بم فریام بکەوە ... ئابڕووم چوو ...

وبە هەشتاو بەرەو پلیکانەکان دەڕوات کە بچێت بۆسەرەوە .

– ... هەی بە قوربانی ئەو کاکۆڵەت بم ... قوربانی ئەو بەژن وباڵا بەرزەت بم فریام بکەوە ، ئەگینا خۆم دەکوژم !

عەریف مراد عەلی لە سەر لاقە ساغەکەی وەردەچەرخێ و لاقە لەنگەکەی دەباتە پێشەوە و ڕێگە لە پیاوەی دێهاتی دەگرێت .

– بۆ کوێ دەڕۆی هاپۆ ؟! ... ئەگەر شکاتت هەیە وەرە ئێرە ئیدی ...

پیاوەی دێهاتی ، قسەکە لە دەمی عەریف مراد عەلی وەردەگرێتەوە .

– ئا شکاتم هەیە . شکاتم لە کوڕی کاکلی هەیە . لە دەست ئەم خرسوە قوون ئەستوورە هەیە ... بەڵێ شکاتم هەیە .

سەرۆکی شارەبانی دەڵێت :– مراد عەلی ، بێدەنگی بکە ، تاقەتم نییە .

و لە موحەجەرەکە دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ژوورەوە .

– بڵێ بزانم دەردت چییە ئیدی ؟

– بە قوربانت بم جەنابی سەرۆک . دەردم ؟ ... چۆنی پێت بڵێم دەردم چییە ؟ ... دەردی نامووسە ! ... نامووسم بە با چوو ! ... ئابڕووم چوو ... ئیدی ناتوانم لەناو دۆست و ئاشنایان سەربەرز بکەمەوە .

لێوی سەرەوەی عەریف مراد عەلی بە نووکی کەپوویەوە دەچەسپێ و دەپرسێت .

- کەس دەستدرێژی کردووەتە سەر ژنەکەت ئیدی ؟

بڕۆکانی پیاوەی دێهاتی بەرزدەبێتەوە و چاوانی ئەبڵەق دەبن ودەپرسێت :- چی کردووەتە سەر ژنەکەم ؟

مراد عەلی دەڵێت :- دەستدرێژی ئیدی !

کابرای دێهاتی کەمێک بێدەنگ دەبێت . وەک بڵێی لە مەبەستی عەریف مرادی تێدەگات . لە پڕ دێتە قسە .

- بۆ سەر ژنەکەم ؟ ... نە کاکە ! ... خوانەکات ... کەس هیچی لە ژنەکەم نەکردووە ... خوا بەو ڕۆژە نەکات ... ژنەکەم پار چووە بەر دلۆڤانی خودا ... نە کاکە ! ... نە ... ژنەکەم نا ... خوا عافووی بکات !

عەریف مراد عەلی دەپرسێت :- ئەدی چی ئیدی ؟ ... بە کچەکەت ؟

- نە نە ... خوا لە زارت نەڕوونێ ... نە ! کیژەکەم نا !

عەریف مراد عەلی تاقەتی دەچێت :- ئەدی کوڕەکەت ؟!

- کوڕەکەم ؟ ... هە ! ئەگەر کوڕەکەم لێرەبایە ، خرسو زاتی نەدەکرد ئەم بەڵایەم بەسەر بێنێ . کوڕەکەم چووە بۆ قەتەر کاربکات !

عەریف مراد عەلی دەنگی بەرزدەبێتەوە :- ئەدی چی ئیدی ؟

وادیارە کابرای دێهاتی شەرم دەکات . مینگە مینگێک دەکات و پاشان دەستی عەریف مراد عەلی دەگرێت و ڕایدەکێشێتە پەنایەکەوە و چپەچپێک بە گوێیدا دەدات .

یەکسەر لێوی سەرەوەی عەریف مراد عەلی بەنووکی لووتیەوە دەچەسپێ و لە قاقای پێکەنین دەدات . کابرای دێهاتی هەڵدەچێت و دەهری دەبێت .

- ئەمە پێکەنینی ناوێ جەنابی سەرۆک . من ئابڕووم چووە و تۆ پێدەکەنی ؟ ... شکاتم هەیە !

کابرای دێهاتی بەگوێی عەریف مراد عەلیدا چپاندووە کە ( خرسو )ی کوڕی (کاکولی) لینجاوی (لیچقاو) ی قوزی ماکەرێکی هێناوە و لە قوونی نێرەکەرەکەی ئەمی هەڵسووەو ئێستا هەموو نێرەکەرانی گوندەکە بەڕیز دوای نێرەکەرەکەی ئەم دەکەون و کار گەییوەتە ئەوەی هەر کەرە شەلێک کێری هەڵدەستێ ، دەیەوێ لە نێرەکەرەکەی ئەم بپەڕێت !

- قوربانت بم سەرکار ... ! ئەمە پێکەنینی ناوێ ! ... ئابڕووم چووە ! ...

کابرای دیهاتی دەنگی نەوی دەکات و لە سەری دەڕوات .

- ئابڕووی کەرەکەم چووە . کەرەکەم دەڵێی شێری نێرە . بەستەزمانە ئیدی هەر نەماوە ... !

پاسەوانەکان لە دەوری خڕدەبنەوە . کابرای دێهاتی دەرفەتی کەس نادات ، لە پەستاو بێ پسانەوە قسەدەکات .

- ئیدی هێزی تیا نەماوە ، گەڵی فش دەکات و ملی کەچ دەکات و لەجێی خۆی ناجوڵێت تا کەرەکانی دی سواری بن و لێی بپەڕن ! ... هەر هەمووی خەتای ئەم (خرسو) یەی کوڕی (کاکولیە) ...

لە پڕ دەنگی بەرزدەبێتەوە :- ئابڕووم چوو جەنابی سەرۆک ! دەستدرێژی کراوەتە سەر کەرەکەم ، سەر شێرە نێرەکەم ! ... ئیدی ڕووی گەڕانەوەم نییە . بیرێک لە حاڵم بکەنەوە ... شکاتم لە (خرسو) هەیە !

سەرۆکی تاوان لە ژوورەکەی وەدەردەکەوێ . دەوسیەیەکی (دۆسییە) لە ژێر باخەڵدایە .

- چ خەبەرە ؟

کابرای دێهاتی بەهەشتاو بەرەو ڕووی دەچێت . عەریف مراد عەلی ، ڕێگەی پێدەگرێ .

- بۆ کوێ دەڕۆی دیسان .. سەبرکە بانایب زابت مینابی بێت و شکاتی خۆت بکە .

سەرۆکی ئیدارەی تاوان بە سەر ئاماژەیەکی مراد عەلی دەکات و بەئێمە دەڵێت کە بە گەڵی بکەوین تا بڕۆین بۆ ماڵەکەی شەریفە .

کابرای دێهاتی لەبەر دالانەکەی شارەبانیدا ڕێگە بە سەرۆکی ئیدارەی تاوان دەگرێت .

- ئەرێ جەنابی سەرۆک !

عەریف مراد عەلی دەیداتە لاوە :- گوتم سەبرکە ئیدی !

سەرۆکی تاوان کە دەڵێی گوێی لە هەموو قسەکان بووە بە چاوە ئەبڵەق وشووشە ئاساکانیەوە ، کە زۆر بێتاقەتە بەپیاوەی دێهاتی دەڵێت :- بۆناچی لە پاسگا شکات بکەی ؟

کابرای دێهاتی هاواردەکات :- پاسگا ؟ ... هە ! ... پاسگا تای (خرسو) دەگرێت ... سەد چەلم شکات کرد .

دیسان سەرۆکی شارەبانی ، لە سەر بانەکە پەیدادەبێ .

- ئەرێ ئەم بۆرە پیاوە چی دەوێ کە ئەم هەموو هەرا وهەنگامەیەی ناوەتەوە ؟

نایب زابت مینابی دێت بەسەرا :- مەسەلە چیە ؟

یارۆی دێهاتی دەچێت بەلایەوە :- قوربانت بم ! شکاتم هەیە . کەس بە دادما ناگات .

نایب زابت مینابی دەچێتە ناو ژوورەکەوە . ئاماژە بۆ دێهاتیەکە دەکات :- وەرە ژوورەوە بزانم !

دەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی تاوان و عەریف مراد عەلیدا ، لە شارەبانی وەدەردەکەوین . لە کۆڵانەکاندا ، خەڵکی دەوەستن و تەمەشامان دەکەن . چەند منداڵێکی سەروپێچکە ، خوارو ژوور دوامان دەکەون . ژنێک کە ڕووبەندی پۆشیوە و سەراپای لە مانتۆیەکی ڕەشدا غەرق بووە ، دەوەستێت و تەمەشامان دەکات و ، لەبن لێوانەوە ورتەورت دەکات . عەریف مراد عەلی لە منداڵەکان دەگەڕێتەوە و هاواریان بە سەردا دەکات .

- بڕۆن ، گوم بن ئیدی ... دەڵێی حەڵوا دەبەخشنەوە دوامان کەوتوون ئیدی !

منداڵەکان دەگەڕێنەوە . لە ناکاوا دەنگی یەکێک لە منداڵەکان بەرزدەبێتەوە .

شەریفە ددانێ زێڕە

جومە وێڵی خاڵی ڕەشیەتی

دۆستەکەی ئاگاداربکە

کە غەفووری ئاشنایەتی

عەریف مراد عەلی ، لە پڕ هێرش بۆ منداڵەکان دەبات .

- حیز دایکانە ئیدی !

بە شەلە شەل چەند هەنگاوێک دوویان دەکەوێت . منداڵەکان لە بەینی خانووە بە سەر یەکا ڕووخاوەکانا ون دەبن . عەریف مراد عەلی لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ئیدی گۆرانیشیان بۆ ئەم داماوە هەڵبەست !

عەریف مرادی دێت بەسەرا . بەرەولای مەمدۆ دەڕوات . عەریف مراد عەلی پێشی دەگرێت .

- بۆت نییە لە گەڵ تاوانباردا قسە بکەی ئیدی !

سەرۆکی تاوان دەڵێت :- زۆر بەجدیش مەیگرە سەرکار مراد عەلی .

مرادی سڵاو لە سەرۆکی تاوان دەکات . سەرۆکی ئیدارەی تاوان سەر دەلەقێنێ و هیچ ناڵێت . لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . کراسەکەی بە پشتیەوە چەسپیوەو سەر شانەکانی شۆرەی دەرداوە .

کە بەبەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیدا تێدەپەڕین ، قەدەم هەڵدەستێت و بەگەڵمان دەکەوێ . ئەنوەر مەشدی خەبەبەی پڕیا دەکات و دەستی تەکان دەدات و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- یا ئەڵڵا ( سڵاو ) .

زۆر دڵی خۆشدەبێت . وا دیارە خۆشحاڵە کە مەمدۆ کەوتووەتە تەڵەوە . سەعات لە دە لایداوە . فریا نەکەوتم بچم بۆ سەربازگە و دەفتەری حزوور ئیمزا بکەم .

قەدەم بە سەر لاقە ئەستوورەکانیا غل دەبێتەوە و شان بە شانی عەریف مرادی ڕێدەکات . عەریف مرادی گرژ وپەستە ، چارەی دراوە بەیەکا . عەریف مراد عەلی ، بووە بە لەمپەڕ لە نێوان مەمدۆ و عەریف مرادیدا . لێبڕاوە بە ئانقەست کە بەهەر جۆرێ بووە نەیەڵێت پێکەوە قسەبکەن . دەڵێی قەدەمیان بەمرادییەوە پەرچ کردووە . پێ بە پێی ئەو ڕێدەکات . لە پڕ مرادی دێتە قسە :- چیتە ژنێ کە بەمجۆرە خۆت بەمنەوە دەچەسپێنی ؟!

قەدەم بزە دەکات . ئەسڵەن گوێی لەوەنییە کە مرادی پەستە :- کێ خۆی پێوە چەسپاندووی ؟

- تۆزێ لاکەوە ، ئەم کەلەشە زلەت لابە باتۆزێ با بێت !

مرادی لە قەدەم دوور دەکەوێتەوە . قەدەم لە دووی دەڕوات .

- مەترسە گیانەکەم ! مەترسە . ناڵێم کە تۆ شەریفەت لە ناوبرد تا مەمدۆت لە دەست دەر نەیەنێت !

عەریف مرادی هاوار دەکات :- ئەم قسە قۆڕانە چییە ژنێ ؟!

- هاتووم هەموو قۆڕیاتەکانت بەجەنابی سەرۆک بڵێم !

سەرۆکی تاوان ، سەر وەردەگێڕێت و بەچاوانی ئەبڵەقیەوە کە لە چاوی قورباقە دەچێت ، تەمەشای قەدەم دەکات قەدەم دەڵێت :- جەنابی سەرۆک ! هاتووم هەموو قۆڕیاتەکانی بڵێم !

سەرۆکی تاوان هیچ شتێک ناڵێت . گۆناکانی و گەردنی سەرۆکی تاوان شەڵاڵی ئارەقەن .

دەگەینە ماڵەکەی شەریفە . منداڵان ، کە لە کەلەبەرو بەینی دیوارە داڕوخاوەکانەوە پەیدا دەبن . دەرگای ژوورەکەی شەریفە قفڵە . عەریف مراد عەلی ، لەسەر گردە خۆڵەکەی بەردەم ماڵەکەی شەریفەدا دەوەستێ .

- یاڵڵا گوم بن ، بڕۆن !

منداڵەکان دەتارێنێ و پاشان ، عەریف مرادی و قەدەم لە بەر ماڵەکە دوور دەخاتەوە .

- لاکەون حەواسی جەنابی سەرۆک پەرت دەبێ !

سەرۆکی تاوان ، دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە . لە ناو ژوورەکەدا هەموو شتەکان بەیەکدا دراون . جێگاو پێخەفەکە بەیەکا دراوە ، سەرینەکە لە لایەوە کەوتووە . دەڵێی زۆرانبازی لە سەر پێخەفەکە کراوە . دەرگای سەندووقەکە کراوەتەوەو هەموو ورتکە و پرتکەکانی شەریفە لە ناو ژوورەکەدا بڵاوبووەتەوە . گۆزە سیرامیکەکەی نێرگەلەکەی شکاوەو هەر پارچەیەکی لە جێیەک کەوتووە . سەرۆکی تاوان پرسیار دەکات . پرسیارەکانی بێ سەروبەرن . کارەکانی هاواردەکەن کە دەیەوێ مەسەلەکە دابخات ولە کۆڵی بکاتەوە . دۆسیەکە هەڵدەداتەوە و لێم دەپرسێت .

- تۆ ، ئەو شەوە ، هەڵبەتە ... لێرە بوویت ... ژوورەکە بەم جۆرە داڕژاو و داپژاو بوو ؟

- نە !

بەر خەبەبەی بەرزو نزم دەبێتەوە :- باشە ، وانەبوو ... ئەدی چۆن بوو ؟

پرسیارەکەی بێ مانایە .

- وانەبوو ... هەموو شوێنێک ڕێک وپێک و بە تەرتیب بوو .

بۆ چەند ساتێک دەبیرەوە دەچێت و دیسان دەپرسێت :- ئەدی ئەم گۆزەی نێرگەلەیە ؟ .. ئەمەش ساغ بوو ؟

سەر دەلەقێنم .

- پێخەفەکەش ، کە بێگومان بەمجۆرە جەنگزەدە نەبوو ؟!

- جەنگزەدە ؟!

وادیارە بێتاقەتە . سەرو دەستی دەجوڵێنێ و دەڵێت :- هەڵبەتە مەبەستم ئەمەیە کە داڕژاو و داپژاوە .

- نە، وانەبوو .

سەر دەلەقێنێ و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- هەڵبەتە کە وانەبوو !

سەرۆکی ئیدارەی تاوان ، بە دەستەسڕ کەپووی دەسڕێت و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و ڕوودەکاتە مەمدۆ .

- تۆ چی ؟

چاوە ڕەشەکانی مەمدۆ دەکەونە ترووکە ترووک . دەنگی لەرزۆکە :- من ؟!

- ئا بەڵێ ... هەڵبەتە تۆ ! تۆ دوا کەڕەت کە هاتی بۆلای کەی بوو هەڵبەتە ؟

مەمدۆ دەسەپاچە و پەشۆکاوە :- گوتوومە ... دوێشەو گوتم .

- دووبارە بیڵێرەوە هەڵبەتە .

مەمدۆ ، دەڕوانێتە دەور وبەری ژوورەکە . ئەوجا نیگای بۆ دەرگای ژوورەکە دەڕوات . ئێژی چاوەڕوانە کە عەریف مرادی فریای بکەوێ .

- بڵێ گیانە ... دووبارە بڵێ هەڵبەتە .

- دوو هەفتە لەمەپێش ... شەوی دووشەممە بوو...

سەرۆکی تاوان تەمەشای دۆسیەکە دەکات . دەڵێی لە ناو دۆسیەکەدا بۆ ئیقرارەکانی مەمدۆ دەگەڕێت . هەر بەو دەقەوە کە سەری لە ناو دۆسیەکاندایە لە مەمدۆ دەپرسێت :- دوێشەو لە شارەبانی خەوتووی ها ؟

خوێن دەزێتە دەم وچاوی مەمەدۆ . لەبن لێوانەوە دەڵێت :- کە تۆ ڕۆیشتی زامنیان لێم قەبووڵ نەکرد .

سەرۆکی تاوان چاو لە سەر دۆسیەکە هەڵدەبڕێت و تەمەشای مەمدۆ دەکات و دەڵێت :- هەڵبەتە نایب زابت مینابی ؟

مەمدۆ ، سەری دادەخات . ناوچەوان و گۆناکانی لە ئارەقەدا دەبریقێتەوە .

سەرۆکی تاوان ، بێئەوەی چاو بتروکێنێ ، بۆ چەند ساتێک تەمەشای مەمدۆ دەکات وپاشان ، لە پڕ بیری دەکەوێتەوە کە دەبێ چەند شتێک لە غەفووری و سەیدیش بپرسێت ، ڕوودەکاتە غەفووری و دەڵێت :

- ئەدی تۆچی ؟

لاقی ڕاستی غەفووری لەجێی خۆی دەلەرزێت . دێتە قسە :- من هەموو شتێکم گوتووە . دوێشەو گوتووم .

- دووبارەی بکەوە . دووبارە بیڵێرەوە .

- چی بڵێمەوە .

- لە کەیەوە دەتناسی ؟

- دوو مانگێک دەبوو .

- کە دوو مانگ ... هەڵ ... بەتە ! ...

سەید بێتاقەت بووە ... دێتە قسە .

- جەنابی سەرۆک ئەم سەریەشەیە چیە بۆتان دروست کردووین ؟ لە هەموو شوێنێ ئابڕوومان چوو . لە کارو کاسبیش بووین !

- بێدەنگ هەڵبەتە ! ...

سەید بێدەنگ دەبێت . بەر خەبەبەی سەرۆکی ئیدارەی تاوان پڕ وخاڵی دەبێت .

- ئەگەر خەمی ئابڕووت بوایە ... هەڵبەتە نە دەچووی بۆلای !

دەنگی سەید بەرز دەبێتەوە :- من کەی چووم بۆلای ؟ ... کێ گوتوویەتی من چووم بۆلای ؟

- چەند کەڕەت چوویت بۆلای ؟

- هیچ کەڕەتێک !

- بڵێ چەند کەڕەت هەڵبەتە !

سەید بە بێتاقەتی سەری وەردەگێڕێ و دەڵێت :

- من دەڵێم نێرە ، ئەو دەڵێ بیدۆشە ... بابە ، بەگۆڕی حەزرەتی عەباس نەچووم ، حەزرەتی عەباس کوێرم بکات ئەگەر چووبم !

سەید بێدەنگ دەبێت . خۆی دەخواتەوە . سەرۆکی ئیدارەی تاوان ، سەیری چرو چاوی یەک بە یەکمان دەکات وپاشان دەڵێت :- زۆر چاکە ... هەڵبەتە ... بابڕۆین !

لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . دووی دەکەوین . دەرگای ژوورەکە قفڵ دەدات . لە سەر گردە خۆڵەکەی بەردەم ماڵەکەی شەریفەدا ، چاوی بەنەخشی بنی پۆستاڵ دەکەوێت کە چەقیوەتە گڵەکەوەو وشک بووەتەوە . لە پڕ وەکو ئەوەی شتێکی بە بیرابێت ، سەیری پۆستاڵەکانم دەکات :- پۆستاڵەکەت بخە سەر ئەم جێ پۆستاڵە بابزانم .

عەریف مراد عەلی ، ڕێگەی عەریف مرادی گرتووە تا نەیەتە پێشەوە . دەجوڵێم کە بنی پۆستاڵەکەم بخەمە سەر شوێن پۆستاڵەکە .

- نە ... سەبرکە ... لەوەیە بشکێ ... پۆستاڵەکەت داکەنە .

پۆستاڵەکەم دادەکەنم . سەرۆکی تاوان دۆسیەکە دەخاتە ژێر ئەژنۆی و بەئەسپایی پۆستاڵەکە دەخاتە سەر جێی پۆستاڵەکە . پۆستاڵەکەم لە قاڵبی گڵێنی پۆستاڵەکەدا کە لە سەر گردە خۆڵەکە نەخش بووە ، گوم دەبێت . سەرۆکی تاوان سەری وەردەگێڕێ و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- نە ! ... نەبوو هەڵبەتە !

تا من قەیتانی پۆستاڵەکەم دەبەستم ، ئەوان دوور دەکەونەوە . قەدەم ، غل دەبێتەوەو پێ بە پێی عەریف مرادی ڕێدەکات .

لە شارەبانیدا ، پاسەوانەکان لە دەورو بەری کابرای دێهاتی خڕبوونەتەوەو سەردەکەنە سەری . وادیارە مەسەلەکەیان لەسەرۆکی شارەبانیش گەیاندووە . خۆی داوە بەسەر موحەجەرەکەی سەرباندا و قاقا لێدەدا .

- هاپۆ ، کەرەکەت پیرە یا گەنجە ؟

- کەرەکەم گەنجە جەنابی سەرۆک ! ... تەمەنی لە سێ ساڵ زیاتر نییە ... بەڵام چی بڵێم جەنابی سەرۆک ... ئەم عادەتە قۆڕەی ئابڕوو وحەیای بۆ نەهێشتوومەتەوە ... هەمووشی خەتای ئەم خرسوە والێکراوی واپێکراوەیە !

- ئێ باشە کەرەکەت بنێرە بۆسەفەر ، بەڵکو ئەم عادەتە خراپەی لە بیر بچێتەوە !

کابرای دێهاتی بەحەپەساوی و سەرسامی دەڕوانێتە چاوانی پاسەوانە ڕەشتاڵەکە و دەڵێت :- سەفەر ؟!

ئەوسا بە ڕدێنی ئاماژە بۆ ژوورەکەی نایب زابت مینابی دەکات و لەسەری دەڕوات .

- شكاتم له لای جه‌نابی سه‌رۆک کردووه ... به‌خۆی ده‌زانێ ... گوتی برۆم بۆ گوندی و هه‌قم نه‌بێ . گوتی که ئه‌م دڕکه له ژێرپێی خرسو ده‌ردێنێ ... ها ؟ ... تۆچ ده‌ڵێی جه‌نابی سه‌رۆک ، بینێرمه سه‌فه‌ر ؟ ... یانی چی بینێرمه سه‌فه‌ر ؟

- یانی که ماوه‌یه‌ک بڕوات ئیسراحه‌ت بکات !

پیاوه‌ی دێهاتی ده‌ست به‌پێکه‌نین ده‌کات .

- ئه‌ها ! ... ئیسراحه‌ت ! ... ئه‌دی کێ گیشه و مه‌ڵۆکان بۆ شوێن خه‌رمان به‌رێت ؟!

سه‌رۆکی ئیداره‌ی تاوان ده‌چێته ژووره‌که‌وه و دیسان له نێو حه‌وشه‌که‌دا ده‌مێنینه‌وه و نازانین چ بکه‌ین .

ده‌نگی سه‌رکی شاره‌بانی به‌رزده‌بێته‌وه :- ئیدی به‌سه ... به ڕێی بکه‌ن بابڕوات !

عه‌ریف مراد عه‌لی ژێر باڵی پیاوه‌ی دێهاتی ده‌گرێت :- وه‌ره هاپۆ ئیدی ... وه‌ره برۆ به لای کاری خۆته‌وه !

پیاوه‌ی دێهاتی ده‌ڕوانێته چاوانی عه‌ریف مراد عه‌لی وده‌ڵێت :- برۆم به‌لای کارمه‌وه ؟ ... ئه‌ی شکاته‌که‌م ؟

ودیسان ئاماژه بۆ ژووره‌که‌ی نایب زابت مینابی ده‌کات وده‌ڵێت :- ئاخر خودی جه‌نابی سه‌رۆک گوتی که تۆڵه‌ت بۆده‌که‌مه‌وه ... من ژیانم به ده‌ست ئه‌م (خرسو) هوه نه‌ماوه .

عه‌ریف مراد عه‌لی ، پیاوه‌ی دێهاتی به‌ره‌و داڵانه‌که ده‌بات و ده‌ڵێ :

- شکاتت کرد ئیدی ! برۆ به‌لای کارته‌وه ئیدی ! ... ئیدی به شکاته‌که‌ت ڕاده‌گه‌ن ! ...

کابرای دێهاتی له ئاستانه‌ی داڵانه‌که‌دا ده‌وه‌ستێ و ده‌پرسێت :- یانی دڵنیابم ، خه‌یاڵم ته‌خت بێ ؟ ... جه‌نابی سه‌رۆک به خۆی پێی ڕاده‌گات ؟ ... برۆم ، ئیدی خه‌یاڵم ڕه‌حه‌ت بێ ؟

لێوی سه‌ره‌وه‌ی عه‌ریف مراد عه‌لی ده‌نووسێ به نووکی لووتیه‌وه و ده‌ڵێت :- ڕه‌حه‌تی ڕه‌حه‌ت !

ده‌ستی پێوه ده‌نێ و له ده‌رگای شاره‌بانییه‌وه ده‌یکاته ده‌ره‌وه .

گز وفتمه بۆ پیاڵه‌یه‌ک چای . به‌عه‌ریف مراد عه‌لی ده‌ڵێم :- ئه‌رێ لێره کووپێک چای ده‌ستناکه‌وێ ؟

مینگه‌مینگێک ده‌کات وده‌ڵێت :

- بۆ پەیدا بوون پەیدا دەبێ ... بەڵام بەخۆمان قەند وچای دەکڕین ... ئیدارە پارەمان بۆ خەرج ناکات .

خۆڵکی جگەرەی دەکەم . دوو جگەرە هەڵدەگرێت ودەیخاتە گیرفانی و دەڵێت :- دوایی دەیکێشم ئیدی ...

- زیاتر هەڵگرە !

تەمەشام دەکات و دوو جگەرەی دی هەڵدەگرێت ودەڵێت :- ئێستا چایت بۆدێنم .

چایەکە گەرمە بەڵام گەرووی وشکم نەرم دەکاتەوە . دنیا تەواو گەرمە . دەورو بەری نیوەڕۆیە . سەرۆکی تاوان گازم دەکات . دەچمە ناو ژوورەکە . هەوای ژوورەکە گەرم و نمناکە .

- دانیشە هەڵبەتە !

لە بەرانبەری دادەنیشم . گیزەگیزی مێش و زەردە زیرەیەکی سووری گەورە کە بەقەد کوللەیەکە ، ژوورەکەی پڕکردووە . سەرۆکی تاوان ، یاری بە ڕاستەکە دەکات . چاوی لە مێشەکان و زەردە زیرەکەیە . بەر خەبەبەی پڕو بە تاڵ دەبێ وقسە دەکات .

- هەڵبەتە دەزانیت کە قەتڵێک ڕوویداوە ؟

بە ئەسپایی دەڵێم :- نە !

ڕاستەکە لە جووڵە دەوەستێ و چاوە شووشە ئاساکانی سەرۆکی تاوان دەبڕێنە چاوانم و دەڵێت :

- نا ؟! نازانی ؟!

- نە !

- چۆن نا ؟

بەبێ موبالاتی دەڵێم :- لەوەیە خۆکوژی کردبێت !

سەرۆکی تاوان هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دووبارە ڕاستەکەی دەجووڵێنێ و دەڵێت :

- هەزار و یەک بەڵگە هەیە کە کوژراوە هەڵبەتە ...

بێدەنگ دەبم . لەسەری دەڕوات .

- ئەدی ئەو شوێنەوارانەی سەر گەردنیت نەبینی ؟ ... ئەدی گۆزەی نێرگەلەکە نەشکابوو ؟ ... نوێنەکانی بەیەکدا نەدرابوو ؟

هیچ نالێم . سەرۆکی تاوان دەپرسێت :- چی دەڵێی هەڵبەتە ؟

- هیچ !

- کەواتە ، کوشتن لە ئارادایە !

شانەکانم هەڵدەتەکێنم . سەرۆکی تاوان لە پڕ بۆ زەردە زیڕەکە هەڵدەستێ ، زەدە زیڕەکە خێرا دەفڕێ و دوور دەکەوێتەوە .

- نارەسەنە چەند لەزگینە !

ڕاستەکە هەڵدەداتە سەرمێزەکە ودەڵێت :- دەبێ بەڵێننامە بدەی کە تا دەرکەوتنی ئەنجامی تەواوەتی لە لنگە نەچیتەدەرێ !

- تەنانەت بۆ بەندەر (کنگ) ش .

- بۆ بەندەر کنگش هەڵبەتە!

کۆمەڵێک کاغەزم بۆ هەڵدەدات و دەڵێت :- بنووسە !

قەڵەمەکە هەڵدەگرم و چاوەڕوان دەکەم .

- بنووسە من هەڵبەتە ...

ئانیشکەکانی دەنێتە سەر مێزەکە و سەری لە نێو هەردوو دەستی دەنێت و لە سەری دەڕوات .

- ... بە نووسین بەڵێن دەدەم کە ... نە ، نە ! ... خەت بە وشەی ( نووسین )دا بێنە هەڵبەتە ...

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت و پاشان جگەرەیەک دادەگیرسێنێ ودەڵێت :- بەخۆت بینووسە ئیدی ... خۆ خوێنەواریت هەیە هەڵبەتە !

وسەری لە نێو هەردوو دەستی دەنێت و چاو دەبڕێتە ورتکە وپرتکەی سەرمێزەکە .

بەڵێننامەکە دەنووسم . دەیخوێنێتەوەو سەر دەلەقێنێ و دەیخاتە ناو دۆسیەکە .

- فەرموو .

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دۆسیەکە دادەخات .

- بەڵێ ... فەرموو ، داوای بووردن دەکەم هەڵبەتە !

سەرۆکی تاوان بزە دەکات . بزەکەی کاڵ وپەرێشانە . وا وێنادەکەم کە دۆسیەکەی شەریفە بۆ هەمیشە داخرا . ئەم شتە ، بەنیگا وبزەکەی سەرۆکی ئیدارەی تاوانەوە دیارە .

کە لە شارەبانی (ئاسایش) وە دەردەکەوم . هەوەڵجار بۆ سەربازگە دەڕۆم تا حازری بدەم و پاشان یەکڕاست بۆماڵەوە دەڕۆم .

عەلی لەبەر پەنجەرەکە وەستاوەو دەڕوانێتە کۆڵان .

- نە خەوتووی ؟

چاوەکانی سوورتربوون ، عەینی کاسەی خوێن .

- با ، چاوێکم گەرم کرد .

باوەڕ ناکەم خەوتبێ . هەناسەی بۆنی تیژی عەرەقی لێدێت .

- دەڵێی عەرەقت خواردووەتەوە ؟

- یەک دوو پیاڵە .

زیاتری خواردووەتەوە . پەرداخەکە نیوەیە . لە پەنای ستوونی پەنجەرەکەدایە . قومێک هەڵدەدات و دەپرسێت .

- لە شارەبانی چی بوو ؟

- هیچ !

بۆ ناو ژوورەکە دووم دەکەوێ .

- بکوژەکە نە دۆزرایەوە ؟

- بکوژی چی بابە ... کێ بەخەمی ئەم کارانەوەیە !

چەند ساتێک بە چاوانی سوور و سەرگەردانەوە نیگام دەکات و لە ژێر لێوانەوە دەڵێت :

- یانی چی کێ بە خەمەوەیە ؟

پێی دەڵێم کە سەرۆکی تاوان هەموو شتێکی تەرتیب کردووە و خستوویەتیە دۆسیەوە .

تۆزێک دەبیرەوە دەچێت و پاشان دێتە قسان .

- یانی دەتەوێ بێژی کە مەسەلەکەیان بەلاوە گرینگ نییە ؟!

دەچمە ژوورەوە کە تەگبیرێکی فراڤین بکەم .

- نە ! ... بەهیچ جۆرێ بەلایانەوە گرینگ نییە !

دێت بۆلام :- یانی بەهیچ جۆرێ گیانی ئینسانێکیان بەلاوە گرینگ نییە ؟!

خەریکە بێتاقەتم دەکات . دیارە لە مەستیەتی . بۆبەر پەنجەرەکە دەگەڕێتەوە و لە بن لێوانەوە دەڵێت :

- ئینسانێک کوژراوە و ، بەلایانەوە گرینگ نییە کە بکوژەکەی بدۆزرێتەوە یا نەدۆزرێتەوە !

بە گژیا دەچمەوە تا بەڵکو بێدەنگی بکەم .

- تۆ بۆچی مکووڕی لە سەر ئەوەی بڵێی کوژراوە ؟ ... بە چیا دیارە کە خۆی ، خۆی غەرق نەکردبێ ؟

قومێک عەرەق لە پەرداخەکە دەخواتەوە و سەری دەلەقێنێ و بە ئارامی دەڵێت :

- دەشێت ! ... هەموو شتێک لەگینە ! ... بۆ لەگین نییە ؟ ... بەڵێ ! ... لەوەیە ! ...

خۆ لە قسەکەی هەڵدەقورتێنم .

- دوا شەو من لای بووم ...

هەموو هۆش وگۆشی کۆدەکاتەوە . لە سەری دەڕۆم .

- ... جۆرێ بوو . بێ ئۆقرە بوو . بێتاقەت بوو . دڵەڕاوکێ بوو . وەکو ئەوە بوو بترسێت . یانی تەواو نەبوو .وڕێنەی دەکرد. تەنانەت منی لە ماڵەکەی دەرکرد .

تەوێڵی بە پەنجەرەکەوە دەنێت و گوێ لە قسەکانم دەگرێ . بێدەنگ دەبم . لەبن لێوەوە دەڵێت :

- بڵێ ! ... تەنانەت لە ماڵەکە دەری کردیت . پاشان چی ؟ ... چیتر ؟ ... وڕینەی دەکرد ... چیتر ؟ ...

خەریکە وردە وردە لە دەستی تووڕە و بێزاردەبم . بۆ ئەوەی باسی شەریفە ببڕێنمەوە لێی دەپرسم .

- فراڤین ناخۆیت ؟

قسەناکات . شتێک کە بە کەڵکی فراڤین بێت لە ماڵەکەدا نییە . گوێم لە ورتە ورتی دەبێت .

- ها ؟ ... دوایی ؟ ... وڕینەی کردبوو ...

ددانەکانم بەجیرەوە دەبەم و بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕۆم . لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەوەستم و پێی دەڵێم :- کەمێک برنج بکە ئاو تا دەچم ماسی دەکڕم و دەگەڕێمەوە .

- بڕۆ .

لە ژوورەکە وەدەردەکەوم .

***

دوای ئەوەی کە نیوەڕۆژە (فراڤین) دەخۆین ، عەلی بێتاقەت دەبێت . ئەم پێ و ئەوپێ دەکات . لە ژێر باگیرەکەدا ڕاکشاوم وتەمەشای دەکەم . لەبەر ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکات . دەرگاکە دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە . بایەکی گەرم لوول دەخوات و لە باگیرەکەی سەربانەوە دێتە ژوورەوە . بایەکە چزە لە پێست هەڵدەستێنێ . عەلی دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژوورەکە . بێتاقەتە . پیس بێتاقەت بووە . بە دیار سەرمەوە دەوەستێ ودەڵێت :

- دەمەوێ بڕۆم بۆ ماڵی خورشید کولاە .

هیچی پێ ناڵێم .

- تۆ نایەی ؟

دەستەکانم لە سەر سینگم تێکدەئاڵێنم ودەڵێم :- نە !

دەڵێت :- عەقڵت نابڕێ !

هیچ نالێم . بلوزەکەی لەبەر دەکات و دیسان دەڵێت :- هیچ نەبێ لێرە فێنک ترە . کەپریان هەیە !

- نایەم .

- بۆ ؟

- دوێشەو لەوێ بووم . گیرۆدەی تلیاک دەبم !

دەستەکانی دەنێتە کەلەکەی ودەڵێت :- دەتەوێ بڵێی کە من ئالوودە بووم ؟!

- بەرە بەرە ئالوودە دەبی !

دەستی هەڵدەتەکێنێ و دەڵێت :- شتی وانییە . پیاو یەک تۆز ئیرادەی هەبێت ، ئالوودە نابێت !

- پێموانییە هەموو ئەوانەی ئالوودەبوون خەڵکانی بێ ئیرادە بووبن .

- ئەی بابە ... تۆش بیر لەچی دەکەیەوە !

کڵاوەکەی لە سنگەکە دەکاتەوە و لە سەری دەکات و درێژەی دەداتێ .

- باشە تۆ مەکێشە . وەرە بۆخۆت بخەوە !

- نە ، نایەم ! ئەم هەوا گەرمە باشترە .

دادەنەوێتەوە و دەستم دەگرێت و هەوڵدەدات هەڵم بستێنێ .

- تۆش چەند سەرسەختی ! هەستە بابە هەستە با بڕۆین !

ناتوانم ، مقاوەمەت بکەم . نازانم ئارەزووی تلیاکەکە لە عاردی بەرزم دەکاتەوە یان حەزدەکەم دڵی عەلی نەشکێنم و بەدڵی ئەو بکەم .

کە دەگەینە ناوەندی گەراجەکە دەڵێت :- باعەرەقیش بەرین .

لە ژێر کەپری سەر گەراجەکەدا دەوەستم . عەلی دەگەڕێتەوەو بۆتڵێکی گەورە لە تەنەکەکە ، لە عەرەق پڕدەکات و دەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ . شوفێری جەهرومی دیارنییە . نازانم نیوەڕوانی گەرم لە کوێ بەسەر دەبات . لەگەراجەکە

وەدەردەکەوین . تیشکی هەتاوەکە چاوانم دەخاتە ڕێشکە وپێشکە . یەکێک لە شووشەکانی عەینەکە تاریکەکەم شکاوە . ئەگەر ڕێم بکەوێتە پۆستەخانە بە محەمەد نوور دەڵێم شووشەکەیم بۆ بگۆڕێ .

محەمەد نوور عەینەکسازیش دەکات .

– عەینەکی زەڕەبینی ؟ ... خۆم نمرەی چاوت دەرگرم !

سەعاتسازیش دەکات .

– ئەم چەند بورغوەش زیادەیە !

سەعاتەکە لە دەست مشتەریەکە وەردەگرێت . لەکار کەوتووە . ژێرو ژووری تەمەشا دەکات و ناوی دەنووسێت و دەیچەسپێنێ بە سەعاتەکەوە و دەیناتە ناو چەکمەجەی ئاوێنەکەوەو دەڵێت :– هەفتەیەکی دی .

وهەفتەی دوایی ، سەعاتەکە و کاغەزێکی چرچ ولۆچ کە دوو سێ برغووی بچووکی تیایە ، دەداتە دەست مشتەریەکە و دەڵێت :– ئەم چەند برغووەش زیادەیە !

ژووری پیاوەکەی خورشید کلاە فێنکە . تازە دڕووی ناو چوارچێوەی ژوورەکەیان ئاوپرژێن کردووەو بۆنی کەسکونی دڕک ، بە ناو ژوورەکەدا بڵاوبووەتەوە . خورشید کولاە دێتەژوورەوە .

– سڵاو !

کە چاوی بەمن دەکەوێ ژێر گۆناکانی چرچ دەبێت و لێوی خوارەوەی شل دەبێت . دەڵێی دڵی بەحاڵم دەسووتێ . دەزانێ کە سەروسرپێکم دەگەڵ شەریفەدا هەبووە . پیاوەکەی خورشید کولاە لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ تا مەقەڵیەکە پێبکات . بە تەمام دەم بەتلیاکەوە نەدەم .

خورشیە کولاە ، سەرینەکان دەتەکێنێ و لە پاڵ دیوارەکە هەڵیاندەچێنێ و پەتۆیەکی کۆنە دێنێ و لەژێر مەقەڵیەکەدا ڕای دەخات . بەدەم خۆ مژوول کردنەوە لە ناو ژوورەکەدا ، بەدزییەوە نیگام دەکات . دەڵێی لە هاتنەکەم ژێوان نیم بەڵام کەتەمەشای خورشید کولاە دەکەم خەمێکی نادیار سەرو دڵم دەگرێت جگە لە باریکی لەش ، هیچ لێکچوونێکی لە گەڵ شەریفەدا نییە . دێمە کەنارەوەو دەڵێم :– باشە ، من دەخەوم .

عەلی هیچ ناڵێت .

خورشید کولاە دەپرسێت :– ناکێشیت ؟

- نە !

یەکێک لە سەرینەکان هەڵدەگرم ودەچم لەو سەری ژوورەکە ڕادەکشێم . عەلی شانی داوە بە سەرینەکەوەو بێدەنگ بووە .

خورشید کولاە دێت بەلامەوە :- بۆناکێشێت ؟

- حەزم لێ نییە !

هیچی پێ نییە بیڵێ . کەمێک بە دیارمەوە دەوەستێ و تەمەشام دەکات . چاوەکانی لە تاریک و ڕوونی ژوورەکەدا ، ڕەش دەچنەوە . کراسێکی کودەری دەڵبی لەبەردایە . تەختی ئاماڵ پەمەیی کراسەکە ، گوڵی زەردی وردی تیایە . کە زۆرجوان دێتە بەرچاو .

پیاوەکەی خورشید کولاە بە خۆی و مەقەڵیەکەوە دێتە ژوورەوە . چرچەکانی دەم وچاوی بەهۆی گەرمی پشکۆکانەوە ، چوون بەیەکاو زاری کراوەتەوە و پووکە خوراوەکانی کەوتووەتە دەر . خورشید کولاە ، وەکو یەکێک لە قافا گیرابێ لە پڕ دەجوڵێت وبەرەو دەرگا دەڕوات و دەڵێت :- با برۆم چای دەم بدەم .

مێردەکەی دەڵێت :- کتریەکەم ناوەتە سەر تا بکوڵێت .

لە بێدەنگی ژوورەکە و لەتاریک و ڕوونی فێنکی ژوورەکەدا ، ڤرەڤرِی پەرەمێزەکە ، کە لەبەر هەیوانەکەدایە ، خەو ئاوەرە . سکم پڕە . بێدەنگیەکە ، مژۆلەکانم دێنێتەوە یەک . دوای تۆزێک ، گوێم لە جیرەجیرِی وافوورەکە دەبێت .

هەنووکە ، پەرەمێزەکە کوژاوەتەوە . خەریکە خەوم لێدەکەوێ کە دەنگی عەلی دەژنەوم .

- تۆ ئەمرۆ پیس چووی بەچەقی نەحلەتا ... بابە هەستە بەلای کەمەوە چایەک بخۆوە ! ... خۆ ئەمە تلیاک نییە کە ئالوودەت بکات !

بێ مەیل نیم . ڕەنگە زیاتر لەبەر ئەمەبێ کە دەستاوێزێکم هەبێ تەمەشای خورشید کولاە بکەم .

لە سەر ئەژنۆ بەرەولای عەلی خۆم بکێش دەکەم . لە سەر سک ڕادەکشێم ، چەناگەم دەنەمە ناو هەردوو دەستم و خۆم بە سەر ئانیشکەکانمدا دەدەم .

خورشید کولاە ، لە بەرانبەرم دانیشتووە . مکووڕ نییە کە ڕانەکانی داپۆشرابن . پێستی سافە بەڵام برسیەتی کێشاوە و زەرد دەنوێنێ . چینەکانی ژێر مەمکەکانی ساف دەکات و چام بۆ تێدەکات .

- ئاوی تێبکەم ؟

- تێی بکە !

دەنگی عەلی دێت .

- بابە هەستە دانیشە با چایەکەت بەدڵەوە بنووسێت ... ئەم نازو نووزە چییە ئەمڕۆ دەست داوەتێ ؟

دادەنیشم . خورشید کولاە ، پیاڵە چایەکە دەداتە دەست پیاوەکەی کە لە بەردەممی دابنێت .

پیاوەکەی خورشید کولاە خەریکی وافوورەکە دەبێت . هەر بەو دەقەوە کە سەری داخستووە و زمانی بەلالێویەوەیە و تلیاکەکە بە دەرزی لە سەر هوقەی وافوورەکە کۆدەکاتەوە ، دەپرسێت :- تۆ تەرمەکەی شەریفەت بینی ؟

عەلی سەر دەلەقێنێ . پیاوەکەی خورشید کولاە دەڵێت :- خوا بە سەر کەسی نەیەنێ ! بووبوو بە ...

خورشید کولاە ، بە گژ مێردەکەیدا دەچێت و بە تووڕەیی دەڵێ :- بەسە ئیدی !

و ڕوو دەکاتە من و بەردەوام دەبێ .

- تا ئێستا سەد کەڕەت پتر باسی کردووە . ئینسان دڵی تێکهەڵدێ ... !

پیاوە ، بێدەنگ دەبێت . نازانم خورشید کولاە لە بەر من جڵەوی قسەکەی پیاوەکەی گرت یا باسی شەریفە دڵی تێک دەدات .

پیاوەکەی خورشید کولاە فوو بە وافوورەکەدا دەکات . ئێژی پەست بووە . بۆ دەردەکەوێ کە خورشید کولاە بەسەر مێردەکەیدا زاڵە . هەرکە گوتی "بەسە ئیدی !" پیاوە نەفەسی بڕا و ورتەی لێوە نەهات و نوتقی چنرا . خورشید کولاە لە سەری دەڕوات .

- حەز دەکات هەمیشە باسی شتی خراپ بکات . دەی باشە جارێکیش قسەیەک بکە کە ئینسان دڵی خۆش بێت ...

وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت ، لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ... خۆمان خەم و خەفەتمان کەمە ، دەربەدەری و بەدبەختی کەممان دیوە تا ئێستا هەموو دەقەیەک باسی ژنێکی بەدبەخت و قەرەبەخت بژنەوین کە لە بێکەس وکاریدا هەموو دەرد وبەڵای دنیای چەشتووە و ئەمەش ئاقیبەتەکەیەتی !

دەنگی نزمە ، بەلام گەرم وپڕسۆزە . قسەکانی دەڵێی باری سەردڵم سووک دەکات . پڕ بەدڵ حەزدەکەم هەستم و باوەشی پێدابکەم و هەنیەی ڕامووسم . ئەو حاڵەتە هەوەس ئامێزەی کە جارجارێ بە هۆی نیگاکردنی ئارەزوو بزوێنی خورشید کولاهەوە ، دام دەگرێت ، دەرەوێتەوەو جۆرە مەحەبەت و هەستێکی هاوسۆزی و هاوخەمی ، جێگای دەگرێتەوە .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، دووکەڵەکە لە سینەی حەپس دەکات . قورتمە وشکەکەی گەرووی دوو سێ جار بەرز ونزم دەبێتەوەو پاشان ، دووکەڵەکە ، کە ڕەنگەکەی چووەتەوەو سپی بووە ، لە لالێوە قەتماغە بەستووەکەیەوە دەر دەداتەوە .

تلیاک بۆ عەلی ئامادە دەکات . عەلی وافوورەکە بۆ من درێژ دەکات :- بیکێشە !

- نا ، گوتم ناکێشم !

- بکێشە ئالوودە نابی !

- مەسەلە ئالوودە بوون نییە . لێبڕاوم نەکێشم وناکێشم !

- یانی لێت بووە بە کەڵەوەکێشی ؟!

- نا ! دووچاری کەڵەووەکێشی نەبووم .

زیاتر پێداگری ناکات . دەچێتە پێشترەوەو ئانیشکی دەخاتە سەر ڕانی پیاوەکەی خورشید کولاە و فوو بە وافوورەکەدا دەکات . ئگرەکە دەگەشێتەوە . ڕەنگدانەوەی ئاگرەکە ، گۆناکانی عەلی سوور دەکاتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە دەڵێت :- بفەرموو ! بیکێشە !

پیاوەکەی خورشید کولاە ، ئاگرەکەی بۆگرتووە . عەلی ، بەستەکە ، بە دوو مژی قووڵ تەواو دەکات ودێتە داوەو پاڵ بە سەرینەکەوە دەدات و چاو دەنێتە سەریەک . بوتڵە عەرەقەکەی لای خۆیەوە داناوە . تاسولکەیەک ماستی بە پونگە و سێ پیاڵەی بەتاڵیشی داناوە . عەلی ، پێدەچێ ئارەزووی عەرەق خواردنەوەی نەبێ . پیاوەکەی خورشید کولاە ، دەست دەبات و شووشە عەرەقەکە هەڵدەگرێت و ڕوودەکاتە عەلی :- بۆت تێکەم ؟

عەلی چاو هەڵدەبڕێ و بەچاوی خەواڵووەوە دەڵێت :- نە !

- بۆ تۆ ؟

له گەڵ منیەتی .

- نە !

دەپرتێنێ :- تلیاک ناکێشیت ، عەرەقیش ناخۆیتەوە ! ...

لە تۆ وایە دەخوازێ بڵێ "کەواتە بۆچی دەژیت ؟" بەڵام نایڵێت . پیاڵەکە بۆ خۆی لێواو لێو دەکات و گەرماوگەرم بەیەک بین هەڵیدەدات و هەر بەلێوی تاسولکەکە ، دوو فڕ ماست دەخوات و بە ناو لەپی دەست دەم و لێوی دەسڕێت . ژنەکەی بە جۆرێ تەمەشای دەکات لە تۆ وایە دەڵێت : " بە قوزەڵقورتت بێ ! ".

قژی لووسی خورشید کولاە کە شانە نەکراوە بە سەر شانەکانیا کەوتووە . خورشید کولاە ، دەجوڵێت و داوێنی بادەدات و هەڵیدەکێشێت بۆ سەر ئەژنۆکانی و تەمەشای من دەکات و بزە دەکات . عەلی لە خۆیدا غەرقە . شانی بە سەرینەکەوە داوەو برژانگەکانی نیشتوونەتە سەریەک. پیاوەکەی خورشید کولاە ، زۆر سەرگەرمی وافوورەکەیە . سەری وافوورەکەی کردووەتەوە تا بە تاڵی بکات . سەری قامکەکانی کە بە سووتماکی تلیاک ڕەش بووە دەلێسێتەوە . دوا قومی چایەکە بە تاسەوە دەخواتەوە .

وافوورەکە کۆک دەکات . (بەست) ی تلیاکەکەی دەنێتە سەر و بەباشی هەڵیدێنێ و بۆ منی درێژ دەکات . ئێژی بیری چووە کە ناکێشم .

- فەرموو !

عەلی ، چاوان هەڵدێنێ و دەڵێت :- ئەو دەترسێت ئالوودە ببێ ، بیدە بەمن !

و وافوورەکە لە دەست پیاوەکەی خورشید کولاە وەردەگرێت و دەست بەکێشان دەکات . تێرو پڕ دەکێشێت . ئارامی بۆ چارەی دەگەڕێتەوە . دەگۆڕێت . قسەکردنەکەی هێورو ئارام دەبێتەوە . لە بەیانیەوە کە بێداری کردمەوە ، تا نیوەڕۆ کە نیوەڕۆژەمان (فراڤین) خوارد و پاشان کە هاتین بۆماڵی خورشید کولاە ، جۆرە بێتاقەتی و پەشۆکاوییەک بە ڕەفتار وگوتارییەوە هەبوو . هەنووکە ، چاوانی — کەسوور و بزۆز بوون — هێور بووە . سپیەتی چاوانی گەڕاوەتەوە . بە دەنگێکی زیقن و خەواڵوو دەڵێت :- نەتکێشا لە کیست چوو !

بزەیەکی بە ڕوودا دەدەم . بە خورتی بزە دەکات . دەڵێیت حەزناکات بە ڕوومەوە پێبکەنێ . ڕادەکشێت و دەڵێت :- ئێستا ، بابە کەماڵی ئیسراحەت بخەوین !

قۆڵی دەنێتە سەرچاوەکانی .

پیاوەکەی خورشید کولاە کە هێشتا باوەڕناکات کەسێک لە مەجلیسی تلیاکدا دابنیشێت و تلیاک نەکێشێت ، ئاماژە بۆ پشکۆیەک (پەنگر ، سکڵ ، پۆلو) ی ناو ژیلەمۆیەکە دەکات و دەڵێت :- بەم پشکۆیە تلیاک خۆشە ...

ومل درێژ دەکات و لە سەری دەڕوات :- ... ئەگەر حەزت لێیە بابۆتی گەرم بکەم !

خورشید کولاە ، هەڵدەداتێ :- ئەگەر بیویستایە لە هەوەڵەوە دەیکێشا !

و تەمەشام دەکات .

پیاوەکەی خورشید کولاە بێدەنگ دەبێت و خجڵی وافوورەکە دەبێت . بە کاوەخۆ ، سەری وافوورەکە پاک دەکاتەوە ، بە داوێنی کراسەکەی ، کلکی وافوورەکە دەسرێت و بریقەی پێدەداتەوە . خۆڵەمێش بە سەر پۆلوەکاندا دەدات و ترو تفاقەکەی کۆدەکاتەوە و هەڵدەستێت .

خورشید کولاە ، پیاڵەکان دەباتە دەرەوە و بەگۆزەیەک ئاوەوە دەگەڕێتەوە بۆلای من و گۆزەکە لە ژوور سەرمەوە دادەنێت و دەڵێت :- هیچت ناوێ ؟

- نە ! گەلەک مەمنوون .

کە دەگاتە ئاستانەی دەرگاکە ، ڕووناکی خۆر لە ئازای ئەندامی دەدات . سکێچی لاقە لووس وخڕوخەپانەکەی لە داوێنی ناسکی کراسەکەیدا بەرجەستە دەبێت . بۆچەند ساتێک لەناو چوارچێوەی دەرگاکەدا ماتەڵ دەبێت . هەستیکردووە کە خەریکە سەیری لاقەکانی دەکەم . بە بیانووی قسەکردنەوە وەردەسووڕێت و لاقەکانی جووت دەکات ودەڵێت :- دەرگاکە دابخەم باشترە !

ئەمە وتنی ناوێ . ئەگەر کراوە بێ ، هەموو گەرمای دەرەوە دێتە ناو ژوورەکە . ئەژنۆکانی ، ڕانەکانی و پاو پۆزی پێکەوە چەسپیوون . لاقەکانی هێندە ساف و پێکەوە چەسپن ، کەیەک زەڕە ڕووناکی لە نێوانیانەوە دیار نییە . دەڵێی خەڕاتی کراون !

خورشید کولاە ، دەرگای ژوورەکە دادەخات و دەڕوات . دەنگی چەرخی بیرەکە بەرزدەبێتەوە . پرخەی ئارامی عەلی ، تێکەڵ بەجیک وهۆڕی بیرەکە دەبێت . خەوم زڕاوە . حەزدەکەم بخەوم بەڵام ناتوانم . هەوەڵجار کە هاتم ، گەر عەلی هێشتبای ، دەمێ بوو خەوتبووم . چاوانم دەنێمە سەریەک . زەینم پەشێواوە . وێنەی شەریفە لە زەینمدا تێکەڵ بە وێنەی خورشید کولاە دەبێت . هەندێجار خورشید کولاە دەئاوسێ ، عەینی شەریفە کە دەریا هەڵیدابووە سەرەوە و لە سەر لمەڵان و گوێچکەماسیەکانی بەستێنەکەدا کەوتبوو . مەمکە قووت وجوانەکانی خورشید کولاە

دەئاوسێت و وەکو دوو دۆڵکەی گەورە ، بەسینگیەوە ئاوێزان دەبێت . چاوانی لە پەنامی ڕوخساریا گوم دەبن . خەریکە تووڕە دەبم . ناتوانم خورشید کولاە لە شەریفە جیابکەمەوە . خاڵە ڕەشەکەی شەریفە کاڵ دەبێتەوە و قاوەیی دەبێت . پاشان وەکو مێشێکی گەورە لە پەناگوێی شەریفەوە دەفڕێ و لە پشت لێوی خورشید کولاە دەنیشێتەوە و دەکەوێتە گیزەگیز . چاوانی خورشید کولاە ، جێگاکەی لەگەڵ چاوانی شەریفەدا دەگۆڕێتەوە . هەنووکە دوو هێڵی خواری ناحەز لە گۆشەی لێوی خوارەوەی خورشید کولاە تا دوولای چەناگەی هاتووەتە خوارەوە . هێڵەکان گیانیان وەبەر دەکەوێ . عەینی دوو هەودای ڕەش . عەینی دوو توولەمار کە تازە سەریان لە هێلکە جووقابێ ، هەڵدەپلان و لوولیان دەخوارد و لە دەوری دەمی خورشید کولاە دەئالان . یەکسەر چاوانم هەڵدێنم و دادەنیشم . دڵم هەڵدەشێوێ . گۆزەکە هەڵدەگرم تا ئاو بخۆمەوە . لە پڕ وبۆ ساتێک واهەست دەکەم توولەمارەکان لە نێو گۆزەکەدان . ئاوەکە ناخۆمەوە . سەرە حەسیریەکەی گۆزەکە دەنەمەوە ، هەڵدەستم و لە ژوورەکە وەدەر دەکەوم .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، لە ژێر سێبەری دار خورمایەک وەستاوە و ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشێت . ژنەکەی لە سێبەری هەیوانەکەدا ڕاکشاوە . دەڕۆم بۆلای پیاوەکەی خورشید کولاە .

– ماندوو نەبیت !

– سەلامەت بی برا !

– دەتەوێ یارمەتیت بدەم ؟

– نە ، مەمنوونم !

لە قەراخ حەوزەکە دادەنیشم . دارخورماکان سێبەریان لە حەوزەکە کردووە . حەوزەکە قەوزەی گرتووە . سێبەرەکە گەرم و نمسارە . لە پیاوەکەی خورشید کولاە دەپرسم :– گەرمات نییە ؟

– ڕاهاتووم و تەشقی گەرماش شکاوە !

سەعات چواری دوا نیوەڕۆیە . هەوا تا پێنج ، پێنج ونیو گەرمە . دەولکە ئاوەکە لەبیرەکە هەڵدەکێشێت و دەپرسێت :–خەوت لێنەکوت ؟

– نە .

– ئەگەر دوو سێ بەستت کێشابا ، باش دەخەوتی .

- ئارەزووم لێنەبوو .

دەولکەکە دەخاتەوە ناو بیرەکە ودەپرسێت :- گەرمات نییە ؟

- با !

- ئەگەر ئاوێ بە خۆتا بکەی فێنک دەبیتەوە .

خراپ نالێ . قسەیەتی. خۆ ڕووت دەکەمەوە . چاوم لە خورشید کولاهە کە لە هەیوانەکە خەوتووە . دەچمە ناو حەوزەکە . دۆلکەیەک ئاوی سارد هەڵدەکێشێت و دەیکات بەسەرما ، فێنک دەبمەوە . خورشید کولاە تلێک دەدات و عەباکە لە سەر دەم وچاوی لا دەدات . پیاوەکەی خورشید کولاە چەند دەولکە ئاوێکی دیکەم دەکات بە سەردا . لە نێو حەوزەکە دادەنیشم . ئاو تاژێر چەناگەم هاتووە .

کە فێنک دەبمەوە ، گەرماکە لە دڵم دەردەچێت ، لە حەوزەکە دێمە دەرەوە . پانتۆڵەکەم لەبەردەکەم ، بلوزەکەم دەدەم بە سەرشانمدا و دەکەومە ڕێ . پیاوەکەی خورشید کولاە دەپرسێت :- بۆ کوێ ؟

- ئا لێرە ... ! لە ناو باخەکەدا پیاسە دەکەم .

شان بە شانی جۆگاکە ، کە لەگەڵ بەتاڵ بوونی دەولکەکە ، شەپۆلێکی سووک دەدات ، تا کۆتایی باخەکە دەڕۆم . لە سەر تەپە خۆڵێک کە لە سایەی سێبەری دارخورماکاندایە ، دادەنیشم . جیرەجیری چەرخی بیرەکە لە دوورەوە دێتە گوێ . سەر هەڵدەبڕم و تەمەشای هێشوە کاڵ و نەگەییوەکان دەکەم کە زۆری پێوەیە . شەهریوەر ، وەرزی (خورماگەنان)ە . هەوا بەجۆرێ گەرم دەبێ ، کە خورما نەگەییوەکە بەرگە ناگرێت . بەرە بەرە ڕەنگی زەرد دەبێت ، پاشان خاڵێن ئەرخەوانی وەکو نەخش ونیگار دەکەونە سەر توێکڵی دەنکە خارەکەکان (خورمای نەگەییو) . گەرما زۆری بۆ دێنێ خاڵەکان تەشەنە دەکەن . دەگەنە یەک . خارەکەکە تەواو ئەرخەوانی دەبێت . هەتاو لێی دەدات . خارەکەکان ڕەنگی خورمایی وەردەگرن و ، پاشان خارەکەکان بەرەبەرە نەرم دەبن و ڕەنگی قاوەیی تۆخ جێگای ڕەنگە خورماییەکە دەگرێت و خورما وەکو هەنگوین شیرین دەبێت .

دارخورماکانی باخی عەدنانی زیاتر مزاخەتی ، شەکەری و خەزراوین . (سێ جۆرە خورمایە) کەمتر لیلو ( قەسپ ، کوردکوژە)ی تیایە . خارەکی لیلو تورتە . کاتێ کە دەگات تامی لە چەمری (خارەکی نەگەییو) دەچێت . خورمای لیلو ئەسڵەن بە کەڵکی خواردن نایەت . تام و شیرینی خورماکانی دیکەی نییە .

لە سەر تەپە خۆڵەکە دەچمە دواوەو پشت بە قەدی زبری دارێکەوە دەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . جۆگا ئاوەکەم لەبەردەمە . کە دەولکە ئاوەکە دەڕژێنرێتە حەوزەکەی پای بیرەکەوە ، دوای تۆزێک ، ئاوی جۆگاکە چەند وردە شوپۆلێک دەدات و دیسان لە جووڵە دەکەوێ . بەرگایلکەیەک (کلک تەقێنە) لە سەر ئەرزەکە دەنیشێتەوە . بە هەڵبەز هەڵبەز بەرەو جۆگاکە دێت ، بەڵام بێئەوەی ئاو بخواتەوە ، هەڵدەفڕێ . گەرما چۆلەکەکانی بێدەنگ کردووە . سەرڕەشێکی (مەلێکی بچووکی سەر ڕەشە) مێچکە ، لە ژێر پنچە پێکوڵەیەکەوە (دڕکێکی سێ سووچە بەئەرزیدا ڕادەکشێت) دەر دەفڕێ . چەند دەمارێکی زەیتوونی لە نێو وردە پەڕە قاوەییەکانی سەر پشتیەوە بەدی دەکرێ . لە گەڵ نێرەکەیدا جیاوازە . وردە پەڕێن پشتی سەرڕەشی نێرە ، قاوەییەکی یەکدەستە . سەر ڕەشە مێچکەکە ، لێرەو لەوێ چینەدەکات و پاشان هەڵدەفڕێت و لە کەنار جۆگاکە دەنیشێتەوە و بەپارێز وسڵکردنەوە ، دەنووک بە ئاوەکەدا دەکات .

چەند کۆترە شینکەیەک ، باڵەکانیان جووت دەکەن و قیروقاج دێنەخوارەوە و لە ناو باغەکە دەنیشنەوە . کۆترەکان سەرنجم ڕادەکێشن ، بازنەی گەردنی کۆترە شینکەکان لەبەرتیشکی هەتاوەکەدا ، سەوزێکی ڕوونی ئامال ئەرخەوانی دەنوێنێ .

گەروو زەردێکی نێرە ( جۆرە تەیرێکە ) لەسەر لقی دار لورێک (جۆرە درەختێکی هەنجیرە) کە وەکو کەپرێکی گەورە لەبەر دەممدایە ، بە دەوری مێچکەکەیدا دێت و باڵەفڕێ دەکات و بێتاقەتە . مێچکەکەی خۆی پڕبا کردووە و لەجێی خۆی ناجووڵێت . پەڵە خۆرێک کە لەبەینی گەڵای سەوزی تۆخی دار لورەکەوە (جۆرە دار هەنجیرێکە) داویە لە گەروو زەردە مێچکەکە ، خاڵە زەردەکانی گەرووی لە ناو وردەپەڕە کەوەییەکانی جەستەیەوە ، ڕوونتر دەنوێنێ . گەروو زەردە نێرەکە ، کلکە قاوەییەکەی لێک دەکاتەوە و بەکاوەخۆ بە دەوری مێچکەکەیدا دەسووڕێتەوە . هەندێجار لە سەر لقەکە دەنیشێتەوە. بەسەر مێچکەکەدا ، کەبێ خەم وخەیاڵ لەجێی خۆی هەڵکوڕماوە، دەفڕێ و کەمێ لەو لاترەوە دەنیشێتەوە و دیسان وەکو پەپوولەیەک کە بە دەوری گوڵدا بسووڕێتەوە ، هەڵدەفڕێ وکلکی دەکاتەوە و بە دەوری مێچکەکەیدا دەسووڕێتەوە .

لە پڕ هەستدەکەم کە قونکی جگەرەکە چزە لە قامکم هەڵدەسەنێ . هێشتا نەم کوژاندووەتەوە کە دەنگی خورشید کولاە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە :- هەرخۆت بەتەنیا دانیشتووی ؟

سەر وەردەگێڕم . بە فاسیلەی چەند هەنگاوێک لە پشتمەوە وەستاوە . لەچک وچەفیەیەکی شۆردراوی بەدەستەوەیە و دەخوازێ بە لقی درەختێکەوە هەڵیانواسێت تا هیشک ببنەوە . تەمەشای دەکەم . هیچم پێ نییە پێی بڵێم . دەپرسێت :- بێتاقەت بووی ؟

به بێتاقەتی دەڵێم :- نە !

چەفیەکە دەدا بە سەرشانیا و لەچکەکە بڵاودەکاتەوە و دای دەتەکێنێ تا چرچ ولۆچەکەی ساف ببێت .

- بیر لە شەریفە دەکەیتەوە ؟

هیچ ناڵێم . تەنیا سەیری دەکەم . سووردەبێتەوە . دەڵێی لە قسەکەی ژێوان بووەتەوە . قسەکەی هەڵدەگێڕێتەوە

- بۆ نەخەوتی ؟

- خەوم نە دەهات .

خۆی لە سەر پەنجەی پێ هەڵدەبڕێ تا دەستی بگاتە لقی دارەکە و لەچکەکەی پێدا هەڵبخات . ماسولکەکانی ڕادەکشێن . پاژنە و بنی پێی ڕەش دەچنەوە . چەفیەکە لە سەرشانی دادەگرێ و خۆ بە خۆ دەیگوشێت . ئاوی لێ ناتکێ ، شێی نییە . لە تۆ وایە لە بیانوویەک دەگەڕێ تا قسەبکات :- ببورە کەباسی شەریفەم کرد .

بزەیەک دەکەم وهیچ ناڵێم .

- بەڵام ئەگەر دوو بەست تلیاکت کێشابا ، باش دەخەوتی ...

دیسان دەڵێی ژێوان دەبێتەوە . لە سەری دەڕوات :- یانی دەخوازم بڵێم کە ...

دەکەوێتە پەلەقاژە کە قسەکەی ڕاست بکاتەوە . دیسان سوور دەبێتەوە و دەڵێت:- ببورە کەمن نازانم قسەبکەم

- کێ دەڵێی نازانی قسەبکەی ؟

- خۆ ، هێ ، هەندێک شتان دەڵێم کە نابێ بیانڵێم . دەمویست بڵێم یانی کە هەڵبەتە ، ئێ ، تلیاک باش نییە ...

چەفیەکە دەتەکێنێ .

- ... سەد جارم بەم پیاوەش گوتووە ، بەڵام فایدەی نییە . تلیاک ئینسان سووک دەکات ... یانی لە پیاوەتی دەخات ...

و ژێرا وژێر تەمەشام دەکات و لە سەری دەڕوات .

- .. نە کە لە پیاوەتی دەخات ، نە ! ... یەعنی بێ غیرەتی دەکات . دەمویست ئەمە بڵێم .

بێدەنگم و تەمەشای دەکەم . چەفیەکە بە لقی دارەکەوە هەڵدەواسێ . هێشتا هەر هەوڵدەدات قسەکەی ڕێک بخاتەوە .

– عەلیش لە خۆڕایی دەکێشێت . تەمەنی بیست و دوو بیست و سێ ساڵ زیاتر نییە ... حەیفە ! ... لە هەوەڵی هەوەڵەوە ناو بە ناو، هەرپازدە ڕۆژ بیست ڕۆژ ، هەندێجار مانگی جارێک دەهات ... بەڵام ئێستا چی ؟ ... ئێستا کردوویەتی بە هەر هەفتەی جارێک ... هەندێجار زیاتریش ... حەیفە ! ...

دوو سێ هەنگاو دێتە بەرەوە . دەڵێی هیچی پێ نەماوە بیڵێ . دەنگی چەرخی بیرەکە دەبڕێت . هەڵدەستم و لە سەر تەپەخۆڵەکە دەوەستم .

پیاوەکەی خورشید کولاە چەرخی بیرەکە دەبەستێتەوەو بێڵەکە هەڵدەگرێت و دەکەوێتە ڕێ . بەدەم ڕێگاوە ، لەچەند جێیەک ، بە دەمە بێڵەکە ، ئەو خاک وخاشاکەی لەناو جۆگاکەدا بنی ناوەتەوە ، دەردێنێ و بێ ماتەڵ بوون بەرەولای ئێمە دێت . چاوم لە پیاوەکەی خورشید کولاهە کە دەنگی خورشید کولاە دەژنەوم .

– کوێر بێ ئەو دووکاندارەی کە مشتەری خۆی نەناسێت !

نیگایەکی پرسیار ئامێزی دەکەم .

– کە بینی دوو قسەت لەگەڵ دەکەم یەکسەر کەوتەڕێ و هات !

– ئێ باشە ، هەرچییەک بێ ، تۆ ژنی ئەوی !

چاوەکانی بچووک دەکاتەوە و بە شێوەیەکی پرسیارئامێز دەڵێت :– ژنی ؟!

پیاوەکە دەگاتە لامان ودەڵێت :– سەعات چەندە ؟

– پێنج و نیو .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، بەبێڵەکە خەریکی ئەو لق وپۆپانە دەبێت کە بۆ زستان کەڵەکە کراون . چند چڵێک کە بڵاوبوونەتەوە بە دەمی بێڵەکە کۆدەکاتەوە . سەگی باخەکە ، بەسەر پەرژینەکەدا بازدەداتە ناو باخەکە و یەکڕاست بۆلای چەرخی بیرەکە دەڕوات . عەلی هەستاوە و لە ژوورەکە هاتووەتە دەرەوەو لە قەراغ هەیوانەکە دانیشتووە و قۆڵەکانی ناونەتە سەر ئەژنۆکانی و سەری داخستووە .

خورشید کولاه دەکەوێتە ڕێ و کە دەڕوات بەجۆرێ تەمەشای پیاوەکەی دەکات لە تۆ وایە دەڵێت" نەحلەت لە مێشە کەرانە" ، کێشمانێکی پشتم دەدەم و دووی خورشید کولاە دەکەوم . پیاوەکەی خورشید کولاە لە دووم دێت . عەریف مراد عەلی ، بە شەلەشەل لە دەرگای باغەکەوە وەژووردەکەوێ . پیاوەکەی خورشید کولاە کە چاوی بە مراد عەلی دەکەوێ ، دەڵێت :- بە ناوی خودای دەهەندە و دلۆڤان ! خوایە ، لە شەڕی شەیتان بەدوورمان بکەی ، پەنام بە تۆ لەشەڕی شەیتان !

وا وێنا دەکەم سوعبەت دەکات بەڵام ، ڕوخساری جدییە . لە بن لێوانەوە شتێک دەڵێت :

- هیچ ! ... بەڵام خوا نەکات پیاو ڕێی بکەوێتە ئاسایش ! ... تا قەواڵەی دەخوێننەوە پێستی دەگاتە دەباغ خانە .

بێڵەکە لە سەر شانی ئەم شان و ئەو شان دەکات . لێوەکانی دەبزوون . عەریف مراد عەلی ، بە دەستەسڕێکی چڵکن ئارەقەی تەوێڵ و گەردنی دەسڕێت و دەپرسێت :- گەیلان بۆ ئەم ناوە نەهاتووە ؟

پێی دەڵێم :- گەیلان ، خۆت دەزانی چووە بۆ مەغویە !

لێوی سەرەوەی بە لووتیەوە دەنووسێت و دەڵێت :- لە تۆم نەپرسیوە . لەم کابرایەم پرسیوە ئیدی !

ئاماژە بۆ مێردەکەی خورشید کولاە دەکات و درێژەی دەداتێ .

- بۆ زانیاری تۆش ، گەیلان لە مەغویە گەڕاوەتەوە و گوتیان کە بۆ ئێرە هاتووە ئیدی .

پیاوەکەی خورشید کولاە دەڵێت :- ئیشی چییە لێرە ؟!

عەریف مراد عەلی ، بە شەلەشەل بەگەڵمان دەکەوێت بۆ بەر هەیوانەکە .

- گوتت ئیشی چیە لێرە ؟!

و گۆشەی چاوی ڕاستی کە بە هۆی کۆنە زامێکەوە بچووک بووەتەوە بچووکتر دەبێتەوە و لە سەرری دەڕوات .

- خەڵکانی دی بۆچی دێنە ئێرە ئیدی ؟!

پیاوەکەی خورشید کولاە بێدەنگ بووە و لێوەکانی دەجووڵێن ، فوو بە خۆیا دەکات . عەریف مراد عەلی دەڵێت :

- خەڵکی وا دەزانن ئێمەکەرین ئیدی ! ... چەند ئێمە قسە نەکەین ، وا دەزانن کەرترین ئیدی ! ... لە ئێستا بە دواوە ئاگات لە خۆبێ ئیدی ... یانی ئاگات لە کاروباری خۆت بێ ئیدی ... بە ناخێرمان ئێمە پیاوی دەوڵەتین و جلی دەوڵەتیمان لەبەردایە ئیدی !

پیاوەکەی خورشید کولاە ، وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی عەریف مراد عەلی نەبووبێ ، خوڵکی چای دەکات .

- کەرەمکە سەرکار (وشەی ڕێزە ، لە جیاتی ڕاناوی تۆ بەکار دەبرێ ) مرادد عەلی با لە خزمەتدابین ، دوو پیاڵە چایمان لەلا بخۆوە !

و بە دەنگی بەرز بە خورشید کولاە دەڵێت کە پەرەمێزەکە هەڵبکە . دەنگی مراد عەلی لە قووڵایی گەرووییەوە دێت

- بە دوو پیاڵە چایی کەر نابین ئیدی ! ... هەر ئەوەیە کە گوتمان و لە کاتی ئەنجامی وەزیفەدا ؟ ... نە ئیدی !

پێی دەڵێم :- مەسەلە کەرکردن نییە سەرکار مراد عەلی !

دەوەستێت و دەڵێت :- نییە ؟ ...

و دەکەوێتەڕێ و بەردەوام دەبێ .

- ... کۆڕی فسق وفجوڕ و عەیش و نۆش لە ماڵەکەیا دەگێڕێت و دەیەوێ بە دوو پیاڵە چایی ...

پیاوەکەی خورشید کولاە هەڵدەداتێ :- ئەستەغفیروڵڵا !

- بە ئەستەغفیروڵڵاش کەر نابین . پێمگوتی ئاگات لە کارەکانت بێ !

ناگەیەنە هەیوانەکە کە عەریف مراد عەلی بەرەو دەرگای باغەکە پێچ دەکاتەوە . زۆری لێدەکەم کە چای بخواتەوە . فایدە ناکات . بە شەلەشەل دەڕوات و دەڵێت :- ئێمە بەم شتانە کەرنابین ئیدی !

هەڵوێستەیەک دەکات و دەڵێت :- هەڵبەتە هاوڕێیەتی دەفامین ئیدی !

و بەرەو دەرگای باغەکە دەڕوات .

هەتاو لە باغەکە ئاوا بووە . تەنیا لق وپۆپی هەندێک لە دارخورما بەرزەکان لەبەر تیشکی کاڵی هەتاوەکەدا ، زەرد دەچنەوە .

که دەگەینە هەیوانەکە ، عەلی هەڵدەستێ . خورشید کولاە پەرەمێزەکەی داگیرساندووە و ئاوەکە خەریکە دێتەکوڵ . چارەی عەلی بەیەکا دراوە . سووریەکەی چاوی پەڕیوە . خەو ، ماندوویەتی چاوەکانی ڕەواندووەتەوە . عەلی ، بێئەوەی چ قسەیەک بکات دەڕوات بۆلای بیرەکە تا سەروچاوی بشوات .

چایەکە دەکوڵێت . دوو سێ پیاڵە دەخۆینەوە .

مەلیدەی کارەباکە تازە کەوتووەتە ئیش کە بۆ پشتە دەڕۆین .

***

لە دەنگی تەقەتەقی موەلیدەکە تێدەپەڕین . بە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خنجییەکاندا ڕەتدەبین و لە شار وەدەر دەکەوین و بەرەو پشتە هەوراز دەبینەوە .

لە عەلی دەپرسم :- ئەم دوو سێ ڕۆژە لە کنگ چیت دەکرد ؟

بە ساردییەوە دەڵێت :- نەخۆش بووم . تام لێ هاتبوو . تاقەتم نەبوو بۆ لنگە بێمەوە .

جاران ، هەر کاتێ بێتاقەت بوایە یا نەخۆش بوایە ، یان نە دەچوو بۆ کنگ یان ئەگەر لەبەندەر کنگ بوایە ، خێرا بۆ بەندەر لنگە دەهاتەوە . لە بەندەر لنگە بەلای کەمەوە دەیتوانی لە نەخۆشخانە پەڕپووتەکەی سەربازگە و لە پزیشکیارە باریک و بنێسە بێتاقەتەکە ، کە لە ئاونەی ( لوولەی نێرگەلە ) دەچوو ، دەرمان وەربگرێت .

پزیشکیارەکە ، ملە درێژەکەی بەلای نەخۆشدا خوار دەکاتەوە و دەڵێ :- کوا بزانم چیتە ؟

- سەرم دێشێت دوکتۆر ! ... ئەمڕۆ سێ ڕۆژە .

پزیشکیارەکە ، پێڵوی چاوە ماتەکانی هەڵدەبڕێت و تەمەشای شووشەی دەرمانەکە دەکات و دوو حەبی سپی دەنێتە دەستی نەخۆشەکە .

- بیخۆ گیانە . شیفا لای خوایە ، خوا شیفات بدات .

پزیشکیارەکە ، چەناگە درێژەکەی دەخورێنێ و دەپرسێت :- گوتت ، دڵت دەیەشێت ؟

وپاشان ، بێئەوەی بیربکاتەوە ، دوو کەپسوولی زەرد لە پارچە کاغەزێکی ڕۆژنامەوە دەپێچێ و دەیداتە دەست نەخۆشەکە و دەڵێت :- بیخۆ گیانەکەم ... یەکێکیان بەیانی و ئەویتریان ئێوارە ... شیفا لای خوایە !

نەخۆش لە سەر تەختەکە ڕادەکشێت . پزیشکیارەکە ، بە قامکە درێژەکانی زیپکەیەکی پڕ چڵک، وەکو پلایس دەگرێت و دەیگوشێت و چڵک و زووخەکەی دەردێنێ و دەپرسێت .

– لەم جۆرە زیپکەیە بە هیچ شوێنێکی دیکەتەوە هەیە ؟

– بەڵێ ، دوکتۆر ، ئازای بەدەنم بووە بە زیپکە .

فنگ دەکات و دفنی ( کەپوو ، لووت ) دەسڕێت . سرنجەکە دەخاتە ئاوی لە کوڵەوەو ، خوێن لە سمتی دەگرێت و لە دەماری دەستی نەخۆشەکەی دەدات و دەڵێت :– خەیاڵت تەخت بێ گیانەکەم . تا سبەینێ هەموو زیپکەکان وشک دەبن .

و پاشان ، نیگای سستی دەبڕێتە چاوی نەخۆشەکە و لە سەری دەڕوات :– ... هەڵبەتە شیفا لای خوایە !

بە عەلی دەڵێم :– باشە کە نەخۆش بوویت بۆ نەهاتیەوە بۆبەندەر لنگە ، بەلای کەمەوە لێرە دەرمانخانەیەک هەیە !

بەرسڤ ناداتەوە . دیسانەوە دەڵێم :– پێموابوو وەکو جاران هەرکە نۆرە ئێشکەکەت تەواو بێ ، بۆ لەنگە دێیتەوە

هەمدیس هیچ ناڵێت . پێداگری لێناکەم . چووەتە ژێری . لەوە ناچێ هۆشی بەلای منەوە بێ . لەوە دەچێت گوێی لە قسەکانیشم نەبووبێ .

لە دوورەوە ، بڵێسەی مەقەڵیەکەی ئاهەن دیارە . ئاگرەکە ، لە ناوتاریکیدا جوانە . هێشتا نەگەیشتووینە داوێنی گردەکە ، کە لۆکسەکانی پشتە هەڵدەبن . یەکەم مشتەری ئاهەنین . ئاهەن سەرانسەری مەیدانی چاخانەکەی ئاوڕشێن کردووە . هەندێجار کە حەزبکات ، بەزەحمەت ئاو لە ئەستێڵەکە دێنێ و ئەرزەکە ئاوڕشێن دەکات . هەر لە ڕێوە ئاهەن دەڵێت عەریف مرادی و نایب زابت مینابی چوون بەگژ یەکا .

– ئەمڕۆ لای عەسر لە بازاڕی مساحدا ، چ قیامەتێ ڕابوو ! مرادی زللەیەکی ئەوتۆی بە بناگوێی نایب زابت مینابیدا کێشا کە ئاگر لە چاویەوە دەرپەڕی ...

باڵای هەردووکیان ، چیوای لە دوو مەتر کەمتر نییە . نایب زابت پێشبین دەڵێت ، هەربۆ ئەوە باشن لە گالیسکە ببەسترێن ...

- ... نایب زابت مینابیش نەیکردە نامەردی و هەر هەستا و مستێکی کێشا بەژێر چەناگەی مرادیدا کە دەمی پڕ بوو لە خوێن !

ئاهەن بە دەم باوەشێنکردنی خەڵووزەکەوە قسە دەکات .

بەو حاڵەتەوە کە مەمدۆ هەیبوو و ئەو خوارییەی کێشابووی و بەدەم ئارەق ڕشتنەوە حەوشەکەی شارەبانی گسک دابوو و دواییش سەرۆکی شارەبانی بە (دادیا) نەگەیی بوو ، دەشیا پێشبێنی ئەوە بکرێت کە عەریف مرادی یەخەی نایب زابت مینابی بگرێت .

ئاهەن ، هەمدیس قسە دەکات .

مرادی دەستی داوەتە چەقۆ و باسکی نایب زابت مینابی دادڕیوە . پاشان ، دوو پاسەوان هاتوون و عەریف مرادیان قۆڵ بەست کردووە و بەرەو شارەبانیان بردووە .

بەرە بەرە سەروسەکوتی مشتەرییەکانی ئاهەن پەیدا دەبێ . ئەنوەر مەشدی لە پێش هەموویانەوە هاتووە ، دەڵێی دنیایان پێداوە . لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری . دەمە زلەکەی لە پێکەنینا نایەتەوە یەک و ددانە ناجۆر و ڕەشەکانی کەوتوونەتە دەر . لەخۆشیا جێ بەخۆی ناگرێت . ئامادەیە کە جارێکی دیکە زێڕەکانی ژنەکەی بدزێت و خەرجی ئەوکەسەی بکات کە مرادی بۆ لە ناو بەرێت تابتوانێ مەمدۆ بەدەست بێنێتەوە . ئەنوەر مەشدی بە کلکان گوێز دەشکێنێ . تەماکۆکەی ژێردانی دەگوازێتەوە و بەعەلی دەڵێت :- ئەم ڕۆژانە دیارنیت کوڕی باش ؟!

ودەچێتە دیار سەندووقە سەهۆڵەکەی ئاهەن و دەڵێت :

- ئەمشەو میوانی منیت ! ... ئەو دەسانەت خۆش نایب زابت مینابی ! ڕۆحەکەمی !

ملی نیوقاپە عارەقەکە دەگرێت بەدەستەوە ، لیکاوی تەماکۆکە دەتفێنێتەوەو ڕوو دەکاتە من و دەڵێت :

- چ دەخۆی ئازیز ! ... ماسی سوێر یا تکە ؟

عەلی دەپرتێنێ :- گەلێک مەمنوون ئەنوەر مەشدی !

و ڕوو دەکاتە ئاهەن و دەڵێت :- نیوقاپ لە گەڵ دوو پارچە ماسی سوێردا .

چاوانی چەپ و خێلی ئەنوەر مەشدی لە مۆلەق دەوەستن . جۆرە دڵتەنگیەک بەقسەکردنیەوە دەردەکەوێ .

- ئێستاش تێنەگەیشتین حیکمەتی ئەمە چیە کە عەلی هیچ کاتێک حەزناکات لەگەڵ منا عەرەق بخواتەوە ؟!

دەستم دەگرێت ودەپرسێت :- تۆ دەزانیت ؟

- نە ... شتی واش لە ئارادا نییە !

غولامی ماسیفرۆش پەیدا دەبێت . ئەنوەر مەشدی خۆی بە غولامەوە هەڵدەواسێت و دەعوەتی دەکات . حەزدەکات هەموو خەڵکی شار دەعوەت بکات .

- غولام تۆ لەوێ بووی ؟ ... لە بازاڕی مەساح بووی ؟ ... شێری نێرم نایب زابت مینابیت ! بینی چۆن لە لاقی عەریف مرادی نەوی و بەرزی کردەوە و ، وەکو شووتی کوتای بە عاردیدا ؟ ... بینیت ؟ ... ئەمشەو میوانی منی غولام . تا بینا قاقا عەرەق بخۆرەوە . نۆکەرت پارەکەی دەدا ... ڕوو دەکاتە ئاهەن .

- ئاهەن ، خەو(حلێوە) دابنە ! ... غولام حەزی لە خەوە ! ...

قامکی دەخاتە ژێر بازووی غولام و بەرەو تەختەکە ڕایدەکێشێت .

- شێری نێرم مینابی ! ... بەلام هەر بەینی خۆمان بێ ها ... مرادی نامەردی کرد و چەقۆی دەرهێنا ! ... چەقۆ هی ژنە ! ... ئەگەر پیاوبایە و ڕاستی دەکرد ، بۆکس بازی لە گەڵ مینابیدا دەکرد . هەنگی دەیبینی چۆن ژێر چاوی شین دەکردەوە !

ئەنوەر مەشدی بەخەویش ئەوەی نەدەبینی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مرادی دەست بداتە چەقۆ و لە نایب زابتی شارەبانی بدات و حەپسی بکەن . ئەنوەر مەشدی بیر لەوەدەکاتەوە کارێکی ئەوتۆ بکات کە بەلای کەمەوە مرادی بۆ یەکێک لە پاسگا دوورە دەستەکان دوور بخەنەوە .

- خۆ گاڵتە نییە ! ... نایب زابتێکی شارەبانی بەرچەقۆ بدەی ... نایب زابتێکی شارەبانی ( ئاسایش ) ... ! ئەگەر لە کەسێکی بێ ناو ونیشانی وەکو منی دابا هەرنەیسە ... هەڵبەتە ، لەوەبوو هیچیان لێنەکردبا ... بەلام نایب زابتێکی شارەبانی ! ...

پشتە خەریکە بەرە بەرە پڕدەبێت . ئەنوەر مەشدی لە گەڵ غولامدا سەرگەرمی قسانە . قسەکان تێکەڵن . باس باسی شەریفە ، باسی نایب زابت مینابی و باسی عەریف مرادی و باسی مەمدۆیە .

- خۆ شتەکە مەعلوومە ! ... کاتێ گسک دەداتە دەست مەمدۆ کە حەوشەی شارەبانی گسک بدات ... کاتێ کە شەو لە شارەبانی گلی دەداتەوە ئیدی مەعلوومە ! ... بۆچی غەفووری گل نە دابووەوە ؟

- غوفووری گلداتەوە سواری بیّ؟! ... خۆ مەعلوومە کە مەمدۆ گل دەداتەوە ! ...

- بەلەنگازە ئەگەر دەیزانی لە شارەبانی ئەم بەڵایە بە سەرخۆی دێنن نە دەچوو بۆلای شەریفە !

- تۆ سەری خۆت ، مەمدۆ هیچ شەرم دەکات ! مەمەدۆ و شەرم !

هێشتا نیو قاپی یەکەممان تەواو نەکردووە کە ئەحمەد سەرباز پەیدا دەبێت و دەڵێت کە نایب زابت پێشبین ، سەرۆکی ئینزیباتی بەندەر لنگە ، عەریف غانم ، عەریف ڕازی و چەند دەرەجەدارێکی دی لە بەر شارەبانی خڕبوونەتەوە و کردوویانە بەهەراو هەنگامە کە بۆچی شارەبانی ، عەریف مرادی — دەرەجەدارێکی سوپای — ی گرتووە .

لێوە چەورەکانی ئەحمەد سەرباز ، لە بەر ڕۆشنایی لۆکسەکەدا دەبریقێتەوە . خەندە ژێر گۆناکانی گرژ دەکات و دەڵێت :- قەدەمخێر عەینی ورچی ڕەش ، لەو ناوەندە وەستاوە و توونی حەمام ئاگر دەدا !

ئەنوەر مەشدی ، لە پڕ لە لای غوڵام هەڵدەستێ و دێتەناوەندی چاخەنەکە و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- ئەهە ! ...

ئەنوەر مەشدی ، کە عارەق دەخواتەوە ، چاوە چەپ و خێلەکانی ئۆقرەیان لێدەبڕێ وبەردەوام دەترووکێ . دێت بۆ لای ئەحمەد سەرباز و ڕادەوەستێ .

- ... ئێهە ! ...

دەمە زلەکەی ، عەینی ماسی ژەهرخواردوو ، کە دوا هەناسە دەدات ، دەکرێتەوە و دادەخرێت .

- گوتت چی ؟! ... چیت گوت ؟! ... گوتت نایب زابت پێشبین چی ؟! ...

ڕوو دەکاتە مشتەرییەکانی چاخانەکە ودەڵێت :- تۆ سەیری ئەمە ناکەی !

نێو چەوانە تەختەکەی ئەحمەد سەرباز گرژ دەبێت . دەیەوێ کە ئەنوەر مەشدی بتەزێنێ .

- گوتم کە نایب زابت پێشبین گوتوویەتی شارەبانی هەقی ئەوەی نییە عەریف مرادی بگرێت و ڕاستیش دەکات .

دەنگی ئەنوەر مەشدی بەرزدەبێتەوە .

- هەقی نییە ؟! ... پێشبین بە ئیزنی کێ وای گوتوە ؟ ... ئەسڵەن کێ دەڵێ هەقی نییە ؟ ... ئەهە ! ... سەیری ئەمە ! ... هەقی نییە ! باشە ئەگەر ئاسایش ئەم هەقەی نەبێ ، شارەوانی ئەم هەقەی هەیە ؟ ... ئەی تۆ هەتە ؟! ... من هەمە ؟! ... ئەم قسانە لە گیرفانی خۆی دەردێنێ ... هەقی نییە ! ...

ئەنوەر مەشدی بلەز دێت بۆلای من .

- ئەمە ڕاست دەکات ؟ ... ئاسایش هەقی نییە، کە نایب زابتەکەیان بەر چەقۆ داوە ؟

ئەنوەر مەشدی مەستە . وادیارە شپرزەش بووە . خەمی ئەوەیەتی نەبا شارەبانی ، عەریف مرادی ئازاد بکات کە ئیدی شمریش پێشی ناگرێت .

- ها ؟! ... تۆ ئەم شتانە دەزانی ؟ ... ئەمە ڕاست دەکات کە گوایە ئاسایش ئەم هەقەی نییە ؟ ...

عەلی ، ژێراو ژێر تەمەشای دەکات ، بەجۆرێ تەمەشای دەکات ، دەڵێی لەوەیە هەرئێستا پەرداخەکەی تێ بسرەوێنێ و هاواری بەسەردا بکات .

بەهێمنی بە ئەنوەر مەشدی دەڵێم :- ڕاست دەکات . سوپایی ئینزیباتخانەی هەیە . دەبێ ئینزیباتخانە بیگرێت نەک شارەبانی .

بێدەنگ دەبێت . پە ست دەبێ . دوای تۆزێک چاو دەبڕێتە عەلی . دەزانم کە خەریکە تەمەشای من دەکات . نائومێدانە دێتە قسان :- کێ دەڵێت ؟!

- ئەمە ڕێنمایی و قەرارە .

سەرو دەستی دەجوڵێنێ .

- ڕێنمایی ! ... نایب زابتێکی ئاسایش بەر چەقۆ دراوە ، گوایە ڕێنماییە ! ...

بێدەنگ دەبێت . دوای کەمێک دێتەقسە .

- ئاقیبەت هەر حەپس دەکرێت ... چ لە لایەن ئینزیباتخانەوە بێ چ لەلایەن ئاسایشەوە . فەرق ناکات ... دووری دەخەنەوە ... چ فەرقێ دەکات ! ... ها ... فەرقی هەیە ؟ ...

- نە ! ... فەرقی نییە .

دەڕوات .

- من دەمزانی کە فەرقی نییە ! ئەسڵەن ئینزیباتخانە و ئاسایش ، هەموویان هی دەوڵەتن ... هیچ فەرق و جیاوازییەکیان نییە ! ...

لای غوڵامی ماسیفرۆشەوە دادەنیشێت و لەگەڵیا دەکەوێتە چپەچپ .

عەلی دەڵێت :- هەستە با بڕۆین . تاقەتم چوو !

پێی دەڵێم :- ئێستا دانیشتین ! ... شار هێشتا گەرمە ، لێرە بەلای کەمەوە بایەکی دێ !

هەڵدەستێ و دەچێتە دیار سەندووقە سەهۆڵەکە و نیو قاپ عەرەقی دی هەڵدەگرێت و دەیهێنێ . نەرمە بایەکی فێنک هەڵدەکات . کە شەو لە نیوە تێپەڕێت ، شار هەناسەیەکی وەبەر دێتەوەو کەمێک فێنک دەبێتەوە . ئەویش ئەگەر شەرجی نەبێ و تەم نەبێت .

عەلی ، سەری نیوقاپی دووەم هەڵدەپچڕێ . بەتاسەوە دەخواتەوەو هەر چەند دەخواتەوە، پێدەچێ هێچ حاڵی نەبێت . پیاڵەکە لێوانلێو دەکات و یەکسەری هەڵیدەدات . پیاڵەی دووەمی بە سەردا دەکات و بەقەد سەری قامکێک ماسی سوێر دەخاتە دەمی و بەتام و چێژەوە دەیخوات .

سەعات دەی شەوە . پشتە قەرەباڵغە . هێشتا باسی چەقۆکێشی مرادی ، باسی مەمدۆ و باسی شەریفە وێردی سەر زمانانە . مەگەر خوا بزانێ کەی ئەم قسەوباسانە کۆتاییان بێت .

ئەو هەموو ڕۆژ و مانگ و ساڵانە بێ بویەر و ڕووداوان دەبووڕێت ، بۆیە خەڵکی کاتێ شتێکی وایان بکەوێتە بەر دەست وا زوو دەستبەرداری نابن .

عەلی ، عەرەقم بۆ تێدەکات .

- بە سە بە سە ... نیوە بەسە !

دەڵێت :- تۆ ، ماوەیەکە لە عەرق خواردنەوەشدا هەر بە بیانووی !

دوا پیاڵەی نیوقاپی دووەم هەڵدەدات و هەڵدەستێ کە بڕوات بۆ سەندووقە سەهۆڵەکە و عەرەقی دیکە بێنێ .

toوند مەچەکی دەگرم .

- چیته ؟!

پێڵوی چاوەکانی دەجوڵێنێ و تەمەشام دەکات و دەڵێت :- پیاو کە لێرە دانیشێت دەبێ عەرەق بخواتەوە !

پێداگری لێناکەم . مەچەکی بەردەدەم . دەخاوزێت بڕوات کە پای لە قاچی مێزەکە دەگیرێ و ڕەت دەبات . تا هەڵدەستم کە بیگرمەوە ، بە ئەژنۆدا دەکەوێتە سەر زەوی و خۆی بەدەستەکانی دەگرێتەوە . ژێر باڵی دەگرم و بەرزی دەکەمەوە .

- دەتەوێ خۆکوژی بکەیت ؟

بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، باسکی لە دەستم دەردێنێ و بۆلای سەندووقە سەهۆڵەکە دەڕوات . بە لارەلار دەڕوات . تەواو مەست بووە . تا دانیشتبوو کاریگەریی عەرەقەکەی پێوە دیارنەبوو . لاقەکانی تێک دەئاڵێن و ڕەت دەبات ، بەڵام خۆی دەگرێتەوە . پاڵ بە مێزەکەوە دەدەم و تەمەشای دەکەم . دەزانم کە ئەگەر بڕۆم یارمەتی بدەم ، پەست و ناڕەحەت دەبێ .

نیوقاپ هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە . هەوڵدەدات بە ڕێکی ڕێبکات . هەوڵدەدات وا بنوێنێ کە مەست نییە . لە سەر تەختەکە دادەنیشێت .

- دانیشە .

لێو و زمانیشی قورس بووە .

- دە دانیشە ! ... مەگەر نەتگوت ئێستا دانیشتین ؟! مەگەر نەتگوت شار هێشتا گەرمە ؟! ... باشە ، کەواتە دانیشە ئیدی !

دا دەنیشم . نیوقاپەکە دەشڵەقێنێ و بەناو لەپ توند دەکێشێت بەبنی بوتڵەکەدا . چاوم بە سارغیەکەی دەستی دەکەوێت . دەڵێی زامەکەی کوڵاوەتەوەو خوێنی تازەی لێهاتووە و سارغیەکە خوێناوی بووە . مەچەکی دەستی دەگرم .

- کوا عەلی .

یەکسەر مەچەکیم لە دەست دەردێنێ و دەپرتێنێ :- هیچ نییە !

دیسان دەکێشێت بەبنی شووشەکەدا . تەپەدۆرەکە دەپەڕێت . هەر بە شووشەکە چەند قومێک دەخواتەوە و لە سەر مێزەکەی دادەنێت . عەینی ئاو خواردنەوە عەرەق دەخواتەوە . زمان و گەرووی ئەوەندە سڕ بووە کە هەست بە تاڵی و تفتی عەرەقەکە ناکات .

- بخۆرەوە !

- ناتوانم .

- هیچت نەخواردەوە .

- زیاترم پێ ناخورێتەوە .

- کەواتە با بڕۆین !

نیوقاپەکە هەڵدەگرێت و دەگەڕێت کە تەپەدۆرەکەی وەدۆزێ و سەرەکەی بنێتەوە . من هەوەڵجار دیتم کە سەرەکەی کەوتە کوێوە . لە ئەرزەکە هەڵیدەگرم و دەیدەمە دەستی . ئیدی نەدەکرا دابنیشێنرێتەوە . دەکەوێتەڕێ . یانی ئەگەر بتوانم بیگەیەنمە ماڵەوەو بخەوێت ، مانای وایە کارێکی گەورەم کردووە . بەڵام دەزانم کە دەرەقەتی نایەم . ئەو شەوانەی کە مەست دەبێت ، حەزدەکات شەوگەڕی بکات . حەزدەکات بڕوات بۆ کەناری دەریا و لە سەر لمەلانەکە پاڵ بکەوێ و تەمەشای ئاسمان بکات و گوێ لە دەنگی دەریا بگرێت .

حیسابەکەی ئاهەن دەدات و لە پشتەوە نشێو دەبێتەوە . دنیا کپ و بێدەنگە . تەنیا دەنگی زیکزیکە دێت . دەستی دەخاتە سەرشانم . لاقی لە دووی نایەن . تێک دەئاڵێن ، بەلادا دێت . هەست بە قورسی لەشی دەکەم ، پێش ئەوەی بگەینە ئەستێڵ وبەنداوەکە لە کوێرە ڕێگاکە لادەدات و لە ئەرزە نەرمەکەدا پان دەبێتەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت :- هێی دنیا ، چەند خراپی ! ... چەند ناسازگاری !

نیوقاپە عەرەقەکە لە دەستی بەردەبێ و دەکەوێتە سەر ئەرزەکە . دەڵێت کە جگەرەیەکی بۆ داگیرسێنم . دنیا تاریکە . شنەبایەکی دێ . دەنگی نزمی حەپەی سەگێک لە شارەوە دێ . دەنگی دوور ودرێژی چەند چەقەڵێک ، لە دەشت ودەردا سەرگەردانە . جگەرەیەک پێدەکەم و دەیدەمە دەستی و لەلایەوە لە سەر ئەرزەکە پان دەبمەوە و گوێ لە لوورەی سەرگەردانی چەقەڵەکان دەگرم . زەمزەمەی عەلی دێتەگوێم .

هەندێجار کە مەست دەبێ و هەر هەردووکمان دەبین دێتە قسە . وەکو ئەوەی پێشتر هەموو شتێکی بۆ باسکردبم و هەنووکە بیەوێ پاشماوەکەیم بۆ تەواو بکات ، یەکسەر دەست بەقسەکردن دەکات .

- .. هەموو پشت دەست و مەچەکی تلۆقی کردبوو .

فرمێسک بە پانتایی دەم وچاویا دەهاتە خوارێ و گلەیی و نەفرەتی لەبەخت و یەغباڵی خۆی دەکرد . دەگریا . دڵم دەردەهات . بەرگەی گریانەکەیم نەدەگرت ...

قسەکەی پێدەبڕم .

- باسی کێ دەکەیت عەلی ؟

بۆ ساتێک بێدەنگ دەبێت . لە تۆوایە بیر لە شتێک دەکاتەوە . ئەوسا بە دوودڵی دەپرسێت:- گوتت باسی کێ ؟

دیسان بێدەنگ دەبێت . دەستی بۆ نیو قاپەکە دەخزێ کە ئێستا نیوە بووە .

- ... ئێ ... باسی خوشکەکەی ئەحمەد عەلی ! ... باسی عالیە ! ...

ئانیشکەکانی دەنێتە سەر ئەرزەکە ، نیو ئاخێزێکی بۆ دەکات و هەر بەدەمی بوتڵەکە دووقوم دەخواتەوە ، تفی دەکاتەوە و سەرەکەی دەنێتەوە و ڕادەکشێت و لەسەری دەڕوات .

- ... دایکم دەسەپاچە بوو . هەتوانمان (مەڵحەم) نەبوو . ڕۆنی تێهەڵسوو و خاکەی قەندی پێوەکرد . گوتی زوو چاکی دەکاتەوە ! ... تەمەنم پێنج شەش ساڵ زیاتر نە دەبوو ، بەڵام دەمزانی سووتان چ ئازار و سوێیەکی هەیە . جارێک پای خۆم سووتابوو . چووبوومە ناو خۆڵەکەوەی گەرمەوە کە تازە لە تەنووریان دەرهێنابوو . ڕوندک بە پانتایی دەم وچاویەوە دەهاتە خوارەوە و تووک و نەفرەتی لە یەغباڵی (بەخت ، تالع) خۆی دەکرد . گریان گرتبوومی . دڵم بۆی بوو بوو بە کەباب...

مژ لە جگەرەکەی دەدات و بێدەنگ دەبێت . دوای تۆزێک هەمدیس مژ لە جگەرەکەی دەدات و دێتەقسە .

- ... بەڵام ، زوو چاک بووەوە . ئەم جۆرە دەرد و ئازارانە زوو چاک دەبنەوە ، ساڕێژ دەبنەوە بەڵام دەرد و ئازاری دڵ ، دەردێ کە بچێتە دڵەوە ! ... وا زوو ساڕێژ نابێت ! لەوەیە هەرگیز چاک نەبێتەوە ! ...

شەوانی ئاخر و ئۆخری مانگە . مانگ دەوروبەری بەرەبەیان هەڵدێت . دنیا تاریکی تاریکە . لە دوورەوە ، چەند فانۆسێک ، لێرەو لەوێ ، لە سەربانەکانی لنگە دەسووتێن . هەموو لۆکسەکان کوژاونەتەوە . خەڵکی خەوتوون . تەنیا لۆکسەکانی ئاهەن پشتەیان ڕووناک کردووەتەوەو لێرەو لەوێ مشتەری دانیشتوون و هەندێجار یەکێک

هەڵدەستێ و لەم سەری چاخانەکەوە بۆ ئەوسەر دەڕوات یان دەڕوات بەرانبەر ئاهەن کە لە پشت مەقەڵی گۆشت برژانەکەوە وەستاوە، دەوەستێ .

عەلی ، قسەدەکات . دەنگی هێمنە . گڕە . قورس و خەواڵووە .

- ... بەهار خۆشبوو . هەموو شوێنێ سەوز بوو . دەشت ودەر سەوز بوو . گوڵێن ڕەنگاو ڕەنگی کێوی زۆر بوو . ئاو فرە بوو . بایەکەی خۆشبوو . بۆنی گوڵی لێدەهات . بۆنی سەوزی لێدەهات ، بۆنی بەفری دەدا. بۆنی کانیاوانی پڕ بەفری کوێستانی دەدا ! ...

مژ لە جگەرەکەی دەدات و لە سەری دەڕوات .

- ... باوکە لە دەشت کەروێشکێکی گرتبوو کە وەکو خام سپی بوو . بێچووە کەروێشک بوو . شیری دەخوارد . لە سەر بێچوە کەروێشکەکە بوو بەشەڕمان ، لەگەڵ عالیەدا ...

یەکسەر زمانی دەگیرێت و بێدەنگ دەبێت . قونکە جگەرەکە لە عەردەکە دەچەقێنێ و دەڵێت :

- دەبێ شەو ، لە نیوە تێپەڕی بێ !

هێشتا مابووی بۆ نیوەشەو ، لێی دەپرسم :- ئێ ئیتر ؟

بە کونجکاوی تەمەشام دەکات و دەپرسێت :- چی ؟

زمانی گۆناکات . لێوەکانی قورسە :- باسی چیم دەکرد ؟

- کەروێشک ... بێچووە کەروێشک !

دەست بە ئەرزەکەدا دەگێڕێت و نیوقاپەکە هەڵدەگرێت ، پاشماوەکەی بەسەرەوە دەنێت و شووشەکە تووڕ دەدات وبە سەرسامی دەڵێت :- کەروێشک ؟!

تفێک دەکاتە عاردی و لە سەری دەڕوات :- ها کەروێشک ؟! ... وێڵی کە ! ... کوا جگەرەیەک بدە !

جگەرەیەکی دەدەمێ و شقارتەی بۆ لێدەدەم . دەڕوانێتە دەور وبەر و دەڵێت :- دەشتی قیامەتیش هەروایە ؟

بە سەرسامی دەپرسم :- دەشتی قیامەت ؟!

ڕادەکشێت و بە دەست ئاماژە بۆ دەور وبەر دەکات و دەڵێت :

- ئەرێ ئیدی . دەشتی قیامەتیش وەکو ئەم دەشتە . ڕووتەنە ! ... کەس نییە بەدادی کەسدا بگات ؟

وله پڕ دەپرسێت :- ئەم قسەیە ڕاستە کە خوێن بەشەر دەگرێت ؟

نازانم چی لە زەیندایە . یەکسەر لەبەهاری گوندانی عەقداوە دەچێتە سەر دەشتی قیامەت و پاشان (خوێن) کە بیستوویەتی " بەشەر دەگرێ " !

- ها ؟! ... ڕاستە ؟!

مینگەمینگ دەکەم . لەپڕ وەکو ئەوەی مار پێوەی دابێ لەجێی خۆی ڕادەپەڕێت و ڕاست دەڕوانێتە چاوانم و دەپرسێت :- تۆ چۆنی بۆدەچی ؟

حایر و حەپەساو لێی دەپرسم :- دەربارەی چی ، چۆنی بۆدەچم ؟

- ئێ ، دەربارەی من !

گێژ بووم . نازانم دەبێ چ بڵێم . پێی دەڵێم :

- وای بۆدەچم کە زۆر مەستی . وای بۆدەچم کە لە نیوەڕۆوە ، لە ماڵی خورشید کولاهەوە تا ئیستا سێ تا پێنج نیو قاپ عەرەقت خواردووەتەوە ، وای بۆدەچم ئەگەر هەستی و بڕۆینەوە بۆ ماڵ و بخەوین لێرە باشترە .

دەنگی نزم دەبێتەوە .

- دەبزڕکێنی . خۆت لە گێلی دەدەی ! ناتەوێ بڵێی دەربارەی من چیت بە زەیندا دێت !

و دیسان درێژدەبێت و بەهەمان تۆن دەڵێت :- بەڵام ، من ، دەزانم چ بیرێک دەکەیتەوە !

تۆزێ بێدەنگ دەبیت وپاشان لەسەری دەڕوات .

- باشە ... بە کەیفی دڵی خۆت بیربکەوە ... قەیدی نییە ... بەڵام ئەمە بزانە کە هەڵە دەکەی ! ... بێگومان هەڵدە دەکەی ! ... نە ! ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیەوە وانییە ... وانییە ... بەخودا وانییە ! ...

کۆڵە مستی بەئەرزدا دەکوتێت و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- ... گوتم وانییە ! ...

و بێدەنگ دەبێت .

بۆ ئەوەی ، لەم باسە دووری بخەمەوە ، دەڵێم :

- باسی بەندەر ( کنگ )ت دەکرد ... باسی ئەو دوو سێ ڕۆژەی کە لەوێندەر بووی .

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و لەبن لێوانەوە دەڵێت :

- گوتم کە ... پێمگوتیت کە ... ئەم دوو ڕۆژە هەر عەرەقم خواردووەتەوە و خەوتووم . پێمگوتیت کە ، هیچ کارێکم نەبوو کە بیکەم . بەردەوام عەرەقم خواردووەتەوە . تەنانەت لەسەر پۆستەکەشم هەر مەست بووم . هەمیشە خواخوام بوو کە سەروسەکوتی قاچاچچیان پەیدا ببێت . کە نۆرە ئێشکم دەهات ، تفەنگەکەم دەدا بەشانما و بەقەراخ دەریادا ڕێم دەکرد . لە خاڵەکاندا ، لە پشت دارخورماکانەوە خۆم لە بۆسە دەنا و وەکو گورگ هەموو شوێنێکم دەدایە بەرچاو . خواخوام بوو بەلەمێک ، لۆتکەیەک ، شتێک پەیدا ببێت . خواخوام بوو کاڵایەک ، شتێک بەتاڵ بکەن . باوەڕ بکە ڕەحمم بە عرەب و عەجەمدا نەدەکرد . تەنانەت چاوپۆشیم لە (ڕەجەبو) ش کە هەندێجار شتی بۆ خۆیشم دێنا نەدەکرد . هەموو کەسێکم بەر دەستڕێژ دەدا . ئەسڵەن نەمدەزانی بۆچی بەو ڕادەیە تینووی خوێن بووبووم ... حاڵی هەیت ؟ ... تینووی خوێن ! ...

لە قسە دەوەستێ و هەناسەی قورس دەبێت و دەکەوێتە پرخەپرخ . دەڵێی خەریکە خەوی لێدەکەوێ . دەڵێی خەوەکەی لە ناو دەستیایە .

جگەرەکەی ، کە گەییوەتە نیوە ، لەبەینی پەنجەکانی دەردێنم . دەستی دەخزێت و لە سەر سینگییەوە دەکەوێتە سەر ئەرزەکە .

بێدەنگ دەبم و لە لایەوە هەڵدەتروشکێم و نیوە جگەرەکە دەکێشم . خەڵکانێک لە (پشتەوە) دادەگەڕێن . کە نزیک دەبنەوە ، بە دەنگیاندا دەیانناسمەوە . کنگرو و ئەحمەد سەرباز دەست لە نێو دەست و سەڵانە سەڵانە بەرەو شار دەڕۆن ، کنگرۆ ئاگری جگەرەکە دەبینێ :- ئو ... ئو ... زەلام کێی ؟

- منم !

خێرا و بە سەری زما قسەدەکات :- تۆ ... ت ... تۆ ... کێی ؟

لە کوێرە ڕێگاکە لا دەدەن و بۆلای ئێمەدێن .

- ئا ... ئا ... ئاها ... تۆیی ! ...

ئەحمەد سەرباز دەپرسێت :- ئەوە عەلیە کە خەوتووە ؟

- ئەرێ .

- م ... م ... مەستە ؟

- نە . خەو گرتوویەتی .

ئەحمەد سەرباز دێتە پێشەوە و دەڵێت :- با کۆڵی بکەین و بیبەینەوە بۆ ماڵەوە .

کنگرۆ دەستی ڕادەکێشێت و دەڵێت :

- ب ... بە ... بڕۆین بەلای عاشقێنی و ڕابواردنەکەمانەوە ... بە ... بگەین !

دیارە دەخوازن بۆ ماڵی تەڵا بڕۆن . دیارە ئەو هەموو مۆزە مۆزە هاتووەتە بەر .

دەکەونە ڕێ و دوور دەکەونەوە . جگەرەکەم تەواو دەکەم . پرخەی عەلی ئارامە . نەرمە بایەکە ، فێنک تر بووە . ئەستێرەکان بە ئاسمانی تاریکەوە دەدرەوشێنەوە . سێبەرێن دیکە نزیک دەبنەوە . ئەنوەر مەشدی و غوڵامی ماسیفرۆشە . ئەنوەر مەشدی خەریکی قسەکردنە . دەستەو دامێنی بابا سەعید بووە کە دوعای بۆ بنووسێت .

- گوتی کە بۆ نێرەموکی نانووسم . لێی پاڕامەوە . دیاریم بۆ برد . کاریلکەیەکی یەک ساڵەم بۆکڕی . پێمگوت مەمدۆ نێرەموک نییە ... ئاقیبەت قابیل بوو . بەڵام گوتی ، بۆ نێرەموک نا ! ....

دەوەستێ و غوڵام ڕادەگرێت و لە سەری دەڕوات .

- ... بۆ نێرەموک نا ! ... بەڵام دەتوانم مرادیت لە سەر ڕێگا لاببەم ...

دەکەوێتەڕێ .

- منیش ئەمەم دەویست ... دوعای گیرایە ، ئازموودەیە . هەموو دە ڕۆژ لەمە پێش دوعای بۆ مرادی نووسی ... دەبینی چارەنووس عەریف مرادی تووڕ دەداتە کوێ ...

ئاهێک هەڵدەکێشێت .

- ئەگەر بمتوانیبا ڕازی بکەم و بۆ خودی مەمدۆی بنووسێت ... مەمدۆ کە نێرەموک نییە ! ... هەرچیەکی بوێ ...

ئیدی دەنگی نایەتە بیستن . دوور دەکەونەوە . پرخەی عەلی دەبڕێت . تل دەدات و چاوانی هەڵدێنێ و دادەنیشێت :- لە کوێین ؟

پێی دەڵێم لە کوێین . دەپرسێت :- خەوم لێکەوت ؟

- سەرخەوێکت شکاند !

سەر وەردەگێڕێت و دەڕوانێتە گۆلاو وبەنداوەکە کە کەمێک لەولاترەوە ، لەتاریکیەکەدا سپی دەچێتەوە . هەڵدەستێت :- هەستە بابڕۆین ، دەست وچاومان فێنک بکەینەوە .

من دەزانم ئاوی گۆلاوەکە دوومەتر لە نەویاتیدایە .

- دۆڵچەمان نییە ئاوی پێ هەڵکێشین .

- خۆمان ڕووت دەکەینەوە و خۆمانی تێهەڵدەدەین !

هیچ ناڵێم . دەزانم کە ئەگەر پێی بڵێم بەم شەوە ، مەلەکردن لە گۆلاو وبەنداوەکەدا مەترسیدارە ، دەچێ بە چەقی نەحلەتا . دەڵیی گێژە . ناتوانێ بەباشی ڕێبکات . ساتمە دەدات . دەست دەخەمە کەمەری . خۆی بە شانمدا دەدات . دەگەینە گۆلاو وبەنداوەکە و دەستەکانی دەخاتە کەنار گۆلاوەکەو تەمەشا دەکات . ئاوەکە ، وەکو ئاوێنەی ڕوو قۆقز تاریکە و ئەستێران وەکو پەڵەی زەردی زام بە ڕوویەوە نیشتوونەتەوە . ئاوی گۆلاوەکە . لە قووڵایی دوو مەتریدایە . زمانی عەلی هێشتا قورسە :- هێی ! چەند ... لە خوارەوەیە !

بێئەوەی هیچ بڵێ دەکەوێتەڕێ . دووی دەکەوم . ئارەقە ، لە سەر ومل و هەنیەم تێکەڵاوی گەردوتۆز بووە و وشک بووەتەوە و کە دەستی پێدا دێنم دەبێت بە پڵیتە . هەوا فێنکە . شەرجی نییە . تەنانەت بۆنی شەرجیش نایەت . ئاسمان ساف و سایەقەیە . هیچ هەواڵێک لە تەمی دەریاوە نییە . دەریا ئارامە و دەنگەکەی خەوهێنەرە .

***

کە لەخەو بێدار دەبمەوە هەتاو تەواوێک بەرزە . عەلی ، هەڵدەستێ ، بەچاوی خەواڵووەوە ، حەسیرەکە لەبەر هەیوانەکە هەڵدەگرێ و دەیباتە ناو ژوورەکە و لە ژێر باگیرەکەدا دەخەوێت . دەبێ عەسر بۆ بەندەر کنگ برِوات تا شەوێ فریای نۆرە ئێشکەکەی بکەوێ . جلەکانم لەبەر دەکەم تابڕۆم بۆسەربازگە و حازری بدەم . دەنگ و باسێک لە شاردا بڵاوە . عەریف مرادیان لە شارەبانیەوە هەواڵەی سەربازگە کردووەو هەنووکە لە گرتووخانەکەی قەرەوڵخانەکەدا حەپسە .

دەرەجەداران ، شاریان قۆرخ کردووە . هەموو پێکەوە سوێندیان خواردووە کە لە هەرشوێنێ (شارەبانچی یەک) بدینن ، حەسیر مەیدانی بکەن . شەوی پێشوو ، نایب زابت پێشبین ، نایب زابت جیهانگیر ، نایب زابت کارگەر ، عەریف غانم و عەریف ڕازی کۆبوونەوەیان کردووە و لە ڕووی (تاسووبی پیشەییەوە) لێبڕاون بە هەرجۆرێ بووە ، عەریف مرادی لە چنگ شارەبانی (ئاسایش) دەربێنن و پاشان ، وەختێ ئەم کارەیان کرد (لە برۆ بۆ هەمیشە) ، (شارەبانچییەکان ) بەجۆرێ چاوترسێن بکەن کە جارێکی دی زات نەکەن بە ڕۆژی ڕووناک و بە بەرچاوی هەموو خەڵکی شارەوە ، بە بناگوێی عەریفێکی عەسکەریدا بکێشن و ئێستا ، ناسر (تەبعیدی) ش کە لە سەرۆکی شارەبانی پرە ، لە پێشی دەرەجەدارەکانەوە سینگی دەرپەڕاندووە و کنگرۆش وەکو عەنتەر ( مەیموون ) هەڵبەز و دابەز دوویان کەوتووە و شاریان قۆرخ و جەنجاڵ کردووە .

ناسر تەبعیدی ، لە بازاڕی سەرپۆشراودا ، چەقۆی لەدەستدایە و دەستەسڕە قز یەزدیەکەی لە مەچەکی پێچاوە و هاواردەکات :- ئینزیبات دەکرم ، دانەی بە سەد تمەن !

و بۆ دەرمانیش یەک پاسەوان لە کوچە و کۆڵانان و لە شەقامی مەساحدا نابینرێ .

دووکانەکانی بازاڕی سەرپۆشراو ، یەک لە دووی یەک دادەخرێن و جەماعەت دووی دەرەجەدارەکان دەکەون و قسە ، پێکەنین و کۆمێنت و تەشەران تێکەڵ دەبن .

دەرەجەدارەکان ، سەر لە بەیانی زوو ، چوون (کابینە) ی نیگابانیەکەی بەردەرگای شارەبانیان داغان کردووە و تەختەکانیان تووڕ داوەتە ناو داڵانەکەی شارەبانی و پاسەوانەکەی بەر دەرگا ، تا وەخۆ کەوتووە ، چەند شەقازللەیەکی مزری خواردووە و هەڵاتووە و خۆی بە ناو شارەبانیدا کردووە و ئێستا ، سەرۆکی شارەبانیش ، ناوێرێ لە شەقامەکەدا بەدیار بکەوێ .

نوور محەمەد ، سەرۆکی پۆستەخانە ، بە هانکەهانک دێت بە سەرا . پێکەنین ، بە چرچ ولۆچی ڕوخساریدا بڵاو بووەتەوە . لە شارەبانی پرە . تا ئێستا ، عەریف مراد عەلی ، پتر لە سەد کەڕەت جەلبی کردووە . خەلیفە مورشید ، لەتێ نان لوول دەکات و چەفیەکەی دەدا بە شانیا و لە دووکانەکەی وەدەر دەکەوێ و تێکەڵی جەماعەت دەبێت و قەپ بە نانەکەیدا دەکات . نوور محەمەد ، هەرکە دەیبینێ خۆی کەنار دەگرێ و خۆی لە ناو ئاپۆڕاکەدا گوم دەکات تا لێوەی نزیک نەبێت .

نایب زابت پێشبین تەواو نەشە و بەکەیفە . سمێڵی لە هەردوو سەرەوە باداوە و نووکی سمێڵی دەبریقێتەوە — دەڵێی بەڕۆن چەوری کردووە — وەکو کلکی کوڵاشدم (دووپشک) لە هەردوولاوە هەڵگەڕاوەتەوە .

نایب زابت پێشبین سەرۆکی ئینزیباتی بەندەر لنگە ، پۆز لێدەدا .

- شارەبانچی ، هەقی چییە کە خۆی بەسەر بابایەکی دەرەجەداری عەسکەریدا بنوێنێ ؟!

عەریف غانم ، لە داوی قسەکانی پێشبینەوە دەڵێت : - ئاخر کێ ئەو مافەی داوەتێ کە زات بکات و دەرەجەدارێکی وسوپایی بگرێت ؟

نایب زابت کارگەر ، بەر خەبەبەی پڕپا دەکات و دەڵێت :- هەر بەوەشەوە نەوەستێ ، لێشی بدات !

قەدەم . لە کەیفان ، لە پێستی خۆی ناهێورێ . عەینی ئەسپی ئاوی خۆی بەسەر لاقە ئەستوورەکانیا بکێش دەکات و دووی دەرەجەدارەکان دەکەوێت و بەدەم پێکەنینەوە دەکەوێتە هەلەکە سەما .

ئێستا هەمووان دووکانەکانیان داخستووەو دووی دەرەجەدارەکان کەوتوون . منداڵان کردوویانە بە هەرا و زەنا . ناسر تەبعیدی خۆی دەنوێنێ :- ئیزییات دەکرم دانەی بەسەد تمەن !

عەریف ڕازی ملی خواردەکاتەوە و دەڵێت :- من بە سەد و یەک تمەن دەیکرم !

پێکەنینی خەڵکەکە تێک دەئاڵێ . دەلیێ خەریکە دڵیان خاڵی دەبێت . دەلێی ساڵەهای ساڵە ، خواخوایان بووە یەکێک پەیدا بێت و ( شارەبانچی یەکان ) وەکو مشک بکاتە کونەوە و دەرگاکەی بەگڵ بگرن .

عەریف ڕازی شەلاڵی ئارەقەیە . بەقەد گامێشێک زەلامە . ناولەپی هەردوو دەستی ناوەتە سەر زگە زەلامەکەی و گەلاوگەڵ ڕێدەکات و سەری بە ڕاست و چەپدا دەگێڕێت . کنگرۆ ، بەبالای کورت و ئەندامی وردیلەیەوە ، شان بە شانی عەری ڕازی ڕێدەکات . دەستەکانی ناوەتە ناو قەدی و دەسەسرێکی تەڕی داوە بە دەوری گەردنیا . کەپووی کنگرۆ لە پەتاتەیەکی درشت دەچێت کە لەناوەندی ئامانێکی خاڵیدا دانرابێ . وادیارە دیسان دەرەجەدارەکان ، بەکۆمەڵ بەرەو شارەبانی دەڕۆن . خەڵکی ، ژن و پیاو و پیر وگەنج ، دوایان کەوتوون . جەژنی منداڵانە . بەهیچ جۆرێ ناهێورن . بەدرێژایی شەقامەکەدا وەکو ئەسپ بە یورغە دەڕۆن و بە ناولەپ دەکێشن بەشلکەی ڕانی خۆدا و دەگەڕێنەوە . ناسر تەبعیدی ، لە پێشی هەمووانەوەیە . سەربازگەکەیان داخستووە و کەوتوونەتەڕێ . بۆم دەردەکەوێت کە مێجەر عاسی فەرماندەی سریەی سنووریش ئاگادارە . بە قسەکانی عەریف غانمدا بۆم دەردەکەوێت کە کارەکە بەو سادەییەش نەبووە کە دەرەجەدارەکان خۆ سەری بکەونە ڕێ و دەرگای شارەبانی دابخەن .

عەریف مرادی — یان بۆ شارەبانی بردووە . نایب زابت مینابی دەستووری داوە کە لە ناوەندی باخچەی شارەبانیدا بە دارخورمایەکیەوە ببەستن و پاشان گوتوویەتی بە باتۆم (قوڵە داری دەست داروغە) نەرمی بکەن و پاسەوانەکانیش نەیانکردووەتە نامەردی و تا جوڵاوە جوڵاندوویانە .

ددانە زێڕەکانی عەریف غانم بە دیار کەوتوون و قسەدەکات .

– پێشبین بە مێجەری گوت جەنابی مێجەر حەیای سوپا ڕۆیی !

مێجەر گوتوویەتی :– باشە ئێوە ئیشتان چیە ، مەیەڵن بڕوات !

پێشبین کوتوویەتی :– عەریف مرادیان بۆ شارەبانی بردووە و بەکەیفی خۆیان ئەزیەتیان داوە !

مێجەر گوتوویەتی :– سەری ئێوە سەلامەت !

پێشبین گوتوویەتی :– هەنووکە چ ئەمرێک دەفەرمووی جەنابی مێجەر !

مێجەر گوتوویەتی :– بەکەیفی دڵی خۆتان ، بە دڵی خۆتان بکەن !

ئەوەبوو کە دەرەجەداران کۆدەبنەوەو لێدەبڕێن شار قۆرخ بکەن و لە هەر جێیە ( ئینزیباتێک ) بدینن ، حەسیر مەیدانی بکەن .

ناسر تەبعیدی بەدەم گوتنی (هل من مبارز)ەوە لە نەعرەتە دەدا .

– ئەهای ... ئینزیبات دەکڕم دانەی بە سەد تمەن !

عەریف ڕازی ، ملی خوار دەکاتەوەو دەکێشێت بە ورگیا و دەڵێت :– من دانەی بە سەد ویەک تمەن دەکڕم !

کنگرۆ وەکو مەیموون هەڵبەز و دابەز دەکات و خێرا و بەسەری زمان دەڵێت :

– پ ... پ ... پە ! ... سەد و یەک تمەن ؟ ... م ... مو دەکڕم بە ... د ... د ... د ... دوو سەد تمەن ... ئە ... ئەوە ... دووسەد تمەنەکە !

دوو دانە یەک تمەنی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێ و بەتووندی دەیکێشێت بەناو دەستیا !

شار خەریکە دەشێوێ . هەموو خەڵکی ، کار وکاسبیان ڕەها کردووەو دووی دەرەجەدارەکان کەوتوون . خەلیفە مورشید چاوی بەمحەمەد نوور دەکەوێ . لەپڕ ، خۆ بە خۆ هاوار دەکات .

- سڵاوات له عەلی !

محەمەد نوور ، خێسه له خەلیفه مورشید دەکات و دەچێته دواوەو خۆی به ناو ئاپۆڕاکەدا دەکات . خەلیفه مورشید بەچاو تاقیبی محەمەد نوور دەکات .

ئێستا ، چیوای بۆ شارەبانی نەماوه .

نایب زابت جیهانگیر جگەرەیەک دادەگیرسێنێ ، که مژ له جگەرەکه دەدات ملی درێژتر دەبێت . ڕێکردنەکەی له زەڕافه دەچێ . عەینی وشتر وایه . ئەگەر سێ چارەک هەرزن بکرێ به دەم وچاویا ، هەر هەمووی له کونجی ئاوڵەکانیا گیردەبێ و یەک دانەشی ناکەوێته عاردی . لاقی نایب زابت جیهانگیر ، له ڕاده به دەر درێژه . که دەگەنه شارەبانی ، له پڕ تاکی قورسی دەرگاکەی شارەبانی دادەخرێن و دوای تۆزێک نایب زابت مینابی که بازووی به سارغی بەستراوه ، به باڵا بەرزەکەیەوه له سەربانەوه پەیدا دەبێت . عەریف مراد عەلی و دوو پاسەوانی چەکدار به تفەنگی بڕنەوەوه له دوایەوه وەستاون . لێوی سەرەوەی عەریف مراد عەلی به سەری کەپوویەوه لکاوه . ئێژی خەریکه پێدەکەنێ . ئاپۆڕای خەڵکەکه هەموو شەقامەکەیان پڕکردووه . ناسر تەبعیدی هەر که چاوی به نایب زابت مینابی دەکەوێت هاوار دەکات .

- نایب زابت مینابی دەکرم ، دانەی به دووسەد تمەن !

نایب زابت مینابی ، به ئەسپایی دێتەقسه :- وازبێنن ، دەستبەردار بن ...

کنگرۆ ، دەست بەدەمیەوه دەنێت و جرتێکی بۆ لێدەدات . عەریف رازی ، به ناولەپی ، بەورگه زەلامەکەیدا که لەدەهۆڵ دەچێت ، دەکێشێت و بەدەنگی بەرز دەڵێت :- من به دووسەد ویەک تمەن کڕیارم !

نایب زابت مینابی خۆی کۆنترۆڵ دەکات . به ئارامی قسەدەکات .

- وازبێنن ، دەستبەردار بن . سوپا و شارەبانی فەرقیان نییه . هەموومان هی یەک مەملەکەتین . دەست لەم کارانه هەڵگرن !

نایب زابت کارگەر دێته قسان :- دوو قسەش له دایکی بووکێ بژنەون ( بەکەسێ دەگوترێ که نابەجایی بکات )

خەڵکەکه له قاقای پێکەنین دەدەن . نایب زابت پێشبین دەچێته پێشەوه و دەستی بەرزدەکاتەوه . دەگەڵ نایب زابت مینابییەتی :- تۆ دەتەوێ دەست لەم کارانه هەڵگرین ؟!

نایب زابت مینابی دەڵێت :- گوتم کە ئێوە و ئێمە فەرقمان نییە ، هەمووومان ...

قەدەمخێر ، خۆی لە قسەکەی نایب زابت مینابی هەڵدەقورتێنێ .

- هە .... هی ... هی ... عەریف مرادی ... !

نایب زابت پێشبین قسەکەی قەدەم دەبڕێت و هەموو خەڵکەکە بێدەنگ دەکات :- وازبێنن با قسەکەی بکات !

و ڕوو دەکاتە نایب زابت مینابی :- بڵێ ، قسەبکە !

- هەمووومان هی یەک مەملەکەتین .

پێشبین دەڵێت :- ئێمە خۆمان ئەمە دەزانین ... شتێکی دی بڵێ .

مینابی دەڵێت :- ئەم کارە نەبە قازانجی ئێوە و نە بە قازانجی ئێمە نییە . واز بێنن و بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوە .

نایب زابت پێشبین ، دەست سووک دەکات :- زۆر چاکە نایب زابت مینابی واز دێنین بەڵام بە مەرجێک .

نایب زابت مینابی بێدەنگە . نایب زابت پێشبین دیسان دەڵێت :- گوتم بە مەرجێک . گوێت لێبوو ؟

نایب زابت مینابی دەڵێت :- چ مەرجێک ؟

پێشبین دەڵێت :- دەبێ لە بەردەم ئەم حەشیمەتەدا بەڵێن بدەی .

- بەڵێنی چی بدەم ؟

- کە مەرجەکە قەبووڵ بکەی !

هەموو بێدەنگ بوون و چاویان بڕیوەتە پێشبین .

- ها ، قەبووڵی دەکەیت ؟

نایب زابت مینابی دێتە قەراخ سەربانەکە و دەڵێت :- نایب زابت پێشبین ئەمە کاری منداڵانە . باش نییە .

پێشبین دەڵێت :- نە بەگیانی تۆ ، ئەو مەرجەی کە دەیڵێم کاری پیاوانە .

نایب زابت مینابی وەکو ئەوەی تاقەتی چووبێ دەڵێت :

– زۆر چاکە ، قەبووڵی دەکەم . دەی بڕۆن بە دووی کاری خۆتانا لەوەی پتر ئابڕو ڕێژی مەکەن !

پێشبین ڕوودەکاتە حەشیمەتەکە وبەدەنگی بەرز دەڵێت :– گوێتان لێبوو ؟ ... هەموو گوێتان لێبوو ؟ ... مەرجەکەی قەبووڵە ...

وئەوسا ڕوو لە نایب زابت مینابی دەکات و لە سەری دەڕوات .

– زۆرچاکە سەرکار ( وشەی ڕێزە بۆ سوپاییانی لە ئەفسەر بچووکتر ) مینابی . مەرجی ئێمە ، بۆ ئەوەی لێرە بڕۆین ، ئەمەیە کە هەر ئێستا ، لە بەردەم جەماعەتدا ، مەرد ومەردانە ، سێ چەل قوونت بدەی بە عاردیدا !

یەکسەر قاقای پێکەنین بەرزدەبێتەوە . نایب زابت مینابی سووری سوور دەبێتەوە . هاوار دەکات . هاوارەکە لە نێو حیلک و هۆڕی خەڵکەکەدا گوم دەبێت . بۆی دەردەکەوێت کە فایدەی نییە ، بێسوودە هەوڵی . کە پێکەنینەکە دادەمرکێتەوە دەڵێت :

– زۆرچاکە ، ئاگر لە شارەبانی بەربدەن . هەموومان بکوژن . من دەچمە خوارەوە . هەرچیتان پێخۆشە بیکەن ... بەڵام دەبێ پاشان باجەکەی بدەن !

کنگرۆ دیسان جرتێکی بۆ لێدەدا . حیلک وهۆڕی خەڵکەکە دیسان بەرزدەبێتەوە . لەناکاوا جێبەکەی کۆلۆنێل میهرەبان ، فەرماندەی فەوجی مەرزی ، لەو سەری بازاڕی مەساحەوە پەیدا دەبێت . نایب زابت ، لە قەراخ سەربانەکە دەکشێتەوە و دەستەکانی دەنێتە کەمەری و تەمەشای لای جێبەکە دەکات . خەڵکی دەکەونە ملەقوتێ . جێبەکە دێتە پێشەوە ، ستۆپ دەگرێت ، تەپ وتۆزی سەرجادەکە بەرزدەبێتەوە . کۆلۆنێل لە ناو جێبەکەیە . خەڵکی ڕێگە بۆ کۆلۆنێل دەکەنەوە . ڕەنگی زەرد بووە . خوار چاوی ڕاستی دەفرێ . دەرەجەدارەکان هەموو خەبەردار دەوەستن . کۆلۆنێل لەبەرانبەر نایب زابت پێشبیندا دەوەستێ . شەلاڵی ئارەقەیە . دەنگی کۆلۆنێل دەتەقێتەوە :– ئەمە چ ڕیسواییەکە ناوتەتەوە پێشبین ؟!

نایب زابت پێشبین مینگەمینگێک دەکات . کۆلۆنێل لە سەری دەڕوات .

– بە ناخێرت سەرۆکی ئینزیباتیشی ! شەرم لەخۆت ناکەیت ؟!

قەدەمخێر پەست دەبێت . نایب زابت جیهانگیر جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە . ناسر تەبعیدی دەستە سڕەکەی لە چەقۆکەیەوە دەپێچێت تا دیار نەبێت . کنگرۆ ، پاشەکشە دەکات و خۆی لە نێو حەشامەتەکەدا گوم دەکات .

عەریف ڕازی دەست دەنێتە سەر درزی پانتۆڵەکەی و ملی خواردەکاتەوە . عەریف غانم سەری دادەخات . نایب زابت کارگەر خۆی لە پشت عەریف ڕازییەوە قایم دەکات و لووتی دەسڕێت و دەپژمێ . دیسنا هاواری کۆلۆنێلە .

- بڕۆن ! ... دەی بڕۆن بۆ سەربازگە !

پێشبین ئەم پێ و ئەو پێ دەکات :-ئاخر جەنابی کۆلۆنێل !

کۆلۆنێل هاواردەکات :- بێدەنگ ! ...

پێشبین حەزناکات ، دەستبەرداری ئەو فەرتەنەیە بێت کە ناویەتیەوە .

- یاڵڵا ، خێرا بۆ سەربازگە !

نایب زابت پێشبین هەستدەکات کە خەریکە تووشی ناکامی دەبێت . مقاوەمەت دەکات :- ئاخر جەنابی کۆلۆنێل !

هاواری کۆلۆنێل ، قسەکە بە پێشبین دەبڕێت :- دەی بجوڵێ !

شانی پێشبین دەگرێت و دەڵەکی دەدات .

پێشبین هیچ چارەیەکی نییە . دەکەوێتەڕێ و هەموو دووی دەکەون .

***

عەریف مرادی بۆ بەندەر خمیر دوور دەخەنەوە . بەڵام نازانم چۆن وبۆچی زوو دەگەڕێتەوە .

نایب زابت پێشبین سمێڵی بادەدات و خۆی پڕبا دەکات و دەڵێت :

- من بۆی تێکەوتم . بە ئاستەم بازووی مینابی ڕووشاندبوو ، بەڵام لە تۆڵەی ئەوەدا ، لە شارەبانی ئەو هەموو کوتەکەی خوارد !

دەڵێت :- بە کۆلۆنێلم گوت ئیدی دەرەجەداری سوپا لەبەندەر لنگەدا ئابڕووی نیە . پێمگوت جەنابی کۆلۆنێل ، تاسووبی پیشەیی کێوە چووە ؟

نایب زابت جیهانگیر ، باڵابەرزەکەی بادەدات و چەناگە درێژەکەی دێنێتەپێشێ و دەڵێت :

- چما نایب زابت جیهانگیر مردووە کە عەریفێکی عەسکەری دووربخەنەوە !

دەست دەکێشێت بەسینگی خۆیدا و دەڵێت :- من بۆی تێکەوتم !

نایب زابت جیهانگیری سەرۆکی نووسینگەی فەوجی سنووره .

- بە کۆلۆنێلم گوت جەنابی کۆلۆنێل ئەمە کاری کردەنی نییە کە دەرەجەدارێکی سوپایی لە شارەبانی دارکاری بکەن ، خڵتانی خوێنی بکەن و پاشان حەپس بکرێت و دواتر دوور بخرێتەوە !

دەڵێت :- بە کۆلۆنێلم گوت لە سەرۆکی شارەبانیەوە فێربە کە لە گوڵ کاڵتری بەنایب زابت مینابی نەگوت .

دیسان ملی دادەنەوێنێ و دەڵێت :- هەڵبەتە ، نەک بەم ڕاشکاویە . بەڵام بەپێچ و پەنا تێمگەیاند !

قەدەم ، کەلەشی زەلامی لە سەر تەختی چاخانەکە دەجوڵێنێ و بەکاوەخۆ مژ لە نێرگەلەکەی دەدات و دەڵێت :

- من بۆی تێکەوتم و فریای کەوتم . هەرچییەک بێ مرادی کەسێکی جوامێرە ! ... هێشتا جوامێرە ! ...

ودەڵێت :- چووم بۆ لای بابا سەعید و وادارم کرد دوعایەک بنووسێت . دوعای بابا سەعید هەمیشە گیرایە ! ...

و هەمدیس دەڵێت :- کەڵەشێرێکی خەسیوم بۆ برد !

عەریف مرادی ، لە دە دوازدە ڕۆژ پتر لە بەندەر خمیر نامێنێتەوە و دووبارە بۆبەندەر لنگە دەگەڕێتەوە .

گەیلان بانگم دەکات . لەسەر سەکۆیەکەی بەردووکانەکەی دانیشتووە و بەباوشێنە حەسیرەکە خۆی باوەشێن دەکات :- وەرە چایەک بخۆوە !

گەیلان کە لە دووکان دەبێ هەمیشە قۆڕیەکەی لە سەر ئاگرە . تەباخێکی سێ پڵیتەیی لە ناو دووکانەکە داناوە کە هەمیشە پێیە و پڵیتەکەی کز کردووە و کتری و قۆرییەکەی لەسەرە . لەلایەوە دادەنیشم . تا ئەو چایەکە تێدەکات ، لێی دەپرسم :-چوویت بۆ شارەبانی ؟

بزە دەکات و ددانە درشت و ساف و یەکدەستەکانی کە لە تەماکۆدا زەرد هەڵگەڕاون وەدەر دەکەون و دەڵێت :

- ئا چووم .

- ئێ ؟

- پرس و جۆیان لەگەڵ کردم .

- دوایی ؟

- دوایی و موایی ناویّ ! چما هەقی ئەوەم نییە تەماکۆ بە بابایەکی مشتەری بفرۆشم ؟

گەیلان دەڵێت کە قەت نەچووەتە ماڵی شەریفە . دەڵێت کە شەریفە تەنیا مشتەری ئەم بووە و جارجارێک هاتووە و تەماکۆی کڕیوە .

لەبیرمە کە شەریفە تازە هاتبووە بەندەر لنگە ، گەیلان سەری ڕێی پێ گرتبووم و گوتبووی :

- بیستوتە چ پارچەیەک هاتووەتە لنگە ؟! ... دەڵێن لەودیو گۆم وبەنداوی ڕودباریەکانە !

پیاڵە چایەکەم دەداتە دەست و وەکو پیاوێکی داوێن پاک دەڵێت :

- ئەسڵەن کێ باوەڕ دەکات کە منی خودان عەیال بچمە قە ... بازی ؟ ... ها ؟ ...

هەموو نیوەڕۆیەک ، کە بانگی نوێژ لە مزگەوتی محەمەدەوە بەرزدەبێتەوە ، گەیلان دووکانەکەی بەکراوەیی بەجێدێڵێ و بە هەشتاو بۆ مزگەوت دەڕوات و نوێژەکەی دەکات ودەگەڕێتەوە .

- گەیلان ، من سەر لە کارەکانی تۆ دەرناکەم !

تەمەشام دەکات :- سەر دەرناکەیت ؟

- نە لە عەرەق خواردنەکەت و نە لە نوێژە بەوەختەکانت !

بزەیەک دەکات و دەڵێت :- هەرشتە لەکاتی خۆیدا باشە !

گەیلان ، هەموو مانگی ڕەمەزان دەگرێت . هەرکە بەربانگی کردەوە و نوێژەکەی کرد ، چەفیەکەی دەدات بەشانیا و دەڕوات بۆ پشتە تا چۆڕێ عەرەق بخواتەوە و دوو دەمەتەقە بکات و شەوێک بگوزەرێنێ .

- گەیلان ، نە لە ڕۆژوو گرتنەکەت و نە لە عەرەق خواردنەوەکەت !

بەدەم بزەیەکەوە دەڵێت :- هەرشتە بەجێی خۆی !

گەیلان پیاڵەکەم لە دەست وەردەگرێت و دەڵێت :- بۆت تێبکەمەوە ؟

- ئا .

چای دووەمم دەداتە دەست و دەڵێت :- بە سەرۆکی ئیدارەی تاوانم گوت جەنابی سەرۆک من ژن و منداڵم هەن ، خودان عەیالم ، نوێژ دەکەم ، ڕۆژوو دەگرم ...

قەند دانەکە هەڵدەتەکێنێ تا کلۆ درشتەکان بێنە سەرەوە .

- ... جەنابی سەرۆک گوتی دەزانم گەیلان ... پێمگوت ئەدی لەپای چی ؟ ... گوتی دەزانم گەیلان ، لێ ، من دەبێ ئەرکی خۆم جێبەجێ بکەم .

لێوە ئەستوور و شینەکانی لێکدی دەترازێن ، بەدەم بزەوە دەڵێت :- ئاخر ... بەخۆت کە دەزانی ، لە گەڵ جەنابی سەرۆکدا هاوڕێم ! ... هەندێجار قەرزم لادەبات و هەندێجاریش ئیدی ... بەخۆت دەزانی ؟

و گۆشەی چاوە درشت و ڕەشەکەی دادەگرێت .

کە چای دووەم دەخۆمەوە ، دەخوازم کە هەستم ، دەلێت :- جارێ دانیشە ، پەلەت چیە !

- کارم هەیە .

- زۆر چاکە . جارێ یەک دوو دەقیقە دانیشە !

دادەنیشم و قسەی خۆی دەکات :- بیستوومە کە جارجارێ دەچێتە ماڵی خورشید کولاە ؟

تەمەشای دەکەم . دیسان پێدەکەنێ .

- بۆچی ؟ مەبەستت ؟

- هیچ ... هەروا ! ...

مینگەمینگێک دەکات و لە سەری دەڕوات:- ... گوتم ئەگەر دەکرێ ... باجارێک پێکەوە بچین !

- بۆچی خۆت ناڕۆیت ؟

دەڵێت :- ئاخر ، گوایە تەنیا پێشوازی بێگانان دەکات .

هەڵدەستم و دەڵێم :- من ئێستا ناچم بۆ ئەوێ .

بە حەسرەتەوە دەپرسێت :- ناچی ؟ .. بۆ ؟

پێی دەڵێم :- حەزناکەم .

بە ناولەپ دەکێشێت بەڕانیا و دەڵێت :- ئاخ ! ... حەزت لە خورشید کولاه نییە ؟

ڕاست دەڕوانمە دوڕچاوانی و پێی دەڵێم :- بەڵام تۆ ، گەیلان ، خودان عەیالی ... ژن و منداڵت هەیە !

لە قاقای پێکەنین دەدات ودەڵێت :- هەر شتەو بەجێی خۆی بابەکەم ! ... ئەمانە قسەی بێ سەروبەرە ... !

دەکەومەڕێ . حوزورنامەکەم ئیمزاکردووە و هیچ کارێکم نییە . عەلی چووە بۆ کنگ . زۆر تەنیام . تا ڕۆژ بگەیەنمە شەو گیانم دێتە کونە لووتم . لە چاخانەکەی ئەنوەر مەشدییەوە بۆ دووکانەکەی گەیلان ، لە دووکانەکەی گەیلانەوە بۆ نانەواخانەکەی عەلی دادی . پاشان بازاڕی مەساح . سەرێکی پۆستەخانەش دەدەم تا بزانم پۆستە هاتووە یان نا . ئەگەر پۆستەهاتبێ ، سەرێکی سەیدیش دەدەم تا ڕۆژنامانی یەک مانگ لەمەپێشی ، کە تازە هاتووە لێوەربگرم .

هەندێجار کە زۆر بێتاقەت دەبم ، قولاپی ماسیگری هەڵدەگرم و دەڕۆم بۆ سەر ئەسکەلەکە دادەنیشم و ماسی دەگرم ، وەک بڵێی هەموو ماسییانی دنیا لە کەنداو خڕ بوونەتەوە .

دەڕۆم بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی .

- بەختی دەبینی ! دەبینی چ بەختێکی هەیە !

ئەنوەر مەشدی یەک پیاڵە لیمۆ بە سرەی کولاوم لە بەردەمدا دادەنێت و لە سەری دەڕوات .

- دڵم خۆشبوو کە مرادی ڕۆیی . گوتم دوعاکەی بابا سەعید کاری خۆی کرد و لە شەڕی ڕزگاربووین !

قەدەم خوشحاڵە ، بەخۆ دەفشێ ، خۆی هەڵدەکێشێ .

- گەڕایەوە . خۆم گوتم دەگەڕێتەوە ! دەمزانی کە دەگەڕێتەوە . دەک بترەژم بابا سەعید !

قەدەم دەپرتێنێ :- بەڵام ئەگەر دەست لەم قووندەرە هەڵگرێ .

مرادی بوێر بووە . ئێستا کەس حەریفی نییە ، یەخەی تا سەر ناوک دەکاتەوە تا شێرە کوتراوەکانی سەرسینگی دەربکەون . بەردەوام خۆی هەڵدەکێشێت . نایب زابت مینابی بەرچەقۆ داوە . دووریان خستووەتەوە و زوو گەڕاوەتەوە .

– ها ! ... وادەزانی هەڤڕکی کێی ؟

کۆڵەمستی دەگوشێت و دەکێشێت بەسینگی خۆیدا . ئەو مارەی کە لە سەر باسکی کوتراوە لوول دەخوات و ئەوگایەی کە کەوتووەتە ناوبازنەی مارەکەوە زیاتر دێتە سەر چۆک .

– بە من دەڵێن مرادی ... ! واخەیاڵ دەکەن کە دەتوانن لە بەندەر خمیرم بهێڵنەوە ... هێی هێی ... !

مەمدۆ بووە بە عەرەق خۆر ... دەنگیشی نێربووە . عەینی تازە بالقان . قۆڵەکانی هەڵدەکات ، یەخەی دەکاتەوە و لە گەڵ مرادیدا ، بە بازاڕی مەساحدا ، بە چاخانە و بە بازاڕی سەرپۆشراودا دەسووڕێتەوە .

لیمۆ بەسرە کولاوەکە دەخۆمەوە وهەڵدەستم تابڕۆم بۆ پۆستەخانە .

محەمەد نوور ، گڕی گرتووە . هەرکە دەمبینێ ، لە پشت تەپڵەکەکەوە هەڵدەستێ و سەر ودەستەکانی دەجوڵێنێ و دەڵێت :– وەرە ... تۆ وەرە تەمەشا بکە ! ... دەوەرە تەمەشابکە ! ... ئاخر تەمەشا من کلکم هەیە ؟ ... نا ، تۆ ئەو خوایە وەرە تەمەشا بکە . هەر دین و ئیمانێکت هەیە ، باهەتبێ ! ... خۆچاوت هەیە ... دەوەرە تەمەشا بکە !

بە دەم ئەو قسانەوە پشت دەکاتە من . گێژ و وێژ دەبم . نازانم چی ڕویداوە .

محەمەد نوور ، بە دەنگی نووساو لە سەری دەڕوات :– دەوەرە ... وەرە تەمەشا بکە !

دەیەوێ پانتۆڵەکەی لە بەری داماڵێت کە سەرگەردان ، دەستی دەگرم و دەڵێم :– ئەستەغفروڵڵا محەمەد نوور ... چی بووە ؟ ... بۆ وا تووڕەی ؟

ڕەنگی محەمەد نوور ڕەش داگەڕاوە . دەمی نیوە وازە ( کراوە ) . جێگای ئەو دوو ددانەی پێشەوە کە کەوتوون ڕەش دەچنەوە . هێوری دەکەمەوە . لە پشت تەپڵەکەکەوە دادەنیشێت . ڕدێنی دەجووڵێت . لەبن لێوەوە هەندێ شت دەڵێت کە مەفهووم نییە . هێشتا باش وەخۆ نەهاتووەتەوە . بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبم . دێتە قسان . دەنگی گڕە .

– چای دەخۆیتەوە ؟

ئەوەندەم چای خواردووەتەوە خەریکە دڵم تێکهەڵدێ . بەدڵی ئەو دەکەم .

– دەخۆمەوە .

چایم بۆ تێدەکات و پاشان دەستدەکات بە ئامادەکردنی نێرگەلە . سەعاتێکی چاڵمەی هەڵوەشاوە بە سەر مێزی ئاوێنەکەی کەنار مێزەکەیەوە هەیە . بورغوو و سپرینگەکانی سەعاتەکەی هەڵڕشتووەتە ناو پیاڵەیەکی مسینی بچووکەوەو ڕۆندانێکی بچووک ، لای سەعاتە هەڵوەشاوەکەیە . بە قسەکانیا بۆم دەردەکەوێت کە یەکێک بە ڕێگادا ڕۆییوەو سەری کێشاوەتە پۆستەخانەکە و بە محەمەد نووری گوتووە کە بیستوویەتی سونیەکان کلکیان هەیە . تا محەمەد نوور هەڵدەستێ و کوتەکەکە کە لە سێسووچی ژوورەکە هەڵدەگرێ ، کابرا قووچاندوویەتی وبۆی دەرچووە . محەمەد نوور دەڵێت کە دەیناسێت .

– دەیناسم ... باشی دەناسم ... وەکو ناولەپی دەستم ... خەڵکی مەغوییەیە ... بەندەر مەغویە ! ... دەیناسم ... بەناخێری بەخۆیشی دەڵێت موسوڵمان ... شیعە ! ... باشی دەناسم ... پیشەی دزینی گاوگوتاڵ و جاشکی خەڵکیە ! ... یەک یەک دەیاندزێت و لە چیاو چۆڵاندا دەیانشارێتەوە تادەبن بە دە پازدەیەک هەنگێ دەیانبات بۆ بستەک یان گەلەدار ( دوو شاری باشووری بەندەر لنگەن ) ... چوزانم ... بۆ شوێنێکیان دەبات و دەیان فرۆشێت .

چەند کلۆ خەڵوزێک دەخاتە ناو ئاگردانەکە . چەند دەنکە شقارتەیەکی نیوە سووت لە سەر کلۆ زوخاڵەکان دادەنێت و ئاگری پێوە دەنێ و هەڵدەستێ و ئاگر گەردانەکە بادەدات . کە زوخاڵەکان دەگەشێنەوە دەینێتە سەر نێرگەلەکە . هەنووکە ، وەخۆ هاتووەتەوە . دەست بە قسان دەکات .

– عومەر ، پێشەوای مەزنی دیارو دەڤەری ئیسلام ، وەکو هەر عەرەبێکی سادە ، دەستارێکی لە سەر بەستووە و لە سەر حەسیری مزگەوت خەوتووە . هورمزان بە تەنتەنە وسەنسەنەوە هات . کە چاوی بەعومەر کەوت ، باوەڕی نەکرد کە فەرماندەی لەشکرێک کە ئیمپراتۆریەتی مەزنی ساسانی تەفروتونا کردووە، کابرایەکی واسادە بێ ...

مژ لە نێرگەلەکە دەدات . چرچ دەکەوێتە نێوچەوانی و دەڵێت :– ... ئیسلام یانی ئەمە ... موسوڵمان یانی ئەمە ... یانی عومەر ...

دیسان مژ لە نێرگەلەکە دەدات .

بەرلەوەی دووبارە بێتە قسان — و ئەگەر بێتە قسە هەموو مێژووی ئیسلام بە هەموو باوەڕێکی خۆیەوە ، دەگێڕێتەوە — لێی دەپرسم :– محەمەد نوور ، پۆستە هاتووە ؟

– ها ! ... هاتووە .

بەینی نامەکان دەگەڕێت و تەمەشام دەکات .

– تۆ ... نامەت نییە .

نێرگەلەکەم دەداتێ . لێی وەردەگرم و دەیکێشم . سەعاتە چاڵمە سەقەتەکە ڕادەکێشێتە پێشەوە و تێی دەوڕوکێ . بە یاغدانەکە ( ڕۆن دان ) لێرەو لەوێ ، چەند شوێنێکی چەور دەکات . پاشان زەرەبینەکە دەنێت بە چاویەوە تا بورغوەکانی تووند بکاتەوە . بورغویەک دادەنێت ، پێی ناکات . دەیگۆڕێت و دیسان برغوویەکی دی دادەنێ کە پێی بکات .

– وەرە بابەکەم ... وەرە ئەمە بگرە !

کە سەعاتەکە دەبەستێتەوە و دەیداتەوە دەست مشتەریەکە ، چەند بورغویەک کە زیاد بوون ، لە کاغەزێکەوە دەپێچێ و دەیداتە دەست مشتەرییەکە .

– وەرە بابەکەم . وەرە ئەمانە بگرە . ئەم چەند بورغوەش زیادە . هی خۆتە ! ... ماڵی حەڵاڵی خۆتە !

لە بەستنی بورغوەکانی سەعاتەکە ماندوو دەبێت . بورغوەکە ، لە ژێر دەرنەفیزەکەدا دەخزێ و شوێنی خۆی ناگرێت .

محەمەد نوور ، باوەڕی وایە کە کارخانەێن سەعاتسازی ، بورغوەکان بەجۆرێ دروست دەکەن ، کە کاتێ کرانەوە ئیدی نەبەسترێنەوە .

– ئاخر قازانجیان لەمەدایە ... کاتێ سەعاتەکە خراپ بوو ، پیاو تووڕی دەدات و سەعاتێکی نوێ دەکڕێت ... بەڵام خەیاڵیان خاوە . هەرچۆنێ بووە من سەعاتەکە چاک دەکەمەوە !

تاقەتی دەچێت . سەعاتەکە لە سووچێکەوە دادەنێ و بە قامکی ، ئەو دڵۆپە ئارەقە درشتەی لە سەر کەپووی قەتیس ماوە ، دەسڕێت . زەرەبینەکە لەچاوی دەکاتەوە .

– دەبینی ؟! ... دەبینی خەڵکی چقاس (چەند) ناموسوڵمانن !

مەبەستی کابرای مەغویەیە . وا دیارە بە درێژایی ئەو ماوەیەی کەخەریکی سەعاتەکە بوو ، هەر بیری لای ئەو ڕووداوە بوو کە بۆی هاتبووە پێش .

پێی دەڵێم :– هەرچی عەیبێک هەیە لە موسوڵمانی ئێمەدایە .

بزە دەکات .

محەمەدە نوور ، هەرکە دەستی بەتاڵ دەبوو مێژووی ئیسلامی دەخوێندەوە . کتێبخانەکەیم دیتووە . سەد کتێب زیاتری هەیە . زۆربەیان دەربارەی مێژووی ئیسلامە و چەند دانەیەکیشی ، دەربارەی باس و فەرموودەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرە لە واری فیقهی شافعی دا .

محەمەد نوور لە ژیانی خۆی ڕازییە . هەم سەعاتسازی و هەم عەینەکسازی دەکات و هەم سەرۆکی پۆستەخانەشە . تاقە نیگەرانی و دڕدۆنگی و بێزاری ، لە دەستی خەڵکانی وەک خەلیفە مورشید و شاتر غوڵامە کە سەردەکەنە سەری .

چای دووەم دەخۆمەوە و دەکەومەڕێ کە تەگبیرێکی فراڤین و نیوەڕۆژە بکەم .

کە فراڤین دەخۆم ، گیانم قورس دەبێت . کتێبێکی بچووک ، کە هاودەورەکەم ، دەگەڵ تەنەکە عەرەقەکەدا بۆی ناردووم ( نازانم لەوەشە هەروا خوا بەختەکی کەوتبێتە بەینی کاغەز و پووشەکانی دەوری تەنەکە عەرەقەکەوە ) هەڵدەگرم و لە ژێر باگیرەکەدا درێژ دەبم . فۆنتی وشەکانی کتێبەکە زۆر وردە. ئەو شنەبایەی کە لە باگیرەکەوە وەژوور دەکەوێ ، خەو ئاوەرە . پیتەکانی کتێبەکە زۆر ئاشنایە . چاوم ماندوو دەبێت . پیتەکان ئەوەندە وردن کە تێکەڵ دەبن ، لەبەرچاوم دەڕۆن . ڕوندک لە چاوم قەتیس دەمێنێ . هەڵدەستم و زەڕەبین دەدۆزمەوە . پیتەکانی کتێبەکە باش دەناسم . ساڵەهای ساڵ دەگەڵ ئەم پیتانەدا ژیاوم . شەوانێکی زۆر لەگەڵ ئەم پیتانەدا ، لە کونجێکی خەڵوەت و تەنانەت دوور لە چاوی باب و داکم دانیشتووم و پێکەوە قسەمان کردووە . پیتەکان ، هەندێجار هاواریان دەکرد ، هەندێجار تووڕە دەبوون ، هەندێجار سەرزەنشتیان دەکرد ، گلەییان دەکرد وهەندێجار فێریان دەکردم کە دەبێ چۆن بیربکەمەوەو دەبێ چۆن بژیم وتەنانەت فێریان دەکردم کە چۆن دەبێ خۆشیان لە چاوی نامەحرەم بشارمەوە . هەندێجار ڕێدەکەوت — کە گفتوگۆ دەگەڵ پیتەکاندا تەواو دەبوو — ڕۆژنامەکەم قەد دەکرد و هەڵدەستام و دەکەوتمە ڕێ تا بیگەیەنمە کەسانێک کە چاوەڕوانی بوون .

ئەم پیتانەم لا ئاشنان . ئێستا ، پیتە وردەکان ، لە ژێر زەڕەبینەکەدا درشت بوون . هەنووکە ئارامن و لە بەر چاوم ناڕۆن ، تێکەڵی یەکدی نابن . هۆگری ئەم پیتانەم . ڕۆژانێکی یەجگار زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی گەیشتنی هەمان ئەم پیتانەم دەکرد کە لە سەر کاغەزی ڕۆژنامە ، بەپاڵ یەکەوە ڕیز بوو بوون .

– سەعات پێنج و نیو ، باغی موعین ... لە بیرت نەچێ هاوڕێ ! دەمزانی کە ڕۆژنامە هاتووە .

– دووی دوای نیوەڕۆ ، باغی موعین .

خانوویەکی بچووک بوو کە لە پەراوێزی دارخورماکانی باغی موعین ، لە بەینی خانووەکانی دیدا ، گوم و نادیار مت بوو بوو .

– ئەمشەو سەعات دە ونیو ، دێر نەکەوی !

بە تاسەوە دەکەوتمەرێ ، بەبەر سینەمای ( میهەن = نیشتمان ) دا تێدەپەڕیم . باغی میللیم قەدبڕ دەکرد و لە شارەبانی ڕەتدەبووم . کە دەگەییمە قوتابخانەی نیزام وفا ، بەرەو پەیمانگا پێچم دەکردەوە و پاشان ، بە لێژگەکەی کە نار کاروندا نشێو دەبوومەوەو بەرەو باغی موعین دەبوومەوە . کە دەگەییمە خانووەکە دوو زەنگی کورت و دوو زەنگی درێژم لە بەینی یەکدا لێدەدا . دەرگا دەکرایەوە . سەفتە ڕۆژنامەکان ، لە ناو ژوورەکەدا ، لە سەر یەک کەڵەکە بوو بوون . دووکەسی دیکەش لە برادەران لەوێ بوون . هەندێجاری واهەبوو تاکو سپێدە ڕۆژنامەمان قەد وبەستەبەندی دەکرد و بەشی شارەکانمان لە لایەکەوە دادەنا . قسەمان دەکرد و پێدەکەنین و چایمان دەخواردەوە و کارمان دەکرد ، کە بەڕاستی بەلەزەت بوو . بەڵام بە هەموو لەزەتێکەوە کە لە کارکردنمان دەبینی ، دەمانزانی کە ئەگەر چاوی نامەحرەم بە ڕۆژنامەکان بکەوێ و ئەگەر خانووەکە ( کەشف ) ببێت ، مەگەر هەر خوا بزانێ چ بەڵایەکمان بەسەردێت .

زۆر ئاشنای ئەم پیتانەم . ساڵەهای ساڵ دەگەڵ ئەم پیتانەدا ژیاوم .

– پەیک ( تەتەر ) هاتووە .

(پەیک) ڕۆژانی چوار شەممە دەهات و کە ڕۆژی شەممە ، ڕۆژنامەکە لە هەموو شارەکاندا پەخش دەبووەوە .

هەندێجار وارێدەکەوێت کە (پەیک) ڕۆژانی پێنج شەممە دەگەیی ، کە بە تەواوەتی دڵتەنگ و نیگەران دەبووین .

– نەکا گیرابێ !

جارێک ، ڕۆژی شەممە هات . لە نیگەرانی و چاوەڕوانیدا ڕۆحمان گەییە کونە لووتمان . سێدانە ڕۆژ نیگەرانی و چاوەڕوانی .

– نەهات ؟

– نە !

– لەوەیە گیرابێ !

خانووەکەی باغی ( موعین ) مان چۆڵ کرد و دەرگاکەیمان داخست و دووراو دوور ئێشکمان گرت .

- بڵێی چاپخانەکە کەشف بووبێ ؟

- ئەگەر کەشف بووایە تا ئێستا هەموو دنیا دەیانزانی .

- ئەدی چی بووە ؟

- من دەڵێم پەیکەکە کەشف بووە .

- من دەڵێم چاپخانەکە کەشف کراوە .

سەرم قورس دەبێت . چاوم قورس دەبێت . پیتە چاپکراوەکان لەبەر چاوم دەڕۆن .

- یانی دەشێت چاپخانەکە کەشف بووبێ !

دەستم قورس دەبێت . زەرەبینەکە دەکەوێتە سەر عاردی .

- لەوەیە ... چاپخانەکە ... کەشف ... بووبێ .

ئانیشکم دەچەمێتەوە و کتێبەکە دەکەوێتە سەر سینگم .

- .. چاپخانەکە ... کەشف ... کراوە ... !

سەرم ئاوساوە . دەڵێی دەنگەکان لە ناو سەرما دەنگدەدەنەوە .

- چاپخانەکە ... کەشف کراوە ... چاپخانە ... چاپخانە ... چاپخانە ...

دەنگی زبری پیاوێکە کە عەینی چەکوش بە دیواری سەرمدا دەدرێ .

- چاپخانەکە لە کوێیە ؟

دەنگی ئیحسان دەژنەوم . دەڵێی لە قووڵایی دۆڵێکەوە دێت .

- گوتم نازانم ... سەد کەڕەتم گوت نازانم !

ئێستا دەنگ ، دەنگی مێجەر زیبەندەیە . ئارام و گڕ و نەوی قسە دەکات .

– هێشتا نکۆڵی دەکەیت ؟

ئەژنۆکانم دەلەرزن ، بەڵام بەرەڤانی دەکەم . ئەنگوستەکانی پێم لەم بەرو ئەوبەری دەرگاکە گیرکردووە . سەردەرانە ئاسنەکەی دەرگاکەم بە قامکەکانم توند گرتووە . نێوچەوانم ناوە بە کەتیبە گەچینەکەی دەرگاکەوە و لە درزی سەرەوەی دەرگاکەوە سەیری ناو بینەی حەمامەکە دەکەم . حەسەن ، عەتا ، کازم و یاقووب ، هەر هەموویان لە پشت دەرگاکە خڕ بوونەتەوە . کراسەکەی ئیحسان بەخوێنی وشکەوە ، لە بەریا گرمۆڵە بووە . هەموو پشتی سوور دەچێتەوە . دەبێ تەنترۆک بێ . کە کراسەکەی بەدەم جەزرەبەی قامچی و شەلاخەوە دادڕاوە ، زامی وشکەوەبوو ، دەرکەوتووە و تۆپەڵ تۆپەڵ لۆکەی خوێناوی و تەنترۆک بەزامەکانەوە لکاوە .

ئیحسان لە سەر تەختێک دانیشتووە . دەم وچاوی نابینم . دەڵێی دەستەکانی لەسەر سینگی تێک ئاڵاندووە . وادیارە گوشاری کەلەپچە قەپانیەکە ، شانەکانی و مەچەکی دەستەکانی و بازووەکانی لە کار خستووە .

مێجەر زیبەندە ، ڕوو بە ڕووی ئیحسان وەستاوە . نێوچاوانی بەرزی مێجەر زیبەندە ، لە ژێر تیشکی کزی ئەو گلۆپەدا کە بە بنمیجەکەوە هەڵواسراوە ، دەبریقێتەوە . دەڵێی تەوێڵ و گۆناکانی بە ڕۆن چەور کردووە . ئێستا ، مێجەر ، هێمن و هێدی قسەدەکات .

– بۆچی خۆت ئەوەندە ئەزیەت دەدەی پیاو ؟! ... بۆچی ناتەوێ شوێنی چاپخانەکە بڵێی ؟! ... وا وێنا دەکەی کە ئەگەر تۆ قسە نەکەی ئیدی ئێمە نایدۆزینەوە ؟! ... وا وێنادەکەی حیزبی ئێوە هیچی ماوە کە پێویست بەم قارەمانبازیە بکات ؟! ... من دڵنیات دەکەمەوە کە لەزەرفی ئەم یەک دوو ڕۆژەدا چاپخانەکە دەدۆزینەوە . تەنیا ئەوەندە هەیە ، کە حەزدەکەم دوای ئەم هەموو عەزابە یارمەتی تۆ بدەم . حەز دەکەم بەرگریت لێبکەم ، بتپارێزم . حەزدەکەم تۆ شوێنی چاپخانەکە بڵێی تا ئەم هاوکاریە لە دۆسییەکەتدا هەبێ و تۆمار بکرێ . ئەمە بە قازانجی خۆتە . بە قازانجی ژیانی خۆتە . بە قازانجی ژیانی ژن و منداڵەکەتە !

ئیحسان بێدەنگە . شانە پان و گۆشتنەکانی ، لێرەو لەوێ بەکراسەکەیەوە نووساوە . سەری تاشراوە . پشتی سەری ناسافە . گەردنی کورتە . دوو سەربازی باڵابەرز — دەڵێی هەردووکیان داڕشتەی یەک قاڵبن — لەم دیو و لەو دیوی تەختەکەوە وەستاون . عەریف شەهری ، لای دەستی ڕاستی مێجەر زیبەندەوە ڕاوەستاوە . هەردوولاقی بڵاوکردووەتەوەو یاری بە شەلاخەکەی دەستیەوە دەکات . لە تۆ وایە خەندەیەکی کاڵ بەچرچەکانی ڕوخسارییەوە سەرگەردانە . لێوە قەیتانیەکانی عەریف شەهری کشاون . چاوە چکۆلەکانی بچووکتر بوون . چەناگەی لە خڕکە بەردێکی تاشراو دەچێت کە لە ئەرزەوە دەرپۆقی بێ .

مێجەر زیبەندە بە دەم جگەرەکێشانەوە قسەدەکات .

- چی دەڵێی ؟! ... ها ؟! ... ئەمە بزانە کە ئەگەر سەدساڵی دیکەش بەرگری بکەیت بێفایدەیە ، چونکە هەم تۆ لە ئەنجامدا مل دەدەیت و هەم چاپخانەکە دەدۆزرێتەوە و هەم وەکو پێمگوتی هیچ شتێک لە حیزب ماوە کە تۆ فیداکاری لە پێناودا بکەی ... قسە بکە و ژیانی خۆت ڕزگاربکە ... ئەمە دوا دەرفەتە کە بەتۆی دەدەم . ئەوەندەی مدارای تۆ دەکەم ، مدارای هیچکەسێکی دیکەم نەکردووە . قسە بکە ! ... شوێنی چاپخانەکە بڵێی ، وا نەزانی کە من ماندوو دەبم ... من ، ئەمە کارمە ! ...

بەڵام پێدەچێ مێجەر تاقەتی چووبێ . وا دیارە ماندووش بووە . بە قسەکانیدا دیارە . حەزدەکات کە ئیحسان دەم هەڵێنێ و شوێنی چاپخانەکە بڵێت تا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشێت ، بەڵام ئیحسان ورتەی لەخۆ بڕیوە .

دوو سەعات لە نیوە شەو بوریوە . هەمیشە کاری مێجەر زیبەندە لە گەڵ نیوەشەودا دەست پێدەکات .

برادەران بێتاقەتن . دەیانەوێ بۆیان بگێڕمەوە کە لە بینەکەدا چ باسە . مێجەر قونکی جگەرەکەی توور دەدات ، چەند ساتێک لە شوێنەکەی خۆی ماتەڵ دەبێت و دەبیرەوە دەچێ و پاشان دێتە پێشەوە و بە قامک ، چەناگەی ئیحسان بەرزدەکاتەوە . گۆشتی پشتی ملی ئیحسان لۆچ دەبێت و سەری بەرزدەبێتەوە .

مێجەر ڕاست دەڕوانێتە چاوانی پیاوە و بە ئەسپایی دەپرسێت :- چاپخانەکە لەکوێیە ؟

ئیحسان ، فزەناکات ، متەقی لە خۆبڕیوە . لەپڕ دەستی مێجەر ، لە ژێر چەناگەی پیاوە دەترازێ ، بلەز بەرز دەبێتەوە و هەر پێنج پەنجەکەی ، بەگۆنای ئیحسانەوە دەنیشێت و وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە . ئیحسان کە غافڵگیر بووە ، لە سەر تەختەکە پەرت دەبێت . مێجەر بەدەم ددان جیرکردنەوە دەپرتێنێ :- ئەم قەحپە دایکە فەلاقە بکەن !

سەربازەکان بەرەو ئیحسان هێرش دەبەن ، لە چاوتروکانێکا لە ئەرزەکە تەختی دەکەن و وەکو بروسکە هەردوو لاقی گوریس پێچ دەکەن و هەریەک لە سەربازەکان سەرێکی گوریسەکە دەگرێت و لەم دیو و لەو دیوەوە دەوەستن و پەتەکە ڕادەکێشن و پێیەکانی پیاوە ، بە ئاسمانەوە مولەق دەبن .

شەلاخەکەی شەهری ، بە حەواوە پەپکە دەخوات ، لێک دەبێتەوە ، ڕاست دەبێتەوە ، بەرزدەبێتەوە ، هەواکە شەق دەکات ، دەفیشکێنێ و دادێتەوە و بەبنی پێیە ڕووتەکانی ئیحسانەوە دەچزێت . لەگەڵ یەکەمین جەزرەبەدا ، بنی پێی شەق دەبێ و خوێن فیچقە دەکات . دیسان شەلاخەکە بەرزدەبێتەوە و وەکو ماری زامدار هەڵدەپلێ ، وەکو مارێک کە نچیرەکەی ئەفسون کردبێت . سەربەرز دەکاتەوە و لەناکاوا بەرز دەبێتەوە و بەدەم فیشکاندنەوە دادێتەوە و ... خوێن لە شەقێکی ترەوە هەڵدەقوڵێ .

ئیحسان هەڵدەپلێ . وادیارە لێبڕاوە زار هەڵنەیەنێ. لە جێی خۆی هەڵدەپلێ . قەپ بە ناولەپی خۆیدا دەکات .

شەهری نیوە نەفەس بووە . بنی پێی پیاوە لەخوێنا هەڵکشاوە . دەگەڵ هەر داهاتنەوەیەکی شەلاخەکەدا ، سەری ئیحسان لە عاردی بەرزدەبێتەوە و بەتووندی بەئەرزەکەدا دەکەوێتەوە . شەلاخەکە هێشتا بە حەواوە دەسووڕێتەوە . شەلاخەکە سوور بووە . ناو بە ناو خوێن فیچقە دەکات و دەپەڕێتە سەر ئەرزەکە . مێجەر هێمنە . جگەرەیەک دادەگیرسێنێ ، جگەرەکە دەنێ بە لالێوەیەوە و ناولەپ و هەرپێنج پەنجەکەی دەنێ بە چەناگەیەوە ، چاوەکانی بچووک دەکاتەوە و تەمەشای ئیحسان دەکات .

ئێستا ئیدی سەری پیاوە ناجولێت . زگی وەکو مەشکە پڕوخاڵی دەبێت . پێدەچێ بوورابێتەوە .

- بەسە !

سەربازەکان ، پەتەکە ( گوریس ، حەبل ، پەت ) بەر دەدەن . لاقەکانی پیاوە ، وەکو دوو کۆتەرەدار ، دەکەونە سەر عاردی . پیاوە ، جووڵە ناکات .

شەهری ، دەڕوانێتە شەلاخە خوێناویەکە . دەڵێی ڕازییە . زمان بەلێوە وشکەکانیا دێنێ و دەچێتە دواوە . هێڵەکانی ڕوخسای مێجەر ، چوون بەیەکدا . تیاماوە کەچی لە ( جەنازەکە ) ئیحسان بکات کە لە بەردەمیا کەوتووە و بەهیچ کلۆجێ ، نەبە نەرمکێشی و نە بە هیچ هەڕەشە و گەڤێک ، زار هەڵنایەنێ ؟

مێجەر بەرەولای عەریف شەهری دەڕوات . سێبەرەکەی لە ژێر پێیەوە دەردەچێ و لە دوایەوە درێژ دەبێتەوە . لێوانی مێجەر دەجووڵێن . دەگەڵ عەریف شەهریدا دەپەیڤێ . گوێم لە دەنگی نابێت . ڕووناکیە کزەکەی ، گڵۆپە چکۆلەکەی بنمیچەکە ، هەموو شوێنێ ڕۆشن ناکاتەوە . گۆشەکانی بینەکە تاریکن . زارکی تەوالێتەکان تاریکە . مێجەر دەکەوێتەڕێ کە بچێتە دەرەوە . سێبەرەکەی لە سەر پلیکانەکانی بەردەرگاکە ، لۆچ دەبێ . پاشان ، سێبەرەکە ، بە دەرگای حەمامەکەدا هەڵدەکێشێت و بە درێژایی دەرگا ئاسنەکەوە بەرجەستە دەبێت .

مێجەر دەرگاکە دەکاتەوە . ڕووناکی بینەکە ، لە دەرگاکەوە وەدەردەکەوێ ، نیوە لاکێشەیەک لەبەر دەرگاکە و لە ئەرزەکەدا دروست دەبێت . مێجەر پێ دەنێتە دەرەوە . بۆ چەند ساتێک لەناو نیوە لاکێشە زەرد باوەکەی بەر دەرگادا دەوەستێ . دەڵیی بیر دەکاتەوە .

هەوای ساردی دەرەوە ، بینەکە پڕدەکات . لاقەکانی ئیحسان دەکەونە لەرزین . مێجەر زیبەندە بەدەم بیرکردنەوەوە ، لە ناو ڕووناکی بەر دەرگاکەوە پێ دەنێتە ناو تاریکیەکە و تاریکی شەو قووتی دەدا .

عەریف شەهری ئاماژە بۆ سەربازەکان دەکات و بەخۆی دەکەوێتەڕێ . سەربازەکان دووی دەکەون و پێکڤە لە حەمامەکە وەدەر دەکەون و دەرگاکە دادەخەن .

ناولەپی دەستم ، بە سەر ستوونەکانی هەردوولای دەرگاکەوە دەخزێن و پێم دەنێمە سەر عاردی . تەوێڵم بە سەر کەتیبەی سەرووی دەرگاکەوە نووساوە. هێشتا قسەم لەگەڵ برادەراندا نەکردووە کە ناڵەی کابرا بەرزدەبێتەوە . ناڵەی لە ناڵەی کەسێک دەچێت کە لە خەودا گیرۆدەی هەناسە تەنگی بووبێ و مۆتەکە خۆی بە سەردا دابێت . ناڵەکان کورتن و لە قووڵایی گەرووییەوە دێت .

نازانم کێ لە برادەدارن دەبۆڵێنێ .

- مەگەر بەشەر تاچەند بەرگە دەگرێت ؟!

شەوی پێنجەمە کە مێجەر زیبەندە ، ورکی لە ئیحسان داوە .

عەتا دەستەکانی دەنێتە سەر شانم و ڕاست دەڕوانێتە ناو چاوم . دەخوازێ شتێک بڵێت بەڵام وادیارە دوو دڵە . ڕەنگی پیرۆزەیی چاوەکانی لێڵ بووە . لێوانی عەتا دەلەرزن . دەنگی خەفەیە .

- تۆ پێت وایە تاکەی بەرگە دەگرێ ؟!

لە ناکاوا ، دەنگی ئاسنینی کردنەوە دەرگای حەمامەکە دەنگدەداتەوە . ددانەکانی عەتا بەجیرەوە دەچن .

- ئەم جارە کێیە ؟!

دەستەکانی عەتا لە سەرشانم لا دەبم و بلەز بۆلای دەرگاکە دەڕۆم کە یاقووب دەست پێشخەری دەکات و سەردەکەوێ و زوو خۆی هەڵدەداتە خوارەوە :- دەسەبەرەیان هێناوە کە بیبەن !

دەرگای حەمامەکە دادەخرێتەوە . زیکەزیکی چڕی سیسرکانی تەوالێتەکان ، کۆتایی نایەت . دەنگی هەنگاوی پاسەوانەکەی سەربان بەرز دەبێتەوە . سەعات سێ و دە دەقیقەی پاش نیوەشەوە . بەئەقڵم هاوین تەواو بووە . حیسابی ڕۆژانمان لێ تێکچووە . دەبێ ڕۆژانی هەوەڵی پاییز بێ . بایەکی سارد لە هەواخۆر و کڵاوڕۆژەکانی سەربانەوە دێتە ژوورەوە . پاییز زۆر زوو دەستی پێکردووە . پاییز دوو سێ هەفتەیە دەستی پێکردووە . ئەو شەوەی هاتینە ناو حەمامەکە ، هەموو شوێنێ بۆنی پاییزی لێدەهات . دەنگەکان ، دەنگی پاییز بوو و ڕەنگەکان ، هەمووی ڕەنگی پاییز بوو .

هێشتا دوو سێ سەعاتی ماوە کە ڕۆژ ببێتەوە ، کە دنیا ڕووناک ببێتەوە . ڕادەکشێین . پەتۆکان بەش ناکەن . لاقەکانم قانگڵە دەکەم و هەوڵدەدەم تاخۆم لە ئیحسان جیابکەمەوە . دەست دەکەم بەژماردن تا بەڵکو خەوم لێبکەوێ ، بەڵام بیرێن جۆراو جۆر دەستبەردارم نابن . حەمامەکە سی وحەوت هەنگاو درێژە و هەژدە هەنگاو پانە . بە ڕۆژەوە ، کە قاوەڵتی دەخۆین ، دوو بە دوو ، هەندێجار بە تەنیا ، دەکەوینە ڕاوێچکە . دەڕۆین و دێین و قسەدەکەین و هەندێجار بێدەنگ دەبین و تەمەشای بەرپێمان دەکەین و لە فکران ڕادەچین . ئێستا ، زەمینەی حەمامەکە زەرە بە زەرە دەناسم . دەزانم لە کوێ چیمەنتۆکەی هەڵتۆقیوە و دەبە بووە . لە کوێ باشماڵەی پێدا نەهێنراوە و زبرە و خەتکێشی چیمەنتۆی زەمینەکە ، لە کوێ پانترە و لە کوێ باریکترە . زەمینەی حەمامەکە ، بە شێوەی هاوتەریب خەتکێشی کراوە. تیرەی بچووکی هەر هاوتەریبێک یەک هەنگاوەو تیرە گەورەکەی دوو هەنگاوە . کە تێشت دەخۆین ، دەکەوینەڕێ . لەژێر پەتۆکەوە گرمۆڵەبووم . دەڵێی دەنگی ڕێکردنی خۆم دەژنەوم .دەنگی دڵم دەژنەوم. هەڵاوی دەمم گەرمە . هەتاوەکە کە لە کلاوڕۆژنەکەی سەربانەوە دێتە ژوورەوە گەرمە . بەیانی ، هەتاو لە سەر دیوارەکەیە . پاشان بەرە بەرە دادەخزێ ودێتە خوارەوە . کە دەگاتە ئەو بەشەی دیوارەکە کە چیمەنتۆ کراوە ، درێژ دەبێتەوە . لە تۆ وایە کە ڕەنگی تاریکی چیمەنتۆکە گەرمای هەتاوەکە دەمژێت . ئێژی هەتاوەکە تا ئەو کاتەی بە سەر بەشە گەچکارییەکەی دیوارەکەوەیە ، گەرمترە . دەبێ ، بەیانیەک کاتێ هەتاو هەڵدێ ، یەکێک لە برادەران ڕازی بکەم تاپشتی دانەوێنێ و بچمە سەر شانی و بۆ چەند ساتێک سەروگەردنم لەبەر هەتاوی سەر گەچەکە ڕابگرم و گەرمیەکەی تاقی بکەمەوە . بێگومان دەبێ گەرمتر بێ . ڕووناک و درەخشانە . بەڵام هەرکە دابخزێت وبگاتە بەشە چیمەنتۆکاریەکەی دیوارەکە ، لێڵ و سارد دەبێت . تەنانەت داوە جاڵجاڵۆکەکانیش لەبەر هەتاوی سەر بەشە گەچکاریەکەی دیوارەکە بە شەوقتر وخۆشڕەنگترە. تەنانەت خودی جاڵجاڵۆکەکەش لەبەر هەتاوی بەشە گەجکارییەکەی دیوارەکە زیندووتر و بەجم وجووڵترە .

پاسەوانەکەی سەربان پیاسە دەکات . کە لە وەستان ماندوو دەبێت پیاسە دەکات . گوێم لە دەنگی پێیەکانی دەبێ . قورس و یەکنەوان . دەڵێی یەک دوو ڕۆژ لەمە پێش سەربازەکان جلی هاوینەیان گۆڕیوە . ئەمەم بەجلی ئەو سەربازانەدا بۆ دەرکەوت کە لەگەڵ مێجەر زیبەندەدا دێنە ناو حەمامەکە .

کە شەو دادێ ، هەموو دەنگەکان کڕوکپ دەبن . ژیان لە ناو حەمامەکەدا زۆر ناخۆش دەبێت ، پیاو تاقەتی دەچێت . بەڵام بە ڕۆژەوە دەنگی شەیپورانی جۆراوجۆر ، دەنگی هوراکێشانی سەربازان و هاواریان کە ئێژی دوعاونزا دەخوێنن و هەندێجار دەنگی تەقاندنی گوللەیەک کە لە مەیدانی تیرەندازییەکەی پشت حەمامەکەوە دێت ، گیان وەبەر ژیانی ناو حەمامەکە دەخەن .

شەوان ، حەمامەکە ، هەندێجار دەڵێی کۆڵنج دەکات . ئازار دەچێژێ و هاوار دەکات و هەندێجار کە شەوی حەمامەکە ئارامە ، لە هەتاوێک دەچێت کە کەوتبێتە سەر دیوارە چیمەنتۆیەکە . ڕەنگی تاریک و خەمناکە … دەنگەکانی ڕۆژ هەریەکەیان حاڵەتێکی هەیە . هەر یەکەیان ، گۆشەیەکی جیاوازی ژیان دەنوێنن .

کاتێ کە سەربازەکان هورا دەکێشن ، حەمامەکە ، دەبێت بە مەیدانێکی بەرین و پڕ هەتاوی ئەوتۆ کە درەختانی سپیدار و چنار و زمانەچۆلەکە دەوراندەوریان دابێ و جۆگەی ئاو ، بەبن درەختەکاندا ، زولاڵ و بەخوڕە خوڕ بڕوات و سەربازەکان ، لە مەیدانە پڕ هەتاوەکەدا ، بە تەوێڵ و گۆنا وگەردنی شەلاڵی ئارەقەوە ، دەستە دەستە ، بەڕیزی یەکەوە وەستابن و فەرماندەی سەربازگە فەرمانی دابێ و … دەڵێی . لەپڕ ، هەموو مەیدانە هەتاوگیرەکە و هەموو درەختەکانی قەراخ مەیدانەکە و هەموو سەربازەکان ، هەر بەو دەقەوە کە هورا و دەنگی یەکنەوایان تا داوێنی کێوە سەر سەوزەکانی باکووری سەربازگەکە دەڕوات ، وەکو هەتاو ، وەکو ڕووناکی و یا وەکو هەوا لە ناو حەمامەکەدا دەجوڵێن و لەپڕ وەک ئەوەی دیوارەکانی حەمامەکە ، سووک وباریک لابکەون و هەتاوەکە هەموو شوێنێک پڕبکاتەوە

دەنگەکانی ڕۆژ ، هەریەکەیان حاڵەت و ڕەوشێکی هەیە . هەموو دەنگەکانی ڕۆژ دەژین . زیندوون . ئەگەر دەنگی گوللەکە خەفەبێ دەزانم کە گوللەکە بەردیوارە خشتەکەی مەیدانەکە کەوتووە . ئەگەر دەنگی گوللەکە تیژ بێ ، دەزانم کە بێگومان سەری کردووە ، نیشانەکەی نەپێکاوە و تەنانەت دەزانم ئەوەندە بەرز بووە کە بەر ئامانج و نیشانەکانی سەر دیوارە خشتەکەش نەکەوتووە . دەنگی تیژی تاک تیرەکان بێدەنگیەکە قورس دەکات . لە ناکاوا ، دەنگی دەهۆڵ ، سنج و شەیپوور بەرزدەبێتەوە . هەندێجار ، دەنگەکە دوور دەکەوێتەوە . دەگەڵ بای پاییزدا دەڕوات . بۆ دوور دەڕوات و هەندێجاریش ئەوەندە نزیکە لە تۆ وایە لە پشت دیواری حەمامەکەوەیە . دەنگ بەردەوامە . بێئەوەی بخوازم ، خۆ بە خۆ هەنگاوەکانم دەگەڵ دەنگی تەپڵە گەورەکەدا جووت دەبن . دەچمە ئەو سەری حەمامەکە و دەگەڕێمەوە .

– تەپڵی گەورە لە ژێر پێی چەپدا .

کە دەگەمە دیوارەکەی بەرانبەر ، دەگەڕێمەوە . لە ناکاوا ، هورای سەربازەکان لەگەڵ دەنگی تەپڵە گەورەکەدا بەرزتر دەبێتەوە . هەموو پانتایی حەمامەکە پڕ دەکاتەوە . سەربازەکان هورا لە سەر هورا دەکێشن و … ڕادەپەڕم ، لە خەو ڕادەبم ، لە ژێر باگیرەکە خەوتووم . ئارەقە بەگیانمەوە هیشک بووەتەوە . هەڵدەستم و لە پەنجەکەوە دەڕوانمە دەرەوە . ڕەنگی هەتاو کاڵ بووەتەوە . دەنگی تێکەڵ وپێکەڵی حەشیمەتێک لە دوورەوە دێ ، عەینی هوراکێشانی سەربازانێک کە دەگەڵ بادا بۆ دوور ڕۆیی بێ . جل لەبەر دەکەم . دەنگی حەشیمەتەکە زیاتر

دەبێت . نزیکتر دەبێتەوە . دەڵێی شار بە سەریەکا ڕژاوە . لە سەر قاڵدرمەکانی هەیوانەکەدا قەیتانی پۆستاڵەکانم دەبەستم و لەدەرگای گەراجەکە وەدەردەکەوم .

لە بازاڕی مەساحدا ، خەڵکی بەربوونەتە گیانی یەک . نێوچاوانی محەمەد نوور بەخوێنە . خوێن بە بەینی هەردوو برۆیدا چۆڕاوگەی بەستووەو بەلای کەپوویەوە تا سەر لێوی سەرەوەی هاتووە .

- دەیناسم ، باشی دەناسم ... ئەم مێردەکەی (بۆرە پیاو) گادزە ، خەڵکی مەغویەیە ...

محەمەد نوور ، کابرای مەغویەیی لە بازاڕدا دیتووە وسەری ڕێگای پێگرتووە تا تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە . شاتر غولام و خەلیفە مورشید ، داشداریان لە کابرای مەغویەیی کردووە . گەیلان پشتیوانی لە محەمەد نوور کردووە . ئەنوەر مەشدی ، لایەنگری لە شاتر ( نانەوا ، وەستای نان ) غولام کردووە . غولامی ماسیفرۆش هاتووەتە کۆمەکی خەلیفە مورشید و لە چاوتروکانێکدا بازاڕ بە سەریەکا ڕژاوەو تا پاسەوانان پێ دەزانن و بە باتۆمەکانی دەستیانەوە دێن ، دەبێت بە جەنگی مەغلوبە و تەشتە هەویرەکانی شاتر غولام تووڕ دراونەتە ناوەندی شەقامەکە و ترپوتفاقی چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دراوە بە سەر یەکا و گۆشەی دەمی گەیلان هەرخوێنە و ئێستا ، کاتێ کە دەگەمە ناوەندی بازاڕی مەساح ، سەیر دەکەم پاسەوانەکان ، سی چل کەسیان بەرەو شارەبانی ڕیزکردووە .

محەمەد نوور لە پێشی هەموویانەوەیە . ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە ودەبۆڵێنێ و جنێو و سخیفان دەدات .

- بە ناخێریان بەخۆشیان دەڵێن موسوڵمان . لە سەگیش گلاوترن ، لە کافریش کافرترن !

خەلیفە مورشید دەبۆڵێنێ :- منەوەر ( محەمەد نوور ) دەمی خۆت بگرە چ شەکرێ دەشکێنی !

گەیلان بە لۆقە درێژەکانییەوە لە پاشی محەمەد نوورەوەیە کە ڕێدەکات دیزداشەکەی لەلاق و لەتەری دەئاڵێ . دەنگی ئەستوور دەکات و هاوار بەسەر خەلیفە مورشیدا دەکات .

- ئەوە چ دەڵێی کەچەڵ قاقی ؟!

ئەو ڕچە خوێنەی بە سەر سەرە مسینەکەی خەلیفە مورشیدەوەیە و هێشتا نەماسیوە ، وەکو ژەنگی مس ڕەنگ دەگۆڕێت .

عەلوان ، شاگردی تیجارەتخانەی ( سەعیدن ) ش لەوێیە . عەلوان لە دەستەی محەمەد نوورە . ناوەندی سەرە تاشراوەکەی لە خوێن هاتووە و تاپشت گوێی ڕچەی بەستووە .

عەریف مراد عەلی شەلاڵی خوێنە . بە شەلە شەل لە دووی حەشیمەتەکەوە ڕێدەکات و دەبۆڵێنێ .

– ئەمانە کەی دەبن بە بەشەر ! ... گەدایی و شەڕیان گوتووە ! ... بابە هەموومان موسوڵمانین ... هەموو بەندەی خودا و شوێنکەوتووی عەلین ! ...

چاوە درشت و بەقوڵا چووەکانی عەلی لە کاسەی چاویا گێژ دەخوات و بە ڕوخساری عەریف مراد عەلییەوە دەگیرسێتەوە و لەبن لێوانەوە دەپرتێنێ .

شاتر غوڵام ، خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت . لەگەڵ خەلیفە مورشیدا شانبەشانی یەکدی ڕێدەکەن . خەلیفە مورشید قسە بۆ عەلوان دەکات .

– تۆ چ دەڵێی قوڵەڕەشی ناقۆڵا ؟!

عەلوان ، کە ڕێدەکات ، دەنگی قاپ قاپە دارینەکانی دێ . بە باڵا درێژەکەیەوە دەیەوێ پەلاماری خەلیفە مورشید بدات کە غوڵامی ماسیفرۆش نایەڵێت .

شوفێری جەهرومی بازووم دەگرێت :– چ باسە ؟ ... بۆچی ئەمانە کەوتوونەتە گیانی یەکدی !

چاوەکانی کە لە گیای سەوزی تازە دەچن ، لە بولێڵی خۆر ئاوادا ، ڕەنگی قەرسیلی کۆنی گرتووە .

منداڵان ، تێکەڵاوی یەکدی بوون و کردوویانە بە هەرا وهوریا و دووی یەکدی دەکەون و خۆ بە ناو خەڵکەکەدا دەکەن . پاسەوانەکان بە باتۆمەوە (دارە قوڵەی دەستی دارۆغە) پەلاماری منداڵەکان دەدەن . منداڵەکان دەکشێنەوە بەڵام هەرکە چاوی پاسەوانەکان غافڵ دەبێت ، بە کۆمەڵ هێرش دێنن .

چیوای بۆ شارەبانی نەماوە . عەریف مراد عەلی ، کە پووی دەگرێت و بە هەشتاو دەکەوێتە ڕێ و بەر لە هەمووان دەگاتە شارەبانی و لەبەر دەرگای شارەبانیدا ، لە سەر لاقە ساغەکەی دەوەستێ و دەڵێت :

– یەک یەک ... دەبێ بتان ژمێرم !

گەیلان لە نێو حەشیمەتەکەوە هاواردەکات :– مەگەر مەڕین کە دەبێ بمان ژمێری ؟ !

لێوی سەرەوەی عەریف مرادی بە سەری لووتیەوە دەچەسپێ و دەڵێت :– نە ! ... بە ناخێرتان بەشەرن !

ودەست بە ژماردن و کردنە ژوورەوەیان دەکات .

- وەرە بچۆ ژوورەوە شاتر غولاّم ... هەشت هەشت هەشت .

چنگ دەبات و چەفیەی کابرای مەغوویەیی کە لەدەوری ملی ئالاّندووە ، دەگرێت و ڕایدەکێشێت .

- هەموو شەڕەکە تۆی فیسقە گولە ناوتەتەوە ، یالّلا برۆ ژوورەوە ... نۆ ، نۆ ، نۆ .

لە دوای کابرای مەغویەییەوە ، ئەنوەر مەشدی دەڵەک دەداتە ناو شارەبانی . یازدەیەمین نەفەر محەمەد نوورە . دوای محەمەد نوور ، هەموو هێرش دێنن . مراد عەلی ڕێگەیان لێدەگرێت و هاواردەکات .

- سەبرکەن بابە ! سەبرکەن ئیدی ، یەک یەک ! ...

گەیلان بە خورتی هەموویان دەداتە دواوە و بەلۆقە درێژەکانیانەوە باز دەداتە ناو دالانەکەی شارەبانی . گەیلان کە چووە ژوورەوە ، لەناکاوا ، لەناکاوا هەموو دەکشێنە دواوە و هاواری مراد عەلی بەرزدەبێتەوە .

- ئەمە چ ئوینێکە ناوتانەتەوە ئیدی ! ... بۆچی لەپڕ بەکۆمەڵ دێنە پێشەوە و لە ناکاوا بەکۆمەڵ دەچنە دواوە ... دە وەرنە پێشەوە ئیدی ! ...

و بەرەو عەلوان دەڕوات و بازووی دەگرێت و دەڵێت :- دەوەرە برۆ ژوورەوە ڕەشی ... !

عەلوان ، بازووی لە دەست عەریف مراد عەلی دەردێنێ و دەچێتە دواوە و بەپەستی دەڵێت :

- لابە ! ... من سیازدەمین کەس بم بچمە ژوورەوە ، تا هەموو شوومی و نەحسیەکان بەسەر مندا بشکێتەوە ؟! ... نە ، من ناڕۆمە ژوورەوە !

و بە پەلە بەرەو خەلیفە مورشید تاو دەدات و دەڵەکی دەداتە پێشەوە . خەلیفە مورشید یەکسەر ڕادەپەڕێ و وەر دەسووڕێ و دەچێتە پشت عەلوانەوەو بەرەو لای عەریف مراد عەلی دەڵەکی دەدات و دەڵێت :

- تەمەشا تەمەشا ... تەمەشای ئەم ڕەشە نالەبارە بکە ... ! ئێستا کە وای لێهات دەبێ تۆی نامەرد بچیتە ژوورەوە ... تۆ ئەسڵەن یەکپارچە شوومی !

عەلوان ، باوەش بە خەلیفە مورشیدا دەکات و بەرەو دالاّنی شارەبانی پاڵی دەنێت ، بەنیوە نەفەسەوە دەڵێت :

- کە وای لێهات ، هەردووکمان ، پێکەوە دەچێنە ژوورەوە !

بەڕاکێش ڕاکێش ، خەلیفە مورشید تا ناو حەوشەی شارەبانی لە گەڵ خۆیدا بکێش دەکات .

مراد عەلی دەژمێرێت :- چواردە چواردە ... پازدە ، پازدە ...

سی و هەشتەمین نەفەر غوڵامی ماسیفرۆشە کە کراسەکەی تا سەر ناوکی هەڵدراوەو سینگە تووکنەکەی کەوتووەتەدەر .

دوای غوڵامی ماسیفرۆش ، دەرگای شارەبانی دادەخرێت .

***

دیسان عەلی ، کەمتر بۆ بەندەر لنگە دێت . زۆربەی ڕۆژان لە بەندەر کنگ دەمێنێتەوە . ڕۆژی حەوتەمە کە عەلی نەهاتووەتەوە . هەم بیری دەکەم و هەم نیگەرانیم .

دواجار کە هاتەوە لنگە ، زۆر پەرێشان بوو . تەواو گۆڕابوو . هەندێ جار بێدەنگ دەبوو و لە خۆیدا غەرق دەبوو . دەتگوت گوێی لە قسەی پیاو نەدەبوو ، یا ئەگەر گوێشی لێ بوایە ، حەوسەڵەی وەڵامدانەوەی نەبوو . پاشان ، لەپڕ دەهاتە قسە و لە پەستا و بێپسانەوە باسی هەموو شتێکی ، بەتێکەڵ وپێکەڵی دەکرد . ئەسڵەن هەندێجار قسەکانی هێندە بێ سەروبەر بوو ، هێندە ئاسمان و ڕێسمان بوو کە پیاو باوەڕی نەدەکرد ، ئەقڵی لە جێدابێ .

- دێی پاسگاکە چەک بکەین ؟

- چی بکەین ؟!

- دەست بدەینە چەک وهەر هەموویان بەر دەستڕێژ بدەین !

- شێت بووی ؟ تێکچووی ؟

- نە ، لە کەللەی داوم ! نە، شێت بووم !

- بە ڕاستی لە کەللەی داوی !

لە پڕ ڕوخساری عەلی هێوردەبێتەوە و دەڵێت :- دەمەوێ ئیدی نوێژبکەم !

تەمەشای دەکەم .

لە جێی خۆی ڕادەپەڕێت و خێرا دەڵێت :- وەرە ... بیرم کردووەتەوە عەرەقی ئاڵوباڵو دروست بکەم ... وەرە پێت بڵێم چۆن !

عەلی ، خراپ گۆڕاوە . ئەو هەموو ئاوەدانی ، ئەو هەموو زیتەڵەییە ، ئە وهەموو پێکەنین و شۆخی و ڕیشخەنە ... لە ناکاوا ، مەیدانی بۆجۆرە ئاڵۆزی و وڕینەگویی و بێتاقەتیەک چۆڵ کردووە .

ڕۆژی حەوتەمە کە لە بەندەر کنگ نەهاتووەتەوە . نەکا نەخۆش کەوتبێ . نەکا بەڵایەکی بەسەرهاتبێ . ڕاستە کە بەینی بەندەر کنگ و لنگە بستە ڕێیەکە و ئەمەش دروستە کە ئەگەر هەر بویەرێک لەبەندەر کنگ ڕوویدات ، وەکو بروسکە دەگاتە لنگە و وەکو با بڵاودەبێتەوە ، بەڵام ئیدی بەشەرە . لەوەیە بەڕاستی بەڵایەک بەسەر عەلی هاتبێ و خەڵکی لەمنی بشارنەوە .

- چۆنە کە عەلی دیسان دیارنییە ؟!

نیگای گەیلان وەکو هەمیشە نەبوو . تەنانەت پرسینەکەی و قسەکردنەکەشی فەرقی هەبوو .

- مەگەر هەموو جارێک کە نۆرە ئێشکەکەی تەواو دەبوو ، بۆ لنگە نەدەهاتەوە ؟

چاوە خێلەکانی ئەنوەر مەشدی حاڵەتێکی دیکەی هەبوو . بێگومان شتێک ڕوویداوە کە لە منی دەشارنەوە . لێدەبڕێم بۆ بەندەر کنگ بڕۆم . بەرەو سەربازگە دەڕۆم تا حوزورنامە ئیمزابکەم . مۆڵەت وەربگرم کە لە بەندەر لنگە وەدەربکەوم . ئەگەر ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ لەوێ نەبێ ، پاسکیلەکە لە نایب زابت پێشبین وەردەگرم ، یا پاسکیلەکەی ئەنوەر مەشدی دەبەم .

بەنایب زابت جیهانگیر دەڵێم :- گەرەکمە بۆ کنگ بڕۆم . لەوەیە شەو لەوێ بمێنمەوە .

وەکو قەلەموون ملی درێژدەکاتەوە و دەڵێت :- بەڵام تۆ ... مافی ئەوەت نییە لە لنگە بچیتەدەرەوە !

- ئاخر هەر بۆیە دەمەوێ مۆڵەت وەربگرم و خۆ لێرەوە تا کنگ بستە ڕێیەکە !

چاوم بەسەر مێزەکەی نایب زابت جیهانگیردا دەگەڕێت . کاغەزێکی گەورە کەوێنەی ئەفسەرانی هەڵاتووی لە سەر چاپ کراوە ، لە سەر مێزەکەیە . نایب زابت جیهانگیر ، هەر بەودەقەوە کە باڵا درێژەکەی بەرز ونزم دەبێتەوە قسەدەکات ، کاغەزەکە لوول دەکات و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ئەمانە نهێنییە !

ئێژی بیری چووە کە جارێک وێنەکانی نیشاندابووم . کاغەزە لوولەکە ، دەخاتە دۆڵابەکەی پشت سەرییەوە ، گۆنا کونجەکانی خڕخڕ دەخورێنێ و دەڵێت :- دەتەوێ بۆ کنگ بڕۆی ؟ ...

پشت بە پشتی کورسیەکەوە دەدات و لە سەری دەڕوات :- ... زۆرچاکە . بەڵام دەبێ مۆڵەت لە مێجەر وەربگری .

پێی دەڵێم :- سەرکار نایب زابت ، کارەکە مەگەیەنە مێجەر . بەخۆت سەرۆکی نووسینگەی فەوجی ، ئەگەر حەزبکەی دەتوانی ...

ژێر گۆنا کونجەکانی چرچ دەبێت و قسەکەم لە دەم وەردەگرێت .

- بەڵام ئەگەر مێجەر یا کۆلۆنێل پێبزانن ، کێشەم بۆ دروست دەبێ !

- کێشەی چی ... لە کوێ دەزانن ؟

دەنگی لە پڕ نەوی دەبێت .

- لە کوێ دەزانن ؟ ... لەم کاولەدا ، هەرکە ڕۆژ دەبێتەوە هەموو دەزانن کە شەو کێ لەگەڵ ژنەکەیدا خەوتووە ! ... چۆن دەزانن ؟! ...

لە پشت مێزەکەوە هەڵدەستێ و لە سەری دەڕوات :- نە ... نابێت ... یەک دەقیقە سەبر بکە ... خۆم مۆڵەتت بۆ وەردەگرم .

لە پشت مێزەکەوە دێتەدەرێ . دەستەکانی دەنێتەناو قەدی و بەلای مندا دەنەوێتەوە .

- باشە تۆ دەتەوێ بۆچی بۆ کنگ بڕۆیت ؟

- عەلی ...

قسەکەم پێدەبڕێ و دەڵێت :

- عەلی ... دیسان یەک هەفتەیە کە نەهاتووەتەوە !

- تۆ شتێک دەزانی ؟ ... تۆ دەزانی بۆچی ...

دەستە درێژەکانی دەجوڵێنێ .

- من چوزانم ! ...

بەرەو ژوورەکەی مێجەر دەڕوات .

- دەقیقەیەک بوەستە !

ژوورەکەی مێجەر قەرەباڵغە . سێ چوار بازرگان هاتوونەتە دیدەنی . حاجی سەعدینش لەوێیە . دەبێ حاجی زورقیشی لێبێ . گوایە لە خورەمشەهرەوە هاتووە .

قسە ، تا درێژایی گەردنی نایب زابت جیهانگیر تەی دەکات ، ناسکتر دەبێتەوە .

– ئەمیش کۆبوونەوەی هەیە ... کۆبوونەوەی ئەو کاڵا بازرگانیانەی کە لە ئیماراتی کەنداوەوە دێ !

لەدەمم دەردەچێ :– کاڵای بازرگانی یان قاچاغ ؟!

نایب زابت جیهانگیر دادەچڵەکێ وپاشان ، بەهێمنی سەرم دەکات . لە کیسەڵێک دەچێت کە هەموو گەردنی لە قاوغەکەی هێنابێتە دەرێ . برژانگەکانی نایب زابت جیهانگیر ، ئاوڵە بردوونی . چاوەکانی عەینی چاوی مشکە . لەبن لێوانەوە دەڵێت :– بەم قسانە سەری خۆت بەبادا دەدەی !

دەکەومەرێ .

– بۆ کوێ ؟

– دەڕۆم .

– ئەدی مۆڵەت ؟

– بەبێ مۆڵەت !

لێم بووە بە کەڵەوکێشی کە بڕۆم عەلی ببینم . بەنایب زابت جیهانگیر دەڵێم .

– گوێ بگرە . ئێستا کە نەکرا مۆڵەت لەمێجەر وەربگریت ، ماقووڵ نییە بچی بۆلای کۆلۆنێل . ئەم کارە پەیوەندی بە کۆلۆنێلەوە نییە . فەرماندەی سریە ، مێجەرە .. خۆت ئەمە لەمن باشتر دەزانی !

لە پشت مێزەکە دادەنیشێت و قەڵەم پاندانە فەرەنسیەکە هەڵدەگرێت و دەلێت :– بەڵام ئەنجام ...

دەرفەتی نادەم قسەکەی تەواو بکات .

– لە سەر مەسئولیەتی خۆم دەڕۆم .

– سەرپێچییە لە دەستوور !

پێی دەلێم ، کە چوونم زەروریە و ئەوە دێنێ .

- ... بەلای کەمەوە سێ دانە ڕۆژ تەوقیفی لە دوایە .

لە ژوورەکەی نایب زابت جیهانگیر وەدەردەکەوم . لەپشتەوە گوێم لە دەنگی دەبێت .

- کەواتە بۆ هاتی مۆڵەت وەربگریت ؟

دەگەڕێمەوە ، سەر دەکێشمە ناو ژوورەکەی و پێی دەڵێم :- هاتووم حوزورنامەکە ئیمزابکەم .

ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ ، لە بەرانبەر چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی وەستاوە . نەفەری چوارەمم . ئەگەر دوو نەفەری دیکە پەیدابن ، دەکەوینەڕێ . چوارنەفەر لە دواوە ، دوونەفەر لەپێشەوە کە بە حەسەن گکۆوە دەبنە سێ نەفەر .

حەسەن گکۆ ، لە چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دانیشتووە و نێرگەلە دەکێشێت . چا و نێرگەلەکەی حەسەن گکۆ هەمیشە بە خۆڕاییە . چونکە پاتۆقی (مەکۆی کۆم بوون ) نەفەرانی کنگ ، چاخانەکەی ئەنوەر مەشدیە .

ژێر چاوی چەپی ئەنوەر مەشدی شین بووەتەوە . چەند ڕۆژێک لەمەپێش کە هەموو خەڵکی شار کەوتبوونە گیانی یەک ، نازانێ کە لە ناغافلا ، مستی کێ بە ژێر چاویا کەوتووە .

ئەنوەر مەشدی پیاڵەیەک جۆشانەی لیمۆ بەسرەم لەبەردەمدا دادەنێت و دەڵێت :- نێرگەلەت بۆ ئامادە بکەم ؟

دەزانم تا دوو نەفەری دی پەیدا دەبێ ، زۆری پێدەچێ . خەڵکی زیاتر بەپێیان بۆ کنگ دەڕۆن .

- پازدە قران مەسرەفی یەک ڕۆژمانە .

- مەگەر داوەشاوم کە بە سواری ئوتومبیل بۆ کنگ بڕۆم !

- دێزداشەکەم دەخەمە بەر پشتێنەکەم و گیوەکانم دەنمە بن باخەڵم و بڕۆ ... هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو گەیومەتە کنگ .

ئەنوەر مەشدی نێرگەلەکە پێدەکات و دەیداتە دەستم . دەنگی تەقەتەقی پولێن تاوڵە ، لەو دیو یەکێک لە ستوونە پانەکانی چاخانەکەوە ، دێت :- ئەنوەر مەشدی تاوڵەت هەیە ؟

دەڵێت کە لە (لار) ەوە بۆیان ناردووە .

- ... ڕامسپاردبوو ... بەو کامانکارە (جۆرە ئۆتومبیلێکی عەسکەری سووکی بارهەڵگرە) عەسکەریەدا کە دوێنی هاتبوو ، بۆمیان هێنا .

کامانکارەکە لە جەهرومەوە هاتووە . بۆعەریف سەفای شوفێری جەهرومیش سەلیبی گاردنی هێناوە . لە بەیانی زووەوە لە گەراجەکەدا تەق وهۆڕی نابووەوە و خەریکی کامیونەکە بوو .

- سوپاس بۆ خوا کە ئیسراحەتم کرد ! ... لەم کاولە ڕزگار بووم !

وا بزانم دوای نیوەڕۆ دەکەوێتەڕێ تا شەو لە بەنداوی سفلین بخەوێ و ڕۆژی دوایی لای بەیانی بە فێنکی لە پردی زار بپەڕێتەوە .

قەدەم ، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە ، بە هانکە هانک سەردەکەوێتە سەر سەکۆی چاخانەکە ، کەلەشی قورسی دەدات بە سەر تەختی چاخانەکەدا و باوەشێنێکی حەسیری تەڕی بەدەستەوەیە وخۆی باوەشێن دەکات .

ئەنوەر ، پیاڵەی دووەمی جۆشانەی لیمۆ بەسرەم لەبەردەمدا دادەنێ . نەفەری پێنجەم دێت . ڕووبەندی پۆشیوە . سەبەتەیەکی گەورەی بە سەرەوەیە و دوو مریشک و کەڵەشێرێکی ، کەلاقیان بەستراوە ، بەدەستەوە گرتووە . بە حەسەن گگۆ دەڵێم کە ئامادەم پێشەوە بەتەنیا بگرم . خێرا دەڵێت :- مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ !

نێرگەلەکە لە لاوە دادەنێ و هەڵدەستێ . ئۆتومبیلەکە پرتەپرتێک دەکات و هەڵدەبێ . ئۆتومبیلەکەی حەسەن گگۆ وەک کیسەڵ ، پانە و زگی بە عاردیەوە نووساوە . ئەگەر بکەوێتە قۆرتێکەوە ئەستەمە بتوانێ بێتە دەرەوە.

ئۆتومبیلەکە دەکەوێتەڕێ . چوار نەفەر لە داوە دانیشتوون . دوو پیرەمێرد کە گەرما هەناسەی تەنگ کردوون و پێکەوە نووساون و شەلاڵی ئارەقەن . لەچاخانەکەدا نەمدیتن . دیارە لە سێبەری دیوارەکەدا دانیشتوون تا پارەی چای نەدەن . ژنەی ڕووبەندپۆش (پەچە) سەبەتەکەی ناوەتە سەر ئەژنۆکانی و خۆی لە ژێر سەبەتەکەدا گوم بووە . مریشکەکان دەنگیان نایەت . دیارنییە مریشکەکانی تەپاندوونە کوێوە . نەفەری چوارەم پیاوێکی گەنجە کە دەبێ خەڵکی کنگ بێ . جادەکە ، لە ژێر تیشکی خۆردا سپی دەچێتەوە . تەپ وتۆز ، لە دوای ئۆتومبیلەکەوە لوول دەبێت و دەچێت بە ئاسماندا و کاتێ حەسەن گگۆ سووکە ستۆپ دەگرێت تا نەکەوێتە قورتێکەوە ، تەپ وتۆزەکە هێرش دێنێ بۆ پێشەوە و ناو ئۆتومبیلەکە پڕدەکات . ژنەی پەچە (ڕووبەند) لەسەر ، دەڵیی ڕیحە (جۆرە عەترێکی خراپ و هەرزان بەهای زۆر تیژە) شی لە خۆی داوە . پیاوەی گەنج دێتە قسە .

- ئەم ڕۆژانە چقاس (چەند) قاچاغ زۆر بووە .

حەسەن گکۆ دەڵێت :– باشە ، ئەگەر خەڵکی قاچاغچیاتی نەکەن چی بکەن ؟! ... نەکار وکاسبی هەیە ، نە زەراعات و کشتوکاڵ !

پیاوەی گەنج ، ڕەشتاڵەیەکی لاوازە . خەڵکی بەندەر کنگە . هەر خۆی دەڵێت :– ... شەوان ، لەبەر دەنگی تەقە خەومان نییە و کەچی قاچاغی هەر دەکرێت .

حەسەن گکۆ دەڵێت :– هەر دەبێ ببێت . ئەسڵەن سەربازان بەخۆڕایی ئەم یەک دوو فیشەکەش دەتەقێنن ... خۆ کەر نەبوون ، خۆیان بدەنە بەر دەستڕێژی تفەنگ ! ... قاچاغ هەردەمێنێ !

یەکێک لە پیرەمێردەکان ، بە هانکە هانکەوە دێتە قسە ، لە تۆ وایە قسە دەگەڵ خۆیدا دەکات . دەڵێی دەنگی لە ڕۆژگارانی ڕابردووەوە ، دێت و شەکەت و سەرگەردان و نائومێد لە ناو پانتایی تەنگ و کپی ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆدا دەگیرسێتەوە .

– هێی ڕۆژگار ! ... چیت بەسەر لنگەدا هێنا ... بەخەویش ئەمەمان نەدەبینی ... ! ئێی ڕۆژگار !

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت . نەفەس تازە دەکاتەوە و دیسان دێتەوە قسان .

– لنگە ، لینگەی (هاوتا) نەبوو ! هەر بۆیەش ناویان نابوو لنگە . بووکی بەندەران بوو . کار وکاسبی تیابوو . ژیانی تیابوو . لەگەڵ هەموو دنیادا بازرگانی و سەواو مامەڵەی دەکرد . شەو ورۆژ کەشتی گەورەی لە ئەفریقاوە بۆدەهات . لەزەنگبارەوە (دورگەیەکە لە ئوقیانووسی هندی دا) یان لە هندستانەوە . هەموو ئەسکەلە و لەنگەرەگاکان کە ئێستا وێران بووە ، بە ڕۆژەوە چاوەڕوانی نۆرە بوون ! ... لەم هەموو ژوور و کابینانەدا کە هەنووکە لە بەستێنی دەریادا ، بە سەریەکا داڕوخاون و خراپ بوون ، بازرگانانی بە ئیحتوبار بازرگانیان دەکرد . بازاڕی قولقولەی ( زۆر قەوغا و قەرەباڵغ ) ڕۆم بوو . تەنیا لە بازاڕی ماسیفرۆشاندا ، هەزار جۆرە ماسی پەیدا دەبوو ...

چاوانم دەنەمە سەریەک . ئێژی دەنگی عەدنانیە کە قسەدەکات .

– لنگە چۆڵ بوو . کە لەچک و حیجاب بە تۆپزی هەڵگیرا لنگە چۆڵ بوو ! خەڵکی شەوانە ، دەستی ژن و منداڵەکانیان گرت و خۆیان بە دەریادا دا . چوون بۆ قەتەر ، شاریقە .. دووبەی ...

چاوانم دەکەمەوە و سەر وەردەگێڕم و تەمەشای پیرەمێردەکە دەکەم کە پاڵیداوەتەوە و مژۆڵەکانی ناوەتە سەریەک . پێستی دەم وچاوی پیرەمێردەکە لە مەشکەیەکی قاوەیی چرچ و لۆچ دەچێت کە ساڵانێک بێ لە ژێر هەتاوی گەرمدا کەوتبێ . کڵاوێکی سپی لەسەرە . ڕدێنە کورتەکەی سپی و ژیژکیە .

هەتاوەکە لە جامەکەی پێشەوە لە زگم دەدات . ڕانەکانم زۆر گەرم بوون . ئەگەر شقارتە بەجلەکانمدا بێنم دادەگیرسێت .

پیرەمێرد پێدەچێ خەوتبێ . هەناسەی ئارامە . بۆنی ڕیحە و بۆنی ئارەقە تێکەڵ بووەو ناو ئوتومبیلەکەی پڕ کردووە . خەریکە ژانە سەر دەگرم . کنگ لە دوورەوە دەر دەکەوێت . زۆربەی باگیرەکانی سەربانەکانی کنگ کورتن . تەنیا چەند باگیرێک لێرەو لەوێ ، لە نێوماڵەکانەوە بەرزبوونەتەوە .

خانووەکانی کنگ ، لە دوورەوە ، دەڵێی لە ناو دەریادا ڕۆنراون . بینا بەرزەکان دەلەرێنەوە و خوارو ڕاست دەبن . تراویلکە ، تیشکی خۆرەکە دەداتەوە .

لە ئوتومبیلەکە دادەبەزم ، چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە . کەس لە کوچە و کۆڵانەکاندا نییە . بە ناو بازاڕێکی سەرپۆشراوا ( قەیسەری ) کە تا کەنار دەریا دەڕوات ، بەرەو پاسگا (قەرەوڵخانە) دەکەومە ڕێ . دەرگای تەختەیی هەموو ئەو دووکانانەی کە لە ناو بازاڕەکەدان ، داخراوە . قفڵی زۆربەی دەرگاکان ، ژەنگ لێی داون و مۆریانە تەختەی دەرگاکانیان خواردووە . دەکەومەڕێ . ئارامی ئەو لیزگە (تیرۆژ ، تیشکی خۆر) ڕووناکییەی کە لە کڵاوڕۆژنە و هەواخۆری سەربانەکەوە داویە لە ناو بازاڕەکە ، دەشێوێنم و ئەو تۆزو گەردە نەرمەی ناو بازاڕەکە ، بە ناو لوولە تیشکەکەدا بەرزدەبێتەوە .

لە بازاڕەکە وەدەردەکەوم . هەتاوەکە چاوم دەخاتە ڕێشکە وپێشکە . لە پشت قەرەوڵخانەکەوە (پاسگا) ، ئاڵای کاڵەوەبووی سەردەرگای قەرەوڵخانەکە دیارە . ئاڵاکە ، ناجووڵێ . بۆ خوارەوە شۆڕبووەتەوەو بە پایەکەوە چەسپیوە . لەبەر قەرەوڵخانەکەدا ، دە دوازدە عامموودی درێژی دارین ، لە ئەرزەکە کەوتووە . درێژی عامموودەکان لە دە مەتر پترە . ئەستووریان لە نیومەتر کەمتر نییە . دەبێ ساڵەهای ساڵ بێ کە بە بێ سوود لە ژێر هەتاودا کەوتبن و بەهۆی باران و هەتاوەوە ، لێرەو لەوێ درزیان تێکەوتووە بەڵام نەڕزیون .

– ... لە هەموو ئەم ژوور و کابینانەدا ، بازرگانانی بە ئیحتوبار بازرگانیان دەکرد ...

بەنی بەشەر ، لە بەستێنی (ڕەخی ڕووبار ) دەریاکەدا نییە . هەموو سەربازەکان لە ناو قەرەوڵخانەکەن . قوللەیەکی پاسەوانی بچووک بەسەر قەرەوڵخانەکەوەیە کە پایەی ئاڵاکە بە سەر تاقەکەیەوەیە .

دوو سەکۆی پان ، لەمبەر و ئەو بەری دالآنی قەرەوڵخانەکەدان . لە سەر سەکۆکەی سەمتی ڕاستدا چەند مەرکانەیەکی ئاوی شیرین هەن بۆ ئاو خواردنەوە . لە سەر سەکۆیەکەی دیکە ، سەربازێک خەوتووە و چەفیەیەکی نمساری بەخۆیدا داوە .

سەربازەکە ، گوێی لە دەنگی پێم دەبێت ، چەفیەکە لە سەر دەم و چاوی لادەدات و بەچاوێن خەواڵووەوە تەمەشام دەکات . یەکدی دەناسین . جارجارێ کە دەهاتە لنگە ، لە سەربازگەدا یەکترمان دەبینی و سەرێکمان بۆ یەکدی دەلەقاند . هەواڵی عەلی لە سەربازەکە دەپرسم .

– لەوێیە .

و بەدەست حەوشەکەم نیشاندەدات کە زۆر گەورە و پڕ هەتاوە . لە حەوشەکەدا وێڵ و سەرگەردان دەسووڕێمەوە . عەینی کاروانسەراکانی شای عەباسی ، دەوراندەوری ژوورە و دەرگای هەموو ژوورەکان داخراون . لێدەبڕێم لە دەرگای یەکێک لە ژوورەکان بدەم کە عەریف سگوند ، سەرۆکی قەرەوڵخانەکە ، لە تەوالێتی سووچی حەوشەکەوە وەدەر دەکەوێ . سەرۆکی قەرەوڵخانە ڕووتە . تەنیا یەک بیجامەی خەت خەتی لە پێدایە . بەدەم تەمەشاکردنی منەوە ، دەڕوات بۆلای بیرەکەی ناوەندی حەوشەکە و دادەنیشێت و بەمەسینە دەست و چاوی دەشوات . دەڕۆم بۆلای سگوند . دەڵێی دەیناسم . بزە دەکات ودەڵێت :– وا دیارە دەخوازی عەلی بدینی ؟

سڵاو دەکەم و سەردەلەقێنم .

– ڕەنگە خەوتبێ ... لەوێیە !

و بە چەناگە ژوورێکی باگیردارم نیشاندەدات کە پشت لە هەتاوەکەیە . تاکی دەرگاکە دەکەمەوە و دەچمە ژوورەوە . سێ چوارێک لە سەربازەکان بە ڕووتی لە ژێر باگیرەکەدا ، لە تەنیشت یەکترەوە نووستوون . عەلیش لەوێیە . نەخەوتووە . هەرکە دەمبینێ خێرا دادەنیشێت :– ئەها ... ئەمە تۆی ؟

دەستم بۆ درێژ دەکات .

– وەرە ، وەرە ... وەرە ژوورەوە ، هەوای دەرەوە زۆر گەرمە .

هەموو جلەکانم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . ناو ژوورەکە فێنکە . دەرگاکە دادەخەم و لە سەر چارپایەیەکی پاڵ دیوارەکە دادەنیشم . پێخەف و تفاقی سەربازەکان ، لێرەو لەوێ لە نێو ژوورەکەدا بڵاوبوونەتەوە . ژوورەکە گەورەیە . دەبێ ڕۆژگارێک ژووری میوان و پێشوازی بووبێ .

ڕوخسار و چارەی عەلی ، لە هەفتەی پێشوو داتەکیوترە . بزە دەنیشێتە سەرلێوی :-چۆن بوو بۆ کنگ هاتی ؟

- نیگەرانت بووم .

- نیگەرانی من ؟! ... خۆمنداڵ نیم !

- منداڵ نیت ، بەڵام چەند ڕۆژێکە زۆر گۆڕاوی !

هیچ ناڵێت . سەربازەکان لە نێوان خەو وبێداریدان . دە دوازدە بوتڵ و نیو بوتڵی خاڵی عەرەق ، لەپاڵ دیوارەکەدا ، بەڕیز دانراون . چاوم لە بوتڵەکانە ، کە عەلی ، بەدەنگێکی نەوی دەڵێت :- خەبەر ... دار !

سەر وەردەگێڕم . لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت :- لە گەڵ بوتڵەکانمە . من فەرماندەیانم !

هەڵدەستێت و بۆلای بوتڵەکان دەڕوات ، یەکێک لە سەربازەکان دەبۆڵێنێ :- چەند ڕۆژێکە عەلی شێت بووە !

عەلی ، بوتڵێکی گەورە، کە لە سەرووی ڕیزەکەدایە هەڵدەگرێت و دەڵێت :- ئەمە سەرکار نایب زابتەکەیانە !

خەندە لە لێوی دەفڕێ . بوتڵەکە لە جێی خۆی دادەنێتەوە و دەگەڕێتەوە و دەڵێت :- بۆچی بەمجۆرە تەمەشام دەکەی ؟!

جگەرەیەک دادەگیرسێنم و چند مژێکی لێدەدەم . عەلی ، دووبارە لە ژێر باگیرەکەدا ڕادەکشێت . بەدەما ڕادەکشێت و خۆی بەسەر هەردوو ئانیشکیدا دەدات و تەمەشام دەکات .

- عەلی ؟! ...

- چیە ؟

- تۆ ئاریشەیەکت هەیە کە لە منی دەشاریتەوە !

بۆ یەک ساتی گوزەرا و ڕەوتەنی نیگای سەرگەردان دەبێت و زۆر بلەز حاڵەتی ئاسایی خۆی پەیدا دەکاتەوە .

- ئاریشە ؟!

دادەنیشێت .

- نە ! ... چ ئاریشەیەکم هەیە ؟!

- ئەم (نە) گوتنەتش ...

قسەکەم پێدەبڕێ .

- زۆر چاکە ... ئێستا هەستە خۆت ڕووت بکەوە و ڕابکشێ ... هەستە !

دەڕوات پەتۆ بێنێ .

- فراڤینت خواردووە ؟

- نە .

- ئێ ، ئیدی بۆقسە ناکەیت ؟

- چما تۆ خواردووتە ؟

- تا بینەقاقا .. هەستە خۆت ڕووت بکەوە ، ئێستا تەگبیرێکت بۆدەکەم !

... کە دەبێ بە عەسر ، دەڵێت با عەرەق بەرین و بڕۆین بۆ بەستێنی (ڕەخ) دەریا .

- ... هەم عەرەق بخۆینەوەو هەم ماسی بگرین .

دەڵێت کە پەرەمێز و تاوەش لە گەڵ خۆماندا بەرین کە ماسی زندوو و تازە بکەینە ڕۆنەوە و سووری بکەینەوە .

- ... تۆ نازانی چ تامێکی هەیە ... بە تایبەتی ماسی حەلوا (جۆرە ماسییەکی باشوورە) .

- پەرەمێز ؟! ... لە سەر ئەسکەلە !

- عەنتیکەیە ... تام و لەزەتی هابەلاوە !

- نە بابە ! ...

- باشە ... بە کەیفی تۆ ... !

نیو بوتڵە عەرەقێک بە دەستەوە دەگرێت .

- وابزانم بە تەواوەتی ئەلکولی بوویت ( ئالوودە بوویت )؟! .

له قاقای پێکەنین دەدات .

- گریمان بوویم ؟!

قوتوویەکی بچووک ، له چاڵاوەکانی بەستێنەکە پڕ دەکات له کرم .

- چەشەی لەمە باشتر نییە بۆ ماسی .

هەتاو زەرەد دەچێتەوە . درێژایی ئەسکەله ( لەنگەرگە ، بەندەرگە ) جاڕووبەندە (سواغدراو بەجاڕوو ،واتە به قسڵاو و خۆڵەمێش) نیوە وێرانەکە تەی دەکەین و له کۆتایی ئەسکەلەکەدا دادەنیشین . ئەسکەلەکە نزیکەی پەنجا مەترێک چووتە ناو دەریاکەوە . عەلی ، پۆستاڵەکانی وبلوز وپانتۆڵەکەی دادەکەنێت و قەدیان دەکات و له بەستێنەکەدا دایدەنات . نیوقاپە عەرەقەکە و مەزەی پەنیر لەلای خۆیەوە دادەنێ و له قەراخ ئەسکەلەکە دادەدەنیشێت و لاقەکانی شۆڕدەکاتەوە .

- بۆ خۆت ڕووت ناکەیەوە ؟

- دەبێ خۆم ڕووت بکەمەوە ؟!

- مەعلومە ئیدی ... هەوا بەم خۆشیە ... !

هەوا فێنک بووە . دەریا ئارامە . خۆر بە گەورەیی یەک قاپ ، له ئاسۆی دەریاکەدا دیارە . نەرمە بایەک کە خۆی بەسەر دەریاکەدا بکێش دەکات ، جەستەی ڕووتم نەوازش دەکات .

عەلی ، قوتووە کرمەکە لەبەر دەستی خۆیدا دادەنێت . کرمەکان لەناو قوتووەکاندا لوول دەخۆن و لێکدی دەئاڵێن . سیانی ئەو چاڵاوانەی کە له دەریاکە دابڕاون و جیابوونەتەوە پڕن لەم کرمانە .

عەلی ، کرمێکی ئامال پەمەیی کە له پەنجەیەک درێژترە ، هەڵدەگرێت و بەسەری قولابەکەیەوە دەکات . داوی قولابەکە هەڵدەکات و کۆتاییەکەی کە بە قولابەکەوەیە ڕەها دەکات ، قولابەکە بە دەوری سەری خۆیدا با دەدات و تووڕی دەدات و داوە هەڵکراوەکە ڕەها دەکا . قولابەکە ، دە مەترێک له دووری ئەسکەلەکە دەکەوێتە ئاوەکەوە و ڕۆدەچێتە خوارەوە . عەلی ، کۆتایی داوەکە ( پەت ، هەودا ) له مەچەکیەوە دەپێچێ و نیوقاپەکە هەڵدەگرێت و هەر بە دەمی شووشەکە دوو قوم دەخواتەوە . تف دەکاتەوە و دەڵێت :- بیرمان چوو پیاڵە بێنین .

- ڕەنگە حەزت لێ بێ بە بوتڵەکە بخۆیتەوە !

دوو قومی دیکە دەخواتەوە ، تەمەشام دەکات و دەلێت :- بۆچی قولاب هەڵنادەیت ؟

خجڵ دەبم ، کرمەکە ، لە بەینی قامکەکانما دەخزێ . دڵم تێکهەڵدێ ، بێزم دەبێتەوە . کرمەکە لوول دەخوات . بە زیندوویەتی دەیکەم بە سەری قولابەکەوە . بە قولابەکەشەوە هەر هەڵدەپلێ . کارێک دەکەم نیوەی کرمەکە زیاتر بە قولابەکەوە شۆڕ ببێتەوە تا لەگەڵ جووڵەی ئاوەکەدا بجوولێت . بەم شێوەیە ماسی زووتر فریو دەخوات . ئەگەر هەموو کرمەکە بە قولابەکەوە بکەم ، لە ئاوەکەدا جووڵەی لێدەبڕێ . لیچقاوی لەشی کرمەکە بە قامکەکانمەوە لکاوە . دادەنمەوە و دەستم لە ئاوەکەدا دەشۆم .

هەودا و پەتی قولابەکەی عەلی دەبزوێ . عەلی خێرا خێرا داوەکە لە دەوری مەچەکی دەکاتەوە و شلی دەکات. قولابەکەش بەدەوری سەریا با دەدات و هەڵی دەداتە ناو دەریاکەوە . عەلی لەبن لێوانەوە دەڵێت :

- نامەردە خەریکە نووکی لێدەدا ... ئەها ... ! خەریکە چەشەکە ...

هێشتا عەلی قسەکەی تەواو نەکردبوو کە پەتەکە ، چەند تەکانێکی خێرا دەخوات و دێتە ڕاکێشان . عەلی دەست بەپێکەنین دەکات :- ها ... گیانەکەمی ... ! هاتیتە سەر قولابەکە ... !

پەتەکە ڕادەکێشێت . قورسە .

- لە دوو سێ کیلۆ پترە .

پەتی قولابەکەی عەلی بەرگەی ماسی قورس ناگرێت . ئەگەر ماسیەکە لە سێ کیلۆ زیاتر بێ و عەلی وریا نەبێت پەتەکە دەپچڕێت . پێی دەڵێم :- هێ ... عەلی ... دەڵێی ...

قسەکەم دەبڕێت .

- خەیاڵت ئاسوودە بێت ... ماندووی دەکەم ... تووشی گون ڕەشی خۆی بووە .

عەلی پەتەکە دەداتە دەم ماسیەکەوە . هەر بە دەمی بوتڵەکە ، دوو قوم دەخواتەوە و بوتڵەکە بۆ من درێژ دەکات

- بخۆوە !

- دوایی .

هیچ ناڵێت . هۆشی لای ماسیەکەیە . پەتەکە شل دەکاتەوەو گورجی دەکاتەوە . یاری بە ماسیەکە دەکات .

- ئەگەر قولابەکەی دیکە بوایە ... هەناسەم لەبەر دەبڕی ، بە یەک تەکان ، هەڵمدەکێشایە دەرەوە ... مخابن !

پشت بە پشتی عەلییەوە دانیشتووم . پانی ئەسکەلەکە هەمووی دوو مەترە . ڕووم لە هەتاوەکەیە . هەتاو خەریکە دەنیشێتە سەر دەریاکە . عەلی دەپرتێنێ :- نارەسەنە ، ماندووش نابێت !

هەتاو ، عەینی خوێن سوور هەڵگەڕاوە . پەتەکە ، چەند تەکانێکی هێواش دەخوات و لە ناکاوا ڕادەکێشرێ . قولابەکە ڕادەکێشم . ماسیەکە هێدی و هێمن ، لە گەڵ قولابەکەدا دێتە دەرەوە . هەر بەقەد یەک لەپی دەستە ، پولەکەکانی شین و زەردی زێڕین و قاوەییە . هەموو لەشی شینێکی خۆشڕەنگی یەکدەستە ، عەینی کەری کێوی خەت خەتە . سەری وەکو زێڕی سیقاڵ کراو (مشت وماڵدراو) دەدرەوشێتەوە لە لەشە کەوانەییەکەیدا گوم بووە . چاوانی ماسیەکە لە جووڵە کەوتوون . نێوچاوانی قاوەیی دەنوێنێ . بە قولابەکەوە ئاوێزانە و تەقەلا دەدات . حەیفم لێدێت بیدەم بە سەر ئەسکەلەکەدا .

عەلی ، گیرۆدەی ماسیەکەی خۆیەتی. هەر بەو دەقەوە کە تەمەشای دەریاکە دەکات ، دەپرسێت :- چیت گرت ؟

- تەمەشای بکە ... نازانم چییە .

تەمەشا دەکات :- ئۆ ... چەند جوانە ... ! ... ئەهە ..

ماسیەکە ، پەتەکە دەجووڵێنێ . خەریکە ماندوو دەبێت . عەلی پەتەکەی بۆ شل دەکات . ماسیە ڕەنگینەکە لە قولابەکەوە دەکەمەوەو ، فڕێی دەدەمەوە ناو دەریاکە .

عەلی ئاوڕ دەداتەوە :- فڕێت دا ؟!

- ئەرێ .

ئێستا ماسیەکەی عەلی ماندوو بووە . عەلی ، پەتەکە ڕادەکێشێت . ماسیەکە بەرگری دەکات . بەڵام ئیدی ئەو هێزەی نییە کە پەتەکە بپچڕێ .

ماسیەکە سەری ئاوەکە دەشڵەقێنێ . سەنگسەرێکی (جۆرە ماسیەکی باشوورە) قوت و قەڵەوە ، لە چوار کیلۆش زیاترە . ئەگەر عەلی ، لە گەڵیا بەسەبر نەبوایە ، هەر لە سەرەتاوە پەتەکەی پچڕی بوو و ڕۆیی بوو .

عەلی ، ماسیەکە هەڵدەداتە سەر ئەسکەلەکە و بە بنی بوتڵەکە چەند جەزرەبەیەک بە سەریا دەکوتێ . ماسیەکە چەند جارێک کلکی قامچی ئاسا بە ئەرزەکەدا دەکێشێت ، چەند جارێک دەم بەیەکدا دەدات و پاشان ، دەهێورێ .

عەلی ، قولابەکە ، لە دەمی ماسیەکە دەردێنێ و جگەرەیەک پێدەکات . خوڵکی منیش دەکات . دووکەڵەکە قووت دەدات و ئاماژە بۆ ماسیەکە دەکات و دەڵێت :- ئەمەش بەختی تۆ !

پەتی قولابەکە کلافە دەکەم و بەعەلی دەڵێم :- من ئەمڕۆ بە تایبەتی هاتووم کە قسەت لەگەڵدا بکەم !

هەر بەو دەقەوە کە خجڵی قولابەکە دەبێت تا ئامادەی بکات ، دەڵێ :- قسەی چی ؟

پێی دەڵێم :- تەمەشای من بکە . خۆت لە گێلی مەدە . تۆ کێشەیەکت هەیە کە لە منی دەشاریتەوە ... تۆ شتێکتە !

چارەی گرژ دەبێت و دەڵێت :- هاتووی پەستم بکەیت ، سەرو دەڵم بگریت ؟!

شووشە عەرەقەکە لە عاردی هەڵدەگرێت و تەمەشای دەکات . نیوەی نیوقاپەکەی وردە وردە خواردووەتەوە .

- ئەمشەو هەموویان دەعوەت دەکەم ...

دەڵێی بیری چووەتەوە کە چیم پێگوتووە .

- ... ماسی و عەرەق . هەموو برادەران دەعوەت دەکەم . چوار بوتڵی سەرمۆرم هەیە .

ئەو شووشە عەرەقە بەتاڵانەم بیر دەکەونەوە کە لەپاڵ دیوارەکەدا ڕیزکرابوون .

لێی دەپرسم :- هەموو ئەو شووشانە تۆ خواردووتنەوە ؟

سەر دەلەقێنێ .

- همم ...

- بە چەند ڕۆژ ؟

نێو چاوانی چرچ دەبێت . چەند ساتێک بیردەکاتەوە و دەڵێت :- ... دەور وبەری مانگێک .

لە خۆیەوە وا دەڵێ . ئەم شێوە خواردنەوەیەی ئەو دەستی داوەتێ ، بەدە پازدە ڕۆژ هەمووی خواردووەتەوە .

- نا ڕەسەنە ، لە بەینی پەنجەدا دەپلیشێتەوە !

مەبەستی کرمەکەیە .

وادیارە نایەوێ هیچ بڵێ . دیسان دەپرسم :- باشە بۆچی ئەم شەش حەوت ڕۆژە نەهاتیتەوە بۆ لنگە ؟

قسە ناکات . هەوڵدەدەم ئەگەر بە مەقاشیش بووە ، قسە لە دەمی دەربێنم .

هەتاو خەریکە دەنیشێتە سەر دەریا . کەوانەیەکی ئامال سوور کە ئاگری لێدەبارێ ، ئاسۆ دەریای خوێن ئاسا سوور کردووە . چاوم لە هەتاوەکەیە . دووبارە قولابەکە ئامادە دەکەم و هەڵیدەدەمە دەریاکەوە . زەینم جەنجاڵە . لە نیوەڕۆوە نەمتوانیوە عەلی بێنمە قسە . تاریکی ئێوارە دێت بە سەرا . فانووسەکەی سەردەرگای قەرەوڵخانەکە (پاسگا) هەڵدەکەن .

- عەلی !

- چیە ؟

- وەڵامت نەدامەوە .

- وەڵامی چی ؟

- کە ئەم شەش حەوت ڕۆژە ...

ئاوڕ دەداتەوە :- مەرجە وەڵام بدەمەوە ؟!

- مەرج نا ! .. بەڵام !

- زۆر چاکە ، وەڵامت دەدەمەوە . ئەمە بزانە کە لنگەم لەبەرچاو کەوتووە . حەزم نە لە خۆیەتی نە لە خەڵکەکەی !

لەپڕ ، خەریکی قولابەکەی دەبێت . لەوە دەچێ ماسی خەریک بێ دەمی بۆبەرێ .

چراکانی کەشتییەکی چکۆلە کە لە ڕۆژئاوای کەنداوەوە دێت ، لە دوورەوە دەترووسکێتەوە . ستێرانی درشت و زوو ڕەس ، تاک تاک لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە . ئەگەر دنیا کەمێک تاریکتر بێ و ئەستێران زۆرتر بن و ڕوناکی ئەستێران لە ناو ئاوەکەدا ڕەنگبدەنەوە ، ماسیانی باڵدار باشتر دەبینرێن . دەڵێی هەموو لەشیان بە توێژاڵێکی فسفۆڕ داپۆشراوە . لە ئاوەکەوە خۆ هەڵدەدەن ، باڵەکانی بەر سینگیان ، عەینی باڵی پەڕەسێلکە لێک دەکرێنەوە و خۆ هەڵدەدەن و لەولاترەوە ، خۆ دەخەنەوە ناو ئاوەکە . ئەو شەوانەی هەیڤەشەو بێ ، جوانتر دێنە بەرچاو .

عەلی ، نیو بوتڵەکە چۆڕپڕ دەکات و شووشەکە هەڵدەگرێت تا سەری ماسیەکەی پێ بکوتێتەوە . ئێستا خەریکە پەتەکە بۆ ماسی سێیەم شل دەکات . لە ناکاوا پەتی قولابەکەم ڕادەکێشرێ . قورس نییە . ماسیەکە ، وەکو بەرخ

گوێڕایەڵانە لەگەڵ پەتەکەدا دێت . لە ئاوەکەی دێنمە دەرەوە . پان و گۆشتنە . ماسیەکی زوبەیدیە (جۆرە ماسیەکی باشوورە ) . ڕەنگی لە ناو تاریکی ئێوارەدا ، کەوەیی دەنوێنێ .

عەلی ، هێشتا خەریکە پەتەکە بۆ ماسی سێیەم شل دەکات . ئاخری لە ئاوەکەی دەردێنێ ، ماسییەکی گەورەی بزێوە کە کاتێ بەبنی شووشەکە دەکێشێت بەسەریا و مت دەبێ ، تا تفاقەکانمان کۆدەکەینەوە و دەکەوینەڕێ هەر کلکی دەجوڵێنێ .

لەبەر قەرەوڵخانەکەدا ئاگریان کردووەتەوە . بلێسەی ئاگرەکە لە تاریکی ئێوارەدا جوانە .

بنی پێیە خاوسەکانم ، فێنکی لمەلانە نمسارەکەی بەستێنەکەی پێخۆشە .

عەلی بێدەنگە ، سەرۆکی قەرەوڵخانەکە و سەربازەکان ، تەختە لاق کورت و نزمەکانیان لەبەر قەرەوڵخانەکە ڕیزکردووە و فانۆسەکانیان داگیرساندووە و بەدەم دانیشتنەوە دەمەتەقێ دەکەن . یەکێک لە سەربازەکان نانی ساجی دروست دەکات . دوانی دی ، تفەنگ بە شان لە قەرەوڵخانەکە وەدەردەکەون کە بڕۆن بۆ دەوریە . هەرکە خۆر ئاوا دەبێ ، ئیدی دەوریەی سەربازەکان دەست پێدەکات . بە ڕۆژەوە بۆ دەوریە دەرناچن . بە ڕۆژەوە هەموو کەنارەکە و تەواوی دەریاکە دیارە . بەلەمێن قاچاغ بە شەوان پەیدا دەبن . لە دووری کەنارەکە لەنگەر دەخەن . فانۆسەکان دەکوژێننەوە و بە لۆتکە و کەڵەکان ، کەل وپەلان بۆ کەنارەکە دێنن .

کاری سەربازەکان لە خۆرئاواوە دەست پێدەکات و هەرکە دنیا ڕووناک و ڕۆژ بووەوە ، ئیدی تفەنگەکانیان ڕادەست دەکەن و لە ژوورە باگیردارەکەدا هەڵیدەچنن تا دەبێ بە عەسر و هەوا فێنک دەبێت .

سەربازەکان ، پێخەف و یەتاغەکانیان لە سەر تەختە دارینەکان ڕاخستووە تا فێنک ببنەوە . عەریف سگوند بە دەرپێ و فانیلەیەکی ژێرەوە ، لە سەر یەکێک لە تەختەکان ڕاکشاوە و جگەرە دەکێشێت .

سەربازەکان ، ماسیەکانمان لە دەست وەردەگرن و دەست بە پاککردنیان دەکەن . لە قەرەووەڵخانەکەدا ، هیچ تەرتیب و گەورە و بچوکییەک نییە . هەموو هاوڕێ و دۆستی یەکترن . هەموویان هاوکاسەن . نۆ دانە سەرباز وەزیفەن لە گەڵ عەریفی یەکەم سگوند کە تەمەنی چل ساڵێک دەبێت و سەرۆکی قەرەوڵخانەکەیە .

عەلی ، جلەکانی و پۆستاڵەکانی توورِ دەداتە سەرتەختەکە . برادەران جێگاکەیان هێناوە و ڕایان خستووە . عەریف سگوند دەڵێت کە دەتوانم لەسەر تەختی یەکێک لەو سەربازانەی کە ئێشک دەگرێت بخەوم .

– هەر جۆرێ بێ ڕێکدەکەوین !

سەرۆكی قەرەوڵخانەكە مژ لە جگەرەكەی دەدات و لە سەری دەڕوات:- دەبێ ڕێكبكەوین . هیچ جێگا وڕێگایەک نییە !

ئاگری ژێر ساجەكە دەكوژێتەوە . وێڕای ئەوەی دوو فانۆس هەڵكراون ، هێشتا تاریكی لە ڕووناكی زیاترە .

عەلی دەڕوات و بۆتڵە عارەقەكەی دێنێ . عەریف سگوند دەڵێت :

- لەم ڕۆژانەدا پیس عەرەقخۆری لێدەرچووە !

بە عەلییەتی . دەڵێت :- تەنانەت هەندێجار خۆم لەجیاتی ئەو ئێشک دەگرم . جورئەت ناكەم تفەنگی بدەمێ ، بە هیچ جۆرێ نایەتە سەر ڕێگای ڕاست . ئاخر عرەق خواردنیش سنووری خۆی هەیە !

عەلی دێت و لە قەراخ تەختەكەی سەرۆكی قەرەوڵخانەكەدا دادەنیشێت و پیاڵەكەی تەژی عەرەق دەكات . سەرۆكی قەرەوڵخانە نیوەئاخێزێكی بۆدەكات و پیاڵەكە لە دەست عەلی وەردەگرێت و یەكسەری هەڵیدەدات و دەڵێت :- ئەرێ ... عەرەقخواردنیش سنووری هەیە ! .

برادەران ، زیلۆیەكی (ڕایەخی وەكو بەڕە) گەورە لە عاردی ڕادەخەن . پەرەمێز دادەگیرسێنن و كترییەكی مس دەنەنە سەر پەرەمێزەكە تا پارچە ماسیەكان خوێیەكە هەڵدەمژن و ئامادە دەبن .

كابرایەكی كورتەباڵا كە چەفیەی لە سەر بەستووە ، لە پشت قەرەوڵخانەكەوە دێتە دەرێ . دیزداشەكەی كابرای كورتەباڵا لە لاق و لەتەری دەهاڵێ . پێی پەتییە . عەریف لەبن لێوانەوە ورتە ورتێک دەكات :- دیسان هات !

كابرای كورتەباڵا سڵاو دەكات و لەلای سەرۆكی قەرەوڵاخانەكەوە دادەنیشێت . پێدەچێ هەموویان ، كابرای پێخاوس بناسن .

نەرمە بایەک هەڵدەكات ، ژیلەمۆی ژێر ساجەكە بەهەوادا پەرت دەكات . پزیسكی ئاگر ، وەكو تیری شیهاب لە تاریكیەكەدا دەتەقنەوە و دەكوژێنەوە .

ئەو سەربازەی كە نانی ساجی دەبرژاند ، دەچێتە ناو قەرەوڵخانەكەوەو نێرگەلەیەک دێنێ و ئامادەی دەكات و لە سەر زیلۆیەكە دادەنیشێت و پشت بەتەختەكەوە دەدات و دەست بە نێرگەلەكێشان دەكات .

عەلی ، تاوە دەنێتە سەر پەرەمێزەكە .

کابرای کورتەباڵا ، چەند پەیڤێک بەگوێی سەرۆکی قەرەوڵخانەکەدا دەچپێنێ و هەڵدەستێ . عەریف سگوند مەچەکی دەستی دەگرێت .

- جارێ دەقیقەیەک سەبر بکە ... ئەم هەموو ئەزیەتەت کێشاوە بەلای کەمەوە پیاڵەیەک چای بخۆوە !

کابرای پێخاوس ، لە تۆ وایە کە چاوەڕوانی ئەم خوڵکەیە . دادەنیشێت . سەرۆکی قەرەوڵخانەکە ، نێرگەلەکە هەڵدەگرێت و خوڵکی دەکات .

مانگ هەڵدێت . گەورە و جوانە . مانگ دەبێ یازدە یان دوازدە شەوە بێ .

سەری قۆریە ئاوەکە لادەبەن . بۆنی خۆشی چایەکە دەچێت بە کەپوومدا . چای قاچاغ ، لەبەندەردا ، هەمیشە زۆرە .

کابرای کورتەباڵا ، بەدەم نێرگەلە کێشانەوە تەمەشام دەکات . بۆ یەک سات تەمەشای دەکەم . بزەیەک دەکات و سەردەلەقێنێ . دەم وچاوی پان و رەقەڵەیە . کۆتایی برۆکانی عەینی کلکی مشکە ، باریک و بەرزە . نێرگەلەکەی دەکێشێت و چایەکەی دەخواتەوە و بێ هیچ گفتوگۆیەک هەڵدەستێت و دەڕوات .

- کابرایەکی خۆشە !

- خۆش نییە . شێتە !

- هیچ شێت نییە . هەندێجار قسەی دروستیش دەکات !

بۆم دەر دەکەوێت کە کابرای پێخاوس ، بە خوت و خۆڕایی ، لەبەلاش و حەلاش ، هەواڵدزی بۆ سەرۆکی قەرەوڵخانەکە دەکات . بەوەندە ڕازیە کە سەرۆکی قەرەوڵخانەکە ، لەچاخانەدا چاک و خۆشی لەگەڵدا بکات . خەبەر دێنێ کە چ کاتێک بەلەمی قاچاغ دێت و قەرارە لە کوێ بارەکەی داگرن .

سەرۆکی قەرەوڵخانەکە دەڵێت :- زۆربەی کات قسەکانی بێ سەروبەرن !

دیسان دەلێت :- سەد کەڕەت قاچاغچییەکان لێیان داوە و ئەزیەتیان داوە ، بەڵام عارنانێ ! ...

یەکێک لەسەربازەکان دەڵێت :- ئەسڵەن نەخۆشە !

کابرای پێخاوس خوشحاڵە بەوەی کە لە چاخانەدا دەگەڵ سەربازەکاندا چای دەخواتەوە و نێرگەلە دەکێشێت و چاک و خۆشی دەکات . تەنانەت هەندێجار ئامادەیە کە پارەی چا و نێرگەلەکەشیان بدات . دڵی بەوە خۆشە کە هاوڕێی پیاوانی دەوڵەتە .

دەریا ئارامە . مانگ وەکو چرایەکی گەورە بە دیار دەریاکەوە هەڵواسراوە . تریفەی مانگ سەری دەریاکە دەڕوشێنێ .

عەلی بە دەم ماسی سوورکردنەوەوە ، پیاڵە عرەقەکە لە دەست عەریف سگوند وەردەگرێت و هەڵیدەدا و تۆزێک لە پارچە ماسیەکە وەکو سینگی مریشک ، سپی دەچێتەوە ، دەکاتەوەو بە گەرمی دەیخاتە دەمیەوە .

لە سەر زیلۆیەکە دەچمە پێشەوەو نێرگەلەکە وەردەگرم و دەیکێشم . ڕووم لە دەریاکەیە . ئەو کەشتیە چکۆلەیەی کە ئێوارە ، لە دوورەوە دەهات ، ئێستا نزیک بووەتەوە . چراو گڵۆپەکانی زیاتر و ڕوناکترن . دەڵێی ڕاوەستاوە و جووڵە ناکات . لە دوورگەیەکی بچووک دەچێت کە لەناوەندی دەریاکە گیرسابێتەوە .

عەلی ، پەرەمێزەکە دەکوژێنێتەوەو بە سەرۆکی قەرەوڵخانەکە دەڵێت کە عەرەقم بۆ تێبکات .

قۆری و کترییەکەیان تەپاندووەتە ناو خۆڵە کەوەو ژیلەمۆی پاشماوەی ئاگری ژێر ساجەکە . سفرە ڕادەخەن کە شێو بخۆین . شێوەکە بریتیە لە ماسی و خورما و پەتاتەی (یارەڵماسی ) کوڵاو .

دوای شێو ، سەربازەکان ڕادەکشێن . عەریفی قەرەوڵخانەکە ، بە عەلی دەڵێت کە ئیدی عەرەق نەخواتەوە و دەڵێت :- مەگەر گوێت لێنەبوو ئەو بۆرە پیاوە چی دەگوت ؟!

مەبەستی کابرا کورتەباڵا پێخاوسەکەیە .

- گوێت لێنەبوو کە دەیگوت ئەمشەو بەلەمە گەورەکەی سەید ساڵح دێت ؟!

عەلی ، پیاڵە عەرەقەکە بەیەک بین هەڵدەدات و دەڵێت :- نە ! ... گوێم لێ نەبوو . خۆ تۆ خۆشت باوەڕت پێی نیە ! ئەم بۆرە پیاوە ، لە سەد قسە ، یەکێکی ڕاست نییە !

عەریف سگوند ، بزەیەکی بۆدەکات و دەڵێت :- من زیاتر بۆتۆمە ... ئەم عەرەقە ئاقیبەت ڕێخۆڵەکانت کون دەکات !

عەلی ، بە تۆبزی وادارم دەکات کە عەرەق بخۆمەوە . هێشتا نەخەوتووین ، کە پۆستەی یەکەم لە دەوریە دەگەڕێتەوە . سەربازەکان و عەریف لە بەینی خۆیاندا پێکهاتوون . پۆستەی یەکەم لە هەشتی دوای نیوە ڕۆوە دەست پێدەکات تا یازدە . سێ سەعات بە سێ سەعات ، پست دەگۆڕن و پێنجی بەیانی ، دنیا کە گورگ ومێش دەبێت ، دەوریەی کە نار دەریا تەواو دەبێت . بەم حیسابە هەر دووشەو نیگابانی ، یەک شەو ئیسراحەتی لە دوایە

شەوی ئیسراحەتی عەلییە ، دەبوایە بەیانی بکەوتبایەڕێ و بۆ بەندەر لنگە بهاتبایە . جاران کە هێشتا عەلی نەگۆڕابوو ، تەنانەت ئەو شەوانەش کە ئێشکی هەبوو ، بەیانی زوو دەکەوتەڕێ و دەهات بۆ لنگە و بە گوێرەی سەعاتی نۆرە ئێشکەکەی ، یان عەسر دەگەڕایەوە یان شەو .

سەرۆکی قەرەوڵخانەکە ، دوا چۆڕی دوا پیاڵە هەڵدەدات . هەڵدەستێ کە بڕوات سەرێکی برادەرانی پۆستەی دووەم بدات و بگەڕێتەوە و بخەوێت .

عەلی دەڵێت :- هەستە با بڕۆین لە سەر لمەلآنەکان بکەوین !

تا لمەلآنەکەی بەستێنی دەریاکە ، هەر دە پازدە هەنگاوە ، زیاتر نییە . لمەلآنەکە ، لە پشت عاموودە بەرزەکانی ئەو لێڕەوە دەست پێدەکات کە بەرانبەر قەرەوڵخانەکەیە .

سەربازەکان ڕادەکشێن تا نۆرەیان بێت . عەریف باشی سگوند پانتۆڵەکەی لەبەر دەکات و تفەنگەکەی هەڵدەگرێت و لە قەرەوڵخانەکە وەدەر دەکەوێت ، کە دەکەوێتە ڕێ دەڵێت :- خوا دەیزانێ ... لەوەشە ئەو بۆرە پیاوە (مێردەک) ڕاست بکات !

عەریف باشی ، سۆڵی لە پێیە . بەخشەخش دەکەوێتە ڕێ . هێشتا نەگەیی بووینە لمەلآنەکەی بەستێنی دەریاکە کە باڵای کورتی سەرۆکی قەرەوڵخانەکە ، لە تاریکیەکەدا گوم بوو .

لە سەر لمەلآنەکە پاڵ دەدەینەوە . هەردووکمان نیوە ڕووتین . تەنیا پانتۆڵمان لە پێیە . عەلی کەمێک خومارە . لە خۆرنشینەوە دەستی بە عەرەق خواردنەوە کردووە . هەموو نیو بوتڵی یەکەم خۆی خواردیەوە . لە بوتڵی دووەمیش ، تۆزێ لە چارەکێک زیاتری خواردووەتەوە . چونکە هێواش هێواش خواردووەیەتیەوە ، وەکو پێویست کاری تێنەکردووە و عەریف باشی گوتەنی ، عەلی ، لەم ڕۆژانەدا وەکو شەربەتی لیمۆ عەرەق دەخواتەوە .

مانگ بەرز بووەتەوە . لە ناوەندی ئاسمانە . دەریا گیانی هەیە . دەڵێی قسە دەکات . دەنگی هێندە ئارام و ئەوەندە خۆش دێتەگوێ ئێژی پێدەکەنێ .

ئاسمان ساف و سامالّە . شینێکی یەکدەستە . تاقەیەک پەڵە هەوریش بەئاسمانەوە نییە . ئەستێرەکان لە ژێر تریفەی مانگدا کاڵ دەنوێنن . شەوی وا ئارام ، ماسیگران دەبێ بدەنە دەریا ، کەچی هیچ هەواڵێکیان نییە .

عەلی ، پشت دەدات ، بە عامووده دارینەکانەوە . بوتڵەکەی دەداتە بەرتریفەی مانگەکە و تەمەشای دەکات . چەند دڵۆپێک لە بنی شووشەکەدا ماوە . هەر بەدەمی شووشەکە ئەو چەند دڵۆپەش دەخواتەوە و شووشەکە بەرەو دەریاکە تووڕ دەدات . جگەرەیەک بەلێوەوە دەگرێت و چاوانی دەنووقێنێ و لە دوولاوە دەستەکانی بەدرێژایی عامووده دارینەکاندا ڕەها دەکات . شەو ، دەبێ لە نیوە تێپەڕی بێت . دەمەوێ وەکو عەلی پاڵ بدەمەوە و چاوانم بنەمە سەریەک و گوێ لە دەنگی دەریا بگرم کە لەناکاوا دەنگی کەسێک ، وەکو چۆن ئەڵماس بە شووشەدا دێنن ، بەو ئاوایە تاریکی شەوەکە دەبڕێ .

عەلی ، لە پڕ شانەکانی لە عامووده دارینەکان لادەدات و دەڵێ :- دەنگی سگوند نییە ؟

گوێ هەڵدەخات :- با ، خۆیەتی ... دەنگی عەریف باشیە !

لە جێی خۆی ڕادەپەڕێت و دەست بە غاردان دەکات . تا من وەخۆ دەکەوم تا بیگەمێ ، دوور دەکەوێتەوە . لەبەر ڕۆشنایی کزی مانگەکەدا ، لە کۆتایی ماڵەکانەوە کە بە نەخڵستان کۆتایی دێت ، پیاوێک بە کووڕەکووڕ خۆی بکێش دەکات و بەرەو قەرەوڵخانەکە دێت . بە دەم هاواری پیاوەکەوە ، لێرەو لەوێ ، دەرگای ئەومالانەی کە نزیکی قەرەوڵخانەکەن دەکرێنەوە و چەند کەسێک لە ماڵەکانەوە دێنە دەرەوە .

کە نزیکتر دەبمەوە ، عەریف باشی سگوند دەناسمەوە . عەلی کە لە من زووتر دەگات ، عەریف باشی ، لە دەست خەڵکەکە وەردەگرێت و لە کۆڵی دەکات و دەست بە غاردان دەکات . کە دەگەمە عەلی وعەریف باشی ( ڕەئیس عورەفا ) نیوە نەفەس دەبم . دەستی سگوند شۆڕ بووەتەوە . بەڵام تفەنگەکەی بەر نەداوە . سەرۆکی قەرەوڵخانەکە دەناڵێنێ . دەمەوێ تفەنگەکەی لە دەست وەربگرم . بۆساتێک چاوانی هەڵدێنێ و تەمەشام دەکات و تفەنگەکەم دەداتە دەست . عەلی ، لە ژێر سگوندا هانکەهانکی پێکەوتووە . هێشتا نازانم چی ڕوویداوە . تفەنگەکە حەمایل دەکەم و دەچمە پێشەوە تا عەریف باشی لە عەلی وەربگرم ، عەلی نایەڵێت . خەڵکی ، بە ڕاکردن دووی عەلی دەکەون . قسەکانیان تێکەڵی یەکدی بووە .

- مار ؟

- ها ، بەڵێ ... مار !

- لە کوێ ؟

- نازانم .

هەرکە دەگەینە قەرەوڵخانە، سەربازەکان لە سەر نوێنەکانیان هەڵدەستن و پڵێتەی فانۆسەکان بەرزدەکەنەوە . هەموو شپرزە و حایر بوون .

عەلی ، عەریف باشی ، لە سەر تەختەکە درێژ دەکات . پێشی پانتۆڵەکەی سەرۆکی قەرەوڵخانەکە تەڕە و دوگمەکانی کراوەتەوە . مار بە پاژنەی پێی چەپیەوە داوە . عەلی بە زەحمەت پانتۆڵەکەی عەریف باشی دادەکەنێت . شوێنی وەزەنی مارەکە دیارە . پیرەمێردێک کە تازە گەییوەتەجێ ، خەڵکەکە دەداتە دواوەوە و لە قەراخ تەختەکە دادەنیشێت . پەشۆکاوم . هەموو برادەران ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕاوە . عەلی ، دەسەپاچە بووە . پیرەمێردەکە بە سەر لاقی عەریف باشیدا دادەنەوێتەوە و دەڵێت :- گوێزانتان هەیە ؟ ... کوا گوێزانێکم بدەنی ... گوێزانێکی ڕدێن تاشین .

عەلی ، وەکو بروسکە بۆی دەردەچێت . پیرەمێرد ، لە دوای عەلییەوە ، بە دەنگی بەرز دەڵێت :

- دوو مەتریش دەزووی ئەستوور ... ئەگەر پەتی قولاب بێ باشترە ...

لاقی سەرۆکی قەرەوڵخانەکە خەریکە دەئاوسێ . ناڵە لە ئەوکیا کزبووە . سەربازەکان ، لە دەوری تەختەکەی عەریف باشی ئەڵقەیان بەستووە . خەڵکەکە ، کەمێ دوورتر ، لە سەر ئەرزەکە هەڵتروشکاون . عەلی ، پەتی قولابی ماسیگیری و گوێزانەکە دەداتە دەست پێرەمێردەکە و لە خوار پێی سەرۆکی قەرەوڵخانەکەوە چۆک دادەدات و دادەنیشێت . پێرەمێردەکە ، بە گوێزان قولابەکە ، لە پەتەکە ( دەزوو ) دەکاتەوە و سەرووی ئەژنۆی عەریف باشی توند دەبەستێ و بەپەلە ، گوێزان لە جێی گەستنی (نێش) مارەکە دەدات تا خوێنی لەبەر بڕوات . دڵم بریندار دەبێ . پیرەمێردەکە دادەنەوێتەوە و جێگانێشی (گەستنی) مارەکە دەمژێت . چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی بەیەکدا دەچن . گۆناکانی چاڵ دەبن . دەمی پیرەمێرد پڕ دەبێت لە خوێن. قژە ماش و برنجەکەی پیرەمێرد گڤ بووەتەوە . خوێنەکە دەتفێنێتەوە .

- چۆڕێ ئاو بێنن !

یەکێک لە سەربازەکان ، بەپەلە مەسینەیەک لە مەرکانەکانی ناو دالآنی قەرەوڵخانەکە پڕدەکات و دەیداتە دەست پیرەمێردەکە و تا پیرەمێرد دەمی دەشوات ، عەلی دەم دەنێ بە پاژنەی پێی عەریف باشیەوە و دەست دەکات بە مژینی .

لاقی سگوند ، زیاتر دەئاوسێ . ڕەنگی بووە بە کارەبای زەرد . ئارەقە نیشتووەتە سەر هەنیەی پڕ چرچ ولۆچی . هەناسەی قورس بووە . سینگە تووکنەکەی بەزەحمەت بەرز و نزم دەبێتەوە . پیرەمێرد جارێکی دی مژی لێدەدات و دەمی دەشوات . پیاوێکی ناڤسالْ کە لە پشت پیرەمێردەکەوە دانیشتووە سیغارێک دەپێچێتەوە و دایدەگیرسێنێ و دەیداتە دەست پیرەمێردەکە . پیرەمێردەکە سیغارەکە وەردەگرێت و سەردەلەقێنێ و بە ئەسپایی دەڵێت :

– خوا ڕەحمی لێبکات !

لە پڕ عەلی هاوار دەکات :– بیبەن بۆ لنگە ! ... بەلای کەمەوە تیمارخانەیەکی لێیە !

هەموو دەزانن کە حەسەن گگۆ عەسر بۆبەندەر لنگە گەڕاوەتەوە . عەلی دەڵێت :– با پاسکیل !

عەریف باشی دەناڵێنێ . یەکێک لە سەربازەکان فانۆسەکەی بە دیار سەرییەوە گرتووە . لە ناکاوا خوێن لە پووکی سەرۆکی قەرەوڵخانەکەوە هەڵدەقوڵێ . نێوچاوانی پێرەمێرد لە ئارەقەدا هەڵکشاوە . سیغارەکە دەداتە دەست کابرای ناڤسالْ و دیسان جێ نێشی مارەکە دەمژێ .

پیرەمێردەکە ، خوێنەکە تف دەکاتەوە و دەڵێت :– قاترەکەی ( هێستر ) بابا ئیسلام ... لە پاسکیل باشترە !

و پاشان ڕوو دەکاتە کابرای ناڤسالْ و دەڵێت :– خێرا فالح ... خێرا قاترەکەی بابا ئیسلام بێنە .

کابرا ، بەتەمەڵی هەڵدەستێ . پەلەی نییە . عەلی ، بابا ئیسلام دەناسێت . تا کابرای ناڤسالْ وەخۆ دەکەوێ ، عەلی وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەردەچێت .

ئێستا ، عەریف باشی سگوند ، لەجیاتی هەناسە ، خنکە خنک دەکات ، دەپرخێنێ . پیرەمێرد بە دەستەسڕ ، خوێنی پووکی سەرۆکی قەرەوڵخانەکە دەسڕێت . لاقی عەریف باشی ئەوەندە ئاوساوە کە لە کۆتەرەدار دەچێت . عەلی ، بە قاترەکەی بابا ئیسلامەوە دێتەوە . تەنگەی کورتانەکەی تووند کردووە . قاترەکەی بابا ئیسلام بزێو و پڕ جووڵەیە .

تا عەریف باشی، سواری قاترەکە دەکەین . عەلی بلوزەکەی لەبەر دەکات و قەیتانی پۆستاڵەکەی دەبەستێت و خۆی هەڵدەداتە سەر قاترەکە و عەریف باشی لە باوەش دەگرێت و هەوساری قاترەکە تەکان دەدات . قاترەکە دەجووڵێت و دەکەوێتە یورغە .

پیرەمێردەکە ، هەر بەچیچکانەوە ، قوتووە ستیلەکەی لە گیرفانی دیزداشەکەی دەردێنێ تا سیغارێک بپێچێتەوە . پیرەمێردە نائومێد دیارە . قەراخ پەڕە سیغارەکە بەسەری زمان تەڕدەکات و دەڵێت :– ئەگەر بژی باشە !

وسیغارەکەی پێدەکات و دەکەوێتەڕێ و ئەو پیاوانەی کە هاتبوونە تەمەشا ، دووی دەکەون .

سەربازەکان لەسەر جێگاکانیان بە بێدەنگی دانیشتوون . لە سەر تەختە خەوەکەی عەلی ڕادەکشێم . دنیا کپ و بێدەنگە . دنگی دەریا یەکهاوی و یەکنەوایە . مانگ لە نیوەی ئاسمان تێپەڕیوە . یەکێک لە سەربازەکان ، لەسەر جێگاکەی هەڵتروشکاوە ، جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . دەڵێی زات ناکەین ( جورئەت ناکەین ) پێکڤە قسەبکەین .

– ئەگەر بە سەلامەت دەربچێ ! ...

هەڵبەتە دەبێ زۆر مەترسیداربێ . دیارە کوڵەمار پێوەی داوە . خۆزیا لە پیرەمێردەکەم پرسیبا . بێگومان دەیزانی . دیارە مارێن ژەهراوی کنگ باش دەناسێت . زات ناکەم بجوڵێم . دەڵێی مارێک لە سەر زگم پەپکەی داوە . دەڵێی مار بە سەر لاقەکانما ، کە لەسەر تەختەکە درێژم کردووە ، دەجووڵێتەوە . هەناسە لە خۆ دەبڕم . شتێک خۆی بە گۆزینگی پێمدا دەسووێ . لە پڕ ڕادەپەڕم . سەربازەکان تەمەشام دەکەن و هیچ ناڵێن . هەنیەم ئارەقەی کردووەتەوە . دوو بارە درێژ دەبمەوەو لاقەکانم قانگڵە دەکەم . نەرمە بایەکی فێنک هەڵدەکات . هەڵدەستم و بلوزەکەم لە بەر دەکەم . ئەو سەربازەی کە جگەرە دەکێشێت ، ئاغزە (قونک) جگەرەکەی تووڕ دەدات و دەخەوێت . بریا دەمتوانی بۆ لنگە برۆم . خۆزیا خەوم لێدەکەوت . سەرم قورسی ئەو عەرەقەیە کە خواردوومەتەوە . حەپەی تێکەڵی چەند سەگێک لە گوندەکەوە دێت . دەنگی کەڵەباب دێ ، کوڕانی پۆستەی دووەم ، لە دەوریە دەگەڕێنەوە .

– ئەوە چیە ، بۆ هەمووتان بە خەبەرن ؟

– عەریف باشی ، مار پێوەی داوە !

دەحەپەسێن و دادەنیشن .

– مار پێوەی داوە ؟ ... چۆن ؟

– وا بزانم لە پای پەرژینێ یا لەپاڵ دەوەنێک دانیشتووە تا میزبکات .

لێی دەپرسم :– تۆ ئەمە لە کوێ دەزانی ؟

دەڵێت :– مەگەر نەتبینی دوگمەکانی پانتۆڵەکەی کرابووەوە .

هەر بیریشم بەلای ئەوەدا نەچوو بوو . پێشی پانتۆڵەکەی تەڕیش بوو . دیتبووم ، بەڵام هێندە شپرزە بووم ، هەر هەستم پێنەکردبوو .

پۆستەی سێیەم ، تفەنگەکان لە شان دەکەن و بۆ دەوریە دەردەچن . حەزناکەن بڕۆن ، بەڵام ناچار دەبێ بڕۆن .

لەسەر دەست تل دەدەم و چاوانم دەنەمە سەریەک تا بەڵکو خەوم لێبکەوێت .

برادەران ، دەکەونە چپەدوو . حاڵی نابم چ دەڵێن . سەرم گەورە دەبێت . هەستدەکەم کە دەست ولاقم خەریکە گەورە دەبن . ئێستا سەرم بە قەد (ئەندازە) گومەزێکی لێهاتووە . چپەچپی برادەران ، دەڵێی سواری باڵی با بوون و دوور دەکەونەوە . زۆر دوور دەکەونەوە . ورتە ورتەکەیان لە گیزەگیزی یەکنەوا و خاو کەرەوەی باڵی مێش و مەگەزانی پاییزە دەچێت . حەپەحەپی خەفەی سەگێک ، بە پچڕ پچڕی ، لە کاسەی سەرمدا دەنگ دەداتەوە . دەنگی نزمی کەڵەشێرێکی باڕ ، وەکو دەنگی کوند ، ناو بە ناو حەپەحەپی سەگەکە دەبڕێت . لەپڕ دەڵێی شتێک لە پانتایی گەورەی سەرمدا دەتەقێتەوە . دەنگەکە ، وەکو دەنگی وشکی کردنەوەی دەرگا ئاسنەکەی حەمامەکەی لەشکری دووی زرێ ، شەپۆل دەدات و عەتا تەکان دەدات . عەتا ددانەکانی بە جیڕەوە دەبات و دەبۆڵێنێ .

– ئەمجارە کێیە ؟!

بەڵام دانی بەیانییە . تا ئێستا بە دەگمەن ڕێکەوتووە کە بە ڕۆژەوە کەسێک بۆ ئەشکەنجە بۆ حەمامەکە بێنن .

دەنگی هەنگاوی کەسێک لە پشت دەرگای بینەکەوە خەفە دەبێت . دەرگاکە دەکرێتەوەو عەریف ساقی بە قەدوباڵا درێژەکەیەوە لە نێو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەردەکەوێ :– خێرا کۆ ببنەوە !

بە نووکی پێ ، پەتۆکان ، کە لە سەر ئەرزەکە ڕاخراون ، هەڵدەداتەوە :– خێراکەن ، ئێرەم پێویستە !

هەمووومان ئامادە بووین ، بەڵام حەسەن خاوەخاو دەکات . قەیتانی تاکی ڕاستی پۆستاڵەکەی بەستووە ، پەتۆکانی ناوەتە ژێر باخەڵی و تاکی چەپی پۆستاڵەکەی بەدەستەوە دەگرێت .

سمێڵە زلەکەی عەریف ساقی دەجووڵێت :– پێت چیەتی ؟!

ئێستا شارەزای قسەکردنی ساقی بووین ، هەندێجار قسەکانی تەواو ناکات ، بەڵام دەبێ خۆمان هەڵی بێنین کە دەیەوێ چ بڵێ . تۆنی دەنگی ساقی میهرەبانە :– ها ؟ ... پێت چیەتی ؟!

لە گەڵ حەسەنیەتی کە تاکە پۆستاڵەکەی بەدەستەوە گرتووە .

– پێم مێخەکەی لێهاتووە سەرکار سەرگروبان و ... بزماری ژێر پۆستاڵەکەش دەرچووە .

چاوە درشتەکانی ساقی پرشنگ دەدەن . بزە دەکات . لێوە ئەستوورەکانی دەجوڵێن . دەنگی زبر وئارامە . دەڵێی بەزەیی دەنوێنێ .

– ها ... ! کوا بێنە بزانم ... ! بزمارەکانی دەرهاتووە ، بەستەزمان ! ...

پۆستاڵەکە لە حەسەن وەردەگرێت . حەسەن گیری خواردووە ، رێگەی پاش و پێشی نییە . ساقی بە ئانقەست پۆستاڵەکە ژێر وبان دەکات تا سەیری بزمارەکەی ژێری بکات . لەپڕ داشەکانی شەترەنجەکە دەرێنە سەر ئەرزەکە و هەرکە سەیری داشەکان دەکەین کە بەسەر ئەرزەکەدا بڵاو بوونەتەوە ، تاکە پۆستاڵەکە دەکوترێ بە ملی حەسەندا و پاشان ، بە توندی بە سینگیدا دەدرێ :– دەی لە پێی بکە . نە بزمار لە ئارادایە ! ... نە مێخەکە !

حەسەن پۆستاڵەکە لەپێ دەکات . ساقی دەکەوێتەرێ :– دوام کەون !

دووی ساقی دەکەوین و لەحەمامەکە وەدەردەکەوین . لە بەر حەمامەکەدا ، دە سەربازی برنەو بە دەست لە چاوەڕوانی ئێمەدا ڕیزیان بەستووە . سەربازەکان دەست بە تفەنگ ، بە دوو ڕیز لەم دیو و ئەو دیومان دەوەستن . بە ڕیز هەریەکەمان لە بەینی دووسەرباز دەوەستین . ساقی لە سەری ڕیزەکە دەوەستێ و دەستی هەڵدەبڕێ .

– لە جێی خۆ ... هەنگاو بۆ پێشەوە بڕۆ !

و دەکەویتەڕێ .

هەوای مەیدانەکەی سەربازگەکە ساردە . سەربازەکان لێویان هەڵقورتاندووە و نیگایان لە نیگامان دەدزنەوە و هیچ وەڵامێکی بزەکانمان نادەنەوە .

بایەکی فێنک لە بناری کوێستانەوە دێت . لە بەینی گەڵای سەوزی ڕیزەدار زوانەچوێلەکەکانەوە کە لەڕەخی جۆگا ئاوەکەوە تابینای گرتووخانەکە ڕۆییوە ، ناو بە ناو گەڵای زەرد دەبینرێ . جۆگاکە خوڕەخوڕێکی هێواش دەکات . ئەو گەڵا وشکانەی کە لە ئەرزەکەدا کەوتوون ، بە خشەخش لەگەڵ ئەو نەرمەبایەدا کە هەڵیکردووە ، دەڕۆن . لە حەمامەکەوە تا گرتووخانەکە ڕێگەیەکی کەمە . هەتاو بە ژێر پەڵەهەورێکەوە بووە . دونیا کەوەیی ڕەنگە و بۆنی پاییزی لێدێت . بینای یانەکە ، بەرانبەر بەگرتووخانەکەیە . بەوردی دەڕوانمە هەموو شوێنێک . چەند بینایەکی بچووکی جیا ، لە پشت گرتووخانەکەوە هەیە . لە پشت بیناکانەوە بە فاسیلەی سەد مەترێک ، دوو بورجی تەختەیی نیگابانی هەیە . ناوقەدی نیگابانی بورجی یەکەم و لوولەی تفەنگەکەی بەباشی دیارە . لە پایینی کابینەی بورجەکەوە ، قاعیدەیەکی گەورەی بلاجکتۆرێک کە کوژاوەتەوە دانراوە . لە بەردەم بینای یانەکەدا چەند سپیدارێکی بەرز تاک تاک و دوور لە یەک چوون بە ئاسماندا . نیلوفەرێکی بەلق وپۆی خۆڕسک لە قەدی یەکێک لە سپیدارەکان

ئالاوە وچووەتە سەرێ ولێرەو لەوێ گوڵێن شەیپوری نیلوفەر ، لە بەینی گەڵا زەرد هەڵگەڕاوەکانی سپیدارەکەوە ، وەنەوشەیی دەنوێنن . لە دەرگا گەورەکەی سەربازگەکەوە ، جادەیەکی قیر ، مەیدان و زەویە پان و چەو ڕێژەکەی خۆر ئاوای یانەکە دوو لەت دەکات و دێتەپێشی و لەبەرانبەر گرتووخانەکەوە دەسووڕێتەوە و بەرەو حەمامەکە دەڕوات . دەبێ هەمان ئەو شوێنەبێ کە شەوی یەکەم بەکامیون هاتین و بۆچەند ساتێک لەبەر سەربازگەکەدا وەستاین و پاشان کامیونەکە بەرەو حەمامەکە کەوتە ڕێ . ڕیزە گڵۆپەکانی قەراخ مەیدان و زەویە بەرینەکەی خۆرئاوای یانەکە هەڵن . چاوم لە پێچی ئەو جۆگا ئاوەیە کە لەپای درەختەکانی خۆرئاوای مەیدان و زەویەپانەکەوە پێچ دەکاتەوە و بەرەو گرتووخانەکە دێت ، کە لە پڕ گوێم لە دەنگی عەریف ساقی دەبێ .

- ئیست !

خۆ بە خۆ ، ڕادەوەستم . سەربازە چەکدارەکان ، لە دەرێی گرتووخانەکەدا ڕیز دەبەستن . ساقی لە پێشمانەوە دەکەوێتەڕێ . دەچینە گرتووخانەکە و بۆناو ڕاڕەوێکی تەنگ و درێژی گرتووخانەکە پێچ دەکەینەوە . دوازدە سالولی ئینفیرادی لە دەستی چەپی ڕاڕەوەکەدا هەیە . دەرگای هەموو سالولەکان (ژووری ئینفرادی) داخراوە . لە سەرووی دەرگای هەر سالولێکەوە ، کونێکی چوارگۆشە هەیە کە تۆزێک لەچارەکە خشتێک گەورەترە . لەبەر هەر سالولێکدا ، سەربازێکی تفەنگ بە دەست ئێشک دەگرێت . لەپشت کونی یەکێک لە سالولەکانەوە ، برۆی پەیوەست و چاوانی درشت و درەخشانی پیاوێک دیارە . لەوە دەچێ پێبکەنێ .

کە دەگەینە کۆتایی ڕاڕەوەکە ، عەریف ساقی ، دەرگای ژوورێک دەکاتەوەو دەڵەکمان دەداتە ژوورەوە و بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت ، دەرگای ژوورەکە دادەخات .

وەختێ وەخۆ دێینەوە و تەمەشا دەکەین لە کوێین ، کەمال و ڕەحمەت و ئیسلام و مەلیک ڕادەپەڕن و لە باوەشمان دەگرن . لە تۆ وایە ساڵەهایە یەکترمان نەدیتووە ، لەو ڕۆژەوە کە لە حەمامەکەدا ، لێکدی جیابووینەوە ، بیست ڕۆژێک دەبێت ، بەڵام دەڵێی ئەم بیست ڕۆژەمان لێبووە بە یەک قەڕن (سەدە) . پەتۆکان لە عاردی دادەنەین و دەست دەکەین بە گفتوگۆ . خەبەری جەعفەر و ستیڤن و یوسف و ئەوحەد نازانن .

شوێنە تازەکەمان پەنجەرەیەکی تەختەی هەیە کە ڕوو لە حەوشە و مەیدانەکە دەکرێتەوە . ناوەندی ژوورەکە ، وەکو زۆرخانە چاڵ بووە . درێژی ژوورەکە لە چوارمەتر پتر دەبێ . بەڵام پانیەکەی ڕۆحیشی بەبەرا بکەی ، ئەوپەڕی سێ مەترە . گڵۆپێکی تەپ و تۆزاوی بە میچەکەوە هەڵواسراوە . دەڕوانمە دەورو بەرم . هەرچییەک بێ لە حەمامەکە باشترە . بەلای کەمەوە هەواکەی خەفە نییە و پەنجەرەیەکی هەتاوگیریشی هەیە .

جگەرەم تەواو بووە . بەیانی کە لە خەو ڕابووم دوا قونکە جگەرەم کێشا . دەبێ تەگبیرێکی خۆم بکەم . بەجۆرێک خووم بەجگەرەوە گرتووە کە ئەگەر چەند سەعاتێک نەیکێشم حەواسم پەرێشان دەبێ . کەمال ، چاوە درشتە ئامال زەرد و گەشەکانی دەبڕێتە دوڕ چاوانم و دەڵێت :- جگەرە ؟! ... تەگبیرێکی دەکەین !

دیسان دەڵێی هەستدەکەم کە قسەکردنەکەی بۆنی گازی نەوتی لێدێت . بۆنی ماسی سوبور (جۆرە ماسییەکی باشوورە ) یا بۆنی خۆشی شکۆفەی خورمای لێدێت .

کەمال هەڵدەستێت و دەڕوات لە پشت دەرگای ژوورەکە دەوەستێ و لە دەرگاکە دەدات . دەنگی پاسەوانەکە دەژنەوم :- چیە !

کەمال دەلێت :- جگەرەم دەوێ سەرکار .

- جگەرە ؟ ... یەک سەعاتی دیکە ! ...

خەندە لە گەرووی کەمالدا دەپەنگێتەوە و پرمەیەکی بۆ دەکات . دێت بۆلای من و دەڵێت :

- گوێت لێبوو ؟ ... یەک سەعاتی دیکە !

دەڵێی لە گەڵ پاسەوانەکەدا ئاشنان . شارەزای قسەکردنەکەین . دەبێ سەبر بکەم . هیچ چارەیەکم نییە .

برادەران ، داشی شەترەنجیان دروستکردووە . سەرم دەسوڕمێ . ڕەحمەت دەڵێت :

- ئەمە سەرسوڕمانی ناوێ برا ... سەر لەشکر ساقی ئیجازەی فەرمووە !

عەریف ساقی ، دەرەجەی جۆراو جۆری هەیە .

- سەرتیپ ساقی دەڵێی ؟ ... پە ! ... ئەگەر کەرێتیەکەی سەربکات ، مێخ زنجیر هەڵدەکێشێ .

- سوپابود ساقی ؟ ... نەبابا ! ... بە هەموو نامەردێتیەکیەوە ، دەمارێکی جوامێری تیایە !

- ئەویش هەندێجار بەرژەوندی و مەسڵەحەتە دەنا زیندانەوان قەت بەپیاو نابێت !

ناسیاوی دەگەڵ ئەندازیار سەیفدا پەیدا دەکەم . لە سووچی ژوورەکە دانیشتووەو پەتۆکەی ڕاکێشاوەتە سەرقاچی . سەری ئەندازیار سەیف گەورەیە . لەگەڵ لەشیا تێکناکاتەوە . تەنانەت لە دەم وچاویشی نایەت . کاسەی سەری

له لاجانگەکانیەوە ، لەپڕ گەورە دەبێت . بەڵام چەناگە بچووک و باریکەکەی ، گۆنا ڕەقەکانی و چاوە درشتەکانی لێکدی دێن و گونجاون . ئەندازیار سەیف ئەندام وردیلەیە . لە سووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە و بزە دەیگرێت

نوشین و ئەسغەر دەڵاڵیش لەوێن . نوشین تەواو لە ئەندازیار سەیف جیاوازە . نوشین باڵابەرزە . بە خۆوەیە . ماسولکەکانی سینگ و بازووەکانی توند و پتەوە . خەریکە ڕاوێچکە و پیاسە دەکات . قژی سەری پڕ و ڕوناکە . پێستی گەنمڕەنگە . چاوەکانی دەڵێی بە زوخاڵ ڕەشیانی کردووە . برۆکانی پێکەوە پەیوەستن . تەوقەدەکەین . دەستم لەناو قامکەکانیا ون دەبێ .

ئەسغەر دەڵاڵ لە سەر گازی پشت خەوتووە . زگی وەکو دەهۆڵ بەرز بووەتەوە .

دەنگی وشکی سوڕانەوە و جوڵەی ئاسنینی شتێک لە ڕاڕەوەکەدا دەپەنگێتەوە . دەرکەی ژوورەکە دەکرێتەوە .

- فراقین ! (نیوە ڕۆژە)

مەنجەڵێکی مسی گەورە لە سەر چوارچەرخەیەکی شڕدا هەڵدەدرێتە ناوژوورەکە . پیرەمێردێک کە بەرکۆشێکی (بەرەڵبێنە) چڵکنی بەستووە و ئەسکوێیەکی مسی دەسک درێژی بە دەستەوەیە و چوارچەرخەکە پاڵدەدات .

ڕەحمەت ، تاوەکەی هەڵدەگرێت و بەرەو لای پیرەمێردەکە دەڕوات :- سڵاو سەرکار نایب زابت !

نایب زابت هیچ ناڵێت . ئیسلام قسعەکەی (تاوەیەکی تایبەتی عەسکەرییە) بەرەو لای پیرەمێردەکە درێژ دەکات .

- سەرکار نایب زابت ، سڵاو سڵاوی خودایە دەبێ بسەنرێتەوە !

پیرەمێرد سەری هەڵدەبڕێ و چاوە پرووش و ئاوچکانەکانی دەتروکێنێ و دەڵێت :- جاکێ ... سڵاوی کردبێت .

بۆ هەر نەفەرێک و ئەسکوێیەک (کەوچکی گەورەی کلک درێژ) دەکاتە قاپەکەیەوە . حیسابی نەفەرەکانی لەلایە . کە دەگاتە سەرکاسەی هەشتەم ، دەستی لە جووڵە دەوەستێ و چاوە نەخۆشەکانی بە دەوری ژوورەکەدا دەگێڕێت و دەپرتێنێ :- چما زیادتان کردووە ؟!

کەمال دەڵێت :- پێنج کەس .

ئەسکوێیەکە ( کەوچکی گەورەی کلک درێژ ) پڕ دەکات و دەبۆڵێنێ .

- ژن حیزانە حەز ناکەن حیساب بۆ من بکەن ... خۆ ئێمە زیادە نین . سپڵی لاورگ نین .

هەستدەکات ، لە ( پایە و پێگەی ) دراوە . بەبێ مەیلی ئەسکوێکە دەگێڕێت .

- دەی وەرن زەهرەماری بکەن ! ... بەڵام هەقبوو پێشوەختە منیان ئاگادار بکردایەوە .

- کێ دەبوا ئاگاداری بکردیباوە سەرکار نایب زابت ؟

چاوانی لە دوڕ چاوانی نوشین دەبڕێت ودەڵێت :

- کێ ؟ ... ئەو ژن بەمزانەی ( دەویت ) کە خۆیان بە فەرماندە دەزانن ! ... چوزانم ..عەریف خەفەری ئاشخانە !

دەبۆڵێنێ و چوارچەرخەکە ، لە ژوورەکە ڕادەکێشێتە دەرەوە .

- هەموو جووجەڵەکانی پار قەدقەدیان ناوەتەوە . سی و پێنج دانەساڵ خزمەتمان کرد و تاقەجارێک ڕۆزمان لێنەدا ... ئێستا هەرکە نەجمەیەک دەخەنە سەرشان ، چ فیزو ئیفادەیەک لێنادەن !

بە بۆڵە بۆڵ لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ .

لەو کاتەدا کە خەریکە نان دەخۆین ، ئوتومبێلێکی سواری فستقی ڕەنگ لە پێچی جادە قیرەکەوە ، پێچ دەکاتەوە و ڕووو بە ڕووی یانەکە ستۆپ دەگرێت . لەپڕ ئەسغەر دەلاڵ ڕادەپەڕێت و سەر دەکێشێت و لەپەنجەرەکەوە دەڕوانێتە ئوتومبێلەکە . دەمی ئەسغەر دەلاڵ لە جوونی پاروەکە دەوەستێ .

مێجەر زیبەندە ، لە ئوتومبیلەکە دادەبەزێت ، دەرگای ئوتومبیلەکە دادەخات و سویچەکەی لە گیرفانی دەنێت و بۆ یانەکە دەڕوات .

- وەرە ... تەمەشای بکە !

ئەسغەر دەلال ، پاروەکە بەنیوە جوراوی قووت دەدات و بە غەمگینی قسەدەکات .

- بێ ئینسافە دەڵێی لیرەی ئەحمەد شاهی پێداوە ... چۆن قونی خواردەکات و دەرکەی ئوتومبیلەکە دادەخات !

کەمال دەڵێت :- فراڤینەکەت بخۆ مەشتی (مەشهەدی) ئەسغەر !

ئەسغەر دەڵێت :- نە ئاخر ... تۆ زاتی خوا سەیری بکە !

ئەسغەر دەلال ، نووسینگەی سەواو و مامەڵەی ئوتومبیلی هەیە . دەلێت :

– له بێکاریدا دانیشتبووم و عەزرەتم عانەیەک بوو که سەروسەکوتی دوو گەنجی جوانخاس پەیدا بوو . گوتم خودایا بە ئومێدی تۆ . ڕزق و ڕۆزی ئەمڕۆ پەیدابوو . هەستام و سڵاوم لێکردن و گوتم نۆکەرتان ئەسغەر دەلاڵ دەخزمەتاندایە ، ئامادەی خزمەتە ، چ فەرمایشێکتان هەیە ؟ ... سەیرم کرد ئاماژە بۆ ئوتومبیلێک دەکەن کە وەکو بووک لەبەر نووسینگەکەدا ڕاگیرابوو .

ئەسغەر دەلاڵ بەدەم جوونی پارووەکەی دەمیەوە بە چەناگە ئاماژە بۆ ئەو ئوتومبیلە دەکات کە لەبەر یانەکەدایە .

– ئەمەبوو . بەڵام وایان شۆردبوو و خاوێنیان کردبووەوە کە وەکو بووک بەدەم پیاوەوە پێدەکەنی و نازی دەفرۆشت . پێچێکم بە دەوری سەیارەکەدا کردەوە و گوتم بەچەند ؟ ... بەبەلاش بوو ، بەگیانی ئێوە بە خۆڕایی بوو ! ... هەر کەرێک بوایە بەم نرخە دەیکڕی ! ...

هێندەیان شەلاخ بە سمت و کەفەڵی ئەسغەر دەلاڵدا کێشاوە کە ئێستاش هەر بەدەما دەخەوێت .

– .. بایی بیست و چوار بیست وپێنج تمەن دەبوو . بە نۆزدە تمەن کڕیم . هەر کەرێکی دیکەش بوایە بەو نرخە دەیکڕی ، سەنەد وبەڵگەی هەبوو ، ڕەقەمی هەبوو ، فرۆشیارەکەی دیار نەبوو کێ بوو . من لە کوێ بزانم کە هی حیزبی توودە بووە و خەبەری لێدراوە ! ...

سەری ئەسغەر دەلاڵیان تاشیوە . سمت و کەفەڵی گەورەیە . لێوەکانی ئەستوورن ، قڵیشاون و شەقار شەقار بووە . کە قسە دەکات ، ددانە نارێکەکانی دەکەونە دەر .

– بەڵام هەرکە کڕیم و لە قاڵدرمەکانی دەلاڵخانەکە ( نووسینگە ) هاتمە خوارەوەو لە پشت سووکانەکەوە دانیشتم ، لە پڕ دیتم لوولەی دەمانچەکەیان نایە پشت ملم و گوتیان نەجوڵێی ...

بە حەسرەتەوە قسەدەکات :– ... گەڕامەوەو گوتم بۆچی نەجوڵێم ؟! ... ئەم وانێکە لەپشت ملم لادە . بەڵام تا وەخۆ کەوتم کە بجووڵێم ، بێ ئینسافانە بە جۆرێ کێشایان بە پشت ملما کە تەقەی ددانەکانم هات . باوەڕ بکەن وەکو ئەوەبوو دنیام بە سەرا برووخێت ...

ئەسغەر دەلاڵ پشت ملی دەخورێنێ و دەڵێت :

– ... هێشتا گڕی چاوم نەنیشتبووەوە کە نیرەدێوێک دەرگای ئوتومبیلەکەی کردەوەو گوتی بڕۆ کەنارەوە ! ...

تا ئەسغەر دەلاڵ هاتبوو بڵێ کە تۆزێ لەمەپێش ئوتومبیلەکەی کڕیوە و تا هاتبوو بڵێ لە چ کەسێکی کڕیوە ، کەلەپچەیان لە دەست کردبوو ، خۆی و ئوتومبیلەکەیان ڕاپێچ کردبوو و هێنابوویان بۆ لەشکری دووی زرێ و پاشان چەند ڕۆژێک لە حەمامەکەدا درێژیان کردبوو و خۆی گوتەنی (باڵەخانەیان لە سەر کەفەڵی دروست کردبوو ) .

ئەسغەر دەلاڵ ، بەبێ موبالاتییەوە دەڵێت :- بە شەلاخ تێم بەربوو و گوتی بڵێ ، ئیعتراف بکە .

گوتم :- بێ ئینساف دەست هەڵگرە ! ... فرۆشیارەکەی دیارە !

گوتی :- دەبێ موعەڕەفی بکەی ( بیناسێنی ) .

گوتم :- ناو ونیشانی لە سالۆنەکەدا (سەنوی) هەیە !

گوتی :- ماڵەکەی لە کوێیە ؟

گوتم :- ئەدرەسەکەشی لە سالۆنەکەدا هەیە !

گوتی :- هەیە ، بەلام ساختەیە !

وپاشان ، ئەسغەر دەلاڵ ، بە حەسرەتێکەوە کە ڕەنگ بە چاوانیەوە نایەڵێ ، لە حیلک وهۆڕی پێکەنین دەدات و دەڵێت :- دەنگی ئەستوور دەکرد و دەیگوت ئوتومبیلەکە تووتەئیە ( توودەییە ) .

پێمگوت :- ئاخر جەنابی مێجەر ، توودەیی ئیدی لە کام گۆڕستانە ؟

گوتی :- خۆت کەرمەکە !

سوێندم خوارد وگوتم :- وەڵلا بیلا ئوتومبیلەکەم ئەمریکاییە !

هەر بەو دەقەوە کە ددانە گەورە وناڕێکەکانی دەکەونە دەر لە سەری دەڕوات .

- ... بەلام هەر گوێشی لێنەبوو ... نە دەچوو بە ئەقڵیا . هەر دوو پێی کردبووە تاکێ کەوشەوە کە مریشک یەک پای هەیە ، کە ئوتومبیلی بە ستەزمان توتەئیە ! (وشەکە ڕووسیە،واتە توودەییە) .

ئەسغەر دەلاڵ کە فراقین دەخوات ، دەخەوێت و پرخەپرخی بەرز دەبێتەوە .

نوشین ، بە دیار سەری ئەسغەر دەلاڵەوە هەڵدەتروشکێ و بانگی دەکات . ئەسغەر دەلاڵ لەخەو ڕادەپەڕێ و دەبۆڵێنێ .

– شەیتان بە نەحلەت بی ها ... بابە وازبێنە تۆزێ بخەوم نێرەکەر !

نوشین دەکشێتەوە ودەڵێت :– خەوی بێ خەو ! نابێ بخەوی !

ئەسغەر دەلاڵ ، بەرەولای نوشین هێرش دەبات . نوشین دەردەپەڕێ و خۆی لە ئەسغەر دەلاڵ دەرباز دەکات .

لە پشت پەنجەرەکەوە دادەنیشم و تەمەشای مەیدانەکە و حەوشەکە دەکەم . ڕەنگی هەتاو زەرد بووە . هێشتا بێ جگەرەم . ئارەزوویەکی سەیری جگەرەکێشانم هەیە . دەڵێی شتێکم گوم کردووە . هیچ کەسێک لە برادەران جگەرەکێش نییە . کەمال و ڕەحمەت خەریکە شەترەنج دەکەن . ناتوانم پەیگیری جووڵەی داشەکان بکەم .

زەینم پەرێشانە . ئەگەر یەک قونکە جگەرە هەبوایە و دوو مژم لێبدایە ، وەخۆ دەهاتمەوە .

تەمەشای ناو حەوشەکە دەکەم . عەریف شەهری لە یانەکەوە وەدەردەکەوێ و بەدەست ئاماژە دەکات . لە مەبەستی ناگەم . سەردەلەقێنم . دیسان دەستەکانی دەکاتەوە و دای دەخاتەوە و لەبن لێوانەوە دەڵێم :

– چ گلاراوێکیە ؟!.

کەمال لە پشت سەرمەوە دەست درێژ دەکات و پەنجەرەکە دادەخات و دەڵێت :

– مەگەر نابینی چ دەڵێ ؟ دەخوازی بیانوو بدەیە دەست ئەم حەرامزادەیە ؟!

ئەگەر شەهری یا ساقی هەندێجار کەیفیان خۆشبێ ، دەکرێ پەنجەرەکە بکرێتەوە ، دەنا دەبێ بە درزی بەینی تاکی پەنجەرەکە مەمنوون بین .

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە ، پاسەوانەکە پاکەتێکی شنۆی دە جگەرەیی تووڕ دەداتە ژوورەوە ، باقی پارەکەش ناگێڕێتەوەو دووبارە دەرگای ژوورەکە دادەخاتەوە . وەختێ کە پارەکەی وەردەگرت تا جگەرەم بۆ بکڕێت ، تێی گەیاندبووم کە دەبێ دە ئاغزە جگەرە و کاغەزی سپی پاکەتەکەی بدەمێ تا بتوانم دیسان جگەرە داوا بکەم .

جگەرەیەک دادەگیرسێنم و لە زەت لە دووکەڵەکەی دەبینم . سەرم کەمێک بەگێژەوە دەچێ . لە شم دەکەوێتە مێروڵە . پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و چەند مژێکی دی لێدەدەم . کەمال ، جگەرەکەم لە دەست وەردەگرێت و مژی لێدەدات . دەزانێت کە ئەگەر جگەرەکە بدات بە کەسێکی دیکە ، دەبێ ئەوەی لە یادبێ کە لێی وەربگرێتەوە تا قونکە جگەرەکە ون نەبێت . بیردەکەمەوە کە ئاخۆ دەشێت لە سەر کاغەزە تەنکەکەی جگەرە شت بنووسرێت کە ئەوەندە سەختگیری لەمەڕ دەکەن . بە تایبەتی کە قەڵەم نەبێت و پیاو ئەگەر بیەوێ شتێک بنووسێت ، دەبێ سوود

له دەنكە شقارتەی نیوەسووت وەربگرێت ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دیو وئەو دیوی کاغەزی تەنکی نێو جگەرەیەک ، دەبێ جێگەی چەند وشەی لە سەر بکرێتەوە . ناچارم کە نیو جگەرە داگیرسێنم تاقونکی جگەرەکە هەڵبگرم .

– خۆشیان دەزانن ... بەڵام ئەوەندە قەحپە دایكن کە دەیانەوێ بە خۆڕایی ئینسان ئەزیەت بدەن ... دەیانەوێ ئینسان ئازار بدەن ! ...

– هەڵبەتە ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە ، بەڵام دەشێت بەو تۆزە کاغەزە ، سەد جۆرە پەیام بنێردرێ !

جگەرەکە لە دەستی کەمال وەردەگرم و مژی لێدەدەم . ئیسلام لە پشت دەرگای ژوورەکەوە خەریکە پیاسە دەکات و تەمەشای سەعات دەکات ، دەڵێی بێتاقەتە .

کەمال دەپرسێت :– چیتە ئیسلام ؟!

ئیسلام دەڵێت :– خەریکە شەق دەبەم !

ڕەحمەت دەپرسێت :–چەند ماوە ؟

– سێ دەقیقە .

ئەسغەر دەلاڵ لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و دەپرسێت :– سێ دەقیقە ؟!

وکراسەکەی کە لە پانتۆڵەکەی هاتووەتە دەرێ دەخاتە ناوەوە و سۆلەکانی دەکا بە سەری پێوەو دەڕوات لە پشت دەرگاکەوە دەوەستێ .

ڕۆژی یەکەم شارەزای هەموو بەرنامەکان دەبین .

سەعات حەوتی بەیانی ، تێشتە . سەعات هەشت ، چوونە تەوالێتە . کە بوو بە دوازدە چوارچەرخەکەی نایب زابتی خانەنشین پەیدا دەبێت و کاتی نیوەڕۆ و فراڤینە . سەعات دووی پاش نیوەڕۆ ، دەست شۆری و ئاودەستە ، سەعات حەوتی ئێوارە ، شامە.(شێڤ ، شێو)

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە . ئیسلام و ئەسغەر دەلاڵ ، بەپەلە وەدەردەکەون تابۆ تەوالێت بڕۆن . چوون و هاتنەوەیان لە پێنج دەقیقە پتر ناخایەنێ .

– یاڵڵا بجووڵێ !

له گەڵ کەمالدا ، له ژوورەکە وەدەردەکەوم . یاساوڵەکە له دوامانەوەیە .

- بەغار !

وەکو قاتر (هێستر) بە یۆرغە دەرۆین و درێژایی ڕاڕەوەکە دەبڕین . له بەردەم هەر سالولێکدا سەربازێک وەکو بت ڕاوەستاوە . ڕوو له سالولەکە و پشت له ڕاڕەوەکە ، سەربازەکان جووڵە ناکەن . تەنانەت چاویش ناتروکێنن . دەڵێی چاویان له شووشەیە . دەڵێی لێویان له قورقوشمە . گۆناکان و هەنیەیان له بەردی خارایە (گرانیت) . قۆناغی تفەنگەکانیان ناوەتە سەر عاردی وچاویان بڕیوەتە کونی دەرگای سالولە ئینفرادیەکان .

یاساوڵەکە ( پاسەوان ، قەراوڵ ) دەرفەتمان نادات تەمەشای دەرکی سالولەکان بکەین . له ڕاڕەوەکە دەردەچین . چوار دیوارێکی بچکۆلەیە کە له حەوشەیەکی چۆڵ دەچێت . سێ تەوالێت بە قوڵی خۆر ئاوای چوار دیوارەکەدا هەن . دەرگای تەوالێتەکان بچووکە . دڵم له بۆنی کەسکونی میز تێکهەڵدێت . بەدەم هەڵتروشکانەوە دەڕوانمە دەرگا و دیوارەکان . میچی تەوالێتەکە یەکپارچە ڕەشە . باش تەمەشا دەکەم . مێش و مەگەز تەنوورەیان بە ستووە . زۆر بە پارێزەوە هەڵدەستم تا مێشەکان نەفڕن . چاوم بە گەچکاری دیوارەکە دەکەوێ کە بەنینۆک له سەری نووسراوە : ( خۆڕاگری ، قسەنەکردن ، نکۆڵی کردن ) .

هەمان نووسراوم له سەر دیواری بینەی حەمامەکەش دیتوە .

- بۆ ماتەڵی ؟! ... دەی خێراکە !

یاساوڵەکە ، پەلەم لێدەکات ، تووڕە دەبێ . له تەوالێتەکە وەدەردەکەوم و چاوەنۆڕی کەمال دەکەم . تەمەشای ئاسمان دەکەم . پەڵەهەور ، لێرەو لەوێ ، بەری ئاسمانی گرتووە . پۆلێ قەلەڕەش بە سەر سەرمدا تێدەپەڕێ . له بەرزیدا ، زۆر له بەرزی ، له نێوان درزی دوو پەڵە هەورا ، باڵندەیەکی بەرزەفڕی سپی ، بە ئارامی دەسووڕێتەوە . بۆ چەند ساتێک تەمەشای دەکەم . ڕوندک لەچاوما قەتیس دەمێنێ . باڵندەکەم لەچاو ون دەبێت . دەڵێی تێکەڵی ئاسمان دەبێت .

کەمال ، له تەوالێتەکە ( ئاودەست ، ئابخانە ) وەدەردەکەوێ . یاساوڵەکە بەرەو ڕاڕەوەکە ڕیزمان دەکات .

- یاڵڵا بجووڵێ !

دەکەوینەڕێ .

- بەغار ! ...

دیسان ، به یۆرغه درێژایی ڕاڕەوەکە دەبڕین . لە تەنیشت ژوورەکەوە ، دەست شۆرێکی بچووک هەیە . یاساوڵەکە دەرفەتمان نادات کە بەباشی دەستمان بشۆین . هێشتا کەفی سابوونەکەمان بەدەستەوەیە کە دەڵەکمان دەداتە ناو ژوورەکە . دەخزێم و بە سەرا ڕەتدەبەم ، یەکێک دەستم دەگرێت .

– هەستە .

هەڵدەستم . سەرو سەدای کردنەوەی دەرگای ئاسنینی یەکێک لە سالولە ئینفیرادیەکان لە ناو ژوورەکەدا دەنگدەداتەوە . گوێ هەڵدەخەم . ئەسغەر دەلاڵ لە سەر پشت خەوتووە . دادەنیشێت . زگی ئەوەندە زەلامە کە هەمیشە کراسەکەی لە پانتۆڵەکەی دێتە دەرەوە . ئێستا ، دەنگی پێ دێ . نوشین بەهەنگاوی هەڕاوەوە بۆلای دەرگاکە دەڕوات و لە کونی کلیلەکەوە ، تەمەشای ناو ڕاڕەوەکە دەکات ودەڵێت :– نەمزانی کێ بوو !

گۆنام دەنەم بە پەنجەرەکەوەو لە درزی تاکەکانەوە تەمەشای مەیدانەکە دەکەم . هەتاو تازە ئاوابووە و گڵۆپێن مەیدانەکە هەڵن . شوێنی گۆنام دەگۆڕم و لابەلا ، دەڕوانمە لای دەرگای گرتووخانەکە . کۆلۆنێل موبەشیری ، دێتەبەر ئاسۆی دیدم . یەک دووجار لە پشت کونی دەرگای سالولی چوارەمەوە ، برۆ پەیوەست وچاوە شینەکانی کۆلۆنێلم ، کە لە تاریک ورِوونی سالولەکەدا ، نیلی دەنوێنێ ، دیتووە .

پانتۆڵەکەی خەنەییە . دوو سەربازی چەکدار ، هەردووکیان باڵابەرز ، کە پشت ملیان لە تاشە بەرد دەچێت ، لە دوولای کۆلۆنێل موبەشیرییەوە ڕێدەکەن . عەریف شەهری ، لە پێشی سەربازەکان و کۆلۆنێلەوە ڕێدەکات . گیرفانی عەریف شەهری هەڵتۆقیوە کە دەبێ شەلاخەکەی تیا گڵۆڵە بوو بێ . سەری کۆلۆنێل موبەشیری تاشراوەو ئەم لاو ئەولای سەری ، لێرەو لەوێ ، بە ئەندازەی دراوێکی یەک ڕیاڵی سپی دەچێتەوە . ئەندازیار سەیف دەڵێت :

– شوێنی کڵاوخودە !

دەڵێت :– تەوقی ناوەوەی کڵاوخودەکە بە بورغوەکانی چوار دەوری توونـد دەبێت و کۆدەبێتەوە و گوشار لە کاسەی سەردەکات .

ئەسغەردەلاڵ دەڵێت :– خوا بەقسمەتی کەسی نەکات !

نوشین دەڵێت :– چاوانی بنیادەم لە کاسە دەردێنێ !

مێجەر زیبەندە ، لە یانەکە وەدەردەکەوێ و بەرەو حەمامەکە وەڕێ دەکەوێ .

بە ئەسپایی ، پەنجەرەکە پاڵدەدەم تا کەمێک بەینی تاکەکانی بکرێتەوە . ئێستا دەتوانم باشتر ببینم . یەک دەستە سەرباز ، لە گەڵ ئامر حەرەسدا لە لای قەرەوڵخانەکەوە ، بەهەنگاوی رێک وپێک دێنەپێشێ . بای ئارامی پاییزە لق وپۆپی سپیدارەکانی هێناوەتە سەما . ئالاکەی سەر دەرگای سەربازگەکە ، لەگەڵ بایەکەدا دەشەکێتەوە . دوو بلاجکتۆری گەورە دەشتەبەرینەکەی خۆر ئاوای یانەکەیان رووناک کردووەتەوە . دەنگی بانگی ئێوارێ ، لە دوورەوە دێتەگوێ . دەبێ لە ڕادیوە بێت کە بەدەم بایەکەوە تا سەربازگەکە دێت .

سەربازەکان ، لە قیرەکە لادەدەن و بەرەو یانەکە دەڕۆن . پاسەوانانی یانەکە دەگۆڕێن . ناو مەیدانەکە کپە . ناو ژوورەکە و ناو ڕاڕەوەکە کپە . جگە لە پاسەوانەکان ، کە لێرەو لەوێ ئێشک دەگرن ، هیچکەسێک لە مەیدانەکەدا نییە . هەندێجار دەنگی پۆستاڵی بزمار ڕێژی سەربازێک کە بە درێژایی ڕاڕەوەکەدا دەڕوات و دەگەڕێتەوە ، بێدەنگیە مەنگەکەی گرتووخانەکە دەشڵەقێنێ .

ئەسغەر دەلاڵ خەوتووە . نوشین بەپێی پەتی ڕاوێچکە ( پیاسە ) دەکات . عەتا و کازم شەترەنج دەکەن . چەند کەسێک لە برادەران ، لە دەوری تەختەی شەترەنجەکە هەڵتروشکاون و ورتە ناکەن . سەیف لە سووچی ژوورەکە ڕۆنیشتووە . پشت بە دیوارکەوە دەدەم و لاقم هەڵدەکێشم و گوشار لە زرانیەکانم (ئەژنۆ) دەکەم . لە پڕ ناو ڕاڕەوەکە قەرەباڵغ دەبێت . لە تۆ وایە گەلە ئەسپێک بەناڵی ئاسنەوە ، بەیۆرغە بەناو زەمینەی بەردینی ڕاڕەوەکەدا ، دەڕۆن . تا دەکەوینە خۆ کە بزانین چی قەوماوە ، دەرگای ژوورەکە دەکەوێتە سەر گازی پشت و نەقیب جانب ، سەرۆکی زیندانی سەربازگەکە ، بەخۆ ودەستەیەک سەربازەوە ، خۆ بە ژوورەکەدا دەکەن و شتەکانمان دەدەن بەسەر یەکا . کەس ئیعتراز ناگرێت . دەحەپەسێم . نەقیب جانب ، هەموومان لە سووچێکی ژوورەکەدا کۆدەکاتەوە . سەربازەکان ، پەتۆکان هەڵدەتەکێنن . ژێر زیلۆ و گلیمەکان ، ناو قاپەکان و پۆستاڵەکان دەگەڕێن . ئەندازیار سەیف لەم جۆرە پەلامارانەی زۆر دیوە .

ناو بە ناو ، لە ناخافڵا هێرش دێنن و هەموو شوێنێ دەپشکنن ، کە نەبادا پەیوەندی و تەماسێک لە گەڵ دەرێ ڕا بەرقەرار بوو بێ . دوای ئەوەی شت ومەکەکان باش دەگەڕێن ، هەموو شتەکان ، باش ژێرو ژوور ، هەڵگێر وداگێر دەکەن — بە ئانقەست ، ئەم شتانە تێکەڵ دەکەن ، ئەوجا دێن بە سوراغی خۆمانەوە .

– ڕوو بکە دیوارەکە !

وەردەگەڕێم و ڕوو لە دیوارەکە دەوەستم .

– دەست بخە سەر سەر !

ناو لەپم دەخەمە سەر سەرم . لە نینۆکی پامەوە تا قژی سەرم ، هەموو گیانم دەپشکنن . پاکەتە جگەرەکەم دەشکێنن و جگەرەکانم لە ناو ژوورەکەدا پرش وبڵاو دەکەنەوە . یەخەی بلوزەکەم گرمۆڵە دەکەن و گوشاری دەدەن . دەست بە ڕەقایی ناو ملیوانکەما دێنێ . دوگمەی یەخەکە بە دەستیانەوە دەترازێ .

– وەرگەڕێ !

وەر دەگەڕێم .

– ڕووت بەرەوە !

دوگمەکانی بلوزەکەم دەکەمەوە .

– خێراتر !

بلوزەکەمیان دەدەمە دەست . بە گوێزان یەخەکەی دەدڕن .

ئەسغەر دەلاڵ ، ختووکەی دێت . کە دەستی سەربازەکان بەرلەشی دەکەوێ ، ختووکەی دێ و بەورگە زلەکەیەوە دەکەوێتە پێچ خواردن . تا کارەکەی تەواو دەبێ گیانی دەردەچێ . هەنیە و گەردنی لە ئارەقەدا هەڵدەکشێ .

جگەرەکان ، لە ئەرزەکە کۆدەکەمەوە . دوو جگەرەیان لە ژێر پێی سەربازەکاندا پلیشاوەتەوە .

کە لە ژوورەکە وەدەردەکەون ، قاپلەمە و تاوەو قاپەکان پێشێل دەکەن . دەرگای ژوورەکە لە دوایانەوە دادەخرێت و دیسان بێدەنگی باڵ بە سەر هەموو لایەکدا دەکێشێت .

چیوای بۆ نیوەشەو نەماوە ، کە گوێم لە دەنگی ڤەبوونی دەرگای سالولەکە دەبێت ، پەتۆکە لە سەرخۆ لادەدەم و بە سەر نووکی پێیان خۆم دەگەیەنمە پشت دەرگاکە و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکەم .

کۆلۆنێل موبەشیری ، لە حەمامەکەوە دێنن . دوو سەرباز ژێر باڵیان گرتووە . دەرفەت نییە کە بەباشی بیدینم . دەیخەنە ناو ئینفرادیەکەوەو عەریف ساقی کە دەست بەکەمەر ، لە دوایانەوە وەستاوە ، دەرگاکە دادەخات .

ڕۆیشتن و هاتنەوەی کۆلۆنێل موبەشیری ، پێنج سەعات پتر درێژە دەکێشێت . هیچ یەکێک لە برادەران نە خەوتوون . کە دەبێ بە سەعات نۆ ، دەبێ بە تۆبزی بچینە ژێر جێگاوە . هیچ کەسێک قسەناکات . هەموو دەزانن چی ڕوویداوە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و تەمەشای دووکەڵەکەی دەکەم کە بەخاوی بەرز دەبێتەوەو لوول دەخوات . گلۆپی بنمیچی ژوورەکە قەت ناکوژێتەوە . نازانم کێیە لە برادەران کە بە قووڵی هەناسە هەڵدەکێشێت . کەمال لە

تەنیشتمەوە ڕاکشاوە ، دەست دێنێ و جگەرەکەم ، کە گەییوەتە نیوە ، لە دەست وەردەگرێت . دەنگی هەنسک هەڵدان دەژنەوم . ئانیشکەکانم دادەنەم و سەر وشانەکانم بەرزدەکەمەوە و تەمەشادەکەم . پێدەچێ ئیسلام بێ . پەتۆکەی بە سەریا داوەو دەجوڵێتەوە . ئەندازیار سەیف دادەنیشێت و پشت بە دیوارەکەوە دەدات و تەمەشام دەکات . کەمال پاشماوەی جگەرەکەم دەداتە دەست و دەچێت بە دیار ئیسلامەوە هەڵدەتروشکێ . ئێستا هەموو برادەران ، نیوە دانیشتنێک ، دانیشتوون و تەمەشای ئیسلام دەکەن . کەمال پەتۆکە لەسەر دەم وچاوی ئیسلام لادەبات . ڕەنگی نێوچاوانی ئیسلام زەردی زەردە ، بەڵام گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون . ئیسلام دادەنیشێت . کەمال مەچەکی دەستی دەگرێت .

– کوڕی باش ، لە شت وەکو کوورە دەسووتێ !

ژێر چاوانی ئیسلام دەبریسکێتەوە . دەڵیی گریاوە . لێی دەپرسم .

– سەرمات بووە ؟

دەنگی ئارامی سەیف لە سووچی ژوورەکەوە بەرزدەبێتەوە .

– دیسان تات لێهاتووە ؟

دەنگی ئیسلام نەوی و گڕە .

– هیچ نییە ... خەونم دەبینی !

کەمال دەڵێت :– بەڵام تۆ ، تات لێهاتووە !

تەنانەت حەبێکی ژانەسەریشمان نییە . کەمال ، ئیسلام دەخەوێنێ و پەتۆکە دەدات بەسەرو چاویا و بۆشوێنەکەی خۆی دەگەڕێتەوە . زۆری بۆ بەیانی ماوە . بەم شەوە ، هیچمان ، هیچ کارێکی لەدەست نایەت . جگەرەکەم دەکوژێنمەوەو ڕادەکشێم . هێشتا چاوم لێک نەناوە کە دەنگی (چکەچک) دێت ، دەنگی ڕیتمداری بەرخورد و لێک خشانی دوو شتی ئاسنین ، شتێک وەکو دەنگی هیواشی کەوتنی کەوچکێک بەقاپێکدا ، ئەندازیار سەیف دەستی بەرزدەکاتەوە و گوێ هەڵدەخات .

– نوقتە نوقتە نوقتە ، خەت نوقتە خەت ، نوقتە خەت خەت ، خەت .

سەیف دەڵێت کۆلۆنێل موبەشیریە . دیارە لەو کاتەوە کە لە حەمامەکەیان هێناوەتەوە تا ئێستا توانای جووڵانی نەبووە .

- چک چک چک ...

کۆلۆنێل موبەشیریە کە پەیام بۆ هەمووان دەنێرێ . تەنیا یەک وشە .

- بێدەنگ .

کۆلۆنێل هێشتا زاری هەڵنەهێناوە . بێگومان لەو ساتەوە کەلە حەمامەکە گەڕاوەتەوەو تا هەنووکە کە وەخۆ هاتووەتەوەو توانیویەتی پەیام بنێرێ ، هەمووان لە ناو سالولەکاندا بەدەم چاوەڕوانیەوە سووتاون .

دیسان دەنگی چکەچک دەژنەوم . ئەمجارەیان لەو سەری ڕاڕەوەکەوەیە . وادیارە کەسێک وەڵامی کۆلۆنێل دەداتەوە

- خەت نوقتە نوقتە ...

دەنگی پێ لە ڕاڕەوەکەدا دەنگدەداتەوە . وا دیارە یەکێک لە پاسەوانەکان ڕێ دەکات .

- نوقتە ، خەت ، نوقتە ...

دەنگی پاسەوانەکە لە ڕاڕەوەکەدا دەنگدەداتەوە .

- ئەم هەرا و هەنگامەیە چیە ؟!

- ... نوقتە خەت خەت ...

- چیتانە !

- ... خەت نوقتە نوقتە ...

چکەچکەکە قوت ( دەبڕێ ) دەبێ . ئەندازیار سەیف وەڵام وەردەگرێت .

- سڵاو !

پاسەوانەکە لە کۆتایی ڕاڕەوەکەوە دەگەڕێتەوە . دەنگی پۆستاڵەکەی نزیک دەبێتەوە . وێڕای هەموو ئەو بێدەنگیەی باڵی بە سەر ڕاڕەوەکەدا کێشاوە ، شتێکم لە بۆڵەبۆڵەکەی بۆ دەردەکەوێ .

سەرم دەنەمە سەر ئەرزەکە و چاوانم دەنووقێنم . ڕێک لە ژێر پەنجەرەکەدا نووستووم . لە درزەکانی پەنجەرەکەوە بایەکی سارد دێتە ژوورەوە . پەتۆکە بەسەر وچاوما دەدەم . پرخەپرخی ئەسغەر دەلاڵ بەرزدەبێتەوە . لە تۆ وایە دارێکی وشک بە هەرە دەبڕنەوە . سەرم قورسە . چاوانم ماندوون . هەموو شتێک لە زەینمدا تێکەڵ وپێکەڵ بووە . یەکێک لەو شتە جۆراوجۆرانەی کە هێرشی بۆ زەینم هاوردووە (چکەچلێکی) یەکهاوی و یەکنەوایە کە لە هەموو شتێک پتر ئازارم دەدات . هەردوو ناولەپم دەنێم بە گوێیەکانمەوە . چکەچکەکە زیاتر و خۆیاتر دەبێت . خێراتر و بەدەنگ تر دەبێت . لەپڕ ، وەکو ئەوەی دەستڕێژێک بەپەنا گوێمدا بتەقێنرێ ، لەجێی خۆم ڕادەپەڕم . دەنگی وشکی مەکینە و ماتۆڕی بەلەمێکی گەورە کە کەمێ دوورتر لە پاسگایەکی بەندەر کنگ لەنگەری خستووە هەموو شوێنێ پڕدەکات . دنیا گورگ ومێشە . چاوانم هەڵدەگلۆفم و دەڕوانمە دەور وبەر . سەربازەکان لە سەر تەختە خەوەکان ڕاکشاون . دەریا ئارامە . نەرمە بایەک ئالای سەر دەرگای پاسگاکە دەشەکێنێتەوە . کرێکار و شاگردەکانی بەلەمەکە ، لەنگەرەکە لە ئاوەکە دەردێنن . بەلەمەکە دەکەوێتەڕێ . یەکسەر بیرم دەکەوێتەوە کە عەلی دەگەڵ سەرۆکی پاسگاکەدا چووە بۆ بەندەر لنگە . هی ئەو عەرەقەی شەوێ خواردبوومەوە هێشتا دەمم هەر تاڵە . لە پای تەختە خەوە چۆڵ و بەتاڵەکەی عەریف باشی سگوند ، خوێن لە سەر ئەرزەکە مەییوە .

هەڵدەستم ، پۆستاڵەکانم دەتەکێنم و لەپێی دەکەم . برادەرانی پۆستەی سێیەم خەریکە دەگەڕێنەوە . سێ سەعاتێک لە خەو و بێداریدا بووم . دەبێ بۆ بەندەر لنگە بگەڕێمەوە . ئەگەر بەپێیان و بەم حاڵەوە کە هەمە بڕۆم سەعاتێک پترم پێدەچێ . سست و بێتاقەتم . دەمەوێ بڕۆم لە ژوورە باگیردارەکەدا بخەوم تا ئوتومبیلەکەی حەسەن گکۆ لە لنگەوە بێت . بە یەکێک لە سەربازەکانی پۆستەی سێیەک دەڵێم :

- براله ، لە بیرت بێ کە حەسەن گکۆ هات بێدارم بکەوە .

دەپرسێت :- ئەدی تێشت ناخۆی ؟

ئارەزووی خواردنی هیچم نییە . جگەرەیەک لە خورێنی دادەگیرسێنم . خەریکە دڵم تێکهەڵدێ . جگەرەکە دەکوژێنمەوە و هەر بە پۆستاڵەکانمەوە ، لە ژێر باگیرەکەدا ، ڕادەکشێم .

***

پەرەستارەکەی تیمارخانەکە دەڵێت :

- ئاخر ئینسافت بێ ، هیچم نییە . هیچ ! ... نە دەرمان ، نە سرنج ... هیچ ... هیچ !

عەریف سگوندیان لە ژوورە باگیردارەکەی تیمارخانەکە خەواندووە، هێشتا خوێن لە پووکەکانیەوە دێ . پێی بەقەد یەک دنگی لێهاتووە . پەتەکەیان لە دەوری ڕانی کردووەتەوە . جارێ ئازای ئەندامی دەنیشێتە سەرئارەقە و هەندێجار سەرمای لێدێت و ئارەقەکەی سەر هەنیەی وشکەوە دەبێت .

- جەنابی دکتۆر ... ئەنجام ؟

پەرستارەکە ( یاریدەدەری دکتۆر ) نێوچاوانی گرژ دەکات و دەڵێ :- شیفا لە لای خودایە !

پەرەستارەکە هیچ کارێکی لە دەست نایەت . عەلی شپرزە و دەسەپاچەیە . دەڵێت :

- فەرماندەی فەوج بە بێتەل پەیوەندی دەگەڵ جەهرومدا گرتووە . داوای کردووە کە تەیارە ڤڕێ بکەن تا سگوند بۆ جەهروم بەرن .

لە ژوورە باگیردارەکەدا تەختێکی دیکەش هەیە کە چەرچەفێکی چڵکنی چرچ و لۆچیان بە سەریا داوە . پەڵەی زەردی کاڵ ، لێرەو لەوێ بە سەر چەرچەفەکەوە ، هەیە . حەزناکەم لە سەر تەختەکە دانیشم . عەریف سگوند ، گیانی سەگی هەیە کە تا ئێستا نەمردووە . توانای ناڵینی نییە . بە ڕەنگ و ڕوویا وادیارە زۆر زەحمەتە بژی .

عەلی ، پەشۆکاوە . ڕەنگی بووە بەکارەبای زەرد . لە سەر تەپڵەکێک لەلای تەختەکەی سەرۆکی پاسگای کنگەوە دانیشتووە و بە باوەشێن ، باوەشێنی دەکات .

پەرستارەکە ، سەری دادەنەوێنێ و لە دەرگای ژوورەکەوە وەژووردەکەوێ . هێندە درێژ و باریکە کە دەشێت گرێی بدەیت . دەم و قەپۆزی لە توڵە دەچێت . چاوەکانی ماندوون . دێت و بە دیار سگوندەوە دەوەستێ و تەمەشای دەکات . عەلی دەبۆڵێنێ .

- ئاوا دەست ناوەتە سەردەست و تەمەشای دەکەیت ؟!

تا دەنگی پەرستارەکە لە قووڵایی گەروییەوە دەگاتە دەرێ ، خەریکە گیانی دەرێ .

- هیچ کارێکم لە دەست نایەت .

- ئەدی ئەنجام؟!

- بە دەست خوایە !

عەلی ، بە کەسەرەوە دەڵێت :

– تۆش بەم بە دەست خوایە ، بە دەست خوایە، منت کوشت ! ... بابە لەجیاتی ئەم قسەیە داوای دەرمان بکە !

پەرستارەکە ملی درێژ دەکاتەوە و دەڵێت :

– تۆفێری کارم دەکەی ؟! ... وادەزانی داوای دەرمانم نەکردووە ؟! وەرە تەمەشا بکە ... هەستە دۆسیەکەی تەمەشا بکە.

دەنگی پێی کەسێک کە لە قاڵدرمەکانی تیمارخانەکەوە دێتە سەرێ ، دەگاتە گوێ . پەرستارەکە ، بە پەستی و خەمینی سەر دادەنەوێنێ و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ و دووبارە لە دوای کۆلۆنێل میهرەبانەوە ، فەرماندەی فەوج ، بۆ ژوورەکە دەگەڕێتەوە . کۆلۆنێل میهرەبان ، پەستە . دەڵێی دەسەپاچە و شپرزەیە . پەرستارەکە ، لە دوای کۆلۆنێلەوە ، خەبەردار وەستاوە . کۆلۆنێل ئاوڕ دەداتەوە و سەر هەڵدەبڕێ تا تەمەشای ڕوخساری پەرستارەکە بکات .

– ئاخر چۆن سەرۆک تیمارخانەیەکی ؟!

– بەڵێ جەنابی کۆلۆنێل !

– بۆ داوای دەرمانی پێویست ناکەیت ؟!

– بەچاوان جەنابی کۆلۆنێل ، داوا دەکەم !

– داوا دەکەی ؟ ... دوای چی، دوای مەرگی زۆراب ؟!

هەنیەی پەرستارەکە دەنیشێتە سەر ئارەقە . کۆلۆنێل لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . پەرستارەکە تاپای قاڵدرمەکان لە گەڵی دەڕوات و دەگەڕێتەوە . بەدەستەسڕ ئارەقەی گۆناکان و گەردنی دەسڕێت و دەڵێت :

– ناکرێ کە پێی بڵێم سەد کەڕەتم داوا کردووە !

لە پڕ سەرو سەکوتی هەموو دەرەجەدارەکان پەیدا دەبێت . نایب زابت پێشبین ، سەرۆکی ئینزیباتخانەی لنگە ، لە پێش هەموویانەوە . نایب زابت جیهانگیر لە دوای ئەوەوەیە . هەرکە دەمبینێ تەوێڵە ئاوڵاویەکەی گرژ دەبێت و دەڵێت :– ئەنجام چووی بۆ کنگ ... ها ؟!

سەر دەلەقێنم .

بە چەناگە درێژەکەی ئاماژە بۆ سەرۆکی پاسگای کنگ دەکات و دەڵێت :

- خوا ڕەحمی پێکردیت کە ئەم پێشهاتە ڕوویدا و هەموو شتەکان تێکەڵ وپێکەڵ بووە دەنا ...

پاشماوەی قسەکانی دەخواتەوە و سەر دەلەقێنێ .

عەریف غانم و عەریف کارگەر و عەریف مرادی هەموو لەوێن .

پەرستارەکە دەڵێت :- ببورن هاوڤیتاران ... ئێرە چۆڵ بێ باشترە .

و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . عەلی ، بە پەموو ، خوێنی پووکی سگوند خاوێن دەکاتەوە . پێشبین ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێت :- لێم نەبێ بە درۆ کوڵەمار پێوەی داوە !

کارگەر دەڵێت :- ئەدی ئەم حوشترە ئیشی چیە ؟!

مەبەستی لە پەرستارەکەیە .

غانم دەڵێت :- کەچەڵ دوکتۆر بوایە سەری خۆی تیمار دەکرد ... یارۆ ناتوانێ خۆی دەرمان بکات ... تەمەشای بکە لە مردوو دەچێت !

عەریف ڕازی گەڵاوگەڵ دێتە ژوورەوە . شەلاڵی ئارەقەیە . زگی وەکو دەهۆڵ هاتووەتە پێشەوە . نایب زابت جیهانگیر مۆڵەتی نادات هەواڵی عەریف سگوند بپرسێت .

- ڕازی خۆت گردوکۆ بکەوە بڕۆ بۆ کنگ !

ئارەقە بە سەر گۆنا چەور و ئەسمەرەکانی ڕازییەوە ڕێچکەی بەستووە . چاوانی چکۆلە دەکاتەوە و دەپرسێت .

- کنگ ؟!

- ها بەڵێ ... کنگ !

عەریف ڕازی ئاوڕ دەداتەوە و دەڕوانێتە سەرۆکی پاسگای کنگ کە وەکو مردوو لە سەر تەختەکە کەوتووە و شەلاڵی ئارەقەیە و لێوەکانی بەخوێنە ولاقی ئاوساوە . ڕوودەکاتە نایب زابت جیهانگیر و دەلێت :- من بڕۆم بۆ کنگ ؟!

نایب زابت جیهانگیر سەر دەلەقێنێ و دەڵێت :- ئەمری جەنابی کۆلۆنێلە .

عەریف ڕازی کەمێک بێدەنگ دەبێت ، پاشان دەستە سڕەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و کەپووی ، کە وەکو شەیپوور دەنگدەداتەوە ، دەسڕێت و دەڵێت :- بابزانم !

پەرستارەکە دەگەڕێتەوە ، توانای قسەکردنی نییە .

- گوتم ئێرە چۆڵ بکەن ... خۆ سەد جاری ناڵێمەوە ! ...

تاقەتی دیتنی سگوندم نییە . سات بە سات حاڵی خراتر دەبێ . بەبیانووی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆوە لە تیمارخانەکە وەدەردەکەوم .

❊❊❊

عەلی دادی سەرگەرمی نان کردنە . ئارەقە لە سەراپای دەچۆڕێ . پەتێکی ئەستووری لە توێڵی بەستووە و سەری پەتەکەی لە سەرووی گوێیەوە گرێ داوە و کۆتاییەکەی بەلای گوێیەوە ئاوێزان کردووە تا ئارەقە لە سەر پەتەکە کۆ ببێتەوە و لە کۆتایی پەتەکەوە بچکێتەوەو نەچێتە چاوییەوە .

- دەست خۆش بێ مەشتی عەلی !

عەلی دادی ، نانەکە دەخاتە سەر ڕفێدەکە (مایە) و دەڵێت :- سەری خۆشبێ !

بازاڕی سەرپۆشراو (قەیسەری) گەرمە . گەیلان لە سەر سەکۆی دووکانەکەی دانیشتووە و بە باوەشێن خۆی باوەشێن دەکات و لەگەڵ خورشید کولاهدا دۆستانە قسەدەکات .

خورشید کولاە لەچکێکی سپی و ناسکی لە دەوری سەر و گەردنی بەستووە . پانتۆڵێکی سپی و بەدەن چەسپی لە پێیە کە دەگاتە سەر گوزینگی پێی و کراسێکی کودەری دەڵبی تەخت وەنەوشەیی گوڵ وردی زەردی لەبەر کردووە . گەیلان ژێراو ژێر تەمەشام دەکات وچاوی دەدزێتەوە تا مزاحمی نەبم . بەلایا تێدەپەڕم . خورشید کولاە هەست بە من ناکات . بەڵام هەرکە چەند هەنگاوێک دوور دەکەومەوە ، دەنگی خورشید کولاە دەژنەوم . دەوەستم و ئاوڕ دەدەمەوە . دەڵێت :- دەقیقەیەک بوەستە کارم پێت هەیە !

بە پەلە بەستەیەک تەماکۆ لە گەیلان وەردەگرێت و بەرەولای من دێت . گەیلان دەستم بۆ تەکان دەدات و بزە دەکات .

خورشید کولاە ، دەگاتە لام و ناگات دەپرسێت :- ئەم چەند ڕۆژە لە کوێ بووی ؟

جۆرە گلەییەک بە قسەکردنەکەیەوە دیارە . بەرەو چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی دەکەومە ڕێ . خورشید کولاە دەڵێت :- ئەڕۆ وەرە بۆ باغەکە !

- بەتەنیا ؟!

- ئا ، چ قەیدیە ؟

هیچ ناڵێم . دەپرسێت :- مەگەر ئەوشەوە هەرخۆت بەتەنیا نەهاتیت ؟

- با !

- ئەمڕۆ دێی ؟

- نازانم !

- دەبێ عەلیشت لەگەڵ بێ !

- ئەگەر لەگەڵم بێ باشترە !

بەیانی هیچم نەخواردووە . دڵم خەریکە زەحف دەکات ( بورانەوە ) . خورشید کولاە پێ بە پێم ڕێدەکات . خەڵکی سەیرمان دەکەن . سەریان وەکو گوڵی گوڵە بەڕۆژە لە گەڵماندا دەسوڕێت . خورشید کولاە دێتە قسان .

- باشە ، مادام حەزدەکەی ... بەعەلیش بڵێ بابێ !

پێی دەڵێم کە گرفتاری عەریف سگوندە . دەپرسێت :- مار پێوەی داوە ؟

- ئەرێ !

- کوڵەمار ؟!

- نازانم .

لە سەکۆی چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی سەردەکەومە سەرێ . خورشید کولاە ، لە خوارەوە دەوەستێ و تەمەشام دەکات . لێوە ئەستوور و ئارەزوو بزوێنەکانی کراونەتەوە . ددانەکانی ، لەبەینی لێوە ئامال شینەکانییەوە ، ئاوی دەنوێنێ . پێی دەڵێم :- بۆ حەپەساوی ؟ ... وەرە سەرەوە !

دەڵێ حەز ناکات لە چاخانەکە دانیشێت . دیسان پێی دەڵێم وەرە سەرێ با چایەک بخۆینەوە .

تەنوورەکەی هەڵدەکات و دێتەسەرەوە . چاخانەکە چۆڵە . تەنیا باوکی مەمدۆ دانیشتووە و نێرگەلە دەکێشێت . باوکی مەمدۆ ، دەڵێی پارکینسونیەتی ، چەناگەی بەردەوام دەلەرزێ و زمانی لەبەینی لێوەکانیەوە دەجوڵێ .

مەمکەکانی خورشید لە ژێر کراسە دەڵبەکەیەوە ، ئازاد و ڕەها بووە . لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت .

- باشە ، ئەگەر هەرخۆت بە تەنیا بێی چ دەبێ ؟!

- هیچ ، بەڵام ...

ئەنوەر مەشدی دەڵێت :- نێرگەلە ئامادە بکەم ؟

- نە !

ئەوەندەم جگەرە لە خورێنی خواردووە خەریکە دڵم تێکهەڵدێ . خورشید کولاە دەڵێت :- بەڵام چی ؟

- حەزناکەم بە تەنیا بێم !

لەپڕ هەڵدەستێ .

- بۆ هەستایت ؟

- دەچم عەلی دەدۆزمەوە تا بیهێنم .

- پێمگوتیت کە ... گرفتارە !

- دەیهێنم !

و دەکەوێتەڕێ .

ئەنوەر مەشدی چایەکەم لە بەردەم دادەنێ . چەند کڵۆ قەندێک بە چایەکەوە دەخۆم . تامی دەمم خۆش دەکات و بەگیانم دەکەوێ . دەڵێی قەندەکە وەخۆم دێنێتەوە . چەند کڵۆیەکی دی دەخۆم و هەڵدەستم تاماسی بکرم و بۆماڵ برۆمەوە . دەزانم کە خورشید کولاە ، عەلی پێ قاییل ناکرێت ، تفەنگچیش عەلی لە تیمارخانەکە پێ نایەتە دەرێ . ئەحمەد سەرباز لە سەکۆی چاخانەکەوە دێتە سەرێ .

- یا ئەڵڵا ! (سڵاو)

- یا ئەڵڵا !

لاقی لە پانتۆڵە دەڵبەکەیدا ون بووە . نازانم بۆچی بەم قەدوباڵا کورتەوە سوورە لە سەر ئەوەی پانتۆڵی دەڵب لەبەر بکات . وردە چرچ دەکەونە سەر هەنیە تەسکەکەی ئەحمەد سەرباز ، هەنیەی لە بنی قژی سەریەوە تا برۆکانی هەربەقەد گرێی قامکێک دەبێ ، وردە چرچ دەکەونە سەر هەنیەی و دەڵێت :- برادەران سڵاویان بۆت ناردووە !

- هەڵبەتە دیسان سڵاو و درودێن ئاگرین !

لە حیلک و هۆڕی پێکەنین دەدات و چاوەکانی کە لە قەڵەشی پێی جووتیار دەچن ، تەنگتر دەبێ . لێی دەپرسم

- پۆستە هاتووە ؟

- دوێنێ .

- ئەمجارە چەند زوو هات !

دەڵێت لە بەندەر عەباسەوە بە بەلەمی ماتۆڕدار هاتووە .

- تۆش نامەت بۆ هاتبوو ، بەڵام محەمەد نوور نەیدامێ ، گوتی دەبێ خۆی بێت .

بە ئەحمەد سەرباز دەڵێم کە ئەگەر عەلی هات یان خورشید کولاە هات ، پێیان بڵێت کە چووم بۆ پۆستەخانە .

- خورشید کولاە ؟!

دیسان پێدەکەنێ و بە بچڕ بچڕی دەڵێت :- وەی بابا ! ...باوکە گیان خەڵک ساختەچییە! خەڵکی پێشکە بە ئاسمانەوە ناڵ دەکەن !

ڕقم لە لێوە ئەستوور و قڵیشاوەکانی دەبێتەوە کە هەمیشە بە کرێمی ڤازلین چەوریان دەکات . جنێو بەخۆم دەدەم کە بۆچی ئەو ڕاسپاردەیەم بە ئەنوەر مەشدی نەگوت . هیچ بە ئەحمەد سەرباز ناڵێم و دەکەومە ڕێ .

محەمەد نوور ، گیرۆدەی سەعاتێکی بەرباخەڵە کە تەختە ڕەشەکەی لە کۆنیدا قاوەیی بووە . زەرەبینەکە لە چاوی دەکاتەوەو بە بزەوە دەڵێت :- ئەمجارەیان نامەت هەیە .

– دەزانم .

– چوزانی ؟

– ئەحمەد سەرباز گوتی .

– ئاگر لەم ئەحمەد سەربازە بەربێ ، کە کابرایەکی قەڵبە !

نامەکە هی ئیسلامە کە لە چابەهارەوە هاتووە . ئیسلام ورەحمەت و مەلیک و کەمالیان ڕەهەنەی چابەهار کردووە . سێ دانەکەی تریان بۆ بەندەر عەباس دوور خستووەتەوە . دوو نەفەریشیان بۆ کهنوج ناردووە . شەش مانگ زیاتری پێ چوو تا زانیمان کێیان بۆ کوێ دوور خستووەتەوە . لەپۆستەخانەکە وەدەردەکەوم .

هێشتا زەرفی نامەکەم نەکردبووەوە کە عەلی ، لە گەڵ خورشید کولاە دا ، لەو سەری کۆڵانەکەوە پەیدا دەبن . وادیارە خورشید کولاە توانیویەتی عەلی لە تیمارخانەکە بێنێتە دەرێ . عەجەب زمانێکی هەیە . پێموایە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ مار لە کون بێنێتە دەرێ . هەرکە دەگەینە یەکدی ، عەلی هەردوو دەستی بەیەکدا دەدات و دەڵێت :

– تەواو بوو ، مرد !

لە پڕ وەکو کەو دەچم . دەنگ لە ئەوکمدا دەگیرێ .

– سگوند ؟!

عەلی ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و سەر دەلەقێنێ .

دەڵێم :– بەڵام ... کە من لەوێ بووم ... حاڵی ئەو خراپە نەبوو !

بە سێ قۆڵی دەکەوینە ڕێ . عەلی ، بێدەنگە ، سەری داخستووە و سەیری بەرپێی خۆی دەکات . پێی دەڵێم :

– ئەدی بۆهاتی ؟! ... بۆچی بەجێت هێشت و هاتی ؟! ... با بڕۆین بزانین چیمان پێدەکرێ !

گریان ئەوکی عەلی گرتووە . بەنزمی دەڵێت :– خێرەومەندان زۆرن !

– بەڵام ، ئاخر ، ئەمەش ڕاست نییە ! ... بابچین بزانین ...

قسەکەم دەبڕێت :– ئینسان تا لە ژیاندایە دەبێ پێی ڕابگەی !

نامەکە کە لە دەستما گرمۆڵە بووە قەد دەکەم و دەی تەپێنمە ناو گیرفانم . ماسی گوباب ( جۆرە ماسیەکە ) لە غولامی ماسیفرۆش دەکڕین و بەرەو باغی عەدنانی نشێو دەبینەوە . عەلی لە خۆیدا غەرقە . قسە ناکات ، هەرسێکمان بێدەنگین . ئارەقە بە ئازای بەدەنماندا دادەچۆڕێ . پێم لە ناو پۆستاڵەکانم خشەخش دەکەن . کە لە دەرگای باخەکەوە وەژوور دەکەوین ، پیاوەکەی خورشید کولاە ، چەرخی بیرەکە ڕادەگرێت و تەمەشامان دەکات تا بچینە ژوورەوە . سەگەکە ، لە تەنیشت بیرەکەوە هەڵدەستێ وبە لەقەلەق دێت و لە سێبەری هەیوانەکەدا وەردەکەوێت و کلک دەلەقێنێ . ناو ژوورەژە فێنکە . کاری یەکەمی خورشید کولاە ئەمەیە کە ئاو بە دڕووەکانی ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا بپژێنێ . ئەوسا دەست بە پاککردنی ماسییەکە دەکات . بۆنی کەسکونی دڕووە نمدارەکان ، فێنکی سێبەری ژوورەکە پتر دەکات . نەرمە بایەک لەباگیرەکەوە وەژووردەکەوێ . عەلی ، یەخەی بلوزەکەی دەکاتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە دێت .

- سڵاو !

دەڕوانێتە عەلی کە زۆر بێتاقەتە .

- بزانە گەرما چی بە سەرت هێناوە ! ... ڕابە با دوو سەتڵ ئاوت پێدا بکەم تا فێنک ببیتەوە !

عەلی ، بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، دووی پیاوەکەی خورشید کولاە دەکەوێ و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . یەخەم دەکەمەوە و گۆزەکە هەڵدەگرم و یەکسەر بەسەرەوەی دەنەم . زگم خاڵییە . خەریکە ئاوەکە هەڵبێنمەوە . ئەگەر ئەو چەند کلۆ قەندەم نەخواردبوایە ، بە دڵنیاییەوە ئاوەکەم هەڵدەهێنایەوە .

خۆرشید کولاە دێتە ژوورەوە تا پارچەیەک بەرێت و ئاوی لەتە ماسییەکانی پێ هەڵمژێ . بزەکەی دڵگیر و شیرینە

- زۆر خۆش هاتی !

نازانم کەی فریا کەوت کە جلەکانی بگۆڕێت . کراسێکی ڤاڵی (جۆرە قوماشێکی تەنکە) لەبەر کردووە . لەچکەکەی کردووەتەوە و قژە نەرمەکەی بەسەر شانەکانیا کەوتووە . پانتۆڵە تەسکەکەی لەپێ داکەندووە .

کە نیوەڕۆژە دەکەم قورس دەبم . پیاوەکەی خورشید کولاە ، مەقەڵییەکە دێنێتە ژوورەوە و ڕوو بە ڕووی عەلی دادەنیشێت . خورشید کولاە ، چایم بۆ تێدەکات . دووچای لە سەریەک دەخۆم و ڕادەکشێم . پیاوەکەی خورشید کولاە ئاماژە بۆ وافورەکە دەکات و دەڵێت :- ناکێشیت ؟

- نە .

دەم و لێوی چرچ دەبن و بە بێ موبالاتی ئاوڕی لای عەلی دەداتەوەو وافوورەکەی بۆ درێژدەکات . عەلی ، بێتاقەتە . قسەناکات ، بەڵام بێتاقەتە . وافوورەکە وەردەگرێت و تلیاکەکە هەڵدێنێ و بەنەفەسێک ، هەرهەموو بەستەکە ( بەست : برە تلیاکێک کە بەشی یەک جار کێشان بکات ) دەکێشێت و دووکەڵەکەی لە سینەدا حەپس دەکات و وافوورەکە لە لای مەقەڵیەکەوە دادەنێ و شان لە سەر سەرینەکە دەدات و وردە وردە دووکەڵەکە — کە هەنووکە ڕەنگی بەرداوە و سپی دەچێتەوە — لە لووت و دەمیەوە دەردەکاتەوە .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، دەستەسڕە یەزدیەکەی لە دەوری ملی دەکاتەوە و لووتە زلەکەی دەسڕێت و خەریکی وافوورەکە دەبێت .

خورشید کولاە ، بەرانبەرم دانیشتووە . داوێنی کراسەکەی کۆکردووەتەوە و چوارمشقی دانیشتووە و چای دەخواتەوە . ئەژنۆکانی و پووزی لە کراسەکەوە هاتووەتە دەرێ . پیاوەکەی خورشید کولاە ، لە نێو ژیلەمۆ و خۆڵەمێشەکەدا ، کڵۆ زوخاڵێکی ساف و گەشاوە دەردێنێ و فووی لێدەکات . زوخاڵەکە وەکو مەخمەلی سوور ، دەگەشێتەوە و کز دەبێتەوە . عەلی ، سەری بە دیوارەکەوە ناوە و لەناغافڵدا دەڵێت :- تف ! .

بە ئەسپایی ، پشتی سەری بە دیوارەکەدا دەکوتێ . پیاوەکەی خورشید کولاە وافوورەکەی بۆ ڕادەگرێت . عەلی سەری بە ڕاست و بە چەپدا بادەدات . پیاوەکەی خورشید کولاە دەست بە کێشانی دەکات . لە دوورەوە دەنگی ژاوەژاو دێت . مێردەکەی خورشید کولاە . فوو بە وافوورەکەدا دەکات . دەنگە دەنگەکە نزیکتر دەبێتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، لوولەی وافوورەکە لە دەمی دەردێنێ و بە مینگەمینگ دەڵێت :- چ بووە ؟!

دەنگەدەنگ و ژاوە ژاوەکە نزیکتر دەبێتەوە .

- ئەڵڵاهو ئەکبەر ...

دەنگی ئەو پیاوەی کە ئەڵڵاهوئەکبەر دەکات ، لە هەموو دەنگەکانی دیکە بەرزترە . عەلی سەری لە دیوارەکە لادەبات و گوێ دەگرێ . ئێستا دەنگەکە باشتر دەبیسترێ .

- لائیلاهە ئیللەڵڵا !

- ئەڵڵاهوئەکبەر ...

عەلی ، لە پڕ سەری دەکێشێت بە دیوارەکەدا و ، جڵەوی گریانی بەر دەبێت و دەست بە گریان دەکات . دڵم دا دەخورپێ . ناتوانم گریانی عەلی بدینم . باوەشی دەکەم . سەری دەنەم بەسینگمەوە و هەنسک هەڵدەدات . دەنگی

تێکەڵی ئەو کەسانەی جەنازەکەی عەریف سگوند بۆسەر قەبران دەبەن ، لە بەینی دڕووەکانی ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوەو وەتاغەکە (ژوور) پڕدەکات .

- لائیلاهە ئیللەڵڵا !

- ئەڵڵاهوئەکبەر ...

گریان و هاهای عەلی ، دڵم دەگوشێت . پیاوەکەی خورشید کولاە ، حایر و حەپەساو تەمەشای عەلی دەکات . چاوانی خورشید کولاە دەبریقێتەوە . دەڵێی خەریکە دەگری .

- ئەڵڵاهوئەکبەر ...

دەنگەکە ، بەرە بەرە دوور دەکەوێتەوە . ئێستا دەنگەدەنگ و هەمهەمەکە گونگ ونامەفهوومە . ئاماژە بۆ خورشید کولاە دەکەم کە گۆزەکە بێنێ . جامی پیاڵەکان پڕ دەکەم لە ئاو و دەیدەمە دەست عەلی . چەند قومێک دەخواتەوە . ئەوجا مشتی لە گۆزەکە پڕدەکات و دەیدات بە دەم وچاویا . بە پیاوەکەی خورشید کولاە دەڵێم :

- وافورێک بۆ عەلی ئامادە بکە ! ( بەستێک بۆ عەلی پێوەنێ ! )

بەڵکو بیکێشیت و ئیسراحەت بکات . بەڵکو بتوانێت بەرگەی ئەوبارە قورسەی کە خۆی ویستوویەتی بە شانیا بدات ، بگرێت .

عەلی ، پێش ئەوەی لوولەی وافوورەکە بەدەمیەوە بنێ ، بە دەنگێکی تێکشکاوەوە ، کە لە گەرویدا دەگیرێ و هەوڵدەدات بێتە دەرێ ، دەڵێت :- دوێشەو ...

قسەکەی تەواو ناکات . دادەنەوێتەوەو ئانیشکی دەنێتەسەر ڕانی پیاوەکەی خورشید کولاە و دەست بەکێشان دەکات . دەزانم کە مەبەستی عەریف سگوندە . دەزانم کە دەخوازێ بڵێت ئەو عەریف سگوندەی دوێشەو قسەی دەکرد و پێدەکەنی ، ئەمڕۆ دەبێ لە ژێر خەروارێک خاک و گڵدا بخەوێ ...

بەستەکە ، بە یەک نەفەس دەکێشێت و پاڵدەداتەوە و وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ لە بن لێوانەوە دەڵێت :

- کێ باوەڕ دەکات !

خورشید کولاە ، چای بۆ عەلی دادەکا .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، سەری وافوورەکە دەکاتەوەو بە قەڵەمبڕێکی بچووک کە لەناو کیفی وافوورەکە دەری دێنێ ، سووتکی (سوتاو) هوقەکە ( سەری وافوور ) دادەتاشێ و بەتاڵی دەکات . دیسان قەراخی ناوەوەی هوقەکە ، خڕخڕ دەتاشێ . چاوانی ناوەتە سەریەک و زاری بەش کردووەتەوەو گوشار لە دەمی قەڵەمبڕەکە دەکات . ددانە درێژو ڕەشەکانی و پووکە کرمۆڵەکەی کەوتووەتە دەر . عەلی سەری بە دیوارەکەوە ناوە و چاوانی ناوەتە سەریەک . پیاوەکەی خورشید کولاە ، چڵمەکەی هەڵدەلوشێ و وافوورەکە ئامادە دەکات .

– دەکێشیت ؟

– نە !

دیسان لێوەکانی هەڵدەقورتێنێ و خۆی دەست بە کێشان دەکات . خورشید کولاە ، دەکشێتە دواوە و پشت بە دیوارەکەوە دەدات و ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرێت و تەنورە دەڵبەکەی دەدات بە سەر ئەژنۆکانیا . ئەو ساتەی کە تەنوورە دەڵبەکەی بادا تا بیدات بە سەر لاقیا ، هەمووگیانی کەوتەدەر . دەتگوت مەبەستی بوو کە ئەم کارە بکات

هەموو هۆش وگۆشی پیاوەکەی خورشید کولاە لەلای وافوورەکەیە کە نەبا زەڕەیەک لە تلیاکەکە بە فیڕۆ بدات . بە ئاگر تلیاکەکە گەرم دەکات ، بە شیش کۆی دەکاتەوە ، لە سەر کونەکەی دادەنێت و دووبارە یەک هەوا گەرمی دەداتێ و بۆنی دەکات و پاشان ، بە لەزەتەوە دەیکێشێت ، بە جۆرێکی دەکێشێت لە تۆ وایە ئاشقێنی دەگەڵ وافوورەکەدا دەکات . جم وجوڵ و ڕەفتارەکانی ئارامە . بە جۆرێکە کە بەشەر دێنێتە سەر زەوق و هەوەس . لاقێکی لە باوەش گرتووە و لاقەکەی تری لە سەر ئەرزەکە نوشتاندووەتەوە تا کاتێ بە سەر وافوورەکەدا نوشتاوەتەوە ، خۆی بە سەردا بدات . دووکەڵەکە هێدی هێدی لە لووتیەوە دەردەکات . کەپووی پیاوەکەی خورشید کولاە بەئەندازەی یارەڵماسیەک (پەتاتە) گەورەیە . قژی سەری لە لبادی ڕەش دەچێت . تازە پاینی زوڵفەکانی دەستیان بە سپی بوون کردووە . هەر نەفەسێک لە وافوورەکە دەدات ، گرێی گەرووی(قورتم) بەرز دەبێتەوەو بەو دەقەوە دەوەستێ تا دەم لە لوولەی وافوورەکە بەر دەدات .

چاوەکانم خەریکە قورس دەبن . عەلی ، وادیارە ، هەر بەو دەقەوە کە پاڵی داوەتەوە ، خەوی لێکەوتووە . سەرینەکە هەڵدەگرم و دەچمەن او ژوورەکە تا ڕابکشێم . عەلی چاوانی دەکاتەوە :– دەتەوێ بخەوی ؟

– وامزانی خەوتوویت !

عەلی ڕوو دەکاتە پیاوەکەی خورشید کولاە :– پێوەی بنێ . خەریکە دەفرم ، باڵدەگرم .

دەچمە ئەوسەری ژوورەکە و ڕادەکشێم . یەکسەر نامەکەی ئیسلامم بیر دەکەوێتەوە . زەرفەکە لە گیرفانم دەردێنم و دەیکەمەوە . لە نامەکەدا بە دەست گەرماوە دەناڵێنێ . نووسیویەتی کە کەمال هەر بەخەیاڵیشیدا نایەت . چونکە گەرمێنی و باشوورییە ، فێری گەرمایە . بەڵام ، ڕەحمەت لوول بووە و بەردەوام ئارەقە دەکاتەوە و جنێو بەزەمین و زەمان دەدات . خەو خەریکە چاوانم پڕ دەکات . جیرەجیرِی وافوورەکە دەژنەوم . دەڵێی لای لایە دەکات . دەستم سست دەبێت . ناتوانم نامەکە ڕابگرم . پیتەکان تێکەڵی یەکدی دەبن . تاریک دەبن . لەوە دەچێ ئیسلام نووسی بێ کە چەند ڕۆژێک نەخۆش بووە . نووسیویەتی کە ئێواران تای لێدێت . گەنەگەنە (جۆرە دەرمانێکە) دەخوات . شەوان وەکو کوورە دەسووتێ . بەڵام کە ڕۆژ دەبێتەوە ، چارەی دەگەشێتەوەو تایەکەی نامێنێ ...

***

... مەچەکی دەستی ئیسلام دەگرم

- دەڵێی تایەکە بەری داویت .

لێوە قڵیشاوەکانی ئیسلام توانای جووڵەیان نییە:- ... بێهێزم .

ئەندازیار سەیف لێی دەپرسێت :- پێشتر تووشی مەلاریا بووی ؟

- نە !

دەنگی پێچکە ئاسنینەکانی عەرەبانە (چوارچەرخە) دەستیەکەی نایب زابتی خانەنشین لە ڕاڕەوەکەدا دەپەنگێتەوە . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە :- چای !

سەماوەرێکی تەنەکەی گەورە لەسەر چوارچەرخەکە دانراوە . بەینی پارچەکانی بۆدی سەماوەرەکە ، یەکپارچە ژەنگە . پیرەمێرد ، پەرداخەکانمان پڕ دەکات لە چای و لە جیاتی سێ کڵۆ قەند ، دوو کڵۆمان دەداتێ . ڕەحمەت دەڵێت :- ئەوە بۆ یەکێکت کەم کردووەتەوە برا ؟!

پیرەمێرد سەری داخستووە . سەیری کەس ناکات . دەبۆڵێنێ :- ئاخر ڕۆژ بە ڕۆژ ، زۆرتر دەبن !

نوشین دەڵێت :- باشە ئەوانەی کە زیاد دەبن جیرەیان (بەشە ئازووقە) نییە ؟

نایب زابت ، بەرکۆشەکەی لووتی دەسرێ و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- نەخێر نیانە ! ... هەر ئەمەیە کە هەیە !

ئەسغەر دەڵاڵ ، دەبۆڵێنێ :- هەر ئەمەیە کە هەیە ! ...بتەوێ و نەتەوێ هەر ئەمەیە!

نایب زابتە خانەنشینەکە سەرهەڵدەبڕێ و بە چاوە پرۆشاکانیەوە دەڕوانێتە ئەسغەر دەلاڵ و دەڵێت :

– قسەی دەمت بزانە ، زلە !

ئەسغەر دەلاڵ ، لە قاقای پێکەنین دەدات . پیرەمێرد بە پەستی چوارچەرخەکەی بەرەو پاش ڕادەکێشێت و بە توندی دەرگاکە بەیەکا دەدات .

هەتاو تازە گزنگی داوە . چای گەرم لە سەرمای بەیانیانی پاییزدا خۆشە . نانی ماشینی لە چای هەڵدەکێشین و دەیخۆین . لەبەر پەنجەرەکە دادەنیشتووم و تەمەشای دەرەوە دەکەم . تاکەکانی پەنجەرەکە نیوەکراوەن . یەکسەر دڵم دادەخورپێ و خوێن دەزێتە دەم وچاوم . پەنجەرەکە زیاتر دەکەومەوەو باشتر دەڕوانم . چاوانم بچووک دەکەمەوە تا بۆردیان پتر بێت . تا بتوانم ناو مەیدانەکە چاکتر بدینم . نە ! ... هەڵەم نەکردووە . خۆیەتی . (بیدار)ە . تاقە فەرقێ کردوویەتی ئەوەیە کە سمێڵی داناوە و قژی کورت کردووەتەوە . ئەوسا سمێڵی نەبوو . خودی ( بیدار )ە . لە بەینی دوو سەربازی چەکداردا ، خەریکە بەرەو گرتووخانەکە دێ . ساقی لە دوایەوەیە . حەزدەکەم دەستی بۆ تەکان بدەم . حەزدەکەم بانگی بکەم . دەڵێی خەریکە سەیری پەنجەرەکە دەکات . یەکەمجار لەکتێبفرۆشیەکەی ( شەفەق ) دایەکترمان ناسی ، دەڵێی دوێنێ بوو . دەنگی شەفەق لە گوێمدایە .

– باوەڕ ناکەم کە ئێوەگەل بتوانن ببنە هاوڕێی یەکدی !

شەفەق ، خوڵکی چایم دەکات و لە سەری دەڕوات :– دەتوانن دۆستانی باش بن !

بیدار نزیکتر دەبێتەوە . ڕەنگی سپییە . دەڵێی خوێنی تیانییە . سمێڵی تەنک و شاشە (نەپڕ) . وەکو هەمیشە ، بزەیەکی کاڵ نیشتووەتە سەر لێوی . ئێژی بە تۆبزی پێدەکەنێ .

بێدار و سەربازەکان و عەریف ساقی ، لە هەتەری چاوم دوور دەکەونەوە . سەرم گەرم بووە . نەرمەی گوێیەکانم گەرم بوون .

– بیدار ، نووسینەکانی سەر ئەو کاغەزانە ، مانایان چیە ؟!

بیدار ، بە کاوەخۆ بۆمی شرۆڤە دەکات . هەموو ئەو وشە و زاراوانەی کە شەرحیان دەکات ، بە وردی بەزەین دەسپێرم .

– ئێ ، ئەدی ئەوانەی لە سەر دیوارەکە نووسراوە ، مانایان چییە ؟

دیسان بۆم شەرح دەکات . دەبێ زۆر هۆش وگۆشم کۆ بکەمەوە تا تێبگەم کە چ دەڵێت .

- گوێ بگرە هاوڕێ . دەخوازم سەد بڵاوکراوەت بدەمێ کە بیخەیتە ماڵەکانی شەقامی حکومەتییەوە !

گەروو و مەڵاشوم وشک دەبن . دڵم مشەوەش دەبێ . سەفتە بڵاوکراوەکە دەخەمە سەر زگم ، ژێر پشتێنەکەم و دوگمەکانی چاکەتەکەم دادەخەم .

بیدار ، لە تاریکی شەوەکەوە تەمەشام دەکات و دەڵێت :- سەرکەوتوو بیت !

ئازام گەرم دادێت .

- لە کوێی ؟

ڕادەچڵەکم . کازم بازووم دەگرێت و دەیگوشێت :- تۆ هۆشت لە کوێیە ؟ ... چایەکەت سارد بووەوە .

پەرداخە چایەکە بە دەستمەوە سارد بووەتەوە . کازم دیسان دەپرسێت :- بیرت لەچی دەکردەوە ؟

هەناسە هەڵدەکێشم و دەڵێم :- هیچ !

مل قوت دەکەمەوە و لە درزی تاکەکانی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە دەکەم . مەیدان و گۆڕەپانی سەربازگەکە چۆڵە . هەتاو بڵاوبووەتەوە . دەنگە دەنگ لە ڕاڕەوەکەدا هەیە . وادیارە ئێشکگرانی سالولەکان دەگۆڕێن . حەزدەکەم بزانم کە بیداریان کێوە بردووە . چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ساقی بیهێنێ و هەڵیبداتە ناو ژوورەکەوە . تا ئێستاش هیچ هەواڵێکی نەبووە . هەڵبەتە پەیدا دەبێت .

چایە ساردەکە یەکسەری هەڵدەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . ئەسغەر دەلاڵ ، کەڵکەڵەی فێربوونی شەترەنجی کەوتووەتەسەر . عەتا ، خەریکە گەنگەشە و چەلەحانی لە گەڵدا دەکات . مەلیک پێی ڕادەبوێرێ .

- تۆ دەبێ موشێن بکەی !

ڕەحمەت دەڵێت :- موشێن حەیفە برا . دەبێ گوێزبازی ! (گوێزێن) بکات .

ئەسغەر دەلاڵ ، خۆی لە گێلی دەدات :- هەر باشە نەتانگوت گون بازی .

ئەسغەر دەلاڵ کۆڵ نادات . حەریفی هەمووانە . نوشین ، کە نانی بەیانی دەخوات ، بەلای کەمەوە دەبێ یەک دانە سەعات پیاسە بکات . دەچێتە ئەوسەری ژوورەکەو دەگەڕێتەوە . هەندێجار لەبن لێوانەوە گۆرانی دەڵێت . هەندێجاریش شیعر دەڵێت . دەنگی خۆش و دڵگیرە .

" لە ئەندەنوسیاوە تا ئەندەلوس ، لە هەموو شوێنێ بەیداخی تۆڵە دەشەکێتەوە."

" هەگبە و خورجینانی زێڕین کە دەخرایە سەرشانی زامداری ئەسیران "

" ئێستا ڕوو بە ڕووی خێڵی برسیان و ڕەش و ڕووتان بووە "

" ناز پەروەردەکان هاواردەکەن ، کوێر بن ، دوور بکەونەوە "

لە ناکاوا ڕاڕەوەکە دەهاروژێ . دەنگ و هاوارەکان تێکەڵ دەبن . دەنگی پۆستاڵی بزمار ڕێژی کەسانێک کە بلەز دوور دەکەونەوە و دەنگی بەپەلەی کەسانێک کە لەوسەری ڕاڕەوەکەوە دێن ، ژوورەکە پڕدەکات . نوشین دادەنەوێتەوە و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکات . لە بن پەنجەرەکە هەڵدەستم و بلەز بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕۆم .

نوشین چاوی لە کونی دەرگاکە لادەبات و بە حەپەساوی دەڵێت :- دیارنییە چی ڕوویداوە !

لە ناکاوا ، هاواری عەریف ساقی ، وەکو تۆپ لە ڕاڕەوەکەدا دەتەقێتەوە .

- بۆچی وا شپرزەبوون ؟

یەکێک دەڵێت :- خەریکە دەمرێت .

عەریف ساقی هاوار دەکات :- بە جەهەنەم !

چاوم دەنەم بە کونی کلیلەکەوە . دەرگای سالولی چوارەم کراوەتەوە . چەند دەرەجەدار و سەربازێک لەبەر سالولی چوارەمدا پێکدادێن .

دەنگی عەریف ساقی ، هەموو ڕاڕەوەکە پڕدەکات :- ئەمبولانس !

مەعلووم نییە فەرمان بە کێ دەدا . دیسان هاواردەکات :- زووتر ... ئەمبولانس !

ناو ڕاڕەوەکە قەرەباڵغە . چەند دەرەجەدارێکی نەناسیشی لێن . کە سیان ناناسم .

سەرباز و دەرەجەدارەکان ، لەبەر سالولی چوارەم لا دەکەون . دوو سەرباز ، کە کۆلۆنێل موبەشیرییان خستووەتە سەر دەست لە سالولەکەوە دێنەدەرێ . دەستەکانی کۆلۆنێل بە هەر دوولادا شۆڕ بووەنەتەوەو خوێن لە مەچەکی هەردوو دەستی دێ . ڕەنگ بە ڕووی کۆلۆنێلەوە نەماوە . ڕوخساری عەینی گەچی مردوو سپی دەچێتەوە . کۆلۆنێل ، بەسەر دەستەوە ، ڕاکێش ڕاکێش تا ئەو سەری ڕاڕەوەکە دەبەن . یەخەی کراسەکەی کراوەتەوە و سینگی بە دەرەوەیە . برژانگەکانی هاتوونەتەوە سەریەک . خوێن لە دوایەوە ، بە سەر بەردە سیقال کراوەکانی زەمینەی ڕاڕەوەکەدا بڵاو دەبێتەوە . ئەندازیار سەیف – کە کەمتر لە جێی خۆی دەجوولێ – هەستاوەو هاتووەتە پشت دەرگاکە .

– چ باسە ؟

پێی دەڵێم کە چی ڕوویداوە . برادەران لە پشت دەرگاکەوە خڕ بوونەتەوە . ئەندازیار سەیف ، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ . دەنگی ئارامە . دەڵێی لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات :– یانی خۆکوژی کردووە ؟

ئیسلام ، دەست بە لەرزین دەکات . ددانەکانی لە سەریەک بەند نابن . دەڵێی تۆرە تای گرتووە . نوشین ، لەپڕ وەکو ئەسپەندەری سەرئاگر ، دەردەپەڕێ و بەتووندی بەمست دەکێشێت بە دیوارەکەدا :– جەلادینە !پیاو کوژینە !

ڕەنگی ئەسغەر دەڵاڵ بووە بەکا . کازم ، بێئەوەی پێبحەسێت ، بە نینۆک زیپکەکانی دەم و چاوی هەڵدەکەنێ . خوێن ، ناوچاوان و گۆناکانی پەڵە پەڵە کردووە . دەنگەکان ، لە ڕاڕەوەکەدا خەفەدەبن . دەنگی دڵچرێنی (دڵتەزێن) ئەمبولانس ، لە گۆڕەپانەکەدا دەپەنگێتەوە . بەر لە هەموو برادەران ڕادەپەڕم و خۆم دەگەیەنمە بەر پەنجەرەکە . ئەمبولانسەکە لە جادە قیرەکە دەردەچێ و بەرەو گرتووخانەکە داژوێ، پێچ دەکاتەوەو لە هەنبەر گرتووخانەکە دەوەستێ . کۆلۆنێل موبەشیری بە سەر دەستی سەربازەکانەوە بوراوەتەوە . مەچەکەکانیان بە سارغی بەستووە . خوێنەکەی وەستاوەتەوە و هەموو سارغییەکە سووربووە . هەرکە دەستەبەرەکە لە ئەمبولانسەکە دادەگرن، کۆڵۆنێل دەگەیەننە پای ئەمبولانسەکە و لە سەر دەستەبەرەکەی درێژ دەکەن و دوو سەربازی چەکدار لەگەڵ عەریفێکدا سواری ئەمبولانسەکە دەبن . عەریف ساقی لە پێشەوە دادەنیشێت . ئەمبولانسەکە ، بە هەشتاو بۆی دەردەچێت و بەرەو دەرگای سەربازگەکە بەنزینی دەداتێ . لەبەر دەرگای سەربازگەکەدا ، کامانکارێک بەچەند سەربازێکی چەکدارەوە چاوەڕوانی ئەمبولانسەکەیە . کامانکارەکە ، لە داوی ئەمبولانسەکەوە لە سەربازگەکە وەدەردەکەوێ . ڕاڕەوەکە کروکپ دەبێت و بێدەنگی باڵ بە سەر ژوورەکەدا دەکێشێت .

چاوم لە پەنجەرەکە لادەبەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم و تەمەشای برادەران دەکەم . عەتا ، ڕاست ڕاوەستاوە و پشتی بە دیوارەکەوە داوەو سەری قامکەکانی خستوونە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەیەوەو بێئەوەی چاو بتروکێنێ تەمەشای دیوارەکەی بەرانبەر دەکات .

لێوەکانی عەتا ، سووکە لەرزینێکیان پێوە دیارە . دەڵێی دەگەڵ خۆیدا قسان دەکات و یان لە بن لێوانەوە شتێک دەڵێت .

یاقووب ، لە پڕ دەبۆڵێنێ :- نامەردینە !

دەیەوێ بە مست بکێشێت بەدەم و چاوی خۆیدا . کەمال ،بە حەواوە ،مەچەکی دەگرێت :- هێدی بە کوڕی باش

حەسەن ، بۆ یەکەمجار ، جگەرەکەم لە دەست وەردەگرێت وناشیانە چەند مژێکی لە سەر یەکی لێدەدا . چرچێکی قووڵ نیشتووەتە نێوان هەردوو برۆی حەسەن . دووکەڵی جگەرەکە لە دەمیەوە دەردەدات و دووکەڵەکە — کە لە دووکەڵی کا دەچێت — هەموو دەم و چاوی دادەپۆشێت .

ڕەحمەت لە بن لێوانەوە دەڵێت :- یانێ تەواو ، ڕۆیی ؟! ... خۆکوژی کرد و لێبووەوە ؟!

ئەندازیار سەیف ، بەچاوە گەشەکانی دەڕوانێتە ڕەحمەت .

- ئەگەری زۆرە !

نوشین دەبۆڵێنێت :- ئاخر بەشەر چەند لە ژێر ئەشکەنجەدا بەرگە دەگرێت ؟!

کازم دەڵێت :- کۆلۆنێل موبەشیری چنگێکی لێ ماوەتەوە ... وەکو ڕۆن تواوەتەوە !

دەرگای ژوورەکە ڤەدەبێ :- بۆدەرەوە !

سەیری سەعات دەکەم . هەشت وچارەکە .

من و عەتا ، دوا دوو نەفەرین کە دەچینە دەرەوە . هەرکە لە ژوورەکە وەدەردەکەوین ، پاسەوانەکە بە چارەی گرژەوە هاواردەکات :- یاڵڵا ... بەغار !

بە پێ خشکێ ڕاڕەوەکە دەبڕین . هەرئەو ساتە چالاک و چاپووک خوێنی ڕاڕەوەکەیان شتووە . دەرگای سالولی چوارەم داخراوە . بیدار ، لە ناو حەوشە چۆڵەکەدا ، لە پاڵ دیواری ئاودەستەکان ، لە سەر تەپڵەکێک دانیشتووە و دەلاکی سەربازگەکە خەریکە سەری بۆ دەتاشێت . یەکسەر دڵم دەکرێتەوە . دەڵێی دنیایان داومەتێ . چاوی بە

چاوم دەکەوێ . پێش ئەوەی زار هەڵێنم بە برۆ ئاماژە دەکات کە بێدەنگ بم . بزەکەی سەرلێوم دەمرێت . بەلایدا ڕەتدەبم و بۆ ئاودەست دەچم . پێموایە خەریک بووم لە خۆشیا ، جڵەوی خۆ لە دەست بدەم و قسەبکەم . جڵەوم لە دەست بەربوو بوو . هەق بە بیدارە . لەم هەل ومەرجەدا مەرحەبایی بیدار کارێکی دروست نییە . هەڵەیە . زۆر لە کاتی خۆیدا ئاماژەی کرد کە قسەنەکەم . کە دیتم ، بۆیەک ساتی ڕەوتەنی ، وام بەخەیاڵدا هات کە لە زینداندا نیم . هەموو شتێکم فەرامۆش کرد . پڕ بەدڵ حەزم دەکرد باوەشی پێدا بکەم و ماچی بکەم . هەواڵی برادەرانی لێ بپرسم . حاڵی شەفەق و پندار بپرسم و لێی بپرسم کە کەی لە باشوورەوە هاتووە .

لە ئاودەستەکە دێمە دەرێ . بیدار ، هێشتا لە ژێر دەستی دەلاکەکەدا دانیشتووە . دەنگی پاسەوانێک کە لە حەوشە چۆڵەکەدایە بەرزدەبێتەوە .

- یاڵڵا بجوڵێ !

لە بەردەم ڕاڕەوەکەدا ئاوڕ دەدەمەوەو تەمەشای بیدار دەکەم . چارەی بەیەکدا داوە . مەکینەی دەلاکەکە ، پیس قژەکەی ڕادەکێشێ . پاسەوانەکە سیخورمەیەک بە بازوومدا دەکێشێت .

- دەڵێی لە زمان تێناگەی ؟ ... بجوڵێ !

دەچمە ناو ڕاڕەوەکەوە .

❊❊❊

. .. کەسێک بانگم دەکات . دەنگی لە دوورەوە دێت . تل دەدەم و دادەنیشم و چاوان دەکەمەوە . عەلی بە دیار سەرمەوە وەستاوە . دەرگای ژوورەکە درزی تێکەوتووە و تیرۆژێکی باریکی کاڵ ، کەوتووەتە سەر گلیمەکە . ناو ژوورەکە تاریک و ڕوونە . هێشتا پەتۆی ژێر مەقەڵییەکە ، لە سەر گلیمەکە ڕاخراوە . نامەکەی ئیسلام لە تەنیشتمەوە کەوتووە . تەنانەت لاپەڕەی یەکەمیشم نەخوێندووەتەوە . سێ لاپەڕەی پڕە . نامەکە قەد ونوشت دەکەم و دەینەمە گیرفانم . عەلی ، نیو سەعاتێک دەبێ کە لە خەو ڕابووە . دەڵێت ، خۆشی شتووە .

- وەخۆ هاتوومەوە . ئاوی بیرەکە فێنکە .

ودەڵێت کە نەیتوانیوە باش بخەوێت .

- بەر دەوام گینگڵم داوەو بیرم کردووەتەوە . هەر بیرم لە عەریف سگوند دەکردەوە . تەنانەت لە خەویشدا دەستبەردارم نە دەبوو . ژیانیش زۆر کۆمیدیە ! ...

هەتاو خەریکە ئاوا دەبێت . خورشید کولاە ، هەیوانەکەی ئاوڕشێن کردووە و گسکی داوەو چای تازەی دەم داوە و دانیشتووە و ڕیشووی پەراوێزی لەچکەکەی با دەدات .

پیاوەکەی خورشید کولاە ، لەو سەری باغەکەیە و خەریکە بە بێڵ خاشاکی ناو جۆگا ئاوەکە دەردەکات .

هەرکە لە ژوورەکە وەدەردەکەوم ، خورشید کلاە ، لەچکەکە لە عاردی دادەنێت و هەڵدەستێ . دەڵێی چاوەڕوان بووە تا لەخەو هەستم . کەمێک بەخۆیشی ڕاگەییوە ، دەستی بە خۆیدا هێناوە . سەری شانە کردووەو دەڵێی خۆیشی شتووە .

عەلی ، بۆلای بیرەکە دەڕوات تا گۆرەوییەکانی هەڵگرێت . لە قەراخ هەیوانەکە دادەنیش، . خورشیدکولاە بۆ بیانوویەک دەگەڕێ کە قسە بکات . دەکەوێتە مینگەمینگ و بە پچڕ پچڕی دەپرسێت .

– بۆچی دووریان خستوویتەوە ؟

ئەگەر بمەوێ تێی بگەیەنم ، ئەمە شانامەی دەوێ . مەسەلەکە لە کورتی دەبڕمەوە :– دیارە بەشەرێکی خراپم !

قسەکەم بەجدی وەردەگرێت و سەری دەسوڕمێ :– خراپ ؟!

– ئا ... خراپ !

– خۆزیا هەموو خەڵکە خراپەکان وەکو تۆ بوایەن !

سەمتی قسەکە ، بە شێنەیی دەگۆڕێ . لێی دەپرسم :– یانی چۆن ؟!

دەڵێت :– وا دیارە تۆ خەڵکانی خراپت نەدیوە ! ... نازانیت چۆن بە بیانووی تلیاک کێشانەوە دێن بۆ ئێرە ، بەڵام هەزار جۆرە بیر و خەیاڵیان لە مێشکدایە ... ناتوانی یەک کەلیمە قسەیان لە گەڵدا بکەی !

– بۆ خەڵکانی دیکەش بۆ ئێرە دێن ؟!

دەڵێت :– ئا ... تەنیا چەند کەسێک ... ڕێگەی هەموو کەسێک نادەین ، بەڵام ... جارجارێک چەند کەسێک دێن ... چایت بۆ تێکەم ؟

– تێکە !

قۆریەکە لە قەراخ مەقەڵییەکە هەڵدەگرێت . لێی دەپرسم :– ئێوە ... منداڵتان نییە ؟

یەکسەر خەم لە سەروسیمای دەنیشێت :- نە نیمانە ! ... خودا نایەوێ بمان بێت !

پیاڵە چایەکەی لە دەست وەردەگرم .

- چۆن خودا نایەوێ ؟!

ئاهێک هەڵدەکێشێت و دەڵێت :- قسور لە منە !

چایەکە گەرم و پڕ ڕەنگە . چایەکە دەکەمە ژێر پیاڵەکەوەو فووی لێدەکەم و پاشان دەڵێم :

- لەوەیە قسوری (خەتا) پیاوەکەت بێ !

- نە ، لە خۆمە . قسوری پیاو نییە !

عەلی ، گۆرەوییەکانی کە شۆرد بوو و داینابوو وشک ببێتەوە ، لە سەر چەرخی بیرەکە هەڵدەگرێت و دەیتەکێنێ

خورشید کولاە دەلێت کە باغەوانەکە شووی سێیەمیەتی . مێردی یەکەمی دوای سێ ساڵ و شەش هەیڤان تەڵاقی داوە . هەرچی نووشتە و جادوو هەیە کردوویەتی تا منداڵی ببێ ، نەی بووە . شووی دووەمیشی دوای دوو ساڵ کە زانیویەتی (وجاغ کوێرە !) چووەتە سەفەر و غیابیەن تەڵاقی داوە . دەلێت خەڵی (لار)ە . و شەش حەوت ساڵ لەوەپێش لەلار ئەم باغەوانەی ناسیوە و پاشان ، باروبنەیان پێچاوەتەوە و بە یەکجارەکی بۆبەندەر لنگە هاتوون .

- بە یەکجارەکی ؟!

بزە دەکات و دەلێت :- ها بەڵێ ! ... بە یەکجارەکی ! ... چووزانم ئیدی ... بە دوو قۆڵێ شڕوشیتاڵەکانمان هەڵگرت و هاتین بۆ لنگە .

عەلی دێت و لەلامەوە دادەنیشێت و دەلێت: - فلانی ، باش گەرمتان کردووە ها !

خورشید کولاە دەلێت :- ئەرێ عەلی ئاغا ... خەریکم باسی قەرەبەختی خۆمی بۆدەکەم !

و پیاڵە چایەکەی دەداتە دەست . نەرمە بایەکی فێنک هەڵدەکات و لقەکانی دارخورماکان دەخاتە خشەخش . پیاوەکەی خورشید کولاە ، بێڵەکەی ناوەتە سەر شانی و خەریکە هێرەوە دێ . عەلی دەڵێت :- با بڕۆین !

و بەرەو لای پیاوەکەی خورشید کولاە دەڕوات .

پێش ئەوەی لە قەراخ هەیوانەکە هەستم ، ورتە ورتی خورشید کولاە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە . دەنگی لەرەیەکی تیایە .

– سبەینێ ، پێش نیوەڕۆ دێم بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی . دەخوازم بتبینم .

تەمەشای دەکەم . زمانم دەچێتە کلیلە . زمانم دەبەسترێ . نازانم چ بڵێم . ڕەنگی خورشید کولاە زەرد بووە . قسە لە ئەوکم گیراوە و هەوڵدەدات بێتە دەرێ .

– کاری چیت پێم هەیە؟

چاوی لە چاوم دەدزێتەوە .

– ئێستا ناوترێ !

– بە دزی مێردەکەتەوە ؟!

چاوی هەڵدەبڕێ و بە ساردی تەمەشام دەکات و لەبن لێوانەوە دەڵێت :– مێردەکەم ؟!

هیچم بە بیرا نایەت کە بیڵێم ، سەر دەلەقێنم و دەکەومەڕێ .

عەلی ، هەق و حیسابی یارۆی باخەوانی داوەو چاوەڕوانمە . لە دەرگای باغەکەوە وەدەردەکەوین . عەلی ، بەرەو لای موەلیدەی کارەباکە پێچ دەکاتەوە .

– بۆ کوێ ؟

– وەرە !

لە موەلیدەی کارەباکە ڕەتدەبین . کە بگەینە کۆتایی باغی عەدنانی ، ئیدی گۆڕستانەکە لە بەردەمماندایە . بە بێدەنگی پێ بە پێی عەلی ڕێدەکەم . هەتاو ئاوابووە . دنیا گورگ و مێشە ( بولێڵە ، تاریک و ڕوون ) . لە پڕ دەنگی موەلیدەکە بەرز دەبێتەوە . لە حەساری باغەکە ڕەتدەبین و بەناو خۆڵە پەتانیەکەدا کە تا گۆزینگی پێ دێت ، بەرەو گۆڕستانەکە دەڕۆین . دوو ژنی ڕەشپۆش ، لەمبەرو لەوبەری گۆڕێکی تازەدا ، لە سەر ئەرزەکە پان بوونەتەوەو سەریان ناوەتە سەر گڵی تازەی گۆڕەکە و دەلاوێننەوە . دوورتر لە ژنەکان کوڕێکی منداڵ ، لە سەر ئەرزەکە دانیشتووەو بە خۆیدا میزتووە و گڵەکەی تەڕ کردووە و یاری بە قوڕەکە دەکات .

عەلی بێئەوەی قسەبکات ، بە ناو قەبرەکاندا دەگەڕێ تا دەگاتە سەر گۆڕەکەی عەریف سگوند . گڵی قەبرەکە تازەیە . هێشتا دوو پارچە بەردی ساف ، کەبێگومان لە سەرنانەوەی گۆڕیچەکە زیاد بووە ، لە کەنار قەبرەکەن . ئەو ئاوەی کە بە سەر گۆڕەکەیاندا پرژاندووە ، لە ژێر هەتاوە گەرمەکەدا وشک بووەتەوە و تێکەڵ بە شۆرەی گڵەکە بووەو لێرەو لەوێ سپی دەچێتەوە .

عەلی نیگام دەکات و دەلێت :- دەبێ ئەمەبێت !

زۆر ئارامە . تلیاکەکە تەواو کاری تێکردووە .

- وانییە ؟

- با ... پێموایە ئەمەیە . هیچ قەبرێکی لەمە تازەتر نییە !

یەکێک لە تەختە بەردەکان ڕادەکێشێتە پێشەوە و دەست لە ئەژنۆ دادەنیشێت . لە تەنیشتیەوە دادەنیشم . لمەلآنی بەستێنی دەریاکە لە کۆتایی گۆڕستانەکەوە دەست پێدەکات . پاشان ، دەریایە کە لە دوورەوە لەمەخمەلێکی ڕەساسی دەچێت . مانگ تازە هەلآتووە . پێدەچێ چواردە بێ .

عەلی ، ورتەورت دەکات . دەلێی خۆی دەدوێنێ :- چی بلێم ؟! ... ئەسڵەن چی دەگوترێت ؟!

دەنگی خەمناک و نەوییە :-چۆن دەگوترێ ؟! ...

دەبێ زەینی زۆر جەنجاڵ بێ کە تیاماوە چی بلێ .

- چۆن دەگوترێ کەچی بوو ، کێ بوو ، چی دەکرد ، چی دەویست ، چی دەگوت ... هەر دوێنێ ...

تەمەشام دەکات . چاوە درشت و ڕەشەکانی لەبەر تریفەی کزی مانگەکە ، دەدرەوشێنەوە .

- چۆن ڕۆیی ! ... بە ڕاستی تەواو بوو ؟! ... هە ! ...

لە ناکاوا ، وەک ئەوەی بەخۆ بێتەوە ، وەک ئەوەی تازە لەخەو ڕابوو بێ ، پەیتاپەیتا دەلێت :

- ئەئەئەئەئە هە ...

گاز لە سەری پەنجەی دەگرێت .

- بە ڕاستی تەواو بوو ؟! ... سەرگروبان ڕۆیی ؟! ... بە یەکجاری ڕۆیی ؟! ...

بێدەنگ دەبێت و نێوچەوانی دەنێتە سەر ئەژنۆکانی .

دەنگی زیکزیکە سەرانسەری گۆڕستانەکەی پڕکردووە . سەیری پشتمەوە دەکەم . ژنەکان ، لە دیار گۆڕەکە هەستاون و وەکو دوو شەبەنگ (تارمایی) دوور دەکەونەوە . بەلەمێکی بچووک کە دوو فانۆسی بە ستوونەکەیەوە ئاوێزانە ، بە بەردەمماندا ڕەت دەبێ و بەرەو ئەسکەلەکە (لەنگەرگا) دەڕوات . تیک تیکی ماتۆڕی بەلەمەکە دوور دەکەوێتەوە . دەنگی دەریا ، لە ناو کپی و کڕی گۆڕستانەکەدا دەنگدەداتەوە . دەنگی چەند چەقەڵێک تێکەڵاوی یەک بوون . عەلی سەر لە سەر ئەژنۆکانی هەڵدەبڕێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت :

- کوا جگەرەیەکم بدەیە .

جگەرەی دەدەمێ و دەنکە شقارتەیەکی بۆ لێدەدەم . ڕوندک لە چاوانی عەلیدا قەتیس ماوە . مژ لە جگەرەکە دەدات و هەڵدەستێ . دەنگی گریاناویە .

- هەستە !

و بەرەو دەریا دەکەوێتەڕێ .

***

عەریف ڕازی ، جل و جۆرەکانی کۆکردەوە و ڕادیۆکانی دا بە کۆڵیا و ڕۆیی بۆ کنگ . عەلی ، دیسان لە کنگ جێی خۆشکردەوە و دایکوتاوە و نایەت بەم ناوەدا . خورشید کولاە هاتبوو بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی و دانیشتبوو و چاوەڕوانی منی دەکرد . گوتی حەزدەکات زۆرتر بمبینێ . دەمی هێنایە بناگوێم و بەچپە گوتی .

- هەر کاتێ دەتبینم دڵم دەکرێتەوە !

پێمگوت :- بەڵام خورشید کولاە تۆ مێردت هەیە !

شەوان ، کەس لە گەراجی عەدنانی ناخەوێ . لەم گەراجە گەورەیەدا تەنیا خۆمم .

خورشید کولاە گوتی :- ئەگەر تۆ بتەوێ ، شەوان دێم بۆلات . لە باغی عەدنانییەوە تا گەراجەکە ڕێگەیەکی ئەوتۆ نییە !

پێمگوت :- بەڵام خورشید کولاە ، ئەدی شووەکەت ؟!

سەری داخست و بە ئەسپایی گوتی :- ئەگەر خۆم بمەوێ ، شووەکەم قسەناکات !

سەرم لە قسەکانی سوڕما .

- مێردەکەت قسە ناکات ؟! ... یانی چی مێردەکەت قسە ناکات ؟! ...

گوتی :- ئاخر ، ژنی بەمارەو تەڵاقی نیم !

بە سەرسامی ڕوانیمە دوڕچاوانی و گوتم :- نیت ؟! ... ژنی بەمارەیی ئەو نیت ؟!

- نە !

- بەڵام خۆ گوتت کە لە لار ...

دەرفەتی نەدام قسەکەم تەواو بکەم . گوتی :- ئا بەڵێ ... گوتم ... ئێستاش دەڵێم کە لە لار ... لە لار کەس وکارێکم نەبوو . بابێکی کۆرەم هەبوو کە سواڵی دەکرد . دایکێکم هەبوو کە هاوینان دەچوو بۆ باغ و سەبەتەیەک سەوزی خواردنی دێنا بۆشار و لە بازاڕی سەوزەواتدا دەیفرۆشت و زستانان لە ئاشە ئاردێکدا ، گەنمی سەرەند دەکرد

لێم پرسی :- چیتر خورشید کولاە ... قسە بکە ! چیتر ؟

گوتی :- ئیدی برایەکی بێ شەرمم هەبوو کە زۆر بەرەڵڵا بوو . هیچ کارێکی نەدەکرد ، حیزە دزی دەکرد !

- ئیدی تۆش ...

- بەڵێ ! ... ئیدی منیش هەستام و لەگەڵ ئەم پیاوەدا بۆ بەندەر لنگە هاتم ... پیاوێکی بێ وەیە . ئیشکەر و زەحمەتکێشە . بەڵام عەدنانی هیچی وای ناداتێ ... بە کورتیەکەی دەمەوێ بڵێم کە ئەگەر چوارکەسی وەکو عەلی نەبوایە ، کارو بارمان بەڕێوە نەدەچوو !

- کەوایە درۆت کرد کە دوو مێردت ! ...

- درۆ ؟! کێ دەڵێ درۆم کردووە ؟ .. ئەوە بزانە کە درۆم لە زاتا نییە ... نە ! ... درۆم نەکرد . مێردی یەکەمم دارۆغە ( قۆڵچی ناو شار ، پاسەوانی شار ، ئینزیبات ) بوو . کچ بووم و جوان و بەرچاوی بووم ، هەژار و دەست کورت بووم . ئەویش ئەمەی دەویست . مێردی دووەمم عەمەلە بوو . یانی هەموو کارێکی دەکرد . ئەویش وەکو براکەم ئەهلی کار نەبوو . ڕاستت دەوێ هیچ بەلایەوە شەرم نەبوو کە من کاربکەم و ئەو بیخوات ! ... چی بڵێم ، پێکەوە نەسازاین ، بەردەوام شەڕ و دەعوامان بوو . تا لای نیوەڕۆ دەخەوت و سەربارى ئەوەش دەیبۆڵاند کە بۆچی بۆ نیوەڕۆ شتێک نییە بیخۆین . گیانم گەیی بووە کونە لووتم . ئیدی خواکردی و بەبێ خواحافیزی ڕۆیی و چوو بۆ

بەندەر عەباس و لەوێندەرەوە تەلاقنامەی بۆناردمەوەو سواری بەلەم بوو و ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی ، ئێستاش هەر دەڕوات ! ... بە مەزەندەی من چوو بۆ کوەیت ... یانی کوڕە خاڵەکەی ئەمەی گوت .

– دوایی ، تۆش لە گەڵ ئەم پیاوەدا ... !

– بەڵام تەنیا تۆ ئەمە دەزانی و خودا ! هیچکەسێک نازانێ کە ژنی بەمارە و تەلاقی نیم ... ئەگەر خەڵکی بەمە بزانن  واوەیلایە ... بە جەوانیت سوێندت دەدەم کە بەکەس نەڵێی !

شەوان ، لە گەراجە بێ دەرو دیوارەکەی عەدنانی دا ، بە تاقی تەنیا دەخەوم . عەریف ڕازی ، بنە وبارگەکەی و ڕادیۆکانی کۆکردەوەو  بۆ بەندەر کنگ ڕۆیی . عەلی بە هەفتە نایەتەوە بۆ لنگە . شەوان دەڕۆم بۆ پشتە . عەرەق دەخۆمەوە کە مەست دەبم و شەو لە نیوە دەبوورێ ، سەلانە سەلانە دەکەومەڕێ و بۆ گەراجەکە دەگەڕێمەوە و تا نیوەڕۆ دەخەوم . دەرگای گەراجەکە هەمیشە کراوەتەوە . ئەسڵەن تاکە شەق وشڕەکانی دەرگای گەراجەکە لە گڵ نیشتوون و فیلیش ناتوانێ بیجوڵێنێ ، چ جای ئەوەی دابخرێ .

گەیلان ، لە ئێوارەوە وڕکی لێداوم . تا بەر دەرگای گەراجەکە لە گەڵمدا دێ . هێندەی عەرەق خواردووەتەوە کە زمانی قورس بووە و بەئاسانی ناگەڕێ . کە دەڕوات بەڕێوە دیزداشەکەی لەلاق و لەتری درێژی دەئاڵێت . لە نزیکی بەنداوەکە ئەگەر بەحەواوە نەمگرتباوە بە سەرا دەکەوتە سەر عاردی و دەچووە بەر دلۆڤانی خودا .

هێندە باسی خورشید کولاهی کرد کە مێشکی سەری بردم . لەبەر دەرگای گەراجەکە لێی جیا دەبمەوە .

– باشە گەیلان تا سبەی .

ڕێگەم دەگرێت :– نە ! ... دەبێ بەڵێنم بدەیتێ ...

– باشە گەیلان بەڵێنت دەدەمێ .

– بەڵێنی پیاوانە !

– بەڵێنی پیاوانە !

هەردوو بازووم توند بە پەنجە مەحکەمەکانی دەگرێت و سەیری ناو چاوم دەکات . زمانی گۆناکات ، برژانگەکانی خۆ بە خۆ دێنەوە یەک .

– بەڵێنت دا ها .

- باشه .

- سبەی دێی بۆ دووکان ؟

- دێم .

- پاشان پێکەوە دەچین بۆ ماڵی خورشید کولاە ... باشە ؟

- باشە !

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت .

- چاوانی خورشید کولاە منیان کوشتووە !

باسکەکانم لەچنگی دەردێنم .

- گەیلان ، بێزارت کردم !

و دەکەومەڕێ .

- عاجز بووی ؟

هیچی پێ ناڵێم .

دەچمە گەراجەکەوە . لە دوامەوە هاوار دەکات .

- بەڵێنت دا ها ... بەڵێنی مەردانە !

و بە لارە لار دەڕوات .

هەوا گەرمە . جووڵەی لێوە نایەت . کە دەگەمە پلە سواوەکانی هەیوانەکە ، بلوزەکەم دادەکەنم تا خۆ ڕووت بکەمەوە و بچمە ژوورەوە و پەشتەماڵەکە هەڵگرم و بگەڕێمەوە سەربیرەکە و چەند سەتڵێک ئاو بە خۆما بکەم و لێی بخەوم . دەست بە موحەجەرە تەختەکەوە دەگرم و لە دوا پلیکانە سەردەکەوم . واقم وڕدەمێنێ ، لەجێی خۆم وشک دەبم . خورشید کولاە ، لە سووچی هەیوانەکە هەڵتروشکاوە . زمانم دەگیرێت .

- تۆ ... تۆ ! ...

هەڵدەستێت .

- وس !

- لە کەیەوە لێرەیت ؟

- دوو سەعاتێک دەبێ !

- بۆچی هاتووی ؟!

یەکسەر ، دەست لە گەردنم وەردێنێ و خۆی بە سینەی ڕووتمەوە دەچەسپێنێ و دەڵێت :- بیرم دەکردیت !

مەستی بەرم دەدات .

- بیرت دەکردم ... ئێ بەم درەنگە شەوە ؟!

لە سینگ و بەرۆکی خۆمی دوور دەخەمەوە . دەڵێت :- تازە هاتووم ..

تریفەی مانگ داویە لە ناو هەیوانەکە و تا ئاستانەی دەرگای ژوورەکە هاتووە .

دەرگای ژوورەکە دەکەمەوە . شخارتەکە لە دەستم وەردەگرێت و لە دووی فانۆسەکە دەگەڕێ . پێی دەڵێم کە لە ناو تاقەکەیە .

- لەوێیە ... ئەوەتا ! ...

چراکە پێدەکەم . کراسێکی ڤاڵی دەڵبی تۆخی لەبەر کردووە . سەرپۆشەکەی داوە بە دەوری ملیا و قژە ڕەشەکەی پەخشان بووە بە سەر لەچکە سپیەکەیدا و بووە بە نەخش . نازانم بۆ لێی دەپرسم .

- عەرەقیشت خواردووەتەوە ؟!

بێئەوەی دان بە قسەکانیا بنێت دەڵێت :- ها خواردوومە ... دوو پیاڵەم خواردەوە تا بێم بۆ ئێرە !

- ئەگەر نەتخواردباوە جورئەتت نەدەکرد بێی ... وانیە ؟

- نە ! ... بۆیە خواردمەوە تا جورئەت پەیدا بکەم و قسەت لە گەڵ بکەم .

پەشتەماڵەکە لە سنگەکە دەکەمەوە ودەڵێم :- پێشتریش خواردووتەوە ؟ .. عەرەق دەڵێم .. یانی ڕۆژانی دی !

دەڵێت :– ئا بەڵێ ... خواردوومەتەوە ... دە بیست جارێک خواردوومەتەوە . ئەو کاتانەی کە ژنی یارۆی دارۆغە بووم .

لە ژوورەکە وەدەردەکەوم .

– ئێستا دەگەڕێمەوە . دەمەوێ خۆم فێنک بکەمەوە .

– بێم یارمەتیت بدەم ... ئاو لە بیرەکە هەڵکێشم .

– نە ! ...

لە ژوورەوە دەمێنێتەوە . ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشم و بە خۆمیا دەکەم . فێنک دەبمەوە . بۆ ژوورەکە دەگەڕێمەوە . جێگاکەی لە ژێر باگیرەکەدا ڕاخستووە و لە سووچێکیا دانیشتووە . داوێنی هەڵکردووەو دەستی لە پاو پۆزی هاڵاندووە . پێی دەڵێم ناو ژوورەکە گەرمە . دەڵێت :– ئێستا ، هێواش هێواش فێنک دەبێتەوە . کە نیوە شەو تێبپەڕێ ، لە باگیرەکەوە بای فێنک دێتە ژوورەوە ...

تەمەشای باگیرەکە دەکەم . تریفەی مانگ ، دیواری ناوەوەی باگیرەکەی ڕووناک کردووەتەوە .

– بەڵام دەبینی کە هەواکە جووڵە ناکات !

– چاک دەبێت !

سوورە لە سەر ئەوەی کە لە ژوورەوە بخەوین . پانتۆڵەکەم لەپێ دەکەم و پەشتەماڵەکە دەدەم بە کەتیبەی پەنجەرەکەدا و لە جێی خۆم ڕادەوەستم و لەپەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە دەکەم . نازانم چی بکەم . ئەسڵەن بەخەویش ئەوەم بەبیرا نەدەهات کە شتی وا ڕوو بدات . چەند چێل و گایەک ، لە کۆڵان و ، لە سەر ئەرزەکە خەوتوون و کاوێژ دەکەن . پشیلەیەک لە دیوارەکەی بەرانبەرەوە خۆی هەڵدەداتە کۆڵانەکە و بە هەشتاو بەرەو سێبەری دیوارەکە دەڕوات . پشیلەکە دەڵێی شتێکی بەدەمەوە گرتووە . لە پەنجەرەکەوە سەردەکێشم تا تەمەشا بکەم .

– چیە ؟ ...

ئاوڕ دەدەمەوە ، ڕووناکی کزی فانۆسەکە ، چارەی خورشید کولاهی تاریک و ڕوون کردووە . لێوەکانی بە ئاستەم لێکدی ترازاون . پێستی تاریک دێتە بەرچاو . بەلەکە جوانەکانی کەوتوونەتە دەر . دڵنیام کە بە عەمراتی مەمکلغی نە بەستووە . ئەوپەڕی هەر بیست وپێنج شەش ساڵێک دەبێت .

– خورشید کولاە ، چەند ساڵان بووی کە شووت بەو دارۆغەیە کرد ؟

– ها ، بڵێم چی ؟! ... چوزانم چەند ساڵان بووم ... دوازدە سیازدە ساڵە ... چواردە ساڵان ... باش نایزانم ... نایەتەوە بیرم .

– باشە ، چۆن بەم تەمەنەوە شووت بەو داروغەیە کرد ؟

– چۆن ؟ ... بە تەسکەرەی خۆشکەکەم . خۆشکەکەم مردبوو و تەسکەرەکەیان بۆ من دانابوو ... چوار پێنج ساڵ و بگرە زیاتریش لە من گەورەتر بوو .

لێوەکانی خورشید کولاە ، لەبەر تاریک و ڕوونی چراکەدا ئەستوورترە . برۆکانی پانتر دێنە بەرچاو . دەسکاری برۆکانی ناکات .

– ها ؟! ... لە کۆڵان چی هەیە ؟!

– هیچ !

– ئەدی بۆ لەوێ وەستاوی ؟

تەمەشای دەکەم و هیچ ناڵێم .

– ئەگەر کارێکی خراپم کردووە ، با هەستم و بۆماڵ بڕۆمەوە !

نەحەزدەکەم وەمێنێ و نە دەتوانم دەری بلەم .

– ها ؟! ... بڕۆمەوە ؟!

– نە ... نە ، مەڕۆ !

– باشە ئەدی بۆ لەوێ وەستاویت ؟

لە سەر جێگاکە دادەنیشم و تەمەشای بەردەمی خۆم دەکەم .

- پەستی ؟!

- نە !

دەنگی هەناسەکانی دەژنەوم . دەستی بە ئارامی دێتەپێشێ و لە گەردنم دەئاڵێ . هیچ حاڵەتێکی تایبەتیم نییە . بە ئارامی ڕادەکشێم . لە پاڵمەوە ڕادەکشێت و وەکو پشیلەیەکی دەستەمۆ خۆی بەسینگ و بەرۆکمەوە دەچەسپێنێ ، هەست بەگەرمی لێوەکانی ، کە دەڵێی تای لێیە، لە سەر لێوەکانم دەکەم .

( ٦ )

گەردەلوول و با و باهۆزێکی سەیرە ، بایەکە گەردوتۆزی ئەرزەکە دەبات بە ئاسماندا و سەرانسەری لنگە تاریک دەکات . تەپ و تۆز لە درزی پەنجەرە و دەرگاوە وەژوور دەکەوێ . شەپۆلی دەریا ، وەکو وشتری مەست ، بەد کینە و کەف چڕێن ، بەرزدەبێتەوە و تەنوورە دەکێشێت و بەحەواوە لوول دەخوات و وەکو دارو پەردوو بە سەر دەریاکەدا دەڕوخێت .

بەلەمەکان ، لەبەستێن و کەناردا ، بە لەنگەری قورسەوە ، هەوڵدەدەن تا بەر ببن و بەرز ببنەوە لە سەر ترۆپکی شەپۆلەکان بنیشنەوە .

گەرد و غوبارێکی سوور ، هەتاوەکەی سوور هەڵگەڕاندووەو لە خوێن دەچێت . هاژەی با و هاواری دەریا تێکڵاوی یەک بوون . هەوا بە هەموو ئاشفتەگیەکیەوە بۆنی پاییزی لێدێت .

پاییزی لنگە ، وەرزی باهۆز و گەردەلوولی ترسناکە . وەرزی ڕێژنەی توونت و تیژتێپەڕە . وەرزی گەردەلوولی نەفەسگیرە . پاییزی لنگە درەنگ دەست پێدەکات .

لنگە ، وەرزێن خۆی هەیە . لنگە تەنیا دوو وەرزی هەیە . یەک وەرزی گەرم کە پاییزە و یەک وەرزی گەرمتر کە هاوینە . هاوینانی لنگە ، لە نیوەی مانگی ئەسفەندەوە دەست پێدەکات و پاییزی لنگە لە نیوەی مانگی ئابانەوە دەست پێدەکات.

لنگە ، وەرزێن خۆی هەیە . پاییزی لنگە ، هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ پاییزی دەشتە سەوزەکان و پاییزی بنار و داوێنێ زۆزاناندا نییە .

پاییزی قەدپاڵی بەفرگیری زۆزانان ، نەفەسی ساردی زستانەی لە گەڵدایە . هەوران ، پەڵەپەڵە ، بەری ئاسمان دەگرن . هەتاو ڕەنگ دەبوێرێ ، با سەر بە هەموو درزێکدا دەکات و ڕێگا بۆ خۆی دەکات و بەو کزەیەوە کە دەگەڵ

خۆیدا بەدیاری دەیهێنێ ، ئیسقان دەتەزێنێ . گەڵا پەنجەییەکانی درەختانی چناری قەدپاڵی کێوەکان ، لە وەرزی پاییزدا ، ڕەنگ دەگۆڕن . بە ڕەنگی سەوزی کاڵ ، زەردی زێڕین ، قاوەیی تۆخ ، و زەوی پڕ دەبێت لە گەڵای ڕەنگین .

پاییزی ئەمساڵ زۆر زوو دەستی پێکردووە . ئەو نەرمە بایەی کە هەڵدەکات ، چرەگەڵای درەختانی چناری بەرانبەر بینای یانە و پارکەکەی لە شکری دووی زرێ دادەتەکێنێ . گەڵاکان ، بە ئاسمانەوە بە دەم سەماوە ، هێدی هێدی دەکەونە سەر ئەرزەکە و بە گەڵ بایەکە دەکەون و سەر ئەو جۆگا ئاوە پڕە دەکەون کە بە بەر پەنجەرەی گرتووخانەکەدا تێدەپەڕێ .

هەتاو زەرد دەچێتەوە . تەنکە هەورێک بەری ئاسمانی گرتووەو هەتاوەکە ، کە جارجارێک لە ژێر هەورەکەوە دەخزێ ، دنیا ڕەنگی قورقوشم دەگرێت و لەم جەوە قورقوشمینەدا ، گەڵاێن سادەی نیلوفەرێکی خۆڕسک کە لە بەینی سەرچڵەکانی یەکێک لە دار چنارەکانی بەرانبەر یانەکە ، پەنجەی کردووەتەوە ، ڕەنگی ئاگر دەگرن .

ئەسغەر دەلاڵ ، ئەمڕۆ بەیانی ، کە لە خەو ڕابوو و تێشتی خوارد ، لە پڕ لەرزی لێهات .

ئەسغەر دەلاڵ ، پێدەچێ نەخۆش بێ . پەتۆکەی توند لە خۆی پێچاوەو هەڵتروشکاوە . سەرمای پاییزی ئەمساڵ زۆر زوو دەستی پێکردووە .

– چیتە مش (مەشهەدی : کەسێ کە زیارەتی مەشهەد بکات) ئەسغەر ؟

ددانەکانی یەک ناگرن ، لە سەریەک بەند نابن .

– نازانم جەنابی ئەندازیار . کە تێشتم خوارد ، لە پڕ لەرزم لێهات .

ئەندازیار سەیفە ، لە هەمووومان زیاتر سەر لەم مەسەلانە دەردەکات و ئەقڵی پێدا دەشکێ . سەیف تەمەنی سی و چوار، سی و پێنج ساڵێک دەبێ . لە ئەسغەر دەلاڵ دەپرسێت :– هیچ شوێنێکت دەیەشێت ؟

ئەسغەر دەلاڵ ، دەناڵێنێ .

– تەنیا زگم جەنابی ئەندازیار ... لە رووتان بە گوڵاو بێ پێچی پێدادێت .

دیارە ئینتەلای کردووە ، زیادەخۆری کردووە . دوێشەو ، شیوەکە ، شیوی پڵاو بەنیسک بوو . وشک و بێ ڕۆن . جگە لە بەشەکەی خۆی ، نیوەی بەشی یەک دوو برادەری دیکەشی بەنیمچە جوراوی قووت دا .

کازم لەو سەری ژوورەکە دەڵێت :- هیچی نییە بابە . تووشی بەد هەرسی بووە ، پڵاو بەنیسک خۆی لە خۆیدا قورسە !

یاقووب دەڵێت :- خۆ تۆش سێ چوار سەفەرتاسی پڕ پڕت هەڵلوشی !

هەتاو تازە هەڵاتووە . ئەسغەر دەلاڵ نانی بەیانی خواردووە . لەتێ نانی ماشینی بەیەک پەرداخ چای شیرینەوە خوارد و ئێستا لەرزی لێهاتووە .

ئەسغەر ، سەرینەکە ڕادەکێشێتە پێشەوە ، سێ چوار پەتۆ دەدات بە سەر یەکا و خۆی دەخزێنێتە ژێری و سەری دەباتە بن پەتۆکە .

ئەندازیار سەیف ، دوای تێشت (نانی بەیانی) کە چوو بۆ تەوالێت و گەڕایەوە ، گوتی کە نیوەشەو ، کۆلۆنێل موبەشیریان لە نەخۆشخانە هێناوەتەوە .

کاتێ کە لە گەڵ حەسەندا چووم بۆ ئاودەست ، سەیرم کرد کە دەرگای سالولی چوارەم داخراوە و وەکو هەمیشە سەربازێکی گرژ ومۆن و کەتە ، بێئەوەی جووڵە بکات ، لەبەر دەرگای سالولەکە وەستاوە . کە گەیینە سالولی حەوتەم ، بە بیانووی خوراندنی شلکەی ڕانمەوە خۆم ماتەڵ کرد و بۆ یەک سات توانیم ملازم یونسی لە پشت کونە چوارگۆشەکەی دەرگای سالولی حەوتەمەوە بدینم . لووتە درێژەکەی ملازم یونسی دیاربوو . هەنیەی تا سەرەتای قژی سەری دیاربوو ، چەپکێ لەقژە ڕەخشانەکەی کەوتبووە سەر هەنیەی . یەکێک لە لاقەکانی ملازم یونسی گوللەی بەرکەوتووەو لاقیان لە نیوەی ڕانیەوە بڕیوەتەوە . وابزانم لاقی چەپیەتی . ئەگەر ئەم چەلە بۆ تەوالێت چوو ، دەبێ لە کونی دەرگاکەوە باش تەمەشا بکەم . ئینفیرادییەکان لە پێش ئێمەدا بۆ تەوالێت دەبەن .

بیر لە قسەکانی سەیف دەکەمەوە کە گوتی دوێشەو لە نیوەشەوا کۆلۆنێل موبەشیرییان لەخەستەخانە هێنایەوە . بیر لەوە دەکەمەوە کە چ کەسێک ئەم هەواڵەی بە ئەندازیار سەیف گەیاندووە . گوایە سەربازێک کە جارجار هەواڵی دەرێ بۆ ئەندازیار سەیف دێنێت ، لەوەیە هەمان ئەو پاسەوانە بێ کە ئەمڕۆ لای بەیانی لە حەوشە چۆڵەکەدا بوو . ڕەفتاری لە هەموو پاسەوانەکان جیایە . هەمیشە ئارامە و هەمیشە بزەیەکی کاڵ بەسەر لێویەوەیە . هەبێ و نەبێ هەمان سەربازی دەستەباڵا کە ئەمڕۆ پۆستەکەی ( واجب ، نۆرە ئێشک ) لە ناو حەوشە چۆڵەکەدایە ، هەواڵەکان بۆ ئەندازیار سەیف دێنێ . کەمتر لە ناو ڕاڕەوەکەدا ئێشک دەگرێت . ئەسڵەن بیرم نایەت کە لە بەر سالولەکاندا ئێشکی گرتبێ . زیاتر لە حەوشە چۆڵەکەدایە یا لە مەیدانەکەی سەربازگەدایە .

ڕواڵەت و سەرو سیمای ، زۆر لە پاسەوانەکانی ناو ڕاڕەوەکە جیاوازە . پاسەوانانی ڕاڕەوەکە ، هەموویان دێهاتین . بە قسە کردنیاندا دیارە . بەدەستیاندا دیارە کە گەورە وقەڵەشاوە . بە ڕەنگ و ڕووی تاوە سووتیاندا دیارە لێ دەم و دوو و ڕەفتار و ڕەنگ و ڕووی پاسەوانەکەی ناو حەوشە چۆڵەکە هاوار دەکات کە خەڵکی یەکێک لە شارەکانی باکوورە .

حەسەن و عەتا سەرگەرمی یاری شەترەنجن . ئیسلام و نوشین ، ڕاوێچکە (پیاسە) دەکەن . ئیسلام ، دەستماڵێکی بە سەر وگوێلاکیەوە بەستووەو دەستەکانی لە سەر سینگی لێک ئاڵاندوون و لەبن لێوانەوە ورتەورت دەکات . ڕەحمەت لە سەر زگ ڕاکشاوە و چەناگەی لەنێو هەردوو لەپی ناوەو بەدانی سەری سمێڵی دەجووێ و تەمەشای یاری شەترەنجەکە دەکات .

نازانم بۆچی لە خۆوە چاوەڕوانی ئەوەم کە هەر ساتێک دەرگا بکرێتەوەو ( بیدار ) بێتە ژوورەوە . لەمبەر ولەو بەری دەرگا گەورەکەی سەربازگەکەدا ، دوو سەرباز ، وەکو دوو پایەی بەردین ڕاوەستاون . ڕەشاشە سووکەکانیان بە سەر زگیانەوەیە . دەستێکیان بە قۆناغەکەوەیە و دەستەکەی دیکەیان ، بە تەنیشت پەلەپیتکەکەوە لە سەر بە دەنی بریقەداری ڕەشاشەکە مت بووە .

کاسکێتە زەیتوونیەکانیان تا سەر برۆکانیان هێناوەتە خوارەوە . لاقیان بڵاوکردووەتەوە . بەلەک پێچی سەربازەکان سپی دەنوێنێ و خۆر کە لە لوولەی ڕەشاشەکان دەدات ، ڕەنگدانەوەیەکی تاریکی هەیە . هیچ هاتوچۆیەک لە مەیدانەکەدا نییە . ئەو پاسەوانانەی کە لە سەرانسەری مەیدانەکەدا بڵاوبوونەتەوە ، بەهێواشی پیاسە دەکەن . دەنگی پێیان نایەتە بیستن . دەڵێی بەسەر خەرمانی لۆکەدا ڕێدەکەن .

کەمال دێت ، لەلامەوە دادەنیشێت و دەڵێت :- دەڵێی لە ڕاوێچکە ( ڕامان ، بیرکردنەوە لە شتێک ) دایت !

لە پڕ دێت بە خەیاڵما کە مەسەلەکەی بیداری پێ بڵێم ، بەڵام زۆر زوو ژێوان دەبمەوە . ئەمە بۆ ئەمنیەتی بیدار باشترە . ئەگەر دووکەس بیناسن ، ئەگەری کەشف بوونی ، بەلای کەمەوە دەبێت بە دوو بەرابەر . ئەگەر هەر خۆم بزانم سەلامەتترە . پێموایە دەبێ بە ڕێکەوتە گیرابێ ، بۆیە ئاماژەی کرد کە خۆمی لێ نەبان بکەم . دیارە گومانیان لێکردووە و گرتوویانە تا بەڵکو بیناسن و بۆیان دەربکەوێ کە کێیە . ئەگەر واهی بێ ، باوەڕ ناکەم کە بێدار بەم ئاسانییە بکەوێتە تەڵەوە . هەڵبەتە حیکمەتێک لە ئارادایە کە ئاماژەی کرد بێدەنگ ببم . بیدار لە کارێن نهێنیدا شارەزا و کارامەیە .

- بیدار ، بۆچی دەبێ هەموو پێکەوە دەست پێبکەین ؟

سەفتە بڵاوکراوەکە دەخەمە ژێر کراسەکەمەوە . لەشم دەلەرزێ . ددانەکانم لە سەریەک بەند نابن .

– ئاخر ، ئەگەرتۆ زووتر دەست پێکرد ، لەوەیە پێ بزانن و برادەرانی دی ، کە دوای تۆ دەست پێدەکەن ، بگرن . بەڵام کاتێ هەمووان پێکەوە دەستیان پێکرد ، هەموو پێکەوە بڵاوکراوەکان دەخەنە ماڵەکانەوە و کارەکەتان پێکەوە تەواو دەبێت ، شتێکی ئەوتۆیان دەستگیر نابێت .

کەمال دووبارە دەڵێت :– ها ؟! ... بیر لەچی دەکەیەوە ؟!

– هیچ نییە . تەمەشای ئەو پاسەوانانە دەکەم کە دەڵێی لە قورقوشم داڕێژراون .

کەمال ، تەمەشای پاسەوانەکان دەکات . لە ناکاوا کامانکارێک کە چادرێکی مشەمای بەسەرەوەیە ، لەدەرگای سەربازگەکەوە دێتە ژوورەوەو لەبەر قەرەوڵخانەکەدا دەوەستێ . یەکێک لە کامانکارەکەوە دێتە دەرێ و دەچێتە ژوورەکەی نەقیب جانب کە بە تەنیشت قەرەوڵخانەکەوەیە .

دەنگی عەتا لەگوێمدا دەگیرسێتەوە :– فاتیحا !

ودەڵێت :– دوای دوو حەرەکەی دی کش ماتی !

ئاوڕ دەدەمەوە و سەیری تەختەی شەترەنجەکە دەکەم . عەتا هەمیشە لە گەمەی شەترەنجدا دەیکات بەقەرەباڵغی و بلۆف لێدەدا . تەنانەت کاتێ کە خەریکە دەدۆڕێت و کاتێ کە خەریکە دوا هەناسە دەدات ، هێشتاش هەر کۆڵنادات . هەندێجار کارەکانی ، ورە بەئینسان بەردەدات .

حەسەن ، بە نووکی قامک ، بە ئەسپایی هەنیەی دەخورێنێ و سەیری تەختەی شەترەنجەکە دەکات . وەزعی زۆریش خراپ نییە . گیری خواردووە . بەڵام ئەگەر فیلە سپییەکەی بدات ، لە گرفتەکە دەرباز دەبێت و هیچیش مەعلووم نییە کە گەمەکە بدۆڕێنێ . باش لە دیمەنەکە ورد دەبمەوە . قەڵاکەی عەتا تەواو بووە . وەزیرەکەی حەسەن ، ڕێگەی لە جووڵەی مەلیک بەستووە و هەردوو ئەسپەکەی تەواو ناوەندی یارییەکەیان گرتووە . حەسەن لە گەمەی شەترەنجدا زۆر پارێزدەکات . ئەوەندە بە دوو دڵی دەجووڵێ کە هەندێجار ئامادەیە گەمەکە بدۆڕێنێ ، بەڵام یەک پیادە فیداناکات . کازم لە یاری شەترەنجدا شتێکی دیکەیە . تووڕەیی هێرش دەکات و سڵ لە کوشتن و بە کوشتدان ناکاتەوە . دەڵێت :– با شانۆکە چۆڵ ببێت و پیاو ببینێ چ کارێک دەکات .

هەندێجار بە دوو سوارە و دوو سێ پیادەوە دەمێنێتەوە کە وەزعی بەرانبەرەکەشی لەم باشتر نییە و ئاخر و ئۆخری یاریەکە بەم دوو پیادەیەوە ، هەناسەی پیاو سواردەکات .

دەنگی ئیستۆپی ئوتومبیلێک ، نیگام لە سەر تەختەی شەترەنجەکە لادەبات . گۆنام دەنێم بە کەتیبەی پەنجەرەکەوە و تەمەشای دەور وبەری دەرگای گرتووخانەکە دەکەم . هەمان ئەو کامانکارەیە کە تۆزێ لەمەپێش لەبەر قەرەوڵخانەکەدا بوو . دەنگی کامانکارەکە بەرزدەبێتەوەو بە تووندی بەرەو دەرگای سەربازگەکە بۆی دەردەچێت .

عەتا دیسان دەیکات بە هەراو هەنگامە .

– ئاخر حەسەن گیان . ئەمە چ شەڕێکی نابەرابەرە کە تۆ خەریکی دەیکەی ... ! تەمەشای هێزەکانی من بکە ... دەیاڵڵا لاقی مەلێک ڕاکێشە و بیخە درەوەو ، کۆماری ڕابگەیەنە !

قسەکەی عەتا ، بێهودەیە . حەسەن ، فیلەکە دەدات و پێش قەڵاکەش دەکاتەوە . وەزعی باشە . عەتا لە خۆڕایی لاف وگەزاف لێدەدات و کەش وفش دەکات .

چاوم لە تەختەی شەترەنجەکەیە کە لە پڕ دەنگی دەرگای ژوورەکە دێت . بۆ ساتێک وا وێنادەکەم کە بیدارە . ڕادەپەڕم و لە جێی خۆم هەڵدەستم . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەو مێجەرێکی باڵابەرزی سپیکەلە دێتە ژوورەوە . بزە لە لێوانی مێجەر نیشتووە . چوارشانەیە . دەبێ وەرزشکاربێ . سمێڵە زەردەکەی هەموو لێوی سەرەوەی داپۆشیوە . قژی سەری کارەباییە . کڵاو و کەمەربەندی نییە . کە ڕووناکی لەچاوە شینە کاڵەکانی دەدات ، پیرۆزەیی دەنوێنێ . دەڵێی هەندێ ڕیشەی تاریک بە ناو شینایی چاویا کشاوە . برۆکانی هێندە پڕو پەیوەستن کە لە زەردیدا ، قاوەیی دەنوێنن . دەرگای ژوورەکە لە دوای مێجەرەوە دادەخرێت و لێوەکانی لە سەر یەک دەخزێن .

– سڵاو !

دەنگی ئەندازیار سەیف لە سووچی ژوورەکەوە بەرزدەبێتەوە .

– سڵاو !

برادەران ، دەست لە یاری شەترەنجەکە هەڵدەگرن . ئەسغەر دەلاڵ سووچی پەتۆکە لادەبات و بۆساتێک تەمەشای مێجەردەکات و دیسان سەری بەبن پەتۆکەدا دەکاتەوە . ئێستا ئیدی نالەرزێ .

هێشتا بزە بە لێوانی مێجەرەوەیە . دێتە ناوەندی ژوورەکە و دەوەستێ و بۆچەند ساتێک تەمەشای دەورو بەردەکات وپاشان دێتە قسە . دەنگی مێجەر نەوییە .

– وابزانم پێویستە خۆم بە دۆستانی تازە بناسێنم !

ئەسغەر دەلاڵ ، لەبن پەتۆکەوە دەبۆڵێنێ :- پەلەت چییە جەنابی سەرۆک ، وەخت زۆرە !

مێجەر دەڵێی تەریق دەبێتەوە . بزە بە سەر لێوانیەوە دەماسێ . ئەندازیار سەیف ، بۆ ئەوەی مێجەر لە غەریبی ڕەها بکات دەڵێ :- خێرهاتی جەنابی مێجەر ، هەرچەندە ئێرە شوێنی خێرهانین نییە !

ئەندازیار سەیف پەتۆکە لە سەر لاقەکانی لادەبات و هەڵدەستێت و بەرەو لای مێجەر دەڕوات و دەستی دەگوشێت . ئەندازیار سەیف دەگاتە ئاستی شانی مێجەر .

ئەسغەر دەلاڵ ، دیسان پەتۆیەکە لە سەر دەم و چاوی لا دەبات و ئاماژە بۆ نوشین دەکات و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- بەقودرەتی خوا ، ئێستا بوون بە دوودانە . لێم نەبێ بەهەڵە بەکەڵکی عەرەبانە دێن !

مێجەر ، لە گەڵ نوشیندا هاو بەژن و باڵایە . نووشین بە کەڵەموستی پێ ، دەژەنێ بە قەبرغەی ئەسغەر دەلاڵەوە . ئەسغەر ، بە کەلەشی زەلامیەوە ، ختووکەی دێ ، وەکو سپرینگ کۆدەبێتەوە و ڕادەپەڕێ و دەڵێت :

- ئاخر بێ ئەقڵ نازانی من نەخۆشم !

مێجەر لە ناوەندی ژوورەکە وەستاوەو گێژو وێژ بووە . ئێستا خەندە بە تەواوەتی لە لێوی بڕاوە . ئەسغەردەلاڵ ، دەپرتێنێ و دەچێتەپاڵ دیوارەکە و دیسان دەخەوێت .

مێجەر ئاوڕ دەداتەوە و دەڕوانێتە سەیف و دەڵێت :- من (ستایشم) ... مێجەر ستایش .

ئەندازیار سەیف دەپرسێت :- خەڵکی تارانی ؟

- نە ... خەڵکی ئەهوازم .

لەپڕ ، دڵم مەیلەوخۆش دەبێت . بۆنی ڕۆژانی شەرجی ( هەوای گەرمی زۆر شێدار ) کاروون کە پووم پڕدەکات و تامی سەوزەی تێکەڵ و پێکەڵی دورگەکانی ناوەندی کاروون هەست پێدەکەم . خۆ بە خۆ بەرەو پیری دەڕۆم و دەستی دەخەمە نێو هەردوو دەستم و خۆمی پێدەناسێنم . دیسان مێجەر بزەدەکات . بزەکەی شیرین و دڵگیرە . سیمای زۆر ئاشنایە . ساتی یەکەم کە هاتە ژوورەوە ، وانەبوو . بەڵام ئێستا دەڵێی ساڵانێکی زۆر پێکەوە ئاشنابووین و هەنووکە ، ڕوخساری ، سمێڵ و لووتی ، کەوتوونەتە ژێر غوباری بیرەوەرییانەوە . زەینم ، بێڵ تەپ دەکەم ، ژێروبانی دەکەم تا بەڵکو بیرم بکەوێتەوە لە کوێ تەعاروفم لەگەڵ مێجەردا کردووە . ئەهواز ، هەمووی بستێکە . یەک شەقامی ڕێک و پێکی هەیە کە جێی پیاسەی هەموو خەڵکی شارە . ئێواری ڕۆژانی پێنج شەممە ،

ئەگەر لەبەر سینەمای کاروونذا بوەستی ، هەموو خەڵکی شاردەبینی . ئێژی خەریکە هەندێ شتم وەیاد دێتەوە . دادەنیشم و بۆساتێک چاوانم دەنەمە سەریەک .

مێجەرێکی باڵابەرز ، دەگەڵ ژنەکەیدا کە بلوز و تەنوورەیەکی سپی لەبەرە لە دەرگای یانەی هێڵی ئاسنەوە وەدەردەکەوێ . ژنەکە گەنج و شەنگوڵ و خۆش ڕەفتارە . قژە بە ئەڵقە و پێچ پێچ و درێژەکەی بەرداوەتەوە و شەپۆل دەدات و لە ژێر گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگ و بە شەوقەکانی سەردەرگای یانەکەدا ، لە زێڕی سووتاو دەچێت . چاوانم دەکەمەوەو تەمەشای مێجەر دەکەم ... نە ! ... لە دەمم دەردەچێت .

- ماڵتان لە گەڕەکی ئەفسەران بوو ؟

پرسینی ناوێ . هەموو ئەفسەرانی سەربازگەی ئەهواز ، لە گەڕەکی ئەفسەران ئاکنجی بوون . تەواو شوڵم لێ هەڵکێشاوە بەڵام تەریقم ناکاتەوە . بەکاوە خۆ سەری دەلەقێنێ و دەپرسێت .

- تۆ ئەهوازیت ؟

- بە ئەسڵ ئەهوازیم .

دیسان دەپرسێت :- لێرە ، سەری زیندانی ناتاشن ؟

- هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە ، جاری واهەیە دەیتاشێن و جاری وا هەیە نا !

دێتە پێشەوە و لەلای شەترەنجەکەوە دادەنیشێت . ئێستا کازم وڕەحمەت خەریکە یاری دەکەن . ئیسلام لە ڕاوێچکە ماندوو بووە . دێت و لە ناو پەنجەرەکە دادەنیشێت .

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە وعەریف شەهری دێتەژوورەوە . باتۆمێکی کورتی (دارە قۆڵە) بە دەستەوەیە . گیرفانی پانتۆڵەکەی وەکو هەمیشە ئاوساوە . نیگای بە نیگای مەڕێک دەچێت کە تینووی سەربڕینیان کردبێ . چاوانی سوور هەڵگەڕاون و سپێنەکەی زیاتر دیارە . تەمەشای دەوراندەوری ژوورەکە دەکات و چاوی لە سەر ڕوخساری ستایش دەگیرسێتەوە . بۆ چەند ساتێک سەیری مێجەر دەکات . مشتیلەی دارە قوڵەکە لەچنگیا دەگوشێ . لێوە قەیتانیەکانی دەکەونە لەرزین . چەناگە پان و ڕەقەکەی دەجووڵێ و لە پڕ هاواردەکات .

- ئەم زەڕق و بەرقانە دابکەنە !

بە پەلە دێتەپێشێ و بە سەری باتۆمەکە دەکێشێت بەسەر شانی مێجەر ستایشدا و هاوار دەکات .

- له گەڵ تۆمە !

مێجەر کە ڕەنگی هەڵبزرکاوە ، بزەیەک دەکات و تەمەشام دەکات . دەنگی شەهری وەکو تۆپ دەتەقێتەوە .

- پێکەنینی ناوێ جە ... ن ... ابی مێجەر !

و (جەنابی مێجەرەکە) بە جۆرێ دەڵێت ، وەکو ئەوەی جنێو بدات . بەجۆرێ دان بە (جەناب)دا دەنێت و بە جۆرێ دەم ولچ ولێوی خوار وخێچ دەکات کە لە هەزار سخێف و جنێوان خراپترە .

ڕەنگی مێجەر دەبێت بە زەعفەرانی زەرد و لێوەکانی دەکەونە تەتەڵە . مێجەر ستایش تیاماوە کە چ بکات . شارەزای خولّق وخوی عەریف شەهری نییە و ڕەنگە هێشتا بەوە ڕانەهاتبێ کە عەریفێکی دەم پیس ، چاوی بنوقێنێ و هەرچیەکی بە دەمابێت ڕیزی بکات . مێجەر ، بەواقی وڕەوە ، تەمەشام دەکات . نە گوێزان هەیە و نە دەرزی . هەڵدەستم و بە سەر شانی مێجەردا دادەنەومەوە و بە سەری نینۆکان ، ورد ورد داوە دەزووەکان ڕادەکێشم و ئەستێرە هەشت پەڕە پەروانەییەکان لە سەر کەتافییەکانی ( سەرشان ) دەکەمەوە و دەیانخەمە دەستی مێجەرەوە .

شەهری بە دەوری ژوورەکەدا دەگەڕێ . بە دیار سەری ئەسغەر دەلاڵەوە دەوەستێ و دەڵێت : - ئەمە چ مەرگیەتی ؟!

ئەسغەر ، پەتۆکە لادەبات :- نەخۆشم سەرکار گیان ! ... نەخۆش !

شەهری بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕوات و وەدەردەکەوێ . مێجەر ، بۆساتێک دەڕوانێتە نەجمە هەشت پەڕەکان و پاشان لە دەستیا دەیانگوشێت و بزەیەکی خەمناک و تاڵ دەنیشێتە سەر لێوانی . مێجەر لەبن لێوانەوە دەڵێت :

- دوای عومرێک زەحمەت !

هەشت پەڕەکان دەنێتە گیرفانی چاکەتە عەسکەرییە چوار گیرفانیەکەی و دادەنەوێتەوە و خۆی بەسەر ئانیشکیدا دەدات و دەڕوانێتە تەختەی شەترەنجەکە .

عەتا ، لە کەنار یارییەکەدا ، بێدەنگ نییە .

- کازم گیان ، لنگی ئەو ئەسپە ڕاکێشە !

- بێدەنگ !

- تۆش بەشەڕێکی سەیری بابە ... دەڵێم لنگی ئەو ئەسپە ڕاکێشە و کش بکە !

کازم هەمدیس دەڵێت :- گوتم قسەمەکە !

- دەوەرە یارمەتی ئەمە بدە !

ئەسغەر دەلاڵ ، پەتۆیەکە لادەدات و دادەنیشێت .

- خەریکە پێچی پێدادێت !

ڕەنگی ئەسغەر دەلاڵ زەرد بووە . هەنیەی شەلاڵی ئارەقەیە . هەردوو دەستی دەنێتە سەر زگی و گوشاری دەدات . تاقەت ناگرێ ، هەڵدەستێ و دەکەوێتە ڕاوێچکە .

- نەخێر ... زۆر خراپ پێچی پێدادێت ، خەریکە ژێرو ژوور دەبێ ... هاکا تەقیم !

نوشین دەڵێت :- چیە زلە ؟ ... دیسان شۆخیت هەستاوە ؟!

دەنگی ئەسغەر دەلاڵ ، بەزەیی ئەنگێزە :- نە بەسەری تۆ نا ! ... خەریکە دەتەقم !

یەکسەر بەرەو دەرگای ژوورەکە دەچێت و لە دەرگا دەدات .

دەنگی پاسەوانەکە لە پشت دەرگاکەوە بەرزدەبێتەوە :- چیە ؟

دەنگی ئەسغەر دەلاڵ لە ئەوکیا گینگڵ دەدات :- سەرکار ... بیکەوە ! ...

دوو سەعات پتر بەسەر یەکەم نۆرە تەوالێتدا بوریوە . تا سەعات دووی پاش نیوەڕۆ ، کە دووەمین نۆرە دەست پێدەکات ، چوار سەعاتێکی ماوە .

ئەسغەر دەلاڵ ، دیسان لە دەرگا دەدات . ئەمجارەیان دەنگی پاسەوانەکە بەرزترە :- گوتم چ مەرگتە ؟

- سەرکار چوونە دەرەوە ... گوتم دەرەوە ...

پاسەوانەکە ، لە پشت دەرگاکە دوور دەکەوێتەوە . دەنگی پێی لە ڕاڕەوەکە دەنگدەداتەوە . ئەسغەر دەلاڵ بێتاقەتە ، پێچ دەخوات ، بەرزو نزم دەبێتەوە . هەڵدەتروشکێ و زگی دەگوشێت . هەڵدەستێت و بەدەستەکانی ، زگە زەلامەکەی دەگرێت وبەرزی دەکاتەوە . برادەران لە دەوری کۆدەبنەوە .

- کەمێک خۆت بگرە ... ئەم هەموو ئەتوارە مەنوێنە ! ...

- ئاخر چۆن خۆم بگرم ... تۆ نازانی چ عەزابێکە !

پاسەوانی پشت دەرگاکە ، لە گەڵ عەریف خەفەردا دەگەڕێتەوە . . ئەسغەر دەلاڵ بەردەوام لە دەرگا دەدات . دەنگی عەریف خەفەر بەرزدەبێتەوە :- چ مەرگتە ؟!

چیوای نەماوە کە ئەسغەر دەلاڵ بگری . لێوە ئەستوور و قڵیشاوەکانی دەگوشێت و پاشان ، زاری دەکاتەوە و لێوەکانی خواروخێچ دەکات و دەنگی ئەسغەر دەلاڵ ، خەفە و بێقەرارە .

- سەرکار ، تۆگیانی ئەو باوکتە دەرگا وەکە ! خەریکە دەتەقم !

عەریف خەفەر ، بە گرژی دەڵێت :- هاتنە دەرەوە ، چوار سەعاتی دیکەیە !

ئەسغەر ، بە ناولەپ بە دەرگاکەدا دەکێشێت .

- خێری مردووت سەرکار ! ... خەریکە دەتەقم سەرکار !

ئیسلام ، بازووی ئەسغەر دەلاڵ دەگرێت :- زۆر ناڕەحەتی ؟!

ئەسغەر دەلاڵ ، دەهری دەبێت :- هەر ناڕەحەت ؟! ... خەریکە دەمرم !

هەڵدەتروشکێ و هاواردەکات :- ئەو دەرگا خێو مردووە بکەنەوە !

یاقووب لە دەرگا دەدات . عەریف خەفەر ڕۆییوە . پاسەوانەکە دەڵێت :- مەگەر گیانتان دەخورێ ؟!

ئەندازیار سەف دەڵێت :- سەرکار نەخۆشە ! ... تێدەگەی چی دەڵێم ؟! ... نەخۆشە !

دەنگی پاسەوانەکە زبردەبێت :- نەخۆشە ، با نەخۆش بێ ! ... خوای دەکرد دەمرد !

ئەسغەر دەلاڵ لە ناکاوا ، وەکو سپرینگ بەرزدەبێتەوە . پەتۆکە دەدات بەسەر خۆیدا ، قابلەمەیەکی گەورە هەڵدەگرێ و لە ئەرزەکەی دادەنێ ، پانتۆڵەکەی دادەکێشێتە خوارەوەو لە سەر قابلەمەکە دادەنیشێت و یەکسەر بۆن و دەنگ پێکەوە ژوورەکە پڕدەکەن . نوشین لەپێکەنین دا دەتەقێ و قاقا بەرزەکەی ، پاسەوانەکە دێنێتە دەنگ .

- بێدەنگ بن .

مێجەر ، کەپووی دەگرێت و چارەی گرژ دەبێت . ئەسغەر دەلاڵ لە کاتێکا لە سەر قابلەمەکە دانیشتووە ، پشت بە دیوارەکەوە دەدات و هەناسە دەدات و بزەیەکی مردەڵە ، لێوە قڵیشاوەکانی لێکدی دەترازێنێ .

ئێستا ئەسغەر دەلاڵ تیاماوە کە چی بکات . دێتە قسە :- یارمەتیەکم بدەن کە دایپۆشم !

دەکەوێتە پاڕانەوە کە پەتۆکەی بە دەورا بگرین تا دەرپێکەی داکەنێت و بیدات بە سەر قابلەمەکەدا . نوشین هێشتا هەر پێدەکەنێ . دەستی بە دڵیەوە گرتووە و لە بەرانبەر ئەسغەر دەلاڵدا هەڵتروشکاوە و پێدەکەنێ . چاوانی تەژی ڕوندک بوون . ئەسغەر دەلاڵ خوای نامێنێ .

- قوزەڵقورت و دەردی گران ! ... لەجیاتی پێکەنین ، یارمەتیەکم بدە . چ قوڕێ بە سەر خۆما بکەم !

پەتۆیەکی بە دەورا دەگرین . قابلەمەکە لە ژێر دەرپێکەیدا دەگرێت و لە ناوەندی ژوورەکەدا دەوەستێ و دەڵێت :

- چی لێبکەم ؟!

نوشین هێشتا پێدەکەنێ . ئەسغەر دەلاڵ بەنوشین دا هەڵدەشاخێ .

- پێکەنینی ناوێ ... ! تۆش بوایەی هەر ئەو کارەت دەکرد !

***

نیوەڕۆ یەک پاروom خوارد و کشامەوە . هێندەم جگەرە کێشاوە ، دڵم هیچ نابات . دەمم تاڵ و وشکە . هێشتا بیری بێدار بەری نەداوم . هێشتا چاوەڕوانی ئەوم . سێبەری درەختەکان خەریکە درێژ دەبێت . بایەکی سارد گەڵا وشکەکانی سەر ئەرزەکە ڕادەماڵێ . مێجەر لەلای ئەندازیار سەیفەوە دانیشتووەو خەریکن دۆستانە پێکەوە قسەدەکەن . سیمای مێجەر لەلاوە ئاشناترە . دەبێ شتێکی زیاتر لەمە لە ئارادابێ کە بە ڕێکەوت لە جادەدا دیتبێتم . پاڵ دەدەمەوەو چاوەکانم دەنەمە سەر یەک . نە ! ... زەینم زۆر پەرێشانە . هیچم بیر ناکەوێتەوە . چاوانم دەکەمەوە . گڵۆپەکانی مەیدانەکە هەڵکراون . لە پڕ خوێن دەزێتە دەم و چاوم . دڵم بەجۆرێ لێدەدات کە چیوای نەماوە بتەقێ . بێدار ، لە گەڵ مێجەر زیبەندەدا ، لە یانەکەوە وەدەردەکەوێ . هەردووکیان پێدەکەنن و قسەدەکەن . گوێم لە دەنگیان نابێت . یانی شتی وادەبێت ؟! ... چاوانم هەڵدەگلۆفم . ناکا بەهەڵە چووبم . نە ! ... بە هیچ جۆرێ بەهەڵە نەچووم . خۆیەتی . بە هەمان بزەی مردەڵەوە کە دەڵێی بەخورتی لە لێوانی نیشتووە . بەهەمان باڵاتەنەی بەرز و لاقانی کورتەوە . تاقە فەرقێک کە کردوویەتی سمێڵی داناوە و سەریشیان تاشیوە . بیدار خۆیەتی . بێئەوەی کە بزانم چی دەکەم ، بەمست بە توێڵی خۆمدا دەکێشم . هەموو برادەران ئاوڕم لێدەدەنەوە . کەمال لەو سەری ژوورەکەوە ڕادەپەڕێ و بۆلام دێت و لە بەرانبەرمدا چنچک دەداتەوە .

- چی بووە ؟!

- هیچ .

- ئەدی دەگریت ؟

- نە !

ئاگام لێ نییە . بە ناولەپ چاوانم دەسڕم . چاوانم تەڕن . کەمال ، هەردوو شانم دەگرێت و ڕام دەتەکێنێ .

- ئاخر چی بووە ؟! ... بۆ قسەناکەیت ؟!

بیدار ، دەگەڵ مێجەر زیبەندەدا ، سەلانە سەلانە بەرەو فەرماندەیی سەربازگەکە دەڕوات . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . کەمال دەڵێت :- منت کوشت !

- هیچ نییە !

- تۆ ئەمڕۆ ، هەمووی لە خۆتا غەرق بووی !

هەناسەیەک هەڵدەکێشم و قسەکەم دەگۆڕم .

- ئەگەر تاقەتت هەیە وەرە با دەستێک شەترەنج بکەین .

- باشە .

کەمال ، تەختە شەترەنجەکە ڕادەکێشێتە پێشەوەو داشەکان ڕیز دەکات . دوای چەند حەرەکەتێک تاقەتم دەچێت . زەینم ئاڵۆزە . ئاخر چۆن دەبێ بیدار یەکسەر گۆڕابێ . ناتوانم پەیگیری جووڵەی داشەکان بکەم . دەستبەرداری گەمەکە دەبم و کەنار دەکەوم . کەمال تەمەشام دەکات :- ها ؟!

- دەمەوێ بخەوم . حاڵم باش نییە .

ڕادەکشێم و سەرم وەبن پەتۆکە دەدەم . حەزدەکەم بگریم . حەزدەکەم هاواربکەم و بەهەموو خەڵکی دنیا بڵێم کە بیدار چ ڕیسواییەکی گەورەی ئەنجامداوە . دەنگی کردنەوەی دەرگاکە دێت . ئەوجا دەنگی چواچەرخە (عەرەبانەی بچووکی دەستی ) کەیە کە دێتە ژوورەوە .

- شێو !

ئەگەر شەرمم لەبرادەران نەکردبا ، لە هۆژنی گریانم دەدا . نایب زابتە خانەنشینەکە ، شێوەکە دابەش دەکات و دەڕوات . لە ژێر پەتۆکەوە خەریکە گیانم دەردەچێت . ئاشوب کەوتووەتە گیانم و کلافەی کردووم . یانی ماقووڵە ، دەشێت پیاو بەو ڕادەیە بگۆڕێت ؟! ... قسەکانی (غەفار) م بیر دەکەوێتەوە کەچ گەنگەشە و مشت ومڕێکی بەرپا کردبوو . چ گەنگەشە و مشت ومڕێکی تووند لە (کۆمیتە) دا دەکرا کە ئاقیبەت غەفار تاقەتی چوو و چاوی نووقاند و هەر گوتی و گوتی تا دڵی خۆی خاڵی کرد . دەڵێی دوێنێیە . دەڵێی دەنگی غەفار لە گوێمدا دەزرنگێتەوە .

– ... ئەمانەی من دەیڵێم هەر هەمووی هۆ و بەڵگەیان هەیە . ئەمانە مەسەلەی من نین ، مەسەلەی تۆ نین . مەسەلەی مەسئولیەت و خەباتی خەڵکیە . مەسەلەی خەڵکانێکە کە بە باوەڕ و ئیمانەوە گیانی خۆیان لە ڕای وەدی هاتنی ئامانجەکانی حیزبدا بەخت دەکەن ... با یەکێک وەڵامی من بداتەوە کە بۆچی ، مەڵبەندی برادەرانی ڕێگەی ئاسن کەشف بوو و هەموویان گیران و حەپس کران ؟ ... جگە لە بیدار کێ دەیزانی کە ئەو مەڵبەندە کەی و لە کوێ دروست بووە ؟ و ئەمەش هیچ ! ... ئەدی ئەو میتینگە ئایدۆلۆجیەتان لەبیرە ؟ ئەو میتینگە ناوەختە دەڵێم کە لەواری خەباتدا جۆرە کارشکێنییەک بوو . هەمان ئەو میتینگەی کە بیدار بە تۆبزی بە سەر هاوڕێیانیدا سەپاند ، کە هەژدە زیندانی و بیست و دوو سێ سەر و دەست شکاوی لێکەوتەوە ! ... بیرتانە لێکۆڵینەوەی لە سەرکراو وەهەڵسەنگێنرا و ڕەخنەی لێکرا ، تەنانەت خودی بێداریش دانی بەوەدا نا کە هەڵە بووە ؟ ... کە نابەجێ و نا پێویست بووە ؟ ... چ لە ڕووی کات و شوێن و چ لە ڕووی هەل ومەرج و چ لە ڕووی تاکتیکەوە ؟! ... ئایا بە ڕاستی ئەمە هەڵەیەکی سادە بوو ؟! ... هەر یەکێک لە برادەران لە شەش مانگەوە تا سێ دانە ساڵ حوکم دران ! ... ئەمە یەک هەڵەی بچووک و ئاسایی بوو کە هیچ هەڵوێستێک وەرنەگیرا ؟ ... کە تەنانەت لە گوڵ کاڵتر بەبیدار نەگوترا ؟ ... لەمە گرینگتر و لەمە ڕوونتر ... ئەو جانتا زەردەبوو ، بیرتان دێت ؟ ... مەگەر من نەمگوتبوو کە ئەم جانتایە ، بەکۆمەڵێک کتێب و ڕۆژنامەوە بەدەست پۆلیس کەوتووە ؟ ... مەگەر بە هەمووتانم نەگوت ؟ ... ئاخر چۆن بوو کە ئەم جانتایە دووبارە لە ماڵی بیدار پەیدا بووەوە و فزە لە کەسەوە نەهات ؟ ... بۆچی هەمووتان چاوتان دەنوقێنن ؟ ... ئەمە چ چاوپۆشیەکی نابەجێیە کە دەیکەن ؟ ... چونکە قەناعەتتان وایە کە بیدار لە هەمووتان کۆنتر ؟ ... ئەمە ڕاست نییە ! ... لە بیدار دەترسن ؟ ... یەکێک وەڵامی من بداتەوە کە ...

کە گەنگەشە و موناقەشە و مشت و مڕەکە درێژەی کێشا بوو و کارەکە گەیی بووە سەرەوە و لەوێندەر گەیی بووە سەروتر و کە پاشان نەمزانی گەیی بەچی ، پەیوەندی دەگەڵ غەفاردا پچڕا .

سەرم خەریکە دەزریکێنێ . ناتوانم بخەوم . ئەسڵەن ئوقرەم نییە . ئێستا هەر وشەیەکی غەفار ، لەلام مانایەکی پەیدا کردووە . حەزدەکەم یەک بە خۆم هاواربکەم . حەزدەکەم لە گەڵ کەسێکدا قسەبکەم تا خۆم خاڵی بکەمەوە . بەمن بێ هەستم و سەر بەدیوارەکەدا بکێشم .

بزەکەی بیدار وەکو هەمیشە مردەڵەبوو . دەتگوت یەکێک دەیکێشا بە پشت ملیدا و بە خورتی واداری دەکرد پێ بکەنێ . خەوتن چارەم ناکات . پەتۆیەکە لادەدەم و دادەنیشم . لە برسێتیدا دڵم زەحف دەکات . دڵم لە جگەرە کێشان تێکهەڵدێت . دەبێ بە شێوەیەک خۆم هێور بکەمەوە . هەمووان وەک بیدار نین . کۆلۆنێل مەبەشیریش هەیە کە مەردانە لە ژێر ئەشکەنجەدا بەرگری دەکات و دەمارەکانی دەستی دەبڕێ تا دوژمن ناکام بکات . ئیحسانیش کە وەکو کێوی خارا ( گرانیت ) ، هەموو هەوڵ و تەقالایەکی مێجەر زیبەندە بەفشە وەردەگرێت . بیدار و شەفەقیش هەن . ئەمانە کە ئێستا لە ڕاڕەوەکەدا ، لە نێو سالولە ئینفرادییەکاندا پایەدار و سەرفراز ، خۆڕاگر وەستاون . خۆ هەموو کەس بیدار نییە . بیدار دەبێ بمرێت ، هەرچەندە ئێستاش بە مردوو حیسابە ، لەجێی مردووە . بەو خەندە بێ تامەیەوە کە پیاو قێزی لێدەکاتەوە ، بەو قەدوقامەتە خواروخێچەیەوە کە بۆ داهۆڵی ناو باخ باشە ، بەو چڕو چارەیەوە کە دەڵێی لە گۆڕ هەڵاتووە ، لە نرخی مردوودایە !

دەنگ ، لە ڕاڕەوەکەدا دەپەنگێتەوە . دەنگی ڤەبوونی قفڵی دەرگای ئاسنینی سالولە . بایەکی سارد لە پەنجەرەکەوە هەڵدەکاتە ژوورەوە . یەکێک لە تاکەکانی پەنجەرەکە دادەخەم . گڵۆپەکانی مەیدانەکەیان هەڵکردووە . ئامر حەرەس (پاس بەخش) خەریکە پاسەوانەکان دەگۆڕێت . لە دەرگای سەربازگەکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بیناکانی پشت گرتووخانەکە و پاشان ، دەڕوات تا بینای فەرماندەیی کە لە پشت مەیدانی تیرەندازیەوەیە .

کۆلۆنێل سیامەک ، لەگەڵ دوو پاسەوانی چەکداردا ، لە دەرگای گرتووخانەکەوە وەدەردەکەوێ . هەر شەست ساڵ دەبێت . قژی سەری کە تازە درێژ بووە ، پاک سپی بووە . دەستەکانی لەپشت سەریەوە گرتووە و لە نێوان دوو پاسەواندا ، بەهەنگاوی ورد و خێرا ، بەرەو حەمامەکە دەڕوات . کە دەگاتە بەرپەنجەرەکە تەمەشا دەکات و بزەدەکات . چاوە درشتەکانی بەقووڵا چوون . نێوچاوانی زەقە . پێشی سەری ڕووتاوەتەوە . کۆلۆنێل سیامەک وردیلە و چاپووک و زیتەڵ وچالاکە و سەر ڕێژە لە ژیان . لە هەتەری چاوم ئاوادەبێت . تا حەمامەکە ڕێگەیەکی ئەوتۆ نییە . خوا دەزانێ کەی لە حەمامەکە دەگەڕێتەوە . لەوەشە بە مردوویی لە حەمامەکەی بێننەدەرەوە . پێکەنینم بە بێدار دێت . دەڵێی هەموو مەیدانی سەربازگەکە پڕدەبێت لە نیگاری کۆلۆنێل سیامەک . دەڵێی چەناگە چکۆلەکەی بووە بە تاوێرێکی گەورە و ، خۆڕاگری و پایەداری لە هەموو شوێنێ ڕیشاژۆ دەکات . بیدار ، دەبێ چەند بچووک و سووک و چروک بێ ؟! ... خەریکە ئاسوودە دەبم . دیسان چاوم بە لاڕووی مێجەر ستایش دەکەوێ . یەکسەر زەینم چەخماخە دەدا . گومانم نییە خۆیەتی . خودی خۆیەتی !

هەموو شتێکم لا زیندوو دەبیتەوە . ئێوارە بوو . کارەبا بڕا بوو . پانکەکە کوژابووەوە . شەلاڵی ئارەقە بووم . دەست و پلم نەوتاوی بوو . خەریک بوو لامپاکەم تەرتیب دەکرد . لە دەرگایان دا . جەمیلە ، خۆشکە چکۆلەکەم ، دەرگای کردەوە .

- کێ بوو جەمیلە ؟

دوو سەرباز و عەریفێک ڕژانە ژوورەوەو تا ویستم بە خۆبکەوم . باوەشیان پێداکردم و تووڕیان دامە ناو جێبەکەوە و تا دایکم هات لە ژوورەکە بێتەدەرێ و تابابم هات بەپەلەپەل نوێژەکەی ئێوارەی تەواو بکات ، جێبەکە بۆی دەرچوو بوو .

- بۆچی وادەکەن ؟!

- بێدەنگ !

حکومەت ، حکومەتی عورفی (عەسکەری) بوو . جێبەکە ، لە پردی سپی بووری . فەرماندەیی سوپایی لە یەکێک لە بیناکانی تەنیشت عەمارەکانی ڕێگای ئاسن بوو . زندانی فەرماندەیی سوپایی ، لە سەربازگەکەدا بوو .

- من هیچ کارێکم نەکردووە !

کەس وەڵامی نەدامەوە .

- دەستووری نووسراوتان هەیە ؟

- بێدەنگ !

هەوا خەفە بوو . شەوێکی گەرم بوو . شەقامەکان چۆڵ و تاریک بوون . جێبەکە ، توووند دایژۆ . بە بەر کۆشکی پارێزگادا تێپەڕی . پانی هێڵی ئاسنی بڕی ، بەرەو سەربازگە ڕۆیی و چەند شەقامێکی کورت و پڕ دارو درەختی ، کە لە نێوان خەوگا و بیناکاندا ، پێچیان دەکردەوە بڕی و لە بەر گرتووخانەکەدا برێکی کرد .

- وەرە خوارەوە !

و بێئەوەی کەسێک گوێ بەقسەم بدات ، هەڵیاندامە ژوورێکی ئینفرادیەوە و دەرگاکەیان داخست و ڕۆیشتن . خەریک بوو لە گەرما دەخنکام . بە درێژایی شەو ، چ کەسێک بەهانامەوە نەهات . بە درێژایی ڕۆژی دواییش ، چ کەسێک بە فریامەوە نەهات .

- سەرکار !

پاسەوانەکەی پۆستەی یەکەم کە لە ڕاڕەوەکەدا بوو ،گوێی گران بوو !

- سەرکار !

پاسەوانی پۆستەی دووەم ، گوێی کەڕ بوو ! کەس لە سالولەکانی دیدا نەبوو . دەنگی هیچ بەنی بەشەرێک نەدەهات .

کە بوو بە نیوەڕۆ و پۆستەی دووەم گۆڕا ، دیسان هاتمەدەنگ :- سەرکار !

ڕەحمەت لە بابی ، هاتە پێشەوە :- چیە ؟

- لە دێشەوەوە ، تینوو و برسی ، تووڕیان داومەتە ئەم ژوورەوە .

سەفەرتاسێکی پڕکرد لە ئاو و دایە دەستم :- ببورە ! ... خواردنم لا نییە .

ئاوەکە گەرم بوو . ئاوی بەلۆعە بوو . ئەگەر چای وشکم بکردایەتە سەفەر تاسەکەوە ، دەکولا . بە قومە قومە ، هەموو ئاوەکەم خواردەوە . خەریک بوو لە تینواندا کوێرایم دادەهات .

- ڕەحمەت لە بابت سەرکار ! زۆرت لێ مەمنوونم !

- شایەنی نییە ، بەڵام بەکەس نەڵێی !

- نەڵێم ؟!

- ئەمرە کە کەس قسەت دەگەڵدا نەکات !

لە ناو سالولەکەدا گرمۆڵە بوو بووم . لە گەرما ، ئازای ئەندامم بە ئارەقە سووتا بووەوە . هەوا خەفەبوو . ئێوارەی دووەم بوو لە پڕ گوێم لە دەنگی پێ بوو . تا وەخۆ کەوتم کە هەستم و تەمەشا بکەم ، بەستەیەکی بچووک لە درزی دەرگای سالولەکەوە فڕێدرایە ژوورەوە ، بەپەلە خۆم گەیاندە دەرگاکە و تەمەشای دەرەوەم کرد . هەمان مێجەربوو . مێجەر ستایش کە هات تێپەڕی لاڕوویم بینی . قەد و قەڵافەت و لاڕووی و سمێڵی و درێژی لووتی ، هەمان بوو کە ئێستا لە بەرچاوانم دانیشتووە . بەستەکەی لە کۆنەکەوە تووڕداو بە هەشتاو لە ڕاڕەوەکە وەدەرکەوت . بەستەکەم هەڵگرت . دوو فەلافل بوو لە توێی کولێرەیەکدا کە لە پارچە ڕۆژنامەیەکەوە ، پێچرابوو کە دوای یەک شەو و ڕۆژ لە برسیەتی چ تام و لەزەتێکی هەبوو ! دیسان سەیری لاڕووی دەکەم . لەوەیە حەزنەکات کە کەس هیچی لە بارەوە بزانێت . ئاوڕ دەداتەوە ، چاوی بە چاوم دەکەوێت و بزە دەکات . منیش بەڕوویا دەگرژێمەوە . دڵنیام نازانێت کە من هەمان ئەو کەسەم کە نانی داومەتێ .

- چۆنی هاوشاری ؟!

- باشم .

دەپرسێت :- دەڵێی حاڵت باش نییە ؟!

- با ! ... باشم !

- دەی سا وەرە با دەسێک شەترەنج بکەین !

- بابیکەین !

ئەسغەر دەلاڵ خەریکی شەترەنجەکەیە . تازە فێری جووڵاندنی داشەکان بووە . حاڵی لە نیوەڕۆ زۆر باشترە .

- بە یارمەتیت !

و تەختە شەترەنجەکە لە بەر دەست ئەسغەر دەلاڵ ڕادەکێشم . دەنگی بەرز دەبێتەوە .

- بابە وازبێنە بزانم ! .... وەزیر چۆن دەتوانێ بە هەموو لایەکدا بڕوات !

داشەکان بە ناولەپ کۆدەکەمەوە و پێی دەڵێم :- باشە دوایی !

لەگەڵ مێجەردا دەکەومە شەترەنج بازی .

... شام ( شێو ، خواردنی ئێوارە ) پڵاو بەقیمەیە . یەک سەعاتە لە گەڵ مێجەردا لە ململانێدام . بە نیوەچڵی واز لە یارییەکە دێنین و شام دەخۆین . سارد بووەتەوە . پڵاو بە قیمە ، لە هەموو ئەو خواردنانە باشترە کە بە تۆپزی دەرخواردمانی دەدەن . بەدەم نان خواردنەوە تەمەشای یەکدی دەکەین و بۆ یەک دەگرژینەوە .

ڕواڵەتی هەموو برادەران هاوار دەکات کە هەوڵدەدەن تا (قابلەمەکە) لە بیرخۆیان بەرنەوە . نوشین سوور بووەتەوە . خەریکە لە پێکەنیندا دەتەقێ ، بەڵام لێوەکانی توونـد ناونەتە سەر یەکدی . لە ئان و ساتدایە کە بتەقێتەوە و لە حیلک و هۆڕی پێکەنین بدات . یاقووب تاقەتی دەچێت . دێتەقسە .

- ئەم قسانەی ناوێ ... با نانەکەمان بخۆین ! .... هەموومان دەزانین کە بیر لەچی دەکەینەوە !

مێجەر ، بەدەم بزە پێکەنینەوە ، دەبۆڵێنێ :- دێڵن پارووییەک ژەهرەمار بکەین ؟! ... نیوەڕۆ نەمانتوانی هیچ بخۆین !

نوشین ، لەپڕ دەتەقێتەوە و بەپێکەنینەوە دەڵێت :- بیلێین باشترە ، لە زەینمان دەردەچێت !

ودەکێشێت بە ناوشانی یاقووب دا :-بلێ گیانە ... بلێ !

و ڕوو دەکاتە ئەسغەر دەلاڵ .

- ئەدی چۆنە خۆی بیلێ ... هەرچییەک بێ ئەزموونی هەیە ... باشتر دەتوانێ بیگێڕێتەوە !

مێجەر ، پاشەکشە دەکات :- ئاخ لە دەست ئێوە !

سەف دەڵێت :- بابە وازبێنن ئیدی !

ئەسغەر دەلاڵ ، مراکەکەی لێوانلێو دەکات و بەمێجەر دەڵێت :

- وەرە بخۆ بابەگیان ! ... بخۆ جەنابی ڕەیس ... ! مجیزی ئینسانی دەبێ ساف بێ ! ... حەیف نییە پڵاو بە قیمە بەم بەلەزەتییە ؟!

مێجەر لەبن لێوانەوە دەڵێت :- تێر بووم !

لە سەر ئەژنۆ بەرەو تەختەی شەترەنجەکە دەکشێت .

خەریک بوو سفرەکەمان کۆدەکردەوە کە کۆلۆنێل سیامەک لە حەمامەکەوە گەڕایەوە . سەربازەکان ژێر باڵیان گرتووە . بەزەحمەت ڕێدەکات . سەری بە سەر سینگ و بەرۆکییەوە ، شۆڕ بووەتەوە . کە دەگاتە ئاستی پەنجەرەکە ، هەلۆێستەیەکی کورت دەکات و چەناگەی لە سەر سینگی بەرزدەکاتەوەو سەری هەڵدەبڕێت و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت . وەکو ئەوەیە کە بەم ڕەفتارەی دەڵێت (نە !) و نازانم بۆچی ئەو نووسراوەم بیردەکەوێتەوە کە لە هەموو شوێنێ ، بە نینۆک لە سەر دیوارەکە هەڵکۆڵراوە : (بێدەنگی ،بەرخۆدان ، نکۆڵی !)

کۆلۆنێل ، بە بەر پەنجەرەکەدا ڕەتدەبێ . کەمەری ، لەژێر شانەکانیەوە تا سمت و کەفەلی ، لەخوێنایە . کراسەکەی ، لێرەو لەوێ دڕاوە . خوێنەکە ، لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکانی مەیدانەکەدا ، وەکو عەقیق دەدرەوشێ . کۆلۆنێل سیامەک ، بە دژواری لاق هەڵدێنێ . لاقی کە دادێتەوە ، هێندە بە ئەسپایی دەکەوێتە سەر زەوی کە ئێژی بە سەر شووشەدا دەڕوات .

کۆلۆنێل ، لە هەتەری چاوم ئاودیو دەبێت . دیسان ، بیدار ، پەیدا دەبێتەوە . جگەرەیەکی بەلێوەوەیە و وەکو بێکاران ، زنجیرێکی باریک بە دەوری قامکیا با دەدات و لە قەراخ بیناکەی یانەکەوە ، بەخشەخش بەرەو دەرگای سەربازگەکە دەڕوات .

***

بە دەنگی کرانەوەی دەرگای ژوورەکە ، لە خەو ڕادەپەڕم . لەشم دەلەرزێ . سەرم دەڵێی سڕبووە . شەوان خراپ دەخەوم . تەنانەت دەنگی با ،کەجارجارێ هەڵدەکا ، لە خەو بیدارم دەکاتەوە .

عەریف شەهری ل ەئاستانەی دەرگای ژوورەکەدا وەستاوە . چاوانم هەڵدەگلۆفم و تەمەشای سەعاتەکە دەکەم . زۆر لە سەعات سێی دوای نیوەشەو لای نەداوە . هەموو برادەران ، بەدەنگی دەرگاکە بێدار بوونەتەوەو دانیشتوون . عەریف شەهری یەکڕاست بەرەولای نوشین دێت .

– هەستە بزانم !

نوشین کە هێشتا گێژی خەوە ، بە دەم باوێشک دانەوە سەراپای شەهری دەداتە بەرنیگا .

– لە گەڵ تۆمە ، گوتم هەستە !

گیرفانی پانتۆڵەکەی ئاوساوەو بلوزی زستانەی پۆشیوە . دادەنەوێتەوەو پشتەملی نوشین دەگرێت و تەکانی دەدا

– ماتەڵ مەبە !

نوشین ، بە نەبەدڵی هەڵدەستێ . هەموومان سەیری یەکدی دەکەین . باڵابەرزەکەی نوشین ، لە ناو بیجامە ڕەشەکەیدا بەرزتر دەنوێنێ . قژە لوولەکەی بەسەر یەکا ڕژاوە و برۆ چڕ وپەیوەستەکانی چوون بەیەکا .

شەهری لە شانی نوشین داتە .

– ڕێکە !

هەموو ، لە سەر جێگاکان وشک بووین و جووڵە ناکەین . دەڵێی کەسمان جورئەتی قسەکردنمان نییە . دنیا ساردە . پەتۆی تەنکی عەسکەری بەشمان ناکات . پەتۆکان دەدەین بە شانماندا و تەمەشای شەهری و نوشین دەکەین .

– بجمێ !

- بۆکوێ ؟!

برۆ باریکەکانی شەهری بەرزدەبنەوە :- پرس وجۆ !

نوشین ، بێئەوەی بجمێ تەمەشای شەهری دەکات . نیگای شەهری شەقڵێکی کەم هۆشی یا حەواس پەرتی پێوە دیارە . دەڵێی سپیەتی چاوانی زیاترە . شەهری بازووی نوشین دەگرێت .

- بجوڵێ !

نوشین دەکەوێتەڕێ . لێوەکانی هەڵقورتاون . ڕەنگی کەمێک بزرکاوە . پرس و جۆ ، هەمیشە دوای نیوە شەوانە . نوشین لە دەرگای ژوورەکە وەدەردەکەوێت .

کە دەرگاکە دادەخرێت ، هەناسەکان کە دەڵێی لە ئەوکماندا گیراوە ، لەپڕ وپێکەوە ، بەردەبن . کەسمان ، تاقە قسەیەکمان پێ نییە کە بیکەین . هەموو دەزانین چی ڕوویداوە . ئاوڕ دەدەمەوەو لە درزی پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرەوە . ناو مەیدان وحەسارەکە ڕووناکە . کەسی تیانییە . پاسەوانەکان ، لێرەو لەوێ ، تفەنگ بەشان ، دەستیان لە گیرفانیان ناوە . بای ساردی پاییزی هێدی هێدی یاری بە سەری چڵ و پۆکان دەکات . بێدەنگی و خۆ کووڕکردنەوەی پاسەوانێک کە لە بەرانبەر بینای یانەکە وەستاوە ، مەیدانەکەی ساردتر کردووە . نوشین دەردەکەوێ . دەستی لەسەر سینگی تێک ئاڵاندووەو سۆلەکانی بە سەر پێوە کردووەو بە سەر ئەرزەکەدا بەخشەخش بەرەو حەمامەکە دەڕوات . شەهری بە دوایەوەیە و دوو سەربازی چەکدار ، لەم لاو ئەولای نوشینەوە ، وەکو سەربازانی قورمیشی ڕێدەکەن .

دەنگی خەواڵو ، گڕ و ئارامی ئەندازیار سەیف لە گوێمدا دەزرینگێتەوە .

دەڵێی دەنگی سەیف دەنگی ویژدانی هەمووانە و بەرجەستە دەبێت و لە هاماجی ژوورە دەرگا داخراوەکەدا دەنگ دەداتەوەو هەمووان دەلەرزێنێ .

- لەوە خرابتر نییە کە پیاو بزانێ چ ڕوو دەدات و هیچ کارێکی لە دەست نەیەت !

مێجەر ستایش ، سەری لێشێواوە . تەمەشای ئەندازیار سەیف دەکات . چاوە شێنەکانی لێڵن . شینێکی تۆخ دەنوێنن . دەنگی نەوییە ، بەڵام خۆش و بەئاهەنگە .

- مەگەر چ شتێک لە ئارادایە ؟!

مێجەر ستایشیان ، لە لە شکری شەشی خوزستانەوە ، بەدەست بەستراوی لە ئوتومبیلێکی قەپاتدا ، یەکسەری گواستووەتەوە بۆ فەرماندەیی سوپا و دوای چەند پرسیارێکی سادە ، لە فەرماندەیی سوپاوە هێنراوە بۆ گرتووخانەی لەشکری دووی زرێ . دیسان دەپرسێت :- ها ؟! ... چ شتێک لە ئارادایە ؟! مەسەلە چیە ؟

سەیف دەڵێت :- بەخۆت دیتت . نوشین چوو بۆ پرس وجۆ !

مێجەر ، بەپەنجە ، قژە ئاڵۆزکاوەکەی ساف دەکات و دەپرسێت :- زۆرچاکە ، پرس وجۆ ! چ قەیدیە !

سەیف بە کاوەخۆ دەڵێت :- ئاخر هیچ دیار نییە ، بە ساغ وسەلامەتی بگەڕێتەوە !

حەسەن دەڵێت :- و ... ئەسڵەن مەعلووم نییە هەر بشگەڕێتەوە !

یەکسەر چارەی مێجەر ستایش سپی دەبێت . پشت بە دیوارەکەوە دەدات و پەتۆکە تا ژێر چەناگەی دێنێ .

- کەواتە پرس وجۆ دەکاتە ... !

مێجەر قسەکانی تەواو ناکات و چاوانی دەنوقێنێ .

هێشتا لە نێوان خەو و بێداریدایین و لە بیری نوشین داین کە دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و پیاوێکی دەستەباڵا و ناقساڵ توورِ دەدرێتە ناو ژوورەکە و دەرگاکە دادەخرێتەوە . کابرای تازە ، وەکو چۆلەکەی ڕەڤۆک (ڕەوەک ، قوشقی، سڵ ) ، بۆ چەند ساتێک لە ناوەندی ژوورەکەدا ، بە دەوری خۆیدا باڵەفرِە دەکات و پاشان لە سێسووچی ژوورەکە چنچک دەداتەوەو کزکۆڵە دەکات و دەست بە لەرزین دەکات . جل وبەرگی کابرای دەستەباڵا ، شینێکی تۆخی خورییە . بلوزەکەی عەینی بلوزی پاسەوانان ، چوار گیرفانییە و تاسەرەوە دوگمە دەدەرێ .

دیسان ، هەموو برادەران لە ناو جێگاکانیان دادەنیشن . مێجەر ستایش بێتاقەت بووە . دەڵێی بێخەوی عەزابی دەدات . لە شوێنی خۆی گینگڵ دەدات .

کابرای تازە هاتگ کەچەڵە . لێرەو لەوێ چەند داوە موویەکی درێژ لە دەوری سەری ڕواوە کە ئێستا پەرێشان و تێکڕژاوە . ڕدێنی کە چەند ڕۆژێکە نەتاشراوە ڕەش دەچێتەوە .

کابرای تازە ، بە دەم لەرزینەوەو لەبن لێوانەوە قسان دەکات :- دەمکوژن ! منداڵەکانم هەتیو دەکەن !

دەنگی گریاناوییە .

- منی بەد بەخت ، منی بێنەوا ، بابایەکم باخەوان و تەواو !

گۆناکانی ڕەق و زەقن ، برۆ پڕەکانی پەیوەستن .

– دەزانم کە دەمکوژن ! ژنەکەم بێوەژن دەکەوێ ! ... ئاخر منی بێسیوات (نەخوێدەوار) لە کوێ بزانم کە لە ژێر زەویدا چ باسە ... !

بەدەم لەرزینەوە قسە دەکات . گریان ئەوکی گرتووەو ڕێگە لە قسەکردنی دەگرێت .

– من کە بابایەکم باخەوان ... من کابرایەکم بێسیوات ... کەسیش گوێ لە قسەم ناگرێت ... ئاخر من چۆن بزانم کە لەژێر زەمیندا چاپخانەیەک هەیە ! ... خۆ دەستی خۆم بە بۆنەوە نەکردووە !

یەکسەر ئیحسانم بیر دەکەوێتەوە . دیارە بەرگەی ئەشکەنجەی نەگرتووە .

– دەمکوژن ! ... منداڵەکانم هەتیو دەبن !

ڕەفتاری کابرای تازە ، گریانەکەی ، کوڕوزانەوەکەی ، قسە پچڕپچڕەکانی ، نیگەرانمان دەکات . ئۆقرەی لەبەر براوە . لە پەستا و بێ پسانەوە قسە دەکات و قسەکانی هەمووی دووبارەیە .

دەنگی ئەسغەردەلاڵ بەرزدەبێتەوە :– وەستا باخەوان خێری ئەو باوکەت ، بێڵە بخەوین !

کابرای تازە هاتگ قسەی خۆی دەکات :– دەمکوژن ! لە سێدارەم دەدەن ! .. ئاخر من سیواتم نیە !.. من کە!.

دەنگی ئەندازیار سەیف لە سووچی ژوورەکەوە بەرزدەبێتەوە .

– پیاو بۆچی بەمجۆرە نەترەت بەرداوە ؟! ... مەگەر چیت کردووە کە بەمجۆرە تۆقیوی ؟

دەنگی کابرای تازە هاتگ ، لە ئەوکیا تل دەخوات و دێتە دەرێ . عەینی دەنگی قوڵپەقوڵپی ئاوێک کە لە زارکی تەنگی گەرووی وشترێک بێتە دەرێ .

– چیم کردووە ؟! ... چیمەنانم بڕیوە . گوڵکاریم کردووە ، گوڵم ڕواندوون . درەختانم پەرچ کردووە . ئوتومبیلی ئاغام شۆردووە . بنیادەم کە دەستی خۆی بەبۆنەوە نەکردووە !

سەیف دەڵێت :– دەی باشە ، لەچی دەترسیت ، وا ئەوەندە دەگریت ؟

– نیوەشەو ڕژانە ماڵەوە . کەوتنە ڕژان و پژان و لێدان و گرتن و بەستن ... من لە کوێ بزانم کە لە ماڵەوە چاپخانەیەک هەیە ! ... خۆ پیاو خەو نابینێ ! ... ئەوەش لە ژێرزەمینێکدا کە نە دەرگای دیارە و نەدیوار ! ...

ئەندازیار سەیف دڵخۆشی دەداتەوە :- زۆرچاکە ، ئارام بە ! کەس هەقی بەسەر تۆوە نییە . تۆ بابایەکی باخەوان ، لەوێشدا کارت نەکردبا ناچار بووی لە پێناو نانی ژن و منداڵەکەتا لە شوێنێکی دیکە کار بکەیت ... کەس هەقی بەسەر تۆوە نییە !

یارۆی باخەوان ئۆقرە ناگرێت . بە دەم هەنسک هەڵدانەوە ، بە پچڕپچڕی قسە دەکات . خەریکم بەرە بەرە گومان پەیدا دەکەم . ناکا فێڵێک لە ئارادابێ . زمان دەگێڕێ و دەگری و لەجێی خۆی گینگڵ دەخوات .

- بینیت چۆن ژن و منداڵەکەم هەتیو بوون ! ... بینیت چۆن داماو بووم ! ... دیت چۆن بەدبەخت بووم ! ... دەزانم ... دەزانم کە من گوللەباران دەکەن ! ... دەزانم کە ! ...

یاقووب لە پڕ هاوار دەکات :- بیبڕەوە پیاو ! مێشکی سەرت خواردین !

دەنگی کابرای تازەهاتگ نەوی دەبێت . ئێستا لەبەر خۆیەوە دەنوزێتەوە و سەروگەردن و شانەکانی بە ڕاست و چەپدا دەجووڵێنێ .

دنیا خەریکە ڕووناک دەبێتەوە . ناڵەناڵی کابرای تازەهاتگ ، خەوی لە چاوی هەمووان حەرام کردووە . لە سێ سووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە و ئەژنۆکانی لەباوەش گرتووە . پێڵوی چاوانم دەسووتێنەوە و سەرم قورسە . حەسەن بەگوێما دەچپێنێ :- سیمای زیاتر لە پاسەوانان و داروغان ( ئینزیبات ) دەچێت تا لە کەسێکی ئاسایی !

مێجەر ستایش ، پاڵی بە دیوارەکەوە داوە و چاوانی ناوەتە سەریەک . برادەران لە تەنیشت یەکەوە هەڵتروشکاون و پەتۆکانیان تا ژێر چەناگە بە خۆدا داوەو تەمەشای کابرای تازەهاتگ دەکەن کە هێشتا لە بن لێوانەوە دەنوزێنێ .

بە قسەکانی کابرای تازەهاتگدا — ئەگەر ڕاست بکات — بۆمان دەردەکەوێت کە چاپخانەکە کەشف بووە . لە نیوەشەوا ، پیاوانی فەرماندەیی سوپایی ، بە دیواردا سەرکەوتوون و ڕژاونەتە ناو ماڵەکە و کابرای تازەهاتگ و خاوەن خانووەکەیان — کە گوایە نووسینگەی سەواو مامەڵەی خانووبەرە و موڵکی هەیە — دەستگیر کردووە .

مامورەکان کە وا دیارە زانیاری تەواویان لەلا بووە ، یەکڕاست چوون و ئەو تەوالێتە بزۆزەی ژێر قاڵدرمەکانی هەیوانەکەیان لاداوەو دەرگا نهێنییەکەی چاپخانەکەیان دۆزیوەتەوە .

کابرای تازەهاتگ هێشتا لە دەم نەکەوتووە . دەنگی ماندوو ، خەفە ونەوی بووە .

- ئەقڵی جنیش بەوەدا نەدەشکا کە دەرگای چاپخانەکە لەوێدابێ ! ... ئیدی منی بێسیوات چۆن بزانم ؟! ... ئاخر لە کوێ بزانم کە ... !

پێدەچوو قسەکەی حەسەن ڕاست بێ . سەروسیمای ، شێوە و شەمایلی زیاتر لە پاسەوانان ( دارۆغە ) دەچێت . بە تایبەتی کە بلوز وپانتۆڵەکەی کە هەم خورییە و هەم نیلییە و تاسەرەوە قۆپچەی ئاسنجاوە و چوارگیرفانی هەیە

هێشتا هەتاو هەڵنەهاتووە کە دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەو دوو سەرباز نوشین بەنیمچە مردوویی هەڵدەدەنە ژوورەوەو دەرگاکە دادەخەنەوە . هەموو پێکەوە هەڵدەستین و بەرەولای نوشین هێرش دەبەین . باڵابەرزەکەی خڵتانی خوێنە . گۆناکانی ڕووشاون . هەنیەی شکاوە و خوێن لە نێوان برۆیەکانی دەڵەمەی بەستووە . لە ئەرزەکە بەرزی دەکەینەوە . پشتی ئەنجن ئەنجن بووە . کراسەکەی ، لێرەو لەوێ ، دادڕاوە . شەلاخەکە ددانەداره . کە بەرزدەبێتەوە و کەوانەیی دەبێ ، جێ زامەکان دەکرێتەوە . کە دێتە خوارەوەو بەر پشت دەکەوێ جێ زامەکان دادەخرێن و سەدان ددانەی بچووکی وەکو دەمی پلایس گاز لە گۆشت و پەڕۆ دەگرێت و هەڵی دەکێشێت .

بە ئەسپایی نوشین دەخەینە سەردەم و پەتۆیەکی قەدکراو دەخەینە ژێر سینگی تا دەمی بەعارەکەدا نەچەقێ و بتوانێت هەناسە بدات . وادیارە هۆشی بەخۆی نییە ، پشت ملی ، لێرەو لەوێ چەند جێگەیەکی بچووکی سووتاوی پێوەیە و دەوروبەری سووتاوییەکە ، بووە بە وردە تلۆق وادیارە جێگەی جگەرەیە . ئەندازیار سەیف نەبزی دەگرێت و لەبن لێوانەوە دەڵێت :- زۆر بە خاوی لێدەدا !

هەموو دەورمان داوە . خوێنی تازە ، لە بەینی قژە لوولەکەی سەریەوە دێت . بەپارێزەوە قژەکەی لادەبەین . سەری شکاوەو هێشتا خوێنەکەی نەوەستاوەتەوە . تیلماسکێک لە فانیلەی ژێر کراسەکەیەوە دەکەمەوە و دەیسووتێنم و سووتووەکەی دەخەمە سەر شکاویەکەی سەری نوشین . خوێنەکەی پشتی وەستاوەتەوە . ئەندازیار سەیف ، تیلماسک و پرزی کراسەکەی کە بە پشتیەوە نووساوە ، لە گۆشتەکە جیادەکاتەوە . ئەگەر پرزو ڕیشووەکانی کراس بە زامەوە بچەسپێ و وشک ببێتەوە ، بەڵایە . دەنگی کازم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە .

- ئیسلام ! ... کوڕینە دەڵێی ئیسلام بوراوەتەوە !

تەمەشای ئیسلام دەکەم . پاڵی بە دیوارەکەوە داوە . دەستەکانی لە هەر دوو لاوە کەوتوونەتە سەرئەرزەکە و چاوەکانی کراونەتەوە و ڕەشێنەی چاوی چووتە سەرەوەو لێوەکانی دەلەرزن .

عەتا ، لای نوشین هەڵدەستێ و بەرەو لای ئیسلام دەڕوات . کابرای تازە هاتگ ، بێدەنگ بووەو بە چاوانی ئەبڵەقەوە دەڕوانێتە نوشین .

هەڵدەستم کە بە سوراخی ئیسلامەوە بچم . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . بۆنی توتنی سووتاو لە گەڵ هەوای ساردی بەرەبەیانی پاییزیدا تێکەڵ دەبێت و ختووکەی کەپووم دەدات . دەکەومە پژمین . ئێژی سەرمام بووە . چاوانی

نوشین دەکرێنەوە . عەتا ، مەچەکی دەستی ئیسلام دەگرێت و دەست دەخاتە سەر هەنیەی . کابرای تازە هاتگ لە پڕ لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و تاو دەدات و باوش بە یاقووبدا دەکات .

– من دەترسم ... دەترسم ! ... یارمەتیم بدەن ... بەزاتی خوا من هیچم نەکردووە ! ...

مێجەرستایش ، بازووی کابرای تازە هاتگ دەگرێت

– وەرە ئێرە.. وەرە ... مەترسە!

کابرای تازە هاتگ خۆی بە مێجەرەوە دەچەسپێنێ:– بە زاتی خوا سەرکار، من هیچ گوناحێکم نییە!

مێجەر، کابرای تازە هاتگ دەباتە لاوە تا هێوری بکاتەوە :– دەزانم هیچ گوناحێکت نییە ... !

ئیسلام کەوتووەتە نزگرە . ڕەنگی هەڵبزرکاوە . عەتا ، ئیسلامی لە باوەش گرتووە . لە بەرانبەر ئیسلامدا هەڵدەتروشکێم :– چی بووە ئیسلام ... چیتە .

لێوەکانی دەلەرزێ . دەنوزێتەوە . کەمال دەست بە شێلانی شان و ملی ئیسلام دەکات . دەماری کۆڵنجی دەگرێ و دایدەشێلێ . لە پڕ هەنیەی ئیسلام ئارەقە دەکاتەوە و ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێ .

مێجەر ، کابرای تازە هاتگ هێور دەکاتەوە . ئیسلام دەکەوێتە هەنسک هەڵدان . کابرای تازەهاتگ پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات و لاقی ڕادەکێشێت ، مێجەر ستایش بە گوییدا دەچپێنێ و بزە دەکات . ئیسلام دەخەوێنن . ئاسمان ڕووناک دەبێتەوە ، دەڵێی خۆر هەڵاتووە . پەنجەرەکە دەکەمەوە . هەوای ساردی بەیانی وەژوور دەکەوێ . نوشین هێشتا نەهاتووەتە قسە . گڵۆپی میچەکە ڕەنگ دەبوێرێ . کابرای تازەهاتگ دەڵێی خەوتووە . پرخە پرخی هێواشی بەرز دەبێتەوە . دەنگی چوارچەرخەکەی نایب زابتە خەنەنشینەکە لە ڕاڕەوەکەدا ، دەنگدەداتەوە :– چای !

دەرگا دەکرێتەوە . پیرەمێرد ، بە خۆ و چوارچەرخە و سەماوەرە تەنەکەکەیەوە وەژوور دەکەوێ . پەرداخەکانمان بۆ تەژی چای دەکات . چاوە پرووش و موشنەکانی(کز) بە بەرکۆشەکەی ( بەرەڵبێنە ) دەسرێت و چڵمەکەی هەڵدەلووشێ و کلۆ قەندەکان دەژمێرێ و دەیداتە دەستمان . چای بە کابرای تازە هاتگ نادات .

– هێشتا جیرەی بۆ نەبڕاوەتەوە !

کاتێ کە دەخوازێ چوارچەرخەکەی بەرێتە دەرەوە ، چاوی بە نوشین دەکەوێ . سووکە هەڵوێستەیەک دەکات و پاشان دەڕوانێتە ناو ڕاڕەوەکە و چوارچەرخەکەی بەجێدێڵێ و دێتە ژوورەوەو بە دیار نوشینەوە دەوەستێ . چارەی

پیرەمێرد دەدرێ بە یەکا و لێوەکانی دەنیشنە سەریەک . بۆ چەند ساتێک لە جێی خۆی دەوەستێ . دەڵێی دەبیرەوە چووە . پاشان ، ئاوڕ دەداتەوە و چاوە مووشنەکانی دەتروکێنێ و دەڵێت :

– ئەم ئاستالییە ( واتە ستالین ) چیتان دەداتێ کە دەست لە هەموو شتێکی خۆتان دەشۆرن ؟!

هەموو کڕوکپ تەمەشای دەکەین . نایب زابتی خانەنشین ژێر ملی دەخورێنێ و دەڕوانێتە چوارنکالی ژوورەکە . پاشان بەرەولای چوارچەرخەکەی دەڕوات ودەڵێت :– تۆش وەرە چای وەربگرە !

کەس لە جێی خۆی ناجووڵێت .

چاوە پرووشەکانی دەتروکێنێ و دەڵێت :– ئەدی ئەم تازە هاتگە کێیە ؟

کەس هیچ ناڵێت . دەنگی نایب زابتی خانەنشین بەرزتر دەبێت :– کێهەتان تازەیە ؟ ...

سەری دا دەنەوێنێ و لەبن لێوانەوە ، لە درزی ددانەکانیەوە دەڵێت :– بە جەهەنەم !

چوارچەرخەکە ڕادەکێشێت و دەرگاکە دادەخات .

نوشین دێتە قسە . دەنگی کزە . پەرداخە چایەکە شیرین دەکەم و لە بەر دەمیا ڕایدەگرم .

– نە !

– قومێ بخۆیتەوە ، حاڵت چاک دەبێ !

– نە !

– بۆ نە ؟! ... بەلای کەمەوە گەرووت تەڕدەکات !

– نە ... ناخۆم !

زۆری لێدەکەین ، بەڵام دەم بە پەرداخە چایەکەوە نادات .

– ناخۆم . نامەوێ بخۆم !

به دەما پاڵكەوتووە . هێشتا خوێنەكەی پشتی وشک نەبووەتەوە . دەترسین پەتۆی پێدا بدەین . ئەگەر كوڵكی پەتۆكە بە برینەكانەوە بلكێ زۆر كێشەیە . نوشین بە زەحمەت هەناسە دەدات . ئەگەر بتوانین ژێر باڵی بگرین و دای بنیشێنین كە سینگی هەندێ بكرێتەوە ، ڕەنگە باشتر بتوانێ هەناسە بدات .

- نوشین ... نوشین گیان ... پارویەک بخۆ !

دەنگەكە لە ئەوكی دەگیرێت :- نە ! ... دەمەوێ لاواز ببم ! ... دەمەوێ لە ژێر ئەشكەنجەدا بمرم !

تا ئێستا بە دەگمەن ڕێككەوتووە كە كەسێک لە ژێر ئەشكەنجەدا بمرێت ، مەگەر لە دەستیان دەرچووبێ و یان ئەشكەنجەچی ، لە هەنبەر بەرخۆدانی كەسی ئەشكەنجەدراو ، هەستی بە زەبوونی و كەساسی خۆی كردبێت و شێلگیر بووبێ و ... كاتێ كە پیاو بوو بە لەش و كاتێ وەكو گۆشتی قوربانی لەت وپەت بێ ، دەرمان و دوكتۆر ... دەست پێدەكات تا دیسان وەخۆ بێتەوەو دیسان ئامادە بكرێتەوە بۆ پرس وجۆ !

نوشین ، دەم بە خوارنەوە نادات . خواردن نا ! ... نانی وشكی ماشینیمان لەچای شیریندا بۆی خووساندووە و لەبەر دەمیمان ڕاگرتووە . دەنگی ئەوەندە زەبوونە دەڵێی لەبنی بیرەوە دێت .

- كوڕینە ... برادەرینە ... عەزابم ... مەدەن !

دەستمان سارد دەبێتەوە . چایەكەمان لێدەبێت بە ژەهری مار . چاوانی نوشین دەنوقێن . هەناسەدانی قورسە . دەنگی شەیپور ودەنگی تەپڵ و سنج ، مەیدانەكە پڕ دەكات . كابرای تازەهاتگ چاوانی دەكاتەوەو تەمەشای مێجەردەكات . مێجەر ، پەرداخە چایەكەی بۆ درێژ دەكات .

- هانێ گەرووت تەڕ بكە تا هەمدیس بتوانی بگریت !

بزەیەكی تاڵ ژێر گۆنا ڕەقەكانی كابرای تازەهاتگ دەكشێنێ . پەرداخە چایەكە لە دەستی مێجەر وەردەگرێت . دەڵێی ترسی تۆزێک كەم بووەتەوە . دەنگی شەیپوورەكە جارێ دوور و جارێ نزیک دەبێتەوە . مەیدانی مەشق و ڕاهێنان ، لە پشت فەرماندەیی سەربازگەكەوەیە ، كەمێک لەولای مەیدانی تیرەندازییەوەیە .

دەنگی شەیپوور و دەنگی تەپڵەكە دەبڕێت و دەنگی خۆشی یەكێک لە ئەفسەرەكان لە ناو سالوولەكەوە دێتە دەرێ و لە ڕاڕەوەكەدا دەنگدەداتەوە و دەگاتە ژوورەكە ولە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

" ژیان ئەگەر مەرج بێ          كۆیلایەتی لە ئارادا نییە "

دەنگەکە مۆرکێکی خەمینی پێوەیە . خەمینیەک بە هەموو تاڵیەکیەوە ، لەزەتبارە و ئارامی بەگیانمان دەدات .

***

هەوا ، لەدوێشەوەوە ، بەرە بەرە ساردتر دەبێت . دادو بێداد و ناڕەزایەتیمان بە هیچ کوێ ناگات . هەریەکەمان سەرو دوو پەتۆی تەنکی سەربازیمان هەیە کە ئەسڵەن گەرممان ناکاتەوە . هەوا بە ڕۆژەوە خراپ نییە . هەتاو کە هەڵدێت ، سەرمای تیژی شەوێ ڕادەماڵێ .

ڕۆژی چوارەمە کە نوشین دەمی بەزەوادەوە نەداوە . سووتاویەکەی پشت ملی و شکاوییەکەی سەری و برینەکانی سەرانسەری پشتی ، چلکی کردووە . تەنانەت یەک قەترە تەنترۆکیش پەیدا نابێ .

- سەرکار !

پاسەوانەکەی پشت دەرگاکە ، بە پەستی دەبۆڵێنێ :-چیە ؟!

- پێویستیمان بە دوکتورە !

- خۆ ئێرە ئوتێل بەڵاش نییە !

کەس گوێ بە قسەمان نادات .

- سەرکار !

- ژەهری ماری سەرکار !

- ئاخر سەرکار گیان پێویستیمان بە دەرمان و دوکتورە !

- ئێرە ئوتێل بەلاش نییە !

ئارەقەیەکی سارد نیشتووەتە سەر هەنیەی نوشین . لە هەموو برینەکانی لە شی چڵک و خوێناو دێت .

- سەرکار ، ئەم نەخۆشەمان خەریکە دەمرێت !

- دەمرێ بە قیروسیا !

به مست ، توند به دەرگاکەدا دەکێشین . پاسەوانەکە ، بە تەق و هۆڕ دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە و هاوار دەکات ، هەرچیەک شایەنی خۆیەتی ، بە ئێمەی دەڵێت .

– کام هەتیوچە و ناکەس بەچەیە کە بەمجۆرە لە دەرگا دەدات ؟

ڕەحمەت ڕوو بە ڕووی پاسەوانەکە دەوەستێ . ئازای بەدەنی ڕەحمەت دەلەرزێ .

– سەرکار ، نەخۆشمان هەیە . تای هەیە ! خەریکە دەمرێت ، پێویستمان بە دکتۆرە !

پاسەوانەکە ، بۆ چەند ساتێ ، بە ڕەحمەت دا هەڵدەڕوانێ . پاشان دەڕوانێتە برادەران کە هەموو وەستاون و کۆڵە مستیان گوشیوە و ددانیان جیرکردووەتەوە . پاسەوانەکە دەگەڕێتەوە . قسە ، لە قووڵایی گەروویەوە دەردێت .

– بێگانە پەرستانی هیچ و پوچ !

ڕەنگی ڕەحمەت سپی بووە . دەنگی لەرزۆکە :– بۆ گوێم لێناگری ؟! دەڵێم نەخۆشەکەمان خەریکە دەمرێت !

پاسەوانەکە ، دەرگاکە بە یەکدا دەدات و دەبۆڵێنێ :– سەگێک کەمتر !

نوشین دەبورێتەوە . بەبێهۆشی وڕینە دەکات .

– نە ! ... ئەمە درۆیە ! ... کودی شیرین ... نارنجۆک ... هەمووی تۆمەتە ... تۆمەت تۆمەت .... درۆ ... دوو هەزار فیشەک ... درۆیە ، درۆ !

نوشین ، لە ئارەقەدا هەڵدەکشێت . دەنگی بەرز دەبێتەوە .

– نایناسم . نە ! ... نایناسم .... نە ! نە ! نە !

بێدەنگ دەبێت . دەلەرزێت . چاو هەڵدێنێ . لێوەکانی هیشک بوون . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە . عەریف خەفەر دێتە ژوورەوە :– چ باسە ؟ ... کێ نەخۆشە ؟!

دێتە پێشەوە و بە دیار سەری نوشینەوە دەوەستێ . قژەلوولەکەی نوشین ئالۆزکاوە . ڕدێنی ڕەش دەچێتەوە . چاوانی دەنێتە سەر یەک . لێوی دەکەونە تەتەڵە . دەڵێی دەیەوێ قسە بکات . ئارەقە لە بناگوێ و لاجانگەکانیەوە هەڵدەقوڵێت . ورتەورت دەکات .

– ئەو ڕۆژەت لە بیرە ؟! ... بیرت دێتەوە ؟!

بێدەنگ دەبێت .

عەریف خەفەر دەپرسێت :- تای لێهاتووە ؟!

ڕەحمەت کە سەری سمێڵە گەورەکەی ناوەتە ژێر ددانی ، لە درزی ددانەکانیەوە ، بە سەرسامی دەڵێت :- تا ؟!

عەریف خەفەر دەڵێت :- دەڵێی وڕێنەدەکات !

ڕەحمەت دەڵێت :- ئازای گیانی هەوی کردووە ، چڵکی کردووە !

عەریف خەفەر ، جگەرەیەک دادەگیرسێنێ . دوو مژی قووڵی لێدەدات و تەمەشای ئیسلام دەکات کە لە ژێر پەتۆکەدا خەوتووە :- ئەمەش نەخۆشە ؟!

و مژێکی دی لە جگەرەکەی دەدات و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . ئارەقەکە ، بە سەر تەوێڵی (هەنیە) نوشینەوە هیشک دەبێتەوە . سەیف ، لەلایەوە ڕۆنیشتووە . مێجەر ستایش ، دەستی نوشینی لە نێودەستی خۆی ناوە . دیسان لێوانی نوشین دەکەونە لەرزین . بە سەر دەستیا تل دەدات و دەکەوێتە سەردەم و لە پڕ بە پچرپچڕی دێتە قسان .

- ئەوێ ... هەڵێ ! ... لە دوای ئەو ئوتومبیلە ! ... ڕاکە ! ... خۆت بشارەوە ! ...

بێدەنگ دەبێت . هەنیەی بە ئەسپایی بە عاردیدا دەکوتێ . مێجەر ستایش پشتی ملی دەگرێت ، تا کەمتر تەقەللا بدات . نوشین هەنیەی دەنێتە عاردی و هێور و هێدی و بە ئەسپایی دەڵێی کە لە بەردەم هەزاران نەفەردا هەنگاو دەنێت ، دان بە هەر وشەیەکدا دەنێت و لە قووڵایی گەرووییەوە دەڵێت :

" مردن بۆ ... هریمەن ... دەڵاڵی نەوتی ئیمپریالیستی ئەمریکا ! " .

و پاشان بە خێرایی و پەیتاپەیتا دەڵێت :- تانک ، تانک ... هەڵێ ! ... مەمەد ، مەمەد ... ! ... ئەوێ ... ڕەشاش ... ! ... ڕاکە ... مەمەد ... !

هانکەهانکی پێدەکەوێ و کڕ دەبێت . بەجۆرێ هەناسە دەدات لە تۆ وایە چەندین مەیدان یەک نەفەس ڕایکردووە . ئازای ئەندامی نوشین دەنیشێتە سەر ئارەقە . لاقەکانی دەجوڵێنێ و لە سەر دەست تل دەدات و سات بە سات ڕەنگی وەبەردێتەوە و ئارام دەبێ .

ئەندازیار سەیف نەبزی (لێدانی دڵ) دەگرێت و تەماشای سانیەژمێری سەعاتەکە دەکات :- ئاسایی لێدەدا !

ئارەقەی لەشی نوشین بەرە بەرە هیشک دەبێتەوە و ڕیتمی هەناسەی ڕێک دەبێتەوە .

... دوێنێ، ئەسغەر دەلاڵ ئازاد بوو . ئامادە بوو گیانی بکێشن بەڵام ئوتومبیلەکەی بدەنەوە .

- کە کوتەکی خۆم خوارد ، ئیدی بۆ چاوپۆشی لە ئوتومبیلەکە بکەم ! ...

ئەگەر سمت و کەفەڵیان شین و مۆر نەکرد باوە ، هەر نەیسە ، ئێهێکی تیابوو !

کە مەسەلەکەیان باش تاوتوێ کرد ، بۆیان دەرکەوت کە هەق بە ئەسغەردەلاڵە . کاتێ کە بانگیان کرد ، لە پێستی خۆی نەدەهێوری . دەسەپاچە بوو . دوگمەکانی پانتۆڵەکەی دانەخست .

- یاڵڵا بت بینم !

هات کە خودا حافیزی بکات . شەهری مۆڵەتی نەدا . بازووی گرت و بەرەو دەرگاکە دەڵەکی دا .

- یاڵڵا بۆرە پیاو ، برۆ ئوتومبیلە شڕەکەت بەرە و گۆڕت گوم بکە !

دەنگی ئەمبولانس دێت . لەپەنجەرەکەوە تەمەشا دەکەم . ئەمبولانسەکە لە جادە قیرەکە لادەدات و بەرەو گرتووخانەکە داژوێ . نوشین دەڵێی خەوی لێکەوتووە . ئەندازیار سەیف و مێجەر ستایش هێشتا بە دیاریەوە دانیشتوون . ئیسلام پەتۆکە لە سەر خۆی لادەدات و دادەنیشێت . ڕەنگی ڕووناک بووەتەوە . ڕەنگی وەبەر هاتووەتەوە . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە . دوو سەرباز بە دەستەبەرەوە ، دەگەڵ عەریف خەفەردا دێنە ژوورەوە . یارمەتیان دەدەین ونوشین بە دەما لەسەر دەستەبەرەکە درێژ دەکەین . نوشین بۆ ساتێک چاوانی هەڵدێنێ و لە بن لێوانەوە شتێک دەلێت . گوێ هەڵدەخەم .

- بۆ کوێم دەبەن ؟

سەربازەکان ، دەستەبەرەکە لە عاردی بەرزدەکەنەوەو لە ژوورەکە وەدەردەکەون .

( ٧ )

تا (زرندی) نەهات ، بەهرام — پیاوە ناقساڵەکەی کە بلوزی خوری چوار گیرفان لەبەر دەکات و دوگمەکانی تاسەرەوە دادەخات و سەروسیمای لە پاسەوانان دەکات — ورتەی نەکرد ، لێوی لەبەر یەک هەڵنەهێنا .

شەوی یەکەم ، دوای کوڕوزانەوە و پاڕانەوە ، دەمەو بەیانی بۆ چەند تاوێ خەوت و ئیدی قڕ وقەپی لێکرد ، تا سەر وسەکوتی زرندی پەیدابوو .

زرِندی ئەو کەسەیە کە نیوەشەو لەچاپخانەکەی حیزبدا گیراوە . هەمان ئەو کەسەیە کە گوتوویەتی ( نووسینگەی سەوداو و مامەڵەی خانووبەرە و موڵکی ) هەیە و بەهرام لە ماڵی ئەودا باخەوانی کردووە . زرِندی ، پیاوێکی لاوازی ئەندام وردیلەی سپیکەڵەیە . زۆر بزێو و پرچم وجووڵە . دەڵێی چاپخانەی نهێنی حیزب لە ماڵی ئەودا نەدۆزراوەتەوە . سەردەکاتە سەر هەمووان و ژوورەکە قەرەباڵغ دەکات . کە سەر دەکاتە سەر بەهرام ، تەواو دەهەری دەکات .

– جار نەبوو یەک ستوون پیت بچنیّ و پەنجا هەڵەی تیانەبیّ !

بەهرام سووردەبێتەوە و دەڵێت :– لائیلاهە ئیلەڵڵا !

زرِندی لە بەردەم بارامدا هەڵدەتروشکیّ و دەڵێت :

– نە ئێستا هەرخۆمانین ، ئاخر ئەمەبوو بەپیت چنی کە لە جیاتی رِستەی ( قەزاوەت و دادوەری کردن دەربارەی ئینگلیز بەم ئاسانییە نییە ) ئەمە بچنی (قەسابانی دەرباری ئینگلیستان هەموویان ئیسهال نین ) ؟!

بەهرام هاواردەکات :– پیاو ئاخر من کەی پیت چنیم کردووە ! ... ئەسڵەن پیت چنی چییە ؟! ... بۆچی بوختان بۆ منی باخەوانی بەد بەخت دەکەی ؟

ئیدی قاقای پێکەنینی برادەران ژوورەکە پرِدەکات .

ئەو سەربازەی ، کە بە زۆری لەمەیدان و گۆرِەپانەکەی سەربازگەکە یا لەناو حەوشە چکۆلەکەدا ئێشک دەگرێت ، هەواڵی بۆ ئەندازیار سەیف هێناوە کە ملازم ڤالە و نەقیب موحەقیق ، لە ژێر ئەشکەنجەدا مێجەر زیبەندەیان ، ماندو کردووە و زاریان نە کردووەتەوە . ئەم هەواڵە لە سەرانسەری لەشکری دووی زریّ بڵاوبووەتەوە . تەنانەت ، دەماو دەم دەکات کە مێجەر وەکیلی ، لە ژێر کەلەپچەی قەپانیدا ، تفی کردووەتە چرِوچاوی نەقیب عەمید و نەقیب عەمید دەهری بووە و هێرشی بردووەو شەلاخەکەی لە دەست عەریف شەهری سەندووە و بە رِوخساری سوور هەڵگەرِاوەوە ، بەجۆریّ مێجەر وەکیلی گرتووەتە ژێر شەلاخ تا خۆی نیوەنەفەس بووە و کۆڵی داوە .

ئینفیرادیەکان ، لە نیوەشەو بە دواوە بۆ پرس وجۆ دەبەن . زۆربەی کات پرس و جۆیەکانیان تا بەیانی دەخایەنیّ و کە رِۆژ دەبێتەوە ، سەربازەکان ، جەنازەکەیان لە حەمامەکەوە دێنن و توورِی دەدەنە سالولە ئینفیرادیەکەوە .

چەند رِۆژێک بۆ کۆتایی مانگی یەکەمی پاییز ماوە . رِەنگی سەوزی سپیدارەکان چووەتەوە و زۆربەی لقەکان رِووت بوونەتەوە . لە بەر پەنجەرەکەدا دانیشتووم و تەمەشای دەرەوە دەکەم . هیچ هاتوچۆیەک لە مەیدان و گۆرِەپانەکەدا

نییە . هەموو شوێنێ ، چۆڵ وبێدەنگە . هەموو شوێنێک بۆنی پاییزی لێدێت . بێدەنگی ڕەنگی پاییزی گرتووە . حەمامەکە لە سەمتی چەپی بینا خشتەکەی یانەی ئەفسەراندایە . یانەکە ، ئێستا بووە بە دادگای ئەفسەران . مەیدانی تیرەندازی ، لەپشت حەمامەکەیە . یەک چواردیواری زۆر گەورەیە ، بە درێژی نزیکەی سەد مەتر و پانی سی چل مەتر ، دەرگایەکی زۆر گەورە و ناقوڵای هەیە و دە ، یا دوازدە نیشانە و هەدەف بە دیوارەکەی بەرانبەرەوە دانراون .

جۆگا ئاوێک ، بە بەر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێت و بەرەو خۆر ئاوای سەربازگەکە دەڕوات . پاشان پێچ دەکاتەوە و بە بن ڕیزە سپیدار و زمانە چۆیلەکەکاندا دەڕوات و تا پشت بیناکەی قەرەوڵخانەکەی پاڵ دەرگای چوونە دەرەوە ، لە سەربازگەکە ، کە دەرگایەکی پانە ، دەڕوات .

هاتوچۆ کەمە . هەمیشە هاتوچۆ کەمە ، مەگەر شتێکی تازە ڕووبدات .

- کازم !

- چیە ؟

- دەڵێی خەریکە زیندانی تازە دێنن !

بەر قەرەوڵخانەکە قەرەباڵغ دەبێ . هاتوچۆیەکان خێرا دەبن . سەرەنێزەی ئەو سەربازانەی کە لە پشت کامیۆنەکە دانیشتوون ، لە سەرتاقی قەمەرەی کامیونەکەوە دەبریقێتەوە . کامیونەکە تازە گەییوەتە جێ . نەقیب جانب ، سەرۆکی زیندان ، لە نووسینگەکەی دێتە دەرێ . عەریف ساقی دەستوور دەدات و شەهری لە پێستی خۆی ناهێورێ

- حەسەن !

- چیە ؟

- دەڵێی ئەمڕۆ دیسان لە یانەکەدا دادگایی هەیە !

سەربازەکان ، تفەنگ بە شان ، سێ سێ ، لەسەمتی قەرەوڵخانەکەوە دێن . کە دەگەنە بینای یانەکە ، عەریفەکە فەرمان دەدات .

- دەستە ... ئیست !

سەربازەکان دەوەستن .

- بەلای چەپا وەرگەڕێ !

سەربازەکان ، لە سەر پاژنەی پێ وەردەگەڕێن و دەنگی بەرخوردی پاژنەی پۆستاڵەکانیان هاوئاهەنگە .

- چەک بۆ تەنیشتی لاق .

دەنگی کێشانی دەستی سەربازەکان بە قۆناغی تفەنگەکاندا هاو ئاهەنگە . دوای چەند ساتێک ، سەربازەکان بڵاودەبنەوە و بە دەوراندەوری یانەکەدا ، دەکەونە ئێشک گرتن و هێشتا دەستەی دواتر ڕەشاشەکانیان دانەمەزراندبوو کە عەریف شەهری وەکو ئەجەلی ناگەهانی دەگاتە جێ ، لە ناوەندی ژوورەکەدا دەوەستێ ، لاقەکانی بڵاو دادەنێ ، دەمی لێدەکاتەوە و هاوار دەکات .

- ئەو پەنجەرەیە داخە !

پەنجەرەکە دادەخەین و شەهری دەڕوات .

لە درزی تەختەکانی نیو دەریەکەوە تەمەشا دەکەین . ئینفیرادیەکان ، لە نێو سەربازانی چەکدارەوە ، لە گرتووخانەکە دەچنە دەرێ و بەرەو یانەکە دەڕۆن .

- چما خیانەت تەمەشاکردنی دەوێ ؟!

شارەزای قسەکردنی عەریف ساقی بووین .

- چما خیانەت سیاحەتە ؟!

دەزانین کە دەیەوێ بڵێ ( مەگەر دادگایی کردنی خیانەتکاران تەمەشاکرنی دەوێ ؟ ) هەمیشە قسەکانی عەریف ساقی نیوەچڵە و جۆرە توونديیەک بە قسەکانیەوە هەیە . عەریف شەهری شتێکی دیکەیە . نیگای مۆرکێکی کەم هۆشی و حەواس پەرتی پێوە دیارە و زۆر دەم پیسە . قسەکردنی بۆنی بۆگەنی لێدێت .

- دایک حی ... انە . کە کلکیان بووە بە تەڵەکەشەوە هەرکۆڵ نادەن !

لە گەڵ ئەو ئەفسەرانەیەتی کە لە سالولەکانی ناو ڕاڕەوەکە زیندانین .

شەهری هەندێجار بێهیچ بیانوویەک دەرگای ژوورەکە دەکاتەوەو دێتە ژوورەوە و پێی بە عاردیدا دەکوتێ و هەر جنێوێک شایستەی خۆیەتی ، بە سەر ئێمەیدا دەبارێنێ .

لەلای پەنجەرەکەوە دانیشتووم و تەمەشای دەرەوە دەکەم . هاتو چۆ کەمە . هەمیشە هاتو چۆ کەمە ، مەگەر شتێکی تازە پێشهاتبێ .

بای ساردی پاییزی بە سەر ئەرزەکەدا هەڵدەکات و گەڵا وشکەکانی سەر ئەرزەکە ڕادەماڵێت . هەموو دەنگەکان کپ بوون . تەنانەت خوڕە خوڕی جۆگا ئاوەکەش نایەتە گوێ .

هەموو شوێنێ کرِوکپە . پاسەوانەکان ، بێ جووڵە وەستاون و خۆیان داوەتە هەتاوی بێ گەرمای عەسری پاییزە . دوو سەرباز لە تەنیشت ستوونە پان و بەردینەکانی دەرگای چوونە دەرەوەی سەربازگەکە ، وەستاون . سەربازەکان لاقیان بڵاو داناوە و تفەنگەکانیان بەسینگیانەوە قرساندووە و کاسکێتەکانیان تا سەر برۆیان هێناوەتە خوارێ .

خۆر ، کەم ڕەنگە . خۆر خەریکە لە لقە ڕووتەکانی سپیدارەکان ئاوا دەبێ . عەتا و کازم لە پشتمەوە دانیشتوون و یاری شەترەنج دەکەن . عەتا ، وەکو هەمیشە بەشان وباڵی خۆیدا هەڵدەڵێ و هەڕو گیڤ دەکات .

- تۆ و شەڕی دلێران کوجا مەرحەبا ! ... بابە گیان یاری نازانی مەیکە !

کازم بزە دەکات و دەڵێت :- کتێب بۆ ئاخر دەگیرێتەوە . جووجەڵە لە ئاخری پاییزدا دەژمێردرێن ( واتە ئەنجامی کار شەرتە ) .

عەتا کۆڵ نادات :- ئێمە عادەتمان وایە ڕۆژانە جووجەڵەکانمان بژمێرین ! دێهاتین و لە دەڤەری ئێمەشدا ڕێوی زۆرە !

کازم کش دەکات ، چاوە پیرۆزەییەکانی عەتا ئەبڵەق دەبن .

- چی بوو ؟!

و دەڕوانێتە تەختەی شەترەنجەکە . کازم بەخوێنساردی دەڵێت :- کاتی ژماردنی جووجەڵەکانە !

عەتا ، کۆڵ نادات :- برۆ بابە ! ... وامزانی بە ڕاستی یاری بەڵەدی ! ... ئەمەش بوو بە کش ! .. بێ ! ...

و پیادەیەک دەباتە پێش و قەڵاکەی پووچەڵ دەکاتەوە .

خۆر کە ئاوادەبێ ، سەرمای پاییزە کزەیەک پەیدا دەکات . دەڵێی تام لێیە . بیست ڕۆژێک لەمە پێش کە سووکە سەرمایەکم بوو بوو ، زۆر زوو چاک بوومەوەو وەخۆ هاتمەوە . بەڵام ئێستا ، دەڵێی دیسان سەرمام بووەو سەرماکە سووکیش نییە . ئازام مێرولە دەکات . پێڵوی چاوانم دەسووتێتەوەو گەرووم دەخورێ .

برادەران ، کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون و پێکەوە قسان دەکەن و یان شەترەنج دەکەن . ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبین . داشێن شەترەنجەکەشمان زۆرتر دەبن . ئێستا پێنج دەست داشمان هەیە . سی و چەند نەفەرێکین . شەوان بە زەحمەت جێمان دەبێتەوە و دەخەوین .

ژوورەکە شەش هەنگاو درێژ و چوار هەنگاو پانە و ناوەڕاستەکەشی چاڵ بووە . عەینی چاڵی زۆرخانەیە . ئەگەر دوو سێ نەفەری دیکە بێنن و بیان پەستنە ژوورەکەوە ، ناچار دەبین کە شەوەکە دابەش بکەین و هەر دەستەیەکمان چەند سەعاتێک بخەوێ ، ناچارین نیوەمان بە چنچکانەوە بخەوین. وەکو هەفتەی ڕابردوو کە هەمان کێشەمان هەبوو ، ئەوەبوو دوایی هاتن و چەند دانەکیان بردین بۆ (باغی مهران) کە تا ئێستاش هیچ هەواڵێکیان نییە . وەکو ڕۆشتنەکەی نوشین ، کە بە ژمارە ، بیست و دوو ڕۆژە ڕۆییوە و هێشتا نەگەڕاوەتەوە . شتەکانیمان کۆ کردووەتەوە و لە سووچی ژوورەکەمان داناوە تا بگەڕێتەوە و هیچ خۆیا نییە (دیار نییە) کە ئەسڵەن بگەڕێتەوە .

خەریکە خۆر ئاوادەبێت . گڵۆپەکانی ڕاڕەوەکە وگڵۆپی ژوورەکەمان هەمیشە هەڵە . خەریک بوو جگەرەم پێدەکرد کە لە ناکاوا ، دەرگای ژوورەکە بە تەق و هوڕ دەکرێتەوە و ساقی ، وەکو ورچی پێکراو ، بەدەم هاوار و نەعرەتەوە ، هێرش بۆ ناو ژوورکە دێنێ و بە توونری لاقی بە عاردیدا دەدات و هاوار دەکات :- بۆچی ناتۆپن ؟!

هەموو ، حایر و سەرسام تەمەشای یەکدی دەکەین .

- نووستن ؟!

هێشتا خۆر ئاوا نەبووە . هێشتا شاممان ( شێو ) نەخواردووە و واباوە سەعات نۆ ( بتۆپین ) !

دەمە زلەکەی عەریف ساقی وەکو بیری ئاو دەست دەکرێتەوەو هاوار دەکات .

- خۆئێرە گاستوران نییە !

دەزانم کە دەیەوێ بڵێت ( ریستۆران ) . پێکەنین لە ئەوکمدا دەگیرێ . بە خورتی جڵەوی خۆم دەگرم .

دیسان هاوار دەکات :- هەستن بتۆپن ! ( بخەون ) .

هەموو برادەران نەفەسیان لە خۆ بڕیوە و نیگایان لە سەر چارەی سوورهەڵگەڕاوی عەریف ساقی گیرساوەتەوە .

کە هیچکەسێک قسەناکات و لە جێی خۆی ناجووڵێ ، ساقی وەکو ئەسپەندەری سەر ئاگر دەتەقێتەوە و تاهێز لە لاقیایە شاپێک دەکێشێت بە قەبرغەی بەهرامدا .

– مەگەر لە گەڵ تۆم نییە حەیوان ! ...

وەکو بەرازی پێکراو دەبۆڵێنێ و بە دەم دانەچیرەوە دەڵێت :– مەگەر لە زمانی بەشەر ناگەن !

بێئەوەی چ قسەیەک بکەین ، دەست بە ڕاخستنی پەتۆکان دەکەین و ڕادەکشێین . بەهرام ، بە شەلەشەل خۆی بۆ لای زرندی بکێش دەکات و وەکو جووجەڵەیەکی سەرمابردە لای زرندییەوە کزکۆڵە دەکات . بە زۆر جێمان دەبێتەوە کە هەموومان بخەوین . عەریف ساقی دەروات و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستێ .چۆن چەند کەسێک وەکو خشت لە تەنیشت یەکەوە ڕیز بکرێن ، بەو ئاوایە لە سەرلا دەخەون و خۆ بەیەکەوە دەچەسپێنن . هەندێک لە برادەران لاقیان قانگڵە دەکەن تاجێگا بۆ ئەوانی دیکە بکەنەوە . دەبێ چاوەڕوانی بویەر وپێشهاتێکی تازە بین . هێشتا سەعات شەش نەبووە کە عەریف ساقی دەیەوێ بە زۆر بمان خەوێنێ . ساقی ، بە هەمان دەقەوە کە لە چوارچێوەی دەرگاکەدا ڕاوەستاوە ، چاوی بە پەنجەرەکە دەکەوێ . دووبارە دەنگی وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە .

– کام قە ... دایک کردوویەتیەوە ؟!

پەنجەرەکە زۆربەی کات کراوەتەوە . بێگومان دەبێ چاوەڕوانی بویەرێک بین کە عەریف ساقی ، واهی بە هەموو شتێکەوە گرتوویەتی .

– هێی ! ... گوێرەکە ! ... ئەو پەنجەرەیە داخە !

گومانی تیا نییە ، هەمیشە داخستنی پەنجەرەکە ، بویەرێکی بە دواوە بووە .

... درزی دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە . پاسەوانەکە سەر دەکێشێتە ژوورەوە .

– ئەو پەنجەرەیە داخە !

تا هەڵدەستم کە پەنجەرەکە دابخەم ، لە گۆشەی چەپی گرتووخانەکەوە ، کەژاوەیەک پەیدا دەبێت . دەورواندەوری یانەکە — کە ئێستا بووە بە دادگا — ڕەشاش دادەمەزرێنن . دوکتۆر فاتمی لە سەر کەژاوەکە درێژ بووە . بەیانی زووە . خۆر تازە گزنگی داوە. پەتۆیەکیان داوە بە سەر دوکتۆردا و تاسەر سینگی هاتووە . دوو سەرباز کەژاوەکە بەرەو یانەکە دەبەن . چوار تفەنگچی گورج و گۆڵ ، لە هەر چوارنکالی کەژاوەکەوە ، لە گەڵ دوکتۆردا بەرەو دادگا دەڕۆن . دوکتۆر عەینەکی شەمسی تاریکی لەچاو کردووە . کیفەکەی لە سەر سینگی داناوە و دەستەکانی ناوەتە سەر سینگی و قامکەکانی تێک ئاڵاندووە.. .

... عەریف شەهری ، بە لەقە دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە .

- ئەهۆی نێرەکەر ! ... لەگەڵ تۆمە ! .... گوتم ئەو پەنجەرەیە داخە ! ...

پەنجەرەکە دادەخەین . دەمی شەهری کەفی چریوە . لە بیانوو دەگەڕێ . قسەی عەریف شەهری یەکە و نابێ بە دوو . شەلاخی وا بە پشتی ئینساندا دەکێشێت کە گیانی سەگی دەوێ تا بە سەلامەتی لە ژێر دەستیا ڕۆح دەرببات

- لە پشت پەنجەرەکە لاکەوە . وەرە ئەمبەرەوە !

شەهری هەر کارێکی بوێ دەیکات و پاشان ئەگەر بە پێویستی بزانێ ڕاپۆرت دەدا .

گیرفانی شەهری ئاوساوە . بە قامکان ، شەلاخە کڵافە بووەکە گوشار دەدات و تەمەشای دەوراندەوری ژوورەکە دەکات . دەڵێی لەزەت دەبینێ ، دەڵێی خەندەیەکی سەر لێشێواو ، لە ناو چرچ ولۆچی دەم و چاویا ڕێی گوم کردووە و سەرگەردان بووە . چاوەکانی دەبریقێنەوە . ڕێک وەک ئەو کاتانەی کە شەلاخەکەی لەحەوادا بەرزدەبێتەوە و دادێتەوە و جلەکەی بەرت دادەدڕێ و خوێن لە لەشتەوە فوارە دەکات . یەک بە یەکمان لە زمانی شەهری تێدەگەین .

- لەزێکە پەنجەرەکە داخە !

پەنجەرەکە دادەخەین . شەهری لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . لە درزی تەختەی چوارچێوەی پەنجەرەکەوە کە با و بارانی زۆری دیتووە ، دەڕوانینە دەرەوە . ئەفسەرانی سالولە ئینفیرادیەکان ، بە دەستی بەستراوەوە و هەریەکەیان لە بەینی چوار ڕەشاشچیدا ، بەرەو یانەکە دەڕۆن . ڕێکردنیان خاو و قورسە . لە ژێر ئەشکەنجەدا پەکیان کەوتووە

- ... هێی گوێرەکە ! ... ئەو پەنجەرەیە داخە !

چەند و چوونی نییە . هەمیشە داخستنی پەنجەرەکە ، بویەرێکی بە دواوە هەبووە .

هێشتا هەر ئێوارەیە کە پەتۆکان ڕادەخەین و ڕادەکشێین . ساقی . لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ ، بەتووڕەیی و گرژی هاوار بەسەر پاسەوانەکەی بەر دەرگادا دەکات .

- ئەگەر هەناسەیان لێوەهات ئاگادارم بکەوە !

ڕەفتاری ساقی ، خستوومانیە بیرکردنەوەوە . کە دەڕوات هەموو لە جێی خۆمانەوە دادەنیشین و چپەچپ وەکو خۆرە ( موریانە ) دەداتە گیانمان .

نیوە جگەرەکەم ، کە کوژاندبوومەوە ، دادەگیرسێنم و لە درزی پەنجەرەکەوە ، تەمەشای دەرەوە دەکەم . بایەکە ، ئالآ بەرزەکەی سەر دەرگای سەربازگەکە دەشەکێنێتەوە . دەنگی مێجەر ستایش لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- بۆچی ئەم جانەوەرە کەوتووەتە قرەقڕ ؟!

سەر پاسەوان پێشی پاسەوانەکان دەکەوێت تا پۆستەکەیان ( نۆرە ئێشک ) بگۆڕێت . گلۆپەکانی مەیدانەکە هەڵن . فیتوویەکی (شاور) دوور و درێژ کە بەدەم بایەکەوە لە لای دەرگای سەربازگەکەوە دێت ، لە مەیدانەکەدا دەنگ دەداتەوە . پاشان هاواری نامەفهوومی کەسێکە کە فەرمان دەدات . ئوتومبیلێکی ڕەش ، لە دەرگا گەورەکەی سەربازگەکەوە دێتە ژوورەوە . پاسەوانەکان چەک بۆ سەرسینگ بەرز دەکەنەوە. ئوتومبیلەکە ، لە بەردەم نووسینگەی نەقیب جانب دەوەستێ . شوفێرەکە بلەز خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و دەرگای ئوتومبیلەکە دەکاتەوە وخەبەردار دەوەستێ . سوپاییەکی دەستەبالآ و لە دوای ئەوەوە سوپاییەکی بالآبەرزی لاواز لە ئوتومبیلەکە دادەبەزن . نەقیب جانب ، کە دەڵێی غافڵگیر بووە ، بلەز لە نووسینگەکەی وەدەردەکەوێت و پاژنەکانی پێکدا دەکوتێ و خەبەردار ( وریا ) دەوەستێ . لە پەنجەرەی ژوورەکەوە ، تا دەروازەکەی سەربازگەکە ، سێ سەد مەتر زیاترە . ئەگەر نەقیب (جانب) م جارەهای جار لە نزیکەوە نەدیتبوایە ، مەحاڵ بوو ، ئەو پیاوەی کە بە هەشتاو لە نووسینگەکەوە وەدەرکەوتبوو وخەبەردار وەستابوو ، بناسمەوە .

سوپاییە دەستەبالآکە و سوپاییە لاوازەکە ، بۆ چەند ساتێک ، تەمەشای دەوراندەوری مەیدان و گۆڕەپانەکە دەکەن و پاشان بێئەوەی هیچ قسەیەک بکەن ، دەچنە نووسینگەکەی نەقیب جانب . نەقیب جانب ، بە دەست هەندێک ئاماژە بۆ شوفێرەکە دەکات و خێرا دەچێتە ناو نووسینگەکە .

گوێم لە دەنگی سەرپاسەوان دەبێت .

- یەک ... دوو !

ئێستا دەنگی پێی دەستەی پاسەوانە کە لە سەمتی ڕۆژ ئاوای مەیدانەکەوە دێت .

- یەک ... دوو ... دەستە .... ئیست !

دەستەی پاسەوانان لە بەردەم دەرگای گرتووخانەکە دەوەستێ . سەرپاسەوان ، پاسەوانانی بەرانبەر گرتووخانەکە دەگۆڕێ و دووبارە دەستەی سەربازەکان ، دەکەوێتەڕێ .

- دەستە ... لە جێی خۆت ! ... خەبەردار ! ... بۆ پێش برۆ !

دەستەی پاسەوانان ، بە بەر پەنجەرەکەدا تێدەپەڕێ . گفتوگۆی برادەران ناگاتە هیچ کوێ . هاتنی دوو ئەمیری سوپایی هیچ نیشانەیەکمان ، سەبارەت بەو بویەرە تازەیەی کە هەموو چاوەڕوانی بووین ، بە دەستەوە نادات . هەموو هەست دەکەین کە شتێک لە هەوادا شەپۆل دەدات . هەستدەکەین هەوا قورسە و شتێک بن دەنێتەوە و دەنیشێتە سەر لەشمان و لە ژێر باری قورسیا ، ماندوومان دەکات .

لووتم ئاوی کردووە ، لووتم شل بووە . دەڵێی تایەکەشم زۆرتر بووە . لە قسەکردن ماندوو بووین و هیچمان هەڵنەکڕاندووە . دانیشتوین و پەتۆکانمان بە سەر لاقماندا داوە ، قوڕوقەپمان کردووە و تەمەشای یەکدی دەکەین . هەمیشە کە دەبوو بە سەعات حەوت ، شاممان ( شێو ) دەخوارد . لەم وەزع و حاڵە تازەیەدا ، وا دیارە نابێ چاوەڕوانی نایب زابتە خانەنشینەکە ببین . یاقووب ، قونکە جگەرەکەم لە دەست وەردەگرێت و مژێکی لێدەدات و بۆمی دەگێڕێتەوە .

دەنگی یەکێک لە برادەران ، کە زیاتر لە ورتەورت دەچێت ، لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- یانی دەڵێی ... !

ئاوڕ دەدەمەوە . کازمە . خەریکە ئاماژە بۆ دەرگای ژوورەکە دەکات .

هیچ شتێک لە قسە و ئاماژەکانی هەڵناکرێنم . دەنگی پێ لە ڕاڕەوەکەدا پەنگ دەخواتەوە . مەلیک لەبەر دەرگاکە دانیشتووە . گوێ لە دەنگی تێکەڵی پای کەسێک دەگرێت کە لە ڕاڕەوەکەدا پەنگاوەتەوە . ئەوسا بە پارێزەوە ڕادەبێت و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکات .

سەرپاسەوان ، پاسەوانەکانی بەرانبەر سالولەکە دەگۆڕێت .

لە درزی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە دەکەم . هێشتا ئوتومبیلە ڕەشەکە لەبەر نووسینگەی سەرۆکی زیندانی سەربازگەکەدا وەستاوە . ژوورەکە کڕ وکپە . هەندێجار هەناسەی یەکێ لە برادەران کە دەڵێی لە ئەوکی گیراوە ، بەردەبێت و سەرنجی هەموو برادەران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت . دووبارە ، لە درزی تەختەکانی نیودەریەکەوە (دەرکی بچووک ) تەمەشا دەکەم . ئوتومبیلە ڕەشەکە خەریکە لە دەرگای سەربازگەکەوە وەدەردەکەوێ .

دەنگی ئەندازیار سەیف ، حەواسم لە پەنجەرەکە دوور دەخاتەوە . سەیف بە نەرمی قسەدەکات . بەڵام قسەکردنەکەی بەجۆرێکە ، دەڵێی حەریری ناسک و بێ ڕەنگی ناو ژوورەکە دەخاتە لەرزە و ئاشووب دەنێتەوە .

- دەبێ چاوەڕوانی پێشهاتێک بین !

دڵم دەلەرزێ ، کازم لەبن لێوانەوە دەڵێت :

– بە گوێرەی ئەم نیشانانە بێ ، بێگومان ! ... قرەقرِی ساقی . ئوتومبیلە ڕەشەکە ...

– یەک ، دوو ... یەک .. دوو !

دەنگی عەریفی ئەو پاسەوانانەیە کە لە نۆرە ئێشک دەگەڕێنەوە .

– یەک ، دوو !

دەنگی پۆستاڵی سەربازەکان ، یەکنەوا و هاوئاهەنگە .

کاتی شام (شێو) تێپەڕیوە . هیچ هەواڵێک لە نایب زابتە خانەنشینەکەوە نەبوو . هەمیشە بۆ ئەوەی کارەکەی زووتر تەواو بکات و قابلەمە گەورەکە بخاتەژێر هەنگڵی و بڕواتەوە بۆ ماڵ تا بەر لە خەوتن بە منداڵەکانی ڕابگات ، پەلەی بوو تا هەرچی زووترە خواردن بە ئێمە بدات .

دیسان دەنگی پێ لە ڕاڕەوەکەوە دێت . ئێستا دەنگی بادانی کلیلەکەیە لە قفڵەکەدا و دەنگی وشکی ڤەبوونی زمانەی قفڵەکەیە . بێدەنگی ژوورەکە ، بە ڤەبوونی ( کردنەوە ) پەیا پەی دەرگا ئاسنەکانی سالولە ئینفرادیەکان ، دەشڵەقێ .

مەلیک ، لە کونی دەرگاکەوە تەمەشا دەکات . دڵم تاقەت ناگرێ . ڕادەبم و لە سەر نووکی پێ ، بە نێو برادەراندا کە هەندێکیان ڕاکشاون ، تێدەپەڕم و دەچمە پشت دەرگای ژوورەکە . لێوی برادەران نیشتووەتە سەر یەک . ئیسلام ئاه هەڵدەکێشێت . مەلیک ، چاوی لە کونەکە لادەبات . پێش ئەوەی هیچ بڵێت چاو دەنەم بە کونی کلیلەکەوە . دەرگای هەموو سالولەکانیان کردووەتەوە . ئەفسەری خەفەر و لە داوی ئەوەوە عەریف شەهری ، لە ڕاڕەوەکە وەدەردەکەون . چاوم لە کونی کلیلەکە لادەبەم و لە لای مەلیکەوە هەڵدەتروشکێم . چاوم بە ئەندازیار سەیف دەکەوێت کە لە سووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە . سەیف سەری دەلەقێنێ . شانەکانم هەڵدەتەکێنم .

بە ئەسپایی دەپرسێت :– چ باسە ؟!

– نازانم !

لە ناو ڕاڕەوەکەوە ، دەنگی ئاخافتن دێت . سەیف دووبارە دەپرسێت :– لە ڕاڕەوەکەدا چ باسە ؟!

هەموو چاوەکان بڕاونەتە دەمی من .

- دەرگای سالولەکانیان کردووەتەوە !

ڕۆژانی کۆتایی دادگاییەکەیان ، سەرەتای هەفتەی بووری بوو . هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو کە کەلەپچەیان لە دەست دەکرد و لە فاسیلەی ئەو چوار شەقاوەی نێوان گرتووخانەکە و یانەکەدا ، یەک فەوج سەربازی چەکدار دەوری دەدان . دەتگوت مەیدانی جەنگ بوو . دەوراندەوری یانەکەیان بە بازووکا و هاوەن و ڕەشاشی قورس دەتەنی و فەرماندە سوپاییەکان فەرمانیان دەدا و هاتوچۆیان لەزگین و دەستووراتیان بە سام بوو . بەرەبەیان دەڕۆیشتن و نیوەشەو دەگەڕانەوە . دوایەمین دانیشتنی دادگا ڕۆژانی شەممە و یەک شەممەی هەفتەی ڕابردوو بوو ، بیست و شەش سەعاتی خایاند . سەعات شەشی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ، بە سەری بەرزەوە ، بە چاودێری ڕیزێک سەرباز چوون بۆ دادگا و سەعات هەشتی بەرەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ، بە لەشی ماندوو ، داهێزراو ، خاوەوە ، بەڵام بە نیگای درەخشانەوە گەڕانەوە و لە داوی ئەم دانیشتنەوە بوو کە لە پڕ دەنگ لە هەموو لایەک بڵاو بووەوە کە حوکمی ئیعدامیان داون !

دەنگی نزمی ئەندازیار سەیف ، خاو و قورسە ، لەو سەری ژوورەکەوە باڵ دەگرێت و لە بەینی هەناسەی قورس و پەنگاوەی برادەرانەوە کە جار بە جار دەردەپەڕێ و لە ناو چواردیواری ژوورەکەدا باڵدەگرێت و سەر بە دیوارەکەدا دەکێشێت ، لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- هەموو سالولەکانیان کردووەتەوە ؟!

سەر دەلەقێنم .

زڕندی دەڵێت :- ئەدی پاسەوانەکان ؟!

- لەوێن ، ماون !

دوو بارە ڕادەبم تا تەمەشای ڕاڕەوەکە بکەم . ئەژنۆکانم (زرانی) دەلەرزن . تایەکەم خەریکە زۆرتر دەبێت . مەلیک جێگەی بۆ کردوومەتەوە تا ئەگەر عەریف شەهری ، لە پڕ بێت بە سەرا و فریا نەکەوم بچمە سەر جێگاکەی خۆم ، لای ئەوەوە بخەوم .

چاو دەنەم بە کونی کلیلەکەوە . ئەندازیار مورتەزا ، لە سالولی یەکەم هاتووەتە دەرێ و پەتۆکەی ڕاخستووە و دانیشتووە . کۆلۆنێل موبەشیری ، لە بەرانبەری دانیشتووە . ڕەنگی کۆلۆنێل موبەشیری وەکو گەچی دیوارە . سپینی چاوەکانی لێل و تاریک دەنوێنێ . ئەندازیار مورتەزا ڕدێنی تاشیوە و سمێڵە ڕێکەکەی ڕەش دەچێتەوە و ، هەموو لێوی سەرەوەی داپۆشیوە . کۆلۆنێل موبەشیری خەریکە داشەکانی شەترەنجەکە کۆدەکاتەوە . دەڵێی لە

نیگابانیەوە شەترەنجیان بۆ هێناون ، کۆلۆنێل ئەفشار ، بە باڵا بەرزەکەیەوە دەستی ناوەتە ناو قەدی و بە دیار سەریانەوە وەستاوە .

پاسەوانەکان لا کەوتوون و کاریان بە کاریانەوە نییە . ملازم یونسی ، لە سالولی حەوتەمەوە دێتە دەرێ . لنگی بە تاڵی پانتۆڵەکەی بە سنجاق هەڵکردووە . بە دارە تەقێ ، لە سەر لاقی ڕاست ، بە هەڵتەک هەڵتەک بەرەو سالولی یەکەم دێت .

– ... بیستت ؟!

– چی ؟

– شا گوتوویەتی ئەم یونسی یە بۆ ؟

– ملازم یونسی ؟!

– گوتوویەتی ئەمە بە پارەی من چووە بۆ ئەورووپا و مالیجەی کردووە و لاقیان بۆ دروست کردووە ، ئیدی بۆچی خیانەتی کردووە ؟

– خیانەت ؟

– لە دادگادا جوابی داونەتەوە .

– ملازم یونسی ؟

– لاقە دارینەکەی دەرهێناوە و تووڕی داوەتە ناوەندی دادگا و گوتوویەتی ئەگەر قەراربێ کە بە لاقێکی دارین گەوج بکرێم ، وا چاکە لاقم هەر نەبێ !

– ئافەرین !

سەری یەکێک لە پاسەوانەکان دەسووڕێت و تەمەشای دەرگای ژوورەکە دەکات . چاوم لە پشت کونی کلیلەکە دەدزمەوە و دادەنیشم . هەناسەم لە سینەمدا حەپس دەکەم . گەرووم دەخورێ . دەڵێی سەرمام بووە و خەریکە لێم پیس دەکات .

مێجەر ستایش دەپرسێت :– چ باسە ؟!

- له دەوری یەک خڕبوونەوە .

- له ڕاڕەوەکەدا ؟

سەر دەلەقێنم . ئەسڵەن تێناگەم . هەر کاتێ کە بۆ تەوالێت دەچووین و هەر جارێ کە بەبەر سالولەکاندا تێدەپەڕین ، پاسەوانەکان ، بە جۆرێ هەموو هۆش و گۆشیان بەلای دەرگا ئاسنینە داخراوەکانەوە بوو ، لە تۆ وایە دەترسن نەبا هەناسەیان لە دەرگاکەوە دەربچێ . هەندێجار کە ئازاری پێ و یان چەکاندن و خەواندنی پاژنەی پۆستاڵەکانم دەکرد بە بیانوو وبە شەلە شەل  و بە ئەسپایی بە بەر سالولەکاندا ڕەت دەبووم تا لە کونی دەرگا ئاسنەکانەوە ، چاوم بە یەکێکیان بکەوێ ، پاسەوانەکان بەجۆرێ خیسەیان لێدەکردم و یان کۆڵە مستیان بە بازووم و یا بە پشتما دەکێشا کە خێرا دەکەوتمە ڕێ بەرەو حەوشە چۆڵەکە . لێ هەنووکە دەرگای هەموو سالولەکانیان کردووەتەوە و هەموویان لە دەوری یەکدی خڕ بوونەتەوە و سەرگەرمی قسانن و سەربازەکان دوور کەوتوونەتەوە و پشتیان بە دیوارەکەوە داوە و هەقیان بە سەریانەوە نییە .

دەنگی یەکێک لە برادەران لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- بۆچی ؟!

بەهرام ، بە ئەسپایی دەڵێت :- لەوەیە حوکمەکەیان بۆ سووک کرابێ !

سەیف ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت :- سووک ؟!

لە پاڵ دەرگای ژوورەکە هەڵدەتروشکێم و جگەرەیک دادەگیرسێنم . دووکەڵی جگەرەکە ئازارم دەدات . سینگم خیزەخیز دەکات . دەڵێی خراپ سەرمام بووە . لاجانگەکانم دەزریکێنێ . خرووی گەرووم زیاتر بووە ، بەڵام دەڵێی گەرمای دووکەڵی جگەرەکە ، بە ئاستەم خرووەکە ، هێوردەکاتەوە .

دەکەومە کۆکەکۆک . مەلیک ڕادەبێت تا لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا بکات . لە ناکاوا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و یەکێک لە سەربازەکان ، کە یەکێکی دەستەباڵا و تۆکمە و سپیکەلەیە ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستێ ، لاقەکانی بڵاودەکاتەوە و دەستەکانی دەخاتە کەمەری و هاوار دەکات :- بۆچی ناخەون ؟!

شتاقمان فریا ناکەوین کە درێژ ببین . زۆربەمان دانیشتووین و پەتۆکانمان بە سەر لاقماندا داوە .

لە بەینی لاقی پاسەوانە سپیکەلەکەوە ، دەڕوانمە ناو ڕاڕەوەکە . هەموویان ، لە بەر سالولی یەکەم و دووەمدا لە دەوری یەکدی خڕبوونەتەوە . چەند کەسێکیان لە سەر پەتۆکە دانیشتوون و سەیری یاری شەترەنجەکەی کۆلۆنێل

موبەشیری و ئەندازیار مورتەزا دەکەن . یازدە کەسن . سەروان ئەبولحەسەن لە سالولەکە نەهاتووەتە دەرەوە . پێدەچێ دەرگای سالولەکەی داخرابێ . نەقیب ئەبولحەسەنیان هێشتا دادگایی نەکردووە . هیچ کاتێک لە پشت دەرگاکەوە ناوەستێ . لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتە گرتووخانەکە تا ئێستا ، یەک جار توانیومە چاوانی لە کونە چوار گۆشەکەی دەرگای ژوورەکەوە بدینم . ئەویش بۆ یەک ساتی زۆر گورزەرا ( تیژتێپەڕ ) کە تەنانەت فریا نەکەوتم بزانم چاوەکانی چ ڕەنگن .

برادەران ، ملیان قوت کردووەتەوە و لە بەینی هەردوو لاقی پاسەوانە دەستە باڵاکەوە کە هێشتا لە ناو چواچێوەی دەرگاکەدا وەستاوە و خۆی دەنوێنێ ، سەیری ناو ڕاڕەوەکە دەکەن .

ملازم یونسی دەستی دەجولێنێ . کۆلۆنێل ئەفشار ، هەردوو دەستی لە نێویەکدی دەنێ و دەیگوشێت و بزە دەکات . پاسەوانەکە هەست بەمە دەکات . فشەفشەکەی بە نیوەچڵی دێڵێتەوە و بە توندی دەرگاکە بەیەکدا دەدات . دەنگی پاسەوانەکە لە پشت دەرگاکەوە دێت :- ئەگەر نەخەون واوەیلا بەحاڵتان !

ولە بەر خۆوە دەبۆڵێنێ .

- ڕوویان ڕوو نییە ! چەرمی هەمەدانە ! لە جیاتی بتۆپن (بخەون) دانیشتوون و بەیت و حیکایەت دەگێڕنەوە !

دەنگی کۆلۆنێل موبەشیری دەژنەوم .

- لێ سەرکار ، ئێستا وەختی نووستن نییە !

سەربازە پاسەوانەکە کە چاوەڕوان نییە کەسێک قسە لە قسەی بکات ، بە تووڕەیی دەڵێت :

- ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە !

قسەکردنەکەی نێشدارە .

کۆلۆنێل ئەفشار لە قاقا دەدات . عەینی وەکو ئەو ساتانەی کە لە سەر سەکۆی شانۆکەی سەربازگەی عەباس ئاباد لە قاقای دەدا . ئەو ڕۆژانەی کە دەرسی ( تاکتیکی ) دەگوتەوە و وەختێ برادەران ماندوو دەبوون ، بۆ چەند ساتێک وازی لە دەرسەکە دێنا و سەری دەخستە سەر برادەران .

دەستەکانی دەخستنە ناوقەدی ، برۆ چرو پەیوەستەکانی بەرز دەکردەوە . ددانە درشت و ساف و یەکدەستەکانی بە دەر دەکەوتن و قاقاکەی لە ژێر میچی شانۆکەدا دەنگیدەدایەوە .

دەنگی ئارامی کۆلۆنێل موبەشیرییە .

– ئافەرین سەرباز ! ... لەوە دەچێ سەربازێکی بەزەبت وڕەبت بی !

ڕادەبم و لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکەم .

هەموو برادەران ، پەتۆکانیان لاداوە و هاتوونەتە پێشەوەو هەناسەیان لە خۆ بڕیوە و گوێیان قولاخ کردووە کە گوێیان لە قسەکان ببێت .

چاوە جوانەکانی نەقیب موحەقق دەبریسکێتەوە . گۆناکانی سپی دەچنەوە . ئەجزای دەم و چاوی کە گونجاو ودڵگیرە ، دەڵێی لە ناو چرِە تەمێکدا خەرمانەی داوە . نەقیب موحەقق ، شانی بە دیوارەکەوە داوە ، دەستەکانی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندووە و بە دیار سەری کۆلۆنێل موبەشیری و ئەندازیار مورتەزاوە وەستاوە کە ئێستا وازیان لە شەترەنجەکە هێناوە و تەمەشای سەربازە دەستەباڵا سپیکەلەکە دەکەن .

هەنیەی سەربازە پاسەوانەکە ، لە ژێر تیشکی گڵۆپەکەدا دەبریقێتەوە . ئارەقە لە لاجانگەکانیەوە هەڵدەقوڵێت و بە سەر گۆنا گۆشتنەکانیەوە ، کە وەکو چەوەنەر سوو بووەتەوە ، چۆڕاوگە دەبەستێ .

کۆلۆنێل سیامەک لە لای نەقیب موحەقیقەوە وەستاوە . دەستەکانی ناوەتە ناوقەدی و بە کاوەخۆ لە سەربازە پاسەوانەکە دەپرسێت :– خەڵکی کوێی هاوقەتار ( هاوپیشە ، هاوکار ) ؟

پاسەوانەکە ، چاوانی دەنێتە سەریەک و هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و هیچ ناڵێت . دەڵێی هەناسەی تەنگە .

نەقیب کلالی لە سەربازەکە نزیک دەبێتەوە و بەدەم زەردەخەنەوە دەپرسێت .

– هاوقەتار ! ... سیواتت هەیە ؟!

سەربازەکە ، لە پڕ هەڵدەچێت و هاوار دەکات :– نە !

خێرا دەچێتە دواوە و پاڵ بە دیوارەکەوە دەدا .

دووبارە قاقای کۆلۆنێل ئەفشار بەرز دەبێتەوە . چاوە ڕەشەکانی نقیب کلالی دەبریسکێتەوە . قژە پڕەکەی شێواوە . نەقیب مەهدیان دێتە پێشەوە و دادەنەوێتەوە و دەست دەخاتە سەرشانی کۆلۆنێل سیامەک و دەڕوانێتە سەربازە سپیکەلەکە ، کە ئێستا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و بە ناولەپ ئارەقەکەی سەر هەنیەی دەسڕێت . لێوە قەیتانیەکانی نەقیب مەهدیان هەڵقورتاون . چاوە شینەکانی کۆلۆنێل موبەشیری ، لە بەر ڕۆشناییە کزەکەی ڕاڕەوەکەدا ، تاریک

ولێڵ دێته بەرچاو . سەربازە پاسەوانەکە دوور کەوتووەتەوە و قوڕو قەپی لێکردووە. مەلیک ، شانم دەگرێت و لە بەر کونی کلیلەکە لام دەبات و بە خۆی دەکەوێتە تەمەشاکردن . دەنگی مێجەر بهنیا دەژنەوم .

– بۆچی تووڕە بووی هاوقەتار ؟!

بۆ یەک سات ، بەژنی بەرز ، ڕوخساری درێژ ، گۆنا زەق و چاوە نەجیبەکانی مێجەر بهنیا لە زەینمدا بەرجەستە دەبێت . هەمهەمەی پاسەوانەکان گوێم پڕ دەکات . هەمهەمە و ژاوەژاوەکە بەرز دەبێتەوە .

پێش ئەوەی فریا بکەوم مەلیک لەبەر کونی کلیلەکە بدەمە لاوە و سەیرێکی ناو ڕاڕەوەکە بکەم ، لەپڕ دەنگی عەریف شەهری وەکو تەرەقە ، لە ڕاڕەوەکەدا ، دەتەقێتەوە :– قەحپە دایکینە !

لە گەڵ سەربازەکانیەتی . هەموو دەنگەکان دەنیشنەوە . دەنگی عەریف لە ڕاڕەوەکەدا دەپەنگێتەوە .

– کێ ڕێگەی داون دەگەڵ زیندانییەکاندا قسەبکەن ؟

چاوم دەنەم بە کونی کلیلەکەوە . پشتی یەکێک لە سەربازەکان ، بەری کونی کلیلەکەی گرتووە .

– کێ پێی گوتوون لە دەوری ئەمانە خڕببنەوە ؟ ... یاڵڵا بۆ جێی خۆتان !

سەربازەکە ، لە بەر کونی کلیلەکە لادەچێت . عەریف شەهری ، گوێی یەکێک لە پاسەوانەکان دەگرێت و دەیسوێتەوە .

– هەموو قسەکانتان فەرامۆش کرد ؟!

چارەی ئەو سەربازەی کە گوێی بە دەستی شەهرییەوە بوو ، گرژ دەبێت و دەمی گرد وکۆ دەبێتەوە و ددانەکانی جیڕ دەبنەوە . سەربازە سپیکەڵەکە ، جورئەت پەیدادەکات و دێتە قسان .

– سەرکار ، سەرگروبان ، خەتای ئێمە نییە . خۆیان بە قسەوە گرتمانیان !

– دەمت داخە !

و گوێی سەربازەکە بەر دەدات و بلەز بۆ لای پاسەوانە سپیکەڵەکە دەڕوات و بە دەنگێکی نەوی کە لە تووڕەییدا دەلەرزێت ، دەپرسێت :– باشە ... خۆیان چییان گوت ؟!

سەربازەکە دەکەوێتە مینگەمینگ . یەک شەقەزلله بەر گۆنای دەکەوێت و قسەکە لە گەروویدا خەفە دەکات .

عەریف شەهری ، دەڕوات .

– وەرە ، لە دوای منەوە وەرە ! ... تۆ دەڵێم !

**

ئەو سەربازەی کە هاتووەتە جێگای سەربازە سپیکەلەکە ، باڵا بەرز و چوارشانەیە . سەری گەورەیە . چاوانی لە چاوێن فیل دەچێت ، تەنگ و بچووکە . عەریف شەهری کە ناگاتە شانی ، بەرانبەری دەوەستێ و دەڵێت :

– پۆستی تۆ ، ئەم دەرگایەیە ، تەنیا ئەم دەرگایە !

و ئاماژە بۆ دەرگای ژوورەکە دەکات و لە سەری دەڕوات .

– نابێ نە خۆت نەفەس بکێشیت و نە ئەم تاوانبارانە !

سەربازەکە ، لێوەکانی دەنێتە سەریەک و سەری دادەخات .

– زمانت لاڵ و گوێت کەڕە !

شەهری ، لە پڕ بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕوات . لە پاڵ مەلیکدا ڕادەکشێم .

– شەهری خەریکە دێت !

پێش ئەوەی برادەران فریای کوژاندنەوەی جگەرەکانیان بکەون ، شەهری دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە . دووکەڵ ، لە سەرانسەری ژوورەکەدا شەپۆل دەدات . بزەیەکی تاڵ دەنیشێتە سەر لێوانی شەهری وەکو چۆن سەگێکی هار کە کلکی لە گەڵۆزی ( ناوگەڵ ، بە تایبەتی بۆسەگ دەگوترێ ) دەنێت و ئامادەی پەلامار دەبێ ، بەو ئاوایە ، لە ژێر ددانەکانیەوە ، دەمرێنێ .

– .. قەبری باوکتان ، نووستوون ! ئای کە نە نووستوون !

هەناسە لە کەسەوە نایەت . دەزانین هەر قسەیەک بکرێ ، یەکسەر حەمامەکە و شەلاخ و دەستبەند قەپانی بە دواوە دێت .

شەهری هەر کارێکی بوێ دەیکات . بە خۆی بڕیار دەدات ، خۆی جێبەجێی دەکات و پاشانیش ئەگەر مەیلی لێبێ ، هەواڵ دەدات . دەستەکانی دەخاتە ناوقەدی و دەڵێت :– مەگەر قەرار نەبوو بخەون ؟!

گیرفانی پانتۆڵەکەی شەهری ئاوساوە . پەنجەی لە ناو قەدی دەخزێ و بەسەر ئاوساوی گیرفانەکەیەوە دەگەڕێ و یاری دەکات .

- ئەم کەڕەتە ، هیچ ! ... بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە و ببینم کە دووکەڵی جگەرە هەیە و یان هێشتا بێدارن ، حیسابتان بە مەیە !

و شەلاخەکە لە گیرفانی دەردێنێ و بای دەدات . شەلاخەکە لە حەوادا پێچ دەخوات .

- باشتر وایە بۆ خۆتان ئاقڵ بن !

و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ و دەرگاکە دادەخات .

هەناسەمان بەر دەبێت . نامەرد ، ئەگەر کەرێتییەکەی سەر بکات ، دەتوانێت یەک دەستە سەرباز بە کوتەکەوە بێنێ و بێتە ژوورەوە و دەرگاکە دابخات و لەم چوار دیوارەدا وەکو چەڵتوک بمانکوتێ . دەنگی پێی عەریف شەهری ، لەو سەری ڕاڕەوەکەدا خەفە دەبێت . دووبارە دادەنیشین و خۆمان لە پەتۆکانەوە دەپێچین . هەواکەی ساردە . ئێستا هەموو شوێنێک بێدەنگە . هەندێجار دەنگی فیتو و شاورێکی دوورو درێژ هەواکە دەبڕێت و فەزای ساردی مەیدانی سەربازگەکە وەکو شووشە شوخت دەکات . لە ناکاوا دەنگی بەرز و خۆشی نەقیب موحەقیق ، ختووکەی گیانمان دەدات .

" ڕابە ئەی داغی لەعنەت خوردەی "

" دنیای هەژاری و کۆیلایەتی "

" خرۆشاوە هۆشی ، مەی بردووە "

"بەچنگی مەرگ و ژیان "

دەنگی سەربازە ( فیل چاو )ەکە لە قووڵایی گەروویەوە بەرز دەبێتەوە . قسەکردنەکەی بەرزی و نزمی تیانییە . یەک هەواو یەک نەوایە . دەڵێی دوو خشتی خاوە و بە یەکدا دەدرێن .

- گۆرانی چرین قەدەغەیە !

دەنگی کۆلۆنێل موبەشیرییە .

- بۆچی ؟

- بۆچی و مۆچی نییه !

ئێستا دەنگی کۆلۆنێل ئەفشارە کە بە ئارامی دەئاخفێ :- کێ گوتوویەتی گۆرانی گوتن قەدەغەیە ؟

( بڵقەبڵقی ) یەک هەوای سەربازە باڵا بەرزەکەیە کە لە ئەوکیا قوڵپ دەدات و دەڕژێتە دەرەوە .

- من دەڵێم دەبێ هەمووان بێدەنگ بن !

کۆمەڵێک دەنگ بەجارێ بەرزدەبێتەوە : - گۆرانی گوتن تاوان نییە !

- با !

- بە دەستووری کێ ؟

- ئەم قسانە چیە ؟

- بخوێنە ! ( بڵێ )

- بێدەنگ !

- ئەسڵەن نابێ ...

- هێی ، لە گەڵ تۆمە !

لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکەم . سەربازە (فیل چاوەکە) هەر دوو کوڵە مستی دەگوشێت و بەرز دەکاتەوە . نێوچاوانە تەنگەکەی ، کە کوڵکەیەکی ڕەشی نیشتووەتە سەر ، گرژ دەبێت و دەمی بە ڕادەیەک دەکرێتەوە کە کۆتایی گەرووی دیارە .

- هیچ کەسێک هەقی گۆرانی گوتنی نییە !

دووبارە دەنگەکان تێکەڵ دەبن . ئاخافتنەکان پچڕپچڕ و نیوەچڵن .

- مافی ئەوەت نییە کە ...

- کێ ئەمەی گوتووە ... !

- ئەهۆی سەرباز ، لە گەڵ تۆمە ... !

- گۆرانی چڕین قەدەغەیە ... !

- بەڵام کەس ئەمەی ... !

- با ... سەرگروبان شەهری ...

سەربازی فیل چاو ، بە توندی هەر دوو مستی بە دەرگاکەدا دەکوتێ و هاوار دەکات :- بێدەنگ !

دەنگەکان ، کپ دەبن . سەربازی فیل چاو دەڕواتە پێشێ .

ماسوولکەی بازووەکانی لە کۆتەرەدار دەچێت . ئەگەر گوشاریان بدات ، قۆڵی کراسەکەی دەدڕێت . گەردنی بە تەور نابڕێتەوە . دیسان دەڵێی دوو خشتی ئەستووری خاو ، پێکا دەدرێ و کۆڵە مستی لە هەوادا با دەدات .

- ئەمە دەستووری منە ! کارم بە سەرکار شەهریشەوە نییە . گۆرانی وتن قەدەغەیە . سوعبەتم لە گەڵ کەسیشدا نییە !

و بە مست ، دەکێشێت بە هەنیەی خۆیدا !

عەریف خەفەر ، لە ژووری پاسەوانییەوە وەدەردەکەوێ و دێتە ناو ڕاڕەوەکە . زاری پڕە . بە دەم پاروو جوونەوە ڕوودەکاتە سەربازە فیل چاوەکە .

- نایەڵن ، پارووە شامەکەمان بخۆین ؟

سەربازە فیل چاوەکە ، بەر خەبەبەی پڕ با دەکات ودەڵێت :- گۆرانی دەڵێن !

- گوێم لێبوو !

- نابێ گۆرانی بڵێن ... سەرکار شەهری گوتی !

عەریف خەفەر ، پارووەکەی قووت دەدات . بەژن و باڵای چیوای لە سەربازە فیل چاوەکە کەمترنییە .

- لێرە من بەرپرسی پاسەوانیم !

- بەڵام ...

عەریف خەفەر ، دەنگی قەبە دەکات :- هەر ئەوەیە کە گوتم !

سەربازە فیل چاوەکە ، پاژنەی پێی جووت دەکات . عەریف خەفەر لە سەری دەڕوات .

- تۆش بە ئیزنی من هاتیە ئێرە !

- بەڵێ سەرکار !

عەریف خەفەر دەڕوات . سەربازە فیل چاوەکە بۆ لای دەرگاکە دەگەڕێتەوە . لەبن لێوانەوە دەبۆڵێنێ . باش تەمەشای دەکەم . باڵا بەرزەکەی و هەنیە تەسکەکەی و ڕێو ڕۆیشتنەکەی ئاشنا دێتە بەرچاوم . پێموایە یەکێکە لە دوو سەربازە هاوقەد وباڵایەی کە ئیحسانیان لە سەر تەختەکە درێژ کرد . ئەوانەی کە ئیحسانیان فەلاقە کرد .

دووبارە زەمزەمەی نەقیب موحەقیق بەرز دەبێتەوە .

" بژنەو ئەی جەلاد "

" مەپۆشە چارەت بە دەستانی خوێناوی "

" خەڵکی بەسەد نەخش و نیشان دەتناسن "

دەنگی لانس وەر دەگرێت . دڵ دادەلەرزێنێ . دەڵێی هەر وشەیەکی لە ژێر باری قورسی تووڕەییدا ، دەبێ بە تەشبریقێ کە وەکو زریان هەموو شتێک دەدات بە یەکا و ڕادەپێچێ .

" دەدرەوشێتەوە لە ژێر بریقەی چەکمەکانی تۆدا "

" پەڵەی خوێنی داوێن گیر "

" لە کێو و دەشتا بڵاو بووەتەوە "

" ناوی نەنگینی تۆ ، بابمرێ ... "

" بەجێ ماوە ، لە خوێنی شەهیدان "

" بە سەر سەڵبەندی ڕێگاوە "

" نەخشی هاوارێک "

" ئەی جەلاد ! "

" خەجاڵەت خۆت "

" خۆت بە خۆت بی "

دە دەقیقە لە سەعات هەشت بوریوە . چ هەواڵێک لە شامەوە نییە . دیارە ئێستا ، نایب زابتە خانەنشینەکە ، دەگەڵ منداڵەکانیا ، شامی خۆیان خواردووە . کەسمان دڵمان پێوە نییە کە بخەوین . تەنانەت مەیلی ڕاکشانیشمان نییە . نیگای هەموو برادەران پرسیارئامێزە . هێشتا سەرمان لەوە دەر نەکردووە کە بۆچی ئەفسەرەکانیان ئازاد کردووە کە لە دەوری یەکدی دانیشن و قسەبکەن و یاری شەترەنج بکەن و گۆرانی بچڕن . ڕۆژانی دی ، کاتێ کە پاسەوانەکان ، گرژ وپەست بوایەن — و زۆربەی کات گرژ و پەست بوون — مافی ئەوەشیان نەبوو کە لە کونی دەرگای سالولەکەشەوە تەمەشای دەرەوە بکەن .

بە دەگمەن ڕێدەکەوت کە پاسەوانەکان دەرفەت بدەن چەند قسەیەک دەگەڵ یەکدا بکەین .

– سڵاو جەنابی کۆلۆنێل .

– سڵاو !

– حاڵتان چۆنە ؟

– باشم ، تۆ چۆنی ؟

– یانی ، خراپ نیم .

– دەنگ و باس ؟!

بەر لە دوو هەفتە ، دوای شام کە چوو بووم بۆ تەوالێتەکەی تەنیشت ژوورەکەمان ، کۆلۆنێل ئەفشاریش لەوێ بوو . بە سەر دەستشۆرەکەوە دانەوی بووەوەو ددانەکانی دەشۆرد . پاسەوانەکە ، لە بەر دەستشۆرەکە ڕاوەستابوو . دەتگوت بە ئەنقەست خۆی لە کەڕی دابوو .

– حاڵت چۆنە جەنابی کۆلۆنێل ؟

پشتی ڕاستکردەوە و گەردنی هەڵبڕی و چاوە جوانەکانی لە چاوم بڕی . بۆ ساتێک لە تیشکی چاوەکانیا پەشۆکا بووم .

– تۆ !

دەنگی کۆلۆنێلی لەرزاندبوو . یەکسەر لە جێی خۆم ڕاپەڕی بووم و خەبەردار وەستابووم .

- چیم گوت ؟

پەشۆکا بووم و کەوتبوومە لاڵەپەتە .

- من ... جەنابی کۆلۆنێل ... خەریک بووم شێوەی تەختەم دەکێشا .

برۆ ڕەش و پڕەکانی کۆلۆنێل چوو بوون بەیەکا و وشک و عەبووس گوتبووی .

- یەک هەفتە حەپس !

پاسەوانەکەی بەر دەستشۆرەکە خۆی لە گێلی دابوو . پشتی بە ستوونەکەوە دابوو و سەیری بەرپێی خۆی دەکرد .

- حاڵت چۆنە جەنابی کۆلۆنێل ؟

- باشە !

پاسەوانەکەی حەوشە چۆڵەکە ، هەواڵی بۆ ئەندازیار سەیف هێنابوو ، سەروسەدا دنیای پڕکردووە .

- خەبەر وباس؟!

- پێموایە مەحکومییەتی ئێوە گەل قورس نابێت.

وەکو هەمیشە بزەیەکی کرد و سەری بەرز کردەوە و پرسی :- بۆچی پێت وایە ؟

- بیستوومە کە لە دنیادا ، لە هەموو جێیەک ناڕەزایی هاتووەتە دەربڕین . نوێنەرایەتیە سیاسی و سەفارەتخانەکانیان بەرد باران کردووین .

بەینی برۆکانی چرچ بوون و ئاخافتنەکەی دڵی دالەرزاندم .

- ئەمە حەقیقەتە کە دەبێ خوێن برژێت تا ئەم میللەتە ڕاپەڕێ !

دڵم داخورپا . لە پڕ حاڵم خراپ بوو . ورەم ڕوخا . هەستم بە بچووکی کرد . هەستم کرد کە هیچ نیم !

پاسەوانەکە هاتە ژوورەوە . بە ئارامی گوتی :- تۆزێ خێراتر ... لەوەیە شەهری پەیدا ببێت !

ئەگەر چاوی شەهری دوور بوایە و ئەگەر پاسەوانەکان دەرفەتیان بدایە لە حاڵی یەکترمان دەپرسی .

- دوێشەو باش خەوتی جەنابی نەقیب ؟

- هم ! خراپ نەبوو .

دوو سێ شەوێک بوو کە تا درەنگانێ نەدەخەوتن . هەندێجاردەنگی گۆڕانی بوو کە بە ئاستەم دەهاتە بیستن و هەندێجار دەنگی کۆکەیان بوو و هەندێجار ( چکەچکی ) مۆرس بوو کە کەڕ دەبووین و گوێمان هەڵدەخست تا بەڵکو پەیامەکەیان وەربگرین .

سەیری سەعات دەکەم . هەڤدە دەقیقە لە دە لایداوە . خرووی گەرووم زۆرتر بووە . تایەکە بەری داوم بەڵام سەرم قورسە . شەوەکانی دیکە کە دەبوو بە سەعات نۆ ، هەموو دەخەوتین . ئەم ڕۆژانە ئەوەندە دادەنیشین کە دڵمان لە دانیشتن تێکهەڵدێ . ئەو ڕۆژانەی کە لە سی نەفەر کەمتر بووین ، بەلای کەمەوە دەمانتوانی لە بەینی خۆماندا باریکە ڕێیەک بکەینەوە و بە نۆرە ڕاوێچکە بکەین . بەڵام کە لە سی نەفەر زۆرتر بین ، ڕاوێچکە دەبێ بە عەزرەتی دڵمان . دەبێ هەڵبتروشکێین و قسان بکەین و یان ئەگەر حەوسەڵەمان هەبێت ، یاری شەترەنج بکەین . ڕۆژان ، ئەوەندە دادەنیشین ، بڕبڕەی پشتمان بە ڕادەیەک دەداتە ژان و خوێن لە پامانبە جۆرێ دەپەنگێتەوەو پامان وەها دەئاوسێ کە ناچارین هەستین و لە شوێنی خۆمانەوە ئەم پێ و ئەو پێ بکەین .

ڕۆژان زۆر بە خاوی دەبوورێ . هەرچی قسەمان هەن بۆ یەکترمان گێڕاوەتەوە و خاڵی بووینەتەوە . تەنانەت جاری وا هەبووە کە یەک بابەتمان چەند جارێک گێڕاوەتەوە . هەمیشە چاوەڕوانین یەکێکی تازە بێت تا هەم خەبەرو باسی دەرێ بزانین و هەم بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک گفتوگۆمان مسۆگەربێ . هەرکە سەروسیمای کەسێکی تازە پەیدا دەبێت و لە سووچێکدا کزکۆڵە دەکات و لە خۆیدا غەرق دەبێت ، زڕندی باریک دەبێتەوە و خۆی دەگەیەنێتە کنی و هەڵدەتروشکێ .

- جگەرە دەکێشیت هاوڕێ ؟!

زڕندی بەخۆی جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و دەیداتێ :- چۆنی هاوڕێ ؟

یارۆی تازەهاتگ ، بە نە باوەڕی دەڕوانێتە زڕندی . زڕندی خۆی فەقیردەکات ، ملی کەچ دەکات ، مژ لە جگەرەکەی دەدات و بە کاوەخۆ دێتە قسان . دەڵێی دەگەڵ خۆیدا دەئاخفێ .

- زۆر ناخۆشە کە بەشەر بخرێتە چوار دیوارێکەوە و لە هەموو دنیا بێ ئاگابێت !

تازە هاتگەکە ، بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، سەیری زڕندی دەکات و دەچێتە دواوەوە و خۆی گردوکۆ دەکاتەوە

- فەرموو بکێشە ... !

نیوەجگەرەکەی بۆ درێژ دەکات :- لێرە ، تەنانەت ، یەک مژی جگەرەش ، دەستکەوتە !

دیسان ، تازە هاتگەکە ، بەگومانەوە سەیری زرِندی دەکات و جگەرەکەی لێوەر ناگرێت .

- زۆر باشە . مەکێشە هاورِێ ... بەڵام ، دوو سی رِۆژی دی ، تۆش وەکو من بەیەک مژی جگەرە رِازی دەبیت ! ... تەنانەت بەوەش رِازی دەبیت کە وەختی خۆت بەرِاوە مەگەزەوە بە سەر بەری ! ... بە لاستیکی دەرپێ مێش رِاوبکەی .

تازەهاتگ کە هەستدەکات زرِندی وەکو گەنە پێوەی نووساوە ، دەرِوانێتە رِوخساری یەک بە یەکی برادەران کە هەمووان ژێراو ژێر چاودێری کارەکانی زرِندی دەکەن .

- دەنگ و باسی دەرەوە چیە ؟!

تازە هاتگ ، بەرە بەرە دێتە قسان :- هیچ !

زرِندی ، مژ لە جگەرەکەی دەدات و نەفەسێک تازە دەکاتەوە و یەکسەر قسەکە دەگۆرِێت و لە تازە هاتگەکە دەپرسێت .

- ئێستا حەزت دەکرد ئازاد بی و بۆ خۆت لە ئەستەمۆڵ پیاسە بکەی و هیچ خەم و خەیاڵێکت نەبوایە ؟!

تازە هاتگ کە سەری لە پرسیارەکەی زرِندی دەسورِمێ ، دەجووڵێ و تەمەشای زرِندی دەکات و هیچ ناڵێت .

- نە ... بەجدیمە ! ... باوەرِبکە هاورِێ بە جدیمە . حەزدەکەی ئێستا بۆ نموونە لە لالەزار بی و سەڵانە سەڵانە پیاسە بکەیت و بگەرِێی و تەمەشا بکەیت و ئەگەر دڵت پێوەبوو ، تەمەشای کیژانی شەنگوڵ بکەی ؟!

تازەهاتگ ، بە قسەکانی زرِندی دەپەشۆکێ . سەری لێدەشێوێ و متەقی لێوە نایەت . دیسان زرِندی ، خوێنسارد ، بەتاقەت ، و بە گەردن کەچی قسە دەکات .

- بۆچی دەمت نووقاندووە هاورِێ ؟! ... بۆ هیچ ناڵێیت ؟

هەندێجار تازە هاتگ ، بۆ ئەوەی شەرِی زرِندی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە ، بە خەمباری دێتە قسە .

- بابە تۆش دڵت خۆشە !

ئێستا ، زرِندی دەزانێت کە یارۆی تازەهاتگ کەوتووەتە داوەوە و بیەوێ و نەیەوێ هاتووەتە قسە . ئیدی مۆرکێکی دڵسۆزی بە قسەکردنەکەی دەدات و دەڵێت :- دەزانی کە گریمانە و فەرزی مەحال ، مەحاڵ نییە ! ... ئێستا ، ئەگەر بۆ نموونە لە شەقامی تەختی جەمشید بوایەی و بۆ نموونە دیدارو ژوانت دەگەڵ دەستگیرانەکەتدا هەبوایە ، کوێی دنیا دەڕووخا ؟!

نیگای تازە هاتگەکە هاواری دەکرد کە هەزار فیکر و خەیاڵ لە زەینیدا تێکەڵ بووە و لە دەستی زرِندی جاڕز بووە.

زرِندی ، یارۆی تازەهاتگ بەرنادات . ئێستا وردە وردە ، هەمووومان ئامادە بووین و هەناسەمان لە خۆ بڕیوە .

- هاورێ نەتگوت . بە ڕاستی حەز ناکەیت کە ئێستا لەگەڵ بەژن زراڤ و چاو و برۆ جوانێکا ... !

تازە هاتگەکە بزەیەکی دێتێ و خۆی لە قسەکەی زرِندی هەڵدەقورتێنێ .

- تۆش عەجەب تاقەتێکت هەیە بابە !

- باشە ، دەی زۆر باشە ... ! باسی ژن و کچ و ئەم شتانە لابە ! ... بە ڕاستی حەز ناکەیت ئازادبیت و ...

تازە هاتگەکە ، هەندێجار درەنگ دێتە قسە ، لێ زرِندی تا نەیهێنێتە قسە ، دەستبەرداری نابێت .

- .. ئازاد بی و بۆخۆت لە شەقامەکاندا پیاسە بکەیت و ئەگەر ماندوو بوویت لە شوێنێ دانیشیت وقاوەیەکی تورک ... !

و تازە هاتگ بۆ ئەوەی لە قیرسچمەیی زرِندی ڕزگار بێ ، مل دەدات و دێتە قسە :- زۆر باشە بابە، حەزدەکەم!

کە لەپڕ ، هەمووومان بە جارێ ، هەناسەمان ڕەها دەبێ و هاوار دەکەین :- هیی ، یە !

وقاقای پێکەنین بەرز دەبێتەوە و یارۆی تازە هاتگ ، لە غەریبی دەخەلەسێ و قسان دەست پێدەکات و ئیدی تا یەک دوو ڕۆژی دی قسانمان دەبێت کە بیکەین .

چیوای بۆ سەعات یازدە نەماوە . هێشتا هەموو برادەران بێدارن . هەموو قوڕ وقەپیان لێکردووە . هەموو چاوەڕوانی ئەو بویەرەن کە دەبێ ڕوو بدات . نیگاکان یەکانگیر دەبن ، لێکدی دەترازێن و بە دەوراندەوری ژوورەکەدا دەگەڕێن و سەرگەردان دەبن . هەندێک لە برادەران بە جۆرێ بێدەنگن دەڵێی بە عەمراتیان قسەیان نەکردووە و هەندێکیان بێئەوەی چاو بتروکێنن ، بە جۆرێ تەمەشای بەرانبەر دەکەن کە دەڵێی چاویان نابینێ .

ئەندازیار سەیف ، لە سووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە . مێجەر ستایش لەلایەوە ڕۆنیشتووە . نەفەسی ئەندازیار سەیف بەر دەبێ . دەڵێی ئاە هەڵدەکێشێت . ناو ڕاڕەوەکە کڕو کپە . تەنانەت دەنگی ڕاوێچکە بەوەخت وناوەختی پاسەوانەکانیش خەفە بووە . پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . هەزار و یەک بیرو خەیاڵ هێرشی بۆ زەینم هێناوە . تەمەشای یەک بە یەکی برادەران دەکەم . دەڵێی هەر هەموویان هەمان حاڵیان هەیە . چەند دانەیەکیان ، هەر بەدانیشتنەوە وەنەوز دەدەن . ملیان خوار دەبێ ، سەریان قورس دەبێ و بەلادا دەکەوێ . هەندێکیان ، لە پڕ ڕادەچلەکێن و چاویان هەڵدێنن و هەندێک بە ملی لارەوە وەنەوز دەدەن . یاقووب لە لامەوە دانیشتووە . چەناگەی بەسەر سینگ و بەرۆکیا بەربووەتەوە . سەیف پاڵی بە دیوارەکەوە داوە و تەمەشای دیوارەکەی بەرانبەر دەکات . حەسەن و عەتا ، لە ناوەندی ژوورەکە دانیشتوون . پشتیان بە پشتی یەکەوە داوە و زرانییان ( ئەژنۆ ) لە باوەش گرتووە . عەتا هەنیەی ناوەتە سەر ئەژنۆکانی . ملی حەسەن خوار دەبێتەوە . دەڵێی وەنەوز دەدات . لە پڕ سەری دەکەوێتە خوارەوە ، تەکان دەدات و سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری دەوروبەر دەکات . کازم و کەمال لە پای دیوارەکەی بەرانبەر دانیشتوون . شان و سەریان ناوە بە یەکەوە . چاوانی کەمال نوقاون . ڕەحمەت و مەلیک ، لەبەر دەرگاکە بە پاڵ یەکەوە خەوتوون . زرێندی و بەهرام ، دوورتر لە کازم ، پشتیان بە پشتی یەکەوە داوە . ئیسلام لە سێسووچی ژوورەکەدا کزکۆڵەی کردووە . ڕەنگی عەینی گەچی دیوارە و چاوە ڕەشەکانی دەدرەوشێنەوە . سی و سێ ، سی و چوار نەفەرین . چەند دانەیەک ڕاکشاون و وەکو خشت بە پاڵ یەکەوە ڕیز بوون . دەنگی نزمی سەیف ، خاو وقورس ، لە بێدەنگی ژوورەکەدا ، وەکو مێکوت بە سەرو ڕووی هەمووواندا دەکوترێت .

– پێتان وانییە کە ئەمشەو ، دوا شەویان بێ ؟!

دەنگ ، لە ئەوکی یەکێک لە برادەران دەگیرێت .

– ئیعدام ؟!

لە پڕ ڕادەچڵەکم . هەموو برادەران ڕادەچڵەکن . هەموو نیگاکان بۆلای ئەندازیار سەیف وەردەگەڕێن . ئەندازیار سەیف عەجەب سەرێکی گەورەی هەیە . بە هیچ جۆرێ لە گەڵ لەشیا ناگونجێ . تەنانەت لە دەم و چاویشی نایەت . چەناگەی باریکە . گۆناکانی ڕەق و بچووکن . کاسەی سەری لە لای لاجانگەکانیەوە یەکسەر گەورە دەبێت . چاوانی گەورەن . وەکو چاوانی ئەسپ وان .

ئەندازیار سەیف خەریکە تەمەشام دەکات . سێبەری برژانگە درێژەکانی کەوتووەتە ژێر کاسەی چاوانی . ڕووناکی گلۆپەکە لە سەرەوە لە نێوچەوانی دەدات . هەنیەی دەدرەوشێتەوە . دەڵێی — بەم هەوا ساردە — ئارەقەی

کردووەتەوە . هێشتا هەر خەریکە تەمەشام دەکات . تەمەشاکردنەکەی قورسە . وادیارە دەبێ شتێک بڵێم . جورئەت ناکەم . دەنگ لە ئەوکم دەگیرێت . هەوڵدەدەم تا قسان لەزارم دەربچێ .

- نە ! ... ئەمە زۆر بە ئازارە ! ... نە ... مەگەر چۆن ؟!

بەڵام ، لە کانگای دڵمەوە هەست دەکەم کە قسەکەی ئەندازیار سەیف ، بێ سەروبەر نییە .

هەموو برادەران ملیان قووت کردووەتەوە و تەمەشای سەیف دەکەن . دەڵێی هیچکەسێک لە خەودا نەبووە . دەڵێی هەمووان درێژ بوو بوون و یان چاویان لێکنابوو ، تا هیچکەسێک قسەیان لە گەڵدا نەکات . دەڵێی هەموو بە درۆوە خۆیان کردبووە خەوتوو .

عەتا لەبن لێوانەوە دەبۆڵێنێ :- لەوەشە ! ...

حەسەن ، سەری وەرگێڕاوە و بە زاری نیوە بەشەوە سەیری عەتا دەکات . هەناسەی ئیسلام بەردەبێت . دەڵێی چەندین سەعاتە هەناسەی لە سینگیا پەنگاوەتەوە . قسەکردنی وەکو چینی درز بردوو ، ڕەونەقی نییە .

- یانی شتی وا دەبێت ؟!

تا ئێستا ، دڵمان شپرزە بوو و هەوڵمان دەدا چارەمان ئارام بێ . بەڵام ئێستا ، بە قسەکانی سەیف ، ئەو شتەی کە گوممان کربوو و لە دووی دەگەڕاین ، دۆزییەوە .

- دوا شەوی ئەفسەران !

شپرزەیی ، لە دڵمانەوە سەر دەکات و لە چارەماندا خۆی دەنوێنێ و چاوانمان پڕ دەکات . دەنگی ڕەحمەت گومان ئامێزە . دەنگی لەرزۆکە :- نە ! نە ! نە ! ... شتی وا مەحاڵە !

دڵم دادەخورپێ ، لە تۆ وایە دەڵێت :- بەڵێ !

دەنگی ڕەحمەت وەکو میزڵدان گەورە دەبێت و پانتایی ژوورەکە پڕ دەکات و لەپڕ دەتەقێ و دەنگەکان تێکەڵ دەبن و وەکو جەزرەبەیەک ، بەکاسەی سەرما دەکەوێت .

- بەڵێ !

- بەڵێ ! ... ئیعدام !

- دواشەو !

- دوایەمین شەو !

قونکە جگەرەکە لە نێوان پەنجەکانمدا دەپلیشێنمەوە . سەری پەنجەکانم دەسووتێ . فوویان لێدەکەم و خۆ بە خۆ جگەرەیەکی دی دادەگیرسێنم و لە بەرخۆوە ورتە ورت دەکەم .

- بە ڕاستی دوا شەویانە ؟!

و ئەگەر دوا شەویان بێ ... ئەگەر ... !

سبەی کە هەتاو هەڵبێ ، ئیدی ڕێکردنە گورج و گۆڵ و زیندووەکەی کۆلۆنێل سیامەک نابینم .

- سڵاو جەنابی کۆلۆنێل !

- سڵاو ، حاڵت چۆنە ؟

- ئیدی ، هەناسە دەدەم .

چاوە گەورەکانی کۆلۆنێل سیامەک دەدرەوشێنەوە .

- هەناسە دەدەی ؟! ... هاوار بکە !

لە هەمووان بە تەمەنترە ، بەڵام لە هەمووان ، بەجۆش و خرۆش و چالاکترە .

- بۆچی دڵتەنگی ؟ ... شاد بە ، ورە بەرز بە . ئێوە بەردەبن ... بەڵام لە بیرتان بێ ...

دەم بە بزەو چالاکانە قسە دەکات .

- .. لە بیرتان بێ کە ئێرە چ دۆزەخێکە ! ... بۆ هەموو کەسێکی بگێڕنەوە . بۆ هەموو کەس . دەبێ هەمووان ئەو ڕاستیە بزانن کە ئێمە هەموومان خزمەتمان بە وڵات کردووە . هەمووان ئەو ڕاستیە بزانن کە ئێمە هەمووومان خۆشی و سەرفرازی وڵاتمان دەوێ . خەباتی ئێمە لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادی ، ئابڕوو ، خۆشگوزەرانی و کەرامەتی هەموو خەڵکی وڵاتدا بووە ...

کە دەبینێ چاوی پاسەوانەکی لێدوورە ، لە یەکبینە قسە دەکات .

– ورەت بەرزبێ . شاد بە ! ... ئێوە بەردەبن . بەڵام لە بیرتان بێ ... بەهەمووان بڵێن کە ئێمە ، بە شانازی و سەرفرازییەوە ، پێشوازی لە شەهادەت دەکەین .

سبەی کە هەتاو هەڵبێ ، ئیدی نیگای دڵگیری کۆلۆنێل ئەفشار نابینم . باڵای بەرزو پایەدار و کۆڵنەدەر ونیگای میهرەبانی مێجەر وەکیلی نابینم . چارەی نەجیبی ملازم واله و ڕەفتاری ئاسوودە و ئەرخایەنی نەقیب یونسی و خەندەی دڵنەوازی ئەندازیار مورتەزا نابینم .

– سبەی ... بەر لە هەتاو کەوتن !

دیسان ، ئەندازیار سەیفە قسە دەکات . دەنگی لە بێدەنگی ژوورەکەدا ، خاو و خەمناک شەپۆل دەدات و دڵمان تەنگ دەکات . دەڵێی لە جیاتی هەموومان قسەدەکات ، قسەی دڵ و ویژدانی هەموومان دەکات . هەموو قوڕو قەپمان کردووە . لێومان هەڵقورتاوە و چوینەتە قاوغی خۆمانەوە و ئەندازیار سەیف ناو بە ناو ، ئەم بێدەنگیە دەشڵەقێنێ و ئاشووب لە دڵماندا بەر پا دەکات .

– بەر لە خۆر کەوتن !

ڕق خەریکە خەفەم دەکات .

کە خۆر هەڵبێت ، ئیدی ژیانی کۆلۆنێل موبەشیری بەو هەموو جوامێری و دلاوەری و سەر ڕاستیەوە کۆتایی دێت . ژیانی نەقیب موحەقیق ، ئەو پیاوەی کە یەکپارچە باوەڕ و ئازایەتیە ، وەکو چرایەک لە بەر تۆفان و ڕەشەبادا بێت ، دەکوژێتەوە . گولله ، سینگی نەقیب کلالی دیواو دەر دەکات . باڵای مێجەر بهنیا خڵتانی خوێن دەبێت و ناوی نەقیب مەهدیان دەبێت بە داستان . نە !... سەرم خەریکە دەتەقێ . ئێستا تیدەگەم کە بۆچی دوای نیوەڕۆژە ، ڕێگەیان دان کە کەس و کاریان بدینن .

کە نیوەڕۆ بووری ، بەر دەرگای سەربازگەکە و پشت محەجەرە ئاسنینەکە ، قەرەباڵغ بوو . هەموو تێکەڵی یەکتربوون . لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەوە تالای دەرگا پانەکەی سەربازگەکە ، سێ سەد مەتر زیاترە . چاوەکانم چکۆلە کردنەوە تا بوردیان زۆرتر بێ . ژنان ، پیاوان ، منداڵان ، هەموو پێکەوە ، لە پشت شیش بەندەکەوە ، وەستابوون . دەنگیان لە دوورەوە دەبیسترا . بۆ یەک سات چاوانم نوقاندن تا بیر لە قەد و قەڵافات و سەرو سیمای ئەو خەڵکانە بکەمەوە کە پێکەوە دەهاتن و دەچوون . سیمای هەموویان لە دوورەوە وەکو یەک بوو . باڵای مامناوەندی ئەو پیاوە ، لە باوکم دەچوو ، بەڵام بۆچی دەلەنگێ ؟ .. لاقی چی لێهاتووە ؟ ... لەوەیە برای کۆلۆنێل سیامەک بێ ... و ئەدی هۆو ژنە ؟ ... نەکا خوشکەکەم بێ ، یان دەزگیرانەکەی ملازم واله بێ و یا ... چاوەکانم

کردنەوە . هەموویان تێکەڵی یەکدی بوون . کۆمەڵێک خەڵک ، ئاپۆڕایەکی فرە لە گەنج و پیر و ژن و پیاو وکچ وکوڕ و هەموو ، کەس وکاری ئێمە .کەس و کارێنزندانیانی زندانی گشتی و کەس و کارێن زیندانیانی سالولانی ئینفیرادی ، بێئەوەی بزانین کێ کێیە و کەس وکاری ئێمە کامانەن .

دەنگی حەشیمەتەکە سات بە سات زۆرتر دەبوو . نەقیب جانب لە نووسینگەکەی هاتە دەرەوە . سەربازە چەکدارەکان لە بەر دەرگای سەربازگەکە کشانەوە . پاسەوانەکە زنجیرەکەی کردەوە . حەشامەتەکە ڕیزکران و پاشان ، بە دەستەی چەند نەفەری ، ژن وپیاو و منداڵ ، دوا بە دوای یەک هاتنە ژوورەوە .

هەر دەستەیەک سەربازێکی لە گەڵ بوو . بەرەو دەرگای گرتووخانەکە هاتن . لە هەتەری چاوم دەرچوون . گۆنای چەپم نا بە کەتیبەی پەنجەرەکەوە و لە گۆشەی تەنگی دیدمەوە ، لە نێو حەشامەتێکدا کە دەوری ئەفسەرەکانیان دابوو ، توانیم کۆلۆنێل ئەفشار بدینم کە بازوانی بچووکی کچە منداڵەکەی گرت و لە ئەرزەکەی هەڵگرت و بە سینگی خۆیەوەی گوشی .

دیداری دوای نیوەڕۆ ، بە هەموو جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکیەوە ، بە هەموو دەنگە دەنگ و هەرا و هەنگامەیەکیەوە ، نەیتوانی بوو ئەو قەناعەتەمان لا دروست بکات کە لەوەیە ئەمە دوا دیداریان بێت و ئێستا کە چیوای بۆ نیوەشەو نەماوە ، لەوە دەچی کە قسەکەی ئەندازیار سەیف ، لە پڕ چاوی هەموو برادەران بکاتەوە .

– داویەمین شەو !

جگەرەکەم دەکوژێنمەوە و پاڵ بە دیواری ژێر پەنجەرەکەوە دەدەم . برژانگەکانم دێنەوە سەریەک . ناو ژوورەکە کڕوکپە . مەیدانەکە بێدەنگە . هیچ دەنگێک لە ڕاڕەوەکەوە نایەت .

لە سی نەفەر زیاترین . چاوانی هەموان نوقاوە بەڵام کەس نەخەوتووە . هەندێجار یەکێک پرخەیەک دەکات . هەندێجار یەکێک ئاهێک هەڵدەکێشێت و هەندێجار قسەیەک کە بەربینی کەسێکی گرتووە ، دەر دەپەڕێ و وەکو کۆترێکی پێکراو سەر دەکێشێت بە دیوارەکانی ژوورەکەدا تا گیانی دەربچێت و ئیسراحەت بکات .

ئێستا هەموو دڵنیابووین کە ئەوەی نابێ ڕوو بدات ، سبەی بەر لە خۆر هەڵاتن ، لە تاریک و ڕوونی بەرە بەیاندا ، ڕوو دەدات .

دەنگی نزم و بە پارێزی ئەندازیار سەیف لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

– ئەگەر ئیعدامی سیاسی ببێت بە باو !

تایەکەم ، زیاد بووە .

- ئەگەر ببێت بە باو !

دەڵێی لە خەوام . دەڵێی بووراومەتەوە . دەنگی ئەندازیار سەیف دەڵێی لە دووری چەندین کیلومەترەوە دێ .

- ئەگەر ئیعدام ...

دەنگەکە ، لە ئاسمانی خاڵیدا ڕەها دەبێ و لە مۆلەق دەوەسێ . دەنگی ئەندازیار سەیف غەریبە .

- ئەگەر ببێ بەباو !

دەنگە غەریبەکە ، قەوارە پەیدا دەکات . شێوە پەیدا دەکات و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە . وشەکان سافە ، سیقال کراوە ، تاشراوە پڕ دەنگدانەوەیە . دەنگەکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە ، لە خۆیدا دەنگدەداتەوە ، ڕەنگدەداتەوە ، لە هاماجی(فەزا) خاڵی ژوورەکەدا دەئاوسێ و هەموو شوێنێک پڕ دەکاتەوە . دەڵێی ئەندازیار سەیف سەری کردووەتە ناو کاسەی سێتارێکی گەورە ، گەورە بە ئەندازەی هەموو ژوورەکە و بە ئەندازی هەموو مەیدانی سەربازگەکە و هاوار دەکات :- ئیعدامی سیاسی !

تێکەڵ بە وشەکان دەبم . لە گەڵ وشەکاندا بەحەواوە سەرگەردان دەبم و دەئاوسێم و هەموو شوێنێک پڕدەکەم ... "ئیعدامی سیاسی !"... وشەکان ، وەکو دەنکی تەزبیح کە پەتەکەی بپچڕێتەوە ، بەو ئاوایە لێک جیادەبنەوە وسەرگەردان دەبن . ئێستا دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشە . ئێستا دەنگی تێکەڵی پێی سەربازانێکە کە بە هەشتاو غاردەدەن . کەسێک فەرمان دەدات ، هەزاران سەرباز و هەموویان پێکەوە ، هاوار دەکەن . یەکێک دوام دەکەوێ . لە ترسا شەڵاڵی ئارەقە بووم . خەریکە ڕۆحم دەر دەچێ . دەڵێی بە ئەرزەکەوە داکوتراوم . لاقم ناجوڵێت . دەستم هێندە قورس بووە دەڵێی قورقوشمە . هەزاران چاوی بەخوێن ،هەزاران چاوی تەنیا، هەر یەکەیان بە وێنەی کاسەی خوێن ، لە حەوادا سەرگەردانە . چاوەکان ، هەموو باڵیان هەیە . وەکو چەکچەکیلە ( شەمشەمە کوێرە ) بە ناو یەکدا دەخولێنەوە . لە قاقا دەدەن و دەتەقنەوە و هەموو شوێنێ وەکو خوێن سوور دەکەن و وەکو دەریا شەپۆل دەدا و ئەندازیار سەیف قسە دەکات . سەری لەپڕ گەورە دەبێت و هەموو ژوورەکە پڕدەکات . زاری دەکرێتەوە و دادەخرێت . وەکو نەهەنگێکی ڕاوکراو کە لە سەر لمەلانی گەرمی بەستێندا کەوتبێ و دوا هەناسەکانی بکێشێت ، بەو ئاوایە زاری بە نیمچەوازی دەمێنێتەوە و هەوا هەڵدەمژێت . ئێستا ، ئەندازیار سەیف قسە دەکات . لەپڕ وشە وەکو دەستڕێژی ڕەشاش لە دەمیەوە دەردەچێت " ئەگەر ببێت بەباو ! ... ئەگەر ئیعدامی سیاسی ببێت بەباو ! ..."

وشەکان ، وەکو فیشەکە شێتە دەچن بە ئاسمانا و دەتەقنەوە " زەربەی دەهۆڵ ، ژێر لاقی چەپ ... ئیعدامی سیاسی ... سونەت و باو ... ئیعدام ... باو ... ئیعدام ... ئیعدام ..." لە پڕ ڕادەپەڕم . شەڵاڵی ئارەقە بووم . تەمەشای سەعات دەکەم . چیوای بۆ سەعات سێی بەرە بەیان نەماوە . لاجانگەکانم ، گەردن و گۆناکانم وەکو کوورە دەسووتێ . برادەران یان ڕاکشاون یان هەڵتروشکاون . نەبزی خۆم دەگرم . تووند لێدەدا . دەنگی دڵم دەژنەوم . چەند کەسێک لە برادەران دەڵێی نووستوون یان چاویان ناوەتە سەریەک . هەر بەو دەقەوە کە پاڵم بە دیواری ژێر پەنجەرەکەوە دابوو ، دوو سێ سەعاتێک خەوتبووم . خەوتن نا ! جۆرە لە خۆچوونێک . خۆم بەرز دەکەمەوە ، لە درزی نێوان تاکی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەم . کەس دیار نییە . دەنگی شوڕە شوڕی جۆگا ئاوەکە یەکنەوایە . بەردەمی قەرەوڵخانەکە و دەرگای هاتنە ژوورەوەی سەربازگەکە وەکو ڕۆژ ڕووناکە . چەند بلاجکتۆرێکی گەورە ، لێرەو لەوێ ، لە سەر پایەی بەرز دانراون و ڕووناکیەکەیان یەکانگیر بووە و هیچ گۆشەیەکی تاریک نییە . دوو سەرباز ، لە دوو لای سەربازگەکەوە وەستاون و تفەنگەکانیان بە دەستەوە گرتووە . هەر هەموو پەنجەرەکانی بینای قەرەوڵخانەکە و نووسینگەکەی سەربازگەکە ڕووناکن . نەرمە بایەک لە درزی پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە و دەدات لە ئارەقەکەی سەرهەنیەم و گیانم دەلەرزێ . بۆ ساتێک سەرما دەنێشیە گیانم . پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەم و دەستەکانم لەسەر سینگم تێک دەئاڵێنم و پەنجەکانم لە ژێر هەنگڵمدا دەگوشم . دەنگی ئوتومبیلێک لە دوورەوە دێتە گوێم . دەنگەکە ، سات بە سات زۆرتر دەبێت . سەرم وەردەگێڕم و دیسان لە درزەکانی پەنجەرەکەوە ، تەمەشای دەرەوە دەکەم . لایتەکانی ئەو ئوتومبیلە ڕەشەی کە تازە لە هەنبەر نووسینگەکەی نەقیب جانب وەستاوە ، دەکوژێتەوە . شوفێری ئۆتومبیلەکە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و بە بەردەم ئوتومبیلەکەدا دەسوڕێتەوە و دەرگاکەی دەکاتەوە . شوفێرەکە جلکی سوپایی پۆشیوە . سوپاییەکی میانە باڵا کە کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتووە ، لە ئوتومبیلەکە دێتە خوارەوەو کڵاوەکەی لە سەر دەکات . کابرای سوپایی دەستەباڵا قەیتانی سەرشانی بە ستووەو نیشانەکانی سەرسینگی لەبەر تیشکی بە قوەتی پلاجکتۆرەکەدا ، ڕەنگا و ڕەنگ دەنوێنێ . نەقیب جانب لە ژوورەکە هاتووەتە دەرەوە و وەکو دار خەبەردار وەستاوە و جووڵە ناکات . پێش ئەوەی سوپاییە دەستەباڵاکە بەرەو لای نووسینگەکەی نەقیب جانب بڕوات ، دوو ئوتومبیلی ڕەشی دیکە ، دوا بە دوای یەک دێنە ناو سەربازگەکەوە و لە هەر ئوتومبیلێکیان دوو سێ نەفەر دادەبەزن . سەر وەردەگێڕم تا برادەران گاز بکەم . دوو دڵم . دەمم زۆر تاڵە . دەڵێی ژەهری هەلایلم خواردووە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . بۆنی تووتنی سووتاو دفنم ( کەپوو ، لووت ) پڕ دەکات .

دوو سێ مژی دوا بە دوای یەکی لێدەدەم . دەکەومە کۆکە کۆک . ئەندازیار سەیف ، بە هەمان دەقەوە کە پاڵی داوەتەوە ، چاو دەتروکێنێ و تەمەشام دەکات . بۆ یەک سات نیگامان یەکانگیر دەبێ . دووبارە لە درزی پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ دەکەم . تا ئێستا هەرگیز ڕێکنەکەوتبوو ، ئوتومبیلی تایبەتی بێتە ناو سەربازگەکە .

تەنیا ئوتومبیلەکەی ئەسغەردەڵاڵ بوو کە لە ژێر مێجەر زیبەندەدا بوو و لە وەخت و نا وەختدا ، لە مەیدانی سەربازگەکەدا دەسووڕایەوە و خوای ئەسغەر دەڵاڵی نەدەهێشت .

– نامەرد !... دەڵیی لیرەی ئەحمەد شاهی پێداوە ! ...

وئێستا ، سەعات سێی بەرە بەیانی ڕۆژی بیست و حەتەمی مانگی یەکەمی پاییز ، سێ ئوتومبیلی تایبەتی ڕەش ، لە بەرانبەر نووسینگەکەی زیندانی سەربازگەکەدا ڕێزیان بەستووە .

شتەکان ئەوەندە بلەز دەڕۆن ، هەموو شتەکان ئەوەندە نائاسایی و نامۆیە ، ئەوەندە سەرگەردان بووم و هێندە زەینم ئاڵۆز و جەنجاڵە ، کەمی ماوە شێت بم . پڕ بە دڵ حەزدەکەم هاوار بکەم . حەزدەکەم یەکێک هەبێت و تا هێز لە دەستمدایە بکێشم بە بنا گوێیدا. حەزدەکەم یەکێک هەبێت و باوەشی پێدابکەم وسەربنمە سەر سینگی و لە هۆڕژنی گریان بدەم . زۆر بێ سەبر و حەوسەڵە بووم . دەست بە گۆنامدا دێنم . گەرمی گەرمە .

چاوم لە ئوتومبیلەکانە کە یارۆی سوپایی دەستەباڵا ، لە نووسینگەکەی نەقیب جانبەوە دێتە دەرێ . سوپاییەکی دیکەی لاوازی باڵابەرزی بە دواوەیە . دوای ئەو کابرایەکی عەبا لەبەرە کە عەمامە گەورەکەی لە ژێر تیشکی بلاجکتۆرەکەوە ، وەکو بەفر دەدرەوشێتەوە . نەقیب جانب ، بلەز لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ و بە غاردان ، خۆی دەگەیەنێتە سوپاییەکان کە بەرەو گرتووخانەکان دێت . کە نزیکتر دەبنەوە ، دەیانناسم . سوپاییە دەستەباڵاکە ، سەرۆکی فەرماندەیی سوپاییە . سمێڵێکی تەنکی هەیە . گۆناکانی دەبریقێنەوە . کڵاوە سوپاییەکەی تا سەر برۆکانی هێناوەتە خوارەوە و بزەیەکی کاڵ ، لێوەکانی ترازاندووە . سوپاییە لاوازەکە دادسێنی سوپایە . دەڕوانمە لای دەرگای سەربازگەکە . سێ پیاو لە بەردەم نووسینگەکەی سەرۆکی زیندانی سەربازگەکە، سەرگەرمی قسەکردنن . یەکێکیان کورتە باڵایەکی پانە . بلوزێکی خوری خەنەیی و پانتۆڵێکی ڕەشی پۆشیوە و قایشی کامێرایەکی داوە بە شانیا و بلەز گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی دەگەڕێ ، دووانەکەی دی سەرگەرمی گفت وگۆن . دەستەکانیان دەجووڵێنن و دادەنەونەوە و ڕاست دەبنەوە ، هەردووکیان جل و بەرگی خاکییان لەبەرە . عەریف ساقی ، دەستەکانی ناوەتە ناوقەدی و لە لایانەوە وەستاوە و تەمەشای دەور وبەر دەکات .

لە پڕ ، یەک دەستە سەرباز ، لە قەرەوڵخانەکەوە دێنە دەرەوە .

– یەک ، دوو !

دەنگی پێی سەربازەکان ، هاوئاهەنگە . بەرەو یانەکە دەڕۆن . دەستەی دووەمی سەربازەکان بە چەکی سووکەوە ، بەرەو گرتووخانەکە دێن .

تا دێم تەمەشای سەرۆکی فەرماندەیی سوپایی و دادسێنی سوپا بکەم ، لە پڕ سەرانسەری مەیدانی ، سەربازگەکە پڕ دەبێت لە سەربازی چەکدار و هەموو بێ جووڵە لاقیان بڵاوکردووەتەوەو چەکەکانیان بە دەستەوە گرتووە و جووڵە ناکەن .

سەرۆکی فەرماندەیی سوپایی و دادسێنی سوپا ، لە مەیدانی دیدم دەر دەچن . خۆ بە خۆ دەکەومە ژماردنی سەربازەکان . لە کەناری دەرگای چوونە ژوورەوەی سەربازگەکەوە تا قۆڵی خۆر ئاوای یانەکە و لە باکووری یانەکەوە تا گۆڕەپانەکەی پێش بینای حەمامەکە و لە خۆر ئاوای سەربازگەکەوە کە ڕیزێک سپیدار و زمانە چۆلەکەی لێیە تا با شووری گرتووخانەکە کە پاشان پێچ دەکاتەوە و بەرەو بورجەکانی پاسەوانی دەڕوات ، سەد و یازدە سەربازی چەکدار ، لە شوێنی خۆیان ڕەق ڕاوەستاون .

چاو لە درزی پەنجەرەکە دەگوازمەوە و ئاماژە بۆ ئەندازیار سەیف دەکەم . ئەندازیار سەیف سەر دەلەقێنێ . دەنگم دەلەرزێ .

- هەموو سەربازگەکە پڕ بووە لە سەربازی چەکدار !

دەڵێی هەموویان چاوەڕوانی ئەمە بوون . هەموو دەجووڵێن و چاو دەبڕنە زاری من .

- سەربازی چەکدار ؟!

هەناسەیەک هەڵدەکێشم .

- بەختیاریشیان لە گەڵە !

ئەندازیار سەیف دەجووڵێت کە بێت بۆ لای پەنجەرەکە .

- سەرۆکی فەرماندەیی سوپایی ؟!

چاوم دەنوقێنم و بە ئارامی دەڵێم :- ئازموودەشیان لەگەڵ بوو . لەگەڵ ئاخوندێکدا ( مەلای عەجەمان ) .

ئەندازیار سەیف ، واقی وڕ دەمێنێ . لە شوێنەکەی خۆی دادەنیشێت . مێجەر ستایش وەکو ئەوەی لە گەڵ خۆیدا باخفێ ، لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ئاخوند ؟!

سەر دەلەقێنم .

مێجەر ستایش لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ئیمام تابوور !

هەموو حایر و حەپەساو ، تەمەشای یەکدی دەکەین . هەنووکە هەموو برادەران ، لە سەر پەتۆکان دانیشتوون و بێدەنگ بوون . پێدەچێ کەس زاتی قسەکردنی نەبێ . دیسان لە درزی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە دەکەم . با دەدات لە ئاڵای سەر دەرگای سەربازگەکە و دەیشەکێنێتەوە . سەری چڵەکان دەلەرزن . گەڵا زەردەکان ، یەک یەک لە حەوادا دەسووڕێنەوە و بە ئارامی دەکەونە سەر ئەرزەکە و بە خشەخش بەگەڵ بایەکە دەکەون . لە ناکاوا ، دەنگی پێی کەسێک لە ڕاڕەوەکەدا دەنگدەداتەوە . هەموومان پێکەوە هەڵدەستین و بەرەو دەرگای ژوورەکە هێرش دەبەین و بە ناو یەکدا دەچین ، و نیوەی ژوورەکە چۆڵ دەبێت . دەنگی پێ و دەنگی ئاخاوتن لە ڕاڕەوەکەدا تێکەڵاو بووە . ئێستا دەنگی وشکی کلیلەکەیە کە لە قفڵەکەدا دەسووڕێتەوە و دەنگی زمانەی قفڵەکەیە کە جیڕە جیڕ دەکات و دەکشێتەوە . کازم چاوی ناوە بە کونی کلیلەکەوەو دەڕوانێتە ناو ڕاڕەوەکە . هەموو برادەران لە دوای کازمەوە چوون بەیەکدا . دەنگی خەفەی کازم لە ژوورەکەدا شەپۆل دەدات .

- خەریکن ... دەرگای ژوورەکان ... دەکەنەوە .

کە نیوەشەو بووری بوو ، دووبارە لێکدییان جیا کردبوونەوە و دەرگای سالولەکانیان داخستبوو .

یەکێک لە برادەران دەستی بۆ ڕادەگرێ و حەسەن خۆی بەرز دەکاتەوە و هەنیەی بە کەتیبەی دەرگاکەوە دەنێت و لە درزی بەینی چوارچیوەو تاکی دەرگاکەوە ، دەڕوانێتە ناو ڕێگاکە . دەنگی ئۆتومبیل دێت . چ کەسێک لە پەنجەرەکەدا نییە . هەڵدەستم و لە درزی تاکی پەنجەرەکەوە ، دەڕوانمە ناو مەیدانەکە . دوو ئەمبولانس ، دوا بە دوای یەک ، نیوە پێچێک دەکەنەوە و لە بەردەرگای گرتووخانەکە ئستۆپ دەگرن و تایەکانیان لە سەر لمەکان دەسوڕێن و دەوەستن . ژمارەی ئەمبولانسەکان وەکو گەنە بەزەینمەوە دەنووسێن ( ٢٢٢١ و ٢٢٢٢ ) . چاوم لە لارووی گۆشتنی شوفێری ئەمبولانسەکەیە کە دەستەیەک سەرباز ، لەگەڵ نایب زابتێکی کورتەباڵای کرژو مۆندا کە سمێڵی لە دەسکی گسک دەچێت لە بینایەکەی یانەکەوە وەدەر دەکەون . دەنگی پیری نایب زابتەکە ، لەبنەبانی گەروویەوە بەرز دەبێتەوە .

- یەک ... ئو ... ئیک ... ئو ... !

پێی سەربازەکان هاوئاهەنگە . قۆناغی تفەنگی برنەو لە ناو دەستیانە و لوولەی تفەنگ ، نیشتووەتە سەرشانیان .

- دەستە ... بەلای ڕاستدا ... برۆ !

پای چەپی سەربازەکان ، بە توندی دەکێشرێت بە ئاردیدا و بەرەو لای حەمامەکە پێچ دەکەنەوە . مێجەر زیبەندە ، لەبینای یانەکەوە وەدەر دەکەوێ و بە هەنگاوی هەڕاو ، دوویان دەکەوێ . دەڕوانمەڕیزی سەربازەکان تا لە مەیدانی

دیدم دەردەچن . مەیدانی تیرەندازییەکە لە پشت حەمامەکەوەیە . چوار دیوارێکی گەورەیە بە درێژی سەد مەتر وپانی سی چل مەتر و دە دوازدە نیشانە و هەدەف کە بە دیوارەکەوە نراون .

دەنگی کازم ، نیگام لە پەنجەرەکە دوور دەخاتەوە :- هاتنە دەرەوە .

یەکێک لە برادەران دەپرسێت :- بۆ کوێ دەڕۆن ؟

- بۆ ژووری ئەفسەری خەفەر .

ژووری ئەفسەری خەفەر ، لای دەرگای هاتنە ژوورەوەی قەرەوڵخانەکەیە . لای پەنجەرەکەوە لا دەکەوم و دەگەڕێمەوە بۆلای دەرگای ژوورەکە و لە دوای برادەرانەوە دەوەستم .

برادەران هەموو پێکەوە وەستاون و پێکەوە چەسپیوون و ملیان بەرز کردووەتەوە . مێجەر ستایش لە هەموویان گەڵەگەت ترە . نێوان هەردوو برۆی چاڵ بووە و لێوی وەکو قوڕقوشم نێشتوونەتە سەر یەک . چاوم بە ئیسلام دەکەوێت کە لە هەمووان دوور کەوتووەتەوە و لە سێکونجی ژوورەکەدا پشتی بە دیوارەکەوە داوە و لێوەکانی دەلەرزن . دەڵێی لەبن لێوانەوە شتێک دەلێت . دەڵێی وێرد دەخوێنێ . ڕەنگی ئیسلام عەینی گەچی دیوار سپی هەڵگەڕاوە . دەخوازم بڕۆم بۆلای کە دەنگی حەسەن ، لەجێی خۆ دەمچەقێنێ .

- کۆلۆنێل موبەشیری ڕۆیی !

عەتا دەپرسێت :- کێی دی ؟

- ئەندازیار مورتەزا !

حەسەن دەجووڵێت . کەمی ماوە بکەوێ . مێجەر ستایش ، لە سەرووی هەمووانەوە ، حەسەن بە دەست دەگرێتەوە . کازم دەڵێت :- کۆلۆنێل ئەفشار و کۆلۆنێل سیامەکیش ڕۆیشتن !

دەچم بۆ لای ئیسلام . مەچەکی دەستی دەگرم . بووە بە سەهۆڵ . دەنگی حەسەن لە ژوورەکەدا ، دەنگدەداتەوە . دەلێت کە نەقیب موحەقیق لە ژوورەکە وەدەرکەوت . مێجەر وەکیلی چوو بۆ ژووری ئەفسەری خەفەر .

- ئیسلام چیتە ؟!

قسە ناکات . لێوەکانی دەلەرزن . سەری بە سەر ملیەوە دەلەقێ و بە نیگا پەیگیری ئەو قسانە دەکات کە لەزاری کازم و حەسەن دێنە دەرێ .

- نەقیب کلالی .

- کێی دی ؟!

- مێجەر بهنیا .

حەسەن خەریکە دەکەوێ . مێجەر ستایش ، حەسەن لە حەوادا دەگرێتەوە . ڕاڕەوەکە کپ دەبێت . برادەران دێنە دواوە . کازم پشت ڕاست دەکاتەوە . بە نینۆک زیپکەکانی هەنیەی دەخورێنێ .

برادەران ، وەکو کڵافە لێکدی دەبنەوە . دەستم دەگاتە کازم . بازووی دەگرم و لێی دەپرسم :- نەقیب مەهدیان ؟

کازم ، چاو دەبڕێتە ئەرزەکە . پەڵە خوێنی تازە بە سەر هەنیەیەوە سوور دەچێتەوە . ڕەنگی سپی هەڵگەڕاوە .

- ئەدی واله ؟ ... ملازم واله ؟!

برژانگە سوورەکانی کازم دەجووڵێن و تەمەشام دەکات و بە بێ قسە ، سەر دەلەقێنێ .

ئارەقە نیشتووەتە سەر هەنیەم . تەمەشای سەعاتەکە دەکەم . هەڤدە دەقیقە لە سەعات پێنجی بەرە بەیان ڕۆییوە . ناو ڕاڕەوەکە و ناو ژوورەکە ئەوەندە کڕوکپە کە دەڵێی خۆڵی مردوویان بە سەردا کردووە . لە بەر پەنجەرەکەدا ئەژنۆ دادەدەم و ئانیشکەکانم دەنەمە قەراخ پەنجەرەکە و چاو دەنێم بە درزی پەنجەرەکەوە و تەمەشای دەرەوە دەکەم . هێشتا وێنەگرە کورتە باڵاکە ، ئەوەی کە بلوزێکی خەنەیی پۆشیوە و پەیامنیرانی کەوەیی پۆش ، لە هەنبەر نووسینگەکەی سەرۆکی زیندانی سەربازگەکە سەرگەرمی گفت و گۆن . لا ڕووی گۆشتنی شوفێرەکە لە نێو قەمەرەی ئەمبوڵانسەکەوە تاریک ولێڵ دیارە . شوفێرەکە جگەرەی بە دەمەوەیە . کە مژ لە جگەرەکەی دەدا ، سووری ئاگری جگەرەکە دەنیشێتە سەر گۆنای . ئوتومبیلێکی ڕەش بە لایتی هەڵکراوەوە ، لە بەر دەرگای چوونە ژوورەوەی سەربازگەکە دەوەستێ . ئەفسەری خەفەر لە قەرەوڵخانەکە دێتە دەرێ وسەر دەکێشێتە ناو ئوتومبیلەکەو دوای چەند ساتێک دەکشێتەوەو خەبەردار دەوەستێ . زنجیرەکەی دەرگای چوونە ژوورەوە دەکاتەوە . ئوتومبیلەکە دەچێتە ناو سەربازگەکە ، قیرەکە دەبڕێ و لە گەڵ قیرەکەدا بەرەو یانەکە پێچ دەکاتەوە . ئوتومبیلەکە ، درێژ ، ڕەش و بە هەیبەتە و نمرەی دیپلۆماتی پێوەیە .

عەریف ساقی ، دەگەڵ وێنەگرەکە و پەیامنێرەکاندا دەکەوێتە ڕێ و لە قەراخ ڕیزە سپیدارەکانەوە بەرەو یانەکە دەڕوات . ساقی دەڕوانێتە سەعاتەکەی . ئێستا ، بیست و سێ دەقیقەی بۆ سەعات شەشی بەرە بەیانی ڕۆژی بیست و حەوتی مانگی میهرماه ماوە . هەوا ساردە بەڵام هەست بە سەرما ناکەم .

ئەو ئوتومبیلانەی کە لە بەرانبەر نووسینگەکەی زیندانی سەربازگەکە وەستاون ، هەردووکیان پێکەوە دەجووڵێن و خێرا دێن و لەبەر گرتووخانەکە دەوەستن . دەنگی تایەی ئوتومبیلەکان لە سەر لمەکە ، برادەران دەجووڵێنێ . هێرش بۆ پشت پەنجەرەکە دێنن .

– چ باسە ؟

کەمال و عەتا دەست دەخەنە سەرشانم و خۆ بە پشتمەوە دەچەسپێنن . مەلیک ئەژنۆ دەدات و لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت . قەراخی پەنجەرەکە تا ئەرزەکە لە نیو مەتریش کەمترە . زڕندی لاجانگی بە گۆنامەوە دەچەسپێنێ تا لە درزی بەینی هەردوو تاکی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە بکات . لەپڕ ، دەستەیەک سەرباز ، لە گرتووخانەکەوە دەڕژێنە دەرەوە و نیوبازنەیەک لە دەوری دوو ئوتومبیلەکە دروست دەکەن و تفەنگەکانیان لە سەر دەست دەگرن . گلۆپەکانی مەیدانەکە خەریکە ڕەنگ دەبوێرن . دنیا ڕەنگی سپێدەی گرتووە . کۆلۆنێل ئەفشار و ئەندازیار مورتەزا ، شان بە شانی یەکدی لە گرتووخانەکەوە دێنە دەرەوە . دەستیان بە کەلەپچە پێکەوە بەستراوە . کۆلۆنێل ئەفشار ، لە هەنبەر ئەمبولانسەکە سووکە هەڵوێستەیەک دەکات ، سەر بەرز دەکاتەوە و سەیری ئاسمان دەکات . دنیا خەریکە ڕووناک دەبێتەوە . ڕەنگی ئەستێران کاڵ بووەتەوە . ئەستێرەیەکی کلکدار ، لە سەرووی بینای یانەکەوە ، ڕادەخۆشێ و هێڵێکی سپی بە دووی خۆیدا بکێش دەکات و دەکوژێتەوە . ئەندازیار مورتەزا دەڕوانێتە پەنجەرەکە ، بزەیەکی کاڵ نیشتووەتە سەر لێوی و سمێڵەکەی سیمای دڵگیر کردووە . کۆلۆنێل ئەفشار ، سینگی دەردەپەڕێنێ و هەناسە هەڵدەکێشێت . لێوەکانی لێکدی دەترازێن . لە تۆ وایە خەریکە پێدەکەنێ . لە تۆ وایە دەیەوێ لە قاقا بدات و دەیەوێ هاوار بکات .

" پێویستە خوێن بڕژێ تا ئەم میللەتە هۆشیار ببێتەوە ! " .

شوفێرەکە ، ژێر باڵی کۆلۆنێل ئەفشار و ئەندازیار مورتەزا دەگرێ تا بچێتە ناو ئەمبولانسەکەوە . کۆلۆنێل موبەشیری کەمێک دەلەنگێ . دەلێی هێشتا برینی ئەشکەنجە ئەزیەتی دەدات . نەقیب مەهدیان ، هێدی و پایەدار ڕێدەکات . وەکو هەمیشە گۆناکانی سوور دەچنەوە . گەردنی بەرزی ، بە ژنە بەرزەکەی ، بەرزتر دەنوێنێ . شەرم و شکۆیەکی دڵگیر ، بە نیگای مەهدیانەوە دیارە .

کۆلۆنێل سیامەک و مێجەر وەکیلی پێکەوەن . لە دوای ئەوانەوە ملازم واله و مێجەر بهنیا لەگرتووخانەکە دێنە دەرێ . واله وردیلەیە . بهنیا بالآبەرزە . کۆلۆنێل سیامەک ، دەڕوانێتە دەوراندەوری مەیدانەکە و پێدەکەنێ . سەربازەکان ، وەکو پایەی بەردین ، کاسکێتەکانیان تا سەر برۆکانیان هێناوەتە خوارەوە و چەکەکانیان بە دەستەوە گرتووە وجووڵە ناکەن . سەری ملازم واله سفر کراوە و لێوە ئەستوورەکانی وەکو بەرد نیشتوونەتە سەریەک .

کۆلۆنێل سیامەک ، هێمن و دڵنیا هەنگاو دەنێ . باڵای بەرزی مێجەر وەکیلی وەکو خەدەنگ ڕاست و پایەدارە . بەجۆرێ ڕێدەکات لە تۆ وایە دەخوازێ فەرمان بە یەک تیپ بدات . شوفێرەکە دێتە پێشەوە تا ژێر باڵی مێجەر بهنیا بگرێت تا سواری ئەمبولانسەکە ببێت . مێجەر دەڕوانێتە شوفێرەکە و لە ژێر لێوانەوە شتێک دەڵێت و ژێر گۆنا زەقەکانی گرژ دەبێت و بزە دەکات . شوفێرەکە دەستی دێنێتە دواوە و پاشە کشە دەکات . سەری نەقیب موحەقیق سفرکراوە . دەستی بە دەستی نەقیب کلالی یەوە بەستراوە . چاوە ڕەشەکانی کلالی ، پرشنگێکی ڕەوتەنیان تیایە . پیاوێکی کورتە باڵای توکمەیە . کلالی ، سەری بەرز گرتووە و نیگای ، دەڵێی بڕدراوەتە ئەبەدیەت . لێوانی نەقیب موحەقیق وەکو قورقوشم نیشتوونەتە سەریەک . هەنیەی چرچ و لۆچی تێکەوتووە . نیگای بێ جووڵەیە . سێبەرێکی ماتی بزەیەک لە ژێر گۆناکانیا نەخش بووە . دەڵێی بیر دەکاتەوە . دەڵێی بیر لە ژیانێکی ئەبەدی دەکاتەوە ، کە لێبڕاوە بە خوێن ڕەنگینی بکات .

دەرگای ئەمبولانسەکان دادەخرێن . هەناسەی یەکێک لە برادەران پشت ملم دەسووتێنێ . ئاوڕ دەدەمەوە . کەماڵە . چاوانی ناوەتە سەریەک . ڕەنگی سپی بووە . لە پڕ دەنگێک وەکو تۆپ دەتەقێتەوە ، دیواری ئاسنینی ئەمبولانسەکان دەبڕێت و سەرانسەری سەربازگەکە پڕ دەکات .

" جولا وەکو لافاوی خرۆشان "

" ئۆردووی ئێمەی زەحمەتکێشان "

شوفێرەکە دەستەپاچە دەبێت . سەربازەکان تەکان دەدەن و چەکەکانیان توون‌د دەگرن . ئەمبولانسی یەکەم هێشتا بە تەواوەتی نەکەوتووەتە ڕێ کە ئەمبولانسی دووەم دەردەپەڕێ و ئەگەر شوفێرەکە تەڕدەستی نەکردبایە ، خۆی بە ئەمبولانسی یەکەمدا کێشابوو .

دەنگەکە ، سات بە سات بەرزتر دەبێت . ئاوڕ دەدەمەوە و سەیری برادەران دەکەم . هەموو ، لە عاردی هەستاون و بە پێوە ڕاوەستاون . مێجەر ستایش سەروگەردنێک لە هەموویان بەرزترە . ڕەحمەت لە لایەوە ڕاوەستاوە . ناگاتە شانی . برادەران زەمزەمە دەکەن .

"دەبێ بەهەوڵ و کۆششی مە "

دەنگی ئەفسەرەکان هاوئاهەنگ و پتەوە ، سەرانسەری سەربازگەکەی پڕ کردووە .

" ئێرانێکی ئاوەدان ، ئێرانێکی ئازاد ، پەیدا ببێ "

دەنگی برادەران بەرزتر دەبێت .

" پایەدار و پتەوبێ هێزی توودە "

هێڵێکی تاریک کەوتووەتە سەرچاوە شێنەکانی مێجەر ستایش . پەنجەرەی ژوورەکە دەکەمەوە . دەنگەکە وەکو شەپۆلی دەریا ، سەنگین و بەسامە ، لە ژوورەکەوە دەڕژێتە دەرەوە و تێکەڵ بە زریانی هاواری ئەفسەران دەبێت .

" سەرانسەری گیتی لە بزووتنەوەی خەڵک "

" بووە بە ڕاستاخیزێک ، ئەوەتا هەستاوە "

ئوتومبیلەکەی دادسێنی سوپا لەبەر گرتووخانەکەوە دەجووڵێ . دەم و قەپۆزی باریکی ئازموودە دەلەرزێ . بەختیار ، لەلایەوە دانیشتووە و وەکو هەمیشە کڵاوەکەی تا سەر برۆکانی هێناوە . لە دوورەوە دەنگ دێت و دەگەڵ دەنگی پتەوی برادەراندا تێکەڵ دەبێت .

" ئەم سەردەمەی مە سەردەمی زریانی دنیایە "

" لەدنیای نوێدا ، بێدەنگی نابەجایە "

" دەبێ بەعەزمی جەزمەوە ، ڕاپەڕین "

ئەو ئوتومبیلە ڕەشەی کە ژمارەی دیپلۆماتی پێوەیە لە بینای یانەکەوە دێتە دەرەوە . دوو پیاوی جل و بەرگی عەسکەری لەبەر ، لە سەر کوشنەکەی دواوە ، لە پاڵ یەکدا دانیشتوون . سەریان ڕووتە . قژی یەکێکیان نەرم و ساف و زەردە . ناتوانم ڕوخساریان بدینم . ئێستا هەموویان بێدەنگ بوون . هەموو شوێنێ بێدەنگە . لە قەراخ پەنجەرەکە دادەنیشم و سەیری برادەران دەکەم کە بەبێ جووڵە وەستاون . ئیسلام لە جێی خۆی نەجووڵاوە . هێشتا پاڵی بە سێسووچی ژوورەکەوە داوە و لێوەکانی دەلەرزن و ڕەنگی عەینی گەچ سپی هەڵگەڕاوە . ناتوانم سەیری برادەران بکەم . سەرم دادەنەوێنم . بێدەنگی ، بە قورسی قورقوشم و بەقووڵی دەردێکی هەوکردە ، دەرد و ئازارێک لە تەنیایی شەو و لە تەنیایی غوربەت ، هەموو ژوورەکەی پڕکردووە . تەنانەت هیچ کەسێک نەفەس ناکێشیت . دیسان سەیری برادەران دەکەم . هەموو بە پێوە وەستاون و هەموو چاوەڕوانن . پشت دەرگاکە و کەنار دیوارەکەی بەرانبەر چۆڵە . هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە . ڕەنگی بلاجکتۆرەکان لە ڕەونەق کەوتوون و دنیا کەوەییەکی ڕووناکە .

یەکێک نزگرە دەکات . تەمەشا دەکەم . بەهرامە . دوگمەکانی بلوزە خوریەکەی تا سەری سەرەوە داخستووە . لە پشت زرێندییەوە وەستاوە . نزگرە نییە . هەنسکە . زرێندی سەری داخستووە و دەستی لە سەر سنگی تێک ئالآندووە . گۆناکان و هەنیەی کازم پڕ بووە لەپەڵە خوێنی تازە . چاوە گەورەکانی سەیف ، لێڵ دێنە بەرچاو . لە پڕ هاوارێک دێتە گوێمان .

" بژی ئێران "

لە قەراخ پەنجەرەکە دێمەخوارەوە و ڕوو بە ڕووی حەسەن دەوەستم .

" بژی حیزبی توودەی ئێران "

هەنووکە ، هاوار و هوراکان ، دوا بە دوا ، لە هاماجی سەربازگەکەدا شەپۆل دەدەن و تێکەڵی یەکدی دەبن . باوەش بەحەسەندا دەکەم . لە پڕ دەنگی دەستڕێژی گوللە هەموو دەنگ و هاوارەکان خامۆش دەکات . زرانیەکانم دەلەرزن و دڵم دادەخورپێ . تەمەشای سەعات دەکەم . چوار دەقیقە لە سەعات شەشی سپێدە لایداوە . سەردەخەمە سەرشانی حەسەن و دەڕوانمە ئەندازیار سەیف . ڕوندک لە گۆشەی چاوانی ئەندازیار سەیف دەڕژێ و بە سەر گۆناکانیا ڕێچ دەبەستێ . تاقەتی دیتنی گریانی ئەندازیار سەیفم نییە . مژۆڵەکانم دەنەمە سەر یەک . پەنجەکانی حەسەن ، دەچەقنە گۆشتی سەرشانەکانم . ئێستا دەنگی تاک گوللە دێ . دەنگی ئەندازیار سەیف لە گوێمدا دەزرنگێتەوە . دەڵێی ویژدانی هەموو برادەرانە کە قسەدەکات .

- گوللەی ڕەحمەتە .

ئیسلام ، لە پڕ دێتەقسان :- کوشتیان !

چاوانم دەکەمەوەو سەرم لە سەر شانی حەسەن لادەبەم و سەیری ئیسلام دەکەم . دەڵێی تازە لە خەو بێدار بووەتەوە .

- کوشتیانن !

و دەکەوێتە ڕێ . بنەبانی ژوورەکە خاڵییە . دەڕوات بۆ لای دەرگای ژوورەکە و دەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن !

دیسان دەڕوات و دەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن !

زرانییەکانم سست بوون . لە سەر ئەرزەکە دادەنیشم . دەستەکانم و هەنیەم دەنەمە سەر قەراخ پەنجەرەکە . سەرم بە گێژەوە دەچێت . هەموو بێدەنگ بوون . تەنیا دەنگێک ، دەنگی ئارامی پێی ئیسلامە کە بە پاڵ ژوورەکەدا دێ و دەچێت . دەڵێی هێشتا باوەڕی نەکردووە .

- کوشتیانن !

بە ڕادەیەک داهێزراوم کە ناتوانم جگەرەکەم لە گیرفانم دەربێنم . لە پەنجەرەکەوە کزەیەکی سارد وەژوور دەکەوێ . تا چەند ساتێک پێش ئێستا ئەسڵەن هەستم بە سەرما نەدەکرد ، بەڵام ئێستا ، خەریکە ڕەق دەبمەوە . هەنیەم لە سەر قەراخ پەنجەرەکە بەرز دەکەمەوە . دەستەکانم لە سەر سینگم تێک دەئاڵێنم و مل بەرز دەکەمەوە و سەیری ئاسمان دەکەم . سوورییەکی کاڵ ، لە جیاتی ڕەنگە کەوەییەکەی بەرەبەیان بەری ئاسمانی گرتووە .

دەنگی ئیسلام ، ژان دەخاتە دڵەوە .

- کوشتیانن !

لەپڕ ، لە مەیدانەکەوە ، دەنگی ئاخاوتن دێت . ئازمووده و بەختیار ، دەگەڵ دوو سوپایی درێژ داهۆڵدا ، کە هەر دووکیان بلوز وپانتۆڵی سادەی خاکییان پۆشیوە ، لە مەیدانی تیرەندازییەکەوە دێن و بەرەو یانەکە دەڕۆن . خەندە لێوانی بەختیاری ترازاندووە . چاوانی ئازمووده کە لە چاوانی مردوو دەچێت ، لە کاسە دەرپەڕیون و برۆ چرەکانی بەرز بوونەتەوە .

سوپاییە خاکی پۆشەکان ، بەموو لێک جیا نین . جیاوازییەکەیان قژیانە . کارەبایی کاڵ و سووری تۆخ . یەکێک لە سوپاییە درێژەکان خەریکە دەئاخڤێ . دەنگی بەرزە . بە فارسی قسە ناکات .

عەریف ساقی ، لە دوورەوە ئاماژە دەکات کە پەنجەرەکە دابخەم . پەیامنێرەکان شپرزە و دەستەپاچەن . بە هەشتاو بەرەو نووسینگەی زیندانی سەربازگەکە دەڕۆن . دیسان عەریف ساقی ئاماژە دەکات و دەستەکانی تەکان دەدات .

پەنجەرەکە دادەخەم .

* *

زرِندی خەریکە جگەرە دەکێشێت . ئیسلام هێشتا ڕاوێچکە دەکات .

- کوشتیانن !

ئیسلام پێیە خاوسەکانی خشەخش بە عاردیدا ڕادەکێشێت . بە پانی ژوورەکەدا دەڕوات ، دەستی بە دیوارەکەدا دەدات و بەرەو دەرگای ژوورەکە دەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن .

پەڵە خوێنەکان ، بەسەر گۆناکان و هەنیەی کازمەوە هیشک بوونەتەوە . سێبەر نیشتووەتە ژێر چاوە شینەکانی مێجەر ستایش . لە دوێشەوەوە تائێستا ، دەم و چاوی لاواز بووە . ئەندازیار سەیف چەناگەی ناوەتە سەر ئەژنۆکانی و نیگای بڕیوەتە بەرانبەر . ئەندازیار سەیف ، دەڵێی سەیری مەرگ دەکات ! پرسیار ، ترس ، پێکەنین و هەموو ئەم حاڵەتانە بە تێکەڵاوی و بە جۆرە سەرگەردانیەکەوە لە چاوانی ئەندازیار سەیف دا ، ڕەنگی داوەتەوە . بەهرام ، هەموو دوگمەکانی بلوزە خورییەکەی داخستووە و کزکۆڵەی کردووە . دەڵێی سەرمایەتی . کەمال پاڵی بە دیوارەکەوە داوە . چاوە ڕەش و گەشەکانی بڕیوەتە میچەکە و کاژێرەکانی لە ژێر پێستی گۆناکانیەوە ، یاری دەکەن

- کوشتیانن !

دەنگی چوارچەرخەکەی نایب زابتە خانەنشینەکە لە ڕاڕەوەکەدا بەرز دەبێتەوە . مەلیک لەبەر دەرگای ژوورەکە لا دەکەوێت . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە .

- چای !

بەرکۆشەکەی نایب زابتە خانەنشینەکە خاوێنە . جلە چڵکەنەکانیشی شۆردووە . دەستماڵێکی سپی بە نێوچاوانیەوە بەستووە . برژانگەکانی دەجوڵێنێ و تەمەشای هەرچوارنکالی ( لا ، سەمت ) ژوورەکە ، دەکات .

- چای !

هەڵم لە سەر سەماوەرە تەنەکەکەوە بەرزدەبێتەوە . چاوەڕوانە کە ڕیز ببەستین و چای وەربگرین . کەس لە جێی خۆی ناجووڵێت . برۆ چەرموو (سپی) و پرەکانی پیرەمێرد ، بەرزدەبێتەوە و سەری دەگەڵ ئیسلامدا دەسووڕێت .

- کوشتیانن !

- چای !

چاوە نمۆکەکانی ( نمدار ، نمسار ) پیرەمێرد ، خێرا خێرا دەتروکێن . دەڵێی هیچ قسەیەکی دیکەی ناچێتە ئەقڵەوە .

- گوتم چای !

بە جۆرێ سەیرمان دەکات وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ . دەنگی نزمە .

- کەس چای ناوێ ؟

کەس وەڵامی ناداتەوە .

- کوشتیانن !

چرچ و لۆچەکانی دەوری دەمی پیرەمێرد دێنەوە یەک و بە بێدەنگی تەمەشامان دەکات و دوای تۆزێک دەلێت :

- بە جەهەنەم !

بەر لەوەی چوارچەرخەکەی ( عەرەبانەی دەستی ) بەرێتە دواوەوە ، عەریف شەهری دێت بە سەرا . خۆی باریک دەکاتەوە و لە پاڵ چوار چەرخەکەوە دێتە ژوورەوە . و لە ئاستانەی دەرگای ژوورەکەدا دەوەستێ . دەڵێی لە ڕاڕەوەکەدا بووە و گوێی لە قسەکانی پیرەمێردەکە بووە .

- مانتان گرتووە ؟

دەنگی عەریف شەهری نامیهرەبانە :- سروودیش دەڵێن !

بایەکی سارد لە ڕاڕەوە چۆڵەکەوە ، خۆی بە ژوورەکەدا دەکات .

- ها ؟!.. مانتان گرتووە ؟!

کەس هیچ ناڵێت .

چاوانی عەریف شەهری ، دەڵێی سپییە . دەڵێی ڕەشێنەیان هەر نییە .

- یەکێکتان قسە بکەن ! ... ئێستا چای وەردەگرن یان نا ؟!

بێدەنگی ، عەریف شەهری ئازار دەدات . وادیارە کەس تاقەتی قسەکردنی نییە و یا هەمووما‌ن لێبڕاوین کە قسە نەکەین . نیگای شەهری لە سەر ئیسلام دەگیرسێتەوە .

- کوشتیانن !

کەس فزەی لێوە نایەت . ئیسلام دەست لە چوارچێوەی دەرگاکە دەدات و دەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن !

هەنیە تەنگەکەی شەهری گرژ بووە و چاوەکانی ئەبڵەق بووە . گیرفانی پانتۆڵەکەی عەریف شەهری ئاوساوە . پێ دەنێتە ناو ژوورەکە . یاقووب ، دەستی لە ژێر پۆستاڵەکەی شەهری دەدزێتەوە . مەلیک و یاقووب هەردووکیان ، لای دەرگاکەوە هەڵتروشکاون . سەری شەهری ، لە گەڵ ئیسلامدا دەسووڕێتەوە . ئیسلام دەستی بە دیوارەکەدا دەدات و لە سەر پاژنەی پێ وەردەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن !

شەهری ، تفەکەی دەمی قووت دەدات . قورتمی بە ناو ملە درێژەکەیدا یاری دەکات . بە دەم تەمەشاکردنی ئیسلامەوە ، دووبارە دەڵێت :- کەواتە ... بەمجۆرە ! ... مانتان گرتووە !

ئیسلام دەیەوێ بگەڕێتەوە کە عەریف شەهری بازووی دەگرێت . ئیسلام بێئەوەی هیچ بەرگرییەک بکات ، ڕا دەوەستێ .

- کوشتیانن !

- دیارە ... نیوەڕۆش ... فراڤین ناخۆن ؟!

- کوشتیانن !

لەپڕ . عەریف شەهری ، دەهری دەبێت . پاڵ بە ئیسلامەوە دەنێ و بە شاپ دەکێشێت بەڕانی یاقووبدا و هاواردەکات :- بۆچی قروقەپتان گرتووە ؟!بۆچی لاڵ بوون ؟!

یاقووب ، ڕا دەپەڕێ و دەکشێەوە و کوڵەمستی دەگوشێت و ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و لاقی دەباتە پێش و پاش . ئیسلام دەست لە دیوارەکە دەدات ودەگەڕێتەوە .

- کوشتیانن !

خوێن دەزێتە چارەی شەهری و سوور دەبێتەوە . چاوەکانی لێڵ دەبن . لێوەکانی دەلەرزن . چاوە لێڵەکانی بۆ ساتێک دەدرەوشێنەوە و دووبارە لێڵ دەبنەوە . ڕێک وەکو ئەو ساتانەی کە شەلاخەکەی ( قامچی ، جەڵدە ) مار ئاسا دەفیشکێنیٚ وبەرز دەبێتەوە و هەواکە شەق دەکات و دادێتەوە و بە سەر سمت و کەفەڵاندا دەگیرسێتەوە . ڕێک وەکو ئەو ساتانەی کە شەلاڵی ئارەقە دەبێت و هەناسەی سوار دەبێت و شەلاخەکەی بەرزدەبێتەوە و چارەی گرژ دەبێت و لەزەت دەبینێ . عەینی لەزەتی پڕ عەزابی هەڤخەوی پیاوێک کە سوزەنەکی هەبێ .

شەهری ، بە چاوانی لێڵ و گۆنای سوور هەڵگەڕاو و چەناگەی لەرزۆک و لێوانی لەرزانەوە ، تەمەشامان دەکات . دەڵێی نەفەس لە ئەوکی گیراوە . دەڵێی سینەی دەرفەت نادات هەناسە بکێشێت . لەپڕ شەلاخەکە لە گیرفانی دەردێنێ ، مشتووەکەی لە نێودەستیا دەگوشێت و لە حەوادا ڕەهای دەکات و مەچەکی دەستی هەڵدەسووڕێ و شەلاخەکە بە گۆنای مەلیکدا دەچزێت .

– زمانتان بڕاوە ؟!

هەموو لەجێگای خۆ ڕادەبین . گۆناکانی مەلیک سووربووەتەوە .

– مانتان گرتووە ؟!

– کوشتیانن !

شەهری ، لە سەر پاژنە ، نیوەپێچێک ، پێچ دەکاتەوە و شەلاخەکە بەردەدا . شەلاخەکە هەواکە شەق دەکات و وەکو مار ، لە دەوری گەردنی ئیسلام دەئاڵێت . یاقووب ، ڕادەبێت و مەچەکی دەستی شەهری — کە چووەتە دواوە — دەگرێت . شەلاخەکە لە دەوری گەردنی ئیسلام دەبێتەوە . ئیسلام هەنیەی دەنێت بە دیوارەکەوە و بە بێ جووڵە دەوەستێ . یاقووب ، دەستی شەهری با دەدات . دەستی شەهری لە ئانیشکەوە دەنووشتێتەوە و باسکی بە ناو قەدیەوە دەچەسپێ . شەهری ، دەپەشۆکێ . هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە کەسێک بەرەنگاری ببێتەوە . لە پڕ لە کەش وفش دەکەوێت و لە باوەشی یاقووبدا خاو دەبێتەوە و زمانی دەگیرێت .

– ... تۆی خاین ! ... بێگانەپەرست !

یاقووب ، پشت ملی شەهری دەگرێت وبەرەو لای نایب زابتە خانەنشینەکە دەڵەکی دەدات کە لە بەردەم چوارچەرخەکەیدا بەواقی وڕەوە وەستاوە و چاوە نمۆکەکانی ئەبڵەق بوون و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە . عەریف شەهری و پیرەمێردەکە ، پێکەوە بە سەر چوارچەرخەکەدا پەرت دەبن و بەرەو ڕاڕەوەکە دەخزێن . سەماوەرە تەنەکەکە ، لە جێی خۆی دەلەقێ و سەرەکەی دەپەڕێ و دەکەوێتە سەما و چیوای نامێنێ کە قلْپەوە بێت . پیرەمێردەکە ، سەماوەرەکە دەگرێت . دەستی دەسووتێ . کەس لە ڕاڕەوەکەدا نییە . ڕاڕەوەکە کڕو کپە . پێش ئەوەی عەریف شەهری خۆی گردوکۆ بکاتەوە و هێرش بۆ ناو ژوورەکە بێنێ ، یاقووب دەرگای ژوورەکە توونډ دادەخات . عەریف شەهری دەدرێ بە دەرگاکەدا ، دەرگاکە دەکرێتەوە و شەهری بە سەرا دێتە ناو ژوورەکە . لە ناکاوا قیژە و هاواری

سەدان ژن وپیاو ، مەیدانی سەربازگەکە پڕدەکات . شەهری ، دەحەپەسێ . دەستی بە شەلاخەکەوە لە حەوادا وشک دەبێت . هاوار و فیغانەکە ، سات بە سات بەرزتر دەبێت . شەهری پاشەکشە دەکات و بلەز بەرەو ڕاڕەوەکە دەڕوات . برادەران کە هەموو حایر و حەپەساو ڕاوەستاون ، لەپڕ بەرەولای پەنجەرەکە هێرش دەبەن و پەنجەرەکە دەخەنە سەر گازی پشت . لە دوای کازمەوە خۆم دەگەیەنمە پێشەوە و بە سەر سەری عەتاوە ، کە هەنووکە لەبەر پەنجەرەکەدا چۆکی داداوە . ڕەحمەت گوشار دەخاتە سەر پشتم . لا دەکەوم تا جێگا ببێتەوە . هێشتا سەربازەکان ، لە سەرانسەری مەیدانەکەدا ، تفەنگ بە دەست وەستاون . لە هەنبەر دەرگای چوونە ژوورەوەی سەربازگەکەدا ، قەرەباڵغییەکی ئەوتۆیە کە دەڵێی ڕۆژی حەشرە . ئاپۆڕایەکی تێکرژاو بە دەم سەروسینگ کوتانەوە هێرشیان بۆ دەرگای سەربازگەکە هێناوە . قیژە و هاواریان دنیای پڕکردووە . پیر وگەنج ، ژن و پیاو و کچ وکوڕ ، هەموو تێکەڵن . چاوم چکۆلە دەکەمەوە تا هەتەریان زۆرتر بێ . تازە خۆر هەڵاتووە و داویە لە ناو مەیدانی سەربازگەکە . نەقیب جانب ، کە بە بێ کڵاو لە نووسینگەی سەربازگەکە هاتووەتە دەرێ ، شپرزە و دەستەپاچە بووە . بە هەشتاو بە هەموو لایەکدا غار دەدات و بەدەم هاوارەوە فەرمان بە سەربازەکان دەدات . ژنێکی گەنج ، لە پێشی پێشەوەی ئەو خەڵکانەوە کە شیوەنیان تێکەڵ بووە ، دەڵێی دەرەقسێ . ژنەی تاین ، کراسێکی ئاورێشمی پەمەیی پۆشیوە کە دەگاتە گوزینگی پێی . دەڵێی جلی ماڵەوەی لەبەرە و فریا نەکەوتووە تا جلێکی دیکە لەبەر بکات . ژنە ، لاواز و باڵا بەرزە . دەست و پەنجەکانی ڕووەو حەوا گرتووە . قژە درێژەکەی ئالۆزکاوە و پێ بە عاردیدا دەکوتێ . سەربازەکان ، لە هەموو لایەکی سەربازگەکەوە ، پۆستەکانیان بەجێدێڵن و بەرەو دەرگای سەربازگەکە هێرش دەبەن و ڕوو لە دەرگای سەربازگەکە ، لێرەو لەوێ و ڕیز بە ڕیز ، چەند نیوە بازنەیەک دوا بە دوای یەک پێک دەهێنن و تفەنگەکانیان بە دەستەوە دەگرن . سەربازەکان ، نیگەرانن و ئەم پێ و ئەو پێ دەکەن . شیوەن ، سات بە سات بەرزتر دەبێتەوە . قژی ژن و کچەکان پەرێشانە . چەند دانەیەک لە پیاوەکان یەخەکانیان دادڕیوە و سینگ و بەرۆکیان کەوتوونەتە دەر . زۆربەی پیاوەکان پێیان پەتییە .

ئێستا ، جەماعەت هێرشیان هێناوە و لە هێڵی پاسەوانانی بەر دەرگاکە تێپەڕیون و چوونەتە ناو مەیدانی سەربازگەکە . سەربازەکان کەمێک پاشەکشە دەکەن . دەڵێی لەوە دەترسن کە دەگەڵ ئاپۆڕای ئەو حەشیمەتەدا تێک بگیرێن کە شێتانە هاواردەکەن و بە چنگ سەر وچاوی خۆیان ڕووشاندووە و بە مست بەر بوونەتە سەروسینگی خۆیان . سەربازەکان ، ئەم پێ و ئەو پێ دەکەن و تفەنگەکانیان بە سەر دەستیانەوە تەکان دەدەن . هاواری نەقیب جانب دەژنەوم . لە پڕ هەموو سەربازەکان نێزەکانیان بەرز دەکەنەوە و سەرەنێزەکانیان لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقێتەوە . هیچ شتێکم لە هەرا وهەنگامە و هاوارەکان دەستگیر نابێت . ئەو ژنەی کە جلکی ئاوریشمی لەبەردایە هێشتا هەر دەرەقسێ . بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە ، بایەکە دەچێتە ژێر تەنوورە پەمەییەکەیەوە ، چەپڵە لێدەدات ، قژی بڵاودەکاتەوە و دەقیژێنێ . کە ڕادیۆ هەواڵی گوللەباران کراوەکانی بڵاوکردووەتەوە ، یەکسەر ، هەموو ، لە هەموو شوێنێکی شارەوە ، لە ماڵەکان هاتوونەتە دەرێ و هاتوون بەرەو لەشکری دووی زرێ . حەشیمەتەکە دەم بە دەم زۆرتر دەبێت . ئەو ژنەی کە دەرەقسێ دەبورێتەوە . دووپیاو ، بە هەشتاو هەڵیدەگرن و لە نێو ئاپۆڕاکەدا ون دەبن . سەربازەکان بە سەرەنێزەوە ، وەکو دیوار لە پێشیان وەستاون .

کچۆڵە و کوڕیژگەکان سەرگەردانن . دەستەو دامێنی ئەم و ئەو دەبن  و هاوار دەکەن . کەس گوێ بە فەرمانی نەقیب جانب نادات . عەریف ساقی و عەریف شەهری وەکو سەگی هار و ورچی پێکراو ، بەر دەبنە حەشامەتەکە . شەلاخەکەی عەریف شەهری بە حەوادا دەسووڕێتەوە . سەربازەکان دەچنە پێشەوە . خەڵکی هێرش بۆ سەربازەکان دێنن . هەنووکە قسەکانیان ، لە نێو هاوارەکانیاندا ، بە پچڕ پچڕی دێتەگوێ . هاتوون کە جەندەکەکان وەربگرنەوە . سەربازێک بە هەشتاو ، کورسییەک لە قەرەوڵخانەکەوە دێنێ ، نەقیب جانب دەچێتە سەر کورسییەکە و هاوار دەکات . کەس تەمەشای ناکات . لە ناکاوا چەند منداڵێکی بچووک ، کچ وکوڕ . لە حەشیمەتەکە جیادەبنەوە و بە بەینی سەربازەکاندا ، ڕادەکەن و سەرگەردان ، بەرەو گرتووخانەکە دەڕۆن . سەربازان بە پۆستاڵێن قورس و تفەنگێن قورسەوە ، دوایان دەکەون . منداڵەکان سووک وەکو پەپوولە دەفڕن . گرتووخانەکە دەناسن . هەمان ئەوانەن کە دوێنێ نیوەڕۆ دیداریان لە گەڵ بابیاندا کردووە . هەستیان بە دەستی گەرمی باوکیان لە سەر گۆناکانیان کردبوو ، باوکیان نابوویانن بە سینگیانەوە و هەستیان بە لێدانی دڵیان کرد بوو . بلەز غاردەدەن و یەک نەفەس بەرەو گرتووخانەکە دێن . یەکێک لە منداڵەکان ، بە قۆناغە تفەنگی سەربازێک کە ڕێگای لێگرتووە دەکەوێت و بە دەما دەکەوێتە سەر عاردی و هەوڵدەدات کە هەستێتەوە بەڵام ناتوانێ . شاپی قورسی سەربازێکی دی بە پشتی کچۆڵەیەکدا دەکەوێ . کچۆڵەکە وەکو تۆپ دەچێت بە ئاسماندا و بە ئەژنۆدا دەکەوێتە سەر عاردی و لە شوێنی خۆیدا لوول دەخوات . هاواری تێکەڵاوی ژنان و پیاوان ، دنیای پڕکردووە . کچۆڵەیەک کە لە بەربەست و لەمپەڕی هەموو سەرنێزە و پۆستاڵەکان تێپەڕیوە و گەییوەتە گرتووخانەکە و سەرگەردانە ، ڕوو بە ڕووی شەهری دەبێتەوە . شەهری بازووی دەگرێت و لە ئەرزەکە بەرزی دەکاتەوە . کچۆڵەکە بە حەواوە لەقە فرتێ دەکات و پاشان بە سەر بازووی شەهریدا دادەخزێ و گاز لە دەستی دەگرێت . شەهری کچۆڵەکە بەر دەدات . کچۆڵەکە ، وەکو پشیلە ، بەچوار چنگۆڵە دێتە سەر ئەرزەکە و دیسان بێ هیچ مەبەستێک دەست بە غاردان دەکاتەوە . دوو سەرباز ، کچ وکوڕێک کە لە ئەرزەکەدا کەوتوون و هەڵدەپلکێن ، دەگرنە باوەش و بە هەشتاو بۆ ناو ئاپۆڕاکە غاردەدەن و فرێیان دەدەنە ناو ئاپۆڕاکە کە هەندیجار پێکادەچن و هەندێجار وەکو گلۆڵە لێک دەترازێن و هاوار دەکەن . ئێستا چەند ئەفسەرێکی دیکە ، لەیانەکە هاتوونەتە دەرێ و لێرەو لەوێ ، لە گەڵ سەربازەکاندا ، ڕێگە لە کەس و کارێن گوللەباران کراوەکان ، دەگرن . سەربازەکان ، دەم بە دەم ، ئاپۆڕاکە بە سەرە نێزەوە گەمارۆ دەدەن و چوار دەوریان دەگرن . نەقیب جانب ، سەر لێ شێواو دەسەپاچە ، هەڵدەکێشێتە دەمانچە و چەند فیشەکێک بە ئاسماندا دەتەقێنێ . ئێستا حەشامەتەکە هەناسەی لە بەر بڕاوە . دەنگەکان نزم و بێ تین وتاون . جارجارێ ، قیژە وفیغانی ژنێک وەکو شەهێن ، لە شەقەی باڵ دەدات و بە سەر ئاپۆڕاکەدا بەرز دەبێتەوە و وەکو مەلێکی پێکراو بە باڵەفرێ دوور دەکەوێتەوە . سەربازەکان ، ئاپۆڕاکە بۆ پشت بینای یانەکە پاڵدەنەن . ئێستا دەنگی لە دوورەوە دێ . یەک دەستە سەرباز ، لە پشت یانەکەوە دێنە دەرێ . لە بەر دەرگای هاتنە ژوورەوەدا  نیو بازنەیەک دروست دەکەن و لاق لێکدی بڵاودەکەنەوە و تفەنگەکانیان بە دەستەوە دەگرن .

هەتاو هەڵهاتووە . خۆری پاییزی ، زەردە . ناو بە ناو ، هەورێن سپی گەواڵ گەواڵ و نەرزۆک ، بە ئاسماندا دەسووڕێنەوەو هەندێجار بەری خۆر دەگرن و سەربازگەکە کەوەیی دەبێت و سەرما گوڕێک پەیدا دەکات . پۆلێک

قەلەڕەش ، لە سەر بینای یانەکەوە ، قیروقاج دێنە خوارێ و لە سەر ئەرزەکە دەنیشنەوە و دوای تۆزێک ، هەموو پێکەوە هەڵدەفڕن .

ئێستا ، دەنگێن کەس و کارێن گوللەباران کراوەکان ، کپ بووە . پێدەچێ نەقیب جانب بە بڵندگۆ قسەیان بۆ بکات . دەنگی نەقیب جانب کە لە بڵندگۆکەوە پەرتە ، ناچێتە گوێوە . بەلای گوێدا ڕەت دەبێت و وەکو لۆتکەی ئاو مژتە دەتلیسێتەوە . هیچ شتێک لە قسەکانی نەقیب جانب حاڵی نابم .

**

ئەو سەربازەی کە هەمیشە لە حەوشە چۆڵەکە یان لە مەیدانی سەربازگەکە ئێشک دەگرێت ، هەواڵی هێناوە کە جەنازەکانیان بە خاوەنەکانیان نە داوەتەوە .

ئەندازیار سەیف کە لە تەوالێت دەگەڕێتەوە ، دەڵێت :

– گوایە جەنازەکانیان بە سەر یەکەوە خستوونەتە ئەمبوڵانسەوە و بردوویانن بۆ مسکرئاباد .

هەڵدەتروشکێین و تەمەشای یەکدی دەکەین . عەریف شەهری دەبێ زۆر مژووڵ بێ کە تا ئێستا پەیدا نەبووە . یەکێکە لەو سەرسەری و ناڕەسەن و چوختی و سەرکێشانە کە تا تۆڵە نەکاتەوە و ژەهری خۆی نەڕێژێ ، دەستبەردارنابێت . چما گاڵتەیە کە یاقووب دەستی بابدات و بە پاڵ لە ژوورەکە بیکاتە دەرەوە ؟!

ئیسلام ڕێ ناکات . قسەش ناکات . لە سێ کونجی ژوورەکەدا هەڵکوڕماوە و ئەژنۆکانی گرتووەتە نێو باوەشی . خەت کەوتووەتە گەردنی . جێگای شەلاخەکەی عەریف شەهرییە کە ئێستا شین بووەتەوە و ئاوساوە .

دنیا کەمێک ساردە . سەربازگەکە کە لە داوێنی کێودایە ، زووتر لە شار سارد دەبێت . پەتۆکانمان داوە بە سەر لاقماندا و دەممان داخستووە و تەمەشای یەکدی دەکەین . پەنجەرەکەمان داخستووە . دەڵێی هەموو ساتێک چاوەڕوانی شەهرین . دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە . پاسەوانی ڕاڕەوەکەیە .

– تەوالێت !

ئەندازیار سەیف و مێجەر ستایش پێکەوە دەڕۆن و زوو دەگەڕێنەوە . ئەندازیار سەیف دەڵێت :

– جەنازەکانیان بە کەس و کاریان نەداوەتەوە !

ئەم هەواڵەی لە پاسەوانەکەی ناو حەوشە چکۆلەکەوە وەرگرتووە .

– هەموویانیان داوە بە سەریەکا و گوایە بردوویانن بۆ گۆڕستانی مسکرئاباد !

دادەنیشێت و پەتۆکە بە سەر لاقەکانیا دەدات و هەمدیس دەڵێت :

- ملازم ( یونسی ) ش حوکمەکەی دەرەجەیەک سووک کراوە .

من و ڕەحمەت لە ژوورەکە وەدەردەکەوین . ناو ڕاڕەوەکە چۆڵە . کڕو کپە . دەرگای هەموو سالولەکان کراوەیە . پەتۆکان قەد کراون و فرێدراونەتە بنەبانی سالولەکان . لە لای یەکێک لە پەتۆکانەوە قاپێکی بریقەداری زەرد لە ئەرزەکەدا کەوتووە . تەختە شەترەنجێک لە سالولی یەکەمدا هەیە . داشەکانی لە ئەرزەکەدا بڵاوبوونەتەوە . مەلیکی ڕەش ، لە ناوەندی تەختە شەترەنجەکەدا وەستاوە . پاسەوانەکە هیچ پەلەیەکی نییە . مۆڵەت دەدات کە بە کاوە خۆ ، بە درێژایی ڕاڕەوەکەدا بڕۆین و ئەگەر حەزمان لێبێ سەر بکێشینە ناو سالولەکانیش . دەرگای سالولی حەوتەم داخراوە و سەربازێک لە هەنبەر سالولەکەدا وەستاوە .

- ملازم یونسی ، دەرەجەیەک حوکمەکەی بۆ داگیراوە !

قسە ، دەماو دەم دەکات :- بۆی کراوە بە ئەبەدی ... !

مێجەر ستایش دەڵێت :- بێگومان لەبەر ئەمەی کە کەمئەندامە ! ( نوقسانە ) .

دەرگای سالولەکەی نەقیب ئەبولحەسەن کراوەیە . دیارە نیوە شەوی دوێنێ ، جێگاکەیان گۆڕیوە .

پاسەوانەکەی حەوشە چۆڵەکە ، دەستی ناوەتە پشتی و ڕاوێچکە دەکات . چاوی بڕیوەتە عاردی و بە هیچ جۆرێ تەمەشامان ناکات .

لە گەڕانەوەدا کە دەگەمە سالولی حەوتەم ، پێم بەرز دەکەمەوە و گوزینگی پێم دەخورێنم و دەڕوانمە کونی دەرگاکە ، تا بەڵکو ملازم یونسی بدینم . هەوڵێکی بێهوودەیە . ملازم یونسی دیار نییە . وادیارە دانیشتووە و بیر دەکاتەوە .

ئیسلام بۆ تەوالێت ناڕوات . پاسەوانەکە سەر دەکێشێتە ناو ژوورەکە .

- کەسی تر نییە ؟

دەرگای ژوورەکە دادەخات . بێدەنگیەکی پڕعەزاب هەموو شوێنێکی پڕکردووە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم و لە خورێنی دەیکێشم . لە دوێشەوەوە ئەوەندەم جگەرە کێشاوە کە مەنگ بووم . خۆر داویە لە قەراخ پەنجەرەکە . پەنجەرەکە دەکەمەوە تا هەتاو بێتە ژوورەوە . بەڵکو ژوورەکە کەمێک گەرم ببێت . هێشتا بە تەواوەتی نەگەڕابوومەوە و فریا نە کەوتبووم کە پاڵ بە دیوارەکەوە بدەم و لاق ڕاکێشم کە لە ناکاوا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و شەهری ، وەکو مەرگی کوت وپڕ دێتە ژوورەوە ، بەسەر دەست ولاقی برادەراندا دەڕوات و یەکسەر بەرەو لای یاقووب دەچێت .

- هەستە !

بازووی یاقووب دەگرێت و لە ئەرزەکە بەرزی دەکاتەوە و بێئەوەی قسەیەک بکات ، بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڵەکی دەدات . یاقووب لاقی لە ئەرزەکە گیر دەکات و بەرگری دەکات . کاژێرەکانی نیشتوونەتە سەریەک و لە ژێر پێستە وشکەکەی دەم و چاوییەوە یاری دەکەن . هەموومان لە جێی خۆ هەڵدەستین . بێخەوی دوێشەو ، نیگەرانی و دڵەڕاوکێی گوللەبارانکردنی ئەفسەرەکان ، هاواری کەس و کارێن گوللەباران کراوەکان و برسێتی ، هێزو شنگی لێ بڕیوین . هەموو پەست و داهێزراو و بێتاقەتین . لاقی یاقووب لە عاردی چەقیوە . شەهری بەرەو دەرگاکە پاڵی دەنێ . هەموو نیگەرانین . دوو دڵین . نازانین چ بکەین . ناتوانین بڕیار بدەین . چاک دەزانین کە ئەگەر یاقووب ببات دوای یەک دوو سەعاتان بە نیمچە مردوویی دەیهێنێتەوە و وەکو مەڕی قوربانی تووڕی دەداتە ناو ژوورەکەوە .

- لەوەشە لە بنی نەگەڕێتەوە !

- لەگینە لە ژێر ئەشکەنجەدا بمرێت !

- دەشێ بۆ جێگەیەکی دیکەی بەرن !

ڕەنگی یاقووب عەینی چەوەنەر سوور بووەتەوە . نیگای بە هەر چوارنکالی ژوورەکەدا دەگەڕێ و ئاوێتەی نیگای یەک بە یەکی برادەران دەبێت و ڕەها دەبێت . شەهری ، بە هیچ کلۆجێ قسە ناکات . شەهری دەم پیس کە زۆری حەز بە جنێودان و سخێفابە ، بێدەنگ بووە و هەوڵدەدات بە تۆپزی یاقووب لە دەرگاکەوە بەرێتە دەرێ . هیچ جنێوێک نادات . یاقووب وەکو پایە ، پێیەکانی لە عاردی گیرکردووە و ناجوڵێت . شەهری هیچی لە پاڵنان دەستناکەوێ . دەکەوێتە پێشەوە و دەستی یاقووب دەگرێت و ڕایدەکێشێت . هەموو برادەران ئەم جۆرە ( بردنانە ) دەناسن . هەموومان ، بینەی ئەو کۆنە حەمامەی کە لە نیوەی ڕێگای مەیدانی تیرەندازیدایە دەناسین . دەرگا ئاسنینەکەی حەمامەکە ، بە تەق وهوڕ دەکرێتەوە و دەنگەکەی وەکو ئەوەی لە ژێر گومەزێکی ئاسنیندا ، دەنگ بداتەوە ، لە بنمیچی حەمامەکەدا دەنگدەداتەوە .

خوێن زاوەتە چاوە درشتەکانی یاقووب . نەرمەی گوێیەکانی زەرد دەچنەوە . ددانەکانی نیشتوونەتە سەر یەک . هەناسە لە سینگماندا پەنگاوەتەوە . شەهری کەوتووەتە هانکە هانک . مەلیک لەپڕ لە سووچی ژوورەکەوە دەجوڵێت . برادەران لە سەر ڕێگەی خۆی لا دەبات و دەگاتە عەریف شەهری و لە داوەوە قۆڵەکانی دەگرێت . جێگای شەلاخەکەی شەهری لە سەر گۆنای مەلیک ئاوساوە و شین بووەتەوە . مەلیک زات وەبەر هەموومان دەدات . دەنگمان بەرز دەبێتەوە . دەچینە پێشەوە و دەوری عەریف شەهری دەگرین .

- چێت لێی دەوێ ؟!

- چی کردووە ؟!

عەریف شەهری ، یەکسەر هەستدەکات کە ڕەوشەکە باش نییە ، سارد دەبێتەوەو سەری بە ملییەوە وەردەچەرخێ و یەک بە یەکمان بە نیگا دادەبێژێ .

- برۆ دەرەوە !

- وازی لێبێنە !

- دەرەوە !

واز لە یاقووب دێنێ و هێدی هێدی پاشە کشە دەکات . برادەران ڕیی بۆ دەکەنەوە . کە دەگاتە بەر دەرگاکە ، باز دەداتە دەرەوە و هاوار دەکات .

- نیشانتانی دەدەم !

و دەرگای ژوورەکە بە یەکدا دەدات .

کەس تاقەتی پێکەنینی نییە . ئەگەر جاران بوایە ، قاقای پێکەنین ژوورەکەی هەڵدەگرت .

- ڕۆیی ، بەڵام ...

- گوتی کە نیشانتانی دەدەم !

- هەستی کرد کە ئەگەر لەوەی پتر ماتەڵ بێ ، تێهەڵدان دەخوات . هەستی کرد کە ئەمڕۆ لە گەڵ ڕۆژانی دیدا فەرقی هەیە .

- ئاخر ئەمانە ، ترسنۆکیشن !

- نامەسئولن ، نەک ترسنۆک !

- هەر دووکیانن . هەم نامەسئولن و هەم ترسنۆک !

- نامەسئولن ، چونکە ئینسان کوژن ، لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکرێت . بگرە هەندێجار هانیش دەدرێن !

- ترسنۆکن چونکە ، کە بزانن وەزعەکە خراپە ، دەقوچێنن !

دەنگەکان خەفەدەبن . هەموو دادەنیشین . هێندە شەکەت و ماندوو و بێتاقەتین دەڵێی کێوی ( ئەبوقبیس ) مان هەڵکەندووە . زۆری بۆ نیوەڕۆ نەماوە . ڕەنگە ئەگەر یەک دوو پاروو بخۆم وەخۆ بێمەوە . پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەم و چاوانم دەنەمە سەریەک . لە بێحاڵیدا خەریکە خەو دەمباتەوە . ئەو دەنگانەی کە جار بە جارێ لە مەیدانی مەشق و ڕاهێنانەکەوە دێت ، بە هێمنی دەم لەرزێنن و لەشم مێروولە دەکات . سەرم گێژ دەخوات . دەنگی ناڕێکی پێی یەک دەستە سەرباز کە پەلەیانە ، لە ڕاڕەوەکەدا دەنگدەداتەوە . ڕادەپەڕم . دەرگای ژوورەکە بە تەق و هوڕ دەکرێتەوە . سەربازەکان وەکو مێگەلە مەڕ دەڕژێنە ناو ژوورەکەوە و دەرگاکە دادەخەن و تا دەکەوینە خۆ دەست بە لێدانمان دەکەن . تێکەڵی یەکدی دەبین . ژمارەی سەربازەکان لە بیست کەس زیاترە . جێگەی جوڵان نییە . هاوارەکان

تێکەڵ دەبن ، دەنگمان بە هیچ کوێ ڕاناگات . دو سەربازی کەتە ، لاقیان لێ بڵاوکردووەتەوە و لە بەر دەرگاکە وەستاون . یەکسەر دەبینم کە کوتەک ، خەریکە بە سەر سەرما دادێتەوە . سەرم لا دەبەم . بەرشانی چەپم دەکەوێ . دەستم لە سەری شانمەوە تا نینۆکی پەنجەکانم گڕ دەگرێت ، دادەنیشم . لە ژێر پۆستاڵدا پان وپلیش دەبمەوە . زرانی یەکێک لە سەربازەکان بەر دەمم دەکەوێ . دەمم پڕ دەبێت لە خوێن . سەربازەکان هاوار دەکەن و لێ دەدەن . دەڵێی کۆزەرو زبرەی گەچ دەکوتن ، دەڵێی چەڵتوک لە دینگدا دەکوتن . زنجیر ، بە سەر سەری حەسەنەوە دەفیشکێنێ و ڕەت دەبێ و بەر دیوارەکە دەکەوێ . گەچی دیوارەکە بەر دەبێ . دەڵێی ددانەکانم لەق بوون . دەنگی عەریف ساقی دەژنەوم .

- بێ جووڵە !

سەربازەکان ، دەستبەرداری لێدان دەبن . دەڵێی هەموویان پێکەوە قورمیشیان تەواو دەبێت . لە جێی خۆیان بە بێ جوولە دەوەستن .

- لا کەون !

سەربازەکان لا دەکەون . کەمال ، سەری شکاوە و لە ئەرزەکەدا کەوتووە . هەموو قژی سەری لە خوێنا هەڵکشاوە . عەتا دەستی بە زگیەوە گرتووە و چۆکی داداوەتە سەر ئەرزەکە و دەڵێی چووتە سوجدە ، هەنیەی ناوەتە سەر ئەرزەکە . مەلیک لە پاڵ دیوارەکەدا کەوتووە و لاقی ڕاکێشاوە و چاوانی پەڕیونەتە تۆقی سەری . شانم دەزریکێنێ . ناتوانم دەستم بجولێنم . چاوە ئەبڵەقەکانی عەریف ساقی لە دوو کاسەی خوێن دەچن . دەنگی گرە و لە بنەبانی گەروویەوە دێت .

- بۆ دەرەوە !

سەربازەکان ، دوا بە دوای یەک ، لە ژوورەکە وەدەردەکەون ، هەموو برادەران بە یەکەوە دێنەقسە . قسەکان هێندە خێراو تێکەڵ و پچڕپچڕن کە هیچ حاڵی نابم . ساقی ، دەستە گەورەکانی هەڵدەبڕێ .

- بێدەنگ !

برادەران بێدەنگ دەبن . شانم ئێشی هەیە . بە دەستی ڕاست ، باسکی چەپم دەگرم تا دەستم قورسایی نەکەوێتە سەر شانم . شوێنێک نییە تف بکەمەوە . خوێنەکەی ناو دەمم قووت دەدەم . سەرە زلەکەی ساقی لە سەر گەردنە ئەستوورەکەی دەسووڕێت و سەیری سەیف دەکات .

- با یەکێک قسە بکات !

ڕەنگی ئەندازیار سەیف پەڕیوە . بە هەر دوو دەستی قەبرغەی گرتووە و لە سووچی ژوورەکەدا دانیشتووە و پاڵی بە دیوارەکەوە داوە . عەتا ، تل دەدات و بە سەر دەستیا دەکەوێت . ساقی تەمەشای دەکات و هاوار دەکات .

– ده قسه بکه !

و دیسان ڕوو دەکاتە ئەندازیار سەیف .

– تۆ قسەبکە کورە !

دەنگی ئەندازیار سەیف ، ئازاری پێوە دیارە . بە ناڵەیە .

– عەریف شەهری حەزدەکات کێشە دروست بکات ! ...

سمێڵە ڕەش و پڕەکەی عەریف ساقی دەجوولێت .

– نەخۆشە ؟!

کەس وەڵامی ناداتەوە . ناڵەی مەلیک دیواری گەرووی دەشکێنێ و دێتە دەرێ . دەڵێی چەند ساتێک بێهۆش بووە . ئێستا هێڵە شینەکەی شەلاخەکە ، بە سەر گۆنایەوە ڕەش هەڵگەڕاوە .

دەنگی ئەستووری عەریف ساقی بەرز دەبێتەوە :– ها ؟ ... پرسیم شەهری نەخۆشە ؟!

کەمال دەجوولێت ، لەپڕ ئەو برادەرانەمان بیر دەکەنەوە کە کۆڵەواربوون . حەسەن ، ژێر شانەکانی کەمال دەگرێت و دایدەنیشێنێ . خوێن بە لاجانگەکانیا هاتووەتە خوارێ و هەموو گۆنای ڕاستی گرتووەتەوە . ساقی خەریکە سەیری دەکات . چاوانی کەمال دەکرێنەوە . عەتا ، تلێک دەدات و دادەنیشێت . بە هەر دوو دەست زگی گرتووە و چارەی داوە بەیەکدا . دەنگی عەریف ساقی دەتەقێتەوە .

– بۆ کەس قسە ناکات ؟!

یاقووب دێتە پێشەوە و دەڵێت :– من قسە دەکەم .

ڕەنگی یاقووب وەکو چەوەنەر سوور بووە . هێڵی چارەی عەریف ساقی دەکرێتەوە . مەچەکی دەستی یاقووب دەگرێت .

– لە گەڵ مندا وەرە .

**

دوکتۆر یارەکەی (یاریدەدەری دکتۆر) سەربازگەکە هات و سەری کەمالی دەرمانکرد .

– ئەم سەرە پێویستی بە تەقەڵ و دورینەوەیە ، بەڵام ئیدی ...

قژی دەوری شکاویەکەی سەری کەمالی بە قەیچی ( مقەست ) هەڵپاچی و تەنترۆکی پێدا کرد . هاواری کەمال بەرز بووەوە .

– ئارام بە پیاو . خۆ گوللەت بەر نەکەوتووە !

لێوم شەق بوو بوو .

– هیچ نییە . خۆی چاک دەبێتەوە و یەک دەگرێتەوە !

ڕۆژی دووەمە کە یاقووب لە سالولی ئینفیرادییە .

نایب زابتە خانەنشینەکە دەرگای ژوورەکەی کردەوە و چوارچەرخەکەی بە مەنجەڵێک خواردنەوە کرد بە ژوورا .

– نیوە ڕۆژە !

دەنگی بانگ کە لە ڕادیۆوە دەهات ، دەگەڵ بای پاییزیدا ، لە حەوادا سەرگەردان بوو .

نایب زابتە خانەنشینەکە ، دەستەکانی بە بەرەڵبێنەکەی پاک کردەوە و کەوگیرەکەی هەڵگرت .

– وەرە پێشەوە !

چارەی نایب زابتە خانەنشینەکە گرژ بوو . خواردنی یاقووبی نەدا . حیسابەکەی لە لابوو . دەیزانی کە لە ئینفیرادیە . قاپەکانی پڕ دەکرد و لە ژێر لێوەوە دەی پرتاند .

– بۆچی بە ئارامی دانانیشن !

بە پرتاندنەکەیدا ، تێگەیشتین کە یاقووب شەلاخیشی خواردووە .

– خۆ گلاراوتان نییە ؟! ... خۆ لەشتان بۆ شەلاخ ناخورێ ! ... ئیدی لە جێی خۆتان دانیشن تا خاکێکتان بە سەرا دەکەن !

قاپەکان پڕ دەکات و دەرگای ژوورەکە دادەخات و دەڕوات .

کە بۆ تەوالێت دەڕۆم چاوە جوانەکانی ملازم یونسی لە کونی دەرگا ئاسنەکەوە دەبینم . ڕاستەو ڕاست تەمەشا دەکات . بە بیانووی خەریک بوون بە لێومەوە — کە ئێستا ئاوساوە — دەوەستم و تەمەشای دەکەم . ملازم یونسی چاو ناتروکێنێ . دەڵێی لە فکران ڕاچووە . دەڵێی نامبینێ . برۆکانی وێکهاتووەتەوە و چاوانی جووڵە ناکەن .

دەنگی پاسەوانەکە لە بنەبانی ڕاڕەوەکەوە بەرز دەبێتەوە :– ماتەڵ مەبە . بکەوە ڕێ !

دەکەومە ڕێ . ئیسلام ، لە حەوشە چۆڵەکەدا ، هەڵتروشکاوە و بە ئاوی مەسینە دەستنوێژ دەگرێت . یەکەمجارە دەبینم کە ئیسلام دەست نوێژ دەگرێت . قۆڵەکانی هەڵکردووە . لاقەکانی لە پێڵاوەکانی دەرهێناوە و ئێستا خەریکە مەسحی سەر و پێی دەکێشێت و لە بن لێوانەوە شتێک دەڵێت . تەمەشای دەکەم . چاوی دەدزێتەوە . دەڵێی حەز ناکات کەس تەمەشای ناو چاوانی بکات . باران نم نم دەبارێت . دنیا هەورە ، ساردیشە . ئیسلام دەست نوێژدەگرێت ، قۆڵەکانی دادەتەوە ، دوگمەکانی مەچەکی دادەخات ، پێڵاوەکانی لەپێ دەکات و چاو بە چوار دەوری حەوشە چۆڵەکەدا دەگێڕێت . پاشان دەڕواتە پێشێ و لە بن دیوارەکە بەردێکی ساف کە بەقەد یەک هێلکە کۆترە بەنووکی پێڵاوەکەی هەڵدەکەنێ و بە ئاوی مەسینەکە ، خاک و گڵەکەی لێدەشوات و بەرەو ڕاڕەوەکە دەڕوات. پاسەوانەکە بێئەوەی بجووڵێ تەمەشای دەکات . هێشتا ئیسلام نەگەیی بووە ڕاڕەوەکە کە دەنگی پاسەوانەکە بەرز دەبێتەوە .

- ئەهۆی ... لە گەڵ تۆمە !

ئیسلام دەوەستێت .

- ئەوە چ بوو هەڵتگرت ؟

ئیسلام بە ئەسپایی دەڵێت :- بۆ نوێژ ... لە جیاتی بەردەمۆر ...

پاسەوانەکە دەڕواتە پێشێ و بەردەکە لە دەست ئیسلام دەردێنێ و فرێی دەدات .

دەنگی پاسەوانەکە ، ئیسلام لە ڕاڕەوەکەدا بەڕێدەکات .

- ئەگەر بتەوێت نوێژ بکەی ، دەتوانی لە سەر پەنجەکانیشت بیکەی .

ئیسلام لە ژوورەوە نوێژ دادەبەستێ . برادەران هەموو بێدەنگ بوون . ئیسلام ، بە دەنگی بەرز و بە دڵنیایی و ئاسوودەیی نوێژەکەی دەخوێنێ . دەنگی دڵگیرە . لەرەیەکی سووکی لە گەڵە . برادەران ، وادیارە باوەڕیان نایەت . ئیسلام لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا هیچ کاتێک نوێژی نەکردووە . تاقە کەسێک کە نوێژی دەکرد ئەسغەر دەلاڵ بوو کە ئەویش دوای چەند ڕۆژێک بیانووی هێنایەوە و چیتر نوێژی نەکرد .

- نە کردنی باشترە ! ... لە کوێ موعلوومە کە ئێرە داگیرکراو نەبێ و دوای ئەوەش بەکام تارەت گرتنەوە !

ئیسلام ، کە نوێژ دەخوێنێ ، چارەی ئارام دەگرێت . هەڵس و کەوتی ئاسوودەیە . نیگای ئارامە . ئیدی لێوانی نالەرزێ . تەنانەت ئەو نیگەرانیەش کە دوای گوللەبارانکردنی ئەفسەرەکان داغانی کرد بوو ، لە سیمایدا دەڕەوێتەوە . دەوری ملی ، بە هۆی شەلاخەکەی عەریف شەهرییەوە ڕەش بووەتەوە . کە لە نوێژ دەبێتەوە ، دەستەکانی بەرز دەکاتەوەو لە بن لێوانەوە وێرد دەخوێنێ . دوای دوعا و وێردان ، دەکشێتەوە و پشت بە دیوارەکەوە دەدات و بزە دەکات . دەنگی یەکێک لە برادەران لە سووچی ژوورەکەوە بەرز دەبێتەوە .

- دوعا و پاڕانەوە !

بزەکە لە لێوی ئیسلام تەرە دەبێت و سەری دادەخات . ئەندازیار سەیف دەڵێت :- بۆچی سەرت داخست ؟!

ئیسلام ، چاو دەتروکێنێ و ژێراو ژێر تەمەشای سەیف دەکات ، ئەندازیار سەیف لە سەری دەڕوات .

- باوەڕ ناکەم ، برادەران ، نیازێکی تایبەتیان هەبێ ، باوەڕ ناکەم هیچ مەبەستێکیان هەبێت .

ئیسلام ، سەری هەڵدەبڕێ . ئەندازیار سەیف دیسان دەڵێت :

- ئەگەر بە ڕاستی ئارامیت پێدەبەخشێت ، بیکە ! ئەگەر ورەت بەرزدەکاتەوە و لە هەنبەر دژوارییاندا پایەداری و خۆ ڕاگریت پێدەبەخشێت ، بیکە ... کەس گلەییت لێناکات ... کەس گاڵتەت پێناکات ...

ئیسلام دیسان بزەی دێتێ و بێدەنگ دەبێت ولاقی هەڵدەکێشێت و ئەژنۆکانی دەگوشێت .

لە مەیدانەکەدا چ خەبەر و باسێک نییە . ئاسمان هەورینە . باران نم نم دەبارێت . گەڵاێن گەرد گرتوو ، پاکبوونەتەوە . هەموو ئەو گەڵا نیلوفەرە خۆڕسکەی کە لە قەدی سپیدارەکەی بەرانبەر دەرگای یانەکە ئاڵاوە ، ڕەنگی ئاگری گرتووە . برادەران بێدەنگن . چەند کەسێکیان ڕاکشاون و وەنەوز دەدەن . ئیسلام هەڵدەستێت و لە سفرەی نانەکە ، چەند گوێچکە نانێک دەردێنێ و لە جێی خۆی دادەنیشێت و دەست بە جوونی گوێچکە نانەکان دەکات و هەویریان لێدروست دەکات و بە ناولەپ هەڵی دێنێت . دەڵێی بە تەمایە داشی شەترەنج دروست بکات ، یە پەیکەر و ئەوشتانە دروست بکات ، برادەران هەندێجار ئەسپ دروست دەکەن کە چەند ڕۆژێک دەمێنێ و چونکە هەویرەکەی باش هەڵنەهاتووە ، درز دەبات و پارچە پارچە لێک هەڵدەوەرێ .

ئیسلام ، هەویرەکە جوان هەڵدێنێ و دەست بە دروست کردنی داشی شەترەنج دەکات . هەموو داشەکان وەکو یەکن و هەریەکەیان بە ئەندازەی دەنکە نۆکێکی درشتە . دوای ئەوەی چەند دانەیەک دروست دەکات هەڵدەستێت و دێت بۆلام و دوو سێ دەنکە شقارتە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە . یەکێک لە داشەکان هەڵدەگرێت و بە دەنکە شقارتەکە کونی دەکات و بە هەمان دەقەوە کە بە دەنکە شقارتەکەوەیە ، بەتف و سەری قامک سافی دەکات ، ئیسلام هەموو دانی ئێوارە ، بە کەماڵی ئیسراحەت ، داش دروست دەکات .

کە خۆر ئاوا دەبیت ، هەورەکان توندتر دەبن و بارانەکە توندتر دەبێت . تازە گڵۆپەکانی مەیدانەکە هەڵبوون کە ئوتومبیلێکی سەر پۆشراو دێت و لە بەرانبەر گرتووخانەکە دەوەستێ . ئوتومبیلەکە زیاتر لە ئەمبوڵانس دەچێت ، بەڵام هیچ پەنجەرەیەکی پێوە نییە . ڕەنگی ئوتومبیلەکە زەیتوونییە . هەموو شوێنێکی داخراوە . تەنانەت قەمەرەی شوفێرەکەش تەنگ و بچووکە . کە ئوتومبیلەکە دەوەستێ ، دوای تۆزێک دەنگی ڤەبوونی دەرگای سالول دێت و پاشان ملازم یونسی ، لە گەڵ دوو سەربازی چەکدار و یەک عەریفدا کە بارانییان پۆشیوە ، لە دەرگای گرتووخانەکەوە وەدەر دەکەون .

ملازم یونسی ، دەرلنگی چەپی پانتۆڵەکەی هەڵکردووە و بلوزە عەسکەرییەکەی لەبەرەر و سەری کۆتە . تا ئەو کاتەی دەرگای پاشەوەی ئوتومبیلەکە دەکرێتەوە ، سەیری ئاسمان دەکات . باران ڕێژنەیە ، بەڵام دەڵێی لەزەت لەو تنۆکە بارانە توندەی کە بەر سەرو چاوی دەکەوێ ، دەبینێ . ملازم یونسی ، سینگی پڕ لە هەوا دەکات و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت . قژە پڕ و پرشنگدارەکەی تەڕبووە . چاو لە ئاسمان دەگوازێتەوە و دەڕوانێتە دەور وبەر . بۆ ساتێک نیگای بە پەنجەرەکەوە دەگیرسێتەوە . بزە دەکات . سەربازەکان یارمەتی دەدەن تا سەر بکەوێتە ناو ئوتومبیلەکە و پاشان خۆشیان سوار دەبن . عەریفەکە لە لای سایەقەکەوە دادەنیشێت . دەرگاکە دادەخرێت و ئوتومبیلەکە بۆی دەردەچێت . بارانەکە هێندە توند بووە دەڵێی دووکەڵ لە ئەرزەکەوە بەرز دەبێتەوە . دەڵێی ئاسمان بە ئەرزەوە لکاوە .

ئوتومبیلەکە بۆ چەند ساتێک لە هەنبەر دەرگای چوونە ژوورەوە دەوەستێ ، پاشان دەردەچێت و پێچ دەکاتەوە و لە پشت ڕیزە بینایەکی خشتێنی قرمزەوە دەکەوێتە نەدیوی .

ئێستا چ کەسێک لە ژوورە ئینفیرادییەکاندا نییە . ئیسلام ، تیلماسکێکی باریک لە بیجامەکەی ژێرەوەی دەکاتەوە و بای دەدات و پاشان هەموو داشەکان ( پیادەی دامە و شەترەنج ) یەک بە یەک ، کە ئێستا کزر بوونەتەوە و نیمچە وشک بوونەتەوە دەکات بە داوەکەوە و پاشان هەر دوو سەری داوەکە لە کونی ئیمامەی تەزبیحەکە هەڵدەکێشێ و گرێی دەدات و بەرزی دەکاتەوە و بەخوشحاڵییەوە تەمەشای دەکات . تەزبیحەکەی ئیسلام ، لە پەنجا دەنک زیاتر نییە . ئەگەر بیویستایە بیکات بە سەد دەنک زۆر درێژ دەبوو . دەنکی ورد بە هەویر دروست ناکرێت . ئیسلام بەمە ڕازییە . دووبارە سەیری تەزبیحەکە دەکات و پاشان ، لە ملی دەکات و تەمەشای سەرانسەری ژوورەکە دەکات و بزە دەکات .

دوای شام ، ئیسلام کە بۆ تەوالێت دەڕوات ، بە دزی چاوی پاسەوانەکەوە ، ئەو بەردە چکۆلەیەی کە نیوەڕۆ شۆرد بووی ، لە گەڵ خۆیدا دێنێت . کە نوێژ دادەبەستێ ، هێندە بە ئارامی و ئاسوودەیی نوێژەکەی دەکات و پاش نوێژ ئەوەندە تەزبیحات دەکات لە تۆ وایە نوێژی جەعفەری تەیار دەخوێنێ .

برادەران ، هیچیان ، خولقی قسەکردن و سوعبەت کردنیان نییە .

هەریەکەمان بە جۆرێک و بە شتێکەوە خۆمان مژووڵ دەکەین . شوێنەواری لەقە و شاپ بە سەر قەبرغەی ئەندازیار سەیفەوە شین بووەتەوە . ئازاری هەیە بەڵام بەو ڕادەیە نا کە بێتاقەتی بکات .

مەلیکیش بەو جۆرەیە . دەڵێت :- جۆرە ئازارێکی سووکە کە هەندێجار دەزریکێنێ .

حاڵی عەتا ، لە ئەندازیار سەیف و مەلیک خرابترە . هەندێک لە برادەران ، ژێر جامەکانیان داکەندووە و داویانە بە عەتا تا لەزگییەوە بیپێچی و گەرمی بێتەوە . عەتا درێژ بووە . سەری لە ژێر پەتۆکەدا نییە . چاوە پیرۆزەییەکانی کاڵ بوونەتەوە . دەڵێت :- زۆر دەیەشێت . هەندێجار بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرێ .

جەزرەبەی پۆستاڵ بەر ناوکی کەوتووە و ئێستا . دەوری ناوکی ڕەش بووەتەوە .

کەمال ، سەرە پێچراوەکەی دەنێ بە دیوارەکەوە و چاوی دەنێتە سەر یەک و دەڵێت :

– دەڵێی یەک کوورە بە سەر ملمەوەیە .

هەر یەکێک لە برادەران بە جۆرێک خۆی سەرگەرم کردووە . ئیسلام لە سێسووچی ژوورەکە دانیشتووە و تەزبیحات دەکات . وادیارە حەز دەکات خۆی لە برادەران جیا بکاتەوە ، بەڵام برادەران وازی لێناهێنن و نایەڵن لە خۆیدا غەرق بێت . مێجەر ستایش ، لە لای ئەندازیار سەیفەوە ڕادەبێ و دەچێت لە تەنیشت ئیسلامەوە دادەنیشێت .

– ئەو تەزبیحەم بدەیە . با نیازێکی پێ بگرمەوە !

ئیسلام ، دوو دڵە . برژانگەکانی داهاتوونەتەوە و دەڕوانێتە بەردەم خۆی . دڵنیایی ، لەچاوە شێنەکانی مێجەر ستایشدا بەدی دەکرێت .

– بۆ نامدەیتێ .

ئیسلام ، تەزبیحەکە دەداتە مێجەر ستایش و لەبن لێوانەوە دەڵێت :

– ئەگەر بە تەمای ڕابواردن و قەشمەری کردنی ، باشتر وایە ئەم کارە نەکەی !

مێجەر ستایش بزە دەکات و دەڵێت :– کێ شتی وای گوتووە ؟!

دەنگی زڕندی ، لە ناوەندی ژوورەکەوە بەرز دەبێتەوە . زڕندی لە تەنیشت بەهرامەوە دانیشتووە .

– بۆچی وا وێنا دەکەیت کە هەمووان نیازی قەشمەڕی کردنیان بە تۆ هەیە ؟!

ئیسلام هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و بە ئەسپایی دەڵێت :

– نازانم . لەوەیە هی ئەوە بێ کە دەستم بە نوێژ کردن کردووە !

دەنگی ئەندازیار سەیف بەرز دەبێتەوە :–خۆ من پێمگوتیت !

ئیسلام ، ئارام بووە . بە دڵنیایی داخفێ .

– بەڵێ ... گوتت ... منیش لێبڕاوم کە نوێژ بکەم و دەیکەم ... چونکە هەست دەکەم،پشتم خاڵی بووە..ژێر پێم خاڵی بووە.. هەستدەکەم پێویستم بە شتێکە کە پەنای بەرمێ کە پشتی پێوە بدەم و ئەو شتەش ...

ئیسلام ، چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت . دەڵێی بیر دەکاتەوە . هەموو برادەران چاویان بڕیوەتە ئیسلام و چاوەڕوانن کە قسەکەی بکات . ئیسلام ، سەر وەبەر خۆی دەنێ و لە سەری دەڕوات .

- ... ئەوشتە دەبێ ئەوەندە گەورەبێ کە جێگەی متمانە و دڵنیایی بێت ، کە بتوانم بە خەیاڵی ئاسوودەوە پاڵی پێوە بدەم ، پشتی پێ ببەستم ... و بە مەزەندەی من ... بە مەزەندەی من ....

دیسان ئیسلام ، لە ئاخافتن دەوەستێ . دەڵێی لە زەینی خۆیدا گەنگەشە دەکات و قسەکان گێژەو بێژە ، شەن و کەو دەکات . هەناسەیەک هەڵدەکێشێت ، سەری هەڵدەبڕێ و دێتە قسە .

- ئەرێ ... بە مەزەندەی من ، ئەو ( شتە ) ئەو ( گەورەیە ) ، ئەو ( ئاسوودەییە ) دەبێ لە هەموو ئەو شتانە بەرزو باڵاتر بێ کە تا ئێستا ناسیوومن !

ئیسلام بێدەنگ دەبێت . ئەسڵەن جێگەی باس نییە . ئیسلام پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات و سەیری بنمیچەکە دەکات . برادەران ، هەموو بێدەنگیان لێکردووە . مێجەر ، تەزبیحەکەی دەداتەوە . ئیسلام ، بە دەم دانیشتنەوە تەزبیح دەگێڕێت و ورتە ورت دەکات .

حەسەن و ڕەحمەت ، تەختە شەترەنجەکە ڕادەکێشێتە بەرەوە و داشەکان ڕیز دەکەن . عەتا ، بە هەموو ئازارێکی زگییەوە ، لە سەر دەست وەردەگەڕێ و تەمەشای تەختە شەترەنجەکە دەکات .

- دیسان ، دەستان بە شەترەنج کردەوە ؟!

لە کاتی خەودا ، بارانەکە خۆشدەکاتەوە . هەوران بەرەو خۆر ئاوا دەڕۆن . دنیا ساف دەبێ و ئاسمان دەبێ بە ئەستێرە باران . هەموو شوێنێک شۆراوەتەوە . قیرەکە لە بەر ڕۆشنایی گڵۆپەکان دەبریقێتەوە . لە پەنجەرەکەوە کزەبایەکی سارد دێتە ژوورەوە . پەنجەرەکە دادەخەم . هەموو برادەران ڕادەکشێن . ورتە ورتی ئیسلام دەژنەوم . دەڵێی بەر لە نووستن ، دوعا دەخوێنێ .

**

ئەو دەنگە دەنگەی کە لە ڕاڕەوەکەدا بەرز دەبێتەوە ، لە خەو بێدارم دەکاتەوە . چاوم هەڵدەگڵۆفم و سەیری سەعات دەکەم . دووی دوای نیوە شەوە . هەموو برادەران لە تەنیشت یەکەوە خەوتوون . ئەندازیار سەیف گینگڵ دەدات و دادەنیشێت و سەیرم دەکات :- چ باسە ؟!

شانەکانم هەڵدەتەکێنم :- نازانم !

- تەماشایەک بکە .

بەهرام دەپرخێنێ . دەنگی پێ لە ڕاڕەوەکەدا زۆرتر دەبێ . بە بەینی برادەراندا ، کە وەکو کتێب بە تەنیشت یەکەوە هەڵچنراون ، لە سەر نووکی پێ ڕەتدەبم . دەستی زرنگی دەشێلم . یەکسەر لە خەو ڕادەپەڕێ و بە چاوانی خەواڵووەوە تەمەشا دەکات :- چییە ؟!

و لە ناو جێگاکەی دادەنیشێت و گوێ هەڵدەخات .

- ها ؟! ... چ باسە ؟!

دەنگی پێ ، دەنگی کردنەوەو داخستنی دەرگا ئاسنەکانی سالولەکان و چپەچپی ئەو خەڵکانەی کە لە ڕاڕەوەکەدان هەر هەمووی تێکەڵ بووە . لە کونی کلیلەکەوە تەمەشا دەکەم . چەند سەربازێک و چەند زیندانییەک ، بە تێکەڵی ڕاوەستاون . زیندانییەکان دەژمێرم . دە نەفەرن . ناتوانم سەربازەکان بژمێرم . بەردەوام لە هات وچۆدان . ڕاڕەوەکە پڕە . لە بنەبانی ڕاڕەوەکەدا یەک کۆمەڵ پە تۆ لە سەر یەک کەڵەکە کراوە . عەریف ساقی ، زیندانییەکان ڕیز دەکات . دەنگی ئەندازیار سەیف دەژنەوم . ئاوڕ دەدەمەوە ، لە پشتمەوە وەستاوە . ئێستا هەندێک لە برادەران بێدار بوونەتەوە و لە نێو پەتۆکاندا هەڵتروشکاون . هەوا ساردە ، بەڵام هەناسەی سی و چەند نەفەر ، لە ناو ژوورێکی چکۆلەدا ، هەواکە گەرم دەکات .

سەیف دەپرسێت :- چ باسە ؟!

- زیندانی تازەیان هێناوە .

لە کونی کلیلەکەوە سەیر دەکات . دوو سێ نەفەریان دەناسێت . دەڵێت :

- ئەوەیان کە دەم و چاوی درێژکۆڵە و چەنەی بەرز و لێوی ئەستوورە و دەمی کەمێ گەورەیە ، دەبێ کۆلۆنێل عەزیزی بێ . ئەو چاو و برۆ ڕەش و لێو ئەستوورەش ، ملازم موختارییە ...

سەری دەلەقێنێ و تەمەشام دەکات و دەڵێت :- چەند گۆڕاوە ... موختاری دەڵێم ... قارەمانی لەشجوانی بوو ... ئێستا تەمەشای بکە ! ...

ئەندازیار سەیف ، ملازم مەرزەوان و مێجەر عەتاردیش دەناسێ . دەڵێت :

- بەڵام ، مەرزەوان باش ماوەتەوە ... تەنیا تۆزێک ورگی پەیدا کردووە ...

مەرزەوان ، باڵا بەرز و تۆکمە و دەم و چاو گۆشتن و چاوانی درشت و ڕەشن .

کازم چاوی لە کونەکە لادەبات و دەڵێت :- هەموویان چوونە ژوورەوە .

تەمەشا دەکەم . عەریف ساقی و عەریف شەهری لە ڕاڕەوەکە دەچنە دەرێ . دیسان ڕاڕەوەکە قەرەباڵغ دەبێت و دیسان لە بەرانبەر هەر سالولێکدا سەربازێک وەستاوە .

ئاوێزە پەنجا واتییەکەی میچەکە ، ڕەنگێکی مردووی بە ڕاڕەوەکە بەخشیوە . ئەو برادەرانەی کە لە ناو جێگاکانیان هاتوونەتە دەرێ ، لە پشت دەرگاکەوە ، لە دەوری یەکدی خڕبوونەتەوە و بە ئەسپایی گفت و گۆ دەکەن .

**

دوو شەو و ڕۆژ ، بوو بە هەفتەیەک . قەراربوو یاقووب یاقووب چل و هەشت سەعات لە ئینفیرادیدا بێت . یاقووب ، تۆزێک لەمە پێش ، بە لەقە لەق هات . هێندەی شەلاخ خواردبوو ، پشتی یەکپارچە برین بوو . ناتوانێ بە پشتا بخەوێ . کە ڕێ دەکات دەڵێی بە سەر هێلکەدا دەڕوات . دەترسێت کە برینەکان ، بکولێنەوە . ئەو ڕۆژەی کە یاقووب ڕۆیی بیست و حەوتەمی مانگی میهر بوو . ئێستا سێی مانگی ئابانە . ئەمڕۆ ، ( ڕۆژی حەوت ) گوللەباران کراوەکانیشە . کە ئەمە دەڵێم ، یەکسەر هەموو برادەران بێدەنگ دەبن . ئەندازیار سەیف سەیری سەعات دەکات و یەک دەقیقە بێدەنگی ڕادەگەیەنێت . هەموو برادەران هەڵدەستنە سەر پێیان . ئیسلام لەبن لێوانەوە فاتیحا دەخوێنێ . خۆر ئاوایە . لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەم . کامانکارێکی زەیتوونی لە دەرگای سەربازگەکەوە دێتە ژوورێ ، پێچی جادە قیرەکە دەبڕێت و لە هەنبەر یانەکەدا ڕادەوەستێ . بێدەنگیەکە ، تەواو دەبێت . برادەران ، هەموو ، پێکەوە قسە دەکەن . چەند کارتۆنێکی مقەوایی گەورە لە ناو کامانکارەکەدا هەڵچنراوە دوو سەرباز ، لە بینای یانەکەوە وەدەردەکەون و کارتۆنەکان دادەگرن و دەیبەنە ناو یانەکە . سەربازەکان ، زۆر بە پارێزەوە کارتۆنەکان هەڵدەگرن ، وا دیارە دەبێ شتی شکستۆکیان تیابێ .

ملازم مەرزەوان خەریکە لە پرس و جۆ دەگەڕێتەوە . دوو سەربازی چەکداری لە گەڵە . مەرزەوان ، شانە پانەکانی بردۆتە دواوە و دەستەکانی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندووە . دەڵێی گیرۆدەی پشت یەشەیە . بە ئەسپایی هەنگاو دەنێت . لاقی بە زەحمەت هەڵدێنەوە . لێوەکانی ، لە ژێر سمێڵە ڕەشەکەیەوە توند نیشتوونەتە سەریەک . گڵۆپێن مەیدانەکە دادەگیرسێن . کراسەکەی ملازم مەرزەوان بە پشتییەوە لکاوە . دەبێ جێ شەلاخەکە ، خوێنی لێ هاتبێ و کراسەکەی پێوە نووسابێ .

دوای نیوەڕۆ کە چووم بۆ تەوالێت ، توانیم بۆ یەک سات ڕوخساری ڕەقی مێجەر بەهزاد لە کونی دەرگا ئاسنەکەوە بدینم . لە دەرگای سالولەکە دوور کەوتبووەوە و لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکەدا ، هەنیە بەرزەکەی ، گۆنا بەرجەستەکانی و چەناگەی ، تاریک و ڕوون دەبینرا . مێجەر بیهزاد ، لە ژووری حەوتەمە . هەمان ئەو سالولەی کە ملازم یونسی تێابوو . ملازم مەرزەوان لە سالولی یەکەمدایە . سالولەکەی ئەندازیار مورتەزا کە لە گەڵ یەکەم دەستەدا شەهید بوو . ئێستا ناوی هەر یازدە نەفەرە زیندانیەکە دەزانم و دەزانم کە کامیان لە کام سالولدایە .

نەقیب کەلهور ، لە سالولی ( ژووری ئینفیرادی ) هەشتەمە . ملازم نەسیری لە سالولی یازدەیەمە . مێجەر ستایش دەڵێت :- لە گەڵ مێجەر وەزیریان و مێجەر سروشیاندا هاودەورە بووم ، لێ قائمی سێ ساڵ دوای من بوو .

سروشیان دەستەباڵایە . بەڵام کورت دەنوێنێ . تۆکمەیە ، سپیکەلەیەکی سینگ پانی چاو گەورەی ئامال زەردە .

مێجەر ستایش دەلێت :- وەزیریان ، زۆر بە غیرەت و بەجەرگ و پایەدار و خۆ ڕاگریشە .

دنیا تازە تاریک بووە . هیچ دەنگێک لە ڕاڕەوەکەوە نایەت . شێومان خواردووە ، دانیشتووین تا سەنگینی خەو بێ بە سۆراغمانەوە . ئیسلام خەریکە نوێژ دەکات . بە دەنگی بەرز نزا دەکات .

" سبحان الله رب السموات السبع و رب الارضين السبع ... "

دەنگی ئیسلام ، لەرزە و لەرەیەکی دڵگیری هەیە . لە پڕ دەنگی میوزیک بەرز دەبێتەوەو سەرانسەری سەربازەگەکە پڕ دەکات . هەمووومان ، تەمەشای یەکدی دەکەین . زڕندی و کازم دەست لە شەترەنجەکە هەڵدەگرن . دەنگی میوزیک لە یانەکەوە بەرز دەبێتەوە .

لە بن لێوانەوە دەڵێم :- " حەوت " گوللەباران کراوەکە .

کازم ، چاو دەبڕێتە چاوانم و بە ئەسپایی دەڵێت :- شەوی چوارەمی مانگی ئابان !

هەناسەم سوار دەبێت . هەوڵدەدەم تا قسەبکەم . مست بە عاردیدا دەکێشم .

- لێ ئەمڕۆ ... ڕۆژی حەوت ... !

قسە لە ئەوکم دەگیرێت . خەریکە دەخنکێم . ئێژی گەرووم ئاوساوە . هەست بە تەنگە نەفەسی دەکەم . ڕوو دەکەمە پەنجەرەکە و هەوا هەڵدەمژم .

دەنگی میوزیکەکە نەوی دەبێتەوە و لە چوارچێوەی موزیکێکی نەرم و لە باردا ، دەنگی زوڵاڵ و پڕ دەنگدانەوەی ( خانمی نەناس ) بەرز دەبێتەوە . هەمووی ساڵێک نابێ خانمی نەناس ، ئەوەندە ناسراو بووە . خەریکە گۆرانی دەچڕێ .

" کێیە ، کێیە لە دەرکە دەدا ، ڕاکە دەرگا وەکە "

" دەرگا ژەنە لە دەرگا دەدا ، ڕاکە دەرگا وەکە "

ئیسلام چووەتە سوجدە . پشتی دەستەکانی ناوەتە سەر ئەرزەکە و چپەچپ دەکات و قامکەکانی لە ناو لەپیا دەخەوێنێ .

دەنگی موزیک ، بە دەم بای پاییزییەوە ، جارێ دوور دەکەوێتەوە و جارێ هێندە نزیک دەبێتەوە لە تۆ وایە تیپی موزیکەکە لە ناو ژوورەکەدایە . ئیسلام ، سەر لە سوجدە هەڵدەگرێت و هەر دوو ناو لەپی بە دەم و چاویا دێنێ و پاشان دەکەوێتە دەستحێب ( تەزبیح ) گێڕان و ورتە ورت دەکات . دەنگی خانمی نەناس بەرز دەبێتەوە .

" عەقرەبی زوڵفی کەچت نیشانەی تۆرانە "

" تا مانگ لە عەقرەبا بێ ، کارمان هەمان کارە "

پەنجەرەکە دادەخەم . چیوای بۆ سەعات نۆ نەماوە . کازم تەختە شەترەنجەکە و پیادەکان کۆدەکاتەوە تا ئەگەر موزیکەکە بێڵێت و هەرا و زەنا و پێکەنینی مەستانە دەرفەت بدات و خەو بە سوراغمانەوە بێت ، بتۆپین !

برادەران ، هێشتا لە ڕاخستنی پەتۆکان نەبوونەتەوە کە دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و عەریف شەهری مەستی مەست . دێتە ژوورەوە و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستێ و دەست دەنێتە ناو قەدی . دەمە زلەکەی عەریف شەهری کراوەتەوە و چاوە چکۆلەکانی سوورە . وا دیارە تا ناوقرگە عەرەقی خواردووەتەوە . زمانی قورسە .

– برادەرینە ... س ... سڵاو ... ! حاڵتان ... چ ... چۆنە ؟!

ئەمە یەکەمجارە کە بزە نیشتووەتە سەر لێوە قەیتانییەکانی شەهری و یەکەمجارە کە لە حاڵمان دەپرسێت . زمانی گۆ ناکات .

– خۆ ... خۆشن ؟! ... ها ! ... خۆشن ؟!

بە بەینی برادەراندا دێتە ناوەندی ژوورەکە . پێی بەهرام دەشێلێت .

– ب ... بەخشن کە ... پام ... پان کردیتەوە !

ئاوڕ دەداتەوە و چاوی بە دەرگاکە دەکەوێت کە هێشتا کراوەتەوە و پاسەوانەکە دەڕوانێتە ناو ژوورەکە . لە نەعرەتە دەدا :– ئەهۆی کوڕۆ ... دەرگای ژوورەکە داخە !

پاسەوانەکە تەکان دەدا و دەرگای ژوورەکە دادەخات .

– ئێستا ... باش بوو !

عەریف شەهری ، دەڕوانێتە هەرچوار نکالی ژوورەکە .

– ها ؟ ... باش نەبوو ؟! ... بوو !

هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت :– باشە !

عەریف شەهری ، ڕدێنی باش تاشیوە . گۆنا ڕەقەکانی دەبریقێنەوە . جلەکانی پاک و خاوێن و ئوتوکراون و میداڵی بیست و هەشتی موردادی لە بەرۆکی داوە .

سەری شەهری ، بە سەر ئەستۆیەوە دەلەقێ و دەڕوانێتە سەعاتەکە . بێئەوەی چاو لە سەعاتەکە بگوازێتەوە ، دەڵێت :– و ... وەختی خەوە ... خەو !

و برۆکانی ، کە لە کلکی مشک دەچێت ، وێک دێنێتەوە و نیگای لە سەعاتەکە دەگوازێتەوە و قرقێنەیەک لێدەدات . چارەی گرژ دەبێت . لەوە دەچێ بیەوێ بڕشێتەوە . لیکاوەکەی دەمی قووت دەداتەوە . قورتمی بە درێژایی گەروویدا بەرز و نزم دەبێتەوە .

– ئێ !

چاوە چکۆلەکانی دەبڕێتە مێجەر ستایش و دەڵێت :

– ئەم ... ئەمشەو ... بە ڕوخسەتی من ... ئازادن ... کە هەرکاتێ دەخەون ، بخەون ... ئا ... زاد !

تەمەشای دەوراندەوری ژوورەکە دەکات و کە نیگای دەگاتە سەر حەسەن ، لە سووڕان دەوەستێ .

– بۆچی ... سو ... سو ... پاسی من ناکەن ؟!

سەیری یەکدی دەکەین . دەنگی موزیک و دەنگی خانمی نەناس هەموو مەیدانەکەی پڕ کردووە .

– ها ؟! ... بۆ نایکەن ؟! ... مەگەر فرمانم پێ نەدان هەرکاتێ دەخەون ، بخەون ؟!

دەستی هەڵدەبڕێ و کلکی ( پەنجە ) بەرز دەکاتەوە .

– فەرمان ! ...

کەس ، هیچ ناڵێت .

گیرفانی پانتۆڵەکەی عەریف شەهری ئاوساوە . دەستی دێتەخوارەوە و لە سەر کڵافەی شەلاخەکە دەگیرسێتەوە و قامکەکانی ، لە سەر ئاوساوی پانتۆڵەکەی ، یاری دەکەن .

– زۆر چاکە ... قسە مەکەن !

بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە .

– بەڵام ... من ئەمشەو ، دەتان هێنمە قسان ! ...

هەردوو دەستی بەرز دەبنەوە .

– ئەمشەو ... جەژنە ! ... گوێتان لێبوو ؟ ... جەژن ! ... ئەمشەو ، دەبێ هەمووتان شاد بن ! ... دەبێ هەمووتان جەژن بگرن ... دەبێ هەمووتان قسەبکەن ! ... ئەسڵەن دەزانن چییە ؟! ... ئەسڵەن ...ئەمشەو ... دەبێ هەمووتان گۆرانی بچڕن ! ... هەمووتان ! ...

بێدەنگ دەبێت و دیسان چاو بە دەوری ژوورەکەدا دەگێڕێ .

– کێتان دەتوانن گۆرانی بچڕن ؟

هەموو لێومان ناوەتە سەریەک و تەمەشای یەکدی دەکەین . هەموومان یەژی چاوەڕوانی بوویەرێک دەکەین .

ئەگەر عەریف شەهری بەخێر وسەلامەت لە  ژوورەکە وەدەربکەوێ ، ئەوا لەسەر یەشە خەلەسیوین ، دەنا بەم هەموو مەستییەوە کە بەر پێی خۆی نابینێ و بەو هەموو بیانووە جۆراو جۆرەوە کە دەیگرێت و بەم هەموو فەرتەنەیەوە کە دەینێتەوە ، مەگەر خوا بەخێری بگێرێت .

– نەتان گوت ! ... پرسیم ، کێتان دەتوانن زەرب لێبدەن ؟

ئاماژە بۆ ئەندازیار سەیف دەکات .

– وا دیارە تۆ ... دەتوانی ... بە چاوتا دیارە کە هەم دەتوانی گۆرانی بچڕیت وهەم ... سەماکاری !

ئەندازیار سەیف ، سوور دەبێتەوە ، بەڵام بزە دەکات . بزەکەی ئەندازیار سەیف تاڵە .

– ئەرێ ؟! ... تۆ دەتوانی ؟!

لێوەکانی ئەندازیار سەیف دەکەونە تەتەڵە .

– نە ! ... گۆرانی نازانم .

شەهری . زۆر زوو قەناعەت دەکات . ڕوو دەکاتە کازم .

– بەڵام تۆ ... تۆ بێگومان دەتوانی !

کازم ، دەست بۆ توێڵی دەبات و بە نینۆک زیپکەکانی هەڵدەکەنێ .

شەهری دێتە پێشترەوە . دەمی خوار وخێچ دەکاتەوە .

– ئەرێ ... دەتوانی ؟!

کازم ، سەری با دەدات .

– نە !

عەریف شەهری لە پڕ هاوار دەکات :– هەستنە سەر پێ !

کەس لە جێی خۆی ناجمێ . شەهری دەست بە گیرفانیا دەکات و شەلاخەکە دەردێنێ و بای دەدات . گلۆڵە و کڵافی شەلاخەکە دەبێتەوە و بە کاوەخۆ دەڵێت :– مەگەر ... نەمگوت هەستن ؟! ... بۆ هەڵناسن ؟!

برادەران ، یەک دوویەک هەڵدەستن . کەمال دانیشتووە . سەری سارغی پێچ کراوە . عەریف شەهری بۆ لای کەمال دەڕوات . کەمێک سەیری دەکات و بە ئەسپایی دەپرسێت .

- تۆ ئاخوندی (مەلای شیعە) ؟!

- نە !

- ئەدی ئەمە چیە بە سەرتەوە بەستووە ؟!

کەمال تیاماوە چی بڵێت . شەهری لە پڕ هاوار دەکات :- هەستە سەرپێ !

کەمال ، بە زەحمەت هەڵدەستێ . عەریف شەهری دەکشێتەوە . پشت لە دەرگای ژوورەکە دەوەستێ .

- هە ... موو ... تان ... ڕوو بکەنە من !

برادەران ، هەموو ، ڕوو لە عەریف شەهری دەوەستن . دەبێ کارێکی وەها بکەین کە بیانووی نەدەینە دەست . تا لە کۆڵمان ببێتەوە و بە هەرجۆرێ بووە لە ژوورەکە وەدەربکەوێ .

چاوە سوورەکانی شەهری بە ئاستەم هەڵدێن . برژانگەکانی دەکەون بە سەریەکدا . لەشی دێتەپێشێ و دەچێتە دواوە . دێتە قسە :- گوێ لە فرمانی من بگرن !

پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات .

- ئەمشەو ... شەوی چوارەمی ئابانە ... چوارەمی مانگی ئابان . گەورەترین جەژنی مێژووە ! ... گەورەترین جەژنی دنیا ! ... گەورەترین جەژنی لە دایکبوونی موبارەکی گەورە سوپاسالاری دنیا ! ... جەژنی گەورەترین ڕابەری دنیا ! ... حاڵی بوون ؟! گەورەترین ! ...

کەمێک بێدەنگ دەبێت . تف دەکاتە بەرپێی خۆی . پشتی لە دیوارەکە دەکاتەوە و لە سەری دەڕوات .

- کەواتە ... ئێستا ، هەموومان ... پێکەوە ... هەوەڵجار ، سروودی شاهنشای گەورەترین ... سوپاداری دنیا دەڵێین ! ... حاڵی بوون ؟! ...

دیسان بێدەنگ دەبێت و دیسان تف دەکات و دووبارە دێتە قسان .

- پاشان ... هەموومان پێکەوە دەڕەقسین ! ... پاشان ، هەمووتان ئیکلام بۆ من دەکێشن و دوعا بۆ گیانی گەورەترین سوپاسالاری دنیا !.. بۆ گیانی من !.. ئەرێ من ... عەریف دووەم شەهری ... دەکەن !.. پاشان ...

شەلاخەکەی با دەدات . شەلاخەکە وەکو مار پێچ دەخوات .

- زۆر چاکە !.. هەوەڵجار سروودەکە !.. تا سێ دەژمێرم . لە گەڵ ژمارە سێدا ... دەست پێدەکەین ... خەبەر ... دار !

و به ئارامی دەست بە ژماردن دەکات .

- یەک !..

دیسان شەلاخەکە با دەدات .

- دوو !..

ولە پڕ دەڵێت :- سێ !

و خەبەردار دەوەستێ و سڵاوی سوپایی دەکات و خۆی دەست بە وتن دەکات .

" شاهنشای ئێمە ... ! "

برادەران ، ڕەنگیان زەرد بووە . چاوە شینەکانی مێجەر ستایش ئۆقرەیان نییە . لە کاسەی چاویا دەگەڕێن . مێجەر ستایش بێتاقەتە .

عەریف شەهری ، هاوار دەکات :- بۆچی لاڵ بوون ؟!

خۆ بە خۆ دەست بۆ گیرفانم دەبەم و جگەرەیەک دەردێنم . شەهری لە لای دەرگای ژوورەکەوە بە تاو بۆ لای من دێت و جگەرەکەم لە دەست دەسەنێت و لە ژێر پێیدا پان و پلیشی دەکاتەوە و زللەیەک دەسرەوێنێتە بنا گوێم و بلەز دەکشێتەوە و دەڵێت :- سەر لە نوێ !

لێبڕاوە کە سروودەکە بڵێین .

- باشە ... دەی ... سەر لە نوێ ... دەست پێدەکەین .

دەستی هەڵدەبڕێت .

- دیسان ... دەژمێرم ... سروودی شاهنشایی گەورە سوپا سالاری دنیا !..

لە بەر دەرگاکە دەوەستێ . لاقی بە بڵاوی دادەنێت و شەلاخەکە با دەدات .

- یەک !

لەشی دێتە پێش و دەچێتە پاش . خۆی بە پێوە ناگرێ . تەمەشای چاوی یەک بە یەکی برادەران دەکات .

- دوو !

هەڵوێستەیەکی کورت دەکات :- سێ .

و پاژنەکانی بە یەکدا دەدات و سڵاوی سوپایی دەکات و دەست بە وتن دەکات .

"شاهنشای مە ... بژی "

ئاگای لێ نییە کە هیچ کەسێک بۆی ناسەنێتەوە و لە گەڵیا نایڵێ .

" دەبێ وڵات ... بمێنێ بە شکۆداری بۆ هەتایە "

" بەهۆی دوژمنان ... پەرێشان بوویت "

دەنگی دادەبەزێ و دووبارەی دەکاتەوە .

" بە هۆی دوژمنان ... بوویت ... پەرێشا ... ن "

و بێدەنگ دەبێت . بۆنی بۆگەنی دەمی ژوورەکەی پڕکردووە . بەرە بەرە ترسمان شکاوە و پێکەنینمان بە ڕەفتاری دێت .

" بوویت ... پەرێشان ... "

دەبۆڵێنێ . دەڵێی خۆی دەدوێنێ .

– کەواتە ... ناتانەوێ بیڵێن ها ؟! ... ناتانەوێ سروودی گەورەی سوپا سالاران بڵێن ... حەزدەکەن سرودی ستالین بڵێن ... ها ؟! ... سرودی مارکس و ئەنگلز ! ...

دێتە ناوەندی ژوورەکە .

– ئەی بێ نیشتمانان ... سرودی ئەنگلیز ... زۆر چاکە !

بلەز بۆ لای دەرگای ژوورەکە دەڕوات و لە دەرگاکە دەدات . پاسەوانەکە دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە .

– زۆر باشە .. مەیڵێن !

هەڕو گیڤ دەکات :– مەیڵێن .

و شەلاخەکەی با دەدات و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ . کە دەرگاکە دادەخرێت ، هەموو پێکەوە هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشین .

گۆنام دەکزێتەوە . دادەنیشم و پشت بە دیواری پەنجەرەکەوە دەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . عەریف شەهری ناگەڕێتەوە .

خەندە و پێکەنینی مەستانە ، موزیک و دەنگی خانمی نەناس ، تا نزیکی بەیانی نایەڵی چاو لێک بنەین .

**

دەنگی چوارچەرخەکەی نایب زابتە خانەنشینەکە ، لەخەو بێدارم دەکاتەوە . دنیا خەریک بوو ڕووناک دەبووەوە کە هەراو زەنای یانەکە کپ و کڕبووە و چاوێکم گەرم کرد .

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە .

- چای !

چاوانم هەڵدەگڵۆفم و پەرداخەکەم دەدەمە دەست یارۆی پیرەمێرد . ئیسلام بەر لە خۆر کەوتن بێدار بووەتەوە و تەیەمومی گرتووە و نوێژەکەی کردووە . تێشت دەخۆین و دەکەوینە ڕێ بۆ تەوالێت . دفن ( کەپوو ، لووت ) ، دەم و لێوی ملازم کەلهوڕ لە پشت کونی دەرگای سالولی هەشتەمەوە دیارە . کە نیگام لە نیگای هەڵدەنگوێ ، بزەدەکات . پاسەوانەکە ئاوڕ دەداتەوە و خێسە (مۆڕە) دەکات . دەماری سوور کەوتووەتە چاوانی پاسەوانەکە . جێگەی وەستان نییە . دەکەومە ڕێ . لە هەنبەر سالولی یازدەیەمدا ئەم پێ و ئەو پێ دەکەم . ملازم نەسیری دیارنییە . نەقیب قائمی لە سالولی دەیەمدایە . هەنیەی ناوە بە دەرگاکەوە و تەمەشای دەرێ دەکات . لەوە دەچێ پاسەوانەکە قاییل بێ کە سەیر بکەم . لا جانگەکانی نەقیب قائیمی ، کەمێک زەق و بەرجەستەن . برۆکانی کەوانەیین و کەپووی درێژە . سەری بۆ دەلەقێنم . بزە دەکات . نیگای پاسەوانەکە هەڕەشە ئامێز نییە . حەسەن دەستم دەگرێت .

- با بڕۆین .

- یەک دەقیقە سەبر بکە .

ئاوڕی لای نەقیب قائمی دەدەمەوە .

- حاڵت چۆنە ؟

- باشی باش .

پاسەوانەکە دێتەقسە :- ڕێکە !

- باشە سەرکار .

بەڵام ناجوڵێم . حەسەن دەستم دەگوشێت . دیسان پاسەوانەکە دێتە قسان .

- پێم گوتی ڕێکە !

ناو حەوشە چۆڵەکە ساردە بەڵام دنیا هەتاوە . ئاسمان ساماڵی ساماڵە . پاسەوانەکە پاڵی بە دینگەی دیوارەکەوە داوە و سەیری بەر پێی خۆی دەکات . هەمان ئەو پاسەوانەیە کە جارجار هەواڵ بۆ ئەندازیار سەیف دێنێ . پۆلێک قەلەڕەش بە قرەقرِ بە سەر حەوشە چۆڵەکەدا ڕەتدەبێت . لە مەیدانی مەشقەکەوە دەنگی مارشی عەسکەری دێت . ئەمرۆ ، ڕۆژی چوارەمی ئابانە . هاڵاوی میز لە تەوالێتەکەوە دێتە دەرێ و حەوشە چۆڵەکە پڕ دەکات . دەگەڕێمەوە بۆ ناو ژوورەکە . عەریف ساقی لە ناوەندی ژوورەکە وەستاوە و دەستەکانی ناوەتە ناوقەدی . برادەران کەوتوونەتە جم وجوڵ . خەریکن شتەکانیان کۆدەکەنەوە . عەریف ساقی سەیری من و حەسەن دەکات .

– خوێندکاری زانکۆن ؟

– بەڵێ !

– یاڵڵا دەی بجولێن !

لە پڕ دڵم دادەخورپێ و شادییەکی نادیار وەکو شەپۆلێکی گەرم ، بە سەراپامدا دەگەڕێ و دام دەلەرزێنێ . بەڵام زۆر زوو ، شادی جێگا بۆ نائومێدی چۆڵ دەکات . بۆ ساتێک وام هەستکرد کە خەریکە لە زیندان ئازاد دەبم ، بەڵام هەر زوو ئەو خەیاڵ پڵاوەم کەڕووی هەڵێناو بۆم دەردەکەوێت کە جێگاکەمان دەگۆڕن . دەنگی عەریف ساقی بەرز دەبێتەوە .

– بۆچی خاوە خاو دەکەن ؟! ... یاڵڵا بجووڵێن !

خۆم و بلوزێک و پانتۆڵێکم کە لەبەرمە ، لە گەڵ جووتێک پۆستاڵدا و تاقم تەراشێک کە هەر سێ ڕۆژ جارێک ، لە دەست شۆرەکەدا ، یارۆی پاسەوان لەتە گوێزانێکم دەداتێ و بە دیار سەرمەوە دەوەستێ تا ڕدێنم بتاشم و لێمی وەربگرێتەوە . فلچەیەکی ددانیشم هەیە و یەک لوولە ماجوومی ددان بۆ نۆ نەفەرمان کە لە کاتی ددان شۆردندا ، بە قیرات ماجووممان دەدەنێ .

ئامادە دەبین . باوەش بە ئەندازیار سەیف دا دەکەم و ماچی دەکەم و دەستی مێجەر ستایش دەگوشم . هاواری عەریف ساقی بەرز دەبێتەوە .

– بکەونە ڕێ !

مۆڵەت نادات کە هەمووان ماچ بکەم . دوای دەکەوین . ڕاڕەوەکە دەبڕین و دەچینە ناو حەوشە چۆڵەکە . هەتاو لە دیوارەکەوە هاتووەتە خوارەوە . هەواکەی خۆشە بەڵام کزەیەکی لە گەڵە . عەریف ساقی ، پاسەوانی حەوشە چۆڵەکە بانگ دەکات .

– ئاگادار بە تا دەگەڕێمەوە !

وخۆی بە ڕاڕەوەکەدا دەکات و بەرەو لای نووسینگەی گرتووخانەکە پێچ دەکاتەوە . برادەران هەموویان قسەدەکەن . لە قسەکانیاندا جۆرە ئومێدێک هەیە . جۆرە نائومێدییەک هەیە و جۆرە ئاڵۆزکان و ناڕوونی و بێ موبالاتیەک هەیە .

- پێت وایە بۆ کوێ دەڕۆین ؟!

- زیندان !

- دیسان کەوتیتە غەیبگۆیی ؟!

- بۆ هەر کوێیەک بڕۆین ، لەم دۆزەخستانە باشترە !

- بە لای کەمەوە لەم شەهرییە دینە (شێت) دەخەلەسین .

- هەر کوێیەک دەبێ با ببێ . هەر جیامان نەکەنەوە !

- وێنا دەکەی ئازاد ببین ؟!

- خۆشباوەڕی !

عەریف ساقی دەگەڕێتەوە و ڕەحمەت بانگدەکات . ڕەحمەت ، لەگەڵ ساقیدا دەکەوێتە ڕێ و دەچێتە ناو نووسینگەی گرتووخانەکە . چەند دەقیقەیەک دەبووڕێت . دیسان ساقی دێت و ئیسلام دەگەڵ خۆیدا دەبات . ئیسلام تەزبیحەکەی کردووەتە ملی و بەردەمۆرەکەی لە دەستیایە .

- بۆ ڕەحمەت نەگەڕایەوە ؟!

- بۆ یەک یەک ؟!

- چی دەکەن ؟!

عەریف ساقی گازم دەکات . لە نووسینگەی گرتووخانەکەدا ، نایب زابتێکی پیر ، شانی داداوەتە سەر گۆشەی مێزەکە . یەکەم جارە کە دەیبینم . هیچ هەواڵێک لە ئیسلام و ڕەحمەتەوە نییە . دەنکی تەزبیحەکەی ئیسلام ڕژاوەتە سەر ئەرزەکە . بەردە مۆرەکەی (مۆری جێ تەوێڵی شیعە لە سوجدەدا) لە سەر مێزەکەیە .

سەربازێکی کورتەبالای تۆکمە ، لەبەر پەنجەرەکە وەستاوە و قەیچییەکی چکۆلەی بە دەستەوەیە و یاری پێدەکات . پێموایە کە گەرەکیانە سەرم بتاشن . عەریف ساقی لەبەر دەرگای نووسینگەکە دەوەستێت . قژی سەری نایب زابتە پیرەکە ، خەنەییە . بیلبیلەی چاوانی شینە .

- ناوت ؟

ناوی خۆمی پێدەڵێم . تەمەشای دەفتەری ناوەکان دەکات و خەتێک لە بەرانبەر ناوەکەم دەدات . هەر بەو دەقەوە کە سەری بە سەر دەفتەرەکەوەیە ، دەڵێت :- ڕووت بەرەوە !

دوو دڵم . بەبێ جووڵە لەجێی خۆ دەوەستم و دەڕوانمە نایب زابتە پیرەکە . کابرایەکی کەتەی تۆکمە و بە خۆوەیە . سینگی پان و ناوقەدی باریکە . وا دیارە وەرزشی قەدیمی دەکات . قۆڵەکانی هەڵماڵیوە . هەردوو دەستی خاڵکوت کراوە . دوگمەکانی سەرەوەی بلوزەکەی کراوەتەوە . سینگیشی خاڵکوت کراوە . لە سەر دەستی ڕاستی ، ئەژدیها ، لە دەوری لاقەکانی سام ئاڵاوە . سام نێزەکەی کردووە بە گەرووی ئەژدیهاکەدا . لە سەر سینگی سام ، بەخاڵی ( بەیادی ئەشرەف ) کوتراوە . دەنگی ئەستووری نایب زابتەکە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- گوتم ڕووت بەرەوە !

هەر بەدەم داکەندنی بلوزەکەمەوە سەیری دەستی چەپی دەکەم . ڕوستەم ، زۆرابی لە سەر دەستی بەرز کردووەتەوە . هەردوو لاقی زۆراب ، بە حەواوە سەرگەردانە . چاوی ڕاستی ڕۆستم ، بە باشی خاڵکوت نەبووە . دەڵێی کوێرە و بەلای کەپوویدا خوار بووە . بلوزەکەم لە سەر دەسکی کورسییەکە دادەنەم و بە بێ جووڵە ڕادەوەستم و دەڕوانمە سینگ و بەرۆکی نایب زابتەکە . تاجێکی گەورە نیشتووەتە ژێر گەرووی نایب زابتە پیرەکە ، دوو فریشتە ، لە دوو لاوە تاجەکەیان گرتووەتە سەر دەست . تەنیا سەری فریشتەکان و دەستیان دەیارە . دەنگی نایب زابتە پیرەکە تووڕە و قارئامێزە .

- بۆچی خۆت دەنوێنی . مەگەر نەمگوت ڕووت بەرەوە ؟!

به سەرسامی سەیری دەکەم و لەبن لێوانەوە دەڵێم .

- پانتۆڵەکەش ؟!

بزە دەکات . جۆرە ساردی و قەشمەرییەک بە بزەکەیەوە دیارە .

- مەترسە ، ترسنۆک !

دادەنمەوە ، پۆستاڵەکانم ، گۆرەوییەکانم و پاشان پانتۆڵەکەم دادەکەنم و دەستەکانم لە سەر سینگم تێک دەئاڵێنم و بەرانبەر نایب زابتە پیرەکە دەوەستم .

قسەکردنی نایب زابتە پیرەکە ناخۆشە .

- ڕووتی ڕووت !

تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی دەکەم .

- بەم دڵ و جورئەتەشەوە خەبات دەکەی ؟!

ددانەکانم جیڕ دەکەمەوە . ساقی برۆکانی وێکهێناونەوە . سەربازە کورتەباڵا تۆکمەکە پێدەکەنێ . نایب زابتە پیرەکە دێتە پێشەوە کە دەست بێنێ و دەرپێکەم لە پێم دابکەنێت . مۆڵەتی نادەم . ڕووتی ڕووت دەبمەوە . هەنیە ، گۆناکان و گەردنم شەڵاڵی ئارەقە بوون . نایب زابتە پیرەکە ، دەڵێی بە ئانقەست گەرەکیەتی بە نیگا ئازارم بدات . بۆ چەند ساتێک سەراپام بە نیگا دادەبێژێ و پاشان دەڵێت :- وەرگەڕێ !

ئارەقە بە لاجانگەکانمەوە دێتەخوارێ و بە سەر گۆناکانمەوە ڕچە دەبەستێ و بە درێژایی گەردنمدا دادەخزێ .

- دەست بنە بە دیوارەکەوە !

هەست بە نیگای نایب زابتە پیرە وەرزشکارەکە ، بە سەر پشتمەوە دەکەم . هەموو پشت مل و شانەکانم و پشتم مێروولە دەکەن و هێدی هێدی ئارەقەیان لێوە هەڵدەقوڵێ . هەموو ساتێک دەخوازم بە پەلە وەرگەڕێم ، پەلاماری نایب زابتە پیرەکە بدەم و بە مست و لەقە بکەومە وێزەی . دەم بە دەم ئەم وەسوەسەیەم زیاتر دەبێت ، بەڵام خۆم دەگرم و چاوەڕوان دەکەم تا بزانم ئەنجام بە کوێ دەگات . دەنگی دادڕینی قوماش ، دەنگی کرانەوە و داخرانی قەیچی و دەنگی هەڵتەقینی تەقەڵی قوماش دێتە گوێم . ژێرا و ژێر سەیری عەریف ساقی دەکەم . شانی داوە بە لاشیپانەی دەرگای ژوورەکەوە و جگەرە دەکێشێت و تەمەشای بەردەم خۆی دەکات . ئێژی لە فکران ڕاچووە . لەپڕ نایب زابتە پیرەکە لە قاقای پێکەنین دەدات . سەر وەردەگێڕم ، جلەکانم بە سەر و چاوما تووڕ دەدرێت .

- لەبەری بکە ، ترسنۆک !

بلوزەکەم ، پارچە پارچە کراوە . هەر شوێنێکی پشکە خوێنێکی پێوە بوو بێ بە قەیچی بڕیویانە . یەخەی بلوزەکەم هەڵپچراوە تا نەبا نامەیەک ، نووسراوێک ، شتێکی تیابێ . بە ئانقەست تەقەڵ و دروومانی بلوزەکەمیان هەڵپچڕیوە . بلوزەکەم هەڤدە کونی پێوەیە . لە کونی ، بە ئەندازەی یەک پیاڵییەوە بیگرە تا کونی بە ئەندازەی ژێر پیاڵەیەک ! جلەکانم لەبەر دەکەم ، قەیتانی پۆستاڵەکانم نابەستم . بە خشەخش بە گەڵ عەریف ساقی دەکەوم و لە نووسینگەی گرتووخانەکە وەدەر دەکەوم . ڕەحمەت و ئیسلام لە ژوورێکی گەورەدا ، کە لە پشت حەوشە چۆڵەکەوەیە ، لە پاڵ یەکا و لە قەراخ پەنجەرەکەدا ، دانیشتوون . دە سەربازی چەکدار ، لە هەنبەر دەرگای ژوورەکە ڕیز بوون و لە حاڵەتی پشوودا وەستاون . جلەکانی ڕەحمەت و ئیسلام کونی کەمتریان پێوەیە . ئیسلام پێی ناخۆشە کە نایب زابتە پیرەکە ، تەزبیحەکەی پچراندووەتەوە . هەنووکە ئارەقەکەی لەشم هیشک بووەتەوە و هەست بە سەرما دەکەم . بایەکی ساردی پاییزی لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە ، بە کونەکانی بلوزەکەمدا تێدەپەڕێت و لەشم دەلەرزێنێ .

جگەرەیەک دادەگیرسێنم تا بەڵکو دووکەڵی جگەرەکە گەرمم بکاتەوە . خۆر ، داویە لە مەیدانەکە . دەستەیەک سەرباز بە ناوەندی مەیدانەکەدا تێدەپەڕێت.

- یک ... دوو ... !

پێیان نارێکە . دەنگی دەستەکە بەرز دەبێتەوە . ئیست دەدات . هەندێ قسەیان بۆ دەکات و دووبارە فرمانی ڕێکردن دەدات .

- یەک ، دوو ... یک ، ئو !

کەمال دێت . جلەکانی کون کون بووە . شکانەکەی سەری بە جارێ کارەکەی لێتێکداوە . لە هەر شوێنێ پشکێک خوێنی پێوە بوو بێ ، بە قەیچی تێی بەربوون . نایب زابتە پیرەکە ، بەڵای ڕووت بوونەوەی بە سەر هەموو برادەراندا هێناوە . عەتا ، پەیدا دەبێت . سەری قامکەکانی ناوەتە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی ، بە کاوە خۆی سەر بەچەپ و ڕاستدا وەردەگێڕێ و سەڵانە سەڵانە دەگەڵ عەریف ساقیدا دێت .

... دوو سەعاتێکی بۆ نیوەڕۆ ماوە کە سواری کامیونێکی سەر پۆشراومان دەکەن و سەربازەکان لە بەینماندا دادەنیشن و مشەمایەکەی پشت کامیونەکە دەبەستن و ساقی لە تەنیشت شوفێرەکەوە دادەنیشێت و کامیونەکە دەکەوێتە ڕێ و لە سەربازگەکە وەدەر دەکەوێ .

❊❊

چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە کە کامیۆنەکە لە دەرگایەکی گەورەوە دەچێتە ژوورەوە و دەوەستێ . عەریف ساقی ، مشەمای پشت کامیونەکە دەکاتەوە . سەربازەکان خۆ هەڵدەدەنە خوارەوە و لە دەوراندەوری کامیونەکەدا ، خەبەردار دەوەستن .

ناتوانم لەپشت کامیونەکەوە شوێنی زۆر بدینم . هاتوچۆ زۆرە و ئەوە نیشاندەدات کە مەیدانەکە ، مەیدانی عەسکەرییە . عەریف ساقی دەڕوات تا کاری ڕادەست و ڕادەست کردنمان ڕایی بکات . کامانکارێکی ( لۆری عەسکەری ) تەپ و تۆزاوی دێتە ژوورەوە و دوور لە کامیونەکە ، لە بەرانبەر بینایەکی بەرزا ، کە بەری چاومانی گرتووە ، دەوەستێت . مل بەرز دەکەمەوە تا سەیری دەوروبەر بکەم . یەک دەستە ئینزیبات ، بە بەردەمماندا ڕەت دەبن . چاوم بە چەند نەفەرێک دەکەوێ کە لە کامانکارەکەدا دانیشتوون . سەراپایان لە گەرد و تۆزا سپی دەچێتەوە . دەبێ لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتبن . هەموویان جلکی سوپاییان لەبەرە . دەرەجەکانیان لابراوە . پیاوێکی کامڵ لە پێشی هەموویانەوە دانیشتووە . لاجانگەکانی سپین . دەڵێی دوو سێ ڕۆژە ڕدێنی نەتاشیوە . ئاماژە دەکات . سەرم دەلەقێنم . بە ئەنگوست ، لە هەوادا شتێک دەنووسێت . حاڵی نابم . شانەکانم هەڵدەتەکێنم . کە ئەمجارە شتەکەی دەنووسێت ، جوان دیقەت دەدەم . ( کرمان ) . دیار بوو لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتوون . دیسان دەنووسێت . ئێستا شارەزای جووڵەی دەستی بووم . ( ئێمە بۆ کوێ دەبەن ) . نازانم . ڕەنگە بۆ زیندانی قەسر ، ڕەنگە بۆ قزل قەڵا ، لەگینە بۆ باغی مەهران یا لە شکری دووی زرێ و یا شوێنێکی دیکە . لە حەوادا دەنووسم ( نازانم ) و دیسان دەنووسم ( ئێمە لە لەشکری دووی زرێوە هاتووین ) . سەر دەلەقێنێ و هەناسە هەڵدەکێشت و لەگەڵ ئەوانی دیدا قسە دەکات . عەریف ساقی خەریکە دێت . پیاوە کامڵەکە دیسان لە هەوادا دەنووسێت ( چ باسە ؟! ) فریا ناکەوم وەڵامی بدەمەوە . عەریف ساقی دێت بە سەرا و سەربازەکان ، لە هەنبەر

کامیونەکەدا ڕیز دەکات . لە کامیونەکە دادەبەزین . دەگەڵ سەربازەکاندا دەڕۆین . ئەفسەرێکی گەنج وەکو مەڕ سەرژمێرمان دەکات و وەرمان دەگرێت .

دەرگامان ، لە سەر دادەخرێت .

( ٨ )

لە هەواکێشەکەی سەرووی دیواری ژوورەکەوە ، بانیژەی نهۆمی دووەمی باڵەخانەکەی بەرانبەر دیارە . پشت دیوارەکە شەقامە . هاتوچۆ کەمە . عەسران دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا زیاتر دەبێت و هەندێجار ، گوێمان لە گفت وگۆی ئەو کەسانە دەبێت کە بە پشت دیوارەکەدا ڕەت دەبن .

زیندانی ئینزیباتخانە خۆشە . چوار ژووری گەورەی هەیە ، ڕاڕەوێکی پان ، شەش ژووری ئینفیرادی ، دوو تەوالێت ، یەک دەستشۆر ، هەمووی بە جارێ سەری گیراوە .

کە دەرگاکەمان لە سەر داخرا ، ستیڤن و یوسف و جەعفەر و ئەوحەد ، لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە . دەتگوت دنیایان داوینەتێ . کە لە حەمامەکە لێکدی جودا بووینەوە ، ئیدی هیچ هەواڵێکمان لێیانەوە نەبوو . خراپیان لێنەگوزەراوە . بەجل وبەرگە کون کونەکانمان پێدەکەنن . ئاگاداری هەموو شتێکی دەرەوەن و تەنانەت هەندێجار ڕۆژنامەشیان هەبووە .

هەوا کێشەکەی سەرووی دیوارەکە ، شیشبەند کراوە . چەند گوڵدانێک لە بانیژەکەدا هەیە . یەکێکیان پڕە لەگوڵ . گوڵێن زەردی پەڕ پەڕ . گوڵەکان لەبەر تیشکی هەتاودا دەدرەوشێنەوە . یەکێک ، لە بانیژەکەدا ، بە پشت گوڵەکاندا ڕەتدەبێ . پوزەکانی لە سەر ئەژنۆیەوە تا گوزینگی پێی بە دەرەوەیە . پانتۆڵێکی ڕەشی لەپێیە . لاقەکان وەکو دەمی قەیچی دەکرێنەوە و دادەخرێن . جووڵەی لاقەکان ، پیاوانەیە . لاقەکان ڕەت دەبن و دیسان گوڵدانەکان بە تەنێ دەمێننەوە .

ئیدی دەبێ بە هەر جۆرێک بووە کاتەکە بە سەربەرین . ڕۆژان بە گەمەی هێلکەبازیەوە بە سەر دەبەین . لە ناوەندی ژوورەکەدا بە بازنەیی دادەنیشین و ستیڤن گەمەکە دەست پێدەکات .

– مریشکێکم هەیە چوار هێلکە دەکات !

ژمارە چوار خێرا دەپرسێت :– بۆچواردانە ؟

ستیڤن دەڵێت :– ئەدی چەند دانە ؟

ژمارە چوار دەڵێت :– حەوت دانە !

ژمارە حەوت بە چیچکانەوە دانیشتووە ، یەکسەر دەڵێت :– بۆ حەوت دانە ؟

ژماره چوار دەڵێت :- ئەدی چەند دانە ؟

... دەرگاکە دەکرێتەوەو چوارچەرخەی فراڤین دێتە ژوورەوە . بۆ ساتێک وا دەزانم کە نایب زابتە خانەنشینەکەیە . چاوەڕوانم کە دەنگە نزم و هەمیشە داواکارەکەی لە گوێمدا بگیرسێتەوە .

- فراڤین !

دەنگەکە جیاوازە . گەنجە .

پاش ئەوەی نیوە ڕۆژە دەخۆم ، ڕادەکشێم . هەمیشە بە جۆرێ دەخەوم کە بتوانم لە هەواکێشی سەر دیوارەکەوە ، بانێژەکە ببینم .

ئیسلام ، نوێژ دەکات و پاشان دەکەوێتە جوونی قەراخە نانان . دیارە دیسان لێبڕاوە ، دەنکی تەزبیح (دەستحێب ) دروست بکات .

قومرییەکی قوت و قەڵەو ، لە قەراخ یەکێک لە گوڵدانەکان ( ئینجانە ) دەنیشێتەوە . پەڕەکانی ملی لە بەر هەتاوەکەدا ، قاوەییەکی کاڵ دەنوێنێ . چینە لە گڵی ناوگوڵدانەکە دەکات . چەند دەنووکێکی لێدەدات و لە شەقەی باڵدەدات .

خەریکە ماندوویەتی لە لەشم دەردەچێت . دەڵێی هەوا خۆشە . چاودەبڕمە هەواکێشەکە ، دەڵێی هەوای ژوورەکە ، لە هەواکێشی سەروو دیوارەکەوە ، تێکەڵ بە هەوای شەقامەکە و هەوای بالەکۆنەکە بووەو ڕەحەت و خۆش دێتە ناو سیپەلاکەکانم و ئارامم دەکات . ماندوویەتی و قورسی ، دەگەڵ هەناسەمدا ، لە گیانم دەردەچێ . حەزدەکەم هەتاوی شار ببینم ،حەزدەکەم دووکان و موغازەکان ببینم . دڵم بۆ دیتنی ڕەنگی شادی میوە و سەوزەجاتی هەڵچنراوی بەر دووکانەکان لێدەدا . دەڵێی بۆنی سەوزی تازە دەنیشێتە گیانم . خەریکە چاوانم دەچنەخەو کە دیسان ، دوولاق ، وەکو قەیچی دەکرێنەوە و دادەخرێن و بە بەر گوڵدانەکاندا ڕەتدەبێت . ئەمجارەیان لاقەکان ڕووتن . باریک و درێژن . دەبێ پاو پۆزی ژنێکی گەنج بێ . خەواڵوویی لە چاوم دەتارێ . پێیەکان ، گوڵدانەکان ، قومرییەکە و بانێژەکە و خۆرەتاوی ناو بانێژەکە ، بە دەرەوەم گرێ دەدەن .

... ڕۆژ ، بە هەرجۆرێ بووە دەبەینە سەر . لە دەوری یەکدی خڕدەبینەوە و هێلکەبازی دەکەین .

- مریشکێکم هەیە سێ هێلکە دەکات .

- بۆچی سێ ؟

- ئەدی چەند ؟

- شەش !

و ژمارە شەش کە های ژ خۆنییە (حەواسی پەرتە) لە وەڵامدانەوە دێر دەکەوێت . برادەران لە قاقای پێکەنین دەدەن و ژمارە شەش لە یارییەکە دەردەچێت .

دەنگی تەقینەوەی گوللەیەک ڕامان دەچڵەکێنێ . هەموو لە جێی خۆ ڕادەپەڕین . دەنگەکە زۆر نزیک بوو . ڕێک لە پشت دیوارەکەوە بوو . لە پشت دیوارەکەوە و ، لە گۆڕەپانی ئینزیباتخانەکەدا ، دەنگە دەنگ و هەراو هەنگامە تێکەڵ دەبێ .

- یانی دەشێت ، لەگینە ؟! تۆ بڵێی ؟

- کەسێ خۆی کوشتبێ ؟!

- کەسێکیان کوشتبێ !

- کەسێک هەڵاتبێ ؟!

دەنگە دەنگەکە دەنیشێتەوە .

دەنگی هۆڕنی ئوتومبیلێک کە بە پشت دیوارەکەدا ڕەتدەبێ ، لە ناو ژوورەکەدا دەنگدەداتەوە . لە هەوا کێشەکەوە دەڕوانمە گوڵدانەکان . زۆر سەرنجیان ڕاکێشاوم . خۆر خەریکە لە سەربانەکە ئاوادەبێ .

- هەوا خۆری !

دەرگای زیندانەکە دەکرێتەوە . دەنگی زیندانەوانەکە ، لە دەنگی ژنێکی پیر دەچێت کە لە پیریا دەنگی گڕ بووبێ . زیندانەوانەکە کەسێکی درێژ داهۆڵی دەم و چاو کونجە . دەڵێی کۆسە و نێرەموکیشە .

هەوا ساردە . لە مەیدانەکەدا ، کە شیشبەند و تەلبەندکراوە ، ڕاوێچکە و پیاسە دەکەین . هەتاو بێ تین و تاوە . بلوزە کون کونەکانمان گەرممان ناکەنەوە .

- شقارتەت پێیە سەرکار ؟

زیندانەوانەکە تەمەشام دەکات . شقارتەکە پێدەکات و جگەرەکەم دادەگیرسێنم .

- جگەرە دەکێشیت ؟

جگەرەکەی خۆیشی دادەگیرسێنێ . گۆڕەپان و مەیدانەکەی ئینزیباتخانەکە گەورەیە . بە چەند ڕیز ، عاموودی گڵۆپ و بە دەورانەوریا باڵەخانە و بینا قوت بوونەتەوە .

- سەرکار !

زیندانەوانە کونجەکە تەمەشام دەکات .

– ئەمڕۆ وەک بڵێی دەنگی تەقەهات .

زیندانەوانەکە سەیری سەعاتەکەی دەکات .

– کات تەواو بوو !

گڵۆپەکانی گۆڕەپانەکە هەڵدەبن . حەسەن دەڵێت :

– سەرکار ، ڕاستە کە ئەمڕۆ ، مێجەرێک خۆی کوشتووە ؟!

– کێ ئەمەی پێگوتی ؟!

عەتا ، سەری قامکەکانی (پەنجە ، تل ، کلک ، ئەنگوست ، چل ، تبل ) دەخاتە گیرفانی پانتۆڵەکەی و بەبێ موبالاتانە دەڵێت :– ڕەحمەت لە باوکت . هەمووان ئەمە دەزانن .

یوسف و کازم پێکڤە پیاسە دەکەن و سەرگەرمی گفت وگۆن . دەڵێی ساڵەهایە یەکتریان نەدیتووە .

... دەبێ بە هەرجۆرێ بووە ڕۆژان بەرینە سەر . برادەران داشی ( پیادەی دامە و شەترەنج ) دروست دەکەن . تیشکی گڵۆپی شەقامەکە تا پای گوڵدانەکانی ڕووناک کردووەتەوە . لە نیوەی گوڵدانەکان بە سەرەوە ، تاریکە . ئیسلام نوێژ دادەبەستێ . بە دەنگی بەرز وێرد دەخوێنێ ( هرزویلی ) لە ئینفیرادییە . ڕۆژی دووەمە کە هاتووە .

– مێجەرێکی گەنج ، لە ژووری کارەکەی خۆی بە دەمانچە خۆی کوشتووە !

هرزویلی سەری دێشێت !

– نە ، وانییە . یەکێک لە ئەفسەرە زیندانییەکان ، پەلاماری پاسەوانە چەکدارەکەی داوە کە تفەنگەکەی لێ بسەنێ ، ئیدی لە کاتی پێکا هەڵپژاندا ، گوللە دەرچووە و بەر مێجەرە گەنجەکە کەوتووە و کوشتوویەتی !

– سەرکار ، حەبی سەریەشەم دەوێ !

– نییە !

ئیسلام ، بە دەنگی بەرز دوعا دەخوێنێ . دەنگی لەرەیەکی دڵگیری تیایە . (هرزویلی) خوێندکاری ساڵی سێیەمی کۆلێژی ئەفسەری بووە . سمێڵێکی گەورەی هەیە . سەریان سفر کردووە .

... ناچارین کات بە سەر بەرین .

– مریشکێکم هەیە نۆ هێلکە دەکات .

- بۆ نۆ ؟

- ئەدی چەند ؟

جەعفەر هەڵە دەکات و لە گەمەکە دەچێتە دەرەوە .

... پاسەوانە کۆسەکە دەرگا دەکاتەوە .

- حەمام !

ئوتومبیلەکە عەینی قەفەزە . هیچ پەنجەرەیەکی نییە . هەر بۆ قەسابخانە باشە کە قەنارە بە میچەکەیەوە بنەن و لاشەی مەڕ وگای پێوە هەڵواسن .

لە ناو حەمامەکەدا ، کەفاوی سابوون تا گوزینگی پێیان دێت . کە ئاوەکە بە تاو بەر لەشم دەکەوێ ، زۆرم لە گیان خۆشە . ڕووناکی لە هەواکێشی حەمامەکەوە کە شووشەکانی گەرد وتۆزی گرتووە ، دێتە ناو حەمامەکەوە و سەری شووشەکان شیش بەندە . ناو حەمامەکە ، تاریک و ڕوونە .

- ئەمە تۆی ؟!

ئیحسانە . تەمەشام دەکات . خەریکە سابوون لە زگی دەدا . سەرانسەری پشتی خەت خەتە و ڕەش دەچێتەوە .

لێی دەپرسم :- بۆ وا لاواز بووی ؟

بە دەم زەردە خەنەوە دەڵێت :- گۆشتی بێعاری دەبێ فڕێ بدرێ! .

- ئەدی چ بوو ، ئاقیبەت چاپخانەکە کەشف بوو ؟!

خەندە لە لێوی ئاوا دەبێ . مۆڕەم لێدەکات . پێی دەڵێم :- تۆ تاوانبار ناکەم !

لەبن لێوانەوە دەڵێت :- ئەگەر حەزدەکەی تاوانبارم بکە .

چونکە من گوتم .

- بەو هەموو بەرخۆدان و بەرگرییەوە ؟!

بۆ ساتێک تەمەشام دەکات .

- بەر خۆدان ؟!

- ئاخر ، نە دەچووە عەقڵەوە کە ...

خۆی له قسه‌که‌م هه‌ڵده‌قورتێنێ .

- ... که‌چاپخانه‌که‌ که‌شف بکه‌م ؟!

... هه‌تاو ، له‌ گوڵدانه‌کانی داوه . قومرییه‌کی قوت و قه‌ڵه‌و به‌ ده‌م باڵه‌فڕه‌وه‌ دێت و له‌ قه‌راخ گوڵدانه‌که‌ ده‌نیشێته‌وه‌ . گوڵه‌کان له‌به‌ر تیشکی خۆرا ، وه‌کو ئاورێشمی زه‌رد ، ده‌بریسکێنه‌وه‌ .

هه‌راو زه‌نای براده‌ران تێکه‌ڵه‌ . ئیسلام دانیشتووه‌ و ته‌زبیح ده‌گێڕێت . ورته‌ ورتی ئیحسان له‌ گوێمدایه‌ .

- یه‌ک مانگ به‌رگریم کرد !

- یه‌ک مانگ ؟!

ئێستا ده‌ڵێی هاوار ده‌کات :- له‌م ماوه‌یه‌دا ، ده‌کرا کێوی ئوحدیش له‌بن بهێنرێ !

ئیحسان ، نیوه‌ی مابووه‌وه‌ . مشتێک ئێسقان بوو . پێستی به‌ سه‌ر ئێسکییه‌وه‌ هیشک بوو بوو . زگی به‌ پشتییه‌وه‌ نووسا بوو . ده‌نگی له‌ گوێمدایه‌ . ئه‌مجاره‌یان ، ئارامه‌ .

- تۆ چ ده‌ڵێی ؟!

... دوو ڕۆژه‌ که‌ ئاسمان هه‌ورینه‌ ، به‌ڵام نابارێت . هه‌وا ڕۆژ به‌ ڕۆژ ساردتر ده‌بێت . ئێستا ، جله‌ کون کونه‌کانمان به‌ که‌ڵکی هیچ نایه‌ت . په‌تۆکان له‌خۆمانه‌وه‌ ده‌پێچین و له‌ گۆڕه‌پانه‌ ته‌لبه‌نده‌که‌ی به‌رانبه‌ر ده‌رگای زیندانه‌که‌دا پیاسه‌ ده‌که‌ین .

باران ، نه‌رم نه‌رم ده‌ست به‌ بارین ده‌کات . به‌ ژێر نمه‌باراندا پیاسه‌ ده‌که‌ین ، گه‌ڵای گه‌ردگرتووی ، ئه‌و تاقه‌ دارانه‌ی که‌ لێره‌و له‌وێ ، له‌ مه‌یدان و گۆڕه‌پانه‌که‌دا ڕوواون ، خاوێن ده‌بنه‌وه‌ . خۆر بۆ ساتێک له‌ ژێر هه‌ور دێته‌ ده‌رێ و دووباره‌ په‌نهان ده‌بێته‌وه‌ . عه‌ریف خواجه‌ ، له‌ ژێر چه‌رداخی سه‌ر ده‌رگای زیندانه‌که‌دا وه‌ستاوه‌ و جگه‌ره‌ ده‌کێشێت .

... سه‌رو بلوزێکی نیوداشمان ده‌ده‌نێ و وه‌سڵمان لێوه‌رده‌گرن . نفت ونوێ ده‌بینه‌وه‌ .

ناو به‌ ناو ، ده‌نگی قه‌له‌ڕه‌ش دێت . گلۆپی هه‌موو بینا و باڵه‌خانه‌کانی نێو حه‌وشه‌که‌ هه‌ڵه‌ . هاتوچۆ که‌مه‌ .

- مێجه‌ر بوو !

- ئه‌مه‌ هه‌ر قسه‌یه‌ ! له‌ قسان !

- له‌ ژووری کاره‌که‌یدا خۆی کوشت !

- وەسێتیشی کردووە ؟!

سەربازەکان ، بە بێ چەک ، لە پشت تەیمانە ئاسنینەکان و تەلبەندەکانەوە ، ئێشک دەگرن . سەربازەکان ، بارانییان لەبەر کردووە .

- وەسێت ؟

- بۆ ژنەکەی نووسیوە !

- نووسیویەتی حەزناکەم ببم بە ئەسیر ودیلی جەلاّدان !

- جەلاد ؟!

زیندانەوانە کۆسەکە زمانی کەوتووەتە تەتەڵە . شانی داوە بە ئەستوونی دەرگاکەوە و جگەرە دەکێشێت . باران ، نم نم دەبارێت .

- کوڕ وکچێکیشی هەیە !

- ژنەکەشی مامۆستایە !

ئالاّی سەر دەرگاکەی ئینزیباتخەنەکە تا نیوە هەڵکراوە . بارانەکە قورسی کردووە و نووساوە بە داری ئالاّکەوە .

.... دەبێ ڕۆژان بەڕێ بکەین . زیاتر گەمەی هێلکەبازی دەکەین .

- مریشکێکم هەیە شەش هێلکە دەکات !

- بۆ شەش ؟!

- ئەدی چەند ؟

خەریکە کاتی هەوا خۆری تەواو دەبێت . حەزناکەین بچینە ژوورەوە و بارانەکە توونذ دەبێت .

- کەواتە بڵێ !

- ها ؟!

- براکەی شا بە تەیارەکەیەوە کەوتووە ... !

چەخماخەیەک بۆ ساتێک لە هەوا کێشەکەی سەرووی دیوارەکەوە ، دێتە ژوورەوە و پاشان ، تەشبریق دەتەقێتەوە و وەکو شەست تیر ، یەک لە سەر یەک دەنگدەداتەوە .

- کەواتە لە بەر ئەمە بوو کە ئالآکە تا نیوە هەڵکرابوو ؟!

لە هەوا کێشەکەوە تەمەشا دەکەم . لاقی ژنێک دەردەکەوێ . گوڵدانەکان ، یەک یەک هەڵدەگرێت و دەیانبات . لەو بستە ڕووناکیەی گڵۆپی شەقامەکەوە کە لە قەراخ بانێژەکە دەدات ، تنۆکە درشتەکانی بارانەکە دیارە . ئاسمان عەجەب دەنگدانەوەیەک دەنگدەداتەوە . باران ، بە لێزمە دەبارێ . ئەگەر بەمجۆرە ببارێ ، لافاو دنیا دەبات . دەبێ بە شێوەیەک وەخت بە سەر بەرین ، تا ببێ بە شەو و ماندوو ببین و خەومان لێبکەوێ .

- مریشکی من حەوت هێلکە دەکات .

- بۆ حەوت ؟!

کردوومە بە عادەت ، بە ڕۆژەوە بەرانبەر بە هەوا کێشەکەی سەرووی دیوارەکە دادەنیشم و تەمەشای بانێژەکەو گوڵدانەکان دەکەم . کە قومرییەکە دێت سەرگەرمی ومەژغەڵەتم زۆرتر دەبێت .

- ئەدی چەند ؟

- دوو !

ئێستا ، دەتوانم بە چاوی نووقاوەوە سکیچی پاو پوزی ژنەکە لە سەر کاغەز بکێشم . قەڵەمی پێیەکانی لە ئەژنۆیەوە ، بە جوانی دێتەخوارێ تا دەگاتە سەر گوزینگی پێی . پاو پوزی باریک و لووسە . سپی واژە و دەڵێی کڵاوەی ئەژنۆی نییە . کە گۆرەوی سووری کورت لە پێ بکات ، جوانتر دەبێت . گۆرەوی ئەستووری لێنایەت .

- بۆچی دوو ؟

- ئەدی چەند ؟!

پیاوەکە ، هەر جارێ پانتۆڵی لە پێ بێ . لاقەکانی باشن ، بەڵام کە دەرپێی لە پێ بێ ، زۆر درێوە ، لە زەوق دەدات. لە تۆ وایە قەڵەمی پێی کابرا خوارە . کاتێ کە بە دیار گوڵدانەکانەوە دەوەستێ تا ئاویان بدات ، بەینی لاقەکانی بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دەرپێیەکەی لە لاقی دەئاڵێت .

بارانێکی توند دەبارێ . بە درێژایی شەو دەبارێت . ئیسلام نوێژ دەکات . دەنگی بەرزە . چاوم لێک دەنەم . دەلێی لای لایەم بۆ دەکات .

" سبحان الله و الحمدلله و لا اله الا الله و الله اکبر "

**

تازە خەوم لێکەوتووە کە یەکێک گازم دەکات . چاوانم دەکەمەوە . زیندانەوانە کۆسەکە ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاوە . لە ناو جێگاکەم دادەنیشم .

– حەسەن !

زیندانەوانە کونجەکە ، زۆر سازگار و فرە کەم دووە .

– عەتا ... کازم !

سەیری سەعاتەکەم دەکەم . سێ سەعات و چل دەقیقە لە نیوە شەو لایداوە . دەنگی باران دێت . سەعات دوازدە و نیو بوو کە ڕاکشام و پاشان یەک سەعات تەپاوتلم دا تا خەوم لێکەوت . دەنگی زیندانەوانەکە ، هێورە .

– کەل و پەل وتفاقەکانتان کۆ بکەنەوە !

لە هەوا کێشەکەوە تەمەشا دەکەم . بانێژەکە کرِوکپە . گوڵدانەکان لە جێی خۆدا نین . ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکە ، قەراخ بانێژەکەی ڕووناک کردووەتەوە .

حەسەن دەپرسێت :– بە کە و پەل و تفاقەوە ؟!

زیندانەوانە کۆسەکە ، سەر دەلەقێنێ . کازم دەجوڵێت و دەپرسێت :– بەم شەوە بۆ کوێ ؟!

عەریفە کونجەکە ، شانەکانی هەڵدەتەکێنێ :– نازانم !

هەموو برادەران بێداربوونەتەوە . کەل وپەل و تفاقمان نییە تا کۆی بکەینەوە . بلوزە کون کونەکەم لوول دەدەم تا تووڕی بدەمە سووچی ژوورەکە ، مەلیک دەڵێت :– بیبە !

– بە کەڵک نایەت !

– بەڵکو بتەوێ ئەویتر بشۆیت !

باوەش بە یەکدا دەکەین . عەریفە کۆسەکە ، مۆڵەت دەدات کە یەکدی ماچ بکەین و خواحافیزی لە یەکدی بکەین . یاقووب ، شۆخی و سوعبەتی هەستاوە :– عادەتەن ، ئەم کاتانە ، پیاو بۆ گوللەباران دەبەن !

یاقووب سوعبەت دەکات ، بەڵام بۆ ساتێک دڵم دەلەرزێ . بۆمان دەرکەوتووە کە هیچ کەسێک ، هەست بە هیچ مەسئولیەتێک ناکات . کاتێ کە عەریف شەهری ، بە کەیفی دڵی خۆی هەرکارێکی گەرەک بێ دەیکات و هەر کاتێ

دڵی بیەوێ ، خەبەر دەدات ، بێگومان ئەفسەرێک ، ئەگەر بیەوێ کەسێک بکوژێ ، ئەوا دەیکوژێ و دوو بەرد تەقەی نەیات و پاشان کابرای کوژراو لە ترِی سەگ دەرِوات ! وەکو ئەوەی هیچ شتێک رِووی نەدابێ !

برادەران ، تا بەردەرگا لە گەڵمان دێن .

- بە خێر و سەلامەت !

- دەستی هەقتان لەگەڵ بێ !

ئیسلام دێتە پێشەوە .

- دەقیقەیەک بوەستن !

ئایەتول کورسی دەخوێنێ و فوومان بە سەرا دەکات . لە دەرگای زیندانەکە وەدەر دەکەوین . بارانەکە خاو بووەتەوە و نمەنمە دەبارێت . ئاسمان هەورینە . تا ژوورەکەی ئەفسەری خەفەر ، هەر چەند شەقاوێکە . نایب زابتێک و چوار سەربازی چەکدار ، لە ژوورەکەی ئەفسەری خەفەردا ، چاوەرِوانمانن . زیندانەوانە خواجەکە رِادەستمان دەکات و وەسڵ وەر دەگرێت . سەربازەکان و نایب زابتەکە ، جلی گەرمیان لەبەر کردووە و لە سەر جلە گەرمەکانیانەوە بارانییان لەبەر کردووە . نایب زابتەکە تۆکمەیە و لەجلی زستانەدا ، زەلامتر دێتە بەرچاو .

نایب زابتەکە ، بە بەرچاومانەوە ، شانە دەخاتە سەر دەمانچەکەی و پاشان دێتەپێشێ تا کەلەپچەمان لە دەست بکات . دەستم دەبەمە دواوە . چاوانی نایب زابتەکە ئەبڵەق دەبن . دەنگی لە زەربەی سووکی تەپڵ دەچێت .

- وەرە پێشەوە ، کورِە !

حەسەن دەپرسێت :- بۆ کوێ دەرِۆین ؟!

نایب زابتەکە هیچ ناڵێت . بلاجکتۆر ، گۆرِەپانەکەی رِووناک کردووەتەوە . خواجە چاوەرِوانە تا لە نووسینگەکە وەدەربکەوین . خەواڵووەو وا دیارە بێتاقەتیشە . نایب زابت خواجە دێتە قسە .

- مەسئولیەتی تیایە . دەبێ کەلەپچەتان لە دەست بکات !

عەتا دەڵێت :- تا نەزانین بۆ کوێ دەبرێین ، نە دەچینە دەرەوە و نە دەیەڵێن کەلەپچەمان لە دەست بکات !

دەنگە دەنگ و دەمەقاڵە ، ئەفسەری خەفەر لەخەو بێدار دەکاتەوە . بە قژی بژ و ئاڵۆزکاو ، یەخەی کراوە و چاوی رِیپۆقاویەوە ، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دێتە دەرێ . بەدەم هاتنە دەرەوەوە ، کەمەربەندەکەی دەبەستێ .

سەری کیفی دەمانچەکەی کراوەتەوە . وادیارە گوێی لە دەنگە دەنگەکەمان بووە . خێراو بە تووڕەیی دێت و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، تا هێز لە بازوویا هەیە ، زللەیەک دەسرەوێنێتە بناگوێی حەسەن . بەر لەوەی زار هەڵێنم ، ئاگر لە چاوم دەبێتەوە . هەموو بێدەنگ دەبین . چاوانی ئەفسەری خەفەر حاڵم تێک دەدات . سوورن و گۆشەکانی ڕیپۆقیان کردووە . دەڵێی بەر لە نووستن مەرهەمی تێکردوون . کەپووی عەینی پارچە دووگێکی نەکوڵاو کە بە سەر کاسەیەک گۆشتاوەوە بێ ، بە سەر دەم وچاوە گەورە و زەردەکەیەوە پان بووەتەوە . کە قسە دەکات بۆنی دەمی بە کەپووما دەچێت . لە تووڕەییدا ، لێوی سەرەوەی تەتەڵە دەکات .

– وەرە کەلەپچەیان لە دەست بکە !

دەستی من و کازم پێکەوە دەبەستن . دەستی عەتا و حەسەن ، بە یەک کەلەپچە پێکەوە دەبەستن . دەمانەوێ بکەوینە ڕێ . دیسان لێوی سەرەوەی ئەفسەری خەفەر دەکەوێتە تەتەڵە .

– سەبرکەن !

سەبر دەکەین . ئەفسەری خەفەر ، ڕوو بە ڕووی عەتا دەوەستێ . لێوی سەرەوەی دەلەرزێ . لەپڕ دەسرەوێنێتە بناگوێی عەتادا . کازم دەچێتە پێشەوە وملی قوت دەکاتەوە و دەڕوانێتە ئەفسەری خەفەر . ڕەنگی کازم وەکو چەوەنەر سوور بووەتەوە . تەسەور دەکەم ئەفسەری خەفەر ، لە ڕوو دابمێنێ ، بەڵام پێش ئەوەی لە تەسەورەکەم ببمەوە ، گوێم بە دەنگی زللە دەزرینگێتەوە .

لە ئینزیباتخانەکە وەدەردەکەوین .

زەوی تەڕە . باران نم نم دەبارێت . چاوم بە بانێژەکە دەکەوێت . پەردەی دەرگا و پەنجەرەکانی دادراوەتەوە و گڵۆپی خەو هەڵە و پەردەکان ڕەنگی شەرابی قرمزیان گرتووە . هەستدەکەم کە سیپەلاکم ، هەموو هەوای شەقامەکە بە کەڕەتێ هەڵدەمژێ. چارەک لە سەعات چواری سپێدە لایداوە . سەربازەکان ، تفەنگەکانیان لە ژێر باڵاپۆشەکانیاندا سەرەوخوار گرتووە . دوو سەرباز لە پێشمانەوە دەڕۆن و دووانیش لە دوامانەوەن . نایب زابتە تۆکمەکە شان بە شانمان دەڕوات . ئاسمان ، لە کەرخی ڕۆژهەڵاتەوە خەریکە ڕووناک دەبێتەوە . سەرەوەمان تاریکە . ئەو ئەستێرانەی کە تازە لەبن هەوران هاتوونەتە دەرێ ، لە دوورەوە دەدرەوشێنەوە ، درەوشانەوەیەکی سپیواژ . چاڵاوەکانی سەر جادە و شەقامەکان پڕن لە ئاو . جۆگەکانی قەراخ شەقامەکە هەستاون .

لێرەو لەوێ گڵۆپەکانی سەر شەقامەکە ڕۆشنن و تاک وتەرایەکیان کوژاوەتەوە . کەس بە شەقامەکانەوە نییە . تەنانەت پاسەوانانی شەوانەش ، خۆیان داوەتە پەنا. دیوارەکان هێندەیان باران بەسەرا باریوە کەوەیی دەنوێنن .

دووکان و موغازەکان هەمووی داخراوە . لێرەو لەوێ ڕووناکی گڵۆپێن خەو ، ڕەنگێکی سازگاری بە شووشەی پەنجەرەو دەرگاکان داوە . کۆشکی دادڤانی خامۆشە . دیوارەکانی تەڕی تەڕن . جۆگایەکی پان کە بە بەر کۆشکی دادڤانیدا دەڕوات ، هەستاوە . شەقامەکە پڕە لە ئاو . پۆستاڵەکانم پڕ بووە لە ئاو، ئیستا سەرم، ملم و بلوز وپانتۆڵەکەم تەڕ بوون. دوگمەکانی یەخەم داخستوون ، بەڵام بە ملمدا دەچۆڕێتەوە و لە یەخە داخراوەکەمەوە دەچێتە ژوورەوە و بە سەر پشتمدا دادەخزێ . باران ، هەواکەی گەرم کردووە . لە هەنبەر مزگەوتی شادا ، لافاو هەستاوە . نایب زابتە تۆکمەکە ، دەخۆی ڕۆچووە . تاقە قسەیەکیش ناکات . هیچ خۆیا نییە کێوە دەڕۆین . جۆگا پانەکانی قەراخ شەقامی بوزەرجەمهەری ، وەکو ڕۆخانە ( ڕووبار ) دەهاژێنن . لە ناوەندی شەقامدا گیرمان خواردووە . هەرجۆرێک بووە دەبێ لە جۆگا ئاوەکە بپەڕینەوە و بچینە سەر شۆستەکە . سەربازەکان یەک یەک باز دەدەن و دەپەڕنەوە . حەسەن و عەتا ، دەستی یەکدی دەگرن و چەند هەنگاوێک دەکشێنەوە و شەقاوەکانیان هاوئاهەنگ دەکەن و باز دەدەن . نایب زابتە تۆکمەکە کە خۆی لە بارانیەکەیەوە پێچاوە .

– یاڵڵا ... بازبدەن !

چاوەڕوانە تا دوای من و کازم بپەڕێتەوە بۆ سەر شۆستەکە . دەستی یەکدی دەگرین و دێینە دواوە و باز دەدەین . کە لە جۆگاکە نزیک دەبینەوە ، پێم دەچێ بە چاڵێکی نادیاری ژێر ئاوەکەدا . نووچ دەدەم و خۆم پێ ناگیرێتەوە و دەکەومە ئاوەکەوە و کازم بە حەواوەوە بە دووما دێت . برادەران ، خۆ بە ئاوەکەدا دەدەن و کۆمەکمان دەکەن و لە ئاوەکە دەرمان دێنن . ئاو لە ئازای ئەندامم دەچۆڕێ . برادەران و سەربازەکان لە قاقای پێکەنین دەدەن . خۆم لە گێلی دەدەم ، نایبەمە سەرخۆم و لەگەڵیاندا پێدەکەنم . دەنگی نایب زابتەکە وەکو لێدانی دەهۆڵە .

– مشکی لە ئاو هەڵکێشراومان بیستبوو ، بەڵام نەمان دیبوو !

کە دەگەینە بەر گەراجەکە ، نایب زابتەکە دێتە قسە . هەر چوارمان بۆ باشوور دوور خراوینەتەوە .

زەربەی دەهۆڵەکە بە هێواشی دێتە گوێمان .

– من ، لە شیراز ڕادەستتان دەکەم و لەوێ بە دواوە ...

شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و دەستەکانی لێک بڵاودەکاتەوە .

– ئم ... ئیدی نازانم .

بێ هیچ پرس و جۆ و دادگاییەک ، دووریان خستووینەتەوە .

که دەگەینە گەراج سەعات پێنج و نیوی بەرە بەیانە . تاکی دەرگای چاخانەکەی گەراج دەکەینەوە دەچینە ژوورەوە. چایچییەکە تازە لە خەو هەستاوە و سەماوەرەکەی داگیرساندووە . سۆپایەکی فەرەنگی گەورە لە ناوەندی چایخانەکەدا دەسووتێ . ئاو لە سەراپامانەوە دەچۆڕێ . چایچییەکە بۆ دەمێک تەمەشامان دەکات و پاشان سەری دەلەقێنێ و دەڵێت .

- تووشی سینە پاڵوو ( ژان و برک لە سەرماوە ) دەبن !

و بلەز بۆ بنەبانی چاخانەکە دەڕوات . نایب زابتەکە ، کەلەپچەکان لە دەستمان دەکاتەوە تا جلەکانمان وشک بکەینەوە . گیرفانەکانم پڕ بوون لە ئاو . پاکەتە جگەرەکەم تلیساوەتەوە و هەموو جگەرەکان تەڕ بوون . جگەرەکان لە سەر چەوە گەرمەکانی سەر سۆپا فەرەنگیەکە هەڵدەخەم . چایچییەکە ، سەروو شتێکمان وێدەدات کە لەبەری بکەین . دەنگی نزمی نایب زابتەکە کە لە دەنگی تەپڵی نمسار دەچێت ، بەرز دەبێتەوە .

- ئەگەر ئاوەکە کوڵاوە ، قەنداغێکم بدەیە !

ئەو بلوزە خوریە چڵکنەی کە لە بەرم کردووە ، بۆنی تلیاکی لێدێت .

- لە بەری بکە . خاوێن نییە بەڵام ئیدی ...

حەسەن ، چاکەتێکی دەڵب و گەورەی لەبەر کردووە . بیجامەیەکی تەنکی قۆڵ درێژی داوە بە کازم .

- ئەم ئێلەکەی بە سەرا لە بەر بکە و لە قەراخ سۆپاکە بوەستە گەرم دەبێتەوە .

عەتا ، بە کراسێکی سپی بێ یەخە و بیجامەیەکی سپیەوە ، درێژتر دەنوێنێ . جلەکانمان دەگوشین و لە دەوری سۆپاکە هەڵیاندەخەین .

سەربازەکان و نایب زابتەکە ، بارانیەکانیان (باڵاپۆشی ئاونەدەر) دادەکەنن و لە سەر تەختێک دادەنیشن . چەند کەسێک لە بنەبانی چاخانەکەدا نووستوون . سەماوەرەکە دێتەکوڵ . پیرەمێردێکی قەڵەمی ، لەو سەری چاخانەکەوە ، لێفەکە لە خۆی دەکاتەوە ، گیوەکانی (کڵاشی بن چەرم) دەکات بە سەر پێوە و بە خشەخش دێت و بە دیار دەزگای چاخانەکەوە دەوەستێ . جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و خڕەخڕ ڕدێنی ، کە چەند ڕۆژێکە نەتاشراوە ، دەخورێنێ . قژی سەری کابرای پێرەمێرد کەوەیی دەنوێنێ و لوولە . دوگمەکانی پانتۆڵەکەی کراونەوە . بە ئێلەک و پانتۆڵەوە نووستووە . چایچیەکە پیاڵەیەک قەنداغ دەداتە دەست پیرەمێردەکە . تەپڵەکەی نایب زابت لێدەدات .

- گوتم قەنداغێکم بدەیە !

پیرەمێردەکە ، قەنداغەکەی لە قەراغ دەزگاکە دادەنێ و جگەرەکەی دەخاتە لای لێوی و چاوی هەڵدەبڕێ و تەمەشای نایب زابتەکە دەکات و پاشان قوتوویەکی بچووک لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەردێنێ . چایچییەکە قەنداغ بۆنایب زابتەکە دێنێ . بەرە بەرە خەریکە گەرم دەبینەوە . پیرەمێردەکە بە سەری ئەنگوست ، دوو تۆزقاڵ تلیاک لە قوتووەکە دەردێنێ و لە دەمی دەنێ و بە دەمی پیاڵەکە قەنداغەکە هەڵدەمژێ و مژ لە جگەرەکەی دەدات . چاوم لە پیرەمێردەکەیە کە دەستی چایچییەکەم بۆ درێژ دەکرێت .

- ها بیخۆوە . گەرمت دەکاتەوە !

پیاڵە قەنداغەکە لە دەست چایچییەکە وەردەگرم و تەمەشای دەکەم . بزە دەکات . چایچییەکە ، کابرایەکی ناڤساڵە ، دەستە باڵا و، گۆنا پان و ، چاو گەورە و ، چاو ماندووە . چەند داوێکی سپی کەوتوونەتە لاجانگەکانی . کە بە لاما ڕەتدەبێ تابچێتە سەر قۆریەکە و ئاوی گەرم وەربگرێت ، لەبن لێوەوە دەڵێت .

- ئەگەر پەیامێکتان هەیە قسە بکەن !

یەکسەر دڵم دەکرێتەوە . قسەکەی کابرای چایچی بە برادەران دەڵێم . کازم لە بن لێوانەوە دەڵێت :

- ئینسان کاتێ لە ناو خەڵکا بێ ، هیچ کاتێک تەنیا نییە !

باران ، خۆشی کردووەتەوە . پیرەمێردەکە قەنداغەکەی دەخواتەوە و دەگەڕێتەوە سەر جێگاکەی خۆی و دووبارە دەخەوێتەوە و لێفەکە دەدات بە سەر خۆیدا .

چاخانەکە گەورەیە . لێرەو لەوێ هەندێ تابلۆیان بە دیوارەکانییەوە هەڵواسراون . تابلۆی ( مەجنون ) بە سەر سەری پیرەمێردەکەوە ، بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە . مەجنون ڕووت و قووتە ، لە بیاباندا هەڵتروشکاوە و زرانیەکانی لە باوەش گرتووە و سەرە گڤ و لوولەکەی بەسەر ملە باریکەکەیدا ، کە دەڵێی ئاونە و لوولەی نێرگەلەیە ، شۆڕ بووەتەوە و هەموو گیانلەبەرانی بیابان ، دەوریان داوە .

بلوزەکەم هەڵدەگێڕمەوە . هێشتا شێی هەیە . جگەرەکان هەڵدەگێڕمەوە تا نەسووتێن . حەسەن بلوزەکەی لەبەر دەکات و دەڵێت :- تێشتێکی (قاوەتوون، تاشت) باش بوو !

تەمەشای دەکەم .

- تێشت ؟!

- زللەکەی جەنابی نەقیب !

چایچییەکە ، لە چاخانەکە دەچێتە درەوە . تابلۆی ( خێوەتێن دەشتی کەربەلا یا بێکەسی حوسێن ) دوو مەتر زیاتر درێژە . چادر و خێوەتەکان ، لە تەختی تابلۆکەدا ، لە پاشخانی تابلۆکەدا ، لە تەمێکی کەوەییدا نقوم بوون . ئیمام حوسێن ، عەلی ئەسغەری خستووەتە سەر دەستی و نێزەی بێکەسی چەقاندووە . فریشتەکان بە سەر سەری ئیمام حوسێنەوە باڵیان کردووەتەوە و نیگەرانن . دوورتر ، لە ئاسمانی شینباودا ، ئەژدیهایەکی ڕەش ، خەریکە هەتاوی خوێنین هەڵدەلوشێت .

جگەرەکانم لە سەر سۆپاکە هەڵدەگرم . چایچییەکە دەگەڕێتەوە . بۆنی نانی تازە کەپووم تەژی دەکات . چایچییەکە پەنیریشی کڕیوە . بێئەوەی هیچمان گوتبێ ، نان وپەنیرەکە دەخاتە سەر سینییەکی ( کەشەفە ) گەورە ودێت بۆ لامان .

- چای گەورە یان بچووک ؟

- گەورە ، مەمنوونین .

تەپڵە خەفەکەی نایب زابت دێتە دەنگ :- تێشت بەمەش بدە !

چایچییەکە ، نانی بەیانی بە نایب زابتەکە و سەربازەکان دەدات و پاشان پەرداخێک ، لە چای غەلیز نیوە دەکات و بۆ پیرەمێردەکەی دەبات .

- داشۆ ( کاکە ، برا گەورە ) چای !

داشۆ ، لە ژێر لێفەکە دێتە دەرێ و پەرداخە چایەکە لە دەست چایچییەکە وەردەگرێت و لە قەراخ تەختەکە دادەنیشێت .

چایچییەکە ، ڕادیۆکە دەکاتەوە . دەنگی ( بێژەر ) بەرز دەبێتەوە . چاوم لە سەر تابلۆکەی ڕۆستەم و زۆرابە و چایە شیرینەکە وردە وردە دەخۆمەوە . ڕۆستەم بە خەنجەر ، قەبرغەی زۆرابی هەڵدڕیوە . نێزە و قەڵغان و شمشێر و ڕمەکان ، لە سەر ئەرزەکە بڵاو بوونەتەوە . دەرگای چاخانەکە دەکرێتەوە و چەند ڕێبوارێک وەژوور دەکەون . بارو بنەیان لە ئەرزەکە دادەنەن و لە پاڵ سۆپاکە دەوەستن و دەستیان هەڵدەگلۆفن .

تەپڵەکەی نایب زابت ، لێدەدا .

- جلەکانتان لەبەر بکەن !

جلەکانم هێشتا شێی هەیە . جلەکانی کازم لە هینەکانی من باشترە . بلوزو پانتۆڵەکەم لەبەر دەکەم .

دیسان تەپڵە کپەکەی نایب زابت دێتە دەنگ :- لە بەینیاندا دانیشن !

سەربازەکان ، بارانی و تفەنگەکانیان بە دەستەوە دەگرن و ئەمری نایب زابتەکە جێبەجێ دەکەن . واتە هەر یەکەیان لە بەینی دووانماندا دادەنیشن . لە جامی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرێ دەکەم . ڕۆژهەڵات سافی سافە . چاخانەکە خەریکە پڕ دەبێ . لە قسەکاندا ، بۆمان دەردەکەوێ کە پاسی یەکەم سەعات حەوت ونیو بەڕێ دەکەوێ . ( بەرنامە ) تەواو دەبێ . سەرو سەدای ڕێبوارەکان تێکەڵ بووە . داشۆ ، لە چاخەنەکە وەدەر دەکەوێ ، دەست و چاوی دەشوات و دەگەڕێتەوە . تلیاکەکە کاری تێکردووە . وەکو فرفرۆکە بە بەینی ڕێبوارەکاندا دەسووڕێتەوە و چای دادەنێ و پیاڵە بە تاڵەکان کۆ دەکاتەوە . بە دەستێک ئەوەندە پیاڵە چای هەڵدەگرێت کە وەکو بورجی لێدێت . ڕادیۆکە ، موزیقا بڵاودەکاتەوە . پاڵ بە پشتی تەختەکەوە دەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم . دووکەڵی جگەرەکەم لە گیان خۆشە . لەشم مێرووله دەکات . هەموو ڕێبوارەکان تەمەشامان دەکەن و بە گوێی یەکدیدا دەچپێنن . پیاوێکی گەنج لە دەرگای چاخانەکەوە وەژوور دەکەوێ . سیمای پیاوەی گەنج ئەوەندە ئاشنایە کە ڕادەچڵەکم بە تایبەتی چاوەکانی کە ئامال زەردن و سمێڵە زەردەکەی کە دەمی داپۆشیوە ، وباڵای مامناوەندی . دەستی کچۆڵەیەکی منداڵی گرتووە . ژنەکەی لە دووی ئەوەوە دێتە ژوورەوە . جانتایەکی بچووکی بە دەستەوەیە . پیاوەکە ، هەرکە دەمانبینێ ، چپەیەک دەگەڵ ژنەکەیدا دەکات . چایچییەکە دێت بەلامانەوە .

- تاڵ دەخۆنەوە ؟!

- زۆر مەمنوون !

چوار پیاڵە چای دیژلەمەمان لەبەردەم دادەنێت . پیاوە گەنجەکە لە بەرانبەریان دادەنیشێت . تەمەشای دەکەم . زۆر ئاشنایە . زەینم وەردەوە دەدەم . هیچم بیر نایەتەوە . چیوای بۆ سەعات حەوت نەماوە . دەنگەکان تێکەڵن ، دەنگی ڕادیۆکە بەرزە . پیرەمێردێ لە دەرگای چاخانەکەوە وەژوور دەکەوێ . دارعەسایەکی بە دەستەوەیە و بۆخچەیەکی لە ژێر هەنگڵە . هاوار دەکات کە خەڵکی بازێرۆکە (دێهاتییە) . بە هەر چوارنکالی چاخانەکەدا دەڕوانێ . شوێن نییە دانیشێت . چاوی بە سەرباز و تفەنگەکان دەکەوێ . بە دەم دارە تەقێوە دێت و ڕوو بە ڕووی عەتا دادەنیشێت . دەنگی پیرەمێردەکە لەرزۆکە . سیمای پڕ چرچ و لۆچ و تاوەگازە .

- گەنجینە ... ئێوە چیتان کردووە ؟

تەپڵی خەفەی نایب زابتەکە لێدەدات :- پەیوەندی بە تۆوە نییە پیرەمێرد !

چاوە ماندوو و کاڵەکانی پیرەمێرد گێژ دەخوات و لە سەر ڕوخساری نایب زابتەکە دەگیرسێتەوە .

- پەیوەندی نییە ؟ ... چۆن پەیوەندی نییە ؟!

نایب زابتەکە تیاماوە کە چی بڵێت .

- ئەمانە منداڵی منن ... چۆن پەیوەندی نییە ؟!

نایب زابتەکە هەڵدەستێ ، لە پیلی کابرای پیرەمێرد دەنەوێ و دەری دەکات .

- بڕۆ بە لای کاری خۆتەوە پیرەمێرد !

پیرەمێرد ، نایەوێ بڕوات ، دەنگی بە زەحمەت لە گەرووی دێتە دەرێ .

- لە خوتو خۆڕایی گەنجەکان دەکوژن و ئەوسا دەڵێن پەیوەندی بە تۆوە نییە ... !

- نایب زابتەکە ، پیرەمێردەکە دوور دەخاتەوە . موزیقاکە قوت (دەبڕێ) دەبێ .

پیرەمێرد لە قەراخ تەختەکە دادەنیشێت و دەبۆڵێنێ . سەعاتەکەم لەگەڵ ڕادیۆکەدا میقات دەکەم . دەنگە دەنگی ڕێبواران ، چاخانەکەی پڕکردووە . چاوم لە پیرەمێردەکەیە و گوێم لە ڕادیۆکەیە .

" گوێدێرانی ئازیز ، بەیانیتان باش "

دەنگی بێژەری ڕادیۆکە دڵگیرو خۆشە . ماوەیەکی زۆرە کە لە هەواڵەکان بێ خەبەرم .

" کورتەی هەواڵەکان "

دەنگی ژوورەکە ، قورس و دلێرە .

" سەعات شەشی بەرە بەیانی ئەمڕۆ ، دووەمین گرووپی ئەفسەرانی توودەیی ، کە حوکمی ئیعدام درابوون ، گوللەباران کران " .

لە پڕ ، هەموو دەنگەکان کپ دەبن . هەناسە لە سینەمدا دەگیرێ . پیرەمێردەکە هاوار دەکات . نازانم چی دەڵێت . عەتا ، خۆ بە خۆ ، بە مست دەکێشێت بە سەر مێزەکەدا . پیاڵە چایەکە لە جێی خۆی دەجووڵێت و قڵپ دەبێتەوە . کازم دەست بۆ گۆناکانی دەبات و پەڵەی خوێن دەنیشێتە سەر گۆنای . حەسەن ، وەکو ئەوەی حەپەسا بێت ، بەو ئاوایە نیگای بە دیوارەکەی بەرانبەرەوە سەکتەی کردووە . لە پڕ سەری قامکەکانم دەسووتێ . قونکە جگەرەکە تووڕ دەدەمە سەر ئەرزەکە . پیرەمێردەکە دێتە پێشەوە و بەدار عەساکەی دەکێشێت بە سەر مێزەکەدا و هاواردەکات .

– دەڵێ پەیوەندی بە تۆوە نییە . ئەدی پەیوەندی بە کێوە هەیە ؟!

نایب زابتەکە ، خراپ گیری خواردووە . ئەگەر پەلەپیتکەیەک لە پیرەمێردەکە بدات دەمرێت و دەبێ بە ماڵ بە سەریەوە . پیرەمێرد دەستبەردار نابێ . نایب زابتەکە لوول دەبێت . دێتە دەنگ .

– زۆر چاکە بابۆ ، پەیوەندی بە تۆوە هەیە !

و هەڵدەستێت و دەست دەخاتە ناو قەدی پیرەمێردەکە تا بەڕێی بکات . سەربازەکان ، چاویان لە پیرەمێردەکەیە . دەنگێک بە گوێمدا دەچپێنێ . ئاوڕ دەدەمەوە . ئەو ژنە گەنجەیە کە دەگەڵ پیاوە ئاشناکەدایە .

– ئێوە هیچ هەواڵێکی خوێندکار (هرزویلی) دەزانن ؟

یەکسەر ، پیاوە گەنجەکە دەناسمەوە . لە گەڵ هرزویلیدا دەڵێی سێوێکە و کراون بە دو لەتەوە .

– با ... دەیناسم !

نایب زابتەکە ، پیرەمێردەکە هێواش هێواش بۆ بنەبانی چاخانەکە دەبات . پیرەمێرد دەبۆڵێنێ . ژنە گەنجەکە دەپرسێت :– دەزانی لە کوێیە ؟!

چاوم لە سەر پیاوە ئاشناکەیە .

– تا ئەم بەیانییە ، لە زیندانی ئینزیباتخانە بوو .

خەیاڵی ئاسوودە دەبێت .

– یەک هەفتەیە کون بە کون لە دووی دەگەڕێین !

سەرکار نایب زابت ، پیرەمێردەکە بەرەڵڵا دەکات و دەگەڕێتەوە . ئێستا دەنگی . بە دەنگی تەپڵێ دەکات کە شێی هێنابێ .

- سوار بن !

هێشتا بیست دەقیقەی بۆ سەعات حەوت و نیو ماوە . هەڵدەستین کە لە دەرگای چاخانەکە وەدەر بکەوین . دەڕۆم تا پارەی چایچیەکە بدەم .

- پارە دامەنێ !

چایچیەکە دەستی دێنێ و دەستم دەگرێت و شتێک دەخاتە دەستمەوە .

- ئەمەش بۆ خەرجی ڕێگاتان . لێمی قەبووڵ بکەن !

دڵم دەلەرزێ . چایچیەکە قسە دەکات ، لە گیانم خۆشە . دەڵێی گریان ئەوکی گرتووە . نایب زابتەکە بانگم دەکات .

- ئەسپاردەی خودا بن !

پیرەمێرد . لە بنەبانی چاخانەکەوە ، دارعەساکەی بە حەوادا با دەدات . لە دەرگای چاخانەکەوە وەدەردەکەوین و سواری ئۆتومبیلەکە دەبین .

❊❊

ڕۆژی دووەمە کە لە سەر باری کامیونەکە دانیشتووین و بەرەو بەندەر لنگە دەڕۆین . کامیونەکە ، ئازووقە بۆ فەوجی بەندەر لنگە دەبات . کە سوار دەبووین ، پاسەوانەکان پێداگریان دەکرد کە کەلەپچەمان لە دەست بکەن . لێمان بوو بە دەنگە دەنگ . ئەفسەری خەفەر لە ژوورەکەی هاتە دەرێ .

- کەلەپچە ؟! ... لێرەوە تا لنگە بیابانێکی کاکی بە کاکییە ... لە کوێ دەتوانن هەڵێن ؟!

ڕۆژی چوارەمی فەروەردینە . دنیا یەجگار گەرمە . ئەگەر بای جووڵەی کامیونەکە نەبوایە ، شەرجی دەی خنکاندین . ڕۆژی جەژنمان لە زیندانی سەربازگەی لار بە سەر برد . تا چاوبڕ دەکات دەشتی وشک و برینگ و بیابانی شۆراخ و تراویلکەیە و ناو بە ناویش نەخڵستانە . یەکێک لە پاسەوانەکان دەلیت کە ئەگەر هیچ بویەرێک ڕوو نەدات و کامیونەکە پەکی نەکەوێ ، نیوەڕۆ دەگەینە بەندەر مەهتابی .

شەوێ لە بەندەر خەمیر خەوتین . بەیانی ، شەبەقی کەوتووینەتە ڕێ . گەردو تۆز ، لە دوای کامیونەکەوە ، دەبێ بە گەردە لوول و لوول دەخوات و بە ئاسماندا دەچێت . بەیانی شتێکی ئەوتۆمان نەخواردووە . کە دەبێ بە نیوەڕۆ ، کامیونەکە لەو دەشت ودەرە ڕایدەگرێت . شوفێرەکە و پاسەوانەکان ، کەمێک دوور لە جادەکەوە ، لە ژێر نێرە دار خورمایەکی کورتدا ، کە لە تەپ وتۆزدا سپی دەچێتەوە ، سفرە ڕادەخەن . کەمێک لەبەر هەتاوە گەرمەکەدا پیاسە دەکەین و پاشان پەنا دەبەینە بەر سێبەری گەرمی کامیونەکە تا پاسەوانەکان فراڤینەکەیان بخۆن . شوفێرەکە زەمزەمییە عەرەقەکەی لە چەفیەیەکی تەڕەوە ئالآندووە تا گەرم نەبێت . سەربازەکان ، بە مست پیاز دەشکێنن و پاروو دەکەن . تەنانەت خولْکیشمان ناکەن . نازانم چی بە گوێی پاسەوانەکاندا دەدەن کە ئەوەندە سلْمان لێدەکەنەوە . تەنانەت گوێ بە قسەکردنیشمان نادەن .

کامیونەکە ، لە قۆرتەکاندا ، بەرز ونزم دەبێتەوە ، تاسە دەکات . دەلْێی سپرینگ و دەبلْەکانی سست بووە . لە قۆرت و چالْەکانی جادە خاکییەکەدا تاسەی وەها دەکات کە ڕێخۆلْەکانمان داویەتە ژان . ئاسمان یەکپارچە سپییە . هەتاوەکە زۆر بەتینە و وەکو کوورە دەسووتێ . تاچاو هەتەر بکات هەر بیابانە و ناو بەناو لێرەو لەوێ هەندێ کوختە بەدی دەکرێن و هەندێک ڕەشماڵ لە قەراخ جادەکە هەلْدراون ، کە بەلایاندا تێدەپەڕین ، سەگەکانیان بە غاردان و حەپەحەپ دوای کامیونەکە دەکەون تا هانکە هانکیان پێدەکەوێ و هەنگێ لە غاردان دەوەستن و لە ناو تەپ و تۆزەکەدا ون دەبن . یەک هەیڤ پتر لە زیندانی سەربازگەی شیراز بووین . هەر کە گەیشتین لێکیان جیا کردینەوە و فڕێیان داینە ئینفیرادییەوە . شەوی یەکەممان لە ئینفیرادی بە سەر برد و ڕۆژی دوایی ، ئەو نایب زابتە تۆکمەیەی کە تا شیراز لە گەلْمان بوو هات . زۆر خۆمانی بوو بوو . تەپلْەکەی کەوتە لێدان .

- ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە ، ئەگەر نامەتان هەیە بمدەنێ بۆتانی بەرم !

بە گورجی ڕۆیی و لە ژووری پاسەوانیدا قەلْەم و کاغەزی هێنا .

- وەرە ، کوڕی باشن ! کێشە و سەر یەشەتان بۆ دروست نەکردم !

ئەفسەری خەفەر هات و گوتی دەرگای ئینفیرادییەکان بکەنەوە . نایب زابتە تۆکمەکە ، نامەکانی دابووین بە سەرکردایەتی سەربازگەی شیراز . بەمەمان دەزانی. نایب زابتە تۆکمەکە میهرەبان بوو بوو . لێدانی تەپلْەکەی خۆش بوو بوو .

- هەرچییەکتان گەرەکە بینووسن ! دلْنیابن !

نامەکانمان ، لە سەرەوە تا خوارەوە هەر هەمووی سەلام و ئەحواڵپرسی بوو . دەرگای ئینفیرادییەکانیان کردەوە و تێکەڵاوی زیندانیانی ئینزیباتی بووین . یەک مانگ و چەند ڕۆژێک لە زیندانی سەربازگەی شیراز بووین .

لە برسا ڕێخۆڵەکانمان هاتووەتە ژان . لە هەڵتەک هەڵتەکی چاڵ وقۆرتەکانی جادەکە ، پەراسووەکانمان داغان بووە . دوو سەعاتێک لە نیوەڕۆ تێدەپەڕێ . سەربازەکان بە خۆو تفەنگەکانیانەوە بەرانبەرمان دانیشتوون . دەڵێی گیانی سەگیان هەیە . ماندوویەتیان پێوە دیار نییە  لە زیندانی جەهروم زگمان بەزی گرت . تەمەڵ خانەیەک بوو لەو گۆڕە . خواردن و خەو و ئیسراحەت . لە زیندان نە دەچوو . کامیونەکە کە لە دەرگای سەربازگەکەوە هاتە ژوورەوە و لەهەنبەر قەرەوڵخانەکە وەستا و خۆمان هەڵدایە خوارەوە ، ئەفسەری خەفەر ، لە نێو هەموو سەرباز و دەرەجە دارەکاندا ، پاژنەکانی دان بەیەکدا و سڵاوێکی سوپایی کرد . تەمەشام کرد . یەکسەر دڵم کرایەوە . (سرخی) بوو . تۆپچی تۆپخانە بوو . ڕەنگی وەکو خوێن سوور بوو بوو . کاتێ کە لە زانکۆ گرتیانین ، لاواز بوو . هەنووکە قەڵەو بوو بوو و ڕەنگ و ڕوویەکی وەبەر هاتبوو . هاتە پێشەوە و باوەشی پێداکردم و پاشان ، وەکو ئەوەی دەسەپاچە بوو بێ ، کەوتە ڕێ و بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و دەستووری دا .

– وەرە !

عەریف خەفەر پاژنەکانی دا بە یەکدا .

– زوو ، زۆر زوو . یەک ژووری خاوێن چۆڵ بکە . پەتۆی خاوێن !

و گەڕایەوە بۆلامان .

– خۆ شامتان نەخواردووە ... ها ؟! نا ... نەتان خواردووە ... ئۆ ... جلەکانتان چەند چڵکنە ! ... بۆچی ڕدێنتان نە تاشیوە ؟!

ودیسان ، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە .

– عەریف !

– جەنابی نەقیب !

– زوو ، زۆر زوو ... تاقمی تەراش ... شام .

زیندانی سەربازگەی جەهروم ، تەمەڵ خانەبوو . دوو هەیڤ و هەژدە ڕۆژمان لەوێ بە سەر برد .

- دەتانەوێ لە شارا بگەڕێن ؟!

- لەگەڵ پاسەواندا ؟!

- لە گەڵ پاسەوان !

- بەچەکەوە ؟!

- بێ چەک !

یەکێک لە پاسەوانەکان ، قسە دەکات . تۆز لە دەم و چاوی نیشتووە . لێوەکانی لە وشکیا قەڵەشاون .

- ئیدی چیوای نەماوە . ئەوەندەی چاو بنوقێنێ و بیکەیەوە بەندەر مهتابی دەرکەوتووە .

سەعات پێنجی دوا نیوەڕۆیە کە دەگەینە بەندەر مەهتابی . پاسگاکە لە قەراخ دەریادا گیرساوەتەوە . پاسگاکە ، بریتیە لە دوو ژووری گڵ و هەیوانێک . دوورتر ، چەند کەپرێک و چەند دارخورمایەک ، سەریان کردووە بە یەکدا . کۆڵەکە و ئەستوونی پاسگاکە ، بریتیە لە قەدی وشکی دارخورما . لە کەنار دەریاکەدا ، کێوێکی کەوەیی بەرز بووەتەوە . خەریکە لە برسا دەبۆرێینەوە . پاسەوانەکان ، ڕێگەمان دەدەن تا لە بەستێنی دەریاکە پیاسە بکەین . دەزانن کە ڕێگای هەڵاتنمان نییە . دەزانن کە بۆ هەر شوێنێ بڕۆین ، ئەگەر بمانەوێ تیا نەچین ، دەبێ بۆ لای کامیونەکە بگەڕێینەوە تا بگەیەنە ئاوەدانییەک . بە بەستێنی دەریاکەدا دەکەوینە ڕێ . هەوا شەرجیە ( هەوای گەرمی زۆر شێدار ) . نەرمە بایەک بە سەر دەریاکەدا دەکشێت و گۆناکانمان فێنک دەکاتەوە،دەریا ئارامە، سەر دەکێشێت بە بناری کێوەکەدا و دەگەڕێتەوە و کەف دەکات . پیرەمێردێک تا ئەژنۆ چووەتە ئاوەکەوە و بە سەر تۆڕەکەیدا دانەویوەتەوە .

- ڕێخۆڵەکانم دێشێن !

- با ماسی لەم پیرەمێردە بکڕین !

- ئەگەر هەیبێ !

- یا بیفرۆشێت !

پۆستاڵەکانم و پانتۆڵەکەم دادەکەنم و خۆ بە ئاوەکەدا دەکەم . لمەکان لە ژێر پێمدا ڕۆدەچن . پیرەمێردەکە ئاوڕ دەداتەوە و تەمەشام دەکات . پێستە تاوەسووتەکەی قاوەیی دەنوێنێ . قژی سەری لە ئاورێشمی سپی دەچێت . پیرەمێرد ، خەریکە تۆڕەکەی کۆ دەکاتەوە . توورەکەیەکی گەورەی بە شانەوەیە .

- بابۆ .

پیرەمێرد ، بۆ ساتێک دەست لە هەڵکێشانەوەی تۆڕەکە هەڵدەگرێ .

- ماسیت هەیە ؟

چاوە ماندووەکانی دەتروکێنێ . ڕدێنە کۆسەکەی سپیە . دیسان سەیرم دەکات . وادیارە لە قسەکەم حاڵی نەبووە

- ماسیم دەوێ . ماسی !

دەنگی دەگەڵ شڵپ و هۆڕی یەکنەوای دەریاکەدا تێکەڵ دەبێت .

- موهنیوم نەبارە ( ماسیم نییە ) .

- ماسیت نییە ؟!

- هەر کۆسەم ( جۆرە ماسییەکە ) هەیە .

دەستەکانم لە دەوری دەمم خڕدەکەمەوە و هاوار دەکەم .

- کوڕینە ... کۆسەی هەیە !

- چی ؟!

- کۆسە !

- باشە ... بیهێنە !

کۆسەکە ، لە دوو کیلۆ پترە . دەمە پانەکەی کراوەتەوە . ددانەکانی وەکو ددانی هەڕە (مشار) چەپ و ڕاستە . چاوانی کۆسەکە کراونەتەوە . دەڵێی سەیرمان دەکات . پێستەکەی تاریک ، سفت و پڕ گۆشتە . حەسەن ، دەکەوێتە ڕێ و لە چڵی خورما ، شیش دروست دەکات و بە چڵ و چێوان ئاگر دەکاتەوە و کۆسەکە بە نیوە برژاوی دەخۆین . بۆ درنی کۆسەکە ، دڵم هەڵدەشێوێنێ .

شەوێ دەبێ لە بەندەر مهتابی بخەوین . کە خۆر ئاوا دەبێ لە سەر لمەڵانی بەستێنەکە درێژ دەبین و سەیری ئاسمان دەکەین . ئاسمان سایەقەیە . ستێران تاک و تەرا دەدرەوشێنەوە . خەرمانەیەکی سپیواژ دەوری ئەستێرەکانی داوە . شڵپ و هۆڕی دەریاکە لە گوێماندایە . کێوەکە ، لە تاریکی شەوەکەدا ، بەرزتر دێتە بەرچاو . جەستەی تاریکی کێوەکە ، بە دیار بەستێنی دەریاکەوە گیرساوەتەوە و لوتکەکەی ، ئێژی بەلای دەریاکەدا خوار بووەتەوە . شوفێرەکە و سەرۆکی پاسگاکە و پاسەوانەکان ، جێگاکانیان لە هەیوانی پاسگاکەدا ڕاخستووە . پەرەمێزیان هەڵکردووە و کتریان ناوەتە سەر . بۆ پیاڵەیەک چای کۆڵاوی بۆنخۆش ، گزوفتمە . شوفێرەکە ، چەفیە تەڕەکەی لە دەوری زەمزەمیەکە کردووەتەوە و زەمزەمیەکەی لە قەراخ سفرەکە داناوە . کەشتییەکی گەورە کە پتر لە هەزار لایتی گەورە و بچووکی هەیە . لە پشت کەپکی کێوەکەوە نیشتووەتە سەر دەریا ، دێتە دەرێ . ئەم هەموو گلۆپ و لایتە کە تاریکیەکەی شەق کردووە و بە سەر ئاوەکەدا دەخزێ ، دڵم دەکاتەوە . گەرمای ڕۆژ لە لەشمان دەرچووە . هەوای فێنکی شەو هەڵدەمژم . لەشم لە سەر لمە فێنکەکان ، خاو دەبێتەوە . دەستەکانم لە هەردوو لاوە لە سەر لمەکە ڕادەکێشێم و چاو لێک دەنەم . دەنگی دەریاکەم لە گوێدایە . دەڵێی لەشم سووک بووە . ئارام بووم .

- هاوڕێ !

دەڕوانمە دەوروبەرم . سێ کیژی ئورمەک (جۆرە پارچەیەکە بۆ کراس) پۆش ، لە پەنای دیواری بەرزی کامیونەکەدا لە دەوری یەک وەستاون و قسان دەکەن . زەنگی قوتابخانە تازە لێی داوە . کتێبە دەرسییەکانیان لە ژێر هەنگڵیانە . لە سەر کامیونەکە دانیشتووین ، کەلەپچەیان لە دەست کردووین . پاسەوانەکان قۆناغی تفەنگەکانیان ناوەتە سەر باری کامیونەکە و پاڵیان بە تیغەی بەینی بۆدی و قەمەرەی کامیونەکەوە داوە . هەتاوی گەرم ، خاوی کردوونەتەوە . بارانەکەی دوێشەو هەموو جێیەکی شاری پاک کردووەتوە . گەرمای هەتاوەکە خۆشە .

شوفێرەکە ، کامیونەکەی لە قەراخ شەقامەکە ڕاگرتووە و دەگەڵ عەریفێکی درێژ داهۆڵدا ، کە سەرۆکی پاسەوانەکانە ، چووە شت بکڕێ .

- هاوڕێ ... ئەگەر هەر کارێ بە ئێمە دەکرێ ، قسە بکە .

یەکێک لە کچەکانە . کە ئێژی لە شەرمانا ، گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون . قژەکەی هۆنیوەتەوە و لە دوولاوە بە سەر سینگیا بەری داوەتەوە . بە ئەسپایی دەڵێم :- بەڵام ئێوە ... ؟!

- ئێمە دەزانین ... بە جلەکانتاندا دیارە !

- جلەکانمان ؟!

- مەگەر ئێوە هەمان ئەو خوێندکارانە نین کە لە گەڵ ئەفسەرەکاندا گرتوویانن ؟!

جێگەی تیلماسکە سوورەکەی سەر پانتۆڵەکان دیارە . تەنانەت ڕیشاڵی سوور بە بن دروومانی قەراخ تیلماسکەکەشەوە دیارە .

- با ... هەوین !

- ئەگەر حەزدەکەن نامە بنووسن ، کاغەزتان دەدەمێ . ئێمە پۆستی دەکەین .

- بەڵام دەستمان بە کەلەپچەیە .

- کەواتە تۆ بیڵێ ، من دەینووسم !

پاسەوانەکان ، لە گەرما کەوتوونەتە وەنەوز دان . یەکسەر عەریفە درێژ داهۆڵەکە دێت بە سەرا .

- مەسەلە چیە ؟

کیژەکان ، لە بەینی خۆیاندا قسە دەکەن .

- گوتم مەسەلە چیە ؟!

کیژەکان دەکەونە ڕێ و دوورتر لە قەراخ شۆستەکە دەوەستن . کامیونەکە دەجووڵێت . کچەکان ، کتێبەکانیان دەخەنە ژێر هەنگڵیان و هەر دوو دەستیان دەنەنە ناویەک و دەیگوشن . دەستیان بۆ تەکان دەدەم .

کامیونەکە لە دەروازەی فسا وەدەر دەکەوێ .

هاڕە هاڕی پەرەمێزەکەی سەرۆکی پاسگای مهتابی خامۆش دەبێت . چاوم دەکەمەوە . کەشتییەکە نزیک بووەتەوە . برادەران دەڵێی خەویان لێکەوتووە. خەریکە ماندوویەتی لەشم دەردەچێ . دادەنیشم جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دەڕوانمە دەریا .

بەیانی زۆر زوو لە خەو ڕادەبین . ئاسمان سپیواژە ، شیرییە . دەڵێی خاکەی زیویان ، بە سەر دەریاکەوە ، وەرکردووە . شەپۆلان ورد و نا ئارامن . شوفێرەکە ، پێش ئەوەی دەست و چاوی بشوات ، دێتە قسان .

- یاڵڵا بجووڵێن ، تا دێر نەکەوین !

ئەگەر خاوەخاو بکەین ، دەبێ ڕۆژێکی دیکەش لە بەندەر مهتابی بمێنینەوە . پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ داکشانی دەریاکە دەست پێدەکات . ئاوەکە لە داوێنی کێوەکە کشاوەتەوەو زەوییەکی لمەڵان لە قەراخ کێوە کەوەییەکەدا دەرکەوتووە . کامیونەکە دەبێ بە بناری کێوەکەدا ڕەت ببێت . بە داوی کامیونەکەدا دەڕۆین و هەنگاو بە هەنگاو قەدی دارخورما دەخەینە ژێر تایەی کامیونەکە تا بست بە بست قەراخە زۆنگاوەکە ببڕین . کێوەکە ڕاست وەکو دیوار چووە بە ئاسماندا . دەریا ، تەکان دەدات و سات بە سات دێتە پێشەوە . خێزاو وهەڵکشانی دەریا دەستی پێکردووە . هەوا جووڵە ناکات ، قورسە . ئارەقە لە ئازای ئەندامماندەوە هەڵدەقوڵێت . ئازای لەشمان دەبێ بە گەرمە ژنە . ئارەقەی سوێر ، وەکو چۆن تۆزی خوێ بە برینەوە بکرێت ، بەو ئاوایە گەرمەژنەکان دەکزێنێتەوە و پێستمان گڕ دەگرێت . تادەگەینە ( بەنداوی سفلین ) گیانمان دەردەچێت . لە بەینی دارخورما کورتەکانی بەنداوی سفلین ، لێرەو لەوێ ، چەند چاتۆڵ و چەند ڕەشماڵێک هەن کە دەڵێی کەسیان تیا ناژی .

پاسەوانەکان ، بلوزەکانیان دادەکەنن و لەسێبەری هەیوانی پاسگاکەی سفلین دا ڕادەکشێن . شوفێری کامیونەکە ، سندی بۆ سەرۆکی پاسگاکە هێناوە . دەڵێی هەموو دنیایان بە سەرۆکی پاسگاکە داوە. باوەش بە شوفێرەکەدا دەکات و پاشان ، یەکێک لە سەربازەکان دەنێرێت بۆ ڕەشماڵەکان کە ماست بسەنێ تا نیوە ڕۆژە بۆ شوفێرەکە ئامادە بکات .

هەوای گۆلاوی سفلین ، وەکو بەندەر مهتابی گەرم نییە . نەرمە بایەک لە کێوسارەوە دێت و خاشاکی نەخڵستانەکە لە گەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ . لە پشت گردێکی نزمەوە کە دەکاتە کۆتایی نەخڵستانەکە ، چەند سەر بزن و مەڕ ، دوا بە داوی یەک دەردەکەون و بۆن بە ئەرزەکەوە دەکەن و بە دەم مڵ وموشەوە بەرەو لای ڕەشماڵەکان دەڕۆن .

کوڕیژگەیەک ، کە دۆڵچەیەکی ( سەتڵی لاستیک ) وشکی بە شانەوەیە ، لە دوویانە . لاقی ڕووتی کوڕیژگەکە ، لە لوولەی نێرگەلە دەچێ . قژە ڕەش و پەرێشان و ئاڵۆزکاوەکەی ، سەرە گەورەکەی ، گەورەتر نیشاندەدات . دەنگی کوڕیژگەکە کە لە جیکەجیکی خەڕەک دەچێ ، بەدەم بایەکەوە بەرەو نەخڵستانەکە دەڕوات .

" جهاز تک تکی "

" کل بندر جکی "

"چشە بارش بمولا "

" لباس دولتی "

شوفێرەکە ، بە خاولی ئارەقەکەی لەشی وشک دەکاتەوە و دەڵێت :

- ئیدی پەلەمان نییە .

و دەڵێت :- هەرکاتێ بەڕێ بکەوین ، شەوێ دەگەینە بەندەر لنگە .

هەتاو ، دەڵێی ئاگری لە نەخڵستانەکەی قەراخ بەندەر لنگە کردووەتەوە . یەکێک لە پاسەوانەکان دەڵێت :

- کە هەتاو ئاوابوو ، ئیدی لەبەندەر لنگەدا ، باڵدار باڵ نابزوێ !

کامیونەکە ، شەقامی مساح دەبڕێ . لۆکسی نانەواخانەیەک ، لایەک لە شەقامەکەی ڕووناک کردووەتەوە . چرایەکی کز بە سەر دەرگای شارەبانییەوە هەڵواسراوە . تاک و تەرایەک ، چەفیە بە شان کە چاویان بە کامیونەکە دەکەوێ ، سووکە هەڵوێستەیەک دەکەن و بە چاو ، کامیونەکە بەڕێدەکەن ، کۆتایی شەقامی مساح تاریکە . بۆنی دووکەڵ هەموو شوێنێکی پڕ کردووە . دەڵێی لە شوێنێک کا دەسووتێنن . کامیونەکە دەچێتە ناو گەراجەکە و لە ژێر کە پرەکەدا دەوەستێ .

لە سەر کامیونەکەوە خۆ هەڵدەدەینە خوارەوە و تەمەشای دەورو بەرمان دەکەین . یەکیک خەریکە بە چەرخ ئاو لە بیر هەڵدەکێشێ . یەکێک لە پاسەوانەکان دەڵێت : - ئێرە گەراجی عەدنانییە ، هی سەربازگەکەیە .

کازم دەڵێت :- کەواتە ، دوای ئەم هەموو ڕێگایەی کە بڕیومانە ، دەبێ لێرە بژین !

دەنگی یەکێک لە گوێماندا دەزرینگێتەوە .

- ئیدی ژیان ئەوەیە ... کەوتن و هەستانەوەی هەیە ، نشێو و هەورازی هەیە !

سەربازێکی ڕەشتاڵەیە کە لەبەر هەیوانەکەدا ڕاوەستاوە و پاڵی بە تەیمانە تەختەییەکەی هەیوانەکەوە داوە ، لە پشتیەوە ، لە درزی پەنجەرەکان و دەرگا نیوەکراوەکانەوە ، ڕووناکی فانۆسێک داویە لە دەرەوە . چەند سەربازێک کە سەریان تاشراوە و دوگمەکانی بلوزەکانیان تا خوارەوە کراوەتەوە ، لە ژوورەکان وەدەر دەکەون . دەنگی یەکێک لە سەربازەکان ، لە بنەبانی هەیوانەکەوە بەرز دەبێتەوە .

- عەلی ، کێ هاتووە ؟

ئەو سەربازە ڕەشتاڵەیەی کە خۆی بە سەر تەیمانی هەیوانەکەدا داوە دەڵێت :

- میوان !

و پاشان ، به دەم تەمەشا کردنمانەوە دەپرسێت :- خۆ نانتان نەخواردووە ؟

و چاوەڕەشەکانی ، لەبەر تیشکی کزی فانۆسەکەدا ، بریقەیەکی ڕەوتەنی دەداتەوە و بزە دەنێشێتە سەرلێوە ئەستوورەکانی .

- شام ؟!

- خوا ئەقڵ بە ئەولادت بدات ، نانی بەیانی و نیوەڕۆشمان نە خواردووە !

عەلی یەکسەر ، لە تەیمانی بەر هەیوانەکەوە خۆی هەڵدەداتە ناو گۆڕەپانی گەراجەکە و تا ئێمە دەکەوینە خۆ و ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشین و سەرو لەشمان دەشۆین ، نان و یارەڵماسی (پەتاتە) کولاو دەنێتە بەردەممان .

- بەم شەوە و ، لە لنگەدا ، کە لەگەڵ خۆر ئاوادا چۆڵ دەبێت ، ئیدی لەمە باشتر پەیدا نابێ . مەگەر بمانەوێ بڕۆین بۆ پشتە !

- پشتە ؟!

- ها ! ... چاخانەیەکە لە دەرێی شارە . ئەگەر عەرەقیش بخۆنەوە هەیە .

بە تامەزرۆییەوە ، دەست بەنان و پەتاتە خواردن دەکەین .

( ١٠ )

ڕۆژی چوارەمە کە عەلی بۆبەندەر کنگ ڕۆییوە . زۆر تەنیام . هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکەم .

- دوو سێ سەعاتێک وەختم هەیە .

وگوتی :- با بچین بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی تاوەختەکە بڕوات و پاشان بە ئوتومبیلەکەی حەسەن گگۆ بڕۆم بۆ کنگ .

چووین بۆ چاخانەکەی ئەنوەر مەشدی . قەدەمیش لەوێ بوو . قەدەم خەمبارە . بە دەگمەن قەدەمم بەو هەموو پەستییەوە بینی بوو . عەلی لە سەر تەختەکە ، بەرەو لای قەدەم وەرسووڕا و خولکی نێرگەلەکەی کرد .

- دیارە ... دیسان مرادیە ؟!

قەدەم ، بێئەوەی چ قسەیەک بکات ، ئاونەی نێرگەلەکەی لە دەست وەرگرت . ڕووی گرژ بوو . ئەسڵەن خوڵقی قسەکردنی نەبوو . قەدەم ، مژی لە نێرگەلەکەدا . عەلی پێی گوت .

– باشە قەدەم تۆ کە دەزانی ! ... دەزانی کە مرادی ئیدی نابێتەوە بە مرادییەکەی جاران !

قەت قەدەمم بەم بێ کەیفی و بێ دەماخیە نە دیتبوو . دەتگوت خەمی ئەو سەر و دڵی منیشی گرت . عەلی ، پیاڵە چایەکەی کە سارد بوو بووەوە ، هەڵقوڕاند و دای بە سەر شانمدا و گوتی :

– هەستە ... هەستە با بڕۆین !

ڕۆژی چوارەمە کە عەلی لە بەندەر کنگ نەگەڕاوەتەوە . عەریف ڕازی جل و پەڵاس و ڕادیۆکانی کۆ کردووەتەوە و بۆ بەندەر کنگ ڕۆییوە . ئێستا ، بە تاقی تەنیا لە گەراجی عەدنانیم . عەلی زۆر تەنیای کردووم . خورشید کلاهش ، تەنیاییەکەم پڕ ناکاتەوە . ئەسڵەن نامەوێ ڕمووده و هۆگری ببم . هەرکاتێ کە ( پیاوەکەی خورشید کولاه ) م بیر دکەوێتەوە — ئێستا دەزانم کە مێردی نییە — و ئەمەم دێتەوە یاد کە لە باخی عەدنانیدا ، بەچ گیانە سەرییەک ڕەنج دەدات تا خورشید کولاه لای خۆی ڕابگرێت ، یەکسەر ئازام دەنیشێتە سەر ئارەقەیەکی سارد .

خەریکە تاقەتم دەچێت . هەوا گەرمە . ئاخر وئۆخری هەیڤی شەهریوەرە . چرکە ژمێری دەکەم تا ببێ بە عەسر و هەوا فێنک ببێت و لە ماڵ وەدەربکەوم و بڕۆم بۆ عەرەق خواردنەوە ، تا دابهزرێم و ببێت بە شەو و بەڵکو بتوانم بخەوم . گەرد وتۆز لە باگیرەکەی سەربانەوە وەژوور دەکەوێ . بەسەر دەستما تل دەدەم و لە سەر سەکۆی بەر دەرگاکەوە دەڕوانمە ناو گەراجەکە . سێبەری دیوارەکە تاپای بیرەکە هاتووە . خراپ نییە هەستم و لەشم فێنک بکەمەوە و ڕدێنم بتاشم . بەلای کەمەوە سەعاتێک مژووڵم دەکات . خۆ ڕووت دەکەمەوە ، پەشتەماڵێک لەخۆ دەبەستم و بادیەیەک هەڵدەگرم و لە ژوورەکە وەدەر دەکەوم . تا دەگەمە بەر سێبەرەکە ، هەتاو وەکو چەرمی داغ بە لەشما دەچزێ . ئاو لە بیرەکە هەڵدەکێشم . فێنکە . کەمێک سوێریشە . چەند بادیە ئاوێک بە خۆدا دەکەم . چێلێکی ڕەش لە دەرگای گەراجەکەوە وەژوور دەکەوێ و یەکڕاست بەرەو بیرەکە دێت و دەبۆڕێنێ . ئاوی ، لە بیرەکە ، بۆ دەر دێنم و دەیخەمە بەردەمی . دەڵێی بە عەمراتی ئاوی نەخواردووەتەوە . دەم و قەپۆزی لە سەتڵەکە دەنێ و قوڵپ قوڵپ دەیخواتەوە . سەتڵی دووەم هەڵدەکێشم و دەیخەمە بەری . زگی مانگاکە بەرز دەبێتەوە . لە پاڵ بیرەکەدا پاڵ دەکەوێت و هێدی هێدی کاوێژ دەکات . چ چاوانێکی گەورەی هەیە ! نەجیب و ئارام . نیگای چێلەکە و فێنکی ئاوەکە گیانم خاو دەکاتەوە . گەرمی لەشم دەردەچێت . دەنگی دەریا لە دوورەوە دێ . سێبەرەکە تا پایەکانی سابات و کەپری کامیونەکە هاتووە . گەیلان لە دەرگای گەراجەکەوە دێتە ژووری . دیزداشە گەبەردینەکەی ( جۆرە قوماشێکە ) لە لاقە درێژەکانی دەئاڵێت .

- سڵاو !

- سڵاو !

دەزانم بۆچی هاتووە . چەند ڕۆژێکە تێم وڕوکاوە تا پێکەوە بۆ ماڵی خورشید کولاە بڕۆین . ئەوەندەم دەستی دەستی پێکردووە کە ئیدی هیچ بیانوویەک نەماوە .

- قەولی پیاوانت داوە ها !

- قەولی پیاوان !

بە دەم خشەخشی دیزداشەکەیەوە دێت :- چیە ، خۆت دەشۆی ؟!

- گەرمام بوو !

دەچێت لە ژێر کەپری گەراجەکە ، تەپڵەکێک دەهێنێ و لای مانگاکە دایدەنێت و دادەنیشێت .

- ئەم چێلە هی کێیە ؟

- نازانم . خەریک بووم خۆم دەشت کە ملی ناو بە لۆقە درێژەکانیەوە هاتە ژوورەوە .

بە سەرسامی سەیرم دەکات .

- مانگا لۆقی درێژی نییە !

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبێت . جۆرە خەمینی و دڵتەنگیەک دەنیشێتە سەر چاوە ڕەشەکانی و دەڵێت :

- نەکا لەگەڵ منت بێ ؟!

چاوەڕوانم نەدەکرد کە تێ بگات . دیسان دەڵێت :

- نەمردین بووین بە مانگاش ! ... باریکەڵڵا !

لە قاقای پێکەنین دەدەم . چارەی گرژ دەبێ . پێی دەڵێم :

- تۆش چەن بەد نیهادی ؟! ... کێ لە گەڵ تۆی بوو ؟!

چەند بادیە ئاوێکی دیکە بە سەرما دەکەم . گەیلان جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و ئەم دەست و ئەو دەستی دەکات و دەڵێت :- نارۆین ؟!

- بۆ کوێ ؟!

- ماڵی خورشید کولاە .

ئیدی هیچ بیانوویەکم بە دەستەوە نەماوە تا دەستی پێوە بنەم . ئاوب ەخۆما دەکەم و دەبیرەوە دەچم .

- ها ! ... قەوڵی پیاوانەت دا ؟

- دەڕۆین !

- کەواتە خێرا جلەکانت لەبەر بکە .

- هەروا کوت و پڕ نابێ ... دەبێ پێشوەختە پێی بڵێین !

دەستی لە حەوادا با دەدات و دەڵێت : - هێی هێ ... یەکێ نەزانێ دەڵێ دەیەوێ بۆ ماڵی کێ بڕوات !

- وێڕای ئەمەش ...

قسەکەم پێدەبڕێ .

- هەستە بابە ! .... هەستە جلەکانت لەبەر بکە !

پێی دەڵێم :- ئەمشەو پیاوەکەی خورشید کولاە لە پشتە دەبینم و لە گەڵ ئەودا دەڕۆین .

پەست دەبێت :- ئەگەر نەهات بۆ پشتە ؟!

- لە گەڕانەوەدا دەچین .

هێشتا خۆر ئاوا نەبووە کە بۆ پشتەم دەبات . ئاهەن خەریکە ، بە گسکێکی دەسک درێژ ، ئاشغاڵان گسک دەدات . پشتە هێشتا هەتاوە بەڵام بەتین و تاو نییە . تەخت و کورسییەکان هێشتا گەرمە . سێبەری مێز وتەختەکان درێژ بوونەتەوە . ئاهەن ، لۆکسەکان لە سەر یەک لە مێزەکان ڕیز دەکات . تۆڕە وەریوەکان دەگۆڕێت . هەموویان پڕ دەکات لە نەوت و بە پەڕۆ کۆنە خاوێنیان دەکاتەوە . پاشان دەڕوات و ڕەژوو ( خەڵووز ، زوخاڵ ) دەکاتە مەقەڵییەکە وە و پاشان ، ئاوپرژێنێک هەڵدەگرێت و لە بەر بەرمیلێکی گەورەی کەنار سەهۆڵدانەکە پڕی دەکات و

دەکەوێتە ئاوڕشێن . خۆر ئاوا دەبێ . قەدەم بە لەقە لەق وەکو ئەسپی ئاوی، جەستەی بە سەر ئەرزەکەدا بکێش دەکات و لە کوێرە ڕێگا خاکییەکەوە ، بەرەو پشتە دێت .

تاریکی خۆر ئاوا زاڵ دەبێت . ئاهەن ، نەوت بە سەر ڕەژووەکاندا دەکات و شقارتەی لێدەدا . گڕی ئاگرەکە خۆشە . گەیلان چاو لە ڕێیە . دەڵێت :- ئەحمەد سەرباز و غولامی ماسیفرۆش خەریکە دێن .

ئاهەن ، بە دەم چاوەڕوانی ئەوەوە کە خەڵوزەکە ئاگر بگرێ و بگەشێتەوە ، لۆکسەکان هەڵدەکات و لێرەو لەوێ بە کۆڵەکە دارینەکانەوە هەڵیان دەواسێت . تیشکی لۆکسەکان ، تا داوێنی پشتە ڕووناک دەکەنەوە .

لێوانی ئەحمەد سەرباز ، لە مەرهەم و ڤازلیندا دەبریقێتەوە . گەیلان ، لە ژێر سەهۆڵەکانی ناو سەندووقە سەهۆڵەکەوە ، نیوقاپ عەرەق دێنێ . دەڵێی تەرزەیە . غولامی ماسیفرۆش ، لووتی دەگرێت . لووتی وەکو شەیپوور دەنگدەداتەوە . قەدەم ، دوای ئەحمەد سەرباز و غولام دەگات . تا لە گردەکە سەردەکەوێ گیانی دەگاتە لووتی . شەلالی ئارەقەیە . دێت و لە لامەوە دادەنیشێت . لەشی بۆنی داڕووی (دەرمان حەمام) لێدێت . لووت دەکزێنێتەوە

بۆنی تکەی برژاو بڵاودەبێتەوە . لە دوورەوە ، لنگە دیارە . تاک تاک ، چرا ، لە سەر بانان ، هەڵدەبن . سەروسەکوتی خەلیفە مورشید پەیدا دەبێت . تازە لە تاریکییەکەوە هاتووەتە بەر ڕووناکی داوێنی پشتە . یەکەمجارە کە دەبینم خەلیفە مورشید بۆ پشتە بێت . تا ئێستا هەرگیز نەمدیوە کە عارەق بخواتەوە .

کاری خەلیفە مورشید ، هەمیشە ئەوە بووە کە ئێواران لە سەر سەکۆی نانەواخانەکەی شاتر ( نانەوا ، وەستای نان ) غولام دانیشێت و لە تێ نان بکات بە بابۆڵە و بە دەم خواردنیەوە ، تەمەشای ئەم لاو ئەو لا بکات کە بەڵکو محەمەد نوور پەیدا ببێ و قەرقەشە بەرپا بکات .

- سڵاوات لە محەمەد و ماڵباتی محەمەد بێ .

قەدەم ، هەرکە خەلیفە مورشید دەبینێ ، لە قاقای پێکەنین دەدات . هەموو کەلەشی زەلامی قەدەمخێر ، دەلەرێتەوە .

- چیە قەدەم ... بۆ چی پێدەکەنی ؟!

- دوایی پێت دەڵێم .

قەدەم ، هێشتا پێدەکەنێ .

- چی بووە ؟!

- دوایی پێت دەڵێم !

خەلیفە مورشید ، چەفیەکەی داوە بە شانیا و سەرە لووسەکەی لە ژێر تیشکی لۆکسەکەدا دەبریقێتەوە .

قەت نەمدیتووە کە خەلیفە مورشید عەرەق بخواتەوە یا بێت بۆ پشتە .

هێشتا پیاڵەی یەکەمم نەخواردووەتەوە کە ئەنووەر مەشدی ، کنگرو ، لال محەمەدو ناسر تەبعیدی ، دوا بە دوای یەک دێن . ناسر تەبعیدی ، لە بناری گردەکەوە ، دەنگی هەڵدەبڕێ و هەڵدەکاتە گۆرانی .

" ... نازەنینم ، دڵ نشینم "

" حەزدەکەم بخەوم ، خەو بەتۆوە ببینم "

خەمینییەک لە دەنگی ناسر چەقۆکێش دا هەیە .

پشتە خەریکە قەرەباڵغ دەبێت . قەدەم ، یەکسەر عەرەقەکە دەکا بە گەرووی ناسر تەبعیدیدا و خۆی تێ هەڵدەسوێ و بە قوربان و سەدەقەی دەبێت . ئەنوەر مەشدی حاڵی باش نییە . هێشتاش سەری زمانی و بنی زمانی باسی مەمدۆ و نامەردی مرادییە .

چاوی گەیلان سپی بوو و پیاوەکەی خورشید کولاە هەر پەیدا نەبوو . گەیلان بە گوێمدا دەچپێنێ .

- نەهات ... هەستە با بڕۆین !

دوا چۆڕی پێکەکەم هەڵدەدەم و پێی دەڵێم :

- کەمێک سەبرت بێ بابە ! ... دەڵێی بە حەوت مانگی لە دایک بووی !

گەیلان دەبۆڵێنێ :- حەوت مانگی ؟!

و تەمەشام دەکات .

- حەوت مانگی ؟! ... خۆت بیڵێ لە کەیەوە !

دە دوازدە ڕۆژێک دەبێ تێم وڕوکاوە و دەستی دەستی پێدەکەم و دەی خافڵێنم .

– بۆ تۆزێ تلیاک کامم کردووە ! گزو فتمە!

ناسر تەبعیدی لوول بووە . خەلیفە مورشید ، هەڵتروشکاوەو ئەژنۆکانی گرتوونەتە باوەش . دوو شیش خەو دەخوات و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و پشت بە پشتی تەختەکەوە دەدات . خەلیفە مورشید ، لە خۆیا غەرق بووە . قەدەم خەریکە قسەی بێ سەر و بەر دەکات .

– سێ ڕۆژە کە ژنەکەی تەڵاق داوە .

قسە دەکات و پێدەکەنێت و هەموو کەلەشی زەلامی دەجووڵێتەوە .

– گوتی چەندم پێگوت ژنەکە ئەم کارە مەکە ، نەچوو بە گوێیدا و نەچوو !

دەجووڵێت و مەمکە زلەکانی ، کە لە دۆڵچە دەچن ، لەژێر کراسە ڤاڵە تەنکەکەیەوە دەلەرێنەوە .

قەدەم ، عەرەق بۆ ناسر تەبعیدی تێدەکات . قەدەم ، سەر دەنێ بە بناگوێی ناسر تەبعیدی یەوە و دەڵێت :

– دەزانی بۆ ژنەکەی تەڵاق دا ؟!

ناسر تەبعیدی ، چاوە چکۆلەکانی دەبڕێتە قەدەم و قسە ناکات . قەدەم ، لە سەری دەڕوات .

– هەر جارێ لە گەڵیا خەوتووە ، ژنە هەستاوە و هەر لەوێدا ، لە پای جێگاکەدا ، خوشە خوش میزتووە .

دەڵێت و دیسان لە پێکەنین دەدات . کەپووی چکۆلەی قەدەم لە پانتایی دەم و چاویا — کە لە یالتەبەق ( سینی دارین ) دەچێت — ون بووە . بە جۆرێ پێدەکەنێ کە قووڵایی گەرووی دیارە .

گەیلان دەبۆڵێنێ . غوڵامی ماسیفرۆش و کنگرو سەرگەرمی قسەکردنن . وا دیارە دیسان بەتەمان کە عەرەقەکەیان خواردەوە بڕۆن بۆلای تەلا . ئەحمەد سەرباز لە تەنیشت لال محەمەدەوە دانیشتووە . لە دار و هەلووک دەچن . پەشتەماڵەکە لە سەر ڕانی لال محەمەد لا کەوتووە و لاقە درێژ و تووکنەکەی کەوتووەتە دەر . ئەحمەد سەرباز هەڵدەستێت و پیاڵە پڕ عەرەقەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر سەرە تاشراوەکەی و ڕاست دەوەستێ . وا دیارە دیسان گرێوی کردووە . چاوە چکۆلەکانی ئەحمەد سەرباز بچووک تر دەبنەوە . بە کاوە خۆ بۆلای مەقەڵییەکە دەڕوات . ئارەقە لە سەرە تاشراوەکەی ئەحمەد سەربازەوە هەڵدەقوڵێ و تاپشت گوێچکەکانی چۆڕاوگە دەبەستێ . گرێوی کردووە کە پیاڵەیەکی پڕ عەرەق بخاتە سەر سەری و بڕوات و دووشیش تکە لە سەر مەقەڵییەکە هەڵگرێت و بگەڕێتەوە و پیاڵەکە قڵپ نەبێتەوە . هەنیەی ئەحمەد سەرباز چرچی تێکەوتووە . چاوە خێلەکانی ئەنوەر مەشدی

ئەبڵەق وەستاون . خەریکە تەمەشای ئەحمەد سەرباز دەکات ، بەڵام سەمتی چاوی لە سەندووقی سەهۆڵەکەیە . ناسر تەبعیدی ، پیاڵە عەرەقەکەی لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێ و لە نزیکی دەمی ڕایدەگرێت . گەیلان بە گوێمدا دەچپێنێ .

– نەهات ... هەستە بابڕۆین ... بەڵکو ئەمشەو لە بنی نەیەت !

ئەحمەد سەرباز ، بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدەنێ . ئەگەر وریا نەبێت ، ئەگەر پانتۆڵە دەڵبەکەی لەلاقی بئاڵێت یان ئەگەر بخزێت ، بێ چەند و چوون گرێوەکەی دۆڕاندووە .

لال محەمەد ، دەمە گەورەکەی بەش کردووەتەوە و هەناسەی لە خۆ بڕیوە و خۆ بە خۆ ، خڕ خڕ ، بنی ڕانی دەخورێنێ و سەیری ئەحمەد سەرباز دەکات .

– ئەگەر نایەی ، هەڵسم خۆم بڕۆم ؟!

مەچەکی گەیلان دەگرم :– دەقەیەک دانیشە بابزانم !

ناسر چەقۆکێش ، لە گەڵ هەر جووڵەیەکی ئەحمەد سەربازدا ، تەکانێک دەخوات و ملی قوت دەکاتەوە . دەڵێی پیاڵە عەرەقەکە بە سەری ئەوەوەیە .

مرادی دێ بەسەرا . مەمدۆی ، لەگەڵە . ئەنوەر مەشدی ڕادەچڵەکێ . قەدەم ، چاو لە ئەحمەد سەرباز دەگوازێتەوە و تەمەشای عەریف مرادی دەکات کە قۆڵەکانی هەڵماڵیوە و یەخەی کردووەتەوە و ئەو دوو سەرە شێرە بە خاڵ کوتراوەی سەرسینگی دەرکەوتووە . ئەحمەد سەرباز ، لە مەقەڵییەکە نزیک دەبێتەوە . شیشە تکەکان هەڵدەگرێ و بە ئارامی دەگەڕێتەوە . ناسر تەبعیدی ، بەهەمان دەقەوە کە پیاڵە ئارەقەکەی بە دەستەوە گرتووە ، لاقەکانی هەڵدەبڕێت و بەچیچکانەوە لە سەر تەختەکە دادەنیشێت و ملی قوت دەگرێت . هەمووان بێدەنگن . چاخانەکە قەرەباڵغە . هەموو چاوەکان لە سەر ئەحمەد سەربازن . ئەحمەد سەرباز هێشتا دوو شەقاو لە مەقەڵییەکە دوور نەکەوتووەتەوە کە عەریف مرادی بە لنگە درێژەکانیەوە ، بەرەو ئەحمەد سەرباز دەڕوات و پیاڵە عەرەقە لە سەر سەری هەڵدەگرێت و بە دەنگی بەرز دەڵێت :– بە سەلامی! گەڕایەوە .

و پیاڵەکە بە کەڕەتێ هەڵدەدات . پێش ئەوەی ئەحمەد سەرباز بێتە قسە ، ناسر تەبعیدی ، پیاڵە عەرەقەکە دەکێشێت بە سەر مێزەکەدا و هاوار دەکات .

– نێرەکەر !

یەکسەر دەنگەکان تێکەڵ دەبن . مرادی لە جێی خۆی وشک دەبێت . دەحەپەسێت . دەنگە قەبەکەی لە بنەبانی گەرووییەوە بەرزدەبێتەوە .

- لە گەڵ منتە ؟!

ناسر تەبعیدی تف دەکات و پاڵ دەداتەوە و خوێنساردانە ، تەمەشای مرادی دەکات .

ئەحمەد سەرباز — کە دەڵێی تەریق بووەتەوە — سەر وەبەر خۆی دەنێ و دەڕوات لای لال محەمەد دادەنیشێت و دەبۆڵێنێ . تێناگەم چی دەڵێت ، بەڵام لێوە چەور کراوەکانی دەجووڵێ . عەریف مرادی ، چەند ساتێک لە ناوەندی چاخانەکەدا دەوەستێ ، تەمەشای دەوروبەر دەکات و پاشان بەرەولای ناسر تەبعیدی دەڕوات .

- لە گەڵ منت بوو ؟!

ناسر چەقۆکێش ، هەر بەو دەقەوە کە پاڵی داوەتەوە و دەستەکانی بە دوو لای تەختەکەدا شۆڕ کردووەتەوە ، بە کاوە خۆ دەڵێت :- ئەرێ ... لەگەڵ تۆم بوو . لە گەڵ تۆی نامەرد !

عەریف مرادی ، دەستەکانی دەنێتە ناوقەدی و دەڵێت :- بۆ پیاڵەیەک عەرەق ؟!

مەمدۆ ، شەلاڵی ئارەقەیە . گوپەکانی سوور هەڵگەڕاون . چارە ڕەش و کچانەکانی دەبریسکێنەوە . ناسر تەبعیدی بێدەنگەی لێکردووە . دەستی عەریف مرادی دەجووڵێ و بەرز دەبێتەوە . ئەو مارە سوورەی کە لە سەر باسکی کوتراوە، لەتەنگەی گایەکەدا توونددتر دەبێت .

- ها ؟! ... لەبەر پیاڵەیەک عەرەق ؟!

قەدەم دەڵێت :- بڕۆ دانیشە ، لە زەوقمان مەدە !

عەریف مرادی ، ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە و دەکشێتەوەو دادەنیشێ و بەمەمدۆ دەڵێت کە بڕوات لە ناو سەهۆڵەدانەکە نیوقاپ عەرەق بێنێ .

کنگرو ، لە گیرفانی بلوزەکەی ، پاسوور (وەرەقی قومار) دەردێنێ تا لە سەر نیوقاپ عەرەق ، لە گەڵ غولامی ماسیفرۆش وازی ( یاری ، گەمە ) بکات . ڕەفتاری عەریف مرادی ، عەرەق خواردنەکەی ، تەمەشا کردنەکەی بۆنی خێریان لێنایەت . پیاوەکەی خورشید کولاە پەیدا دەبێت . دوگمەکانی ئێلەکەکەی کردوونەتەوە و قۆڵێ کراسەکەی

هەڵماڵیوە و بە لەقە لەق بە هەورازەکەی پشتەدا هەڵدەگەڕێ . گەیلان هەرکە دەیبینێ ، بزە دەنێشێتە سەر لێوی و بەگوێمدا دەچپێنێ :- زۆر ماتەڵی مەکە ، هەرکە هات ، دوو پیاڵە عەرەقی دەرخوارد بدە و هەستە !

پیاوەکەی خورشید کولاە گازدەکەم . دێت و لە لامەوە دادەنیشێت . کە قسەدەکات پووکە کرمۆڵەکانی بە دەر دەکەون . گەیلان ، هێشتا هیچ نەبووە ، عەرەقی بۆ تێدەکات و دەیداتە دەستی .

- لێدە ... لێدە نۆشی گیانی بکە !

پیاوەکەی خورشید کولاە — وەکو ئەوەی تینوو بێ — پیاڵە عەرەقەکە وەردەگرێت و یەکسەری هەڵیدەدات و بەپاژنەی دەستی زاری دەسرێ . گەیلان پیاڵەی دووەمی بۆ تێدەکات . چاوم بە مەمدۆ دەکەوێت کە کەفەڵ و قوونی لە ناو پانتۆڵە تەنگەکەیدا با دەدات و لە خوت و خۆڕایی بە ناوەندی چاخانەکەدا هاتوچۆ دەکات . چاوە قیچەکانی ئەنوەر مەشدی لە دوویەتی . مەمدۆ ، ناو سەهۆڵدانەکە دەگەڕێت و چەند چڵە سەوزەیەک هەڵدەگرێت . ئاهەن ، هاوار دەکات .

- چ دەکەی مەمدۆ ؟

دەنگە قەبەکەی عەریف مرادی بەرز دەبێتەوە .

- پارەکەی وەربگرە !

قسەکردنی عەریف مرادی بۆنی خێری لێنایەت . تەمەشاکردن و بێدەنگیەکەی ناسر تەبعیدی بۆنی خێری لێنایەت

مەمدۆ ، عەرەقیشی خواردووەتەوە . نیوقاپەکەی بەردەم مرادیش ، گەییوەتە نیوە . مرادی بەتەنیا لەگەڵ مەمدۆدا دانیشتووە . پێدەچێ هیچ کەسێک حەزنەکات لە گەڵ مرادیدا عەرەق بخواتەوە . هەوا خەریکە فێنک دەبێت . گەیلان دەگەڵ پیاوەکەی خورشید کولاهدا سەرگەرمی قسەیە . عەرەقی بۆ تێدەکات و مەزەی بۆ ڕادەگرێت .

- وەرە ... ئەم خەوە لە ماسی باشترە . بیخۆ !

لێرەو لەوێ ، چرا لە سەربانەکانی لنگە ، هەڵکراوە . لە دوورەوە ، لە دەریادا چەند بەلەمێکی گەورە وبچووک پێکەوە دەجوولێن . فانۆسەکانیان ، کە بە ئەستوونانەوە هەڵواسراون ، بەرز و نزم دەبنەوە . دەبێ ئەو ماسیگرانە بن کە لە سەرەتای شەوەوە دەدەنە دەریا و بەیانی زوو دەزڤڕنەوە .

مەمدۆ ، کە بە بەردەم ئەنوەر مەشدی دا تێدەپەڕێ ، بە ئەسپایی جرتێک لێدەدا . ڕەنگی ئەنوەر مەشدی دەگۆڕێ . هەموو بێدەنگ دەبن و تەمەشای مەمدۆ دەکەن کە ئێستا ، وەکو کچۆڵانی تازە باڵق ، سمت و کەفەڵی بادەدات و بە دەوری مێزەکەدا دەسووڕێتەوە و لە کەنار مرادی دادەنیشێت و پیاڵە عەرەقەکە ، کە تۆزێک لە بنەکەیدا ماوە ، لە مرادی وەردەگرێت . بەر خەبەبەی پڕ با دەکات و دەڵێت :

– بە سەلامەتی گەرانەوەی، چ جوان و چ ناشیرین !

چاوی ناسر تەبعیدی دەتروکێ و ژێراو ژێر تەمەشای مەمدۆ دەکات . کە ئێستا ، چارەی چووە بەیەکا و پیاڵە بە تاڵەکە لە سەر مێزەکە دادەنێ و تاسولکە ماستەکە هەڵدەگرێ .

غوڵامی ماسیفرۆش دەدۆڕێ . کنگرو ، هەڵدەستێ و لە ناو سەندووقە سەهۆڵەکە ، نیوقاپ عەرەق دەردێنێ و بە ئاهەن دەڵێت :– لە حیسابی ... غ ... غ ... غوڵام .

ئاهەن ، تەمەشای غوڵام ماسیفرۆش دەکات . غوڵام سەر دەلەقێنێ و دەڵێت :

– فێڵی کرد بەڵام ئیدی ! ... پێکەوە دەیخۆینەوە !

ڕوناکی لۆکسەکان ، لە هەر چوار نکاڵی گردەکەوە تا داوێنی پشتە ، ڕۆییوە . گەیلان خەریکە بە گویی پیاوەکەی خورشید کولاهدا دەچپێنێ . ناسر تەبعیدی ، پیاڵە عەرەقەکەی هەڵدەگرێت و بەدەنگی بەرز — کە هەموو گوێیان لێی ببێت — دەڵێت :– بە سەلامەتی هەموو کەسێکی مەرد !

لال محەمەد ، دەنگە ئەستوورەکەی لێ هەڵدەبڕێ .

– برۆ جێیەک کە دەرد وغەم نەبێ !

ناسر تەبعیدی ، پیاڵەی دووەم هەڵدەگرێت و دەڵێت :

– ئەمەشیان ، بۆ ئەوەی هیچ ئیراد و گلەییەک نەمێنێ ، بە سەلامەتی هەر کوونی پەرستێک دەخۆمەوە !

لە پڕ خەندەی قەدەم دەتەقێتەوە . غوڵام لووتی دەسڕێ . کەپووی وەکو شەیپوور دەنگدەداتەوە . تەمەشای مرادی دەکەم . ڕەنگی بووە بە زەردە چەوە . دێتە قسە . دەگەڵ قەدەمیەتی . دەنگی لەرزۆکە .

– ئەم حیلکە حیلکەت لە چییە قەڵەو !

قەدەم . لە پێکەنین دەکەوێ . لە پشت ئەو تەختەوە کە لەسەری دانیشتووم دەنگی خشەخش دێت . دیزداشە گەبەردینەکەی گەیلان لە لاقەکانی دەئاڵێ و لە تەختەکە دوور دەکەوێتەوە .

پیاوەکەی خورشید کولاە لە لامەوە دانیشتووە . گەیلان بۆلای ئاهەن دەڕوات . ناسر تەبعیدی دەڵێی لە بیانوو دەگەڕێ . لەو ڕۆژەوە کە پەیدا بوو ، قەدەم تێی وڕوکا تا پڕی بکات و بەری بداتە گیانی مرادی .

مرادی ، دەڵێی لە بیانوو دەگەڕێ . لەو ساتەوە کە هاتووەتە پشتە ، تا ئێستا ، چەند جارێک تەریق بووەتەوە . پیاوەکەی خورشید کولاە ، پاشماوەی نان و خەوەکە دەکات بە پاروو و قەپی لێدەدا . مەمدۆ ، سەلکە توورێکی نوقوڵی — کە لە بەندەر لنگە حوکمی کیمیای هەیە — بۆ لای ئەنوەر مەشدی تووڕ دەدات . وادیارە مەست بووە . سەلکە توورەکە ڕێک بەر تەوێڵی ئەنوەر مەشدی دەکەوێت . ئەنوەر مەشدی لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و دێت بە دەمیا و دەڵێت :- هەتیو دەتخورێ ؟!

عەریف مرادی ڕێ بە مەمدۆ نادات کە قسەبکات . هەڵدەستێ و بە لۆقە درێژەکانیەوە بۆلای ئەنوەر مەشدی دەڕوات و دەست دەبات و ئەو چەفیەیەی کە لە ملی ئاڵاندووە ، دەگرێت و ئەنوەرمەشدی وەکو پووشکە لە سەر تەختەکە بەرزدەکاتەوە و دەڵێت :- جارێکی دی لەم گووانە نەخۆی ، باشە !

ئەنوەر مەشدی ڕەنگی دەبزرکێ . چاوم بە گەیلان و پیاوەکەی خورشید کولاە دەکەوێ کە خەریکن ، لە سەرەولێژگەی گردەکەوە دادەگەڕێن .

ئەنوەر مەشدی کەوەتووەتە تەتەپەتە . دەنگی ناسر تەبعیدی بەرز دەبێتەوە .

– بەریدە مرادی !

قەدەم ، بە گوێی ناسر چەقۆکێشدا دەخوێنێ . مرادی ، توند ئەنوەر مەشدی دەکوتێ بەسەر تەختەکەدا و دەگەڕێتەوە و تەمەشای ناسر دەکات . ناسر دێتە قسە . دەنگی لەرزۆکە .

– لە جێی خۆت دانیشە و وەکو بەشەر ئارەقەکەت بخۆوە و ئەوەندە پشتی ئەم منداڵە لووسکەیە مەگرە !

ڕەنگی مەمدۆ زەرد دەبێت . وەکو کچۆڵان سەر وەردەگێڕێ و تەمەشای مرادی دەکات و دەڵێت :

– تۆ سەیری ئەمە !

دەنگی مەمدۆ ، وەکو دەنگی تازە بالقان گڕ بووە . ناسر ، پیاڵە ئارەقەکە بەرزدەکاتەوە و دەڵێت :

- هەتیو دەمت داخە و بەدەقی خۆتەوە دانیشە و دەرکی هەمانەکەت داخە .

مرادی ، یەکسەر لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و هێرش بۆ ناسر تەبعیدی دەبات . کاتێکم زانی لەچاو تروکانێکا مێزەکەی بەردەم ناسر تەبعیدی چوو بە ئاسمانا و ڕێک بەر سەرو سینگی مرادی کەوت . تا مرادی کەوتە خۆ ، خوێن بە هەردوو بازوویدا هاتە خوارەوە .

قەدەم ، دەقیژێنێ . هەموو لە سەر کورسییەکان هەڵدەستن و دەوری مرادی و ناسر دەدەن . مرادی بەرەو لای ناسر هێرش دەبات . ناسر ناگاتە شانی مرادی . هەموو جلەکانی مرادی خوێناوی بوون . ناسر وەکو فرفرۆکە دخولێتەوە و لە دەسرەسی مرادی دوور دەکەوێتەوە . وەکو ماسی کوسە هەڵدەگەڕێتەوە و نووکی چەقۆکەی بە سینگی مرادی دا دەکێشێت و ملی ئەو شێرە خاڵکوتەی سەرسینگی دادەدڕێ . یەکسەر هاواری ئەنوەر مەشدی بەرز دەبێتەوە . سەر وەردەگێڕم . مەمدۆ ، بەچەقۆ قەبرغەی ئەنوەر مەشدی هەڵدڕیوە . لال محەمەد ، پەلامار دەدات ، پشت ملی مەمدۆ دەگرێت و چەقۆکەی لە دەست دەردێنێ . مرادی دەڵێی لە خوێنەکە ترساوە . نەترەی بەرداوە و دەسەپاچە بووە . ناسر تەبعیدی دیار نامێنێ . وەکو قەترەیەک ڕۆن کە بتوێتەوە و بەعاردی دا ڕۆبچێ ، بەو ئاوایە غەیب دەبێ

مرادی لە ئەرزەکەدا چنچک دەداتەوە . هەموو شپرزە و دەسەپاچە بوون . قەدەم هاوار دەکات . بە دیار عەریف مرادییەوە وەستاوە و دەستەکانی تەکان دەدات و هاوار دەکات .

- کوشتی ! ... خوا نەناسینە ، کوشتی ... ! یەکێک فریای بکەوێ !

غوڵامی ماسیفرۆش ، ئەنوەر مەشدی بە کۆڵیا دەدات و لە پشتەوە دادەگەڕێ و نشێو دەبێتەوە . مەمدۆ ، ناشیانە ( غەشیمانە ، نەزانانە ، نەشارەزایانە ) چەقۆی لە ئەنوەر مەشدی داوە . چەقۆکەی وەکو شیش کردووە بە خالیگەی ئەنوەر مەشدی دا . ڕەنگی ئەنوەر مەشدی وەکو گەچ سپی هەڵگەڕاوە . کنگرو ، پەلامار دەدات و پاسکیلەکەی ئەنوەر مەشدی دەبات و بە هەشتاو لە پشتە نشێو دەبێتەوە . قەدەم هاوار دەکات .

- یەکێک یارمەتی بدات ، فریای بکەوێ !

دەڵێی کەس لە خەمی عەریف مرادی دا نییە . غوڵام ، لە داوێنی پشتەدا ، ئەنوەر مەشدی دەخاتە سەر لاشەی پاسکیلەکە و بەپەلە سوار دەبێت و پایدەر لێدەدا .

- ئەم گەنجە خەریکە دەمرێ ... موسەڵمانان !

خوێن ، ئەرزەکەی سوور کردووە . مرادی تەکان دەدات و لە ئەرزەکە هەڵدەستێ . مەمدۆ ، لە چنگی لال محەمەد دا ، لەقە فرتێ دەکات :- بەرمدە لال محەمەد !

- خوێڕی ! بووی بە چەقۆکێشیش !

عەریف مرادی لە خەمی خۆیەتی . ژێراو ژێر تەمەشای لال محەمەد دەکات و پاسکیلەکەی ئاهەن دەبات و هێواش هێواش لە پشتەوە نشێو دەبێتەوە و خوێن لە دوایەوە دەچۆڕێ . قەدەم ، دوای مرادی دەکەوێ . مەمدۆ ، هێشتا لەچنگی لال محەمەدایە :- دەبێ بۆ شارەبانیت ببەم !

ئەحمەد سەرباز ، بە گوێما دەچپێنێ .

- تا گرفتاری سین وجیم نەبوویت برۆ !

ئاهەن شپرزە و دەسەپاچەیە . دەبۆڵێنێ و نەفرەت بۆ مردوو و زیندووی خۆی دەنێرێ .

لە گردەکەوە دادەگەڕێم و بەرەو شار دەڕۆم . ئەحمەد سەرباز لە دوامەوەیە . نیو بوتڵە عەرەقەکە کە هێشتا تەواو نەبووە دەتەپێنمە ناو گیرفانمەوە . مانگ تازە هەڵاتووە . بیر لەوە دەکەمەوە برۆم بۆ کەنار دەریا ، لە سەر لمەلانەکە ڕابکشێم و عەرەقەکەم بخۆمەوە و تا ماندوو ببم و خەوم بێت . لە قەدەمخێر ڕەت دەبم . بە سەر لاقە ئەستوورەکانیا غل دەبێتەوە و بەرەو شار دەڕوات . شەلاڵی ئارەقە بووە . لە کۆلانی خنجییەکانەوە بەرەو باغی عەدنانی پێچ دەکەمەوە تا لە پشت پەرژینی باغەکەوە بۆ کەناری دەریا برۆم . لە کۆتایی شەقامی مساحەوە گلۆپی سەر دەرگای شارەبانی دیارە . کەس لە بەردەم شارەبانیدا نییە . لە سەر پەرژینەکەوە تەمەشای باغەکە دەکەم . پیاوەکەی خورشید کولاه ، لەبەر هەیوانەکەدا ، بە دیار مەقەڵییەکەوە هەڵتروشکاوە . گەیلان بەرانبەری دانیشتووە . ڕوناکی کزی فانۆسەکە ، هەیوانەکەی بە ئاستەم ڕۆشن کردووەتەوە . دەنگی زیکزیکە ، هەموو باغەکەی پڕکردووە . خورشید کولاه لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێ و دوور لە مەقەڵییەکە دادەنیشێت و پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات . شووشەکە لە گیرفانم دەردێنم و دوو قوم دەخۆمەوە . نەرمە بایەک دێت ، بۆنی تلیاکەکە لەگەڵ خۆیدا دێنێت . گەیلان وافوورەکە لە دەست پیاوەکەی خورشید کولاه وەردەگرێت و بە سەر مەقەڵییەکەدا کووڕ دەبێتەوە . خورشید کولاه دووبارە هەڵدەستێت و دەچێتە ژوورەوە . وا دیارە بێ ئۆقرەیە . وادیارە حەزی لە چارەی گەیلان نییە . بەرەو دەریا دەکەومە ڕێ . پاشماوەی ناو قاپەکە دەخۆمەوە و لە سەر لمەلانەکە ڕادەکشێم . مانگ ، خەرمانەی داوە . دەنگی دەریاکە لە گوێمدایە . جگەرەیەک دادەگیرسێنم . چەند مژێکی لێدەدەم ، دەنگی پێ دەژنەوم . دەنگەکە ، لە سەر لمەکە خەفە دەبێت . لە سەر دەست تل دەدەم . بەژنی ژنێکی قەڵەمی ، لە بەر تریفەی مانگەکە وەکو سێبەر و تاپۆ بەرەو لای من دێ . کە نزیکتر دەبێتەوە ، دادەنیشم . خورشید کولاهە .

- ئەمە تۆیی ؟!

- ئا ، منم !

- بەم درەنگە شەوە ؟!

- لە دەست ئەم مێردەکە ، بێزاربووم !

لە لامەوە دادەنیشێت .

- گوتم با بڕۆمە دەرێ تا ئەم مێردەکە ( بۆرە پیاو ) دەڕوات . بە بیانووی تلیاکەوە هاتووە و هەزار و یەک خەیاڵی لە سەردایە . بەردەوام قسەی بێ سەرو بەر دەکات و چاو دادەگرێت !

- چاو داگرتن ؟!

- ئا ! ... دەڵێی گەرەکیە کچۆڵە تەفرە بدات . شەرمیش ناکات !

- بەڵام بەم شەوە ؟!

- گوتم دێم بۆ گەراجەکە بۆ لات بەڵام جورئەتم نەکرد . گوتم دەڕۆم بۆ کەنار دەریا تا ئەم مێردەکە زووتر بڕوات ! چ بەختێکم هەیە کە دیمیت !

جگەرەکەم لە لمەکەدا دەکوژێنمەوە . لەچکەکەی دەکاتەوە و لە ملی دەئاڵێنێ .

- ئەگەر حەزت لە خەوە ، بخەوە !

ڕادەکشێم و سەرم دەخەمە سەر ڕانی . دەستی بە سەر گۆنامدا دێنێ و بە سەری قامک ، بە ئەسپایی گەردنم دەخورێنێ . چاوانم دەنەمە سەریەک و بێدەنگ دەبم . دوای تۆزێک پێڵوی چاوم هەڵدێنم و لە بەینی تۆڕی برژانگەکانمەوە تەمەشای دەکەم . خەریکە سەیری دەریا دەکات . چاوم دەنوقێنم . دوای چەند ساتێک ، دەنگی — کە لە زەمزەمە دەچێ — دەژنەوم .

- دڵت تەنگە ؟!

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و هیچ ناڵێم .

- بۆ شەریفە ؟!

دڵم دا دەلەرزێ .

- ها ؟! ... بۆ شەریفە ؟!

- نە !

- ئەدی بۆ کێ ؟!

دیسان هەناسەیەک هەڵدەکێشم و بێدەنگ دەبم و بێدەنگ دەبێ . لە ناکاوا ، دڵۆپە ئەشکێکی ( ڕوندک ، فرمێسک ، ئەسر ، ئەسرین ، هیستر ) گەرم دەنیشێتە سەر هەنیەم ( ئەنی ، نێوچەوان ، توێڵ ) . هەڵدەستم و بەرانبەری دا دەنیشم و تەمەشای دەکەم .

- دەگریت ؟!

چاوەکانی تەڕن .

- بۆ ... بۆ دەگریت ؟!

هەست بە گەرما دەکەم . هەستدەکەم بلوزەکەم بووە بە بار بە سەرمەوە . دوگمەکانی یەخەم تا خوارەوە دەکەمەوە . دڵۆپە ئەشکەکان بە سەر گۆنای خورشید کولاهەوە ، لە بەر تریفەی مانگەشەودا ، وەکو بلور دەدرەوشێنەوە .

- قسە بکە ... شتێک بڵێ !

دێتە پێشەوە و گۆنا گەرم و تەڕەکانی بە سینگمەوە دەنێ . دەست دەخەمە گێسوەکانی و نەوازشی دەکەم .

- ئاخر ... بۆ دەگریت ؟!

بە ئەسپایی دەڵێت :- یەک چەل ، دیتبووم !

- دیتبووت ؟!

- شەریفە دەڵێم !

بێدەنگ دەبم و گوێ بۆ ورتە ورتەکەی دەگرم کە بەدەم گریانەوە بە پچرپچڕی لە گوێمدا دەگیرسێتەوە .

- ئەویش هیچ پەنایەکی نەبوو ... ئەویش بێکەس و کاربوو ... وەکو من ! ... دەر بە دەربوو . وەکو من !

گریان ئەمانی نادات . سینگم تەڕ دەبێت .

- ... ئەگەر سایە و سێبەرێکی بە سەرەوە بوایە خۆی نە دەخستە دەریاوە ! دڵی وەکو دەڵی من بوو . هیلاک بوو . هەر خەم و خەفەت بوو . هەموو هۆش و گۆشی لای ئەمە بوو کە ...

هەنسک هەڵدەدات . دڵم دەلەرزێ . سەری بەرز دەکەمەوە و تەمەشای چاوە پڕ ڕوندکەکانی دەکەم ...

- ... پەنای بردە بەر سێبەری هەر دیوارێک ، دیوارەکە بە سەریا ڕووخا ... !

سەری دەنێتە سەرشانم .

- تەنانەت یەک دار ( بی ) شی کە گەڵاکانیشی تاڵە نەدۆزییەوە تا لە سایەیدا هەناسەیەک بدات ! ... دەڵی وەکو دڵی من بو ! ... پڕ بوو لە خەم و پەژارە ... خۆزیا ئەو یەک چەلەش نەمدیتبوایە ! خۆزیا هیچکەسێکم نەدیبوایە !

بێدەنگ دەبێت . بە هەمان ئەو دەقەوە کە سەری ناوەتە سەرشانم ، بەلێوانی تەڕەوە ، گۆنام ماچ دەکات و پاشان چەناگەی لە سەر شانم لا دەبات و بە لەچکەکەی فرمێسکەکانی و گۆنا و لێوەکانی دەسڕێت و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت .

- ئۆخەی ئیسراحەتم کرد !

جگەرەیەک پێدەکەم . لە بەر ڕۆشنایی دەنکە شقارتەکە دەڕوانمە چاوەکانی کە دەبریسکێنەوە . بزەیەکی کاڵ بەدەم وچاویا پەخش بووەتەوە . شقارتەکە دەکوژێنمەوە و مژ لە جگەرەکە دەدەم و سەیری دەکەم . لێوی لە بەر یەک هەڵدێنێ .

- خۆشت دەویست ؟!

بزەکەی دەگەشێتەوە . ژێر گۆناکانی چرچ دەبێت .

- شەریفە دەڵێم ... خۆشت دەویست ؟!

سەر دەلەقێنم .

- ئەدی بۆ ... ؟!

دەنگی پیاوەکەی خورشید کولاه ، لە لای پەرژینی باغەکەوە بەرز دەبێتەوە .

- هۆ ... خورشید ... کولاه !

بزەکەی لێوی ئاوا دەبێت .

- چما دەزانێ لێرەیت ؟!

- پێمگوتبوو دەچمە کەنار دەریا .

- هۆ ... هۆ ... خورشید کولاه .

دەنگی پیاوەکەی خورشید کولاه ، بە دەم بایەکەوە دەڕوات و دەگەڵ دەنگی ئارامی دەریادا تێکەڵ دەبێت .

خورشید کولاه هەڵدەستێت .

- تۆ لێرە دەمێنیتەوە ؟!

هەڵدەستم .

- نە ! ... دەڕۆم بۆ ماڵەوە !

- ڕەنگە بێم .

- نە !

دەکەوێتەڕێ .

- دێم !

- گوتم نە !

هەڵوێستەیەک دەکات .

- خۆزگە منیش ... هەم ... !

- هۆ ... هۆ ... خورشید کولاه !

قسەکەی تەواو ناکات و دەکەوێتە ڕێ و لە بەر هەیڤە شەوەکەدا ، وەکو سێبەر دوور دەکەوێتەوە .

**

هەتاو داویە لە ناو هەیوانەکە . پشتم گەرم دەکات . لە خەو بێدار دەبمەوە . کە لە بەستێنی دەریاوە بۆماڵ هاتمەوە ، زەینم ئەوەندە جەنجاڵ و پەرێشان بوو کە نەمتوانی بخەوم . چوومە سەر تەنەکە عەرەقەکە ، نیوە پەرداخێکم تێکرد و بە گەرمی نام بە سەرەوە ، گەرووم سووتا و دڵم گڕی گرت . دوای تۆزێک ئازای بەدەنم لە ئارەقەدا هەڵکشا . جێگاکەم لە هەیوانەکەدا ڕاخست و خۆم ڕووت کردەوە و لە سەر جێگاکە دانیشتم . حەزم دەکرد بخەوم بەڵام خەوم نەدەهات . دەتگوت دەرزی بە پێڵوەکانما دەکەن . نیگەرانی و بێ قەراری دابویە گیانم . دڵم ئاشووب بوو . گوتم با دیسان عەرەق بخۆمەوە تا ئاگام لە خۆ دەبڕێ . هەمدیس نیوە پەرداخێکی دیکەم تێکرد و لەسەر جێگاکە دانیشتم و یەک بینە هەڵمدا و ...

... هەتاو داویە لە ناو هەیوانەکە . هەڵدەستم تا جێگاکەم بەرمە بەر سێبەرەکە و لێی بخەومەوە . مەنگی عەرەقەکەی شەوێم . دەمم وەکو ژەهری مارە . چاوانم هەڵنایەن . ئازای بەدەنم کوتراوە . چمکی جێگاکەم دەگرم خشەخش ڕایدەکێشمە بەر سێبەرەکە و بە دەما دەخەوم . هێشتا چاوم گەرم نەبووە کە کەسێک لە بەر دەرگای گەراجەکەوە گازم دەکات . گۆنام لە سەر سەرینەکە هەڵدەبڕم و مل قوت دەکەمەوە و تەمەشای دەرگای گەراجەکە دەکەم . خروشی خەریکە بە غار دێت . دەنگی پێیەکانی بە سەر پلەکانی هەیوانەکەوە لەزگینە . بە هانکە هانک دێت و لە تەنیشت جێگاکەمەوە ، چۆک دادەداتە سەر ئەرزەکە .

خروشی شەڵاڵی ئارەقەیە و دەنگی گیراوە :- ڕابە !

قەیتانە سوورەکەی ئینزیباتی ، بە سەر باڵی ڕاستیا ، بە لادا کەوتووە .

- یاڵڵا ڕابە . خێراکە !

خروشی نیوە نەفەسە .

- هەستە . ئێستا جەنازەکەیان هێنا !

نازانم چی دەڵێت . وا هەست دەکەم خەو دەبینم . سەیری خروشی دەکەم . گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون . هەناسەی تەنگە ، سینگی بەرزو نزم دەبێتەوە . حەپەساوم . لە سەر جێگاکە دادەنیشم . پشت و سینگم شەڵاڵی ئارەقەیە . ناکا عەریف مرادی مرد بێ . ناکا مەمدۆ ئەنوەر مەشدی کوشتبێ . لەبن لێوانەوە دەڵێم :

- جەنازەکەی ؟!

خروشی پەشۆکاوە . شپرزە بووە .

- ئا ! ... جەنازەکەی . ئێستا هێنایانەوە !

هێشتا گێژ و وێژم . هێشتا مەنگی بەری نەداوم . سەرم ، دەڵێی سڕ بووە . هیچ شتێکم لە قسەکانی خروشی هەڵنەکراندووە .

- لە کوێ جەنازەکەیان هێناوەتەوە ، خروشی ؟!

- لە کنگەوە ... بەندەر کنگ .

بۆ ساتێک وەخۆ دێمەوە :- لە کنگەوە ؟ ... جەنازەی کێ ؟!

گریان ، ئەوکی خروشی گرتووە :- عەلی ! ... جەنازەی عەلی !

یەکسەر دەحەپەسێم ، ئازام خاو دەبێتەوە . باوەڕم نایەت . لە ئەرزەکە دەچەقم . لێوی خروشی دەجووڵێت . دەنگی لە دەنگی بە سەر یەکا کەوتنی گلۆڵەی ورد و درشتی پەموو دەچێ .

دەنگە پەموویەکەی خروشی ناژنەوم . چەناگەی دەجووڵێت . لە تۆ وایە هەنسک دەدات . گوێچکەکانم سڕبوون . ئەو قسانەی کە لەزاری خروشی دەردەچن ، لە جیاتی ئەوەی بچن بە گوێمدا ، بە خەرمانێک لۆکەدا دەکەون و هیچ دەنگێکیان لێوە نایەت .

هێشتا نەفەسی خروشی ئارام نەبووەتەوە . یەخەی نیوکۆتە سوپاییەکەی کراوەتەوە . کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتووە . ئارەق لە سەرە تاشراوەکەی و هەنیەیەوە دەچۆڕێ .

ئێستا ، قسەکانی خروشی ، دەڵێی چەکوشە و بە سنداندا دەدرێ . پەردەی گوێم دەدڕێ .

- قاچاخچیان لێیان داوە ... بەر زگی کەوتووە ... ڕابە ! ... بۆ دانیشتووی ؟ ... لە سەربازگەیە !

لەپڕ ، وەکو ئەسپەندەری سەر ئاگر ، ڕادەپەڕم . جل لە بەر دەکەم . دوگمەکانی نیوکۆتەکەم بەدەم ڕێوە دادەخەم . لە سەر پلە سواوەکانی بەرهەیوانەکە دەخزێم . خۆم دەگرمەوە . خروشی بەجێدێڵم . خەڵکی ، یەک یەک ، لە شەقامی مساحدا ، هەڵوەستە دەکەن و تەمەشام دەکەن . چەند بە حیسابی خۆم پەلە دەکەم ، هەر دەڵێی لە شوێنی خۆمم . دەڵێی ئەرزەکە لە ژێر پێمدا دەگەڕێتەوە و بۆ دواوەم دەبات . چاوم لە عامودی ئاڵاکەی

سەر دەرگای شارەبانییە . لە تۆ وایە شارەبانی لە بەردەممدا هەڵدێ . دیوار و کۆڵانەکان هەڵدێن . چەند کەسێک لە بەر دەرگای شارەبانی خڕ بوونەتەوە . باوکی مەمدۆش لەوێیە . پاڵی داوە بە دیواری شارەبانییەوەو سەری لەبەر خۆی ناوە .

خروشی خۆی دەگەیەنێ . نیوە نەفەس بووە .

– بۆچی بۆ لێرە هاتووی ؟!

خەریکم بەرەو خەستەخانە دەڕۆم . دەسەپاچە بووم . بیرم دەکەوێتەوە کە خروشی گوتی لە (سەربازگە) یە . بەردەم خەستەخانە قەرەباڵغە . قەدەمیش لەوێیە . بەرەو سەربازگە با دەدەمەوە . لە بازاڕی سەرپۆشراو ڕەت دەبم . عەلی دادی گازم دەکات . دەستێک هەڵدەتەکێنم . بە ناولەپ دەکێشێت بە نێوچاوانیا ، لەوە دەچێ بە هەواڵەکەی زانی بێ . موحەجەرە ئاسنینەکەی تیغەی گومرک سەرم بە گێژەوە دەبات . چاوم دەنەمە سەر یەک و لە دەرگای سەربازگەکەوە دەچمە ژوورەوە . یەکێک گازم دەکات . چاوم دەکەمەوە . جەندەکەکەی عەلییان لە سەر قەبری سەربازی شەهید داناوە و پەتۆیەکیان پێدا داوە . لاقم لە ڕۆیشتن دەکەون . کۆلۆنێل میهرەبان ، لە بەر نووسینگەی فەوجدا وەستاوە . عەریف غانم ، بە هەڵەداوان بەچەپ و ڕاستدا دەڕوات . سەربازان ، کۆمەڵ کۆمەڵ ، لێرەو لەوێ وەستاون . خروشی بەرەو ئاشخانەکە ( مووبەق ، مەتبەخ ، مدبەق ) دەڕوات . چەند کەسێک لە برادەرانی پاسگای بەندەر کنگ ، لە ژێر سابات و کەپرەکەی ئاشخانەکەدا ، لە دەوری یەک وەستاون . لە پڕ لە جێی خۆ دەر دەپەڕم و بەرەو لای جەنازەکە هێرش دەبەم . نایب زابت جیهانگیر ، ڕێم لێدەگرێت . عەریف غانم دێتە کۆمەکی . هەوڵدەدەم خۆمیان لە دەست دەربێنم . خۆشم نازانم کە دەخوازم چی بکەم . لە باوەشی نایب زابت جیهانگیردا پەل دەکوتم . بەلای جەنازەکەدا ڕەتم دەکەن . عەریف غانم ، شانی دەنێ بە ژێر زگمەوە و لە ئەرزەکە بەرزم دەکاتەوە و لە ژێر ساباتی ئاشخانەکەدا ، لە عاردی دامدەنێت . برادەران هەموو بە بێدەنگی تەمەشام دەکەن . هێز لە چوار پەلم دەبڕێت . پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و تەمەشای دەریا دەکەم کە لە ژێر تیشکی خۆردا نا ئارامە . یەکێک لە برادەران ، سەفەر تاسێک پڕ دەکات لە ئاوی سارد و وێمدەدات . ئازام شەلاڵی ئارەقەیە . دەم وچاوم لە گەرما گڕی گرتووە . سەفەر تاسەکە لە لێوم نزیک دەکەمەوە . چەن قومێک دەخۆمەوە . خەریکە دڵم تێکهەڵدێ . گەدەم خاڵییە . پاشماوەی ئاوەکە دەکەم بە سەرما . لەشم دەلەرزێ . زرانییەکانم سست دەبێت . کەمەرم بە قەد دیوارەکەوە دەخزێ . لەبن دیوارەکە هەڵدەتروشکێم و چەناگەم دەنەمە سەر زرانیەکانم و تەمەشای دەریا دەکەم . دەنگی کەسێکم دێتەگوێ .

– ئەسڵەن ... لەوەدەچێ خۆکوژی کردبێ ! ... وادیارە نیازی خۆکوژی هەبووە !

خەیاڵاوی ، ئاوڕ دەدەمەوە و سەیری دەکەم . یەکێک لە سەربازانی بەندەر کنگە .

- ئەوەندە سەری کردە سەر، قاچاخچەیەکان و تەنگەتاوی کردن تا دەستیان لێوەشاند ! ...

پشتی سەرم دەنەم بە دیوارەکەوە و تەمەشای دەریا دەکەم . سەربازەکان قسان دەکەن . دەنگیان ، دەناسرێتەوە . جورئەت ناکەم بجوولێم . دەڵێی دەترسم .

- دەدانە دەراغ ( خەشاب ، ساجوور ) زیاتر ... !

عەلی . لە بەرزایی کەنارەکەوە ، خۆی هەڵدەداتە ناو کابینەکە ، و خەشابەکە پڕ دەکات . میل دێنێتەوە ، لوولەی تفەنگەکە دەگەوازێتەوە ، دەست بە پەلە پیتکەوە دەنێ . لە دەنگی تەقینی گوللە ڕادەچڵەکم ، وشەکان بەرجەستە دەبن .

- خەریک بوو هەڵدەهاتن بەڵام ...

- دەتگوت نیازی خۆکوژی هەبوو !

- بەلەمەکەیان بەجێهێشت و هەڵاتن بەڵام ...

عەلی لە پۆستەکە (کابینەی ئێشکگری) وەردەر دەکەوێت . ڕادەکات . خۆی دەداتە پاڵ دارخورمایەک . ڕوومەتی دەنێ بە قۆناغی تفەنگەکەوە .

- هەموویان چەکداربوون ...

لە پشت پەرژینی نەخڵستانەکەوە ، دەنگی تاک تیر بەرز دەبێتەوە . عەلی ، بە تفەنگەوە و بە سنگە خشکێ دەچێتە ناو کەردو دێراوەکە . لە سەر ئانیشک خۆی بە سەر عاردیدا دەدات . وەکو مار دەخزێ . لە پشت کۆمایەک چڵە خورماوە ، سەنگەر دەگرێت . تفەنگەکەی نەعرەتە دەکێشێت .

- خەریک بوو هەڵدەهاتن بەڵام ...

- عەلی ، وەکو گەنە چەسپی بوو ...

تاک تیرەکان ، چڵە خورماکان دەبەن بە حەوادا . عەلی ، جێگاکەی دەگۆڕێ . ئێستا لە پشت دارخورماکەوە ئەژنۆی داژەنوەتە سەر ئەرزەکە . هەمدیس دەراغەکەی پڕ دەکاتەوە .

دەنگەکان بەرجەستە دەبن . گوێم ئازار دەدەن .

- لە هەوەڵەوە دەیانتوانی لێی بدەن ...

- بەڵام لێیان نەدا ...

- دەستبەردار نەبوو ...

- پێموایە فالح قاچاخچی بوو ...

- قەحپە دایکە ، باڵندە لە ئاسمان دێنێتە خوارەوە !

دەنگی گوللە ، لە نەخڵستانەکەدا سەرگەردان دەبێت . عەلی ، وەکو تۆپ بەرز دەبێتەوە و دووبارە دێتەوە سەر ئەرزەکە .

- لێیان دا !

چاوانم لێک دەنێم .

- دەتگوت نیازی خۆکوژی هەبوو !

یەکێک جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و دەیخاتە بەینی قامکەکانم . مژ لە جگەرەکە دەدەم . سەرم بەگێژەوە دەچێت . زەوی بە دەوری سەرما دەسوورێتەوە . ژاوە ژاوێکی بێ ڕەنگ گوێم پڕ دەکات .

**

گەردەلوولێک ، کە لە چاوتروکانێکا خۆڵە نەرمەی سەر ئەرزەکە بەرز دەکاتەوە و لوولی دەدات و بۆ ئاسمانی دەبات ، فەرمانەکە لە دەمی عەریف غانم دەفرێنێ .

- چەک ... بۆ خوارەوە ... هەنگاو ... بنە .

برادەران ، بە ئەسپایی لە دوو تابووتەکەوە دەکەونە ڕێ . لوولەی تفەنگەکانیان سەرەو خوار گرتووە . هەموو ، سەیری بەر پێی خۆیان دەکەن . ئارەقە لە ئازای بەدەنیانەوە دەچۆڕێ . لە پشت چوارتاقی (هەیوانەبەرزە) دووەمەوە کە دەڵێی تازە تەڕاویان کردووە ، تابووتەکەی عەلی لە عاردی دادەنەن . گۆڕ هەڵکەنەکە ، بە دیار

گۆڕەکەوە وەستاوەو دەمی بێڵەکەی لە خاکە شێدار و شۆراخەکە چەقاندووەو دەلنگی بیجامە خەت خەتەکەی تا نیوەی ڕانی هەڵکردووە .

هەڵم لە ناو گۆڕەکەوە هەڵدەستێ، جەندەکی عەلی لە تابوتەکە دەردێنن . بەرانبەر جەندەکەکەی عەلی دەوەستم . دیمەنەکەی بەرانبەرم لمەزەردەکانی بەستێنی دەریایە کە ئارام نییە . هاڕەهاڕی دەریا سەنگینە . شەپۆلەکان پێکا هەڵپژاون . ڕێک وەکو ئەو ڕۆژەی کە دەریا جەندەکەکەی شەریفەی هەڵدایە سەرەوە . ڕدێنە ماش و برنجەکەی شێخ سمایل دەجوڵێت . لێوەکانی دەلەرزن . دەلێی لەبن لێوانەوە شتێک دەڵێت . لاقەکانم ماندوو بوون . ئازای بەدەنم شەلاڵی ئارەقەیە . حەزدەکەم جگەرەیەک داگیرسێنم . برادەران ، هەموو سەریان لەبەر خۆیان ناوە و دەڕواننە ئەرزەکە . چەک سەر بەرەو خوار گیراوە . لەپڕ لە قەراخ باغی عەدنانییەوە ، گەردو تۆزێک ، لە گەڵ بایەکەدا ، دەچێت بە حەوادا و گرگڕ تا گۆڕستانەکە دێت و خۆی بە سەرو ڕووماندا دەدات .

پێچێک بە دەوری خۆما دەدەم و بێئەوەی تەمەشای برادەران بکەم ، فیزماڵێکی دەدەمێ و دەچم لە پشت برادەرانەوە جگەرەیەک پێدەکەم . کە مژی یەکەم لە جگەرەکە دەدەم ، لە دوورەوە چاوم بە مردوو شۆرەکە دەکەوێ کە جلی لەبەر کردووە و لە مردوو شۆرخانەکە وەدەرکەوتووە و بەرەو شار دەڕوات . بوخچەیەکی خەنەیی لەبن هەنگڵی مردوو شۆرەکەیە . ڕەنگی بۆخچەکە غەریب نییە . ئاشنایە . لاقم لە عاردی بەر دەبێ و بەرەو لای مردوو شۆرەکە دەکەومەڕێ . چاوم لە بوخچەکەیە . کە نزیک دەبمەوە فانیلە ژێرینەکەی عەلی دەناسمەوە . مردوو شۆرەکە ، جلەکانی عەلی لوول داوە و خستوونیە ناو فانیلەکەی عەلییەوە کە خوێناویە و خوێنەکە وشک بووەتەوە و ڕەش بووەتەوە و لە گەڵ ڕەنگی ڕەشی فانیلەکەدا تێکەڵ بووە . تەمەشای فانیلەکە دەکەم . دەڵێی لە بەری عەلیدایە . دەڵێی عەلی بە زیندوویەتی لە بەرچاومە . سەر وەردەگێڕم و سەیری ڕیزی برادەران دەکەم کە هێشتا بە دیار گۆڕەکەوە وەستاون . دەکەومە ڕێ . کە دەگەمە شەقامی مەساح ، سەرگەردان دەبم .

بیردەکەمەوە :- ئێستا بۆ کوێ بڕۆم ؟

- بڕۆ بۆ گەراجەکە . ماندوویت !

- گەراج ؟!

- ماندوویت . ئیسراحەت بکە . بیر لە شام بکەوە !

- شام ؟ ... مەگەر قەرارە عەلی لە کنگ بێتەوە ؟!

دەڵێم :- بگەڕێوە بۆ گۆڕستانەکە تا عەلی بنێژن !

- نە ! ... عەلی تەواو بوو ! ... بنیادەم تا لە ژیاندایە دەبێ بایەخی بدرێتێ !

لە بازاڕی مەساحدا وێڵ و سەرگەردانم .

- دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی ؟!

لە کۆڵانە تەنگەکەی خنجییەکان وەدەر دەکەوم . لاقەکانم خشەخش دەچنەوە سەر کوێرە ڕێگاکەی پشتە . مێخەکەکانی پێم دەزریکێنن . خۆر خەریکە ئاوا دەبێت .

- چما قەرار بوو بچیتە پشتە ؟

- نە !

- دەیسا ، بۆچی ؟

- نازانم !

- بەڵام خەریکە بۆ پشتە دەڕۆیی !

هەورازەکەی پشتە هەناسەم تەنگ دەکات . ئاهەن ، خەریکی دانانی تفاقەکانیەتی . هەرکە چاوی پێم دەکەوێ ، سەری سەندووقی سەهۆڵەکە دادەخاتەوە . دەستەکانی دەخاتە سەر یەک و تەمەشام دەکات و لێوەکانی دەکەونە جووڵە .

لە سەر پشتەوە ، لنگە دیارە . باگیرە بەرزەکانی لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا زەرد دەنوێنن . نەخڵستانەکەی عەدنانی تاریک دێتە بەرچاو . لە لای ئاهەنەوە دەوەستم . گوێم لە ورتە ورتی دەبێت . خەریکە فاتیحا دەخوێنێ . نیگام دەکەوێتە سەر تەختەکان .

- هۆوە ؟

- نە ، هۆوەی تریان !

عەلی ، لە سەر تەختەکە دانیشتووە و بزە دەکات . بەرەو لای تەختەکە دەڕۆم . لای عەلییەوە دادەنیشم ! تاریکی باڵ بە سەر کوچەو کۆڵانە باریک و درێژ و پڕ پێچ و پەناکانی شارا دەکێشێت . ئاهەن ، لۆکسەکان پەمپ دەدات .

- چی دەخوێیتەوە ؟

- عەرەقی خورما !

- لەگەڵ چیدا ؟

- بە ماسی سوێرەوە .

ئاهەن دێت بەلامەوە . لێوەکانی دەبزوون .

- ... مالک یوم الدین ...

- عەرەقی خورما !

- اهدنا ... الصراط المستقیم...

- بە ماسی سوێرەوە .

عەرەق ، زمان و گەرووم دەسووتێنێتەوە . خۆر ئاوا دەبێ . لۆکسەکان ڕەنگ پەیدا دەکەن . ئاهەن ماسی سوێری برژاوم بۆ دێنێت . گەیلان ، خەریکە بە پشتەدا هەڵدەگەڕێ و بۆ سەرەوە دێت . هەڵدەستم و دەکەومە ڕێ . تاقەتی دانیشتنم نییە . عەرەق و ماسییەکە لە سەرمێزەکە دادەنەم . لە لێژاییەکەی پشتەدا لووتم دەتەقێ بە لووتی گەیلانەوە .

- تەواو بوو !

بەلایدا ڕەت دەبم . سەری گەیلان لە گەڵ مندا دەسووڕێتەوە . دەکەومە سەر کوێرە ڕێگاکە . لە مەودای تیشکی لۆکسەکان وەدەر دەکەوم . تاریکی ئێوارە زاڵ بووە .

- لە پشتە مابایتەوە !

- پشتە ؟!

- خەریکە لە پێ دەکەوی !

- لە پێ ؟!

- بە لای کەمەوە برۆ بۆ ماڵەوە و کەمێک ئیسراحەت بکە !

کاتێ بە خۆ دەزانم کە لە گۆڕستانم . هەموو شوێنێ تاریکە . بە سەر خۆڵە نەرمەی گۆڕستانەکەدا لارەلار دەڕۆم . گۆڕەکەی عەلی لە پشت چوارتاقی ( گومەزی سەر قەبر ) دووەمەوەیە . دەوری قەبرەکە هێشتا تەڕە . لەو لاترەوە ، قەبری شەریفەیە . هێشتا خاکی قەبرەکەی عەلی وشک نەبووەتەوە . دادەنەومەوە و چنگ بە خۆڵەکەدا دەکەم و خۆڵەکە لە چنگما دەگوشم و بەرەو ماڵ دەکەومە ڕێ . خروشی لە بەر دەرگای گەراجەکە چاوەڕوانمە .

– ئەوە تۆ لە کوێی ؟

هیچ ناڵێم .

– ئەمانە هی عەلین !

توورەکەیەکی جاوی چکۆلەم بۆ درێژ دەکات . بێئەوەی هیچ قسەیەک بکەم ، توورەکەکەی لێوەر دەگرم ودەکەومە ڕێ . ناو گەراجەکە تاریکە . دەنگی زیکزیکە هەموو شوێنێکی پڕ کردووە . بەپلە سواوەکانی هەیوانەکەدا دەچمە سەرەوە . دەرگای ژوورەکە دەکەمەوە . توورەکە جاویەکە توورِ دەدەمە سووچی ژوورەکە . دەنگی سکە ( دراوی کانزا ) دێت . بۆ ساتێک بیر دەکەمەوە و پاشان چراکە دادەگیرسێنم و دەڕوانمە سووچی ژوورەکە . دەرکی توورەکەکە کراوەتەوە و ورتکە و پرتکەکانی ناوی هەڵرژاوە . چاوم دەکەوێ بە چوار چێوەیەکی (قاوغ) زیوینی نەخشێنراو کە بە زنجیرێکی هەرزان بابیەوەیە . چوارچێوەکە (قاوغ) هەڵدەگرم و تەمەشای سەرو ژێری دەکەم .

– شەریفە ، ئەمە چییە ؟

نیگایەکی پڕ سوێم دەکات .

بلەز ، سەری چوارچێوەکە (قاوغ) دەکەمەوە . وێنەیەکی بریقەداری بچووکی تیایە هەر بە ئەندازی دوو گرێی قامک دەبێ . وێنەکە لە ئەسڵا گەورەتر بووە . بە قەیچی چوار دەوریان بڕیوە . سێ سەری بچووک ، لە وێنەکەدا ، بە تەنیشت یەکەوەن . سەرەکان هێندە بچووکن کە لەبەر ڕووناکی کزی فانۆسەکادا ، چاو و دەم و لووت تێکەڵ بەیەک دەبن . وێنەی سەرەکەی ناوەڕاست ، باشتر دیارە . دەڵێی ڕدێنیشی هەیە . زەڕەبینم بیر دەکەوێتەوە . وێنەکە و فانۆسەکە هەڵدەگرم و بەپەلە ناو ورتکە و پرتکەکان دەگەڕێم . ئانیشکم بەر ئاوێنەکە دەکەوێ . دەکەوێتە سەر ئەرزەکە و ورد و خاش دەبێت . زەڕەبینەکە دەدۆزمەوە . لە سەر ئەرزەکە دادەنیشم و فانۆسەکە لە عاردی دادەنەم و وێنەکە دەدەمە بەر ڕووناکی فانۆسەکە و زەڕەبینەکە دەنەم بە چاومەوە . وێنەکە ، بۆ ساتێک لە ژێر زەڕەبینەکەدا تەلخ دەبێت . زەڕەبینەکە دەجووڵێنم تا میزان ببێت . دەقی خۆی وەربگرێت . سیمای ، پیاوێکی ناڤساڵ لە ژێر زەڕەبینەکەدا بەرجەستە دەبێت . ڕدێنی ماش و برنجە . چاوی چەپ و خێلە . زاری گەورەیە .

زەرەبینەکە کەمێک بەرزتر دەکەمەوە . لێوە ئەستوورەکانی پیاوەکە قەڵەشاوە . دەستم دەلەرزێ . زەرەبینەکە ، بە سەمتی چەپی پیاوەکەدا دادەخزێ . لەپڕ ، هەنیەی بەرز ، چاوانی درشت و گەش و درەخشان و ڕەش و لێوە ئەستوورەکانی عەلی بەرجەستە دەبن . سەری تاشیوە . گوێیەکانم دەزرنگێنەوە . نەفەسم بەند دەبێت . لەرزینی دەستم زیاتر دەبێت . عەلی ، لە ژێر زەرەبینەکەدا دەلەرزێ . دەڵێی ڕۆحی لەبەرە . زات ناکەم زەرەبینەکە بجووڵێنم . عەلی خەریکە سەیرم دەکات . ملی لار کردووەتەوە . زاری نیمچە کراوەیە . دەڵێی یەکێک دەستم دەگرێت و بەرەولای ڕاستی وێنەکەی دەبات . زەرەبینەکە بەسەر ڕوخساری پیرەمێردەکەدا تێدەپەڕێ . چاوم دەنوقێنم . ددانەکانم دەنەمە سەریەک . هەناسە لە سینگمدا بەند دەبێت . چاوانم هەڵدێن . قژە قەترانیەکەی شەریفە ، بە سەر شانیا بڵاوبووەتەوە . خاڵێکی درشت بە پەناگوێی چەپیەوەیە . چاوانی کچۆڵانەی دەگەشێنەوە . دەڵێی پێدەکەنێ . دەڵێی خەریکە قسان دەکات .

- گوتم کە ... خەڵکی لارم ... خەڵکی ئەسفندقە ... خەڵکی جیروفت ...

دڵم دا دەلەرزێ . پێکەنینی بەرزی شەریفە گوێم پڕ دەکات .

- شەریفە ، نەتگوت کەئەم چوارچیوەیە (قاوغ) ... ؟

خێرا قسەکەم دەبڕێت و مۆڕەم لێدەکات . نایەوێت باسی چوارچیوەکە بکات .

- گوتم کە ... سەد کەرەتم گوت ... ئەمە ، چوارچێوەیەکە و تەواو !

- دوعایە ؟

لە خۆی ڕۆدەچێت . چارەی بەیەکدا دەدا . گۆشەی دەمی کرژ دەبێت . زەرەبینەکە دەجووڵێنم . خەم نیشتووەتە سەر چاوانی شەریفە .

- نە ... دەڕۆم ! ... دەڵێی مار لە گیانما هێلانەی کردووە !

چاوانم دەنەمە سەر یەک . شەریفە بەلەشی ناسک و چاوانی غەمگینەوە بەرجەستە دەبێت .

اسفند ١٣٥٨ ( ١٩٧٩ ) .

تێبینی :

* ٠ بەیانی ڕۆژی ٢٠١٨/٣/٣٠ ، لە سلێمانی / گەڕەکی چوارچرای نوێ ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەووە کە لەم سەرچاوەیەوە وەرم گێڕاوە :

محمود احمد / داستان یک شهر / چاپ هفتم : ١٣٨٤ ( ٢٠٠٥ ) / انتشارات معین .

* ٠ هەڵبەتە لێرەدا بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێی ڕۆژانی سەخت ، ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم ، برای ئازیز کاک سادق بکەم کە لە پێدا چوونەوەو بەراوردی هەر دوو دەقە کوردی و فارسییەکەدا بێدرێغ یارمەتی دام و مانای وشەو زاراوە لۆکاڵییەکانی بۆ ڕوونکردمەوە ، هەر بەر خوردار و نموونەیان زۆر بێت..

ح ، ع

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ — ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩-      رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالّەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولآن
١٢ — بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە ولآت، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولآن
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێک دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ —کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١ (          )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی — کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١ (٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ (١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە (٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم ()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، (جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل ال×وت و ق×× اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارک توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من     رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان     جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منداڵانی کورد

٩٦- الرحيل الدامي....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- کوڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک................کۆمەڵێک نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ..............رومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمنداڵان /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریک ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا